هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 44

سالْی/ 2007 – بەرگی چل و چوار

---

چاپی یەکەم/ سالْی 2008

له بڵاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2007)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: 44
چاپی یەكەم: 2008
تیراژ: 250
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/10/22 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/23 ل31

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/24 ل43

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/30 ل85

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/31 ل119

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/5 ل147

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/11/8 ل187

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/12 ل209

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/11/14 ل259

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/19 ل327

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/11/20 ل365

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/11/21 ل429

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/26 ل485

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/11/27 ل523

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/3 ل555

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/12/4 ل559

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/5 ل615



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**دووشەممە رێکەوتی 22\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2007/10/22

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/10/22 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە ()ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی كار كردن بە یاسای رێكخستنی بریكار نامەی بازرگانی عێراقی ژمارە 51ی ساڵی 2000 كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی كار كردن بە یاسای رێكخستنی كۆمپانیاكانی عێراقی ژمارە 21ی ساڵی 1997 كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2007/10/22دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی كار كردن بە یاسای رێكخستنی بریكار نامەی بازرگانی عێراقی ژمارە 51ی ساڵی 2000 كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی كار كردن بە یاسای رێكخستنی كۆمپانیاكانی عێراقی ژمارە 21ی ساڵی 1997 كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- **خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە.**
4- **خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

**بەخێرهاتنی بەڕێز کاک سەرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری و بەڕێز کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاک جلال کوێخا عوبید راوێژکار لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەخێر بێن سەرچاو، بۆ خاڵی دووەم لەگەڵمان بەشدار دەبن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن تکایە، فەرموو کاک خورشید.**

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە کۆبوونەوەی پاش جەژن سەبارەت بە لەشکرکێشی تورکیا، جەنابت روون کردنەوەیەکت نیشاندا، وا پیشانتدا کە پاش قەراری پەرلەمانی تورکی، ئێمە دادەنیشن موناقەشەی دەکەین و مەوقیفێك وەردەگرین، ئێستا پەرلەمانی تورکی مەوقیفی وەرگرت، پەرلەمانی عێراقی مەوقیفی وەرگرت، هەموو ئیتیحادی ئەوروپی، هەتا جامیعە، ئێمە هەر ئەوەندەی جەنابت ئیکتیفا دەکەیت، یان دەبێت ئێمە زەرورییە مەوقیفێکمان هەبێت بۆ ئەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، راستە ئێمە لە کۆبوونەوە باسمان کرد، جاریَ ئەگەر بەنیسبەت مەوقیف بێت، مەوقیفی پەرلەمانمان هەیە، ئێمە دوو جار کۆبوونەوەمان کردووە لەسەر عەینی مەوزوع، مەوقیفیشمان روون و دیارەو بەیانیشمان دەرکردووە، بەلاَم ئێستاش ئیجاب دەکاتن دانیشین لە بیریشمانە، ئەوە پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو کۆبوونەوەیە، چاوەڕوانتان نەکرد، ئێمە ئیتیفاقمان کرد، کە لە کۆتایی کۆبوونەوەکە پێتان رابگەیەنین کە دوو سبەی رۆژی چوار شەممە دادەنیشین تایبەت بۆ ئەو مەوزوعە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاست دەکەم، پێشت خست.**
**خاڵی یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی کار کردن بە یاسای رێکخستنی بریکار نامەی بازرگانی عێراقی ژمارە 51ی ساڵی 2000 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**
**داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بیخوێننەوە بە زمانی کوردی، ئەگەر زۆر کورتە بە عەرەبییەکەش دەتوانن بیخوێننەوە.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسا**

**ماددەی یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە کە کار بە یاسای رێکخستنی بریکار نامەی بازرگانی عێراقی ژمارە 51ی ساڵی 2000 بکات تاوەکو یاسایەکی تایبەت بەو مەبەستە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت.**

ماددەی دووەم: ئەو رێکارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئوصولیەو بەرکارە.

ماددەی سێیەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامانی پەرلەمان دەکرێتن، بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن و راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، هەروەها ئەندامانیش خۆیان ئامادە بکەن بۆ رۆژی گفتوگۆ کردن لەسەری، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی کار کردن بە یاسای رێکخستنی کۆمپانیاکانی عێراق ژمارە (21)ی ساڵی 1997 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، فەرموون.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسا

ماددەی یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە کار بە یاسای رێکخستنی کۆمپانیاکانی عێراق ژمارە 21ی ساڵی 1997 بکات، تاوەکو یاسایەکی تایبەت بەو مەبەستە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت.

ماددەی دووەم: ئەو رێکارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئوصولیەو بەرکارە.

ماددەی سێیەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەکەی هەیە فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشروع القانون

المادة الاولى: لحكومة اقليم كوردستان العمل بقانون الشركات العراقية رقم 21 لسنة 1997 ولحين تشريع قانون بذلك في اقليم كوردستان.

المادة الثانية: تعتبر الاجراءات المقررة من قبل وزارة المالية والاقتصاد ووزارة التجارة لاقليم كوردستان بتنفيذ القانون اعلاه قبل صدور القانون أوصولية ونافذة.

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەمەش وەکو پرۆژەی یاسای پێشتر ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزی دەکەین، بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیان حازر بکەن و، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان خۆیان ئامادە بکەن بۆ گفتوگۆ کردن لە رۆژی دیاری کراو.

خاڵی سێیەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە. ئێمە ئەو رۆژە لە دوا جەلسەماندا گەیشتینە ماددەی چوار، داوامان کرد کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی راپۆرتەکانیان یەك بخەن، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ بەڕێزان جەنابی وەزیرو لیژنەی یاسایی کۆبووینەوە، رێککەوتین لەسەر پرۆژەیەك لیژنەی یاسایی دەیخوێنێتەوە، راو بیرو بۆچوونی ئێمەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو کاك دکتۆر دلێر فەرمووی، ئێمە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و جەنابی وەزیر لەگەڵ نوێنەری دارایی دانیشتین و گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد، لە ئاکامدا گەیشتینە چەند گۆڕانکاریەکی سووك، ئینشائەللا ماددە بە ماددە باسی دەکەین و ئەویتریش رێککەوتووین لەسەری، هیواداریین هەموو لایەکی خوشك و برایان موافیق بن و دەنگی لەسەر بدەن و رەئی خۆیان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ماددەی چوار بخوێنەوە کە ئەوەی ئیتفاقتان کردووە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع فان اللجنة القانونية واللجنة المالية تؤيدها وتقترح اضافة جملة ( في اقليم كوردستان ـ العراق ) الى اخير الفقرة (1) منها بعد ان تم الاتفاق مع ممثلي الحكومة على رفع نسب السماحات وتثبيت الضرائب المفروضة على رواتب الموظفين لكافة الدرجات الوظيفية واصحاب المناصب والوظائف العليا عامة وتقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:-

المادة الرابعة:

أولاً: تلغى المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

**ثانياً: تلغى المادة (3) من القرار المرقم 219 لسنة 2001.**

**ثالثاً: تلغى الفقرتان (6، 7) من القرار المرقم 294 لسنة 1999.**

**رابعاً: يوقف العمل بالفقرة (2) من المادة (13) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان ويحل محلها مايآتي:**

**تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب التالية:-**

**أ- دخل الفرد المقيم بعد منح السماحات القانونية كالآتي:-**

**3٪ لغاية مليوني دينار.**

**5٪ لمازاد على مليونى دينار لغاية (4) أربعة ملايين دينار.**

**10٪ لما زاد على (4) أربعة ملايين دينار لغاية (6) ستة ملايين دينار.**

**15٪ لما زاد على (6) ستة ملايين دينار.**

**ب- دخل الفرد غير المقيم نفس نسب المقيم مع عدم شموله بالسماحات القانونية.**

**ج- تفرض وتستوفى ضريبة بنسبة ثابتة قدرها 15٪ على ارباح كافة الشركات العاملة في اقليم كوردستان بما فيها الشركات الفردية والبسيطة.**

**د- تفرض وتستوفى الضريبة بنسبة 5٪ لما يزيد على 700000سبعمائة ألف دينار من رواتب موظفي الاقليم لكافة الدرجات الوظيفية والقطاع الخاص المسجلين رسماً واصحاب المناصب والدرجات الوظيفية الخاصة.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیر ئەو نوقتەیەمان بۆ تەوزیح بكە كە (تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية) دوو، سێ حاڵەتی گوتووە، دوایێش دەڵێ (تفرض وتستوفى الضريبة بنسبة 5٪ على الموظفين) بۆ ئەوەی تر موەزەفی ناگرێتەوە، ئەوەی یەكەم موەزەفی ناگرێتەوە، تا خاڵی دووەم هین بێتن.**

**بەڕێز سركيس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەوەی موەزەفین جیایە لەگەڵ (أ)ەكە، كە لێرە لە 3٪ەكە تا 15٪، ئەوە بەنیسبەت میهنەیە، موەزەفین جیامان كردۆتەوە لە حەفت سەد هەزار بەرەو سەرەوە، ئەو كاتە لێیان دەبڕدرێت، لەو حاڵەتە فەرمانبەرێك دەتوانێت هەم فەرمانبەر بێت، بەلاَم ئەگەر ئیشێكی تر لە دەرەوەی فەرمانبەرایەتی بكات سوود لە سەماحەكەی خۆی وەربگرێت، بۆیە ئەوە لە ساڵحی فەرمانبەرە، ئەوەی كە لێرە تەحدید كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كەواتە بە رەئی من دەبێت (تفرض الضريبة على المكلف عدا الدخل الناجم عن الرواتب)، بۆ ئەوەی خاڵی دووەم.**

**بەڕێز سركيس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام ئێمە وەکو خاڵێکی جیا فەرمانبەر جیامان کردۆتەوە، وابزانم ئیعتیادی دیار دەبێت، کە ئەوەی سەرەوە شمولی فەرمانبەر ناکات، چونکە لەبەر ئەوە وەکو خاڵێکی جیا لەو ماددەیە هاتووە، وەکو فەقەرەیەکی جیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نابێتە هۆی ئەوەی فەرمانبەرێك وا تەفسیر بکاتن، هەم لەوێش وەربگرێت، هەم لێرەش وەربگرێت.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە یاسایەکە دەرچوو، ئێمە تەعلیمات دەردەکەین، کە تەعلیماتمان دەرکرد، لەو تەعلیماتە وازیح دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەندامانی بەڕێز موناقەشەتان زۆر کرد لەسەر ئەو ماددەیە، رەئی خۆشتاندا، ئێستا لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی خۆشتان تەکلیفی ئێمەش لەگەڵ جەنابی وەزیر گەیشتۆتە ئەو رەئیانە، من نامەوێت تەبعەن جارێکی تر بگەڕێینەوە موناقەشەی بکەین، هەمووتان قسەتان کردووە، بەڵام ئەگەر دوو، سێ کەس دەیەوێت، ئەگەر شتی زۆر تایبەت هەیە، کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەبارەت بەو رێژەی کەوا لە کۆمپانیاکان وەردەگیرێت، دووبارە پێشنیازی ئەو رۆژە دەکەمەوە، کەوا جیاوازی بکرێت لەنێو ئەو رێژەی کۆمپانیای مەسئولیەی مەحدودە لەگەڵ کۆمپانیای ئەسهوم و لەگەڵ کۆمپانیای دەرەوە دەکرێت، من پێشنیاز دەکەم کەوا بۆ کۆمپانیای مەحدودیە لە 10٪ بێت، ئەویتر لە 15٪ بێت، هی دەرەوە لە 20٪، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە داوامان کرد لیژنە دابنیشێتن، ئەگەر لەوێ تەرح کرابوایە باشتر نەبوو بۆ ئێمەش و بۆ ئەوانیش؟

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لێرە بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەوە بۆچوونی منەو ئیتر کارەکەش ماوەتەوە بۆ رای ئەندامانی بەڕێز ئەگەر هاتوو پەسندی بکەن، یان قەبولی نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد رەفعەت فەرمووو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روون كردنەوەیەكم دەوێت لەسەر بڕگەی (أ) لە باجدا، دەڵێت لە 5٪ لە دوو ملیۆن پتر تا چوار ملیۆن وەردەگیرێت، بەڵام لە بڕگەی (د)دا دەڵێت ئەو فەرمانبەرەی كە لە حەوت سەد هەزار دینار زیاتر وەرگرێت هەر لە 5٪ی لێ وەردەگیرێت، ئەمە عەدالەتی تیا نابینرێت، نازانم ئەگەر تەوزیحێكم بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان تێبینی بەڕێز كاك محەمەد رەفعەتم هەبوو لەسەر ئەو ماددەیە، بڕگەی (ج و د) ئەوە خاڵێك. خاڵێكی تر، من وای تێبینی دەكەم ئەو لە 15٪ەكە كە دەڵێت راتبەكەی لە شەش ملیۆن زیاتر بێت، بەڕاستی مەسەلەی ئەو نیسبانەی كە دانراون، من لەگەڵ ئەوەدام لە دوای كە دەڵێن لە حەوت سەد هەزار زیاتر بێت، لە ملیۆن زیاتر بێت نەك لە حەوت سەد هەزار، یەعنی تا ملیۆنێك لێی ببوورێتن و باجی لێ وەرنەگیرێت، لە دوای ملیۆنێك باجی لێ وەربگیرێت نەك لە دوای حەوت سەد هەزار، من تێدەگەم كە دەڵێ هەتا حەوت سەد لێی وەرنەگیرێت، لە پاش ئەوەی كە حەوت سەدەكە چەندی هاتە سەری لەوە باجەكە وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر لە دوای ملیۆن بێت چەندی هاتە سەر باجەكەی لێ وەربگیرێت باشترە، نیسبەكانیش لە 10٪ زیاتر نەبێتن، (لە 3٪، 5٪، 10٪) لە 15٪ كە بۆ شەریكات دانراوە، بۆ قازانجی شەریكات دانراوە لە شوێنی خۆی بمێنێت، ئەو لە 15٪یە لەسەر راتبی فەرمانبەرو هیچ كارمەندێكی دەوڵەت نەمێنێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی موناقەشەكانی ئێمە بۆیە یەعنی تەئجیلیش كرا بۆ دانیشتن، لەبەر ئەوەی گوتمان كۆمپانیا هەیە فەرقی هەیە لەگەڵ كۆمپانیاكانی تردا، ئەوەی كە بە ملایین دۆلار بڵێین رەئسمالیەتی و كاری زۆرە لە 15٪، ئەوەی شەریكەیەكی موساهەمەی و مەحدودە، یاخود مەسئولیەتی مەحدودە ئەویش با لە 15٪ بێت، ئەوە عەدالەت تەحقیق ناكات لێرەدا، من یەك پرسیاریش ئاراستەی بەڕێز كاك وەزیر دەكەم، من خۆم چەندەها كەسانێك هەیە، مەسەلەن دكتۆرو ئەو شتانە بەمنیان گوتووە ئێمە چەند ساڵە عیادەمان هەیە، هەتا ئێستا كەسێك نەهاتووە لێمان بپرسێت، ئەرێ فلسێكی زەریبە دەدات، یان نادات، من پرسیاری لێ دەكەم ئەم زەریبانە ئەوەی مەعاش خۆڕ نییە، چۆن ئیستیفا دەكرێت، ئەوە لەلای من گرنگە، گرنگ دەرچوونی قانونەكە نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی ئیستیفائەكە چۆن دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن تێبینـیم هەیـە لەسـەر خـاڵی (د) پـێم باشـترە، چۆن بەنیسـبەت زەریبـەی دەخلەکـە بەنیسـبەت ئـەو دەخلەی کە هەیە ڕێژەکە زیاد کراوەو بەنیسبەت ڕەواتبیش ڕێژەکە زیاد بکرێت لە حـەفت سـەد هـەزارەوە تا دوو ملیۆن لە 5%ی لێ وەربگیرێت، بـەڵام ئەگـەر ڕاتبەکـە لـە دوو ملیـۆن زیـاتر بـوو بکرێتـەوە نیسـبەی 10%، کە ئێستاش تەقریبەن بەرقەرارە، هەر ئەو نیسبەیە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵامەکە بدات باشترە، بەس ئێمە ئەو مولاحەزەیەی هەیە لەسەر خاڵی (د) حەفت سەد هەزار زۆر کەمە، پاشی حەفت سـەد هـەزار، ئەگـەر ملیـۆنێکیش بـێتن، مـانگێ ناکاتـە سـەد هەزار دینار، لەبەر ئەوە حـەددی ئـەدناش سـەدو پـەنجا هـەزار بـێتن ملیـۆن و نیویێـك بـێتن، ئـەوجا پاشـی ملیۆن و نیوەکە مەعقولە 10%ی لـێ بسـەنی، بێجگـە لـە مولاحـەزەکانی تـر، مولاحـەزەی سـۆزان خـان مـن جـوابی دەدەمـەوە، ئـەویش ئەوەیـە ئەوەلـەن هـەر یەکـە فائیـدی خـۆی هەیـە، دووەمـیش تـۆ کـە قـانون دەردەکەیت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو قانونە پێداویستی پەیدا دەکەیت، ئالیەتی جێ بەجێ کردنەکە وەکو لە وڵاتانی ئەوروپادا هەیە زەریبە، چۆن کۆ دەکرێتەوە؟ کۆمەڵێك ئالیاتی هەیە، کۆمەڵێك فەرمانبـەری بـۆ تەرخان دەکرێت، هەر کۆمپانیایەك مەلەفی شەخصیەتی خۆی هەیە، دەبێـت خـازیع بـێتن بـۆ ئـەو قانونـە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت کۆمپانیاکان کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد ڕێژەکەی جیا بێـت لـە یـەکتر، یـەکێك لە هۆیەکان ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ڕێژەکە 15% بێت، چونکە ئـەم یاسایە لـە ناوچـەکانی تـری عێـراقیش بەم شێوەیە تەتبیق دەکرێت، کۆمپانیا لە شوێنێك کار ناکات، بەڵکو فروعی دەبێت لـەناو هـەموو شـارەکان، ڕەنگە کۆمپانیایەك مەرکەزی لە هەولێرە، بەڵام لە بەسرەو کەربەلاو موسڵ و بەغدا فروعـی هـەبێت، یـان بە پێچەوانەوە، لە بەغدا بێت فروعی هەبێت لە پارێزگاکانی کوردستان، لـەو حاڵەتـە ئەگـەر دوو نیسـبەی وەرگـرتنی بـاج هـەبێت، دەبێتـە کێشـە، بۆیـە لەگـەڵ ئـەوەین کـە سـابت بێـت بـەو شـێوەیە هـەروەکو لـە ناوچەکانی تری عێراقدا هەیە، ئێمە ڕێژەکەمان کـەم کردۆتـەوە خـۆی 40%، 50% بـوو، ئێسـتا بۆتـە 15% دابەزیوە، بەنیسبەت مووچە، ئێمە گوتمان لە حـەوت سـەد هـەزار دینـار بـەرەو سـەرەوە، ئـەوەی زیادەکـەی حەفت سەد هەزار بەرەو سەرەوە خازیعی زەریبە دەبێت، لێرەش کە 5%مان گوتـووە، دیسـان نیسـبەکە زۆر کـەم کردۆتـەوە لـە 15% بـۆ 5%، بـۆ ئاگـاداری جـەنابت لـە 2004ەوە حکومـەتی فیـدراڵ لـە عێـراق لـە ناوچـەکانی باشـووری عێـراق زەریبـە لـە فەرمانبـەران وەردەگرێـت، بـەڵام ئێمـە هـەتا ئێسـتا لـە هـەرێمی کوردستان هەرچەندە فشارێکی زۆریـش لـە لایـەنی بەغـداوە لەسـەر ئێمـە هەیـە، تـا ئێسـتا زەریبـەمان لـە فەرمانبەران وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوان ئەوە سێ ساڵە لەوێ وەردەگرن، بۆ داوامان کردووە مەقتوع بێت لە حەفت سەد هەزار بەرەو سەروو بێت، چونکە مووچەکە بـەخۆی دەرەجـە یـەکی حـەفت سـەدو چـل هـەزار دینارە، یەعنی مووچەمان نییە یەك ملیۆن، مانگانە دەبڕین، ئەوەی فەرقە مانگانە دەبڕین، مەقتوعەکەش

لەبەر ئەوە باشترە بکرێت، بۆ ئەوەی بۆ محاسیب ئاسانتر بێت، حاڵەتەکە موعەقەد نەبێت بۆ موحاسیب، چونکە مانگانە ئەو عەمەلیە دەکرێت، بەنیسبەت دکتۆر و میهنەکانی تر بەڕاستی ئێمە لیژنەمان هەیە، ئەو لیژنانە سەردان دەکەن و تەسبیت دەکەن ئەوانەی دەبێت زەریبە بدەن، جا رەنگە یەکێك نەیەتە فەرمانگەی زەریبە، زەریبە بدات، لەو حاڵەتەی فەرمانگەی زەریبە موکەلەفە کە تەبلیغی جیهەتەکە بکات، بۆ ئەوەی بێت زەریبەکە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی وزوحی هەبێتن (د- تفرض وتستوفى الضريبة بنسبة 5٪ لما يزيد على 700000 سبعمائة ألف دينار من الرواتب الشهري للموظف في الاقليم) ئەوەی تەئکید بکرێتەوە، دەبێت بە موفەردیش بێتن، نەك رەواتب، نەکرێتە سەنەویە، ئەویتر مولاحەزاتەکان وەڵام درایەوە، فیعلەن وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێ کرد، ئێمە دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین قەوانینەکانمان وەکو قەوانینی ئیتیحادی بێت، نابێت لێرە نەوعێك فەرز بکرێت، لە بەغدا نەوعێکی تر حیساب بکرێتن، لەبەر ئەوەی لە موازەنەی گشتی عێراقدا ئەو جۆرە یاسایانەی کە دێنە پێشەوە رەخنە دەگیرێت، رەنگە هەندێکی قەبول نەکرێتن، بۆیە من بەو گۆڕانکاریانەی کە لیژنەی یاساییش باسی کرد ئەو ماددەیە بە ئیتیفاقی هەردوو لیژنەکە رێککەوتوون لەسەری و جەنابی وەزیریش موافیقە لەسەری دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: کار بە ماددەی (40)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێ، ئەوەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

1- بڕیاری لیژنەکانی تێهەڵچوونەوە بنەبڕە، ئەگەر بڕیاری پارەی باجەکە (150000) سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت.

2- ئەگەر بڕە پارەی باجەکە لە بڕیارەکەدا بوو، ئەوە دەسەڵاتی دارایی لە (150000) سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر بوو، باجدەر مافی دەربڕینی ناڕەزایی هەیە لەمیانەی پازدە رۆژدا، هەر لە رۆژی راگەیاندنەوەو لەبەردەم دەستەی تایبەتی پێداچوونەوە بە سەرۆکایەتی دادوەرێك لە دادگای پێداچوونەوە، دوو ئەندام لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەوەزارەتی دارایی و یەکێکی دیکە لە یەکێتی پیشەسازییەکانی عێراق دادەمەزرێ و ئەوەش بە بەیانێك وەزیری دارایی دەریدەکات و لە رۆژنامەی فەرمیەوە بڵاو دەکرێتەوە.

3- دەستەی پێداچوونەوەکە بۆی هەیە بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە، یان پەسندی بکات، یان هەمواری بکات و بڕیارەکەی بنەبڕە.

4- پێویستە ئەو باجدەرەی ئارەزووی تانە گرتنی هەیە لە بڕیاری لیژنەی تێهەڵچوونەوە رەسم بە سندوقی فەرمانگەی باجی دەرامەتی پەیوەندیدار بدات، بڕی ئەو رەسمە بە رێژەی 1٪ بڕە پارەی باجەکەیەو لەو بڕیارەی تانەی لێدراو رادەی زۆری ئەو بڕە پارەیە (50000) پەنجا هەزار دینارە، دەبێتە داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی.

5- دیاری کردنی پاداشت بۆ دەستەی پێداچوونەوە، لیژنەی تێهەڵچوونەوە بەپێی ئەو ڕێنماییانـەی دەبێـت کە وەزیر دەریدەکات.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: يوقف العمل بالمادة (40) من قانون ضريبة الدخل 113 لسنة 1982 المعدل ويحل محلها مـا يأتي:

1- تكون قرارات لجان الاستئناف قطعية اذا كان مبلغ الضريبة فيها (150000) مائـة وخمسـون الـف دينـار فأقل.

2- اذا كان مبلغ الضريبة في القرار اكثر من (150000) مائة وخمسـون الـف دينـار، للسـلطة الماليـة والمكلف الاعتراض خلال خمسة عشرة يوماً من تاريخ التبليغ به امام هيئة تميزيـة خاصـة تشكل برئاسـة قـاض مـن محكمة التميز وعضوين اثنين من المدراء من وزارة المالية و واحد من اتحاد الغـرف التجاريـة العراقيـة واخـر من اتحاد الصناعات العراقية ببيان يصدره وزير المالية وينشر في الجريدة الرسمية.

3- للهيئة التميزية الغاء القرار او تأييده او تعديله ويكون قرارها قطعية.

4- على المكلف الذي يرغب في الطعن تمييزاً في قرار لجنة الاستئناف تسديد رسـم الى صـندوق دائـرة ضـريبة الـدخل المعنيـة يحـدد مبلغـه بنسـبة 1٪ مـن مبلـغ الضـريبة في القـرار محـل الطعـن وبحـد اعلـى مقـدارها (50000) خمسون الف دينار ويعد ايراداً نهائياً للخزينة العامة.

5- تحديد مكافئة لاعضاء هيئة التمييز ولجان الاستئناف بتعليمات يصدرها الوزير.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی دارایی لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دارایی گەیشتینە ئەو ئیتیفاقەی کەوا ئەو ماددەیە لەغو بکەینەوەو ئەحکامەکانی پێشتر وافی تروەو پێویستی بەوەی ناکات بیگۆڕین، ئەوەش ڕەئـی ئێوەو برادەرانی ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو داوایە باشە، بـەڵام ئەگـەر تۆزێـك ڕوونـی بکەینـەوە، بـەدیهی ئـەو غایـە چیـە، ئـەوە بۆچیـە؟ جـەنابی وەزیر.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەسـتمان زۆرتـر تەسـهیلاتە، ئەگـەر پێشـتر یـەکێك ویسـتیبای ئیعـتیراز وەربگریـت، دەبێـت بچـێتە ئیسـتیئناف، ئـەو وەختـە موعامەلەتەکـە تـاخیر دەبـوو، ئێسـتا ئێمـە دەمانـەوێت هـەر هـەمان هەیئـە کـە بەسەرپەرشـتی قازییـەك بـوو پسـپۆری دارایـی تێدایـە، ئەگـەر یـەکێك ئیعـتیرازی هـەبوو لەسـەر بـاج، ئیعتیرازەکەی خۆی تەقدیم ئەوان بکات، هەتا زووتر بڕیارەکە دەربچێت و ببێتە قەتعی، یەعنی بەنیسبەت ئێمە مانەوەی، یان لادانی موشکیلە نییە، بەس لادانی دەبێتە تەسهیلاتی زۆرتر بۆ باجدەر، چونکە ئەگـەر ئیستیئناف بکرێت تاخیر دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە پرۆژەكەدا هاتووە مەجالی تەعنی داوەتە قەراراتی ئەو لیژنە ئیستیئنافیە، ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ وەزارەتی دارایی ڕێككەوتین كە ئەو ئیجرائاتە موعەقەدە نەمێنێتەوە بەنیسبەت تەمیز كردنی قەراراتی هەیئەی ئیستیئنافی، پێمان باشە چۆن لە ماددەی چل و لە ماددەی سی و حەوت لە قانونی زەریبەی هاتووە، هەر بەو شكلە بمێنێتەوە، لیژنەی ئیستیئنافی هەیە تەماشای ئیعتیرازاتی هاووڵاتیان دەكات، قەراری ئەو لیژنەی ئیستیئنافیە قەتعی بێت، بۆ ئەوەی كەم بكاتەوەو بەزووترین وەخت هاووڵاتی بگاتە قەرارێكی قەزائی، كە ئەویش بە سەرۆكایەتی حاكمێكە دەرەجەكەی لە صنفی دوو كەمتر نییە، مەبەستەكە هەر ئەوەیە، ئەم ئیجرائاتە نەكرێت بەنیسبەت تەعنی تەمیزی، بەڵكو ئیكتیفا بكرێت بە قەراراتی هەیئەی ئیستیئنافی چ ئەو ئیعتیرازە لە (150000) سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر بێت، یان كەمتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ڕەئیەكەی لیژنەی قانونی وەجاهەتی هەیە، كە لیژنەی دارایی پەسندی كردووەو جەنابی وەزیریشی موافەقەتی كردووە، ئەگەر كەس ئیعتیرازی لەسەر ئەو ڕەئیانە نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی و داراییە بۆ ئیلغا كردنی ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ ئەو ماددەی ئیلغا كرا، ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: یەكەم:

1- بڕیاری ژمارە (83 و 65 و 112)ی ساڵی 2003 هەڵدەوەشێتەوە.

2- بڕیاری ژمارە (192)ی ساڵی 1996 هەڵدەوەشێتەوە.

3- بڕیاری ژمارە (4210)ی ساڵی 2003 هەڵدەوەشێتەوە.

4- بڕیاری ژمارە (32)ی ساڵی 1997 هەڵدەوەشێتەوە.

5- كار كردن بە بڕگە (21) لە مادده (7) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار كراو ڕادەگیرێت.

دووەم: بڕگەیەك بۆ ماددەی (2) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار كراو زیاد دەكرێت و بڕگەی (7) بۆ ئەوە: (7- كێڵگەكانی پەلەوەڕو توركاندنی هێلكەو كارگەكانی دروست كردنی ئالیك).

سێیەم: چەند بڕگەیەك لە ماددەی (7) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو زیاد دەکرێت، کە ئەم بڕگانن (27 و 28):

(27- ئۆتۆمبیلەکانی تەکسی پێنج نەفەرو پاسەکانی گواستنەوەی نەفەر لەناو شارەکان بەدەر لە پاسی نێوان شارەکان).

(28- مەکینەکانی کێلاّنی زەوی، تراکتۆر).

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: اولاً:

1- يلغى قرار رقم (83 و 65و 112) لسنة 2003.

2- يلغى قرار رقم (192) لسنة 1996.

3- يلغى قرار رقم (4210) لسنة 2003.

4- يلغى قرار رقم (32) لسنة 1997.

5- يوقف العمل بالفقرة (21) من المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

ثانياً: تضاف فقرة الى المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتكون فقرة (7) لها:

7- حقول الدواجن والمفاقس ومعامل صنع العلف.

ثالثاً: تضاف فقرات الى المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتكون فقرة (27 و 28) لها:

27- سيارات التاكسي (5) نفرات وباصات نقل الركاب داخل المدن عدا الباصات بين المدن.

28- جرارات الزراعية (تراكتور).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما فيما يتعلق بالمادة السادسة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:

أ- جعل الاعفاء في ( ثانياً) لحقول الدواجن والمفاقس فقط والابقاء على ارباح معامل صنع العلف.

ب- تقترح اللجنة اعفاء الباصات داخل المدن وبين المدن من الضرائب وكذلك الحاصدات وسيارات النقل الصغيرة، بيكب دبل 1طن.

ج- ايقاف العمل بقانون ضريبة التركات رقم 64لسنة 1985 في اقليم كوردستان خاصة وان برلمان كوردستان قرر بقراره المرقم 32 في 1997/11/8 تجميد القانون في الاقليم حتى اشعار اخر.

واستناد الى ماتقدم تقترح اللجنة صياغة المادة السادسة من المشروع كمايلي:

-المادة السادسة:

أولاً: تلغى القرارات المرقمات 192لسنة 1996 و32 لسنة 1997، 65و 83و 112و 4210لسنة 2003.

ثانياً: تضاف فقرة الى المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982المعدل في اقليم كوردستان – العراق وتكون فقرة (7) لها:-

7- معامل صنع العلف.

**ثالثاً: تضاف فقرتان بتسلسل 27 و 28 الى المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان وكالآتي:-**

27- سيارات تاكسي (5) نفرات وباصات نقل الركاب الصغيرة والكبيرة داخل المدن وبين المدن.

28- الجرارات الزراعية (التراكتورات) والحاصدات الزراعية وسيارات الحمل الصغيرة بيكب دبل (1طن).

**رابعاً: يوقف العمل في اقليم كوردستان بقانون ضريبة التركات رقم 64لسنة 1985 المعدل ويعفى من ضريبة التركات ورثة المتوفي الذين ترتب عليهم الضريبة خلال فترة تجميد القانون بالقرار المرقم 32 في 1997/11/8 وتغلق شعب ضريبة التركات في دوائر الضريبة في الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ قسەی هەیە، كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەش بەشی سێیەم، ئەو برگەی (28)ە نووسراوە مەكینەكانی كێلاَنی زەوی (تراكتۆر)، یەعنی تەحدیدی دەكات، وەسائیلی زراعە هەر تەنها تراكتۆر نییە، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بكرێت لەگەڵ ئالیەتەكانی تری كشتوكاڵ، ئێستا ئێمە كۆپتەریشمان هەیە بۆ رشاندنی ئیش و كاری زراعی، تەنها مەكینە نییە ئالیاتی زراعی زۆرەو كۆپتەریشمان هەیە، دەڕاسە هەیە، وەسائیلی تر زۆرە، دەبێ تراكتۆرە كە لابرێت ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی مەوزوعێك هەیە لە فیكری من دایە، لەبەر ئەوەی لێرە ئیلغای قەراراتمان هەیە، بڕیارێكی نایاسایی هەست دەكەم كە لەلایەن وەزارەتی داخیلیەوە بۆ پاراستنی ژینگە دەرچووە، لەسەر ئەساسی ئەوەی هەر كەسێك سەیارەیەكی نوێ بكڕێت، دەبێت سەیارەیەكی بنوێنێت، تەبیعی شتێكی باشە، كە ئێمە موحاوەلەی ئەوەی بكەین ژینگە پاك بێت، بەلاَم دەبێت بڕیارەكە لەگەڵ رۆژدا بگونجێت و لە ئاستی چارەسەر كردنی ئەو میللەتانە بێت، چۆن ولاَتان چارەسەری ئەم كێشەیان كردووە، لە شوێنان هەر سەیارەیەك حەز دەكات 940 بێت، ئەگەر هێنایبێتە سەر ئاستی رۆژ ناحیەی لایت و ئیشارات و دووكەڵ و پێویستیەكانی تر، بۆی هەیە ئەو سەیارە لێ بخورێت، بەلاَم ئەگەر نەیتوانی ئەو سەیارە بگەیەنێتە ئاستی رۆژ، دەبێت سەیارەكەی فرێ بدات، لێرە ئێمە زەلامێك پازدە، بیست ساڵ سەیارەیەكەی بەكار هێناوە، سەیارەكەی لە كەڵك كەوتووە، ناتوانێت بیگەیەنێتە ئاستی رۆژ، دەبێت خەڵكێكی تر كە سەیارە بكڕێت چل وەرەقە تا چل و چوار وەرەقە هەندێك زیاترە بدات بەم كەسەی كە ئەم سەیارە كۆنەی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت سەیارەیەك بكڕێت، ئەمە لە حاڵەتێكدا یەكەم/ غوبنێكی تیایە، خەڵكێك سەیارەیەكی

پەنجا هەزاری دەکرێت، چل تا چل و چوار وەرەقە دەدات بە حەقی ئەوەی کە ئەم سەیارە بنوێنێ، یەکێکی تر سەیارەیەك دەکرێت بە دە هەزار عەینی شت دەبێت سەیارەیەك بنوێنێ بە هەمان شێوە، یەعنی بمرێنێ، تەبیعی ئەمە بە رەئی من یەکەم/ هیچ ئیستیفادەیەکی نییە بۆ حکومەت وەکو باج.

دووەم/ زەرەرێکی یەکجار گەورەی داوە لە تەبەقەی وستا، جاران پێش ئەوەی ئەم بڕیارە دەرچێت، خەڵکێك بۆ پێویستیەکانی ژیان، ئەمڕۆ تەقریبەن لە کوردستان سەیارە پێداویستی ژیانە، بە دوو هەزارێك، بە هەزارو پێنج سەدێك سەیارەیەکی مەعقولی پێ دەکڕی، دەیتوانی ئیش و کارەکانی خۆی پێ بەڕێوە ببات، ئێستا ئەو سەیارەیەی کە جاران دەکڕا بە هەزارو پێنج سەد، یان جاری وا هەبووە بە هەزار دۆلار دەکڕا، ئێستا دەبێت بە پێنج هەزارو شەش هەزار بیکڕێت، کە بۆتە مانعی تەبەقەی وستا کە زۆرینەن، زۆرینەی خەڵکن کە بتوانن سەیارە بکڕن، لەبەر ئەوە بە رەئی من ئەم مەوزوعە دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت قەرارێك دەربکرێت، هەر کەسێك، هەرچی سەیارەکەی کۆن بێت، ئەگەر بیهێنێتە ئاستی رۆژ، یەعنی چاکی بکات و رێك وپێکی بکات و موشکیلەی نەبێت، ئەو با سەیارەی خۆی لێبخورێت، ئەگەر نەتوانێت بیگەیەنێتە ئاستی رۆژ، ئەوە ئەو ئیستیفادەی تەواوی لێ کردووە، مەفروزە سەیارەی فڕێ بدات، بۆ ئەوەی مەجال هەبێت تەبەقەی ناوەندی کە زۆرینەی ئەم خەڵکەیە، کە ئەمڕۆ بێ بەش بوون کە سەیارەیان هەبێت، فەرمانبەرێکە، مامۆستایەکە، یەعنی خەڵکێکی ئیعتیادییە، بەڕاستی ئێمە غەدرێکی گەورەمان کردووە لەمانە، چونکە مەحرومامان کردوون لە یەکێك لە پێویستیەکانی ژیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەسڵی پرۆژەکە دەکەم، پرۆژەی حکومەت، بەنیسبەت حقولی دەواجن و مەفاقس و مەعمەل عەلەف، هەرسێکی شمولی یەك بکاتن، ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە، لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی مەعمەل عەلەفیان بەدەر کردووە لەو تەسهیلاتەی کە شمولی دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لە بڕگەی حەوتدا تەئیدی ئەوە دەکەم کە مەعاملی صونعی عەلەفیش بمێنێتەوە مەعفی بێت لە زەریبە، لە بڕگەی 27دا (سیارات تاکسی......... ماعدا باصات بین المدن) لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی کە پاصاتی نێوان شارەکانیش عەفو بکرێن لە زەریبە، بەگشتی لەگەڵ ئەوەم هەموو مەکائین و ئالات و چی بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەکار دەهێنرێت، ئەو عەفوە بیانگرێتەوە، نەك تەحدید بکرێت تراکتۆرێك، یان فلان شت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ماددەی دووەم فەرزی زەرائیبە، لە حەوتیش ئیعفایە لە ئەسڵی مەشروعەکەی، بەس لێرە کە فەرزی زەرائیب لەسەر حقولی دەواجن و مفاقیس بۆ ئیلا عەلەف، یان مەفاقیس و له حقولی دەواجن، ئێستا خۆ شەرت نییە بڵاو بۆتەوە، ئەو زەرورە ئیعفای زەرائیب لەسەر ئەو شتانە بکرێت، یەعنی تەیسیرەن لەسەر شوئونی کڕین و فرۆشتن و کە ئێستاکە ئیحتیاج هەیە بۆ ئەو شتانە لە ناو کۆمەڵ.

دووەم/ لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك جەعفەریمە، کە مەکینەکانی زراعی، یەعنی تەحدید کراوە، یان دەبێت نیزامی زەریبە دادەنرێت بە هەموو بەشەکان بگرێتەوە، هەموو جانیبەکان بگرێتەوە، ئیلا ئیعفا لە هەندێك فەقەرەی موعەیەن نەبێت و فەرز لە هەندێك فەقەرەی موعەیەن بێت، یان بە هەمووی بگرێتەوەو بژمێردرێتن، یان ئیلا ئەو دوو شتە دەرنەیەت و دانەنرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە حقولی دەواجن تەنها ئیعفا بکرێت لە زەریبەی بۆ تەشجیع کردنی زیاد بوونی سەروەی حەیوانی، بەڵام مەفاقیس و مەعمەلی عەلەف، پێم وایە ئەوە خەڵکانی دەوڵەمەند تەنها مەفاقسیان هەیەو مەعاملی عەلەفیان هەیە، لەبەر ئەوەی عاملی ربحیان هەیە، بۆیە ئەگەر زەریبەیان بۆ دانێیت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە مەفاقیس و مەعاملی صونعی عەلەف خازیعی زەریبە بن، پشتگیری لە رەئی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەم لەوەی کە ئیلغای هەندێك فەقەرات بکرێت، بەتایبەتی لادانی زەریبە لەسەر سەیاراتی تەکسی و پاصات، لێرە پێشنیار کرا کە زەریبەیان لەسەر بێت، بەڕاستی ئەوە شتێکی مەنتیقی نییە، ئەوانەی تەکسیان هەیە، یان پاصیان هەیە ئەوانەیە کە کەم دەرامەتن، ئێمە لە یاسای پێشتر خەڵکە دەوڵەمەندەکان لە سێ تابق بەرەو سەرەوە ئیعفامان کردووە حەفت ساڵ، ئەوانەی فەقیرو هەژارن لێرە کە سایق تەکسی و پاصن داوا دەکرێت زەریبەیان لەسەر دابنرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئیعفا بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئکید لە فەقەرە حەفت دەکەم، کە باسی مەعاملی عەلەف دەکات، ئێمە رۆژانە رەخنە لەوە دەگرین کە پرۆژەی ئینتاجیمان نییە، هەموو شتێك بە حازری لە دەرەوەی هەرێم بۆمان دێت، کە مەعمەلێك وەکو مەعمەل عەلەف هەبێت و تەشجیعی نەکەیت، مانای وایە ئێمە رێ لە پرۆژەی ئینتاجی

دەگرین، منیش پشتگیری ئەوەی دەکەم مەعاملی عەلەف زەریبەی لەسەر نەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر تەشجیع بن، بۆ ئەوەش نرخی دەواجن کەمتر بێت کە قوتی میللەتەو تەئسیر لە بازاڕ دەکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ ڕەئیەکانیان زۆر موەحەد نەبوو، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بۆ ماددەکە هەندێك تەوزیحی دەوێت، ماددەی حەوت لە قانونی زەریبەی دەخل ڕەقەم 113 باس لە ئیعفائات دەکات، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و، لیژنەی داراییش هەمان بۆچوونی هەیە تەئیدی ئەو وجهەت نەزەری کردووە، کە سەیاراتی تەکسی عەفو بێت لە زەریبە، سەیاراتی پاصات هی ناو شار عەفو بێت لە زەریبە، بەڵام لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی پێیان وایە ئەو پاصانەی کە لە دەرەوەی شار ئیش دەکەن، ئەوانیش هەر عەفو بن لە زەریبە، واتا لە ماددەکە ئێمە خۆمان داوامان کردووە هەردوو لیژنە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیە کە ئەمانە هەمووی عەفو بێت لە زەریبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو کەس ئیقتیراحی کرد پاصات لەنێوان شارەکان عەفو بکرێن، لیژنەش هەر وا دەڵێت شتێکی خیلاف نەگوتووە، کاك ڕەشاد دەڵێت مەعاملی صونعی عەلەف عەفو بکرێتن بە تەنیا، وابزانم ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی شمولە یەعنی بەحەقیقەت لە هینەکاندا، هیچ شتێکیش ناکرێتن بێ زەریبە، دەبێت زەریبەی دابنێن، ئەی دەوڵەت بەچی بەڕێوە دەچێتن، بەڵام کە زەریبەت دانا ئەو صاحێب مەعمەلە زەریبەکە لە گیرفانی خۆی ناداتن لە هەموو دنیا وایە، دەکەوێتە سەر شانی هاووڵاتیەکە، ئێستاش کەوتووە تۆماتیکیەن هەر لەسەریەتی، دواتریش هەموو جار باسمان کرد، ئەو زەریبەیە ئەداتێکە بەدەست حکومەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگاوبان دروست بکات و زیاد بکات، حەدائیق زیاد بکات، خەدەمات زیاد بکات، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەت بەرنامجێکی هەبێت، داهاتی کۆ بکاتەوە بۆ ئەو مەبەستانە، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسڵی مەشروعی حکومەت ئیعفای کردووە، لێرە لیژنەی یاسایی دەڵێ زەریبەی لێ وەربگیرێت، ئەسڵی پرۆژەکە دەواجن و مەفاقیس و مەعمەل عەلەف خەت موتەکامیلە، نوقصانی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حقولی دەواجن و مەفاقیس ئەوان دیارە لەگەڵ لیژنەی یاسایی بیریان کردۆتەوە لەگەڵ وەزارەت باسیان کردووە، غەمی حکومەتیشیانە، خۆ شەرت نییە ئیلا وەزارەتی دارایی غەمی حکومەتی بێت، دەبێت هەمووومان غەمی حکومەت بخۆین، حکومەتیش غەمی میللەت بخوات، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لە زەریبە پرۆژەكان و وەسائیلی نەقل عەفو دەكەین، حەقە ئەسعاریش دابنرێت، مەسەلەن تۆ كە تەكسی عەفوی دەكەیت، حەقە هاوولاَتی زۆر بە هەرزانی بگوازێتەوە، خالێكی تر/ مەسەلە هەر عەفو كردنی زەریبە نییە، دەبێت حكومەت مەسئوول بێت لە جێ بەجێ كردنی گازو بەنزینی ئەو سەیاراتانەی كە نەقل دەكەن و لە زەریبەش عەفو بكرێن، بۆ ئەوەی بە هەرزانترین سعر هاوولاَتیان بگوازێتەوە.

دوو/ مەسەلەی پرۆژەی حەیوانی، دیسان هەر لە زەریبە ناكرێت عەفوی بكەین، چونكە ئێستا ئێمە دەبێت ئەسعاریش دابنێین، دەواجن هەیە لە جەژنان بە دە هەزار، بە پێنج هەزار، بە چوار هەزار دەفرۆشێت بە كەیفی خۆی، دەبێت حكومەت بێت ئەو پێداویستیانەی كە لەسەر حكومەتە وەكو كارەبا، سووتەمەنی، گاز بۆ دەواجنەكان تەئمین بكات، بۆ ئەوەی سعری لەسەر دابنێت بە یەك دینار بداتە هاوولاَتیان، ئەگەر ئەو بە پێنج هەزار دەیداتێ، بە هەر چەند گران بكرێت بۆ ئەو دەردەینی، بەلاَم ئێمە هەر عەفوی بكەین، دەبێت ئەسعار دابنێین، من هیوادارم لەسەر ئەوەی كاك شێخ جەعفەریش باسی كرد، كۆپتەر نا، بەلاَم دەراسات و ئەوانەش هەرچی وەسائیلی بەرهەمهێنی زراعییە هەمووی لە زەریبە عەفو بكرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەنیسبەت ئەو ئامێرانەی بەكار دەهێنرێن لە زراعە تەحدید نەكرێت، هەر بنووسرێت (جمیع الالات والمكائن التي تساعد في الزراعة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا كاكە شەرحی بكە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی دەراسەشمان كردووە، بەلاَم نووسراوە (حاصدات)، بۆیە مومكینە هەندێك خوشك و برا مەعلوماتیان لەوە نەبێت، ئەوەی تر سەیارەی تەكسی پێشتر پێنج نەفەراتمان نووسی بوو، ئێستا ئەوانەشمان هەمووی عەفو كردووە، پیكەبیش، پیكەبی یەك تەنی چ دەبل قەمەرە بێت، چ تاكە قەمەرە بێت، ئەوانیشمان داخیل كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن هیچ شتێكی وا زۆر بەقوەت نییە، دووەمیش/ ئیسڕاری لەسەر نییە لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامان، بۆیە هەر موفتەرەحی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری، چیە كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك ئیشكال ماوە، سەیاراتی پاصات لەنێوان شارەكان، ئەوە یەكلا نەكراوەتەوە، راستە لە تەقریری لیژنەی قانونی هاتووە، یەعنی ئەوەش داخیل بكرێت، یەعنی ئیعفا بكرێت لە زەریبە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ئیزافەی كردووە دەڵێت (داخل المدن وخارج المدن) دەڵێت سەیاراتی تەكسی و پاصاتی گواستنەوەی بچووك و گەورەكان لەناو شارەكان و دەرەوەی شارەكان، ئەو موفتەرەحەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: بڕگەی (2) لە ماددەی (27) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113ی ساڵی 1982 هەموار كراو هەموار دەكرێت، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: (دەبێت هەموو كەسێك تۆمار كرا بێت و تۆمار نەكرا بێت داهاتێكی هەبێت، ملكەچ بێت بۆ باج، راپۆرتێك دەربارەی داهاتەكەی پێشكەش بكات بەر لە رۆژی یەكەمی مانگی تەمووز لە خەملاندنی ساڵانە، ئەگەر داوای لێ نەكرا بێت پێشكەشی بكات بەهۆی ئاگادار كردنەوەی نووسراو، یان بەهۆی یەكێك لە رێگاكانی بلاوكردنەوەدا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تعدل الفقرة (2) من المادة (27) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتقرأ كالاتي: (على كل شخص مسجل او غير مسجل وله دخل يخضع للضريبة ان يقدم تقريراً عن دخله قبل اليوم الاول من تموز من السنة التقديرية اذا لم يطلب منه تقديمه باخطار خطي او باحدى طرق النشر).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی هەردوولا ئیتیفاقمان لەسەر ئەوە كردووە، كە پشتگیری دەكەین، چونكە كاتی خۆی لە 6/1 بووە دارایی، دوایی 3/31 بووە، ئێستاكە كردیتیانە 7/1 شتێكی تەبیعییە بەنیسبەت ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باشە تەحدیدی سەقف كراوە بۆ تەقدیمی تەقریر، ئەگەر یەك تەقدیمی نەكرد چ غەرامە هەیە لەسەری دیار بكرێتن، بۆ ئەوەی مولزەم بێت، چونكە هەندێك كەس هەیە برادەران دەزانن، ئەگەر ئیشی نەبێت لە زەریبە پێنج ساڵیش جارێك ناچێتە زەریبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سركيس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەتا ئێستا هەر كەسێك پێویست بوو موراجەعەی زەریبە بكات، تا 5/31 موراجەعە بكات، پێشتر 3/31 بوو، دوایێ بووە 5/31، ئەگەر هاتبوایە تاخیر ببایە لەو ماوەیەی كە دیاری كراوەو موراجەعەی نەكرد بوایە لە 10٪ غەرامە دەكرێت لەو باجە، ئینجا ئێستا بۆ تەسهیلات كردن، بۆ هاوولاّتیان ماوەكەمان زیاد كردووە تا 7/1 شەش مانگ بۆ هاوولاّتی بێت شەش مانگەكەی تریش بۆ حكومەت بێت، بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی زەریبە یەك بە یەك بە ئیزبارەكاندا بچنەوە، كە لە لایانەو تەبلیغی باجدەر بكەن، بۆ ئەوەی بێت موراجەعەی بكات، ئەگەر دوای ئەو ماوەیە نەهات، ئەوە لە 10٪ غەرامە دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەلێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نازانم هەموو كەسێك تۆمار كرابێت، تۆمار نەكرا بێت، یەعنی ئێمە خەلكی تۆمار نەكراومان هەیە بە خارجی قانون، ئەوە هەر پرسیارە من دەمەوێت بزانم، چۆنە، ئەوانە كێنە؟ تۆمار نەكراون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا كاكە وەلامی بدەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن كە دەلێی تۆمار كرا بێت، مەبەستمان ئەوەیە تۆمار كرا بێت لە زەریبە، ئەو كەسەی كە موكەلەفە دەخلی هەیە، ئەوە تەسجیل دەكرێت، من ئەگەر ئەوەم نەدیت بێت قەت و قەت ناچمە ناو زەریبە، لە زەریبە هیچ سجلێكم نییە، بەلاّم هەر یەكێك دەخلێكی هەبێت و خازیع بێت بۆ زەریبە كە دەچێت تەسجیل دەكرێتن و لێی وەردەگیرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمەش ئینشائەللا رۆژێك دیتن وەكو ولاّتانی پێشكەوتوو، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە لە جەنابی وەزیر، ئایا میكانیزم چیە هەتا بزانین دەخلی هەر تاكێك لێرە چەندە؟ لە ولاّتان یەعنی هاوولاّتی خۆی دەچێت دەخلی خۆی ئیعلان دەكات، یان بە نیزامی بانك رێك دەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردووکی هەیە، هاوولاّتی خۆی دەچێت، ئەغلەب کە ئەوانەی خۆیان دەچن هیچیان نییە، دەنووسێت هیچم نییە، بۆ ئەوەی بەرائە زیمەکەی وەربگرێت لە دەوائیرەکاندا ئیشی بڕواتن، ئەوانی تر دوو نەوعن، ئەوەی کە پێویستە داهاتەکەی تۆمار بکاتن، هەندێکیان هەیە مولتەزمن بە قانون، من باسی ولاّتانی دەرەوە دەکەم، بەڕێگای قانونیەوە ئۆتۆماتیکی حکومەت ئەو ئالیەتەی کە هەیەتی دەزانی چەندە، مەسەلەن خاوەن مەتعەمێك داهاتی چەندە لە لای حکومەت دیارە، چونکە لەوێ یان بە چەك خواردنەکەی دەفع دەکات، یان بە کارتی بانکی، هەردووکی داهاتەکەی لە بانك دیارە، جا لەبەر ئەوە زۆر لە مەتعەمەکان ئەوانەی چونەتە ئەوروپا خاوەن رێستۆرانتەکە پێی خۆشە بە نەقدی پارەکەی بدەیتێ، چونکە ئەو نەقدەی ئیعلان ناکاتن، ئێمەش لە لای خۆمانەوە قانونێك دەردەهێنین هەستی هاوولاّتی رۆژێك دێت ئینشائەللا، ئینشائەللا ئەو رۆژەش زووە بەرز دەبێتەوە، خۆی دێتن دەڵێ من داهاتم ئەوەندەیەو زەریبەی دەدەم، چونکە دەزانی ئەو زەریبەیە بۆ قازانجی ولاّتەکەیەتی، ئەمەش واجیبە لەسەریان، ئەو ماددەی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت، کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو لیژنە پێشنیار دەکات وەکو یاسایەکانی دیکە ئیعادەی صیاغەی بکرێتەوە بەم شێوەیە: (لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش وەکو هەموو ماددەکانی تر لیژنەی یاسایی صیاغەی کردۆتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم:**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمدا بۆیان هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکەن.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة:**

**لوزارة المالية والاقتصاد في الاقليم اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەردوو لیژنە پشتگیری لە ماددەکە دەکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خۆی باشترە بڵێی (لوزير المالية) چونکە ئیمزای دەکاتن، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.**

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم:**

**کار بە یاساو بڕیارەکانی باجی بەرکار دەکرێت ئەوانەی پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە نین.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة العاشرة:**

**يعمل بالقوانين والقرارات الضريبية النافذة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هەرچەندە پێشتر تەئیدی دەکردو مولاحەزاتی لەسەر نەبوو، بەڵام ئەو جارە لە دانیشتنەوە ئیتیفاقمان کرد لەگەڵ لیژنەی دارایی ئەو ماددەیە هەر لەغو بکرێتەوە، چونکە ئەوە بەپێی قەوانینی زەریبی ئەوە هەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر ڕاستە، ئێمەش لێرە پێش ئەوەی وا بڵێین کاك فرسەت هەمان ڕەئی هەبوو، ئەو ماددەیە لیژنەی یاسایی دەڵێت ئیلغا بکرێتن، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە هەروەکو خۆی کار دەکرێت بەو یاسایانەی کە هەنە،**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ موفقتەرەحی لیژنەی یاساییە بۆ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئیقتیراحمان کرد، کەوا ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، بەم شێوەیە: (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە وەکو یاسایەکانی تر، ئەو ماددەی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ موفقتەرەحی لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوەو بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ صدوره ونشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئیقتیراحمان کرد، کەوا ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، بەم شێوەیە: (ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ 2008/1/1 التقديرية وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و دارایی دەخەمە دەنگدانەوە کە تاریخ تەحدید کرا، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەسبابی موجیبە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(الاسباب الموجبة)**

لغرض جعل القانون منسجماً مع السياسة الاقتصادية في اقليم كوردستان ولتحقيق اهداف التشريعات الاقتصادية الخاصة بالاستثمار واقتصاد السوق وتشجيع الحركة العمرانية والاستثمارات بصورة عامة ولتحقيق العدالة وتخفيف العبء الضريبي عن كاهل المواطنين فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا پرۆژەکە، پرۆژەی یاسای هەموار کردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو پاش ئەوەی مادده بە مادده دەنگتان بۆدا، پرۆژەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان و بۆ لیژنەی قانونی و لیژنەی دارایی و ئابووری، بۆ یەکە یەکەی ئێوە کە بەشداریتان کرد لە دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژەیە، سوپاس بۆ جەنابی وەزیرو راوێژکاری وەزارەتی دارایی و کاك سەعدیش کە لەگەڵمان بەشدار بوو لەو چەند موناقەشەی ئەو ماددەیە، ئومێد دەکەم ببێتە هۆی ئەوەی کە لەو بوارەدا پێش بکەوێتن، ئەنجامەکانی باشتر بێت و داهاتی حکومەتیش زیاد بێت، هاووڵاتیش خەمی کەم ببێتەوە، زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر ئەگەر قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێزتان و تەواوی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کە هەموو کاتی خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەم یاسایە، هەم یاسایەکەشیان پەسند کرد، بەپێی ئەو یاسایەی کە دەرچوو، ئێمەش تەعلیمات دەردەکەین و جێ بەجێی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، برگەی چوارەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

پێم باشە ئەگەر موافەقەت بکەین بیخەینە سبەینێ، بۆ ئەوەی جەنابی وەزیریش ئامادە بێت لەگەڵمان سەعات دەو نیو، تاکو کۆتایی پێ بێنین، بەڵێ کاك شێخ نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا جەنابێ وەزیرێ پەروەردە هاتیە ئاگادار کرن و حازر نەبوویە، بۆ گفتوگۆ کرنا پرۆژە، یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی ئێمە بەڕاستیەکەی تەوەقوعمان وایە کە فریای نەکەوین و درێژە بکێشێت موناقەشاتەکان و ئەوانە تا سەعات دوو، بۆیە تەوەقوعمان دەکرد تەواوی نەکەین، بۆیە ئاگادارمان نەکرد، هەر لەبەر ئەوە، ئەگەرنا دەمانگوت داوامان کردووە وەرە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داواکارین لە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری میزانیەی ساڵی 2008 پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆ مانگی یازدە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە جەلسەی رابردوو پێمان گوت، داوامان لێ کرد، ئەو داوایە داوای هەموو خەڵکە، ئومێد دەکەین بەزووترین کات تەواو بکرێتن، بۆ ئەوەی بڕگەی چوار بخەینە بەیانی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە سبەی سەعات دەو نیو کۆبوونەوەمان دەست پێ دەکات، داوا لە مامۆستا سەعد دەکەین ئاگاداری وەزیری پەروەردە بکاتەوە تاکو حازر بێت لەگەڵماندا، زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنم تا سبەی سەعات دەو نیو.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)** | **عدنان رشاد مفتى** |
| **سكرتێرى ئەنجومەنى نیشتمانیی** | **جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیی** | **سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنى نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلى دانیشتنى ژمارە (15)**

## سێ شەممە ڕێکەوتی 23\10\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/10/23

کاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/10/23 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (15)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری هەموار کردنی یاسای پارێزەرایەتی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی کار کردن بە یاسای ڕێکخستنی کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە 21ی ساڵی 1997 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی کار کردن بە یاسای ڕێکخستنی بریکاری بازرگانی عێراقی ژمارە 51ی ساڵی 2000 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2007/10/23دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری هەموار کردنی یاسای پارێزەرایەتی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی کار کردن بە یاسای ڕێکخستنی کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە 21ی ساڵی 1997 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی کار کردن بە یاسای ڕێکخستنی بریکاری بازرگانی عێراقی ژمارە 51ی ساڵی 2000 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا داوای لێبوردن دەکەم، کە دانیشتنەکەمان دواکەوت، پێش ئەوەی هەر ئەندامێك ڕەخنەمان لێ بگرێت، خۆمان ڕەخنە لە خۆمان دەگرین، ڕەخنە گرتنیش بەشێکە لە ژیان, قبوڵمانە.

دووش/ ڕەخنەیەکی دیسان لە دانانی بەرنامە دەگرم، دوێنێ بەرنامەی کار پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە خرا بووە ناو بەرنامەی کار، بێ ئەوە پەیوەندی لەگەڵ جەنابی وەزیر بکەن بۆ ئامادە بوونی، چونکە ئامادە بوونی زەروورییە، ئەگەر ئاگادارمان کرد بوایەو ئامادە نەبوایە خۆمان بەردەوام دەبووین، بەڵام ئاگادار نەکرا بوو خرابووە ناو بەرنامەی کار، کە دوێنێ شەو ئاگادار کرا ئەو پەیوەندی بە کۆنفرانسێك هەبوو، کە پێشتر بۆ وەزارەتی پەروەردە خۆی حازر کرد بوو، ئەمڕۆ بەیانی سەعات دەو نیو ئەو کۆنفرانسە دەستی پێ کرد، نەدەکرا, چونکە خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی تری کوردستان هاتبوون، نەدەکرا وەزیر بەجێیان بێڵێت، لەبەر ئەوە داوای کرد لەوێ کە بەزووترین کات تەواو بێت و بێتە لامان و لێرە ئامادە بێتن.

سێیەم/ ئەو بەرنامەیەمان بەپەلە داخیل کرد، تەبعەن بڕیار بۆ ئێوە دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەمڕۆمان لە دەست نەچێتن، سوود لە دانیشتنی ئەمڕۆ ببینین، بەرنامەکان جارێ خاڵی یەکەم داوا دەکەم دەنگی بۆ بدەن بۆ دواخستنی، ئەگەر وەزیر هات، فەولە بێتن، دەیخەینە بەرنامەی کار، داواتان لێ دەکەم دەنگ بدەن بۆ دواخستنی بۆ ئەوەی باسی خاڵی دووەم بکەین، فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە جەنابێتە لە دەستپێكا لە ئاخافتنێ خۆدا داوای لێ بووردنت كرد لەسەر تاخیر بوونا ڤێروشنێ، بەلێ بە رەئیا من ئەڤە نە جارێكەو نە دوو جارە، نە سێ جارە، بەلكی ڤە چەند جارە، دێ ناستم بـژمێرم، هەمیشە دەستا سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ پە تەئخیر لـە وەختێـك كـو ئـەو خـۆ دیـار دكا دهێتـە پەرلـەمانێ، پەرلـەمان جێـی یاسـایە، پەرلـەمان جێـی ئیلتیزامێیـە، پەرلـەمان یاسـا دەردەكـات، كـە هـەمی ئیـدارات و وەزاراتێت كوردستانێ و خەلكێ كوردستانێ ئیلتیزام ببی بە یاساییە من ئەز خو دبێژم هـود بۆچـم لەگـەل قـەبول كرنـا داوای لـێ بووردنـا دەسـتا سـەرۆكایەتی، یـان جەنابێتـە، بـەلێ ئـەز دبێـژم تڤیـا پەرلـەمانێ ئیلتیزامێكا زیاتر پڤی مەوزوعا هەبی. خالە دوێش/ مەسەلا جـەنابێ وەزیـر پـەروەردێ، ئـەویش ئێكـە لـە خەلەلـە دەسـتا سـەرۆكایەتیا پەرلـەمانێ، كـە دوێـنێ جەنابێتـە لێـرەدا ئـیعلان كـر، كـو سـبەینێ وەزیـرێ پەروەردە دێ لەسەر تەعدیلاتێ پرۆژا پەروەردە دئاخاڤ، ئەویش نەهات و ئەڤرۆ پڤێ ئەوەی كونفرانسێك هەی و خەلكێكی زۆر هاتیە، بە رەئیا من ئەویش دوێنێ دەبوایە نەهاتبوایە راگەیاندن بۆ پەرلەمانتارا.

خالە سێ/ لە نوقتا، یان خالـە مـن نوقتـا نیزامـی ئەڤەیـە ئـەز دەگەرێڤەمـەوە بـۆ سـەر وەزع و بـارودۆخ و تەهدیداتێ رژێما توركیا بۆ سەر كوردسـتانێ ت دەسـتپێكێدا دوێـنێ كـاك خورشـید شـێرەش ئیشـارەی بـەم مەوزوعە دا، جەنابێتە تەوزیحیشدا لە دەستپێكا پێش پەرلەمانا توركیا، یەعنی رۆژا چار شەمە قـەول بـوو مە هەلوێستێك هەبی، یان پەرلەمانا مە بخۆ دگەل دەستەی سەرۆكایەتی ئەنگۆ هەرسێ برایێت بـەڕێز مـن بخۆ لە ژوورێت خۆ هینایە ئاخافتن، جەنابێتە بخۆ گۆتە من زووترین وەختـا چ رۆژا یـەك شـەم بیـت، یـان دوو شەم بیت، ئەم دێ دانیشتنێ دكەین لەسەر هەلوێستا توركیا، كە ئەڤرۆ خۆ زانن ڤە چەند رۆژا بەسـەر دارۆیشـت، پـێم وایـەو خـەلكێ مـەش تەسـەور دكـەت هـەتا دونـێش راپـەرینا لـە كـێ بـووی، لـە كـەلار، لـە چەمچەمال واش ئیشارە ڤـێ هەنـدەك كـر، كـە پەرلـەمانا كوردسـتانێ و حكومـەتا هـەرێما كوردسـتانێ لـە هەلوێستێت خۆ، یا دوور تڤیت لە میللەتا، یەعنی لە وەختێكدا پەنای بۆ میللەت دباتن، گاڤا وەكو پێویستی هەبێ، گاڤا ئیحتیاجی هەبی، ئەز بێم نوكەش تەهدیداتێ دەوڵەتا توركا چشتەكی زەرورییە، كە جارەكا دی ئەم بێـژی بـۆ سـبەینێ ڤـە مـەوزوعی ئاخـافتنێ، یـەعنی هـەر رۆژەك تـەئخیر بـوو زەرەرە، چونكە شـتێكی مەسیرییە، بەنسبەتا میللەتی كورد، ئایا هەلوێستا پەرلەمانێ مە چیە، جەنابێتە وەكی سەرۆكی پەرلەمانێ هەلوێستێك دیار كرن، بەلێ قەرارە پەرلەمانتاریش رەئیا خۆ ببێژن دڤی مەوزوعەیدا، كە ئەڤـە سـێ خاڵـە من هەیبوو، حەزم كر ئیشارەتی پێ بدەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خاڵەكانت هەمووی جێی خۆیەتی، یەكەم/ ئێمە خۆمان دەستمان بەوە كرد بوو، گوتمان داوای لێبووردن دەكەین و لە كاركردندا كەس نییـە غەڵـەت نـەكات، مەكینـە نینـە، كۆمپیوتـەریش نینـە، دوێـنێ ئێمەش باسمان كـرد نـەمانگوت وەزیـر دێـت، گوتمـان كـاك سـەعد وەزیـری هـەرێم بـۆ كاروبـاری پەرلـەمان داوامان لێ كرد ئاگاداری وەزیر بكات، واتا نەمانگوت ئەوە وەزیر دێتن، گوتمان كاك سـەعد ئاگاداری وەزیـر

بكە بۆ ئامادە بوون، ئێوارێ تەلەفۆنی بۆ کردنی گوتی تەلەفۆنم بۆ کردووە ئیرتیباتی هەیە بە کۆنفرانسێك، کە چەند هەفتەیەکە بڕیاری لێ دراوە، ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆرانی پەروەردە لەشارەکانی تر هاتوون و  ئامادە دەبن لەسەر داوای ئەو ناتوانێتن، دوایيش وتی هەوڵ دەداتن لە کۆنفرانسەکە پاش ئەوەی وتاری خۆی تەواو دەکات، پاشی دوازدەو نیو بێت حازر بێتن، لەبەر ئەوە نوقتەی یەکەم مەسەلەکەی چەند سەعاتێك دواخست، دوای دەخەین، بۆ ئەوەی بێت لەگەڵماندا ئامادە بێت، ئەگەر رەخنەش بێتن لە سەرۆکایەتی، ئەوە خۆمان لە خۆمانمان گرت، بەلاّم ئێوەش یەکە یەکە هەر یەکە بەپێی پێویست هەقە رەخنە لە خۆی بگرێت، لە حوزوری، لە جەلساتەکان، لە غائیب بوونی، لە دەوری لە لیژنەکان، ئەگەر رەخنە بێتن جەلسەیەکی تایبەت دەکەین و ئەو رەخنەی لەسەرمانە قەبولی بکەین و ئەو رەخنەی لەسەر ئێوەیە قبولی بکەن، لەوانەش ئەو کەسانەی کە بۆ جگەرەکێشان سێ جار دەچنە دەرەوە بۆ جگەرەکێشان، ئەو رەخنەیەش قبول بکەن لە خۆیان، ئەوە یەك.

دوو/  خاڵی دووەم کە باسی هەڵوێستمان کرد کە لە تورکیاوە، تەبعەن ئێمە دوێنێ باسمان کرد، گوتمان رۆژی چوار شەم دادەنیشین لەسەر هەڵوێستی پەرلەمان تەئکیدمان کردەوە، کە پەرلەمان هەڵوێستی هەیەو وەرگیراوە، دوو دانیشتنمان لەسەر تۆپباران کردنی تورکیاو ئێرانیش ئەنجام داوە، لە یەکێکیان سەرۆکی حکومەتیش بەشداری کردووە، وەزیرەکان بەشداریان کردووە، لێرە بە روونی رەدی ئەو شتانەمان داوەتەوە، رەدی تۆپباران کردنمان داوە، رەدی لەشکرکێشیمان کردووە، لە سەرەتای دانیشتنمان پاش جەژن یەکەم بابەت ئەوە بووە، من لە جیاتی هەمووتان قسەیەکم کردو رەئی ئێوەش بووە، تەعبیری لە رەئی ئێوەشم کردووە، کەس نەیوتووە ئەو قسانەی من کردم وا نییە، وەکو هەڵوێستێك تاوەکو ئەو دانیشتنە تایبەتە کە دادەنێین بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر وەزعەکە, ئەوەی دێنێتن کە ئێمە موتابەعەی ئەوە بکەین، هەموو خەڵکێك زیاتر پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ئەو مەسەلەیە مەسئولیەتێکی گەورەی هەیە، هەر ئەوەندە نییە قسەیەك بکەین تەواو، هەر لایەنێك قسەی بکاتن تەواو بێت، بەنیسبەت کوردستانەوە مەسەلەیەکە، رۆژانەیە، ژیانییە، لەشکرکێشی بکاتن تەئسیر لە ژیانمان دەکات، لەسەر ئابووریمان دەکات، لە ئەزموونەکەمان دەکات، پێم وایە تاخیر بوون، ئەگەرچی تاخیریش بووە، بەلاّم زەرەری ئەوتۆی نییە، رەنگە قازانجیشی هەبێت، هەموو مەسەلەکان ئێستا لە پێش چاومان روونترە لەوەی پێش هەفتەیەك، لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانە، ئەو کۆبوونەوەی بەیانی کە دەیکەین قسەکان باشتر دەبێتن، رەنگە پێش هەفتەیەك جانیبە ئیجابیەکە, پێش هەفتەیەك قسەمان کردووە، ئەو لایەنە باشانەی لەبەر چاومان نەبوایە, قسەکان بە نەوعێکی تر کرا بوایە، ئێستاکە ئەو گۆڕانکاریانەی دوێنێ و پێرێ کراون، ئەو پەیوەندیانەی کە ئەنجام دراون لە لایەن سەرۆکی عێراقەوە، لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە، پەیوەندیەکان لەگەڵ ولاّتانی ئەوروپا، ئەمە هەمووی لە قازانجی ئێوە دایە، کە قسەیەك دەکەین لەسەر ئەو مەسەلەیە پڕ بە مەعلومات و بە تێگەیشتنی هەڵوێستەکە بیکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارەکە بۆ ئێوەیە، دەتوانن ئێستا قەراری لێ بدەن، کە تەئجیلی نەکەن، بۆ ئەو دوو سەعاتەی

كه من داوام كردووه، بەنیسبەت خاڵی یەكەمەوە، خاڵەكانی تریش كە دانراون لەگەڵ لیژنـەی یاسـایی هـەر بۆیەش تاخیر بووین، باسمان لەوە نەكرد، موناقەشەی ئەوانە پرۆژەیەكی ئەوتۆ نین، كە بابەتی گـرنگ بـن پێویسـت بكـاتن دیراسـەت بكـرێتن، هـەر یەكـە دوو، سـێ بڕیارێـك لـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێراقـەوە وەرگیراوەو دیراسەت كراوە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە، تەنیا ئەوەندەیە ئێمە رێگا بـدەین ئـەو یاسـایە لـە كوردستانی عێراقدا جێ بەجێ بكرێتن، پێیان وا بووە كە كارێكی ئەوتۆی ناوێتن دیراسەت كردنی لە لایەن ئەندامانی پەرلـەمان، لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە دێتـە سـەر بابەتەكـە رەئـی رەئـی ئێوەیـە، جـا نوقتـەی نیزامـی پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە بەرنامەی كاردا هەموو جارێك پرۆژە یاسا دەهێنین بۆ خوێندنەوە، ئێستا پـرۆژە یاسـایەك كـە دوێـنێ خوێندرایـەوە، ئـەمڕۆ موناقەشـەی دەكـەین، پـرۆژەی یاسـایی ترمـان هەیـە بـە هەفتـەو بـە مـانگ بەسەریدا تێپەڕیوە، بەڵام هیچ دەنگی نییە، یەعنی باشە ئەوە رەچاو بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان من لە قسەكانمدا وەڵامی ئەم پرسیارەی جەنابتم داوە، ئەو پرۆژانـەی كـە خوێندراونەتـەوەو دراونەتە لیژنەكان، لیژنەكان كاریان تەواو نەكردووە، كاری دەوێتن، وەكو ئـەوە نییـە، كـە ئێسـتاكە دەڵێـی، ئێستاكە ئەوانەی كە دانراوە بۆ گفتوگۆ كردن مەسەلەیەكن ئاسانە لێرە بڕیاری لێ بدەن، كە هاتینە سەری بۆتان دەردەكەوێت، بەڵام پرۆژەی یاسای پێشمەرگە، دوورو درێژە، گرنگە، حكومەت چـەند مانگێكـە ئیشـی لەسەر دەكاتن، پێویستە لیژنەكان لێرە چەند كۆبوونەوەیەكیان كردووە، لیژنەی موشتەرەكیش هەیـە، مـن دوێنێ موتابەعەم كرد لیژنەی یاسـایی و لیژنـەی پێشـمەرگە پێویسـت دەكات وەزیـری پێشـمەرگەش بـانگ بكەن و گفتوگۆی لەسـەر بكـەن، بـۆ ئـەوەی ئـەو راپۆرتـەی كـە حـازری دەكـەن بـۆ دەوڵەمەنـد كردنـی ئـەو پرۆژەیە كە لـە حكومەتـەوە هـاتووە بەشـێوەیەك بـێتن، یاسـایەكە بـە رێـك و پێكـی دەربچێتن، وەكـو ئـەو یاسایە نییە، كە لە بەغـدا دەرچـووەو حكومـەت داوا دەكـاتن، ئێمـە رێگایـان پـێ بـدەین جـێ بـەجێ بكـەن، دیراسەتیش كراوە كۆسپێك لەبەردەمیاندا نییە، یاخود كەم ناكاتەوە لە دەسەڵاتی هەرێم، لەبەر ئـەوە ئـەم مەوزوعەم وەڵام داوە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆر سوپاستان دەكەم، رەخنەتان لە خۆتان گرت، بەڵام هیـوادارم رەخنـە گرتنەكـە بـۆ خـۆ چـاك كـردن بێت، ئەمە یەك. ئێمە هەموو جارێك باسی ئەوە دەكەین، تۆ دەڵێی ئێوە حەقە خۆتان حازر بكەن، خۆتـان ئامادە بكەن، بۆ ئەوەی كە كاتێك قسەتان كرد قسەكانتان جێگای بگرێت، جـەنابت دەڵێـی ئـەوە هـیچ نییـە

ئاسانه، من نازانم یاسای عێراقی بریکاری بازرگانی 51ی ساڵی 2000 چیه، من دوێنێ وەرم گرتووە، ئەی نابێت بچم بگەڕێم بە شوێنیدا، ئەوی تریش بە هەمان شێوە، لەبەر ئەوە حەقە رەخنەکە قەبول بکەن بەدڵێکی فراوانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست دەکەم، رەخنەکەت جێی خۆیەتی، لێرە کە هاتینە سەری ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان رەئیان وەکو تۆ بوو، بەلاّم ئەوەی راستی بێتن لەجیاتی ئەوە، خۆ دەبوایە من بە قسەیان بکەم، بۆ ئەوەی قسەکە ئاراستەی تۆ دەبوو، پرۆژەی یاسای جگەرەکێشان خوێندراوەتەوە قەدەغە کردنی جگەرەکێشان لیژنەکانیش راپۆرتیان حازر بوو، کاک رۆمیۆ فەرمووو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای پشتگیری کردنی هەرسێ نوقتەی نیزامی پێش خۆمان، بەڕاستی ئێمە لە (7/9)ەوە کە دەکاتە سێ مانگ زیاتر یاداشت نامەیەك بە ئیمزای (61) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی و جەنابت کراوە بۆ رێکخستنی دانیشتنێك، بۆ باس کردن و گفتوگۆ کردنی رەوشی خراپ و خەتەرناك و نارێکی مەسیحیەکان لە زۆر لەناوچەکانی عێراق، بەتایبەتی باشوورو ناوەڕاستی عێراقدا، ئەو کاتە گوتتان ئێستا ئێمە لە پشووی هاوینەی پەرلەمان داین، بەلاّم ئێستا مانگی نۆ تەواو بوو، ئێستا خەریکە دەش تەواو دەبێت، بەڕاستی من ناچمە سەر هەندێ مەسەلەی تر، بۆچی هەندێ یاسای تر، کە زۆر بە خێرایی دەهێننە ئێرەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەلاّم داوا دەکەم ئەم مەسەلەیە بەجددی وەربگیرێت و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە داهاتوودا بخرێتە بەرنامەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە کاك رۆمیۆ، راستە (63) ئەندام ئیمزای کردووە، بەلاّم ئێمە بەڕاستی لە بەینی خۆماندا بەپێی هین بێت، دەبێت بخرێتە بەرنامە، ئەو تایبەتمەندیەی، کە باستان کردووە ئێزیدیش دەگرێتەوە، تورکمانیش دەگرێتەوە، کوردیش دەگرێتەوە کە لە سنوورەکانن، عەرەبیش دەگرێتەوە، یەعنی وەزعێکی نالەبار هەیە لە هەموو عێراقدا، ناکرێتن بەرنامەیەك تەشخیص بکەیت، بۆ پێکهاتەیەك کە پێکهاتەکانی تریش هەمان موعاناتیان هەیە، ئێزیدی هەمان موعاناتیان هەیە، تورکمان هەمان موعاناتیان هەیە، کوردی موسڵ و هەندێك لە ناوچەکانی تر کە لە ژێر دەسەلاّتی هەرێمدا نینە, هەمان موعاناتیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان وابوو ئەو مەسەلەیە دەبێت پێشتر دیراسەتی باشتر بکرێت، بۆ ئەوەی کە هێنامانە ئێرە بەرچاومان روون بێتن باسی چی دەکەین، داواکاریەکان چیە، هەر ئەوەندە نییە، مەسەلەن بڵێین چی، ئەی برا ئێزیدیەکان هەڵدەستن دەڵێن، ئەی وەزعی ئێزیدیەکان بە هەمان شێوە لە خەتەر دایەو خەڵکیان لێ دەکوژرێت و خەڵکیان لێ دەگیرێت وتەهدید دەکرێن، برا تورکمانەکان بە هەمان شێوە لە تلەعفەرو لە موسڵ و لە هەندێك شوێن، کورد رۆژانە دەکوژرێن لە موسڵ و لە کەرکووك و لە بەغداو

هەر لەبەر ئەوەی هەویەیان کوردە، یەعنی بەڕاستی مەسەلەکان عیلاقەی بە وەزعی ناتەبیعی هەیـە، بۆیـە دوامانخست هەر لەبەر ئەوەیە، ئەگەرنا قسەکانی جەنابیشت (63) ئەندام بخرێتـە بەرنامـە، ئـەوەش ئێمـە تەحەمولی مەسئوولیەت دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئیهمال نـەکراوە, هـەر لـە بەرنامـە دایـە، ئەگـەر زانیمـان مـەجالی ئـەوەی هەیـە هـەر بـۆ ئـەوەی بایەخـدان بـە مەسـەلەی مەسـیحیەکان دەیخەینـە بەرنامـەی کـارو بایەخدانی پێی، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تەعدیلە بە نەزەری من ئەگەر جەنابی وەزیـریش لێـرە ئامـادە نـەبێت زۆر عادیـە ئەگـەر موناقەشـەی بکەین، یان بەردەوام کۆبوونەکەی بکەین، چونکە ئیلا بۆ ئەوەی تەماشیەن، یەعنی ئەو قانونەی وەزارەتـی تەربیـە تەماشـیەن بـڕوات لەگـەڵ ئـەو مەنهـەج و پرۆگرامـەی کـە تـەسمیل کـراوە، یـەعنی تەعدیلاتـەکان تەعدیلاتی تەفیفن، تەعدیلاتی جەزری نییە، ئەگەر وەزیـری پەیوەندیـداریش لێـرە نـەبێت، مانـای ئـەوە نییە تەئجیلی بکەین و بە پاشی بخەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئاگاداری وەزیر کرا بوایەو نەهات بوایە، ئەوە تەبیعی بوو، ئەوە یەك، خەلەلەکە لە ئێمەیە. دوو/ پرۆژەکە لە حکومەتەوە هاتووە، باسی ئەو سیستەمەش دەکاتن کە تازە بۆ پەروەردە پیـادە دەکـرێتن، لەبەر ئەوە دەبێت وەزیر خۆی لێرە بێتن، ئەی ئەگەر موناقەشەکە بـە وەزعێکـی تـر ڕۆیـی، ماددەیـەك بـە نەوعێکی تر ڕۆیی بێ ئەوەی گوێ لـە ڕەئـی وەزیـر بگـرین، نـاتوانین ئـەوەی بکـەین، بەتایبـەتی کـە گـوتم مەسئوولیەتی ئەو نییە ئامادە نەبوونی، کاك دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەریکە بێ بەرنامەیی کار دەکاتە سەر کارەکانمان لە ئەنجومەن، جەنابت کە وەڵامی سۆزان خانـت دایـەوە، بۆیە کاك ڕۆمیۆش ئەو بابەتەی هێنایە گۆڕێ، ئەگەرنا نە جەنابت حەق بوو باسی ئـەو بابەتـە کـرا بوایـە کە سۆزان خان هەڵسا, دوایی باسی جگەرەکێشان کرا، نە کـاك ڕۆمیـۆش پێویسـت بـوو ئـەو مەوزوعـە بـاس بکات، چونکە لە بەرنامـەی کـاری ئێمـەدا نییـە، یـەعنی ببـوورە خەریکـە بـێ بەرنامـەیی کـار دەکاتـە سـەر هێنەکانمان، دوایی خاڵی یەکەم، من پێم وایە پێویستە وەزیر ئامادە بێت، جەنابی وەزیریش دوێنێ نیوەڕۆ ئاگادار کراوەتەوە، نەك شەو، ئاگادار کراوەتەوە گوتویەتی من دوای نیوەڕۆ دەتوانم بـێم، بـەلاَم جەنابیشـت ئاماژەت پێ کرد کە دوای نیوەڕۆ دەتوانێت ئامادە بێت، بەنیسبەت خاڵی سێ و چوار، من پێم وایـە دەبێـت وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئامادە بن، بەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئەو دوو خاڵە ناکرێت ئێمە موناقەشەی لەسەر بکەین, لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من رەئیم وایە کاك کەمالیش رەئی وایە دانیشتەکە تەئجیل بکەین بۆ پاش سەعات دوازدەو نیو، لەو بەینە داوا لە سەرۆك فراکسیۆنەکان دەکەم، هەروەها سەرۆکی حزبەکان لێرەن دەتوانن بێنە لای من تۆزێك بابەت باس بکەین لەو فەترەیەدا، فەرموو کوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەشێکی زۆری فراکسیۆنی سەوز مەوعیدێکمان هەیە، مولزەمین بە ئیشێکەوە ناتوانین بێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ سەعات چەند مەوعیدتان هەیە، سەعاتێك دادەنیشن دەتوانن چەند کەسێکتان ئەوانەی کە مەوعیدتان هەیە، خۆ هەمووتان مەوعیدتان نییە، ئەگەر کۆبوونەوەی فراکسیۆنە حەقی نییە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر کۆبوونەوەی فراکسیۆن نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەیەك هەیە, پرۆژەی پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمان خوێندراوەتەوە، من پێم وایە پرۆژەکە کورتە، ئەگەر لەو مەسافەیە تاوتوێ بکرێت، پێم وایە کارێکی باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەو موناقەشەو قسانە کۆمەڵێك موناقەشەی تەناقوزاتی تێدا هەیە، من پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر بخرێتە تەصویت پێم باشە، لەبەر ئەوەی ئێستا هەندێ برادەر داوا دەکەن لە هەندێك ماددەکانی تردا وەزیری پەیوەندیدا بەشدار بێت، وەزیری تەربیەش نەهاتووە، من پێشنیار دەکەم، بۆ ئەوەی بەرنامەکان چڕ ترو پڕتر بێت هەموو لایەك ئامادە بن، بەرنامەی سبەی بخەینە ئەمڕۆ، سەعاتێك، دوو سەعات موناقەشەی لەشکرکێشی تورکیا دەکەین، تەنها ئەو ماددەی زۆر زۆر سەعاتێك، یان سەعات و نیوێك دەخایەنێت، ئەویتر هەمووی تەئجیل بکەین بۆ سبەینێ باشترەو ئەو فەراغەش پەیدا نابێت، رەئی رەئی ئێوەشە، پێشنیاری من ئەوەی بخرێتە تەصویت، ئەوەی تەئجیل بکەین ئەو موناقەشەی سبەینێ بخەینە ئەمڕۆ، ئێستا هەموومان حازرین بۆ ئەو موناقەشەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئێستا وەزعەكە وای لێ هات, بـرادەرانیش ئامـادەیی تـەواوی موناقەشـەیان نـەماوە، ئـەم بەرنامەیـە هەمووی تەئجیل دەكەین بۆ هەفتەی داهاتوو بۆ ڕۆژی دوو شـەممە، بەنیسـبەت بـەیانی لەسـەر هەڵوێسـتی پەرلەمان لەسەر توركیا زۆر گرنگـە، دوای ئـەم جەلسـەیە، داوا لـە بەرپرسـانی فراكسیۆنەكان و گروپـەكان بكەین بێن لە سـەرۆكایەتی لـە لای بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان دابنشـین، بـۆ ئـەوەی ئامادەكارییـەكی باشـتر بكەین بۆ سبەی، سبەی تەنها لەسەر هەڵوێستی پەرلەمانی كوردستان دەربارەی توركیا قسـە دەكـەین ، ئـەم مەوزوعانەش بۆ هەفتەی داهاتوو تەئجیل دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسـەیەكم لـە دڵدایـە بەڕاسـتی حـەز دەكـەم بیڵـێم، ئێمـە زۆر شـت هەیـە كـە پێویسـتە بیخەینـە بەرنامـە، بەتایبەتی وەزارەتـی پێشـمەرگە، كـە ئـەمرۆ زۆر زۆر گرنگـە، یاسـای كـۆڕی زانیـاری كـورد كـە ئـەوە چـەند مانگێكە تەواومان كردووە، من كۆمپانیام بۆچیە، ئەوانە زەروری ترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا قسەمان كرد ئیقتیراحی كردووە، كاك سەردار نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك داوا كـاریم هەیـە نوقتـەی نیزامیشـە، ئیلتیـزام بكـەین بـە بەرنامـەی كـار، مـن نـازانم ئـەو بەرنامـەی كارمان بۆچ نووسیووە، زۆربەی ئەوانەی تەرح كراوە لە دەرەوەی بەرنامەی كارەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من 100٪ پشتیوانی لە قسەكانی دكتۆر كەمال دەكەم، چونكە خۆمان ئامادە نەكردووە بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گەلاْوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا حجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری قسەكانی دكتۆر كەمال دەكەم، بەتایبەتیش كاتێك كە دەڵێن سەرۆك فراكسیۆنەكان و گروپەكان، كاتێك كە جەنابت دەفەرمویت سەرۆك فراكسیۆنەكان و حزبەكان، ئێمە نوێنەری حزبێكین، نە فراكسیۆنمان هەیە، نە سەرۆك حزبمان لەو پەرلەمانە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابیشت دەتوانیت بڵێیت، باشە ئێستا موقتەرەحی كاك دكتۆر كەمال كە پشتگیری كرا لە لایەن دوو ئەندام پەرلەمانەوە، دانیشتنەكەمان و بەرنامەی كارمان هەمووی دوابخرێت بۆ هەفتەی داهاتوو، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ دانیشتنەكەمان دوا دەخرێت بۆ رۆژی دوو شەممە سەعات دەو نیو، سبەینێ سەعات یازدە، لێرەدا دێینە كۆتایی دانیشتنەكەمان، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**چوار شەممە رێکەوتی 24\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/10/24

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/10/24 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (16)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی هەڵوێستی پەرلەمان لەسەر وەزعی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەهۆی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/10/24دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی هەڵوێستی پەرلەمان لەسەر وەزعی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەهۆی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

خوشك و برايان، ئەنداماني پەرلەمان، ديارە ئەمە يەكەم جار نييە كۆببينەوە بۆ باس كردني وەزعي ناتەبيعي كە هاتۆتە پێشەوە، بەهۆی هەڕەشەكاني توركيا، بەهۆی ئەو بۆردومانەی گوندەكاني ناوچەكە كراوە، لە چەند مانگي رابردوودا، شتێكي تازە نييە، پەرلەمان دوو جار كۆبووتەوەو باسي كردووە، رەدی ئەو ئيتيهامانەی كردووە، كە حكومەتي توركيا داويەتە پاڵ حكومەتي هەرێم لە پشتگيری كردني پارتي كرێكاراني كوردستان، داوای كردووە بە ديالۆك كێشەكان چارەسەر بكرێن، هەروەها لە يەك لە كۆبوونەوەكاني ئێمە داوامان كرد حكومەتي توركيا هەيئەتێك بنێرێت بۆ حكومەتي كوردستان، گوتمان ئامادەين وەكو پەرلەمان، وەكو حكومەت پێشوازی لەو هەيئەتە بكەين، بێن تەحقيق بكەن لەو قسەو باسانەی كە لە رۆژنامەكاندا ئەو وەختي بلاّ دەكرايەوە، كە ئيتيهامي حكومەتي هەرێميان دەكرد، كە پشتگيری لە پەكەكە دەكاتن و هاوكاريانە، ئێمە لە كاتێكدا دائيمەن دووپاتي دەكەينەوە حەق نادەين بە خۆمان تەدەخول بكەين لە هيچ ولاّتي دراوسێ، لە هەمان كاتيش هەر تەدەخولێكمان كردووە لە هەر ولاّتێكدا بێتن بەسەر حكومەتي هەرێمي كوردستان و كە ئەمەش تەدەخول دەبێتن بەسەر سيادەی عێراق، كە ئێمە بەشێكين لە عێراق، دەنگمان بۆ دەستوورەكەی داوەو بەشدارين لە حكومەتەكەی فيدراڵيەكەی، دەوڵەتي خۆمانە، لەبەر ئەوە هەر تەدەخولێك لە هەرێمي كوردستاندا تەداخول لە عێراقيشدا، دووپاتي دەكەينەوە ئێمە پابەندين بە هەموو بنەماكاني نێودەوڵەتي لە پاراستني سنوور، لە تەداخول نەكردن لە ئيش و كاری يەكتردا، ديارە ئەمڕۆ كۆبوونەوەمان پاشي ئەو چەند رۆژەی دواييدا گۆڕانكاری بەسەر ئەو هەڵوێستە ناتەبيعيە هاتووەو توندتری كردووەو ئاڵۆزتری كردووە، ئەويش بەوەی كە پەرلەماني توركيا بڕيارێكي ناتەبيعي دەركردووە، ناگونجێت لەگەڵ ئيلتيزاماتي مەباديئي تەدەخول نەكردن لە كاروباری ولاّتاني تردا، ئەو بڕيارەش دەسەلاّتي داوەتە حكومەتي توركيا، بۆ ئەوەی هەر وەختێك دەتوانێتن بەپێي ئەو بڕيارەی پەرلەماني توركيا دەسەلاّت بداتە هێزەكاني توركياى عەسكەری بێنە ناو خاكي كوردستاني عێراق، بە مەهانەی ئەوەی كە دژی پارتي كرێكاراني كوردستان شەڕ دەكەن، بەتايبەتي لەو دواييدا چەند پێكدادانێك ئەنجام دراوە، بۆتە هۆی ئەوەی لە توركيا چەند كەسێك بكوژرێن و بريندار بكرێن، ئێمە دوێنێ ئەم كۆبوونەوەيە خۆتان دەزانن پەرلەماني كوردستان پێك هاتووە لە نوێنەراني گەلي كوردستان و نوێنەراني حزب و رێكخراوە سياسيەكان لە كوردستاندا، بۆيە دوێنێ بۆ ئەم كۆبوونەوەيەی ئەمڕۆمان كۆبوونەوەيەكي بچووكمان ئەنجام دا لەگەڵ سەرۆك فراكسيۆنەكان و لێپرسراواني ئەو حزبانەی كە ئەندامن لە پەرلەماندا، بۆ ئەوەی باس لەم دانيشتنە بكەين و بيرو را بگۆڕينەوە، بەشێوەيەك گونجاو بێت لەگەڵ پەرلەمان، گەلەكەمان چيمان لێ چاوەڕوان دەكاتن، ئێمە دوێنێ لە قسەكانمان لەسەر ئەوە كۆك بووين و رێككەوتوو بووين، كە ئێمە چەند بنەمايەك هەيە، كەس ناتوانێتن ئيختيلافي لەسەر بكاتن، بەتايبەتي هەر كەسێك هەست بە لێپرسراوی بكاتن، هەست بە مەسئووليەت بكاتن، ئەويش ئەوەيە ئێمە پێش هەموو شتێك مرۆڤين، ئينسانين، كوشتني هەر ئينسانێك كورد بێت، يان عەرەب بێت، يان تورك بێت، دڵي ئينسان بريندار دەكات, پێشي دڵ بريندار بێت پێشمان ناخۆشە، مرۆڤ خوا ئەو نيعمەتەی داوەتە ئينسان لەبەر ئەوە كەس حەقي نييە ئەو حەقە بسەنێتەوە، ئێمە خۆمان چاومان كردۆتەوە لە كوردستان دەژين و دراوسێي چەند ميللەتێكي ترين كوردە، عەرەبە، توركە، ئێرانييە، توركمانە، كلدانە، ئاشووريە، ئەرمەنييە، سەدان ساڵ پێكەوە ژياوين، ئەو حەقە لە خواوە پێمان دراوە، چۆن رێز لە خۆمان دەگرين و كوردمان خۆش دەوێت، ئەوهاش ميللەتي ترمان خۆش دەوێت، چۆن داواكارين كە ئێمە مافمان هەبێت،

ئاواش ماڤ خەڵكی ترمان هەبێت، ئومێدیشمان ئەوەیە هەموو میللەتانی تر بەو شێوەیە تەماشا بکەین، خوای تەعالە دەفەرموویێتن ئێمە ئێوەمان خەڵق کرد لە میللەت چەندین میللەت، چەندین قەبیلەت، بۆ ئەوەی یەکتری بناسن، ئەکرەمترین کەس لەلای خوا ئەو کەسەیە کە بە تەقوا زیاتر نزیکە لە خوا، کەواتە (وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم) هەروەها دەڵێ (وان جنحوا للسلم فأجنح لها) کەسێك بۆ ئاشتی خۆی ئامادە بکات و داوا بکات، دەبێت تۆش ئاشتی قەبول بکەیت، ئەوە قسەی خوایە، ماددەی یەکەمی لە حقوقی بەشەر مافەکانی مرۆڤ، کە لەلایەن هەموو دەوڵەتانە، ئەو دەوڵەتانەی کوردیش تیای دەژیت ئیمزاش کراوە، پابەندین پێی لە ماددەی یەکەمیدا دەڵێت بەشەر، ئینسان ئازاد لە دایك دەبێتن، دەبێت بەپێی ئەو لائیحەیە مافەکانی کەرامەتی مەحفوز بێتن، کەواتە بەپێی قانونی ئینسان کە خۆی دایناوە، ئەو مەبدەئانەی کە ئینسان خۆی دایناوە، بەپێی قەوانینی کە قورئانی پیرۆز و ئەدیانی سەماوی بۆ بەشەری هێناوەتە خوارەوە، داوا دەکات ڕێز لە یەکتری بگرن، کەرامەتی یەکتری موحافەزە بکەن، حقوقی هەموو لایەکی دابین کردووە، بۆیە لەو بابەتەوە ئێمە ڕەدی هەموو کوشتنێك و هەموو بەکارهێنانی چەك دەدەینەوە، کە لەناویدا مرۆڤی بێ تاوان دەکوژرێت و شەهید دەبێت، حەقی هیچ ئینسانێك نادەین، ئەو حەقە نادەینە هیچ کەسێك بچێتن خەڵکی تر بکوژێتن، ئینجا ئەو خەڵکە کورد بێت، تورك بێت، عەرەب بێت، هەرچی بێت، ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا خەرقێکە بۆ مەبادیئی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێگە دانە تەشریعێکە کە سابیقەی تیکرار نەبووە، ئەگەر تیکراریش بێت کەمە نموونەی نییە، قەرارێك دەربێنن، قەرار ڕێگا بداتن بە وڵاتێك بچێتن وڵاتێکی تر، هێز بەکار بێنێتن، هەرچمان هەبێتن، بۆیە ئێمە کە دوێنێ دانیشتین ئەو قەرارەمان ڕەفز کرد، پێمان وایە قەرارێکی ناجۆرە، نەدەبوایە پەرلەمان بەو شێوەیە قەرار بداتن، باسمان کرد لەو ئتیهامانەی کە حکومەتی تورکیا دەخاتە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەموو ئەو لایەنانەی کە دوێنێ بەشدار بوون ڕەدی ئەوەمان داوە، تەئکیدمان لەوە کردەوە کە لە هەرێمی کوردستان هیچ بارەگایەکی پارتی کرێکارانی کوردستان نییە، هیچ هاوکاریەك نەکراوە لە لایەن حکومەتی هەرێم بۆ ئەو حزبە، وجودی ئەو حزبە زۆر پێشترە لەوەی ئێمە حکومەتمان دروست کرد پاش ڕاپەرین، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی هەشتایەکان، بگرە نەك هەر ئەوەش ئاماژە بەوەش کرا کە لە ساڵەکانی1993 و 1994 و 1995 و چەندین جار حکومەتی هەرێم هاوکاری تورکیای کردووە، بە سەدان شەهیدی هەیە لەو ڕێگایەدا، بەلاّم نەگەیشتنە نەتیجەیەك شەڕ کۆتایی نایەت، بە شەڕ چارەسەری کێشەکان ناکرێت، دەبێتە زەرەر بۆ هەموو لایەك، ناوچەکەش نا ئارام دەبێتن و خەڵکی ناحەز ئیستیفادەی لێ دەکاتن و لە بەرژەوەندی هیچ گەلێك و نەتەوەیەك و دەوڵەتێکدا نییە، ئێمە دوێنێ باسمان کرد، کە ئێمە ئیلتیزاممان هەیە، هەموو قەوانینی دوەلی, پاراستنی حدود, ڕێزگرتن لە بەرژەوەندیە گشتیەکان، بەرژەوەندیە هاوبەشەکان دووپاتیشمان کردەوە، خواستی پێشکەوتوو باشن لەگەڵ دراوسێیەکانمان، بەتایبەتی تورکیا ئاماژەمان بەوەشدا لە ساڵانی پێشوودا باشترین پەیوەندیمان هەبووە لەگەڵ تورکیا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و لە هەموو ڕووەکانی تریشەوە، دەیان، سەدان کۆمپانیای تورکی لێرە کار دەکەن، چەندین حزبی گەورە لە ئەنقەرە بیرۆی هەیە، ئەمانە هەمووی لایەنی گەشن، پێویستە سوود لەو لایەنانە وەربگرین, نەهێڵین پەیوەندیەکانمان ئاڵۆزتر بێت لەگەڵ دراوسێیەکانمان، بەلاّم لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێم حەقی خۆیەتی هەر هەڕەشەیەك بکرێتە سەر کوردستان دیفاع لە میللەتەکەی خۆی بکات، چونکە ئەو هەڕەشە کردنە، هەڕەشە کردنە لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان،

ئەگەر بێتو خوانەخواستەئەو تەدەخولە عەسکەریە بگاتە ئەو ئاستەی ئەزموونەکەمان دەکەوێتە خەتەر، فیدراڵیەت دەکەوێتە خەتەر، مرۆڤی ئینسانی کوردستان دەکەوێتە خەتەر، لەبەر ئەوە حەقی خۆیەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکدا خوا نەخواستە ئەو تەدەخولە بگاتە سەر هەرێمی کوردستان, دەستکەوتەکانی, دیفاع لە خۆی بکات بە هەموو شێوەیەك کە دەتوانێت، بۆ ئەوەی ئەو خەتەرەی لەسەر کوردستان هەیە لابرێت، دوێنێ باسمان کرد ئەوە مەسئوولیەتێکی تەنیا هەرێمی کوردستان نییە، تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، مەسئوولیەتێکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، دەکەوێتە سەر ئەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ئەو دەوڵەتانی کە هاوپەیمانن لەگەڵیان، دەکەوێتە سەر ئەستۆی یەکێتی ئەوروپا، وڵاتە دراوسێیەکانمان، وڵاتە عەرەبیەکان، هەموو ئەو کەسانەی کە دژی شەڕن و ئاشتی خوازن، چونکە ئەو شەڕە ئەگەر خوا نەخواستە بەم شێوەیە کە باس دەکرێتن لە رۆژنامەکانی کوردستاندا هەڕەشە دەکرێتن, بقەومێت، دەبێتە کارەساتێك ناوچەکە هەمووی دەگرێتەوەو ئاڵۆزتری دەکات بەرەو شوێنێکی نادیاری دەباتن، بۆیە واجیبە لەسەر ئەو وڵاتانە دەنگیان بەرز بکەنەوە بۆ نەهێشتنی ئەو هەڕەشانەو دۆزینەوەی چارەسەری دبلۆماسی و سیاسی و دیالۆك، ئێمە بڕواشمان وایە، ئەو بڕوایەش ئاراستەی هەموو لایەك دەکەین، بەوانەشەوە پەکەکە، پارتی کرێکارانی کوردستان، پێمان وایە زەمانی بەکارهێنانی چەك نەماوە، ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر دنیادا هاتووە، بە شەڕ ناگەیتە ئامانجەکان، بەتایبەتی ئەگەر رێگای دیالۆك هەبێتن، رێگای گفتوگۆ هەبێتن، بۆیە بیر لەوە بکەنەوە هەموو لایەك واز لەو توندو تیژیە بێنن، واز لە بەکارهێنانی چەك بێنن، چونکە ئەو زمانە تەنیا لە زەرەر زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت، وەختێك لە ساڵانی پێشوودا دیفاعت لە خۆت دەکرد موبەریراتێکی هەبوو، بەلاّم ئێستاکە ئەو گۆڕانکارییانەی دنیا باشترین دیفاع لە خۆکردن، رێگای دیالۆکە، رێگای پابەند بوونە بە دیموکراتیەت، پەیوەندی باش لەگەڵ لایەنانی هەموو دنیا، داواکاریەکانی خۆت رێگا هەیە بیگەینیە دنیا وەکو جاران، دەیان تاوان دەکرا دژی میللەتان، بەتایبەتی میللەتی کورد کەس گوێی لێ نەدەبوو، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، ئەنفال، دەنگی کورد زۆر بە زەحمەت دەگەیشتە ئەوروپا، بەلاّم ئێستا ئەو گۆڕانکاریانە زەلام دەکوژرا هەموو دنیا دەهەژێتەوە، بۆیە رێگا هەیە تۆ حەقی خۆت بە ئاشتیانە، بە رێگایەکی دیالۆك، بە رێگایەکی دبلۆماسی بگەیەنێتە دنیا، ئەگەر تروسکاییەك مەجال هەبێتن، ئەو رێگایە بگرین، نەك رێگای شەڕو ئەوانە، چونکە رێگای شەڕ موقابیلەکەشت ئەو رێگایە دەگرێتن، دەگاتە ئەو رۆژەی کە گەیشتوونەتە ئێمە، ئێمە باسمان کرد کە پشتگیری تەواوی لە هەڵوێستی جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق و جەنابی کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە لەو چەند رۆژەی رابردوودا لە پەیوەندیدا بوونە لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی ئەو وەزعە نالەبارە یەك لا بکەنەوەو نەیهێڵن، لەو رێگایەشەوە پشتگیری لە هەموو ئەو هەڵوێستانە دەکەین لە حکومەتی عێراق بەرز بۆتەوە، داوای نەهێشتنی ئەو وەزعە دەکاتن، داوا دەکاتن رێگای گفتوگۆ و ئاشتی بگرێتن، تەبعەن ئەو هەندە رەئیش هەیە بە تەئکید، کە لێرەو لەوێ دەردەچێتن، بەلاّم ئێمە ئەوانە بە قیمەت وەرناگرین، ئەو خەڵکانەی کە مەسئوولن و مەسئوولیەتیان هەیە، هەڵوێستی باشیان هەیە، ئێمە پشتگیریان لێ دەکەین، هەروەها پشتگیری لە هەموو دۆستانی گەلەکەمان دەکەین، لە هەڵوێستیان، کە داواکارن لە تورکیادا کە لەشکرکێشی نەکاتن بۆ سەر کوردستانی عێراق، رێگای ئاشتیانە دبلۆماسی بگرێتن، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، لەو رێگایەشەوە تەبعەن پەیوەندی کردن بەینی حکومەتی عێراق و حکومەتی تورکیاو ئەمریکادا،

یەکێکن لەو ڕێگایانەی کە ئومێد دەکەم بەڕاستی ببێتە هۆی ئەوەی دەرگای گفتوگۆ و زمانی دیالۆك ئەساس بێتن و شەڕو پێکدادان نەهێڵن، لەو رووەشەوە باس دەکرا دوێنێ ئەو راگرتنی شەڕ لە لایەن پەکەکەوە، ئومێد دەکەین ببێتە هەتا هەتایی بەهیچ شێوەیەك نەگەڕێنەوەو پەشیمان نەبن لەو قەرارە، چونکە ئەو قەرارە چ وەزعێك بێتە پێشەوە، ئەوان خۆیان، پابەند بوونی خۆیان دائیمەن تەئکیدی لەسەر بکەنەوە وەزعیان بەقوەتتر دەبێت لە ناحیەی سیاسی دوور دەکەونەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەو وەختی دەکرێتن باس لەوە بکرێتن ڕێگایان بۆ بکرێتەوە، ڕێگای داوا کردنی مافەکانی خۆیان بە ڕێگای دیموکراسی وەکو جەنابی سەرۆکی وەزیرانی تورکیا ئاماژەی پێدا، کە گوتی واز لە چەك بێنن و وەرنە خوارێ لە چیایەکان، تا داواکاریەکانی خۆتان لە پەرلەماندا باس بکەن، ئەمە سەرەتایەکە، قسەیەکە، بەڵام ئەگەر بێتو هەموو لایەك پابەند بن بە پێداویستی سەرکەوتنی ئەو قسەیە، من پێم وایە گەورەترین هەنگاو دەبێتن بۆ نەهێشتنی ئەو کێشەیەو ئەو ئالۆزیە، هەمان تەوەرەکان بوون، بەڵام لەبەر تەئکید لەبەر رۆشنایی قسەکانی ئێوە، بڕیاری پەرلەمان، یاخود هەر هەڵوێستێك بیەوێت ئێمە هین دەکەین، تەبعەن دەرگا دەکەمەوە بۆ قسە، ناوی ئەو کەسانەی کە ناویان نووسیووە بۆ قسە کردن ناویان دەخوێنمەوە، لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان (کاك شێروان حەیدەری، کاك ئەدهەم بارزانی، کاك دکتۆر ناصح، دکتۆرە شوکریە، خاتوو شیرین خان، دکتۆر دلێر، کاك ئیحسان، کاك شێخ جەعفەر) داوای قسەیان کردووە، هەروەها لە لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (خاتوو کوێستان، کاك جوتیار، کاك جەمال یوسف، مامۆستا موحسین، کاك شێردل، کاك ئارێز، کاك زرار، کاك محەمەد رەفعەت) داوای قسەیان کردووە، لە برادەرانی یەکگرتووی ئیسلامی (مامۆستا محەمەد فەرەج، کاك خەلیل ابراهیم، کاك حمە رەشید ماوەتی) داوای قسەیان کردووە، هەروەها لە لیستی کۆمەڵی ئیسلامیش (کاك محەمەد حەکیم) داوای قسەی کردووە، کاك کەرخی لە تورکمان داوای قسەی کردووە، کاك غەفور مەخموری سکرتێری پارتی نەتەوەیی کوردستان داوای قسەی کردووە، کاك محەمەد ئەحمەد ناسراوە بە دیلمان لە حزبی شوعی داوای قسەی کردووە، باپیر کاملا لە بزووتنەوەی فەلاحین داوای قسەی کردووە، هەروەها کاك رۆمیۆ هەکاری و خاتوو گەلاوێژ شابا لە لیستی ئاشووری و کلدانی داوای قسەیان کردووە، کاك بەڵێن لە حزبی زەحمەتکێشاندا داوای قسەی کردووە، کاك تەلعەتیش حەقی خۆیەتی تورکمان، کاك دکتۆر نوری وەکو ئەندامێکی سەربەخۆ لە پەرلەمان، خاتوو نەسرین لە لیستی سۆشیالیست، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی سێ، مامۆستا حەسەن و کەژاڵ خانیشت نووسی بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتمان دوو کەس، باشە، کێی تر، ئێستا قسە دەدەمە کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەی گەلانی کوردستان ئاشتیخوازین، دیارە لە شەڕ لە هەموو کەس زیاتر ماڵ وێران بووین، دژی توندوتیژین، دژی شەڕین، بۆیە رقمان لە شەڕە، لە شەڕو ئاسەوارە خراپەکانی دەترسین، نە بۆ خۆمان، نە

بۆ توركیاو، نە بۆ هیچ دەوڵەتێك ومیللەتێك شەڕ ناخوازین، پەكەكەش ئێستا دروست نەبووە، نە ئێمە، نە دەوڵەتی عێراقی دروستی نەكردووە، پەكەكە زۆر دەمێكە هەیە، ئەوەندەش ئاسەواری خراپی بۆ توركیا هەیە، بۆ ئێمەی نییە، هەمووشمان دەزانین ئەو چالاكیانەی پەكەكە لە قولایی خاكی توركیاوە دەكرێت، نەك لە هەرێمی كوردستان، بۆیە من رەتی ئەو بڕیارەی پەرلەمانی توركیا دەكەمەوە سەبارەت بە لەشكركێشی توركیا بۆ سەر هەرێمی كوردستان، داوا دەكەم كە دەوڵەتی توركیا كێشەی خۆی لەگەڵ كوردو پەكەكە بە رێگای ئاشتیانە بە گفتوگۆ و دانووستاندن چارەسەر بكات، هەموومان دەزانین چەندین ساڵە توركیا بە شەڕو لەشكركێشی دەیەوێت چارەی كێشەی كورد بكات، چەندین ئیتیفاقیەی لەگەڵ رژێمی رووخاوی پێشوو مۆر كردووە، بیست و چوار جار داخیلی هەرێمی كوردستان بووە بۆ سەر پەكەكە, لە هەموو ئەو شەڕو لەشكركێشیانە دەستكەوتێكی نەچنیوە، جگە لە زەرەری زۆری گیانی و ماددی، بۆیە داوا دەكەین كە ئەو كێشەیە بە رێگا چارەی ئاشتیانە، بە دیالۆك، بە گفتوگۆ چارەسەر بكات، لەگەڵ ئەوەش داوا لە پەكەكە دەكەین، كە درێژە بە ئاگر بەستی خۆی بدات، هەوڵ بدات كە كێشەی خۆی و كورد لە كوردستانی توركیا بە رێگای ئاشتیانەو گفتوگۆ چارەسەر بكات، ئەم ئەزموونەی ئێمە پاڵپشتە بۆ هەموو كورد لە پارچەكانی تری كوردستان، بۆیە حەقە هەموویان هەوڵ بدەن ئارامی و ئاسایشی ئەم هەرێمەو ئەزموونەكەمان بپارێزن بە پەكەكەشەوە، لەكاتی هەر رووبەروو بوونەوەیەكیشدا، هەر تەدەخولێك لە دەوڵەتێكی دراوسێوە بۆ سەر هەرێمەكەمان، پێویستە ئێمە ئامادەی رووبەڕوو بوونەوە بكەینەوە، چونكە رووبەڕوو بوونەوەو دیفاع كردن لەم هەرێمە كارێكی پیرۆزە، من كۆمەڵێك پێشنیارم هەیە، كە ئێمە وەكو پەرلەمان چی بكەین، من داوا دەكەم كە ئێمە داوا لە دۆستەكانمان بكەین لە ئەمریكاو بەریتانیاو پەرلەمانی ئەوروپا، كە هەوڵ بدەن ئەم كێشانە چارەسەر بكرێت، رەدی ئەو بڕیارەی پەرلەمانی توركیا بكەنەوە، داوا لە هێزی هاوپەیمانان بكەین كە سنوورەكانمان بپارێزن، داوا لە پەكەكە بكەین، درێژە بە ئاگربەست بدەن, بە هەمان شێوە كێشەكانی خۆیان بە رێگا چارەی ئاشتیانەو دیموكراسیانە چارەسەر بكەین، داوا لە حكومەتی عێراقیش بكەین، كە هەڵوێستیان روونترو ئاشكراتر بێت لە مەڕ ئەم كێشەیە، هەموومان دەزانین كە پاراستنی سنوورەكان بەپێی دەستووری عێراقی لە سەلاحیەتی عێراقی فیدراڵدایە، من هەر لێرەوە پێم وایە ئەو تەسریحەی سامی عەسكەری زۆر نامەسئوولیانە بوو، چونكە ئێمەش كەسانێك هەن لەناو ئێمەدا پێیان وایە كە عەرەبی شۆفێنی زۆر دژی هەموو مافەكانی گەلەكەمانە، نەك فیدراڵی, حوكمی زاتیش، زۆر جار كە كێشەیەك دەبێت، یان مەسەلەیەك دەبێت دەڵێن ئەمە پەیوەندی بە مەركەزەوە هەیە، هەموو نەتەوەكانی عێراق دەبێت بە مەركەزەوە رەبت بێت، بەلام كە كێشەیەكی وا دێتە ئاراوە رووبەڕووی خۆمانی دەكەنەوە، دەبێت خۆمان چارەسەری بكەین، پێشنیار دەكەم ئێمە وەكو گەلانی ئەم هەرێمە لەگەڵ حزب و لایەنە ئاشتیخوازەكانی دەوڵەتی توركیا هەماهەنگی كار بكەین، بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی و ئازادی لە سنوورەكەدا، ئاخیر قسەم لەسەر مەسەلەی هەڵوێستی سوریایە، من پێم وایە سوریا سیاسەتی بانێكەو دوو هەوا پیادە دەكات, كاتێك ئیسرائیل بە هەمان مەبەستی توركیا لەشكركێشی دەكاتە سەر سنووری لوبنان، دەڵێ ئەمە داگیر كردنەو ئەمە دژی ئۆمەی عەرەبی و ئیسلامیە، بەلام كاتێك كە توركیا دەیەوێت لەشكركێشەكەی بكاتە سەر باشووری كوردستان دەست خۆشی و موبارەكەی دەكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا، تەنها تەعبیر لە رەئی پەرلەمانی تورکیا ناکات، بەڵکو تەعبیر لە رەئی حکومەت و رەئی عەسکەتاریەتی تورکیاش دەکات، ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا، نەك هەر بڕیارێك کە دژی یاسای نێودەوڵەتیەکانە، بەڵکو بڕیارێکە دژی ئاشتی و دژی دیموکراسییە، ئێمە ئومێدمان وابوو و تەمەنامان دەکرد، کە پەرلەمانی تورکیا بڕیارێکی وا بدات، کە چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی بکات و ئێمە هاوکاری بین، نەوەك بڕیارێك بدات لەم بابەتە، چونکە ئەم بابەتە خزمەتی چ گەلانی تورکیا دەکات، چ خزمەتی تورکیاش دەکات، ئەگەر تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ئێمە پێمان وایە بوونی پەکەکە لەسەر هەرێمی کوردستان بوونێکی ئاسایی نییە، کەسیش ئیزنی پێ نەداوەو کێشەی پەکەکە لەگەڵ تورکیا، کێشەیەکە زیاتر لە بیست ساڵ بەسەری تێپەریووە، بەلاّم چ تورکیا توانیویەتی بە توندوتیژی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، کێشەی پەکەکەش بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، بەزاندنی سنووری تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان جاری یەکەم نییە، چ لە پێش راپەڕین و چ لە پاش راپەڕین، بەلاّم هیچ ئەنجامێکی لێ دەرنەکەوتەوە، بۆیە ئێمە ئومێدەوارین، کە ئەم کێشەیە بە دیالۆك و بە موفاوەزات و بە دانووستاندن چارەسەر بکرێت، چونکە هەروەکو جەنابیشتان ئیشارەتتان پێدا ئەمڕۆ زەمان زەمانی دیالۆك و لێك تێگەیشتنە، دەنگی ناڕەزایی زۆر بەهێزو بەقوەتە سەبارەت بە بڕیارەکانی پەرلەمانی تورکیا، چ لەسەر ئاستی ئەمریکا، چ لەسەر ئاستی ئیتیحادی ئەوروپی، چ لەسەر ئاستی پەرلەماناتی دنیا، چ لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراق، چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئەویش لە بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە روون و بە ئاشکرا دیاری کراوەو رۆژانەش خەڵکی کوردستان خۆپیشاندان نیشان دەدەن لەسەر شەقامەکان، ئەوەش هەر هەمووی ناڕەزاییە دژ بە پەرلەمانی تورکیا، کە ئومێدەوارین بەم بڕیارە دابچنەوەو هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا بکەن لەم بڕیارە، دیارە ئێمە ماف بە خۆمان نادەن کە تەدەخول لە ئیشوکاری تورکیا بکەین، بەلاّم لە هەمان کاتدا قەبولیش ناکەین کەس دەست لە ئیشوکاری ئێمە وەربدات، ئێمە رێز لە پەیوەندی دۆستایەتی و دراوسێیەتی تورکیا دەگرین، پێویستە تورکیاش هەمان هەڵوێستی هەبێت، ئێمە رێز لە بەرژەوەندیە هاوبەشەکان دەگرین، پێویستە تورکیاش بە هەمان شێوە رێز لەو بەرژەوەندیانە بگرێت، ئێمە قەبول ناکەین هەرێمی کوردستان ببێتە مەسرەحێك کێشەی تورکیاو پەکەکە لەسەر زەوی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، بەڵکو کێشەی پەکەکە، کێشەیەکە لەوێ لەناو زەوی تورکیا چارەسەر بکرێت، ئێمە پشتگیری لە هەموو هەڵوێستەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆمار دەکەین بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، پشتگیری لە هەموو هەوڵە دیبلۆماسیەکان دەکەین بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، ئومێدەوارین ئەو لێدوانانەی ئۆردوغان کە لەم دواییدا دای بێتە واقیعەوە، کەوا ئەم ئاگربەستەی پەکەکەش بەردەوام بێت، ئێمە قەبول ناکەین و ئەو مەوقیفەی پەرلەمانی تورکیا رەت دەکەینەوە، هیوادارم سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم خالاّنەی کە ئیشارەتم پێدا لەناو بەیانەکەدا دەست نیشان بکات، خاڵی هەرە گرنگیش ئەوەیە، ئێمە ئەگەر هاتوو ئەو هێرشە ئەنجام درا، هەر تاکە کەسێکی کورد ئامادەیە دیفاع لە هەرێمی کوردستان بکات، دیفاع لە ئەزموونەکەی خۆی بکات، دیفاع لە کرامەت و موقەدەساتی گەلەکەی بکات، لێرەدا من کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا حەز دەکەم دوو خاڵ باس بکەم، پێش ئەوەی بچمە ناو مەوزوعە، یەکەم/ لەوە دەچێت قسەکانمان زۆر دووبارەو سێ بارە بێت، یەعنی عەجایب نییە، پێم وایە خاڵێکی ئیجابیە، مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە کاتێك کە مەترسیەك ڕوو دەکاتە مەسەلە ئەساسیەکانی گەلی کوردستان، هەموو پێکهاتەکان بە جیاوازی نەتەوەو ئینتیمای سیاسی و ئایندەی سیاسی، هەر شێوازێکی تر کۆ دەبن لەسەر چۆنیەتی قسە کردن و هەڵوێست وەرگرتن و چۆنیەتی ڕوبەڕوو بوونەوە بەرامبەر بەو مەسەلەیە، لەبەر ئەوە دووبارە بوونەوە لە قسەکاندا مانای ئەوە نەگەیەنێت کە یەك شتەو هەر دەگوترێتەوە، نەخێر ئەوە تەئکید کردنە لەسەر ئەوەی کە پێم وایە ئەوە شتێکی گرنگەو بە گرنگی سەیری بکەین.

دووەم/ من بەش بەحاڵی خۆمان خۆشحاڵین بەوەی ڕەوشەکە بە ئاراستەی هێمنی و ئارامی لە هەموو لایەنەکانەوە دەڕوات، یەعنی هەموو لایەنەکان ئەو دوو لایەنەی کە ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە سوپای تورکیاو پەکەکە، هەروەها دەوڵەتی عێراق، هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکان لە هەرێمی کوردستانیش هەموو ڕاستی قسەکان بە ئاراستەیەکی لێبوردنەوەو ئارام بوون دەڕوات، کە ئەوە زۆر لە بەرژەوەندی ئێمەیە، ئەو خاڵانەی کە زۆر موهیمە ئێمە لەسەری کۆك بین، ئەوەی کە زۆر موهیمە لەلای خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەم ئەزموونەی کە لەلای هەرێمی کوردستان دروست بووە لای ئێمە پیرۆزە، بە هەموو جیاوازیەکان کە لە کوردستاندا هەیە، بەو تێبینیانەش کە هەمانە، دەبێت ئەوەی لەناوەوەو لە دەرەوەی هەرێمە بەهەمان تێڕوانین سەیری ئێمە بکات، نەك بە تێڕوانینی خۆی سەیر بکات، مادام ئەمە تەعبیرە لە نەتەوەیەك، لە نەتەوەی ستەم دیدە, بەلای کەمەوە سەدەیەکە لەگەڵ ئەمە عەزیەتی لەگەڵدا دەکێشێت، ئەمە پیرۆزە ڕێگا نەبوایە، خەڵکی ناوخۆ نەبوایە، خەڵکی دەرەوە ڕێگا دەدات کە ئەمە بە سووك سەیر بکەن، شتێکی تر کە لە لای ئێمە زۆر گرنگە ئەوەیە، ئێمە دژایەتی و بەرەنگار بوونەوەی هێرش و هەڕەشەیەك دەکەین کە بکرێت لەسەر هەرێمەکەمان، لە هەمان کاتیشدا هەرێمەکەمان ناکەینە پێگەیەك، ڕێگا نادەین خەڵکێك ئەمە بکاتە پێگە لێرەوە گرفت و سەر ئێشەمان بۆ دروست بکات لەگەڵ دراوسێیەکانمان، هەروەها خاڵێکی تر پێویستە دراوسێیەتی لەسەر ئەو ڕێساو یاسایانە بەڕێوە بچێت، کە نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریان کردووە، کۆمەڵێك مەبادیئی هەیە، کە مەفروز وایە لەسەرووی هەموویانەوە بەرژەوەندی هاوبەش دراوسێیەکان بە یەکەوە ببەسترێت، نەك شێوازێکی تەوەترو ترس لە یەکتر بوون، خاڵێکی تر ئەم سەدەی کە تیای دەژین سەدەیەکی گفتوگۆیە، دیارە هەموو میکانیزمەکانی چارەسەر کردنی کێشەکان بەو لاوە، دەتوانین بڵێین باشترین، چاکترین، سەکەوتووترین هۆکارە بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکان، هیچ کێشەو گرفتێك بەشێوازی تر چارەسەر نەبووەو لە ئاخیردا هەر پەنای بۆ گفتوگۆ و دایلۆك بردووە، چاکی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دراوسێیەکاندا، بێگومان کاریگەریەکی ئیجابی دەبێت لە ئایندە لەسەر چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەسەر پارچەکانی تری کوردستان، لەبەر ئەوە هەتا پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دراوسێیەکان باشتر بێت، بێگومان پارچەکانی تری هەرێمی کوردستان هەموو زۆر ئیستیفادە لەمە دەکەن، دەتوانن ئەمە ببێتە هۆکارێك بتوانێت زیاتر کێشەکانی ئەوانی تر لەگەڵ دەوڵەتاندا بەرەو چارەسەر بەرێت، یەعنی نزیکیان بکاتەوەو بەرەو یەکتری.

خالّى ترم/ خالّى كۆتاييە، گەلی كوردستان گەلێكى ئاشتیخوازە، بەلاّم حەزم لێيە خەڵكى دەرەوە تێبگات ئەمە لە مەوقيف زوعفەوە نييە، لە مەوقيف هێزەوەيە، لە لاوازيەوە ناڵێن ئاشتیخوازین، ئێمە وەكو ئەو بەرێزانە ئاماژەيان پێ كرد زۆر دووچاری گرفت و كێشە بووينە، نامانەوێت ئەوە نە لەگەڵ خۆمان دووبارە بێتەوە، نە لەگەڵ خەڵكیشدا دووبارە بێتەوەو ئەوەش كە ئێمە هەر لە سەرەتاوە قەناعەتمان وا بووە بۆ چارەسەری رێگاكانە، ئەوە باشترین دەلیل و زەمانە بۆ ئەوەی كە ئێمە ئەوەمان دەوێت، بۆيە دەخوازين كێشەی بەينی حكومەتی توركيا، يان عەسكەری توركيا لەگەڵ پارتی كرێكارانی كوردستاندا دەبێت كۆتاييەكەی بە ديالۆك بێت، بەلاّم ئەو هێزە، ئەو ناوەندەی كە ئەمرۆ ئەوە چارەسەر بكات، بێگومان ئەوە سەركەوتن بە دەست دەهێنێت، لەبەر ئەوە تەمەنا دەكەين ئەو كێشەيە ئەمرۆ كە هاتۆتە سەر ساحە، جارێكی تر نەپێچرێتەوەو بە ئالۆزی و بە خراپەوە، بەشێوەيەكی ديالۆك چارەسەر بێت، چونكە ئەوەش دەزانين كە ئەوە مەبدەئی نەتەوەيەكی پێوە بەندە.

خالّى كۆتاييم/ حكومەتی عێراق، هەندێك پێيان وايە ئێمە لە كاتی گرفت و نەتوانيندا پەنای بۆی دەبەين، پێم وايە ئەوە زۆر هەڵەيە، چونكە لە هەرێمی كوردستاندا، حكومەتی هەرێمی كوردستان نوێنەری حكومەتی عێراقی فيدراڵە، لەبەر ئەوەی شتێكی سروشتيە كارەكان بكات، بەلاّم كاتێك كە دەبێتە كاری دەسەلاّت لە پاراستنی سنووری دەسەلاّتەكان، لە پاراستنی حەسری دەوڵەتی عێراقە، حكومەتی عێراقە، بۆيە ئێمە باسی دەكەين، ئەگەرنا بێگومان ئەگەر ئەو وا نازانێت ئەو لە دەسەلاّتی حكومەتی عێراقيە، دەوڵەتی عێراقی فيدراڵە، ئەوە ئێمە خۆمان دەتوانين قسە لەسەر ئەوە بكەين، پێم وايە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان كاتێك كە باسی ئەوە كراوە، ئەوەيە ئەوە دەسەلاّتی حەسری ئەوە، نەك ئەوە ئێمە خۆمان پێمان ناكرێت، جا ئەوە وازيحە تواناو دەسەلاّتی ئەو، وەزيری ديفاعەكە لەسەر ميدياكان دەڵێت ئێمە ناتوانين هيچ گروپێك، هيچ كەتيبەيەكی عەسكەری بجوڵێنين ئيلا بە كۆمەڵێك شروت نەبێت لە دەرەوەی ئيرادەی خۆمانە، ئێمەش ئەوە چاك دەزانين، وەكو ئەوە دەزانين لەبەر ئەوە كاتێك كە دەڵێين تۆ وا بكە باسەكە دەسەلاّتە، ئێمە نامانەوێت تەجاوزی ئەو دەسەلاّتە بكەين، كە حەسرييە وەك ئەوە، لەبەر ئەوە ئێمە هيوا دەخوازين ئەو مەنحايەی كە گرتوويەتی، ئەوەی كە سەرۆكی كۆمارە، ئەوەی كە سەرۆكی هەرێم، ئێمەش لەو چوارچێوەيە قسەكانمان رێك بخەين, ببێتە فاكتەرێكی بەهێزتر، بۆ ئەوەی ئەم كێشەيە جارێكی تر بەشێوەيەكی نا باش و نادروست سەر هەڵنەداتەوە ببێتە چارەسەرێكی باش، سوپاستان دەكەم.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك محەمەد فەرەج لە يەكگرتووی ئيسلامی، تەبعەن كاك فرسەت ئاماژەی بەوەيدا گوتی حەقە ئەو ناوانەی كە دەخوێندرێتەوە، ئاماژە بكرێت كە تەمسيلی كێ دەكرێت، كوێستان خان لێپرسراوی ليستی فراكسيۆنی يەكێتييە، پێشتر قسەی كرد، كاك شێروانيش لێپرسراوی ليستی پارتييە قسەی كرد، ئێستاش كاك محەمەد فەرەج ليستی يەكگرتووە قسەی كرد، قسە دەدەم بە كاك محەمەد حەكيم لە كۆمەڵی ئيسلامی با بفەرمووێت.

**بەرێز محمد حكيم جبار:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خوشك و برايان ئەندامانی پەرلەمان.**

مـن قسـەکانم لـە سـێ تـەوەرەدا دەڵـێم، یەکـەم/ روو لـە حکومـەتی تورکیـا دەکـەم و دەڵـێم خـوای گـەورە دەفەرمووێت (وجعلناکم شعوباً وقبائل لتعارفوا)، ئیمامی عومەر دەفەرمووێت (متی اسـتعبدتم النـاس وقـد ولدتکم امهاتهم احرارا) چی لەوە گەورەتر و لەوە ئیستیعبادترە، کە نەهێڵین یەکێك بە زمانی دایکی خۆی قسە بکات، بەڕاستی ئەرکی مێژوویی و ئەرکی هەنووکەیی حزبی حـاکم لـە تورکیـا، کـە حزبـی عەدالـەت و تەنمیەیە، کـە سـێ دامـەزراوی سـەرەکی ریئاسـەی جمهوری, پەرلـەمان و حکومـەتی لەبـەر دەسـتە، ئـەرکی ئێستای ئەوەیـە زوڵمـی دەیـان ساڵ لـە میللـەتی کوردی تورکیـا کـراوە هـەڵگرێت، پەرلـەمانێك ئـەو حزبـە بەسەریدا زاڵ بێت، دەبێت بیر لەو بڕیارانە بکاتەوە کە زوڵـم لـە میللـەتی کـورد، ئـەو زوڵمـەی دەیـان ساڵە لەسەری کراوە هەڵگیرێت، نەك بیر لە بڕیارێك بکاتـەوە، کـە ئەنجامەکـەی بـە زەرەری خـۆی تـەواو دەبێـت، حزبی عەدالەت و تەنمیە لەناو گەلی کوردستاندا لە تورکیا لە 60٪ی دەنگەکانی هێنـا، هـەر بڕیارێـك لـەو جۆرە، هەر لەشکرکێشەیەك لەسەر هەرێمی کوردستان حەتمەن دەنگـی نـاڕەزایی لـەنێو کوردەکـانی تورکیـا بەرز دەبێتـەوەو رێـژەی پشـتگیری و هـەواداری بـۆ حزبـی عەدالـەت و تەنمیـە لـەناو گـەلی کوردسـتان کـەم دەبێتـەوەو بگـرە ئیحتیمالـە کارەسـاتیش لـەوێ رووبـدات و شـەڕی نـاوخۆش لـەنێو تورکیـادا زۆر نزیکـە رووبدات، ئەگـەر کـارێکی لـەو جـۆرە بکرێـت، بۆیـە ئێمـە داوا لـە حکومـەتی تورکیـا دەکـەین ئـەو هـەنگاوە باشانەی کە کەمن لە چاو ئەو زوڵمـە زۆرەی لـە ماوەیـەکی دوورو درێـژو دەیـان ساڵە لەسـەر ئـەو میللەتـە دەکات هەنگاوی باشترو قۆناغی چاکتر ببڕێت و گۆڕانکاری چاکتر لە تورکیا بکات، کـە حـەق و مـافی گـەلێکی ستەم دیدەی زوڵـم لێکـراو بگەڕێنێتـەوە بـۆ خـۆی، بۆیـە روو لـە یەکەکـە دەکـەین دەڵـێین یەکەکـە ئەگـەر دەنگی میللەتێکی مەزڵومە، دەبێت بەشێوازی عەسریانە، بەشێوەیەکی جوان تەعبیر لە دەنگی ئەو میللەتە مەزڵومـە بکـات، ئـەویش ئـەو رێگایانـە بگرێتـە بـەر، کـە ئێسـتا حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان تـا دێـت حکومەتی تورکیا، ئەمریکا، بـەریتانیا، هـەموو دەوڵـەتان حکومـەتی عێـراق داوای دەکـات زمـانی گفتوگـۆ و دیالۆکەو سەرکردەکانی یەکەکەش ئەرکیانە، کە خۆیان لە هەندێك لێدوانی ناشایستە کە بـە زەرەر بەسـەر خۆشـیاندا دەگەڕێتـەوە بپـارێزن، هـەروەها ئیسـتیفادەش لـە هاتنـە پـێش لـە بەرنامـە تازەکـەی حکومـەتی ئۆردوگان ببینن.

تـەوەری سـێیەم/ ئێمـە گـەلی کوردسـتان دەبێـت یـەك دەنـگ بـین، یـەك دەنگـین و یـەك رەنگـین لـەم مەسەلەیەدا، مەسەلەیەکی هەستیارە، مەسەلە تێکدانی ئەزموونی کوردستانە، مەسەلە هێرش کردنـە سـەر خاك و شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەبێت یەك دەنگ بین، هەر گلەیی و گازاندەیـەك کـە پێشـتر هـەمان بوو بێت، یان هەبوو بێت بەلایەوە نێین، ئێستا کاتی نییە گلەیی و گازانـدە بهێڵینـەوە بـۆ کـاتێکی ئاسـایی، ئێسـتا هـەر کاتێـك پێویسـتی کـرد هـەموومان یـەك دەنـگ و یـەك رەنـگ بەشـێوازێك کـە خزمـەت بـە ئەزموونەکـەمان بکـات، بـۆ خۆشمـان لـە تەسـریحات و تەسـریحاتێك کـە تەصعید بـە مەسـەلەکە دەکـات بپارێزین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد ئەحمەد ناسراو بە دیلمان ئامێدی لە حزبی شیوعی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەو بنەمایانە دەکەم، کە بەڕێزت ئیشارەتت پێدا، بەتایبەتی تەهدیئە کردنی کە ئەرکێکی گرنگە بۆلای ئێمەو عێراق و تورکیاش، هەروەها رەئیەکی عامی عالەمی و دەولی ئەمرۆ لەسەر ئەوە کۆکن بە دەرەجەی یەکەم تەهدیئە بکەن، ئەوجا بە عیلاجی سلمی.

دووەم/ تەئکید لەسەر حوسنی جیوارو ئیحتیضاری موتەبادیل و عەدەم تەدەخول لە شوئونی داخیلی لە هەردوو وڵاتدا، حیوارو موفاوەزات و مانەوە بۆ شێوەی دیالۆك و ئاشتیانە بۆ موعالەجەی هەر بەشێك لەنێوان دوو دەوڵەتدا دەبێتن، دەعمی جهودی سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێم و هەروەها هەندێك لە ساڵەکانی هەڵوێستی پەرلەمانی عێراق کە ئیجابی بوو رەفز بوو بۆ قەراری پەرلەمانی تورکیاو رەخنە گرتن لە حکومەتی عێراقی مەرکەزی ئیتیحادی، کە دەتوانێت موعامەلەیەکی باشتر لەگەڵ ئەو ئەزمەیە بکاتن، بەتایبەتی هیچ نەبێت موزەکەرەیەك بداتە یوئێن، بۆ ئەوەی داوای ئیجتیماعێکی یوئێن بکاتن، یان تەلەبی بکاتن دەورێکی گرنگترو زۆرتر بگێرێت، کە ئێمە رەفزی قەراری پەرلەمانی تورکیا دەکەین هەر تەنها بۆ ئەوە نییە، تەجاوزە لەسەر قەوانینی دەولی، تەداخولە لە شەئنێکی داخیلی، بەڵکو ئیعلانی حەربێکە لە لایەکەوە، لە لایەکی دووەمدا، حەق دەدرێتە حکومەتی تورکیا بۆ یەك ساڵ بتوانێت ئیشتیراك بکاتن، یەعنی هەر موشکیلە دروست ببێتن لە بەینیان، یان هەر ئینفیجارێکی بەسیت دروست ببێت، دەتوانێت بیکاتە مەهانە بۆ تەدەخول و بۆ زەرەر کردن، بەتایبەتی لەسەر هەرێم و ئاستەنگی تر لەسەر هەرێمی کوردستان، دەعوەتی حکومەتی ئەمریکا بکەین بە مەوقیفێکی جددی ترو وازیحتر بەرامبەر ئەو قەزیە راوەستێتن، چونکە تەسریحاتی وەزیری خارجیە وا دەگەیەنێتن کە تەعاونێك لەگەڵ حکومەتی تورکیا دەکاتن, بە هیچ شێوەیەك نەبێتن بە مەجالی ئیستخباریەتی ئیشەکە چارەسەر بکەن، نەك بگەڕێنەوە بۆ کێشەیەی عەسکەری، بەلآم کێشەیەکی سلمیانە وەربگرین، من لە دوو خاڵی دیکە حەز دەکەم قسە بکەم، پێش فەترەیەك بەڕێز سەرۆك وەزیرانی حکومەتی تورکیا تەسریحێکیدا گوتی هەبوون و مەساحەتی پەکەکە، یان ئەو موقاتیلینە لەناو خاکی تورکیا هەیانە زیاترن لەو عەدەدەو مەساحەتەی کە لەناو چیاکان دێن و دەرباز دەبن کێشەکان لەناو تورکیا دروست دەکەن، بەمانای ئیقرارێك ئەگەر کێشەکە خۆی ئەسڵەن چۆتە عومقی تورکیاو خۆی لەناو تورکیا دایە، ئەوەی ئەمرۆ دەبێتن موجەرەد تەصفیەی هەندێك حیساباتە لەگەڵ ئەمریکا، بەتایبەتی ئەو مەشاکیلانەی کە لە تورکیادا هەیە لە بەینی عەسکەرو لە بەینی حزبی عەدالەت و گۆڕانکاری دەبێتن, دووەمەشاکیلی ناوخۆی تورکیا پرۆژەی فیدراڵیات کە تەزەخوم کریە ئیعلان بە تەقسیم و پرۆژەی ئەرمەن، ئەمەش تەئسیری لێ کر زائیدەن زوعفی حکومەتی عێراق و زوعفی ئەمریکا لەناو عێراقدا دەکات کە تووش بوون لەگەڵ ئەو تەتوراتانە کە لە بەینی ئێران و روسیاو صین دروست بووینە، هەموو بووینە فاکتەرێك، زائیدەن نوقتەیەکی زۆر گرنگ، کە حزبی عەداڵەت دەست پێ کریە تەعدیلاتی دەستووری کە لە تورکیا بکرێتن، بە تەسەوری من ئەوە زۆر گرنگە، ئەمرۆ هەم بۆ کورد، هەم بۆ عەداڵەتیش، چونکە تورکیا لە ئەزمەیەکی بونیەوی تاریخی دەژیتن، تورکیا ئەمرۆ کێشەکەی ئەوەیە دروست بووە لەسەر هەویەکی ئوحادی لەسەر موجتەمەعێکی تەعەدودی، ئەمرۆ دەیانەوێت هەموو خەڵکێك تەعەدودی قەومی دروست بکەن، ئەمە کێشەیەکە لەبەردەمی تورکیا کە دروست بوو، ئەمە رەنگە جەوهەری کێشەکان چارەسەر بکاتن، هەروەها تەسریحی ئۆردوگان کە گوتی با پەکەکە چەك دابنێت و بێتە مەیدانی دەستووری پەرلەمانی، دەبێت هەندێك قەراراتی صەعب و بە جورئەت وەربگرێت، هەردوولا هەم پەکەکەش، هەم تورکیاش دەبێت بگەنە حاڵەتێك کە موبادەرات بکەن، ئەم موبادەراتە بە دەرەجەی یەکەم لە دەستی حکومەتە، لە دەستی دەوڵەتە، یەکەم/ گۆڕینی ئەو هەویەی دەوڵەت، دووەم/ هەندێك عیلاج پەیدا بکاتن، کە پەکەکەو خەڵکیش پێی رازی بکات، عەفوێکی عام بداتن،

ئیعـتیراف بـه هەنـدێك سـنووری قـەومی و سـەقافی و ئیـداری بـداتن موقـابیلی ئـەوەش دەبێـت هەنـدێك گۆڕانکاری لە مەنهەجیەتی خۆی، لە ئەدائی خۆی لەگەڵ ئەمجارە بگونجێت، کە تەرحی ئاشـتیانەو حقـوقی دیموکراتی و تەعزیزی دیموکراتیەت و حوریاتی عامەو ئیسـتیغلالی ئـەو وەزعـە بکـاتن، هـەتا ئـەو زەخـتی دەولیە داخیلی تورکیا هەیە سەرکەوتوو ببێتن، بۆ هەموویان تەئکید دەکەمەوە کە ئێمـە ئـەم هەڵوێسـتەی بەڕێزی ئیشارەتی پێدا لەسەردان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك کەرخی لە تورکمان فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەن لێرە بە زمانی دایکی خۆم قسە بکەم، دوایێش دیسان دەگەڕێمەوە بە کوردی ئەوانـەی کە گوتوومە موحاوەلە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەر وەکو ئەو قسانەی پێشتر کرا پشتگیری لەو قسانەی کرد لە لایەن ئێمەوە کرا، پشتگیری لە ڕێگای دیالۆگی کرد بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و ڕاگرتنی بەرژەوەندی هاوبەش، کاك ڕۆمیـۆ هـەکاری لـە برادەرانی ئاشووری فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوای پشتگیری کردن و داکۆکی کردن لەسەر بیرو ڕای خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان، کـە پـێش من قسەیان کرد، بەتایبەتی قسەکانی کاك کەرخی کـە بـە زمـانی دایکـی قسـەی کـرد، مـن بـە کـوردی قسـە دەکەم، بە ئاشووری قسە ناکـەم، هـەمان شـتە، چـونکە دیـارە جـەنابتان نـاتوانن تەرجەمـەی بکـەن، ئـەوەی ڕاستی بێت ئەوە یەکەمین جار نییە دەوڵەتی تورکیا هەڕەشەمان لـێ دەکـات و هەڕەشـەی، یـاخود مەترسـی هاتنە ناو هەرێمی کوردسـتان دەکـات بـەجۆرەها بیـانوو، کـە سـەرێکی تریـان بیـانووی پەکەکەیـەو هەنـدێ بیانووی تر، بەڵام ئێمە پێمان وایە دەڵێین پێویستە ڕێگای حیوارو دیالۆگ و گفتوگۆی سەر لەمانە بگرینـە بەر، چونکە هەموو ئەو چەند جارانەی کە ئەم هەڕەشانە کراون، چونکە بەڕاستی نەیانتوانیوە نـە تورکیـا، نە پەکەکە حەسمی ئەو مەسەلەیە بکەن بەشێوەیەکی یەکجارەکی، جا بۆیە ئەمـە تەئکیـد لـەوە دەکاتـەوە، کە دەبێت ڕێگایەکی تر بگرنە بەر، ڕێگای حیوارو گفتوگۆ، نەوەك ڕێگای توندوتیژی و سـەربازی و هێـرش کردنە سەر یەکتر، ئەم مەلەسەیە دوو لایەنە، هەم تورکیا دەگرێتەوە، هەم پەکەکە دەگرێتەوە، ئێمە چۆن داوا لـە تورکیـا دەکـەین، ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئێمـە داوا لـە تورکیـا دەکـەین، بـۆ نموونـە پەرلـەمانی تورکیـا دەبوایە بەڕاستی ئەو بڕیارەی دەربکات، ئێمە دژی ئەو بڕیارەینە، ئێمە لەگەڵ ئـەوە بـووین کـە پەرلـەمانی تورکیا بەشێوەیەکی تر بڕیـارێکی دەرکردبوایـە، نـەوەك ڕێگـا بـە عەسـکەری و عەسکەرتارێتی تورکیـا، بـە جەیشی تورکیا بدات، هەر کاتێك حکومەت بیەوێت هەڕەشـە بکاتـە سـەر شـوێنێکی تـر، یـاخود تـەدەخولی سەربازی بۆ ناو هەرێمی کوردستان و شوێنەکانی تر بکات، دەبوایە بەشێوەیەکی تر ئەم مەسەلەیە، چونکە

پەرلەمان موئەسەسەیەکی شەرعییە، هەر شتێك کە موافەقەی لەسەر کرد، ئیتر ئەمە دەبێتە یاسایەك و پابەند دەبن لەسەریان، جا بۆیە من پێم باشە لایەنەکەی تریش، لایەنی دووەم کە پەکەکەیە، بەڕاستی دەبێت پەکەکەش ئێمە پشتگیری لە داخوازیەکان و لە خەباتی هەموو نەتەوەیەك دەکەین بە پەکەکەشەوە، بەڵام پەکەکە دەبێت باش بزانێت بەرەو پێشچوونی ئەم تەجروبەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، بەڕاستی سەرکەوتن و بەهێز بوونی خەباتی ئەوانیشە، بەڵام ئەگەر ببێتە بیانوویەك بۆ ئەوەی هەموو کات تورکیا هەڕەشەمان لێ بکات و مەترسی ئەوەی بێت بۆ سەر هەرێم، بەڕاستی ئەمەش دەبێتە شتێکی تر، بۆیە ئێمە داوا لە پەکەکەش دەکەین، بۆ ئەوەی چیتر بیانوو بە تورکیا نەدات، بۆ ئەوەی هەڕەشەمان لێ بکات و مەترسی بخاتە سەر هەرێمی کوردستانەوە، خاڵێکی تر مەسەلەی لیژنە سێ قۆڵیەکەیە لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریکا، من وای نابینم، من باوەڕ ناکەم بەو شێوەیەی کە ئەمریکا داوا دەکات، کە لیژنەیەکی سێ قۆڵی ئەمریکی، عێراقی، تورکی بتوانێت ئەم مەسەلەیە لە بنەڕەتەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، خۆ دەبێت هەرێمی کوردستان کە زیاتر مەعنییە بەو مەسەلەیە، چونکە هەموو هەڕەشەکان، هەموو تەهدیدەکان، هەموو مەترسیەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستانە، دەبێت ئەوانیش دەنگیان هەبێت، ڕەنگیان هەبێت لە هەموو ئەو لیژنانەی کە بڕیارە دروست بکرێت و بڕیار لەسەر یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلانە بکرێتەوە، دەبێت ئیشارەتێکیش بە تەسریحاتی ئۆردوگان بدرێت، بەڕاستی من ئەو تەسریحاتەی دوایی ئۆردوگان بە ئیجابی تر و باشتر دەزانم لەوەی کە لەسەرەتای ئەم مەسەلانە ئەو گێروگرفتانە کردوویەتی، هەروەها لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیاش لە عێراقدا، بەڕاستی هەندێك ئیجابیاتی تێدا بوو، تەمەنا دەکەم ئەم مەسەلەیە ئیستیغلال بکرێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە، ئەگینا من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم هێرشە بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان باوەڕ ناکەم کەسێك هەبێت بڵێ من دیفاع لە مانەوەو کەرامەتی کوردستان ناکەم. خاڵێکی تر/ کە زۆر لەلام گرنگە بەڕاستی هەڵوێستی عێراق بگرە زیاتریشە لەو دوو لایەنە، هەر کاتێك بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بۆ بەرژەوەندی عێراق و تورکیا، عێراق لەسەر ئەم مەسەلەیەی دوایی تورکیا مەسەلەکانی تورکیا قسە دەکات، لێدوانەکانی سامی عەسکەری، بگرە نوری مالکی هەروەها تارق هاشمیش بەڕاستی هەندێکیان تیا بوو باش بوو، بەڵام بەو شکلە نەبوو کە خزمەتی چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە بکرێت، ئێمە دەبێت ئیسپاتی عێراقی بوونی خۆمان بکەین وەکو هەرێمی کوردستان، کە کردوومانە ئێمە داوامان کردووە کە ئێمە گوتومانە بەشێکین لە عێراقدا، بەڵام ئێستاکە برادەرانی عێراقی خۆمان بەشێوەیەکی مەزاجی بێت باسی عێراقی بوونی ئێمە، یاخود عێراقی نەبوونی ئێمەو پابەند بوونی ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان بە مەرکەزەوە دەکات، ئەمە شتێکی ناڕەواو نادروستە بەڕاستی، چونکە ئەوان لە روانگەی پەیوەندی و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا هەموو شتێك دەیانەوێت باسی لێوە بکەن و کۆتایی پێ بێنن، لەگەڵ هەڵوێستی هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەبیش بەڕاستی زۆر خزمەت بە چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە نەبوو، بۆیە من پێم باشە لەبەر ئەم مەسەلەی گیروگرفتەی کە ئێستا هەیە لە ئارادایە ببێتەوە، من پێم باشە بەهێز کردنی هاوکاری و تەبایی لەنێوان هێزو لایەنەکانی کوردستان دەبێت هەبێت.

دووەم/ مەسەلەی گیروگرفتەکانی هەرێم لەگەڵ مەرکەزدا، بەڕاستی ئەمە لەمێژە لە مەرکەزدا بەشێوەیەی مەزاجیانە تەعامول لەگەڵ ئێمە دەکات، ئەوەش دەبێت کۆتایی پێ بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خاتوو نەسرین حزبی سۆشیالیست فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەلی کوردستان گەلێکی ئاشتیخوازە، شەڕخواز نین، پشتگیریش لە شەڕ ناکەین لەگەڵ ئاشتی دایە، هەرێمی کوردستان پەیوەندی دۆستانەو بەرژەوەندی بازرگانی لەنێوانماندا هەیە، چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بە لەشکرکێشی نابێت، بە زمانی دیالۆگ و دیبلۆماسی چارەسەر دەکرێت، چونکە لەشکرکێشی سوود بە هیچ لایەنێك ناگەیەنێت، تەنها ماڵوێرانی بەجێ دەهێڵێ، ئەگەر تورکیا ئەم کێشەیە بە ئاشتی چارەسەر بکات سەکەوتن بە دەست دەهێنێت، داواکاین لە دراوسێیەکانمان هاندانی ئاشتی بن بۆ هەرێمی کوردستان، نەك هاندانی لەشکرکێشی بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك غەفور سکرتێری حزبی نەتەوەیی فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا هەر بۆ راست کردنەوە بۆ پرۆتۆکۆلەکان، من سکرتێری حزبی نەتەوەیی نیم، حزبەکەی ئێمە ناوی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانە، بەنیسبەت ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆ، هەرچەندە کەمێك دواکەوت، بەلاّم دواکەوتنەکەی خێری تێدا بوو، دەتوانین بڵێین هەڵوێستەکانی زۆربەی لایەنەکان بۆمان روون بۆوە، کە هەڵوێستیان چیە، هەم حکومەتی عێراقی، حکومەتی تورکیاو پەکەکە، زۆر جیهەتی تریش، بەنیسبەت ئەو هەڕەشانەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر باشووری کوردستان، هەموو لایەك دەزانێت کە شتێکی نوێ نییە، دوای راپەڕینی ساڵی 1991ی خەڵکی کوردستان و لە ساڵی 1992 کە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان پێك هات بەردەوام هەڕەشە لە باشووری کوردستان دەکرێت و هەوڵی لەبار بردنی ئەزموونی باشووری کوردستان دەدرێت، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا نەتیجەی ئەو هەموو لەشکرکێشەی کرا سەر کوردستان لە ماوەی رابردوو (24) جار لەشکری تورکیا ئۆپەراسیۆنی باشووری کوردستان ئەنجامدا، هیچ ئەنجامێکی نەهێنا دەست، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێتن، کە شەڕ چارەسەری هیچ کێشەیەك ناکات، دەیان ساڵی تر ئێمە شەڕ بکەین، تورکیا شەڕ لەگەڵ ئێمە بکات، نەتیجە هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەر مێزی دیالۆگ و لەوێ چارەسەری گرفتەکان بکەین، لەبەر ئەوەی سەردەم سەردەمی دیالۆگ و لەیەکتر گەیشتنەو زۆربەی هەرە زۆری کێشە ئاڵۆزو تێك رژاوەکانی دنیا لەسەر مێزی دیالۆگ و لە یەکتر گەیشتن یەکلایی بونەتەوەو چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە، دواتر ئێمە ئەوەندە بەردەوام داوا لەوە دەکەین تورکیا لەشکرکێشی دەکات بە بیانووی پەکەکەوە لە باشووری کوردستان، من حەز دەکەم لێرە زۆر بە راشکاوانەو شەفاف قسەی بکەین، پەکەکە لە ماوەی رابردوو چەندین جار ئاگر بەستی راگەیاندووە، پێش ئەو ئاگر بەستەی ئێستاش هیچ جارێك لە لایەن تورکیا بەشێوەیەك وەلاّمی نەداوەتەوەو پێشوازی لە ئاگر بەستەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نەکراوە، لە ئەنجامی ئەو هەڕەشانەی ئێستاش و لە ئەنجامی ئەو بڕیاری پەرلەمانی تورکیا دیسان پارتی کرێکارانی کوردستان ئاگربەستی راگەیاند، بەلاّم لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە رەفزی ئەو ئاگربەستە کراوەو بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەو ئاگربەستە نەهاتنە پێش و پێشوازیان لە ئاگربەستەکە نەکرد، کەواتە لێرەدا ئێمە دەبێت ئەوە بزانین عەقلیەتی تورکیا ئەوەیە کە

ئاشتی قەبول نییەو پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە شاخەکانی کوردستان لە کارو خەباتی خۆیدا تاوەکو تورکیا نەهاتبێتە سەری ئەو گرفتی نەکردووە لە ماوەی رابردوو، ئێمە دەبێت ئەو حەقیقەتانە بزانین و بەراشکاوانە لەسەر ئەو مەسەلانە قسەی بکەین، بۆیە بەڕاستی ئێمە لێرەوە دەبێت پێشوازی لە هەڵوێستێکی ئاشتیخوازنە بکەین و لەگەڵ ئەوەداین کە کێشەکە لەسەر بنەمای ئاشتی, لەسەر بنەمای دیالۆگ و لە یەکتر گەیشتن چارەسەر بکرێتن و لە هەمان کاتدا بەرامبەر ئەو کێشەیە، ئەوەی جێی داخباری, جێی نیگەرانی ئێمەیە هەڵوێستی حکومەتی عێراقە، بەڕاستی هەڵوێسێی حکومەتی عێراق زۆربەی بەرپرسەکانی عێراقیەکانیان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیشەوە، هەڵوێستیی نانیشتمانیی و ناتەواوەیی من دەیبینم، ئەوە بیرو بۆچوونی خۆمە، لەبەر ئەوەی کاتێك داوا دەکاتن کە دەبێت ئەو کێشەیە بە دیالۆگ چارەسەر بکرێتن، لە هەمان کاتدا داوای ئەوە دەکاتن کە ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجام بدرێتن، باشە حکومەتێك نەتوانێت ئیدارەی خۆی بکات، نەتوانێت ئەمنیەتی خۆی بپارێزێت، بە چ حەقێك ئۆپەراسیۆن دژی خەڵکێکی ئازادیخواز ئەنجام دەداتن، حکومەتێك کە چەند کیلۆمەترێك لە ناوچەی سەوز خەڵکێکی تر ئیدارەی بکات، من نەتوانم پارێزگاری لە ماڵی خۆم بکەم، چۆن دەتوانم پارێزگاری لە ماڵی جیرانەکەم بکەم، بەڕاستی حەقە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان راشکاوانە لەگەڵ حکومەتی عێراق قسە بکات و لەو رووەوە رەخنەش لە حکومەتی عێراق بگرێت، دواتر بەنیسبەت خۆمان، ناوخۆیی کوردستان، ئێمە بینیمان کە هەموو خەڵکی کوردستان و هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش بەرامبەر هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیا یەك دەنگ و یەك هەڵوێستن، هەموو ئامادەن لە بەرگری کردن لە خاکی کوردستان، ئەو هاوهەڵوێستی و یەك دەنگی و یەك خیتابیە لەناوەندی سیاسی کوردستان و لە ناوەندی جەماوەری کوردستان, پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەخاتە بەر ئەمری واقیع، کە دەبێت پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بە خەڵکی کوردستان بدەن، زیاتر گوێ لە داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بگرن و هەوڵی جێ بەجێ کردنی داخوازیەکانیان بدەن، لێرەوە مەسەلەی بەرگری کردنیش حەقی شەرعی خۆمانە، تورکیا بێت، هەر وڵاتێکی تر بێت ئێمە دەبێت هەموو کات پێشمەرگەی سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری کردن لە خاکی کوردستان بین، لەبەر ئەوەی چارەنووسی هەر هەموو خەڵکی کوردستان بەو ئەزموونەی ئێستاوە بەندە، تێکچوونی ئەو ئەزموونە، تێکچوونی هەر هەموو لایەکمانە، هەر هەموو لایەکمان تێك دەچێت، بۆیە پاراستنی ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانەو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە لەسەر تەواوی هێزو لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی تری کوردستانیشە کە رەچاوی بارودۆخی ئەم رەوشەی باشووری کوردستان بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم رەوشەی باشووری کوردستان نوقتەی ئینتیلاقی دەبێتن بۆ کارو خەباتی هەموو لایەك لەسەرتانسەری کوردستانی گەورەدا، دواتر بەڕاستی ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان حەقە پرۆژەیەکمان هەبێت، لەو پرۆژەیە داوا بکەین کە ببێتە بنەمایەك بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە، ئەو پرۆژەیەش چی بێت، ئەو پرۆژەیە ئێمە داوا بکەین:

یەك/ دەوڵەتی تورکیا لێبووردنێکی گشتی رابگەیەنێت و دان بە کێشەی گەلی کوردستان بنێت، دەستووری تورکیا هەموار بکاتن، دان بە بەرامبەرەکەی خۆی دابنێت، لەبەرامبەر ئەوەشدا سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان پەیوەست بێتن بەو ئاگربەستەی کە رایگەیاندووەو لە هەمان کاتدا داوا بکەین لە نێوان هەردوولا دیالۆگی راستەوخۆ هەبێت لە لایەن حکومەتی تورکیاو سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەسەر مێزی دیالۆگ چارەسەری گرفتەکە بکرێت، ئەوە دەستپێکێك بێت، دەکرێت ئەو دیالۆگە بەناو بژیوانێکی کوردستانی بێت، ئێمە ئامادەین ناوبژیوانی بین لەگەڵ سەرکردایەتی

سیاسی کوردستان، یان ئەوەتە ناو بژیوانێکی نێودەوڵەتی هەبێتن، لێرەوە هەوڵ دەدرێت چارەسەری گرفتەکان بکرێت و دەرگایەکی تر بکرێتەوە بە رووی چەسپاندنی زیاتری بنەما دیموکراتیەکان لە کۆمەڵگای کوردستان و لە کۆمەڵگای تورکیا، نەتەوەی کوردیش و گەلی کوردستانیش لە باکووری کوردستان بە مافە رەواکانی خۆی دەگات لە هەمان کاتدا من داواکارم لە پەرلەمانی کوردستان جگە لەوانەی کە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو بنەمایانەی خستە روو کە بەڕاستی شتی باش بوون و پشتگیری ئەو بنەمایانە دەکەین، هیوادارین لەسەر ئەساسی ئەو خالآنەی کە باس کران یاداشتنامەیەك ئامادە بکرێتن بدرێت بە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، بدرێت بە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، بە هێزی هاوپەیمانان، هەموو کەناڵە بڕیار بەدەستەکانی دنیا، بۆ ئەوەی ئێمە لەوێوە بزانین نیەتی خۆمان، کە نیەتی ئازادیخوازانەیە بۆ هەموو دنیا دووپاتی بکەینەوە، ئەوە ئێمە لەماڵی خۆمانین خەڵکێکیش هەبێت بێتە سەر ماڵی خۆمان حەقی بەرگری کردن، حەقێکی زۆر رەوایە کە ئێمە بیکەین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك غەفور مەخمووری سکرتێری نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، جارێکی تر لە بیر ناکەم، کاك بەڵێن ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، دیارە بەڕاستی من هەر پشتگیری لەو قسانەی پێشتر دەکەم، کە برادەران لە لیستەکانی تر باسیان کرد، من نامەوێت بە درێژی بچمە ناو بابەتەکان، بەڕاستی ئەو سیاسەتە راگەیاندراوەی چ لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، چ لە لایەن حکومەتی عێراقی، چ لە لایەن حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان راگەیەندراوە کە ئێمە رێگای ئاشتی و دیالۆگمان راگەیاندووە، بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانەی کە تووشی مەنتیقەکە بووە، من ناڵێم تووشی کوردستان بووە، لەبەر ئەوەی بە تەنها کوردستان تووشی کێشە نابێت لە کاتی لەشکرکێشی، مەنتیقەکە بە گشتی تووشی ئەزمەیەکی گەورە دەبێت، تووشی کێشەیەکی گەورە دەبێت، بەداخەوە بەڕاستی پەرلەمانی تورکیا بەتایبەتیش حزبی عەدالەو تەنمیە دوای هاتنە سەر وەرگرتنی دەسەلآت لە تورکیا، زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی تورکیای بەدەست هێنا، پەرلەمانی تورکیا لە هەموو ئەو بەڵێنانەی کە دابووی و پاشگەز بێتەوە، ئەو هەموو گۆڕانەی کە لە دنیا بووە، بەداخەوە بێ بڕیاری ئەوە بداتن کە لەشکرکێشی بکاتە سەر وڵاتێکی تر بەبێ لەبەرچاو گرتنی یاساو رێساکانی نێودەوڵەتی، بەڕاستی ئەوە بڕیارێکی وەکو جەنابت باست کرد، بڕیارێکی بێ سابیقەیە، دەوڵەتی تورکیا نەك هەر تورکیا تووشی کێشە دەکات، بەڵکو مەنتیقەکە بەگشتی تووشی کێشەو ئەزمەیەکی گەورە دەکاتن، دیارە ئەو کێشەیە وەکو سەرکردایەتی سیاسی کورد و حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان گەیاندووە بە لەشکرکێشی چارەسەر ناکرێت، تەنها رێگای دیالۆگ و رێگای ئاشتی چارەسەری کێشەی مەنتیقەکە دەکات بە تورکیاشەوە، بۆیە بەڕاستی ئەو قسانەی پێشتر کرا، کە پەرلەمان و حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا رەفز دەکەنەوە، ئێمەش وەکو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پشتیوانی لەو سیاسەتە دەکەین.

دوو/ داوا له پەكەكە دەكەین كە پابەند بێت بەو ئاگربەستەی كە كردوویەتی، بەردەوام بێت لەسەر ئەو ئاگربەستیە، ئەوانیش واز لە توندوتیژی بێنن و ڕێگای ئاشتی و دیالۆگ بگرنە بەر، بۆ ئەوەی بە تەئكید هەرێمی كوردستان لێرە هاوكاری زۆریان دەكات، ئەگەر پابەند بن بە و ئاگربەستە، بەڕاستی ئەوەی كە دەمەوێت لێرە بیڵێم ئەو سیاسەتە ستاندارەی كە سەرۆكی هەرێمی كوردستان و حكومەتی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان كە ئەمڕۆ ڕایدەگەیەنێ بە هەڵبژاردنی زمانی دیالۆگ, با خەڵك وا تێنەگات, وڵاتانی جیران و دەوڵەتی توركیا، كە ئێمە لە زەعیفیمانە لە ژێر هەڕەشەو چاو سوور كردنەوەو لەشكركێشی ئەو سیاسەتەمان ڕاگەیاندووە، ئەو قەوارە سیاسیەی لێرە بەدەست هاتووە، دەبێت هەموو لایەك بزانن بە خۆفیداكاری و قوربانی خوێن بەدەست هاتووە، خەڵكی كوردستان بە فیداكاری خۆی ئەو قەوارە سیاسیەی پێك هێناوە, سوپاسی هەموو ئەو لایەنانەش دەكەین، كە یارمەتیان داوین چ لە كاتی خەبات، و چ لە كاتی خەباتی ئاشتیمان و بۆ سەقامگیر كردنی ئەو قەوارە سیاسیە، بۆیە بەڕاستی خەڵكی كوردستان و پەرلەمانی كوردستانیش حەقە ئەوە ڕابەگەیەنێت، كە ئێمە ئامادەین و لە هەموو كاتێك زیاتر بەرگری لە قەوارە سیاسیەكانی خۆمان بكەین و بە خوێن فیداكاری خەڵكی كوردستان بكەین، ئەو قەوارە سیاسیە دامەزراوە بە خوێن و قوربانی و فیداكاری ئامادەین لە پارێزگاری كردنی، ئەوە بەو مانایە نییە، ئێمە هەڕەشە لە كەس دەكەین، ئێمە دەستكەوتەكانی خۆمان دەپارێزین و چاو لە كەسیش سوور ناكەینەوەو هەڕەشە لە كەسیش ناكەین، ئەوە سیاسەتی ڕاگەیەندراوی هەموو لایەنە سیاسیەكانی كوردستان و حكومەتی هەرێم و سەرۆكایەتی پەرلەمان و حكومەتی عێراقیش ئاشتییە، ئەوەی كە بەڕاستی جێگای نیگەرانی ئێمەیە، لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو چەند بەرپرسێكی حكومەتی عێراقی بەداخەوە سورەتێكی وایاندا ڕای گشتی عەرەبی و ئیستغلالیش كرا لە لای ڕاگەیاندن و چاپەمەنیەكانیش شۆڤینستەكانی عەرەبی و سورەتێكی وایاندا كە خەڵكی كوردستان تەنها خۆیان لەو كاتە بە عێراقی دەزانن كە پێویستیان بە عێراقە، لەو كاتانەی كە پێویستیان بە عێراق نییە، خۆیان بە عێراقی نازانن، مەفروزە سەركردایەتی عێراق و ئەوانەی لە بەغدان بەتوندی ئیدانەی ئەو تەسریحاتە نابەجێیانە بكەن، لەبەر ئەوەی خەڵكی كوردستان و حزب و لایەنە سیاسیەكانی كوردستان پێمان وایە داینەمۆی، تا ئێستا داینەمۆی ڕاگرتنی یەك پارچەیی عێراق بووینە، بەڵام دیارە ئەوان شتێكی ترمان لێ داوا دەكەن، داوا دەكەن كە ئێمە هەویەی قەومی خۆمان بسڕینەوەو واز لە حقوقەكانی خۆمان بێنین، ئەگینا ئەو سورەتانە دراوەتە ئیعلامی عەرەبی، بەداخەوەش وەكو كوێستان خان باسی كرد، وڵاتانی عەرەبی لە كاتێك كە كۆنگرێس لەسەر بنەمای تەقسیمی عێراقی لەسەر بنەمانی فیدراڵی ئیعلان دەكات، هەموویان زیڕەیان لێ هەڵدەستێت، بەڵام كاتێك كە لەشكركێشی توركیا بۆ سەر عێراق دێت، یەك وڵاتی عەرەبی تا ئێستاكە هەڵوێستێكی ڕاشكاوانەی ڕانەگەیاندووە، بەتایبەتی سوریا دێت پشتیوانی دەكات و پشتگیری لە دەوڵەتی توركیا دەكات، بۆیە داوا دەكەم پەرلەمانی كوردستان هەڵوێستێكی ڕاشكاوی بەرامبەر ئەو وڵاتانە هەبێت، كە ئێمە بە موقەصیرو مونفەسیل دەزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك بەڵێن دوو، سێ ئەندامی بەڕێز باسی تەسریحاتی مەسئوولینی عێراقیان كرد، لەوانەی كە تەسریحاتەكانیان نابەجێ بوو، یەعنی حەقیقەتێك هەیە، ئەو قسانە لە حەقیقەت ناگۆڕێت، حكومەتی هەرێم چەند موحتاجی كێیە؟ ئەوان چەند موحتاجن، چیان پێ دەكرێت، بەڵام ئەوە شتێكی دەستوورییەو قانونییە، دەبێت بوترێتن، هەر كەسێك قسە دەكاتن لە ڕوانگەی خۆیەوە قسە دەكاتن،

عەرەبی بێت یەعنی ئەو کابرایە تەمسیلی خۆی دەکاتن، تەمسیلی کەس ناکاتن، چونکە واقیعی کوردستان و میللەتی کوردستان زۆر روونە لەلای هەموو کەسێك، ئێمەش ئێستاکە چ دەورێکمان هەیە بۆ پاراستنی وەحدەتی ئەو عێراقە، دامەزراندنی ئەو عێراقە فیدراڵە، لەبەر ئەوە هەر لە حجمی خۆیدا تێی بگەن و داینێن و ئەو تەسریحاتانەو، زۆر ئەهمیەتی مەدەنێ، باپیر کاملا فەرمووو لە بزووتنەوەی فەلاحین.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەری پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، ئەگەر ئاوەڕێکی خێرا لەو کێشەیە دروست بووە بدەینەوە، کە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان و تورکیا دروست بووە، من پێم وایە پێشینەکی زۆری هەیە، ئەو پێشینە دەگەڕێتەوە ساڵی حەفتایەکان، چونکە بگرە پێشتریش بووە، چەند جارێك تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر رێککەوتووەو چەند کۆبوونەوەیەکی چەند قۆڵی کراوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئەزموونی کوردستان پێك هات، حکومەت و پەرلەمان لە ساڵی 1992، چەند جار کێشەی بۆ ناوەتەوە بە ناوی جیا جیاو جارێك برایانی تورکمان دەکاتە بیانوو، جارێك پەکەکە دەکاتە بیانوو، جارێك خۆی دەکاتە دەم راستی ئەو برایانەی لەگەڵ ئێمە دژن، کە تورکمانەکان گرفتێکی ئەوتۆ نەبووە، کە مایەی باس کردن بێت، هەر جارە بە بیانووێك لەشکرکێشی دەکات و ئەوە دەکات، من پێم وایە زۆربەی لەشکرکێشەکەی تورکیا کردوویەتی زیاتر ئەوەی کێشەی ناوخۆیی زیاتر بووە، چ مەلەفی ئەمنیەکان دەیەوێت لێی دەرباز بێت، چ ئەوەیە کە ئەو کێشە دەستوورییەی کە هەیە لەنێوان خۆیاندا، نێوان باڵی سەربازی و باڵی میانەڕەو، بەتایبەتی حزبی عەدالە کە نوێنەرایەتیان دەکات، بەمەستی سەرکەوتنیان، یان زیاتر دەنگ هێنانی لە راپرسیەکەدا، کە ئەویش بەسەر چوو چەند رۆژێك لەمەوبەر کرا ئەو راپرسیە، پارساڵیش ئەوەیان کرد کە لەسەر ئەو کاتی بوو چەند مانگێك لەمەوبەر لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار، ئەو کات هەمان لەشکرکێشیان کردو بۆ چەندین جارە بە بیانووی پەکەکە، خۆ کێشەی پەکەکە، (23) ساڵە شەڕی پەکەکە هەیە، باشە بۆ ئەو کاتانەی پێشتر باس لەوە ناکات، بۆ لەسەردەمی رژێمی عێراقی باسی کێشەی تورکمانی نەدەکرد، بۆ تارق عەزیز زۆر بە سەراحەت پێی گوتن، نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە، بۆ ئێستا دێن ئەو کێشەیە رووبەڕووی خەڵکی کوردستان دەکەنەوە، کە بوونی نییە، بە هەر حاڵ پێم وایە پەرلەمانی تورکیا بۆ ئەو مەبەستە بڕیارێکی وەرگرت، ئەو بڕیارە وێڕای ئەوەی کە زەرەرێکی گەورەی زۆر بۆ خۆیان دەبێت، زەرەر بە ئێمەش دەگەیەنێت، زەرەریش بە ناوەندی نێودەوڵەتی دەگەیەنن، کە دەبێتە رێخۆشکەر، هەر دەوڵەتێك کێشەی هەبوو، ئەوە بڕیارێك وەربگرێت، تەدەخول بکات، ئەوەش پێشێل کردنی سەرەوەری وڵاتێکی ترە، کە پێشێل کردن بەندێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەوەی کە رێککەوتوون لەسەری عێراقیش ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، من پێم وایە ئەوە هۆکاری ئەو کێشانە بوون کە باسمان کردن، حەق وایە ئەو کێشانەی لەناو خۆیان چارەسەر بکەن، هۆکارێکی تر، ئەوەیە کە ماددەی 140 هەنگاو دەنێت بۆ جێ بەجێ کردنی، پێیان وایە لەسەر حیسابی ئەوانە، یان دروست بوونی کیانێکی سیاسی لە کوردستاندا، لە هەرێمی کوردستان بچەسپێت، لە عێراقی فیدراڵدا بچەسپێت و وڵاتانی دەوروبەر پێیان وایە هەڕەشە دەبێت لەسەر خۆیان، یان دیموکراسیەت لە عێراقدا دەبێتە هەڕەشەیەك لەسەرخۆیان، دەبینن ئەو وڵاتانەی دەوروبەر ئەوەش گرفتێکی ترە، ماوەیەکی دوورو درێژە وڵاتانی دەوروبەر چەند جار کۆبوونەوەی چوار قۆڵی کراوەو، کە عێراق ئەو کاتی رژێمی سەدام مابوو، ئێستاش کۆبوونەوەی سێ قۆڵی چەند جار کراوە لە ئەنقەرو لە تاران و لە دیمەشقیش، هەر مەبەستی لەبار بردنی

ئەو ئەزموونەیە، من پێم وایە بە هەموویان بڵێین، کە ئەو ئەزموونە بە ئەوان لەناو ناچێت، چونکە ئیرادەی میللەتێکە، میللەتێك ئێستا نوێنەرایەتی (45) ملیۆن کەس دەکات، راستە ئێمە پێنج ملیۆن کەس تا شەش ملیۆن کەس لە باشووری کوردستان دادەنیشین، بەلاّم ئایندەی چل، چل و پێنج ملیۆنی کەسی تری پێوە بەندە ئەو ئەزموونە، بۆیە لێرەدا پێویستە خەڵکی رۆژهەلاّتی کوردستان، خەڵکی باکووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستانیش رەچاوی ئەو ئایندەیە بکەن و رەچاوی کوردستان بکەن، ئەوەی جێگای سەرنج بوو، لێرەدا کە ئەوە بێت، کە تورکیا زەرەرێکی گەورەی کێشەی لێ دەکەوێت، گەورەترین زەرەری کە سێ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، ببوورن ئەگەر غەڵەتم کرد بێت، من وای تێگەیشتم سێ ملیۆن، بە هەر حاڵ سێ ملیۆن، یان چوار ملیۆن، گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندییەکی گەورەی هەیە لێرە، بەرژەوەندی گەورەی تری بازرگانی کە رۆژانە دەستکەوتی تێدایە، کۆمەڵێك گیروگرفتی ناوخۆی بێ کاری بەسەردا دەکەوێتەوە، کە هەر لەشکرکێشی بکات، وێرای ئەو زەرەرو زیانەی دەکەوێت، وێرای ئەو زەرەرانەی کە لە ئێمە دەکەوێت، وێرای پێشێل کردنی یەکێك لە یاساکانی نێودەوڵەتیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ پەرلەمانی تورکیا، بۆ حکومەتی هەر چەندە پەرلەمان بڕیاری نەداوە کە ئەو لەشکرکێشەی، ئەو دەسەلاّتەی نەداوە بە سوپا، ئەو دەسەلاّتەی داوە بە حکومەت، بۆیە بۆ حکومەت پێشنیار دەکەم کە بیری لێ نەکاتەوەو هەڵیپەسێرێت و پێداچوونەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە یەکجاری خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستانیش بە ئاسوودەیی لێرە بژین بەبێ دوو دڵی، ئەوەی جێگای سەرنج بوو، هەرچەند برادەرەکانیشم باسیان کرد، من لەوێ تەئکیدی دەکەمەوە کە هەڵوێستی بەڕێز بەشار ئەسەد بوو، ئەوە چاوەڕوان نەدەکرا لە بەڕێز بەشار ئەسەد, بەپێی ئەو پەیوەندیەی کە رابردووی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان هەبووە، هەم باوکی رەحمەتی، هەم بەخۆشی، هەم ولاّتی سوریا کە هیچ کێشەیەك و گرفتێك لەنێوان ئێمەو ئەواندا نەبووەو ئێمە نەبووینە مایەی سەر ئێشەی هیچ جارێك بۆ ئەوان بەپێچەوانەشەوە، ئەوان هەڵوێستێکیان نواند کە من پێم وایە یەك ئەندامن لە کۆمکاری عەرەبی، لە لایەکی تریش سوریا ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە ، ئەو رێگە پێدانە بۆ خۆی رەت کردنەوەی ئەو ئەندام بوونەیەتی، پێویستە کۆمکاری عەرەبی لەسەر ئەوە هەڵوێستیان هەبێت و ئەوە رەت بکەنەوە لە لایەن بەڕێز بەشار ئەسەدەوە، ئەوەی تر تەنها خاڵێك ماوە ئەگەر یارمەتیم بدەی باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەڕێز مالیکی باسی لەوە کرد کە پەکەکە تیرۆریستە، من پێم وایە بەڕێز مالیکی لەوەدا حەق نەبوو ئەوە باس بکات، بۆ؟ ئێمە لە شەڕی دژە تیرۆر ئیمزامان کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزای کردووە، حکومەتی عێراق ئیمزای کردووە، کە ئەو بە تیرۆریست بناسرێن، ئەمە ئیلتیزامامان بۆ دروست دەکات، ئەو ئیلتیزامە لە جێی خۆی نییە، هەر لەو سۆنگەشەوە من داوا لە پەکەکە دەکەم کە پابەند بن بە هەمیشەیی ئاگربەستەوە، شێوازی خەباتیان بگۆڕن، لەبەر ئەوەی گۆڕان لە دنیادا بووە، لە هەمان کاتیشدا شەڕ بە لایەنێك دەکرێت، بەلاّم ئاشتی دوو لایەنەیە، حکومەتی تورکیاش لەو رووەوە بەخۆی دابچێتەوە، بتوانێت کێشەی کورد بە رێگەیەکی ئاشتی چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەدهەم لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**برایێت هێژا, رێزدار پەرلەمانتارێت عەزیز.**

تدەستپێکا ناڤخۆدا سەر بابەتێ ئەڤرۆی پەرلەمانا کوردستانێت، ئەز حەز دکەم ئیشارێ بە حەقیقەتاکا جوغرافیا بکەم، ئەویش ئەڤەیە هەم وەکی ڤان میللەتێ کو ڤێ هەرێمێدا، یان ڤێ مەنتیقەدا دژین مەبەستا من نە هەرێما کوردستانێت, ڤێ مەنتیقە بەشێوەیەکی گشتیدا دژین، پێك هاتینە لە کوردو عەرەب و فارس و تورك، وەکی دەوڵەت، وەکی حکومەتێت ئیقلیمی، یێ دووش هەر جیهەتێکی ڤا جیهان میللەتێ دیش لەناڤدا دژیت، ئەڤە حەقیقەتا جوغرافیایە کە ئەڤرۆکە تێدا دژین، بەلکی دەڵێم وەنەبی بەلکی گەلەك ڤا نەتەوەییش نەبی کو خودانێت دەوروبەرێ کوردستانێ و میللەتی کوردیش، بەلکی تورکیا نەبێت، ئەز دبێژم بەلکی تورکیا نەبیت، عەکس وی بەلکی دروست بیت، ئەز رەئیا منە، بەلکی تورکیا نەڤێتن کورد لە تەنە شوێن هەبێتن، بەلێ ئەم جیرانێت مەیە، ئەمیش جیرانی وان و جیرانێت مەش نەڤێت، بەلکی مەش نەبێت هەم لە تەنیشت عەرەبا باینە، بەلێ حەقیقەتەکا جوگرافیاو خودێ ڤە تەکوینەو ڤی شکلێ ئەڤە خولقیەتدا نەتیجەی هیجرەتا بی، یاخود خولقیاتە مە هیچ نەبوو، ئەوە دەچیتە بەحسێ تاریخێ دوورو درێژ، هیچ ئێك لەمە نییە کو ئەم ڤێ خاکا خۆ هەلگرین داجیرانێ پێت ڤی نەبی، یان بۆ واش نییە کو خاکا خۆ هەلگرن دا جیرانێ کوردا نەبین، حەقیقەتێکە هەمی ڤێکرا پشتگیری ئەمە، ئەمێت پێکرا ژیان دەبەین، دەبێت ئەڤرۆ ڤێرەش ئەم پێکرا بژین، بە رەئیا من یا هەمیا موهمیتر ئەڤەیە نوکە، کە ئایا ئەم دچەواشێن ڤێ جیرانێت یاخۆ، ڤێ دۆستاتی یاخۆ بە باشی, بە سەروبەری, بێ موشکیلە بەینە سەر، من گول گەلەك دەنگا بوو، کە داوا دێتە کرن لە گەلەك حکومەت دەرڤەی مەنتیقی، دەعوەت دێتە کرن لە ئەمریکای، دەعوەت دێتە کرن لە روسیا، دەعوەت دێتە کرن لە یەکێتی ئەورووپا، داوا هاتە کرن لە زۆر جێ کە بێن موشکیلە بۆ ئێمە چارەسەر بکەن، ئایا ئەم وەکی دوو میللەتا ئاستێ مە هێندە نزم بوویە، کە ئەم خوچە، یان کورد دگەل تورکیا نەشێت موشکیلە ناڤخۆ حەل بکا, ئێرەیە جێ بەلایەکەم مەزن، ئەگەر بۆچوون و تێگەیشتنا منە ئەڤ بیت لە حەقیقەتدا کە هەمیشە پەنا ببینە بۆ لایەکی دیکە بێ موشکیلە، ئەم وەکی دوو میللەتا کە ڤێکرا ژیایینە، کە ڤێکرا دژین, بە رەئیا من هەمیشە ڤێت موشکیلە د بالأیەت تێدکۆشی، یا حەقیقەت ئەڤەیە تورکیا دە ئەڤرۆ موشکیلەکا هەی بە ناڤێ میللەتی کورد، ڤە موشکیلە چوارچێوەی عێراقدا بە واستەی مەسەلەی فیدرالیەت چێ بووینە پەرلەمانێ کوردستانێ، کێ بووینە دەوڵەتی کوردستانێ، ئو ئاخرین مەرحەلەی دەستوورا عێراقێدا زۆربەی زۆری میللەتێ عێراقێ ئیستیفتا کری، لێرە موشکیلە هەتا حەددێك ئەگەر بتەوا تەڤاڤێ ئەمنی، چ تەڤاڤێ بەلێ هەتا حەددێك هاتیە حەل کرن، ئەڤە موشکیلە مەیە تورکیادا هەی، یان مای ئەڤە موشکیلە مەیە ئیرانێدا هەی، یان مای و دمینێ، ئەڤە موشکیلە دا سوریا دا هەی، یان هەی دبێنین لێرە چارەسەر کرنا ناڤێ موشکیلەت ئێك لە رێکەیەکی دروست بوو ڤێکو ڤە مەنتیقە تووشی گێروگرفت بووینە بە مودەکی درێژ، یا موهم ڤەیە عەقل زانین و تەفاهوم دگەل یەك و دو هەمی ئەم پێی هەستین مەسەلەی میللەتی کورد بەشکلێکی دروست ڤا جیرانێت خۆ دەناسین، ڤێ چەندی قەبول بکەین بلّی میللەتێك لێرە هەی، کە ژمارە هەی، چونکە ئیحصایەت ئامارێت دروست مە نینە، بەس لە چل، چل و تشتەك ملیۆن، یان سی و سی تشتەك ملیۆن زێدەتر میللەت، هەتا ڤێکێشە مەنتیقا مە هەمیشە تڤان موشکیلە تڤان شەڕ، تڤان ناو تورکیادا بێژی، بۆ مەسەلەی پەکەکە ئەز تەئیدا پەکەکە ناکەین، ئەز رەدا پەکەکەش نادەین لە عەینی حاڵدا، ئایا کە ببێژم ڤە نوێنەرا راستەڤینەی میللەتێ کورد لە باکوورێ کوردستانێ یان نا، ئەز دێ بەحسێ هەندێ قەزاو بۆ

هەر كەسێ حەز دكا قەزاوەتێ بكا، بەلێ چ شتەك بە ناڤێ موشكیلە میللەتی كورد، یان توركیا هەی، دەبێت دەوڵەتی توركیا بەشكلێكی حەقیقی و راستی تێ بگا لە مەسەلە، ئەز تەناقوزێك لە مەوقیفێ سیاسێ دەوڵەتی توركیا دەبینم، دەربارەی حەلە مەسەلەی كوردی، ئەویش ئەڤەیە هەتا پاش هەڕەشەی و تڤێن موشكیلەشدا بەڕێز رەجەب تەیب ئۆردوگان گو با بێن لە بن بانێ, لە بن سەقفێ پەرلەمانێ موشكیلە خۆ حەل بكەن، باشە شتێكی زۆر دروست بوو، ئەگەر تشت لە بن بانێ، یان دە هۆلە پەرلەمانێ داهاتە حەل كرن, موشكیلە د حەل بیت، بەلكی عەینی حالەتە تەسریحاتی دوێنێ وەزیر خارجیەی توركیا لە بەغدا تە بێژی مەئاتە بەس یاكو پەكەكە ئیعلان كری، یان دانووستاندن دگەل پەكەكە قەبول نییە، نە پەكەكە كە حزبێكە ئەڤرۆ چەند چەكدارە شەڕی وا دكەن و ئەو شەڕێ دێتە كرن، ئان وەكی باشووری كوردستانێ، كە ئێمە حكومەتا هەی، ئێمە پەرلەمانە هەی، دۆستایەتیمان لەگەڵ توركیا هەی، هەندەك لە برایێت مە بەحسێ مەسائیلی ئیقتیصادی و ئەرقامێ و ئیعدادێ ئیقتیصادیش دگۆتن كە ئەوەندە هەزارە, دە ملیۆنە، هەندە ملیارە, تەعاون كەی، لێرە وەكی وجودێكی واقیعێكی ئەڤ لێرە تژی یا ئیعتیراڤ بووینە دەوڵەتێكا هەرێمی، یان ئیقلیمی لە كوردستانێش ناكات، ئایا پەلەت ڤێت ئەم پەكەكە بكەینە دەرەڤەی مەنتیقەی مە مەسەلەن، پەكەكە هەر وەكی گەلەكا برایێت مە ئیشارەتی پێ كری، پەكەكە لە دەستوورێمە نەهاتیە كوردستانێدا، پەكەكە ئیجازە لە سەركردایەتی سیاسی، یان لە پەرلەمانێ كوردستان، یان لە سەرۆكایەتی هەرێما كوردستانێ, سەرۆكێ حكومەتا كوردستانێ, پەكەكە لە هیچێك لەڤانە وەرنەگرتیە كو هاتیە، ئەو مەنتیقەی كو ئەڤرۆش پەكەكە تێدایە وەكی حەقیقەتێك مەنتیقەكە، یان دەرڤەی وا ڤێ مەنتیقەی ژیان و گوندو ئاڤایی و باژێری هەرێمێ كوردستانێ تێدا هەی، مەنتیقەكا دوورە لە هەندەك جێ ئەو جێی ئاخیریا جادە دەگاتە ڤە مەنتیقە، بەلكی دەه، پازدە، بیست سەعات ئەز خۆ پێشمەرگەی بوویمە لەو مەنتیقادا، من هاتوو چاو بەو مەنتیقەدا كریە، ئەز وا شارەزامە لە مەنتیقەدا، ئەگەر نوكە حەز بكەین بچین، یان كەسێك بچێتە مەنتیقەی وێ بە سەیارە هەتا دگاتە وێ، جێی دەگەینە جێی پەكەكە, مەڤەراتی پەكەكە پازدە سەعات، بیست سەعات، دەه سەعات بە پێیا حەتا لازمە بگەیەی، نە زەمانێ حكومەتا هەرێما كوردستانێ دا مەنتیقە چۆل بووینە، هەر زەمانێ مەلیكێ هەتا گەیشتە عەبدولكریم قاسم، هەتا بگاتە عەبدولسلام عارفا، هەتا بگاتە عەبدولرەحمان عارف، ئەحمەد حەسەن بەكر سەدانی تر، با توركیا باش بزانێت هێشتا وەكی حوكم، وەكی ئیدارە، وەكی عەسكەر، وەكی مەخەفەرێ پۆلیساش لڤان مەنتیقێت ئەڤرۆ پەكەكە تێدا بووینە، هێشتا ئیدارە حوكمەتێ عێراقێ لە زەمانێ مەلیك هەتا ئەڤرۆ نەگەیشتیە ئەكسەری ڤان مەنتیقە، مەنتیقەی دوورە دەستن، مەنتیقێت وا تێ بگەم ئەگەر جادەك بێتە بڕین بۆ ئەوە بەلكی بە سەدان ملیۆن دۆلار لازمە، چونكە هەمی تەڤینە، هەمی شاخێ زەحمەتن، ئەڤ مەنتیقا وێ پێشمەرگە تیا كری وەختێ كە بزاڤا رزگاریخوازا كوردی مە دژی رژێما سەداما مە خەبات دەكرد، خەباتا چەكداری مە دەكرد، سەدام كیمیایی بەكار هینا، سەدام مەوادی كیمیایی دژی مە بەكارهینا نەشێت مە بكاتە دەرێ، ئایا ئەڤرۆ توركیا حازرە ئەگەر هێرش بكاتە سەر مەنتیقەكی وا، مەنتیقا كیمیایی دژی پەكەكە بەكار بێنی، یەعنی حازرە تەزحیە مە عیلاقێت خۆ، پەیوەندیا خۆ دوەلی بدات و كیمیاش نینە بكەتن، یەعنی مەنتیقە ڤە شكلەیە تەبیعتێ مەنتیقە بەو شكلەیە، ئەوە داوا دكەم لێرەدا حەقیقەت ئەڤەیە هەروەكی جەنابێ سەرۆكێ هەرێما كوردستانێش كاك مەسعود بارزانی, سەرۆكێ كۆمارا عێراق بەڕێز جەلال تاڵەبانیش ئیشارەی پێ كرن, بە رەئیا من توركیا تڤیا زمانێكی ئاشوور بە زمانێكی عالەمی دەبێت ئەو مەسەلە حەل بكات لە هیچ حەل بوونێك بۆ ڤە تشتەك لێرەش داوای مە لە پەرلەمانا مە ئەوەیە، ئەز حەز دكەم بە كولی، یان بە شكلەكی دیار ئاشكرا ئیدانا بڕیارا پەرلەمانا توركیا بێتە كرن،

مەنەڤێمـە بڕیـارەك و پەرلـەمانا تورکیـا دای ببیتـە عادەتـەك بـۆ هـەموو دەوڵـەت, مەنـە ڤێـت ببتـە دەسـتوورێك بـۆ هـەمی دەوڵـەتی کـە هـەر دەوڵـەتاکا کـو ڤیـا هێـرش بکاتـە سـەر لایـەنێکی دی، مەسـەلە پەرلـەمانێ، پەرلـەمان بـە بڕیارەکە موقـدەس بداتـە حکومـەتێ فـەرموو کـەرەم بکـە، یـەعنی موجـەوەزی هێرشی، ببێتە موجەوەزێکی موقەدەسی پەرلەمان، هەر ولاَتێکی هێرش بکاتە سەری ئیدانە بێتە کرن، بـە رەئیا من ئەگەر بۆ مە بێتـە کـرن لـە رێگـەی سیاسـی، هـەر رێگایـەك بێـت سـەرۆکایەتیا پەرلـەمانێ باشـتر دەزانی، وەکی حکومەتا هەرێمێ کوردستانیش شکایەتێکی تەقدیمی نەتـەوەی یـەکگرتوو لەسـەر ڤـێ بڕیـارا پەرلـەمانا تـورکی دەکـەین و هیڤـی داریشـین ڤـە مەسـەلە زۆر ئاشـتیانە بێنـە حـەل کـرن، ئەگـەر مەسـەلە گەیشتە خالێکی کە تورکیا بێت تەجاوزێ بکات لە هەندێ جێ و ئو بیـا بەرژەوەنـدی یێـت میللـەتێ تـورك کوردستانێداو تێکچوونا لە سالَحە کوردستانێ، پەرلەمانا کوردستانێ، هیچ گومانێك تێدا نییە، ئەڤ میللەتـە زیاتر لە قەرنەك دیفاع لە خۆی کری، هەر ئەو پێشمەرگەنە، ئەو قەهرەمانێ پێش نوکە نا گۆڕێت, ئەڤرۆ خوێنی میللەتەش بە خوێن و بە گیان دی بەرامبـەری نـە عەسـکەرێ تورکیـا، عەسـکەرێ هـەر دەوڵـەتا دی راوەستن دێ خوێنا خۆ رێژن، کەسێکیش تەسەور نەکەت کو هاتینە عەسکەرێ تورکیـا بـە قوەتێکـا زۆر ڤـا ئیمکانیا کو ئەڤرۆ بەردەستێ تورکیا هەی دەهێتن و بە کەیفا خۆ هەر شتا دڤێت لە کوردستانێ دەکەن، نە هەزارە، ئەگەر نەبێژم دەه هەزارا، هەزارا کورا میللەتـەی ئامادەنـە بـەرگری بکـەن و ئـەو مەسـەلەیەش لـە چارچێوەی هەرێما کوردستانێ و پەکەکە ڤێ دیتـە مەسـەلە قـەومی و زەرەرێ مـەزتریش بـۆ تورکیـا دێتـە پێش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر نوری تالَەبانی ئەندامی سەربەخۆ لەناو پەرلەمانی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تالَەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی هەندێك گلەیی بکەم کەوا جـەنابتان ئەنـدامێکی سـەربەخۆ دەکەنـە دوا نـاوەوە، لـە کاتێکـدا کـەوا بەشی زۆری خەڵکی کوردستان بێ لایەنن، من وەکو قانونناسێك و وەکو ئەنـدامێکی بـێ لایـەن قسـە دەکـەم، وەکو قانونناسێك دەڵێم بڕیاری پەرلەمانی تورکیا کە بە دەست تێوەردان لەناو کاروباری دەوڵـەت دەدرێتـە قەڵـەم، بەپێچـەوانەی قـانونی نێودەوڵەتییـە، بـە پێچـەوانەی بڕگـەی حـەوتی مـاددەی دووی پەیماننامـەی یوئێنە، ئەمڕۆکە سەردەمی دیـالۆگ و پێکـەوە دانیشـتنە بـۆ چارەسـەر کردنـی کێشـە ناوخۆییـەکان و هـەم کێشە نێودەڵەتیەکانیش لەعێراقیدا دەبینی کەوا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو عێـراق دەدرێـت لـە رێگای دیالۆگ و پێکەوە دانیشتن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بە هەمان شێوە، مەسەلەی کورد مەسەلەیەکە دەمێکـە لەسـەر ئاسـتی دەرەوەو نێودەوڵـەتی بـاس دەکرێـت و کێشـەیەکە پێویسـتە لـە رێگـەی دیالۆگـەوە چارەسەر بکرێت، چەندەها کێشە لەو جۆرە هـەبووە، پـاش خـوێن رشـتنێکی زۆر, لایەنـە پەیوەندیـدارەکان ناسرا بوون پێکەوە دانیشتن بۆ چارەسەر کردنیان، ئیسرائیل پتر لە پەنجا ساڵ دانـی بـە رێکخـراوی ئـازادی بەخشی فەلەستینی دانەنا وەکو رێکخراوێکی تیرۆریستی دەیدا قەڵەم، بـەلاَم پـاش خـوێن رێشـتنێکی زۆر ناچار بوون بە یەکەوە دانیشن بـۆ چارەسـەر کردنـی ئـەو کێشـەیە، هـەروەها لـە ئێرلەنـدا, لـە زۆر ولاَتـانی دیکە، من لێرەدا دەمـەوێت ئامـاژە بـۆ هەوڵـەکانی لایـەنی کوردسـتانی بکـەم لـە مـاوەی سـالأنێکی زۆردا بـۆ

چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، یازدە ساڵ لەمەوبەر لە ئەڵمانیا لەشاری بۆن کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بەسترا بە هاوکاری کردنی کۆمەڵێك ڕێکخراوانی ئەوروپی و کوردستانی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نێوان پەکەکەو حکومەتی تورکیا، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام لەو کۆنفرانسەدا هەڵوێستی دوو ئافرەتی جەرگ سوتاو بوون، یەکێکیان دایکی جەنگاوەرێکی کورد بوو کە لەو شەڕدا کوژرا بوو تەرمەکەشی بە دەستی ئەو دایکە نەدەکەوتەوە، وەکو دایکێکی جەرگ بڕاو رووی کردە ئەو خەڵکە داوای لێ کردن بەسە با ئیتر خوێن نەڕێژرێت، پاشی ئەو خێزانی ئەفسەرێکی تورك کە ئەویش وەکو خێزانەکەی گوتی هەرگیز باوەڕی بەو شەڕە نەبووەو هەردەمیش دەیگوت دەزانم ڕۆژێك لە رۆژان دەکوژرێم، ئەو دەمەش کە کوژرام داوای لە خێزانەکەی کردو نەهێڵن بە مەراسیمی رەسمی تەرمەکەم بشاردرێتەوە، ئەویش وەکو ژنێکی جەرگ بڕاو داوای لەو خەڵکە کرد، کە هەوڵ بدەن ئەو شەڕە ئیتر بەسە با خوێن لەو وڵاتەدا نەڕێژرێت، ئێمە پێویستە داوا بکەین لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی ئەمڕۆکە ئەمریکاو دەوڵەتانی دی ئەوروپی بەرپرسن لە داکۆکی کردن لە خاکی دەوڵەتی عێراق، پێویستە داوا بکەین لە حکومەتی عێراق، لە هەموو دەوڵەتەکانی ناوچە، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشە، چونکە کاتی ئەوە هاتووە کەوا لە ڕێگەی دانیشتن و دیالۆگ پێکەوە چارەسەر بکرێت، داواکارین کەوا پەرلەمانی کوردستان نامەیەك ئاراستەی پەرلەمانی تورکیا بکات و داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بکات، کەوا ئەو کێشەیە بە ڕێگەی دانیشتن و دیالۆگ چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك دکتۆر نوری تاڵەبانی ئەندامی سەربەخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، تەنیا تەعلیقم ئەوەیە جەنابت ئەندامێکی سەربەخۆی، بەلاَم مانای ئەوە نییە ئۆتۆماتیکی تەعبیر لە سەربەخۆی کوردستان بکەیت، هەر ئەندامێکی سەربەخۆ خۆی بە حزبێك دەزانێت، کەسیش تەعبیر لێ ناکاتن، جەنابت ڕێزت هەیە، بەلاَم ئەوەندەیە ئەو حەقیقەتەش راستە، خاتوو گەلاوێژ ئەندامی پەرلەمان لە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، دوامخست, خۆشی دەزانی بۆ دوامخست فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە سەرەتای قسەکانمەوە تەئیدو پشتگیری هەڵوێستەکان لە کۆبوونەوەی دوێنێ کردمان دەکەم، جەنابت ئیشارەتت پێدا لە بیدایەتی کۆبوونەوەکەمان تەئکیدیان دەکەمەوە دووبارە، بەنیسبەت داواکارییەکان:

یەکەم/ داوا لە پەرلەمانی تورکیا دەکەم کە پێداچوونەوەیەك بە بڕیارەکەی بکاتەوە، پێش ئەوەی بچێتە بەردەم حکومەتەوەو تەنفیزی بکات، کاتێك کە دەبینێ خەڵکی کوردستان، چ خەڵکی عێراق بەگشتی، هەروەها وڵاتانی یەکگرتوو و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو وڵاتانی ئاشتیخواز داوای ئاشتی دەکەن و داوا لە سوپای تورکیا دەکەن، کە دەست بە شەڕ نەکاتن و ڕێگای دیالۆگ بگرێتن، لە هەمان کاتیشدا وەکو کوێستان خان ئیشارەتی پێدا، ئێمە کە گەلی عێراق بەشێوەیەکی گشتی بە هەموو چین و توێژو

ئاینەکانیەوە گەلێکی ئاشتیخوازین و چەندین ساڵە هەر لە شەڕدا دەژین، یەعنی حەقی خۆمانە کە ئەمڕۆ لە وەزعێکدا بژین وەزعی ئارامەو تووشی شەڕ نەبینەوە جارێکی تر، هیواشمانەو ئینشائەللا دەشبێت، لە هەمان کاتدا داوا لە پەرلەمانی خۆمان دەکەینەوە کە داواکارییەك ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیتیحادی ئەوروپی و ئەمریکاو هەروەها هێزە فرە نەتەوەییەکان لەناو عێراقدا ئاراستە بکەین، بۆ ئەوەی تووشی شەڕو پێکدادان نەبینەوە، هەروەکو خۆت ئاماژەت پێدا شەڕ نەتیجەکەی دائیمەن کارەساتەو دەمارە، ئەوەی لە شەڕدا تووش دەبێت، زۆرینەی خەڵکی بێ گوناهن و کەسانی سەرکردایەتیەکان ناچنەوە پێش بۆ جەنگا، ئەگەر سوپایە هەر کوڕی خەڵکی هەژارو فەقیرە، ئەگەر هاووڵاتیانە هەر لە گوندەکانەوە تەدمیر دەکرێن و دەربەدەر دەکرێن، تووشی کارەساتی زۆر دەبین، لە هەمان کاتیشدا داوا لە تورکیا دەکەین رێز لە جیرانەتی عێراق بگرێت، لەسەر ئاستی بنەما نێودەوڵەتیەکان بۆ پاراستنی سنوورو جیرانەتی لەگەڵ عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك جوتیار لە لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ماوەیەکی درێژە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان نائارامی بەخۆیەوە دەبینێت، بەتایبەت قەیرانی پەکەکەو تورکیا بۆتە سەبەبی ئەم نائارامیە، لەم دواییشدا تورکیا هەڕەشەکانی خۆی توندتر کردووە، داوای لە پەرلەمانی وڵاتەکەی خۆی کردووە، رەزامەندی بدات بۆ ئەوەی بچنە شەڕەوە لەگەڵ پەکەکە، بەڕاستی ئەوەی جێگای سەرنجە هەڵوێستی پەرلەمانی تورکیایە کە دەبوو حکومەت راسپێرن بە شێوازی ئاشتی و دیالۆگ و گفتوگۆ، بۆ ئەوەی مەنتیقی سەردەم قەبولی دەکات بەو شێوازە کار بکەن بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیران و گرفتانەی رووبەڕووی تورکیا بۆتەوە، بۆخۆمان دەزانین ئەو سەردەمە سەردەمی دیالۆگ و لێك تێگەیشتن و حیساب بۆ یەکتر کردنە، بۆ ئەوەی ئەو رێگایە باشترین رێگا چارەسەر کردنی کێشەکانە، کێشەی نێوان پەکەکەو دەوڵەتی تورکیا، بەڕاستی کێشەی هەرێمی کوردستان نییە، ئێمە بەشێك نین لەم کێشەیە، پێش ئەوەی حکومەتی هەرێم دروست ببێت پەکەکە بۆ خۆی هەبووە، کێشەیەك بووە لە تورکیا، تورکیا حیسابی لەسەر ئەوە کردووە بیست و سێ ساڵ پێش ئێستا ئەو کێشەو موشکیلانە هەن، لەبەر ئەوەی ئێمە بە بەشێك لەو کێشانە حیساب ناکرێن، ئێمە لەناو ئەو شەڕو کێشەو مەشاکیلانە نین، ئێمە لایەنگیری شەڕ نین، دژی عونف و توندو تیژین، چونکە ئێمە وەکو گەلی کورد مەعاناتی زۆرمان چەشتووە لەگەڵ شەڕو توندو تیژی و، ئێشو ئازارمان زۆر بینیوە، بۆیە گەر پێمان بکرێت، چەندمان پێ بکرێت هاوکاری دەکەین بۆ ئەوەی بەشێوەی ئاشتیانەو لە یەکتر گەیشتن ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، بەڵام هەر لایەنێك بیەوێت سەروەریمان پێشێل بکات، بیەوێت ئەو کوردستانە نائارامی بکات و ئارامی کوردستان تێك بدات مافی بەرگری کردنی رەوامان دەبێت, بەرگری لە سەروەرییەکانی خۆمان بکەین, لە

سیادەو لە دەسەڵاتەکانی خۆمان بکەین، حەقە پەکەکەش رەچاوی ئەو واقیعەی هەرێمی کوردستان و ئەو واقیعەی لە کوردستاندا هەیە بکات، بەراستی ناوچەکەی ئێمە ناوچەکەیە تەحەمولی ئەو بارگرژی و ئاڵۆزی و کێشەو مەشاکیلانە ناکات، پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت، پەکەکە کارێکی چاکیان کردووە، چەند جارێك ئاگر بڕیان راگەیاندووە، ئەو دواییانەش ئاگر بڕیانە کارێکی باشیان کردووە، شتێکی باشە ئەو ئسلوب و شێوازە, ئاگر بڕو تێگەیشتن و قسە کردن بە تەسەوری من بە ئاراستەیەکیان دەبات، هەنگاوێك دەیانباتە پێشەوەو دەتوانن چارەسەری کێشەکانیان بکەن، حەقە دەوڵەتی تورکیا وەڵامی ئیجابیانەی ئەو ئاگر برە بداتەوەو بێ ئەهمیەت سەیری نەکات، ئەوە رێگایەکە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەو قەیرانانە کە لە تورکیادا هەیە، من دەڵێم پەکەکە حەقی نەبێت لە ئاگربڕ و لەو رێگەیەی کە گرتۆتە بەر، حەقە دەروازەکانی ئاشتی و پێکەوە ژیان بدۆزێتەوەو ماندوو نەبێت و نەفسی درێژ بێت ئاگربڕو راوەستانی شەڕو ئەوانە، چونکە ئەو ئاراستەیە لە ئیش کردن لە خەبات و تێکۆشان لەو سەردەمە شك و شێوازێکە کە بە ئاراستەیەك دەیانبات دەتوانن بگەنە نەتیجەیەك و هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراو و مونەزەماتی ئاشتی پارێز لە دنیا پشتگیریان دەکەن و عەتف و سۆزیش زیاتر بۆ خۆیان دروست دەکەن لە دنیا، لە حەقیقەتدا کوردستانی عێراق، لە هەرێمی کوردستاندا تەحەمولی سەرجەم ئەو بارگژیانەی ئێستا ناکات کە دروست بووە، من پێم وایە ئەگەر ئەو شەڕە رووبدات کێشەو مەشاکیلی زۆر دروست دەبن، یەك لەوانە مەترسی ئاوارە بوون دروست دەبێت، رەنگە کۆچی بە کۆمەڵ و کۆڕەو دروست بێت کە کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانی ئێس سی ئار، بۆ خۆشی ئەوەی راگەیاندووە مەترسیان لەوە هەیە، تورکیا دەمێکە ئەنجامی شەڕ تاقی کردۆتەوە، بیست و سێ ساڵە ئەنجامی بە شەڕی تاقی دەکاتەوە، حەقیشە لەوەو دوا ئەنجامی ئاشتی و گفتوگۆ و لێك گەیشتن تاقی بکاتەوە، بەراستی ئێمە دەستخۆشی لە پەرلەمانی عێراق دەکەین کە هەڵوێستی راشکاوانەیان هەبوو, پشتگیری لە رەئیەکانی جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مەسعود دەکەین، کە هەوڵێکیان داوە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بەشێوازی گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، حەقە حکومەتی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەڵوێستێکی راشکاوانەیان هەبێت، من پێشنیار دەکەم، ئەگەر لیژنەیەك دروست بوو، کە وەفدێك چوو بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە لە حکومەتی عێراق، ئەندامێکی هەرێمی کوردستان، ئەندامی ئەو لیژنەی ئەو وەفدە بێت، چونکە کێشەکە لەناوخۆی هەرێمی کوردستان کاری کردووە، پێویستە نوێنەری هەرێمی کوردستان لەناو ئەو وفدانە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من یەك مولاحەزە دەدەم چارەکێکمان ماوە، پاش ئەو چارەکە دەبێت دە دەقیقەیەك ئیجازە بدەنە ئێمە، بۆ ئەوەی ئەو قسانەتان لەگەڵ ئەو شتانەی کە نووسیووتانە بیخەینە ناوەوە، دوایێ بێین بەیانەکە بخوێنینەوە، لەو چارەکەدا ئەوەی کە مەجالی هەبێتن بە کورتی، چونکە فراکسیۆن بە فراکسیۆنەکان هەموو قسەیان کرد، مەسئوولەکان هەموو قسەیان کرد، لەبەر ئەوە ئەوەی کە قسەکەی دووبارەیە بڵێت

سوپاس، ئێمە مەمنونی دەبین، ئەگەر قسەیەکی هەیە نەکرا بێت، پاش ئەوەی کە گوێمان گرت لە هەموو رەئیەکان، فەرموو کاک خەلیل ابراهیم.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من پشتگیری لەو خالآنە دەکەم لە سەرەتای قسەکانی جەنابت هاتوون, چوارچێوەیەکی باشە، موحاوەلەیەکی باشی تێدا بێت تا بۆ چۆنیەتی تەعامول و هەڵوێست گرتن لەسەر ئەو مەسەلەیە، قسەکان کران و زۆریش بوون و پشتگیری هەموویان دەکەم، بەلآم یەك موقتەرەح دەکەم، من پێم باشە ئێمە پەرلەمان بەردەوام موبادەراتمان هەبێت، موبادەرەیەکی ئێستا بکەین و ئیستیعدادی خۆمان دەربکەین، چۆن پێشوازی لێ دەکرێت، ئەوە موشکیلە نەبێت لە لای ئێمە، موحاوەلەیەك بکەین و هەوڵێك بدەین ئەو دیلانەی تورك لە لای پەکەکە گیراون هەولێکی وا بدەین کە بەربدرێن، ئیحتیمالە موبادەرەیەکی باش بێت و ئیستیفادەی لێ بکرێت.

نوقتەی دووەم/ ئەو کێش و هەوایەی کە ئێستا لەناو تورکیادا هەیە بەرەیەکی باشی جوانی ئیعتیدالی وەسەتی خاوەن وتارێکی نوێ، یەعنی ئیستیفادە لەوە بکەین و پشتگیری ئەوە بکەین بەرامبەر بەرێکی تر ئەوە هەیە، راستی گوتاری سیاسی و سەرکردایەتی کوردستان جێگای نرخاندنەو کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هەڵوێستی دەولی هی مونەزەمات هی خەلکی تر لەسەر جەماوەری خۆمانیش، یەعنی ئەو روحی بەرگری و بەرخودان, روحی ورە بەرزی، ئەمە شتێکی باش بوو بۆ ئێمەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەیان ساڵە تورکیا هەڕەشەمان لێ دەکات و کێشەمان بۆ دروست دەکات، چاوەڕوانی ئەوە بووین لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا، بەتایبەتی کە نوێنەرانی پارتی دادو گەشە پێدان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەیان بۆیان کرد کە کێشەی نەتەوەکان و کێشەی کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا لە رێگەی دیالۆگ و دانوستاندن چارەسەر بکات, گەلێك بەڵێنیان بە گەلی کوردستان و کوردش دا, هەر لە رێگەی ئەو دەنگدانانەوە دەنگدەرانی گەلی کوردستان لە باکوور توانیان زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمان لە تورکیا بەدەست بێنن، چاوەڕوانی ئەوە بووین کە حکومەتی تورکیا، پەرلەمانی تورکیا، دەوڵەتی تورکیا، بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە، سیاسەتێکی نوێ بگرێتە بەر، بەلآم بەداخەوە بینیمان هەر لە دوای ئەوە حکومەتی تورکیا لە هەموو بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بۆوە بەهۆی حکومەتی تورکیا کە سەرۆکەکەی و سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدانە لەسەر داوای ئەو داوا کراوە کە ئەم لەشکرکێشیە بکرێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم لەشکرکێشیە، یان ئەو بڕیارەی کەوا پەرلەمانی تورکیا وەریگرتووە،

ئەم بڕیارە بڕیارێکی نادروستە، بڕیارێکی ناڕەوایە، بڕیارێکە دژی بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، بڕیارێکە دژی گەلاڵە نامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیارێکە کە تورکیا بۆ خۆی لە ساڵی 1945دا ئەو گەلاڵەنامەی ئیمزا کردووە، پەیمان, نێودەڵەتەکانی ئیمزا کردووە، کە ڕێز لە سەروەری وڵاتان بگرێت، بەلاّم دەبینین ئەم بڕیارە بۆ خۆی دەبێتە هۆی بەزاندنی سنوورو ڕاگەیاندنی شەڕ, لەشکرکێشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دەست تێوەردانی ناو کاروباری هەرێمی کوردستان، ئێمە پێمان وایە ئەم بڕیارە بە داخەوە گومانی لێ دەکرێت بۆ لەبار بردنی ئەزموونی کوردستان بێت، بۆیە پێم وایە ئەو بڕیارەی کەوا پەرلەمانی تورکیا وەریگرتووە، کە لەسەر داوای خودی ساین ئۆردوگانە، کە سەرۆک حکومەتی تورکیایە، دەبوایە بەو شێوەیە نەبوایە، دەبوایە بە پێچەوانەوە ڕێبازی دیالۆگ بگرێتە بەر، کێشەی پەکەکە، کێشەی ئێمە نییە، کێشەیەکە لە ساڵی 1984ەوە سەری هەڵداوە, ماوەی بیست و سێ ساڵە چەکدارانی پەکەکە لەسەر سنووره نێودەوڵەتیەکاندان و ئەو ناوچانە ناوچەی دوورە دەستن، ناوچەی وەکو دەڵێ نائیین، ئەو کێشەیە کێشەی ئێمە نییە، بەداخەوە ئەم بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا زیاتر بۆ دەست تێوەردانی ناو کاروباری ئێمەیە، ئەمە بیانووە لە ئێمەی دەگرن، جارێك بیانوومان لەسەر دەگرن لەسەر کێشەی کەرکووك، لەسەر هەڵبژاردنەکانی کەرکووك، لەسەر دەنگدان لەسەر کەرکووك، جارێك بیانوومان لێ دەگرن لەسەر ئەوەی کەوا پەکەکە هێرشی چەکداری دەکات، یان چالاکی دەنوێنێ لەناو تورکیا، لە لایەکەوە دەبینین ساین ئۆردوگان دەڵێ با بێن لە پەرلەمان کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەلاّم بەداخەوە کە پەکەکە ئاگربەست ڕادەگەیەنێت، ساین بابا جان لە بەغداوە ڕادەگەیەنێت دەڵێت ئێمە ئەو ئاگربەستە قەبول ناکەین، چونکە ئاگربەست عادەتەن لەنێوان وڵاتێك و وڵاتێکدا دەبێت، لەگەڵ وڵاتێك و ڕێکخراوێکدا نییە، یەعنی ئەو دەست پێشخەریەی کە پەکەکە دەیکات، کە تەمەنا دەکەین پەکەکە بەسەر ئەو ئاگر بەستەی، بەلاّم دەبینین بەپێچەوانەوە، ئەو حزبە لەناو خودی دوو ڕەئی جیاواز دایە، ئێمە پێمان وایە ئەو لەشکرکێشەیە خوا نەخواستە دروست ببێت، زیان بە هەموو لایەکمان دەگەیەنێت، دەوڵەتی تورکیا، کار بەدەستانی تورکیا، حکومەتی تورکیا، پەرلەمانی تورکیا، دەبێت ئەوە باش بزانن، ئێمە هەموو میللەتی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست چارەنووسمان پێکەوە بەستراوەتەوە، کە چارەنووسمان پێکەوە بەستراوەتەوە، خۆشگوزەرانی ئێمە هەر لایەکمان دەبێتە خۆشگوزەرانی بۆ لایەکەی تر، گەشە پێدان و دیموکراتیەت ئەگەر لە هەر وڵاتێکدا، یان لەناو هەر یەکێك لەو میللەتەدا گەشە بدات، مانای کاردانەوەی باشی دەبێت بۆ لایەکەی تر، بەلاّم خوانەخواستە ئەگەر ئەو هێرشە کە ببێت، مانای وایە لە ئێمە تێك دەچێت، ئێمە پێمان وایە دەیانەوێت ئەم ئەزموونەی ئێمە تێك بدەن، دەیانەوێت لە ئێمەی تێك بدەن، کە لە ئێمە تێکچوو، بە تەئکید لە هەموو لایەك تێك دەچێت، بۆچی لە هەموو لایەك تێك دەچێت؟ پێش هەموو شتێك موصداقیەتی ئەمریکاو هاوپەیمانان نامێنێتەوە، ئەگەر لە ئێمە تێکچوو، ئەو حکومەتەی بەغدا کە ئێستا هەموومان شانازی پێوە دەکەین و دەڵێین حکومەتێکی نوێیە، ئەو وەختە ئەو حکومەتە هەڵدەوەشێتەوەو نامێنێت، ئەم ئەزموونە ئەگەر تێکچوو زەرەر بە هەموومان دەگەیەنێت، بۆیە ڕێگای

دیالۆگ تاكە ڕێگایە، هەموو میللەتان ئەم ڕێگەیان هەڵبژاردووە بە دانووستاندن و دیالۆگ، من داوا دەكەم بەناوی پەرلەمانی كوردستانەوە، پێش هەموو شتێك سوپاسی هەموو ئەو دەنگ و هەڵوێستانە بكەین، كە داوای ڕاگرتنی ئەو لەشكركێشەیە، یان دژی بڕیارەكەی پەرلەمانی توركیا بوون، ئەوە لە یوئێنەوە دەرچوو، كۆنگرێسی ئەمریكا بوو، دومای ڕوسیا بوو، یەكێتی ئەوروپا بوو زۆربەی وڵاتان ئەوانەش كە پشتگیریان كرد، ئەوانیش پەشیمان بوونەوە كەوا دەبێت ئەو لەشكركێشیە نەكرێت، هەروەها نامەیەك ئاراستەی پەرلەمانی توركیا بكەین، بۆ بەخۆداچوونەوە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی كە دەرچووەو داوایان لێ بكەین ئەو ڕێگایەی كە بەڕێز ئۆردوگان گرتی و گوتی لە ژێر چەتری پەرلەماندا با بێن كێشەكان چارەسەر بكەن، ئەوە زیندوو بكەنەوەو بڕیارێك دەربچێت، عەفو عام دەربچێت، داوا بكرێت بە ڕەسمی پەكەكە بێن، یان نوێنەرانی گەلی كورد بێن لەوێ ئەو كێشەیە چارەسەر بكەن بە ڕێگەی دیالۆگ، چونكە ئێمە پشتگیری لە دیالۆگ دەكەین و من دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەوانەی كە لەگەڵ دیالۆگن، پشتگیری لە بۆچوونەكەی سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان دەكەم، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر ناصح ئەندامی لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان، ئێستا من ناچارم دەنگەكان ئیختیصار بكەم، لەبەر ئەوەی هەشت دەقیقەمان ماوە، دوو ئەندامی یەكێتی و یەكێك هی پارتی ماون، كاك تەلعەت لە توركمان، لەگەڵ كەژاڵ خان لە كۆمەڵ، ئەوەندە قسەیان دەدەمێ، بۆ ئەوەی فورسەتێك بخوازین، باشە لە جیاتی كەژاڵ خان كاك حەسەن لە لیستی كۆمەڵی ئیسلامی فەرموو.

**بەڕێز حسن بابكر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە زۆر قسە كران، بەلام سەبارەت بەو گرژیەی سەر سنووری هەرێمی كوردستان و توركیا، هەر یەك لەسەر كۆماری عێراق و سەرۆكی هەرێم و حكومەتی هەرێم و ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەكان هەڵوێستیان دەربڕیوە، بۆیە پێویستە هەڵوێستی ئێمەش وەكو پەرلەمانی كوردستان هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەوان و زۆر دژایەتی نەبێت، یاخود وەكو ئەوان بێت. خاڵێكی تر/ ئێمە زەرەرمان نەكردووە لەوەی قەناعەتمان وایە داوای ئاشتی دەكەین، دەمانەوێت بەشێوەیەكی سیاسی كۆتایی بەو تەنگەژە بێت و نەكەوینە شەڕێك كەوا توركیاو هەموو لایەك تیایدا زەرەر دەكەین، چونكە بەڕاستی بەو نەرمیەو بەو داوای ئاشتی كردنە، عەتفی زۆر لە وڵاتان و لایەنەكانی دیكەمان بە دەست هێناوە. خاڵێكی تر/ وا باشە بارودۆخی سیاسی و دەسەڵاتی توركیا وەك خۆی بخوێنینەوەو لە پێناو بەرژەوەندی ناوچەكەو كوردستانی عێراق و كوردی توركیاش، بەڕاستی لایەنەكان، ئەو لایەنەی كە زیاتر كرانەوەو ئاشتی پێوە دیارە بەرامبەر كوردی توركیاو كوردی عێراقیش بەجۆرێكی تر سەیر بكرێت و مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، ئێمە هەموو

دەست درێژییەك بۆ سەر هەرێمی کوردستان رەت دەکەینەوەو کوردیش حەقی خۆیەتی، حەقێکی شەرعی و قانونی خۆیەتی کە دیفاع لە مافی خۆی بکات، بەلاَم بەڕاستی پێویستیشە پەکەکەش ئاگادار بکرێتەوە لەوەی کە بارودۆخی تایبەتی کوردستان رەچاو بکات و لەبەر چاوی بگرێت، بەڕاستی داوا دەکەین مایەی بەرقەراری و بەرەو پێشچوونی ئەو ئەزموونەی کوردستان بێت، بە ئاشتی داوای مافی خۆی بکات، هەروەها تورکیاش کە زۆر مافی دیموکراسی و وشەی بریقەدار بەکار دەهێنێت دەربارەی مافی مرۆڤ و ئەو شتانە، ئەویش ئاوڕێکی بە رەحمەت لە گەلی کوردی تورکیا بداتەوە، کە نزیکەی بیست ملیۆنە، وەك چۆن لە تورکیادا خەلَکی تر مرۆڤن، بە هەمان شێوە کوردیش مافی ئەوەیان هەیەو مرۆڤن, لە کۆتاییدا پشتگیری ئەو بنەمایانە دەکەین کە جەنابتان لەسەرەتاوە خوێندتانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا موحسن لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان فەرمووو.

**بەڕێز محسن علی اکبر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە دەمەوێت لێرە باسی بکەم، بەڕاستی یەعنی دوور لەو قسانەی کە برادەران لێرە باسیان کرد، شتی زۆر گرنگ لێرە باس کرا، ئەوەی کە گرنگە ئێمە نە بە پاڕانەوە، نە بە هەڵچوون و بەو جۆرە شتانە ناتوانین ئەو حەدەسە گەورەیە رووبەڕوومان بۆتەوە لابەلای بکەینەوە، من پێم وایە ئەو رووداوە، رووداوێکی گەورەیە بەناوی پەکەکەوە بێت، یان هەر شتێکی تر بێت ریشی ئێمە دەگرێتەوە لە هەرێمی کوردستان, تەجروبەکەی ئێمە کەوتۆتە بەر مەترسییەوە، جا لەبەر ئەوە حەق وایە ئێمە بەباشی لێی ورد بینەوە لە تەسریحاتی خۆمان، لە قسە کردنمان، هەوڵی خۆمان هەمیشە بخەینە ئەو جۆگەلەیەی کە کۆمەڵێك سیاسەتمەدار چ لەناو تورکیا، چ لە دەرەوەی تورکیا بە ئیتیجاهی چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە دەڕۆن، خۆتان دەزانن لە ناو تورکیا ئێستا هەڵگرانی بیری تازە، کە دەیانەوێت چارەسەرێك بۆ ئەو لەشکرکێشانەی تورکیا بدۆزنەوە دەوری خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێك خەڵك لە سیاسەتمەداران بەتایبەتی لەناو لەشکری تورکیاش، لەو بابەتانەن کە دەیانەوێت ئەو مەسەلانە بەرەو هەڵچوون بەرن، شان بە شانی ئەوە هێزە ئیقلیمیەکانیش دەوریان هەیە لەناو ئەو مەسەلەیە، بۆ نموونە مەسەلەن لە ئەمریکا کە خیلافێك لە بەینی هەردوو حزبەکە دەبێت، بۆ هەر مەبەستێك مەسەلەی ئەرمەن دێتە ئاراوە, تورکیا پێی نا رەحەت دەبێت، لە ئەنجامی ئەوە دەیەوێت ئیزعاج بوونێك بۆ ئەمریکا لەم ناوچە دروست بکات، سوریا خۆی کێشەی هەیە لەگەڵ ئەمریکا، کە کێشەی هەیە دەیەوێت عیلاقاتی تورکیا لەگەڵ ئەمریکاو بوونی ئەمریکا لەم ناوچەیە بئاڵۆزێنێ، چونکە لە فازانجی ئەوە، رەنگە هێزی تریش هەبێت لەم ناوچەیە بە هەمان شێوە دەور ببینن لەو مەسەلەیە، لەبەر ئەوە خیتابی ئێمە هەمیشە دەبێت عەقلاَنی تر بێت، بەشێوەیەکی ورد لە مەسەلەکان ورد بینەوەو کار بکەین بۆ ئەو مەسەلەیەی کە ئێمە شان بە شانی ئەو هێزانەی کە چارەسەرێکی ئاشتیانەیان دەوێت بۆ ئەم مەوزوعە ئەوە بکەین، ئەگەر کێشەی سیاسی ناو تورکیا چارەسەر ببێت، من پێم وایە تورکیا واز لە ئێمەش دەهێنێت و لە کۆڵمان دەبێتەوە، تا ئەو مەسەلەیە ما بێت ئەم کێشەیەی ئێمەش هەر دەمێنێتەوەو کەوتۆتە بەر مەترسی، ئەگینا مەسەلەی

پەکەکە مەعلوعە بیست ساڵ زیاترە لە کوردستانی عێراق و لە شاخ و سەر سنوورەکان هەن، زیاد لە جارێکیش هێرشی کردۆتە سەر پەکەکە، نەیتوانیوە ئەنجامێکی سیاسی زۆر باش بە دەست بێنێت، لەبەر ئەوە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، چارەسەریەتی سیاسیانەیە، نەك عەسکەریانە، قەت ناتوانێت لە ڕێگەی عەسکەرییەوە چارەسەری ئەوە بکات، هەڵبەتە ئێمە وەکو نوێنەرانی گەلێکی ستەمدیدە نزیکەی سەدەیەکە لە خەبات و تێکۆشاندان، تاکو ئەمەمان هێناوەتە بەرهەم، کە ئێستا پێی دەڵێن هەرێمی کوردستان و شوێنێکی دیاری کراو و ئەوانەی هەیە، قەت مومکین نییە لەبەر دەمی هەڕەشەی ئەم لاو ئەولا دەستە وەستان بوەستێت و خۆمان بدەین بە دەستەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێویست بەوە ناکات هەڵبچین و موبەریری بدەین بە دەستەوە, لە لایەن چەندین لایەن هەن لەناو تورکیاو لە دەرەوەی تورکیا بە ئسلوبێك قسە دەکەن، ئەو ئسلوبانە هی ئەوەیە ئیستیفزازمان بکەن، ئێمەش موبادەرەیەك، یان قسەیەك، یان بەجۆرێك تەسریحێك بدەین، ئەو تەسریحاتانە بکەوێتە ئەو خانەیەی کە ئەوان ئیستیفادەی لێ دەکەن، جا لەبەر ئەوە من پشتگیری لە هەموو ئەو پێشنیارانە دەکەم, کە هەردوو فراکسیۆن و فراکسیۆنەکانی تریش دەریان بڕی دەربارەی ئەوەی کە ئێمە ئەو قەرارەی پەرلەمانی تورکیا ڕەت دەکەینەوە، ئەوە ئینتیهاکی سیادەی عێراقیە, بە پێچەوانەی قەرارەکانی نێودەوڵەتییەوەیە دەبێتە سابیقەیەکی خراپ بۆ هەر دەوڵەتێکی تر بیەوێت دەست خاتە ناو دەوڵەتانی تر، بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیران و مەشاکیلانەی کە لەناو ولأتەکەی خۆیاندا هەیەو ڕەوانەی دەرەوەی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە داوا دەکەین لە پەکەکەش، یەعنی ئەو ڕەئسمالەی کە ئێستا هەندێك لایەن بەتایبەتی ئەوانەی لە حکومەتدان گرتوویانەتە بەر بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە لە ژێر قوبەی پەرلەمان، ئەمانیش زمانی گفتوگۆ و دیالۆگ بگرنە بەر، نەك زمانی چەك و ئەو جۆرە شتانەو ئیستیفادە لەو هەلەش بکەن، کە بۆ هەموو لایەك سوودی دەوێت بۆ گەلی تورکیا، هەم بۆ ئێمەش لە کوردستانی عێراق و بۆ گەلی کوردیش بە گشتی سوودی هەیە بۆ ناوچەکەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جەمال یوسف لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت من دەمەوێت قسە بکەم لەسەر ئەم دوو ساڵەی ئەخیری پەیوەندییەکانی ئێمەو تورکیا، هەر لایەنە سلبیەکان باس نەکەین لە بەیاننامەکەی خۆماندا، حەقیقەت هەر لە ساڵی 1988ەوە تا ئێستا چەندین مەحتاتی چاکیش هەیە لە پەیوەندی نێوان ئێمەو تورکیا، ئاوارەکانی ئێمە لە ساڵی 1988 لە کەمپەکانی ماردین، لە مووش، لە دیاربەکر، لە کۆچ ڕەوەکەی ساڵی 1991 مەنتیقەی ئامینەو مەلازیان بۆ ئێمە دروست کرد لە ئەنجرلیك، عیلاقاتی ئیقتیصادی تورکیا، حەق نییە هەر لایەنە سلبیەکان باس بکەین، کە ئەمڕۆ بە تەماین بەیانێك دەربکەین عیلاقاتی ئێمەو تورکیا، بۆ ئارام کردنی وەزعەکە، تەشەنوج کردنی وەزعەکەو، وەزعەکە بەرەو ئارامتر ببەین زیاتر، بۆ هێور کردنی بە عەکسەوە بێت خراپتری بکەین، بە ڕەئی من ئێمە حەقە بەو زمانە قسە بکەین لە بەیانەکەی پەرلەماندا، کە ئێمە

لایەنگیری ئەوەین درێژە بە لایەنـە ئیجابیـەکانی سیاسـەتی تورکیـا بـدرێت، چ لـە رووی ئـاینی، چ لـە رووی بازرگانی، هاوکاریمان بکەن لە رووی تەنمیە لە کوردستان، نەك لەشکرکێشی هەبێت لە کوردسـتان و زەرەرو زیان بۆ خۆشی بێت لە رووی ئابووری و عەسکەری و بۆچوونی ئـەوان بـۆ سـوقی ئـەورووپی موشـتەرەکەو, هەروەها بۆ ئێمەش زەرەرو زیانی زۆری هـەبێت بـۆ میللەتەکـەی ئێمـەو ئـەو مەنتیقـە بـە رەئـی ئێمـە کـە مەنتیقەیەکە بە حەقیقەت سیسەتی دیموکراسی هەیە، ئەوەش دەبێتە هاوکار بـۆ سیسـتەمی ئەمڕۆکـە لـە تورکیادا هەیە، دەکرێت پەکەکەش حەقیقەت واز لە چەك بێنێت و ئیسـتیفادە لـە وەزعـی دیموکراسـی کـە ئەمڕۆ هەیە لە تورکیا بکات، بـە رەئـی ئێمـە تونـدو تیـژی پەکەکـەش رەنگـە هاوکـاری بێـت بـۆ عەسـکەرو هاوکاری بێت بۆ حزبە شۆفینیەکانی تورکیا، نەك بۆ حکومەتی ئەمڕۆی ئۆردوغان کـە دەیـەوێت هەنـدێك ئیصلاحات بکات و سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێناوە لە پەرلەمان، دەیەوێ هەنـدێك شـت بکـات، پـەنجا ئەندامی پەرلەمانی کورد لەگەڵ حزبەکەی ئۆردوغانە ئەمڕۆ وەعدیان پێ دراوە، کـە هەنـدێك ئیصـلاحات بکـەن، ئێمـەش دەرفـەتێکی وا بڕەخەسـێنین و پەکەکـەش ئـەوە بزانێـت کـە وەزعێکـی حەساسمان هەیـە، مەسەلەی کەرکووکمان هەیە، مەسەلەیەکی تایبەتمان هەیەو هاوکاریمان بکەن، کە ئـەم تەجروبەیـە ئەگـەر سەکەوێت قازانجە بۆ گەلانی ناوچەکە، بەتایبەتی بۆ کورد، بۆ عێراق ئیستیفادەیە، بـە رەئـی ئێمـە حەقـە پەکەکـەو لایەنـەکانی تـریش هاوکاریمـان بکـەن، نـەك تەصعیدی وەزعەکـە بکـەن، حزبـە کوردسـتانیەکان بەگشتی هاوکار بن کە ئەم وەزعە هێور بکەن، جگە لەوە حکومەتی عێراقیش حەقـە لایەنـە ئیجابیـەکانی, تەسریحاتە ئیجابیەکانی ئێمـە بـە ئەهمیـەت وەرگرێـت و حکومـەتی عێراقـی تـەنها ئـەو قـەوارەی شـەرعی دەوڵەتی عێراقی هەیە، هەمووومان دەزانین نە لەشکرکێشی بە عێراق دەکرێـت دیفـاع لـە کوردسـتان بکـات, هەرچەندە لە رووی دەستوورییەوە حەقێکی شـەرعی ئێمەیـە، داوا لـە حکومـەتی عێـراق بکـەین دیفـاع لـە کوردسـتان بکرێـت، بـەڵام هـەمووشمان دەبێـت بـزانین ئـەوەی لـە عێـراق بکرێـت تـەنها قـەوارەی دەوڵـەتی عێراقی بەدەستەوە ماوەو هیچی تر، من نوقتەیەکی تر حەز دەکەم باسی بکەم لەگەڵ ئەوەی دکتۆر ناصـح سوپاسی ئەو لایەنانە بکەین کە ئەوانەی هەوڵ دەدەن بۆ هێـور کردنـەوەی وەزعـی گـرژی ئـەمڕۆی لەسـەر سنوورەکان هەیە، چ لە پەرلەمانی رووسیاوە بگرە، چ لە یۆئینەوە بگرە، چ ئەمریکا، بەریتانیا، ئەوروپا، بـە سوپاسییەوە پەرلەمانی کوردستان لە نیهایـەت باسـی بکـەین، حەقیقـەت مـن لایـەنگیری ئـەوەش نـیم، ئـەو موزاهەراتانـە کـە ئـەمڕۆ هەیـە، بـە رەئـی ئێمـە رەنگـە هەنـدێ خـەڵکی تونـد رەو ئیسـتیفادە لـە وەزعـی موزاهەرات بکات و خیتاباتی ناشرین بدەن کە خزمەتی وەزعەکە نەکات لە جیاتی هێور کردنـی وەزعەکـە، ئێمە وەزعەکە بەرەو گرژی ببەین، حەقە ئێمە ئەو مەسەلانە راگرین، چونکە زیـاتر لـە خزمـەتی خـەڵکی کوردستان دایە، زیاتر لە خزمەتی بەرژەوەندی ئێمەو تورکیاو عێراق و ناوچەکە دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەندامە بەڕێزەکان.**

**قسەکانی بە تورکمانی کردووە، ئەمە ماناکەیەتی:**

**کێشەی نێوان پەکەکەو تورکیا، دەوڵەتی تورکیا خۆی سەبەبی ئەساسی گێروگرفتەکەیە، تورکیا میللەتی کورد ناناسێ، خۆی ناکاتە خاوەن میللەتی کورد، کورد وەکو میللەت قەبووڵ ناکات، ئەمەش شتێکی ناڕەوایە، ئەمەیە ئەنجامەکەی کە ئەمڕۆ پەکەکە چەکی هەڵگرتووە، ئێمە ناڵێین چەك هەڵگرتن شتێکی رەوایە، دەبێ چەك هەڵگرتن لە رێگای رەواو مەشروعەوە بێت، ئەوەی ئێستا روویداوە دەبێ چارەسەری بکەین، ئەوەش لە رێگای سەرکردەکانی عێراق و کوردستانەوە کە پەنا بەخوا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە رۆڵی باش دەگێڕن. ئەو رۆژە مام جەلال سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ ئەوەی لە پەکەکەی ویست ئەمانە بوو:**

1- **لە پێکهاتەی سەربازییەوە ببێتە پێکهاتەیەکی حزبی.**

2- **زمانی عەسکەری و سەربازی بۆ زمانی گفتوگۆ بگۆڕن و لە رێگای دیالۆگەوەو مافی خۆیان وەدەست بهێنن.**

3- **ئاگر بەس بەردەوام بێت، ئەو رۆژە بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتی: ئێمە لایەن نین لەم کێشەیەدا، ئەگەر تورکیاو پەکەکە بیانەوێ ئێمە هاوکارییان دەکەین.**

4- **شتێکی زۆر گرنگی باس کرد وتی: رێگا بە هیچ لایەنێك نادەین لە خاکی ئێمەوە ئاژاوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە دروست بکات، هەروەها رازیش نابین کە دەست لەناو خاکی کوردستان وەربدرێت، بە دەوڵەتی تورکیا دەڵێین لە رێگای شەڕەوە ئەم کێشەیە چارەسەر نابێت، بیست و پێنج جار ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجامداوە لەناو خاکی کوردستان، ئەنجامی چی بوو؟ تەنها لە رێگای پێکەوە دانیشتن و لە رێگای یەکتری بینین و ناسینەوە چارەسەر دەکرێ و سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، بەپێی لیستەکەی نووسراوە ئەندامێکی لیستی پارتی ماوە، بەپێی ئەو ناوانەی کە لەلام هەیە دکتۆرە شوکریە با بفەرموێت.**

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من زۆر بە کورتی قسە دەکەم، بەڕاستی لەماوەی ئەو بیست و هەشت ساڵەی کە لە زانکۆ دەرسم گوتۆتەوە دەڵێی مێژووی ئەدەب هەرگیز ناتوانێت لە مێژووی کۆمەڵ دابڕێت، بەپێی خوێندنەوەم بۆ ئەو هەموو ئەحداسە بۆ مێژووی میللەتەکەم، بۆ مێژووی دراوسێیەکانمان، بۆ ئەو هەموو گێرمەو کێشەیەی کە بە کورد دەکرێت، من ئێستا گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کە ئێستا ئەمریکا نیزامێکی یەك جەمسەری هەیە، بەمە ئەمریکا دەیەوێت گۆڕانێکی گەورە بکات چ لە رووی سیستەمی دیموکراسی یان فیدراڵی، ئەمە تورك قەبولی ناکات، تورك دەیەوێت خۆی بە سەرۆکی فیدراڵ بناسێت، هەر واشە لە نووسینەکانیدا وا دەڵێت**

باوەڕی بە سیستەمی مەرکەزی هەیە، باوەڕی بەوە نییە کەوا مافی بە نەتەوە یەکگرتووەکان بدە، ئێستا لەم ماوەیەشدا هەمووتان دەزانن، کەوا ئەمریکا لە کۆنگرێسدا باسی ئەرمەنی کردووە، ئەمە بووە هۆی تووڕە بوونی تورکیا، لە هەمان کاتیشدا، ئەگەر ئەمریکا هەر دانوسانێك و دانیشتنێك بکات، تورکیا حەز دەکات خۆشی تیا بێت، ئێستا دوور خراوەتەوە، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەمە کێشەیەکی ئەمڕۆی هەنوکەییە، بەنیسبەت هێرشی بۆ هەرێمی کوردستان بە ڕەئی من زۆر لاوازە، چونکە ئەو هێرشەی کە دەیکات ئێستا لە کوردستانی خۆماندا هەموو حزبە کوردستانیەکان یەکن، هەموو میللەتی کورد یەکن، بە ژن و منداڵ و گەنج و هەموویان، بازاڕێکی گەورە بۆ تورکیا دەبێت، بۆ یەکەم جارە تورکیا تەوقیعی غازو نەوت دەکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەمە زەرەرێکی زۆر گەورەیە، هەر پێرێ خوێندمەوە ساڵی 2006 چوار ملیار دۆلاری قازانج کردووە تورکیا لەم هەرێمە، بە خاکی کوردستانیشدا غاز دەچێتە تورکیا، کەواتە ئەو هەموو بەرهەمانە ئەگەر کۆی بکەینەوە زائیدەن ئەو هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردەکانی تورکیایە هەمووی دەبێتە هۆکارێك، کە تورکیا ناتوانێت هیچ هەنگاوێك بنێت. خاڵێکی تر/ بە ڕەئی من ئەمڕۆ کرانەوەیەکی گەورە لەناو تورکیادا هەیە ڕۆژنامەنووسەکان زۆر زۆر شت دەنووسن لەسەر ئەم کرانەوەیە، تەوژمێکی زۆر گەورە هەیە، زمانێکی تایبەت دەڵێن ئێستا کاتی چەك نییە، کاتی سیاسەت و دیبلۆماسیەتە، کەواتە ئێمە ئەگەر ئەوانە هەمووی بخوێنینەوە لە بەرژەوەندی عەسکەرتاریەتی تورکیادان، من وای دەخوێنمەوە سەرباری ئەوە من لەم ماوەیەدا ڕۆمانێکم خوێندەوە، ڕۆمانەکە بەناوی (العاصفة المعدنية) (355) لاپەڕەیە لە سوریا تەبع کراوە، دوو ڕۆژنامەنووس و دوو ڕۆمانووسی تورك نووسیویانە پێشبینی شەڕێکی چاوەڕوان نەکراو (تنبوء)ێك دەکەن پازدە کیلۆمەتر لە ڕۆژهەلاتی کەرکووکەوە دەست پێ دەکات لە ناوچەی شواندا هەتا هەکاری دەڕوات لە کۆتایی 2007ەوە وا پێشبینی دەکات لە ئەنجامدا کورد دەیباتەوە، ئەمریکا دەوڵەتێکی ئەرمەنی دروست دەکات هی کوردی دروست دەکات لە تورکیا، هەموو ئەم شتانە بە دەستی کوردێك بەناوی جیڤارا، یاخود شوان، کەواتە هەموو شتەکان لەساڵحی کوردەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕۆمان بە خەیالی خۆی شت دەنووسی, نابێتە بنەما بۆ ئێمە، هەر کەسێك ئازادە، دوو، سێ دەقیقە ماوە ئەویش دەدەم بە کاك دکتۆر کەمال کەرکووکی، پێش کۆتایی هێنان بە دانیشتنەکەمان, من دەزانم غەدرم لە لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، بەلاّم هەمیشە دەبێت حزبی گەورە سنگی فراوان بێت لە کەسێکی تر غەدرم نەکردووە، برا تورکمانەکان چوار کەسن دوو کەس قسەی کرد، برا مەسیحیەکان پێنج کەسن دوو کەس قسە کرد، برا یەکگرتووەکان دوو کەس قسەی کرد، کۆمەڵ دوو کەس قسەی کرد، ئەوانی تر هەموو قسەی خۆیان کرد، چوار ئەندامی یەکێتی و چوار ئەندامی پارتی قسەیان کرد مەغدورن، بەلاّم لەبەر ئەوەی مەسئوولیەتیان گەورەترە دەبێت سنگیان فراوان بێت، فەرموو دکتۆر کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا بۆ ئێمە جێگەی سەرسوڕمان بوو، چونکە ئێمە تەوەقوعمان دەکردو داواشمان لێیان کرد، کە بڕیارێك وەربگرن لە بەرژەوەندی ئاشتی و مەنتیقەکە لە توندو تیژی دوور بخەنەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستاش تەمەنا دەکەین حکومەتەکە ڕێگایەکی هێمنتر بگرێتە پێش، ئەو بڕیارە نایاسایی بوو دژی قانونی دەولی بوو، دژی شەرعیەتی دەولی بوو، ئیعتیدائێکی زۆر گەورە لە سیاسەتی عێراق بوو وەکو دەوڵەت، یەعنی دەکرێتن, بۆیە ئەمڕۆ عێراق هەمووومان دەزانین لە وەزعێکە خەتەر نییە، نە لەسەر تورکیا خەتەرە، نە لەسەر هیچ وڵاتێك خەتەرە، خەریکی بارودۆخی خۆیەتی لەگەڵ تیرۆر لە شەڕدا، ئەم بڕیارەش کە ڕێ بداتە عەسکەر بێت بۆ سەر عێراق، ڕاستە لەناو سنووری هەرێمی کوردستانەوە دێت، ئینجا بۆ ئێمە بێت، یان بۆ شتێکی تر بێت، یان بۆ یەکەکە بێت، بەڵام بۆ سیادەی عێراقە، لەبەر ئەوە ئێمە بە توندی ڕەتی دەکەینەوەو داواش دەکەین لەو بەڕێزانەی کە ئەمڕۆ تۆپەکە لە ساحەیانە، ئەویش دەوڵەتی تورکیایە کە بە هێمنانەو بە ئاشتیانە ئەو شتە وەربگرنە بەر، هەڕەشەکە وەك گوتمان بۆ سەر گشت عێراقە، بۆیە ئێمە زۆر کەس ئەو دەنگانەی گوێمان لێ دەبێتن کە دەڵێت ئەمە کورد لە وەختی تەنگانە، ئەوە تەعبیر لە شەخصێکی خۆی دەکاتەوە، ئێمە بەشێکی فیدراڵین لەناو عێراقێکی ئیتیحادی بەپێی دەستوور کە 80٪ عێراق دەنگی بۆی داوە، بۆیە ئەگەر بەیانی خەتەرێك بەسەر بەسراش بێت، بەسەر شارێکی تری عێراق بێت، ئێمەش لێرە لە کوردستان وەك ئەوان بەرپرسین لە دیفاع لەو شوێنە، هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی موباشیر مەعنیە، بۆیە لێرە پێویستە لەسەر حکومەتی عێراق، کە گفتوگۆ دەکاتن لەگەڵ قیادەی کوردستان زۆر لە نزیکەوە ئاگایان لە یەك بێت تەنسیقێکی تەواو هەبێتن و شتەکانیش پشتگوێ نەخرێت و تۆمەتباریش نەکرێت بەوەی کە کورد بە تاك حەرەکە دەکاتن، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێمان وایە بەکارهێنانی توندو تیژی خزمەتی کێشەکەمان ناکات، نە خزمەتی کێشەی وڵاتێك دەکات، نە خزمەتی کێشەی میللەتێك دەکات، هەر وڵاتێك لە مێژوودا توندو تیژی بەکار هێنا بێت بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆی گروپ دروست بووە، ڕێکخراو دروست بووە، ئەحزاب دروست بووە پەنایان بۆ چەکیش بردووە، وڵاتەکەش زەرەری لێ کردووە، دوای زەرەرو شەڕو پێکدادانێکی زۆر مەجبور بووینە جارێکی تر پێکەوە دانیشن و گفتوگۆ بکەن، بەنیسبەت نەتەوەیەکیش وەك نەتەوەی ئێمە کورد بە تایبەت لەم قۆناغە پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی زۆر, خزمەتی کێشەکەمان ناکات، تەنها ڕێگەی چارەسەری ئێمە بەرەو پێش بردنی ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ و لە یەك تێگەیشتنە، بۆیە ئێمە داوا لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە دەیانەوێت شتێکی ئیجابی بۆ میللەتی کورد بەجێ بگەیەنن، پەنا بەرنە بەر دیبلۆماسیەت و حەزاری و دیالۆگ، نەك بەکارهێنانی توندو تیژی و نەچنە پاڵ تیرۆرو ئیرهاب، میللەتی ئێمە میللەتێکە زوڵممان لێ کراوە، کیمیاباران کراوە، ئەنفال کراوین، هەر شتێك نەماوە بەسەرمان نەهێنێت، ئەمڕۆ میللەتێکی برینەدار پرۆسەیەکی دیموکراسی موتەوازیعی هەیە دەیەوێتن بە ئسلوبێکی دیموکراسی چارەسەری کێشەکان بکاتن لەم هەرێمە، بۆیە ئەو تاوانانەی کە دەگوترێت پاڵپشتی لایەنێك دەکەین کە دەوڵەتێکی تر ئیزعاج بکات، ئەمە دوورە لە حەقیقەت، ئەمانە مەهانەیەو تۆمەتەو زۆر زۆر بە توندی ڕەتی دەکەینەوە، ئێمە داوای ئاشتی بۆ خۆمان و بۆ گەلان کە لەگەڵمان دەژین و داوای ئاشتی بۆ جیرانەکانمان و بۆ گشت دنیا دەخوازین، کێشە هەڵپەسراوەکانی میللەتی ئێمە، ئێمە قەناعەتمان هەیە، ئەویش تەنها و تەنها بە ڕێگای ئاشتی لەو قۆناغە چارەسەر دەکرێت، ئێستا بەهانەکان وان کە هەرێمی کوردستان مەقەراتی بۆ پەکەکە کردۆتەوە، دوێنێکە لە چەند موقابەلەیەك وا

نیشـان دەدەن چـی لـەناو عێـراق، چـی لـەناو دەرەوە کەئـەنما مەقـەراتی پەکەکـە لـە پایتـەختی هـەرێم و شارەکان و دێیەکانی هەیە، حکومەتی هەرێم پشتیوانی دەکات، ئەمە دوورە لە حەقیقەت فەرموو ئێمە داوا دەکەین لە گشت ئیعلامی دنیا بیما فیها ئیعلامی تورکیا، ئیعلامی دەوڵەتە عەرەبیەکان، ئیعلامی ئـەورووپاو ئەمریکا با بێن ئەوە پایتەختەکەمان، ئەوە شارەکانمان، ئەوە دێیەکانمان بزانن مەقـەرێکی پـارتی کرێکـاری کوردستان هەیە، یان نا؟ لە حەقیقەت نییە، ئەگەر مەبەستیان چیایەکانە، ئەو چیایانە زۆر موعەقەدن کە لەگەڵ سنوورەکان تێکەڵاوە، کە بە پارتی زانی شەوێك لێرە، رۆژێك لە لایەکی تـر، ئـەوە زۆر تەبیعیـە، ئەی باشە بۆچی جیشی تورکیا سنوورەکەی لەناو وڵاتەکەی خۆی کۆنترۆل ناکات؟ بۆیە ئەمـە بەهانەیەکـە، ئێمە رەدی دەکەینەوە، داوامان لەو بەڕێزانە هەیە لە تورکیا کە بـە چاوێکی وردبینـتر بەرژەوەنـدی گشت مەنتیقە سەیر بکەن، نەك تەنها بەهانە دروست بکەن لەبەر هەر سەبەبێك بێـت، ئەگـەر ئـەوان دیفـاع لـە خۆشیان دەکەن، دیفاع مانای ئەوە نییە هێرش بکەنە سەر وڵاتێکی ئاشتیخواز، کە بیەوێتن خێری بـۆ ئـەو جیرانـە بـوێتن، دیفـاع لـەناو سـنووری خـۆی دەکـات, ئەسـالیبی زۆری هەیـە، تورکیـا کێشـەی هەیـە لەگـەڵ پەکەکە یان نییە، بەڵێ هەیەتی، کێشەیەك هەیە لە تورکیا، پـێش ئـەوەی ئـەم پەرلەمانـەو ئـەم حکومەتـە هەرێمەو ئـەم عێراقـە تازەیـە دروسـت ببـێ, ئـەو کێشـەیە هـەبوو، کێشـەیەك هەیـە ئایـا تورکیـا دەیـەوێت چارەسەری بکات, بە ئاشتی بژێت، ئیستیقراری هەبێت, بەڵێ، بۆیە بەلای ئێمەوە تەنها رێگەی چارەسـەری کێشەی ناو تورکیا گرتنە بەری رێگەی دیالۆگ و دیموکراسی و لە یەك تێگەیشتنە، بە زۆر ناکرێت، بە شەڕ کێشەکان تەعقیـدتر دەکرێـت، ئـاڵۆزتر دەبێـت و ناخۆشـتر دەبێـت، تێکـدان و شـەڕو خەسـارەیەکی یـەکجار زۆری تریش دەگرێـت, لـە ئـاخیریش هـەر دەبێـت لەگـەڵ یەکدا دابنیشـین، تەجروبـەی سـاڵانی رابـردووش نیشانی داوە، کە چەند جار وەکو بەڕێزان ئیشارەتیاندا بیست وچوار جار جەیشی تورکیا خـەرقی سـنووری کردووە، بەڵام ئەمڕۆش جارێکی تر دەڵێ دێم خەرقی سنووری کوردسـتان دەکـەم بـە بڕیـارێکی پەرلـەمان، ئایا حەلی کرد، نەخێر، بۆیە ئێمە بۆ ئەو بەڕێزانە پێشنیار دەکەین بە رێگەی ئاشتی, دیالۆگ ئەگەر ئـەوە بێتن کێشەکەی، ئەگەر کێشەی تریشی هـەبێت، ئێمـە ئامـادەین لـە هـەرێمی کوردسـتان لـە رێگـای عێراقـی ئیتیحادەوە، یان لە رێگەی هەرێمی کوردستـانەوە لەگـەڵ نوێنـەرانیان دابنیشـین, فـەرموون کێشـەکان چیـە ئێمە دروستی دەکەین، بۆ ئەوەی تێ بگەین، ئەمریکا دەوری چیە لە عێراق، فەزلیشی هەیە عێراقی رزگـار کرد لە دەست دیکتـاتۆری ئـەو قەرنـە، بۆیـە وا ئـەمریکا دۆسـتی تورکیاشـە، دۆسـتی کوردستانیشـە، دۆسـتی عێراقیشە و کێشەکانیش لە نزیکەوە ئاگادارە لێی، بۆیە ئێمە داوا دەکەین دەوری خۆی ببینێت، زۆر واقیـع بینانە، زۆر وردبینینانە سەیری قەزیەکە بکات، مەسەلەی ئەمڕۆ تەنها ئیقلیمـی ئـارام لـەناو گشت عێـراق تەنها هەرێمی کوردستانە، ئایـا مـەعقول و مەنتیقیـە ئـەم مەنتیقەیـە جارێکی تـر ببێتـە مەیـدانی شـەڕو پێکدان، ئەمە لە بەرژەوەندی ئەمریکایە، لە بەرژەوەندی عێراقە، لە بەرژەوەندی ئاشتی و دیموکراسییە لە گشت دنیا، تەبعەن نەخێر، بۆیە ئێمە داوا دەکەین لـەو بەڕێزانـە کـە دوری خۆیـان زۆر بـە دووربـینی، کـە تەوەقوعیشمان وایە کە دەوری خۆیان بەو شـێوەیە دەبیـنن, کـە شـێوازەکە وەکو هەیـە ببیـنن، نـەك وەکو دروست دەکاتن و موحاوەلەی لەشکرکێشی دەکەن و کە وەکو خۆشیان دەڵێن ئێمە تەحەمولمان نـەما لەسـەر ئەعصاب دەژین، چۆن دەبێت بەرپرسـێکی بـەرز بـە ئەعصاب ئـیش بکـات لەگـەڵ قەزیەیـەك لـەنێوان دوو دەوڵەت، کوردستان بە هیچ شێوەیەك تەرەف نییە لەو شەڕە، نە بە رەسمـی مەقـەراتی پـارتی کرێکـاران لـە کوردستانە، نە مەکاتبیان لەم ناوەیە وەکو لە بەغدا دەڵێت دایدەخەین، فەرموو ئەگـەر کـەرم بکـەن بـزانن کام مەقەر هەیە، ئێمە لە پێش ئێوە دایبخەین، ئەگەر هەبێتن، بەڵام بەو شێوەیە نییە، نامانـەوێت تێکەڵاو بین کە ببینە تەرەف، کە ئێمە تاوانبار بکرێین بەوە کە پشتیوانیان دەکـەین، ئەگـەر هـاتوو شـەڕ بـوو لـەو

مەنتیقەیە، كێ فائیدە لەو شەڕە دەكاتن، بە تەئكید گشت عێراق زەرەری لێ دەكات، دەوڵەتی توركیا زەرەری لێ دەكات، گشت شەرقی ئەوسەت و ئەوانەی ئاشتی و ئازادی دەخوازن كێ سوودی لێ دەبات ئیرهاب، ئەمڕۆ عێراق لە شەڕێكی زۆر گەورەیە دژ بە تیرۆر و بە ئیرهاب، ئەوانە ساحەیان بۆ چۆل دەبێت، بۆ خۆیان لە مەیدان تەراتێن دەكەن، ئەوجا ئەو پرۆسەی دیموكراتی كە ئەمڕۆ عێراق دەیەوێت بینای بكاتن لە بار نەچێت، تۆمەتەكان ئێمە هەمووی رەت دەكەینەوە، ئامادەین ئەگەر دەوڵەتی توركیاو پەكەكە پەنایان برد بۆ ئاشتی وەكو هەرێمی كوردستان و, وەكو پەرلەمانی كوردستان هەموو دامودەزگاكانمان لە خزمەتە، بۆ ئەوەی دەورمان هەبێت و ئەو ئاشتیە سەر بگرێت، گرنگە لە هەمووشی گرنگترە هەرێمی كوردستان بەپێی موقیعی جوگراڤ كە ئێمە جیرانی دەوڵەتی توركیاین راستە فیدراڵێكین لەناو سنووری عێراقی، بەلاَم سنوورێكی درێژمان لەگەلْ دەوڵەتی توركیا هەیە، هەین واقیعێكین، لێرەین لە تەك جیرانێكین پێمان خۆشە ئەو جیرانەتیە بەهێز بێت، بەقوەت بێت دەستی برایەتی بدەینە یەكتر بۆ بینای دیموكراتی لە عێراق و توركیاو لە كوردستانیش، بۆیە ئێمە پێمان خۆشە ئەو بەڕێزانەی لە توركیا خەتی سوور دانەنێن، بۆ ئەوەی قیادەی هەرێمی كوردستان دەوری نەبێت لەو گفتوگۆیانە، چونكە ئەم مەسەلەیە مەسی ئێمە دەكاتن موباشیر، بۆیە پێویستە قیادەی سیاسی كوردستان لە مستەوایەكی بەرز دەورێكی ئەساسی هەبێت، بۆ ئەو گفتوگۆیانەو بۆ چارەسەری كێشەكان، ئەمڕۆ گوێمان لێ دەبێت دەنگێك لە توركیا بەرز دەبێتەوە، كە دەڵێت كێشەی هەیە لە ژێر چەتری پەرلەمانی توركیا چارەسەر بێت، ئێمە زۆر بە بەرزەوە سەیری ئەو دەنگە دەكەین، زۆریش لامان گرنگە پیرۆزباییشی لێ دەكەین، دەستخۆشیان لێ دەكەین و بەلای ئێمەوە لە هەرێمی كوردستان ئەوە گرنگە، ئەگەر ئەو دەنگە جێی خۆی بگرێت و بەهێزتر بێت و لێبووردنێكی گشتیش بداتن، بۆ ئەوەی ئەوانی تریش بڕۆن رەئی خۆیان بدەن و پشتیوانی لەو بۆچوونە بكەن و ئەو كێشەیە لە توركیا نەمێنێت، ئێمە نامانەوێت كێشە لە توركیا هەبێت، نامانەوێت گرفتاریان بۆ دروست بكەین و تەمەنا دەكەین هەر لێرەشەوە داوا لە گشت خێزخوازان و دیموكراتی خوازی دنیاو پەرلەمانی ئەوروپی و دەوڵەتی ئەمریكاو حولەفاش لە عێراق دەكەین ، كە دەوری خۆیان تەواو ببینن، بۆ ئەوەی ئەم كێشەیە كە ئێمە پێمان وایە بەهانەیە دوور بكرێتەوە لە عێراق، دوور بخرێتەوە لە هەرێمی كوردستان، ئەم پرۆسە دیموكراتیە، ئەم مەنتیقە ئارامەی كە لە گشت عێراق تەنها ئەم زاویە ئارامە، ئەم ئارامیەش تێك نەچێت، تێكچوونی لەبەرژەوەندی هیچ لایەك نییە، تەنها لە بەرژەوەندی تیرۆریستانە، ئەویش بە شەڕو پێكدادان، هەم ئێرە زەعیف دەبێت، هەم بەغدا زەعیف دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دانیشتنەكە بۆ دە دەقیقە پشووی پێ دەدەین، بۆ ئەوەی ئەو سەرنج و بۆچوونانەتان بخەینە ناو بەیانەكە، پاشان دێینەوە دەیخوێنینەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری خۆم هەبوو، پێویست ناكات بێینەوە، جەنابتان موخەوەلن لەسەر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە ئەوە چۆن دەبێت، دەبێت دەنگی بۆ بدەن، كۆكردنەوەی قسەی خۆتانە.

**دوای پشوودان**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بەیانەكەی بخوێنمەوە، جارێكی تر داوای لێبووردن دەكەم لە ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی كە ناوشیان نووسی بوو فورسەت نەبوو قسە بكەن لە لیستی یەكێتی كاك شێردڵ، كاك ئارێز، كاك زرار، كاك محەمەد رەفعەت، لە لیستی پارتی شیرین خان، دكتۆر دلێر، كاك ئیحسان، كاك شێخ جەعفەر، هەروەها كاك ئەسعەد داوای قسەی كرد بوو، كەژاڵ خان داوای قسەی كرد بوو، هەموو ئەندامەكانی تریش حەزیان دەكرد قسەی بكەن، بەلام فورسەت نەبوو، بەلام پێم وایە ئەوانەی قسەیان كرد تەعبیر لە هەمووتان دەكەن، ئێمە لەبەر رۆشنایی دانیشتنەكەی دوێنێ هەندێك شتمان نووسی بوو، ئێستا بە پەلە دەوڵەمەند كرا بەو بۆچوونانەی ئێوە حازر بوو لەناو كۆمپیوتەر، ئەوەی پێویست بوو ئیزافەمان كردو بۆتان دەیخوێنمەوە:

**راگەیاندنی كۆتایی دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە لەشكركێشی توركیا بۆ سەر هەرێمی كوردستان**

ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی 2007/10/24 كە تایبەت بوو بە گفتوگۆ كردن دەربارەی رووداو و پێشهاتەكانی بارودۆخی كوردستان و ناوچەكە، بەهۆی هەڕەشەكانی حكومەتی توركیا، كۆكردنەوەی هێزە سەربازیەكانی لەسەر سنووری باكووری كۆماری عێراقی فیدراڵ و هەڕەشە كردن بە بەزاندنی سنووری هەرێمی كوردستان، كە لە چەند مانگی رابردوودا بەهۆیەوە گوندەكانی ناوچە سنووریەكانی هەرێم ناو بەناو دووچاری تۆپ باران بوونەوە، ئەنجومەن بە نیگەرانیەكی زۆرەوە ناوەڕۆكی بڕیاری پەرلەمانی توركیای تاوتۆ كرد، كە رێگا بە حكومەتەكەی دەدات و رایدەسپێرێت كە هێزە سەربازییەكانی بنێرێتە ناو خاكی عێراق بە بیانووی بوونی بارەگاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان لەناوچە سنووریەكانی ناو هەرێمی كوردستان، پەرلەمانی كوردستان لە كاتێكدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی توركیا رادەگەیەنێت كە ماف بە هاتنە ناو خاكی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ دەدات، كە وڵاتێكی سەربەخۆو خاوەن سەروەری و هاوسێیەكی هەمیشەیی ناو دەوڵەتی توركیایە بە پشتگوێ خستنی پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكانی یاسای نێودەوڵەتی دەزانێت، ئەوەیان لەبیر كردووە، كەبەم بڕیارە بنەمایەك دادەڕێژن كە ماف بە وڵاتان دەدات دەست بخەنە ناو كاروباری دەوڵەتانی ترو پیرۆزی خاك و سنوورو سەروەری و سەربەخۆییان پێشێل بكات، ئەمەش پێشینەیەكی مەترسیدار لە پەیوەندیەكانی نێودەوڵەتیەكان دروست دەكات، كە رەنگە توركیا خۆی زەرەرمەندی ئەو بنەمایە بێت، پەرلەمانی كوردستان لە كاتێكدا بایەخ بە گیانی مرۆڤ دەدات لە هەر نەتەوەو رەنگێك بێت، تەئكید لەسەر پابەند بوون بە بنەما نێودەوڵەتیەكان دەكات، بۆ رێز گرتن لە سەروەری و دەست وەرنەدان لە كاروباری ناوخۆی و رێز گرتن لە خاكی یەكێتی نەتەوەكاندا، ئەو بڕیارەی پەرلەمانی توركیا رەت دەكاتەوەو , بە تەجاوزێكی بێ پاساو بێ پاساو بەسەر ئاسایشی هەرێمی كوردستانی دەزانێت، هەروەك پێشێل كردنی سەروەری عێراقەو مەترسیشە بۆ سەر گەلی كوردستان و سیستەمی فیدراڵ، هەڕەشەیەكیشە بۆ سەر ئاشتی لەناوچەكەدا، بەتایبەت كە گەلی كوردستان بەرەو كێشەیەك رادەكێشرێت كە هیچ پەیوەندیەكی پێوە نییەو دەستی تێدا نییە، پەرلەمانی كوردستان بانگهێشتی حكومەتی توركیا دەكات، بۆ ئەوەی زمانی گفتوگۆ و دیبلۆماسیەت بگرێتە بەر، بۆ چارەسەر كردنی كێشەو تەگەرەكانی ئێستاو دوور لە زمانی هەڕەشە كردن لە لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستانی عێراق، ئەمەش بەو بنەمایە دەبێت كە رێز لە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو برای دراوسێ بگیرێت، بەو بۆنەیەشەوە داوا لە پارتی كرێكارانی كوردستان

دەکەین کە ڕێز لە سەروەری عێراق و پابەندیە نێودەوڵەتیەکانی بگرێت، واز لە توندو تیژی بێنێت وەك شێوازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، داوایان لێ دەکەین لە لایەنی خۆیانەوە ئاگربەست بکەنە حاڵەتێکی بەردەوام بۆ کردنەوەی ڕێگا لەبەردەم چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەکە، پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکدا پشتگیری لە هەوڵ و کۆششەکانی بەڕێز سەرۆك کۆمارو بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەکات، بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە، داواش لە هەموو وڵاتانی دۆست و دراوسێ و ئاشتیخواز دەکەین لە پێشەوەشیاندا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتە هاوپەیمانەکان و یەکێتی ئەوروپاو روسیاو سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێوەدەوڵەتی دەکەین کە بە بەردەوام بن لە هەوڵەکان، بۆ دوور خستنەوەی مەترسی شەڕو هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق، هەروەها پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا پشتگیری لە هەڵوێست و دەنگی بەرپرسیاران و ئاشتیخوازانانەی کێشەکە لە تورکیا دەکات، ئومێد دەکەین کە بەردەوام بێتن و بەهێزتر بێت بۆ گەیشتن بۆ چارەسەری ئاشتیانەو پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، لە هەمان کاتیشدا پەرلەمان تەئکید لەسەر مافی هەرێم و گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێم دەکاتەوە بۆ بەرگری کردن لە گەلی کوردستانی عێراق و دەستکەوتە دەستووریەکان و ئەزموونە دیموکراسیەکەی لە دژی هەر دەست درێژییەك کە بکرێتە سەری.

ئەمە دەقی بەیانەکەیە، کە لەبەر رۆشنایی قسەکانی ئێوە، تەبعەن هەندێك قسە هەیە ناکرێتن، یەعنی مەسەلەن باس لەوە کرا کە ناوی سوریا هات, هەڵوێستی سوریا، بەڵام لە هەمان کاتدا وتە بێژی رەسمی دەوڵەتی سوریا ئەو تەسریحاتەی سەرۆکی سوریای بە درۆ خستەوە، بۆیە ناکرێتن بیخەینە ئێرە، باسی هەندێك هەڵوێستی ناتەبیعی و نەشاز کرا لەلایەن هەندێك بەناو حکومەتی عێراق کردویانەوە، ئەوەش من وەکو عەرزم کردن پێویست ناکات ئەهمیەتی پێ بدەین و باسی بکەین، ئەگەرنا هەموو ئەوانەی کە دووبارە بوونەتەوەو هەڵوێستەکان دووبارە بوونەتەوە باسمان کردووە، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێك کە ئێمە پشتیوانی لە سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، دیارە لەو بەینەش حکومەتی عێراقی هەیە، یەعنی مەسەلەکە زۆر کوردانەیە، حەقە ئێمە ئیلتیزام بدەینە سەر عێراقیش، یەعنی حکومەتی عێراقیش لە هەوڵی ئەوە دایە کێشەکان چارەسەر بکاتن، هەر ئەوە نەك لەبەر ئەوەی وا لێك دەدرێتەوە تەنیا مەسەلە کورد نییە، مەسەلەکە عێراق نییە، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو مەسەلەیە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکی کۆمارو حکومەتی عێراقیش دەگرێتەوە، سەرۆکی هەرێممان گوتوە حکومەتی هەرێممان نەگوتوە، پەرلەمانیشمان نەگوتووە، سەرۆکی هەرێم هەمووی دەگرێتەوە، سەرۆکی عێراقیش هەمووی دەگرێتەوە، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە ئەگەر مەجالم بدەیێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە تێبینی نا، چونکە ئێمە ئەو تێبینیانەمان وەرگرت کە تەئکید لەسەری کراوەتەوە لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامان.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەرەتاوە دەڵێت حکومەتی تورکیا، بە رەئی من ئەگەر بە تەنها تورکیا، یان دەوڵەتی تورکیا، تێبینیەکی تریش، کە داوا لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەکرێت، ئەگەر داوا لە ئاشتیخوازانی تورکیا بکرێت ئەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسمان کردووە، هەردووکمان باس کردووە، کە گوتومانە دەنگی وا هەیە لەناو حکومەتدا ئومێد دەکەین بەقوەت بێتن و بەهێزتر بێت، مەقصدەمان ئەوەیە، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەر گوێم کەوت گوتت ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیا، ئەگەر وا بێت هەڵەیە، هەر پەرلەمانەکە باشترە، چونکە ناوی رەسمی شتێکی ترە، ئەوە یەك.

دوو/ داوامان کرد کە سوپاسی ئەو لایەنانە بکرێت، کە ئەو دەنگ و هەڵوێستانە بکرێت، کەواتە تاکو ئێستا بوون بە سەبەبی ئەوەی ئێستا وەزعەکە هێور بکرێتەوە، زۆر باشتر دەبێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دووەم باسمان کردووەو ئاماژەمان پێ کردووە، وەڵامی ئەوەم داوەتەوە، بەلاّم وەکو ناویان ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیایە بە پەرلەمان، کێ ناوی پەرلەمانی تورکیا دەزانێت حەقیقەتەکەی، کاك کەرخی فەرموو

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تورکیەی (تورکیا بیوك میللەت مەجلیسی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ناوی لێرە دەگۆڕین دەیکەینە پەرلەمان لە هەر شوێنێك هاتبێت پەرلەمانی تورکیا، باشە، یاشێخ فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری له وتەکەی بەڕێزت دەکەم، پێشەکی باست کرد بە ئایەتێك باست كرد جەنابت، پێم خۆشە بیخەیتە ناو بەیانەکە ئەوە داوای منە حەز دەکەم ئەگەر بکرێت (ان خلقناكم من ذكر وانثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم)، پێم خۆشە لەناو بەیانەکە هەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یا شێخ فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڤە رەئیا من پاش رەئیا شێخ فەتاح چێ بوو، ئەگەر ئایەت نووسی دەبێت بسم الله بنووسی دەبێتە دوو ئایەت، بە رەئیا من هەر بسم الله بێتە نڤیسین کافی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەرگامان بۆ دەکاتەوە بسم الله تەبیعیە، بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئێمە بۆ خۆمان لە هەموو دانیشتنێك دەکەینەوە، بەڵام ئەوەی یاشێخ گوتی، من خۆم ئاماژەم پێ کرد، بەس ئەگەر ئەوە بنووسین، دەبێت ئاماژە بە ماددەی یەکەمی حەقی ئینسان بکەین، دەبێت لەولایەشەوە بڵێین ئایەتێکی تریش بێنین (وان جنحوا للسلم فاجنح لها) بەڕاستی ئێمە ئەگەر بێتو هەدەفمان بۆ موصالحە بێت و هەنگاوێکی تر بێت، رەنگە ئەوانە بەکار بێت، بەس ئەوەی کاك شێخ گوتی هەمووی دەگرێتەوە بەناوی خوای گەورەو میهرەبان دەست پێ دەکەین، من دەبێت بە عەرەبیەکەش بخوێنمەوە لەبەر هین و ئەوانە، ئیجازەم بدەن بە عەرەبیەکەش بخوێنمەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم.

ان المجلس الوطني لكوردستان العراق المنعقد في جلسته بتاريخ 2007/10/24 المخصصة لمناقشة تطورات ومستجدات الوضع في كوردستان والمنطقه بسبب تهديدات تركيا وتحشيد قواتها العسكرية على الحدود الشمالية للجمهورية العراقية الاتحادية المهددة لاقليم كوردستان باقتحام اراضيه بعد ان شهدت الاشهر الماضية قصفاً متقطعاً للقرى داخل حدود الاقليم، تناول المجلس بالالم والاسف الشديدين مضمون قرار البرلمان تركي الذي يمنح حكومته ويخولها بسماح القوات العسكرية بدخول الاراضي العراقية متضرعة بوجود قواعد لحزب العمال كوردستاني في المناطق الحدودية داخل الاقليم، ان برلمان كوردستان في الوقت الذي ياسف لما صدر عن برلمان تركي من تشريع لاقرار مبدأ حق التدخل في أراضي الدولة العراقية الاتحادية، وهي دولة مستقلة ذات سيادة وجار دائم لدولة تركيا متجاهلاً ميثاق الامم المتحدة ومبادئ القانون الدولي ومتناسياً انه بقراره هذا انما يشرع مبدأ يمنح الدول حق التدخل في شؤون الدول الاخرى وأنتهاكاً لحرمة اراضيه وحدودها وسيادتها واستقلالها، وهو يخلق بذلك سابقة خطيرة في العلاقات الدولية قد تكون تركيا هي المتضررة من هذا المبدأ، ان برلمان كوردستان في الوقت الذي يحرص كل الحرص على النفس البشرية ايأ كانت قوميتها او لونها، ويؤكد على الالتزام بالمبادئ الدولية في الاحترام عن سيادة الدول وعدم التدخل في شؤونها الداخلية واحترام وحدة اراضيها لايسع الا ان يرفض قرار برلمان تركي الممنوع عنه ويراه تجاوز غير مبرر على اقليم كوردستان وامنه وانتهاكاً لسيادة العراق وخطراً على شعب كوردستان ونظامه الفدرالي وتهديداً للامن والسلم الدوليين في المنطقة، خاصة وانه يأخذ شعب الاقليم بجريرة معضلة لا دخل له فيها، ان برلمان كوردستان يدعو الحكومة التركية الى انتهاج لغة الحوار والدبلوماسية وحل الاشكالات القائمة بعيدة عن لغة التهديد بالاجتياح العسكري

لكوردستان العراق وذلك على أساس المصالح المشتركة للشعبين الجاريين، بهذه المناسبة تناشد حزب العمال الكوردستانى باحترام سيادة العراق والتزاماته الدولية والتخلي عن العنف كاسلوب لتحقيق الاهداف وجعل وقف اطلاق النار من جانبه حالة دائمية لفتح الطريق امام الحلول السلمية، ان برلمان كوردستان في الوقت الذي يدعم الجهود الذي يبذله السيد رئيس الجمهورية والسيد رئيس الاقليم لايجاد الحل لهذه الازمة يناشد جميع الدول الصديقة والمحبة للسلام وفي مقدمتها الولايات المتحدة وبريطانيا والدول المتحالفة معهم والاتحاد الاوروبي و روسيا والامين العام للامم المتحدة ومجلس الامن الدولي للعمل معاً لابعاد خطر التدخل العسكري التركي عن العراق والاقليم، وفي الوقت الذي ندعم المواقف والاصوات الايجابية المسؤولة من داخل تركيا التي تدعو الى نبذ العنف والى الحل الدبلوماسي والسلم في حل القضية نأمل ان تأخذ المواقف والاصوات قوتها وديموتها و وصولاً الى حل القضية وتحقيق السلام وتحقيقاً للمصالح المشتركة، الى ذلك فأننا نؤكد ان برلمان كوردستان وحكومة الاقليم لها كل الحق في الدفاع عن شعب كوردستان العراق ومكتسباته الدستورية وتجربته الدمقراطية ضد اي اعتداء يستهدفه.

زۆر سوپاس كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین، زۆر سوپاستان دەكەین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 30\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)

### سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/10/30

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/10/30 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانيشتنى ژمارە (17)ى خولى دووەم, ساڵى (2007) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

بەپێى حوكمەكانى برگە (1)ى مادده (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكايەتى ئەنجومەن بڕياردرا دانيشتنى ژمارەى (17)ى خولى گرێدانى يەكەمى ساڵى سێيەمى خولى هەڵبژاردنى دووەمى پەرلەمانى كوردستان – عێراق, بەرنامەى كار بەم شێوەيە بێت:

1- خوێندنەوەى يەكەمى پرۆژەى بڕيارى هەمواركردنى ياساى پارێزرايەتى كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژە ياساى هەمواركردنى ياساى وەزارەتى پەروەردە ژمارە (4)ى ساڵێ 1992 كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى كاركردن بە ياساى رێكخستنى كۆمپانياكانى عێراقى ژمارە (21) ساڵى 1997 كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى كاركردن بەياساى رێكخستنى بريكارنامەى بازرگانى عێراقى ژمارە (51)ى ساڵى 2000 كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستان دانيشتنى ئەمڕۆمان دەكەينەوە, بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمەكانى برگە (1)ى مادده (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەموار كراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكايەتيى ئەنجومەن بڕياريدا بەرنامەى كارى دانيشتنى ژمارە (17)ى خولى دووەمى هەڵبژاردن لە كات(11)ى پێش نيوەڕۆى رۆژى سێ شەممە رێكەوتى 2007/10/30دا بەم شێوەيە بێت:

1- خوێندنەوەى يەكەمى پرۆژەى بڕيارى هەمواركردنى ياساى پارێزرايەتى كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژە ياساى هەمواركردنى ياساى وەزارەتى پەروەردە ژمارە (4)ى ساڵێ 1992 كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى كاركردن بە ياساى رێكخستنى كۆمپانياكانى عێراقى ژمارە (21) ساڵى 1997 كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى كاركردن بەياساى رێكخستنى بريكارنامەى بازرگانى عێراقى ژمارە (51)ى ساڵى 2000 كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

داوا لە ليژنەى ياسايى دەكەم بێن لە شوێنى خۆيان دابنيشن, بەخێرهاتنى بەڕێز كاك دڵشاد وەزيرى پەروەردە, بەڕێز كاك سعد وەزيرى هەرێم بۆ كاروبارى پەرلەمان دەكەم, لەگەڵمان بەشدارن بۆ برگەى (2), كاك سعد دائيمەن لەگەڵمانە, جەنابى كاك دڵشاد بۆ گفتوگۆكردن و مەسەلەى هەمواركردنى ياساى

وەزارەتی پەروەردە, بەخێربێن سەرچاو, خاڵی یەکەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری هەموارکردنی یاسای پارێزەرایەتی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە), داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بیخوێننەوە, کورتە ئینشاالله, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان, ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە, دواتر برای بەڕێزم مامۆستا کاکە بەزمانی کوردی دەخوێنێتەوە,

قرار رقم ( ) لسنة 2007

بتوكيل الموظفين الحقوقين في دوائر التسجيل العقاري للترافع عنها في كافة الدعاوى

اولاً: لدائرة التسجيل العقاري أن توكل أحد موظفيها الحاصلين على شهادة بكالوريوس بالقانون في دعاوي التسجيل العقاري و المرافعة فيها أمام المحاكم كافة مهما كانت قيمة الدعوى.

ثانيا: لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار.

ثالثا: على وزير العدل تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار من تأريخ نشرة في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاری ژمارەی ( )ی ساڵی 2007

فەرمانبەرە مافپەروەرەکان لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە دەبنە بریکاری فەرمانگەکەیان لە کاتی دادگایی کردن لەهەموو داواکانیاندا:

یەکەم: فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە بۆی هەیە یەکێك لە فەرمانبەرەکانی کە بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لەیاسا هەبێت, بکاتە بریکاری خۆی لەداواکانی تۆمارکردنی خانووبەرە و دادبین کردنی لێی, لەبەردەم هەموو دادگایەکاندا, جا نرخ و بەهای داواکان هەرچەند بێت.

دووەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

سێیەم: پێویستە وەزیری داد حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێی بکات.

چوارەم: ئەم بڕیارە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیە جارێك قەرار نییە, قانون دەبێت, ئاڕاستەی لیژنەی قانونی و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەم, رەچاوی ئەوەش بکەن لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دەردەچێت, نەك سەرۆکایەتی ئەوەش چاك بکرێتەوە, مولاحەزە بکرێت, بڕگەی دوو لەبەرنامەی کار (خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژی یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە), داوا لە سەرۆك لیژنەی پەروەردە دەکەم, یاخود ئەو کەسەی کە

ئەو مەسئولیەتەی وەرگرتووە بێت لەجێگای خۆی دانیشێت, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە خاڵ بەخاڵ پرۆژەکە بخوێننەوە, پاشان رای لیژنەکان, پاشانیش گفتوگۆی لەسەر بکەین, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**التعديل الثالث لقانون وزارة التربية**

**رقم (4) لسنة 1992**

**المادة الاولى: تعدل الفقرة الثالثة من المادة الخامسة من القانون و تقرأ كالآتي:**

3- تهيئة مناهج الدراسة الاساسية و الاعدادية و المهنية و تعليم الكبار ووسائلها و كتب الدراسة فيها و اساليب التقويم و الامتحان لها تخفيفا للسياسة التربوية و الخطط المرتبة عليها و تطويراً لجميع ذلك استنادا الى البحوث العلمية و الدراسات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەموارکردنی سێیەمی یاسای**

**ژمارە (4)ی ساڵی 1992 ی وەزارەتی پەروەردە**

**ماددەی یەکەم: بڕگەی یەکەم لە ماددەی پێنجەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

3- ئامادە کردنی بەرنامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و پیشەیی و فێرکردنی گەوران و هۆیەکانی و کتێبی خوێندن, لەگەڵ ئامادەکردنی شێوازی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان بۆیان تاکو سیاسەتی پەروەردەو پلانەکانی سووك بکرێن و پەرە بە هەموو ئەوانە بدات بە پشت بەستن بەباسی زانستی و لێکۆڵینەوەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی قانونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین و, هیچ تێبینیمان لەسەری نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, ئەی لیژنەی پەروەردە هیچ تێبینیتان لەسەر ماددەی یەکەم هەیە, فەرموو.

**بەڕێز أسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی یەکەم: بڕگەی ( 3 )ی ماددەی ( 5 ) هەموار بکرێت و بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:**

3- ئامادەکردنی بەنامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و پیشەیی و فێرکردنی گەوران، و هۆیەکانی، و کتێبی خوێندن، و شێوازی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان بۆیان تاوەکو سیاسەتی پەروەردەیی و پلانەکانی

جێبەجێ بکرێن و پەرەی پێبدات بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی زانستی. تەنها صیەغەکەیەتی نەوەك هیچ تێبینی ترمان نییە, لەگەڵ پڕۆژەکەینە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی صیاغە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ نییە, ئەگەر هیچ تێبینیەکی ئەوها نییە, کەس قسەی لەسەر ئەو موقتەرەحەی, ئەو تەعدیلەی سێیەمی نییە, کەلەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەش پشتگیری لێکراوە, تەنها لیژنەی پەروەردە پێی وایە صیاغەی بۆ بکرێتەوە, کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یەکەم, من مولاحەزەی خاڵێك دەکەم, کە بۆ جەنابتانی دەخوێنمەوە, شێوازی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان بۆیان تاکو سیاسەتی پەروەردەیی و پلانەکانی سووك بکرێن, یەعنی من لەگەڵ ئەو کەلیمەی (سووك کردن)ە نییم, باشە ئەگەر بگۆڕدرێ, ئەوەی کە لە لیژنەی پەروەردە هاتووە زیاتر گونجاو ترە, کەلیمەی (سووك بکرێت) جوان نییە لەیاساکە هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو کەلیمە (تحقیقا) نەك (تخفیفا)و, دیارە هەر بەتخفیفەنیش وەرگێڕاوە, چونکە کوردیەکەش بە تخفیفەن تەرجوومە کراوە, من پێم وایە (تحقیقا للسیاسة التربویة والخطط), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی لە موقتەرەحەکەی خۆی وای نووسیوە, کردیتییە (تحقیقا), یەعنی کە ئیعادەی صیاغەی کردۆتەوە, کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن کە خوێندمەوە هەر بە تحقیقەن خوێندمەوە, زائیدەن نووسرایە تحقیقەن تەسبیت کرایە, دیارە برادەران مولاحەزەی ئەوەیان نەکردیە و, باش گوێیان لێنەبووە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە, بۆ تەوزیح لەسەر فێرکردنی گەوران, مەبەست نەهێشتنی خوێندەواریە, بەلاَم مەسەلەن کەسێك, قوتابیەك لەمەڕحەلەیەك چەند ساڵێکی خوێندوە و دابڕاوە پاش فەترەیەکی زەمەنی, ئەوە مەسەلەن تەوزیحێکی زیاتری پێویستە, چۆن مەسەلەن خوێندنەکەی چۆنە, ئەوەش مەسەلەیەکی گەورەیە, تەمەنێکی گەورەیە, بەلاَم حەزی لە خوێندنە, یەعنی هەر بەجدی پرسیارم لێکراوە لەسەر ئەوە, یەعنی ئەوە دەچێتە چ بابێکەوە, ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحێکی زیاتر بدات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو داواکاریە بۆ ئەو تەعدیلی, تەنها بۆ مەسەلەی ئیبتدائیی و متەوەسیتەیە, کە بۆتە دراسی ئەساسی, ئەوەندەیە گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ نییە, سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەتەواوەتی لیژنەکەمان پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین و, ئەو چاککردنەی کە کردوومانە سەبارەت بەوەی هەروەك روون کردنەوەیەك, سەبارەت بە جێبەجێ کردنی پلانەکان تحقیقەنە و, فیعلەن لەناو راپۆرتی زمانی کوردیەکەی لیژنەی یاسایی بە سووك کردن هاتووە, ئێمە ئەوەمان لەلا بووە, داوای لێبوردن دەکەم, ئێمە تەنها صیاغە دەکەین, ئەگەر نا خۆمان سەد لەسەد پشتگیری لەو داوایانەی وەزارەتی پەروەردە دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیخەمە دەنگەوە, بەو تەعدیلاتەوە لەناحیەی زمانەوانی, کێ لەگەڵ ئەوەیە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرمووون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرمووون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, سوپاس, بڕۆ سەر ماددەی دووەم, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تلغى المادة السادسة و يحل محلها مايلي:

1 - مرحلة التعليم الاساسي و مدة الدراسة فيها تسع سنوات.

2 - مرحلة الدراسة الاعدادية و مدة الدراسة فيها ثلاث سنوات.

3 - يكون رياض الاطفال سابقة لمرحلة التعليم الاساسي و ممهدة لها.

**بەڕێز عبداکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: ماددەی شەشەم هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

فێرکردنی گشتی بۆ تازە پێگەیشتووان لەدوو قۆناغی بنەڕەتی رێك دەخرێ کە ئەمانەن:

1 - قۆناغی بنەڕەتی و ماوەی خوێندەکەی (9) نۆ ساڵە.

2 - قۆناغی خوێندنی ئامادەیی و ماوەی خوێندنەکەی (3) سێ ساڵە.

3 - باخچەکانی ساوایان پێش قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی دەکەوێ و رێ خۆشکەریەتی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لەپرۆژەکە دەکەین, بەلاّم تەنزیمان کردووە, رەقمان داوەتێ (یەکەم/ینتظم التعلیم العام للناشئین بمرحلتین أساسیتین), (یکون ریاض الاطفال) کردیتمانە فەقەرەی دووەم, لەبەر ئەوەی وازح تر بێت جیاوازیان بکەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەروەردەش پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات, بەلاّم شێوەی یاسایەکە باشتر رێکخراوەتەوە لەگەڵ قانونەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەیە کە لێرە جەنابی وەزیریش شەرحی بۆ کردن و, ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەهین کراوە, هەمووی شەرح کراوە بۆتان, باشە, کێ دەیەوێ قسە بکات, ناوەکان دەنووسم, کاك فرست قسەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئیی من رێزو ئیحتیرامم بۆ هەموو ئەندامان, بەلاّم لەناحیەکی نیزامی, ئێمە گۆڕانکاریەك لەسەر سیستەمی تەربیەمان کردووە, مەرحەلی ئیبتیدائی نەما بووە ئەساسی, لەسەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانە مەفرۆزە قانونی پەروەردە بیگۆڕی, لێرە زۆربەی ماددەکان, ماددەی یەك و مادده دوو, هەر بۆ ئەوەیە ئینسیجام بکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە, بەڕەئیی من زۆر گفتوگۆ و موناقەشەی لەسەری ناوێت, مەرحەلەی ئیبتیدائیی ئەکەیە ئەساسی یان ناکەیە ئەساسی, پێش وەخت بڕیارت داوە بیکەیە ئەساسی, بۆیە لازم ئەو قانونە بێتە گۆڕین, لەبەر ئەوە موناقەشاتمان ئەو موزوعە بێت بەتەنیا, ئێمە ماددەیەك سەرو بنی بکەین هەموو بیگۆڕین, نقاش هەمووی لەسەر ئەو گۆڕانکاریە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر موسڕن لەسەر قسەی خۆتان, ئەوەی کە داواتان کرد, فەرموو کاك جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە, یەکەم/ بڕگەی (ج) بکرێتە بڕگەی (أ), ئەوها تەسەلسول دابنرێ, دووەم/ جەنابی وەزیر باش دەزانێ, باخچەی ساوایان زۆر موهیمە لە دراسەتەکانی تر, بەلاّم بەداخەوە لەکوردستان زۆر کەم قوتابی هەیە, یان زۆر کەم منداڵ هەیە لە لەباخچەی ساوایان وەردەگیرێ, ئەگەر گرنیگیەکی زۆر بەوە بدرێ, ئەگەر سەرژمێریێك بکەیت لەسەر ئەو منداڵانەی کە لەباخچەی ساوایان وەرگیراون, کە چۆتە مەرحەلەی خوێندن زۆر ناجیح ترن لەوانەی کە بەبێ باخچەی ساوایان چوون, بەلاّم ژمارەی باخچەی ساوایان لەکوردستان زۆر کەمە, هەوڵ بدرێ ژمارەیەکی زۆرتر منداڵ وەربگیرێ لەباخچەی ساوایان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس, نە جەنابی وەزیر, نەکەس نەی وتووە باخچەی ساوایان موهیم نییە, مەعلومە, بەلاَم داوای گۆڕانکاریش نەکراوە وەکو خۆی, کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لەجەنابی وەزیر و, لە لیژنەی قانونی و تەربیەش, ئێمە هەندێ یاسامان دەرچوواندووە, بۆ هەندێ وەزارەتی پێشوو, یاسای دیکەشمان دێتە پێش, لەبارەی تەعیین, هەندێ شرۆتی تەعیین هەیە, دەڵێ دەبێ شەهادەی ئیبتدائیی هەبێ, لێرە مەرحەلەی ئیبتیدائیی نەماوە, ئەی بۆ ئەوانە چی دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەوە مەنتیقەیەکی بەدیهییە, تەبعەکە دەبێ بگۆڕدرێ, ئەوەلین شەهادە ئەوەی ئیبتیدائیی پێشووی هەیە دەخوا, ئەوە دەخواتن بەلاَم لەمەودا لەموستەقبەل ئەوە نامینێ, فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزانی چییە, ئێمە ئێستا جوندی خۆبەخشمان هەیە, دەبێ (يكون حاصل على الشهاده الابتدائيه) کە شەهادەی سێی وەرگرت چۆن دەبێتە جوندی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر بۆی شەرح بکە, دیارە من نەمتوانی, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەك جەنابت ئیشارەتت پێدا, ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوەی ئاستی فێربوونی هەموو خەڵکی کوردستان بەرزبکاتەوە, بەڕاستی بەسەربازی خۆبەخشیش, بەهەموو ئەوانی ترەوەش, بۆیە بڕوانامەی شەشی سەرەتایی نامێنێ, ئەگەر پۆستێك هەبوو, پێویستی تەنیا بەخوێندەواری هەبوو, ئەوکات دەتواندرێ قانونەکە بەوە تەعدیل بکرێ, ئەو پۆستە لەڕێی چاوپێکەوتنەوە ئاستێکی خوێندەواری هەڵبەسەنگێندرێ, نەك بڕوانامەی بۆ تەحدید بکرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل قسەت مابوو, فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قانونە بەڕاستی قانونی وەزارەتی پەروەردە, حەز دەکەم ئێمە وردبینەوە, ئێمە لەتەصنیف داینێین چ جۆرە قانونێکی عامی ئیدارییە, ئێمە هاتووین قانونێکی بابەتی کە تایبەتە بە بابەتی پەروەردە و فێرکردنەوە, هاتووین لەم قانونە تێکەڵمان کردووە, ئەگەر ئێمە بڵێین, تەعریفی قانونی پەروەردە بکەین, بەڕاستی قانونێکی تایبەتە, من پێشنیارم ئەوەیە ئێمە پێویستە بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردە وەزارەتی پەروەردە ناوی ناوە بۆ گۆڕانکاریەکان، پێویستە ئێمە قانونێکمان هەبێ بەناوی قانونی پەروەردە و

فێرکردن سەرجەم ئەوانەی کە لەبواری پەروەردە، پێویستە ئێمە بەو قانونە رێکی بخەین, نەك ئەو قانونە کە قانونێکە تایبەتە بە تەشکیلەی وەزارەت، ئەداتێکە بۆ جێبەجێ کردنی پەروەردە, بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە, بەڕاستی ئەوە تێکەڵی دوو قانونە, قانونی عام و قانونی خاص,. پێشنیاری من ئەوەیە هیوادارم وەزارەتی پەروەردە بتوانێ لەداهاتوویەکی نزیکدا لەو بابەتە پێشکەشی پەرلەمان بکات, هەموو تەفاصیلی پەروەردە بەهەموو قۆناغەکان رێك بخەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز د0 شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من تێبینیم لەسەر لیژنەی یاسایی هەیە, یەعنی کە ئەو هینەیان نووسیوە, مادام کردوویانە بە دوو قۆناغ, بەڕای من ببێتە سێ قۆناغ, قۆناغی یەکەم/ ناوی قۆناغی ئامادەکاری (باخچەی ساوایان), قۆناغی دووەم/ قۆناغی پەروەردی بنەڕەتی, قۆناغی سێیەم/ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم, بڕگەی (ج) لێرە سەبارەت بە (رێ خۆشکەرایەتی), من پێم وایە هیچ مانایەك نادات, وابزانم زیادەیە, یا تەوزیحێك بدرێ زۆر باشترە, یەعنی مانایەکی وا نادات, یان تەوزیحێکی بۆ بدرێ, یان حەزف بکرێ باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئەوە دیارە, پرۆژەکە کەباسیان کردووە, مەرحەلەی خوێندن باش دەکات, دوو مەرحەلەی کردووە پێشی زانکۆ, مەرحەلەی ئەساسی و مەرحەلەی ئیعدادیە, بەلاَم باخچەی ساوایانیش پێشی مەرحەلەکەیە, ناوی مەرحەلە نییە, ئەساسی ئەوە هەتا نۆ, مەرحەلەی ئیعدادیەشی هین کردووە , لە 10 تا 12 زۆر وازیحە شتەکان, دوایی دەچێتە زانکۆ, زۆر وازیحە پێویست ناکات بیکەیتە یەك و دوو و سێ, هەمووی مەرحەلەی یەکە, دووەمیش شەرح دەکاتن, سێیەم مەرحەلەی تەمهیدیە فەرموو کاك اسعد.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ئیقتیراحەی کاك عادل دەڵێ, تەربەویە و, دوایی لە یاسای (4)ی 1992 کە هەموار کرایە, یاسامان هەیە, ئەو فەقەڕاتانە وەکو سەرۆك پەرلەمان ئاماژەی پێکرد, تەنها گۆڕینەوەی مەرحەلەیە, ئیبتیدائی و مەتەوەستە و سانەویمان هەبوو, ئێستا بوویتە ئەساس و ئیعدادیە, لەناو بڕگەکانی مادەکان تێدایە, سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی د0 شوکریە, ئێمە نەمان گۆڕیە, ئەو صیغەیەی کە حکومەت تەقدیمی کردیە, هەر ئەو صیغەیە ئێمە بەهەمان شێوە پشتگیریمان لێکردیە, بەلاَم تەسەلسولەکانمان لێککردوە بە فەقەڕات یەك و دوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, وەكو لیژنەی یاسایی تەرتیبەكەی كردووە, خوێندن لە دوو قۆناغ هێنی كردووە, قۆناغی خوێندنی ئەساسی, ماوەی خوێندنی 9 ساڵە, قۆناغی خوێندنی دواناوەندی كە ماوەی خوێندنی تێدا سێ ساڵە, ئەمەش لە دووەم شەرحی كردووە, ساوایان مەرحەلەیەكی پێشترە لە دەست پێكردنی خوێندن, ئەو مادەیە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, مادەی سێیەم بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تعدل المادة السابعة و يقراء كالآتي:

مدة الدراسة لمرحلة التعليم الاساسية والاعدادية والمهنية وتعليم الكبار و وسائلها وكتب الدراسة فيها واساليب التقويم والامتحانات لها تخقيقا للسياسة التربوية والخطط المرتبة عليها وتطويرا لجميع ذلك استنادا الى البحوث العلمية و الدراسات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی سێیەم: ماددەی حەوتەم هەموار دەكرێ و بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماوەی خوێندن لە قۆناغی فێركردنی بنەڕەتی (9) ساڵەو ماوەی خوێندنی ئامادەیی (3) ساڵەو وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە قوتابخانەی فێركردنی بنەڕەتی دیكە دابمەزرێنێ كە ماوەكەی كورتتر بێ بۆ ئەوانەی لە تەمەنی فێردكردنن و دواكەوتوون لە خوێندنی ئەو قۆناغە (تەمەنی 10- 18) ساڵ و دەشێ قوتابخانەكە بەشێك لە قۆناغی فێركردنەكە بگرێتەوە, لەگەڵ ڕەچاوكردنی تەمەنی منداڵان و باری ژینگە و پێویستیە ئابوورییەكانی فێركردنە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری لە مەفهومی مادەكە دەكەین, بەڵام چاكمان كردیە ناحیەی لوغەوی, غەڵەتی لوغەوی و تیباعیشی تێدایە, بەم شێوەمان لێكردیە:

المادة الثالثة: تعدل المادة السابعة من القانون و تقرأ كالآتي:

مدة الدراسة لمرحلة التعليم الاساسى تسع سنوات ومدة الدراسة الاعدادية ثلاث سنوات ولوزارة التربية ان تستحدث مدارس للتعليم الاساسى ذات مدة اقصر لمن هم في سن التعليم وتخلف عن الالتحاق بهذة المرحلة (سن 10- 18) ويجوز ان تقتصر المدرسة على جزء من مرحلة تعليمية مع مراعاة اعمار الناشئين والظروف البيئية ومقتضيات اقتصاد التعليم.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی پەروەردە, پشتگیری لە پڕۆژەكە دەكەین, هیچ تێبینێكمان لەسەری نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی پرسیارەکان لەلامان وازح بێت, با تۆزێك جەنابی وەزیر تەوزیحات بدات, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مودەی دیراسە بوو بە نۆ ساڵ, مەرج نییە ئەو نۆ ساڵە هەمووی لە یەك قوتابخانە بێت, لەوانەیە چوار ساڵی یەکەم لە قوتابخانەیەك بێت, پێنج ساڵەکەی تر لە بینایەکی تر بێت, بەپێی شوێنە جوگرافیا و باری ئابووری خوێندنەکە و, ئەو بارودۆخەی کە ژینگە پەروەردەکە پێویستی پێیەتی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ ادهم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرێزا پێش دوومیا و رێزا دا دەبیژم, من پرسیارەکا جەنابێ وەزیر هەی, کە بێژی (و یجوز ان تقتصر المدرسة على جزء من مرحلة تعليمية مع مراعاة اعمار الناشئين و الظروف البيئية), لێرە پرسیارەکە دەست پێدەکات (و مقتضيات اقتصاد التعليم), لێرە ئەگەر شی کردنەوەك هەبێت, بۆمن مەفهوم نییە, سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەبەستمان ئەوەیە, بۆ نموونە لەگوندێکدا کە ژمارەی قوتابییەکانی کەمە, ناکرێ ئێمە قوتابخانەیەکی نۆ پۆلی بکەینەوە, بۆیە ئەگەر هاتوو ژمارەی قوتابیانی کەم بوو لەبارەی ئابووریەوە حکومەت زەرەرمەند دەبێت, لەبەرئەوە پێویستە لەبارەی ئابووریەوە, پرۆژەی ئەو قوتابخانەی کەدەیکەنەوە دیراسەت بکەین, سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من صیاغەکەی لیژنەی قانونی پێم باشترە لەوە و, تەئیدی صیاغەکەی لیجنەی قانونی دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو مادەیە زیادەیە, چونکە ئەومادەیە لەمادەی دوو هاتووە (1- مرحلة التعليم الاساسي و مدة الدراسة فيها تسع سنوات, 2- مرحلة الدراسة الاعدادية و مدة الدراسة فيها ثلاث سنوات) ئەمە بۆچی تیکرار ببێتەوە جارێکی تر, سوپاس.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر قسەكەی كاك محمد رفعەتی, مودەی دیراسە باس كرایە لەو سەترە, یەعنی ئەو سەترە زیادە و, باسی مەراحیلەكانمان كردیە, مانای ئەوەیە كە زیادە, دووەم/ (لوزارة التربية ان تستحدث مدارس للتعليم الاساسي ذات مدة اقصر لمن هم في سن التعليم و تخلف), (تخلف) نابێ, لە قانونە ئەصڵەكە (تخلفوا), (و تخلفوا عن الالتحاق بهذه المرحلة), پاشان دەڵێ (و يجوز ان تقتصر المدرسة على جزء من المرحلة التعليمية مع مراعاة), بۆ (مراعاة), بەڵكو (مراعاة اعمار الناشئين و الظروف البيئية و مقتضيات اقتصاد التعليم), ئەوە زۆر جوملەكە رێك نییە, یەعنی دەبێ بڵێین (مراعاة), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, بۆ هەردوو مولاحەزەكەت, پێم وایە هەردووكی راستە, كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, مەلا سعدالدین قسەكەی منی كرد, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمادەی سێ دەڵێ (وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە قوتابخانەی بنەڕەتی بكاتەوە كە ماوەكەی كورت تر بێت), من لێرە ئەو پرسیارە دەكەم لەجەنابی وەزیر, ئەو ماوە كورتە ساڵەكانی كورت تر بێت, یان لەساڵێك دوو مەرحەلەی ببڕن, ئەوانەی كە تەمەنیان لە 10 تا 18 ساڵە زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پرسیارەكەم تەقریبەن هەر وایە لەجەنابی وەزیر, ئەو 10ساڵە بۆ 18 ساڵە یەك مەنهەجی تایبەتیان هەیە, یان ئەو مەنهەجەی پێشەوە دەخوێنن كە لەمەرحەلەكانی تر دەخوێنن, یان مەنهەجی تایبەت هەیە بۆ ئەو تەمەنە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێت, ئێستا مولاحەزەی ئەوەم كرد, ئەگەر بەڕێز وەزیرش سەیری ئەوەی بكات, ئێمە لە پێشەوە باسی ئەوەمان كرد كە دوو مەرحەلەی بنەڕەتی هەیە, لێرە هاتووین باسی دوو شتمان تێكەڵ كردووە ئەگەر ئاگادار بن, یەكەم هاتووین باسی تەعلیمی كیبارمان كردووە, كە ئەڵێین مودەتێكی كەمتری هەیە و, لەلایەكی تریش رستەی (ويجوز ان تقتصر المدرسة على جزء من مرحلة تعليمية مع مراعاة اعمار الناشئين والظروف البيئية واقتصاد), ئەوەی جەنابی وەزیر باسی كرد, بۆ ئەوەی ئەو تێكەلاویە دروست نەبێت, ئەكرێ ئێمە بیكەین بە دوو بڕگە, بڕگەی یەكەم ئەوەیە كە خوێندنی بنەڕەتی بۆی هەیە كەمتر بێت, بۆ ئەو منداڵانەی كە دواكەوتوون لە خوێندن و, تەمەنیان لە نێوان 10 تا 18 ساڵە, ئەوە بڕگەی یەكەم, بڕگەی دووەمیش دەتوانین بەم شێوەیە صیاغەی بكەین, هەر بۆ ئەوەی تێكەلاوی تێدا نەبێت, ئەتوانین بڵێین بەشێك لە مەكتەبەكە تەرخان بكرێ, بۆ بەشێك لە مەرحەلەی خوێندن, لەگەڵ موراعات

کردنی تەمەنی خوێندکارەکان, یەعنی ئەوە ئەکرێ بکرێت بە دوو بڕگەوە, چونکە دوو شتی جیاواز تێکەڵاوکراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وامزانی تۆ وەڵامیان دەدەیتەوە, تۆ خۆت لە لیژنەی پەروەردە بوویت و تەئیدت کرد, ئێستا موقتەرەحێکی تازەت تەقدیم کرد, کاك ئەسعد فەرمو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە خوشکە سۆزان ئێستا مادەکە تێگەیشتووە, تەبعەن سێ جار کۆبوونەوەمان کرد و لەگەڵیشمان بوویت, ئەوە یەك, دوو/ مادەی سێ تەئکید کردنە نەك ببێتە دوو فەقەرە, کە دەڵێ دیراسە لە ئەساسی نۆ ساڵە, لە ئیعدادیە سێ ساڵە, ئەوە تەئکید کردنە بۆ ئەو کەسانەش کە موتەخەلیفن لە دیراسە, یەعنی مەجالی ئەوەیان نەبووە, سیاسیەن دەرکراون, ئاوارە بووینە, گەورە بووە سنی قانونەکە بوویتە نێوان 10 تا 18 ساڵ, لە قانونی کۆن لە نێوان 10 تا 15 ساڵ, لێرە سێ ساڵیش زیاترمان داوە بۆ ئەوەی فرصەت بدرێتە ئەو کەسانەی کە تەعلیمیان وەرنەگرتووە, بۆیە مامۆستا محمد رفعەت و مامۆستا ملاسعدالدین, کە دەڵێن ئەو 18 ساڵە زیادەیە, تەبعەن زیادە نییە, ئەوە فرصەت دانەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەعلیم مەحروم بووینە, ئەوەی ئینشائی و قەواعیدیش ئیعتیادیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش پێمان خۆشە لیژنەی پەروەردەش خیلافێکی تێدا هەبێت, بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی بەتەنیا نەبێت کە خیلافی تێدایە, با لیژنەی پەروەردەش بێت, خۆی ئەوەی لە سەر زمانەوانی بوو, راستە, ئەوەی مەلا سعدالدین گوتی, جەنابی وەزیر ئەگەر وەڵامی مولاحەزەکان بدەیتەوە, دواتر دەیخەینە دەنگدان, فەرمو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە کاك محمد رفعت و بەڕێزێکی تریش کردیان, کەمترین وشە تەعبیر بکات باشترە, ئەو دێرە هەر لاببردرێت, چونکە تەئکیدە (مدة الدراسة لمرحلة التعليم الاساسى تسع سنوات و مدة الدراسة الاعدادية ثلاث سنوات), ئەوە لە مادەی پێشوو هاتووە, ئەوە لاببردرێت و ئەوەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە, چونکە ئەوەی تری پێویستە بمێنێتەوە, بەڵام لابردنی ئەو دێرە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت, یاساکە پوخت تر دەردەچێت, سوپاسی تێبینیەکەیان دەکەم, ئەگەر جەنابتان بەدڵتان بێت من لام ئاساییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکی بەجێیە, ئەگەر کاك عەونی بەو تەعدیلاتانەی زمان و هین کە کراوە, بیخوێنێتەوە, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە, فەرمو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة: تعدل المادة السابعة من القانون و تقرأ كالآتي:**

**لوزارة التربية ان تستحدث مدارس للتعليم الاساسى ذات مدة اقصر لمن هم في سن التعليم و تخلفوا عن الالتحاق بهذة المرحلة (سن 10- 18) و يجوز ان تقتصر المدرسة على جزء من المرحلة التعليمية مع مراعاة لاعمار الناشئين و الظروف البيئية و مقتضيات اقتصاد التعليم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو مادەیە کوردیەکەی لەناحیەی زمانەوانی چاکی دەکەین, تەبعەن ئەو مادەیە بەو تەعدیلاتانە و, شەتبی دێری یەکەم ئەوەی کە لیژنەی قانونیش موافەقەتی کرد, لەبەر ئەوەی لە مادەی پێشوو هاتووە, وەکو ئەوەی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, بڕۆ سەر مادەی پاشی, فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة: تعدل المادة الثامنة و تقرا كالآتي:**

1 - **التعليم الاساسى عام موحد للجميع و يمكن الاطفال و اليافعين من اكتساب ادوات المعرفة الاساسية و اسس الثقافة و اكتشاف ميولهم و قابلياتهم.**
2 - **التعليم الاعدادى عام و متنوع يتيح التوسع في الثقافة و التدرج في الحصول على مزيد من التخصص في ميادين المعرفة و التدريب على تطبيقاتها تاهيلا للحياة العلمية و مواصلة الدراسة العالية مع اهتمام خاص بالمتفوقين.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەشتەم هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

1 - **خوێندنی بنەڕەتی گشتی و یەکگرتووە بۆ هەمووان و منداڵ و مێرد منداڵ وا لێدەکات کە ئامرازی زانیاری بنەڕەتی و بنچینەکانی رۆشنبیریی وەرگرن و ئارەزوو و توانایان دەربخەن.**
2 - **فێرکردنی ئامادەیی گشتی و هەمەجۆرە, ماوەی فراوانبوونی رۆشنبیریی و پێشکەوتنی پێ بەپێی دەدات بۆ وەدەست هێنانی پسپۆڕیی زیاتر لە بوارەکانی زانیاری و مەشق کردن لەسەر پیادە کردنیان تاکو بشێن بۆ ژیانی زانستی و بەردەوام بوون لەسەر خوێندنی بەرز لەگەڵ گرنگی دانی تایبەتی بە بەهرەداران.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەلیژنەی یاسایی پشتگیری مەفهومی مادەکە دەکەین, بەلاّم هەندێ صیاغەکەمان چاك کردەوە, لە بیدایەت (من القانون), ئیزافە کرا لەسەر مادەکەی, (تعدل المادة الثامنة و تقرا كالآتي: و تمكن الاطفال), لامەك ئیزافە بوو لاماندا, ئەوانی تر هەروەك خۆی ماوەتەوە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی پەروەردە، پشتگیری لە پرۆژەكە دەكەین، هیچ تێبینیەكمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرنجا من، خالاٚ دویێش مادە پێنجێ كەمە لە لیژنا پەروەردێدا دانووساندن تێرو تەسەل سەر كر و، چونكە خالەكە گرنگە، چارە، ببوورە، سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن راست دەكات كاك اسعد، ئێمە لەناو لیژنەكە موناقەشەمان كرد، بەڵام هەندێ جاریش هەیە ئینسان لەپڕ و لەزۆری قسەكردن لەسەری، هینێكی بۆ بەدەر دەكەوێت، بەتایبەتی من قسە لەسەر ئەو خاڵە دەكەم، هەرچەندە رەئیی لیژنەش وابوو، بەڵام مادەم من رەئیكی ترم هەیە تەرحی دەكەم، ئێمە لەم وڵاتە جیاكاری زۆر بەكاردەهێنین، جیاكاری لەنێوان گەنج و پیر، بەو ئەڵێین پیر و بەوە دەڵێن گەنجە، بەوە دەڵێین قەڵەوە و بەوە دەڵێین زەعیفە، ئەوە جیاكاریە، كە ئەوە ئێستا لەدنیا نەماوە، لەو مادەیە لە خاڵی دوو، جیاكاریەكە لەوەدایە كە دەڵێ (مع الاتهمام الخاص بالمتفوقین)، تەفەوق لە وڵاتی ئێمە معیاری وەكو وەڵاتەكانی تر نەماوە، زۆر بەدەگمەن دەبینی خەڵكێكی متەفەوق هەیە، كە بەرەنجی شانی خۆی كردوویەتی، ئەو كەسە خۆی مەوهوبە، كەسێكی زیرەكە، كەسێكی بە توانایە، بەبێ ئەوەی پشت ببەستێ بە مامۆستای تایبەت، بەبێ ئەوەی هیچ ئیمكانیەتێكی هەبێت، یەكەمیش دەردەچێ لەسەر هەرێم، لەناو وەزارەتی پەروەردە دەبێ ئیهتیمام بدرێت بە متەفەوق و نامتەفەوق، چونكە ئەو منداڵە گوناحی خۆی نییە متەفەوق نییە، ئستیعابی مێشكی ئەوەندەیە، تواناكانی ئەوەندەیە، ئەو (الاهتمام الخاص بالمتفوقین)، یان ئەوەتە بگۆڕدرێ (مع تشجیع الموهیبین)، چونكە ئەوەی كە خوا مەوهیبەیەكی داوەتێ فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی كە متەفەوقە، بۆ ئەوەی ئێمە هیچ نەبێ تۆزێ موحافەزەی دادپەروەردی كۆمەڵایەتی بكەین، كەباسی دەكەین دائیمەن، جا ئەگەر ئەوە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ من زۆر مەمنوونیان دەبم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موڵاحەزەكەت جەنابی وەزیر وەڵام دەداتەوە، بەڵام فەرق و جیاوازی واقیعێكە ناتوانین هیچ بكەین، پیر پیرە و گەنجیش گەنجە، قەڵەو قەلەوە و زەعیفیش زەعیفە، یەعنی چی بكەین، كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم رەئیەكەی كاك عونیم گوێ لێ بوو، بەڵام كاك عونی بە (یمكن) خوێندیەوە، لێرە (التعلیم الاساسی عام وموحد للجمیع)، و (یمكن الاطفال) یەعنی حەقی شەدەكی هەیە، چونكە ئیحتیمالی هەیە (مكن) قودرەت و قوەتدانە، بەس (امكن)، یەعنی سهولەتە، تەبیعی منداڵ قوەتی نییە، ئەوە یەك.

نوقتەی دووەم/ لێرە لە نوقتەی دووەم (التعلیم الاعدادی عام و متنوع..... علی مزید من التخصص في میادین المعرفة و التدریب علی تطبیقاتها تأهیلا للحیاة العملیة)، نەك (العلمیة)، چونكە ئەوە باسی تتدریب

دەكات, باشە دەبێ حەیاتی عەمەلی بێت نەك علمی, چونكە ئەگەر نا هەر دەتوانین ئەوهاش بڵێین (تأهيلا على الحياة العلمية و العملية), زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

صیاغە ئەسڵەن عایدی لیژنەی قانونییە, من كە خوێندمەوە زۆر بەتەئكیدی خوێندمەوە, (و يمكن الاطفال و اليافعين), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەرەبیەكی وەهایە كاك سعدالدین, تەعلیمی ئەساسی عام و موەحەد, یەعنی تەعلیمەكە یومەكن بێت, یەعنی یومەكنەكە بۆ تەعیلیم دەگەڕێتەوە, نوقتەی نیزام فەرموو كاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەرەتایی دەست بەكاربوونی پەرلەمانی كوردستان, ئێمە لەناحیەی زمانەوانی رەخنەمان دەگرت, بەڕاستی یاساكان كە دەردەچن بەزمانی كوردی, بۆ خەڵكی كوردستانە, ئێوە پێتان راگەیاندین كە بۆ زمانەوانی رەخنە مەگرن, چونكە خۆیان چاكی دەكەن, ئەی بۆ باشە بۆ كەلیمەیەكی عەرەبی دە جار خەڵك هەڵدەستێ ئەوە یومەكنو نییە, یومەكینە, گوێشی لێ رادەگرن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر مانایەكی غەڵەتە, پڕۆژەكە بەعەرەبی هاتووە, كەلیمەیەك غەڵەت بێت, لەتەرجومەی كوردیەكەش غەڵەت دەبێت, لەبەر ئەوە تەئكید لەسەر ئەوەیە, كاك ئارێز نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەر ئەوە بوو, ئێرە جێی گفتوگۆی لوغەی عەرەبی نییە, ئێمە دیراسەی قەواعیدی عەرەبی ناكەین, ئەوە عەرەبیە و ئەوە نازانم چی, فیعلەن ئێمە بۆ كوردستانی دەكەین, بۆیە دەبێ بەكوردی بێت, بۆچی جاری یەكەم بە عەرەبی خوێندرایەوە, كێشەكە لەوەدابوو, ئێمە هەمووجار وتوومانە بەكوردی و عەرەبی, بەڵام بۆچی بەعەرەبی خوێندراوە, جا لەبەر ئەوە وەختی ئەوە نەبوو ئەو گفتوگۆیە لەسەر ئەو مەسەلە عەرەبیە بكرێ, هیوادارام جارێكی تر ئەوە دووبارە نەكرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پڕۆژەكە لەلایەن وەزارەت بەعەرەبی هاتووە, ئێمە لێرە تەرجومەمان كردۆتەوە بۆ زمانی كوردی, موناقەشەكەمان هەر بەعەرەبی بووە, پەرلەمان بڕیاری داوە زمانی عەرەبی ئەساسە, ئەگەر هاتوو خیلاف هەبوو لەزمانەوانی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە موناقەشەکە کەوتە سەر زمان, منیش با مولاحەزەیەکی بچووك لەسەر کەلیمەیەکی کوردی بدەم کە لەم مادەیە هاتووە, ئەوەیش کەلیمەی مێرد منداڵە, ئەگەر بکرا بایە نێوجەوان جوانتر بوو لەوە, ئەوە یەك.

دوو/ من مولاحەزەی ئەوەم کرد, باس لە بەهرەداران کراوە لێرە, ئەوەی لەیادمان بێت, پێم وایە لە ریفۆرمی نوێی سیستەمی پەروەردە, بەهرەداران هەر ناویشی گۆڕا, بوو بە قوتابخانە نموونەییەکان, چەند پێوەرێکیش دیاری کران بۆ وەرگرتنی قوتابی و خوێندکاران لەو قوتابخانانە, ئایا پێویست ناکات لە یاسای وەزارەتی پەروەدرە ئیشارەتەك بەوە بدرێ؟ یەعنی هەتا ئێستاش هەر بە بەهرەداران ناویان هاتووە و, لە لیژنەی قانونیش بە پێشکەوتووەکان ناویان هاتووە, بەلاّم لەئەساسدا ئەگەر جەنابی وەزیر مولاحەزەکمان بداتێ, ئەوەی من لەیادم بێت کراوە بە نموونەیی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوو کەس ماوە قسە بکات, ئینجا لەپاشان جەنابی وەزیر وەلاّمیان بداتەوە, د. ناصح, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی لە ئەساسدا, یاساکە هەر لە 92 ش بە عەرەبی حازرکراوە, بۆیە کاتی خۆی بەداخەوە ئەو بوارە نەبوو هەموو شتێك بە کوردی حازر بکرێ, بۆیە لە ئەساسدا بەعەرەبی حازر کراوە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا کە ئەبینین کە ئەو تەعدیلە هەیە کوردیەکە و عەرەبیەکە جیاوازی هەیە, لەبەر ئەوە من عەرەبیەکەش دەخوێنمەوە, کوردیەکەش سەر لەنوێ خۆم ئەگەر بوار هەبێ دابڕێژرێتەوە, تەسلیمی لیژنەی یاسایی دەکەم, بەنیسبەت خاڵی یەکەم, (المادة الرابعة: تعدل المادة الثامنة من القانون وتقرأ کالآتي), (1) نووسراوە, من پێم وایە بەم شێوەیە بێت (من)ی ناوێت کە دەڵێت (التعلیم الاساسی عام موحد للجمیع ویمکن الاطفال والیافعین اکتساب ادوات المعرفة الاساسیة واسس الثقافة واکتشاف میولهم وقابلیاتهم وتنمیاتهم), (من)ەکە لێرە زیادەو, تەنمیەی قابلیاتیش لێرە پێویستە, جاران تەنیا ئیبتیدائی بوو, بۆیە ئەوەی تێدا نەبوو, ئێستا متەوەستەشی هاتۆتە سەری, ئەمە مانای ئەوەیە تەنمییەی ئەو قابلیەتەش ئیزافە بکرێ, هەر بۆ ئەم خاڵە کوردیەکەی بەم شێوە دامرشتووە و تەسلیمی لیژنەی یاسایشی دەکەم, بەم شێوەیە (مادەی چوارەم: یەکەم/ خوێندنی بنەڕەتی گشتگیرە و بۆ هەمووانە و بوار بۆ منداڵان و هەرزەکاران ئەڕەخسێنێ کە سەرەتا بنەڕەتیەکانی زانست و بنەما رۆشنبیریەکانیان بەدەست بهێنن و تواناو ئارەزووەکانیان بدۆزنەوەو پەرەیان پێبدەن), خۆی ئەمە دروست ترە, لەگەڵ عەرەبیەکەی زیاتر دەقەکەی دەگونجێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە, لێرە لەمادەی پێشوو باس لەوە دەکات کە 10 ساڵ بۆ 18 ساڵ, لێرەش دەڵێ خوێندنی بنەڕەتی گشتگیرە و هەموو جۆرە ماوەیەك دەگرێتەوە, پرسیارەکەم ئەوەیە لێرە دوو بواری خوێندن هەیە, یەکەمیان/ ئیمتیحانی خارجییە, دووەمیان/ ئەو مەڵبەندانەی نەهێشتنی نەخوێندەواریە کە کراوەنەتەوە, ئێستا فێرکار و خێرخوازێکی زۆری لێیە, ئەوانە لە چ بوارێك لەم پێناسەیە جێیان دەبێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر جەوابت هەیە بۆ ئەو تێبینیانە و پرسیارانە, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو خاڵەی كە جیاكاری هەیە لەو سیستەمە لەنێوان قوتابیان, یان خوێندكاران, لەڕاستیدا لە مەرحەلەی ئیعدادیە ئەوانە منداڵ نین, لە مەرحەلەی ئامادەییش بێگومان بەهرەدار جیا دەكرێتەوە لە نابەهرەدار, ئەگەر وشەی متەفەوقین بگۆڕدرێ بۆ مەوهوبین, ئێمە ئەم ساڵ ئەو كۆلیجەمان كردەوە, كۆلیجی بەهرەدارانی قەڵا لە هەولێر, كۆلیجی بەهرەدارانی ئەزمەر لە سلێمانی, لەكۆی هەموو ئەو تەلەبانەی كە وەرگیراون, تەنها حەوت تەلەبە لەهەولێر و هەشت تەلەبە لە سلێمانی وەرگیراون, هەفتەی رابردوو من خۆم سەردانی كۆلیجی ئەزمەرم كردووە لەسلێمانی كردمانەوە, تەلەبەیەك لە مەرحەلە یەك, پرسیاری مەرحەلە چواریان داوەتێ و حەلی كردووە, ئەوانە دەبنە زانای دواڕۆژ, لەبەر ئەوە وەزارەتی پەروەردە دەبێ گرنگیان پێبدات, منداڵی كرێكاریشی تێدابووە, منداڵی خەڵكی تریشی تێدابووە, فیعلەن ئەوانە بەهرەدارن هەرچەندە ژمارەكانیان زۆر كەمە, ئەگەر زیاتریش بن باشترە, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئیهتیمامی خاص بە مەوهوبین بدرێت, نەك متەفەوق, قوتابخانەی بەهرەدارەكانی جاران گۆڕاوە بۆ نموونەیی, لەبەر ئەوەی ئەوانە بەهرەدار نەبوون, بەڵكو تەنها ئەوانە بوون كە كۆ نمرەكانیان لە 90 بەرەو ژوورە, بێگومان مەرج نییە ئەوەی كۆ نمرەی لەشەشی سەرەتایی 90 بێت بەهرەدارە, لەم سیستەمە نوێیەش ئەو جیاكاریە لەشەشی سەرەتایی ناكرێ, لەدوای قۆناغی نۆ ئەو جیاكاریە پەیدا دەبێت, لەبەر ئەوە ئاساییە, سەبارەت بە روونكردنەوەكانی تر, ئێمە فێركردنی گەورەمان هەیە، بەڕاستی قۆناغەكانیان بۆ كورت دەكرێتەوە, كە لەمادەی پێشوو باسمان كرد و, پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری, وەكو بەڕێزیشتان ئیشارەتان پێدا, ئێمە ئەو مادانەمان گۆڕیوە كە پێویست بوو لەسەر ئەساسی قۆناغی یەك بۆ نۆ بگۆڕین, ئەگەر نا یاساكانی پێشوومان دەستكاری نەكردووە, ئەوە لەكات و شوێنی خۆیدا رەنگە هەموو یاساكانی وەزارەتی پەروەردە و بنەماكانی پێدا بچینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناكرێ لەسەر مولاحەزات و ئەوانە هەر كەس قسەی بكات, مەسەلەی زمان, خۆ ئێمە كۆڕی زانیاریمان نییە, كاك كریم نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینی و قسەم نییە لەسەر یاساكە, بەڵام ئەو پرۆژە یاسایەی كە ئێستا هاتۆتە كایەوە لێرە, پێم وایە وەزارەتی پەروەردە كاتی خۆی بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەروەردە خستیانە بەردەم پەرلەمان, گفتوگۆیەكی تێر و تەسەلی لەسەر كرا, پێم وایە ئێستا موناقەشە هەڵناگرێ, ئێستا مەوزوعەكە یەكسەر بخرێتە روو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان مادە بە مادە, كێ لەگەڵدایە, كێ لەگەڵ نییە, ئەو موناقەشەیە هەڵناگرێ, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من مولاحەزەیەك دەدەم لەسەر کەلیمەی مەوهوبین و متەفەوق، لەخوێندن مادەم معیار پلەیە، دەرەجەیە ئەبێ متەفەوق بێت، مەهوب شەرت نییە بە خوێندن فێر بێت، ئەو کەسە شتێکی هەیە بەبێ خوێندنیش بۆی دروست بووە، بەلاّم ئێستا لەقوتابخانەکان بەنمرەیە، مەلەسەن ئەڵێ لە 90 بەرەو ژوور، هێنانی 90 بە جوهدە، ئەو کەسەی 90 ی هێناوە لێ بپرسە ئەڵێ 12 سەعات خوێندوومە، لەبەر ئەوە متەفەوقەکە راستترە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من جوابی ئەو پرسیارەی تۆ دەدەمەوە، من پێم وایە مەهوبەکە راست ترە، چونکە متەفەوق ئۆتۆماتیکی بەدەرەجەکەی خۆی دەچێتە شوێنی خۆی و ئیهتیمامی پێدراوە، بەلاّم مەهوب ئەو کەسەیە بەهرەی هەیە، مامۆستا کەشفی دەکات کە بەهرەی هەیە، بەلاّم وەزعی ئیجتیماعی تەواو نییە، پارەی نییە، ژیانی تەواو نییە، مەشاکیلی هەیە، بۆیە ئیهتیمامی خاص بە مەهوبین بدرێت، یەعنی ئەو کەسانەی کە بەهرەیان هەیە، بەلاّم زرووفی تریان هەیە، پێویست دەکات ئیهتیمامیان پێبدرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش متەفەوق بن وەکو ئەوانی تر کە دەرەجەیان بەرزە، یەعنی مەوهوبە بەلاّم ماڵیان تەواو نییە، مەشاکلی هەیە، ئیهتیمامدان یەعنی حەل کردنی مەشاکل، بۆیە لێرەدا مەوهوبین باشترە، وەکو جەنابی وەزیر تەعدیلەکەی کرد لەسەر رۆشنایی قسەی سۆزان خانیش، فەرموو.**

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تەبیعی متەفەوق دروستە و مەوهوبینیش دروستە، بەلاّم ئەوەی سۆزان خان وتی تەشجیعەکە بۆ متەفەوقین بێت، ئیهتیمام خاصەکە بە مەوهوبین بێت، ئەو کاتە ئەوە دروست دەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك دکتۆر، تەشجیع خۆی ئۆتۆماتیکیەن هەیە و، منەتیشی ناوێ، متەفەوقە دەچێتە کولیەی توب، دەچێتە کولیەی توب ئەسنان، ئەوە خۆی لەخۆیدا فەرزی خۆی دەکات ئیهتیمامی پێ بدەیت، وەزعی باشی بدرێتێ، بەلاّم لێرە ئەوانەی مەوهوبن پێویست دەکات ئیهتیمامێکی تایبەتیان پێبدرێ، بۆ ئەوەی بگەنە دەرەجەی متەفەوق، ئێستا من داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بیخوێنێتەوە، پێم وایە لەیەکەمدا، وەکو خۆتان نووسیوتانە، (التعلیم الاساسی عام) واوێکی ئیزافەی دەوێت، (و موحد)، پاشان (و یمکن الاطفال و الیافعین اکتساب ادوات المعرفة الاساسیة واسس الثقافة و اکتشاف میولهم و قابلیاتهم)، ئەوەی تریش ئیهتیمامی خاص بە مەهوبین لەجیاتی متەفەوق، ئینجا بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، بە کوردیەکەش ئەگەر حازری بکەن، فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة: تعدل المادة الثامنة و تقرا كالآتي:**

1 - التعليم الاساسى عام و موحد للجميع و يمكن الاطفال و اليافعين من اكتساب ادوات المعرفة الاساسية و اسس الثقافة و اكتشاف ميولهم و قابلياتهم.

2 - التعليم الاعدادى عام و متنوع يتيح التوسع في الثقافة و التدرج في الحصول على مزيد من التخصص في ميادين المعرفة و التدريب على تطبيقاتها تاهيلا للحياة العلمية و مواصلة الدراسة العالية مع اهتمام خاص بالموهيبين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(للحياة العلمية), نەك (العملية), مەبەستی دوای تەواو كردنی خوێندنە, جەنابی وەزیر ئەگەر شەرحێكی بكەیت, فەرموو.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەوە علمییە, لەبەر ئەوەی قۆناغی ئامادەییە, ئەوانە پیشەیی نین, ئێمە جیامان كردۆتەوە, ئەوەی كە دێتە ئیعدادیە دەبێ گرنگی بە زانست بدات, لەبەرئەوە بەرەو زانكۆكان دەڕۆن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەئاخیرەكەش دەڵێ (مواصلة الدراسة العالية), ئەویش هەر علمییە, بەكوردیەكەی بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی چوارەم: مادەی هەشتەم هەموار دەكرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

1 - خوێندنی بنەڕەتی گشتی و یەكگرتووە بۆ هەمووان و منداڵ و مێرد منداڵ وا لێدەكات كە ئامرازی زانیاری بنەڕەتی و بنچینەكانی رۆشنبیریی وەرگرن و ئارەزوو و توانایان دەربخەن.

2 - فێركردنی ئامادەیی گشتی و هەمەجۆرە, ماوەی فراوانبوونی رۆشنبیریی و پێشكەوتنی پێ بەپێ دەدات بۆ وەدەست هێنانی پسپۆڕیی زیاتر لە بوارەكانی زانیاری و مەشق كردن لەسەر پیادە كردنیان تاكو بشێن بۆ ژیانی زانستی و بەردەوام بوون لەسەر خوێندنی بەرز لەگەڵ گرنگی دانی تایبەتی بە بەهرەداران.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە وەكو لیژنەی یاسایی خوێندیەوە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا, بڕۆ سەر مادەی پێنجەم, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تعدل المادة العاشرة و تقرأ كالآتي:

1 - التعليم في المرحلتين الدراسة الاساسية والاعدادية بانواعها المختلفة مجاني في المدارس الرسمية وكذلك في المعاهد والمراكز الرسمية المنصوص عليها في المادة الثانية عشر من هذا القانون.

2 - التعليم في المرحلة الاساسية الزامي للذين يكملون السادسة من العمر عند ابتداء السنة الدراسية او في الحادي والثلاثين من شهر كانون الثاني من تلك السنة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی پێنجەم: مادەی دەیەم هەموار دەكرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1 - فێركردن لەهەردوو قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی بە هەموو جۆرەكانیەوە بە خۆرایی یە لە قوتابخانە فەرمییەكاندا, هەروەها لە پەیمانگا و مەڵبەندە فەرمییەكانی كە لەمادەی دوازدەمدا لەم یاسایەدا هاتوون.

2 - فێركردن لە قۆناغی بنەڕەتی تەوزیمی و بەخۆراییە بۆ ئەو كەسانەی كە لەسەرەتای ساڵی خوێندن یان لە (31)ی مانگی كانوونی دووەم, شەش ساڵ لە تەمەنیان تەواو دەكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ناوەڕۆكی مادەكە دەكەین, بەلاّم چاكمان كردیە لەناحیەی لوغەوی و, قەواعیدیەن هەندێ غەڵەتی تێدا هەبووە, بەم شێوەی لێكراوە:

المادة الخامسة: تعدل المادة العاشرة من القانون و تقرأ كالآتي:

1 - التعليم في مرحلتي الدراسة الاساسية و الاعدادية بانواعها المختلفة مجاني في المدارس الرسمية و كذلك في المعاهد و المراكز الرسمية المنصوص عليها في المادة الثانية عشر من هذا القانون.

2 - التعليم في المرحلة الاساسية الزامي للذين يكملون السادسة من العمر عند ابتداء السنة الدراسية او في الحادي و الثلاثين من شهر كانون الثاني من تلك السنة.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها لە پرۆژە ئەصڵیەكەی كوردی, لە خاڵی دوو هەستاین بە لابردنی وشەی (بەخۆرایی), چونكە لەخاڵی یەك باسكراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تەنها لە ناحیەی لوغەوی ئەو كەلیمەیان گۆڕییە (مرحلتين), كراوە بە (مرحلتي), باشە فەرموو مەلا سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدين ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی دەڵێ (الزيادة فی المبنی يكون زيادة فی المعنی)، یەعنی مانای ئەوە نییە ئەگەر یەکێك ئیتلاعی لەسەر مەوزوعێك نەبێتن، قسەش تێدا بکات، ئەوە قانونەکە بەعەرەبی هاتووە، ئەگەر نا با بەعەرەبی نەخوێندرێتەوە، ئەگەر دەڵێم قسان ناکەم، لێرە موزەکەر دەبێتە موئەنەس، (التعليم في مرحلتي الدراسة الاساسية و الاعدادية بانواعها المختلفة)، ئەوە (انواعها) نییە (انواعه)یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ دیراسەکە دەگەڕێتەوە، باش تەماشای بکە، مەرحەلەکە یەك مەرحەلەیە، بۆ دیراسەکە دەگەڕێتەوە، کاك ادهم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیا من تکایە وەکو تێبینیا نەبێت لەسەر زمانی عەرەبی، تەنها من بۆ ئیختیصار دەڵێم (مرحلتين المرحلة الاساسية و مرحلة الاعدادية)، چەند جار هاتییە تیکرار کرن، ئەز بێژم ئەوە لێرە لازم نابی، (تعليم في كافة مراحلها) یەعنی بەسە هەندە ئیعدادی و ئەساسی تیکرار بکەین، عەینی مەفهوم راگەینێت، سوپاس.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرنجا من لەسەر خالێ دوویە، حکومەت لەسەر لیژنەی پەروەردە دانوساندنی گەلەك سەرکری، وەکو گەیشتینە پێشنیارێکی، پرسیاری مە عەولی جەنابی وەزیریە لەسەر وی خالێ، ئەرێ ئەوی ناچاریە بچیتە قوتابخانە پانزەی نە شەش ساڵی تەمەنی تەواوی کری، یان سی و یەکی مانگی یەك، هی کانونی دووەم، ئەن گەیشتینە پێشنیارێ، ئەگەر $9/15$، یان سەرەتای ساڵی خوێندن، شەش ساڵی تەواو دەکەن، ناچارن رووبکەنە قوتابخانە و، ئەوانەی $31$/ کانونی دووەمیش شەش ساڵی تەواو دەکەن بۆیان هەیە، پسپۆڕی بواری پەروەردە چارەیەك دانێت بۆ بەبەر چار مانگی فەرقی، داك و باب گەر بزانێ کوڕی وی شەش ساڵ کەم چار مانگ، حەقی ئەوساڵ خوێندن دێت یان نا، هەروەها ئەم دوایە باخچەی ساوایان، رێڤەبەری باخچەی ساوایان ئەو تەقدیر کرن، کە شەش ساڵ کەم چار مانگ دەرحەق دێت بچێت خوێندن تەواو بکات، یان نا، جا پێشنیار ئەوە بوو.

خاڵی دووەم/ فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی تەوزیمیە، بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەرەتای ساڵی خوێندن شەش ساڵ لە تەمەنیان تەواو دەکەن، هەیە لە $31$/ کانونی دووەم شەش ساڵ تەواو دەکەن بۆیان هەیە روو لە قوتابخانە بکەن و خوێندنی خۆیان تەواو بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئیەی کاك کەریم دەکەم، چونکە بەڕاستی ئەوە تەعدیلە، تەشریع نییە، ئەو هەموو موداخەلاتە پێم شتێکی زیادە، بەلاّم هەندێك شت دێتە پێشت ناچاری باسی بکەیت، من بۆ جەنابیشتم نارد کە نووسیومە (مجانيون) پێم وایە ماناکەی لە جێی خۆیی نییە، بکرێتە (مجانا)، چونکە ئەوە لێرە مانایەکی تر دەبەخشێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر بۆمان روون بکەیەوە, ئەو (مدارس)ە چییە؟ (في مرحلتي الدراسة الاساسية و الاعدادية و المدارس), ئەو مەدارسە چییە؟ کولییە مەعلومە, مەدارسەکە تۆزێك تەوزیحی دەوێت, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا (مدارس)ەکە هەر قوتابخانەکانن, کە دەڵێین (تعليم مجانيا) لە مەرحەلەی دیراسیەکە لەو قوتابخانانەی کە هەن, واتە هەر شەرح کردنی دێری یەکەمە, مەعاهد و مەراکز جاری وا هەیە خولێکی پەروەردەیی دەکرێتەوە, تیایدا ئەو خولانە وەکو مەرکەزێك ناویان ئەدرێت, نەك وەکو قوتابخانەیەکی تایبەت, لەوێش هەر بە خۆڕاییە, یەعنی ئەو مادەیە تایبەتە بە خۆڕایی خوێندن لەو قوتابخانانەی کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن, سەبارەت بەوەی دووەم, ئەوانەی کە 31/ کانونی دووەم تەواوی دەکەن, لەڕاستیدا ئەو هەر خۆی تەحصیل حاصیڵە, چونکە ئێمە وتوومانە شەش ساڵ تەواو بکات, دەتوانن ئەو دایك و باوکە نەهێڵێت تا ساڵی داهاتوو, کە دەبێتە شەش ساڵ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وابێت, مەدارسەکە زیاد نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە, مادەی دوانزە, چونکە لێرە باس نەکراوە, نووسراوە لەم مادەیە (المدارس الرسمية و كذلك في المعاهد و المراكز الرسمية المنصوص عليها في المادة الثانية عشر), مادەی دوازدەش نووسراوە (تفتح الوزارة معاهد و المراكز تدريبة, دورات التربوية و التاهيلية و الفنية الاخرى وفق متطلبات التلميع), مادەی دوازدە ئەوەی پێویست کردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەگەر وای لێبکەین (التعليم مجانيا في مرحلتي الاساسية والاعدادية و كذلك في المعاهد الرسمية والمراكز المنصوص عليها في المادة الثانية عشرة), ئەوها باشترە, کاك عونی ئەوەی تەعدیل بکەن (التعليم مجانيا في مرحلتي الاساسية والاعدادية وكذلك في معاهد الرسمية ومراكز المنصوص عليها في المادة الثانية عشرة من هذا القانون), یەعنی بەس (انواع مختلفة) ئیلغا دەبێت, شەتب دەبێت, جا ئەگەر هەردووکی بخوێننەوە, کاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەی دوازدە دەڵێ (معاهد ومراكز التدريبية) نەك (مراكز الرسمية) و, (الدورات التاهلية), جا هەر بە زیکری مادەی دوازدە بیڵێین باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەورەی تەدریبی شتێکی رەسمییە, کەدەڵێین مەراکزی رەسمی هەمووی دەگرێتەوە, یەعنی ئەوەی کە وەزارەتی تەربیە دەیکاتەوە, بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تعدل المادة العاشرة من القانون و تقرأ كالآتي:

1 - التعليم في مرحلتي الدراسة الاساسية و الاعدادية بانواعها المختلفة مجاني في المدارس الرسمية و كذلك في المعاهد و المراكز الرسمية المنصوص عليها في المادة الثانية عشر من هذا القانون.

2 - التعليم في المرحلة الاساسية الزامي للذين يكملون السادسة من العمر عند ابتداء السنة الدراسية او في الحادي و الثلاثين من شهر كانون الثاني من تلك السنة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی پێنجەم: مادەی دەیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

1 - خوێندن لەهەردوو قۆناغ بنەڕەتی و ئامادەیی بەگشت جۆرەکانیەوە بێ پارەیە لە قوتابخانە فەرمیەکان و هەروەها بێ پارە دەبێت لەو پەیمانگە و سەنتەرە فەرمیانەی لە مادەی دوازدەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

2 - خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی تەوزیمیەیە بۆ ئەو مندالأنەی کە لەسەرەتای ساڵی خوێندنیان یان لە 31 ی مانگی کانونی دووەمی هەمان ساڵ شەش ساڵ لە تەمەنیان تەواو دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە وەکو دواجار خوێندرایەوە بەکوردی و عەرەبی, دیارە ئێوە ئینتیباهتان نەکرد, فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کە لەکوردیەکەی خوێندرایەوە, تۆبزیە و بەخۆڕاییە, ئەو بەخۆڕاییە زیادە لە فەقەڕەی دووەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکوردیەکەی راستە زیادە, ئەو مولاحەزەی پەخشان خان ئەو زیادە لەکوردیەکەی هاتووە شەتب دەکرێ, وەکو خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەو مادەیەش قبوڵکرا, بڕۆ مادەی دواتر تکایە, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکەی کو هاتووە من وای دەخوێنمەوە, من مەسئول نیمە لە غەڵەتە مەتبەعیەکە,

المادة السادسة: يعدل الفقرتين الاولى و الثانية من المادة الخامسة عشر و تقرأ كالآتي:

1 - يشترط فيمن يعيين للتعليم بالمدارس الاساسية ان يكون معدا اعدادا تربويا و علميا و يفضل ان يكون حاصلا على شهادة جامعية الولية و خاصة خريجى كليات التربية الاساسية و يتمتع حاصل الشهادات جامعية بامتيازات متساوية في جميع الراحل.

2 - يشترط فيمن يعيين للتدريس في المدارس الاعدادية ان يكون متخرجا من احدى الكليات على ان يكون متخصصا في احدى ميادين الدراسة الاعدادية و معدا اعدادا تربويا و علمياً و يفضل خريجوا الكليات التربوية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەم لەماددەی پازدەم هەموار دەكرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:

1 - مەرجە ئەو كەسەی بۆ فێركردن لە قوتابخانە بنەڕەتیەكان دادەمەزرێ بەشێوەیەكی پەروەردەیی و زانستی ئامادە كرابێ و وا پەسندیشە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت بەتایبەتی دەرچووانی پەروەردەی بنەڕەتی و خاوەن بڕوانامە زانكۆییەكان هەموو دەستكەوتێكی (امتیازات)ی یەكسانیان لەهەموو قۆناغەكاندا هەیە.

2 - مەرجە ئەو كەسەی بۆ وانە گوتنەوە لەقوتابخانە ئامادەییەكان دادەمەزرێن لەیەكێك لە كۆلیجەكان دەرچوو بن و پسپۆڕبن لەیەكێك لەمەیدانەكانی خوێندنی ئامادەیی بەشێوەیەكی پەروەردەیی و زانستی ئامادە كرابن و دەرچووانی كۆلیجەكانی پەروەردە بن پەسند دەكرێن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری دەقی مادەكە دەكەین, بەڵام تەصلیاحاتی لوغەوی كرایە, ئەگەر ئیلزامە بیخوێنەمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێویست ناكات من دەیلێم, (الولیه)كە (اولیه)یە غەڵەتی مەتبەعەیە, (الراحل)یش (مراحل)ە, لە دووەمیش, وابزانم (خریجوا) ئەلفەكەی زیادە, جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە وەكو ئێمە ناردوومانە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەن, هەندێ گۆڕانكاری تێدا كراوە بۆ لیژنەی یاسایی, ئەگەر ئیجازە بدەن مادەكە بخوێنمەوە, (یشترط فیمن یعیین للتعلیم بالمدارس الاساسیة ان یكون معدا اعدادا تربویا و علمیا و یفضل ان یكون حاصلا علی شهادة جامعیة اولیة و خاصة خریجی كلیات التربیة الاساسیة), تەواو ئیتر جارێكی تر پێویست ناكات باسی شەهادات بكرێت, لەبەر ئەوەی بەقانون هەموو خەریجی كولیات ئیمتیازاتی خۆیان هەیە و, لەفەقەرەی دووش كوردیەكەی كە تەرجومە كرابوو (و یفضل خریجوا الكلیات التربویة), واتە پەسند ترن نەك ئەوان پەسند ترن, كە ئێمە بڵێین ئەوان پەسند ترن كەواتە كولیەكانی تر ناگرێتەوە, بۆیە دەڵێین (و یفضل خریجوا الكلیات), سوپاس.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری پڕۆژەكە دەكەین, بەڵام لەخاڵی دووەم نووسینەوەكەمان بەرێك و پێكی نووسیە, ئەوەیش بەم شێوەی خوارەوە دەیخوێنمەوە: (مەرجە ئەو كەسەی بۆ وانە گوتنەوە لەقوتابخانە ئامادەییەكان دادەمەزرێن دەرچووی كۆلێژ بێت, یان كۆلێژی پەروەردە بن لەبوارەكانی خوێندنی ئامادەیی بەشێوەیەكی پەروەردەیی و زانستی ئامادە كرابن, دەرچووانی كۆلێژی پەروەردە پەسند ترن), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ ادهم نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەز لەسەر مەسەلا كەس غەڵەتی كرا, ئەز پێشنیارەكی دكەم, كە سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ, سەرۆكایەتیا ئەنجومەنی وەزیران ئاگادار بكات بە كتابێكی, ئەڤە قانونەكە دێتە ئێرە, بێ گومان ڤە پڕۆژە قانونەكە دێتە ئێرە بە ئیمزای سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران, یان جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دێتە پەرلەمانێ, بە رەئیی منا لە هەر دائیرەیەكی حكومەتا كە كتابێك دەربچیت, شتەك دەربچیت تەحقیق دێتە كرن, یان مودیر بێڤە خوێندنێ وی كتابێ لەسەر كتابێ خۆی ئیمزا نەكا, یەعنی هەر لەڤ مادەیەدا لەخاڵێ ئێكدا سێ غەڵەتیان بینی, جا حەز دەكەی غەلەتی ئیملائیی, غەلەتی مەتبەعی, (اولیە), یان (الاساسیە) نووسییە (الاسیە). یان (المراحل) نووسییە (الراحل), یەعنی لە دوو خەت سێ غەلەتی ببینم, من نابێژم زوعفێكیا هەیە, بەس ئیهتیمام نەدانە, بە كتابێكی رەسمی دەربچێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موڵاحەزەكەت راستە, ئێمە پێمان وتوونە, بەڵام چی بیكەین, ئیمجارەش لەرێگای تەلەفزیۆن پێیان دەگاتن ئەو موڵاحەزەیە, بەڵام ئەصڵیەكەش كە كاك دڵشاد خوێندیەوە ناردوویەتی ئەو غەڵەتانە نییە, هەر لە تەبەعەكەیە, نەصەكەیان وەكو خۆی تەبع نەكردیە, كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لە بڕگەی یەك و دوو هاتووە, مامۆستایانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی خەریجی زانكۆ دەبن, شەهادەیان یەكە, ئایا جیاوازی چییە لەنێوانیان؟ بەتایبەتی مامۆستایانی خوێندنی ئامادەیی كە ئەو خەریجی زانكۆیە, و ئەویش هەر خەریجی زانكۆ بێت, ئەوە یەك.
دوو/ ئێستا لە 95٪ ی مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی شەهادەی زانكۆیان نییە, ئەوانە چییان لێدەكرێ؟ و, قۆناغی بنەڕەتیش بوویتە نۆ ساڵ, ئێستا خەریجی كۆلیژەكانیش كەمتر تەعیین دەكرێن لەبەر زۆری ئەوان, جەنابی وەزیر پڕۆسەكە چۆن تەعدیل دەكەن و چی دەكەن؟ بۆمان روونكەنەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی شەش بڕگەی یەك هاتووە (يشترط فيمن يعيين للتعليم بالمدارس الاساسية ان يكون معدا اعدادا تربويا و علميا و يفضل ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية و خاصة خريجى كليات التربية الاساسية), باشە ئێمە ئەو هەموو خەریجی مەعهەدی موعەلمینی مەرکەزی چییان لێدەکەین؟ ئایا ئیلغا کراوەتەوە, یان ئەمینێتەوە؟ ئەوە یەك.

دوو/ مەرحەلەی ئەساسی شەش ساڵی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتاییە, لەبەر ئەوەی هیچ پێویست ناکات شەهادەی جەماعی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی تەعیین بکەین, سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مادە شەش بڕگە یەك, من هاودەنگ لەگەڵێم, چونکە زۆر دروست هاتووە, راستە (يفضل ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية و خاصة خريجى الكليات التربية الاساسية), ئێمە خەریجی مەعهەدیشمان هەیە, بەلاّم باشترە ئەگەر خەریجی کولیە بێت, بەنیسبەت خاڵی دووەم, من پێم وایە دەبێ گۆڕانکاری تێدا بکرێ, (و يفضل خريجوا كليات التربوية) بخرێتە پێشەوە, چونکە کاتی خۆی کە ئەم یاسایەمان دانا ئەو دەمە ساڵی 1992 بوو, ئێمە کۆمەڵێك خەریجی زانکۆمان هەبوون دانەمەزرابوون, پێویستیمان بەمامۆستا هەبوو, لەبەر ئەوە هی کۆلێژەکانی ئاداب و کولیەی علوم و ئیدارە و ئیقتیصادمان وەردەگرت, ئێستا ئەوانە هەندێکیان بەداخەوە موئەهل نەبوون, هەرچەندە دەوراتیان بۆ کراوە, بۆیە باشتر وایە بگوترێ بەم شێوەیە (يشترط فيمن يعيين للتدريس في المدارس الاعدادية ان يكون متخرجا من احدى الكليات التربية او احدى الكليات الاخرى على ان يكون متخصصا في احدى ميادين الدراسة الاعدادية و معدا اعدادا تربويا و علمياَ), یەعنی کولیەی تەربیە بخرێتە پێشەوە, چونکە ئەمە زەڕوورییە, پاش پانزە ساڵ دەبێ گۆڕانکاری تێدا بکات, ماشاالله ئێستا کولیاتی تەربیەمان زۆرە, لەبەر ئەوە ئەفزەلیەت بدرێت بە کولیەی تەربیە, ئینجا ئەوانی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئێمە لە راپۆرتی پەروەردە هەمان رەئیمان هەبوو, بەلاّم کۆلێژی پەروەردەی ئیزافە کردووە, لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کەنەقصێکی زۆر هەیە لە مامۆستاکانی پسپۆڕی, بەلاّم من حەز دەکەم پرسیارێك لە جەنابی وەزیری پەروەردە بکەم و وەلاّمیشم بداتەوە, تۆ شەرتت داناوە بۆ ئەو مامۆستایەی کەدەبێتە مامۆستای ئیعدادیە (معدا اعدادا تربويا و علميا), جەنابی بەڕێزیشت دەزانێ کە ئەوانەی خەریجی کۆلێژەکانی ترن ماعەدا پەروەردە, ئیعدادی پەروەردەیی نەکراون, هی علمی بەڵێ, لەدنیادا شێوازێکی تری بەکاردێت, ئەو کەسانەی کە خەریجی کۆلێجێکن و دەیانەوێ ببن بەمامۆستا, خۆ ئەوە جەریمە نییە, خۆیان مادە علمیەکەیان پێیە, تەنیا تەربەویەکەیان پێ نییە, کە ئەویش تورق تەدریس و علم نفسە,

ئەگەر بەڕێزی وابكات ئەو شەرتە بۆ كۆلێژەكانیش بێت, چونكە ئێمە دەزانین ئەوانەی پەروەردە خۆیان ئیعداد كراون, بەلاَم شەرتی ئیعدادی تەربەوی بۆ خەریجی كولیات دابنرێ, بۆ ئەوەی ئەو نەقصەی كەئێستا هەیە لە مامۆستای پسپۆڕی بتوانین پڕی بكەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر بتوانی جوابیان بدەیتەوە, هەروەها منیش ئەو پرسیارەم هەیە بەنیسبەت ئەوانەی كە (يفضل الشهادات الجامعية), ئەی ئەوانەی مەعهەد چییان لێدەكرێ؟ فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە قۆناغی بنەڕەتی نۆ ساڵە, دەرچووی پەیمانگاكان ئەوان لە قۆناغەكانی یەك بۆ چوار, جاری وا هەیە لە چوار بۆ شەش, زۆر ئاساییە ئەوانە وانەكان بڵێنەوە, دەرچووی كۆلێژەكان بۆ قۆناغەكانی حەوت و هەشت و نۆ, واتە مەرج نییە, باشتریشە ئەگەر قۆناغەكانی یەك و دوو تاكو شەش مامۆستایەكانیان دەرچووانی زانكۆكان بن, ئەگەر فوتابخانەكانی كوردستان وابێت, وابزانم زۆر زۆر باشە, بەلاَم بۆ ئێستا ئەوانەی كە دەرچووی پەیمانگەكانن دەتوانن كە قۆناغەكانی یەك بۆ شەشی بنەڕەتی بڵێنەوە, سەبارەت بە پرسیارەكەی سۆزان خان, دیارە ئەوانەی كە دەرچووی كۆلێژەكانی ترن, خولیان بۆ دەكرێتەوە, خولی پەروەردەیی بۆ ئەوەی فێری لایەنە پەروەردەییەكان ببن, ئێستا پرۆژەیەكمان بەدەستەوەیە كە لەجیاتی هەموو كۆلێژە پەروەردەییەكان مەعهەدێك بكەینەوە, هەر كەسێك لەهەر كۆلێژێك دەرچوو بێت, بێن لەو مەعهەدە بخوێنن بەهاوكاری زانكۆكان, ئیتر مامۆستا خۆی لێڕادێت, سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كەوا لێرە هاتووە سەبارەت بە دامەزراندن وەكو مامۆستا, بەهەموو قۆناغەكانی خوێندنەوە, تەنیا باس لەوە كراوە كەوا دەرچووی كۆلێجی پەروەردە بێت, یان دەرچووی كۆلێجەكان بێت, ئێستا لەهەموو دنیادا چاوپێ كەوتن بنەمایەكی سەرەكییە بۆ دامەزراندن لەهەموو شوێنێك, بۆ داوا لەوەزارەتی پەروەردە نەكەین, كەوا ئەوانەی كەخۆیان تەوزیف دەكەن بۆ ئەوەی دەرس بڵێنەوە, راستە دەرچووی كۆلێجن, بەلاَم با چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا بكرێ, بۆ ئەوەی بزاندرێ كەتوانای ئەوەیان تێدایە كە دەرس بڵێنەوە لەهەموو قۆناغەكان, یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوانە صوڵبی واجباتی وەزارەتی تەربییە, ئەوە پێویست ناكات لەقانون بنووسرێ, مەفروزە هیچ مامۆستایەك ئەگەر بێتو خەریجی كولیەی تەربیە نەبێت, لەكولیاتی تر بێت, دەبێ دەورەیەكی كردبێ لەلایەن وەزارەتەوە, لەكاتی تەعیینی لەزمنی بەرنامەجەكەی, بەناوی لیجان موقتەرەحت هەیە كاك دكتۆر ناصح, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە, دەرچووانی کۆلێجی پەروەردە مەفروزە پێش بخرێت, یەعنی نەك دوای بێت, چونکە ئەساسەکە ئەوانن, ئینجا ئەوانی تر, یەعنی ئەو تەعدیلەی من پێشنیارم کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی نییە, کاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش و پێش کردن چ فەرقی هەیە, موهیم لەصوڵبی مەوزوع دەڵێ کۆلێجی پەروەردە هەبێت, ئەگەر پێشتر بێت, یان پاشتر بێت, موهیم دەڵێ کۆلێجی پەروەردە هەبێت و, تەفزیلەکە درایتە ئەوان, ئەگەر لە پێشیش نەبێت ئیعتیادییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر جەوابت هەیە بۆ کاك ناصح و ئەوانی تر, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاسیان دەکەم, بەلاّم هەمان تەعبییرە, پێش و پاش تەنیا بۆ جوانی نەصەکەیە, ئەوە هیچ کێشەیەك نییە لەلای ئێمەوە, چونکە ئێمە وتوومانە کۆلێجەکانی پەروەردە پەسەند ترن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە لیژنەی یاسایی ئەو موڵاحەزەیەی کەدرا بە شەتب کردنی دێری ئاخیری لەخاڵی یەکەم (و يتمتع امتيازات في جميع المراحل), ئەوە ئەگەر موافیق بن بۆ شەتبی, زمانەوانەکانیش هین بکرێ, مەسەلەی تەربییە, یان کولیاتی تەربەویە, مومکینە چەندین کولیاتی تەربەویە هەیە لە جامیعاتی موختەلفیش هەیە, ناویشی تەربییە, تەعیین و ئەوانە واجباتی وەزارەتە, لێرە (يفضل الشهادات الجامعية) مانای ئەوە نییە ئەوانەی دار موعەلین و مەعهەد تەعیین ناکرێن, بەتەئکید ئەوانەش مولزەمن بەوەی کە تەعیین بکرێن بەتایبەتی لەمەراحلی یەکەمی خوێندنی ئەساسیدا جێگایان دەبێتەوە, کاك عونی بیخوێنەوە بەو تەعدیلات و شەتبەی کە کرا, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: يعدل الفقرتان الاولى و الثانية من المادة الخامسة عشر من القانون و تقرأن كالآتي:

1 - يشترط فيمن يعين للتعليم بالمدارس الاساسية ان يكون معدا اعدادا تربويا و علميا و يفضل ان يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية و خاصة خريجي كليات التربية الاساسية.

2 - يشترط فيمن يعين للتدريس في المدارس الاعدادية ان يكون متخرجا من احدى الكليات على ان يكون متخصصا في احدى ميادين الدراسة الاعدادية و معدا اعدادا تربويا و علمياً و يفضل خريجوا كليات التربوية.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی شەشەم: هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەم لەماددەی پازدەم هەموار دەكرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:

1 - مەرجە ئەو كەسەی بۆ فێركردن لە قوتابخانە بنەڕەتیەكان دادەمەزرێ بەشێوەیەكی پەروەردەیی و زانستی ئامادە كرابێ و وا پەسندیشە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت بەتایبەتی دەرچووانی پەروەردەیی بنەڕەتی و خاوەن بڕوانامەی زانكۆییەكان.

2 - مەرجە ئەو كەسەی بۆ وانە گوتنەوە لەقوتابخانە ئامادەییەكان دادەمەزرێن لەیەكێك لە كۆلیجەكان دەرچوو بن و پسپۆڕبن لەیەكێك لەمەیدانەكانی خوێندنی ئامادەیی بەشێوەیەكی پەروەردەیی و زانستی ئامادە كرابن و دەرچووانی كۆلیجەكانی پەروەردە پەسند دەكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەیە كە لیژنەی قانونی خوێندیەوە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تعدل الفقرتين السادسة و الثامنة من المادة الحادية و العشرين و تقرا كالاتي:

1 - المدرية العامة اللتعليم الاساسى و رياض الاطفال.

2 - المديرية العامة للتعليم الاعدادى و المهنى.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر دوو بڕگەی شەشەم و هەشتەم لە ماددەی بیست و یەكدا هەموار دەكرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:-

1 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ فێركردنی بنەڕەتی و باخچەكانی ساوایان.

2 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ فێركردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری دەقی مادەكە دەكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەكو لیژنەی پەروەردە پشتگیری لەهەمواركردنەكە دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش پێم وایە ئەوە زۆر تەبیعییە, گۆڕانكاری دەبێ ببێت لەبەر رۆشنایی ئەو مادانەی كەدەنگتان بۆدا, مادەكە كەلەلایەن هەردوو لیژنەكە پشتگیری كراوە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵی نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ ئەوەش قبوڵ كرا, بڕۆ سەر مادەی پاشی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژەكە پێویستی هەیە كە یەك, دوو مادە لەسەری ئیزافەی بكرێ:

المادة الثامنة: لايعمل باى نص قانونى او قرار يتعارض مع ألاحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوردیەكەی (كار بەهیچ دەقێك ناكرێ كە لەگەڵ ئەحكامەكانی ئەم مادەیە نەگونجێ), ئەو مادەیە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو پرسیارت هەیە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە قانونی تەعدیلی ئەو قانونەیە, ئەگەر وابێ ئێمە لەپێشەوە وتمان بەپێی مادەی دوازدەی ئەم قانونە, كەمەبەستمان قانونەكەی وەزارەتی تەربیەیە, لەبەر ئەوە مولاحەزیەكی ئەوە بكرێ, ئەگەر ئەوە خۆی قانونێك بێت, مادەی دوازدەی ئەو قانونە نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەعدیلی ئەو قانونەیە, فەرموو مادەی نۆیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی نۆیەم: پێویستە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بڕۆ سەر مادەی پاشی.

المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشره من الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەركردنیەوە كاری پێدەكرێ و بلاٌو دەكرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیەش دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, هۆكارەكانی دەرچوونی ئەم قانونە بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

نظرا للتطورات الجارية على السياسة التعليمية واستنادا الى تجارب الدول المتقدمة في مجالي التربية و التعليم و مواكبة للعصر و تطويرا للسياسة التعليمية واساليبها و توخيا لبناء جيل مؤهل لتحمل المسؤلية الوطنية و التعليمية فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەسبابی موجیبە

بەهۆی ئەو پێشهاتانەی هاتوونەتە سەر سیاسەتی فێركاری و پشتبەستن بە ئەزموونی ولاٌتە پێشكەوتووەكان لە بوارەكانی پەروەردە و فێركردن و بۆ جێ نەمان لەچەرخی پێشكەوتن و بۆ پێشخستنی سیاسەتی فێركاری و شێوازەكانی و بەئامانجی بنیادنانی نەوەیەكی بەتوانا و بۆ ئەوەی بەرپرسیەتی نیشتیمانی و زانستی لە ئەستۆ بگرێ, بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەموو قانونەكە بەهۆكارەكانیەوە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵیدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ پەسند كرا, زۆر سوپاس, پیرۆزبایی لەوەزارەتی پەروەردە و جەنابی وەزیر دەكەم, لە دەرچوونی ئەو قانونە, ئومێد دەكەم ببێتە هۆكارێك كە بەپەلە بەرنامەیان جێبەجێ بكەن, ئەو گۆڕانكاریانەی كە بەئومێدن و بڕیاریان لەسەرداوە, ببێتە عەمەلی و سەركەوتوو بن, جەنابی وەزیر ئەگەر قسەیەكت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان, بەتایبەتی ئەندامانی لیژنەی پەروەردەیی كە ئەو ماوەیەی كاركردنمان بەیەكەوە وەكو تیمێك كارمان كردووە, بۆ ئەوەی

پەروەردەی کوردستان بەرەو عەقارێك ببەین کە هیوا و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان بێنێتە دی, هەروەها بۆ لیژنەی یاسایش, بێ گومان ئێمە هەموو کاتێك ئامادەین هەر روونکردنەوەیەك, هەر ئیستفسارێك لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەش بێتە پێشەوە لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان زیاتر روونکردنەوە بدەین و, هەڵسەنگاندنی بەردەوامیش بۆ ئەم پرۆسەیە بکەین, دووبارە سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, لەبەر ئەوەی پاش نیوەڕۆ جەلسەیەکی نائاسایمان هەیە, پێویست دەکات ئێوەش ئیستیراحەت بکەن, سەعات 3 کۆبوونەوەکە نائاساییە و گرنگە لەسەر بارودۆخی کوردستانە, بۆیە داواتان لێدەکەم ئەو فەقەراتانەی کەماون و خوێندمانەوە بۆ بەیانی دەبێت, ئەم دانیشتنەش کۆتایی پێ بێت تا پاش نیوەڕۆ, کاك فرست دەڵێ دوو کۆبوونەوە خیلال 24 سەعاتە, لەبەر ئەوەی دەیخەمە دەنگەوە, کۆبوونەوەکە تایبەت دەبێ بۆ باس کردنی وەزعی کوردستان و پێشهاتەکان, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دانیشتنە دوابخەین بۆ دوای نیوەڕۆ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, دانیشتنەکە کۆتایی پێ دەهێنین, دانیشتنەکە سڕییە, فەرموون.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
|---|---|---|
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (18)**

**چوار شەممە رێكەوتی 31\10\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/10/31

کاتــژمێر (10،30)ی ســەر لــە بــەیانی ڕۆژی چــوار شــەممە ڕێکــەوتی 2007/10/31 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی عێــراق بــە ســەرۆکایەتی بــەڕێز عــدنان رشــاد مفــتی ســەرۆکی ئەنجومــەن و, بــە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قــادر عبــداللە(د.کمــال کــەرکووکی) جێگــری ســەرۆك و, بــەڕێز فرســت أحمــد عبــداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگــە (1)ی مــاددە (20) لــە پێــڕۆی نــاوخۆی ژمــارە (1)ی هــەموارکراوی ســاڵی 1992ی ئەنجومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی عێــراق, دەســتەی ســەرۆکایەتی ئەنجومــەن بڕیــاردرا دانیشــتنی ژمــارەی (18)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبــژاردنی دووەمــی پەرلــەمانی کوردســتان – عێــراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی کار کردن بە یاسای ڕێکخستنی کۆمپانیاکانی عێراقــی ژمــارە 21ی ساڵی 1997 کە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی کــارکردن بــە یاســای ڕێکخســتنی بریکــار نامــەی بازرگــانی عێراقــی ژمارە 51ی ساڵی 2000 کە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/10/31دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی کار کردن بە یاسای ڕێکخستنی کۆمپانیاکانی عێراقــی ژمــارە 21ی ساڵی 1997 کە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی کــارکردن بــە یاســای ڕێکخســتنی بریکــار نامــەی بازرگــانی عێراقــی ژمارە 51ی ساڵی 2000 کە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، تکا لە لیژنەی دارایی و ئــابووریش دەکــەم بــێن لە شوێنی خۆیان دانیشن.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکی وامان نییە، بەلاّم یەك بیرو بۆچوونمان هەیە، ئەگەر هەولٚ بدرێت بەزووترین کات پرۆژە یاسایەك گەلاّڵە بکرێت، تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگینا هیچ تێبینیەکمان نییە، پشتگیری ئەو بڕیارە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

باشە سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی پرۆژەکە کە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە لە لایەن برای بەڕێزمان مامۆستا کاکە بە زمانی کوردی دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسا

ماددەی یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە کار بە یاسای رێکخستنی کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە 21 ساڵی 1997 بکات تاوەکو یاسایەکی تایبەت بەو مەبەستە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت.

ماددەی دووەم: ئەو رێکارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئوصولیەو بەرکارە.

ماددەی سێیەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

ماددەی چوارەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشروع القانون

المادة الاولى: لحكومة إقليم كوردستان العمل بقانون الشركات العراقية رقم 21 لسنة 1997 ولحين تشريع قانون بذلك في اقليم كوردستان.

المادة الثانية: تعتبر الاجراءات المقررة من قبل وزارة المالية والاقتصاد ووزارة التجارة لاقليم كوردستان بتنفيذ القانون اعلاه قبل صدور هذا القانون أصولية ونافذة.

المادة الثالثة: على المجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەعلومـە لـە لای جـەنابتان و ئەنـدامانی پەرلـەمان، كـە پەرلـەمانی كوردسـتان كـاتی خـۆی لـە بـەرواری 1992/8/31 بڕیارێكی دەركرد لە ژێر ژمارە 11، ئێستا دەقەكـەی بـە زمـانی عـەرەبی دەخوێنمـەوە، كـە ئەوە دقەكەیەتی:

اولاً: على كافة الوزارات وهيئات اقليم كوردستان غـير مرتبطـة بـوزارة دراسـة القـوانين والقـرارات والانظمـة والتعليمات الصادرة عن السلطة المركزية وتحديد مالا يتماشى منها مع مصلحة شعب كوردستان وعرضها على المجلس الوطني للبت في مشروعية سريان احكامها داخل الاقليم من عدمه.

ثانياً: لا يعمل بأحكام القوانين والقرارات والانظمة والتعليمات الصادرة او التي ستصدر عن سـلطات الحكومـة المركزيـة بعـد سـحب الادارات الحكوميـة مـن اقليـم كوردسـتان في 1991/10/23 الا بعـد اقـرار مشـروعية سريانها في الاقليم من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق.

ثالثاً: على المجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تـەبیعی ئـەو قـەرارە دەرچـوو، ئـەو كاتـەی كـە حكومـەتی كوردسـتان موئەسەسـاتی قـانونی لـە كوردسـتان دامەزراند، مەبەستی لەوە بوو هەر قەرارێك لە سوڵتەی مەركەزی دەردێت پاش تاریخی سەحبی ئیدارات لە كوردستان لە بەرواری 1991/10/23 ئیشی پێ نەكرێت لە كوردستان، ئیلا ئەگـەر پەرلـەمانی كوردسـتان مەشـروعیەت بـدات بـۆ ئـەو قـانون و قەرارانـە، ئێسـتا ئەنجومـەنی وەزیـران پـرۆژەی یاسـاییەكی تەقـدیم كردووە، كە موافەقەتی پەرلەمان وەربگیرێت، سەبارەت بە كار كردن بـە قـانونی شـەریكاتی عێـراقی ژمـارە 21ی ساڵی 1997، چونكە ئەو قانونـە لـە عێـراق دەرچـووە سـاڵی 1997، واتـا بـەپێی قـەراری پەرلـەمان ژمارە 11 كە ئاماژەمان پێ كرد ئیشی پێ ناكرێت لە كوردستان، ئێستا مەبەست لەو پرۆژەیە ئەوەیـە، ئایـا پەرلـەمانی كوردسـتان ڕەزامەنـدی دەدات بـەو قانونـەی لـە كوردسـتان كـاری پـێ بكرێـت، یـان نـا، ئێمـە لـە لیژنـەی یاسایی لەبەر نەبوونی قانونی شەریكات لە كوردستان تایبەت بە كوردستان، پێمان باشـەو تەوصـیە دەكەین، كەوا ئەندامانی پەرلەمان ڕەزامەندی بدەن و موافەقەت بكەن، ئەو قانونە لە كوردستان بەرقـەرار بێت و ئیشی پـێ بكرێـت، لەبـەر نـەبوونی قـانون، تـا قـانونێكی شـەریكاتی تایبـەت بـە كوردسـتان تەشـریع دەكرێت لە كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ئێستاش ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان، ئەوانەی دەیانەوێت موداخەلە بكەن با ناوی خۆیان بۆ ماددەی یەك بنووسن، پاش خوێندنەوەی ماددەی یەكەم، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یەكەم: حكومەتی هەرێمی كوردستان بـۆی هەیـە كـار بـە یاسـای ڕێكخسـتنی كۆمپانیاكـانی عێـراقی ژمارە 21 ساڵی 1997 بكات، تاوەكو یاسایەكی تایبەت بەو مەبەستە لە هەرێمی كوردستان دەردەچێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: لحكومة أقليم كوردستان العمل بقانون الشركات العراقية رقم 21 لسنة 1997 ولحين تشريع قانون بذلك في اقليم كوردستان.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی وەكو ئاماژەم پێدا هیچ تێبینیمان نییە لەسەری، بەڵام صیاغەكەمان گۆڕی بەو شێوەیە (المادة الاولى: انفاذ قانون الشركات العراقية المرقم 21 لسنة 1997 في اقليم كوردستان والعمل بأحكامه لحين تشريع قانون خاص بالشركات في الاقليم).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یەك، كە گوترا كار بەو یاسایەی دەكرێت، تاكو یاسایەكی دیكە لە كوردستان دەردەچێت، من پێم وایە ئەوە وا دەكات كە دەرچوونی یاسای شەریكات هی ئەو یاسایە لە پەرلەمانی كوردستان لەوانەیە زۆر دوابكەوێت، لێرە چەند پرسیار دێتە پێش، ئایا كە ویستمان هەندێ لەو ماددانە تەعدیل بكەینەوە، وەكو یاسایەكانی تر دیسان دەبێت بڵێین (تعديل تطبيق القوانين) وقف فلان ماددەو، ئەوجا ماددەیەكی تر بێتە جێی، یەعنی كارێكی زۆر زەحمەتەو زۆر ئەوەیە.

دوو/ پێم وایە ئێمە كارێكی وا بكەین، یەعنی كار بە قانونێك بكەین ئەوەی لە بەغدا دەرچووە، پێم وایە ئیحراج بوونێكی زۆری تێدایە، هەم بۆ لیژنەی یاسایی خۆمان و هەم بۆ پەرلەمانی خۆمان، هەم بۆ لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، من پێم باشتر بوو، كە یاسایەك دەرچوو بوایە لە لای خۆمانەوە یاسادانانیش پێم وایە كارێكی زۆر ئاسانە.

خاڵی سێیەم/ ئەوەی دەمەوێت باسی بكەم، لەوانەیە موناقەشەیەكی لێ هەڵبكەوێت، ئەویش ئەوەی پاش ئەوەی كە دەستوور دەرچوو، لەو دەستوورەی كە دەگوترێت (للاقليم تعديل تطبيق القوانين)، پێم وایە بەو ماددەیە ئەو قانونەی كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، (وقف القوانين) پێم وایە ئەوەندە مەفعولی نامێنێت، لەبەر ئەوەی دەڵێت تەعدیل تەتبیقی قەوانین، واتا قەوانینەكان تەتبیق دەكرێتن لێرە، بەتایبەتی ئەگەر سەلاحیاتی حەسری بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك رەشاد فەرمووو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆچوونی من ئەوەیە، مادام ئێمە ئیش بە ئەسڵی قانونەكە دەكەین، هیچ گۆڕانكارییەكی لەسەر نەكەین، لەبەر ئەوەی ئیش پێ كراوە لە هەرێمی كوردستان، بەو شێوەیەش بێتن كە ئێستا لێرە دەڵێت (لحكومة أقليم كوردستان العمل بقانون الشركات العراقية رقم 21 لسنة 1997) لەگەڵ ئەوەی بكرێتە (استثناءاً بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم 11 لسنة 1992 ولحين تشريع قانون بذلك في اقليم كوردستان)، من وای بۆ دەچم و وای بە باشتر دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی یەکەم/ ئەوەیە کە بەشێوەی یاسا دەری نەکەین، بەڵکو بەشێوەی بڕیار دەبێت دەریبکەین، لەبەر ئەوەی با ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان کە بڕیاریدا ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێت، ئەوە تێبینی یەکەم.
تێبینی دووەم/ بەنیسبەت کارنامەی ئەمڕۆ هەردوو فەقەرەکەی یاسایەکیان ئەوەی شەریکات 1997، ئەوەی تر ساڵی 2000ە هەردووکیان لە کاتێکدا بووە، سیاسەتی حکومەتی عێراقی ئەوە بووە، کە زۆرترین خەڵك رابکێشێت بۆ خۆی، بەتایبەت مەسەلەی نەوت، مەسەلەن سەهمی نەوت، یان شەریکاتی نەوتی، بەنزیخانە بۆ زۆر خەڵك کراوە، خەڵك لێرەش ئیستیفادەی لێ کردووە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

شەریکاتی نەوت مەشمول نییە بەو قانونە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت ئێمە موحاوەلە بکەین بەڕاستی ئەوەی کە دەردەکرێت، وەکو بڕیارێك دەریبکەین، دواتریش بەنیسبەت ئەوەی لە ئێستاوە کار بکرێت ئەوەی کە دەمانەوێت رایبگرین، بڵێین ئەو ماددانە لەو یاسایانە کاری پێ ناکرێتن، لێرە بڕیاری لەسەر بدرێت باشتر دەبێت وابزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی کاك غەفورم هەیە بەڕاستی، مەسەلەی لە ساڵی1992 بە بڕیارێك پەرلەمان کار بەو یاسایانە ناکات کە لە حکومەتی مەرکەزی دەردەچێت، ئێستا ئێمە هەر بە بڕیارێك بەڕاستی ئەوە لاببەین باشترە، نەوەك بیکەینە قانون، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخەللاً فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ماددەکە دەکەم کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە، مادام ئێمە تاکو ئێستا کار بەو یاسایە دەکەین، پێویستە تا یاسایەکی تر لە کوردستان دەردەچێت، ئەو یاسایە کاری پێ بکرێت، چونکە هەر کاری پێ کراوەو کاریشی پێ دەکرێت، شەرعیەتێکی بدەینێ، بەلاّم داوا دەکەم لە

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەلە یاسایەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دەربکات، بۆ ئەوەی ئەو کاتە بتوانین کەموکوڕی و شتێك هەبێتن بەو یاسایە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە تایبەتمەندی هەرێم بپارێزین، دەبوایە حکومەتی کوردستان وەزارەتی پەیوەندیدار مەشروعێکی ئامادە کرد بوایە دەربارەی ئەوە خۆی ناردبوای، نەك ئەوەی بەغدا، چونکە چەند مەشروعی تریشمان هەیە، ئەوانە هەمووی دەبێت جێ بەجێ بکەین لە کوردستان، من جەخت لەسەر ئەوە دەکەم بەزووترین کات ئەو مەشروعانەی کەوا ئێمە ئیقراری دەکەین، لێرە جێ بەجێ دەکرێت، ئەوەی لە حکومەتی پێشوو دەرچووە، یان پێشتر دەرچووە لە حکومەتی فیدراڵی، پێویستە لە پەرلەمان دەرچێت، نەك ئەوەی ئەوێ جێ بەجێ بکەیت، چونکە ئێمە تایبەمەندی خۆمان هەیە، ئەوەش وەختێکی موحەدەدی دەوێت، دەڵێت (اقرب وقت) ئەقرەب وەقت چ وەقتێکە، پێم باشە تەرکیز بکرێت کە وەختەکە چەندە؟ چەند مانگێکی تر، شەش مانگە، ئەوە دەبێت قانونێك لە کوردستان تایبەتمەندی خۆمان بپارێزین، بێجگە لەوەی ئەو قانونانە لەسەر فیکرێکی ئیشتیراکی دەرچووە، ئێمە ئێستا بازاڕی ئازاد دوو شتی لێك جیاوازە، دەبێت پرۆژەی یاسایەکان لە حکومەتی کوردستان، لە وەزارەتی پەیوەندیدار بێتن، نەك ئەوەی بەغدا بەردەوام بێتن، ئەگەر ناچار بین بە وەختێکی کەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونەکانی من لە لایەن برادەرانەوە پێشکەش کرا، سەبارەت بەوەی کە دەبێت بە بڕیار بێت، نەك بە قانون، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر کار بکرێت بە پرۆژەیەکی قانونی تایبەت بە هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی کەوا پاش ماوەیەك پەسند بکرێت وەکو قانون لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پرۆژەکە تەنفیز کردنی قانونە، تەنفیز کردنی قانونێك بەنیسبەی ئێمە مەفروزە بە قانونێك بێت، چونکە ئەگەر ئیعتیبار بکەین قەرار قوەتی قانونی هەبێت، بۆ ناوی بڕیاری لەسەر دابنێین، مەفروزە ناوی قانونی لەسەر دابنێین، ئەگەر ئیعتیبار بکەین بڕیار قیمەتی قوەتی ئیلزامی کەمترە لە قانون، باشە چۆن

به قەرارێك قیمەتی لە قانون كەمتر بێت من قانونێك تەنفیز بكەم لێرە، لەبەر ئەوە بە رەئی من پرۆژەكە وەك خۆی بێت، پرۆژەی قانون بێت.
دوو/ بە رەئی من عەجزی ماددەكە (ولحین صدور اصدار تشریع قانون بذلك في اقلیم كوردستان) ئەوە زیادە، چونكە ئەگەر سبەی ئێمە قانونێك دەربكەین خۆ ئیعتیادی نەصێك تیّ دەكەین كە ئیلغای قانونەكە دەكەین، لەبەر ئەوە بە رەئی من هەر سینگی ماددەكە بمێنێت، نیوەی ئەوەل، نیوەی دووەم حەزف بكرێتن بۆ صیاغەی قانونی دوور نییە باشتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان بەرامبەر موداخەلەی ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەكانی بەڕێز كاك سەردار هەركی، دانانی قانون شتێكی ئاسان نییە، بەتایبەتی قانونی شەریكات، كە ئەگەر مولاحەزە دەكەین قانونی شەریكاتی عێراقی لە (94) مادده پێك هاتووە، ئایا ئێمە چەند كاتمان دەوێت خۆمان ئامادە بكەین قانونێكی تایبەت بۆ كوردستان دابنێین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئیشی لەسەر دەكەین و دەتوانین دایبنێین، بەلاّم ئێمە ئێستا زۆر سەرقالین بە ئیشی تر، دوای ئەو قانونە ئێستا حالیەن لە كوردستان دیارە، حكومەتی ئیشی پێ كردووە، لەبەر ئەوەی ئەوانە بە پەلەنە شەرعیەتی بدەینێ، بۆ ئەوەی شەرعیەتی بدەینە ئەو ئیجرائاتانەی كراوە لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی سەبارەت بە جێ بەجێ كردنی ماددەكانی قانونەكە.
كاك رەشاد دەڵێت صیاغەی حكومەت باشترە، (العمل بقانون الشركات) ئەوە ناحیەی صیاغەیە، صیاغە تەبیعی دەستووری عێراقی مەجالی داوەتە ئێمە بەپێی ماددەی 121 (اولاً وثانیاً) كە دەڵێت (یحق لسلطات الاقلیم تعدیل تطبیق القانون الاتحادي في الاقلیم وفي حالة وجود تناقض او تعارض بین القانون الاتحادي وقانون الاقلیم بخصوص مسألة لا تدخل في السلطات الحصریة تكون الاولویة للقانون الاتحادي)، واتا ئێمە دوو رێگامان لە پێشە، یەك/ قەرارێكی پەرلەمانمان دەركردووە بە ژمارە 11 كە ئیشارەتمان پێدا ساڵی 1992، مەبەستمان ئەوە بووە حیمایەتی خصوصیەتی هەرێمی كوردستان، ئێستا پاش گۆڕانكاری لە عێراق روویدا، دەستوور دەرچوو كە لە 80٪ی لە میللەتی عێراق دەنگیان لەسەردا، بووە دەستووری قانونی دایك لە عێراق و كوردستان، ئێمە بۆمان هەیە بە هەر وەزعێك ئیشی لەسەر بكەین، دەتوانین ئیش بكەین، مەشروعی حكومەت وابزانم هیچ نەقصێكی تێدا نییە، بەشێوەیەكی جوان هاتووە، بۆ مەوزوعی صیاغەش دەتوانین چ عیباراتی ئینفاز بەكار بێنین، یان تەتبیقی قانونی شەریكات هەردووكی واریدە.
كاك غەفور دەڵێت قەرار، یان قانون، ئەوە كاك فرسەت وەلاّمی داوە، هەروەها كاك بەڵێنیش هەروا.
كاك شێخەڵلاّ تەئیدی مەشروعەكە دەكات، ئێمەش هەروا تەئیدمان كردووە، داوا لە ئەندامانی بەڕێز دەكەین كە دەنگی بۆ بدەن.
كاك تارق هەمان قسەی كاك سەردار هەركی دەڵێت، كە دەڵێت قانونی خۆمان هەبێت باشترە، راستە ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە قانونی خۆمان هەبێت، بەلاّم هەتا قانونەكەی دادەنێین، چی تێدایە بەو قانونەی ئیش بكەین، زۆر شتێكی تەبیعیشە. دكتۆر نوری تاڵەبانیش هەر هەمان قسەكانی كرد، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین نەصی خۆیان لەگەڵ صیاغەکەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: انفاذ قانون الشركات العراقية المرقم 21 لسنة 1997 في اقليم كوردستان والعمل بأحكامه لحين تشريع قانون خاص بالشركات في الاقليم.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەر لەوەی ئەو ماددەیە پەسند بکرێت، ناوەڕۆکی یاسایەکە بخوێندرێتەوە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە، بۆ ئەوەی تۆمار بکرێت، دوای ئەوە لە لایەن ئەندامانەوە پەسند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاک فرسەت حەقی قسە کردنی هەبوو، کە بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە، ئەوە بکرێتن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

بەس کەس پشتیوانی لێ نەکرد، یەك ڕەئی بوو، لیژنەی یاسایی دووبارە داواتان لێ دەکەین پێشنیارەکەتان بخوێننەوە، چونکە زۆر وازیح بوو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: انفاذ قانون الشركات العراقية المرقم 21 لسنة 1997 في اقليم كوردستان والعمل بأحكامه لحين تشريع قانون خاص بالشركات في الاقليم.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم: ئەو ڕێکارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئوصولیەو بەرکارە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تعتبر الاجراءات المقررة من قبل وزارة المالية والاقتصاد ووزارة التجارة لاقليم كوردستان بتنفيذ القانون اعلاه قبل صدور هذا القانون أصولية ونافذة.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینەو پشتگیری لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن، کاک فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئەو قانونە، قانونێکی عێراقیە، ناوی دەسەڵاتەکانی رەسمی عێراقی تێدا هاتووە هی ئیتیحادی، لەبەر ئەوەی کو وای لێ بکەین دەسەڵاتەکانی هەرێم بتوانێت ئەو کارەو ئەرکە جێ بەجێ بکات، من پێشنیاری ماددەیەك دەکەم ئیزافەی بکرێتە سەر پرۆژەکە، ئەویش بە عەرەبی بەو شکلە دەبێت:

(تحل السلطات والجهات الرسمية في الاقليم محل السلطات والجهات الرسمية الاتحادية اينما وردت ذكرها في القانون رقم 21 لسنة 1997 لغرض العمل بهذا القانون وتنفيذ احكامه)، چونکە ئەگەر وا نەبێتن مانای ناوی وەزیری تیجارە هاتووە، ناوی موسەجیلی شەریکات هاتووە، لازمە ئەو ئیجرائاتانە ئەوانە بکەن، نەوەکو وەزیری تیجارەتی هەرێم و موسەجیلی شەریکاتی ئێمە ئەو ئیشە بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من پشتگیری لەو پرۆژەیە دەکەم کە هاتووە، لەبەر ئەوەی پێم وایە لە هەرێمی کوردستاندا پێویستیمان پێیەتی، بەڵام من پێم خۆشە پێش وەختی وەڵامێك بۆ برای بەڕێزم کاك عەونی بدەمەوە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بتوانین پرۆژە یاسایەك لە چەشنی ئەوەی یاسای وەبەرهێنان دەربکەین، کە ئێستا لەسەر ئاستی ناوچەکەش بەڕاستی پێشکەوتووترین یاسایە، یەعنی ئێمە ناتوانین لە فەترەیەکی دیاری کراو پرۆژە یاسایەك بۆ تەسجیل کردنی کۆمپانیاکان دەربکەین، من پێم وایە بە پێچەوانەوە ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەوە مەوزوعێکی ترە، تکایە.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارێکی پەرلەمان کاری پێ نەکراوەو راگیراوە، بەڵام ئەوەی کە لەو ماددەیە هاتووە، پێ دەچێت ئەو بڕیارەی پەرلەمان جێ بەجێ نەکرا بێت، لەبەر ئەوەی تا ئێستا دامودەزگاکانی حکومەت ئیشی پێ کردووە، ئێمە ئێستا بەو نەصە جارێکی تر شەرعیەتی دەدەینەوە بەو کار پێ کردنەی کە تا ئێستا ئیشی

پێ كراوە، بۆیە من پێم وایە لەگەڵ ئەوە كە بكرێت ئیشی پێ بكەین، بەڵام ئەم یاسایە خۆی كەموكورتی تێدایە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشایەكی بكەن هیچی تیا نییە لەسەر مۆڵەتدان و تەسجیل كردنی گروپە كۆمپانیاكان كە ئێستا چەندین گروپ و كۆمپانیا لە كوردستان تەسجیل دەكرێت، ئەگەر بچن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تۆمار كردنی كۆمپانیاكان قسە بكەن، دەبینن كە ئەوان گلەییەكی زۆریان لەو یاسایەدا هەیە، یەعنی مەجالی پێ نەداون لەو بوارە، بۆیە وەكو حەلێكی كاتی دەكرێت ئیشی پێ بكەین، بەڵام من داوا دەكەم جەخت لەوە بكرێتەوە هەرچی زووترە پرۆژە یاسایەكی تایبەت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ئەوە مەوزوعێكی ترە، تكایە لە مەجالێكی تر باسی ئەوە بكە، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم باس لەوە دەكات ئەو رێكارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی كوردستان، كەواتە یەعنی ئەوە ئەسەر رەجعیەكی داوە لەو ماددەیەدا بە هەموو بڕیارەكانی، یاخود تەعلیماتەكان، یەكەم/ ئێمە نازانین ئەو تەعلیماتانە چیە، نە نوسخەمان لەلا هەیە، نە هیچ شتێك، یەكسەر كوێرانە بڵێین باشە.

دووەم/ ئێمە خۆمان لە دەروازەی سێیەم، فەسڵی یەكەم لە یاساكە، كە باسی سەرمایە دەكات لە ماددەی ($28$)دا دەڵێت (سەرمایەی كۆمپانیای پشكدارەكان نابێت لە دوو ملیۆن دینار كەمتر بێت، لای كەمی سەرمایەی كۆمپانیای بەرپرسیاریەتی سنووردار نابێت لە پەنجا هەزار دینار كەمتر بێت)، ئایا ئێستا ئێمە بەو نەصەی كار دەكەین، یاخود رێكاری جیاواز هەیە، كە وەزارەت دەریكردووە، كەواتە دوو شتی موتەناقیزە، ئەگەر ئێمە رێكارەكان نەزانین كەواتە ئەمەمان لەبەرچاوە، كەواتە هەموو كەسێك دوو ملیۆن دیناری پێ بێت، دەتوانێت كۆمپانیایەك دامەزرێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك كەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك فرسەت دەكەم، هەروەها من دووبارە پێشنیار دەكەمەوە ئەسڵی قانونەكە، ئەسڵی ئەو قانونەی كە ئێستا ئێمە لە پەرلەمان دەنگی بۆ دەدەین بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی تۆمار بكرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو گۆڕانكارییانەشی تێدا بكرێت، كە پێشنیار كراوە لە لایەن كاك فرسەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئاماژەی تەنها بە دوو وەزارەت داوە، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی بازرگانی، بۆیە من پێم باشە بڵێین ئەو رێكارانەی كە دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن ئەنجامی داوە، ئەو قانونە بەسەریدا جێ بەجێ بكرێت، بۆ

ئەوەی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن هەم سەرۆکایەتی هەرێم چی کردووە، هەم ئەنجومەنی وەزیران چی کردووە، هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی جەنابی کاك فرسەت ئاماژەی پێدا ئەو قانونە لە ساڵی 1997 دەرچووە، ئەو کاتە سوڵتاتی ئیتیحادی نەبووە، یەعنی من لەگەڵ ئەوەم ئێمە صیغەیەك بنووسین شمولی و عام بێت، هەموو دەسەڵاتەکانی کوردستان بگرێتەوە، باشتر وایە بنووسین دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، شتەکە عام دەگرێتەوە، هەموو دامودەزگاکانی کوردستان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم لە لیژنەی یاسایی هەیە، بۆ ئەو دوو وەزارەتە بە موخالەفەکانی پێشووشیانەوە هەر بڕوا، کە ڕۆیشتووە، ئەمە یەك.

دوو/ جگە لەو دوو وەزارەتە، وەزارەتی تەختیت و ئاوەدانکردنەوە کۆمپانیای گەورە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوانە، ئەی ئەوان چی لێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە دەنگدان بەو ماددەیە شەرعیەت دانە بە کارێکی نایاسایی، لەبەر ئەوەی لە خودی ماددەکە هاتووە ڕێکارەکانی وەزارەتی تیجارە و مالیە بە تەنفیزی قانون، ئایا تەنفیزی قانون سەلاٌحیەتی وەزارەتی مالیەو تیجاریە، کارێکی یاساییە? یاخود ئەوە سەلاٌحیەتی پەرلەمانە، ئەگەر سەلاٌحیەتی وەزارەتی مالیەو تیجاری بێت، ئێمە ئەو یاسایە بۆ دەردەکەین، کەواتە ئەو کاتەی ئەوان ئەو ئیشەیان کردووە، کارێکی نایاساییان کردووە، ئەو ڕێکارانە بەڕاستی مەعلوم نییە لەلای ئێمە، بۆیە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان بەڕاستی کە دەنگ دەدەم بۆ ماددەیەك دەمەوێت دڵنیا بم لەوەی کە کارێکی زۆر یاساییە، بۆیە من خۆم هەرگیز دەنگ نە بەو یاسایە دەدەم و نە بەو یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە وەلاٌمی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بدەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی وەلاٌمی پرسیارەکانی ئەندامانی بەڕێز بدەم، پشتگیری لە پێشنیاری بەڕێز کاك فرسەت دەکەم، لەبەر ئەوەی وا بکەین ئەو مەشروعە ئەگەر ئەندامانی بەڕێز دەنگیان لەسەردا بگونجێت لە تەتبیق کردن لە کوردستان، واتا ئەو ماددەیە پێش ئەوەی موناقەشەی ئەو ماددەیە بکەین، پێشنیار دەکەین بدرێتە دەنگدان (تحل السلطات والجهات الرسمية في الاقليم محل السلطات والجهات الرسمية الاتحادية اينما وردت ذكرها في القانون رقم 21 لسنة 1997 لغرض العمل بهذا القانون وتنفيذ احكامه)، ئەوە یەکەم.

سەبارەت بە قسەكانی كاك ئارام، راستە ئێمە دەتوانین قانون دانێین، فیعلەن قانونی ئیستیسمارمان دانا، قانونی موكافەحەی ئیرهابمان دانا، بەلاَم ئێستا خۆتان ئاگاتان لێیە لە پەرلەمان دەیان مەشاریعمان بۆ هاتووە، ئێمە سەرقاڵی ئەو مەشاریعانەینە، هەتا ئێستا نەمانتوانیوە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تەواو بكەین، واتا كاتمان دەوێت، با بیكات كەی حكومەت قانونی تەقدیم كرد، ئێمەش پەسندی دەكەین و ئیشی پێ دەكەین.

بەنیسبەت ئەو ئیجرائاتانەی كە كراوە، بەپێی ماددەی دوو دەیانەوێت شەرعیەتی پێ بدەین، قانونی شەریكات هەبوو، پێش ئەو قانونە، قانونێكی تر پێش ساڵی 1997، ئەو قانونە لە كوردستان ئیشی پێ كراوە، لەبەر ئەوەی پێش سەحبی ئیدارات بووە، ئەو قانونە هەندێك تەعدیلاتی لەسەر كراوە، ئێستا ئەگەر شەرعیەتی بدەینێ هیچ موخالەفە نییە، واقیعێك روویداوەو ئیجرائاتی لەسەر كراوەو ئیشی لەسەر كراوە بەپێی قانونێك، لەبەر نەبوونی قانونی شەریكاتی خاص بە كوردستان، ئێستا دەیانەوێت ئێمە ئەو قانونە، فیعلەن ئێمە قانونەكەمان خوێندەوە شتی باشی تێدایە، مەبادئی باشی تێدایە، بۆ ئیستیفادەی لێ نەكەین، هیچ زەرەرێكی نییەو زۆر تەبیعیشە. بەنیسبەت كاك كەریم بەحری لەگەڵمان بووە دەڵێ خوێندنەوەی یەكەمی بۆ قانونەك بكرێت، باشە ئەگەر خوێندنەوەی یەكەم بۆ قانونەكە نەكرێت، یەكەم ئەندامی پەرلەمان مەفروزە بەپێی قانون خۆی موتابەعەی هەموو قەوانینێك بكات، كە قانونێك خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، مەفروزە ئەندام پەرلەمان بچێت قانونی شەریكاتی عێراقی تەعقیب بكات، ئەو قانونەی كە تەقدیمی پەرلەمان كراوە، قانون تەنزیم وەكالەی تیجاری هی ساڵی 2000 ئەوە ئیشی خۆیەتی، نەك ئێمە لێرە یەك یەك ماددەكان بخوێنینەوە، ئەگەر ماددەكان بخوێنینەوە، وابزانم وەختێكی زۆرمان دەڕوات و نەتیجەشی نییە، هیچ ئەندامێكیش ئیستیفادەی لێ ناكات و سوودیشی لێ وەرناگرێت.

سەبارەت بە قسەكانی خاتوو سۆزان، فیعلەن من تەئیدی دەكەم قسەكانی زۆر راستە، دەبوایە ئیجرائاتەكان مەعلوم بێت، چ دەكرێت، چ ناكرێت ئاگامان لێ بوایە، چونكە كە ئێستا دەمانەوێت شەرعیەتی پێ بدەین، وەكو گوتم كە شەرعیەتی پێ بدەین، فیعلەن ئیجرائاتی باش كراوە بەپێی قانونی شەریكاتی قەدیم، نەك قانونی شەریكاتی عێراقی 21 ساڵی 1997، ئەو قانونەش زۆر نافیز بوو لە كوردستان، ئیعتیادی بوو، ئێستا ئەگەر خەلەلێك، یان خیلافێكی بەسیت هەیە، وابزانم ئیعتیبار ناكرێت بە موخالەفەیەكی ئیجرائاتی قانونی صارم بڵێین وەزارەتی مالیەو ئیقتیصاد، یان وەزارەتی تیجارە موخالەفەیان كردووە، نەخێر مەبەستیان ئەوە بووە، خزمەت كردنی میللەت و ئاسانكاری ئیشی خەڵك، شەریكات تەسجیل كراوەو مەفروزە دیفاعیان لێ بكەین و ئێمەش پشتگیریان لێ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، ئێستا ئەگەر ئەو بەڕێزانەی كە پشتگیری لە پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی و هەندێك لەو پەرلەمانتارە بەڕێزەكان لە پێشنیاری بەڕێز كاك فرسەتیان كرد، ئەو پێشنیارە پێویستە بكەوێتە پێشەوە، ببێتە ماددەی دوو، ئێستا ئەگەر كەس لیژنەی یاسایی تەئیدی كرد، دووبارە بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: المقترح المضافة:

تحل السلطات والجهات الرسمية في الاقليم محل السلطات والجهات الرسمية الاتحادية اينما وردت ذكرها في القانون رقم 21 لسنة 1997 لغرض العمل بهذا القانون وتنفيذ احكامه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، لیژنەی یاسایی فەرموون، تکایە بەنیسبەت ماددەی دوو کە دەبێتە ماددەی سێ لە پرۆژەکە، هەندێك لەو بەڕێزانە کە پێیان وا بوو کە ئەوە پێویست ناکات و تەحەمولی ئەو مەسئوولیەتە بکرێت، هەندێك لەو بەڕێزانەی پشتیوانی لێ دەکەن، بۆیە ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم وەکو خۆی بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە بەر دەنگدان، ئایا لابچێت، یان لە جێی خۆی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تعتبر الاجراءات المقررة من قبل وزارة المالية والاقتصاد ووزارة التجارة لاقليم كوردستان بتنفيذ القانون اعلاه قبل صدور هذا القانون أصولية ونافذة.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم کە ماددەی دووەمە لە پرۆژەکە بەم جۆرەیە:

ئەو رێکارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئوصولیەو بەرکارە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئاخیر تەوزیح بۆ لیژنەی یاسایی پاشان دەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، لەبەر ئەوەی ئیجرائاتێکی قانونی زۆر کراوە، وەکو تەوزیحم کرد، قانونێك هەبوو پێش ئەو قانونەی، تەقریبەن ئەو قانونە ئیقتیباسی قانونەکەی کەونە، واتا ئەگەر ئێستا لێرە پەرلەمان موافەقەت نەکات بە شەرعیەت دان بەو ماددەیەی ئیجرائاتێکی قانونی زۆر تەرتوب دەکات لەسەر ئەو موعامەلەتانەی کە کراوە، شەریکات تەئسیس کراوە، موعامەلاتی ئسوڵی تەقدیم کراوە، ئیجرائات بەگوێرەی ئەو قانونە کراوە، واتا دەبێت ئەوانە هەمووی هەڵبوەشێتەوە، حکومەتیش مولزەم دەبێت بە تەعویز کردنی ئەو کەسانە، زەرەرێکی زۆر بە خەزێنەی هەرێم دەگەیەنرێت، لەبەر ئەوە دووبارە قسەکانی خۆمان تەئکید دەکەینەوە، کە داوا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەین، دەنگ بدەنە ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

فەرموو کاك رەشاد نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تووشی موشکیلەیەکی زۆر گەورە دەبین، پێنج هەزار، شەش هەزار شەریکە تەسجیل کراوە، ئەوە هەر ئەو دوو فەقەرەیە نییە، ئەو یاسایە کاری پێ کراوە لە هەولێرو سلێمانی و لە عێراقیش هەر بەو پرۆژەیە ئیش کراوە، مەبەستیش لە جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە کاری پێ کردنە بەدەر لە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (11) لە ساڵی 1992 کار پێ کردنی بەشێوەیەکی کاتییە، تاوەکو یاسا لە پەرلەمانی کوردستان بۆی دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس شەرت نییە هەڵوەشێتەوە، ئێمە دەیخەینە بەردەمی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، دەبێت دەنگی لەسەر بدرێت، ئایا بمێنێت، یان نەمێنێت، یەعنی ئەو ئوصولیە، دەبێت ئەو دەنگدانەی بۆ بکرێت، لیژنەی یاسایی داوا دەکات بمێنێت، حکومەت داوای کردووە بەو شێوەیە بمێنێت، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان داوا دەکەن بمێنێت، هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەکان داوا دەکەن ئیلغا بکرێت، دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم کێ داوای کردووە ئەو ماددەی لابچێت، پێم وایە ئەگەر داواش کرا بێت یەك ئەندامی پەرلەمان داوای کرووە، ئایا ئەو پێشنیارە یەعنی لەسەر داوای.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

نەخێر یەك ئەندام نەبوو، دەنگ هەبوو دژی بوو، ئێستا دەخرێتە دەنگدانەوە، با هەر یەك دەنگ دژی بێتن، رێزمان هەیە بۆ یەك دەنگیش، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردووە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەیدەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ماددەکە مایەوە وەکو خۆی، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی بفەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێش ئەوەی ئەو ماددەیە بخەینە دەنگدان، پێشنیارمان کردووە کە بە ماددەیەکی تر سەلاَحیەت بدەینە هەردوو وەزیری مالیەو ئیقتیصادو وەزیری تیجارە کە تەعلیمات دەربکەن، ئێستا ماددەکە دەخوێنمەوە، مەفروزە ئەوە بدرێتە دەنگدان پێش ئەوەی کە ئیقرار لەسەر ئەوە ماددەیە بکرێت:

(لوزيري المالية والاقتصاد والتجارة اصدار تعليمات مشتركة لتنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك تارق مولاحەزەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا پرسیارێك دەکەم، نەدەبوایە وەزیری بازرگانی لێرە ئامادە بوایە؟ چونکە ئەو دوو یاسایە دەربارەی وەزارەتێکی موعەیەنە، زۆر پرسیار لێرە دەکرێت وەلاَمی نییە، دەبوایە دلَنیا بێت وەلاَم بداتەوە، ئەوەی کە سۆزان خان باسی کرد فروقی پارەکان گزۆکی تێدایە، دەبوایە لێرە ئامادە بوایەو روونی بکردایە، ئامادە نەبوونی زۆر پرسیار بێ وەلاَم دەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

حکومەت ئاگادار بوو لە بەرنامەی کار بە رەسمی پێیان گوتراوە، تەقصیر لەوانە کە دەبوو بێن، نەهاتوونە ئێمە لەبەر ئامادە نەبوونی بەڕێزێك ئیش و کاری پەرلەمان راناگرین، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی بەپێی تێگەیشتنی ئێمە وەکو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەتایبەتی جەنابی کاك فرسەت تەوزیحیدا خودی قانونەکە دەستکاری ناکرێت، حکومەت ناردوویەتی تەنیا بۆ ئەوەی نەفازی پێ بدرێت لە کوردستان بە ئیزافەی مەسەلەن وەزیری تیجارەی عێراقی، ئێمە قەصدمان بابلێین وەزیری تیجاری هەرێمی کوردستانە، ئەوەی کە لە ماددەی دوو ئیزافە کراوە، بۆیە بە پێویست نەزانرا وەزیری تیجارە بێتە ئێرە، تەنها پەرلەمان نافیزی مەفعولی دەداتێ لە کوردستان، تا یاسایەکی تایبەت لە کوردستان دەردەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

پێویستە جیهاتی پەیوەندیدار، بۆ ئەوەی دیفاعی لێ بکەن ئامادەبن، چونکە وجهاتی نەزەری جیاواز دێتە کایەوە، هۆی مانی بەو شکلە، یان گۆڕانی بەو شکلە لە لایەنی حکومەتەوە گوێمان لێ بێت، بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێتن لەگەلَ ئەوەش نەهاتوونە، ئێمە کاری خۆمان بەردەوام دەکەین، زۆر سوپاس.

هیچ بەڕێزێك دەیەوێت موناقەشە بکات لەسەر ئەو ماددەیە، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز جارێکی دی دێمە سەر ئەڤ خالە، چەند جاری دی نوقتا نیزام سەرا مەوزوعە کرد، حەقیقەت لێرە جەنابێتە بەحس کرد کە وەزیریش نەهێت ئێمە دانیشتنا پەرلەمانێ دکەین، بەر لێرە قوچیڤە نەوعە ئیتیهامێکە بۆ جەنابێ وەزیریش، ئایا جەنابێ وەزیری هاتیە ئاگادار کرن کە بێتن؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەرنامەی کار ئێمە بە رەسمی دەدەینە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران موکەلەفەو نوێنەریان هەیە، وەزیرێکە بۆ تەنسیق لەنێوان پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان پێویستە بدرێتن، یەعنی ئێمە کە بە رەسمی لە پەرلەمانەوە بە نووسراو تەحویلی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، ئیعتیبار دەکەین کە گەیشتووە، ئێمە ناچین شەخص شەخص پێیان بڵێین، زۆر سوپاس، کاک غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من ئەوە بوو لە ماددەی سێی ئەسڵی پرۆژەکە (لوزيري المالية والاقتصاد والتجارة) دەبێت بنووسرێت (في اقليم كوردستان) یەعنی دیاری بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات بنووسرێت (لوزیری) لەبەر ئەوەی وەزارەتی تیجارە یەك وەزارەت تیجارەیە تەعلیماتی شەریکات یەك تەعلیماتە، تەوحید کرا لە هەردوو ئیدارە، پێش ئەوەی ئیدارات یەکتر بگرێتەوە ئەوە تەوحید کرا ئەو تەعلیماتە، سلێمانی و هەولێر بە یەك تەعلیمات کار دەکات، هیچ فەرقی نییە، هەتا ئێستا لەگەڵ بەغداش تەنسیقە رەبتە بە کۆمپیوتەر، هەر ئیجرائاتێکی بکەن ئاگادارینە، لەسەر مستەوای عێراقە ئەو تەعلیماتە تەتبیق دەبێت، لەگەڵ ئەوەش هەرێمیش بەشێکە لەوێ، تەعلیماتەکە بە کاملی جێ بەجێ کراوە، پێی ناوێت ئێمە ئیشارەت بدەینە دوو وەزارەت، هەر بڵێی وەزارەتی دارایی و ئابووری و بازرگانی ئەوەندە کافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە پێشنیارەکەمان تەقدیم کرد هەر وامان گوتووە (لوزيري المالية والاقتصاد والتجارة اصدار تعليمات مشتركة لتنفيذ احكام هذا القانون) سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک غەفور مەبەستمان وەزیری تیجارەو

ماليه له هەرێمی کوردستانه، نەك لـه عێـراق، شـەرت نییـه بنووسـرێت، چـونکه قانونەکـه خۆمـان دەڵـێین (نفاذ قانون الشرکات في اقلیم کوردستان) یەعنی زیاده، ئیجابی ناکات بینووسین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیه دەخەینه دەنگدانەوه، کێ لەگەڵدایـه دەسـتی بـەرز بکاتـەوه؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییه دەستی بەرز بکاتەوه؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایه.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: پێویسته ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایه جێ بەجێ بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه له لیژنەی یاسایی تەنیا صیاغەمان گۆڕیوه بەم شێوەیه:

(المادة الرابعة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون)، که ئێستا دەبێتـه مـاددەی پێنجەم، پاش ئەوەی که تەسەلسولی ماددەکان دەگۆڕێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیەی که ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیانەوه بەو نەصەی ئەخیر دەخەینـه دەنگدانـەوه، کـێ لەگەڵدایه دەستی بەرز بکاتەوه؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییه دەستی بەرز بکاتـەوه؟ زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایه.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم له ئەسڵی پرۆژەکه: کار به هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایه بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة من اصل المشروع:

لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

ئێمه له لیژنەی یاسایی صیاغەکەمان گۆڕیوه بەم شێوەیه:

(لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكـام هـذا القـانون)، لەبـەر ئـەوەی قـەراراتی دەرچـووه لـەو مەوزوعەی هەتا شمولی قانون و قەراری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێت قسە بکات، کاک غەفور فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیەو لە پرۆژەکەش ماددەیەك نەهاتووە، بە ڕەئی من وەکو هەموو یاسایەکانی تر دەبێت ئەو ماددەیە هەبێت (ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە)، لە لیژنەی یاساییش نەهاتووەو لە پرۆژەی یاساکەش نەهاتووە، ئەگەر ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، هێشتا ماوە، ئێستا ئەو ماددەیەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە بەو نەصەی ئەخیر دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەسڵی پرۆژەکە ئەو ماددەیەی تێدا نییە کە تەنفیز بکرێت، ئێمە پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە ماددەیەك دابڕێژرێتەوەو تەنفیز بکرێت:

(ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ اصداره وینشر في الجریدة الرسمیة وقائع کوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

فەرمووو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قاعیدەی عام لە قانون لە تاریخی نەشری قانون نەفاز دەبێتن، ئەویتر هەمووی ئیستیسنایە.

دوو/ ئەم قانونە ئەگەر مولاحەزەی قانونی ئەسڵی بکەین، پاش نۆەد ڕۆژ تەنفیز بووە لە عێراق، من ناڵێم پاش نۆەد ڕۆژ بێت، من دەڵێم با لە تاریخی نەشر بێت، عەلەقەل خەڵکێك ئیتیلاعی لەسەر بێت پاشان نافیز بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێچەوانەی ڕەئی کاك فرسەتم، لەبەر ئەوەی مەشروعەکە ئەسڵەن پەلەیە لەلای حکومەت، کە دەیانەوێت شەرعیەت بدەن بەو ئیشانەی کە کراوە، واتا تاخیر دەبێت بڵێین هەتا بڵاو دەبێتەوە، بە ڕەئی من لە تاریخی ئیصدارەکەی بێت باشترەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، با دووبارە بیخوێنیتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ اصداره وینشر في الجریدة الرسمیة وقائع کوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەسبابی موجیبە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

لعدم وجود قانون خاص بالشرکات في اقلیم کوردستان وحیث ان قرار البرلمان المرقم 11 لسنة 1992 منع العمل بالقوانین الصادرة من السلطة المرکزیة بعد سحب الادارات من الاقلیم في 1991/10/23 الا بعد اعطاء الشرعیة بسریانه في الاقلیم من قبل البرلمان ولحاجة الاقلیم الی القانون المذکور لحین تشریع قانون خاص بالشرکات في اقلیم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاک فرسەت مولاحەزەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونێکی شەریکات هەبوو پێش ئەو قانونە، ئەو قانونە نافیزی مەفعول بوو لە کوردستان، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ڕێزی ئەوەل نیمە هی ئەسباب موجیبە، چونکە قانونێکی تایبەت هەبوو لە عێراق تەنفیز نەدەکرا، بەس لێرە تەنفیز دەکرا، مەفروزە ئەوە نەمێنێت لە ئەسبابی موجیبە (في اقلیم کوردستان) قانونێك هەبوو هەرێم بە تەنیا بەکاری دەهێنا، عێراق بەکاری نەدەهێنا، ڕاست بوو لە حکومەتی مەرکەزی دەرچوو بوو، بەس ببووە قانونی هەرێم، لەبەر ئەوە ڕەئیم ئەوەیە ئەو ڕێزەی ئەوەلی لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لابچێتن زۆر تەبعییە، یەعنی هیچ ئیشکالێکی وا پەیدا ناکات، موهیم مەفهومی ئەسبابی موجیبەکە ئەوەیە شەرعیەتی بدەینە ئەو قانونەی کە لە سوڵتەی مەرکەزی دەرچووەو ئیشی پێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە صیاغەی تازە ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە، بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

ان قرار البرلمان المرقم 11 لسنة 1992 منع العمل بالقوانين الصادرة من السلطة المركزية بعد سحب الادارات من الاقليم في 1991/10/23 الا بعد اعطاء الشرعية بسريانه في الاقليم من قبل البرلمان ولحاجة الاقليم الى القانون المذكور لحين تشريع قانون خاص بالشركات في الاقليم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا قانونەکە لەگەڵ ئەسبابی موجیبە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس. لیژنەی یاسایی ئێستا بڕۆ بۆ فەقەرەی دوو لە بەرنامەی کار تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسا

ماددەی یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە کار بە یاسای رێکخستنی بریکار نامەی بازرگانی عێراقی ژمارە 51ی ساڵی 2000 بکات تاوەکو یاسایەکی تایبەت بەو مەبەستە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: لحكومة أقليم كوردستان العمل بقانون تنظيم الوكالة التجارية العراقية رقم 51 لسنة 2000 ولحين تشريع قانون بذلك في اقليم كوردستان.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری پرۆژەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان قەراری ژمارە 11ی ساڵی 1992ی دەرهێنا بوو، سەبارەت بە کار نەکردن بە هیچ قەرارێك، یان قانونێك کە لە حکومەتی عێراقی مەرکەزی دەردێت، پاش سەحبی ئیدارات لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری 1991/10/23، لەبەر ئەوەی قانونێکی تایبەتمان نییە لە کوردستان بە تەنزیمی وەکالەی تیجاری، لەبەر ئەوەی رەئی لیژنەی یاسایی ئەوەیە پشتگیری پرۆژەی حکومەت بکرێت و دەنگی بۆ بدرێت سەبارەت بە نەفاز کردنی ئەو قانونە لە هەرێمی کوردستان، تا قانونێکی تایبەت تەشریع دەکرێت بەو وەزعەی صیاغەی ماددەی یەکەممان گۆڕی بەو شێوەیە کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

(المادة الاولى: انفاذ قانون تنظيم الوكالة التجارية العراقية المرقم 51 لسنة 2000 في اقليم كوردستان والعمل بأحكامه لحين تشريع قانون خاص بتنظيم الوكالة التجارية في الاقليم).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێت قسە بکات، کەس نییە، بۆیە ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

ئەو ڕێکارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، یاسایی و ئوصولیەو بەرکارە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بە باش دەزانم پێشنیارەکەی کاك فرسەت لە قانونی پێشتر تەقدیم کرا، لێرەش هەمان پێشنیار تەقدیم بکرێت و دەنگی لەسەر بدرێت، پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ئەو ماددەیە بدرێت، کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك فرسەت مولاحەزەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حاڵەتێکی وا کو قانونێکی ئیتیحادی نەفاز بکەین لە هەرێم، حەقمان نییە دەستکاری ئەسڵی قانونەکە بکەین، یەعنی جیهەتی تەنزیم کردنی پرۆژەکە حەقی نییە دەستکاری بکات، ئەگەر مولاحەزەی ماددەی حەوت بکەین دەستکاری کراوە، بە عەرەبی بەو شێوەیە:

(يهدف هذا القانون الى تنظيم اعمال الوكالة التجارية التي يمارسها في اقليم كوردستان العراق) ئەوە ئیزافەیە ئەو جیهەتی رەسمی ئەوەی پرۆژەکەی دروست کردووە، ئەوە ئیزافەی کردووە، بە رەئی من لیژنەی قانونی مولاحەزەی ئەوە بکات، هەر ئیزافەیەك لەسەر قانونی ئەسڵی کرا بێت، حەق نییە بکات ئیلا بە قانون، ئیلا ئەگەر پەرلەمان بەخۆی کرد بێتن، قەصدم مولاحەزەی ئەوە بکات، ئەگەر هاتوو صیاغەی نیهائی بۆ پرۆژەکە هاتە کرن، ئەو شتانە لەناو ئەسڵی قانونەکە دەربهێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، بەنیسبەت ئەو یاسایە، ئەوەی پێشیش، دەبوایە پەیوەندیەك لەنێوان لیژنەی قانونی پەرلەمان و لیژنەی قانونی ئەنجومەنی وەزیران هەبوایە، لەوێش و لێرەش ئالۆزیەك هەیە، یەعنی ئەوان بۆچی ئەمەی ئێستا ئیش پێ دەکەن، مەسەلەن دوو مانگ لەوەو پێش، سالێك لەوەو پێش ئەوەیان نەهێنا، لام وایە لەمەولا ئەو پەیوەندیە هەبێت ئیشەکانی ئێمە ئاسانتر دەکات.

دوو/ من پێم وایە ئەم یاسایە کە ئێستا ئێمە بە زەروریەتی دەزانین، ئەمەی عێراق دەهێنین لە کوردستان جێ بەجێی دەکەین، پێویست بەوەی ناکات ئێمە ئیزافەی بۆ بکەین، چونکە کە ئیزافەمان بۆ کرد مانای وایە دەکرێت درێژ ببێتەوە، بەلأم ئەگەر هەروەکو خۆی دابنێین موەقەت دەبێت، وەکو موەقەت دەیهێنین، دەتوانین لە فرسەتێکی تردا یاسایەك تەشریع بکرێت، ئەوە ببێتە ئەسڵ لەحیاتی ئەمە، بەلأم ئێستا دەڵێن مەسەلەن لە ئەنجومەنی وەزیران تەکلیف بکەین ئەو تەنفیز بکات، ئەوەی ئەو زیادانەی کە لە پێش کراو ئێمەش کە ئێستا دەمانەوێت بیکەین، بە قەناعەتی من خۆی ئەوها بە موەقەت داینێین، چونکە دەڵێین نەفاز، ئێستا قوەتی نەفاز دەدەین بەو قانونە، هەتا یاسایەك تەشریع دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام، پێشنیاری ئەوە دەکەم هیچ جۆرە دەستکاریەکی نەکرێت، هەروەکو خۆی هاتووە، تاکو ئێمە یاسایەکی تایبەت تەشریع دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

یاسا موەقەت بێت، یان دائیم بێت، دەبێت بە قانون بێتن، بۆیە ئێستا لیژنەی یاسایی پێشنیارەکەتان تکایە بە چ شێوەیەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاضافية: (تحل السلطات والجهات الرسمية في الاقليم محل السلطات والجهات الرسمية الاتحادية اينما وردت ذكرها في القانون رقم 51 لسنة 2000 لغرض العمل بهذا القانون وتنفيذ احكامه).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەیەکی ئیزافی: زاراوەی دەسەلأت و لایەنی رەسمی لە هەرێمی کوردستان شوێنی دەسەلأت و لایەنی رەسمی لە حکومەتی فیدراڵ دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك لە یاسای ژمارە 51ی ساڵی 2000 هاتبێت).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا بەو پێشنیارەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە ئیزافە بکرێت، دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم لە پرۆژەکە: ئەو ڕێکارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئوصولیەو بەرکارە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية من اصل المشروع: تعتبر الاجراءات المقررة من قبل وزارة المالية والاقتصاد ووزارة التجارة لاقليم كوردستان تنفيذاً للقانون اعلاه قبل صدور هذا القانون أصولية ونافذة.

ئێمە وەك لیژنەی یاسایی پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێت قسە بکات، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، ئەو ماددەی دووەم کە ئێستا بۆتە ماددەی سێیەم، هەمان صیغە نییە کە ئیزافەیان کرد، یەعنی جێی ئەوە ناگرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك سەردار هەرکی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەم ئەم ماددەیەو هەم ئەم یاسایە نەفسی حاڵەتی یاسای پێشترەو وەکو ماددەکانی پێشترە، من ئەسبابەکان دووبارە ناکەمەوە، بەڵام دیسان دەڵێم ئەو وەزارەتانە یاسایی نەبووە، سەلاحیەتی خۆیان نەبووە، کە ئەو ڕێکارانەیان کردووە، من دیسان نە دەنگ بۆ ماددەکە دەدەم، نە بۆ یاسایەکە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی کاك حاتەم ئەوە قانونێکی ترە عیلاقەی بەو قانونە نییە، ئەو قانونی شەریکات بوو، ئەوە قانونی تەنزیمی وەکالەی تیجاری عێراقیە.

هی کاك سەرداریش قسەکان وابزانم پێی ناوێت وەڵامی بدەینەوە، چونکە لەوەو پێش وەڵاممان داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تعتبر الاجراءات المقررة من قبل وزارة المالية والاقتصاد ووزارة التجارة لاقليم كوردستان تنفيذاً للقانون اعلاه قبل صدور هذا القانون أصولية ونافذة.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ئەو ڕێکارانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەیگرنە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئوصولیەو بەرکارە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەکەی تر پێشنیار دەکەین کە ماددەیەك ئیزافە بکرێت بەو شێوەیەی کە دەیخوێنمەوە: (لوزيري المالية والاقتصاد والتجارة اصدار تعليمات مشتركة لتنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده پێشنیار کراوەکە:(وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری بازرگانی بۆیان هەیە ڕێنمایی هاوبەش دەربکەن بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

فەرموو کاك کەریم بەحری.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە عەرەبیەکەی بڵێ (لغرض تسهيل تنفيذ احكام هذا القانون)، تەسهیلەکەی بۆ ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستمان لە قانونەکە ئەوەیە لەو ماددەیەی (تنفيذ احكام هذا القانون) کە ئێستا کاری لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الرابعة: لوزيري المالية والاقتصاد والتجارة اصدار تعليمات مشتركة لتنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی چوارەم: وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری بازرگانی بۆیان هەیە رێنمایی هاوبەش دەربکەن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی سێیەم لە ئەسڵی پرۆژەکە: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الثالثة من اصل المشروع: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی صیاغەی ماددەکەمان گۆڕیوە، ئێستا رەقەمەکەشی دەگۆڕێت بەگوێرەی ئەو ئیزافاتانەی لەسەر قانونەکەدا هات: (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

هەروەکو ئەوانی تر، ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی چوارەم لە ئەسڵی پرۆژەکە: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الرابعة من اصل المشروع: لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

لیژنەی یاسایی بەس صیاغەی ماددەکەی گۆڕیوە بەو شێوەیە: (لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی بەو نەصەی خوێندیەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەسڵی پرۆژەکە ئەو ماددەیەی تێدا نییە کە تەنفیز بکرێت، ئێمە پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە ماددەیەك دابڕێژرێتەوەو تەنفیز بکرێت: (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەسبابی موجیبە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

ان قرار البرلمان المرقم 11 لسنة 1992 منع العمل بالقوانين الصادرة من السلطة المركزية بعد سحب الادارات من الاقليم في 1991/10/23 الا بعد اعطاء الشرعية بسريانه في الاقليم من قبل البرلمان ولحاجة الاقليم الى القانون المذكور لحين تشريع قانون خاص بتنظيم الوكالة التجارية في الاقليم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا بەو تەعدیلەی کە لیژنەی یاسایی بەسەریاندا هێنا لەگەڵ گشت قانونەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ قانونەکە پەسند کرا، زۆر سوپاس، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا سەعد کە ئامادە بوو لەگەڵمان، رۆژی دووشەممەی داهاتوو سەعات یازدە قانونی فەحصی دەم الویراسی، قانونی موکافحەی جگەرەکێشان، خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای سزادانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندییەکان، خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای (اعتبار خدمة رؤساء وحدات الادارية المخولين صلاحيات جزائية خدمة قضائية)، بۆ ئاگاداری سەعات یازدەی رۆژی دوو شەممە، زۆر سوپاس بۆ ئامادە بوونتان، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)**

**دوو شەممە رێکەوتی 5\11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (19)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/11/5

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی دوو شـەممە رێكـەوتی 2007/11/5 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (19)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی ئەنجامی سەفەری شاندی هەرێمی كوردستان بۆ بەغدا لە لایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانەوە.

2- خوێندنـەوەی یەكەمی پرۆژەی بـڕیـاری ئـەژماردنی راژەی سـەرۆكەكانی یەكـەی كـارگێڕی كـە دەسـەڵاتی دادوەری كەتن پیادە دەكەن لە هەرێمدا، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

3- خوێندنـەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای سزادانی خراپ بەكارهێنانی ئـامێرە پەیوەندییـەكان، كـە لەلایـەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسایی پشكنینی بۆماوەیی خوێن پێش هاوسەگیریی كـە لـە لایـەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسایی بەرەنگار بوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردسـتان – عێراق، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/11/5دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی ئەنجامی سەفەری شاندی هەرێمی كوردستان بۆ بەغدا لە لایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانەوە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی ڕاژەی سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕی کە دەسەڵاتی دادوەری کەتن پیادە دەکەن لە هەرێمدا، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.
3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای سزادانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندییەکان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.
4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسایی پشکنینی بۆماوەیی خوێن پێش هاوسەگیریی کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.
5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسایی بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.
بەخێرهاتنی گەرمی برایانی بەڕێز کاك دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی و کاك دارا وەزیری ژینگە، کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەخێرهاتنیان دەکەم، بەناوی هەمووتانەوە لەگەڵمان لەو جەلسەیەدا بەشدارن زۆر بەخێر بێن سەرچاوان.
یەکەم/ خستنەڕووی ئەنجامی سەفەری شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لە لایەن خۆمەوە.
خوشك و برایان، ئەندامانی پەرلەمان.
مێوانانی بەڕێز.
بەنیسبەت خاڵی یەکەم/ مەعلومە لە لاتان ئێمە وەفدێکی پەرلەمانی و حزبی، یەعنی ئەوانەی ئەندام پەرلەمانن و لە هەمان کاتدا نوێنەری حزب بوون لەگەڵ برای بەڕێز کاك فازل میرانی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتی سیاسی و موافەقەتی ئێوە لە دانیشتنەکەدا سەردانێکی بەغدامان کرد، لەو ڕۆژانە کە پێویست بوو، هەم بۆ باس کردنی وەزعی کوردستان و هەڵوێستی کوردستان بەرامبەر پێشهاتەکان، بەتایبەتی ئەو قەیرانەی کە لەبەر ڕۆشنایی لەشکرکێشی تورکیا دروست ببوو سەردانی بەغدامان کرد، هەر لە پاش گەیشتنمان بۆ بەغدا بە چەند سەعاتێك سەرەتا جەنابی مام جەلالمان دیت سەرۆکی کۆمار، باسی هۆی هاتنی ئەو شاندمان کردو باسی کۆبوونەوەکانمان کرد، زۆر بە ئیجابی ئەو سەفەرەی هەڵسەنگاندو ئامۆژگاریشی کردین، چ لایەنی پێویستە ببینین، بۆ ڕۆژی دواتر لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دانیشتنێکی تایبەتیان سازدا بەبۆنەی چوونی ئێمە بۆ لای ئەوان، لەو دانیشتنەدا ڕێگایان بە من دا وتارێك بخوێنمەوە، وتارێکم پێشکەش کردن، خولاصەکەی ئەو شتانە بوو کە لێرە باسمان کرد لە دانیشتنی پەرلەماندا، بیرو باوەڕی هەرێمی کوردستان بەهەموو دەسەڵاتییەکانیەوە بۆم شی کردنەوە، کە هەڵوێست لە کوردستاندا لەنێوان هەموو هێزە سیاسیەکان کە کۆبوونەوەیان کردووە، دواتر پەرلەمانیش بە ئامادەبوونی جەنابی سەرۆکی هەرێم و لێپرسراوانی حزبە سیاسیەکانی کوردستان لێرە لەو دانیشتنەدا هەمان هەڵوێستی دووپات کردەوە، واتا ئێمە یەك هەڵوێستین و یەك هەدەفیشمان هەیە بۆ ئەو هاتنە، کاك ئارێز دەڵێ پارتی چەپی سوید مێوانمانن، من ئاگادار نەکراوم، بەخێر بێن سەرچاو، بەخێرهاتنی ئەندامانی پارتی چەپی سوید دەکەم، زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، هەروەها بەخێرهاتنی پرۆفیسۆر دکتۆر ئەنوەر شێخە پسپۆڕی خوێن لەگەڵ پرۆفیسۆر یوستن لە ئەمریکاوە هاتوون بەخێر بێن سەرچاوان، دوای قسەکانی من سەرۆکی کوتلەکان موداخەلاتیان کرد، بەڕێز کاك فازل موداخەلاتێکی باشی کرد، هەموو موداخەلاتەکانمان کردەوە، هەموو ئەو ئەندامانەی موداخەلەیان کرد، قسەیان کرد لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق زۆر بە کەیف خۆشییەوە، ئەو دانیشتنەیان باس کرد، پێیان وا بوو کە دانیشتنێکی زۆر گرنگە، ڕەخنەشیان ئەوە بوو کە دەبوایە زوو ئەو جۆرە سەردانە هەبێت، دیارە من لە قسەکانمدا سەرەتا سوپاسی هەڵوێستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقم کرد، کە ئەو بەیانەیان

دەرهێنا بوو سەبارەت بە كێشەكە، بە رەت كردنەوەی ئەو بڕیارەی پەرلەمانی توركیاو، داخوازی چارەسەر كردنی ئەو كێشەیە بەڕێگەی دیالۆگ و دیبلۆماسی و گفتوگۆ، پاش ئەوەی كە موداخەلاتێكی زۆر بوو و وەلام پرسیارەكانیشمان داوە، كۆتاییمان بە دانیشتنەكە هێنا بە كۆنفرانسێكی رۆژنامەوانی لەنێوان سەرۆكی پەرلەمان و هەردوو جێگرەكەی و من و كاك فازل میران بەشداریمان كرد، لەوێش وەلامی پرسیارەكانمان دایەوە، گرنگترین پرسیاریان كە دووبارە دەبۆوە قانونی نەوت بوو، جگە لە هەموومان هەڵوێستی سیاسی بە هەمان شێوە رەدی ئەوەی لەشكركێشی و هەڕەشە لەسەر كوردستان و داوای ئاشبوونەوەو با بڵێین رێگای چارەی ئاشتی و گفتوگۆ تەنیا رێگا بێت بۆ چارەسەر كردنەوە ، بە هەمان رێگا دووپاتیشیان دەكردەوە كە دەبێت حكومەتی فیدراڵ بە دەوری خۆی هەڵبستێت و حكومەتی هەرێمیش وەكو قسەكانی ئێمەیان تەئكید كرد تەنسیق بكات لەگەڵیان، بەپێی قانون و بەپێی دەستووری عێراق نابێت خاكی كوردستانی عێراق بەكار بێت بۆ هجوم لەسەر توركیا، ئەوەش كە ئێمە گوتمان ئێمە پابەندین بە دەستوور، ئەوە ماددەیەكی دەستوورییە، بەلام بۆ گەیشتن بەو هەدەفە چەند رێگایەك هەیە، رێگای ئاشتیانەو رێگای كە خوێن نەرژێتن، دەبێت لەوێوە دەست پێ بكەین، ئاماژەمان كرد بە مێژووی ئەو كێشەیە كە پێشی راپەڕینیشە، نەك چەند تەعقیداتی هەیە هەموو لایەكمان باس كرد، بە هەر حاڵ لەو مەسەلەیەدا دەتوانم بڵێم تێكڕای ئەندامانی عێراق، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاك تاك نەبێتن، رەنگە دوو كەس، سێ كەس نەبێتن كە تۆزێك گلەییان لەوە دەكرد، كە دەبوایە ئەوە پێشتر چارەسەر بكرێتن، بەلام دەتوانم بڵێم بە زۆرینەی دەنگەوە، زۆرینەیەكی یەكجار زۆر بوو كە دیار بوو لە قسەكانیاندا پشتگیریان لە هەڵوێستی هەرێمی كوردستان كرد، بەتایبەتی ئەوەی كە وەفدی ناردۆتە بەغدا بۆ باس كردنی ئەو وەزعە، بۆ یەكلا كردنەوەی‌و بە یەك دەنگیش چووینە، داواشیان كردووە كە ئەو تەنسیقە پێویستە لەنێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی عێراقی فیدراڵ بایەخی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجام، ئەو هەڕەشەیە لەسەر كوردستان دوور بخەینەوە، كە هەڕەشەیە لەسەر عێراقیش و لەسەر ئاشتی و ئارامی و لە سوودی گروپی ئیرهابیەكان، تیرۆریستەكان تەواو دەبێتن، دیارە دوو مەسەلەی تریش هاتە پێشەوە، كە پرسیاریان لێ دەكرد، یەكێكیان/ مەسەلەی عەلەم بوو كە تا ئێستاكە گلەییان دەكرد بۆچی عەلەمی عێراقی لە كوردستان هەڵی ناواسن، ئێمەش وەلامەمان دانەوە، گوتمان ئێمە نامانەوێت بچینە ناو تەفاسیلەوە، بەلام ماددەیەكی دەستووری عێراق هەیە، دەڵێت عێراق عەلەمێكی دەبێت بە قانونێك ئەو عەلەمە دادەنرێت، ئەو عەلەمە تەعبیر لە پێكهاتەی عێراق دەكات، تەعبیر لە مێژووی عێراق دەكات، پاش ئەوەی كە ئیقرار دەكرێت پسپۆرەكان بۆی دادەنێن، گوتمان ئێوە هەر وەختێكی ئەو بڕیارە دەربكەن، ئێمە هاتنمان بۆ ئێرە ئەوەیە كە ئێمە پابەند بین بە دەستوور، پابەند بین بە بڕیارەكانی حكومەتی فیدراڵ بە بڕیارەكانی ئێوە، ئەوانەی كە دەسەلاتی حەصرین بۆ حكومەتی فیدراڵ، ئەو وەختی كە قانونەكەتان دەركرد عەلەمەكە هەڵدەواسین، لە هەر شوێنێك دابێتن، ئێمە موشكیلەی وامان نییە كە عەلەمی عێراق هەڵنەواسین، بەلام قەرارمان هەیە ئەو عەلەمە تەعبیر لە ئێمە ناكات، دیار بوو ئەو وەلامەیان پێ مەقبول بوو، یەعنی شتەكە لە لای ئەوان بوو، مەسەلەی قانونی نەوت و غازیش هاتە پێشەوە، پرسیاریان دەكرد لەسەر ئەو قانونەی كە دەرچووە، هەندێكیان گلەییەیان لە خۆیان دەكرد، كە ئەو قانونە دەبێت لە لای خۆیان هەبێت، ئێمەش گوتمان ئەو قانونەمان كە دەرهێناوە لە پەرلەمانی كوردستانداو هەر قانونێكی تریش لیژنەی یاساییمان هەیە، هەروەها پسپۆری تریش لە دەرەوەی پەرلەمان پرسیان پێ دەكەین، هیچ قانونێك دەرناكەین ئیلا بە رەچاو كردنی دەستووری عێراقی نەبێت، ئەو دەسەلاتانەی كە حەسرین بۆ خۆمان ئەوانە بەكار دەهێنین، ئەو دەسەلاتانەی كە هاوبەشن لەنێوان ئێمەو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا،

ئـەویش بـە تێگەیشـتنی خۆمـان، ئەگـەر هـەر ئیختیلافێـك هـەبێتن، یـاخود تێگەیشـتنێکی تـەواو نـەبێت دەتـوانین بگەینـە نەتیجـە، ئەگـەر نەگەیشـتین مەحکەمـەی دەسـتووری هەیـە، دەکرێـت یـەکلا بکرێتـەوە لەوێدا، بەڵام پێمان وایە ئێمە ئەو یاسایەمان کە دەرهێناوە یاسایەکە پابەندە بـە دەسـتوور، هەنگاوێکـە بـۆ ئەوەی ئێوەش پەلە بکەن بۆ دەرهێنانی ئەو یاسایە، لەبەر ئەوەی بونیەی تەحتی عێـراق پێویست دەکـاتن ئەو قانونە دەربهێنێت، زۆر مەشاریع راوەستاوە، خەڵك گلەیی لە ئێوەو لە ئێمەش دەکـات، ئەگـەر بێتـو لـە رووی تەشریعیەوە دوابکـەوین، زۆر مەسـائیلی تریشـمان وەڵام دایـەوەو کۆتاییمـان بەدانیشـتنەکەمان هێنـا، تەبعەن پێم وایە بە تەقیمی هەموو لایـەکمان دانیشـتنێکی زۆر بـاش بـوو، ببـووە هـۆی ئـەوەی کـە هـەر چ سووئی فەهمێك هەبێتن لە لایەن هەندێك خەڵکەوە، یاخود هەندێك کەس لێدوانی نا بـەجێیان کـرد بـوو، ئەوەش روون کرایەوە کە هەڵە بووینە، تەبعەن ئێمە دوای ئەوە نیوەڕۆکەی رۆژی دواتر بەڕێز کاك وشـیار زێبـاری وەزیـری دەرەوە دانیشـتنێکمان لەگـەڵ کـرد، ئـەو هاتـە لامـان بـۆ بەیانیەکـەی سـەفەری تورکیایـان دەکـرد، هـەموو ئـەو بڕیارانـەی لێـرە درا بـوون و ئـەو هەڵوێسـتانەی کـە هەیـە، یـەك هەڵوێسـتە هـەرێمی کوردستان خستمان بەردەمی گوتمان ئێمە ئامادەین، پێمان وایە رێگای چارەسەری ئەو کێشەیە تەنیا رێگای ئاشتیانە بێتن و گفتوگۆ بێتن، ئێمە ئامادەین ئەو مەسئولیاتەی لەسەر شانی هـەرێمی کوردسـتاندا هەیـە، حازرین جێ بەجێی بکەین بە تەنسیق لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، بۆیـە بـە جـەنابتان رادەگەیـەنین، لەبـەر ئەوەی بەشداری لە وەفدی عێراق بۆ رۆیشتن بۆ تورکیاو گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە، دیارە هەمان رۆژ ئێوارەکەی بەڕێز نوری مالیکیمـان دیـت سـەرۆکی وەزیـران، ئـەویش کـە بەیانیەکـەی لەگـەڵ وەفدەکـە سەفەری دەکرد بۆ تورکیا، لە جێگای خۆیدا دانیشتین و زۆر بـە سـەراحەت قسـەمان لەگەڵدا کـرد، گوتمـان ئەوە هەڵوێستی کوردستانە، پێویسـتە حکومـەتی فیـدراڵ بـە مەسـئوولیەتی خـۆی هەڵبسـتێتن و دیفـاع لـە سیادەی عێراق بکاتن و ئێمە لە لای خۆمانـەوە رەدی هەموو تۆمەتێك دەکەین، ئەگەر بێتو مەسـئولیەتەکە بخاتە سەر ئێمە، ئەو کێشەیە کۆنە، ئێمە لێی مەسـئوول نـین، هـەتا پێشـی دەسـەڵاتی هـەرێمی کوردسـتان، پێشی هەڵبژاردنی ساڵی 1992 ئاماژەمان پـێ کـرد، بـۆ ئـەوەی لەسـەر تاریخەکـەی، گوتمـان ئێـوە جـەنابت دەچیت سەردانی ئەو وەفدە دەکەیت، دەبێت یەکەم هەڵوێسـتیان بزانیـت و ئێمـەش ئامـادەین بـۆ هاوکـاری کردنی حکومەتی فیدراڵ، بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك، هەم بۆ ئەوەی شەڕ نەبێت، هەم بۆ ئەوەی کۆتایی بێت بە ئەوەی کە خاکی کوردستانی عێراق بەکار بێت دژی تورکیا، بەڵام پێمان وایە دیسان هەر دەبێت بە رێگای ئاشتی و دیالۆگ و گفتوگۆ بێتن، ئێمە پیمـان ناخۆشـە دڵۆپـە خوێنێـك بـڕژێتن چ لـە لایـەن خۆمـان بێـت، چ لـە لایـەن تورکیـا بێـت، مـادام رێگـای گفتوگـۆ هـەبێتن، رێگـای دیبلۆماسـیەت هـەبێت، نابێـت بـیر بکەینەوە لە رێگای تـر، بێجگـە لـەوەش ئـەوە کێشـەیەکی گـەورە بـۆ عێـراق دروسـت دەکـاتن، لـە لایەکـەوە تۆزێك بۆ ناحیەی ئەمنی ئەگەر بێتو خوا نەخواستە شەڕو پێکدادانێك هات، یاخود لەشـکری تورکیـا هاتـە ناو کوردستانی عێراق، وەزعەکە ئاڵۆز دەکات و وەزعی عێراقیش ئاڵۆز دەکـات و نـاوچـەکەش وەزعـی ئـاڵۆز دەکات، دواتر تەبیعی بەڕێز عەمار حـەکیممان دیـت، کـە بـاوکی خـۆی لـەوێ نـەبوو، لێپرسـراوی مـەجلسی ئەعلایە، لەگەڵ چەند ژمارەیەك لە ئەندامانی مـەجلیس دانیشـتین و هەڵوێسـتیان وەکـو ئێمـە زۆر باشـەو زۆر نزیکە لە ئێمەو قسەکانیشی دۆستانە بوو، زۆر بەڕێزەوە تەقیمی کـرد ئـەو سـەردانەمان، ئـەویش هـەر وای گـوت، گـوتی ئـەو فورسـەتە زۆر باشـە میللـەتی عێـراق ئێسـتاکە زیـاتر دڵنیایـە لـەوەی کـە هـەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان پابەندن بە دەستووری فیدراڵەوەو داوای هاوکاری دەکەن، ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆی ئـەوەی هەرچـی گلەییـەك هـەبێتن لێـرەوە کـە ئێـوە سیاسـەتێکی جیاوازتـان هەیـە لەگـەڵ حکومـەتی فیـدراڵ، ئـەوە ئیسـپات دەکـاتن لـە رۆژێکـی ئـەوها کـە دێـن لـە پەرلـەمان قسـە دەکـەن و دێنـە لای هێـزە

سیاسیەکان وەزعی خۆتان باس دەکەن و ئەمە پشتگیرییە بۆ ئێمە، چونکە ئێمە دۆستی ئێوەین و هەم لە حکومەت و هەم لە پەرلەمان و هەم لە هاوپەیمانیەتیدا، تەبعەن هەر لە بەغدا چەندین لێپرسراوی ترمان دیت سەردانی بەڕێز دکتۆر تارق هاشمیمان کرد جێگری سەرۆکی کۆمار، کە لەگەڵ ژمارەیەك ئەندامانی قیادەی حزبی ئیسلامی دانیشتین و لە دانیشتنێکی دۆستانەدا زۆر بە راشکاوی بڕیار بوو سەعاتێك دابنیشین، دوو سەعاتی پێچوو زۆر باسی سەفەرەکەی خۆی کرد بۆ تورکیا، کە لەبەر رۆشنایی هەماهەنگی بووە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمیش و جەنابی سەرۆکی کۆماریشی ئاگادار کردووە، هەدەفیشی ئەوە بووە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت بە گفتوگۆی ئاشتیانە بە رەچاو کردنی بەرژەوەندیەکانی گشتی هەردوولا، پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو عێراقیش کە پێی وایە بەرەو پێشەوە بچێتن، پێی وایە هەرواشە تورکیا دەوڵەتێکی گرنگە دەبێت رەچاوی بەرژەوەندیەکانی بکەین، بەبێ ئەوەی ئێمە لە بەرژەوەندیەکانی خۆمان نە تەنازول بکەین، نە ئەو مەسائیلانەی خۆمان بیبەینە کەمتر، لە ئاستێکی کەمتردا بڕوامان بە مافەکانی خۆماندا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا باشمان هەڵسەنگاند کە هەرێمی کوردستان زۆر بە ئیجابی لە قەڵەمدا، گوتیشی ئەو هەڵوێستە دەلیلی هەستتانە بە مەسئوولیەت و دەبێتە هۆی ئەوەی شەڕ دوور بکەوێتەوە لە ولاتەکەمان، بەلام گوتی دەبێت ئەو هاوکاریەی لە رووی عەمەلیشیدا رەنگ بداتەوە، ئێمە گوتمان ئێمە حازرین و مەسئوولیەتی هەرێمی کوردستانە بەپێی دەستووری عێراق پێی هەڵبستین، دیسان تەبعەن دکتۆر بەرهەممان دیت لەگەڵ ئەویشدا قسەمان کرد، لەگەڵ دکتۆر عادل عبدالمهدی جێگری سەرۆك کۆمار ئەویش لەگەڵ ژمارەیەك لە مەسئوولینی مەجلیسی ئەعلا کە سەردانی سەماحەت سەید عەماریشمان کرد، بەلام ئەو وەکو نائیبی رەئیس جمهور دانیشتنمان لەگەڵ کرد، بەڕاستی زۆر دۆستانە بوو و زۆریش پشتگیری لە هەڵوێستەکانی ئێمەی کرد، ئەویش وەکو ئەوانی تر ئەو سەردانەی ئێمەی بەرز نرخاند، پێی وا بوو کە دەبێت دووبارە ببێتەوەو وا لێ دەکات بتوانین رووبەڕووی کێشەکانمان ببینەوە بەشێوەیەکی باشترو بتوانین گەلی عێراق رزگار بکەین، نەك تەنیا لە دوور خستنەوەی شەڕ، یاخود هاتنی جەیشی تورکی، بەڵکو ئەوە هەنگاوێکە، ئێستا وەزعی ئەمنی باش بووە، دەبێت پەلە بکەین لە پێشکەوتن و لەسەر ئاستەکانی تریشدا، ئێمە لەوێ بڕیارماندا سەردانی نەجەفی ئەشرەف بکەین، داوامان لە شێخ عەتیە کرد جێگری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، کە پاشی ئەوەی پەیوەندی کرد لەگەڵ سەماحەتی سەید سستانی، پێیان خۆش بوو، ئێمە سەردانی نەجەفمان کرد لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی وەفدەکە بەهاوڕێیەتی لەگەڵ بەڕێز شێخ عەتیەو کاك عارف تەیفور هەردوو جێگری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵماندا هاتن، سەرەتا لە نەجەف سەردانی عەلی سیستانیمان کرد، لە دانیشتنێکی زۆر دۆستانەدا دەتوانم زۆر بە ئیجابیەوە هەڵیسەنگێنم، بەڕاستی من خۆم پێشتریش هەر تەقدیرێکی زۆرم هەبوو بۆ دەوری سەید عەلی سیستانی، سەماحەتی لە کێشەی عێراقدا لە پشتگیری کردنی پرۆسەی سیاسی بۆ دەستوور، بەلام لەو دانیشتنەدا بۆ هەموومان روون بۆوە ئەندامەکان لەوێ دانیشتبوون بە لێپرسراواتیەوە تەماشای کێشەکانی عێراق دەکاتن، زۆر دۆستانە قسەی لەگەڵ کردین، هەر سەرەتا دەستی بەو قسانە کرد گوتی من موتابەعەی دانیشتنی دوێنێی ئێوەم کرد، لەگەڵ نوێنەرانی عێراق، زۆر پێم خۆش بوو دانیشتنێکی زۆر باش بوو، پێم وایە پێویستە ئەو جۆرە دانیشتنانە بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی هەموو میللەت بزانێت کە ئێوە لەگەڵ میللەتی عێراقن و بەشێکن لە عێراق، لێرەدا ئاماژەی بەوە کردو گوتی کورد زوڵمی لێ کراوە، تاریخ زوڵمی لێ کردووە، ولاتی ئێوە دابەش کراوە وەکو ولاتە عەرەبیەکان، وتی بەلام دەبێت هەموومان واقیعی بین، ئینسان لەبەر رۆشناییدا ئەگەر واقیعی نەبێتن، ناتوانێت خزمەتی میللەتی خۆی بکات، هەر بەشێك، هەر ولاتێك زروفی خۆی هەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو زروفە خزمەتی میللەتەکەمان بکەین پێکەوە، گوتی بۆیە

من پشتگیری له هاتنتان دەكەم و داخوازیشم ئەوەیە كە بە ئاشتی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكرێتن، بە تەئكید گوتیشی موراعاتی توركیا بكرێت و ولاَتێكی گەورەو دۆستە، نابێت بە ئەوەی ئیلتیزاماتی قانونی بەوەی لە عێراقدا هەیە، دەبێت ئەوە جێ بەجێ بكاتن، بەبێ ئەوەی شەڕو پێكدادان بێتن، دواتر تەبعەن گوتی پێویست دەكاتن نوێنەرانی میللەت، مەقصەدی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو باشتر خزمەتی گەل بكەن و میللەتی عێراق موحتاجی ئەوەیە كە خزمەت بكرێتن، گلەیی كرد لە خزمەتگوزاریەكان كە كەمن، لە ئاستی پێویستدا نین و داوای كرد كە هەموو لایەكمان ئەو كێشانەی كە لە پێش دان بۆ تەواو كردنی موسالەحەی گشتی، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی پێشكەوێتن كار بكەین، زۆر لەسەرخۆ قسەی دەكرد، هەروەها كوڕەكەشی لەگەڵی دانیشتبوو جار جار موداخەلەی دەكرد، بۆ هەموومان دووپات بۆوە، كە ئەو ئینسانێكی نەك بەس مەرجەعێكی گەورەی ئیسلامی شیعەیە، بەڵكو ئینسانێكی سیاسیشەو تێدەگاتن و ویستیشی ئەوەیە كە هەموو پێكهاتەكانی عێراق خزمەت بكاتن، لەوێشەوە چووین بۆلای ئایەتوللاَ ئیسحاق فەیاز، ئایەتوللاَ محەمەد حەكیم، ئەوانیش هەردووكیان بە هەمان شێوە قسەمان لەگەڵ كردن، ئەوانیش دیسان پێیان خۆش بوو ئەو سەردانە، لە لای هەردووكیان هەستمان كرد ئەوانیش موتابەعەی رووداوەكان دەكەن، موتابەعەی تەفسیلاتی خەڵك دەكەن، باسی كێشەكانیان كرد هەندێكیان لە موسڵ، لە كەركووك، لە بەغدا، لە بەسرە، یەعنی جێگای سەرسوڕمان بوون، ئەمانە راستە پیاوی ئایینن، بەڵاَم زۆر بە وردی تەفسیلات موتابەعە دەكەن، هەرسێكیشیان پێیان خۆش بوو ئێمە ئەو سەردانەمان كردووە، ئەو دووەی تریش وەكو سەماحەتی سەید عەلی سیستانی ئاماژەیان بە دانیشتنەكەی پەرلەمانی بەغدا كرد كە هاوبەش بووە، دیار بوو موتابەعەیان كرد بوو، بە ئیجابی نرخاندیان و هەڵیانسەنگاند، تەبعەن لەوێشەوە چووین بۆ كەربەلا زیارەتی مەرقەدی ئیمام عەلیمان كرد، مەرقەدی ئیمام حوسێنمان كرد، مەراقیدی ترمان كرد، لەوێشەوە جەنابی موحافزو ئەنجومەنی ئەوێ و پیاوە ئاینیەكان هاتن و دانیشتنمان لەگەڵیان كردن و گفتوگۆمان لەگەڵیان كردن، ئەوەی بۆ ئێمەو بۆ وەفدەكە دەركەوت، ئەم دوو شارە زۆر دۆستانە تەماشا دەكەن، ئەو خەڵكانە دۆستانە تەماشای هەرێمی كوردستان دەكەن، زۆر بە ئیعاجەبەوە ئەنجومەنەكەمان هەڵدەسەنگێنن، دوایێ گوتیان ئێمە ئەو شتانەی كە ئێوە ئەنجامتان داوە لێرەش ئەنجام بدرێتن، دەمانەوێت هاوكار بن لەگەڵ حكومەتی عێراقی فیدراڵ، بۆ لابەلا كردنی كێشەكان، تەبعەن هەموویان بە هەمان شێوە ئاماژەیان بە مەسەلەی لەشكركێشی توركیا كرد، هەموویان تەئكیدیان لەسەر ئەو دوو خاڵە كردەوە، كە بە هیچ شێوەیەك قەبول نەكەین شەڕ ببێتەوە، یاخود جەیشی توركیا بێتە ناو عێراق، بەهەمان شێوەش رەچاوی بەرژەوەندیەكانی توركیا بكەین، ئەوەی كە دەستوورییەن واجیبە لەسەرمان، ئێمەش ئەوەمان قەبول بوو، لە هەموو شوێنەكاندا ئاماژەمان بە بڕیارەكانی سەركردایەتی سیاسی پەرلەمان دەكرد، كە ئێمە داخوازی ئاشتین، داخوازی گفتوگۆ و دیالۆگین، دیار بوو لەوێشەوە كە گەڕاینەوە جارێكی تر لە لای بەڕێز كاك بابەكر دانیشتبوون ژمارەیەك لە مەسئوولینی سەفارەتی ئەمریكا هاتبوونە ئەوێ، لەوێشدا پرسیاریان لەسەر وەزعی هەرێم بوو، لەسەر ئەو كێشەیە بوو، بۆ ئەوانیش زۆر شتمان روون كردەوە، دانیشتنێكی تایبەتمان كرد لەگەڵ تەحالفی كوردستان، هاوپەیمانی كوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا هەموویان هاتبوون بە برادەرانی یەكگرتووشەوە، چۆن هاوكاری بكەین، پێش هەموو شتێك هەموو ئەوانەی قسەیان كرد، ئەو سەردانەی ئێمەیان بە باشی لە قەڵەمدا، داوایان كرد دووبارە ببێتەوەو هەندێك گلەییشیان هەبوو خستیانە روو، لە رووی ئیعلامیەوە، داوای كۆبوونەوەیان دەكرد لەگەڵ سەركردایەتی سیاسی، ئێمەش گوتمان تەبعەن ئەوە لە بەغدا دەبێت چارەسەر بكرێتن، ژمارەیەك لە لێپرسراوان مام جەلال خۆی لەوێیە، كاك دكتۆر رۆژ لەوێیە، دكتۆر بەرهەم لەوێیە، دكتۆر فوئادە، كاك

عارف، یەعنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی سیاسی لەوێن دەتوانن کۆبوونەوە بکەن و قەراریشە، بەلاّم دەبێت زیاد بکرێتن و وەعدیشماندا لەگەڵ راگەیاندن قسە بکەین و زیاتر ئیهتیمام بدەن بە گواستنەوەی گفتوگۆیەکان، بەتایبەتی موداخەلاتی ئەندامانی هاوپەیمانانی کوردستان لەو دانیشتنانەدا، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بزانن ئەوان چەند دەوریان هەیە لە موناقەشە کردن، چونکە لێرە گلەیی هەیە، بەلاّم ئەوەی راستی بێت ئێمە هەستمان کرد لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەموو لیستەکانی تر هەم یەکگرتووترە، حوزوی زیاترە، دەوامی زیاترە لەوانی تر، موداخەلاتی دەوری هەیە زیاتر، دەوریشیان هەیە لە لیژنەکان، بەم شێوەیە کۆتاییمان بە دانیشتنەکانمان هێنا، ئەمڕۆش بۆیە دواکەوتین، بەپێی ئوسولیش وا بوو چووین لە لای جەنابی کاك مەسعود سەرۆکی هەرێم باسی سەردانەکەمان کردو ئێستاش هاتینە خزمەتتان و منیش زۆر سوپاستان دەکەم، ئەگەر شتێکم لەبیر کرد بێت برایانی ئەندامانی وەفد دەتوانن ئیزافەی بکەن، ئەگەر شتێکم لەبیر کرد بێت، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەو رەوشە گەیشتۆتە کوێ؟ ئەگەر تۆزێك دڵنیامان بکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەخێر بێنەوە، دەستخۆشیتان لێ دەکەم، بەڕاستی پرسیارەکەی من لەسەر مەسەلەی تەشکیلەی وەفدەکەیە، کە جەنابت ئیشارەتت پێدا کەوا تەشکیلەی وەفدەکە هەم لەسەر بنەمای لیستەکانەو هەم لەسەر بنەمای وەفدێکی حزبی و پەرلەمانییە، بەداخەوە بەڕاستی ئەو تەشکیلەی کە وەفدەکەی لێ پێك هات ئێمەی تێدا نەبوو و هەندێك لایەنی تریشی تێدا نەبوو، نازانم سەبەبەکەی چیە، بۆچی ئێمەی تێدا نەبوو؟ ئەگەر مەسەلەکە حزبی بێت، ئێمەش حزبین لە پەرلەماندا هەین، ئەگەر وەکو پەرلەمانیش بێت، ئێمەش لیستێکین لە پەرلەمان، وابزانم زەحمەتکێشان بەڕاستی ئەگەر بە خەبات و تێکۆشان بێت، ئەگەر بە چوونە ژێر باری مەسئوولیات بێت لە کوردستان چ لە خەباتی شاخ و چ دوای راپەرین و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە مەسئوولیەتی خۆمان هەڵساوین، جا داوا لە بەڕێزتان دەکەین بەرچاو روون کردنەوەیەکمان بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلاّمی ئەو دەدەمەوە، جارێ پێش هەموو شتێك، پێش ئەوەی جەنابت ئیعتیراز بگریت کاك غەفوریش ئیعتیراز گرت، کاك باپیر کاملاش ئیعتیرازی گرت، من پێم وایە کاك دکتۆر نوریش ئیعتیرازی دەگرێت، نەسرین خانیش ئیعتیراز دەگرێت، گەلاوێژ خانیش ئیعتیراز دەگرێت، بەڕاستی کاك پیر خدریش ئیعتیرازی گرت، ئینجا ئەگەر هینیش بێت، تەبعەن هەر یەك لەوانە تەمسیلی چ دەکات واقیعی چۆنەو شتێك، هەر کەسە بۆ خۆی دەتوانێت تەقیمی خۆی دەکات، خۆشی هین دەکات، بەلاّم تۆ وەفدێك تەشکیل دەکەیت ژمارەیەکت دەوێت شەش، حەوت، هەشت، ناتوانیت هەموو جار هەموو پێکهاتەکان هین بکەیت، یەعنی

دەبێت لە رەقمەکە راوەستیت، ئەوە لایەکە، لایەکەی تری ئەگەر قەبول ناکەیت مـن نوێنـەری ئێـوە بـووم، ئەگەر هـەر کەسێك قـەبول دەکـاتن مـن نوێنـەری بوومـە، بەنیسـبەت کـاك بارزانـەوە تەبعـەن هـەمووتان موتابەعـەتان کـردووە، ئەلحەمـدولله تۆزێـك کێشـەکە بـەرەو سـاردبوونەوە دەڕواتـن، بەتایبـەتی حکومـەتی هـەرێم لێـرە چـەند هـەنگاوێکی نـاوە، یـەك/ ئـەو کۆبوونـەوەی کـە لـە ئەسـتنبول کـرا، دیـارە هـەم وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەم وڵاتی ئێرانیش، هەم دەوڵەتەکانی تریش هـەموویان داوایـان لـە تورکیـا کـرد یەعنی لەشکرکێشی نەکاتن و سنوور نەبەزێنێ و هجوم نەکاتە سەر عێـراق و ڕێگـا بـدات بـۆ دیـالۆگ و لـە، هەمان کاتیشدا نوقتەی تریش داوایان لە حکومەتی عێراق کرد ڕێگە نەداتن بە بەکارهێنانی هیچ خاکێکی عێراق بۆ هجوم لەسەر ئەوان، ئەو دوو مەبدەئە قەبول کران وەکو مەوقیفێکی سیاسی سارد بوونەوەیـەکی تێدا بوو بۆ هینەکان، دووەم/ لە رووی عەمەلیەوە ئەو هەشت سەربازەی کە لە لایەن پەکەکەوە گیرا بـوون بە جهودی هەرێم بەردران، هـەم سـەرۆك کۆمـار، هـەم سـەرۆکی هـەرێم دەوریـان بـینیو بـەردران، ئـەوەش تەبعەن هەنگاوێکی باش بوو، هەندێك بڕیاری تریش دراوە بۆ نیشان دانی هەرێم، مەسئوول نییە لـە هـیچ هاوکاریەك بـۆ پەکەکـە، ئـەوەش تەبعـەن پێویست بـوو بکـرێتن هـەموو دنیـا تـێ بگـاتن ئـەو کێشـەیە، نـە دروستمان کردووە، نە ئێمە سەبەبین لە بەردەوام بـوونی، ئومێـد دەکـەین ئـەو جـۆرە هەنگاوانـە بـەردەوام بێتن بۆ ئەوەی کۆتایی بەو لەشکرکێشیە بێتن و پەیوەندیەکانیشمان لەگەڵ تورکیا تـەبیعی بێتـەوە بـەرەو پێشەوە بڕوات، بەبێ ئەوەی شەڕو پێکدادانان و خەڵکیش تێدا بکوژرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.
داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بـێن لـە شـوێنی خۆیـان دابنیشـن تکایـە، ئێسـتا دەچـینە سـەر خـاڵی دووەمـی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی راژەی سەرۆکەکانی یەکـەی کـارگێڕی کـە دەسـەڵاتی دادوەری کـەتن پیـادە دەکـەن لـە هەرێمـدا، کـە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشکەش کراوە، داوا لە کاك زانا دەکەم بە کوردیەکەی بیخوێنێتەوە، فەرموو.
**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی بڕیار

ئەژماردنی ڕاژەی سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕی کە دەسەلاتی دادوەری کەتن پیادە دەکەن لە هەرێمدا
یەکەم/ راژەی سەرۆکی ئەو یەکە کارگێڕییـە یاساییانەی دەسـەڵاتی دادوەری کـەتن پیـادە دەکـات بەرێـژەی دادوەری دەژمێردرێـت بـۆ مەبەسـتی جـێ بـەجێ کردنـی حـوکمی هەنـدێك لـە یاسـای کارپێکراوەکـان لـە هەرێمدا.
دووەم/ کار بەهیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت، کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە.
سێیەم/ پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.
چوارەم/ ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێـت و لـە رۆژنامـەی فـەرمی وەقـایعی کوردسـتان بلاّو دەکرێتەوە.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەم پرۆژەیـە لـە لایـەن ئەنـدامانی پەرلـەمان، کـاك شـێروان حەیـدەری و کـاك عـەونی بـەزاز و کـاك تـارق جامبارو کاك عبدالکریم هەمەوەنـد و کـاك شـێخەللا ابـراهیم و کـاك حاتـەم محەمـەد جـان و کـاك کـەریم بەحری و کاك خەلیل ابراهیم و کاك شێردڵ حـەوێزی پێشـکەش کـراوە، ئـەم پرۆژەیـە ئاراسـتەی لیژنـەی

یاسایی و ئەنـدامانی پەرلـەمان دەکـەم بـۆ دیراسـەت کردنـی و حـازر کردنـی راپـۆرت بـۆ رۆژی موناقەشـە کردنی، هەروەها نوسخەیەکیش دەدەین بە حکومەت بۆ ئاگاداری.

خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای سـزادانی خـراپ بـەکارهێنانی ئـامێرە پەیوەندییەکان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، فەرموو بـۆ خوێندنـەوەی بە کوردی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسای سزادانی خراپ بەکارهێنانی دەزگاکانی گەیاندن

ماددەی یەکەم: هەر کەسێ تەلەفۆنی خانەیی (الخلوي)، یان دەزگاکانی گەیاندنی بە تەل یان بـێ تـەل، یـان ئەنتەرنێت، یان بەریدی ئەلیکترۆنی بۆ خراپەکاری بەکار بهێنێ، بە حەپس سـزا دەدرێت بـۆ ماوەیـەك لـە ساڵێك کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەکیش لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنـج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بە یەکێك لەو دوو سزایە، ئەو خراپ بەکارهێنانەش ئەوەیە کە بە هەڕەشـە، یـان بـە تەشـەرو جـوێن، یـان بـڵاو کردنـەوەو ئاشـکرا کردنـی گفتوگـۆ، یـان وێنـەی چەسـپاوو نەچەسپاو، یان نامەی کورت (مێسج)ی بێ ئەخلاقی و دژ بە ئاکاری گشتی، یان رەسم گرتنی بێ ئیزن و بێ موافەقەت، یان شتێك کە شەرەف بزڕێنێ، یان گاڵدانی تێوەگلانی جەریمە، یان رەفتاری گونـاه و فسـق، یـان بڵاو کردنەوەی زانیاری نهێنی چ راست، چ درۆ دەربارەی ژیانی تایبەتی و خێزانی تاکە تاکەی خەڵك، کە لە هەر رێگایەکەوە بە دەستی هێنا بێت، کـە بـڵاو کردنـەوەو ئاشـکرا کـردن و دابـەش کردنیـان ببێتـە مایـەی خراپی و زیانیان پێ بگەیەنێت.

ماددەی دووەم: هەر کەسێ بە دەستی ئەنقەست ببێتە مایەی بەکارهێنانی تەلەفۆنی خانەیی (الخلوي)، یان دەزگاو ئامێرێکی بە تەل یان بێ تەل، یان ئەنتەرنێت، یان بەریدی ئـەلیکترۆنی بـۆ بێـزار کردنـی کەسـێکی دی بەدەر لەو حاڵەتانەی کە لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، ئـەوە، بـە حـەپس سـزا دەدرێـت بـۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ سـاڵ زیـاتر نـەبێت و بـە غەرامەیـەکیش لـە حـەوت سـەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بە یەکێك لەو دوو سزایە، سزا دەدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامیان هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە برای بەڕێز کاك کەریم دەخوێنێتەوە، جیاوازە لەگەڵ ئـەوەی لـەلای ئێمـە هەیـە، یـەعنی هیچـی یەك ناگرێتەوە، نازانم چیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی راست دەکەن، جاری یەکەم ئەوەی کە بڵاو کرایەوە زۆر بە خراپی تەرجومە کرا بوو، تەرجومەکەی زۆر زۆر خراپ بوو، رێك نەبوو، بۆیە دووبارە تەرجومە کرایەوە بەو شێوەیەی کە ئێستا دەخوێندرێتەوە، ئەوە راسترە، ئەوەی کە لەلای ئێمەیە راسترە لەوەی کە ئێستا لەبەر دەستی ئێوە دایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەدەبوایە وا بێت، یان دەبوایە بە خراپەکە بیخوێنیەوە، یانیش دەبێت پێشتر مولاحەزە بدەیت، بەڵێ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەفروزە ئەگەر ئەوان چاکیشیان کرد بێت، یان چاك کراوەکە تەوزیعی ئێمە بکەن، یان ئەوەتە خراپەکە بخوێنێتەوە، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ بۆ جاری هەزارەهەمین، بەرنامەی کار ئەو دەقەیەی هاتوینەتە ژوورەوە لەسەر مێزەکانمان بووە، یەعنی ئەمە بۆ جاری هەزارەهەمینە ئەمە وایە، تکایە ئیتر پێمان بڵێن لەمەودوا، کە ئێمە باسی چی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان جەلسەی پێشوو ئیعلان کراوە، ئەوە یەك، تەنیا خاڵی یەکەم ئیزافە کراوە، بۆ هەزارەهەمین جاریش نییە، چونکە خۆمان هەموو جەلسەکان کۆبکەیتەوە نابێتە دوو سەد جەلسە، چۆن هەزارەهەمین جەلسەیە، دوایێ شتێکی تریش هەیە خوێندنەوەی یەکەم لەڕاستیدا تەنیا بۆ ئاگادار کردنەوەیە، موناقەشەی لەسەر ناکرێت، یەعنی موشکیلەیەکی گەورە نییە، ئێمە ئەو دوو خاڵەی کە موناقەشەی دەکەین جەنابی وەزیریش لێرەیە، ئەوە پێشتر باس کراوە.

دوو/ پرۆژەی یەکەمیش مادام بۆ یەکەم جارە، بۆ ئیعلانە، خاڵی یەکەم دەمێنێتەوە، ئەویش ئێمە تازە هاتووین و دەبوایە بەرنامەی کار ئیمزا بکەین، ئیمزایەکەشمان سەعات یازدەو نیو کردووە، بۆیە دواکەوتووە، من خۆم لێرە نەبووم، فەرموو کاك کەریم تەواوی بکە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ئەگەر تاوانکار بوو بەپێی ماددەکانی (یەکەم و دووەم) لە یاسا، هەر تاوانێك کە لە دەقی یاساکەدا هاتووە، یاسای سزاکانی بەرکار لە هەرێم پیادە دەکرێ.

ماددەی چوارەم: باری توندکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی پیادە کردنی حوکمەکانی یاسا، تاوانکار یەك لە تاوانەکانی هاتووە لە ماددەکانی (یەکەم و دووەم) ئەگەر هاتوو لە هێزەکانی کەسی چەکدار بوو، یان لە هێزی ئەمنی ناوەوە بوو، یان ئەوانەی بە سیفەتی رەسمی کەڵك وەردەگرن، یان ئەوانەی نهێنیە کەسایەتیەکان دەدرکێنن، یان نهێنی خێزانی بە حوکمی وەزیفەو پیشەکەیان.

ماددەی پێنجەم: رێگە ناگیرێ لەوانەی یەك لەو تاوانانەی هاتووە لە ماددەکانی (یەکەم و دووەم) لە یاساکە، سەردانی دادگای مەدەنی بکەن و ئەگەر ویستیان داوای مافی خۆیان بکەن لە قەرەبوو کردنەوەیان.

مـاددەی شەشــەم: وەزیرەکــانی نــاوخۆو پەیوەندییــەکان بۆیــان هەیــە رێنمــایی هاوبەشــی پێویســت بــۆ ئاسانکردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

ماددەی حەوتەم: پێویستە ئەنجومـەنی وەزیـران و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە جـێ بەجێ بکەن.

مـاددەی هەشـتەم: ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچـوواندنیەوە جـێ بـەجێ دەرکـرێ و لـە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

هۆیە پێویستەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەو پەرەپێدانە کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و سیاسـیەی کـە بەسـەر ژیـانی هاووڵاتییـان لـە هـەرێمی کوردستاندا هاتووەو سـەبارەت بـە سـەیرکردنی لاوان بـۆ پەرەپێـدانی تـەکنۆلۆجی لەجێهانـداو ئاسـانبوونی پەیوەندییــەکان لــەنێوان گەلانــداو، چـونکە تەلـەفۆنی پێشـکەوتوو و پۆسـتەی ئـەلکترۆنی و هۆیــەکانی بەیەکگەیشتنی نوێ جۆرێکن لە جۆرەکانی ئەم پەرەسـەندنانە و ئـەم هۆیانـەی کـاری نـەرێی دەکەنـە سـەر رەوشتی لاوان و کەسەکان ومنداڵان و، بەپێی ئەو شێوازەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان گرتوویەتیـە بـەر بۆ دامەزرانـدنی کۆمەڵگایـەکی مـەدەنی شارسـتانی بنچینەیەکی دروسـت و بەمەبەسـتی سـزادانی ئەوانـەی بـەخراپی ئـەو ئامێرانـە بـەکاردێنن و تـاکو نـەهێڵن کـار بکەنەسـەر ئـازادی کەسـەکان و درکانـدنی نهـێنی کەسایەتییان و خراپە گەیاندن بەرەوشت و ئاداب و سیستەمی گشتی، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەش هەر هەشت ناو دەرچووە فۆتۆکۆپیەکە دەرنەچووە، کاك عەونی بەزازەو کـاك کـەریم بحـری و کـاك غەفور مەخموری و کاك فەتاح نەقشبەندی و کوێستان خان و گەلاوێژ خان و گێلاس خـان و کـاك محەمـەد حـەکیم و ئـەوانی تـر دەرنەچـووینە، بـە هـەر حـاڵ ئـەو پرۆژەیـە ئاراسـتەی لیژنـەی قـانونی و لیژنـەی خزمەتگوزاری و گواستنەوەو لیژنەی ماڧ مرۆڤ و برایانی بەڕێزو خوشك و برایـانی ئەنـدامانی پەرلـەمان، هەروەها نوسخەیەکیش بۆ حکومەت دەنێرین، بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیـان حـازر بکـەن و بۆچـوونی خۆیـان ئامادە بکەن بۆ رۆژی کۆبوونەوە.

خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـایی پشـکنینی بۆمـاوەیی خـوێن پێش هاوسەگیریی کە لە لایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشـکەش کـراوە، فـەرموون، لیژنـەی تەندروستی کاك دکتـۆر فوئـاد فـەرموو، ئـەم پرۆژەیـە لـە لایـەن ئەنـدامانی پەرلـەمان، دکتـۆرە هالـە، کـاك عەونی بەزاز، دکتۆرە ئاریان، کاك رەشاد ئەحمەد، خاتوو پەخشان زەنگەنە، کاك حاتەم محەمەد جان، کـاك ئارێز عەبدوڵلاّ، خاتوو فەخریە مستەفا، کاك رەشید کریم، کاك ئەسعەد ئەربیل، کاك دکتۆر دلێر شاوەیس پێشکەش کرا بوو، فەرموون بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەسڵی پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنینەوە:

پرۆژە یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن پێش هاوسەرگیریی

ماددەی یەکەم: دەبێ لە پێش گرێبەستی هاوسەرگیریی پشکنینی تەواوی شێوەی خوێن بکـرێ و لـەو بـارەی کە گومانی نەخۆشی کەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست (تەلاسیمیا)ی گـوازراوەی بۆمـاوەیی کـرا، ئـەو کـات پشکنینی خوێن تایبەت بەو نەخۆشیە دەکرێ.

ئێستاش عەرەبیەکەی لە لایەن کاك زاناوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشروع قانون فحوصات الدم الوراثية قبل الزواج

المادة الاولى: تجري فحص صورة الدم الكامل قبل اجراء عقد الزواج وفي حالة الاشتباه بوجود مرض فقر دم بحر الابيض المتوسط (الثلاسيميا) المتنقل عن طريق الوراثة تجري فحص الدم الخاص بهذا المرض.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی بەشێوەیەکی سەرەتایی پشتگیری ناوەڕۆك و هۆکارو دەرچوونی پرۆژە یاسایەکە دەکات و پێشنیار دەکات دیباجەکەی بەپێی ئەو نەهجەیە دابڕێژرێتەوە، کە لە یاسا دەرچووەکانی پەرلەمانی کوردستان پەیڕەو کراوە، یەعنی هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرت

لیژنەکەمان لە رۆژی 10/31 کۆبوونەوەی خۆی سازدا بە ئامادە بوونی هەموو ئەندامانی تەنها دکتۆرە ئاریان خالص ئامادە نەبوو، بەهۆی سەفەر کردنی بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەم کۆبوونەوەیە بە مەبەستی تاووتۆی کردنی پرۆژەی یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن پێش هاوسەرگیریی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (1)ی لە بەرواری 2007/9/10 بۆ کراوە، لیژنەکەمان پشتگیری ئەو پرۆژە یاسایە دەکات و ئەم تێبینیانەی لەسەر ماددەی سێ هەیە بە تەنها، داواکارانی گرێبەستی هاوسەرگیریی تووشی ئەو نەخۆشیە بوونە بگۆڕێت بۆ داواکارانی گرێبەستی هاوسەرگیریی هەلگری ئەم نەخۆشییە، دەقە عەرەبیەکەشی بەم شێوەیەی خوارەوەیە (يقوم المركز بدراسة نتائج الفحوصات المختبرية وفي حالة ثبوت كون طالبي عقد الزواج من حملة هذا المرض ينظم تقرير يبين فيه شده المرض ونسبة (اي عدد الاطفال) المتوقع اصابتهم من جراء هذا الزواج وتقدم لهما وللجهة طالبة الفحص النتائج الوراثية السلبية المترتبة على هذا الزواج لغرض التوعية والارشاد).

لەسەر ماددەی یەکەم ئێمە هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هیچ تێبینیەکت هەیە لەسەر ماددەی یەکەم.

**بەڕێز د.زریان عثمان یونس/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من زۆر بە توندی پشتیوانی لەو پرۆژەیە دەکەم، نازانم هەندێك قسەم هەبوو حەزم دەکرد لەسەر تەلاسیمیا باس بکەم، دیارە تەلاسیمیا کارەساتێکە تووشی ئەو خێزانانە دەبێت، بەتایبەت لە وڵاتی ئێمە ئێستا حاڵی حازر زیاتر لە دوو هەزارو پێنج سەد حاڵەتی تەلاسیمیا هەیە، تەلاسیمیا مەیجەرە، ئەمە گەورەکەیە نەخۆشیان هەیە لە وڵاتی ئێمە، ئەمە خۆی کارەساتێکە بۆ خۆی، چونکە هەموو هەفتەی جارێك دەبێت خوێنی تێ بکرێت و مەجموعەیەك دەرمانی بدرێتێ، کارەساتێکە بۆ ئەو خێزانەو بارێکی قورسیشە بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەسەر کۆمەڵیشەوە بەڕاستی، ئەم نەخۆشیە بەداخەوە عیلاجی کۆتایی نییە تا ئێستا، تاکە عیلاجێك کە تۆزێك ئەمەل دەبەخشێت، ئەویش زەرعی نوخاعی مێشکە، ئەم عەمەلیاتە دیارە لە وڵاتی ئێمە ناکرێت، لە وڵاتانی دەرەوە دەکرێت و زیاد لە دوو سەد، سێ سەد هەزار دۆلار نرخی هەموو عەمەلیاتێکە، هەموو عەمەلیاتێك تەقریبەن یەك لەسەر سێی نەجاحەت دێنێ، یەك لەسەر سێی نەخۆشیەکە پێی دەمرێت، یەك لەسەر سێشی نەخۆشیەکە دەگەڕێتەوە، یەعنی بەڕاستی عیلاجێکی ئەوها نییە، چەندین وڵات تووشی ئەم نەخۆشیە بووەو مەنعیان کردووە، بە مەنع کردنی ئێستا وڵاتەکەیان پاك بۆتەوە، ئەو وڵاتانەی بەحری موتەوەسیت هەر لە ئیتالیاو یۆنان و تورکیاو دیارە ئێمەش لەمبەری کوردستان ئەم جینە یەکجار باوە لەناو کورددا، رەنگە ئێستا هەندێك دەمانەوێت لە هەر چوار دانەی کورد یەکێکمان ئەو جینەی تیا بێت، بەڵام بۆ ئەوەی نەخۆشیەکەت بە تەواوەتی هەبێت، دەبێت دوو نیوە جینت هەبێت، نیوەی لەلای دایکەکە، نیوەشی لەلای باوکەکە، بۆ ئەوەی ببێتە جینێکی تەواو و نەخۆشیەکی تەواوی تەلاسیمیات هەبێت، ئەگەر یەك لە دایکەکە، یان باوکەکە جینێکی هەبوو، یان نیو جینی هەبوو ئەوە دەبێتە حاملی جینەکە نەخۆش نییەو خۆی ژیانێکی تەبیعیش دەباتە سەر، بەڵام ئەگەر ژنێك و مێردێك هاوسەرگیریان کرد، هەردووکی نیو جینی هەبوو، ئەوە جینێکی تەواو ئیحتیمال هەیە لە هەموو 25٪ی منداڵەکانی تووش دەبن، 50٪ش حاملی نیوە جینەکەیە، ئەوانەی کە تووش دەبن بە باشترین عیلاجی ئێستا کە مەوجودە لە کوردستان تەمەنیان ناگاتە بیست ساڵ، بیست و پێنج ساڵ، ژیانەکەیان هەر ئەوەندەیە، ژیانێکی کۆڵەمەرگی بە کارەساتەوە، نەخۆشییەکە مەنع دەکرێت و مەنعێکی زۆر چاکیش دەکرێت، ئێمە بە عەمەلی، ئێستا ئەم بڕیارەی کە هاتووە جێ بەجێی دەکەین لە شاری سلێمانی و لە شاری دهۆکیش، تا ئێستا بە داخەوە لە هەولێر دەستمان پێ نەکردووە، بەڵام جیهازەکانمان لە خیلالی چەند رۆژێك دەگەن و لێرەش بە عەمەلی دەست پێ دەکەین، داوامان لە محاکمەکان کردووە، عەقدی زەواجی هیچ ژن و پیاوێك نەکەن، ئەگەر فەحصی تەلاسیمیایان بۆ نەکرا بێت، فەحصێکی بەسیتتر هەیە لە پێش تەلاسیمیا فەحصی فلبلتکام، فەحصی خوێن دەکەین هەندێك مارکەری تیایە، نیشانەی تیایە، ئەگەر ئەو نیشانانە دەرچوون ئەو کاتە ئەو فەحصە کاملەکەی دەنێرین، فەحصی بۆ دەکەین، رەنگە تاخیر بێت بە ژن و مێردێك بڵێی ئیتر نابێت ئێوە عەقد بکەن، هەموو شتێك تەرتیب کراوەو موشکیلەی کۆمەڵایەتیش دروست دەبێت و دەبێت لەو کاتە فەسخی عەقدەکە بکرێت، بەڵام هەر باشترە، هیچ نەبێت مەعلوماتێك دەدەینە ئەو ژن و مێردە، کە ئەم نەخۆشیەتان هەیە، ئەم جینەتان هەیە، ئیحتیمال هەیە منداڵێك لەو شێوەیە بێت، مەنع کردنیشی پاش ئەوەش ئاسانە، ئینشائەللا دوای ئەو قۆناغی دووەمیش دێت، ئەوەش دەگەیەنینە هەرێمی کوردستان، بەڵام قۆناغێکی پێشکەوتووە وەکو بیدایەت بە توندی پشتگیری دەکەین و داوا دەکەین، ئەگەر پاس بێت، چونکە قۆناغی دووەمان ئەوەیە

بچینە قوتابخانـەی ناوەنـدی و دواناوەندییـەکان فەحصـی هـەموو گـەنجێك بکـەین، ئـەم فەحصـە خوێنـە بکەین، ئەو کات زووە، ئەو کات بە هەموو کەسێك دەڵێین تـۆ حـاملی نیـوەی جینەکـەی، دەبێـت ئاگـات لـە خۆت بێت ئەگەر هاوسەرگیری بکەیت، دەبێت فیکری ئەو مەسەلەیە بکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس، واتـا جـەنابی وەزیـریش پشـتگیری لـە مـاددەی یەکـەم دەکـاتن و هـەردوو لیژنـەش پشـتگیری دەکەن، ئەگەر کەس قسەی نییە، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لەم ماددەی یەکدا، تەنیا باسی مەسـەلەی هاوسـەرگیریی دەکـات، مـادام مەسـەلەی هاوسـەرگیرییە، ئایـا ئەو کەسانەی کە ئامۆزای یەکن، یان خـاڵۆزاو پلـك و زۆربـەی زۆری ئەوانـە منداڵـەکانیان موعـەوەقن، ئـەو موعەوەقە عیلاقـەی بـەوە هەیـە، ئەگـەر عیلاقـەی بـەوە نییـە، دەبێـت ئـەوە بڕگەیـەکی بـۆ زیـاد بکرێـت، یەعنی مەنعی ئەوەش بکرێت، بەڕاستی لە کوردستاندا کە زۆربەی زۆری ئەو منداڵانەی کە موعەوەقن هـی خزمایەتییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لەناو عائیلەی ئێمە گەلێك زۆرە، من 100٪ تەئیدی ئـەو پرۆژەیـە دەکـەم، ئێسـتا ئـەوەی لـە شێرە پەیدا بووە سێزدە کۆرەمان هەیە لە ماڵێ، زیاتر ئەوەیە کە عیلاقەی خزمایەتیش هەیەو فەحصیش نەکراون، لەبەر ئەوە ئـەو کـارە بـە سـەدان عائیلـەی تـر تـووش بـووە، لەبـەر ئـەوەی پێویسـتە پەرلـەمان و حکومەت گرنگیەکی یەکجار زۆر بەو مەسەلەوە بدات چ لەڕووی قانونییەوە، چ لەڕووی ئیعلامیـەوەش، بـە هەموو توانایـەکمان هـەوڵ بـدەین ئـەو نەخۆشـیە بنـبڕ بکرێـت، تـا ئـەو خوێنـە فـەحص نـەکرێت، تـا ئـەو ئیجرائاتە صحیانە نـەکرێت ئەمـە مـەنع بکرێـت، چـونکە بـە هـەزاران عائیلـەی ئێمـە ئێسـتا لـە کارەسـاتدا دەژین، بۆیە بە توندی تەئیدی دەکەم، داوا دەکەم پەرلەمانیش داوایەکی توندتر دەربکـاتن، زەخـت لەسـەر محاکم بکرێت، بەتایبەتی قازیەکان ئەو قەرارەی وەزارەتی تەندروستی جێ بـەجێ بکات، چـونکە بەڕاسـتی کارەساتە لە کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو مەشـروعەکە، مەشـروعەکە لـە سـەرەتا مەشـروعی قـانونی فحوصـاتی دەمـی ویراسـییە پـێش زەواج، تەبیعی فحوصاتی خوێن زۆرە، بەس فحوصاتی دەمی ویراسی، یەعنی بـۆ ئـیلا تەئکیـد لەسـەر تەلاسـیمیای دەکات، ئەوە پرسیارەکەی منە، یەعنی پرسیارەکەی من ئەوەیە فحوصات پـێش زەواج گـەلێك زۆرە، یـەعنی

شەرت نییە لە خوێن دەربچێت، یەعنی هەتا توانای قودرەتی پیاو و ژن بەدەنیەن لەسەر تـەواو بـوونی ژن و مێردایەتی، کە ئێستا ئەو مەشاکیلە زۆر پەیدا دەبێت، کێشە لەنێوان ژن و مێرد لەسەر نـەبوونی منـداڵ ئیحتیمالی هەیە زۆر جار کابرا بـەخۆی توانـای ئـەو منـداڵ بوونـەی نییـە، کێشـە لـەنێوان عائیلـە دروسـت دەبێت، یەعنی ئیلا ئیشکال لەسەر ئەوەندەی نەبێت لەسەر فحوصاتی خوێنی ویراسی.

مولاحەزەی دووەم/ ئەوەیە لێرە بەس باسی تەلاسـیمیا دەکات، ئـەو پرسـیارەم لـە لیژنـەی تەندروسـتیی و وەزیـری تەنـدروسـتی بـەڕێز، باسـی ئـەوەی ناکـات ئـەو نەخۆشـیەی کـە لـە خـوێن دروسـت دەبێـت (الانمیـا المنجرية)، ئایا بۆ باسی ئەوەی نەکراوە لە زیمنی تەلاسیمیاو لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەتەواوی پشتگیری ئەو یاسـایە دەکـەم، لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی کـارێکی باشـە بـۆ ڕێگـە گـرتن لـە بـڵاو بوونـەوەی نەخۆشـی لـە کوردسـتان و بینـا کردنـی کۆمەڵگایـەکی تەندروسـت، بـەڵام بەنیسـبەت ئـەوە مـن بەشێك ئەو ڕەئیانەی مەلا سەعدەدینم هەبوو ئەو باسی کرد، کە نەخۆشـیەکانی تـریش بـاس بکرێـت لـەو یاسایەدا، بەڵام لێرەدا حاڵەتێکیش هەیە وەکو حاڵەتێکی ئینسانی ئەی ئەو کچ و کوڕانـەی یـەکتریان خـۆش دەوێت، ئایا ئەوە دەبێت ببێتە هۆکارێك بـۆ هاوسـەرگیرییەکە، نـەك لەنێوانیانـدا ئـەنجام نـەدرێتن، یـەعنی ئەوەش حاڵەتێکی ئینسانییە، بۆ ئەوە چی دەکرێتن، موعالەجەی ئەوە چۆن دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر یەك کەلیمە هەیە، عەقـدی زەواج ئیجـرا ناکرێـت، ئیـبرام دەکرێـت، ئـەو ئیجرائـە پێشـنیار دەکەم بگوترێت (ابرام عقد الزواج) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دکتۆر فوئاد، ئەوەی کە عیلاقەی بە جەنابتەوە هەیە، وەڵام بدەوە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم پرۆژەی یاسایە وەنەبێت ئەم نەخۆشیە بنبڕ بکـات بـەم شـێوەیەی کـە گـوتراوە، ئەمـە تـەنها هەنگاوێکە بۆ ئەوەی بە یاسا کردنی ئەو فحوصاتانەی کە زەروورییە بکرێت و بۆ زانیاری جەنابتان، تەبیعی ئەم نەخۆشییە بەربڵاوترین نـەخۆشی بۆماوەیی خوێنە کە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، وەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد، بەڕاستی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر گەورەیەو کارەساتە بۆ ئەو خێزانانـەی کـە ئـەم نەخۆشیەیان هەیە، بەڵام ئەمە تەنها بەم یاسایە بنبڕ ناکرێت، ئەمـە تـەنها سـەرەتایەکە، بنـبڕ کردنـی ئـەم

نەخۆشـیە ئـەرکی وەزارەتـی تەندروسـتییە، بـۆ وشـیار کردنـەوەی دانیشـتوان بـە هـەموویان تـا بـزانن ئـەم کێشانە چین کە دووچاریان دەبێتەوە، پاشان راگەیاندنەکان دەوریان هەبێت و کێشەیەکی گەورەیە کەوا لـە ولأتی ئێمە زۆربەیەك لەوانەی کەوا هاوسەرگیریی دەکەن دەچن بۆلای مەلا، منداڵیان دەبێت پاشان دەچن بۆ مەحکەمە منداڵەکانیان تۆمار دەکەن، لەبەر ئەوە دەبێـت مەلایـەکانیش ناچـار بکـرێن کـەوا ئـەو جـۆرە عەقدانە مۆر نەکەن، تاوەکو کاری پێویستیان بۆ نەکرا بێت، هەتا ئەگەر نەچوو بن بۆ مەحکەمـە بـا هـیچ نەبێت بتوانن ئەم جۆرە فەحصانە پیشان بدەن، بۆ روون کردنەوەی زیاتر هەروەکو جـەنابی وەزیـر باسـی کرد، ئەم فەحصە فەحصی پێش هاوسەرگیرییەتی دوو هەنگاوە، هەنگاوی یەکـەم/ فەحـصێکی زۆر ئاسـانە، کە هەموو کەسێك دەتوانێت بیکات، لـەناو فەحصـەکاندا ئەگـەر نیشـانەیەك دەرکـەوت، ئەوسـا ئـەو کەسـە دەنێرن بۆ فەحصی درێژتر بۆ دیاری کردنی ئەو نەخۆشیە، بەلأم ئەوەی دەرکـەوتووە لـە ولأتـانی تریشـدا، بەتایبەتی قـوبرس کـە بـەربلأوترین ولأتێکـە ئـەم نەخۆشـیەی زۆر بـەربلأوە تێـدا، بەڕاسـتی نـەیانتوانیوە خەڵکەکە ناچار بکەن لە مەحکەمە واز بێنن، یان لە لای دکتۆر واز بێـنن، ئـەوە رێژەیـەکی زۆر زۆر کەمـە، لەبەر ئەوە نەهێشتنی ئەم نەخۆشیە بەندە بە وشیاری هاوولأتیان و پابەنـد بوونیـان بـەوەی کـەوا خۆیـان بەرگری خۆیان بکەن تاکو نەوەکانیان تووشی ئەم نەخۆشیە نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو، بەنیسبەت ئەوانەی پرسیاریان کردو مولاحەزەیان هەبوو بۆ نەخۆشیەکانی تر.

**بەڕێز د.زریان عثمان یونس/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزم دەکرد روون کردنەوەیەك بدەم بۆ تەلاسیمیاو نەخۆشـیەکانی تـر نـا، چـونکە تەلاسـیمیا یەکێکـە لـە نەخۆشیە هەرە زۆرەکان کە باوە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوە یەك.

دووەم/ ئاسانترین نەخۆش لە نەخۆشەکان تەشخیص بکرێت.

سێیەم/ زۆر بە ئاسانی مەنع دەکرێت، ئەو نەخۆشیانەی کە بەڕێزێك باسـی لێیـان کـرد، کـەمترن زیـاتر لـە زەواجی عائیلە دروست دەبن، بەلأم تەلاسیمیا شەرت نییە لە زەواجی عائیلە دروست بێت، چونکە جینەکە ئەوەنـدە زۆرە لـەناو کۆمـەڵ، هـەر ژنێـك و پیاوێـك ئیبرامـی زەواج بکـەن ئیحتیمالـە نیـوەی جینەکـەیان هەبێت.

چوارەمیش/ پێویسـتی بـە موختەبـەراتی تـەحلیلی جینـاو دی ئـێن ئـەی و ئـەو جـۆرە هەیـە، لـە زۆربـەی ولأتانی دنیا نییە، تەنیا لە ولأتە هـەرە پێشکەوتووەکان هەیـە، لەبـەر ئـەوە ئێمـە ئـەو نەخۆشـیانەی کـەوا باس دەکەن بۆمان ناکرێت، بەلأم ئەوەی لە ئیمکانمانە بۆمان دەکرێت، ئەمڕۆکە تەلاسیمیایە، لەبـەر ئـەوە ئێمە پشتیوانی ئەمەیان دەکەین، ئێستاکە لە داهاتوودا ئەوەی ئیمکانیاتی ترمان هەبێت، بە تەئکید ئەوانی تریش دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، روون کردنەوەکان دیار بوون، تەبعەن دەقی ماددەکە لە مولاحەزەکەی کاك سەردار کـە ناحیـە زمانی بوو (اجراء)ەکە دەکەین (ابرام)، ئیجرائەکەش راستە، خۆی ئیجرائاتی زەواج هەیە، ئیبرامەکـە تـەنیا ئیمزا کردنەکەیە، کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستی خۆ بلند کرد بوو، دیار بوو ناڤێ من نەنووسی بوو، ئەگەر ئیجازە هەبێت، لەسەر ڤێ نەخۆشیا ئەز، یا ڤێ ناڤەی پچەك پەنگاڤێ ڤە تر بچن جارا دیش کە جەنابێ وەزیرێ تەندروستی لەسەر نەخۆشیا کولێرا تەشریفی هێنایە پەرلەمانێ، راستە ئەڤە نەخۆشیە وەکی تەلاسیمیا نەخۆشیاکا مەترسیدارە، ئەز بە تێکرایی تەئیدا ڤە ماددەیە دکەم، بەس حەز دکەم شتێکی دیش بیرا جەنابێ وەزیرا تەندروستی بینمەوە تڤێت پەرلەمانێدا ئاخافاتنێ خۆ تەوجیهی بەرپرسێت کوردستانێش بکەت لە دوو مەصدەرێکی باوەڕ پێ کری لە ئەنجومەنا وەزیران کوردستانێتدا من رەقەمەکا هاتیە دەستی کە دبێژی مە (53) هەزار کەسێت هەی کو ئەڤرۆیت تووشی نەخۆشیا خوێن بووی، نەخۆشیا خوێن ئێك لە تەلاسیمیا، لیۆکیمیا بە یەك، دوو بەشێت خۆ، دوو، سێ بەشێت خۆ ئەڤە ئەپلاستیك ئەنیمیا، لێرە ئەز حەز دکەم بۆ سەرۆکا پەرلەمانێ و جەنابێ وەزیرێ تەندروستی و وەکی وەزارەتا تەندروستیش لە دوڤێ مەسەلەی جددی تر بچیت وێیا تەلاسیمیا بەلکێ وەرقمێت دێتە دەستێ وەزارەتا تەندروستیشدا هەبت، چەند هەزارەك بن ئەڤە ئەو کەسە ناڤێت هاتیە دیار کرن یەك نەچووە دکتۆر، کە نەهاتیە دیار کرن، کە دایك و باوك پێ نەحەسیا، ئایا چەند هەزار کەسی دیشمان هەنە ئەڤە مەوزوعی خوێنی، یان ناخۆشیەت خوێنی هەبت بەتێکرایی راستە جێی سەر وەستانێیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێ کرد، گوتی ئەوە نەخۆشیەکی سەرسوڕمانە لە کوردستاندا بەو رێژەیە هەیە، مەفروزە لە ولاتانی سەر بەحری ناوەندی زۆر بێت، جهودیان هەیەو من ئاگاداری هەندێك جهودم، نەك بە تەنیاش لێرە، لە ئیتالیاوە وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی دەرەوە پرۆژەیەکە بەردەوامن، هەر سێ، چوار مانگ جارێك دێن بیست، سی کەس لێرە دەبەن، هەر لەو نەخۆشیە زیاترە، تەبیعی چەند ئیمکانیەتی وەزارەتی تەندروستی زیاد بێت، ئەوەندە دەتوانن کۆنترۆلی ئەو نەخۆشیە بکەن، بەلام بەڕاستی دیاردەیەکی سەیرە لە کوردستان کە ئەو رێژەیە هەیە، ئومێدیش دەکەین کە کۆتایی بێت ئینشائەللا، من دەیخەمە دەنگدانەوە، ماددەی یەکەم، کاك کەریم بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: دەبێ لە پێش گرێبەستی هاوسەرگیریی پشکنینی تەواوی شێوەی خوێن بکرێ و لەو بارەی کە گومانی نەخۆشی کەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست (تەلاسیمیا)ی گوازراوەی بۆماوەیی کرا، ئەو کات پشکنینی خوێن تایبەت بەو نەخۆشیە دەکرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يجرى فحص صورة الدم الكامل قبل اجراء عقد الزواج وفي حالة الاشتباه بوجود مرض فقر دم بحر الابيض المتوسط (التلاسيميا) المتنقل عن طريق الوراثة يجرى فحص الدم الخاص بهذا المرض.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناحیەی زمانەوانی دوایێ تەدقیقی دەکەین، ئیبرام راستە، یان ئیجرا، بە هەر حالْ ئەو ماددەیە وەکو خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: بنکەیەکی تەندروستی، یان هەر عیادەیەکی پزیشکی میللی ئێواران بۆ مەبەستی پشکنین دیاری دەکرێ ئەویش دوای ئەوەی ئامێری پزیشکیی پێویست و کارمەندی مەشق پێکراوی بۆ دابین دەکرێ و پشکنینەکە لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی خوێن بە مەبەستی دیاری کراو لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا دەکرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يحدد احدى المراكز الصحية او اي من العيادات الطبية الشعبية المسائية بعد توفير الاجهزة الطبية اللازمة مع تأمين الكوادر الطبية المتدربة بأشراف طبيب اختصاصي في امراض الدم لغرض اجراء الفحوصات الطبية المبينة في المادة الاولى من هذا القانون لتشخيص المرض.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیمان نییەو پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەو ماددەیە نییە، هەروەکو خۆی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە کاك فرسەت مولاحەزەیەدا بەجێشە، دەڵێ ئەو ماددەیە پێویست ناکاتن، لەبەر ئەوەی سەلاحیاتی وەزیرە، شتێکی ئیجرائیە، پێویست ناکات هەروەکو ماددەکیش هەبێت، ئەوە ئیشی وەزارەتە خۆی تەحدیدی دەکات.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەپێی یاسا ئیلزام بکرێت باشتر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کە قانونەکەت دەرکرد مولزەمە، ئەوە تەفسیلاتە، جەنابی وەزیر تۆ رەئیت چیە.

**بەڕێز د.زریان عثمان یونس/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی ئەوە تۆزێك بەستانەوەیە، ئێستا موشکیلەیەکمان هەیە ئەگەر ئەو فەحصی بیدائی بکرێت لە قەزاو ناحیەکان بۆ فەحصی نیهائی بێتە شارەکان، بۆ ئەوەی فەحصی تەلاسیمیاکان بکرێت، بەلاّم ئێستا وا خەریکین جیهاز لە قەزاو ناحیەکانیش دانێین، بۆ ئەوەی پێویست نەکات خەڵکی رانیە بچێتە سلێمانی، لەبەر ئەوە بەستانەوەمان بە عیادەی شەعبی و پاش نیوەڕۆ ئەوانە تۆزێك موشکیلەیە، رەنگە عیادەی شەعبی نەبێت لە رانیەو ئەو شوێنانە، ئەوە دەسەلاّتی خۆمانە، ئێمە مەرکەزێکی بۆ تەخصیص دەکەین بە کادیرێکی بە توانا بە تەئکید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەتایبەت ماددەی پێنج دەڵێت لەسەر وەزارەتە ئیصداری تەعلیماتی لازیمە، یەعنی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوە دەگەیەنێتەوە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە ئەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی بۆ لابردنی ئەو ماددەیە، کێ لەگەڵدایە لابرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ لادرا، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: بنکە تەندروستیەك لە ئەنجامەکانی پشکنینە تاقیگەییەکان دەکۆڵێتەوەو لە کاتێکدا دەرکەوت داواکارانی گرێبەستی هاوسەرگیریی تووشی ئەو نەخۆشیە بوونە راپۆرتێك رێك دەخرێ و توندیی نەخۆشیەکەو رێژەی (واتە ژمارەی منداڵەکانی) کەوا چاوەڕوان دەکرێت لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە تووش دەبن ئەنجامی بۆماوەیی سەلبی ئەو هاوسەرگیرییە پێشکەش بە هەردووکیان و بەو لایەنە دەکرێت کە داوای پشکنینەکەی کردووەو ئەمەش بۆ مەبەستی هۆشیار کردنەوەو رێنمایی کردن دەبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة وتصبح المادة الثانية: يقوم المركز بدراسة نتائج الفحوصات المختبرية وفي حالة ثبوت اصابة طالبي عقد الزواج بهذا المرض ينظم تقرير يبين فيه شدة المرض ونسبة (اي عدد الاطفال) المتوقع اصابتهم من جراء هذا الزواج وتقدم لهما ولجهة طالبة الفحص النتائج الوراثية السلبية المترتبة على هذا الزواج لغرض التوعية والارشاد.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، بەلاّم پێم وایە ئەو ماددەیە پەیوەندە بە ماددەی دووەمەوە، ماددەی دووەمیش ئیلغا کرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، دەكرێت ماددەكە وای لێ بكەین (یقوم المركز الصحي المختص) تەكمیلەی بكەین (یقوم المركز الصحي المختص بدراسة نتائج الفحوصات المختبرية) یەعنی ئەوە ئیلزامیە، دیراسەتەكەو تەقریرەكە ئیلزامیە، كاك دكتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری پێشنیارەكەی جەنابت دەكەین، هەر دەبێت وای لێ بكرێت، لەبەر ئەوەی ماددەی دووەممان لابرد، ئەو راپۆرتەش ئێستا بەڕاستی لە سلێمانی پێشكەش بە ئەو كەسانە دەكرێت كە دێن بۆ لایان بۆ هاوسەرگیریەتی، لەبەر ئەوە پێویستە وەكو ماددە بمێنێت، ئەو گۆڕانەشی تیا بكرێت، بۆ ئەوەی رێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی جەنابت باشە كە بكرێت، بەڵام كە دەڵێی (المراكز الصحیە) لێرە تەعریف كراوە، یەعنی چونكە لە كۆمەڵێك مەركەز دەبێتن، لە كوردیەكەش بكرێتە بنكە تەندروستیە تایبەتمەندیەكان، وەك وەزیری تەندروستیش ئاماژەی پێ كرد، لەوانەیە لە قەزاو ناحیەكانیش ئەو مەراكزانە هەبن، ماددەكەش بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور لە قانوندا موفرد جەمعیش دەگرێتەوە، كە بە موفرەدت هێنا جەمعیش دەگرێتەوە، كە گوتت مەركەز یەعنی مەراكیزیش دەگرێتەوە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باوەڕ ناكەم كەس لەوانەی شوویان كردووەو ژنیان هێناوە، ئەوەیان لە بیر بچێتەوە كە شتەكان ئێستا بووە بە رۆتینی وای لێ هاتووە، بەس تەنها فۆرمێكت دەدەنێ دەیبەیتە عیادەیەكی ئێواران، بەس تەنها جۆری گروپی خوێنەكەت تیا تەحدید دەكرێت، كەواتە پێش ئەوە دەبێت وەزارەتی عەدل كە یەكێكە لەو شوێنانەی عەقدەكە دەكرێت فۆرمەكەی خۆی بگۆڕێت، ئەوە خاڵی یەكەم.

خاڵی دووەم/ لێرەدا ئێمە دەمانەوێت كەمی بكەینەوە، لەبەر ئەوەی عەدەدی تەلاسیمیا زۆر بووە، رێگە بگرین، لێرە نووسراوە (وتقدم لهما وللجهة طالبة الفحص النتائج الوراثیة السلبیة المترتبة على هذا الزواج لغرض التوعیة والارشاد)، یەعنی یان ئەوەتە پێی دەڵێی بەڵێ ئێوە بڕۆن شوو بكەن بە یەكتری و منداڵی تەلاسیمیاتان دەبێت و ئەوەندە منداڵتان دەبێت و نەخۆشن و ئێمە وەكو حكومەت تەحەمولی

مەسئوولیەتەکە ناکەین، یان ئەوەتا پێی بڵێ تەواو ئێوە بۆتان نییە شوو بکەن بە یەکتری، یەعنی دەبێت حازم بێت، ئەگینا بەو شێوەیە نەبێت هیچ ناتوانێت رێگە بگرێت لەم جۆرە زەواجانە.
سێیەم/ ئێمە بیریشمان نەچێت، یەعنی من خۆم یەکێکم لەوانەی تەلاسیمیای ماینەر، کچەکەشم تەلاسیمیای ماینەرە زۆر زۆر تەبیعیشە، تەنها شت ئەوەندە لە ولاتێکی دەرەوەی پێشکەوتوو وەکو هۆڵەندا زۆر بە ئاسایی هەر ئەوەندە پێمان دەڵێ یەعنی کە پێمان گوتراوە بە سوعبەتیش پێی گوتراوە، دکتۆرەکە پێی گوتووە ئەگەر حەزت لە یەکێك کرد جارێ پێی بڵێ بەنیسبەت خوێنەکە چەندە، یەعنی تۆ ناتوانیت رێگە بگریت ئەگەر دوان یەکتریان خۆش ویست زەواجەکە مەنع بکەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان دوو مولاحەزە، یەکێکیان ئێمە قانون دەردەکەین ئەوەی جێ بەجێی دەکات ئەو مەسئوولە لێی، ئەو قانونەش بۆ ئەوەیە باشتر جێ بەجێ بکرێت، هەروەها فۆرمەکە تەوزیع نەبێتن.
دووەم/ ئەوەی جەنابت دەڵێی دژی ماڤی مرۆڤە، تۆ بۆت نییە پێی بڵێی تۆ شوو مەکە، لەبەرچی، مومکینە شوو کردنەکە بۆ منداڵ نەبێت، مومکینە قەرار بدەن منداڵیان نەبێت، مومکینە منداڵیان هەیە، بە هەر حاڵ تۆ پێی دەڵێی حاڵەتەکەت وایە خۆی تەحمولی مەسئوولیەتەکە دەکات، پێم وا نییە مەنتیقەن یەکێك ئەو نەخۆشیەی هەیە بچێتن موجازەفەی بکاتن بڵێ منداڵ دروست بکاتن، لەبەر ئەوە ناکرێتن بە قانون تۆ لەبەر فەحصێکی توبی، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.زریان عثمان یونس/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزم کرد مەعلوماتێکی عیلمی هەیە بۆ سۆزان خان باس بکەم، ئەگەر ژنێك و مێردێك هەریەکی نیو جینەکەی تیا بێت 25%ی نەخۆشیەکان منداڵەکانیان تەلاسیمیای تەواوی دەبێت تەلاسیمیای مێجەر، 50%یان حامل دەبێت، عیلاج هەیە ئەگەر ژن و مێردەکە بڕیاریاندا، ئێمە ناتوانین مەنعیان بکەین، بەلام پێیان دەڵێین حاڵەتێکی وا هەیە، خەڵکیش زۆر عەشایرە لە لای ئێمە، زۆر فەقیرە هیچ لەو مەوزوعە نازانن، لەناکاو چوار منداڵی دەبێت ئەو کارەساتە گەورەی تووش دەبێت، عیلاج ئەمڕۆ نییە، بەلام هیوادارم لە دوو ساڵی تر عیلاج لە وڵاتی ئێمەش هەبێت، ژن و مێردێك منداڵێکیشان بوو، لەوانەیە 75% ئەو منداڵە یان ئەوەتا کاریەر بێت، یان ئەوەتە هەر تەبیعی بێت، لەوانەیە 25% ئەم منداڵە نەخۆشیەکەی هەبێت، فەحصێکی زۆر بەسیت هەیە کە ژنەکە حەملی هەبوو ئێستا لە یۆنان و ئەوانە چۆن مەنعیان کردووە، تۆزێك، یان قەترەیەك لە وڵداشەکەی ژنەکە دەبەن لە دەوری حەوت هەفتە، هەتا یازدە هەفتە حامیلەیە، یان ئەوەتا قەترەیەك لە ئاوی رەحمەکە دەبەن فەحصی دەکەن، ئەگەر منداڵەکە تەلاسیمیا بوو پێی دەڵێن منداڵێکت دەبێت تەلاسیمیای گەورەی هەیە باشترە لە باری ببەیت بە عیلیمیەن لە باری دەبەن، ئەگەر منداڵەکە تەبیعی بوو دەڵێن منداڵەکەت تەبیعییەو بەردەوام بە، بەم شێوەیە نەخۆشیەکەیان نەهێشتووە، یەعنی ئەوە نییە هەر رەشبین بین، ئەمل هەیە راستە ئەمڕۆ نییە، بەلام عیلاجەکەشی ئاسانە ئینشائەللا دوو ساڵی تر دەبێت لە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو مەعلوماتە زانستییە، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆچوونێکم هەیە دەڵێم ئەو صیغەیەی بۆ ماددەی سێ دادەنرێت، یان ببێتە دەمجی هەردوو ماددەکە، کە جێگەی بگرێتەوە، یان دەبێت بکەوێتە قالبی تەعلیماتی وەزارەت خۆی لە رووی تەحدیدی مەرکەزەکان و لە رووی ئەوەی لە قەزاو پارێزگاکاندا هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ماددەی دووەمان ئیلغا کرد، ئەو ماددەیەش ئەو جوملەیەمان ئیزافە کرد (یقوم المركز الصحي المختص)، فەرموو کاك فوئاد.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە یەك تێبینیمان هەیە لە ماددەی سێ لە دێری دووەم داواکارانی گرێبەستی هاوسەرگیریی تووشی ئەو نەخۆشیە بوونە، ئەمە بە نەخۆشی وا بە عەرەبیەکەی (اصابە)ی پێ دەگوترێت، بەحەقیقەت ئیصابەت بۆ ئەم نەخۆشیە باش نییە، واباشترە بگوترێت داواکارانی گرێبەستی هاوسەرگیریی هەڵگری ئەم نەخۆشیە بن، چونکە ئەمانە حاملی ئەم نەخۆشیەنە، نەك تووشی ئیصابەیان بوو بە نەخۆشی، واتا ببێتە (يقوم المركز بدراسة نتائج الفحوصات المختبرية وفي حالة ثبوت كون طالبي عقد الزواج من حاملي هذا المرض)، ئیصابە بۆ نەخۆشیەك بەکار دێت کەوا مەکتەسب بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(حملهم لهذا المرض)، ماددەکە بەو شێوەیەی لێ دێتن بە عەرەبیەکە دەخوێنمەوە، کوردیەکەش چاك دەکەینەوە، ماددەی سێیە دەبێتە ماددەی دووەم: (يقوم المركز الصحي المختص بدراسة نتائج الفحوصات المختبرية وفي حالة ثبوت اصابة طالبي عقد الزواج بهذا المرض ينظم تقرير يبين فيه شدة المرض ونسبة (اي عدد الاطفال) المتوقع حملهم لعوامل المرض من جراء هذا الزواج وتقدم لهما وللجهة طالبة الفحص النتائج الوراثية السلبية المترتبة على هذا الزواج لغرض التوعية والارشاد)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی چوار کە دەبێتە سێیەم تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر دادگاکان هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیریی جێ بەجێ نەکەن تا ڕاپۆرتی ناوبراو لە ماددەی سێیەم لەم یاسایەدا پێشکەش نەکەن و لە بارێکدا کە ڕاپۆرتەکە نەخۆشیەکەی دەست نیشان کرد بوو، دەبێ ناوەڕۆك و ئەنجامەکانی لە داواکارانی هاوسەرگیرییەکە بگەیەندرێ.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة وتصبح المادة الثالثة: على المحاكم عدم اجراء عقد الزواج الا بعد ابراز التقرير المشار اليه في المادة الثالثة من هذا القانون وفي حالة كون التقرير مشخصاً للمرض عليها تفهيم طالبي الزواج بمضمون التقرير ونتائجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز کريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەمان نییە وەکو خۆی بێت.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەیەکی قانونییە، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فیعلەن ئەم ماددەیە، ماددەیەکی یاساییەو یەعنی هەر وا دەبێتن، من بەش بە حاڵی خۆم هیچم نییە لەسەر ماددەکە، بەڵام یەکێك لە هۆکارەکانی بوونی ئەم دیاردە موزیرانە سەبەبێکی زۆر ئەساسی ئەوەیە کە یاسا وەکو خۆی جێ بەجێ ناکرێت، مەسەلەی فەحص ئێستا کە جەنابی کاك خورشید باسی کرد هەیە، دەبێت فەحص بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکی ویراسی، یان نەخۆشیەکی ویراسی هەبێت، یەعنی شتێك دابنرێت، ئەمەیان یەك.

دوو/ دەڵێ لە مەحاکم تەسجیلی نەکات، بەپێی یاسا زەواج رەسمی نییە، ئەگەر لە مەحکەمە تەسجیل نەکرا بێت، بەپێی یاساو یاسا هەیە، بەڵام زۆر عائیلە هەیە کە منداڵیان دەچێتە مەکتەب ئینجا دەچن لە مەحکەمە تەسجیلی دەکەن و چاوپۆشیشیان لێ دەکرێت، ئینجا بۆیە من پێم وایە پێویستە ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین و بایەخ بدەین بەوە چۆن یاسا جێ بەجێ بکرێت، ئەمەیان دوو.

سێ/ پێش من برادەران باسیان کرد، بەڕاستی ناحیەی هۆشیاری، یەعنی راستە دوو گەنج دەیانەوێت هاوسەرگیریی بکەن و مەشاعیریان و هەتا دوایی، بەڵام من پێم وایە ئەگەر هەندێك شت بزانن، یەعنی تەوعیەیەك هەبێت، ئێستا نەخۆشی تەلاسیمیا زۆر ناسراوە لە کوردستان، لە تەلەفزیۆنەکان، لە جەریدەکان، تەوعیەیەك هەبێت کە ئەمە چیە سەبەبەکەی، ئەوەی کە ئێستا کاك دکتۆر باسی کرد جیناتی ئەملاو جیناتی ئەولا، جا من لێرەوە بە فرسەتی دەزانم کە ئەمە دەبێت ئەوانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت و جێگای بایەخ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاتێك ئێمە باسی نەخۆشی تەلاسیمیا دەكەین بەڕاستی جەنابی وەزیریش تەوزیحێكی زۆر باشیدا، مەعلوماتێكی زۆر باشیدا، حەقیقەتەن دوو جۆر تەلاسیمیا هەیە، تەلاسیمیای ئەی و بی ناوچەكانی ئێمەو هەرێمی كوردستان پێم وابێت تەلاسیمیای بی دەیگرێتەوە زیاتر هەتا ئەوەیتر، كاتێك باسی موناقەشەی تەلاسیمیا دەكەین و لە هەمان كاتیشدا پشكنینی خوێن نوقتەی پێشێل كردنی مافی مرۆڤ و مافی تاك دێتە پێشێل كردن لەوەی كە ئایا ئێمە دەتوانین بە دوو گەنج بڵێین ئێوە بۆتان هەیە هاوسەرگیریی بكەن، یاخود بۆتان نییە، لەبەر ئەوەی هەردوو لاتان هەڵگری ئەو نەخۆشییەن، زۆر وڵات هەوڵیانداوە عیلاجی جۆراوجۆر بۆ ئەو نەخۆشیە بكەن، من پێم خۆشە نموونەی جمهوری ئیسلامی ئێران باس بكەم، كە دیراساتێكی تەفاسیلیان كردووە لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی تەلاسیمیا كە عەدەدێكی باشیش لەوێ هەیە، دوای ئەوەی كە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا هەوڵدان بۆ ئەوەی گەنجەكان لە قۆناغی دواناوەندی هەموویان بپشكنین، گەیشتینە ئەو رێگایەی كە ئەگەر هاتووە دوو كەس ویستیان هاوسەرگیریی بكەن هەردووكیان هەڵگری ئەو نەخۆشیە بوون، ئەو مەرجەیان لەگەڵ دادەنرێت، ئەگەر هاتوو لە دوای هەر حەملێك پشكنینشیان بۆ دەكرێت، بەپێی ئەو پشكنینە دەركەوت ئەم منداڵە قابیل بەوەیە تەلاسیمیای مێیجەر بگرێت، لەو حاڵەتدا لەبار بردنی رەغبەتی بۆیان دانـاون، كە دەبێت پیادەی بكەن، بۆ ئەوەی منداڵێكی بە نەخۆشی تەلاسیمیای مێیجەر بە دنیا نەكەوێت، ئەركی لەسەر هەر حكومەتێك پارێزگاری كردنی ئەم منداڵانە هەتا ئەو كاتەی كە تەحەمول دەكرێت ئەركێكی یەكجار قورسی بازرگانیانە، من منداڵێك دەناسم تەمەنی دە ساڵە لەو كاتەی لە دایك بووە تەلاسیمیای هەیە هەر دە رۆژ جارێك ئەو منداڵە دەبێت خوێنی تێ بكرێت، لە دوای حەوتەم رۆژو هەشتەم رۆژ فەقیرە روو دەكاتە دایك و باوكی دەڵێ من بەنزینم لێ بڕاوە بەو ئەندازەیە بێ تاقەت دەبێت، یەعنی هیچ ئیش ناكرێت بەرامبەری، یەعنی تەنها مەسەلە ئەوە نییە دادگا گرێبەستیەكە ئەنجام نەدات، بەڵكو هەوڵ بدرێت وەزارەتی تەندروستی كردنەوەی سەنتەری هاوكاری و هەماهەنگی كردن، ئێستا فیدراسیۆنێكی نێو نەتەوەیی تەلاسیمیا هەیە لە جیهاندا، زۆر وڵات ئەندامن و بەشدارن تێدا، یەعنی بەڕاستی لێرە دەكرێت ئەم نوقتەیە جێی بكەینەوەو ئەگەر هاتوو منداڵكی تەلاسیمیا بێتە دنیاوە، یەعنی پێویستە ئەو بۆرشنە جێی بكرێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەحاكم نابێت تەسجیلی بكاتن، قانونە نابێت عەقدی زەواج خارجی مەحكەمە بكرێت، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش قسەكەم لەسەر ئەوەیە، یەعنی بەو دەقەی كە لە ماددەی چوارەم هاتووە، مومكین نییە لە مارەبڕینی دەرەوەی محاكم بكرێت، چونكە لە كوردستان ئێستا خۆتان لەناو موجتەمەعەكەینە دەزانن لە 70٪ی ئەو مارە بڕینانە دەكرێت لە دەرەوەی مەحاكم دەكرێت، دەیگوازێتەوە ئینجا پاشان دەچێت بە

محاكم مارەی دەکات یەعنی بە ڕێگای یاساییەکە دەکات، لەبەر ئەوەی من پێم باشە پێشنیار دەکەم ببێتە ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی ئەوقاف مەلایەکان مولزەم بکات بەوەی لە کاتی مارە بڕین کە ئەو تەقریرە بێنن، ئەگینا مارەی نەکات، ئەگینا پێش لەوە ناگیرێت، بەو شێوەیە ئێمە ناتوانین پێش لەو مارە بڕینە نایاساییانە بگرین کە لە دەرەوەی مەحاکم دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، مولاحەزەکەت وەکو مەنتیق قبولە، بەلآم وەکو قانونی قبول نییە، بۆ؟ قانونی ئەحوالی شەخصی دەڵێت نابێت عەقدی زەواج خارجی مەحاکم بکرێت، تۆ لێرە چۆن باسی ئەوە دەکەیت وەزارەتی ئەوقاف تەعلیماتێك دەربێنێتن، تۆ لەوێ مەنعت کردووە، لێرە وەزیری ئەوقاف بێت تەعلیماتێك دەربکات بە مەلایان بڵێ ئیعیتیرافی پێ ناکرێت، لەبەر ئەوە ئەوە ناکرێتن، بەلآم ئەوە مەسەلەی وەعییە، مەسەلەی رۆشنبیرییە دەبێت بلآوی بکەینەوە، ئەگەر مارەش بڕا، چونکە زۆرکەس هەیە لەناحیەی دینی ئەگەر مەلا مارەی نەبڕێتن ئیسراحەت ناکاتن، بەلآم موهیم ئەوەیە ئەو واقیعە بچێتە وەعی خەڵکەوە لە خۆیانەوە بچن ئەو فحصەی بکەن، یەعنی نەك لە ترسی مەحکەمەو لە ترسی هین و ئەوانە، خۆی هەستی هەبێتن کە ئەوە مەسئوولیەتێکەو ئەو فەحصە فازانجی خۆیەتی، فازانجی منداڵەکانیەتی بۆ ئەوەی تووش نەبن، ئەو فەحصەی بکاتن، قانونیش بۆ ئەوەیە هاوکار بێتن بۆ بلآو کردنەوەی ئەو رۆشنبیرییە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رەئیەکەم لەسەر ئەوەی کاك بەڵێن و پەخشان خانە، مارە بڕین لە کۆڵان نەمێنێت، ئەگەریش بوو مەفروز وایە ئەمەی هەڵگرێت و ئەو تەعلیماتە بزانێت، چونکە لە ماددەی پێشووتردا دەڵێت ئەوەی کە فەحص دەکات تەوعیەی دەداتێ بە کابرای تر بۆ جیهەتی داواکاری فەحص و بۆ خاوەن فەحصەکەش، یەعنی بەلایەنی کەم دەبێت ئەو کەسەی کە ئەوە ناکات حەقە لە مەلای کۆڵان حەقە عقوبەیەکی بۆ دیاری بکرێت، ئەگەر ئەمەی تیا نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مولاحەزاتەکان هەر ئەوانەیە، قانون ئیعتیراف بەو مارە بڕینە ناکات، نە لە منداڵی نە لە مەلای، لەبەر ئەوە مولاحەزاتانە کاك شێروان ئەگەر ئیزافەیەکمان بۆ بکەیت فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا قانون خارجی مەحکەمە جائیز نییەو عقوباتی بۆ دانراوە لە قانون، ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی ترەوە، هەندێك زەواج دەکرێت خارجی مەحکەمە لە دوای راپەڕینەشەوە هەتا ئێستاش بەردەوامە، بەلآم تەسجیل ناکرێت لە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی، ئەوانە هەڵدەستن چ دەکەن، بۆ ئەوەی تەبەعاتی قانونی نەیەتە سەریان، هەڵدەستن ئەو زەواجە تەسجیل دەکەن بە تاریخێك پێش نەوەت

و یەك، شەرعیەتی دەدەنێ لە لایەنی مەحکەمەوە، کە پێش ساڵی 1991 ئەم زەواجە کراوەو مەحکەمەش شەرعیەتی پێ دەدات، لێرە تەبعەن خەلەلێکی قانونی هەیە، بەڵام ئەو خەلەلە قانونیە دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت چ وەزارەتی عەدل بێت، چ سوڵتەی قەزائی بێت پرۆژەیەك تەقدیم بکەن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو دەزانین لە دانانی هەموو یاسایەك ئامانجی ئەوەیە کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت، لێرە باسی نەخۆشی تەلاسیمیا دەکەن، بەڕاستی ئەم دەقە ئەگەر ئیشی دادوەر تەنیا ئەوە بێت لە ئەنجامی پشکنینەکان هەردوو سەر تێ بگەیەنێت، کە ئەمە ئەنجامەکەی ئەوها بێت، بەڕاستی یەعنی ئامانجەکەمان پێکاوە، حەق وایە ئێمە لێرە نیهائیەن قەدەغەی بکەین، دەرکەوت هەر کاتێك لەو دوو کوڕ و کچە ئەو نەخۆشیەی تیایە، نابێت دادوەر ئەو عەقدەیان بۆ تەواو بکات، ئەگەر ئەوە موخالەفەشە، حەق وایە سزاش هەبێت بەڕاستی لەو مەوزوعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قەیدی ناکات حاکم عەقدەکە ئیمزا دەکات هەموومان بینیوەمان چۆنی ئیمزا دەکات لە مەحکەمەدا چۆن دەکرێت، لێرە ئەرکێکی تریشمان هاوێشتە سەر حاکم (تفهیم طالبي الزواج بمضمون التقریر ونتائجه)، ئێمە خۆمان نەوعی صحیمان هەیە، نە ئیرشاد هەیە لە پەروەردەوە کە دەست پێ دەکات، کە مەفروزە ئەوە هەموو منداڵێك ئەوە لە مەکتەبدا بخوێنێت، کە فەسڵەکە دێتە سەر کۆئەندامی زاوزێ مامۆستا دەڵێ ئەمە تەرکە خۆتان بیخوێننەوە، باشە ئێمە چۆن دەتوانین ئەمە جێ بەجێ بکەین، دەبێت وەعی لە پەروەردەوە دەست پێ بکات و بخرێتە ناوی، بەڵام حاکمیش مەجبور نییە دابنیشێت ئەم شەرح و تەفسیلە بدات، ئەوە رەئی منە، ئیتر نازانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەروەردە، خۆت لە لیژنەی پەروەردەی، کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا نە ئیشی دکتۆرەو نە ئیشی دادوەریشە، بتوانێت رێ لە خەڵك بگرێت هاوسەرگیریەتی بکەن، ئەوە پێشێل کردنی مافی مرۆڤە، ئەمە هەنگاوی یەکەم.

وەکو جەنابی وەزیری تەندروستی باسی کرد ئەمەیان بۆ تێگەیاندنی ئەو کەسانەیە کەوا هاوسەرگیریەتی دەکەن، بەڵام دەتوانن هەنگاوی دووەم زۆر گرنگە، کەوا وەزیری تەندروستی هیوادارین لە دوارۆژدا بتوانێت بیکات، کە بە فەحصی هەموو منداڵێکی ئەو ئافرەتەی کەوا 120 رۆژی تێپەڕ نەکردووە، دەتوانرێت ئەو منداڵە لەبار ببرێت، کە لەوانەیە تووشی ئەو نەخۆشیە بوو بێت، ئەمەش فەتوای دینی بۆ دەرکراوە لە ئێران و لە پاکستان و لە چەند وڵاتێکی تری ئیسلامی کە ڕێ دەدات لە رووی ئاینیشەوە ئەم لەبار کردنە بکرێت، لەبەر ئەوە هەنگاوی یەکەم لەوانەیە ئێمە ناتوانین هەتا ئەگەر بە ئیجباریش بێت، لەوانەیە کەس نەتوانێت بە کەسێك بڵێت ئەوە نابێت ئەم عەقدە بکرێت، لەبەر ئەوەی وەکو سەرەتاییەك بەشەکانی تری بەرگری کردن لەو نەخۆشیە وشیاری تەندروستیە کە وەکو ئاماژەمان پێ کرد لە سەرەتاوە، هەنگاوی دووەمیش ئەوەیە پاش ئەوەی کە منداڵ دروست دەبێت دەتوانرێت منداڵەکە لەبار ببرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر مەشروعەکەی ئیبرازی تەقریر، ئیبراز بگۆڕدرێت باشترە، یەعنی تەقدیمی تەقریر بێت باشترە، دوایی لەسەر کەلیمەی ئیجرا، ئیجرا ئەوەی ما قەبلە زەواجە، ئیبرام یەعنی مارە بڕینەکەیە، دائیمەن ئیجراش لەگەڵ عەقد بەکار دێت، ئیبرام لەگەڵ زەواج بەکار دێت، یەعنی فەرقی نێوان ئەو دوو کەلیمەیە لێرەدا بەدیار دەکەوێت.

دووەم شت/ لەسەر قەزیەی ئەوەی ئایا مەحاکم سەلاحیەتی ئەوەی هەبێت ئیجرای عەقدەکە ببێت، یان نەبێت موشکیلەکە لەوەیدا نییە، موشکیلەکە لەوەدایە، هێشتا میللەتی ئێمە ئەو نەوعە وەعیەی نییە بتوانێت بچێتە لای پزیشکان و بتوانێت بچێتە لای موختەبەرات و دەخوا ئەو منداڵە تەلاسیمیایەتی، ئەوە هێشتا دوورە، ئیحتیمالی هەیە هەر لێپێچانەوەشی نەکاتن، ئیلا لە پاش ئەوەی کە منداڵەکە دەبێت موشکیلەکە دروست دەبێت، کە منداڵەکەش بوو، یان دەیهێننە وجود، ئەو نەفسە مەشاکیلی هەیە، یەعنی ئەو منداڵە هەتا لە هەیکەلی و لە نموی عیزامی و لە گەورە بوونی سیپەلك و جەرگ و ئەو شتانە، یەعنی زۆر مەشاکیل بۆ نەفسەکەو ئەو منداڵەش دروست دەبێت، لەبەر هەندێ ڕێی پێ نەدرێت باشترە، ڕێزم بۆ کاك بارزانی هەیە، کاك بارزان حەق نییە ئەو موستەڵەحەی لە بەرامبەر مەلایان بەکار بێنێت، چونکە مەلا دایکی کاك بارزانیشی مارە کردووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دڵنیا بوونی ئەو برادەرانەی کە ئەو زەواجەی لە خارجی دادگا دەکرێت، من پێشنیار دەکەم صیغەکە بگۆڕدرێت بەم شێوەیە بێت (یحضر ابرام عقد الزواج اذا تم تشخیص المرض في التقریر المشار الیه في المادة الثالثة من هذا القانون)، یەعنی نەڵێین مەحکەمە یان هەر جیهەتێك هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار مولاحەزەکەت باشە، بەڵام ئێمە گوتمان نابێت مەنعی بکەین، ناکرێت مەنعی بکەین، کە (یحضر)ت گوت، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، یەك/ ئەوەیە دەڵێتن مارە کرن ناکرێت هەتا تەقریری دکتۆری نەبێت، کەوا نەخۆشی هەیە، یان نا، فەرەزەن ئەگەر یەکێك نەخۆشی هەبوو، ئایا ئەو هاوسەرگیرییە دەکرێت، یان تەئجیل دەکرێت، یان هەر ناکرێت، چونکە ئەو نەخۆشیە وەکو جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێ کرد ئەم نەخۆشیە بنبڕ ناکرێت، کەوا بوو نەخۆشیەکە لەگەڵ عائیلە هەر دەمێنێتەوە، بۆیە پێویستە ئێمە حەلێك بۆی بدۆزینەوە.

دووەم/ ئەو حاکمانە، یان مەلا کە بەبێ تەقریر، یان تەقریر هەبێت، یان نەبێت، یەکێك مارە دەکەن، ئایا چ موحاسەبەی ئەو حاکمە، یان ئەو مەلایە دەکرێت، یان نا، پێویستە قانونێك بۆ ئەوەش هەبێتن، بۆ ئەوەی ئەوانیش حاکم لەوانە نییە کە بلێ تەوعیە نەکراوە، یان نا، نازانێتن و دەزانێتن، لەبەر ئەوە دەبێت حەددێك بۆ ئەوانەش هەبێتن، بۆ ئەوەی مولزەم بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەبدولڕحمان ئێمە باسمان کرد، ئەوە جەبری نییە، تەنیا ئاگادار کردنەوەیە، جەنابی وەزیر شەرحی کرد، ئەگەر نیسبەتی منداڵیان لە 25٪ە دەکرێتن فەحصی ئەوەلیش بکرێت کە ئێستا موتەتەورە لە بیدایەتی حەمل ئاگاداریان بکرێتەوە، کە ئەو نەخۆشیە وایە بۆ عیلاج کردنی، لەبەر ئەوە ئیلزامی نییە، ئیلزامیە پێیان بگوترێتن ئەو نەخۆشیەتان هەیە، بۆ ئەوەی قەرارەکە خۆیان بدەن، ئەمە مافی مرۆڤە ناکرێتن، وەکو بلێی خۆشتەویستەکە زۆر بەقوەت بوو، وەکو عەرزم کردن بڕیاریانداوە منداڵیان نەبێتن، بڕیاریانداوە موتابەعە بێتن، بڕیاریانداوە موجازەفە بکەن، ئەو نیسبەتەی ئیحتیمال هەیە بلێین خوا کەریمە نابێتن، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەسڵەن ئەم ماددەیە تەعتیلە، وەکو باس کرا لە پێشەوە ماددەیەکی قانونییە، (علی المحاکم اجراء عقد الزواج) مەحکەمە ناتوانێت عەقدی زەواج نەکات و کاك شێروان تەوزیحێکی لەسەرداو زۆر لەو

عەقدانـە بـە تەصـدیقی زەواجـی خـارجی دێتـە مەحکەمـەی کـار، دە ساڵیشـە مـارەی کـردووەو دوو سـێ منداڵیشی هەیەو ئینجا دێت لەوێ عەقدی زەواج دەکات، لەبەر ئەوە مەحکەمە ناتوانێت ئەگەر تەلاسیمیای بێت، ئەگەر ساغ بێت، هەر شتێکی بێت، مەفروزە عەقدی زەواجەکەی بـۆ بکات و موستەمسـەکاتی رەسمـی بۆ دەربهێنێت، بەلاّم ئێمە دەتوانین لێرە شتێکی تر باس بکـەین، ئەمـە زیـاتر رەبـتی بـە قـانونی ئـەحوالی شەخصیەوە هەیە، ئەو عەقدانەی کە لە دەرەوەی مەحاکم دەکرێن، بە تەئکید مەلایـەکان دەیکـەن زۆر بـە شێنەیی ریجالی دیـن ئـەو عەقدانـە دەکـەن، پاشـان وەختێـك دێنـە مەحکەمـە، مەحکەمـە تەصـدیقی بـۆ دەکرێت، دەتوانرێت ئـەو ماددەیـەی عقوبەکـەی بـۆ تەشـدید بکرێـت لـە قـانونی ئـەحوالی شەخصـیدا، بـۆ ئەوەی بە نیهائی هیچ عالمێکی دی نەتوانێت هیچ عەقدێکی زەواج بکات، کە ئەو نـەیتوانی هـیچ عەقـدێکی زەواج بکات لە عقوبـەی حـەپس و غەرامـەی بەسـەردا جـێ بـەجێ بکرێـت، ئـەو کاتـە ناچـار دەبێـت بێتـە مەحکەمە، هەرچەندە لەوێشدا ئیشی حاکم نییـە تـەوجیهی بکات بڵێـی نابێـت ئـەم عەقـدە بکرێـت، هـەتا ئەگەر نەخۆشی تەلاسیمیاشی هەبێت، کـاك فرسـەت تەبعـەن باشـترِی لـێ دەزانێـت مامۆسـتای هەمووەمانـە، عەقـدی زەواج عەقـدێکی مولزەمـە بـۆ دوو جانیـب، عەقدێکـە بـە موجـەرەدی قبـول و ئیجاب بـە هـەموو شـەرتەکانیەوە دێتـە دی، لەوانەیـە ژن و پیاوەکـە قبـولی بکـەن بـا منـداڵی سەقەتیشـیان بێـت، بـا منـداڵی نەخۆشیشیان بێت، ئەو عەقدە هەر دەکرێت، ئـەم ماددەیـە لێـرە جێگـای نییـە، ئـەم ماددەیـە تەشـدیدێکی عقوبەکەیە بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە عەقدی زەواجی خارجی دەکەن لـە لای مـەلاو تەوعیەشـی دەوێـت لە رێی وەزارەتی صحە بێـت، لـە رێـی دائیرەکـانی تـری تەندروسـتیەوە دەبێـت تەوعیـە بێـت، نـەك لەسـەر حاکم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکەیت جانیبەکەی ئەحوالی شەخصی، بەلاّم ئەم ماددەیە پێم وایە زۆر زەرورییـە، دەبێـت هـەبێت، قانون دەردەکەیت بۆ نەهێشتنی ئەو نەخۆشیە، کەم کردنەوەی نەخۆشیەکە دووپـاتی دەکاتـەوەو تەئکیـدی دەکاتەوە، کـە محـاکم نابێـت بـەبێ ئیـبراز کردنـی تـەقریر تـوبی ئـەو عەقـدە زەواجـە بکـات، دکتـۆرە هالـە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا راست کردنەوەیەکم هەیە کە لە 25٪ تووش نابێـت، لـە 75٪ی تـووش دەبێـت، یـەعنی ئەگـەر چـوار منداڵیان هەبێت تەنیا یەکیان نۆرمەلە دوویـان هـەلگری نەخۆشـیەکەیە، یـەکیان جـۆرە توندەکـەی تـووش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تەحلیلە کە لە 25٪ تووش دەبێتن، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە لەگەڵ تێبینیەك، پرسیارەكەم ئەوەیە كەوا لیژنەی داكۆكی ئافرەتان لە پەرلەمان پرۆژە یاسای باری كەسایەتیان پێشكەش كردووە، پێش سێ مانگ، من دەپرسم لە لیژنەی یاسایی، یان لە بەڕێزتان ئەو پرۆژەیە چی لێهات، هەمووی كە لێرەدا باس كراوە لەناو پرۆژەكەدا هەیە، ئەمە خاڵی یەكەمم وەكو پرسیارێك.

خاڵی دووەم/ كە من ئێستا بە وردی ماددەی سێ و ماددەی چوارم خوێندەوە هەردووكیان هاوبەشیەكی زۆریان لەنێواندا هەیە، لە ماددەی سێدا دەڵێت، ئەو راپۆرتە پێشكەش بە هەردووكیان دەكرێت، دوایی دەدرێتە مەحكەمە.

سێیەم خاڵیش/ كە مەسەلەی وشیار كردنەوەیە، ئەوەتا لە هەردوو لایەن هەیە، ئینجا بۆیە بە رەئی من ماددەی چوار لێرە زیادە، چونكە زۆر هاوبەشی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە یەعنی یاسا بۆ رێكخستنی كاروباری ژیانی خەڵكە، هەمیشە كە هەر یاسایەك دادەڕێژرێت لەبەرامبەریدا كۆمەڵێك مافی تاك وەكو بڵێی گرمۆلە دەكات سروشتی وایە، چونكە یاسایەكە بۆ گشتییە، كاریگەرییە دەبێت لەسەر تاكەكان، یەعنی مافی تاكەكان كەم دەكاتەوە، یان تاكەكان بە ویستی خۆیان هەندێك لە مافەكانی خۆیان دەدەن بەو یاسایەی كە بەرژەوەندی گشتی لە خۆ دەگرێت، ئەم مەسەلەی مارە بڕینە، ئەم مەسەلەی نەخۆشیە كە ئەنجامەكەی لە سەرەتاوە دەزانرێت وەكو دكتۆر باسی كرد بیزانین، بەلاّم خەڵك ئەو عەمەلیە دەكات، ئەو زەواجە دەكات، ئینجا دوایی بە ناچاری مامەڵەی دەبێت لەگەڵدا بكەیت، من پێم وایە یەعنی لە بەینی حاكم و مەلا ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت خەڵك هەروا دەكات، لەلای شەرع مارە دەبڕێت، چونكە بەڕاستی لەگەڵ رێزمدا، یەعنی محاكم، حاكمەكان هەندێكیان نالّێم هەموویان، یەعنی زۆر بە لاموبالەتیان ئەمە دەكەن، ئەمە جەعلێكی خواییە، زەواج جەعلێكی ئیلاهییە، یەعنی شتێ نییە نەفەرەكان بۆ خۆیان دۆزیبیانەوە، دەبێت لەسەر ئەو ئەساسەی بە گرنگ بگیرێت، نەك لە لای ئێمە، لەلای ئەدیانەكانی تریش، من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە مەئزون هەبێت، مەئزونی شەرعی هەبێت، ئیتر ئێمە نەجاتمان دەبێت، ئەمریكی مەحاكمی نییە، حاكم زۆر بە سادەیی دەیگرێت، هەتا كوڕێك كچێك بێنێت خۆیان وا دەڵێن یەعنی لە محاكم ئەم قسەیە زۆر دەكەن، پێی دەڵێ رازیت، دەڵێ بەڵێ تەواو، زۆر جار گرفت لەوەوە دروست بووە، لەبەر ئەوە من پێم باشە مەئزونی شەرعی هەبێت و داوای لێ بكرێت ئەو شتانەی كە پێویستە ئەو بیكات، ئیتر دوایی لە وەزارەتی عەدل هینی بكات،

ئەم نەخۆشیە ئەگەر بڵێین لە لای ئێمە هۆی نەزانینە، ئەی ئەوروپا ئێستا بەردەوام ئەم نەخۆشییە هەر هەیە، من پێشنیاری ئەوەش دەکەم یەعنی ئایدزیش ئیشارەتی پێ بکرێت لێرە، چونکە ئەم تەلاسیمیایە، یەعنی تەنها لە ڕێگەی خوێنەوە نەقل دەبێت، بەڵام ئەمیتر لە ڕێگای شتی تریشەوە نەقل دەبێت، یەعنی مولامەسە، لە ڕێگەی مولامەسەشەوە نەقل دەبێت، کە دەزانین بۆ منداڵەکان تەئسیری زۆرە، هیچ تەئسیر نەبێت دەحامی بەلای کەمەوە، بەڵام ئێوە وەکو دەڵێن لە چوار منداڵ و لە سێ منداڵ لەوانەیە لە تەلاسیمیایەکی تریان تووش بێت، بەڵام هەموویان دەبنە حاملی ئەوە، ئینجا ئەمە لە ئەوروپا پێی دەڵێن تیرۆرێکی دووەم، یەعنی تیرۆر چەند مەترسی هەیە، ئەمیش تیرۆرێکی ترە لەسەر تەندروستی خەڵك لەسەر کۆمەڵگا، من پێشنیارێکی تر ئەوە دەکەم وەزارەتی تەندروستی کۆمەڵێك تەعلیمات دەربکات، ئەو قوتابیانەی کە دەچنە زانکۆ پشکنینی خوێنیان بۆ بکرێت لەسەر ئەو نەخۆشیانەی مەترسی بکرێتە فایلەکەیان.

دوو/ ئەو فەرمانبەرانەی کە تەعین دەکرێن لە حکومەتدا، ئەوانەی بەر لە دامەزراندنیان پشکنینیان بۆ بکرێت، ئێمە دەتوانین ئەوە کەم بکەینەوە، ئەگەر خوا کردی لەمەولا، یەعنی پارێزگاری لە عەلەم خزمەتی سەربازی، ئەگەر کرا لە کوردستان، ئەوەش وا لێ بکەین، کەم کەم دەتوانین دائیرەی ئەو نەخۆشیە کەم بکەینەوە، چونکە خەڵك یان تەعین دەبێت، یان دەچێتە خوێندن، ئیتر خەڵکێك نامێنێت لە دەرەوە، کەوا بوو ئێمە دەتوانین کەم کەم دائیرەکەی کەم بکەینەوە، من نامەوێت بڵێین مەسەلەن ئەمە بۆ ڕۆشنبیرییە، هەر هەوڵ بدەین بنبڕی بکەین، مادام ئێمە سەیتەرەمان هەیەو هەرێمەکەمان زۆر گەورە نییە، بڵێین فریای ناکەوین، دەتوانین فریای بکەوین، لەبەر ئەوە شتێکی باشە، ئەمە نەخۆشیەکی ترسناکە بۆ ئایندە، بەڵام پێشنیاری ئەوەش دەکەم، ئەو نەخۆشیە ترسناکەی ئایدزیشی بخرێتە پاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا بەنیسبەت مەئزونی شەرعی ئەوە لە قانونی ئەحوال شەخصیە موعالەجە دەکرێت، لێرە ناکرێتن لەوێ باس کراوە، بەڵام بەنیسبەت نەخۆشی ئایدز، بەڕاستی ئەویش نەخۆشیەکی ترسناك و خەتەر و ئەوانەیە، بەڵام پێویست بکاتن دیراسەتی باشترو پرۆژەیەکی بۆ تەقدیم بکرێت، لێرە بەو پەلە پەلیە جێی نابێتەوە، بەتایبەتی ئەو قانونە بۆ نەخۆشیەکی دیاردەیە، یەعنی فراوانیشە وەکو کاك شێخ ئەدهەم باسی کرد کە پەنجاو سێ هەزار کەس تووشی بووە، یەعنی دیاردەیەکە یەك و دوو نییە، لە کەسمان نییە، دەورو پشتی کەسێکی وا نەخۆشیەکی تەلاسیمیا تووشی نەبوو بێت، بۆیە ئەو تایبەتمەندیەی بدرێتێ باشترە، ئەو نوقتەی کە زۆر باسیان کرد تێکەوڵاوی زۆر تێدایە، مەلا و هین و ئەوانەی زۆر تێدایە، ئێمە باسمان کردووە کە مەلا قانونە نابێت مارەی ببڕێت، یەعنی قانونی نییە، بەڵام کەم کەس هەیە کە بێ مەلا مارەی ببڕێت، یەعنی بە قازیش مارە دەکات، بە مەلاش مارە دەکات، بۆ دڵنیا بوونی دڵی خۆی، فەرموو شێخ فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پێشـنیارێك دەكـەم، ئـەویش ئەوەیـە پـێم باشـە بـە كتابێـك ئەگـەر لـە رێگـەی وەزارەتـی صحە بێـت تەوجیهی وەزارەتی ئەوقاف بكرێت، هەر كەسێك دەچێت بۆ لای مەلایەكی ئاینی كە نیكاحەكەی بـۆ بكات، داوای تەقریری حاكمی لێ بكات، حەز دەكەم شتەكە تەواو بكـەم، داوای ئـەو تـەقریرە بكـات لـە محاكم، لـە قەزاوەت بۆ ئەوەی لە حاكم كرا بێت، بۆ ئەوەی هەردوو لایەنەكە كرا بێت، هەم قانونی و هەم شـەرعیەت، چونكە بە رەئی ئێمە پرسیارەكەش رووبـەڕووی جـەنابت دەكەمـەوە زیـاتر وەكـو پیـاوێكی عـالیم و شـەرع زانێك، من لێت پرسیار دەكەم ئەركانی نیكاح پێنجە، ئەگەر هەر پێنج ئەركانی نەهێنەتەدی ئەوە نیكاحەكە نییە، لە مەحاكم، لای مەحاكم كە نیكاحەكە دەكرێت بە شتێكی سادە هەڵدەگیرێت بـە كوڕەكـە دەگـوترێت ئەو كچەت دەوێت، دەڵێ بەڵێ، دەیەوێ موقابیلی هەردوولا شتەكە تەبیعی وایە، بەلاّم لـە شـەرعدا مـن داوا لە جەنابت دەكەم، پێم خۆشە بە جددی مەسەلەكە وەربگیرێت، ئەركانی نیكـاح پێنجـە، (زوج وزوجـة ولـي وشاهدان وصیغة)، صیغە لە لای مەحكەمە زۆر باسی ناكرێت، كەواتە ئەركانەكە دەبێت بێتە جـێ، ئەوەیـە پێشنیار دەكەم لە رێگەی وەزارەتی ئەوقاف تەوجیهی هەموو مامۆسـتایەكی ئـاینی بكرێـت بـەبێ تـەقریری مەحكەمە لە لای مەلا مارە نەكرێت، بۆ ئەوەی ئەولا بیبینێـت و ئـەولاش ببینێـت، پێشـنیارێكی تـرم هەیـە ئەویش ئەوەیە ئەو نەخۆشیەی كە ئێستا هەیەو باس دەكرێت شتێكی زۆر پیرۆزە، بەلاّم كۆمەڵێ نەخۆشـی تریش هەیە، حەقە بخرێتە پاڵ ئەو مەوزوعە، ئەوان چین وەكو كاك محەمەد باسی كرد ئایـدز، بـەرەز زۆر نەخۆشی تر هەنە، كە شەرعەن دەتوانێت فەسلی بەینی ژن و مێرد بكات، لەبەر ئەوە مـن پـێم باشـە ئـەوە بخرێتە ناو ئەو قانونە، ئەو نەخۆشیەی تریش بێتە پاڵ ئەوان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە لەسەر قسەكانی جەنابت فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ناتوانێت بە قسەیەك بڵێت ئەو مارە كردنەی لە لای قازی دەكرێـت هـەر پێـنج روكنـەكان هـین ناكـات، چونكە قازیش لەوێ بزەبت مەلا چی دەڵێت بە هەموو صیغەكانیەوە دەڵێت، ئـەوە كـەم كردنـەوەی نرخـی ئەو جۆرە عەقدە زەواجانەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، ببوورە، فەرموو، ئەو رەئـی خـۆی گـوت، خـۆ ئێمـە رەئیەكەمان وەرنـەگرتووەو قبول نەكردووە، هەتا تۆ هین بكەیت، تۆ رەئیەك دەدەیت، رێـزی هەیـە هـەموو رەئیـەك، نوقتـەی نیزامـی لەسەر رەئیەك یەكێك دەداتن ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، ئـیلا ئەگـەر لـە بەرنامـە دەرچـوو بێـت، دكتـۆرە ئاریان فەرموو.

**بەڕێز د.ئاریان خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخۆشی تەلاسیمیا نەخۆشیەکی زۆر بڵاوە لە کوردستاندا، مەردوودێکی ئیقتیصادی زۆر خراپی هەیە، مەردوودێکی ناحەزاری هەیە لەسەر کوردستان، ئەگەر ئێمە نەتوانین بە قانونێکی تایبەتمەندی، نەتوانین حەلی بکەین، مانای وایە نازانیت چی روو دەدات لە کوردستان، نەدەزانین مەشاکیلی خۆمان حەل بکەین، ئەوە هیچ عیلاقەی نییە بە نەخۆشیەکانی ترەوە، شتێکی توبی سرفە عایدی بەو مەنتیقەیە، موشکیلەیەکی زۆر تەواوی دەوێت، دەبێت بە لای کەمی بتوانین حەلی بکەین، هەتا پلانێکی کورت خایەن و درێژخایەنی بۆ دانێین، وابزانم هیچ پێویستی بەوە نییە بە هیچ نەخۆشیەکی تر نییە، پابەندی بکەین، ئەگەر توانیمان قانونی مەسەلەن لەبارچوون دابنێین کە پێش 120 رۆژ، ئەگەر هاتوو ئەو تایبەتمەندیانە بکەین و ئەو شتانە بێتە ناو کوردستان تایبەتمەندییەکی تایبەتیە، بەس خوێنی دایك فەحص دەکرێت بزانین منداڵەکەی ئەو دایکە چۆنە، ئەگەر ئەوە هاتە کوردستان، ئەو حەل دەبێت، بەس ئەوانە زۆر گرانن، ئێستا بەو مومکینە دەبێت حەل بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە، کە توبیش بوو، یەعنی مولاحەزەکان ئەغلەبیەتی ئەوەیە مەلا مارەی دەکات، یان نایکات ئەو شتە عیلاقەی نییە خارجی مەوزوعەکەیە، نەصی ماددەکە بە رێك و پێکی هاتووەو کەسێك خیلافی نەبوو لەسەری، بەس هەندێك دەیانوت دەبێت ئەوە زیاد بکرێت، یان نەخۆشی تر باس بکرێت، باسیشمان کردو روونیش کرایەوە لە لایەن دکتۆرەکان، ماددەکە دەیخوێنمەوە بە عەرەبیەکە:

(المادة الرابعة: على المحاكم عدم اجراء عقد الزواج الا بعد ابراز التقرير المشار اليه في المادة الثالثة من هذا القانون وفي حالة كون التقرير مشخصاً للمرض عليها تفهيم طالبي الزواج بمضمون التقرير ونتائجه) کوردیەکەش وەکو ئەوەیە چاکی دەکەینەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

پێویستە وەزارەتی تەندروستی رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة وتصبح المادة الرابعة:

على وزارة الصحة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راپۆرتەکەش تەئیدی دەکات، تەنیا یەك شتی هەیە (لوزیر) نەك وەزارەت، (لوزیر الصحە) چونکە تەعلیماتە، ئەگەر چاکی بکەنەوە، چونکە دەبێت یەکێك ئیمزای بکات، کە یەکێك ئیمزای کرد، سوڵتە لە وەزارەت وەزیرە (لوزیر الصحة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون)، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی شەشەم، کە بۆتە ماددەی پێنجەم لەگەڵ ماددەی تر یەعنی ئەو دوو ماددەیە پێنجەم و شەشەم هەردووکی دەمج بکرێت (على وزارة الصحة والجهات ذات العلاقة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون)، چونکە لە یەك نزیکن زۆر، ئەگەر دەمج بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو قەوانینەکان وادەرکراون، دوایێ ئەوە ئیصداری تەعلیماتە، ئەویتر دەڵێ جیهاتەکان دەبێت تەنفیزی بکەن، هەموو قەوانینەکانیشمان وا کردووە، ماددەی پێنج کە دەبێتە ماددەی چوار رۆتینییە، تەنیا ئەو گۆڕانکارییە (على وزارە) دەبێتە (لوزير الصحة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون) دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەش کە بۆتە ماددەی پێنج بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة وتصبح المادة الخامسة:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەکەماندا ئاماژەمان بەوە داوە کە گۆڕانکاری وەکو یاساکانی پێشوو ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر دادێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی لێرە وەکو ماددەکانی تر دەبێتە (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون) بیخوێنەوە ئەگەر وەکو ماددەکانی ترە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە وای لێ دێت (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون) دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم کە بۆتە ماددەی شەشەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة وتصبح المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، ئێستا ئەو فحوصاتە لە دهۆك و لە سلێمانی دەکرێت، ئەوە شتێکی باشە، لە هەولێر لەوانەیە لە هەندێك قەزاو ناحیەکان جێ بەجێ نەکرێت، من نازانم وەزارەتی تەندروستی ئیمکانیەتی ئەوەی هەیە، پاش ئەوەی کە نەشر کرا یەکسەر جێ بەجێی بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم بگوترێت (بعد ستين يوماً من تاريخ نشره) بۆ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی زیاتر ئیستیعدادی خۆیان وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ناگوترێت وا کاك سەردار، لەبەر ئەوە ئەوە قانونێك نییە، بتوانێت بە قەرارێك جێ بەجێی بکات، ئەوە موستەلزەماتی دەوێت، مومکینە بە دوو مانگ نەبێت، بە مانگێك بێت، بە ساڵێك بێت، پارەی دەوێت، عەقدی دەوێت لەگەڵ شەریکات مەوادەکان بێنن، ئەوە وەکو ئەوەی نییە بڵێن ئیتلاق سەراح بێنن ئیستریۆم و ئەوانە، قانون هەیە، بۆ جێ بەجێ کردنی مومکینە وەختێکی زۆری بوێت، بەلاْم وەزیر خۆیان

بەرنامەجیان هەیە پێش دەرچوونی ئەو قانونەش، دەبێت ئـەو مەرکـەزە دابنـێن لـە هـەولێر، لەبـەر ئـەوە تەحدید کردنی بە رۆژێك، بەڵێ.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە یەك ئیشکالمان هەیە، ماددەی چوار کە بۆتە ماددەی سێ دەڵێـت (علـى المحاكم عـدم اجـراء عقـد الـزواج) واتـا پاشـی یەکسـەر محـاکم جـێ بـەجێی دەکـات، لەگـەڵ ئـەوەش لەوانـەیـە وەزارەتـی تەندروسـتی ئیستیعدادی خۆیان وەرنەگرتبێت، بۆیە پێشنیاری ئەو شەست رۆژەم کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانێت بچێت لە سلێمانی بیکات، یان لە دهۆك بیکات، تاوەکو ئەوە دادەنێن، دەتوانێت بچێت لە سلێمانی بیکات، بەلاَم لێرە بڵێین بە شەست رۆژ قانونەکە جێ بەجێ نەبێتن، تۆزێك لەنگ دەبێـت، بـۆ ئێمـە جـوان نییە، بەلاَم بە پەلە دەتوانین بڵێین بە زووترین کات، بـە نووسـین نـا، مـاددەی حەوتـەم کـە بۆتـە مـاددەی شەشەم دەیخوێنمەوەو دەیخەمە دەنگدانەوە (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريـدة الرسميـة (وقـائع كوردسـتان))، کـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئەسبابی موجیبە تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیە پێویستەکانی

سەبارەت بەوەی کە نەخۆشی تەلاسـیمیا زیـانی مـاددی و تەنـدروستی بـە ئەنـدامانی کۆمـەڵگا دەگەیـەنێ و باری سەرشانی دەوڵەت بەکارو خەرجی دارایی گران دەکات و لە پێناوی کۆنـترۆڵ کردنی ئەم نەخۆشـیە بـۆ دانانی رادەیـەك لەبـەردەم بـلاَو بوونـەوەی بـۆ نـەوەکانی داهـاتوو و لـەپێناوی هۆشـیار کردنـەوەو رێنمـایی داواکارانی هاوسەرگیریی بـۆ ئەنجامـە سـەلبییەکانی کـە لـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە دەکەونـەوەو لـە پێنـاوی خوڵقاندنی نەوەیەکی هۆشیارو ساغ لە نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان (الوراثي) ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

بالنظر لما يسببه مرض التلاسيميا من اضرار مادية وصحية على افراد المجتمع ويثقل كاهل الدولة بالتزامات ونفقات مالية مكلفة وبغية السيطرة على هذا المرض وللحد من انتقاله للاجيال اللاحقة (القادمـة) ولغـرض توعية وارشاد طالبي الزواج بالنتائج السلبية المتأتية (المترتبة) من هذا الزواج ولغرض خلق جيل واع وسـليم من الامراض الوراثية فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر کەمال یەك کەلیمەی پێ باشە ئیزافە بکرێتن لە ئەسبابی موجیبە (اضرار مادية وصحية ونفسية) نەفسیەکەش راستە ئیزافەی بکەن، ناوی مەشروعەکەش تۆزێك بۆ ئەوەی وزوحی هەبێت (مشروع قانون فحوصات الدم الوراثية (فقر دم بحر الابيض المتوسط/ تلاسيميا) قبل الزواج) شەرح بکرێتن، ئەوای لێ دێتن، ئێستا پرۆژەکە لەگەڵ ئەسبابی موجیبە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، دەستتان خۆش بێت، ئومێد دەکەین دەرچوونی ئەو قانونە ببێتە هۆکارێکی تازە بۆ وەزارەتی تەندروستی کە بتوانێتن بەرنامەکانیان بەشێوەیەکی رێك و پێکتر ئەنجام بدات، بۆ نەهێشتنی ئەم نەخۆشییە، پەیدا کردنی پێداویستی رووبەڕوو بوونەوەی نەخۆشیەکەو هۆشیار کردنی خەڵك لەگەڵ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، بۆ زانینی مەترسیەکانی ئەو نەخۆشیە پێشی عەقدی زەواج بکەن و پاش عەقدی زەواج چۆن مەترسیەکانی کەم بکەنەوە، ئەگەر جەنابی وەزیر چ قسەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.زریان عثمان یونس/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەمەوێت زۆر سوپاستان بکەم، دیارە غەرەزی سەرەکی لەم پرۆژەیە ئەوە بوو کەوا تەوعیەی خەڵکی بکرێت، دوارۆژ کەس نەیەت بڵێ من نەمزانی، هەر هیچ نەبێت راستە ئەمە رەنگە 100٪ تەتبیق نەکرێت ئەمڕۆ، بەڵام هەنگاوێکە، دە هەنگاویشە بەرەو پێش، ئێمە زۆر سوپاستان دەکەین، هیواداریین ئێمە بتوانین لە خیلالی مودەیەکی کەم پەیڕەوی بکەین و بتوانین کۆنترۆڵی ئەم نەخۆشیە بکەین لە کوردستانی خۆشەویست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوەی زانی بم کاك دکتۆر زریان بەیانی لێرە نییە، هەندێك لە ئێمەش بەیانیەکەی مەشغولین، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی کاك دارا دەکەین کە فریا نەکەوتین، بەڵام من داواتان لێ دەکەم خاڵی پێنجەم دەنگی بۆ بدەن دوای بخەین بۆ دوو بەیانی، بۆ ئەوەی هەم جەنابی وەزیر لێرە بێت، ئەگەر لێرە دەبێت دوو سبەی، هەمیش بەیانی فورسەت بێت بۆ لیژنەکان مەسائیلی تریان هەیە، کۆبوونەوەی خۆیان بکەن بۆ پرۆژەکانی تر، چونکە وەکو باسمان کرد پێشتر چەند پرۆژەیەکی زۆر گرنگ هەیە دەبێت تەواو یان بکەین، پرۆژەکان پەیوەندی بە پێشمەرگە، پرۆژەی یاسای کشتوکاڵ و پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسی (مطبوعات)، ئەوانە هەمووی پێویست دەکاتن لیژنەکان بە پەلە هین بکەن، بۆیە خاڵی پێنجەم/خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە دوا بخرێتن، قسەت هەیە کاك زریان.

**بەڕێز د.زریان عثمان یونس/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێت، بکرێتە هەفتەی داهاتوو زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو بڕگەیە دوا دەخەین، دواتر ئاگادارتان دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر دەڵێت ڕەنگە دوو سبەی نەتوانم بێمەوە، ئێمەش پێمان باشە لەگەڵماندا حازر بێت، ئێستاکە بۆ دواخستنەکەی، ئەو خاڵە لە بەرنامەی کار کە دوا بخرێتن بۆ بەرنامەکانی هەفتەی داهاتوو، کێ لەگەڵدایە دوای بخەین دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ دوا خرا، پێشنیارێك هەیە کۆبوونەوەکانمان دوا بخەین بۆ هەفتەی داهاتوو، ئاگاداریشتان دەکەینەوە لە وەختی پێویستدا، کۆبوونەوەی داهاتوومان ڕۆژی دوو شەممەی داهاتوو دەبێتن لە بەرنامەی کار ئاگادارتان دەکەینەوە، من تەنیا یەك مولاحەزە لە باس کردنی سەردانەکەمان بۆ بەغدا لەبیرم چوو بڵێم کە سەردانی دکتۆر ئەحمەد چەلەبیمان کرد، ئەویش زۆر پشتیوان بوو بۆ هەڵوێستی هەرێمی کوردستان، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 8\11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2007/11/8

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2007/11/8 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (20)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ.

3- بەشدار بوونی بەڕێزان نوێنەری فراکسیۆن و پێکهاتە سیاسیەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵ و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە گفتوگۆکاندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

نفتتح الجلسة: إستناداً الى أحكام الفقرة (1) من المادة (5) من النظام الداخلي رقم (1) لسنة 1992 المعدل للمجلس الوطني لكوردستان العراق قررت هيئة رئاسة المجلس ان يكون برنامج أعمال الجلسة المرقمة (20) لدورته الانتخابية الثانية الساعة العاشرة قبل الظهر من يوم الخميس الموافق 2007/11/8 على الشكل التالي:

1- كلمة رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

2- كلمة السيد رئيس مجلس النواب الاتحادي

3- مداخلات السادة ممثلي الكتل والتكوينات السياسية في مجلس النواب الاتحادي والمجلس الوطني لكوردستان العراق.

**السيد رئيس مجلس النواب الاتحادي الدكتور محمود المشهداني.**

**الاخوة أعضاء مجلس النواب المحترمون ، الحاضرون معنا في هذه الجلسة.**

**الاخوة والاخوات الضيوف.**

**الاخت عضوة مجلس النواب الاتحادي.**

باسم رئاسة المجلس وباسم اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق ارحب بكم ترحيباً حاراً وانتم تشاركوننا في هذه الجلسة في اربيل عاصمة الاقليم ، وأؤكد ان حضوركم يكتسب اهمية استثنائية في هذه

الظروف التي يعيشها العراق والمنطقة عموماً ، واسمحوا لي ان اعيد شكري لكم لحفاوة الاستقبال التي استقبلنا بها في مجلسكم الموقر في بغداد قبل ايام ، والاهتمام بالحوار الذي جرى بيننا ، وقبل ذلك اود ان اشير الى قراركم الصادر عن مجلس النواب حول الازمة مع الجارة تركيا ، وأعلن مرة اخرى تقدير المجلس الوطني لكوردستان العراق لهذا القرار المسؤول والذي يعبر عن ارادة العراقيين جميعاً ، وهذا الذي كان له دوراً مهماً في توحيد الخطاب السياسي للشعب العراقي ممثلة بمجلس النواب ثم بالحكومة الاتحادية وبالمسؤولين على كافة المستويات ، الامر الذي سهل مهمة الوفد العراقي الذي شارك برئاسة رئيس مجلس الوزراء في اجتماعات اسطنبول المخصصة لدول الجوار العراقي والتي كانت في احدى محاورها تبحث في الازمة التي شهدتها المنطقة ولا زالت نتيجة التحشيدات التركية على الحدود مع كوردستان العراق، وهذا الموقف الذي بدأ بقراركم وانتهى بالوصول الى تفاهم مشترك بين وفد الجمهورية العراقية مع الاخوة في تركيا والذي كان ايضاً سبباً في البحث عن سبل لحل المشكلة المفتعلة الى حد ما، نعتقد ان العمل المشترك بين المجلس الوطني لكوردستان العراق ومجلس النواب العراقي مهم للغاية لان الدستور الذي صوتنا له جميعاً ، اكثرية الشعب العراقي والذي هو دليلنا السياسي لبناء العراق الاتحادي الديمقراطي القائم على العدل والمساواة لا يمكن ان يكون عملياً من غير العمل المشترك بين كافة مؤسسات الدولة الاتحادية وفي مقدمتها المؤسسة التشريعية، السلطة التشريعية الممثلة في السلطة التشريعية الاتحادية مجلس النواب العراقي والسلطة التشريعية في الاقاليم والمحافظات لاقليم كوردستان الذي تشكل بقرار من المجلس الوطني لكوردستان العراق في عام 1992 وقرر هذا المجلس أن يكون ارتباطه بالعراق ارتباطاً اختيارياً وبملء إرادته المعبر عن شعب كوردستان ان نبقى ضمن العراق الديمقراطي الاتحادي الفدرالي الموحد اصبح اليوم امراً واقعاً ينير طريق كل العراقيين لبناء الدولة العراقية التي نريدها لنا ولغيرنا، نريدها دولة تقيم العدالة وتسير وفق هدى القانون وبناء المجتمع المدني وبناء المؤسسات الديمقراطية وفصل السلطات وتداول السلطة بالطرق السلمية ، هذه كلها مسؤوليتنا جميعاً ،مؤسسات اتحادية ومؤسسات اقليمية ومحافظات لأننا إذا نجحنا فأن هذا النجاح لنا جميعاً، إذا نجح الشعب العراقي فهو نجاح لشعوب المنطقة أيضا، إذا دحر الإرهاب في العراق فان هذا انتصار لكل محبي السلام ، وإذا لا سمح الله أصابت البصرة مصيبة فإنها مصيبة لنا أيضا ، وكما هي العكس أيضا، إذا اصابتنا مصيبة فهي للموصل وكركوك وبغداد والسليمانية والبصرة والنجف ، لذلك من الطبيعي ان نجد الصوت المدوي المدافع عن شعب كوردستان في البصرة كما هي في النجف والموصل يجعل الشعب في كوردستان ينظر إلى الوضع الجديد نظرة مختلفة عما كان في السابق ، قبل سقوط النظام كان الشعب في كوردستان ينظر الى الحكومة نظرة عداء ونظرة حكومة غريبة ، الآن نحن نظر الى بغداد عاصمة حقيقية لنا وننظر للعراق دولة لنا نعتبر نفسنا جزءاً من العراق الديمقراطي الفدرالي في حين كنا في السابق نشعر انفسنا غرباء في هذا الوطن ، اما الآن فنحن نشارك بفعالية وبعمل جاد لبناء العراق الذي نريده لنا ولأنفسنا ، ان العمل الذي ينتظرنا مجلس النواب العراقي والمجلس الوطني لكوردستان العراق هو عمل دؤوب ، الشعب العراقي بكورده وعربه وتركمانه وكلدانه وآشوريه ، بمسلميه ومسيحييه ، بسنته وشيعته ، قدر الله ان يعيشوا معاً وان يعملوا معاً لبناء هذا الوطن الذي لا يمكن الا ان نخدمه ولا يمكن الا ان يكون للجميع دون استثناء ودون تفضيل فئة على اخرى ، نتابع أعمال مجلس النواب العراقي بكل اهتمام ونعيش مشاكله واخفاقاته، ونأمل ان ينتصر دوماً على المشاكل التي تعترضه لأن انتصاره هو انتصار لنا كما أشرت، لذلك رغم مشاكلكم ومشاغلكم فقد تحملتم عناء السفر والحضور الى هنا لتعبروا عن عمق مشاعركم تجاه شعب كوردستان، وعن دعمكم لنضال هذا الشعب كما كنتم في السابق عندما

كنا في خندق واحد نناضل ضد الدكتاتورية وضد الفاشية ، وكما كان صوتكم كأحزاب سياسية معارضة مدوياً في الرد على سياسات النظام القمعية ضد شعب كوردستان بما فيها استخدام الاسلحة الكيمياوية وحرق الآلاف من القرى وتدميرها وتهجير السكان، الأن صوتكم ايضاً مدوي وفعال لبناء المؤسسات الديمقراطية العراقية والدفاع عن مكتسبات الشعب ومواجهة المخاطر التي تواجهنا وفي مقدمتها الارهاب والمخاطر التي تأتينا من الخارج ، نحن نؤكد لكم بهذه المناسبة ان اقليم كوردستان وشعب كوردستان يعي مسؤولياته جميعاً ، مسؤولياته تجاه الحكومة الاتحادية والتزامه بالدستور العراقي والتزامه باحترام سيادة الدول المجاورة وعدم التدخل في شؤونها الداخلية وعدم السماح باستخدام اراضيه ضد اية دولة جارة ، نؤكد اننا معاً لا نريد أية تدخلات اجنبية في شؤوننا الداخلية ، الشعب العراقي هو الذي ينبغي ان يكون سيد موقفه وسيداً على ارضه ومقرراً لسياساته ، لنعمل معاً لخدمة الشعب العراقي عرباً وكورداً وتركماناً وجميع التكوينات التي عاشت آلاف السنين معاً ، ارحب بكم ترحيباً حاراً وانتم في عاصمتكم الثانية واتمنى لزيارتكم النجاح الكامل ، وبهذه المناسبة اود ايضاً ان ارحب بالاخ الاستاذ نورالدين الامين العام لإتحاد البرلمانيين العرب الذي يشترك معنا وهو في زيارته الى كوردستان ، وقد تباحثنا يوم امس معه حول العمل البرلماني العربي، وباعتبار ان العراق ينبغي ان يستلم رئاسة الاتحاد البرلماني العربي فان المؤتمر القادم من المقرر ان ينعقد في العراق ، وكان مجلس النواب العراقي من خلال رئيسه الاستاذ الدكتور محمود المشهداني قد اقترح ان تنعقد هذه الدورة دورة الاتحاد البرلماني العربي في اربيل، وقد رحبنا بهذه الفكرة وتباحثنا مع الاستاذ نورالدين ، ونحن بصدد ان نرتب الأمور الكفيلة بإنجاح هذا المؤتمر بالتأكيد بالتعاون مع مجلس النواب الذي يقع على عاتقه إدارة وتنظيم هذا المؤتمر ، نحن من جانبنا ابدينا كل الاستعداد لتقديم التسهيلات لإنجاح هذا المؤتمر الذي سيكون في حالة عقده في اربيل منعطفاً جديداً يعطي اشارة واضحة للعالم ان كوردستان جزء من العراق الفدرالي، ويعطي اشارة ايضاً الى ان الفدرالية في كوردستان حقيقية ينبغي ان يتعامل معها الجميع وان الفدرالية نظام سياسي موحد وليس مفرق ، ارحب بالاستاذ نورالدين ترحيباً حاراً ، وارجو نجاح مهمته ، اطلب من الاستاذ الدكتور محمود المشهداني ان يأتي الى المنصة لالقاء كلمته.

**السيد د. محمود المشهداني/ رئيس مجلس النواب الاتحادي:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**" مثل المؤمنين في توادهم وترحامهم كمثل الجسد الواحد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى"**

**الحمد لله والصلاة والسلام على محمد رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.**

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني الاستاذ عدنان المفتي المحترم.**

**السيد الأمين العام لاتحاد البرلماني العربي الاستاذ نورالدين بوشكوج المحترم.**

**الأخوات والأخوة أعضاء المجلس الوطني المحترمون.**

**السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.**

يسعدني ويشرفني أن انقل إليكم تحيات أخواتكم واخوانكم أعضاء مجلس النواب العراقي وتمنياتهم لكم بالنجاح والتوفيق في أعمالكم خدمة للعراق العزيز الواحد وشعبه الوفي ونظامه الديمقراطي الاتحادي.

انه لمن دواعي سروري أن أكون بين اخوتي واهلي في ظل هذا الجو المفعم بالاخوة الحقة ممزوجاً بحب الوطن، هذا الجو وهذا الجمع العراقي الخَيِّر انما هو صورة حية لوحدة شعبنا ومصيرنا المشترك ، وهي صورة تؤكد

**عزمنا على مواصلة التضحية والعطاء لبناء عراق ديمقراطي اتحادي ينعم فيه الجميع بالأمن والسلام والاستقرار والحياة الحرة الكريمة.**

**الاخوات والاخوة الاعزاء.**

**لا يخفى على أي منكم حجم وجدية المخاطر والتحديات التي يواجهها العراق في الداخل والخارج وما يعانيه شعبكم الصابر جراء استمرار الاخفاقات في ميادين الحياة الاساسية التي يأتي في مقدمتها الأمن والخدمات، والتي نتطلع جميعنا الى ان يشهد أي تحسن سريع وملموس فيها يسهم في التخفيف من معاناة المواطن العراقي الذي آن له أن يقطف ثمار ما قدمه من تضحيات سخية وجسيمة دفاعاً عن أمن العراق واستقلاله ووحدة أراضيه وشعبه. ولعل من ابرز ما يثير قلقنا في الوقت الراهن هو التحشدات التركية على الحدود مع العراق وموضوع حزب العمال الكردستاني وما نجم عنها من تداعيات، وأود هنا أن أؤكد حقائق أساسية مهمة لا خلاف عليها ولعل أبرزها:**

**أولاً: ان العراقيين عرفوا عبر العصور والأجيال ليس فقط برباطة الجأش والوقوف مجتمعين بوجه المخاطر والأطماع، انما عرفوا أيضاً بصفة التوحد ونبذ الخلافات الداخلية في مواجهة الأزمات، وقد شهدنا الآن كيف ان الأزمة الحدودية مع تركيا قد وحدت الخطاب العراقي على مستوياته المختلفة رسمياً وشعبياً ، سياسياً ومعنوياً، وهذه واحدة من سمات الصحة الوطنية والتفاؤل بالمستقبل.**

**ثانياً: ان وحدة العراق وسيادة أراضيه مبدأ جمعي دستوري ومن ثم فان الدفاع عنها هو أيضاً مسؤولية الجميع ولا ينبغي لأحد أن يتأخر في حملها.**

**ثالثاً: إن كرد العراق ، شأنهم شأن عربه وتركمانه وغيرهم من الاقليات من أبنائه ، هم جزء لا يتجزأ من كل موحد كما الجسد الواحد الوارد في الحديث الشريف. وان اقليم كوردستان العراق هو عامل قوة وتوحد للعراقيين. واكرر وليسمعها العالم اجمع ان اقليم كوردستان العراق هو عامل قوة وتوحد للعراقيين جميعاً.**

**رابعاً: ان رسالتنا الى الجارة تركيا هي ان العراق حريص كل الحرص على الأمن القومي التركي حرصه على أمنه القومي، وانه لن يسمح في أي حال من الأحوال أن تتحول أراضيه الى قاعدة يصدر منها الاعتداء والأذى على جيرانه مثلما يرفض أن تكون أراضي دول الجوار منطلقاً لكل من يريد أن يعبث بأمن العراق وسيادته ومستقبل أجياله. ومن هذا المنبر نود أن نقول للجارة العزيزة تركيا والعالم أجمع ان الشعب العراقي بكل أطيافه يؤمن بالسلام ويسعى الى تحقيقه من خلال الحوار البناء باعتباره الوسيلة الأنجح ونحن الذين قد بلونا ما بلونا من الآليات الاخرى ونحن الاقدر على التشخيص من غيرنا لما ابتلانا الله جل وعلا بكافة انواع المصائب ومن خلال تجربتنا اكتشفنا ان الحوار البناء هو الوسيلة الانجح لحل جميع المشاكل والضمانة الأساسية لتحقيق الأمن والاستقرار في منطقتنا التي تعاني أصلاً من أزمات يجب أن نسهم جميعاً في حلها لا في تعقيدها، ونرى بهذا الخصوص ان قرار البرلمان التركي بتخويل القوات المسلحة التركية خرق حدود العراق واجتياح أراضيه متى شاءت بذريعة مطاردة عناصر حزب العمال الكردستاني ، انما هو قرار لا يخدم الحل السلمي ولا ينسجم ومتانة العلاقات بين البلدين الجارين، ولا يمكن أن يسهم في تعزيز علاقات حسن الجوار المنشودة والتي نطمح اليها دائماً ونعززها بكل الوسائل بين البلدين.**

وتأسيساً على ما تقدم فان أخواتكم واخوانكم أعضاء مجلس النواب العراقي الذي يمثل شعب العراق بأطيافه وأرجائه كافة ، قد بادروا دون تأخر بتبني قرار عراقي مقابل لقرار البرلمان التركي سالف الذكر. قرار يرفض لغة التهديد ويذكر بقواعد السلوك الدولي والالتزامات الثنائية التاريخية بين العراق وتركيا، كما ويدعوا الى تغليب لغة الحوار والتفاهم في حل المشكلة الراهنة ويدعم جهود الحكومة العراقية ومعها جهود حكومة اقليم كردستان العراق السائرة بهذا الاتجاه. وفي الختام، أخواتي وأخواني لا يفوتني أن أتقدم بخالص شكري وتقديري لأخي الأستاذ نور الدين بوشكوج على زيارته للعراق للإعداد لعقد المؤتمر العاشر للإتحاد البرلماني العربي الذي سيتشرف مجلس النواب العراقي باستضافته في عاصمة العراق الثانية أربيل تمهيداً لتولي رئاسته للدورة البرلمانية العربية القادمة مؤكدين عزمنا على إنجاح المؤتمر وبذل أقصى الجهود لتفعيل دور الاتحاد وترسيخ التعاون بين البرلمانات العربية وفسح المجال أمامها للإطلاع على التجربة الديمقراطية في العراق الجديد وما حققه مجلس النواب العراقي من إنجازات مهمة برغم المصاعب والتحديات التي تواجه بلدنا الصابر وشعبه العظيم. وفي الختام أشكركم جميعاً وابتهل الى الباري جل وعلا أن ينعم على العراق وأهله بالأمن والسلام والوحدة والتحرر والازدهار... انه السميع القدير وبالإجابة جدير.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**السيد عدنان المفتي رئيس البرلمان الكوردستاني:**

شكراً للدكتور محمود المشهداني رئيس مجلس النواب العراقي على كلمته المعبرة والودية والصميمية وهو معروف بهذه المواقف الجريئة

**الاستاذ نورالدين بشكوج _الامين العام لاتحاد البرلماني العربي:**

امامكم هنا باسم الاتحاد انقل اليكم جميعاً تحيات اخوانكم البرلمانيين العرب، اشقائكم البرلمانيين العرب وتمنياتهم بالأمن والأمان والازدهار والرقي والنمو والاستقرار في اقليم كوردستان العراق وفي مجمل القطر العراقي الشقيق. ان هذا اليوم ليوم مشهود بالنسبة لي وبالنسبة للعمل البرلماني العربي المشترك وبالنسبة لجميع البرلمانيين العرب وجميع اعضاء المجالس العربية ذلك انني كما قلت سالفاً تمكنت من تصحيح بعض المفاهيم واتمنى ان تكون فرصة تواجد البرلمانيين العرب رؤساء البرلمانات واعضاء البرلمانات العربية في بداية السنة القادمة في شهر شباط في نهاية شباط او بداية مارس القادم اتمنى ان تتاح الفرصة للجميع أولاً للأخوة العرب الاشقاء ان يطلعوا على ما تمكنتم من تحقيقه من منجزات ديمقراطية في العراق بمجمله وفي هذا الاقليم بصفة خاصة واتمنى كذلك ان تكون هذه الفرصة فرصة للاخوة الساكنين في اقليم كردستان العراق من التعرف وتمتين علاقاتهم مع اخوانهم واشقائهم، اريد ان اقول كلمة باسم الاتحاد البرلماني العربي في الاحداث الاخيرة التي يشهدها هذه المنطقة فباسم الاتحاد نؤكد دعمنا ومساندتنا ومؤازرتنا لشعب العراق الشقيق ونندد بكل محاولة من اية جهة كانت تحاول التدخل في شؤون العراق الشقيق او التدخل المسلح داخل الأرض العراقية الشقيقة، اننا نؤكد ان خط حدود العراق خط احمر بالنسبة للوطن العربي ولا يمكن ان نقبل من أية جهة كانت ان تتجرأ وتتدخل في العراق، انا متأكد ان شعب العراق لن يكون وحده في هذه المنطقة وبنفس المناسبة نؤكد ان هذه المنطقة من العراق يجب ان تكون منطقة امن وآمان ولا يجب كذلك ان تكون منطلقاً للاساءة لأية جهة كانت داخل العراق او خارج العراق، نحن نؤكد دعمنا ومؤازرتنا

ونؤكد كذلك دعمنا ومساندتنا للكلمات وللمواقف التي تبناها جميع المسؤولين العراقيين سواءاً على الصعيد المركزي في بغداد او على الصعيد الاقليمي هنا واشيد بالمواقف التي تفضل بها رئيس الجمهورية فخامة رئيس الجمهورية الاستاذ جلال طالباني وكذلك رئيس اقليم كردستان وكذلك كل المسؤولين من مشرعين ومن منفذين في المنطقتين في الوطن الكل، وكذلك في هذا الجزء من الوطن لانهم ابدوا الكثير من الاعتدال وابدوا الكثير من التعقل واتمنى من الجهات الاخرى ان تبادلهم نفس العواطف وان كل المشاكل يمكن حلها بالوسائل السلمية وان هذا المشكل والذي دام طويلاً لا يمكن حله الا بالوسائل السلمية لان جميع الوسائل الاخرى تم تجربتها لفترات طويلة وثبت ما لا يدع مجالاً لأي شك ان لا يمكن حل هذه المشاكل الا بالطرق السلمية، سبب زيارتي هنا وسبب هذه الزيارة التي اعتبرها ميمونة بالنسبة لي وبالنسبة لإتحاد البرلمانيين العربي هي فعلاً التحضير لمؤتمر الاتحاد البرلماني القادم ولمجلس الاتحاد البرلماني القادم فخلال المجلس الماضي تم الاتفاق بالاجماع على اسناد رئاسة اتحاد البرلماني العربي لسيادة رئيس المجلس النواب العراقي الدكتور محمود المشهداني خلال المؤتمر الذي سينعقد هنا في العراق وتم كذلك الاتفاق على عقد هذا المؤتمر وهذا المجلس الهام على ارض العراق وسوف نكون سعداء وسوف يكون البرلمانيون العرب سعداء بالالتقاء في ارض اربيل العزيزة وللتأكيد على ان العراق واحد وعلى ان الوطن العربي واحد والامة العربية واحدة وسوف تكون هذه مناسبة ومنعطفاً في تاريخ العلاقات العربية وفي تاريخ العلاقات الخارجية للمجلس الوطني لكوردستان ولمجلس النواب العراقي اشكركم جزيل الشكر على اتاحتكم لي هذه الفرصة واتمنى لهذه المنطقة العزيزة والغالية جداً من وطننا النمو والاستقرار والازدهار واتمنى ان يلعب الاكراد دائماً الدور الذي لعبه وهو دور التقريب ودور التوازن ودور حل المشاكل لانهم كما علمنا دائماً كانوا دائماً حاملين لرايات الاسلام ولرايات السلام ولرايات التآزر والتساكن واتمنى ان تدوم هذه النعمة على الجميع وشكراً لكم جميعاً والسلام عليكم ورحمة الله تعالى وبركاته.

**السيد عدنان المفتي رئيس البرلمان الكوردستاني:**

شكراً جزيلاً للاستاذ نورالدين الامين العام لاتحاد البرلمان العربي على كلمته المعبرة ، بس احب ان اشير الى جانب من كلمته وباعتباره من المغرب العربي وتجربته مع المغرب العربي طويلة هناك رأي في المغرب العربي يعتبر ان كل مسلم هو عربي واتذكر جيداً في احدى لقائاتنا في طرابلس في ليبيا كان رئيس الوزراء او منصبه كرئيس الوزراء هو الامين العام للجان الشعبية عبدالسلام جلود وهو يعتبر من اكثر المسؤوليين الليبيين كان اكثر قرباً للكورد ومدافعاً عنهم وفي مؤتمر جمع كل الفصائل العراقية وكان يتحدث من اجل توحيد هذه الفصائل في جبهة وبدأ كلامه كما الاستاذ نورالدين ويعتبرنا عرباً ولكنه انتبه سريعاً قال ان الاكراد عرب لكنهم أفضل العرب ونحن طبعاً من هذا المنطلق نعتبر الاستاذ نورالدين هو طبعاً امتداد لهذا الرأي الذي سمعناه وهو اشار الى ان اكثرية السكان في العراق هم عرب ولذلك نحن عندما نقول نرحب بعقد المؤتمر الاتحادي البرلماني العربي في اربيل التزاماً بالدستور وبالتزاماتنا تجاه الدولة الاتحادية ونحن مع العرب شعبين في دولة واحدة نشعر بالامهم وندافع عن قضاياهم كما هم يشعرون بآلامنا ويدافعون عن قضايانا الانسانية تجمعنا والاديان السماوية تجمعنا وحب الوطن والدفاع عن الانسان والديمقراطية كلها مسائل مشتركة بيننا الهدف ان نبني المواطن الذي لا بد ان يكون حراً وديمقراطياً ومحباً للآخرين. اعطي الكلمة للأخ علاء مكي من جبهة التوافق فليتفضل.

**الاستاذ علاء مكي/ من جبهة التوافق:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

قال تعالى:- ولا تستوي الحسنة ولا السيئة ادفع بالتي هي احسن فاذا الذي بينك وبينه عداوة كانه وليّ حميم ، وما يلقاها الا الذين صبروا وما يلقاها الا ذو حظ عظيم.

ايها الاخوة الكرام والاخوات الكريمات ، يا أبناء كردستان العزيزة ، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

لقد اختار الشعب العراقي لغة الحوار واسلوب التداول السلمي للسلطة لبناء عملية سياسية ضمن نظام ديمقراطي اتحادي يتضمن حقوق كافة ابناءه، وذلك بعد معاناة طويلة من أنظمة جائرة مستبدة وشمولية. والعراقيون سواسية أمام القانون في الحقوق والواجبات لا يفرقهم دين أو عرق او مذهب او انتماء سياسي، والاصل هو مبدأ المواطنة العراقية، أي الهوية العراقية قبل الانتماء للعراق أو الطائفة أو الحزب.

ولقد اثبتت الأيام والتجارب والمحن التي مرت وتمر على الشعب العراقي أن هذه حقيقة واقعة رغم كل التحديات. وما وقفة الشعب العراقي بكل مكوناته مع أخوتنا في كردستان في هذه المحنة إلا خير دليل على ذلك. إن التنوع العرقي والمذهبي والديني وكذلك الاختلاف في الرأي وفي الرؤية السياسية عناصر خير ينبغي ان توظف للمحافظة على وحدة العراق لا لتفتيته وانقسامه والتعايش مطلوب على قاعدة الانتماء للوطن.

هذا وإن دفاعنا عن تجربة كردسان العزيزة انما هو دفاع عن العراق وهو واجب وطني مقدس ليس لنا فيه فضل على أحد. وإن العراق هو جسد واحد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى.

كما لا بد ان اشير هنا ان المسألة العراقية هي شأنٌ وطني يتعامل معها العراقيون بمنتهى الاستقلالية ويرفضون التدخل الاجنبي بشأنها وولاؤهم للوطن لا يعلو عليه ولاء آخر. كما اننا نحرص في نفس الوقت على تأسيس وإدامة علاقات ثنائية متطورة مع دول العالم كافة وخاصة دول الجوار مبنية على الاحترام المتبادل وعدم التدخل في الشؤون الداخلية واحترام السيادة. وكذا ممكن وصف علاقتنا مع الجارة تركيا، حيث اننا ضد التدخل في شؤونها الداخلية وضد المساس بالأمن التركي ونرفض أن يكون العراق منطلقاً لعمليات مسلحة ضد جيراننا الاتراك. وفي الوقت نفسه نريد منهم ان يتعاملوا مع الشعب العراقي كوحدة واحدة لا تتجزأ بعربه واكراده وتركمانه والكلدواشوريين والازيديين والمسلمين والنصارى وكل المكونات وهذه هي هويتنا العراقية.

ايها الاخوة الكرام إن مسألة حزب العمال الكردستاني شأن تركي داخلي لا علاقة للعراق وشعبه به إلا بالقدر المتعلق باستقلال الاراضي العراقية من قبل الحزب المذكور. لذلك فنحن كعراقيين يجب أن لا نعطي الفرصة لمسلحي هذا الحزب ان يعرضوا تجربة كردستان الفريدة الى الأذى والفشل ، ويجب ان نسعى جادين الى منع أي نشاط لهم ضد الجارة تركيا.

أخوتي الكرام لقد جاء البيان الختامي لمؤتمر دول الجوار الأخير في اسطنبول ليشدد على ضرورة منع انتقال الارهابيين والاسلحة من العراق ومؤكداً على أهمية تقوية التعاون بين العراق والدول المجاورة للسيطرة على الحدود المشتركة. كما طالب بدور أكبر للأمم المتحدة. ودعى دول الجوار اضافة الى مصر والبحرين لمواصلة دعم الجهود الرامية الى سيادة العراق ووحدته الاقليمية واستقلاله السياسي وعدم جواز المساس بحدوده المعترف بها دولياً. وهذه نقطة ايجابية خرج بها المؤتمر تدلل على تفهم الحاضرين لخطورة الأزمة وما يمكن أن تسفر عنه من تداعيات. ولقد كانت جبهة التوافق العراقية أول من تحرك لاحتواء هذه الازمة من ادراكها

لخطورة الموقف وجديته ونبهت لضرورة التحرك السريع لحل الأزمة، حيث كانت زيارة الاستاذ طارق الهاشمي الأمين العام للحزب الاسلامي العراقي الخطوة الأولى في نزع فتيل التوتر عندما عمل على إقناع الجانب التركي باللجوء الى الحل السياسي ونبذ الحل العسكري الذي لا يمكن ان يجلب غير الكوارث للمنطقة. وحتى بعد المؤتمر لم يغلق الجانب التركي ملف الحل العسكري بل أبقى الباب مفتوحاً أمام جميع الاحتمالات لو لا التطور الجديد في تصريح رئيس الوزراء التركي رجب طيب أردوغان بأن تركيا تحترم سيادة العراق واستقلاله.

ورغم تأخر الاجراءات الرسمية العراقية في احتواء الأزمة في بدايتها، إلا ان المقترحات التي طرحتها الحكومة على مؤتمر اسطنبول ربما عوضت الى حد ما الفشل الذي رافق وفد الحكومة في زيارته السابقة لاسطنبول.

أخوتي الكرام نحن نقول أن هذه الأزمة يجب ان لا تمر دون الاستفادة من دروسها وهي كثيرة. وأولها ضرورة تحمل الحكومة لمسؤولياتها كونها معنية بالعراق بصرف النظر عن كون التهديد الخارجي يطال كردستان مباشرة أو غيرها من أراضي العراق. إضافة لمسؤوليتها في الحفاظ على سيادة العراق ووحدة أراضيه والتنسيق مع الأطراف السياسية دون استثناء. كما نؤكد مجدداً ان مصلحة العراق الوطنية تقتضي غلق ملف الـ PKK في العراق دون تأخير، والحكومة بامكانها فعل الكثير وبالتنسيق مع اقليم كردستان في هذا المجال وهنا ندعو كل الأطراف التي شاركت في مؤتمر اسطنبول الى الالتزام بتعهداتها والتزاماتها لان في ذلك مصلحة للجميع.

وختاماً فاني أدعو وباسم جبهة التوافق العراقية أن يقوم وفد من مجلس النواب العراقي بزيارة البرلمان التركي لشرح أبعاد القضية وتوضيح مواقفنا والتواصل لدعم الحل السياسي للقضية خدمةً لعراقنا العزيز وعلاقة حسن الجوار. والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

**السيد عدنان المفتي رئيس البرلمان الكوردستاني:**

شكراً للاستاذ الدكتور علاء مكي عن جبهة التوافق على كلمته المعبرة . أدعو الأخ الفاضل الشيخ خيرالله البصري عن القائمة الوطنية العراقية لإلقاء كلمته فليتفضل.

**السيد الشيخ خيرالله البصري:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

واذكروا نعمة الله عليكم إذ انجاكم من آل فرعون يسومونكم سوء العذاب يذبحون أبنائكم ويستحيون نسائكم وفي ذلكم بلاء من ربكم عظيم.

الدكتاتور يريد عبيداً والله يريد عباداً والفرق كبير بين العبيد والعباد، العباد هم الذين يأتون الى الله طواعية وهم الذين يأتون الى الله انقياداً ولكن الدكتاتور يريد اناساً ينقادون له كرهاً ورغم ارادتهم ولكن الاحرار يدفعون ثمن الحرية فالى شهداء الحرية في الانفال وحلبجة وفي جنوب العراق والى كل الدماء السائلة الى الآن نهدي ثواب الفاتحة.

((يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله اتقاكم)) سورة الحجرات الأية (13). ((ومن إياته خلق السموات والأرض واختلاف ألسنتكم وألوانكم إن في ذلك لآيات للعالمين)) سورة الروم الآية (22). ((ولو شاء ربك لجعل الناس امة واحدة ولا يزالون مختلفين إلا من رحم ربك ولذلك خلقهم)) سورة هود الآية (118). لم يكن خطر معاهدة سايكس بيكو يكمن في تجربة البلاد الاسلامية يكمن في تجزئة البلاد الإسلامية وترسيم حدودها فحسب بل الخطر يكمن في المنهج المرسوم لتفكيك وحدة الأمة وتجزئة همومها ووحدة مصيرها وزرع بذور الفرقة وخلق بؤر التوتر ونشر ثقافة التحريض والشنآن والبغي بين أبناء الدين الواحد بهدف لمنع التكامل في كل الميادين بين شعوب المنطقة .

والأخطر من هذا كله التقسيم الجغرافي والدموغرافي الذي يهدف لتلقيح الفتن القومية والمذهبية بين أبناء الأمة الواحدة لتأجيج الصراع على امتداد التاريخ وفقاً لهندسة الخبث المدروسة من قبل سايكس بيكو ومعارك الحدود والخلافات المذهبية والقومية هي من أشد المعارك في العصر الحديث بين الدول العربية والاسلامية والشواهد كثيرة على ذلك وإلا لماذا نشهد سوقاً أوروبية مشتركة وحروباً مستمرة على حدودنا المشتركة كان نتاج حصادها تخلفاً وتقهقراً الى الوراء في زمن يتقدم فيه العالم خطوات سريعة نحو الرقي والتقدم ولعله هو المقصود من هذا كله. ونتيجة لهذا التقسيم وقع الكرد في أشد غلامة على امتداد التاريخ وأصبحوا ضحية لسياسات التعريب والتتريك والتفريس كما وقع العرب في تركيا وإيران ضحية للسياسة ذاتها وهذا لا يعني تحريض على التمرد والانفصال والخروج على الحدود التي اصبحت قدراً محتوماً لمكونات الدولة الحديثة ولكن اقول لقد أسهم العلماء والمفكرون والمصلحون في أوروبا في تعطيل حروب الحدود وإلغاء الحروب الأهلية بعد كوارث الحربين العالميتين واعتبروا التداخل في الحدود والتلون والاختلاف في الأعراق والأديان والمذاهب عناصر قوة في تكوين الدولة. ولدينا من تجاربنا المريرة في الحروب الكارثية ما يدفعنا للحرص للاستفادة من تجارب الأمم ونجاحاتها ورصيدنا الحضاري يسهم بشكل كبير في إنجاح مشروع بناء الدولة الحديثة القائمة على أساس مبدأ المواطنة ومشاركة الأمة في ترشيدها للمشروع السياسي. ولكننى لا أريد أن أقول نحن العرب فالرجل لا يهجو نفسه ولكننا لا نريد الحصول على فضيلة الاعتراف بالخطأ بل نصر على إفشال محاولات التصحيح في النهج السياسي الذي يسمح بمبدأ المشاركة وبناء دولة المواطنة في إطار منظومة الحقوق والواجبات القائمة على أساس مبدأ الكفاءة والاستحقاق التي كفلها الدستور، وبدل أن تتحول تجربة العراق الرائدة في الديمقراطية بديلاً عن أقذر الدكتاتوريات في العالم ذهبت كثير من الدول وخصوصاً دول الجوار الى بذل كل مساعيه من أجل إفشال هذه التجربة الواعدة التي أنصفت كل المظلومين عرباً وأكراداً وتركماناً وأقليات أخرى عبر صناديق الاقتراع. إنني أعتقد إن حل المشكلة الكردية في العراق بإطار حضاري وفي ظل النظام الفدرالي يمثل حلاً شاملاً في المنطقة كلها وهذا ما كنت أؤكده في مؤتمر فيينا عام 1992 عندما كنت أقول بصراحة إن الفدرالية هي الحل وليس المشكلة وكانت الرؤية الاستشرافية للمستقبل تقتضي السبق دون أن نستسلم لحلول الأمر الواقع المفروضة من الخارج التي تفرضها رياح التغيير العالمية وكانت تقتضي حكمة السياسيين سد الذرائع وتفادي المضاعفات ودرء الفتن والأزمات ولكن انعدام الدراسات المستقبلية في عالمنا حال دون تدارك الأمر. وانا أثمن مخاوف العرب يا سيادة الأمين العام للبرلمان العربي، أنا أثمن مخاوف العرب والمسلمين على وحدة العراق وأقول لهم إن خطر التقسيم قد ولى إلى غير رجعة واتفاق العراقيين على عراق فدرالي يمثل نقلة كبيرة تمنع التقسيم فلماذا يا سيادة الأمين العام للبرلمانيين العرب لماذا يخشى العرب من الوحدة والوفاق بين العرب والكرد والمكونات الأخرى ولا يخشون من الحروب التي استمرت سنين طويلة أهلكت الحرث والنسل. وفي الختام أعلن دعوتي لعلماء المسلمين كافة لإصدار الفتاوى في تحريم الاقتتال بين المسلمين في كل مكان كما فعل الإمام الراحل السيد محسن الحكيم في تحريمه قتال الإخوة الكرد لتأسيس ثقافة السلم بدلاً عن ثقافة الحرب بين أبناء الوطن الواحد. ((يا أيها الذين آمنوا ادخلوا في السلم كافة ولا تتبعوا خطوات الشيطان انه لكم عدو مبين))سورة البقرةالآية (208). وفي الختام اقترح تأسيس مركز وطني يهدف لنشر ثقافة عراقية موحدة وهذا الخطاب موجه للسيد رئيس المجلس الوطني لاقليم كردستان وللسادة أعضاء هذا المجلس، وفي الختام اكرر شكري وبالغ احترامي للسيد رئيس المجلس النواب العراقي وللوفد الذي يرافقه وأكرر شكري ثانية للسيد رئيس المجلس الوطني الكردستاني وتمام اعضائه والسلام عليكم وشكراً لكم لحسن الضيافة.

**السيد رئيس المجلس الوطني:**

احسنتم شيخنا. شكراً للكلمة البليغة للشيخ خيرالله البصري عن القائمة الوطنية العراقية وهذا الموقف معروف عنه وقد سبق حتى قرار البرلمان الكردستاني في عام 1992 وهو يسبق هذا القرار عندما كان في فيينا طرح الفدرالية حلاً للمشكلة العراقية فاهلاً به وشكراً على كلمته المعبرة، ادعو الاخت الدكتورة سعاد حميد عن كتلة الائتلاف العراقية لإلقاء كلمتها فلتتفضل.

**الدكتورة سعاد حميد :**

بسم الله الرحمن الرحيم.

السيد رئيس المجلس الوطني لإقليم كوردستان (الاستاذ عدنان المفتي) المحترم.

السيدات والسادة الأعضاء المحترمون.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

نحمد الله تعالى على كشف الغمة عن إقليم كردستان ومعالجة الأزمة مع الجارة تركيا بمشكلة حزب العمال الكردستاني بالحلول السلمية بدل من الحلول العسكرية.

إخواني أخواتي السادة الأعضاء.. إيماناً منا بوحدة العراق أرضاً وشعباً وحكومة، جئنا الى برلمان إقليم كردستان للعمل الجاد والمشترك وللتنسيق فيما بيننا لخدمة العراق وشعبه وللتعاون معاً من أجل إنجاح العملية السياسية والتضامن في مواجهة التحديات السياسية منها والأمنية والاقتصادية ولكل أجزاء العراق من شماله الى جنوبه من شرقه الى غربه، والتمسك بما يؤكده دستور العراق الدائم بأن جمهورية العراق دولة اتحادية واحدة مستقلة وذات سيادة كاملة مع التزامنا بكل مبادئ الدستور وثوابته باعتباره القانون الأسمى والأعلى في العراق. جئنا الى إخواننا وأخواتنا في إقليم كردستان نحمل رسالة يسمعها العالم نؤكد فيها إن العراق موحد وسيبقى موحداً وإن كل العراقيين عرباً وكرداً وتركماناً، آشوريين وكلدان وبجميع طوائفه وأديانه حريصون كل الحرص على وحدة وسيادة العراق. نشكر الأخ رئيس إقليم كردستان (الاستاذ مسعود البارزاني) على كرم ضيافته ، كما نشكر السيد رئيس المجلس الوطني لإقليم كردستان على كرم ضيافته ، ونشكر السادة الأعضاء وكل الإخوة في برلمان كردستان على حسن الاستقبال والتنظيم لهذه الزيارة وسنستمر بعون الله بالتواصل فيما بيننا خدمة للعراق وشعبه والسلام عليكم ورحمة الله بركاته.

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني:**

شكراً للدكتور سعاد حميد على كلمتها القيمة التي عبرت عن كتلة الائتلاف العراقي ، أدعو الأخ السيد محمد البياتي لإلقاء كلمته فليتفضل. طبعاً كلمة الاستاذ محمد البياتي وهو من الاخوة التركمان في قائمة الائتلاف العراقي الموحد للتنويه فقط نرحب به اجمل ترحيب فليتفضل.

**السيد محمد البياتي:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

السيد رئيس المجلس الوطني لإقليم كوردستان العراق المحترم.

السيدات والسادة اعضاء المجلس الوطني لإقليم كوردستان العراق المحترمين.

تحية حب وإعتزاز الى شهداء العراق من البصرة الى زاخو، تحية الى شهداء الجنوب والأهوار، تحية حب الى شهداء المقابر الجماعية، تحية الى شهداء حلبجة والأنفال وشهداء الانتفاضة الشعبانية المباركة، تحية الى شهداء التركمان في كركوك وبشير وتسعين وطوز وتازة، تحية لشهداء آل البرزان وآل الحكيم وآل الصدر، تحية إكبار

وإجلال لكم يا نواب إقليم كردستان وأنتم ترسمون مستقبل أبناءكم وأجيالكم الذي ذاق الأمرين بيد النظام الدكتاتوري الصدامي ، نحييكم تحية الإسلام والسلام ونقول لكم السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

ايها السادة والسيدات:

لقد أثبت الشعب العراقي مرة أخرى بكل طوائفه وقومياته وفي جميع محنه ومصائبه وآلامه بأنهم كالجسد الواحد ومثل العراق اليوم كسفينة نوح من ركبها نجا ومن تخلف عنها غرق وهلك وإن إقليمكم هذا إنما جاء من رحم هذه الآلام والمحن والمصاعب واليوم ولله الحمد يتنعم بالأمن والاستقرار ببركة جهود أبناءه البررة وتضحياتهم وندرك جيداً أنه لم يتحقق هذا إلا بتلاحم وصبر وتحمل كافة أبناء الشعب العراقي بأحزابه وحركاته وشخصياته ورجالاته وكان الموقف الرائد للمرجعية الدينية الرشيدة المتمثلة اليوم بآية الله العظمى السيد علي السيستاني الدور البارز والريادي للتغيير الذي حصل في العراق وفي كافة الأصعدة وخاصة بعد سقوط الدكتاتورية وإجراء الانتخابات وتشكيل الحكومة وكان هذا الدور عاملاً أساسيا للحفاظ على إرادة الشعب العراقي ووحدته أرضاً وشعباً وعدم الانزلاق للحروب الداخلية والطائفية التي كان الاعداء يهدفون لذلك.

ايها السيدات والسادة:

لقد برهن الشعب العراقي مرة أخرى من الأحداث الأخيرة في الشريط الحدودي الشمالي مع الجارة تركيا أنه لايزال متلاحم ومتماسك مع وحدة الشعب العراقي في الهدف والمصير والهوية وجئنا اليوم نؤكد هذا المبدأ بأننا لا زلنا معكم وانتم معنا في هذه السفينة وفي هذا البحر المتلاطم وجئنا نؤكد بأن العراق بحاجة الى استقرار حقيقي بعد تعرضه لحروب كبيرة واستنزاف قدراته بسبب سياسات النظام السابق الحمقاء، لا نرغب أن يكون أرض العراق موطأ ومحطة لإيذاء وإزعاج دول الجوار وبالتالي نسقط التبريرات التي ترمي لتدخل هذه الدول في شؤوننا الداخلية وأمننا لأن ذلك يهدد أمن واستقرار العراق برمته وليس فقط إقليم كردستان وهذا لا يتحقق إلا بالسعي الحثيث والتعاون البناء على السراء والضراء ، لا ننسى ان الشعب العراقي ومنذ سقوط الدكتاتورية قدم آلاف الشهداء والضحايا بيد الارهابيين والتكفيريين وتعلمون جيداً أيها الإخوة ان هؤلاء الارهابيين لم ينزلوا من السماء وإنما دخلوا وتدفقوا من بعض هذه الدول لينفذوا مآربهم الشيطانية ويدخلون يومياً من بعض دول الجوار وبجنسيات مختلفة إلا إن حكمة الشعب العراقي وحكومته المنتخبة لا تزال تستخدم الدبلوماسية والحوار المفتوح لحل هذه الأزمة مع هذه الدول والجلوس على المائدة هو المفتاح الوحيد من أجل ايصال العراق الى بر الأمان. وأخيراً ندعو الله سبحانه وتعالى أن يحفظ العراق من شر الأشرار وكيد الأكياد ويحفظ هذه البقعة المباركة والآمنة ويديم هذه النعمة على الشعب الكردي الصبور.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني:**

شكراً جزيلاً ، شكراً للاستاذ محمد البياتي الصوت المعبر عن الشعب التركماني في الائتلاف العراقي الموحد على كلمته ، أدعو السيد الاستاذ مخلص سعدون عن كتلة حزب الفضيلة فليتفضل لإلقاء كلمته.

**الاستاذ مخلص سعدون:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**والحمد لله رب العالمين .**

**السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق الأستاذ عدنان المفتي.**

**الإخوة الأفاضل أعضاء هيئة رئاسة المجلس.**

**الاخوات والاخوة الاعزاء أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق.**

**باسمي وباسم كتلة الفضيلة النيابية أحييكم بخير تحية.**

**السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.**

من شطأن البصرة المخضبة بحناء الفاو واهوار ميسان ومضايف أهلنا في الناصرية ومن تربة السماوة التي ضمت بين طياتها أنات الوجع الكردي والعربي على حد سواء ومن منائر وقباب النجف وكربلاء والاعظمية والكاظمية الرافضة للباطل وأهل الباطل ومن أسد بابل ونواعير الرمادي وحديثة ومن ملوية سامراء وحدباء الموصل ونخلةً في اقصى جنوب الوطن الجريح تنزف دماً على جرح الشمال في كردستان العراق جئنا محملين بدعاء أهلينا ونياتهم الصادقة لأهلنا وإخواننا في كردستان. جئنا لنجدد عهداً قطعته دماؤنا التي امتزجت بدماء اخوتنا الكرد في زنازين الطغاة والمقابر الجماعية ولنبعث برسالة واضحة الى اخوة يوسف الذين عز عليهم ما حباه ربّه به فكادوا له كيداً فقالوا اقتلوه أو اطرحوه أرضاً هذا هو حال العراق كل العراق مع إخوته وجيرانه فسعوا الى خلق المشكلات والعراقيل بدلاً عن مساعدته في ايجاد الحلول.

أيها الإخوة لقد اغنى خطاب الأستاذ محمود المشهداني رئيس مجلس النواب العراقي وخطابات الإخوة أعضاء الوفد النيابي منبر الخطاب بمضامين كلنا ملزمون باقتفائها والسير على إيقاعها لكي لا نكون كالتي نقضت غزلها من بعد قوة انكاثا. واننا إذ نجدد رفضنا لأي تدخل سافر لدول الجوار فيما يمس أرض العراق وشعب العراق وسيادته نجدد ايضاً دعوتنا ونمد يد السلام تحملها. لكل المنصفين في العالم بأن يساعدوا عراقنا الغالي على النهوض بدوره الإقليمي والدولي بما يتناسب مع هويته وتأريخه العريق.

اخواتي اخوتي: نجدد تعبيرنا عن زهونا بالحضور بينكم سائلين الباري القدير ان يجنبكم وأهلكم ومن تمثلونهم من أبناء شعبنا الكردي عوادي الزمن. وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين والسلام عليكم ورحمة الله بركاته.

**السيد رئيس المجلس الوطني الكردستاني:**

شكراً جزيلاً للأستاذ مخلص سعدون على كلمته القيمة المعبرة عن كتلة حزب الفضيلة وأخيراً أدعوا الدكتور سعدي البرزنجي عن التحالف الكردستان لإلقاء كلمته فليتفضل.

**السيد سعدي البرزنجي:**

**السيد رئيس برلمان كوردستان.**

**السادة أعضاء هيئة الرئاسة.**

**الاخوات والإخوة أعضاء برلمان كوردستان**

السيد رئيس مجلس النواب العراقي بادر هذه المبادرة الكريمة وحمل من بغداد إليكم عطف شعب العراق جميعاً لان المجلس الوطني لكوردستان العراق ولان المجلس النواب العراقي يمثل الشعب العراقي وتعاطفه ومساندته وتقديره لمواقف إقليم كوردستان في هذا الظرف الحساس لا بد من إلقاء نظرة على الماضي البعيد

لنفهم حاضرنا بشكل جيد عندما أقرت عصبة الأمم إلحاق كوردستان بباقي العراق بالدولة العراقية التي أنشئت سنة 1921 وكان قرار إلحاق كوردستان بالعراق بقرار عصبة الأمم سنة 1925 في الحقيقة لم يكن الكورد قد سنحت لهم الفرصة لإبداء رأيهم في هذا الإلحاق لأنهم كانوا قد وعدوا بدولة بموجب اتفاقية سيفر في عام 1920 وبعد ان نكث الحلفاء عن وعدهم في معاهدة لوزان في عام 1923 اضطر الكورد ان يبحثوا عن حل لمشكلتهم وكانوا يطالبون بدولة مستقلة بقيادة الشيخ محمود الحفيد الخالد إلا ان الرياح كانت تجري بما لا يشتهي السفن. على اية حال لم يكن النظام السابق الأنظمة السابقة لو كانت قد تصرفت بقراءة الموزائيك العراقي كما هو لكانت قد استطاعت ان تقولب هوية عراقية نعتز بها جميعاً، للأسف هذه الهوية العراقية لم تقولب بسبب سياسات الانظمة المتعاقبة التي لم تقرأ هذا الواقع العراقي مع ذلك بقي الكورد معتزين بعراقيتهم، في سنة 1992 هذه المنطقة كانت خارجة عن سلطة العراق، عن سلطة الحكومة العراقية، هذا البرلمان في هذه القاعة قرر في 1992/10/4 أن يكون جزئاً من العراق وان يبقى جزءاً من العراق وان تكون العلاقة بين هذا الجزء وبين باقي العراق على أساس فدرالي ربما هذا مؤشر على طريق سيرنا لبناء عراق فدرالي بعد سقوط النظام كان هذا الجزء من العراق يتمتع بشبه استقلال، استقلال واقعي defect state ومع ذلك كان الكورد بقادتهم وشعبهم عندما أقول الكورد أعني شعب كوردستان هناك عرب وتركمان وآشوريين وكلدان وأكثرية شعب كردستان كوردية كان متوجها ومتعاطفا مع باقي العراق وتوجهوا الى بغداد لبناء عراق جديد على أساس جديد أساس العراق الجديد هو قراءة الموزائيك والاقلاع عن السلطة الفردية الدكتاتورية التي لا تقرأ موزائيك العراق كما يجب ان يقرأ، انا اجد ان دور كتلة التحالف الكوردستاني في البرلمانات العراقية منذ عام 2004 لحد الآن في المجلس المؤقت وفي الجمعية الوطنية الانتقالية وبعد ذلك في مجلس النواب العراقي كان دوراً بناءاً، نعم اختلفنا، تقاطعت الآراء، تعارضت الآراء، تناقضت الآراء ولكن المحصلة النهائية كانت لصالح العراق المتحد، الآن نحن جئنا من بغداد الى هنا، من مجلس النواب العراقي الذي كانت له في هذه الأزمة الأخيرة نكتب الصفحة الثانية من الرسالة التي بدأتم انتم بكتابتها في زيارة وفد اقليم كوردستان العراق وفد المجلس النواب الكوردستاني عفواً المجلس الوطنى لكوردستان العراق عند زيارته لبرلمان الاتحادي الفدرالي العراقي في مجلس النواب العراقي هم كتبوا الصفحة الاولى والأن نكتب الصفحة الثانية من الرسالة وهذه الرسالة بليغة في دلالتها في صياغتها في مدلولاتها الى كل دول الجوار والى كل دول العالم اننا في العراق في العراق الجديد الجمهوري الديمقراطي الفدرالي حالة واحدة نتعاطف مع آلام أي عراقي أينما كان وفي أي جزء من العراق كان واننا نقف معاً يداً واحدة في الشدائد والمهمات واننا ندافع جميعاً عن سيادة العراق ولا نقبل جميعاً لأي خرق لهذه السيادة هذه محطة متقدمة في بناء الهوية العراقية وقولبة الهوية العراقي التي نحن يجب ان نبنيها بمواقفنا بدمائنا وبكل ما نستطيع من جهودنا أشكركم جزيل الشكر على حسن الاستقبال واتمنى لهذه الزيارات ان تتكرر وان يكون مستقبلنا افضل من حاضرنا والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني:**

شكراً للأخ الدكتور سعدي البرزنجي على كلمته المعبرة عن كتلة التحالف الكوردستاني، أكيد الاخوة اعضاء الوفد الذين لم يتكلموا يمكن ان أشير الى اسمائهم لان الكلمات التي تحدثت عبرت عنهم أيضا : الاستاذ حسين الجبوري عن الكتلة العربية المستقلة ، الاستاذ حسن ديكان خضير عن جبهة التوافق ، الاستاذ فلاح حسن زيدان عن الجبهة العراقية للحوار الوطني ، الاستاذ عبدالخالق زنگنه عن كتلة التحالف الكوردستاني ، وكذلك السادة اعضاء مجلس النواب الآخرون الموجودون معنا الدكتور عبدالله والاستاذ سرباز وكل الضيوف الآخرين نرحب بهم ترحيباً حاراً الاسماء غير مكتوبة عندي

كلمة رئيس مجلس النواب عبر عن جميع الاطياف الرئيسية وهذا معروف عنه عندما يتكلم فهو يحاول ان يعبر عن جميع الكتل الموجودة في مجلس النواب ، طبعاً انا اعتقد ان الاخوة أعضاء الوفد لديهم موعد ويستعجلونني بان استعجل في إنهاء الجلسة ولكنه لا بد ان نعطي عشرة دقائق الى بعض الكلمات التي ستعبر عن الكتل البرلمانية في المجلس الوطني لاقليم كوردستان ارجو ان تكون الكلمة مختصرة جداً وأبدأ بالاستاذ شيروان الحيدري رئيس كتلة الحزب الديمقراطي الكوردستاني في البرلمان فليتفضل.

**الاستاذ شيروان ناصح الحيدري:**

**السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.**

بداية ارحب بالاستاذ الدكتور محمود المشهداني رئيس مجلس النواب العراقي وأعضاء الوفد المرافق له كما وأرحب بالاستاذ نورالدين الامين العام لاتحاد البرلمانيين العرب واتمنى لهم طيب الاقامة هنا في اقليم كوردستان العراق، لاشك انه وفي الآونة الأخيرة زار وفد من اقليم كوردستان أو بالأحرى من برلمان كوردستان الى البرلمان العراقي في جلسة خاصة لمناقشة الأوضاع الراهنة بين العراق وتركيا وقد حمل هذا الوفد الموقف الموحد لاقليم كوردستان الى البرلمان العراقي وقد جاء هذا الموقف موقفاً مكملاً لموقف مجلس النواب العراقي وفي هذه الجلسة يشاركنا رئيس مجلس النواب العراقي على رأس وفد لمشاركة هذه الجلسة وللتواصل والتباحث في هذا الموضوع، ان مثل هذه الزيارات وتبادل وجهات النظر والاجتماعات المشتركة ان دل على شئ فإنما يدل على حرص الجميع العالي بالمسؤولية تجاه شعبنا وتجاه التزامنا التام بالدستور وتجاه الحفاظ على وحدة أراضي العراق إننا في الوقت الذي نثمن موقف مجلس النواب العراقي نود ان نؤكد حرصنا التام على لغة الحوار وعلى لغة الدبلوماسية وعلى لغة السلم سبيلاً للتوصل لمعالجة هذا الموضوع ، اننا في الوقت الذي نشدد على أهمية الالتزام بمبادئ حسن الجوار والاحترام المتبادل والحفاظ على المصالح المشتركة وعدم التدخل في الشؤون الداخلية ومبادئ الشرعية الدولية وبمادئ القانون الدولي كأساس لمعالجة هذا التوتر نرى من الضروري الاشارة الى المواقف الايجابية التي خطت حكومة اقليم كوردستان بهذا الخصوص ومنها غلق بعض مكاتب الأحزاب المتعاطفة مع حزب العمال الكوردستاني والجهود الإنسانية المبذولة للإفراج عن الأسرى وتعزيز السيطرات المؤدية الى النقاط الحدودية والحصار اللوجستي المؤدية الى تلك الحدود كل هذه عناصر ومبادئ ايجابية تثبت حسن نوايا الاقليم لحل الازمة حلاً سلمياً، كما ان المقترح الذي جاء به السيد نيچيرڤان

البارزاني رئيس اقليم كوردستان حول الاجتماع الرباعي هو الآخر رئيس حكومة اقليم كردستان هو الآخر موقف ايجابي لحل المسألة اضافة الى ذلك فان تصريحات أردوغان الأخيرة والتصريحات التي ادلى بها السيد نيچيرڤان البارزاني رئيس حكومة الاقليم هي الاخرى جاءت معبرة عن حل الازمة حلاً سلمياً وسياسياً لتتضافر كل الجهود بين برلمان كوردستان وبين مجلس النواب العراقي في سبيل حل الأزمة والوصول الى نتائج مرضية للجميع والسلام عليكم .

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني:**

شكراً للاستاذ شيراون الحيدري رئيس كتلة الحزب الديمقراطي الكوردستاني في برلمان كوردستان. الاخت كويستان رئيس كتلة حزب الاتحاد الوطني الكوردستاني تريد ان ترحب بكم فلتتفضل.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی سەرۆك وئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ ئەکەم، هەروەك بەخێرهاتنی دکتۆر نورالدین ئەمینداری گشتی پەرلەمانتارانی عەرەب ئەکەم، زۆر سوپاسی وتارو قسە بەنرخەکانیان ئەکەم، هەروەك سوپاسیان ئەکەم بۆ ئەو هەڵوێستەیان کە هەیانبوو بەرامبەر بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا، بەرامبەر لەشکرکێشی بۆ هەرێمی کوردستان، سوپاسیشیان ئەکەین بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی کەلە ئێمەیان کرد وەفدی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، من لێرەوە هەر ویستم بەخێرهاتنیان بکەم وسوپاسیان بکەم، وتارەکانیان زۆر کافی بوو، کەبەڕاستی هیچ قسەیەکی بۆ ئێمە نەهێشتەوە وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ قسەکانت بەتایبەتی بۆ ئەوەی کە زۆر کورت بوو، ئومێد ئەکەم نموونەت زۆر بێت. تشكركم فقط على الكلمات وعلى المواقف التي الالتزام التي عبرة بالاخوة والدفاع عن شعب كوردستان الذي هو دفاع عن كل العراق ، السيد محمد فرج عن كتلة الاتحاد الاسلامي في برلمان كوردستان فليتفضل.

**السيد محمد فرج احمد:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني.**

الاخوة السادة السيدات، رئيس المجلس الوطني العراقي والوفد المرافق له السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

أولا أرحب بكم في المجلس الوطني الكوردستاني وأتمنى لكم طيب الإقامة كما أتمنى أن تكون هذه اللقاءات مثمرة وجادة وبناءة لكي نتضافر فيها الجهود لإصلاح حالة العراق ولكي يزدهر ولكي يتسنى لشعبه العيش بسلام وأمان انا أريد ان احدد نقاط ماذا نعمل لان لنا جميعاً امور ومسؤوليات متداخلة ومشتركة تجاه العراق ومكوناته لذلك علينا أولا: تحديد إطار جديد للقاءاتنا البرلمانية بين برلمان اقليم كوردستان ومجلس النواب العراقي ثانياً: العمل لوضع إطار عمل مشترك ومتين لغرض تحقيق الرؤية الوطنية المشتركة للعراق الاتحادي الديمقراطي يسودها الأمن والاستقرار والازدهار والرفاهية ثالثاً: العمل لوضع إطار لالتزامات

مشتركة ومتبادلة بين المركز والاقليم رابعاً: على مجلس النواب العمل بجدية لإنهاء تنفيذ المادة (140) خامساً: العمل لتعزيز الدور الأساسي لاقليم كوردستان الذي هو جزء مهم وأساسي من العراق الاتحادي سادساً: العمل لبناء علاقة صداقة واحترام متبادل وتعاون مع دول الجوار بما يحقق المصالح المشتركة وعدم التدخل في الشؤون الداخلية واعتماد الحوار والتفاوض لحل مشاكلنا وأخيرا اقترح تشكيل لجنة برلمانية مشتركة لصياغة عهد جديد بين برلمان إقليم كوردستان ومجلس النواب ليكون نواة وأساسا لمجلس الأقاليم في العراق الاتحادي الفدرالي وشكراً.

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني:**

شكراً للسيد محمد فرج عن الاتحاد الإسلامي ، الأستاذ حسن عن الجماعة الإسلامية فليتفضل.

**الأستاذ حسن بابكر احمد:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.**

بداية نرحب برئيس مجلس النواب العراقي والوفد المرافق له أحرَ ترحيب في عاصمة إقليم كوردستان هەولێر الآمنة وفي جلسة برلمان كوردستان نحن سعداء بأن نرى إخواننا من مجلس النواب العراقي يزورون إخوانهم في الإقليم ويشاركون مشاوراتهم ويستعدون لبناء جسر قوي ومتين بين بغداد وهەولێر من أجل علاقة طيبة أخوية بين الطرفين من جهة وبين كافة القوميات والطوائف من جهة اخرى. نحن في كوردستان نشعر بان كلما تحسنت الاوضاع الامنية في الوسط والجنوب وازدهر الاقليم في مجالات عدة يحاول اطراف ان يزرعوا بذور الخوف والهلع في البلاد كي يبقى الوطن والشعب العراقي مهدداً في مأزق، لذا علينا أن نفهم الأشياء كما هي فالتكاتف ووحدة الصف ضرورة وواجب على الجميع للقضاء على كل المشاكل التي تواجهنا، لان الإنسان قليل وضعيف بنفسه وكثير وقوي بأخيه فنحن أحفاد صلاح الدين رمز العزة والرجولة والسخاء والوفاء لا نخذل أصدقائنا وشركائنا، لأننا نعلم بأن لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه، نتمنى للوفد الزائر التوفيق والنجاح وللشعب العراقي التقدم ولكوردستان النصر والأمان وشكراً.

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني:**

شكراً لكلمة الأستاذ حسن عبر بها عن كتلة الجماعة الإسلامية شكراً له. الكلمة الآن للأخت بخشان عن كتلة الحزب الشيوعي الكوردستاني فلتتفضل.

**بەڕێز پخشان عبدالله زنگەنە:**

**سيادة رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.**

تشريف سيادة رئيس مجلس النواب والوفد المرافق له الى كوردستان والى برلمان كوردستان تعتبر خطوة ايجابية جيدة في تعزيز وتطوير العلاقة بين البرلمانين مجلس النواب والمجلس الوطني لكوردستان العراق فأهلاً وسهلاً بهم جميعاً، وأهلاً وسهلاً بالاستاذ نورالدين رئيس اتحاد البرلمانيين العرب، سيادة الرئيس لقد عبرتم والمتحدثين والمتحدثات قبلي عن عمق العلاقة بين أفراد الشعب العراقي بكل مكوناته فأتفق معكم جميعاً

وليس لي ما اضيف بالنسبة الى توطيد العلاقة بين البرلمانين أرى من الضروري توطيد هذه العلاقة وتوطيد العلاقة بين كافة المؤسسات واطراف العملية السياسية في العراق وخاصة في هذه الظروف التي فيها تعقيدات كثيرة وفي اجواء جميعنا يعني تجربتنا في ممارسة الديمقراطية لا زالت بحاجة الى المزيد من النضج قد تنشأ التباسات هنا وهناك ربما التباعد يعمق هذه الالتباسات لكن تطوير العلاقات وتمتينها يمكن تلافي هذه الحالات فارى تنظيم هذه الحالة بحيث لا تقتصر على الظروف الاستثنائية فقط بالنسبة الى الازمة التي نشأت مع الجارة تركيا لقد خطت الحكومة التركية بزعامة حزب العدالة والتنمية خطوات ايجابية في البداية كنا نأمل ان تتواصل وتتعمق وخاصة وان حزب العمال الكوردستاني أيضاً قد أجرى تغييرات في سياسته ونهجه ولكن للأسف ما حصل كان غير ذلك وخلقت حالة من التوتر والقلق في عموم العراق وخاصة في كوردستان أخذت الأوضاع تهدأ الأن وخاصة التصريحات السيد اردوغان، ولكن باعتقادي هذا لا يعني انه المسألة قد حلت تماماً أو أجرى حل جذري اليها نأمل ان يجري حل هذه المسألة جذرياً من خلال الإقرار بالحقوق القومية المشروعة للشعب الكوردي في تركيا وبناء علاقات الجوار على أساس القوانين والأعراف الدولية واحترام السيادة وعدم التدخل في الشؤون الداخلية واحترام الجيرة التي تربطنا منذ قرون من السنوات احنا بالعراق أحوج ما نكون ونقدر قيمة السلام وقيمة الأمان وقيمة الاستقرار ونحن بحاجة إليها لإعادة بناء العراق على أسس الديمقراطية والفدرالية وشكراً.

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني:**

شكراً للأخت العزيزة بخشان على كلمتها التي عبرت عن مواقف الحزب الشيوعي الكوردستاني. ئێستا كاك بەڵێن فەرموو بەس بەكورتی.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود( بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سێ دەقەم ئەوێت ئەگەر ئیزنم ئەدەیت قسە ئەكەم، ئەگینا قسە ناكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەراستی وەفدەكە پەلەیانە و ئێوەش هەر یەكەو داوای سێ دەقە بكات زۆر ئەكات، بۆیە ئەگەر قبوڵی بكەن من لەباتی ئێوە هەموو قسەیەكم كردووە، بۆیە ئەگەر قبوڵی بكەن پێویست ناكات. كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش بەخێرهاتنیان ئەكەم، مادام دەقیقەیەكە زۆر بەخێرایی قسەكانم ئەكەم، یەك پێم باشە نووسینگەی پەرلەمانی عێراقی لە هەرێمی كوردستان هەبێت، وە نووسینگەی ئێمەش لەبەغدا هەبێت، ئەوە خاڵی یەكەم خاڵی دووەم، لەهەر پرس وكێشەیەك كە دێتە پێشەوە، پێویستە هەردوولا كۆبوونەوەی هاوبەش ئەنجام بدەین، نەك كۆبوونەوەی تاك لایەنە ئەنجام بدەین، بۆ ئەوەی ئاگادار بین هەڵوێستێكی یەك لایەنەمان هەبێت، خاڵی سێیەمیشم ئەوەیە پەرلەمان دەسەڵات بەهیچ وەزیرێك نەدات، وەكو ئەوەی

كە وەزیری ناوخۆی عێراقی کردی، ئیتیفاقیەی ئەمنی لەگەڵ وڵاتانی تر ئیمزا بکات، بێ ئاگاداری ئێمە، کە پەیوەستە بە رەوشی ئێمەو بەچارەنووسی ئێمەشەوە، دەبێ بەڕاستی لە داهاتوو ئەو رەوشە دووبارە نەبێتەوە، خاڵی چوارەمیشم بەنیسبەت چارەسەرکردنی کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەوە هەموو لایەکمان و ئەو برا بەڕێزانەشی کەوا قسەیان کرد، داوا دەکەین کەوا بەئاشتی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستانیش تەئکیدی کردۆتە سەر ئەو مەسەلەیە، جگە لەئاگر بەستەکە رای گەیاندووە ئامادەیە ئەگەر پرۆژەی سیاسی هەبێت، چەکیش دابنێت، بۆیە دەبێ بەراستی ئێمە پێشوازی لەو هەنگاوە بکەین و داوا لەتورکیاش بکەین، کەوەڵامی ئەوەی هەبێت نەك وەك بەڕێز ئۆردۆگان دەڵێت تا ئێستاکەش خەیاری سەربازی لەپێشەو بۆ ئەنجامدان ئێمە کاری لەسەر ئەکەین، دەبێ ئێمە داوا لەتورکیا بکەین، و پەرلەمانی عێراقیش داوا لەتورکیا بکات، رێز لەو هەنگاوەی سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستانیش بگرێت وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس وەخت نیە تەرجومەی بکەین دوایی بینووسن تەرجومەی ئەکەین و بیدەنە ئەوان بەزمانی عەرەبی، کاك کرخی یان کاك اسعد فەرقی نیە.

الاخ اسعد عن کتلة الترکمان في برلمان کوردستان، وهو یتکلم باللغة الترکمانیة.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مێوانە بەڕێزەکان بەخێرهاتنتان دەکەم، تەبیعی لەم مینبەرەوە بە تورکمانی لەگەڵ بەڕێزتان قسە دەکەم، دووبارە بەخێرهاتنتان دەکەم، دوو تێبینی کورتم هەیە بۆتان باس دەکەم، یەك/ ئێمە وەکو تورکمانەکان 100٪ لەگەڵ قسەکانی بەڕێز مەحمود مەشهەدانین.

دوو/ ئێمە قەبول ناکەین هەر کام لە دەوڵەتەکانی دراوسێ بێت دەست لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بکات، سوپاستان دەکەین، دووبارە بەخێر بێن.

**السید رئیس المجلس الوطني الکوردستاني:**

شکراً لکلمة الاخ اسعد، الاخت گلاوێژ عن الحرکة الدیمقراطیة الآشوریة فلتتفضل:

**بەڕێز گلاوێژ شابا ججی:**

**سیادة رئیس المجلس الوطني لکوردستان العراق.**

بدایة أرحب بالضیوف الکرام . اشکرك علی الکلمات الطیبة بس ارجو من الاخوان الذین القوا کلماتهم هنا في هذا المنبر ان یتم توصیلها الی الجمهور وخاصة نقطة التعایش الاخوي والسلمي بین کافة مکونات الشعب العراقي وأدیانە نرجو منهم ذلك وشکراً.

**السید رئیس المجلس الوطني الکوردستاني:**

کاك بابیر فەرموو.

**بەڕێز بابیر کاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

انی اتكلم بلغة امي باللغة الكردية لتنفيذ هذه بنود الدستور.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان میوانە بەڕێزەکان بەخێرهاتنێکی گەرمتان ئەکەم، وێڕای دەستخۆشیتان لەوتارەکانتان، وتاری زۆر بەپێز بوون، ئومێدی ئەوەش هەیە کە دەبێتە هۆی بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان هەرێمەکانی کەلەداهاتوو چ هەرێمی ئێستا چ حکومەتی فیدراڵی عێراق بێت، بەڵام ئەوەی کە تێبینی ئەکرێت، هەر وەفدێکی پەرلەمانی یان وەفدێکی حکومی کەلەحکومەتی فیدرالی دێت قسەی زۆرباش دەکرێت، تا ئێستا قسەکانیان جێگای گلەیی ئێمە نەبوو، بەڵام کە دەچنەوە ئەویٚ بەکردەوە ئومێد دەکەین ئەو قسانە جێبەجیٚ بکرێن، بەتایبەتی ئەوانە هەریەکەو لەکوتلەیەکە، کوتلەکانیان زۆر قسەی جوانیان کرد، بەڵام کۆمەڵێك گرفت وکێشە کە ئێستا ماونەتەوە، کە لەنێوان ئێمە وئەوان بۆ بەهێزکردنی یەکێتی خاکی عێراق، بەهێزکردنی دەوڵەتی عێراق، پێویستە تەئسیریان لەسەر کوتلەکانیان بێت، لەسەر نوێنەرەکانیان بێت لەکوتلەی وەزاری عێراقی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی کەلەدەستووردا هەن، کار بکەین هەمووومان بۆ بەندەکانی دەستور بەتایبەتی ماددەی 140 و جێبەجێکردنی کە یەکێکە لە هەرە خاڵەکانی لەپێشەوە، کە زەمانی خاکی عێڕاق دەکات، زەمانی یەکێتی گەلی کوردو گەلی عەرەب ئەکات، لەهەمان کاتدا جێبەجێکردنی بەتایبەتی لەدابەشکردنی داهاتدا، داهاتی عێراق کە تەئسیریان دەبێت پەرلەمانی عێراقی کتلەکانی عێراقی هەر یەکەو وەزیریان هەیە، تەئسیریان لیٚ بکات، بۆ جێبەجیٚ کردنی وەك خۆی، وەکو پار ساڵ کۆمەڵێك کێشەو گرفتی ئەو تۆ دروست بوون، کە بوو بەمایەی کۆمەڵێك کێشە لە هەرێمی کوردستان، ئومێدەوارین ئەو کێشانە، کاریگەریان هەبێت چارەسەر بکرێن ئەو کێشە هەڵواسراوانەی کەباسم کردن وچەند کێشەیەکی تریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس دوا کەلیمە، آخر دقيقة للسيد نوري طالباني العضو المستقل في البرلمان فليتفضل:

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێگام بدەن کەوا دوو وشە بەزمانی عەرەبی ئاراستەی میوانە بەڕێزەکان بکەم.

**السيد رئيس مجلس النواب العراقي/ السادة الضيوف.**

اود ان اشكر مواقفكم وخاصة في الكلمات التي وردت في كلمة رئيس المجلس النيابي في قوله بأن اقليم كوردستان عامل قوة للعراق وبأن العراق حريص على الأمن القومي التركي ولكنه يرفض ان تكون اراضي دول الجوار محوراً للاعتداء على العراق وفي إدانته لقرار البرلمان التركي في اجتياز الحدود الدولية للعراق اتكلم كمستقل وأتكلم كقانوني لأنني كنت استاذاً للقانون في عدد من الجامعات العراقية ابتداءاً من جامعة البصرة

وبغداد والسليمانية وصلاح الدين قبل احالتي على التقاعد بقرار من النظام البعثي في عام 1982 أقول هنالك بؤر يمكن ان تكون مصدراً للاشكالات في المستقبل منها تطبيق المادة (140) خاصة ونحن على عتبة اجراء الاستفتاء في نهاية هذه السنة هنالك اشكالات قانونية يجب العمل على حلها باسرع وقت ممكن إذ يجب أن يكون الاستفتاء بالمناطق المتنازع عليها فقط وهناك اشكال آخر يتعلق بقانون بصدور تشريع خاص بهذا البرلمان خاص بالثروة النفطية هذا القانون لا يتناقض مطلقاً مع ما ورد في الدستور الاتحادي وشكراً لكم.

**السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني:**

شكراً للسيد نوري طالباني الذي التزم بالوقت وعبر خلال دقيقة عما يريد ان يقوله ، تسمحلي سيادة رئيس مجلس النواب، الاخوة الحضور ان انهي الجلسة بتكرار الشكر على حضوركم بالتأكيد على ضرورة العمل معاً والتعاون اللامحدود بين المجلسين من اجل الشعب العراقي ومن اجل تثبيت دعائم الديمقراطية والفدرالية وحقوق الانسان ومن اجل خلق مجتمع مدني خالي من الاضطهاد والتعصب والابتعاد عن كل المشاكل التي خلقها لنا الدكتاتورية المقيتة، أشكركم مرة اخرى وانهي الجلسة الآن لكي يسنح المجال للوفد الضيف بمواصلة لقاءاته وشكراً لكم والى اللقاء.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)** | **عدنان رشاد مفتى** |
| **سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى** | **جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى** | **سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (21)**

**دوو شەممە رێکەوتی 12\11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (21)

## دوو شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2007/11/12

كاتژمێر (11)ی سه‌ر له‌ به‌یانی ڕۆژی دوو شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2007/11/12 ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز عدنان رشاد مفتی سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و, به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كه‌ركووكی) جێگری سه‌رۆك و, به‌ڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئه‌نجومه‌ن, دانیشتنی ژماره (21)ی خولی دووه‌م, ساڵی (2007) ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1)ی مادده (20) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هه‌مواركراوی ساڵی 1992ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاردرا دانیشتنی ژماره‌ی (21)ی خولی گرێدانی دووه‌می ساڵی سێیه‌می خولی هه‌ڵبژاردنی دووه‌می په‌رله‌مانی كوردستان – عێراق, به‌رنامه‌ی كار به‌م شێوه‌یه بێت:

1- خستنه‌روو و گفتوگۆكردنی پرۆژوی یاسای به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی جگه‌ره‌كێشان، له‌ هه‌رێمی كوردستان - عێراق، كه‌ له‌ لایه‌ن ژماره‌ی یاسایی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان پێشكه‌ش كراوه.

2- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژه‌ی یاسای یه‌كه‌م هه‌مواركردنی یاسای ڕێكخستنی موڵكیه‌تی كشتوكاڵی ژماره(90)ی ساڵی 1975، كه‌ له‌ لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه بۆمان هاتووه.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

**به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان.**

به‌ناوی گه‌لی كوردستان دانیشتنی ئه‌مرۆمان ده‌كه‌ینه‌وه, به‌رنامه‌ی كار:
به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1)ی مادده (20) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هه‌موار كراوی ساڵی 1992ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تیی ئه‌نجومه‌ن بڕیاریدا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره ()ی خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن له‌ كات(11)ی پێش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی دوو شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2007/11/12دا به‌م شێوه‌یه بێت:

1- خستنه‌روو و گفتوگۆكردنی پرۆژوی یاسای به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی جگه‌ره‌كێشان، له‌ هه‌رێمی كوردستان - عێراق، كه‌ له‌ لایه‌ن ژماره‌ی یاسایی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان پێشكه‌ش كراوه.

2- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژه‌ی یاسای یه‌كه‌م هه‌مواركردنی یاسای ڕێكخستنی موڵكیه‌تی كشتوكاڵی ژماره(90)ی ساڵی 1975، كه‌ له‌ لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه بۆمان هاتووه.

به‌خێر هاتنی برای به‌ڕێز كاك زریان، وه‌زیری ته‌ندروستی و برای به‌ڕێز كاك دارا وه‌زیری ژینگه، برای به‌ڕێز كاك سعد وزیری هه‌رێم بۆ كاروباری په‌رله‌مان، به‌خێرهاتنیان ده‌كه‌م، كه‌ به‌شداران له‌گه‌ڵمان بۆ بڕگه‌ی یه‌كه‌م، هه‌روه‌ها كاك سعد هه‌میشه له‌گه‌ڵمان به‌شداره، به‌خێر بێت سه‌رچاو، داوا له‌ لیژنه‌ی یاسایی و لیژنه‌ی ته‌ندروستی و ئه‌و لیژنانه‌ی كه‌وا ڕاپۆرتیان هه‌یه، مافی مرۆڤ ڕاپۆرتیان هه‌یه، كاك ڕشادیش ڕاپۆرتی هه‌یه، با لیژنه‌ی ته‌ندرستی و لیژنه‌ی یاسایی دانیشن، فه‌رموو.

بەنیسبەت ئەوانەی کە پرۆژەکەمان تەحویلیان کرد، لیژنەی یاسایی و, لیژنەی تەندروستی و, لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی شارەوانی. خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتیە لە، خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان، لە هەرێمی کوردستان –عێراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ناوەکانیشیان پێشتر خوێندراوەتەوە حەزدەکەن جارێکی تر دەیخوێنمەوە. ڤیان دزەیی، محمد فەرەج، د.نوری تاڵەبانی، تارق جامباز، کریم بحری، د.شکریە رسول، طلعت خضر، سید طلعت، د. ئاریان خالص، خلیل ابراهیم، عبدالکریم ابوبکر هەمەوەندی، پەخشان زەنگەنە، کوێستان محمد، گیلاس محی الدین، سەردار هرکی، رشاد احمد، کەژاڵ مجید، ئەوانی تر ناویان دەرنەچووە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بخوێننەوە، کەوا پڕۆژەکە خاڵ بە خاڵ بخوێننەوە، رەئی خۆیان لەسەر ئەو خاڵانە بڵێن، فەرموون.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کاک کریم بحری، بە عەرەبی دەیخوێنێتەوە، ئێنجا رەئی لیژنەکە دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: هێنان یا دروست کردن یا فرۆشتنی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی بەرهەمی تووتن قەدەغە دەکرێ لە هەرێم، ئەگەر پێکهاتەکانی ماددەی وای تێدابوو زیان بە تەندروستی و ئەقڵ بگەیەنێ و مەبەستیش لە ماددەی زیان بەخش بە تەندروستی و ئەقل هەر ماددەیەکی کیمایی یا سروشتی بێ و کار لە ئەقڵ یا خود کۆئەندامی دەماری مرۆڤ نەکات.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الماده الاولى: يحظر استيراد او تصنيع او بيع اي نوع من انواع منتجات التبغ في الاقليم اذا احتوت في مكوناته على مضافات ضارة بالصحة والعقل ويقصد بالمضفات الضارة بالصحة والعقل اية مواد كيمياوية او طبيعية تؤثر في العقل او الجهاز العصبي للانسان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئێمە لیژنەی یاسایی، پێمان باش بوو، کە ناوی یاساکە(قانون مکافحة تدخين نەبێ،( قانون حظر التدخين في اقليم كوردستان- العراق)، شتەکە جوانترە، چونکە ئەو یاسایە بۆئەوەی نییە، کەوا هەر مەنعی بکات جگەرە بکێشێ، بەس تەنزیمی دەکات، لەبەر ئەوەی بە حظر باشتر دەردەچیتن، ئەوە یەك، یەکی تریش ئەمە هەروەکو لە یاساکانی تردا هاتووە، کارمان کردووە و، رۆیشتووە، تبویب و ئیعادەی صیاغە و دیباجە و ئەو شتانە تەخویلمان بکەن، بۆی دابنێینەوە، وەکو یاساکانی تر، بەنیسبەت ماددەی یەکەمیش، ئێمە ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە، دوای ئەوەی کە ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە، بۆ ئەوەی کەوا هاووڵاتی بزانێ دوای ئەوەی کە حوکمەکە چەسپا، بزانین مخالف و سەرپێچی کار، سزایەکەی چییە، سزایەکەشمان لەگەڵی داناوە، نەك لە دوایی بێت، بەم جۆرەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە.

المادە الاولى: يحظر صنع او استيراد اي نوع من منتجات التبغ او المتاجرة بها في الاقليم اذا احتوت على مواد كيمياوية ضارة بالصحة او مؤثرة في العقل او الجهاز العصبي للانسان ويعاقب المخالف بالحبس و بغرامة لا تقل عن (خمسة ملايين) دينار ولا تزيد على(عشرين مليون)دينار؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی مافی مرۆڤ، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە یەکەم، لەسەر عنوانەکە پێشنیارێکمان هەیە، یاسای قەدەغەکردنی جگەرکێشان بکرێتە یاسای نەهێشتنی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان. بەنیسبەت ماددەی یەك، ئێمە لە ئەسڵی پڕۆژەکە پێمان باشە بەم جۆرەی خوارەوە بخوێنرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە نەصە عەرەبیەکەمان لا بوو، نەصە کوردیەکەمان لا نەبوو، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەوە موناقەشەمان کردووە(لا يجوز استيراد او انتاج او بيع كافة منتوجات التبغ مالم تكن مطابقة للمواصفات والمعايير الدولية المعمولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد، خۆی تەرکیز لەسەر ئەوەی صیغەکە، ناکرێت دوو یان سێ صیغە تەرح بکرێت، یەعنی ئەو صیغەیەی لیژنەی قانونی تەرحی دەکات، ئەگەر کەلیمەیەك هەبێ، پەیوەندی بە لیژنەکانی تر هەبێ، یان ئەگەر چوار پێنج صیغە بێتە پێش موناقەشەمان پێ ناکرێت، راستیەکەی، یەعنی تۆ مەسەلەن لە لیژنەی مافی مرۆڤەوە ئەوەی عیلاقەی بە مافی مرۆڤەوە هەیە لەسەر ئەو صیغەیە، کەلیمەیەکت ئیزافە هەبێت، یاخود پشتگیریت لێ دەکەین، وا بێت، ئەگەر نا صیغەی تەقدیم کراو، ئەوان مەسئولن لێی، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەم یاسایانە ئەوەی کە تۆ ئاراستەی ئێمەی دەکەی، ئێمە موناقەشەی ئەوە دەکەین، ئێمە موناقەشەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی ناکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە موناقەشەی ئەو پڕۆژەمان کردووە کە تۆ ئاراستەی ئێمەت کردووە، سەرۆکایەتی ئاراستەی ئێمەی کردووە، بەرچاوی لیژنەی مافی مرۆڤ خراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی، دەبێ وا موناقەشە بکرێت، چونکە صیاغەکە لە رووی یاساییەوە، لە رووی قانونیەوە، دەبێت لیژنەی قانونی دایڕێژێت، بەڵام جەنابت دەبێت رایەکە موناقەشە بکەیت، بڵێ ئەو صیاغەیە، لەگەڵ فلان نوقتەی مافی مرۆڤدا ناگونجێت، پێمان باشترە وا بێت، ئەگەر نا تۆ بەدوای صیاغەیەکدا بگەڕێی، لە جیاتی لیژنەی قانونی تووشی ئیشکالان دەکەی بەڕاستی، لیژنەکانی تریش رەنگە وابێت، یەعنی مەسەلەن بڵێی ئەو صیغەیە، لەبەر ئەوەی ئەو صیغەمان پێ باشترە، چونکە ئەو مەوزوعە لە ناحیەی لیژنەی مافی مرۆڤەوە باشتر دەبێتن، دەبێت شەرحی بکەی، بۆ ئەوەی بتوانین وەریگرین.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی، تەبعەن یەكێك لەو ئەندام پەرلەمانانە خۆی بە موكەلەف دەزانێت لە هەموو مەسەلەی ئەوەی كە ئەیزانێ، ئێمە دەبێت بەرژەوەندی هەرێمیش لەبەر چاو بگرین، تۆ كە حەصر دەكەی ئێستا، كۆمەڵێ مەعامل و مەصانع هەیە، بەمەوە مەشغولە، تۆ ئەمە حەصر دەكەی، ئەی ئەمانە چی لێ بكەی، خۆ هەر نابێت تۆ بڵێ هەر وا یاسایی تەنها وەكو بڵێین مولزەمە بە صیاغە كردنی، ئەی ئێمە ئێستا كۆمەڵێك مەعاملمان هەیە، ئەم وڵاتەی ئێمە، دەساڵ لەمەو پێش لە90٪ی داهاتی لەسەر توتن بووە، ئێستا تۆ ئەمە هەمووی حەصر دەكەی، بەڵام بڵێی لا یجوز، مانای وایە تۆ پێشتر ئیجازەیەكت هەبووە، ئێستا دەتەوێت مقدارێكی لێ مەنع بكەی، كە بریتیە لەوانە كە ئەو مواصەفاتانەی تێدا هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرست موداخەلەیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە گوێرەی نیزامی داخیلی شانزە لیژنەمان هەیە، هەر لیژنەك مەفروزە موختەص بكرێ، لە ئیش و كاری خۆی، ئەگەر هەر لیژنەیەك هات ئیش و كاری لیژنەیەكی تری كرد، مانای وایە با دەمجی بكەین و، بیكەینە یەك لیژنە باشترە، ئەندامی پەرلەمان وەك ئەندام ئەگەر قسان بكات، حەقی هەیە، موداخەلە لەسەر هەموو بابەتێك و مەوزوعێك بكات، بەڵام ئەگەر وەكو لیژنە قسان بكات، چ سەرۆك بێت؟ چ ئەندام بێت؟ مەفرووزە زمنی ئیختصاصی خۆی قسان بكات، مەوزوعی ماددەی یەك، صیاغەكە ئەصلەن هی لیژنەی قانونی بوو، ئەگەر صیاغەكە مەساسی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت، مامۆستا محمد حەقی هەیە ئیشارەی بكات، تاكو راست بكرێتەوە، ئەگەر عیلاقەتی لەگەڵ نەبێت، نابێت لیژنەی تەندروستی، ئیشی لیژنەی بلدیات بكات، لیژنەی بلدیات ئیشی لیژنەی مافی مرۆڤ بكات، لیژنەی قانونی ئیشی هەموویان بكات، چونكە بەم شكلە بێت، ئێشەكە بەڕێوە ناچێت، خیلافی نیزامی داخیلیە، لەبەر ئەوەی بیدایەتەكەی من وتم تەعەجووبم لێ هات، ئەو پرۆژەیە بۆ بچێتە لیژنەی خدمات، بۆ بچێتە لیژنەی مافی مرۆڤ، مەفروزە ئەو لیژنانە ئەوەی عیلاقەتی لەگەڵ هەبێت، لیژنەی تەندروستیەو، لیژنەی قانونییە، من نازانم دوور نییە، ئێمە وەكو ریئاسەت تووشی غەڵەتەیك بین لە تەعمیمەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ، لیژنەی تەندروستی لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئێمە، هەندێك تێبینیمان هەیە، لەسەر ناوی پرۆژەكە، سەبارەت بە ناوی پڕۆژەی یاساكە، لیژنەكەمان پێشنیار دەكات، كە ناوی بگۆڕێت بۆ كۆنترۆڵ كردنی جگەرە كێشان لە هەرێمی كوردستان، لەراستیدا مەبەستمان لە كۆنترۆڵ كردن یەعنی سنورداركردنیەتی و, ئەم یاسایەش لە راستیدا سنوور دادەنێت بۆ جگەرە كێشان، قەدەغەی ناكات، مەبەستمان ئەوە نییە، جگەرە كێشان نەهێڵین و, لە هیچ

ولأتێكیشدا ئـەو یاسـایانەی كـە درەچـووە، تـەنها بـۆ سـنووردارکردنیەتی، بـە عـەرەبیش لـە راسـتیدا مانـای (التحكم)، تەحەكووم بە جگەرە كێشان و، ماددەی یەك و دوو، پێشنیار دەكەین ئێمە، لە راستیدا نـاوەڕۆكی هەردوو ماددەكە، ئەگەر بەڕێزان لیژنەی یاسایی بیخوێننـەوە، هـەردووكیان تـەعبیر لـە یـەك شـت دەكـەن، لەبەر ئەوە ئێمـە، هـەردوو ماددەكـەمان وا پێشـنیار دەكـەین رێـك بخـرێ و، یـەك بخـرێ و، پێشـنیاری ئـەو نەصـە دەكـەین، نەهێشـتی دروسـت كـردن و هێنـانی هـەر جـۆرە بـەروبوومێكی تـووتن یـا بەرهـەم هێنـانی جگەرە، یان بازرگانی پێكردنی یان هەڵگرتنی بەمەبەستی فرۆشتن لـە هـەرێم، ئەگـەر هـاتوو لـە پێكهاتـەی كیماوی یان سروشتی زەرەر بە تەندروستی لە خۆ بگرێت و، كاریگـەری لەسـەر مێشـك و كۆئەنـدامی مـرۆڤ هەبێت، یان لەگەڵ داواو ، یەعنی مواصەفات و، پێوەرە نێو دەوڵەتیەكان یەكی نەگرتەوە، سـزای سەرپێچـی كار بە بژاردنی پێنـج ملیۆن دینار كـەمترو، بیسـت ملیـۆن دینـار زیـاتر نـەبێت، لەبەرئـەوەی سـزا دەدرێـت، تەبیعی ئێمە لەگەڵ نەصی هەردوو ماددەكەین، بەڕاستی لەگەڵ لیژنەی یاساییین، نەصێكی زۆر چاكە، بەڵام ناوەڕۆكەكەیان هەردووكی لەیەك دەچێت، بۆیە لە یەكمان داوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار لیژنەی ناوەخۆ، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی ناوخۆ، پاش كۆبوونەوە لەسەر ئەو پرۆژەیە و، بۆ پاراستنی سـەروەت و سـامانی وڵات و، پاراسـتنی تەنـدروسـتی هاووڵاتیـان و، پارێزگـاری لـە ژینگەكـەمان، لیژنـەی كاروبـاری نـاوخۆ بـە زۆرینـەی دەنگەكان پشتگیری لە پرۆژەكە دەكات، سەبارەت بەناوی پرۆژەكە ئێمە پێمان باشە وەكو خۆی بێـت، وەكـو د. فوئاد باسی كرد، ئەمە حەزر نییە و، مەنعیش نییە، بەڵكو لـە چـەند شـوێنێكی تایبـەت ئـەو شـوێنانەی داخراوە یاخود، وەسائیلی نەقلی مواصەلات و، تەنها لەوێ مەنع دەكرێت، بۆیـە كـە دەڵـێ حـەزر یـان مـەنع پێم وایە زۆر سەركەوتوو نییە، بەڵكو هەر ناوەكەی موكافەحەی تەدخین، چونكە فەلسـەفەی ئـەو قانونـە ئەوەیە، كە لە سەرەتادا لە چەند جێیەك مەنعی ئەوەی دەكـات، یـەك، دەبێتـە ئەساسـێكی بـاش بـۆ ئـەوەی موكافەحە بكرێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەینـە كـە ناوەكـەی وەكـو خـۆی بمێنێتـەوە، یـەك، دوو، ئێمـە ئـەو صیغەیەی كە لیژنەی یاسایی تەرحی كرد لەگەڵی داینە، بەڵام چەند تێبینیەكمان لەسەری هەیە، یەكەم لە پرۆژەكەی دەڵێت(اذا احتوت في مكوناته علـى او مـواد طبيعيـة و مضـافات ضـارة بالصحة)، یـەعنی جگـەرە خۆی زەرەری هەیە بۆ صەحەت، هەرچی موادی كیمیاوی تێدا هەبێت، زەرەری هەیـە بـۆ صـەحەت، ئەگـەر بـۆی بكـەین، یـەعنی جگـارە مـەنع دەكرێـت، بۆیـە ئێمـە پێشـنیار دەكـەین، رسـتەك ئیزافـە بكرێـت، مەترسییەكی گەورەی هەبێت، تێبینی دووەمـان دەڵێت الصحه والعقل، خـۆی عـەقلیش هـەر بەشـێكە لـە صەحەت، پێمان وایە، عەقلەكە نەمێنێت، تەنها صەحەت بـێ، ئـەوە كیفایەتـە، لەبـەر ئـەوەی پشـتگیری لـە پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەكەین، لەسـەر ئـەو صیغەیەی چـەند تێبینیـەكمان هەیـە، ئـەوان تـەنها باسـی ئەوەی دەكەن، حەپس، حەپس تـەبیعی چـەند رۆژێـك وەدەگـرین، تـا پێـنج سـاڵ، حەپسـی بەسـیت هەیـە، حەپسی شەدید هەیە، ئێمە پێمان وایە لێرە دەست نیشان بكرێ، بكرێ تا یەك ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش پشتگیری لەوەی دەکەم، کە دەبایە لیژنەی تەندروستی تایبەتمەند بی لەو راپۆرتە، بەلاَم گلەیش لە جەنابی سکرتێر دەکەم، کە بە تەقیعی خۆی دوێنێ، ئەو مەشروعەی بلاَو کردەوە، دەبوایە دوێنێ عیلاجی بکردایە، پێمانی راگەیاندبا، ئەو لیژنەیە کاتییە، نەك لە هۆڵی پەرلەمان ئیسارە بکرێتن و، ئەوەش کە هاتیە بۆ لیژنەکان، من تایبەتمەند بم یان نەبم، دەبێت شتێك وەلاَم بدەمەوە و بنووسم، جا پشتگیری لە راپۆڕتەکەی لیژنەی تەندروستی دەکەم، وا بزانم راپۆڕتەکەی خۆمان نەخوێنینیەوە باشترە، کۆتایی پێ بێت، تەقصیر بکرێت وەختەکە باشترە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو تەوزیحێك، دوێنێ بەرنامەی کار بلاَو بوویتەوە، بەلاَم کاك فرسەت، وتی رەنگە سەرۆکایەتی هەڵەی کردبیت، کە ئاراستەی ئەو هەموو لیژنانەی کردبێت، راستە خۆی دەبوایە بۆ دوو لیژنە بێتن، بەلاَم لەبەر ئەهمیەتی مەوزوعەکە ئەو دەقەیە رەنگە وتومە، بەس ئەوەش پەیوەندی بە هەموو لیژانەکانەوە هەیە و، بەهەموو ئەندامەکانیشەوە هەیە، دەکرێ رەئی خۆیان بدەن لەسەر مەسەلەکان، بەهەر حاڵ ئێستاکە داوا لە جەنابی د. زریان وەزیری تەندروستی دەکەم، یەکەم ناوەکە، دووەمیش ئەو مولاحەزاتانەی کە درا وەلاَم بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. عبدالرحمن عثمان یونس( د. زریان)/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ناوەکە دەکەم، ناوەکە زۆر تەواوە، ئەمە بەرگری کردنە و قەدەغەکردن نییە، ماددەی یەکەم نە علمیە و نەعەمەلیە و نە تەتبیقیش دەبێت، ئەگەر ئەو ماددەیە لێك بدەنەوە، نە سیفاتی علمیشتان بۆ دێت، کە جگەرە ئەو وەزعەی ئێستای هەیە، موزرە بۆ عەقلیش و بۆ جسمیش و، بۆ جیهازی عەصەبی ئینسانیش، سامیشە، مودمنیشە و، دەبێت لە بەیانییەوە کە قەرارەکە دەرچوو، جگەر کێشان مەمنوع بکرێ و، ئەو مەعمەلانەی کە هەیە دابخرێ و، ئەو مندالأنەی کە دەیفرۆشن لە بازاڕی حەپس بکرێن و، ئەوەش لە هیچ دنیا نەکراوە و، عەملیش نییە، تەتبیقیش نابێت، بەلاَم دەبێت زۆر بە سەبری بکرێ، خەتووە خەتووە، هەنگاو هەنگاو بکرێ، من زۆر پشتیوانی ئەوە دەکەم کە مانای ئەو ماددەیە بگۆڕێ، نازانم ئەوە چۆنە من لەڕووی قانونیەوە، بەلاَم بکرێ بە پێی مواصەفاتی دەولی، مواصەفاتی دەولی ئەوەیە دەڵێت، دەبێت نیسبەتی نیکۆتینی، قەترانی یەك ملیگرام کەمتر بێت و لەسەر پاکەتەکەی نووسرا بێت بەگەورەیی جگەرە کێشان دەتکوژێت، دەبێت پاکەتەکەی لەوە نەهی بێ فاریزەیەکی لەسەر بێ، مەجموعەك مواصەفاتی ئەوانە هەیە، ئەوەی لەسەر بێ، هەنگاو هەنگاو، ئێمەش دەتوانین تەتبیقی

بکەین، ئەگینا بەم شێوەیە تەتبیق ناکرێ، ئەگەر بەم شێوە توندو تیژیە، بەڕاستی دەبێت ماددەی یەکەم بگوڕدرێ بە تەئکید، ئەگەر لەغوو نەکرێتەوە، بەرەئی من ماددەی دووەم کافییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت عنوانەکە، بەرەئی من عنوانەکەی خۆی زیاتر موعەبیرە، جەنابی وەزیریش هەر وای وت، لیژنەی ناوخۆیش هەروایان وت، یەعنی ئەگەر تەماشا بکەین، ئێمە یەکەم قانونە دەردەچیتن لەسەر ئەوە، چ ئیمکانێك حەزر نایگرێتەوە، چونکە تۆ هەندێکی حەزف دەکەی، هەندێکیش موقاتەعە دەکەی، زومنی ئەوەشە تەسقیفە لە بلاوکردنەوەی رۆشنبیری پێویستە، ئەوە لە چ؟ ئەگەر موکافەحەکە نەبێت، داخلی ئەم شکلە نابێتن، لەبەر ئەوە من بزانم لیژنەی قانونی موصرن لەسەر رەئییەکەی خۆیان، ئینجا دەیخەینە موناقەشە و ئەوانە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو دوو ماددەیە بەرەئی من یەکیان بەگشتی هاتووە، بەنیسبەت ئەوەی شتێکی تەبیعیە کەوا دەڵێت مەوادی کیمیاوییە و زاڕ نەبێ، ئەوەی تریان نووسیتمان مواصەفاتی دەولی و، ئەوەی هەموو لەگەڵە ماددەی دووەم، بەلام ناوەکە ئێمە مانعمان نییە، کامەتان پێ باش بێ، هیچ مانعمان نییە، چونکە ئەوە بەڕاستی ئیختیصاصی ئێوەیە و، ئیختصاصی لیژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ قسەی هەیە، ناوەکان دەنووسم، کاك احسان، فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دەبینین لەو پرۆژەیە گەلێك تێکەلی هەیە، دیتمان لە ماددەی یەکێ و، ماددەی دووێ، تەعبیر لەیەك شت دەکەن، ئەگەر دەمج بکرێت، موختەصەر بکرێت، دێ باشتر بیتن، ڤی شێوە بیتن، ماددەی یەکێ دووێ، ماددێ یەکێ بێتە ماددێ دووێ، یەکێ کە بێتە هێنان، یان دروست کردن یان فرۆشتن، هەر جۆرەك لە جۆرەکانی بەرووبوومێ کە قەدەغە دەکرێ لە هەرێم، ئەگەر لەگەڵ مەرج و پێوەرەکانی زانستی و جیهانی نەگونجێ، هەرئەوها بیت، بەرەئی من باشترە، تەواو ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ناوی پرۆژە یاساییەکە پێویستە ناوی وەکو خۆی بێت، بە مانایە ئینگلیزیەکەشی کە دەبێتە (ئەنتی سموکینك لەجیگەیشن)یان (ئەنتی سموکین لۆو)، بەرەنگاربوونەوە باشترین مەفهوومە، بۆیە من لەگەڵ ئەو رەئییە نیم کە بگۆڕدرێت، یەکەم، دووەم: هەروەکو جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێ کرد، بەڕاستی ماددەی

یەکەم زیادە، یەعنی قابیل بە جێبەجێ کردن نییە، من نیازم هەبوو، ئەو پرسیارە لە جەنابیان بکەم، ئایا ئەمە لەم کاتەدا جێبەجێ دەکرێت، یان وەکو جەنابیان خۆیان وەڵامیان دایەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ماددەی یەکەم بەڕاستی لا ببرێت و، لە جێی ئەوە، من پێشنیاری ماددەیەکی تر دەکەم، کە لەسەرەتای ئەم پرۆژەیە دایبنێین، کە ئەویش تەسبیت کردنی تەمەنی ئەو گەنجانە بێ، یاخود ئەو خەڵکە بێ کە دەتوانن جگەرە بکڕن، چونکە یەکێك لە گەورەترین موشکیلەکان کە ئەمڕۆ هەمانە، ئەگەر تەماشا بکەن، منداڵانی تەمەن هەشت و نۆ ساڵ، جگەرەیان بەدەستەوەیە و، لە هەموو سەرە کۆڵانێکیش دوکانێکی بچووك هەیە، جگەرە دەفرۆشێت، بە هەموو کەسێك و هەر تەمەنێك بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لە جێگای ئەو ماددەیە، بەڕاستی ماددەیەك لەسەرەتاوە داوا لە نوێنەرایەتی لیژنەکان دەکەم، بەتایبەتی کە پێنج لیژنە ئەمڕۆ لێرە ئامادەن، لەگەڵ ئەندامە بەڕێزەکانیش، یەکێك لە باشترین شتەکانی کە ئێمە دەتوانین بۆ بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان بیکەین، دانانی فرۆشتنی جگەرەیە بۆ کەسێك کە تەمەنی لە شانزە ساڵ کەمتر نەبێ، یەعنی قەدەغەکردنیەتی، پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە لەسەرەتای ئەو پرۆژەیە بێت، ئەمە یەکەم، دووەم، بەڕاستی هەندێ پێوەر باس دەکرێ، کە لە ماددەی دووەم هاتووە، هەندێ لە بەڕێزان پێشنیاریان کرد، کە لە ماددەی یەکەم و دووەم، هاتووە، کە دەبێت دەمج بکرێت. ئەگەر پێوەرەکان، یان دە میلگرام قەتران بێت، بەڕاستی ئەوە پێوەری نێو دەوڵەتی نییە، یەعنی من بەش بە حاڵی خۆم، نزیکەی دوو ساڵ و نیوە، وازم لە جگەرە کێشان هێناوە، بەڵام من پێشتر لە دەرەوەی وڵاتیش جگەرەم کێشاوە، لە کوردستانیش جگەرەم کێشاوە، دە میلگرام قەتران، یەعنی من نازانم لە گەڵ پێوەری چ وڵاتێك و چ ستاندەردێك هاتووە، بەڵام ئەو پێوەری نێو دەوڵەتی نییە، لەبەر ئەوەی بە قەدەر ئەوەی کە نیکۆتین مەترسیدارە، قەترانیش مەترسیدار ترە، کە جەنابی وەزیری تەندروستیش و دکتۆرە بەڕێزەکانی ئەندامانی پەرلەمانیش، ئەو حەقیقەتە دەزانن، بۆیە من پێشنیار دەکەم، کە بەڕاستی ئەو ستاندەردە جارێکی تر پێداچونەوەی تێدا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی جەنابی سکرتێر دەکەم، کە لیژنەی ئابووری زۆر مەعنییە بەم مەسەلەیەوە، دەبوایە لیژنەی ئابووری راپۆرتی هەبوایە، کە بەشێك لە داهاتی هەرێم، نەك هەر لە هەرێمی کوردستانیش، هەر لە تەواوی جیهانیش لەسەر بازرگانی کردنە لەسەر ئەوە، پاشانیش یەکێك لە بەربوومە گرنگەکان لە هەرێمی کوردستاندا پێش چەند ساڵێك تووتن بووە، کە ژیانی هەزارەها خێزانی لەسەر بەند بووە، دوو، بەڕاستی دەرکردنی یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی جگەرە کێشان بەم شکلە، من بە یاسایەکی پۆلیسی دەزانم، ئەوە ئەوەندەی رەبتی بە تەوعیە و، وشیارکردنەوەی خەڵکەوە هەیە، پەیوەندی بە جێبەجێ کردنی یاساکەوە نییە، خەڵکیش وا بزانم درەکردنی یاساکان هەر بەم شێوەیە ئەوەندە کە جێبەجێکردنەکەی زەرووریەتە، دەرکردنی یاساکە گرنگ نییە، سەرەرای ئەوە لە زۆر برگەکانی ماددەکە، ئازادی تاك پێشێل کراوە، کە بەڕاستی ئەوە مافی هەموو کەسێکە کە خۆی پێ ئازاد بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نامەوێت تەعلیق بدەم لەسەر هەر موداخەلەیەك، بەڵام دیارە جگەرە کێش و جگەرە نەکێش مەعلومە لە قسەکانیانەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم، من خۆم جگەرەم کێشاوە، جگەرەشم تەرك کردووە، بەڵام بەقەدەر جگەرەکێشێك ئەزیەت دەکێشم، گەورەترین حەملەی دنیا لەبەر ئەو کەسانە دەبێت، بۆ ئەو کەسانەی کە

جگەرە ناکێشن، نەك جگەرە کێشەکان، چونکە زەرەری جگەرەکێشەکان بەقەدەری جگەرنەکێشەکانە و زیارتریش، ئەوە پێی دەڵێن جگەرە کێشی سلبی، یاخود بە بێ ئیرادەی خۆت جگەرەت پێدەکێشن، دەچیە مەتعەمێك دادەنیشیت، دە کەس جگەرە دەکێشن، هەڵمەکەی بۆ تۆ دێتن، زەرەری بۆ ئەو کەسەیە کە جگەرە ناکێشێت، لەبەر ئەو قانونە ئەو کەسانەن کە زۆرینەن، زۆرینە حیمایە دەبێ، بکرێن کە جگەرە نەکێشن، ئەو کەسانە حوریەتی خۆیەتی ناتوانرێت لێ بسەنرێت کە جگەرە دەکێشیتن، بەلاَم بیەوێ یان نەیەوێ، دەبێ حیمایەتی ئەوان بکرێت، بەلاَم ئەوانیش وەعی زیاتر لە ناویاندا پەیدا بێتن، کە رێژەیان کەم بکرێتەوە، قانونی مەنع کردنی جگەرە لە بەریتانیا کە دەرچوو یەکەم جار، پێشی رەنگە سی ساڵ دەبێت، حەملەیەکیان دەست پێ کرد، لە خیلالی یەك ساڵدا، یەك ملیۆن کەس جگەرەیان تەرك کرد، بەلاَم موقابیلی ئەوە ربع میلۆنێکی گەنج هاتنەوە سەر جگەرە خواردن، ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین، رێژەی جگەرە کێشان لە ولاَتە پێشکەوتووەکان ناگاتە، دوانزە سییانزەلە 100٪، بەلاَم لە کوردستاندا لە50٪ تێپەڕاندووە، پەنجای تێپەڕاندووە و، پەنجاکەی تریش دەناڵێنێت لەدەست ئەو پەنجایەی تر، لەبەر ئەوە، ئەو قانونە گرنگە، جگەرە کێشەکان کە موداخەلە دەکەن، رەچاوی ئەوە بکەن، هەر خۆیان نین، خۆیان تا حەددێك حوڕن، تا حەددێك، بەڵێ جەنابی وەزیر، ئەویش موداخەلەی هەیە لەسەر ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالرحمن عثمان یونس (د. زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك موداخەلە، من نازانم لەگەڵ رێزم بۆ کاك بەرزان، نازانم ئینسان موهیمە یان ولاَت، یان ئیقتیصاد، لە ولاَتی ئێمە حەزدەکەم بزانن عومری پیاو تا پەنجاویەك ساڵ دەژی، لە ژێر پەنجاو نۆ ساڵدا دەژی، لە صۆماڵ ئینسان 45 ساڵ دەژی، ئێمە یەك تۆزمان لە صۆماڵ زیاترە، 28٪ی دکتۆرمان جگەرە ئەکێشێ، 20٪ی مامۆستامان لەناو قوتابخانەکان، لە پۆلەکان جگەرە ئەکێشێ، پاکەتێکی جگەرە لە بۆتڵێکی ئاوی حەیات هەرزانترە، 12٪ی ئێمە بە سرطان دەمرین، 20٪مان بە نەخۆشی دڵ دەمرین، 20٪مان بە جەڵتەی دەماغی دەمرین، هەمووشی بە هۆی جگەرە کێشانەوەیە، ئەگەر ئەو رێیە هەڵدەبژێرن با بەردەوام بین لەسەری، بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە شتێکی حەزارییە، ئینسانییە، مرۆڤایەتییە، مافی مرۆڤە، هەموو شتێکە، ئەمڕۆ دەبێت قانونی نەهێشتنی جگەرەکێشان دەربچێت و، پەیڕەویشی دەکەین، ئینشا الله، سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئی دکتۆر زریانم، وەکو قسە و مەسائیلی صەحی باشە، بەلاَم دکتۆر زریان، بۆ بەحسی مەعمەلی تاسلوجەو، مەعمەلی چیمەنتۆی بازیان ناکات، کە هەموو سلێمانی کردۆتە جگەرە خۆر، دوو، من لەگەڵ ئەوەی ئیشی کاك محمد فەرەجیش ئەڵێم کە لیژنەی مافی مرۆڤە، چونکە مرۆڤ جگەرە دەکێشێت، قانون زەمینەی ئیقتیصادی و سیاسی و فکری و ئابوری و ئەوانەشی هەیە، مادام لیژنەی صەحە بەشداری کردووە، حەق وا بوو، لیژنەی مافی مرۆڤیش بەشداری بکردایە باشتر بوو، چونکە مرۆڤ جگەرە بەکار دێنێت، دوو، ئەو قانونە هیچ عیلاجێك لە ئەستۆ ناگرێتەوە، جگەرە ئیدمانە، ئێستا من لە هۆڵەندا، لەوێ کەلیمەك هەیە، عیلاجت بۆ دەکەن، بۆ ئەوەی جگەرە تەرك بکەی، لێرە قانونێکی فەوقی دەردەچێت، بڕۆ

تەركی بكە، مەنعیشت ناكات، هیچ ئیش و هیچ مەسئولیەتێك ناگرێتە ئەستۆ، من لەگەڵتام، منیش ئـەزانم دیموكراتیەت نییە، بەلاّم ئەساسی ئیقتیصادی لەم ولاّتە حكومـەت خـۆی تیجارەت دەكات، گـەورە پیـاوانی دەوڵـەت خۆیـان تیجارەتی جگـەرە دەكـەن، خۆیـان دەیهێـنن، جگـەرە ئەگـەر دە سـی گـرامیش نیكـۆتین و قەترەی تێدا بێت، هەرە زەرەرە، یەعنی ماددەی یەكەم هەر هیچە، یەعنی بـەربوومی خـەڵكی ئـەم ولاّتـەی ئێمـە لـە ولاّتێكـدا كـە بەتاڵەیـەكی زۆر هەیـە، ناكرێـت بـەبیَ تـەعویز فـەرەحی جگەرەكێشـێكیش بـبڕیَ بەبۆنـەی منـەوە زەرەر بكێشـیَ، بەرهـەمهێنی تـووتن خـۆی جگـەرە ناكێشـیَ، بـۆ قانونەكەشـی(الحـد مـن التدخين)، بە قسەی كاك جمال رەئی ئەویشە، رەنگە باشتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ململانێیە هەر دەمێنێتن، بەینی ئەو كەسانەیە، كە سوود لە جگەرە فرۆشتن وەردەگرن، شەریكات بـن، وزارەتی مالیە بێتن و، بەینی ئەو كەسانەی كە تەندروستی هاووڵاتیانیان مەبەستە، وازەرتی تەندروستییە، من تەمەنا دەكەم رۆژێك بێتن، ببێتە شەڕ لەسەر ئەو كەسەی كە ببێتە دكتۆر كـە دەبـیَ جگـەرە نەكێشـیَ، بەڕاستی چونكە كە دكتۆر كە دەچی بۆ لای، دەزانیت 100٪ ئەو جگەرەی ئەو نەخۆشیە پەیدا دەكاتن، بە خۆشی جگەرە دەكێشیتن، نموونەیەكی زر نابەجێیە، بەلاّم ئێمە كە دەڵێین ئـەو قانونـە دەردەهێـنین، ئـەو قانونە كۆمەڵێك ئیجرائاتە، ئاخیر شت ئومێدیشمان وایە كە دەبێت جگەرە تەرك بكاتن، بـەلاّم لـەم شـوێنە عامەنە دەبێـت جگەرە نەكێشتن، لە مەتعەمدا یان لەناو پاسدا، لەناو دەوئـیردا و، خەڵكـەك هەیـە، جگـەرە ناكێشیتن، تۆ بۆ رەغبەتی خۆت بۆ خەڵكی تر ئەزیەت دەدەیت، ئینجا هەڵمـەتێكی رۆشـنبیرییە بـۆ ئـەوەی خەڵك زەرەری جگەرەكە بزانێتن، نیسبەتی كەم ببێتەوە، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە هەموو كەس پەرۆش ترم، بۆ تـەرك كردنـی جگـەرە، لەبـەر ئـەوەی خـۆم نایكێشـم، دووش، هەر رۆژێك كۆبوونەوەمان هەبێت، ئەو برادەرانەی جگەرە ئەكێشن، یەعنی بەڕاستی كە دەچمەوە نەخۆش دەكەوم، دڵنیـا بـن لـەوە، بـەلاّم كـاك فرسـەت ئێسـتا مـەجالی دا كـە رەخنـە بگـرین، قسـەی تـر بكـەین، بـە پێچەوانەی ئەوەی سەرۆكایەتی، رەنگە هەندیَ جار سەرۆكایەتی بەسەر بچێتن، من پرسیارێكم لێرە هەیە، جەنابی سەرۆك، كۆمەڵێك یاسا لەبەردەمی ئێوەدایە، پرۆژە یاسای ئـەوەی زیـاد لـە نیـوەی ئەنـدامانمان كـە دەبێت بە بڕیار، یەعنی ئیمزا بكرێتن، ناخرێتـە بەرنامـەی كـار، یـەك و، هەنـدیَ پـرۆژە یاسـای تـر هەیـە، ئێمـە داوامـان كردیـە، زۆر پێویسـتن، بـۆ نموونـە وا داوامـان لـیَ دەكرێـت و، فشـارێكی جـەماوەری زۆرمـان لەسەرە، پرۆژەی یاسای رۆژنامە نووسی، پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یاسای باری كەسێتی، پرۆژەی یاسـای ئەكادیمیا، یەعنی كۆمەڵێك لـەو پرۆژانـە، ئـەوە یـەك، مـن پرسـیار دەكـەم، حیكمـەت چییە لـەوەی پـرۆژە یاسای قەدەغەكردنی یان كۆنترۆڵ كردنی، یان كەم كردنەوەی جگەرە كێشان ئەكرێتـە پـێش ئـەم پرۆژانـە، دیارە من دەست خۆشی لە ئەو برادەرانە دەكەم، كە ئیمزایان كـردووە و، سوپاسـی وەزارەتـی تەندروسـتیش دەكـەم، كـە هـەوڵ دەدات، جگـەرە كـەم بكاتـەوە، یـان قەدەغـەی بكات، دواجاریش، حەقـە لـەناو پەرلـەمان جگەرە كێشان قەدەغە بكریَ، من ئەو رۆژەی كـە عـەمرو موسـا هاتـە پەرلـەمان، شـەش قونكـە جگـارەم بـە شاهێدی شەش كارمەندی، یان سیَ كارمەند، بەڕاسـتی نـازانم چـەندە، لێـرە لەسـەر قالدرمـەكانی پەرلـەمان كۆكردەوە، یەعنی تا ئێستاش هەر برادەرێك دەتوانیَ بگەڕیَ لەناو پەرلەمان پڕی قونكە جگارەیە، كە لەناو

پەرلەمان جگەرە ئەکێشێ، لەناو وەزارەتی صەحە دکتۆرێك قسەی لەگەڵ کردم، جگارەی بەدەمە وەبوو، کراسەکەمی سووتاند لە عیادەکەی خۆی، لە قوتابخانەکان، مامۆستا جگارە لە قوتابیەکانی خۆی وەردەگرێت، من پرسیارێك دەکەم، دیارە ئەوە زۆر باشە، باسی وشیاری دەکەنەوە، وشیاری بلاّودەکەنەوە، زۆر راستە، بەلاّم بۆچی ئێمە داوانەکەین، جارێ ئەوەندە حەریسین و پەرۆشین، لەناو پەرلەمان، ئەو هەنگاوانەمان بکردایە تا بزانین ئەتوانین قانونەکە لەدەرەوەش جێبەجێ بکەین ئەمە یەك، دوو: ئایا ناکرێت حکومەت، وەزارەتی تەندروستی لە خەستەخانەکان، وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانەکان، قەدەغەی بکەن، من پێم وایە ئەو یاسایە کارێکی باشە، بەلاّم، ئەوە یاسایە بەو شکلە دەرکردنی یەعنی نەکردنی، دەبوایە ئێمە، هەوڵ بدەین زەمینەی بۆ خۆش بکرێ، دەبوایە ئێمە، هەوڵ بدەین حکومەت هەندێ رێنمایی بۆ دەربکات، چونکە قانونەکە هەندێ تەبیعەتی تری هەیە، یەعنی مەسەلەی قەدەغەکردنی جگەرە، وەکو برادەران باس ئەکەن، دیفاع لەوانە ناکەم، بەس بازرگانی کردنی جگەرە لەکوردستان زۆر زۆر باوە ئەوانە، حەتا تەئسیر ئەکاتە سەر ئەوەش، ئەگەر قانونیش دەرئەکەین هەر بۆ وشیار کردنەوەیە، خۆ ئەو برادەرانەی کە ئیمزایان کردووە و وەزارەتی تەندروستی دەبوایە زۆر زیاتر کۆڕی لەسەر بکەن، سیمیناری لەسەر بکەن، لەرۆژنامەکان لەسەری بنووسن، لە گۆڤارەکان لەسەری بنووسن، یەعنی قسەی لەسەر بکەن، وەزارەتی صەحە لایەنی صەحی، وەزارەتەکەی تر لایەنی کۆمەلاّیەتی و هەموو ئەو شتانە لەسەری بکەین، بەهەرحاڵ من پێم وایە، دڵنیاتان ئەکەمەوە، من ئەوە قەناعەتی خۆمە یەعنی دەست خۆشی لەوانە ئەکەم کە ئیمزایان کردووە، کارێکی باشە، بەلاّم ئەوە جێبەجێ ناکرێت، کە جێبەجێش ناکرێت، ئێمە، کاتی گفتوگۆکردن لەسەر زۆر پرۆژەی گرنگترمان خوارد، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز قسەکانت بەشێکی بەجێیە، کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاّ من پێشنیارێکم هەیە بۆ جەنابتان ولیژنەی یاسایی بەحەقیقەت، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە نەبێتە شتێکی فوجائی بەتایبەتی لەرووی ئابوورییەوە، بۆ ناو جەماوەرو بۆ ناو خەڵك، من پێشنیاری ئەوەم هەیە خەڵك لەحاڵە ئیجابیەکانی زیاتر حاڵی ببێت، ماددەی 10 بهێنرێتە شوێنی ماددەی یەك، ماددەی 11ش بهێنرێتە شوێنی ماددەی 2، بەحەقیقەت لەوێوە یەکسەر خەڵکەکە تێ ئەگات، کە ئیجابیاتەکان لە کوێدایەو چەند چاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیدایەتەن منیش لەسەر ئەصڵی مەشروعەکە، کەناوی قانونی مکافحە بێت، چونکو ئیشەکە گەورەترە، لەمەنع مەنعیش لێرە مەنعێکی جزئیە و تەنزیمە، مەنع ناکرێت، مکافحە ئەو ناوە باشە، دووەم راستی ئەگەر لەناحیەی دینی باس بکەین، ئەوە هەموو مەرجعی موعتەمەد، فتوای تەحریمیان داوە، ئەگەر پێشتر

باسی کەراهەتێك کرابێت، عولەمای قەدیمی خۆمان ئێستا ئەوانیش تەراجوعیان کردووە، لەبەر ئەوە ئەبحاس و دیراسات لەسەر جگەرە، لەسەر ئەساسی شەرعی، مەسەلەکە مەحسووم بووە، کە حەرامە، هەر لەئەزهەر بگرە، تا سعودیە بگرە، سونەو شیعە هەموویان موتەفقن، لەسەر ئەو مەوزوعە، مەوزوعی جگەرەکێشان گەورەترە، لەوەی کە هەر مەوزوعی شەخصێك بێت، باسی حوریەتی ئەو بێت، جەنابت باستکرد، بەڵێ تەدخینی قەسری پێ ئەڵێن، ئەوە زۆر زۆر گەورەترە، لەوەی کە شەخص جگەرە ئەکێشێت، چونکە ئەوانی تر زیاتر زیانیان پێ ئەگات، مەوزوعی جگەرە لەناحیەی صەحی لە ناحیەی ئیجتماعی و لە ناحیەی ئیقتصادی و لەناحیەی بیئی وناحیەی نەفسی، خێزان وتاك، زەرەری لەسەر هەموو ئەو جەوانبانە هەیە، حەتا مەوزوعی حەریق، لە ئیحسائات هەر لە 10 حەریق 8 حەریق ئەوەی عام، سەبەبەکەی جگەرەیە، لە هەموو دەوڵەتەکان ئەوەی قانونی مکافحەیان دەرکردیە، تەتبیقەکەی زەحمەت بووە، بەس لازمە لە نوقتەیەك دەست پێبکات، لازمە یەعنی بدایەتێك هەبێت، تەتبیق بۆ زۆر شت زەحمەتە، با ئەوەش نەکەینە حوجە لەو مەوزوعە، لێرە لە ماددەی یەکەم لە کوردی و لە عەرەبی، خیلافێك هەیە، ئەوە حەزری ئیستراد وبەیع و ئەوانە، باسی ئەوەیە کە خیلاف مەعایر بێت، خیلافی ئەو کەمیاتانە بێت، ئەوەی نیکۆتین وقەترانە، باسی موزافات زارە، جگەرە هەمووی زارە، زۆر و کەم هەمووی زارە، بەڵام، لێرە چونکە هەندێك شەریکات هەیە، تایبەت بۆ ئەوەندە وڵات دروست ئەکرێت، موزافاتی زیاتری تێدا ئەبێت، ئەوەی تەرجومەی کوردی، ئەوەی تێدا نیە باسی موزافاتی تێدا نیە، هەر باسی ماددەی زار ئەکات، کە نیکۆتین وقەترانە، ئەوە لە هەموویدا هەیە، زارە بۆ هەمووش، بەڵام، لە عەرەبی دەقیقترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دارا جەنابت قسەت هەیە فەرموو، جەنابی وەزیری ژینگە.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من ئەمەوێت، بڵێم ئەم پرۆژە یاسایە لەبەردەستی جەنابتاندایە، بۆ ئەوە نیە کە جگەرە کێشان، با بڵێین نەمێنێت، یان رێگا لە تجارەو بازرگانی جگەرە بگیرێت، وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئەمە تەنها سنووردارکردنی کێشانی جگەرە وهێنانی جگەرەیە، بەمواصەفات و معایرێکی دەولی، لەم یاسایە نە تجارەتی جگەرە قەدەغەکراوە، نە کڕین و فرۆشتنی و نەکێشانی جگەرەش بەڕاستی، یەعنی ئەوەی کە باسکراوە تەنها سنووردانانێکە بۆ ئەوەی بەو مواصەفاتە بێت، وڵاتی ئێمە لەبەر ئەوەی تا ئێستا دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ نیە، خراپترین جۆری جگەرەو هەموو موادێکی تر دێتە کوردستانەوە، هەرزانترینیشیان جگەرەیە کە سعری لە 30 تا 40 سەنت تێپەڕ ناکات، کە لەدونیا وانیە بەڕاستی، بۆیە بەپێی ئەم یاسایە، ئەتوانین سنوورێك دابنێین، بۆ کەمکردنەوەی جگەرە کێشان، لە شوێنە گشتیەکان و کۆنترۆڵی ئەو جۆرە جگەرەیەی کە دێت، یان ئەو توتنەی کە دێتە کوردستانەوە، سەبارەت بەناوەکەی دروست لەجێگای خۆیەتی، وەکو لە زۆربەی یاساکانی تری دونیادا هاتووە، لەسەر جگەرە کێشان هەر مکافحەیە، سەبارەت بەخاڵی یەکەم، بەڕاستی منیش هەمان تێبینیم هەیە، کە ساڵی یەکەم بەو صیغەیە نابێت بمێنێت، هەرچەندە ئەو بەڕێزانە وتیان مضافات ضارة بەڵام دوایی کە شەرحی کردووە، اي مواد کیمیاویة او طبیعیة توثر في العقل او الجهاز العصبي، لەبەر ئەوەی هەموو جۆرەکانی تەئسیری هەیە، ئەگەر وابێت، بەپێی ئەو یاسایە ئەبێت هیچ جۆرە تجارەتێکی جگەرە نەکرێت ورێگەی پێنەدرێت بێت، لەبەر ئەوە

ماددەی یەکەم لابرێت، لەگەڵ ماددەی دووەم بکرێت بەیەك، ئێمە، هەتا خۆشم صیغەیەکی تریشمان نووسیبوو، بەڵام، فەرق ناکات لەگەڵ ئەوەی کە دەمج بکرێت، بەوەی کە ئەو موادانە مەنع ئەکرێت، کە خاریجی معایری دەولین، یان ئەو معایرانەی کەوەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی مەعنی لە هەرێمی کوردستان دایئەنێت، ئەگەر بکرێت شتێکی باشە، سەبارەت بەوەش کە ئەو بەڕێزانە باسی دووکەڵی مەعامیل ئەکەن، ئەبێ ئەوە بڵێین کە دووکەڵی جگەرە لەوانەیە خەتەری زۆر زیاتر بێت لەخەتەری مەعامیل، چونکە لە مەعامیلدا قەتران و نیکۆتین نیە، لەوانەیە جۆری ئۆکسیدەکەش جیاوازی هەبێت، بەدەر لەوەی کە یاسای پاراستنی ژینگەمان هەیە، کە دێتە بەردەستی بەڕێزتان، بۆ سنووردانان بۆ مەعمەلەکان، هەروەها ئێستا ئیشیش لەسەر ئەوە کراوە، کە ئەو مەعمەلانە بەشێکی زۆریان دادەخرێن، ئێستا تیمەکانی ئێمە، وەزارەتی ژینگە مەسحێکمان دەست پێکردووە، بەسەر هەموو مەعمەلەکانی کوردستاندا، لە مەعمەلی گەچ وبەردەوە بیگرە تادەگاتە مەعمەلی چیمەنتۆ، تا دوایی بتوانین بەپێی ئەو یاسایە، کاری لەسەر بکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر فوائاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قسەی زۆر کرا، لەسەر ئەوەی کەوا ماددەی یەك و دوو تێکەڵیەکی تێدایە یان دووبارە بوونەوەیەکی تێدایە، من پێشنیارێکم هەیە، کەوا هەر پێشنیارەکەی خۆمان گۆڕانی تێدا ئەکەم، بەوەی کەوا پێکهاتەی کیمیاوی یان سروشتی لا ئەبەین، بەم شێوە بخوێنرێتەوە، نەهێشتنی دروستکردن و هێنانی هەرجۆرە بەرووبوومێکی تووتن یان بەرهەمهێنانی جگەرە، یان بازرگانی پێکردنی، یان هەڵگرتنی بەمەبەستی فرۆشتن لەهەرێمی کوردستان، گەر هاتوو لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان یەکی نەگرتەوە، ئاوای لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێشتیگیری ئەوە ئەکەم، کە یاساکە هەر وەکو خۆی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان بمێنێتەوە، چونکە بەڕاستی جگەرە قەدەغە ناکرێت بەو حەتمیە، بەڵام، ئەکرێ بمێنێتەوە خەڵك ڕێنمایی بکرێت و هەم تەوعیەش بکرێت و زیاتر وشیاری بدرێت بەخەڵك، خەڵك لەزیانەکانی ئاگادار بکرێتەوە، هەموو لایەکمان ئەزانین زیانێکی زۆری هەیە، بەپێی ڕاگەیاندنەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ساڵانە پێنج ملیۆن کەس بەجگەرە ئەمرن، ماددەی یەکەمیش بەڕاستی قسە لەسەر ئەوە کراوە، ئەگەر جگەرە زیانی هەیە، نەهێندرێتە کوردستان، ڕێژەی قەتران ونیکۆتین هەرچەند کەم بکەینەوە، زیانی هەیە لەبەر ئەوەی ئەو ماددە قەتعی ئەوە ئەکات، کە تۆ بازرگانی بە جگەرە نەکەیت، لەبەر ئەوە من پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی تەندروستی ئەکەم، ئەوەی لیژنەی تەندروستی زۆر باشە، بەڵام ئەوەی بۆ زیاد

بكرێت، یان لەگەڵ داواو مواصەفات وپێوەرە نێودەوڵەتیەکان، لەگەڵ ڕێنماییـەکانی ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهانی، یەکی نەگرتەوە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، شتێکی باشە، ئەوەی کاك ئارام باسیکرد، لەڕاستیدا حەقـە ماددەیەکی بۆ زیاد بکەین، بەدوو بڕگە لەگەڵ ئەوەی کاك بارزان کەباسی لایەنی ئـابووری کـرد، ماددەیـەك لەکوێدا زیاد بکرێت، ئەگەر لە ئەوەڵەوە بێت باشـترە، دوای ڕەزامەنـدی وەزارەتـی تەندروسـتی و ژینگـە و پیشەسازی، گومرگی زیاد لەسەر جگەرە دابندرێت، بڕی زیادەکەی ئەو گومرگە کە ئەخرێتـە سـەر جگـەرە، لە بواری ژینگەو تەندروستیدا خەرج بکرێت، چونکە ئەوەی کەوا ژینگە پیس ئەکات، زیانی بۆ تەندروستی ئینسـان هەیـە، ئـەو بـڕە زیـادەی کـە ئەخرێتـە سـەر جگـەرە، زەریبەیـەکی زیـاتر لەسـەر دابنـدرێت، بـڕە زیادەکەشی بۆ بواری تەندروستی و ژینگە سەرف بکرێت باشترە، لەگەڵ بڕگەی دوو قەدەغـەکردنی جگـەرە بەکەسانی خوار 18 ساڵ ورێنەدان بە فرۆشتنی لە لایەن کەسانی خوار 18 سـاڵەوە، هـەم ڕێـی لـێ بگیرێـت بیکێشێت و هەم بیفرۆشێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدرێـژایی مێـژووی پەیـدابوونی تـووتن و جگـەرە، جگـەرە نەکێشـەکان ئـەناڵێنن بەدەسـت جگـەرە کێشەکانەوە، ئەوانەی کەوا جگەرە ئەکێشن بڕوا ناکەم لە ژیانیاندا بۆ تاکە چرکەیەکیش بیریان لە جگـەرە نەکێشـەکان کردبێتـەوە، هـەمووشمان ئـەزانین کـرداری پاکبوونـەوەی خـوێن لـەناو سـییەکاندا، کـاتێ ئێمـە ئۆکسجین وەرئەگرین، لەناو سییەکان خوێن پاك ئەبێتەوە، ئەو دووەم کۆکسیدی کاربۆنـە کـە دەیدەینـەوە، کە هەناسە ئەدەینەوە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە، دکتۆرە بەڕێزەکانیش لە ئێمە لەوانەیە باشتر بزانن، بۆیـە بەڕاستی پێویستە ئەو شوێنانەی کە گشتین قەدەغـە بکرێـت، ئێمـە لـەجیاتی ئۆکسجین وەربگـرین بۆچـی دووکەڵ هەڵمژین، بەڵام، بەنیسبەت ماددەی یەکەم، بەهیچ شێوەیەك ناتوانین ماددەی یەکەم لێرە دابنێین، چونکە بەڕاستی دانانی ماددەی یەکەم کارێکی زۆر قورسە، ناتوانین ئەوە پەسەند بکەین، منیش پشـتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك حاتەم ئەکەم، ماددەی یەکەم بکرێتە ماددەی دەیەم، لەبەر ئەوەی کێشانی جگـەرە لـە شوێنە گشتیەکان، دەتوانین وابکەین کەم بکرێتەوە، عینوانی یاساکەش پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی جگـەرە کێشان، ئەبێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڕاستی ئەو عینوانە عینوانێکی تەواوەو پێویست بەدەسـتکاری کـردن ناکـات، بـەڵام، مـاددەی یەکـەم ماددەیـەکی زۆر قورسـە، دووبـارەی دەکەمـەوە مـاددەی دەیـەم بێتـە جێگـای ماددەی یەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنزیم کردنی ژیانی خەڵکی بەیاسـاوە جوانـە، هەرچـی یاسـایەکیش دەربچێت ئـەبێ هـەموومان ملکەچـی بین، لەبەر ئەوەی کە ئێمە، ئەو قورسیەی کە بۆ ئەم یاسایە ئەبێت، بۆ ئەوەی سەد لەسـەر سـەد، ملکەچـی بین، من یەکەم ڕەخنەم لەوە بوو، ئەبووایە وەزیری بازرگانی لێرە بوایە، چونکە هێنانـە نـاوەوەی جگـەرە،

بەشێکە لە ئەرکی وەزارەتەکەی ئەو، لە ئاخر دانیشتندا، جەنابیان خۆیان باسیان کردووە، وتوویانە ئێمە هەتا ئێستا موەفەق نەبووین لەدانانی دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ، ئینجا خۆشمان ئەزانین ئەو بازرگانانەی کەوا ئەچن جگەرە ئەهێنن، ئەتوانن کام مواصەفات خۆیان ئەیانەوێت دروستی بکەن وە کام مواصەفات حکومەتی هەرێم ئەیەوێت ئەوە لەسەری دابنێن وەکو دەزگا، وەکو حەدی ئەعلای نیکۆتین، هەمووومان لەو فرت وفێڵانە ئەزانین وبینیومانە بەچاو، بەڵام، کێشەی ئێمە بەکوالێتی کۆنترۆڵ بەڕاستی حەل ئەبێت، من لەدژی قەدەغەکردنی جگەرە کێشان نیم، لەگەڵ ئەوەدام تەنزیم بکرێت، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە ئەکەم وپشتگیریش لەوە ئەکەم ئێستا بیرم نەما کێ بوو پێشنیاری کرد، کاک حاتم بوو، ماددەی دەیەم یەکەم شت بێتە پێشەوە، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ کەمن لە شوێنە گشتیەکاندا بۆم نەبێت جگەرە بکێشم، ئەبێ خەڵکیش لەلای ئاسایی بێت، کەمن ژنم کەهاتمە دەرەوە بۆ سەرجادەکە، جگەرەکەم ئەکێشم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نیوەی قسەکانت بۆ خۆت وتت، جگەرە باش بێت، ئەوەندە دژی جگەرە کێشان نەبوویت، ئەوەندە دژی پاکەتی جگەرەی خراپ بوویت، هەموویان خراپە، بەڵام باشترین نەوع بێنێت، هەمووی هەر خراپە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرەوە داوا لە وەزیری تەندروستی ئەکەم لە دونیادا ئێستا بۆ یارمەتی دانی ئەو کەسانەی کەگیرۆدەی جگەرە کێشان دونیایەك حەب هەیە، پلاستەر هەیە، ئەو شتانە، ئەو ئەگەر بیەوێت ئەم یاسایە بەڕاستی جێگیر بێت، پێویستە دەعمی تازەترین دەرمان بکات کە ئەویش شامێکسە، بایی 750 دۆلارە، یەك کۆرس ئەگەر یەکێکی وەکو من ئەبێ بەکاری بێنم بۆ ئەوەی واز لەجگەرە کێشان بێنم، ئەبێ بەلایەنی کەمەوە چوار کۆرس بەکاری بێنم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قاعیدەیەك هەیە ئەڵێت (یترك المهم للاهم)، راستە خۆزگە، لەبەر ئەوەی کە عوتڵە نزیك دەبێتەوە، هەندێك مەشروع کە ئەوان موهیم ترن، ئەهەم ترن ئەوان بەپێش بخسترابا، راستە جگەرەکێشان ئەزراری هەیە، هی نەفسی، هی صەحی، هی عائیلی، زەرەرەکانی گەلێك زۆرە، یەك لەو زەرەرە صەحیانە کە دەمەوێت باسی بکەم، قەتران ماددەی ئەمۆنیاشی تێدایە، ئەو ئەمۆنیایە تەئسیر لەسەر قورگ و هەناسە ئەکات، لەبەر ئەوەشە کەزۆر کەس ئەبینی کە جگەرە ئەکێشێت، دەست بەکۆخە کۆخ دەکات، مومکینە ئەوەی تەنیشتیشی ئیزعاج بکات، یان حەتا لەبۆ ئەوانەی کە حامیلەنە، ئیحسائیەك ودیراسەتێکی نوێ، لێکی داوەتەوە، کە مستەوای زەکا، مستەوای زیرەك بوون، لەکن ئەو ژنانەی کە جگەرە ئەکێشن، منداڵەکانیان مستەوای زەکایان کەمترە، مستەوای زیرەك بوونیان کەمترە لەوانەی کەوا جگەرە ناکێشن، لەپاشان حەتا تەئسیراتی عائیلی موسیبەتێکی زۆر گەورەیە، یەعنی ئێستاکە منداڵ لەماڵێ ئەگەر چاوی پێی بکەوێت باوکی جگەرە ئەکێشێت، ئەویش ئەیکێشێت، یەعنی ئەوە تەئسیرێکی زۆر گەورەی هەیە،

یەعنی ئەو کابرایە بەخۆی هەستیار بێت، یەعنی ئەو سەرۆکی خێزانە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، موسیبەتێکی گەورە تریش لەو موسیبەتەی، دکتۆر هەیە جگەرە ئەکێشێت، ئەوە مەعنای چیە، دوو شت هەیە، شتێك هەیە پێیّ ئەوترێت، قەناعەتی عەقلی هەیە پێی ئەوترێت قەناعەتی قەلبی، ئەو دکتۆرە قەناعەتی قەلبی هەیە، کە جگەرەکە خراپە، بەلاّم، هێشتا قەناعەتی عەقلی بۆ دروست نەبووە، کە جگەرەکە تەرك بکات، یەعنی ئەوە نابێت، ئەوە شتێکی زۆر گەورەیە، حەتا ئەو پرسیارە تەوجیهی وەزیری تەندروستی ئەکەم، کە حیمایەیەکی موشەدەد لەسەر ئەو جانیبەی دابندرێت، نوقتەیەکی تریشم ماوە، قەزایەی زەرائیب زۆر موهیمە، یەعنی تەقسیم کردنی زەریبە، باج دانان لەسەر ئەو کەسەی کە جگەرەی دێنێت، ئەوە زۆر گرنگە، یەعنی ئەتوانین بەو کەسە بڵێین، ئەگەر کابرا دەخلی محدود بێت، ناتوانێت بەو شکلە، ئەگەر هەر نا دەتواندرێت کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەلاّم، تۆ جەنابت لەجیاتی دکتۆر فتوات دا ، فتوات دا لەجیاتی وەزیری بازرگانی، فتوات دا لەجیاتی وەزارەتی مالیە، وەکو پیاوێکی شارەزا لەئایین، وەکو مەلایەك، دەبوایە ئایەتێك بەکار بهێنیت وەکو ئەوەی رەئیەکی دینی بەکار بهێنیت، وەکو کاك خەلیل، دەوڵەمەندی بکەیت و بڵێیت وەکو دینیش قەدەغەی کردووە، سوپاس رەئیەکانت پەسەندە، کاك شکری فەرمووو.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دەرکردنی پرۆژەیەکی وا، بەکارێکی باش ئەزانین، چونکە کارێکی حەزارییە، دووەم بەرژەوەندی میللەتی تێدایە، هەموو کەسێك بەرژەوەندی لەو مەشروعە داهەیە، بەلاّم بەم رەنگەی کە دیاریکراوە، بەڕاستی ماددەی یەکەم کە دەبینین زۆر زۆر گرانە، یەعنی تەنفیزکردنی وجێبەجێکردنی زۆر گران وقورسە، من بەوە ئەزانم کە جیّ بەجێکردنی ئەم ماددەیە، بەڕەئی من سەرکەوتنەکەی لاواز دەبیّ، چونکە بەتەسەوری من ئەوانەی کە ئیستیفادە لە تجارەت و فرۆشتن و یەعنی قازانج لە تووتن وجگەرە دەکەن، زیاترن لەوانەی کە زیان لەجگەرە ئەکەن، شەریحەیەکی زۆر گەورە هەیە کە ئیستیفادەی لیّ ئەکەن، حەتاکو ئەمانە بتوانین سەیتەرە لەسەر ئەمانە بکەین، بەحەقیقەت زۆر زەحمەتە، جەنابی وەزیری ژینگەش ئیشارەتی بەوەدا کە ئەمە تەنها بۆ سنووردارکردنی نەکێشانی جگەرەیە، بەلاّم لێرەدا ئەڵێم قەدەغەکردنی هێنان وفرۆشتن وکێشان وهەمووی قەدەغەیە، نەك سنووردارکردنی قەدەغە کردنە، ئەمەش زۆر زۆر زەحمەتە کە بتوانین بەو رەنگەو بەو ئاسانیە سەیتەرەی لەسەر بکەین، نوقتەی دووەم: بەنیسبەت تەندروستی و عەقڵ، راستە جگەرە تەئسیر لە تەندروستی دەکات وەکو مەعیدە وەکو دڵ وەکو هەموو شتێکی تر، بەلاّم بەفعلی ئەوەی کە جگەرە ئەکێشێت ئەبیّ هەندێکیان تووشی شێت بوون ونەخۆشی دەروونی ببن، قەت نەمان بیستووە یەکێك جگەرە بکێشێت وشێت ببوبیّ، لەبەر جگەرە، لەبەر ئەوە بەتەسەوری من ئەمانە جودا بکرێنەوە، تەندروستی لەگەڵ عەقڵ عەقڵ جودا بکرێنەوە، عەقڵ بەموادی موخەدەر تێك ئەچێت، نەك بەجگەرە و بەتووتن، لەبەر ئەوە بەتەسەوری من ئەوە جودا بکرێنەوە، نوقتەی ئاخریم، ئەگەر بەراوردێك بکەین، ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم، تەنها هەندێك وشە نەبێت،

ئەگەر نا لە مەعناوە لە مەغزاوە هەردوو ماددەکە یەکن، بەتەسەوری مـن هـەردوو ماددەکـە بکـەن بەیـەك ماددە باشترە، لەوەی کە دوو ماددە بن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تەئیدی پرۆژەکەمان کردووە، لـە ئـەلفی هـەتا یـائی، ئـەو بۆچـوونانەی جـەنابی وەزیر من سەد لەسەر سەد تەئیدی ئەکەم، لەجێگای خۆیەتی، حەز ئەکـەم ئـەوەش بڵـێم، ئـەوە راسـتە کـە یاساکە بەناوی حظر التـدخین هـاتووە، لـە هەنـدێ وڵات بـە حظـر التـدخین هـاتووە، لـە هەنـدێکی تـر بـە مکافحـە هـاتووە، بـەڵام خـۆی ئەگـەر بێینـە سـەر حەقیقـەت ئـەوە مـەنعێکی عـام نیـە، بـەڵکو مـەنعێکی موقەیەدە، تەقیدەکەشی لە ماددەی 10 دیـاری کـراوە، تـەنها المحلات العامـە ئەگرێتـەوە، وەکـو بەتەفصـیل هاتووە، ئەوە یەك، هی دوو، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوە نیم، ماددەی دە بێتـە جێگـای مـاددەی یـەك، چـونکە ئێمە یەکسەر داخلی عقوبات نەبین لەسەرەتای قانونەکەوە، مەفروزە ئێمە هێڵە گشتیەکانی یاساکە عـیلاج بکەین، ئەوسا بێینە سەر حەزرەکەو بێینـە سـەر عقوباتەکـە، ئـەوە ئصـوڵێکی موتەبەعـە لەزۆربـەی هـەرە زۆری یاساکان، بەنیسبەت فەقەرەکەی تـریش مـن لەگـەڵی نـیم، بـەڵام دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم بەحەقیقـەت، ئێمە، مەنعی تەدخینمان نەکردووە بەگشتی، ئازادی تاکە کەس لێرە پـارێزراوە، هەرکەسـێك ئـازادە جگـەرە بکێشـێت، بـەڵام ئـەو شـوێنە گشـتیانە دەتـوانم بڵـێم ئـازاد نیـە، چـونکە صـحەتی خـەڵکی پێـوە بەنـدە، کـە صیحەتی خەڵکیشی پێوە بەند بێ، لێرەدا بەڕاستی ئازادییەکە تۆزێـك سـنووردار ئـەبێت، بۆیـە مـن لەگـەڵ پرۆژەکـەم، بەنیسـبەت ناوەکـەش هـەروەکو ئیشـارەتم پێـدا، هـەردوو نـاو ئیسـتیعمال کـراوە، حظـریش ئیستیعمال کراوەو مکافحەش ئیستیعمال کراوە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تەنها مولاحەزەیەك** حظر و مکافحە دوو شتی جیاوازن، حظر ئەکرێت لەچاخانەیەکدا، لە چێشتخانەیەکدا بنووسرێت، حظر التدخین زمنی مکافحەکەیە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی حەزەکەم هەنـدێ جـار ورد بـین لـە بـەکارهێنانی موسـتەلەحاتدا، بەقەناعـەتی مـن وشـەی وەعـی وناوەعی بەڕاستی نازانم، بەکار بهێنرێت لەم دانیشتنەی پەرلەماندا، بـۆ دانـانی یاسـایەك، چـونکە ئەمـە پەیوەنـدی بەوەعیـەوە نیـە بەقەناعـەتم، خـۆی وەعـی مـەفهومێکی زۆر فـراوانترە، ئەگـەر وابێـت سەرۆکانی دەوڵەتان وفەیلەسوف وزاناکان و هەموو ئەوانـەی کـە جگـەرە ئەکێشـن، دیـارە ئەوانـە هیچیان نەوەعیان هەیەو نەهیچ، ئەمە پێم وانیە پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەبێت، بەکارهێنانیشی بەم شێوەیە، هەندێجار نەوعێك لەبریندارکردنی تێدا هەیە، ئەمە یاسایەکە گوایە خزمـەت بەخـەڵك ئـەکات، پـێم وایـە پێش هەموو شتێك ئەبێ لەلایەن خەڵکەوە ئیستیعاب بکرێت، یەعنی زەرورەت وایە، ئەگەر نا یاسا هەموو کاتێك ئەگەر هاتوو لەناو خەڵکدا کات و شوێنی خۆی نەبوو، پێم وانیە جێبـەجێ بکرێـت، ئەبێتـە حبرێـك تـەنها لەسـەر وەرەقـە، مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم پشـتگیری جـدی ئەکـەم، ئەگـەر هـەموو شـتێك خزمـەت

**بەکۆمەڵگا بەگشتی بکات، چ ئەم یاسایە بێت چ هەر یاسایەکی تر بێت، بەقەناعەتی من ئەگەر ئەم یاسایە بەتەعلیمات بێت باشتر بوو، نەك بەیاسا، چونکە بەم شێوەیە پێم وایە زەحمەت ئەبێت جێبەجێکردنی، دووەمیان: باسکردن لە جێبەجێکردنی لە شوێنە گشتیەکان وپاراستنی مافی مرۆڤ، لێرەدا پێم وایە بەشێوەیەکی گونجاو نەهاتووە، باسکردن لەوە زەرورەت وایە لە شوێنی گشتیدا هەبێت، لەشوێنی تایبەتیشدا هەبێت دیسان، کە ئەویان مافی تاکە کەسەکانیش دیاری ئەکات، بەهەرحاڵ من نامەوێت بچمە خاڵەکانی ترەوە، زەرورەت وایە ئەم یاسایە من پێم وابوو، بکرێتە تەعلیمات باشتر ئەبوو، باشتریش خزمەتی ئێمەی ئەکرد، لەم کاتەدا نەك بەم شێوەیە، بەو پۆلیسیە نەبێت باشترە، چونکە ئەوەی بەرێز وەزیری ژینگە قسەیەکی کرد، خۆی یەکەم شت وتی ئەمە مەنع نیە، ئەمە رێگرتن نیە لە تجارەتی جگەرە، هەموو ئەم شتانەی باس ئەکرێت، لەو حاڵەتەدا کەواتە هیچ نەکراوە، یەعنی تەنها نەمەنعکردن، نە مەجالە تجارییەکەی، ئیقتصادیەکەی رێی لێگیراوە، کەواتە ئێمە تەنها تەحدیدی ئەکەین بۆ هەندێك حاڵەتی دیاریکراو، باشتر بوو بە حەزەر بێت، باشترە، یان مکافحە بێت، ئەوەش لە شوێنە گشتیەکاندا، لە ناو شوێنە گشتیەکانیشدا، شوێنی تایبەتی هەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك غفور فەرموو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش لەگەڵ ئەو خوشك وبرا بەڕێزانەدا هاوڕام، کە دەبوو بەڕاستی هەندێ یاسای زۆر گرنگتر هەیە، بخرایەتە بەرنامە، بەتایبەت ئێستا بەرەو پشووش ئەڕۆین، بەڵام دیارە ئەوە هێنراوەتە پێشەوە، هەرچەندە مەسەلەی ئەو یاسایە من بەیاسایەکی گرنگی ئەبینم، بۆ کۆنترۆڵ کردنی جگەرە کێشان لە شوێنە گشتیەکان لە کوردستاندا، بەڵام لەوانەیە خۆشتان ئاگاداربن بۆتە بابەت و سەردێڕی زۆر لەرۆژنامەکان، زۆر رۆژنامەنووسەکان ئێستا لەسەر ئەو بابەتە ئەنووسن، کە پەرلەمانی کوردستان لەو مەسەلەی بێ نەوتی و لەو هەموو گرفتەی کە ئێستاکە رووبەڕووی کوردستان ئەبێتەوە، دێت موناقەشەی یاسای قەدەغەکردنی جگەرەکێشان ئەکات، خەڵك چاوەڕێی شتی گەورەتر لە ئێمە ئەکات، بەڕاستی گرنگ هەیە و گرنگتریش هەیە، ئێستا بەنیسبەت پەرلەمان ئەمە یاسای یەعنی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تا ئێستا هەموار نەکراوە، یەعنی ئێمە ئەمانەوێت کۆمەڵگاکە رێك بخەین، بەڵام ئیشوکاری خۆمان تا ئێستا رێك نەخستووە، ئەوە یەك دواتر زۆر پرۆژە یاسای گرنگتر هەیە، کە پەیوەندی راستەوخۆی بەژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە، بەتایبەت یاسای کرێی خانووبەرە، ئێمە، 61 ئەندامی پەرلەمان ئیمزامان کردووە، یاداشتێکمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ئەبێت ئەو یاسایە بەزووترین کات دەربچێت، کە لەحکومەتەوە دراوەتە پەرلەمان، پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی کردووە، بەداخەوە تاکو ئێستاکە دەرنەچووە ئەو یاسایە، من پرسیار ئەکەم لیژنەی قانونیش زۆربەی ئیشەکانی تەواو کردووە، هی ئەو یاسایە ئەڵێن ئێمە راپۆرتیشمان ئامادەیە، ئەوە خاڵێك دواتر، ئێمە لەهەمان کاتدا 60 ئەندام پەرلەمان ئیمزامان کردووە بۆ مەسەلەی دانیشتنی تایبەت بەو خەڵکەی کە لەبەغداو موصلّ دەردەکرێت نەخرایە بەرنامەی کارەوە، لەهەمان کاتیشدا، 56 ئەندامی پەرلەمان من حەزەکەم تەئکید بکەمەوە سەر ئەوە بەڕاستی لە نوێنەری هەموو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان، ئیمزامان کردووەو پرۆژە یاساش ئامادەکرا بۆ**

ئەوەی ڕێکارێك بۆ بودجەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دابندرێت، کە ناعەدالەتییەکی زۆر دەکرێت بەرامبەر حزبەکانی کوردستان لەو داهاتەی کوردستان، بواری کارکردنیشیان پێنادرێت وەکو پێویست، نەخرایە بەرنامەی کارەوە، دراوەتە حکومەت، حکومەتیش تا ئێستا وەڵامی نەداوەتەوە، من حەزەکەم بەڕێزت لێرەوە وەڵامی ئەوە بدەیتەوە، ئایا ئەوە ئەوەیە کە پەرلەمان لەسەر ئەوە سوور نەبووە، کە بەدوای مەسەلەکەدا بچێت، یان ئەوەتا حکومەت گوێ لەپەرلەمان ناگرێت، یەعنی ئەوە حەقە و خەڵك ڕۆژانە پرسیار ئەکات، ڕۆژنامە نووسەکان پرسیاری ئەوە ئەکەن، ئێستا کەلەناو زستاندایین و بەرەوە زستان ئەڕۆین و خەریکە بارانیش ئەبارێت، سەرما زیاتر ئەبێت، نەوت زۆر گرانە ئێمە، پارساڵ 58 ئەندامی پەرلەمان یاداشتێکمان ئیمزا کرد و دامانە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە وەزیری پیشەسازی بانگ بکرێت، چارەسەر چیە بۆ گرفتی کەمی سووتەمەنی، چارەسەر چیە بۆ ئەوەی کەوا نەوت گران بووە، یەعنی بەڕاستی ئەوانە کێشەی پەیوەستن بەخەڵکی کوردستان، ئەوە خاڵێك من ئەمەوێت بێمەوە سەر یاساکە، ئەو ماددەی یەکەم ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەکوردستان قابیلی جێبەجێکردن نیە، لەبەر ئەوەی ئێمە نەکوالێتی کۆنترۆڵمان هەیە، نە تاقیگەمان هەیە، تۆ تا نەچیتە ناو بوارەکانی ژیان لە کوردستان نازانیت ئەو وڵاتەی ئێمە چ وێرانە، چ گرفتی هەیە، تا نەچیتە نەخۆشخانەکان مەسەلەن من بەس یەکەی بووژانەوەی دڵ لە نەخۆشخانەی کۆماری بۆت باس بکەم، کە بەڕێز وەزیری تەندروستی لێرە ئامادەیە، باوەڕ بکە ئەو ڕۆژەی کە من لەوێ بوومە، دوو جیهازی پاڵە پەستۆیان هەبووە هی پێوانی زەخت، هیچی ئیشی نەکردووە، لە هەموو کوردستان لە هەولێر مەبەستمە، شەش ئامێری ڤەیتی لەیتەر هەیە، کە ئۆکسجین دەداتە مێشك ئەویش لە نەخۆشخانەی رزگارییە، چوار پێنج لەنەخۆشخانەی کۆمارییە، من دایکم نەخۆش بوو، موعاناتی ئەوەم هەیە، بۆیە پێت دەڵێم، یەعنی جیهازێك نەبوو، پەیوەندیم بەوەزیری تەندروستیش کرد، نەمانتوانی ئەو جیهازە پەیدا بکەین مرد، یەعنی بەڕاستی وڵاتی ئێمە پێویستی بەو مەسەلە چارەنووس سازانەوە هەیە، ئەبێ ئەو مەسەلانە یەکلایی بکرێنەوە، ئەو مەسەلانە بێین ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین، نەك هەندێك مەسائیلی تر کە خۆمانی پێ خەریك بکەین، ئەهەمیەتی هەیە، بەڵام ئەهەم تر هەیە لەو مەسەلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك غەفور، بەڵام وەکو وەختم دایتێ با ئیجازەشم بدەن من جواب بدەمەوە، یەکەم زۆرینەی قسەکانت لە مەوزووع دەرچووبووی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگام پێدای، دووەم: ئەو رەخنانەی کەگرتت، ئەوە یەکەم جار نیە بیگریت، یەکەم جاریش نیە تەصریحی پێبدەیت لە ڕۆژنامەکان، منیش یەکەم جارم نیە جوابت بدەمەوە، ئەمجارەش جوابت ئەدەمەوە، ئەویش بەو شێوەیە، وەکو خۆت چۆن رەخنەی ئەگریت، دووەم جار و سێیەم جار، ئەوە ئەبێت گوێت لە وەڵامەکەی بێت، جارێ ئەوەلەن ئەو پرۆژانەی کەباسی ئەکەیت پرۆژەی ئاسان نین، پرۆژەی مولکایەتیە، پرۆژەی ڕۆژنامەنووسیە، ئەوەی برادەرانی تر باسیان کرد، پرۆژەکانی تر دراونەتە لیژنەکان، هەمووی چوار ڕۆژە لیژنەی یاسایی ئەو پرۆژەی کە ئاماژەت پێکرد تەواوی کردووەو توانیوویەتی موناقەشەی بکات، ئەم پرۆژەیەش لەمانگی پێنج دراوە، شەش مانگ پێش ئێستا، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، نە پەلەی لێ کراوە، 18 کەسیش داوای کردووەو ئیمزای کردووە، هەر بەئیستلاحی خۆت 18 کەسیش نیە، 62 کەس ئیمزای کردووە، هی جگەرە کێشان، من ناوی 18 کەسم خوێندەوە، ئەوە چوارەم جارە باسی بکەیت، من نەك جەنابت کاك ڕۆمیۆش باسی کرد، کاك خەلیل بوو، کێ بوو باسیکرد، لەسەر بودجەی حزبەکان، جا عەینی وەڵام کە داومەتەوە، مەجبورم ئێستاش

جارێکی تر بیدەمەوە، بۆ ئەوەی نەوترێت پرسیار کرا جواب نەبوو، جوابمان هەیەو عەینەن جوابیشە، ئەوە عیلاقەی بە پارەوە هەیە، بە میزانیەوە هەیە، بودجەی حکومەت دوو ئیدارە هەبووە، داویەتی بەحزبەکان، هیچ حزبێکیش نیە بودجەی نەبێت کەم و زۆر، ناعەدالەتی، هەمووشمان ئەزانین ناعەدالەتی هەبووە، چ حزبێك هەیە لێرە بودجەی نیە، با بڵێت من بودجەم نییە، لێرە دەی ئەو حزبانەی کە ئەندامن لە پەرلەمان، کە یارمەتی نیە لە حکومەت یان لە حزب، بۆیە پەرلەمان ناتوانێت بودجە دابنێت، بێ ئەوەی رەئی حکومەت و هەردوو ئیدارە بزانێت، تا تەقیمێك بکات، لە رابردوودا پێوەرەکە چی بووە، پێشنیاریشیان چیە، بیهێننە ئێرە، ئەو پرۆژەی کە یەکەم جار ئیمزاتان کردووە بە واقعیش قسە بکەین، پرۆژەکە قانونیەن راستە، ئەوەی ئیمزایان کردووە، زۆربەیان لەبەر ئەوەی کە کەسیان ئینتیباهیان بۆ ئەوە نەکردووە، تەنها جەنابت و دوو، سێ برادەر ئیلحاح ئەکەن، ئەگینا زۆربەیان ئەو حەقیقەتەی کە من ئەیڵێم رەچاویان کردووەو دەشزانن، بۆیە بێدەنگ بوون، فەرموو ئێستاکە ئیمزایەك کۆ بکەرەوە، کە 56 دەنگ بێت یان 51 دەنگ بێت، تەئییدی ئەو پرۆژەیە بکەن سبەینێ دەیخەینە ئێرەو تەحەدای حکومەتیش ئەکەین، بەڵام ئەو حەقیقەتەی کە من دەیڵێم، کە پێویست ئەکات حکومەت بیڵێت، من قەناعەتم وایە ئەو بەرێزانەی کە دەیڵێن زۆربەیان ئینتیباهیان بۆ ئەوە نەکردووە کە ئێمە شەرحمان کرد، قەناعەتیان بەوە هات کە دەبێ حکومەت پرۆژەیەکی هەبێت بۆ ئەوە بوو، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین موناقەشەی بکەین، لە خۆمانەوە بڵێین لە 1٪ بۆ فلان حزب لە 5٪ بۆ فلان حزب، لە 7٪ بۆ فلانی تر، ئەوە نازانین، ئەبێت پێوەرێك هەبێت، بزانن، ئایا پێوەرەکە ئەوەیە لە هەڵبژاردندا چەند دەنگیان هێناوە، ئایا پێوەرەکە پێوەری خەبات و مێژووە، ئایا پێوەرەکە ژمارەی شەهیدانە، ئایا پێوەرەکە ژمارەی ئەندامانە یان چیە، ئەمە ناتوانین تەقدیری بکەین، بۆیە ئەو کەلیمەیە کلیمە الحق بۆیە ناتوانیین بڵێین باتڵ، بەڵام ئەمە ئەبێتە ئیحراجی سەرۆکایەتی، بۆیە تەئکیدی لێ ئەکەم، ئەو قسەی جەنابت راستە، بەڵام بۆ ئیحراجە، بۆیە راستیەکەی پەرلەمان کەس ناتوانێت ئەو قەرارە بدات، بۆیە قەتعم کردو لە مەوزوعەکەش دەرچووم، بۆ ئەوەی روونی بکەمەوە لەلاتان، پەرلەمان ناتوانێت ئەو قەرارە بدات، بزانێت ئەو حزبە چەند موستەحەقە، ئەگەر حکومەت پێشتر پرۆژە پێکەش نەکات، پەرلەمان ئەتوانێت دەوڵەمەندی بکات، بە بۆچوون و بیروڕای ئێوە، لێرەدا کەم و زیادی بکات بە ئامادە بوونی وەزیری دارایی و ئابووری لێرە کەموناقەشەمان ئەکات، لەبەر رۆشنایی ئەو میزانیەی کە دیاریکراوە، ئومێد ئەکەم ئەو مەوزووعە رۆشن بێت لێرەدا بۆ جەنابیشت و بۆ رەئی عامیش، گلەییمان زۆر لێ نەکرێت کە بڵێن وایە، ئینجا پێوەرێك هەبێت زۆر لەو مەوزووعە دەرنەچین لێرەدا پێم باشە لێرەدا، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ناونیشانی یاساکە، منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی تەندروستی کەوا کۆنترۆڵ کردنی جگەرەم پێ مەعقول ترە، چونکە بە هیچ شێوەیەك و لەهیچ دونیادا نەکراوە قەدەغەکردن بکرێت، یان نەهێشتن بکرێت، ئەگەر بڵێن نەهێشتن هەر ئەوە ئەگرێتەوە، چونکە ناتوانین نەیهێڵین و قەدەغەی بکەین، کۆنترۆڵەکە لەلامان باشترە، ئەوە یەك، دووش: ئەمن نازانم پرسیارم ئاراستەی لیژنەی یاسایی ئەکەم، نازانم ئایا ئەو یاسایە کەموکوڕی نیە لەلایەنی ماددەیەکەوە کە پێشەکی زیاد بکرێت، وەکو پرۆژە یاساکانی تر، کە بڵێین ماددەی یەکەم مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بەکار بێت، چونکە پێناسە گرنگە، واتە پێناسەی بابەتەکە گرنگە، یەعنی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و

وەزیر ئینجا بێینە سەر پێکهاتەو پێناسەی ئەو یاسایە، چونکە پێناسەکردنی جگەرەکێشان یان جگەرە زۆر پێویستە دابندرێت، وەکو بڕگەیەك یان وەکو ماددەیەك، عەفوەن وەکو بڕگە نا وەکو ماددەیەك دابندرێت، چونکە بەپێی پێوانەی ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی کە ئێستا بە ئینگلیزی پێی دەڵێت (FCTC) دەبێ بەگوێرەی ئەوە تەعریفی یان پێناسەی جگەرە بکرێت، یان جگەرەکێشان بکرێت، ئەوە کەموکوڕی هەیە لەو یاسایەدا، من یەك، دوو تەعریفم هەیە لێرەدا، ئەگەر بێت و هی جگەرەکێشان بەکارهێنانی تووتن بەشێوەی کێشان بێت، یان هەڵمژین بێت، یان جوون بێت، یان دووبارە تەنەشوق نازانم تەنەشوق چی پێدەوترێت، هەڵکێشان، ئەوە تەعریفێك یان دەتوانم بڵێم، تەعریفێکی تریشمان هەیە، بەکارهێنانی تووتن بەشێوەی کێشان کە ئەوەش ئامرازەکان دەگرێتەوە، وەکو سپیل و نەرگیلەو یان بەڕنووتی و شتی وا، هەموو بابەتەکان، چونکە وەکو وتم جگەرەکێشان کە هاتینە سەر بابەتەکە ئەبێ تەعریفەکەی لەناو بێت، بێجگە لەو پێناسە، پێناسەی بابەتەکانی تریشمان هەیە، وەکو پێناسەی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان، یان پیشەسازی تووتن، یان لەهەمان کاتدا ریکلام کردن و پڕوپاگەندە کردنی، ئەویش ئەبێت، تەعریفی بۆ بکرێت، بەماددەیەك لەماددەی یەکەم دابندرێت، بەخاڵەکان بێتە خوارێ بە خاڵی یەك و دوو سێ و چوار بێتە خوارێ، لایەنێکی تریشم هەیە کە دەمەوێت باسی بکەم، ئەوەیە کەوا پێویستیمان بەماددەیەك هەیە کە زیادی بکەین، دیاریکردنی شوێنی تایبەت بۆ فرۆشتنی جگەرە، لەگەڵ دیاریکردنی کڕیار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر زریان فەرموو.

**بەڕێز د. عبدالرحمن عثمان یونس( د. زریان)/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، وەڵڵا من حەز ئەکەم یەك، دوو نوقتە هەیە بەسەریعی باسیان بکەم، یەکێکیان ئەم یاسایە دژی تاك نیە، ئەو قسەیەی کاك شێروانیش کردی، ئەمە ئێمە، هەر ئەوەندە ئازادین کە تەعەدا لە ئازادی خەڵکی ئەکەین، جگەرە ئەکێشی، ئێمە مەنعت ناکەین، فەرموو ئەوەتا لە دەرەوە جگەرە بکێشە، لەناو ئەم قاعەیە مەیکێشە، تەئسیر لە خەڵکی تر مەکە، ئەوە یەکەمیان، دووەمین دیارە هەندێك لە برادەران بە شخصیان وەرگرت، مەسەلەی جگەرە کێشان و ئەوانە، حەز ئەکەم یەك وەڵامی بچوکی کاك غفور بدەمەوە، بەراستی چونکە ئەوەندە تێکەڵ وپێکەڵی کرد، هەموو مەشاکیلی دونیا نەوت و هەموو شتێکی هێنایە ناو ئەمڕۆکە، ئەمە یاسایەکە عیلاقەی بەژیان و مردنی ئینسانەوە هەیە، خۆی جەنابی لە نەخۆشخانە بووە، ئێستا بچینە نەخۆشخانەی بووژانەوەی دڵی هەولێر، ئەچینە قاوشەکانی نەخۆشخانەی رزگاری، بەدەیان گەنجی وامان هەیە عومری 40 ساڵی سەرەتانی سیپالاکی هەیە، نەخۆشی دڵی هەیە، کەوا جەڵتەی دڵ ئەگرێت یان هی دەماغی ئەگرێت، لە هیچ دونیا کەس تووشی جەڵتەی دڵ نابێت، لە کوردستان نەبێت لەتەمەنی 20 ساڵی، ئەمە هەر ریپۆرت نەکراوە لە هیچ دونیایەکدا، حەزەکەم یەك خاڵی شەخصیشی باسکرد جەنابی من قسەم لەگەڵ کرد لەسەر مەسەلەی نەخۆشی دایکی بەرەحمەت بێت، دایکی زۆر نەخۆش بوو، ئەو دکتۆرێکی بەستەزمانی عەرەبی خستبوویە قوڕنەیەك هیچ دەسەڵاتی نەمابوو، دکتۆرەکە تەلەفۆنی لەگەڵ من کرد، وتی وەڵاهی هیچ ئەمەلی نیە، بەڵام من بۆیە ئەڵێم ئەوە بکە، چونکە نازانم چی تری بۆ بکەم، راستە شەش دانە لە رزگاری هەیە، چوار لەقاتی دوو هەیە، چواریش لە جمهوری هەیە، بەڵام، ئێستا ئێکسەیشنەکە وا هەیە دەستی پێکردووە، مەجموعەیەکی تر زیاد ئەکەین، بەڕاستی بەم شێوەیە دابەزین بەناحەق ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆكاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا مـن زیـاتر قسـەم لەسـەر ئەوەیـە، مولاحەزەیـەك ئەكـەم لـە موناقەشـەی ئـەو قانونـەو بـەعزێك لـە قانونەكانی تریش، یەعنی لیژنەكانی پەیوەندیدار كە راپۆرتیان هەیە، دانەنیشتوون لەگەڵ لیژنەی یاسایی و وەزیری پەیوەندیدار، زۆرجار وەختێكی زۆر لێرە ئەڕوات، یەعنی جیاوازی دیارە مەسەلەیەكی زۆر ئاساییەو تەبیعیە، وەكو گوتـەنی نەتیجەی ئـەو جیاوازییانـە ئەكیـد قانونەكـە بەباشـترین شـێوە ئیقـرار ئـەكرێت و پەسەند ئەكرێت، بەڵام من مولاحەزەیەك ئەدەم بۆ ئێستاو بەراستیش ئایندەش، یەعنی بۆ بـاقی پرۆژەكـانی تریش، هەر پرۆژەیەك كە تەحویلی لیژنەی پەیوەندیدار ئەكرێت، حەق وایە ئاخر جار لیژنەی پەیوەندیدار لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار، لەگەڵ لیژنەی قانونی بەیەكەوە بێن دابنیشن بۆ ئەوەی بەڕاستی جیاوازییـەكان كەمتر ببێتەوە، یەعنی ئەوەی من لێرە مولاحەزە ئەكەم لەسەر یەك مادده، ئەوە سەعات یەكە كە كاتێكی زۆر رۆشت تەبیعی، ئێستاش جیاوازییەكان زۆرن، هێشتا ساغ نەبوونەتـەوە لەسـەر سێ، چـوار صیاغە، جا بـۆمن پێشنیار ئەكەم، نازانم ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز پێیان باش بێت، ئەو لیژنانـەی كـە پەیوەندیـدارن، زائیدەن وەزیرە پەیوەندیدارەكان كە خۆشیان تەبیعی هیچیان ئامادە نەبوونـە، لـەو موناقەشـانەی كـە بڵێین مولاحـەزەكانی لیژنـەی قـانونی و تەنـدروسـتی و مـافی مـرۆڤ و ئەوانـە، بەڕاسـتی كۆببنـەوە، بـۆ ئـەوەی بـە ئیختیسار شتەكە بكەین، بەپرۆژەیەكی وەكو گوتەنی هەموویان بەیەك پرۆژە بێنە ناو قاعەی پەرلـەمان، بـۆ ئەوەی بەڕاستی ئێمەش یان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش كە تەبیعی ئەتوانن لە خیلالی، ئەندام بوونی لە لیژنەكـە بیروڕاكـانی خـۆی، سـەرنجەكانی خـۆی، قسـەو باسـەكانی خـۆی بـدات، بـۆ ئـەوەی بەڕاسـتی لێـرەدا ئیستیفادە لەوەقت بكەین، من هیوادارم وەكو ئەوەی كە تێبینی ئەكەم، هیوادارم بۆ لەمەودواش یەعنی دیسان بۆ ئەوەی ئیستیفادە لەوەخت بكەین ئەو جیاوازییانـە، تەنانـەت هەنـدێ جـار خۆتـان بـاش ئـەزانن پێویسـتی بەوە كردووە سەرۆكایەتی داوای وەخت بكـات، بـۆ ئـەوەی مفـاوەزات بكرێـت، لـەنێوان لیژنـەی پەیوەندیـدارو وەزیـری پەیوەندیـدارو سـەرۆكایەتی ولیژنـەی یاسـایی بـۆ ئـەوەی بچـن ئیتیفـاق لەسـەر صیغەیەك بكـەن و بیهێنەوە عەرزی بكەن، لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موشـكیلە لـە بـەینی لیژنـەكان نیـە لەراسـتیدا، كـاك غـەفور وەڵامـی هەیـە بـۆ موداخەلـەی جـەنابی وەزیـری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز عفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من حەز ئەكەم بەجەنابی وەزیری تەندروستی بڵێم  ئەگەر وەختی هەبێت، رۆژێـك بەیەكـەوە بـەبێ هیچ مەوعیدێك سەردانی نەخۆشخانەكانی ئێرە بكـەین، بـزانین كـەموكورتی نەخۆشـخانەكان چیە، ئـەوە یەك، دووش، بەداخەوە لە هەموو نەخۆشخانەكانی كوردستان، لە قائیمەی خەفارەت ناوی دكتـۆر ئیخسائی نووسراوە، بێ ئەوەی یەك دكتۆر خەفەریات بگرێت، تەلەفۆنیشی بۆ ئەكەیت موقیمێكت بۆ ئەنێرێت، یـان موقیم ئەقدەمێكت بۆ ئەنێرێت، یەعنی بەڕاستی من حەز ئەكەم پێی بڵێم، كە دەڵێت مەسەلەكە شەخصی

نیە، من حاڵەتێکم پێ گوت ئەو حاڵەتە حاڵەتێکی گشتیە، ئەو دکتۆرە عەرەبەی کە جەنابیشت ئەڵێیت، ئەو خۆی لەوێی داناوە، خۆی تەعینی کردووە، ئەو لەزمنی ئەوە بووە کە ئیشرافی نەخۆشەکەی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەو مەنتقەیدا نیم، ئەوەی کە دەڵێت بابەتی موهیم تر هەبوو کەباسی بکەین، ئەویش نەوتە، کارەبایە، بەڵێ راستە ئەو بابەتانە زۆر حەساسن، پێمان باش بوو کە باسی بکرێت، رۆژنامەنووسانە، بەڵام ئەو بابەتەش حەساسە، لەبەر ئەوەی باسی ئەو مەوزوعانەمان نەکردووە، مەعنای وانیە کەباسی ئەوەی تری ناکەین، ئەوە یەك، دوو، وەکو دکتۆر زریان باسی کرد، من پێم وایە مەسەلەی سووتەمەنی زۆر حەساسە، موهیم ترە، خەڵکانێکی زۆر هەیە، مەسەلەی جگەرەکێشانیان پێ باشترە، بۆیە پێم وایە موناقەشەکردنی جگەرەکێشان ئەمڕۆ لەجێگای خۆی بوو، دوو، دەمەوێت بەس جوابێکی کاك غفور بدەمەوە، چونکە لەسەر وەزیری پیشەسازی ئەو داواکارییەی کەداوامان کردبوو، 71 کەس ئیمزای کردبوو، مەسەلەی سووتەمەنی من تەوقیعەکانم کۆکردۆتەوە کاك غفور، بەڕاستی ئێمە لە عوتڵەدا پێشکەشمان کردبوو، یاساییش نەبوو، لەبەر ئەوەی جلسەی ئیستسنائی سەرۆك داوای ئەکات، وەکو کاك محمدیش باسی کرد، یاخود سێ لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە سێ لەسەر چوار نەبووین ئەندامەکان، لەوەوە ئەو موناقەشەی بەینی کاك غفور و دکتۆر زریانیش بەڕاستی تەواو نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەواو بوو، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، لەراپۆرتی لیژنەی تەندروستی تەئکیدمان لەسەر مواصفات و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان کردووە، بەڕاستی ئەوەیان زۆر گرنگە، ئەگەر هەر صیاغەیەك هەڵبژێرن، پێشنیار ئەکەم ئەو مواصەفاتانەی تێدا بێت، راستە هەتا ئێستا ئێمە، کوالێتی کۆنترۆڵمان نەبووە، بەس ئێستا هەمانە، داوا لەجەنابی وەزیر ئەکەین بەزووترین کات ئەو دائیرەیە دابندرێت و بەکار بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ئیشە جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی نرخی جگەرە لە وڵاتی ئێمەدا دیار بێت، لەهیچ وڵاتێك نیە جگەرە بەو هەرزانیەی بێت، لەبەر ئەوەی جگەرەی ئێمە مواصەفاتی تێدا نیە، بە نرخێکی زۆر هەرزان داخڵی کوردستان دەبێت، هەموو منداڵ وقوتابی ئامادەیی و هی کولیەکان، جگەرە کێشن، لەبەر ئەوەی نرخی زۆر هەرزانە و هیچ مواصەفاتێکی تێدا نیە، لەبەر ئەوەی ئێستا دائیرەی سەیتەرەی نەوعیمان هەیە، تەوەقوع ئەکەین نرخەکەی بگۆڕدرێت، حەقیقەتێکی عیلمیش هەیە حەز ئەکەم ئیزافەی بکەم، ئەو ژنانەی کەوا حەملیان هەیە و لە فەترەی حەمل جگەرە ئەکێشن، منداڵەکانیان لەهەر تەمەنێك مورەشەحن تووشی سەرەتانی خوێن ببن، ئەوە تەنها حەقیقەتێك بوو بۆ ئەوەی بڵاو بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی من زۆر كورتە، چونكە بەشی زۆری برادەران ئەو خاڵانەی كەوا ئەمویست باسیان بكەم، ئاماژەیان بۆ كرد، ئەم پرۆژە قانونە، پەیوەندی بەدوو لایەنەوە هەیە، ئەوانەی كەوا جگەرە ئەكێشن و ئەوانەی كەوا جگەرە ناكێشن، ئەوانەی كەوا جگەرە ئەكێشن، پێویستە هاوكاریان بكرێت، بۆ ئەوەی كەوا واز لەجگەرە كێشان بێنن، ئەوەش بەهاوكاری بەشی زۆر لە وەزارەتەكان ئەكرێت، لە وەزارەتی تەندروستیەوە هەتاكو وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی ژینگەو وەزارەتی كۆمەڵایەتی، بۆ نموونە لەسەر جادەكانی وڵاتی ئێمە منداڵ ئەبینیت تەمەنی 10 ساڵە جگەرە ئەفرۆشێت وخۆشی جگەرەیەكی بەدەستەوەیە، ئەوە ئەركی هەموو دەزگاكانی راگەیاندنە و وەزارەتە پەیوەندیدارەكانە بۆ ئەوەی كەوا ئەو خەڵكانە ئاگادار بكرێنەوە لە زیانی جگەرە كێشان، لایەنی دووەم ئەو كەسانەن كەوا جگەرە ناكێشن، وەكو جەنابتان ئاماژەتان بۆكرد، بەڕاستی بەداخەوە ئەڵێم ئەو لایەنانەی كەوا جگەرە ئەكێشن، حساب بۆ ئەوانە ناكرێت، لەناو خودی پەرلەماندا زۆرجاران دانیشتووین لە لیژنەی یاسایی یان لە لیژنەكانی تر برادەران من بەسەراحەت ئەڵێم دێنە ژوورەوەو بەبێ روخسەت وەرگرتن دەست بەجگەرە كێشان ئەكرێت، پێویستە كارێكی وا بكرێت، ئێمە، ناڵێین كەوا قەدەغەی جگەرەكێشان بكەین لەكوردستاندا، بەڵام لانی كەم لە جێگا گشتیەكان، لە ناو پاسی گشتی، پێویستە كەوا ئێمە نەیەڵین، رێگا نەدەین بەجگەرە كێشان، هاوكاری ئەو كەسانە ئەكەین كەوا جگەرە ناكێشن، من خۆم یەكێكم بەدرێژایی تەمەنم جگەرەم نەكێشاوە، بەڵام لەهەمان كاتیشدا ئەوانەی كەوا جگەرە ئەكێشن، پێویستە هاوكارییان بكرێت، هەموو كارێكیان بۆ روونبكرێتەوە، كەوا زەرەری جگەرە كێشان چیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك دكتۆر قسەت هەیە، فەرموو كاك دكتۆر كەمال كەركووكی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پێشەكی تكایە، لە مەوزوع دەرمەچن، با تەركیز بكەینە سەر بابەتەكە، یەعنی مەوازعی تر دێت ئەوە جێگای ئێرە نیە، ئەگەر یەكێك مولاحەزەیەكی هەیە لەسەر هەر وەزارەتێك، ئەتوانێت داوا بكات، دانیشتنێكی تایبەتی بۆ دابندرێت، یان وەزیری پەیوەندیدار بانگ بكرێت، ئێستە ئێمە باسی قانونی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان ئەكەین، ئەڕۆین ئیخسائی نیە لەو نەخۆشخانەدا ئەوە جێگای ئێرە نیە، یەعنی داوای لێبوردن ئەكەم، بەنیسبەت ناوی یاساكە، وەكە خۆی بمێنێتەوە، وەكو مەشروعە ئەصڵیەكە، بەڕەئی من ئەگەر زۆرئیراد لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، ماددەی یەكەم، ئەتوانین تحزير لابدەین، بڵێین صنع او استراد اي نوع من منتجات التبغ او المتاجرة بها في الاقليم يجب ان يكون موطابقاً للمواصفات والمعايير الدولية، والمخالف يعاقب بالحبس او بالغرامة، حەبسەكەش تەحدید بكرێت، دیاربێت چەند وەختە، وبالغرامة لاتقل على خمسة ملايين دينار ولا تزيد على عشرين مليون دينار. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوو کەسی تر ئەیانەوێت قسە بکەن، کاك خۆرشید و کاك شێخ ادهم، فەرموو کاك خۆرشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەشێوەیەکی گشتی تەئیدی مەشروعەکە ئەکەم، بەڵام، وەکو جەنابی دکتۆر زریان و هەنـدێك لـەبرادەران باسیان کرد، بەتەسەوری من ماددەی یەکەم زۆر قورسە، ئیحتیماله نەتوانین تـەنفیزی بکـەین، چـونکە ئێمـە نەسـەیتەرەمان هەیـە، نـە ئەشـتوانین ئـەو فحوصاتانە بکـەین، کـە جگـەرە اسـیتراد دەکرێـت، ئـەو وڵاتانـەی هەمووومان ئەزانین کە هەوڵی ئەوە ئەدەن کە جگەرە کێشان لەناو میللەتەکەی خۆیان کەم بکەنـەوە، یەکسـەر بەقـەرارێك کـەمیان نەکردۆتـەوە، چـەندین ساڵە قۆنـاغ بـەقۆناغ، شـوێن بەشـوێن، ناوچـە بەناوچـە، مـەنعی ئەکەن، جارێك لە دائیرە، جارێك لە خەستەخانە، جارێك لە قوتابخانە، جارێك لـە شـوێنە گشـتیەکان، جارێـك لـە مـیترۆ، لەبـەر ئـەوە مـن پـێم وایـە ماددەیەی‌بکرێتـە ئەسـاس بـۆ ئـەوەی ئـەو شـوێنانە دیـاری بکرێـت، وە وەزارەتەکانی پەیوەندیدار هـەوڵ بـدەن و ئیجرائـاتیش بکرێـت، پـێش هـەموانیش خۆمـان ئیجرائـات بکـەین لەناو پەرلەمان، چونکە ئێمە ئێستا قانون دەرئەکەین خۆشمان موخالەفەی ئەکەین، دوو، مەسەلەی هـەرزانی و ئەوەیە، کە پاکەت لەکوردستان هەرزانترە، من حەز ئەکەم هەموو خوشك و برایـان بـزانن جـەنابی سـەرۆك ئەگەر موبالەغە نەکەم وەلەو من لەخەڵکم بیستووە، لـە 60٪ی زیـاتر ئـەو جگەرانـەی کـە دێـن ئیکسـپایەرە، بۆیـە هەرزانـە، بەبـەلاش دێـت، ئەگـەر بـەپارەی خـۆی بکرێـت، بەقیمـەتی خـۆی، بـەخوا بەسـێ قیمـەتی دەفرۆشرێت، لەبەر ئەوەی کە هەرزانە ئیکسپایەرە، بەڵام ئایا ئێمە چ جیهازی سـەیتەرەمان هەیـە تـا بـزانین ئەوە ئیکسپایەرە یان نا، خەتەری ئیکسپایەر گەورەترە لەوەی ئەگەر جگەرەکە خۆی تـەواو بێـت، بـا بتـوانین ئـەوە مـەنع بکـەین، بۆیـە پـێم وایـە مـاددەی 10 بکرێتـە ئەساسـێك بـۆ ئـەوەو تەحدیـدیش بکرێـت، هـەموو ماددەکە پێکەوە لەو شوێنانە بەیـەکجاری قەدەغـە ناکرێـت و ناشـتوانین ئـەو شـوێنانەی کـەوا لـە مـاددەی دە نووسرایە، وە قورسیشـی نەکـەین لەسـەر خۆمـان و لەسـەر حکومـەتیش، چـونکە جیهازەکـە نیـەو ناشـتوانین تەنفیزی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ ادهم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ڤە پرۆژە، پرۆژەیەکا بەجێیـە، بـەڵێ بۆچـونا مـن، وەختـەکی جیـدا نـەهات، چ مـاددە لەوەختـەکی جیدا نەهاتیە، ئەز وا بۆ چوم، یا حازرییەك بۆ ڤە کارەی هاتبا کرن، پێش نوکـەدا چ ئاسـتێ حکومـەت لەسـەر ئاستێ راگەیاندنێ، لەسەر ئاستێ جەماوەری کۆڕ و کۆبوونەڤـە ئاگـادار کـرن، لێـرەدا ئـەز بەحسـێ خـۆ کـورت دکـەم، مـن ڤـێ ئـەز ئیشـارە ڤـێ خـاڵێ بکـەم، ئەڤـە مەوزوعـە نەقەدەغەکرنـە، نـە مـەمنووع کرنـە، بـەلکی سنوردانانەکە بۆ جگارە کێشانێ، ئێك لەڤان سنورا، باس دێتە کرن، ئـەو تـووتن و ئـان ئـەو جگـارەی کـە دێنـە کوردستانێ، بە هەندێك مواصەفاتێ دوەلی بن، لێرە هەم مە ڤێت، هەندێ شت دیار بکەین، جـەنابێ سـەرۆکی پەرلەمانێ، هێشتا کەمە رێکا دیارکرنا چ شتەك لە حکومەتا خۆدا پەیدا نەکریە، حکومـەتا کوردسـتانێ هـەتا ئەڤرۆ، دائیرەیەك نیە، قسمەك نیە، وەزارەتێك نیە، بەشێك نیە، بەناڤێ کۆنـترۆڵ یان سەیتەرا نەوعی لەسەر

شتێ بازارێ، ئایا ئەم دێ چەوا هەستین سەیتەرێ لەسەر نەوعێ ڤی توتنێ یان ڤێ جگارە بکەین، دەرمانێ تێ، دەرمانێ مە ئیکسپایەرە، دەرمانێ تێ دەرمانێ هەندێك شەریکا چێ تێری کە ڤە شەریکە، دوو مواصەفاتێ شەریکا دوێ، یان کەسێ دوهێ یان بازرگانێ دوهێ، کە دێتە کوردستانێ، ئیڤە مەوادێ بۆ تۆ هاتیە، ئایا ڤە گوناح نیە، ئایا ڤە زەرەرێ لە تەندروستیا خەلکەکی نادات لێرەدا، هەتا مە سەیتەرا نەوعی نەبی، دائیرا سەیتەرا نەوعی لە حکومەتا کوردستانێدا، پەیدا نەبی، ئەم دی چەوا پی بزانین ئەو شتا دی هەمی سەیتەرا لەسەر بکەین، لە زمنی واش جگارا یان تووتن، ئەڤ لێرەدا گرنگیدان بەهەندەك شتی موهیم ئەگەر ڤەهاتبا کرن، چونکە دائیرەیەك نیە، کەسێك نیە سەیتەرا لەسەر شتا بکات، ئایا ئەڤە چون دەکری کۆنترۆلێ قانونەکی بکەین، و دایبنێین و تەنفیزا وێ چۆن بیردا هاتیە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا ئەم ماددەیە زۆر موناقەشەی لەسەر کرا، کە دەیشی هێنا، لەبەر ئەوەی رای جیاواز هەیە، بۆچونی جیاواز هەیە، صیاغەی جیاوازیش هەیە، ئەمە رەنگە لەکوردستانیشدا یان لە عێراقیشدا یەکەم جارە قانونی وا بێتە بەردەم پەرلەمان، رەنگە لە زۆر دەوڵەتانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا تازە بێت، بەڵام، پێمان وایە ئێمە، کارێکی گرنگ دەکەین، لەبەرژەوەندی هاووڵاتیاندایە، لە بەرژەوەندی تەندروستیاندایە، لەبەرژەوەندی ئابووریشدایە، بۆیە دەیهێنا ئەو موناقەشەیەی کەلەسەری کرا، ئەوە ئێستا من لام روون بووەتەوە، ئەگەر بێتو لیژنەی یاسایی واز لەموفتەرەحەکەیان بێنن، هەرئەصڵی ناوەکە، شامل ترە، روونترە، قانون مكافحه التدخين، قانونی بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان لەهەرێمی کوردستاندا، ئەمە یەك موداخەلەکان هەمووی ئەوە ئەگەیەنێت، ماددەی یەك و دوو ئەکسەرێتی کە قسەیان کرد، کە ببێتە یەك ماددە، ئەوەی لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی تەندروستی ئیقتراحیان کردووە، کە صیغەیەکیان تەقدیم کردووە، ئەو صیغەیە بەعەرەبیەکەی بەو شێوەیە، ( يحظر صنع او استيراد اي نوع من منتجات التبغ او المتاجرة بيها، في الاقليم، او عرضها للبيع او حيازتها بقصد البيع مالم تكن، مطابقة للمواصفات والمعايير الدولية، من لێرە ئیزافەم کردووە، التي يحددها وزارة الصحة، چونکە هەروەها بڵێیت معایری دەولی کێ تەحدیدی ئەکات، بۆیە ئەبێ لایەك تەحدیدی ئەو معایرە بکات، ويعاقب المخالف بالغرامة لاتقل عن خمسة ملايين دينار، ولا تزيد عن عشرين مليون دينار، کوردییەکەی، ( نەهێشتنی دروست کردن، یان هێنانی هەر جۆرە بەرووبوومێکی توتن یان وەبەرهێنانی جگەرە یان تووتن یان جگەرە یان بازرگانی پێکردن یان هەڵگرتنی بەمەبەستی فرۆشتن، لە هەرێم ئەگەر هاتوو لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان یەکی نەگرتەوە، کە ئەوە ئیزافەکەی لای ئێمەیە، کە وەزارەتی تەندروستی دیاری دەکات، سزای سەرپێچی کارەکان ئەدرێت، بە بڕی پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت)، ناوەکەشی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بە عەرەبیەکەی قانون مكافحه التدخين في اقليم كوردستان – العراق، بەکوردییەکەشی یاسای رووبەروو بوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستاندا، نازانم جەنابی وەزیر رەئیت هەیە، لەسەر ئەو موفتەرەحەی لیژنەکان.

**بەڕێز د. عبدالرحمن عثمان یونس( د. زریان)/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ من بەتەواوی تەئیدی ئەوە ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمەش تەئیدی ئەو صیغەیە ئەکەین، بەڵام، تەنها لەسەر ئیزافەکەی جەنابت، المعایير والمواصفات الدولية وەزارەتی سەحە تەحدیدی ناکات، خۆی موحەددەدە ئەصڵەن، بەڕەئی من بلێ او المحددة من قبل وزارة الصحة، هەندێك جار ئەوان تەحدیدی ئەکەن، با (مراعات المعايير والمواصفات الدولية) نەکرێتە هی وەزارەتی تەندروستی، بلێین او المحددة من قبل وزارة الصحة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو نابێت دەبێ وە بێت و محددە، فەرموو دکتۆر زریان.

**بەڕێز د. عبدالرحمن عثمان یونس( د. زریان)/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بەڕێز ئەو قانونە ئەصڵەن لە قانونی (W.H.O) و قانونی ئەمریکی بۆ منع التدخين خەلق کراوە، مەجموعەیەك شروتی دەولی هەیە لە (W.H.O) و ئەمریکی وئەوانە، ئێمە، ئەتوانین بیکەینە کوردی و ئیختصاریشی بکەینەوە، وەکو تەعلیماتیش دەری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەقصەدم ئەوەیە بەتەنها باشترە بنووسرێت، مراعات المعايير الدولية فقط، یەعنی وەزارەتی صحەی پێناوێت کەواتە، بەعەرەبیەکەی جارێکی تر ئەیخوێنمەوە پێش ئەوەی بیدەینە دەنگدان، ناوەکە وەکو خۆی دەمێنێت، يحظر صنع او استيراد اي نوع من منتجات التبغ او المتاجرة بها في الاقليم او عرضها للبيع او حيازتها بقصد البيع مالم تكن، مطابقة للمواصفات والمعايير الدولية ويعاقب المخالف بغرامة لاتقل عن خمسة ملايين دينار ولا تزيد عن عشرين مليون دينار، کوردییەکەشی خوێندمەوە بۆتان، ناوەکەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەو ماددەیە ئەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟. بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، نوقتەی نیزامی هەیە ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ماددەیەکم پێشنیارکرد بۆ لیژنەی یاسایی، زاراوەکان و مەبەستی بەکارهێنانی زاراوەکان، وە پێناسەکردنی جگەرەکێشان و بابەتەکانی پیشەسازی، من نازانم وەڵامیان چی بوو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دائیمەن ئەگەر مەوادی تەعاریف بوو ماددەی یەكەم دائیمەن تەعاریفی بۆ دائەنێین، مەرج نیە بۆ هەموو یاسایەك تەعاریف دابنێین، وە تەعاریف كەدائەندرێت، بەس لەبۆ ئەوەیە، زۆرجار ئەو موستەلەحاتانە زۆر تكرار ئەبێتەوە لەناو قانونەكەدا، ئێستا ئەمە خۆی قانونێكی زۆر موختەسەرە، پێویست بەوە ناكات، دەست خۆشی لە خوشكە ڤیان ئەكەم، بەس ئەو خۆی خاوەنی ئەو مەشروعەیە، دەستیشی خۆش بێت، بەڵام ئەگەر ئەو مەبەستی بوو، ئەو، ئەو نەوعە ماددەی بۆ دابنابایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، روون بوویەوە، ئێستا ماددەی یەك و دوو تەواو، بوو بەیەك ماددە، ماددەی سێ بخوێننەوە تكایە، فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە ماددەی سێ، ماددەیەكی موزافەمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببورە كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە زیاد لە پێنج كەس داوای ئەوەمان كرد، كە ماددەی 10 بێتە شوێنی ماددەی یەك، تكایە وەڵامەكەی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نابێتە ماددەی یەكەم، بەڵام، ئەگەر بكرێت ئەبێتە ماددەی دووەم، واتە تۆ یەكەم جار استیرادەكەی مەنع ئەكەیت، ئەگەر بشكرێت هەر دەبێتە ماددەی دووەم، قەت نابێتە ماددەی یەكەم، ماددەی یەكەم، تۆ حەزری استیرادو صنعەكەی ئەكەیت، كە بەپێی مواصەفات نەبێت، ئەوجا ئەگەر بەپێی مواصەفاتیش بوو، مەنعی ئەكەیت لەو شوێنانە، كاك فرسەت رەئێكی هەیە بەنیسبەت ئەو ماددەی كە دەنگمان بۆدا، ئەڵێت، دەبێ جێگای بكەنەوە فەقەرەیەك ئیزافە بكەن، كە موسادەرەی ئەو جۆرە جگەرەیەش بێت، راستە هەر غەرامە نیە، ئەی ئەو جگەرەی كەوا بەپێی مواصەفات نیە چی لێ ئەكەیت؟ دەبێ بیسووتێنین، ئێستا موقتەرەحێك هەیە ماددەی دە ببێتە ماددەی دوو، يحظر التدخين، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من هیچ موجبێك نابینم ئەو ماددەیە نقڵ بێت، چونكە هێشتا ماددەی ترمان ماوە، كە پێویست بە تەوزیحی قانونەكە ئەكات، ئەو ماددەیە بابچێتە پێش، ئەوجا دوایی دێینە ماددەی دووەم، ماددەی دوو مەنعی

جگەرەیە لە شوێنە گشتیەکان، وە عقوبەشی بۆ دانراوە، جا با هێڵە گشتیەکان تەواو بکەین، ئەوجا بابێینەوە سەر ماددەی دە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەلاکولین ئێمە، کە گەشتینە ماددەی دە، ئەو وەختە قەرار ئەدەین، پێش بخرێت و بخرێتە ماددەی دوو، تەسەلسولەکان موشکیلە نیە، ئێستا ماددەی سێ، فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی ماددەیەکی موزافەی پێشنیار کردووە، وەکو ئەو جۆرەی خوارەوە، ئەگەر رەئیتان هەبێت بیدەنە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ماددە ئەصڵەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يحظر الاحداث المنتجات التبغ ومشتقاته تدخيناً وبيعاً وشراءً وحيازةً بأي وجه من الوجوه ويسلم المخالف الى ولي امره بعد اخذ الكفالة بعدم تكرار المخالفة وفق احكام القوانين المرعية، ويصادر ما بحوزته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە، پشتگیری لەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی ئەکەین، لەجێگای خۆیایەتی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردییەکەی بیخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی زیادە کراو بە ماددەی سێیەم دانرا بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

نەوجەوانان نابێ بەرووبوومی توتن و لێ وەرگیراوەکانی بکێشن و کڕین وفرۆشتنی پێوە بکەن، یان هەیانبێت بەهەر شێوەیەك بێت، سەرپێچی کار دەدرێتە کەسوکاری دوای ئەوەی کە کەفالەتی لێ وەردەگیرێت، کە جارێکی تر ئەو سەرپێچییە دووبارە نەکاتەوە، بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکارو لەگەڵ دەست بەسەردا گرتنی ئەو بڕەی کەلەلایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە، لە لیژنەی یاسایی، مەقصەدتان لە حیازە چیە، مەسەلەن باوکێك ئەڵێت بەکوڕەکەی برۆ پاکەتێك جگەرەم بۆ بێنە، ئەو کاتە لەگیرفانیەتی، فەرموو کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمە، پێشنیاری ئەوەمان کردبوو لیژنەی یاسایی ئەمە بخەنە قاڵبێکی یاسایی، منع منتجات التبغ لغیر الراشدین، طن هم دون سن 18 سنة، یەعنی بڵێین مەنع بیخوات چۆن ئەتوانی ئەوە بکەی، یان ئەگەر پێی بێت، وەکو ئەوەی جەنابت وتت، بەس ئەتوانن دوکانەکان ئەوە هەڵواسن و نەهێڵن، چونکە لە هەموو دونیای پێشکەوتوودا، وا ئەکەن لە دوکانەکاندا ئەوە هەڵئەواسن، بۆ منداڵی بچووك مەمنووعە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، وەکو لیژنەی ناوخۆ خۆشمان پێشنیارێکی لەو بابەتەمان هەبووە، وەکو ئەوەی لیژنەی یاسایی، بەڵام بە وەصفەکەی کاك محمد فرج، ئەویش ئەو ئیلتیزامە بخرێتە سەر ئەو کەسانەی کە جگارە ئەدەن یان ئەیفرۆشن بە نەوجەوانان، ئێمە، پێشنیارمان صیغەکە بەو جۆرەیە، فرۆشتنی جگەرە بۆ نەوجەوانان قەدەغەیە، هەرکەسێك جگەرە بفرۆشێت یان بیدات بە نەوجەوانان سزا دەدرێت بەغەرامەیەك کە لە چوارسەد هەزار دینار کەمتر نەبێت ولە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر زریان بابزانین ئەو ئەڵێت چی فەرموو.

**بەڕێز د. عبدالرحمن عثمان یونس( د. زریان)/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی مەسەلەی حیازەو فرۆشتن وئەوانە، کەوا خۆتان ئەبینن لە زۆربەی بازاڕەکانی ئێمە منداڵن پاکەت ئەفرۆشن، رەنگە خێزانێك بەخێو بکەن بەو پاکەت فرۆشتنە، من لەگەڵ ئەوە نیم، بەڵام بەتەئکید لەگەڵ ئەوەم قەدەغەکردنی فرۆشتن بەمنداڵان، ئەوانەی کە غەیری سنی بلوغن، کە ئایا سزاکەی چەند بێت، ئەوە خۆمان تەحدیدی بکەین، ئێمە ناتوانین سزا لەسەر منداڵەکە بدەین، لەسەر ئەوە ئەیدەین کەپێیان ئەفرۆشێت، لە دونیاشدا هەر وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بەحەقیقەت ئەوە بڕێك حەساسە ئەو مەوزوعە، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەروەکو جەنابی وەزیر فەرمووی، چۆن قەدەغەکردنی ئەو منداڵانـە کـە جگـەرە بفرۆشـن، شـتێکی قورسە، جگەرەکێشانیش لەلایەن نەوجەوانانەوە، ئەویش شتێکی قورسە، چونکە مـن کـە گـەنج بم مـەمنووع بێت جگەرە بکێشم، بەکابرایەکی پیر ئەڵێم جگەرەم بۆ بکڕە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئـەو مادەیـە هـەر زیادەیـە لەجێی خۆی، یەعنی ئەمە ماددەیەکی زیادەیەو ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەسـت خۆشـی لـەبرادەرانی لیژنـەی یاسـایی ئەکـەم بـۆ ئـەو ماددەیـە، لەبـەر ئـەوەی ئێمـەش هـەر لەسـەرەتا پێشنیارمان کرد، باشترین شت کە ئێمـە ئـەتوانین بیکـەین، ئەوەیـە کـە قەدەغـەکردنی فرۆشـتنی جگـەرە بـۆ نەوجەوانانە، بەڵام نەوجەوانان بەڕاستی ئێمە دەبێ تەمەن دیاری بکـەین، بۆیـە مـن پێشـنیاری تەمـەنی 16 سـاڵ ئەکـەم، لەبـەر ئـەوەی کـە زۆر نەوجـەوانمان هەیـە کـە تەمـەنی 15 تـا 16 سـاڵە، کەچـی بـاڵای بـەرزەو لەکەسێکی گەورە تر ئەچێت، من جارێکی تریش تەئکید لەوە ئەکەمەوە، ئەوانەی کە ئێستا جگەرە ئەکێشـن، تەنها بەو رێگایە وازی لێ دێنن، کە بچنە لای دکتۆر، دکتۆر ئینزاری سووی خەتـەریاتی مردنیـان بـۆ پێبکات، ئەوجا لەترسان واز لەجگەرە کێشان دێنن، لە 90٪ی بەم شێوەیە لەهەرێمی کوردستان، تەنها ئێمە شتێك کـە ئەتوانین بکەین، هەوڵی ئەوە بدەین، قورسی بکەین تا گەنجەکان نەتوانن بەدەستی بێـنن، بۆیـە مـن پێشـنیار ئەکـەم، لـە نەوجەوانـەوە بگۆڕدرێـت بـۆ تەمـەنی 16 سـاڵ، لەحاڵەتێکیشـدا کـە نـەیتوانی ئـەوە بکـات، داوای هەویەی لێ بکرێت بۆ ئەوەی بزاندرێت، تەمەنی چەندەو بۆ سەلماندنی تەمەنی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.**

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من ماددەکە وەکو هەمووی لە پێشەوە باسم کرد، شتێکی زۆر رێك وپێکـە، بـەڵام، تـەنها ئـەوەی لـێ دەربهێندرێت، ئەویش کێشانەکەیە، چونکە ئێمە، منداڵەکان وەکو برادەرانیش باسیان کرد، ئێمە، نامانـەوێت کڕین و فرۆشتنی زیاتری پێوە بکەن، بەڵام پۆلیسـێك منـداڵێك بگرێـت لەسـەر ئـەوەی جگـەرەی کێشـاوە یـان جگەرەی پێیە، شتێکی زۆر زەحمەت ئـەبێت، لەبـەر ئـەوە ئـەوەی لـێ لابـەین، نەوجـەوانان نـابێ بـەروبوومی توتن و هەموو جۆرە لێ وەرگیراوەکانی کڕین وفرۆشتنی پێوە بکەن، ئەو بکێشنەی لابەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك بەڵێن فەرموو.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەزۆربەی وولاتە پێشکەوتووەکان، مەسەلەی فرۆشتن چ کڕین، بۆ ئەو کەسـانەی کـەوا تەمـەنیان لـە 18 ساڵ کەمترە، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی مەمنووعە، هەم فرۆشـتنی، هـەم کـڕینی، قەدەغـە نـەکراوە کـە

نەیکێشێت، بەڵام فرۆشتن و کڕینی لەلایەن ئەو کەسانەوە کە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵەوەیە قەدەغەیە، ئایا لە وڵاتی ئێمە، من ئەو پرسیارە ئەکەم، ئایا لەوڵاتی ئێمە ئەتوانین ئەو قانونە تەتبیق بکەین، ئێمە، ئەوە قانونی لێخوڕینی سەیارە لەکوردستان هەمووومان ئەزانین، نەبۆی هەیە لە 18 ساڵی کەمتر سەیارە لێ بخوڕێت، نە ئیجازەشی بدرێتێ، وەختێ کە ئیجازەی نەبێ بۆی نیە لێ بخوڕێت، کەچی لە کوردستان بڕۆ ، نەك هەر لێ دەخوڕێت، بەڵکو حادیسەش دەکات، سوڵحی عەشایەریش ئەکات، خەڵکی دەکوژێت و سوڵحی عەشایەریش ئەکات و لێی دێتە دەرێش، یەعنی ئێمە، قانونێکی وا دەربکەین ئێستا بەهەزاران خێزان، بەهەزاران دوکان لە کۆڵانەکان هەیە، لەناو شار هەیە، کوڕەکەی تەمەنی 15 ساڵە لەسەر دوکان دانیشتووەو جگەرە دەفرۆشێت، یان ئەشیا ئەفرۆشێت، ئایا ئێمە ئەتوانین یەعنی یاسا بەوە جوانە کە ئێمە تەتبیقی بکەین، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیە بەڕای من حەساسە، ئەبێ زیاتر هەڵوێستەی لەسەر بکەین، دووش، جەنابی وەزیر بەڕاستی من پێشنیارێکم هەیە، یەعنی من لە ئەهەمیەتی ئەو یاسایە کەم ناکەمەوە، ئەو یاسایە یاسایەکی زۆر گرنگە، دوایش لە 60 ئەندام پەرلەمان زیاتر ئیمزایان لەسەر کرد، جێی خۆیەتی ئەمڕۆ ئەم یاسایە موناقەشە ئەکرێت، بەڵام جەنابی سەرۆك بەڕاستی یاسای تریش هەیە مەفرووزە موناقەشە بکرێت، ئێمە دوو یاسای ترمان لە لیژنەی کشتوکاڵ بۆ بەڕێزتان بەرزکردۆتەوە، یەکێکیان یاسای پەرەپێدان وپاراستنی بەرووبوومی کشتوکاڵیە لە هەرێمی کوردستاندا، کە پەیوەندی بە ژیان وگوزەرانی جوتیارانەوە هەیە، لە مانگی 6 شەوە لیژنەی کشتوکاڵ، ئێمە راپۆرتی خۆمان بەرزکردۆتەوە، وەزارەتی کشتوکاڵیش چەندین جارە داوا لە ئێمە دەکەن کەپەلە بکەین لە دەرکردنی ئەو یاسایەدا، تا ئێستا دەرنەکراوە، دووش، ئەو نیسبەتەی ئەو زەوی وزاری ئەو جوتیارانەی کە گرێ بەستیان هەیە لەگەڵ دەوڵەت، زەوییەکانیان دەکەوێتە ناو وەزارەتی شارەوانی، بەپێی یاسای کووژانەوەی زەوی، ئێمە زیاتر لە 60 ئەندام پەرلەمان دیسانەوە ئەوەمان بەرزکردۆتەوە، پێشنیار ئەکەم, داوا ئەکەم، کەلەمانگی 11 ئەو دوو یاسایە بخرێتە بەرنامەی کار، بۆیەش تەئکید ئەکەمەوە، چونکە بەرنامەی کاری مانگی 11 ەمان بۆ هاتووە، بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەو دوو یاسایەی تێدا نیە، کە گرنگییەکی زۆری هەیە، لەمەوزوعیش دەرچووم داوای لێ بووردن ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام خۆت وتت منیش رەخنەکە ناگرم، بەڵام، خۆی ئسوڵ وایە ئێمە، دەبێ ئەوە بکەین ئەو لیژنانەی کەوا پەیوەندیدارن، خۆیان ئاگاداری سەرۆکایەتی بکەن، بڵێن ئەو پرۆژەیە دوا کەوتووە، من چەندین جار شەرحم کرد، هەتا لیژنەی یاسایی راپۆرتی حازر نەبێت، لیژنەکانی تر راپۆرتیان حازر نەبێت، پرۆژە ناخرێتە ئەجندەی کۆبوونەوە، پرۆژە دێت، ئێمە حەواڵەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئەکەین، ئەگەر راپۆرتیان ئامادە نەکەن، هەموو پرۆژەیەکیش ئاسان نیە، راپۆرت ئامادەکردن، پێویستی بەکۆبوونەوە هەیە، لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار، پێویستی بەدیراسەت کردن هەیە، فەرموو ئەوە پێنج سەعاتە هاتوون لێرە دانیشتوون تا ئێستا یەك مادده دەنگمان بۆداوە، مەسەلەکە وا بەو ئاسانیە نیە، بەڵام من تەمەنا ئەکەم هەموو پرۆژەکان بەهەفتەیەك تەواو بکەین، بۆ ئێمە، باشترەو ئاسانترە، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتەوانی لەو پرۆژەی دەكەم، ئەو پرۆژە زۆر گرنگە، هەم بۆ جگارە كێش هەم بۆ جگارە نەكێش، یەعنی یەكێك لە پرۆژەكانی هەرە موهیم لەناحیەی تەندروستییەوە، دەربارەی منداڵ و نەوجەوان وئەوانە، تەبعەن ئەوە قەدەغە ناكرێت نەك هەر لێرە، بەڵكو لە دەوڵەتە پێشكەوتووەكانیش، وەكو مۆدێلێكە لەناو نەوجەوانان ئەوەی كە جگارە نەكێشێت بەنەقسێك شعور دەكات، كە نەقسێكی هەیە، لەبەر ئەوە فرۆشتنیش قەدەغەناكرێت، هەتا حەدەكی لەبەر ئەوە سندوق هەیە پارەی تێدەكەن، جگەرە بۆی بەپاكی دێتە دەرێ، یەعنی قەدەغەناكرێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئەمە بەشێوەیەكی تر تەوعیە بكرێت، بۆ ئەوەی خەڵك لەماڵی خۆی یان لە مەدرەسە، ئەوە تەوجیه بكەین، كە ئەم شتە كەم بكرێتەوە، لەدەرەوە لە ئەوروپا من لە ئەڵمانیا ژیاوم، نەوجەوانان و منداڵان، دەیكێشن هەتا سنی 25 ساڵە، پاش 25ساڵە، لە 75٪ی جگارە تەرك ئەكەن، لێرەدا مانای وایە قەدەغە ناكرێت، لەبەر ئەوە پێویستە بەتەوعیە بكرێت، بۆ ئەوەی برێك كەم بكرێتەوە، ئەوە باشترە لەوەی كە ئەمە سەد دەر سەد ئەمە قەدەغەناكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە ئەكەم، لە ڕاستیدا نەوجەوان ئەبێ تەمەنی بۆ دیاری بكرێت، من پێشتریش وتم قەدەغەكردنی كێشانی جگەرە لەلایەن كەسانی خوار 18 ساڵ ورێنەدان بەفرۆشتنی، كە كەسانی 18 ساڵ نەیفرۆشن، ئەوە لە حەقیقەتدا راستە، گرفت ومەشاكیل دروست ئەكات، لە وڵاتان كە یاسایەكی وایان دەركردووە، نەیان توانیوە سەد دەر سەد چاكی بكەن، بەڵام، هەنگاوێكیان بۆ ناوە، ئاسانكارییەكیان تێداكردووە، ئەكرێ ڕێنمایی دەربكرێت، ئاسانكاریش بكرێت، ناتواندرێت یەكسەری بنەبڕی ئەوە بكرێت، ئەو جێگاو شوێنانەش كە كەسانی خوار 18 ساڵ ئیشی تێدا ئەكەن، كە لەڕاستیدا نابێ كاری تێدا بكەن، با جگەرە فرۆشتنی تێدا نەبێت، من هەر پێشتر پێشنیارم كرد، ئەوە دوو بڕگە بێت، بڕگەیەكی تریان دوای ڕەزامەندی وەزارەتی ژینگەو تەندروستی و بازرگانی، گومرگی زیاد لەسەر جگەرە دابنەدرێت، بڕی زیادەكەشی لەبواری ژینگەو تەندروستیدا خەرج بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم ئەگەر جەنابی وەزیری تەندروستی و برادەرانی لیژنەی یاسایی ولیژنەی تەندروستیش، بەڕاستی ئەو صیغەیەی كە تەقدیم كراوە، تۆزێك هینە، پێش ئەوەی بەردەوام بین لەسەر موناقەشەكە، ئەگەر موختەسەری بكەین، شمولی تر بێت، مەسەلەن فەقەت بڵێین، يحظر تعاطي الاحداث لمنتجات التبغ ومشتقاته فەقەت ئەوەندەی لێ بكەین، من پێم باشترە و عەمەلی تریشە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. عبدالرحمن عثمان یونس( د. زریان)/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ناكرێت ناوی نەوجەوان و منداڵ نەهێنین، بەڕاستی ئەبێ هەر بیهێنین، ئینجا كەلیمەكەشی تەخفیف ئەكەن ئەوە موشكیلە نیە، بەڵام، ڕەنگە ئەمرۆش تەتبیق نەكرێت، بەڵام بۆ داهاتوو قانونێكمان هەبێت، چونكە

هەموو رۆژ دانانیشین قانونێك دابنێین، لەبەر ئەوە نەوجەوانانی هەر ئەبێ تێدا بێت، ئەوە مەسەلەیەکی ئەساسیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەڵێم ئەو بنووسین یحظر تعاطي الاحداث لمنتجات التبغ ومشتقاته، یەعنی قەدەغەکردنی بەکوردییەکەی چی نووسراوە، جگەرە کێشان بۆ نەوجەوانان وە موشتەقاتی، یەعنی ئەوە ئەگەر بچینە ناوییەوە، بەیع و شیراو ئەوە بەڕاستی ئیشکالێکە، رەنگە لەکوردستانیشدا زەحمەتە تەنفیزی بکەین، وەکو پرەنسیپ، با پرەنسیپەکە تەصویت بکرێت، یحظر تعاطي الاحداث لمنتجات التبغ ومشتقاته ئەوە رەنگە تاپێنج ساڵی تر بتوانین ئەوە تەنفیز بکەین، تا بتوانین هەندێ شتی تر بکەین، کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ناچارکردنی نەوجەوان بۆ ئەوەی جگەرە نەکێشن بەیاسا ناکرێت، ئەمە پێویستە بەڕێنمایی و وشیارکردنەوە بێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم، نەکێشانەکەی بکرێتە ئەم ماددەوە، تەنها کڕین و فرۆشتنی پێ نەکرێت، کە ئەوەش باوە لەناو بازاڕی ئێمەدا کە منالاًن ئەیفرۆشن، لەبەر ئەوە پێم وایە هەر ئەوەی لێ بکرێت، نەوجەوانان نابێ بەرووبوومی توتن و هەموو جۆرە لێوەرگیراوەکانی کڕین و فرۆشتنی پێوە بکەن، کێشانەکەی بەڕاستی ناتوانین بەیاسا مەنع بکەین، ئەوە شتێکی زۆر زەحمەت ئەبێت و ئەکەوینە کێشەیەکی گەورەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر فوئاد، کە دەڵێیت تەعاتی کڕین و فرۆشتنیش ئەگرێتەوە، یحظر تعاطي الاحداث لمنتجات التبغ ومشتقاته، یەعنی کڕین وفرۆشتن و کێشانی و حیازەکردنی هەمووی ئەگرێتەوە، دکتۆرە ئاریان فەرموو.

**بەڕێز د.ئاریان خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەنگە هەندێك کەمتەرخەمی لە لیژنەی ئێمەوە دەرچووبێت، بەڕەسمی و بەشێوەیەکی ئیحصائی باسی زەرەرو زیانی تەندروستی تووتن بکەین، ئەگەر هاتوو جەنابت مەجالم بدەی بەشێوەیەکی گشتی باسی بکەین، هەر لە ئافرەتی سك پڕ و یاخود هەبوونی سەرەتانی، بە دوو، سێ دەقە باسی ئەکەم، جگەرە نەك تەنها هۆی تووش بوونی، سەرەتانی سنگە، بەڵکو سەرەتانی حونجەرەو گەروو مریء و پەنکریاس وجەرگ و مەسانەو کەبەدو نەخۆشی تریش، لەبەر ئەوەی 70 نەوع ماددەی سەمی تێدایە، ئەوەش تەئسیر ئەکاتە سەر، (R.N.A) ڤیناتی (R.N.A) کە چۆن ئێمە، ئەڵێین ماددەی سامی هی سیلاحی کیمیاوی، هەروەها ئەو ماددەیە تەئسیر لەسەر مادەی جی ئێن ئەکات، وا ئەکات ئەگۆڕدرێت و دەبێتە ماددەیەکی سەرەتانی، بەنیسبەت ئافرەتی حامیلە وای لێ دەکات کەتووشی لەبارچوون ببێت، تووشی مردنی منداڵ بێت، تووشی پێش وەخت منداڵ بوون ببێت، کە منداڵەکەش ئەبێت سنگی تەواو نیە، هەندێك جار هۆی مردنی منداڵ لەمانگی یەکەم یاخود ساڵی یەکەم کە هۆکەشی نادیارە، چەند برادەرێك باسی ئەوەی کرد، بەڵکو ئەوە سوودیشی هەیە جگەرە، بەنیسبەت نەخۆشیەکانی ئافرەت، یەك لەسەبەبەکانی تووشی سەرەتانی مەمك ئەبێت، عونقی

رەحمە، بەس هەندێك جار وا ئەڵێن، سوودیشی هەیە جگەرە، كاك شوكری باسی كرد، تووشی نەخۆشی ئەلزهامەر نیسبەی ڕێژەی ئەوانەی كەوا جگەرە ئەكێشن، ئەلزهامەری كەم ئەكاتەوە، هەروەها تەسەموومی حەمل كەم ئەكاتەوە، تووشی عونقی سەرەتانی رەحم هەندێك جار ئەڵێن كەمی ئەكاتەوە، ئەوە بەهەندێك دیراسات بەس بەتەئكیدی باسیان نەكردووە، بۆیە هەندێ شەریكاتی دەرمان، تەئكید لەسەر ئەو وەزعە ئەكەنەوە، بەس ئێستا لە كۆنگرێسی ئەمریكی كە ڕێژەی ئینتاجی جگەرە یەكجار زۆرە، مەسەلەن ولایەتی كنتاكی یەك لە شەشی ئینتاجی جگەرە ئەكات، بەس دەستیان كرد، بەقانونی قەدەغەكردنی جگەرە كێشان، لە ئینگلتەرە كە رائیدی قەدەغەكردنی جگەرە بوو، ئەو سیاسەتە لە 2004 دەستی پێكرد، لە 1974 یش دەستی پێكرد، بەس بەشێوەیەكی زۆر توند دەستیان پێكرد، لە 2004 ئەوەش یەك لە دوای ئەویش نەرویج دەستی پێكرد، ئەویش عائیدی دوەلی ئیتیحادی ئەوروپی نیە، بەس دەولەتەكانی تریش لەگەڵی بوون، فەرەنسا ئێستا دەستیان پێكردووە، ئەو قسەش لەدەمی سەرۆكی فەرەنسا بوو، كەوتی ئەبێ ئێمە هەندێك حەدی بین لەم مەوزووعەدا، چونكە نیسبەتی سەرەتانیان یەكجار زۆر بووە، ئێستاش یەكێك لەرێگەكانی قەدەغەكردنی جگەرە، ئەوەیە كە كڕین و فرۆشتنی پێ نەكرێت لەلایەن نەوجەوانانەوە، ئێستا سنی 16ساڵ لە ئینگلتەرە ناهێڵن جگەرە بكرێت و بفرۆشێت، وە 18 ساڵیش لە ئەمەریكا، دیك چینی باسی كچەكەیان كرد، كە كحولی كڕی لەبەر ئەوەی عومری 21 ساڵ كەمتر بوو، ئەویش قانونەن قەدەغە دەكرێت، لە ولایەتە یەكگرتووەكان نابێت، 18 ساڵی نە جگەرە بكرێت نە بیفرۆشێت، ئەمەش وا بزانم یەكێك لە رێگایەكانە بۆ ئەوەی نەیفرۆشن و یان قەدەغەكردنی كڕین و فرۆشتنی جگەرە، لەو تەمەنەدا، بەنیسبەت مەراحلی نەهێشتنی جگەرە پێویستی بەچەند قۆناغێك هەیە، بەس ئەوەی زۆر زۆر تەئكیدی لێ دەكەمەوە، وا بزانم ئەوە ختوەیەكی زۆر مەدەنییە، ئەوەیە كە خەڵك وشیار بكەینەوە، سەنتەری سەرەتان ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ جەنابی وەزیر، زۆر زۆر گرنگە، سەنتەرێكی سەرەتانی دیاریكراومان هەبێت لەكوردستان، چەند مەراكیزی تەئهیلمان هەیە، بۆ نەهێشتنی جگەرە كێشان، وشیار كردنەوەیەكی زۆر تەواو، لە فەرەنسا ئێستا نزیكەی 100 پۆلیسیان داناوە بۆ ئەوەی نەهێڵن جگەرە بكێشن لەبەر سەرەتان، تەبعەن بەمەراحیل ئەبێت، ناهێڵن لە مەركەزەكان بێت، دوایی دەبێ 6 مەتر دوورتر بێت، لەمەركەزی بیناكە تا جگەرە بكێشێت، پاش ئەوە عقودی شوقە هەندێ جار وا لێ ئەكەن، كە تەجدیدی ناكەنەوە ئەگەر جگەرە كێش بن، یەك مولاحەزەش ئافرەتێك لە سوید باسی ئەوەی كردبوو، كە ئەوە حورییەی شەخصیە كە باسی جگەرە كێش بكەین، بەموحاكەمە دۆڕاندی نەیبردەوە، كە ناتوانێت لەماڵیشەوە جگەرە بكێشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس دكتۆرە ئاریان، موداخەلەكەت باش بوو، بەڵام لە مەوزووع دەرچوویت، مەوزووعەكە ئەوەیە ئایا حەزری ئەحداسەكان لەماددەكە، فەرموو كاك ئارام دیارە قسەیەكی گرنگت پێیە، دەی بیڵێ.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز كاك دكتۆر فوئاد، زۆر لەجێگای خۆیا بوو، ئێمە، ناتوانین مەنعی كێشان بكەین، لە نەوجەوانان، بەڵام دەتوانین مەنعی كڕین و فرۆشتن بكەین، وەپێشم وایە زۆر گرنگە ئەوە جێی بكرێتەوە لەو یاسایەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من لەگەڵ مەنتقی ئەو برادەرانە نیم، کە شتێکمان ئێستا پێ نەکرێت، مەعنای وانیە ختووەی بۆ نەهاوین، مەسەلەی سەیتەرەی نەوعی باسکرا، ئێمە، لەچەند قانونێك باسمان کردووە، دەبێ حکومەت خۆی بۆ بهاوێت، ئەو نەقسانە پڕ بکاتەوە لەحکومەت، مەسەلەی منداڵ، حیکمەتی دانانی ئەو ماددەیە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بۆ ئەوەیە مێرد منداڵەکانمان، نەوجەوانەکانمان بپارێزین لەو مەترسیانە، تاوانێکی چەند گەورەیە کە باوکێك منداڵەکەی 6 ساڵ یان 7 ساڵ یان 8 ساڵە دەینێرێت و پارەی دەداتێ بچێتە دوکانێك جگەرەی بۆ بکڕێت، ئێمە، لەم یاسایەدا دەبێ ئەو تەسهیلاتانەی کە دەبنە هۆی زیاد بوونی جگەرە کێشان، کەمی بکەینەوە، بەمانایەکی تر ڕێگری زیاتر دروست بکەین، لە ڕێی جگەرە کێشاندا، فراوانترین چینیش کە مورەشەحە تووش بێت بەجگەرە کێشان نەوجەوانانن، ئەوانن دەست پێدەکەن و هەندێك دەڵێن مۆدیلەو هەندێك دەڵێن نیشانەی پیاوەتیە، ئەو مەفاهیمانە ئیشی کێیە بیگۆڕێت، ئێمە، دەبێت بیان گۆڕین، بەقانون ئەو مەبدەئە تەسبیت بکەین، ئیتر چەندمان پێ جێبەجێ کرا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، گرنگ ئەوەیە ئێمە سەنەدی شەرعیەت لەجگەرەکێشان بۆ نەوجەوانان بسەنینەوە، سیفەتێکی ناقانونی ناشەرعی بدەینێ، ئەو تەگەرانەش زیاد بکەین ،بۆیە من لەگەڵ نەصی ماددەکەم، کە لیژنەی یاسایی ئیقتراحی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە ئەم ماددە ئیزافە نەکەین، ئەصڵی مەشروعەکە بمێنیتەوە، واتە لەمەشروعەکە ئیزافە نەکریت شتێکی وا، لەبەر دوو، سێ سەبەبیك، موهیمەی ئەم یاسایە تەنزیمی جگەرە کێشانە، تەنزیمەکەش ئەو جیگایانەی کە مەمنووعە جگەرە کێشان، کە اماکن عامەنە، وەکو فوتابخانە، خەستەخانە، چیشتخانەیە، سینەمایە، هەر جێگەیەکی تر، تەتبیق ئەبێت لەسەر نەوجەوانان وگەورەکانیش، هەر کەسێك کە ئەچیتە ئەوێ مەمنووعە جگەرە بکێشێت، دوو، ڕەنگە هەندێك مەشاکیلی کۆمەڵایەتی بۆ دروست بێت، خێزان ئەمڕۆ نە ریعایەی ئیجتیماعی هەیە، نە وەزعی مادی وئیقتیصادیان باشە، یەتیمن یان ئەوەن، خۆی تەعاتی لەگەڵ جگەرە ئەکات، واتە کڕین و فرۆشتن ئەکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە ئیزافە نەکرێت، ئەصڵی مەشروعەکە بێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەدا سەد تەئیدی بۆچوونەکانی کاک زانا ئەکەم، لەگەڵ ئەوەم کە کڕین و فرۆشتنی جگەرە لە لای نەوجەوانان مەنع بکرێت، تا تەمەنی 18 ساڵی، نەوجەوانان بۆیان نەبێت کە جگەرە بکڕن و بیفرۆشن، هەروەها ئەو ئیقتراحەی کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی، یسلم المخالف الی ولي امره بعد الکفالة، ئەوە لابرێت، لەجیاتی ئەوە غەرامە دابندرێت، غەرامەکەشی لە 150000 هەزار دینار کەمتر نەبێت، 150 هەزار باشە، چونکە بەڕاستی ئەگەر تۆ بێیت، موخالیفەکە بە باوکی بدەیتەوە، ئەوە بەڕای من بە تەعەهود هیچ چارەسەر ناکرێت، بەڵام بەغەرامە بێت، غەرامەکە زیاتر بەقوەت ترەو ئەتوانێ لێی مەنع بکات، یەك شتی کەشم هەیە، زۆر برادەرانی خۆمان لێرە ئەیڵێنەوە، بەڕاستی ئێمە، لە پەرلەمان زۆر یاسامان دەرکردووە، ئایا هەموو ئەو یاسایانەمان کە دەرمان کردووە، لە سەدا سەد جێ بەجێ بوونە، ئەو یاسایەش با یەکێك بێت لەو یاسایانە، دەبێ ئێمە لە رۆژێکەوە، لە نوقتەیەکی سفرەوە دەست پێ بکەین، نابێ ئێمە هەر بڵێین لە کۆمەڵگای ئێمە، پیادە ناکرێت، ناتوانین جێبەجێی بکەین، بەڕاستی ئەبێ رۆژێك بێت دەست پێ بکەین، بەعەکسەوە ئەبێ ئەو ئاسانکارییانە بکەین، بۆ دەست پێکردنی بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەین، منداڵێك لەسەر جادەیە، تەمەنی 5 تا 6 ساڵە، خۆم بەچاوی خۆم چەند جارم بینیوە منداڵ تەمەنی 5 تا 6 ساڵە عولبەیەك جگەرەی بەدەستەوەیە، جگەرەشی بەدەمەوەیە، جگەرەش ئەفرۆشێ، ئایا ئەوە کوشتنی ئەو منداڵە نیە، تا کەی ئێمە رێگا بدەین ئاوەها منداڵەکانمان بکوژین، ئەبێ لەرۆژێکەوە دەست پێبکەین، ژیانیان بپارێزین لەو خەتەرەی کە تووشی بوونەو خۆشیان نازانن، ئەبێ ئاگاداری ئەو خێزانانەش بکەینەوە، کە بەڵێ منداڵەکانتان با شتێکی تر بفرۆشن، با جگەرە نەفرۆشێت، بۆ ئەوەی تۆ بژێنێت خۆی بکوژێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من زۆربەی کران، بەس من تەئکید ئەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە کڕین و فرۆشتنی جگەرە لەلایەن نەوجەوانانەوە قەدەغە بکرێت، منیش لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لەواقیعێکدا ئەژین، قەینا فرۆشتنی جگەرە بە منداڵ قەدەغە بکرێت، کە لەخوار 18 ساڵ بێت، بە نەوجەوانان لە خوار 18 ساڵ، بەس بەدیلم چیە بۆ کەسێك کە دایکەکەی سندوقێکی بۆ ئەکڕێت، دای ئەنێت بەدیار سندوقەکەوە، بۆ بژێویی ژیانی لەسەر ئەو سندوقە جگەرەیەی کە ئەیفرۆشێت، ئێمە، بەدیلی بۆ دابنێین بە مەرحەلە، ئەمڕۆ فرۆشتنی جگەرە لە خوار 18 ساڵ، فرۆشتنی بەنەوجەوانان قەدەغە بکەین، سبەینێ وردە وردە، تەئهیلات بکەین تا بەدیلێك ئەدۆزینەوە، ئێمە ناتوانین بژێوی چەندە ها هەزار خێزان کە لەسەر فرۆشتنی جگەرەیە قەدەغە بکەین، ئێمە، دیفاع لەفرۆشتن وکڕین و کێشانی جگەرە ناکەین بەڵام خۆ ئەبێت ئێمە بەدیلێکمان هەبێت، بۆ ئەو خێزانانەی کە بەڕاستی بژێوییان لەسەر فرۆشتنی جگەرەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من دەقاو دەق کاك دیلمان کردی، بۆیە تکراری ناکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە یاسایەکی زۆر باشە، بەڵام جێبەجێکردنی تۆزێك قورسە، ئەبێ ئێمە نەفەس دریژ بین لەگەڵیدا و زەمینەی بۆ خۆش بکەین، بۆیە من پێشنیار ئەکەم کە چەند رێ و شوێنێك بگیرێتە بەر، وە سەقفێکی زەمەنیشی بۆ دابندرێت، کە لەشەش مانگ کەمتر نەبێت، ئەو رێ و شوێنانەش، وەکو ئەوەی کە بڵێین نەوجەوانان نە بیکڕن و نە بیفرۆشن، لەسەر قسەیەکی بەڕێزتان کە ئەڵێن باوکێك منداڵەکەی ناردو لە گیرفانیدا گیرا، بەڵام باوکەکە نەینێرێت باشترە، لەبەر ئەوەی رەنگە هەم باوکەکە تاقەتی نەبێت و نەیکڕێت، هەم منداڵەکەش کە چوو لەوێ کڕی فێری جگەرە خواردن نەبێت، تۆزێك ئاستەنگ بخەینە بەردەم جگەرە کێشەکان، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن، لە جگەرە کێشان دوور بکەونەوە، خاڵی دووەمم لەهەموو شوێنە گشتیەکاندا نەفرۆشرێت، شوێنی تایبەتی بۆ بکرێت، یەعنی لە هەندێ شوێنی تایبەتدا جگەرە بفرۆشرێت، خاڵی سێیەمم هەر پشتگیری لە رای هەندێك لە ئەندامەکان ئەکەم، کە ئەڵێن نەوجەوان لە 18 ساڵ ئەگەر بەدەستیانەوە گیرا با مەمنووع بێت، ئەم رێ و شوێنانە بۆیە ئەڵێم کە پێویستی بە سەقفێکی زەمەنی هەیە، حەقە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی خەڵك وردە وردە رابێت لەسەر ئەوەی نەك ئەوەی کە جگەرە ناخوات تووشی زیان بێت، جگەرە خۆرەکانیش محاوەلە بکەن بۆ ئەوەی دوور بکەونەوە لێی و بە ئاسانی جگەرەیان دەست نەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری پرۆژەکە ئەکەم، لەگەڵ ئەو رایەشدام تەمەنی خوار 18 ساڵ کڕین وفرۆشتنی پێ نەکات، لەگەڵ ئەوەدا بۆ ماددەی سێیەم کە ئەبێتە ماددەی دووەم، پێشنیاری ئەوە ئەکەم وەزارەتی ژینگەو وەزارەتی تەندروستی لە فەرمانگەکان یان ئەو شوێنانەی کە وەکو شوێنی زەوی نەك سەیارەو ئەو شتانە، شوێنێکی تایبەت بۆ جگەرە کێشەکان دیاریبکەن، ئەوە ئەبێتە شوێنێك هەم ئازادی ئەوان پێشێل ناکات، هەم بکرێتە هۆکارێك ئەو کەسە بتوانێت حساب بۆ دەووروبەرەکەی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی قسەکەت باشە، بەڵام تکایە لە مەوزووع دەرمەچن، ماددەی سێیە، حەزری نەوجەوانانە لە جگەرە کێشان، بۆ ئەوەی بچینە ماددەیەکی تر، موقتەرەحاتەکان باشن، بەڵام لەمەوزووع دەرمەچن تکایە، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، یاسای کارکردنی منداڵانمان هەیە، کە لەو یاسایەشدا تەئکید لەسەر ئەوە ئەکاتەوە منداڵ بۆی نیە، ئەو کارانە بکات، کە کاریگەری لەسەر تەندروستی هەبێت، لەبەر ئەوە من تەئیدی لیژنەی یاسایی ئەکەم کە ئەو ماددەیە زۆر لە جێگای خۆیەتی و پێویستە هەبێت، لە 18 ساڵیش کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی حەقیقەتێك هەیە منداڵ حەزی لە لاسایی کردنەوەیە، لە تەقلیدە ئەو منداڵانەی کە جگەرە ئەکێشن و جگەرە ئەفرۆشن لەسەر شەقامەکان، رۆژانە بەسەدەها منداڵی تر ئەیانبینن وحەز ئەکەن تەقلیدیان بکەن، من بۆخۆم تووشی ئەو مەوقیفە بووم، کە منداڵەکەی من یەکێکی تری بینی جگەرەی ئەکێشا، وتی منیش بۆم هەیە بیکێشم، ئەو بۆ بۆی هەبێت بیکێشێت با منیش بیکێشم، یەعنی ئەو پرسیارە هەیە لەلای منداڵان، زۆر پێویستە ئێمە مەنعیان بکەین بۆ ئەوەی منداڵی تر لاساییان نەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کەس نەماوە، دکتۆر فوئاد داوای قسەت کردبوو، کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەو صیاغەی ئەوەی جەنابت ئێشنیارتان کردبوو، قەدەغەکردنی، تەنها قەدەغە باس بکرێت، بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر باشە، بەڵام جانبی ڕەدعەوی تێدا نیە، جانبی ڕەدعەوی ئەوەیە، ئەبێ عقوبە دەستنیشان بکرێت، ئەگەر عقوبە دەستنیشان نەکرێت بەڕاستی ئەو ماددەیە جێبەجێ ناکرێت، ئەوە یەك، دوو، ئێمە، لە پێشنیاری خۆمان لە لیژنەی کاروباری ناوخۆ هیچ ئاماژەمان بەوە نەکردووە، نەوجەوان کڕین وفرۆشتنی بۆ هەبێت یان نا، ئێمە تەنها باسی ئەوەمان کردووە، کە خەڵك جگەرە بەنەوجەوان نەفرۆشێت، ئیلتیزامی ئەوەش تەنها بخرێتە سەر ئەو کەسەی کەجگەرەکە ئەفرۆشێت، ئەگەر ئیجازەم بدەیتێ جارێکی تر پێشنیاری خۆمان بخوێنمەوە، ( جگەرە کێشان قەدەغەیە بۆ نەوجەوانان، هەر کەسێکیش جگەرە بفرۆشێت یان بیدات بەنەوجەوانان سزا ئەدرێت بە غەرامە ئەوەش قابیلی موناقەشەیە، کە لە 400 هەزار دینار کەمتر نەبێت، وە لەیەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت)، مەسەلەی نەوجەوان کە بفرۆشێت یان نەفرۆشێت، ئەوە لەقانونی تر ئەبێت تەنزیم بکرێت، وەکو قانونی عەمەل و ئەوانە، ئێمە لێرە تەنها مەنع ئەکەین ئەوەی کە جگەرە ئەفرۆشێت بەنەوجەوانان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا داوای قسەت کردبوو، فەرمووو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا لەبەشداری خوشکان و برایان ئەوە زیاتر بەدی ئەکرا، کە ئێمە ترسێکمان هەیە لە جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایە، بەڵام، من وا بۆی ئەچم ئەگەر پێویستە ئێمە، ئەو شتانەی کەوا زەرەری هەیە بۆ کۆمەڵگاکەمان وردە وردە بەگوێرەی یاسا قەدەغەی بکەین و کاری لەسەر بکەین بۆ جێبەجێ کردنی، لەبەر ئەوە من وای بەپێویست ئەبینم کە ئیمە کار بکەین لەسەرخراپی جگەرە، ئاسەوارە خراپەکانی ببێت بەبەشێك لە کەلتور وسەقافەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان، بۆ ئەمەش لەهەموو ئاستەکاندا کاری لەسەر بکەین،

بەتایبەتی لە خوێندنگاكانـدا، خـاڵێكی تـر لـەوە ئەترسـین، ئـەڵێین جێبـەجێ ناكرێـت، مـن وا ئـەبینم هـەر كەسێك ئیرادەی هەبێت، ئەتوانێ جێبەجێی بكات ئەم یاسایە، هەروەكو نموونەیەك بۆ جەنابتان، ئێستا لەناو یەكگرتووی ئیسلامی كوردستاندا كە هەزاران ئەنداممان هەیە، تـاكێكی یـەكگرتوو جگـەرە ناكێشـێت، كەواتـە ئەمە شتێك نیە، بڵێین ئێمە ناتوانین ئەگەر ئیرادەمان بەهێز بكەین، حاڵەتێكی ئیستیعدادی ڕۆحـی ونـەفسی بـۆ حـازر بكـەین ئـەوە ئـەتوانین، سـێیەم شـت خـاڵێكی تـر، لەڕاسـتیدا ئێمـە مەترسـیەكمان هەیـە، لەلایـەنی ئابووری قەزییەی جگەرەو ئەو بازرگانیـەی بەجگـەرەوە ئـەكرێت، ئەگـەر بێتـو سـەرژمێرییەكی ورد بكـەین، ئەو لایەنە ئابووری وسەلبیاتە ئابوورییەی كە تووشی خێزانەكان و تاكەكانی كۆمەڵگا ئەبێت، زۆر زۆر زیاترە لەو سوودە ئابوورییەی كە ڕوو لەهەرێمەكەمان ئەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماموٚستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە، بۆ ئەو ماددەمان داناوە، چونكە ئێستا ئەو خوشك وبرایانەی ئێرە، ئەوانـەی كـە فێـرە جگـەرە خـواردن بوونە، هەموویان لە منـداڵی و بچووكیەوە فێـر بـوون، بۆیـە ئێمـە، چـەند منـداڵ دوور بخەینـەوە لەجگـەرە، ئەوەندە مەعنای وایە مەنع ئەكەین، كەوا جیلێكی جگەرە خۆر فێربێت و پەیدا بێت، بۆیە ئێمە ئـەڵێین ئـەو ماددەیە لەجێگای خۆیەتی ئەگەر تەئیدی بكەن زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر فوئاد داوای قسەت كردبوو، فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بوو كەوتم با كێشانەكەی لابەرین و هیچی تر، كڕین وفرۆشتنەكەشی قەدەغە بكـەین، چـونكە ئـەوەیان وەكو باسمان كرد، كێشەیەكی زۆر ئەنێتەوە، ڕاستە زۆر موهیمە وەكو هەندێك لەبرادەران باسـیان كـرد، كـەوا نەوجەوانان لەسەرەتاوە نەیكێشن، بەڵام زەحمەتە بتوانین بەم یاسایە مەنعی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاسـتی هـەمووومان ئـەزانین، ئـەو ماددەیـە ماددەیـەكی زۆر گرنگـە، زۆر موهیمـە، بـەڵام، گرنگـی ماددەكـەو موهیمیەكـەی، ئەوەیـە كـە نـازانین ئایـا ئـەتوانین بـەكاری بهێـنین، یـان دەتـوانین تـەتبیقی بكـەین یـان نـا؟ مەسەلەن گەنجێك دەنێریت جگەرە بكڕێت، ئایا دوكاندارەكە پێی بڵێت مەوالیـدی چـەندی، ئایـا ڕاسـتیەكەی پێ دەڵێت، ئەگەر بیەوێت فێڵ لـە جگـەرە فرۆشـەكە بكـات، دەڵێـت مەسـەلەن مەوالیـد 56م مەوالیـدی 62م

داوای هەوێی لێ دەکات، بەڵام، ئایا ئەوە تەتبیق ئەبێت، لەبەر ئەوەی بەڕاستی کارێکی گرانە، یەعنی قسەکردن فەرقی هەیە لەگەڵ کردار، جگەرە فرۆشتن ڕاستە ئەشهەدو بیلا گەنج قەدەغە بکرێت جگەرە بکێشێت، گەنج قەدەغە بکرێت جگەرە بفرۆشێت، ئەوە شتێکی باشە بەڵام لەبەر ئەوەی ناکرێت، ئەو گەنجانە قەدەغە ئەکەین جگەرە بفرۆشێت، دەوڵەمەندەکان ئەوانەی دوکانی گەورەیان هەیە، جێگایان دەگرنەوە، ئایا ئێمە ئەتوانین ئێستا جگەرە کێشان قەدەغە بکەین، بەیەکجاری، ئێمە لەو یاسایەدا ئەگەر بتوانین، لە شوێنە گشتیەکان جگەرە کێشان قەدەغە بکەین، کارێکی گەورەمان کردووە لە ساڵی 2007، بەڵام هەندێك شت هەیە قابیلی قبوڵ کردن نیە، یەعنی جێبەجێ ناکرێت، دەنا بەڕاستی ماددەکە ماددەیەکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمە، ناکرێت بڵێین هەر قانون جێبەجێ ناکرێت، چونکە یاسا بۆ ئەمڕۆو سبەی نیە، بۆ داهاتووەو بۆ جیلی داهاتووە، راستە جێبەجێکردنی یاسایی لەوڵاتی ئیمە، زۆر ئاستەنگی دەکەوێتە پێش، بەڵام هەر جێبەجێ ئەکرێت، ئەگەر بۆ ساڵێکی تر بێت، یان بۆ سێ ساڵی تر بێت، با بیر لە جیل و منداڵەکانمان بکەینەوە، ئەوە، یەك دووش من پێشنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکەین، دەبێ زەمینەی بۆ خۆش بکەین، ئەو بڕیارە تا کۆنترۆڵی هەرزەکارەکان بکەین، بەوەش حکومەتی هەرێم پابەند بێت، بەدیاریکردنی شوێنەکان، ئەو شوێنانەی کە هەڵئەستێت بەفرۆشتنی بەرهەمەکانی تووتن، ئەمەش رێك بخرێت بەیاساو رێنمایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسای هەندێك پرسیار کراوە، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، دەربارەی ئیمکانیەتی جێبەجێکردنی، ئەو صیغەیەی کە نووسیوتانە، بەتایبەتی لە کڕین و فرۆشتندا، یاخود حیازەتە، ئێوە رەئیتان چیە؟ فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، تەبعەن مادام وتمان حەدەس، نەوجەوان مەعنای وایە ئیرادەی لەدەست خۆی نیە بەتەنها، ئیرادەی لەدەست وەلی ئەمریەتی، لەبەر ئەوە وەلی ئەمری ئەبێت تەعاونی لەگەڵ بکات و هاوکاری بکات، بۆ ئەوەی ئەو منداڵە فێر نەبێت، بۆیە منداڵێکی ئەنێرێت بۆ ئەوەی جگەرەی بۆ بکڕێت، بۆ خۆی ناچێت بیکڕێت، بۆ خۆی تا بەشی دوومانگ جگەرە دانانێت، نەك هەموو رۆژێك منداڵی بنێرێت بۆ کڕینی، ئەوە لەلایەك پاشان ئێمە، زۆر شتی ترمان هەیە، حەتا منداڵەکانمان فێر بوون، دێن لە فولکەکان ڕادەوەستن هەریەکەو باوەشێك جگەرەی پێیەو لەدیار ئۆتۆمۆبیل ڕادەوەستێت، ئێستا پۆلیسەکانمان دەیانگرن و تەسلیمی دایك و باوکەکانیان

دەکەنـەوە، لـە هـەمان کاتیشـدا تـەعاهودیان لـێ وەردەگـرن، باسـی ئـەوەش دەکرێـت کەگوایـە غەرامـەیان لـێ وەربگیرێت، مندالْ غەرامەی لێ وەرناگیرێت، مندالْ حەدەسە و قاسرە، ئەوەی کە دەکرێت دەبێ لەگەلْ دایك و باوکی تەعامول بکرێت، بانگی دەکرێت وپێی دەلْێن ئاگات لەمندالْەکەت بێت، جارێکی تر جگەرە نـەهێنێت و نەیکێشێت و نـەیفرۆشێت ونەیکڕێت، بەوە شتەکە پێـك دێـت، بـەڕەئی مـن ئەگـەر بێتـو ئێمـە منـدالْ بـەجێ بهێلْین گوناحە گەورەکان مەنع بکەین، لە جگەرە خـواردن، ئێمـە ئـەبێت لەئەساسـەوە قەدەغـەی بکـەین، بـۆ ئەوەی کە زیاد نەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرباری ئەوەی کە مامۆستا کاکە ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە بچەسپێت وبرادەران دەنگی بۆ بدەن، لێرەدا باس لە حیازە کرا، حیازە بەمەبەستی کڕین و فرۆشتن لێرەدا باس دەکرێت، کەلەو ماددەیەدا هاتووە، هەروەها کاك ئارام باسی لەتەمەنکردو داوای کرد کە تەمەن دیاریبکرێت، تەمـەنی حـەدەس لەبـەینی 9 تا 18 سالْیدایە، بەپێی قانونی ئەحداس دیاریکراوە، پێویست ناکات لێرە ئاماژەی پێبکرێت، هەروەها بـاس لـەوە کـرا ئـەو ماددەیـە پێویسـت نیـە، پـێم وایـە کـاك دیلمـان ئـەو داوایـەی کـرد، ئێمـە پێمـان وایـە ئـەوەش ڕێگەیەکە بۆ ڕێگە گرتن لە جگەرە کێشان، بۆیە ڕێگەیەکی زۆر گرنگیشە کە نەوجەوانان ڕێگایان لێ بگیرێـت، سەبارەت بەدیاریکردنی شوێن، ئەوە لەماددەکانی تـردا هـاتووە، کـە زۆر لـە ئەنـدامانی بـەڕێز داوا ئەکـەن کـە شوێنی جگەرە کێشان دیاری بکرێت، لەمادەکانی تری ئەم یاسایە دیاریکراوە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاسـتیدا ئـەم ماددەیـە هـەبێت باشـترە، لـە جێگـای خـۆی بمێنێتـەوە راسـتە وەزعـی ئێمـە لـەبارودۆخێکی تایبەتدایە ئەمڕۆ، بەلاَم لەدەرەوەش لە ولاَتە پێشکەوتووەکان کە ئەیانـەوێت ئـەوە بکـەن، منـدالْ مەمنووعـە هەیبێت، ئەگەر لە قوتابخانە لەلای مندالْێك پاکەتێکی جگـەرە بگـرن، لێـی وەرئەگرنـەوە، بـەلاَم ئـەبێ وەلـی ئەمری بچێتە ئەو قوتابخانەیە تێی بگەیەنن کەجارێکی تر شتی وا نەکات، بەلاَم، لەهەمان کات مەکینە هەیـە لەبازاڕ هیچ حەرەسی لەسەر نیە، مندالْ ئەتوانێ لەوێ جگـەرە بکڕێـت، مـەعنای ئـەوە نیـە منـدالْێك لـەکوێ جگەرەیەك لەدەستی بوو، ئەیگرن و عیقاب ئەدرێت، بەس ئەمە محاولەیەکی زۆر گەورەیە، بۆ ئەوەی منـدالْ دوور بخەنەوە لەبەکارهێنانی جگەرە، باس لـەوە کـرا کـە باوکیـان بینێـرێتن بـۆ جگـەرە کـڕین، بەحەقیقـەت

ئەگەر بچێتە دوكانێك ئەو منداڵە، خاوەن دوكانەكە موحاسەبە ئەكرێت، ئەگەر جگەرەكە بداتە منداڵەكە، ئەگەر بیدات ولەسەری ئیسپات بێت لەدەرەوە، ئەو خاوەن دوكانە عیقاب ئەدرێت، چونكە جگەرەی داوە بەمنداڵێك كە عومری لەخوار 18 ساڵ كەمترە، نابێ بیداتێ، جا لێرەش ئێمە ناڵێین بەرۆژێك هەمووی ئەبێت، بەڵام محاوەلاتە بۆ ئەوەی لەو حاڵەتانە كەمبكرێتەوە، حەتاوەكو ئێستا لەئەمەریكا و لە ئەورووپاش سەد لەسەد قەتع نەكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پێشنیارەی برادەرەكانم لە لیژنەی یاسایی، ئەو پێشنیارەیان وابزانم زۆر موەفەق نیە لە رووی یاساییەوە، یەعنی لەگەڵ شەرحی قانونی عقوبات ناگونجێت، لێرەدا باسی ئەوە ئەكەن نەوجەوان، ئەگەر جگەرەی كێشا تەسلیمی باوكی ئەكرێت و باوكی كەفالەت ئەدات، واتە مەسئولیەی جنائی ئەخرێتە سەر كەسێكی تر، خۆی نەوجەوان جگەرە ئەكێشێت باوكی عقوبە ئەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، تەبعەن زۆر موداخەلات كرا، بەحەقیقەت هەندێكی مەنتقیە، كاتێكی كە ماددەیەك دادەنێین دەبێ بزانین لەرووی عەمەلیەوە واقیعەكەی چۆنە، مەسەلەن ئێستا لە ئەصڵی پرۆژەكەی ئێوە هاتووە، لە موقتەرەحی لیژنەی یاسایش وا هاتووە، يحظر تعاطي الاحداث لمنتجات التبغ ومشتقاته تدخيناً وبيعاً وشراءً، یەعنی لەراستیدا كێشەیەكی گەورە دێتە رێگامان، پیاوێك دوكانی هەیە نوێژی جومعەی هەیە، ئەچێت دوكانەكەی لەلای منداڵەكەی جێ دێڵێت، یەعنی منداڵەكەی هەرچی هات جگەرە بكڕێت بڵێت باوكم لێرە نیە نایفرۆشم، ئەوە تۆزێك ئیشكالە لەحەقیقەتدا، من لەگەڵ ماددەكەم، بەڵام ئەو ئیشكالەمان لەكۆڵ بكەنەوە، ئەگەر بكرێت(يحظر تدخين الاحداث وفق القوانين الاحداث ويعامل المخالف وفق قانون الاحداث رقم( ) لسنة ( )، ئەوە موختەسەری موفیدە، تەدخینەكە مەنع بكرێت، هەدەفەكە ئەوەیە تەدخین مەنع بكرێت، بەڵام بەیع وشیرایەكە ئۆتۆماتیكیەن ئەوە شتێكی زەحمەتە، فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕەئی ئێمە، منداڵ ئەگەر لە سبەینێ وە هەتا ئێوارە یەك دونیا پاكەت لەسەر شانی بێت وبێت وبچێت بیفرۆشێت موستەحیلە جگەرە دەست پێنەكات و نەیكێشێت، لەبەر ئەوە بەڕەئی ئیمە، تەعاتی جگەرە بۆ منداڵ دەبێ مەنع بكرێت، لەماڵەوە دەیخوات كەیفی خۆیەتی وەكو باوكی، بەڵام لەدەرەوە بیخوات منداڵی تریش لێوەی فێردەبێت، شتەكەش زۆر بڵاودەبێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە وامان داناوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ رەئی جەنابتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی لەمافی مرۆڤ فەرمووو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە، لێرە كەیاسایەك دادەنێین، یاساكە بۆ حاڵەتێكی عام دائەندرێت، ئەوەی جەنابت باسی ئەكەیت ئیستیسنائاتە، یەعنی هەموو یاسایەك بۆ حاڵەتی عامەكەیە، یەعنی تۆ ئەگەر چەند كەسانێك نوێژكەر بن، منداڵەكانیان لەجێگای خۆیان دابنێن، خاص بۆ ئەوان شتێك هەبێت، هەموو ئەوانی دی بەجێ بهێڵین ئەوە ناكرێت، دەبێ ئێمە لەگەڵ ئەوە بین كە ئەو یاسایە با دەربچێت، با ختوەیەك بێت بۆ ئەوەی بچینە پێش لەو مەسەلەیە، بەڵام ئەوە لەسەدا سەد تەنفیز ناكرێت، خۆ یاساكانی تریشمان لە سەدا سەد تەنفیز ناكرێت، لەوانەیە یاسا هەیە پاش دوو ساڵی تر دەبێت، بەڵام بایاساكە هەبێت، هیچ مانع نیە لەوەی كە یاسایەكمان هەبێت، حەدەس مەنع بكات لە كڕین و فرۆشتنی جگەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تەلعەت فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نازانم ئەو یاسایانەی كە ئێمە لەپەرلەمانی كوردستانی، لەپەرلەمانی دونیا دای دەنێین، تەبعەن هەندێكیان بۆ واقیعی حاڵی ئێستایە، هەندێكی تریشیان بۆ داهاتووە، رەنگە ئەو یاسایەی كە ئێمە، ئێستا دای دەنێین، پاش دوو ساڵی تر سێ ساڵی تر هەر بەكەڵك نەیەت، دەبێ هەمواربكرێتەوە، وەكو ئەو یاسایانەی كە لەڕابردوودا كردمان، ئێستا هەندێكیان هەموار ئەكرێنەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو واقیعەی ئێستادا ناگونجێت، ئێستا ئێمە، تووشی ئەو ئەحداسانە بووین، ئەحداس هەندێ خەڵك هەیە منداڵی خۆیەتی لەبەر بەرزبوونەوەی مستەوای ژیان، مستەوای مەعیشەتی ئینسان، ناچارە منداڵەكەی ئیش پێئەكات، پاكەت ئەكرێت و ئەیفرۆشێت، كڕین لەدوكان بەمەبەستی كێشانی نیە، لە تاجرێكی دەكرێت، لەشوێنێكی تری دەكرێت، چونكە كڕین دوو جۆری هەیە، یان لەپێناوی خواردنە، یان لەپێناوی تجارەت پێكردنە، ئەگەر ئەوانە قەدەغەبكرێت، بەدەیان منداڵ كە لەترافیك لایتەكان رادەوەستێت، كلینێكس ئەفرۆشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا كاك فرسەت صیغەیەكی داوە ئەگەر ئیجازە هەبێت، یا شێخ صیغەكە ئەخوێنمەوە، ئەگەر بەدڵتان بوو، بۆ ئەوەی كڕین و فرۆشتنەكە وەكو میهنە مەنع بكرێت، نەك وەكو ئەوەی باوكێك بڵێت بەكوڕەكەی پاكەتێكم بۆ بكڕە، یحظر علی الاحداث تدخین منتجات التبغ ومشتقاته، او ممارسة مهنة بیعها وشرائها ویعاقب المخالف بالعقوبة المخالفة وفق قانون الاحداث رقم( ) لسنة ( )پێتان باشە ئەو صیغەیە، ئەوە

ناگرێتەوە باوکێك بەکوڕەکەی بڵێت برۆ پاکەتێکم بۆ بکڕە، میهنـەی بـەیع و شـیراکەی لێـرە مـەنع کـردووە، جەنابی وەزیر تۆ ڕەئیت چیە فەرموو.

**بەڕێز د. عبدالرحمن عثمان یونس( د. زریان)/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە باشە، بەس ئەوە هـەمواری یـەك خـاڵی گرنگـی کـرد، کـە گـەورە جگـەرە نەفرۆشێت بەمنـداڵ، ئەوەی تێدا نیە، باسی ئەوە ناکات، کە دوکاندارێك جگەرە نەفرۆشێت بەمنداڵ، ئەو خاڵـەی هـەموارکرد، ئـەو تەنها باسی منداڵەکە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ئەڤە پرۆژە، هەنـد لـەبواری ئابووریـدا، هـەن لـەبواری تـەنفیزی و جێبەجێکردنـدا، لەگـەڵ حکومەتێـدا، هاتیـە باسـکرن، یـان چـوە حکومـەتا هـەرێما کوردسـتانێ، لـەوێ موناقەشـەی لەسـەرێ هاتیـە کـرن، دروسـتە جەنابێ وەزیری تەندروستی ووەزیرێ ژینگە کە لێرەنە، بەلاَم وەکی حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ئەنجومەنا وەزیران، ئەڤە پرۆژە باس لەسەرا هاتیە کـرن، یـان وەکـو پەرلـەمان پرۆژەکـا لەسـەر حکومـەتا خـۆ، تـەحمیل بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جەنابی کاك شێخ ادهم، 62 ئەندامی پەرلەمان داوایان کردووە، ئێمەش وەکو سـەرۆکایەتی پێمـان وایـە ئەو مەسەلە عیلاقەی بەپارەوە نیە، تەئسیری لەسەر بودجەی حکومەت ناکات، دەکرێت ئێمـە بەتـەنها لەبـەر ڕۆشنایی ئەو داوایە بیخەینە بەرنامە، لەگەڵ ئەوەشدا دوو وەزیـری پەیوەندیـدار لەگـەڵ وەزیـری هـەرێم بـۆ کاروبـاری پەرلـەمان لێـرەن، ئەگـەر بێتـو خیلافێـك هەبوایـە، دەبوایـە ئـەوان زوو ئـەو خیلافـە بگەیەننـە حکومەت، حکومەت ئیعتزازی بگرتایە، ئەمە تەبعەن پێـنج مانگـە، یـان شـەش مانگـە، ئـەو پرۆژەیـە دراوەتـە وەزارەتـەکان، لەبـەر ئـەوە تەئسـیرێکی ئـەو تـۆو موباشـیریش نیـە، وەکـو بودجـەی حزبـەکان نیـە، بڵـێین میزانیەیەو چەندەو چەند نیە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جێبەجێکردنی ئەو برگەیە، پێویستیمان بەهاوکاری وەزارەتی نـاوخۆ ئـەبێت، مـن خـۆم لەڤەدەغـەکردنی سواڵکردن بۆ منداڵ بەهەردوو چاوی خۆم بینیومە لەلای جسرەکەی شـەهید اکـرم منتـك، کـە ئەچـێتەوە بـۆ عەینکاوە، جوتێك پۆلیس بەجلی رەسمیەوە بە پۆستاڵ کێشاویانە بەمنداڵێکدا، چونکە سـواڵی کـردووە، هـەتا

خۆم وەستام بەخۆشیان نا مرووروەكەش لەگەڵیان بـوو، ئینجـا وەرە تـۆ سـبەی ڕۆژێ ئـەم سـەلاحیەتە بدەیتـە دەست پۆلیس، پێی بڵێیت شتێكی وا بكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر لەمەوزوع دەرچوویت ئەوەش ڕەبتی نیە، حاڵەتێك لەجێگایەكدا ئەبێت، ئەوە ڕەبتی نیە، تۆ لەمـەوزوع دەرچوویت فەرموو دانیشە، كاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شیخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پرۆژەكە بەشتێكی باشی ئەزانم، بەلام، دەربارەی مەنع كردنی منداڵ، پێم شـتێكی بـاش نیـە، لەبـەر ئـەوە راسـتە قـانون لەدەوڵەتـە پێشـكەوتووەكان، چارەسـەری ئـەو جـۆرە شـتانەی هـەموو كـردووە، بـەلام چارەسەری ژیانیشی كردووە، خەڵكی هەژار هەن، ئێستا چاوەڕوانی ئەوەن كە عوتڵەی قوتابخانـە ئـەبێت، دوو منداڵی بەرێت ئەو جۆرە ئیشانەی پێبكات، ئەو جۆرە كاسبیانەی پێ بكات، ئێمە، با هەموو ڕێگایەك لە خەڵك نەگرین، بەقەناعەتی من تەحدیدی منـداڵ كـە جگـەرە نەفرۆشـێت پـێم شـتێكی بـاش نیـە، بەڕاسـتی نـازانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خـۆی زۆر موناقەشــە كـرا، دوو ڕەئــی هەیــە، لیژنــەكان تەقریبــەن مــوافقن لەســەر ئــەو صــیغەیەی كـە خوێندمانەوە، ناشكرێت هەموو جار وجهـە نـەزەرێك و مـەنتقیش هـەبێت، هـەموو موناقەشـەكان بكەینـەوە بەسفر، منداڵ هەیە جگەرە ئەفرۆشێت، بەلام دیاردەیەكی غەڵەتە، راسـتە ئـەبێ فرسـەتی هـەبێت، خـەریكی شتێكی تر بێت بیفرۆشێت، ئیشێكی تر بكات، بەپێی قانونیش هەر مەنع كراوە، جـا مـن ئـەو صـیغەیەش كـە جەنابی وەزیر مانعی نەبوو، لیژنەكانیش مانعیان نیە، كە دەڵێت بەعەرەبیەكـەی دەیخوێنمـەوە، یحظـر علـی الاحداث تدخين منتجات التبـغ ومشتقاته، او ممارسة مهنة بيعها وشرائها ويعاقب المخالف بعقوبة المخالفـة وفـق قانون الاحداث رقم( ) لسنة ( ) ڕەقەمەكەی نازانم، ئەوە زۆر دەقیقە، ، (یحظر علی الاحـدث تـدخين منتجات التبغ و مشـتقاته، او ممارسـة المهنـة بيعهـا وشـرائها)، یـەعنی میهنەكـە هەڵنەسـێت، دوكـانی جگـەرە فرۆشـتنی هەبێت، یان بچێت تجارەتی جگەرە بكات، كاك عادل نوفتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە، مەبدەئێكمان هەیە، لاجریمە ولا عقوبە إلا بنص، فیعلی فرۆشتنی جگەرە یان كێشانی جگەرە، ئێمە لێرە بەجەریمەی دائەنێین، ئینجا لە قانونی ریعایەی ئەحداس جگەرە كێشان یان فرۆشتن جەریمە نیە، پێویستە ئێمەخۆمان لێرە عقوبەی بۆ دابنێین، نەك ئیحالەی قانونی ئەحداسی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیارە ئینتیباهتان لە صیغەكەی نەكرد، جارێكی تر ئەیخوێنمەوە ئینتیباهی بكەن، لەبەردەمت نەبێت ئینتیباهی ناكەیت، یحظر علی الاحداث تدخین منتجات التبغ ومشتقاته، او ممارسة مهنة بیعها وشرائها ویعاقب المخالف بعقوبة المخالفة وفق قانون الاحداث رقم( ) لسنة ( )یەعنی عقوبە دیاری كراوە، موخالەفەی لەسەر تەسجیل ئەكەیت، لیژنەی یاسایی موافقە، لیژنەی ماف مرۆڤیش موافقە، وەزیریش موافقە، كاك بارزان چیە نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(یحظر علی الاحداث) ئێمە، چۆن ئەتوانین تەتبیقی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر وایە یحظر علی الرجال، قانونەكە دەردەهێنین، دوایی بەپێی ئەو قانونە تەعامولی لەگەڵ دەكرێت، جەنابی وەزیر موافقی لەسەر ئەو صیغەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. عبدالرحمن عثمان یونس( د. زریان)/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس من نازانم حەزرو عقوبات بۆ گەورە ئەزانم، نەك بۆ منداڵ، حەزرەكە بۆ گەورەكە دائەنێین، ئەبێ ماددەیەكی تێدا هەبێت، یحظر علی الكبار بیعه للصغار، سوپاس.

**-بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناتوانین، لەسەر گەورەكان حەزر ناكرێت، حەزری تەدخین ناكرێت لەسەر گەورە، لەوڵاتانی ئەوروپیش حەزر نەكراوە، قیود دادەندرێت كەمواصەفاتی عالەمی هەبێت، ئەمە یەك، زەریبە دێتە سەری ئەمە دوو، دەبێ لەسەر دیعایەكەی بنووسرێت جگەرە زەرەری هەیە بۆ تەندروستی ئەمە سێ، بەڵام مەنع ناكرێت، تەنها مەنع بۆ حەدەس ئەكرێت، لەبەر ئەوەی وەعی تەواو نیە، ئەوەی تر تەحەمولی مەسئولیەتی خۆی دەكات، بەڵێ كاك دكتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من هەر لەسەر رەئیەكەی خۆمم، هەرچەند بەلامەوە گرنگە، كە نەوجەوانان نەیكێشن، بەڵام بێین سەرپێچی كار موحاسەبە بكەین، زۆر زەحمەتەو كێشەش دروست ئەكات، بەڵام كڕین وفرۆشتنی پێوە نەكەن،

تەنها ئەوە بێت، یەعنی ئەوەی لێ دەربێنین کێشانی جگەرە لەلایەن نەوجەوانەوە قەدەغە بکرێت، چونکە ئەوە زۆر زەحمەتە، کێشەیەکی زۆر دروست ئەکات، لەناو کۆمەڵگادا، بەڵام کڕین وفرۆشتنی پێ نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خیلافێ لەسەر هەیە، هەندێك دەڵێن حەزر بکرێت، هەندێك دەڵێن نا، من موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە تەعدیل کرا، لەلایەن کاك فرسەتەوە، لیژنەی یاسایی مانعی نیە، هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤیش مانعی نیە، لیژنەی ناوخۆش مانعی نیە، تەنها لیژنەی تەندروستی موافق نیە، پێشتر موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تر دەخەمە دەنگەوە، بۆ ئاخیر جار ئەیخوێنمەوە بەعەرەبی، ئینجا دەیخەمە دەنگەوە، يحظر على الاحداث تدخين منتجات التبغ ومشتقاته، او ممارسة مهنة بيعها اوشرائها ويعاقب المخالف بعقوبة المخالفة وفق قانون الاحداث رقم( ) لسنة ( )، کێ لەگەڵ ئەو ماددەدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، پێم وایە برادەران ماندوو بوون، منیش داواتان لێ ئەکەم، لە هەر سێ چوار لیژنەکە، بۆ رۆژی چوارشەممە، لەسەر ماددەکانی تر تەوحیدی قسەکانیان بکەن، سبەینێ عوتڵەیە، دابنیشن بۆ تەوحیدی ئەو مەوقیفانە، عوتڵە یەعنی جەلسەمان نیە، نەك عوتڵەی رەسمیە، سبەینێ جەلسەمان نیە، داوا لەو لیژنانە ئەکەم، راپۆرتیان تەوحید بکەن، رۆژی چوارشەممە سەعات 11 هەردوو جەنابی وەزیریش لێرە لەگەڵمان دەبن، پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێنین، ئەبێ دەنگی بۆ بدەین، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دانیشتنە دوا بخەین بەو بڕگانەشیەوە کە ماوەتەوە، بۆ رۆژی چوارشەممە، با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ دواخرا، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین، تا رۆژی چوارشەممە سەعات 11 خوا حافیز.

**فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی**

**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق** **کوردستان – عێراق** **کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)**

**چوار شەممە رێکەوتی 14\11\2007**

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (22)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/11/14

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/11/14 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (22)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای یەكەم هەموار كردنی یاسای ڕێكخستنی موڵكیەتی كشتوكاڵی ژمارە (90)ی ساڵی 1975، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری

**دانیشتنی ژماره (22)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/11/14دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـایی بەرەنگاربوونـەوەی جگەرەکێشان لـە هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق، کـە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشکەش کراوە.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنـی یاسای رێکخستنی موڵکیـەتی کشتوکاڵی ژمارە (90)ی ساڵی 1975، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.**

**داوا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم لێپرسراو و نوێنەری لیژنەکان کـە دوێـنێ لێـرە بـوون بـێن لـە شـوێنی خۆیان دانیشن، بەخێرهاتنی برای بەڕێز کاک دکتۆر زریـان وەزیـری تەندروسـتی دەکـەم کـە لەگـەڵمان ئامادەیەو بەشدارە بۆ تەواو کردنـی بڕگـەی یەکـەم لـە بەرنامـەی کـاری ئـەمڕۆمان, زۆر بـەخێر بێـت سەرچاوان، کاک سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لیژنەکان ئەوەی موکەلەف بووین دیراسەتی ئەو پرۆژەیە بکەین راپۆرتەکەمان کردۆتە یەك کە لیژنەی یاسایی و تەندروستی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، بە هەر حاڵ یەعنی ئێمـە وەکو تـەبیلیغ کـراین باشـە، ئێسـتا لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی تەندروستی تەعبیر لە هەر لیژنەکانی تریش دەکاتەوە، کە دوێنێ دانیشت بوون ماڤی مرۆڤ و شارەوانی و ناوخۆش، ئێمە پێرێ دوو ماددەمان تەواو کردو دەنگمان بۆدا، داوامان لە هـەر پێـنج لیژنـەکان کـرد کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و راپۆرتەکانیان یەك بخەن، بۆ ئەوەی کارەکانمان ئاسانتر بێت، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکـەم لـەماددەی سـێیەوە ئەسـڵی پرۆژەکـە بخوێنێتـەوە، دواتـریش رەئـی لیژنـەکان و ئینجا دەیخەینە بەردەمتان، فەرموون.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم: وەزارەتەکانی ژینگەو تەندروسـتی لایـەنی تایبـەتن بـۆ چـاودێری کـردن لەسـەر رادەی رێك دەرچوونی هەموو جگەرەو هەموو جۆرە تووتنەکانی ناوخۆ و هاروەدە لەگەڵ مەرجەکانی کە لـەم یاسـایەداو لـە رێنماییـەکانی کـە بـۆی دەرچـوون بـە مـەرجێك هـیچ ناتەواویـەك بـە حوکمـەکانی یاسـا کارپێکراوەکان نەگەیەنێت.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تختص وزارتي البيئة والصحة بالرقابة على مدى مطابقة السجائر وكافة انواع التبغ المحلية والمستوردة للمواصفات المبينة في هذا القانون والتعليمات التي تصدر بموجبه وذلك مع عدم الاخلال بأحكام القوانين السارية.

ئێمە لەگەڵ لیژنەکانی تریش دانیشتین بە ئیتیفاقی هەموو لایەکمان وامان بە پەسند زانی کە بیئەی لەسەرلا بدەین (تختص وزارة الصحة بالرقابة على مدى مطابقة السجائر....) ئەوی دیکە دەوری رۆڵێکی ئیعلامی پترە، نەك ئیجرائی بێتن، لەبەر ئەوە وامان لێ کرد (تختص وزارة الصحة بالرقابة على مدى مطابقة السجائر وكافة انواع التبغ المحلية والمستوردة للمواصفات المبينة في هذا القانون والتعليمات التي تصدر بموجبه وذلك مع عدم الاخلال بأحكام القوانين السارية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا لیژنەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەمە کاری وەزارەتی تەندروستییە بە تەنیا، نەك وزارەتی ژینگەش، وەزارەتی ژینگە لادراوە لە ئەسڵی موقتەرەحەکە، وابزانم شتێکی تەبیعییە، جەنابی وەزیریش هەر پشتگیری لەوە دەکاتن، ئەگەر کەس قسەی لەسەر ئەو مەوزوعە نییە، کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە شتێك هەست دەکەم، تەبیعی جگەرە کێشان یەکێك لە مەرجەکانی ئەوەیە کە خەڵکی تووشی نەخۆشی دەکات، تەبیعی نیکۆتینی تیایەو نیسبەتی نیکۆتینەکان لە پاکەتێکەوە بۆ پاکەتێکی تر جیاوازە، وەزارەتی صحە چ عیلاقەیەکی بەوەوە هەیە، چونکە ناتوانێت شەرعیەت بدات بەو جگەرەیە لە سەدا ئەوەندە خەڵك تووشی سەرەتان دەکات، یان شتێکی تر دەکات بە رەئی من وەزارەتی صحە خۆی نەبەستێتەوە بەو مەوزوعە، چونکە خۆی لە خۆیدا کارێکە نەخۆشی لەگەڵدایە، یەعنی صحە ناتوانێت بڵێت ئەمە خەڵك تووشی نەخۆشی ناکات، بە رەئی من ئەوە عیلاقەی بە وەزارەتی صحەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری ژینگە ئیعتیزاری خواست دیارە مەشغولە، ئەو جاری پێشوو یەك تەعلیقی هەبوو گوتی ئەوە ئیشی ئێمە نییە، من بە ئیشی وەزارەتی تەندروستی دەزانم، ئەگەر هی وەزارەتی تەندروستی نەبێت هی کێی ترە، بەڕاستی ئیشی ئێمەیە دەتوانین بیکەین، بەڵام موختەبەرێکی کۆنترۆڵمان دەوێت، جگەرەیەکی زۆر لە وڵاتی ئێمەیە ئێکسپایەرە، کەس نازانێت لە کوێ دروست کراوە، ئەنواعی ناوی پێوەیە، سنوورەکانیش ناتوانین کۆنترۆڵ بکەین، هەروەکو ئێستا لە دەرمان دەستمان پێکردووە، هەر یەکێك پاکەتێك بێنێت سانپولی ئەو پاکەتە دەبات بۆ بەشی ویقائی وەزارەتی تەندروستی لە دهۆك تەماشای دەکەین، هەندێك مواصەفات هەیە بە چاو دیارە، مەسەلەن دنیا دەڵێت دەبێت دوو

لەسەر سێی حەجمی پاکەتەکە لە پێشەوە نووسرا بێت جگەرەکێشان دەتکوژێت، ئێمە رەنگە نـەتوانین فەرزی بکەین بە کوردی بنووسرێت، بەلاّم هیچ نەبێت بـە عـەرەبی نووسـرا بێت رەسمێکـی ترسـناکی لەسەرەوە بێت، ئەو مواصەفاتانە دەتوانرێت، رەنگە ئەمڕۆ نەتوانرێت نیسبەی قەتران و نیکۆتینەکـە قیاس بکەین، بەلاّم لە داهاتوودا رەنگە ئەوەش بتوانین، لە دنیاشدا تا ئێستا نەگەیشتونەتە ئەوەی کـە چەند قەتران و نیکۆتین هەیە و یەك قەترە نیکۆتین هەر زەڕەی ژەهرە، ئەوە نییە بڵێی لەوە کـەمتر بێـت، بـەلاّم ئـەوە سـتاندردێکی جیهانیـە، هـیچ گومـان لـەوە نییـە جگـەرە زیـاد لـە دوو سـەد مـاددەی ژەهراوی تیایە، ئەو کاغەزەی کە توتنەکەی تێ دەکرێت لە هەموو شتێك ژەهراویترە، دووکەڵەکە هـەر خـۆی ژەهـرە تووشـی سـەڕەتانی سیپەلاکی دەکات، ئـەو قەترانـەو قیرەی کـە دەردەچـن لـەناو سـبیلی جگەرەکان لە پشتی مشکیان هەڵسوی لەپاش سێ مانگ تووشی سەڕەتان بوو، هیچ گومـانی تێـدا نییـە، یـەعنی مـەوادی سـامی زۆری تێدایـە، ئێمـە نـاڵێین جگـەرە بـێ زەرە، بـەلاّم ئـەو سـتاندەردانە ئیشـی تەندروستییە، تیجارەو ئەوانە لێی تێناگەن، لەبەر ئەوە ئیختیصاصی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك بارزان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەعمەلەکان مەعمەلی دەولین، لە زیمنی تیجارەی دەولیشـە، پـێم وایـە ئێمـە تـەنیا لـە مەعمەلـەکانی کوردستان نایەت بۆ عێراقیش دێت، من پێم وایە ئەوە کارێکی زۆر زەحمەتە وەزارەتی ئێمـە بتوانێـت کۆنترۆلی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئیە، نوقتەی نیزامی نییە، ئێمە شەرت نییە مەسەلەن قانونێك دەربکەین ئیلا دەبێت سەد لـە سـەد بـزانین جـێ بـەجێی دەکـەین و پێداویسـتی جـێ بـەجێ کردنـی هەیـە، کـە قانونێکـت دەرکـرد، حکومەت مولزەمە دەبێت ئیشی بۆ بکات، ئەگـەر پێداویسـتیەکەش حـازر نـەبوو، پێداویسـتیەکەی بـۆ حازر بکاتن، ئێستا ئەو قانونەش دەردەکەین، رەنگە دوو مانگیشـی بـدەینێ، ئـەوە قـەراری خۆتانـە، لـە رۆژێکەوە تەحدیدی بکەین لە چ رۆژێك دەست پێ دەکات، خـۆ فـەوری هـین ناکـاتن, لـەو فەترەیەشـدا دەبێت حەمەلەی ئیعلامی هەبێتن، دەبێت ستاف بۆ دابنرێت، دەبێت رێنمـایی بـۆ دەربچێتن، فـەرموو کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ لە کۆبوونەکەماندا لەگەڵ ئەو لیژنانـەی کـە بەیەکـەوە دانیشـتین، باسـی ئـەوەشمان کـرد، ئێستا ئەو خاڵە دێتە بەر باس، کە دەبێت پێشی هەفتەیەك نموونەی ئەو مەوادەی جگەرەیە، توتنـە، هەرچیەك بێت کۆنترۆل بکرێـت و فحوصاتی لەسـەر بکرێـت و لـە ژێـر ئیشـرافی نوێنـەرەی وەزارەتـی صحە بێت، نەوەك ئەوەی کە دەیهێنێت خـۆی نموونەیـەك بێنێـت، ئـەوە دەکرێـت پێشـی هەفتەیـەك،

ئینجا ئەگەر تەقریری وەزارەتی صحە درا، ئینجا وەزارەتی بازرگانی دەتوانێت شتەکان داخیل بکات و بەپێی ئوصول و قەوانینی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە یاسا دەردەکەین بۆ ئەوەی جێ بەجێ بکرێت، ئەو ئەرکە ئەرکێکی چاکەو بەشێك لە ئەرکەکە دەکەوێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، بەلاَم بەشێکی تری ئەرکەکە کارو فەرمانی وەزارەتی بازرگانییە لە حالَەتێکدا ئەگەر وەزارەتی تەندروستی زانی ئەم جۆرە جگەرەیە نەگونجاوە بۆ بەکار هێنان لە لایەن مرۆڤەوە، بەبێ ئاگاداری و بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی بازرگانی ناتوانێت هیچ ئیجرائاتێك بکات، بۆیە چاکتر وایە لە ماددەکە بنووسرێت بە هاوکاری لەگەلْ وەزارەتی بازرگانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر کاك دکتۆر دلێر مولاحەزەی کرد بێت لە دوای ئەوە هاتووەو ئێمە دامانناوە، کە ئیجازە وەردەگیرێت لەو شتانە دوای ئەوەی ئیستحصالی موافەقەی وەزارەتی صحە دەکەیت، ئینجا وەزارەتی بازرگانی دەتوانێت ئیجازەی پێ بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە زۆر وازیحە، نازانم بۆچی ئەوەندە موناقەشە بکرێت، دەلَێت وەزارەتی صحە ئیختیصاصی ئەوەی هەیە کە تایبەتمەندە بۆ ڕەقابە دانان لەسەر ئەوەی ئەو جگەرانە کە دێنە ناو کوردستان، هەموو نەوعە تووتنێك کە دێن لە مەحەلیشەوە دروست دەکرێت، یاخود ئیستیرادیش دەکرێن، بەپێی ئەو قانونە دەبێت موتابیق بێت لەگەلْ مواصەفاتی جگەرە، واتا مەسەلەن هەندێك جگەرە هەیە مەصدەرکەی مەعلوم نییە، نیسبەتی نیکۆتینەکەی مەعلوم نییە، ژەهراویترە لە جگەرەکانی تر، ئەوانەی کە شەریکاتی گەورە دەیکەن ڕێژەیەکیان هەیە دەبێت نیکۆتینەکە لەوە زیاتر نەبێت، توتنەکە تێکەلْ نەکرا بێت، زۆر شت هەیە ژەهراویشە، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بزەبت ئەوەی کە جەنابت ئیشارەتت پێدا ئەم ماددەیە زۆر وازیحە، ئەمە باسی هێنان و باسی بازرگانی پێوە کردنی ناکات، باسی چۆنیەتی نەوعیەتی جگەرەو پێداچوونەکانی دەکات، کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دەکرێت، ئەمە یەك.

من پێم خۆشە سەڵماندنی ئەو واقیعەی کە ئەمە کاری وەزارەتی تەندروستییە، ئاماژە بەو ئیتیفاقیە نیودەوڵەتیە بدەم کە کراوە لەسەر کۆنترۆڵ کردنی تووتن، کە یەکێك لە بڕگەکانی ئەم ئیتیفاقیە کە 192 وڵات بەشداریان کردووە لە موناقەشەکانیدا، ئیشارەت بەوە دەدات و مولزەمی وەزارەتی تەندروستیەکان دەکات، کە دەبێت ئەوان چاودێری و رەقابەی نەوعیەتی تووتن بکەن، کە داخیلی هەر یەکێك لەو وڵاتانە دەبێت، کە بەشدارن و ئەندامن تێدا، بۆیە بەتایبەتی ئەمە کاری وەزارەتی تەندروستییەو من پێم وایە ئەوە قابیل بە موناقەشە کردن نییە، هیچ جیهەتێکی تر نییە، تەنها ئەوان دەتوانن ئەو کارە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، بە پێشنیاری لیژنەکان یاسایی و لیژنەکانی تریش، کە وەزارەتی ژینگەیان لابردووە، جارێکی تر بە عەرەبی دەیخوێنمەوە:

(تختص وزارة الصحة بالرقابة على مدى مطابقة السجائر وكافة انواع التبغ المحلية والمستوردة للمواصفات المبينة في هذا القانون والتعليمات التي تصدر بموجبه وذلك مع عدم الاخلال بأحكام القوانين السارية)، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، هەر بۆ مەعلوماتان جگەرەکیشان, موکافەحە کردنی جگەرەکێشان لە دنیادا هەر یاسا نییە، حەمەلەی بەردەوام هەیە لە رادیۆ، لە تەلەفزیۆن، مەراکیز هەیە، ئێستا من ئەو سێ شتەم لە لایە، هەرسێکیان لەسەر چۆنیەتی رووبەڕوو بوونەوەی جگەرەکێشانە، لە لایەن جەمعیەی سەڕەتانی ئەمریکی، مونەزەمەی صحەی عالەمی، ئیتیحادی دەولی (مكافحة السرطان) هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەکەن، سێ شتی هینیان دەرهێناوەو بڵاوی دەکەنەوە بە هەموو زمانەکان، بە ئینگلیزی و بە فەرەنسی و بە ئەڵمانی و بە عەرەبی، ئومێد دەکەین رۆژێك لە رۆژان بە کوردیش بڵاوی بکەنەوە، ئەوەش هەر چۆن هەستی خەڵك، جەماوەری خەڵك بەرز دەکەیەوە بۆ ئەو خەتەرانەی کە جگەرەکێشان بەشێوەیەکی غەیری موباشیر زەرەر دەگەیەنێتە خەڵك، نەك ئەوانەی کە جگەرە دەکێشن، ئەوە فەقەت ئەوەیە ئەو جگەرەکێشانەیە، کە خەڵکێکی جگەرە نەکێش زەرەر لە جگەرەکێشان دەبینێت، جا ئەوانە هەمووی چەند مانگێکە لەبەر دەستمانەو خوێندومانەتەوە، ئومێد دەکەم بە کوردیش رۆژێك لە رۆژان بلاْو ببێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك تێبگاتن، خەتەری جگەرەکێشان لەسەر خۆی ئەوەی جگەرە دەکێشێتن، لەسەر خەڵکی تریش کە جگەرە ناکێشێت، بۆ ئەوەی سنوورێك دابنێت، ئێمە ناڵێین خەڵك ئازادە بۆ خۆی جگەرە دەکێشێت، بەلاْم بە لای کەمی ئەو زەرەرە نەگەیەنێتە ئەو کەسەی کە جگەرە ناکێشێت، ئینجا مندالْ هەیە، ساوا هەیە، بێجگە لەوەش ئەوەی کە پەیوەندی بە بیئەوە هەیە دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت لە هەموو شوێنێکەوە، وەکو ئێستاکە لە ماددەکانی تردا باسی دەکەین، لە هەموو شوێنەکان نابێتن رێگا بدرێتن جگەرە بکێشرێتن، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: هەر کەسێکی کاری هێنانی جگەرە، یان تووتن, یان بەروبوومەکانی، یاخود فرۆشتن و عەرز کردنی بۆ فرۆشتن، یان هەبوونی بە نیازی فرۆشتن، یان عەمبار کردنی بێت، دەبێت مۆڵەتی

ئوصولی لە وەزارەتی تەندروستی وەربگرێت، لەگەڵ رەچاو کردنی مەرجەکانی کە لەم یاسایەدا هاتوون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: على كل من يزاول اسيتراد السجائر او التبغ او مشتقاته او بيعه او عرضه للبيع او حيازته بقصد البيع او التخزين الحصول على اجازة اصولية من وزارة الصحة مع مراعاة المواصفات والشروط الواردة في هذا القانون.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشتر پێشنیارمان کرد بوو ئەو ماددەیە هەر نەمێنێت، بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ لیژنەکانی تر دانیشتووین، لەگەڵ لیژنەی تەندروستی و مافی مرۆڤ و ئەوانی تر پێشنیاریان کرد بەو جۆرەی خوارەوە بێت و بمێنێتەوە، ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە وەکو ئەوەی ئیتیفاقمان لەسەر کردووە:

(على كل من يزاول اسيتراد السجائر او التبغ او مشتقاته او بيعه او عرضه للبيع او حيازته بقصد البيع او التخزين الحصول على اجازة اصولية من وزارة التجارة بعد استحصال موافقة وزارة الصحة مع مراعاة المواصفات والشروط الواردة في هذا القانون).

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی هاوبەشی هەموومانە:

هەر کەسێکی کاری هێنانی جگەرە، یان توتن، یان بەروبوومەکانی، یاخود فرۆشتن و عەرز کردنی بۆ فرۆشتن، یان هەبوونی بە نیازی فرۆشتن، یان عەمبار کردنی بێت، دەبێت مۆڵەتی ئوصولی لە وەزارەتی بازرگانی وەربگرێت دوای بەدەست هێنانی رەزامەندی وەزارەتی تەندروستی، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو مەرج و ئاکارانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت پرسیارێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

والله هی من پرسیار نییە, رەئییە, دەورو ئیشی وەزارتی تەندروستی دەست پێدەکات پاش هێنانی جگارە بۆ ناو هەرێم, پێش هێنانی بۆ ناو هەرێم, ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات, بزانێت ئەوەی بێت چ مواصەفاتی هەیە, هەتا ئەگەر نموونەیەکیشی تەقدیم بکات, ئیحتیمالە ئەوەی بێت, موتابق نەبێت لەگەڵ نموونەکە, ئیستیراد ئیشی وەزارەتی تیجارەیە, مومارەسەی میهنە, ئیشی وەزارەتی بەلەدیەیە, ئیجازەی پێدەدات, بە رەئیی من وانەکەین ئیش و کاری وەزارەتەکان تێکەڵ بێت, قانونێك دەربکەین, دەسەڵاتی ئەو قانونە بەیانی بیدەینە وەزارەتێکی تر, ماددەی پێش ئەوە وتمان وەزارەتی بیئە,

عیلاقەی نییە، ئیشی وەزارەتی تەندروستییە، لێرەش من ئەڵێم عیلاقەی وەزارەتی تەندروستی نییە، ئیش و کاری لەگەڵ نییە، ئیشی و کاری وەزارەتی بازرگانییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی تێکەڵی نەکەین، هەروەکو دەرمان و خواردنی دیکەش هەروا بێت، ئەوەی داوای ئیجازەی شەریکە بکات، لە وەزارەتی تیجارە داوا دەکات، بەلاَم وەزارەتی تیجارە بەپێی ڕێنمایەکانی وەزارەتی تەندروستی ئیجازەکەی ئەداتێ، کۆنترۆڵکردنی هێنانە ژوورەوە، زائیدەن ناو بازاڕ عایدی وەزارەتی تەندروستییە، ئێمە تیمەکانمان لە سنوورەکان هەن، ئەو کابرایەی لۆری پاکەتی دەهێنێ، نموونەکەی دەهێنێ، تیمەکانی ئێمە تەماشای دەکەن، ئەگەر مواصەفاتەکەی تەواو بوو، ئینجا ئیجازەی هێنانە ژوورەوەی دەدات، هەروەها تیمەکانی ئێمە لەناو بازاڕ ئەگەڕێن، ئەگەر شتێکیان بینی، بەپێی ئەو مواصەفاتە نەبوو، تەلەفی ئەکەن و کۆی دەکەنەوە، لەبەرئەوە تیجارە تەنها ئیجازە دەدات، ئێمەش کۆنترۆڵ و موڕاقەبەمان لەسەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت ڕەئیت وەکو کاک فرست وایە، یەعنی تەقریبەن هەمان شت دەکاتن، باشە کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە، ناوەکان دەنووسم، د0 هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە جەنابی وەزیر، ڕەئیەکەی لەگەڵ لیژنەی یاسا و تەندروستییە، ئێمە پێشنیارمان کردیە، وەزارەتی تیجارە ئیجازەکە بدات، حەسب ئەو مواصەفاتەی کە وەزارەتی صەحە دەیداتێ، ئەوە ڕەئیی لیژنەی یاسایی و تەندروستییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە لیژنەکان دەڵێن، وەزارەتی تەندروستی (بعد استحصال موافقة وزارة الصحة)، ئیستحسال فەرقی هەیە، لەوی (مراعاة المواصفات و الشروط)، ئەوەی ئەصڵەکە باشترە، یەعنی ئیستحصاڵەکە لەگەڵ ڕەئیی وەزیر ناگونجێ، بەلاَم لەگەڵ ڕەئیی کاک فرست ئەوها باشترە کەبڵێین (مع مراعاة المواصفات المحدده من قبل الوزارة الصحة)، دواتر ئەگەر هاتە ژوورێ، وزارەتی صەحە ڕەقابەکەی بەردەوام دەبێت، بەپێی ئەوە نەبێت، ئیلغا دەکات و دەستی بەسەر دادەگرێت، یەعنی لیژنەکان وتوویانە ئیستحصاڵەکە هین نییە، موڕاعاتەکە باشترە، بەهەر حاڵ، کاک غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە باس لەوەرگرتنی مۆڵەتە، ئەوانەی کە دەیهێنن، لە دەرەوە دەیهێنن، بەس ئێستا بەپێی زانیاری، ڕاستە کارگەکانی دروست کردنی جگەرە لە کوردستان، ئەوەی کە هی حکومەت بوو نەماوە، ئێستا هەمووی فرۆشراوە و هەڵوەشێندراوە، بەلاَم کۆمەڵێك کارگە ئێستا لە کوردستان هەن، مارکاتی جگارە

لێره دروست دەكەن, هەتا ماركە عالەمییەكان, لێره دروست دەكرێ, وەكو شێوەیەك لە تەزویر, ئایا ئەو كۆمپانیانە, یاخود ئەو شەریكانە, كە لێره جگەره دروست دەكەن, مۆڵەتی رەسمیان وەرگرتووە؟ یان بەتەنسیق لەگەڵ كۆمپانیا سەرەكییەكەیە, لێره ئەو ئیشانە دەكەن, حەقە ئەو بوارەش چاودێری بكرێ, لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەگەر هەردوو شێوە لێكبدرێ, بچێتە بازاڕ, زەرەری زۆر زیاتری بۆ خەڵك دەبێت, تەحدیدی ئەو نیسبانەش ناكرێ, ئەگەر بێ مۆڵەت بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی رایەكەی جەنابی وەزیر مەعقولە, بەتێكەڵ بوون لەگەڵ رەئیەكەی كاك فرست, یەعنی بەڕاستی وەزارەتی تیجارە و وەزارەتی صەحە, بەهەردووكیان دەتوانن, هەم كە داخلی حدودی كوردستان دەبێت, هەم دوای ئەم موراعات كردنە بەپێی رێنمایەكانی وەزارەتی تەندروستی بەردەوام بێت, نە پاش ئەوەی كە داخلی كوردستان بوو, یەعنی پاش ئەوەی كە داخلی كوردستان بوو, وەزارەتی صەحە دەتوانێت چاودێری بكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێره كەباس لە ئیستیراد دەكەین, باجمان لەبیر نەچێ دانانی باج لێره زۆر گرنگە, تازە كاك عوسمانیش باسی كرد, دەڵێ ئەشیاكان داخلی هەرێم دەبن, كەواتە دانانی باج, پێویستی بە زیاد كردنی ماددەیەك هەیە, دانانی باجی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ, راستەوخۆ: كاتێك كە بەروبوومەكە داخلی هەرێم دەبێت, باجی ناڕاستەوخۆش, كاتێك بەروبوومەكە لەناو هەرێمی كوردستان دەفرۆشرێ, خاڵێكی تر, كاتێك كە باجەكە دائەنرێ, وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی دارایی هەڵبستن بەچاودێری كردنی ئەو زەریبەیە, خاڵێكی تر, تایبەت كردنی داهاتی ئەو زەڕیبانە, بەشێك لە داهاتی ئەو زریبانە بۆ وەزارەتی تەندروستی بێت, ئەوەش بۆ چارەسەركردنی نەخۆش و ئەو كێشانەی كەوا لە ئەنجامی جگەره كێشان دێتە كایەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیارە پاش تەقدیم كردنی راپۆرتەكە ئیزافاتت بۆ هاتووە, ئەگەر نا خۆت تەقدیمت كردووە, فەرموو كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رای لێژنەكان دەكەم بەڕاستی, شتێكی ئاساییە, كە هەندێ لە یاساكانمان كۆمەڵێك لەوەزارەتەكان هاوكار و تێدا بەشدارن, یەعنی بە پێچەوانەی رای كاك فرست, شتێكی ئاساییە وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی تەندروستی لەو مەسەلەیە دەبێ ئاگایان لەیەكتری هەبێت, بۆ نموونە ئێستا مۆڵەتی چێشتخانەكان هەیە, شوێنی نان خواردن, چۆن وەزارەتی شارەوانی تێدا بەشدارە, بەهەمان شێوە وەزارەتی تەندروستیش لەڕووی پاك و خاوێنییەوە, تێدا بەشدارە, هێنان و فرۆشتن و مەخازن ئیشی وەزارەتی بازرگانییە, دەبوایە وەزارەتی بازرگانیمان لێره داخیل كردبا, بەڵام لەسەر

جۆرەكەی زۆر مەوادی تر هەیە, بۆ نموونە كحوليات, نە لەهەموو شوێنێك رێگای پێدراوە, نەهەموو كەسێكیش رێگای پێدراوە, پێویستی بە مۆڵەت هەیە, جگەرەش دەبێ لەهەموو مەحەلێك نەفرۆشرێت, ئەو شوێنانەی كە لێی دەفرۆشرێت, دەبێ مۆڵەتی بۆ وەرگیرێ, ئەو كەسانەش مۆڵەتی پێشتریان هەبێت, بەپێی تەعلیماتی وەزارەتی تەندروستی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو بڕگەی كە هاتووە, بەدەست هێنانی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی, ئەگەر تەماشای مادەی دواتری ئەمە بكەین, بەڕوون و ئاشكرا دیارە وەزارەتی تەندروستی دەبێ بەم كارە هەڵبستێ, بە پشكنینی ئەو نموونانە, پێش ئەوەی بێنە ناو هەرێمەوە, لەبەر ئەوە ئەمە شتێكی زۆر تەبیعییە, ئێمە وەزارەتی بازرگانی وەكو بەرادەرانیش باسیان كرد مۆڵەتە, بەڵام پاش ڕەزامەندنی وەزارەتی تەندروستی, پێم وایە شتێكی زۆر ئاساییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرچەندە من ڕەئیم وا نییە, ئیعتیماد لەسەر نموونە بكرێ, بەڕاستی دەبێ شاحینەكە هەمووی فەحص بكرێ, كاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەر سێ ڕەئیەكە نیزیك یەكترن, چ ڕەئیی جەنابی وەزیر, چ ڕەئیی كاك فرست و چ ڕەئیی لیژنەكان, چونكە ئیجازە بمانەوێ, نەمانەوێ, لەم یاسایە بێت یان نەیەت, لەقەوانینی تر هاتووە, لەزیمنی وەزارەتی تیجارەیە, ئەوە یەك, دوو/ ئەگەر لەو قانونە تەئكید بكرێتەوە هیچ مانعەتێك نییە, بەنیسبەت خصوصیەتی ئەو یاسایە, چونكە پەیوەندی بە جگەرەوە هەیە, وەزارەتی تیجارە ئیجازەكەی دەدات, لەوەزارەتی صەحە دەپرسێ لە زیمنی مواصەفات, ئەگەر وەزارەتی صەحە گوتی موتابقە لەگەڵ مواصەفاتەكە, وەزارەتی تیجارە ئیجازەكەی دەداتێ, ئەگەر گۆتی موتابقی مواصەفات نییە, ئیجازەكەی ناداتێ, یەعنی مەوزوعەكە لەو میحوەرەیە, هەمووش هەمان ڕەئیمان هەیە, یەعنی وە نەبێ لەیەك دوور بین و, هەمووش دەگەینەوە تەحصیل حاصلٚ, یەعنی ئەگەر هاتوو وەزارەتی صەحە گۆتی موتابقی مواصەفات نییە, یەعنی دەبی وەزارەتی تیجارە ئیجازەی بدات, تەبعەن نابێت ئیجازە بدات, ئەگەر ڕێنمایی دەركرد, دەبێ وەزارەتی تیجارە ئیجازەی بدات, نابێ بیدات, بۆیە من پێم وایە هەرسێ ڕەئیەكان لەیەكتری نزیكە, موافەقەتی وەزارەتی تیجارە بۆ دانی ئیجازە زەرورییە, ئینجا بەچ شێوەیەك بێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەبینم ئەو ماددەیە، لە لیژنەش گوتم و، بیدایەت رەئیمان وایە هەر زیادە، چونکە هیچ ئیزافە ناکرێ، ئێمە باسی موکافەحەی تەدخین دەکەین، وەزارەتی صەحەش ئیشی خۆی دەکات لەسەر ئەوە، لەسەر زۆر شتی تر، کەمەوزوعی سەیتەرەی نەوعییە، فەحصە، مواصەفاتە، تۆ ناتوانی دوو شت پێکەوە بکەیت، موافەقە و موافەقە، یەعنی ئەوە نادات ئیلا موافەقەت نەبێت، چونکە ئەو ئیجازەی ئیستیراد وەردەگیرت، پێش ئەوەی بیزاعە بێت، ئەوەی فەحصەکەش دوای داخیل بوون، ئینجا دەچێت فەحص دەکات، یەعنی حەتا عەمەلیەن ناگونجێت، بۆیە هیچ ئیزافەکی لەسەر ناکرێ، وازبینین باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با رەئیەکان تەواو بن، ئینجا رای لیژنەی قانونی وەردەگرین، کاك زرار، فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ خۆم بە فیعلی لە توتن ئیشم کردووە، بەڕاستی مەعمەلی پاککردنەوە و تەخمیر کردن و تەنقیح، سەر بەوەزارەتی پیشەسازییە، ئەوانەی کەتووتن دەهێنن لە دەرەوە، تووتن چەند جۆرێکی هەیە، پێویست ناکات من باسی جۆرەکانتان بۆ بکەم، بەس یەکەم جار دێنە ناو وەزارەتی صناعە، وەزارەتی صناعە لیژنەی خاصی خۆی هەیە، کە نموزەجەکان دەهێنن، ئەگەر نموزەجەکان پەسند بوون، وەزارەتی صناعە داوا لە وەزارەتی بازرگانی دەکات، چونکە بەڕاستی ئەو تووتنەی دێتە ناو هەرێمی کوردستان، دێتە ناو مەعمەلی تەخمیر و تەنقیح، لەناو مەعمەلی تەنقیح پاك دەکرێتەوە، لەناو مەعمەلی تەخمیریش دەترشێندرێ، ئینجا دەکرێ بەجگەرە، باشە تووتنەك وەزارەتی بازرگانی موافەقەتی بۆ بکات، وەزارەتی پیشەسازی ئاگای لێنەبێت، خۆ ئەوە ناکرێ، لەبەر ئەوە وەزارەتی پیشەسازی دەبێ تێدا بێت، هەتا ئێستا هەر وا بووە، نازانم ئەگەر لەمەودوا وانەکەن، ئەوە شتێکی ترە، هەموو جۆرەکانی تووتن، تووتنی باش و خراپ نییە لەدنیا، هەموو جۆرەکانی تووتن خراپن، چۆن چای بەڕەنگ و بێ رەنگمان هەیە، ئەوهاش تووتنی خەفیف و تووتنی قورسمان هەیە، هەموو جۆرەکانی تووتن خراپن، بەلاّم تووتن هەیە قورسە، تووتن هەیە خەفیفە، یەعنی نیسبەتی نیکۆتینەکەی جیایە، بەلاّم وەزارەتی پیشەسازی زۆر زەرورە تێدا بێت، چونکە ئیشەکە لەناو وەزارەتی پیشەسازییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قەناعەت ناکەم قیاسی جگەرە لەسەر دەرمان بکرێت، ئەنواعی جگەرە و تووتن یەکە، بەس ئەدویە زۆر زەحمەتە سەیتەرەی لەسەر بکرێ، وەکو قانونی شەریکات دیارە، یەعنی قانونی شەریکات سەر بەوەزارەتی تیجارەیە، ناتوانی رێگای لێبگری، یەعنی لێرە تەحصیل حاصیلە، ناتوانی رێگایان لێبگری، ئیجازەی نەدەیێ، یەعنی ئەوەی من بزانم پاش تەحصیلەکە ئینجا موافەقەتی وەزارەتی تەندروستییە، یەعنی ئەو نموونەی کەموجودە، لەو نەوعە جگەرەی کە دەیهێنێ، کە ئیستحصالّی

موافەقەی پێ وەرگیرا, دوایی ڕێی پێبدرێ, ئەوجا لەپاشان کە هات ئیشی وەزارەتی صەحە, موتابەعە و بەدواداچوون بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ڕەئیی لیژنەی یاسایی دەکەم, پێش ئەوەی بارەکە بگات, دەبێ مواصەفاتی لەلا بێت, ئەو تاجیرەی کە جگەرەکەی ئەکڕێ, دەبێ بزانێ چ دەهێنێ, کەبارەکەشی هێنا, خستی نەیەتە ناو ئەو دیوی حدودەوە, هەتا نموونەکانی فەحص نەکرێ, کە نمونەکانی فەحص کرا, ئەو کات تاجیرەکە تەحەمولی خەسارەتەکە دەکات, ئەگەر بەدەر لە مواصەفاتەکەی کردبێ, کەواتە پێش هەموو شتێك دەزگای کوالەتی کۆنترۆڵ سەر حدودەکە لەهەموو شتێك گرنگترە, نەك تەنها بەچاو, ئەبێ بەئامێر, من خۆم بە ماوەیەك لە موختەبەر ئیشم کردووە لە مەعمەلی جگەرەی سلێمانی, ئامێر هەیە فەحصی دەکات, ئەڵێ ئەوەندە نیکۆتینەی تێدایە, کاتی خۆی ئەوانیش لەسەر مواصەفات دەریان دەکرد, کەواتە بازرگانی و تەندروستی دەبێ هەردووکیان لەو عەمەلەییە بەشدار بن, هەر ئەوەندە دەڵێم, بەڵام خۆزگە لەگەڵ ئەمە ئەکەین, یەعنی داوا لە وەزیر دەکەم کە چاوێك بەو موستەشفایە ئەهلیانە دا بهێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆزگە تۆش جگەرەکەت تەرەك دەکرد, کاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی جارێکی تر قسەکەم ئەکەم, ئەم مەوزوعە دوو مەکانەی هەیە, یەکەم/ ئەوانەی لەناو کوردستان دروست دەکرێن, بە تەئکید وەزارەتی صەحە ئەبێ دەوری تێدا هەبێ و, لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی, تەئیدی وجهە نەزەرەکەی کاك زرار دەکەم, هەروەها پشتیوانی وجهە نەزەری کاك فرست دەکەم, بەنیسبەت دەرەوە تەبیعی مەعامیلی شەریکەی جگەرە زۆر گەورەن, مەسئولیاتی گەورەیان لەسەرە, عادەتەن ئەوان موختەبەری تایبەتیان هەیە, خەڵکی پسپۆڕیان هەیە چاودێری ئەوانە دەکەن, بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین تەقییمی ئەو جگەرەیە بکەین, بزانین لەو مەعمەلە دەرچووە یان تەزویرە, ئێستا لە کوردستان جگەرەکان زۆربەی تەزویرن, چونکە سعرەکەیان زۆر وازیحە, جگەرەی ئەصڵی گرانترە لە دەرەوە لەوەی جگەرەی تەزویر, جا بۆ چارەسەر کردنی ئەمە, ئەمە ئیشی وەزارەتی بازرگانییە, عادەتەن وەزارەتی بازرگانی پەیوەندی بە وەکالات هەیە, هەریەك لەم شەریکانە وەکالاتیان هەیە لەعالەم, مەسەلەن لە تورکیا چ وەکیلێکیان هەیە, تا چ رادەیەك ئەم وەکیلە ئەمینە, شتی تر تێکەڵاو دەکات, ئەمانە دەرجەیان هەیە, سەیری وەکالەت بکەیت, یەکسەر بزنس بیرۆ پێت ئەڵێ تا چ رادەیەك ئەمە ئیش و کارەکانی ڕێك و پێکە, یان ڕێك و پێك نییە, لەبەر ئەوە بەرِەئیی من بەنیسبەت موراقەبە کردن و کۆنترۆڵ کردن و تەئکید کردنەوە لەسەر راستی جگەرەکە و راستی مەعمەلەکە کە لێی هاتووە, ئیشی وەزارەتی بازرگانییە, ئێمە هەر کارێك بکەین لێرە جگەرە کە هاتبێ, جگە لەوەی مەسەلەی تەزویر دەبێ مەنع بکەین, چونکە ئەوانەی کە مزەوەرن, هیچ نەوعە

هینێکی تێدا نییه, یەعنی ناتوانی بڵێی ستاندەره, یان بەپێی ئەو قیاس و شتانەیە کە وەزارەتی صەحەی ئەو وڵاتانە دایناوە, یان داینەناوە, چونکە کەسانێکی غەیر پسپۆڕ دایناوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تاوتوێ کردنی ئەم ماددەیە., خۆی لە خۆیدا ماددەکە پەیوەندی هەیە بە ماددەی پێشوو ترەوە, ئەم تاوتوێکردنە مانای ئەوەیە کە هێشتا ئێمە حەقمان نەداوە بە ماددەکەی پێشوو تر, نەك وەکو برای بەڕێزم کاك ئارام باسی کرد, ئەو ماددەیە تاوتوێ هەڵناگرێ و دیارە وازیحە, بەبێ هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی ناتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێ, بۆیە دەبێ ماددەی پێشووتر, ماددەی سێیەم بنووسرێ بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی, کێشەکە چارەسەر دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی ئیشەکە سێ لایەن دەگرێتەوە, سێ وەزارەت, یەکەم/ دەست پێدەکات مواصەفاتی عالەمی لەگەڵ عەمەلی, ئەوە وەزارەتی صەحە دەری دەکات بە تەعلیماتێك, تەعمیمی دەکاتە سەر وەزارەتی تیجارە و مالییە, چونکە ئەوانە مەعنینە, وەزارەتی مالییە لە گومرگ مەسئولە, وەزارەتی تیجارە لە دانی ئیجازە مەسئولە, ئەوکاتە ئەو رێنمایانە دەبێتە قانونێك لە دەست وەزارەتی تیجارە, داوای ئیجازە دەکرێتن تەعاهود وەردەگرێ لەو مەستەوریژدەی, یان لە مەتنی ئیجازەکە, لە پشتی ئیجازەکە دەنووسرێ, ئەو جغارەیەی دێت بەو مواصەفاتە وەردەگیرێ, کە ئەو جغارەیە دێ داخیلی ساحەی گومرگ دەبێت, گومرگ لێی مەسئولە نابێ دەری بکات, مومەسیلی صەحەی لە حدود نەمازج وەردەگری, فەحصی دەکات, موتابقی مواصەفاتە, ئەوجا لە گومرگ دەردەچێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێش ئەوەی قسە بدەم بە جەنابی وەزیر, یان لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی, کە تەعبیر لە هەموو لیژنەکان دەکەن, مەجالم دا بە هەمووتان قسە بکەن, بەڵام پێم وایە ماددەی دواترتان نەخوێندیتەوە, ئەگەر نا ئەو هەموو موناقەشەیەی نەدەویست, ماددەی دواتر بخوێنیەوە زۆر روونە, وەزارەتی صەحە واجبی ئەوەیە کە ئەو شحنەی پێگەیشت فەحصی بکات, بچێتە سەری, کەواتە ئەگەر پێشتر موافەقەتی کرد, چۆن ئەتوانێ دوایی بڵێ وەڵڵا هەو نییە, خۆی تەعلیمات دەردەهێنی, بەپێی تەعلیماتەکە وەزارەتی صەحە, ئەوەی کە داوای ئیجازە دەکات, پێی دەڵێ مواصەفاتی وەزارەتی تەعلیم عالی و وەزارەتی صەحە ئەوەندەیە, وەزارەتی تیجارە دەڵێ بە خاوەن شەریکەکە کە جگەرە دەهێنێ, ئیلتیزامی پێدەکاتن, دوایی کە گەیشت ئاگاداری وەزارەتی تەندروستی دەکاتن, وەزارەتی تەندروستی دەچێت فەحصی شەحنەکە دەکات کە گەیشتووە, ئەگەر نا پێشتر ئەگەر موافەقەتی کردبێ, ئەو حەقەی نییە, بڵێ من موافەقەتم کردوو ە, دوایی پێشیمان دەبمەوە و ئەوها نەبووە, موافەقەتەکە ئەو وەختی دەداتن کە بارە جگەرە هاتووە بەپێی مواصەفاتەکەیە, ئینجا ئیجازەکەی دەداتن, بەڵام ئەو نوقتەیەی کە کاك زرار ئاماژەی پێکرد وەزارەتی پیشەسازی, راستە وەزارەتی پیشەسازی عیلاقەی بە تووتنی ناوەوە هەیە, تووتن کە دێتن, دێتە وەزارەتی پیشەسازی تەخمیر دەکرێ, مواصەفاتی هەیە,

دەرجاتی هەیە, خۆی منیش لە وەزارەتی مالییە بووم, موتابعەی ئەو شتەم کردووە, دەزانم هەندێ دەرجات هەیە رەفز دەکرێ, دەمینێتەوە و قبوڵ ناکرێ, یەعنی ئەوەش دەبێ ئیشارەتێکی تێدا بێت, بەنیسبەت تووتنی ناوەوە وەزارەتی پیشەسازی پێی هەڵدەستێ, جا دەبێ جێی بکەینەوە, بەنیسبەت جگەرە لە دەرەوە ئیشی وەزارەتی تیجارەیە, بەلاّم تووتنی ناوەخۆ کە دێت, تەسلیمی وەزارەتی پیشەسازی دەکرێتن, فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تووتنی دەرەوە ئێستاش بیرمە, تووتنی (ئێل بی) هەبوو, (ئێل بی وای) هەبوو, (ئێن دی)هەبوو, تووتنی ئەمریکی هەبوو, هەتاکو وەزارەتی صیناعە موافەقەتی نەکردبا نەیاندەهێشت یەك کیلۆغرامیش بهێنی, زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

تووتنی دەرەوەش کە بێت, هەر دەچێتە وەزارەتی تەندروستی, کاك کمالیش قسەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر موناقەشە کرا, بەس من وا پێشنیار دەکەم بەم شێوەی لێبێت ماددەکە (علی کل من یزوال استیراد السجائر او التبغ او مشتقاته او بیعه او عرضة للبیع او حیازته بقصد البیع او التخزین علیه الالتزام بتعلیمات وزارة الصحة مع مراعاة المواصفات و الشروط الواردة في هذا القانون), چونکە ئیلتیزام بکات بەو شروتەی کە وەزارەتی صەحە پێشتر داینەوە, بۆ تەعامل لەگەڵ جگارە کڕین و فرۆشتنی و بەکارهێنانی, تەعلیماتێکی خاص لە وەزارەتی صەحەوە دەربچێت, لەسەر وەزارەتەکانی تر تەوزیع بکرێ, ئەوەی کە کاری پێدەکات, واجب بێ لەسەری ئیلتیزام بکات, وەزارەتی تیجارەش ناتوانێ ئیجازە بدات ئەگەر ئیلتیزام بەو تەعلیماتە نەکاتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا لام وایە ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان نییە, ئیشی وەزارەتی تەندروستی کارێکی فەننییە, تەنها را دەربڕینە لەوەی کەوا ئەو بارەی کە هاتووە لەگەڵ ئەو مەرجانە رێك دەکەوێت کە وەزارەت دایناوە, بەلاّم کارە ئیدارییەکان ئیشی وەزارەتی بازرگانییە, لەبەرئەوە هیچ تێکەلاّویەکی تێدا نییە, هەر کەسە بەئیشی خۆی هەڵدەستێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی وەزارەتی پیشەسازی, فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە جاران وابووبێ, بەلاّم ئێستا, عەفوو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی رای لیژنەی هاوبەش لە جێی خۆیەتی, پێم وایە ئەوەی كاك فرستیش ئاماژەی پێدا, لێرەدا تەحقیق دەبێ بەم شێوەیە, خۆ ئەگەر موافەقەی مەبدەئی لەلایەن وەزارەتی صەحەوە, چ بە ڕێنمایی, چ بە موافەقەی مەبدەئیی, كە پێكهاتووە لە ژێر ئەو مۆڵەتەی كە وەزارەتی بازرگانی دەیداتن, پێم وایە ئەوە ئیعفا ناكرێتن, ئەو شەحنەی كە دێت لەدەرەوە لە مەعبەرەكە, لە مەعبەری حدود, لەوێندەرێ وەزارەتی صەحە نەتوانێ, ئەگەر تەبقی مواصەفات ئەو شەحنەی كە هاتووە رەفزی بكاتەوە, لەوێ دەتوانێ وەزارەتی صەحە بڵێ ئەو مواصەفاتەی كە ئێمە رەزامەندیمان لەسەری داوە, ئەو شەحنەی  كە هاتووە ئەو مواصەفاتەی تێدا نییە, بۆیە رەفز دەكرێتەوە, سەبارەت بە مەسەلەی صیناعە, پێم وایە هەر تووتنێك چ لەدەرەوە بێت, چ لەناوەوەی هەرێم بێت, ئەوا یاساكانی پیشەسازی, ئەوەی پەیوەستە بە پیشەسازی, ئەو تەحدیدی دەكاتن, ئایا ئەو شتە دەست دەدات, بۆ ئەوەی لێرەدا لە كارگەكانی خۆماندا ئیشی پێبكەین, یان نەكەین, جا چ تووتنی ناوەخۆ بێت, ئینتاجی مەحەلی, یان تووتنی ئیستیرادی لە دەرەوە هاتبێ, پێم وایە لەم یاسایە جێگای نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر, هیچ رەئییەكت هەیە, لەسەر ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی, فەرموو.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من تۆزێك قەلەقم, لە فەحص كردنی تووتنی ناوەوە, بەڕاستی ئەوە ئیشی وەزارەتی تەندروستی نییە, ئەوە بە ئێمەش ناكرێ, ئەو مەوزوعە دەبێ لەسەر ئێمە لابېردرێت, كاك فرست پرسیارێكی زۆر مەعقولی كرد, ئەو كۆمپانیانەی كە ئێستا هەن, وا دروست دەكرێن, جگەرەی ناوەوە دروست دەكەن, ئەوانە رەنگە ئیجازەشی نەبێت, هیچ شروتێكیشیان نەبێت, ئەوە كۆنترۆڵی كێیە؟ وەزارەتی بازرگانییە؟ وەزارەتی صیناعە ئەچێت ئەیكات, وەزارەتی تەندروستی ئەیكات؟ ئێمە بەتەئكید مونتەجاتەكانی بازاڕیان دەكەین, بەڵام كێ وەزیفەی ئەوەیە بچێ موراقەبەی كۆمپانیاكە خۆی بكات؟ لەوانەیە وابزانم چەند شەریكەیەكی خۆمان هەیە ئێستا, ئاخیر خاڵم ئەوەیە, رەقابەی ئێمە, شروتی ئێمە لەسەر پاكەتەكە خۆی نییە, شروتی ترمان هەیە, ئەبێ قاعەیەكی ساردكراوەی هەبێ, ئەبێ حەجمی لەوەندە گەورەتر نەبێت, ئەو كابرایەی كە تەقدیم دەكات, دەبێ شارەزایی هەبێت و بەلای كەمیش ئەوانەش دەبێ بەلای كەمی ئیجازەی پێنج شەریكەی عالەمی هەبێت, كە موعتەڕیفن, تووتن و تبغ دروست دەكەن, بۆ ئەوەی نەك هەر كەسێ بەكەیفی خۆی بچێ لەهەر شوێنێك هەوسێ لێبێ, جگەرە بێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوانە وەزارەت دەتوانێ بە تەعلیمات دەریبكات, قسەتان كرد بەڕاستی, ئێستا مەجالی ئەوە نەماوە قسە بكەن, ئەوەی داوای كردبوو, قسەی كرد, هەرئەوەندە ئەندامانی لیژنەی قانونی و تەندروستی, كە تەعبیر لە لیژنەكان دەكەن, لەگەڵ جەنابی وەزیر صیغەیەك هین بكەن, نازانم ئەگەر بكرێتە دوو

فەقەرەیــە ئــەو ماددەیــە, فەقــەرەی یەکــەم بەنیســبەت ئیســتیرادی جگــەرە بێــت, فەقــەڕەی دووەم بەنیســبەت تــووتن بێــت, ئەگــەر بەنیســبەت تووتنەکــە بکــەیت, دەتــوانی وەزارەتــی پیشەســازی کەمسئولیەتی تێدایە, نوقتەی نیزامی نەبێت, کاك سعدالدین, قەتعت دەکەم, فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەی پێشوو کە تەصویتمان لەسەردا ( و كافه انواع التبغ المحلیە و المستوردە), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە نوقتەی نیزامەکەت لەسەر چی بوو؟ دەڵێم بیکەیە دوو فەقەرە, نـەك زیـادی بکـەیت, لەسـەر جگەرە و تووتن هاتووە, ئەوە دەکرێتە دوو فەقەرە, یەکێکیان جگەرە کە بـەحازری دێـت, ئـەوە ئیشـی وەزارەتی بازرگانییە, ئاخیر تۆ بیخوێنـەوە بزانـە چـی دەڵـێ (علـی کـل مـن یـزوال اسـتیراد السجائر او التبغ), یەعنی تبغ جیاوازە ئـەوەی کـاك زرار باسـی کـرد, ئـەنواع و ئەشـکال تـووتن دێتـە نـاو هـەرێم, سجائر بەتەنیا بێت, ئەوە بەحازری دێتن, ئەوە ئیشی وەزارەتـی بازرگانییـە, ئـەوەی تـووتن دێتـە نـاو وەزارەتی پیشەسازی, مەعمەلی پیشەسازی هەیە, تەحدیدی دەرەجەکـەی دەکـات, چ تـووتنی نـاوەوە, چ تووتنی دەرەوە, فەقەرەیـەکی تایبـەتی دەوێ لێـرە, یـەعنی ئێمـە ئینتیباهمـان لێنـەکردووە, کـاك زرار باسی کرد, قسەکەی راستە, وەزارەتی پیشەسازی بەم ئیشە هەڵدەستێ, کێ لیژنـەی پیشەسـازییە؟ کـاك رشاد رەنگە لێرە بتوانێ باس بکات بۆمان, فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی موتەعەلیق بێت بەوەزارەتی پیشەسـازی, هـەر مەعمـەلێك دابنـرێ, دەبـێ تەفاصـیڵی مەعمـەل تەقـدیم بکـات, موافـەقاتی فیتـاعی وەردەگـیرێ, تەفاصـیلی مەعمـەلی ئەوەیـە, ئـەو شـتەی کەدروسـتی دەکات, مەحتەویاتی چییە؟ ئەوکاتە موافەقەی صەحەی دەبێ هەبێ, موافەقەی شارەوانی دەبێ هەبێ, موافەقەی کارەبای دەبێ هەبێ, ئـەوە موافەقـەتی فیتـاعی پـێ دەڵـێن, دوایـی کـە تەفاصـیلی مەعمـەلی تەقدیم کرد, هەر شتێکی کـە ئینتـاج دەکـات لـە ئاینـدەدا, خازیعـە بـۆ تـەفتیش و تـەدقیقی رەقابـەی صـەحە, رەقابـەی تیجاری, ئەگـەر هـاتو موتـابقی مواصـەفات نـەبێت, موصادەرە دەکرێـت و غەرامـە دەکرێـت, تەقـدیر حاجـەی بـۆ دادەنـرێ, وەسـالەی ئینتـاجی چـەندە, تاقـەی ئینتـاجی چـییە؟ ئـەوە وەزارەتــی پیشەســازی لەناحیــەی صــیناعە ئیشــرافی لەســەر دەکــات, بــەڵام مواصــەفات و تەفاصــیڵی مەعمەلی وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی صەحە ئیشراف دەکەن لەسەری, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەوەی مـام رشـاد گـوتی تـەواوە, بـەڵام بەنیسـبەت تـووتن رۆژانـە کـە ئیشـی تـووتن دەکرێـت, رۆژانـە نموزەجەکەی وەردەگیرێ لەناو مەعمەلی جگەرە, چونکە من خۆم لەناوی بووم, ئیشم لێکـردووە, رۆژی وا هەبووە, سەد تەن رەفز کراوەتەوە, ئێ باشە کارگەی پیشەسازی, کە سەر بە وەزارەتـی پیشەسـازییە, کە جگەرەکەی دروست کرد, پاشـان وەزارەتـی تیجارە چ بڵـێ, لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی دەبـێ ئـەوانیش

دەبێ مولزەم بکەین, چونکە ئـەوانیش لەسـەرەتادا وەزارەتـی پیشەسازی زۆر پەیوەنـدی بـە تووتنـەوە هەیە, جگەرەش, بەڕاستی من لێتان ناشارمەوە, ئەوانەی کە جگەرەیان لە دەرەوەش دەهێنا, ئـەوانیش دەبوایە وەزارەتی صیناعە موافەقەتی بۆ بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاسـتی ئـەو موناقەشـەیە نـازانم بـۆ ئـەوها دوورودرێـژ بـووە, یـەعنی مـاددەی پێـنج زۆر بـەوازحی جەنابت ئیشارەتت پێدا, ئەو کەسانەی کە تیجارەت بە تووتن و جگەرە دەکەن لە دەرەوە موعالەجـەی کردیە, هەر کەسێك تاجیر بێت, بیەوێ نەك تووتن, نەك جگەرە هەر شتێکی تر بهێنێ دەبێ ئیجازەی لە وەزارەتی تیجارە وەرگرتبێ, وەکو مام رشاد باسـی کـرد, ئـەو ماددەیـە ئـەو مەسـەلەیەی موعالەجـە کردیە, هەر تایبـەت بکـرێ بـە مەعمەلـەکانی نـاوەخۆ, بەرهـەمی جگـەرە لـەناوەخۆ, مـاددەی پێنجـەم موشکیلەی نەهێشتییە وەکو جاران, مواصەفاتەکان, حەفتەك دەبێ بچێ مواصـەفاتەکان داخیـل بکـات, لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەو موناقەشەیە زۆر دوورودرێژ کرد, یەعنی ماددەی چوارەم بکرێتـە بەرهـەم هێنـانی تـووتن و دروسـت کردنـی جگـەرە لـەناوەخۆ, مـاددەی پێنجـەمیش ئەوانـەی تیجـارە دەکـەن لەدەرەوە, موعالەجەی کردیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمـە کـە ئـەو ماددەیـەمان دانـا, بـۆ ئیجازەکـەمان دانـا بەڕاسـتی, جـا ئیسـتیراد بکـات, صـونع بکـات, بیفرۆشـێ, بیکـڕێ, بۆیـە ئـەو ئیجازەشمـان دانـاوە, چـونکە لـەدوای ماددەکـانی تـر, ماددەیـەك هەیـە عقوبەی دەکات, یەك لە عقوبەکان ئەوەیـە سـەحبی ئیجـازەی دەکـات, ئەگـەر ئێمـە لێـرە ئیجـازەی بـۆ دانەنێین, ئەدی چۆن سەحبی ئیجازە دەکات لێی, ئەگەر عقوبەی ئەوە بێت, صیناعە خۆی خازع نییە لەگـەڵ ئـەوەی ئێـرە, ئیلتیـزام بـە قـەوانینی خـۆی دەکـات, دەبـێ مولتـەزمیش بێـت بـە تـەعلیماتی قەوانینی صەحە, نەك لە ئینتاجی ئەوەی, لەهەموو مەوادەکانی خۆی, هەموو وەزارەتەکانی تر دەبـێ مولتەزیم بن, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێدەگەم, بەڕاستی ئەو ئیجازەیە عیلاقەی بە ئیستیراد و بەهێنانی تووتن هەیـە لـەدەرەوە, تایبەتە بـەوە, بەنیسبەت ئـەوەی کاك زرار ئیشارەتی پێدا, ئـەوە چۆنیەتی تـەعامول کردنـە لەگـەڵ تبوغی مەحەلی, چۆن تەعاملی لەگەڵ تبوغی مەحـەلی دەکەی, تبـوغی مەحـەلی بـەگوێرەی قـەوانینی نافیز موعالجەی بۆ کرایە, چۆن فەحص دەکرێ, چ دەرجەیـەکی دەدرێتـێ, خـازعی فحوصـات لەلایـەن جیهەتە پەیوەندیدارەکان, ئەوە لەقانونی نافیز موعالەجە کرایە, ئەوەی کە موعالج نییە, ئەو تووتنە, ئەو جغارەیەیە کە لەدەرەوە دێت, بۆیە بەقەناعەتی من ماددەکە لە جێگای خۆیـەتی, ئەگـەر زۆریـش ئیسرار بکەن, ماددەیەکی تر صیاغە بکەین, بڵێین ئەو قەوانینەی کـە موعالەجـەی مەسـەلەی تبـوغی مەحەلی دەکات, لەگەڵ ئەو تەعلیماتەی کە دەرچووە, نافیز مەفعولە لە هەرێم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مــن وادەزانم ئــەو یاســایە لەئەصــڵدا کــە لەتەشــریع بــۆ کەمکردنــەوەی زیانــەکانی نەخۆشــی و مەترسیەکانی جگەرەیە, یان تووتن و مونتـەجاتی, ئـەوەش پەیوەنـدی بـەو رێنمـایی و یاسایانەی کـە وەزارەتی صەحە دایدەنێ, ئیتر هەر کەسێ هەیە ئەیەوێ لەو مەجالە ئـیش بکات, دەبـێ پابەنـد بێـت بەوە, ئیتر وەزارەتی تیجارە و صیناعە و ئەوانەی ناوێ, ئێمە باسی دروست کردن ناکەین, ئێمـە باسـی ئەوە دەکەین ئەبێ ئەو کەسەی کە دەیەوێ ئەوە بکات, ئەو مەوصەفاتە دەولییە, ئەوەیش بەچی زیاد دەبێت پێم وایە موافەقەتی وەزارەتی صەحە, لەگەڵ ئیلزامی مواصەفات, نەك موراعات, موراعات زۆر لاوازە, ئەو کەسە دەبێ مولزەم بێت بە موراعاتی ئەو مواصەفات و شـروتەی دەولیانـە, ئـیتر وەزارەتـی صیناعەیە, تیجارەیە هەر شتێکی تر بێـت, خـۆ ئێمـە باسـی تەصـنیع ناکـەین, ئـەوەی کـاك زرار دەڵـێ دەرجە پێدانە, دەرجە پێدانی تووتنەکانە, دەرجەی پێ ئەدا, ئەگەر نا ئێمە دەبێ خەڵك ئیلـزام بکـات بەو دوو ماددەیـە لـە (10٪ ملـم) قـەتران, (0,6٪ ملـم) قـەتران نیکـۆتین, ئـیتر ئێمـە ئیشمان نییـە بەهینەکانی تر, ئێمە باسی نەخۆشی دەکەین, ئەمـە دەردێکـە مەترسـی هەیـە, دەبـێ ئـەو مەترسـیانە کەم بکرێتەوە, پێویست نییە بەناوهێنانی وەزارەتی صیناعە و ئەوانەی تر, ئـەوەی ئـەم ئیشـە دەکـات لەناوەوە و لە دەرەوە دەبێ ئیلزام بکات بەو مواصەفاتانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر وازیحە, بەس دەتوانی بڵێی تووتن لە دەرەوە دێت, فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە باسی کارگەی تەنقیح و تـەخمیر دەکـەم, بەڕاسـتی ڕۆژانـە کـە تووتنەکە دێـت, دێـتە نـاو ئـەو مەعمەلەی تەنقیح و تەخمیرە, ئەگـەر وەزارەتـی پیشەسازی بەرپرسـیار نـەبێت, ئـەو تووتنـە کـەدێت هەڵدەوەشێندرێ, پەلك بە پەلك لەبەردەم ئەو مۆزەف و ئەو کرێکارانە تێپەڕ دەبێت, ئەگەر وەزارەتی پیشەسازی بەرپرس نەبێت, ئەگەر تووتنەکە خراپیش بێت حەقی نییە, لەبـەر ئـەوە دەبـێ بـەرپرس بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هـەبێت, کـاك شـێروان نەصـێکی وت, ئەگـەر حـازری بکـەیت دواتـر ئیزافـەی بکـەین بـۆ ئەوەی ئەو قسانەی کـاك زراریـش بگرێـتەوە, ئـەو مولاحەزاتانـەش بگرێتـەوە, بـەلاَم بەنیسـبەت ئـەو ماددەیە پاشی موناقەشاتەکان, من ئیقتیراحم ئەوەیە بەم شێوەیە بێت ڕەچاو کردنـی مولاحەزاتـەکان, ئەگەر پێتان باش بوو, ئەوە دەیخەمە دەنگەوە, ئەگەر نا بـەردەوام دەبـین, عەرەبیەکـەی دەخوێنمـەوە (علی کل من یزاول استیراد السجائر او التبغ او مشتقاته او بیعـه او عرضـها للبیـع او حیازتها بقصد البیع او التخزین الحصول علی اجازة اصولیة من وزارة التجارة مع الالتزام بالمواصفات و الشروط الواردة التي تحدده وزراة الصحة او الواردة في هذا القـانون), کـاك شـێروانیش صیغەکەی خـۆی هـین بکـات, بـۆ ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەکانی تر بگرێـتەوە کە پەیوەندیدارن, قەوانینی وەزارەتی مالییە و شارەوانیش بگرێتەوە, کاك عزدین هەر موصیرە قسەی بکات, فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو ماددەیە دووبەشن, دوو بەشی جیاوازن, یەکێك بەشی ئیستیرادە, بەشی تر هی بەیع و عەرزە, ئەوەی بەیع و عەرز عیلاقەی بە ئیستیراد نییە, ئیجازەی ئیستیراد تایبەتە بە وەزارەتی تیجارە, ئیجازەی هی بەیع و عەرز و ئەو شتانە عیلاقەتی بە مەسائیلی تر هەیە, داخلی و بەلەدییە و صەحە, وابزانم ئەو ماددەیە دێتن بەس بە ئیستیرادی خارجی, ئیجازەی ئیستیراد ئەوە عەینن مواصەفاتە هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیستیرادەکەی کاك عزدین لەگەڵ یەکێك لە رەئیەکانی کاك فرست یەك دەگرێتەوە, کاك فرستیش وا دەڵێ جا بۆیە داوا لە لیژنەی قانونی و لیژنەی تەندروستی دەکەم, رەئییان لەسەر ئەوە, دەڵێ کافییە بوترێ (على كل من يزاول استيراد السجائر او التبغ او مشتقاته) ئەو تەفصیلەکەی تری پێویست ناکات, یەعنی ئەو بەیع و عەرزیهی پێویست ناکات, دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە (على كل من يزاول إستيراد السجائر او التبغ او مشتقاته بقصد البيع او التخزين الحصول على اجازة اصولية من وزارة التجارة مع الالتزام بالمواصفات و الشروط التى تحددها وزارة الصحة او الواردة في هذا القانون), باشە ئەوە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێتان باش بێت لە موئەخیرەی ئەو ماددەیە کە جەنابت خوێندیتەوە, ئەوەی کاك زرار دەڵێ بەو شکلەی ئەگەر عیلاجی بکەین (مع عدم الاخلال باحكام القوانين النافذة و التعلميات الصادرة بموجبه فيما يختص بالتبوغ المحلية), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەدیهییە, باشە, بەڵام بەدیهییە, ئەوە ئەگەر نەش نووسی ئەحکامی واردە هەر ئیلتیزام پێ بکەیت, بزانە لە شوێنێکی تر با ماددەکانی تر تەواو بکەین, من دەیخوێنمەوە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان, جارێکی تر دەیخوێنمەوە بەعەرەبیەکەی (على كل من يزاول استيراد السجائر او التبغ او مشتقاته بقصد البيع او التخزين الحصول على اجازة اصولية من وزارة التجارة مع الالتزام بالمواصفات و الشروط التى تحددها وزارة الصحة او الواردة في هذا القانون), کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵی نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, بڕۆ سەر ماددەی دواتر تکایە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی پێنجەم: هەر کەسێك تووتن یان بەروبوومەکانی یاخود جگەرە بەهەموو جۆرەکانییەوە لە دەرەوە بهێنێ دەبێ نووسراوەکەی بەر لەگەیشتنی بارەکەی بەر لەهەفتەیەك بەلایەنی کەم بگاتە وەزارەتەکانی ژینگە و تەندروستی بۆ پشکنین لەکاتی گەیشتنیاندا, بۆ جەخت کردن لەسەر مواصەفات و مەرجە پێوەر پشت بەستراوەکان لە دەرەوە, یاخود بەرهەم هێنانی جگەرە یان تووتن خستنەڕوو بۆ فرۆشتن, یان هەبوونیان بۆ مەبەستی فرۆشتن قەدەغە دەکرێت ئەگەر لەگەڵ پێوەرەکانی کە وەزارەتی ژینگە دایدەنێ بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی رێك دەکەوێ.

بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الخامسة: يجب على كل مستورد التبغ او مشتقاته او السجائر بأنواعها اعطاء وزارتي البيئة و الصحة كتابه قبل وصول الشحنة الاقليم باسبوع على الاقل وذلك لفحصها عند وصولها و التأكد من استيفائها للمواصفات المعتمدة.

يحظر استيراد او انتاج السجائر او التبغ او عرضها للبيع او حيازتها بقصد البيع مالم تكن مطابقه للمواصفات و المعايير التى تضعها وزارة البيئة بالتنسيق مع وزارة الصحة.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لە لیژنەی هاوبەشیش فەقەرەی دووەممان موکەڕەرە, لەماددەی یەکەم هاتووە, بۆیە لامان داوە (يحظر السجائر او التبغ), ئەوە پێشتر هاتووە ئەوەمان لاداوە, ئەوەی تریش وەزارەتی بیئەمان رەش کردۆتەوە, بەم جۆرەمان نووسییە:

(على مستورد التبغ او مشتقاته او السجائر بأنواعها اعلام وزارة الصحة بموعد وصول الشحنة الى الاقليم في مدة لاتقل عن اسبوع لإجراء الفحص عليها و التأكد من استيفائها للمواصفات المعتمدة).

بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

راپۆرتی لیژنەی هاوبەش

ماددەی پێنجەم: لەسەر هێنەری تووتن و لێ وەرگیراوەکانی و جۆرەکانی جگەرە پێویستە ئاگاداری وەزارەتی تەندروستی بکاتەوە لەگەیشتنی بۆ هەرێم لەماوەیەك کە لەیەك هەفتە تێپەڕ نەکات بۆ ئەنجامدانی پشکنین و دڵنیابوون لێی لەهەموو رویەکەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

نازانم جەنابی وەزیر, خۆی ئەوە پێم وایە تۆزێ هینە, مودە دانانەکە مەفرۆز نییە ئێوە لە مەناتقی حدودی ئێوە موراقەبە و کۆنترۆڵتان هەبێتن, فەرموو.

بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆر سوپاس, بەلاَم ئەوان موختەبەریان لا نییە, بەڕاستی موختەبەرە مەركەزییەكان لە شارەكانە, هەفتەیەك شتێكی باشە, دەتوانین بە هەفتەیەك بیكەین, بەلاَم دیسان لێرە شتێكی تر ئەی ئەو مەعمەلەی ئینتاجی مەحەلییەی, ئەویش پێش ئەوەی شحنێ بخاتە بازاڕ, ئەبێ سیمپڵەكانی بهێنێت بۆ وەزارەتی صەحە, من ئەوەشم لەلا گرینگە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی مەعاملی ناوەوە, جگەرەی ناوەوە دەبێ فەقەرەیەكی تایبەت بێت, یەعنی (تقوم وزارة الصحة بالرقابة على المعامل الخلية من ناحية مطابقت لمواصفات التى تحدد), شتێكی ئەوها دەبێ ماددەیەك هەبێتن جیا لەوە, كەس هەیە قسە بكات لەسەر ئەوە, باشە ناوتان دەنووسم, كاك دكتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو كەسانەی كە تووتن, یان بەروبوومەكانیان دەهێنن, بەڕاستی ئەوە ئیشی وەزارەتی تیجارەیە, نموونەیەكەیان پێشكەش بكات, ئینجا بە كواڵەتی كۆنترۆڵ كە دەزگایەكە قەرارە سەربەخۆ و سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت, یان دەبێتە سەر بە صەحە, چونكە ئیشی وەزارەتی صەحە نییە تیجارەت بكات, بەس بۆ دەرمان تایبەتە, بەلاَم ئێمە مواصەفاتمان هەیە, ئیشی وەزارەتی تیجارەیە كە ئەم ئیشە رێك بخات بەو مواصەفاتانەی كە وەزارەتی صەحە دایناوە, بەنیسبەت جگەرەی ناوەوە, یان دەرەوە وەزارەت صەحە ئیشی چاودێرییە, دەزگایەكی چاودێریە نەك ئیجرائیی, لەبەرئەوە پاكەتی ناوەوەش, من مواصەفاتم هەیە هەركاتێك لە مواصەفات دەرنەچوو بۆم هەیە ئاگاداری دەزگایی ئیجرائیی بكەم, كە كاری داخستن و سزا دانی لەگەڵ بكات, لەبەرئەوە هێنانی تووتنیش وەزارەتی صیناعە, یان هەر شوێنێك بێت, موهیم ئەوەیە لە ئاخیر من وەكو دەزگایەكی چاودێری بۆم هەیە هەر بەروبوومێك مواصەفاتی تەندروستی تێدا نەبێ رەفزی بكەمەوە, واتە بەكەڵكی بەكارهێنان نایەت, دەزگایە ئیجرائیەكانیش كاری چاودێری بۆ دەكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخۆی ئەو ماددەیە داوا دەكەم بەكاملی ئیلغا بكرێ, لەبەر ئەوەی جێی نابێتەوە لێرە, سەبەبەكەش ئەوەیە هەر شەحنێك كە دەگاتە حەرەمی گومرگی, شەهادەی مەنشەئی لەگەڵە, لەگەڵ ئیجازەی ئیستیراد, حەتا شەحنەكە نەگاتە حەرەمی گومرگی, نەمازج وەرنەگیرێ, موستەورید بۆی نییە هیچ ئیجرائاتێك بكاتن, چونكە ئەوە ئیشی گومرگە, ئیشی ئەو نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باسی مەعمەلی داخلی کرا و دەوری وەزارەتی صەحە بۆ تەبغی مەحەلی, ئەوە لەماددەی پێشتر چارەسەر کرایە, کە (تخصص وزارة الصحة بالرقابة على كافة انواع....), بۆ موتابەقەی مواصەفات و ئەو شتانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاكەی من دكتۆر ڕەمەزان وتی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە ماددەی پێنج زیادە, یەعنی لیژنەی یاسایی و لیژنەی موشتەریكیش داوایان كردیە بەشێك لابربدرێت, بەشەكەی تریش یەعنی ئاگادار كردنەوەی وەزارەتی تەندروستی هەفتەیەك پێشتر, پێم وایە شتێكی عەمەلی نییە, خۆی مەفڕوزە وەزارەی صەحە لە هەموو گومرەكان فەحصی هەموو ئەوەكان بكات لەناو شتی مستەورید نەك تەنها جغارە, پێی دەڵێی هەفتەیەكی دی جغارە دێ, ئایا تیم دەڕوات, یان چاوەڕیی ئەوە دەكات, ئەوە شتێكی عەمەلی نییە, ئەوەی تریش وەكو كاك خەلیل باسی كرد, ئەوە عیلاج كرایە, ماددەی سێ دەڵێ (تختص وزاره الصحة بالرقابة على مدى مطابقة السجائر والتبغ المحلية والمستوردة), سوپاس.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاست ئەو نەصە ڤێ شێ داهاتی, گەلەك درێژە, بەس ئەو نەصە هاوبەش دروستكری باشە, بەلام وەزارەتی صەحە ئایا تەبلیغی ئەو دەوائیری صەحە لەسەر سنوورەكان دەكات یان نا, وابزانم ئیختیصاصی وەزارەتی صەحە نەبات, دائیرەی صەحفی حدود, سوپاس.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ماوەی كە دانراوە هەفتەیەك بۆ ئاگاداری وەزارەتی صەحە زۆر كەمە, چونكە ئەو شتانەی كە دێت لەدەرەوە لەپێشان دەچێتە گومرگ, وەختی وا هەیە لە گومرگ بە پانزە ڕۆژ, بیست ڕۆژ دەرناچێت, ئەگەر وەزارەتی صەحە بتوانێ لە مەركەزەكانی سنوور لیژنەیەكی تایبەت دابنێ باشە, بەلام ئەگەر داینەنێ, بەڕەئیی من زۆر كەمە ئەو فەترەیە و زیاد بكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئیدی ڕەئیی كاك محمد رفعت دەكەم, چونكە لەهەموو خاڵە گومرگییەكان مەركەزی فەحصی هەیە, ڕەقابەی توبی هەیە, هیچ شەحنێكی مەوادی غیزائیی, ئەوەی عیلاقەی بە صەحە هەیە داخلی هەرێم نابێت, ئەگەر لەوێ فەحصی نەكەن, ڕێنمایەكانی وەزارەت دەچنە ئەوێ, بەقەناعەتی منیش

ئەو ماددەیە زیادە, کارەکانی ناوەخۆیش ئەوەی عیلاقەی بە صەحە هەیە, عایدی رەقابەی صەحییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای ماددەکە بکەین, باسی هەفتەیەك دەکات, بەڕەئیی من ئەوە قەزیەکی ئیجرائییە, وەزارەتی تەندروستی ئەتوانێت بە تەعلیمات ئەو شتانە تەحدید بکات, چونکە هەندێ جار لۆریەك دێت لەسەر حدودی تورکیا یەك مانگ لەوێ دەمینێ, ئەوە نوقتەیەك, نوقتەیەکی تر/ هەوکە برادەران باش تەماشای مەزمونی ماددەکە بکەن, ئەوە تیکرارە بۆ ماددەی رەقەم یەك, تیکرارە بۆ ماددەی رەقەم چوار, ئەوەی پێش ئێستا تەصویتمان لەسەر کرد, چەند برادەرێك باسی تەصنیعی داخلیان کرد, لە ماددەی رەقەم یەك (یحظر الصنع أو استیراد), کەلیمەی صونع شاملی ئەوەی ترە, خۆ شاملی خارج نییە, شاملی داخلە, لەبەر ئەوە من داوا دەکەم هەر ئەو ماددەیە لەغو بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێ ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ کاك فرست داوای ئەوە دەکەن, ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ, منیش ئیزافەیەك دەکەم بۆ ئەو موقتەرەحە کە ئیلغا بکرێ, ئەوەیش ئەوەیە دەڵێ کە ئاگاداری وەزارەتی صەحە بکەن پێش حەوت رۆژ, خۆ وەزارەتی صەحە دەتوانێت لە زیمنی تەعلیماتەکە دەری دەهێنێت, پێی بڵێ پێش ئەوەی ئیجازەی وەربگریتن پێویستە خیلال هەفتەیەك ئاگادارمان بکاتەوە دەتوانی, ئەوە لێرە هاتووە لە تەعلیماتەکە بینووسێت لەڕاستیدا, لە تەعلیماتی وەزارەتی صەحە, لەبەر رۆشنایی ئەو تەعلیماتە وەزارەتی تیجارە ئیجازەکەی دەداتن, ئەو فەقەرەیەی کە لێرە هاتوووە, لەوێ ئاماژەی پێبکاتن, بۆیە موقتەرەحەی کە دەڵێ ئیلغای ئەو ماددەیە بکرێتن, کاك رشاد قسەت کرد, فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ ئیشعارێکی ناوێ, چونکە لە مەتنی ئیجازە هاتییە, ئەوەلەن, مودەی ئیجازەکە بەکاملی موحەدەدە, خیلال شەش مانگ, یان سێ مانگ تەنفیز دەکرێ, جارێك تەسدید دەکرێ کە قابیلە, دوای ئیلغا دەکرێ, کە ئەو شحنەیەش دێ نەمازج ئیجباریە لە مالك وەردەگرێ بەپێی ئیختصاص دەداتە لیجانی فەحص کە لە سنوور جێگایەکی تایبەتیان هەیە, پێناوێ ئیشعار بدرێتە هیچ وەزارەتێك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئیی جەنابی وەزیر, بۆ ئەو موقتەرەحەی کەدەڵێ ئەو  ماددەیە دەبێ ئیلغا بکرێ, چونکە دەتوانی تەعلیمات خۆتان دەریبکەن, فەرموو بزانم چییە, فەرموو.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیر تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من موافقم لەسەر ئەوە, هەر پێ ئەچێ تیکرار بێت, موهیم فیکرەکە ئەوەیە ئەوانە پابەند بن بە ڕێنمایەکانی وەزارەتی تەندروستی و, ئێمەش کۆنترۆڵی دەکەین لە بازاڕ, ئەوەی تر لە تەعلیمات دەریدەکەین, بۆ مەعلوماتان ئەو پاکەتە کلێنکسەش نایەتە کوردستان ئەگەر ئێمە ئیجازە نەدەین, ئیجازە شامپۆ ئەدەین, بۆ هەموو شتێك ئەدەین, بەهەمان شێوە چەند ڕێنمایەك هەیە لە قەوانینی عێراقی کۆنە, تا ئێستا هەندێکی ڕەچاو دەکەین بەپێی ئەوە ئیجازەی دەدەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشتر ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە, کە داوا دەکرێ ئەو ماددەیە حەزف بکرێ, کێ لەگەڵ ئەوە موقتەرەحەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە حزف کرا, بڕۆ سەر ماددەی تر تکایە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیازی وەزیری ژینگە دەردەچێت, بەدەست نیشان کردنی بڕی قەتران و نیکۆتین, کەڕێدەدرێ لە جگەرەیەکدا هەبن, بەمەرجێك لەمانەی خوارەوە ڕەت نەکات:

1 - 10 ملم قەتران.

2 - 0,6 ملم نیکۆتین.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 6: يصدر بتحديد كمية القطران و النيكوتين المسموح في السيجارة الواحدة قرار من مجلس الوزراء بناء على اقتراح وزير البيئة على ان لا تجاوز:

1 - (10) ملم قطران.

2 - (0,6) ملم نيكوتين.

لیژنەی هاوبەشیش بەم شێوەی داڕێشتیتەوە:

المادة 6: يحدد بقرار من مجلس الوزراء كمية القطران أو النيكوتين المسموح بها في السيجارة الواحدة بطلب من وزارة الصحة على أن لا تتجاوز:

1 - 10 ملغم قطران.

2 - 0,6 ملغم نيكوتين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێش ئەوەی وەزیر قسە بکات, خۆم دەمەوێ بپرسم, ئەوە قەراری مەجلیس وزەرای بۆ چییە, تەعلیماتی تەندروستی دەریدەهێنێ تەواو, ئەو ماددەیەش زیادە, چونکە مواصەفاتێکی علمییە,

وەزارەت تەحدیدی دەکاتن, هیچ پێویستی بە ماددەی قانونی ناکات, پێویست بەقەراری مەجلیس وزەراش ناکات, وەزارەت زیمنی مواصەفاتەکان دەڵێ دەبێ ئەو جگەرەیە کەدێتە ئێرە ئەوەندە ملیم قەتران زیاتر نەبێت, ئەوەندە ملیم نیکۆتین زیاتر نەبێت, دەبێ هەمووشمان ئیلتیزام پێ بکەین, قابیلە وەزیر غەڵەتە بیخاتە تەصویت, یەکێك حەزی لە نیکۆتینی زیادە بڵێ 8٪ ی دەوێ, ئەکسەریەتیشی جگەرە کێش بن, جەنابی وەزیر رەئیت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, ئەوە تەبیعی لە رێنمایەکانی ستاندەرتیجی دا نییە, ئێمە لە تەعلیماتەکانمان دەری دەکەین, زۆر راستە, بەلاّم بەس حەزم دەکرد بڵێم ئەوە ملی مەتر نییە, ملی گرامە, لێرە بە ملی مەتر هاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگەوە, موقتەرەحەکە کە جەنابی وەزیریش دەڵێ وایە, لیژنەی یاسایی رەئیتان وایە بمینێ, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان باشە لێرە تەئکیدی لێبکەینەوە, لەو ماددەیەدا بمینێ باشترە, بوونی هەبێت باشترە لەوەی کە نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو موقتەرەحەی خۆمان پێ باشترە, دەیخەینە دەنگەوە, ئەگەر نەبوو ئینجا موناقەشەی لیژنەی یاسایی و رەئیی پرۆژەکە دەکەین, موقتەرەحی ئێمە ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ, زیادە و حەزف بکرێ, کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەت, ئەو ماددەیە حەزف کرا, بڕۆ سەر ماددەی دواتر, ئاخیر موقتەرەحی ئێمە جەنابی وەزیر پشتگیری لێکرد, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: لەگەڵ رەچاو کردنی مواصەفاتی پێوەری بەکارهێنانیشدا, پێویستە لەسەر هەر پاکەتێکی تووتن و بەروبووم, یان جگەرە لەشوێنێکی دیار ئەم زانیاریانەی خوارەوە بنووسرێن:

1- مێژووی بەرهەم هێنان و تەواو بوونی بەمانگ و ساڵ.

2- ئەم گوزارە ئاگادارکەرەوەی خوارەوە:

ئاگادار کردنەوەی تەندروستی: جگەرە کێشان هۆیەکی سەرەکییە بۆ تووش بوون بە شێرپەنجە و نەخۆشیەکانی سی و دڵ و بۆڕیەکانی خوێن.

3 - دەبێ نووسینی ئاگادار کردنەکە هەمان رەنگی ناونیشانی بازرگانییەکە بێت.

4 - دەبێ نووسینی ئاگاداریەکە لە سەرووی وێنەکە بێت.

5 - لەبارەی پاکەتەکانی جگەرەکانەوە ناواخنی هەر جگەرەیەك لەرێژەی قەتران و نیکۆتین دەربخرێت.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (7): مع مراعاة ما تنص عليه المواصفات القياسية المعتمدة يجب ان تثبت على كل وحدة عبوات التبغ او مشتقاته او السجائر في مكان ظاهر البيانات التالية:

1 - تاريخ الانتاج و الانتهاء بالشهور و السنة.

2 - العبارة التحذيرية التالية:

تحذير صحي: التدخين سبب رئيسي للسرطان و امراض الرئة و القلب و الاوعية الدموية.

3 - ان يكون لون كتابة التحذير بنفس لون اسم العلامة التجارية.

4 - ان تكون كتابة التحذير على وجه الصورة.

5 - بالنسبة لعبوات السجائر بيان محتويات كل سجارة من القطران و النيكوتين.

ئێمە لیژنەی هاوبەش ئیعادەی صیاغەی بڕگەکانمان کردیتەوە, لەهەمان وەختیش عقوبەمان بۆ داناوە بۆ سەرپێچی کردنی کارەکانی, بەم جۆرەی خوارەوەش دەیخوێنینەوە:

الماده (7):

اولاً: تثبت على علب و عبوات التبغ و مشتقاته و السجائر في مكان ظاهر البيانات التالية:

أ - تأريخ الانتاج و تأريخ الانتهاء بالسنة و الشهور.

ب - العبارة التحذيرية التالية:

تحذير صحي: التدخين سبب رئيسي للسرطان و امراض الرئة و القلب و الاوعية الدموية.

ج- بيان محتويات كل سيجارة من القطران و النيكوتين على عبوات السجائر.

ثانياً: يكون لون كتابة التحذير بنفس لون اسم العلامة التجارية.

ثالثاً: يكتب التحذير على وجه العلبة.

رابعاً: يعاقب المخالف لأحكم الفقرة (اولاً) أعلاه بغرامة لا تقل عن (ثلاثة ملايين) دينار و لاتزيد على (خمسة ملايين) دينار مع مصادرة المواد المظبوطة.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی هاوبەش بەکوردی:

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: چەسپاندنی ئەو زانیاریانەی خوارەوە لەسەر پاکەت و کارتۆنی تووتن و لێ وەرگیراوەکانی و لای دەرەوەی جگەرەدا:

أ - میژووی بەرهەمهێنان و میژووی کۆتایی هاتنی بەساڵ و بەمانگەوە.

ب - نووسینی ئەم دەستەواژە ئاگادارکردنەوەی خوارەوە:

ئاگادارکردنەوەی تەندروستی: جگەرە کێشان هۆکاری سەرەکی تووشبوونی شێرپەنجە و نەخۆشیەکانی هەناسە و دڵ و مولولەکانی خوێنە.

ج- نیشاندانی ناوەڕۆکی هەر جگەرەیەك لەقەتران و نیکۆتین لەسەر هەر پاکەتێکی جگەرەدا.

دووەم: رەنگی نووسینی ئاگاداریەکە بەهەما رەنگی نیشانە بازرگانیەکە بێت.

سێیەم: ئاگاداریەکە لەڕووی دەرەوەی پاکەتەکە دەنووسرێت.

چوارەم: سەرپێچیکاری حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) ی سەرەوە بەبژاردنی بڕێ پارە سزا دەدرێت کە لەسێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لەپێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی کەلوپەلە دەستگیرکراوەکانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر قسەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر سوئالێکم هەیە, دەکرێ ئەوەش هەر بەتەعلیمات دەربکرێ, چونکە ئەوە هەر تەعلیماتە, لەبیدایەت کە لەمادەی یەکەم دەڵێین بەپێی ستاندەری جیهانی, ستاندەری جیهانیش هەر ئەمانەیە, دووەم خاڵ زۆر گرنگە ئەگەر موافەقەتیش بکرێ لەسەر ئەمانە, یەك لوغەی نوسینەکە زۆر موهیمە, چونکە خەڵکی ئێمە ئینگلیزی تێناگات, بەفەرەنسی و بە ئەڵمانی و بە ئینگلیزی نووسراوە, خەڵك چی تێدەگات, دووەم حەجمیش زۆر موهیمە, حەجمەکەی دەبێ دوو لەسەر سێ وەجهەکەی بێت, نەك بە وردی بنووسرێ, (التدخين ضار بالصحة) و, کەسیش نایخوێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی فەقەرەیەکیان زەروریە, عقوبەکەی موخالەفەکە, ئەوە بەتەعلیمات نابێ, دەبێ بەقانون بێت, بەڵام فەقەرەکانی تر خۆی بە تەعلیماتە, بەس جوملەیەك هەبێت بۆ ئەوەی باسی عقوبەکەی بکەین, یەعنی جوملیەکی عام هەبێت, ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی ئینتیباه بکەن, ئەو فەقەراتانە بکەنە فەقەرەیەکی کورت, بەم شێوەیە (تقوم وزارة الصحة باصدار التعليمات لتثبيت تاريخ انتاج و تاريخ انتهاء و التحذير الصحي.....الخ), ئینجا فەقەرەی دووەم بڵێ ئەوەی ئیلتیزام ناکات عقوبەی بدرێت, بڵێی (يعاقب المخالف لتعليمات وزارة الصحة....), ئەوەش دەکرێ بکرێتە یەك فەقەرە, باشە رەئیتان چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش, چەند یاسایەکی تری قەدەغەکردنی جگەرەکێشانمان سەیر کردیە, هەمووی ئەو مادانەی تێدایە, دیارە زۆر ئەهمیەتی تێدایە, بۆیە ئێمەش ئەوەمان داخیل کردووە, ئەو عقوبەیەش بۆ ئەو نەوعە تەعلیماتەیە, نەك بۆ هەموو نەوعێکی, چونکە هەر حکومێك عقوبەیەکی خۆی هەیە, ئەو عقوبەی کە لێرە دامان نایە, تەنیا بۆ ئەو دوو, سێ فەقەرەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند کەس دەیەوێ قسە بکات, کاك ئارام فەرمoو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دیارە ماددەی پێشوو لادرا, بەلاّم من نیازم هەبوو قسە بکەم, چونکە من رەخنەم لەم ماددەیە گرت, لەسەر رێژەی قەتران و نیکۆتینەکە, هەرچەندە لادرا, بەلاّم من بە فرسەتی دەزانم ئەو رەخنەی گرتوومە راستی بکەمەوە, دیارە لەسەر ئەساسی ئەو رەخنەیە من وردەکاریەکی زۆرم کرد, زۆرێك لەو یاسایانە کە دەرچوون لە ولاّتان جیاوازن, بۆ کۆنترۆڵکردنی تووتن بخوێنمەوە, بۆ ئەوەی بزانن ئەو رێژەیە هەیە, یان نا, دروستە هەیە و, تا رادەیەکی زۆریش بەم شێوەیە کەئیشارەی پێدراوە, لەهەمان کاتیشدا کە بێینە سەر ئەو ماددەیە, دەڵێ بەپێی زۆرێك لەو یاسایانە و بەتایبەتی ئەو ئیتیفاقیە نێودەوڵەتیەی کە هەیە, ئیهتیمامێکی یەکجار زۆر بەوە دراوە کە لەسەر پاکەتەکان بنووسرێ و, بەتایبەتیش تەعلیماتە تەندروستیەکان, کە جگەرە مەترسیدارە, من نموونەیەکم لەلایە لێرە, خاڵێکی تایبەت هەیە کە دەکرێ ئەوەش ئیشارەتی پێبدرێ, لەسەر ئەو بەڕێزانەی کە لێرە جگەرە کێشن, تەماشای پاکەتەکانیان بکەن, لەسەر زۆرێکیان نووسراوە ئەوە و, بۆتە باو لەزۆربەی شەریکاتەکان ئەو تەعلیماتە دەردەخەن, ئەویش تایبەت بە جگەرە کێشان لەلایەن ئافرەتانی دوو گیانەوە, مەترسیەکانی کە پێدەگەینێ و کە دەبێتە گەیاندنی مەترسی, بەپێی ئەوەی کە لێرە هاتووە ئیشارەی پێدەکا کە منداڵ پێش وەخت لەدایك بێت, یان لەکاتی لەدایك بوون وەزنی کەم بێت, ئێستا تەرکیزێکی یەکجار زۆر دەکرێ, بۆیە لەسەر پاکەتەکانیان دەنووسرێ, بۆیە من پێم وایە ئەوە بەیاسا هەبێت نەك بە تەعلیمات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مع مراعاة ما تنص علیه), ئەوە یەعنی مواصەفاتی ئەو جگەرەی کە دەیهێنێ, نەك ئەوەی تەنها کە لێرە دروستدەکرێ, ئەوەی لە ماددەی دوو و سێ کە بڕیاردرا و دەمج کرا, موعالەجە کراوە, یەعنی باس کراوە, بۆیە پێم وایە ئەبێ ئەو مواصەفاتانە دیاری بکرێ, چونکە ئەڵێ بەپێی ئەو مواصەفاتانەی کە لەماددەکە هاتووە, هەتا مادەکەی پێش ئەویش, چونکە مواصەفاتی داناوە, ئەڵێ مواصەفاتی قانونەکە, مادەی پێش ئەویش ئەبوایە لە قانونەکە هەبێت ئەو مواصەفاتە, بەلاّم ئەوە تێپەڕی, بەنسبەت (سبب للسرطان....الخ), مونەزەمەی صەحەی عالەمی ئیجباریە لەسەر پاکەتەکان ئەو تەحزیراتانە بنووسرێ, دەستم هەڵنەبڕی بوو بۆیە من لەسەر ئەو مادەی پێشەوە قسەم نەکرد, کەئەڵێین مواصەفاتی قانونەکە, کوا مواصەفاتی جگەرەکە کە لەقانونەکە هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری راپۆرتی لیژنـەی قـانونی دەکـەم, بـەلاّم ئیزافەکـەم هەیـە, بەنیسـبەت ئـەو غەرامـەی کـە دانـراوە, لەگەڵ غەرامەکـە حـەپس هـەبێتن, چونکە غەرامـە چارەسـەری ناکـاتن, لەبـەر ئـەوەی چـوار ملیۆن, دە ملیۆن تەئسیر لەو تاجیرە ناکات کەتەعەلاعوب دەکات بە نەوعیەتی جگارە, بەلاّم ئەگـەر دە رۆژ حبسی لەگەڵ بێت زۆرچاکە, ئەگەر دە رۆژیش بێت هەر کافییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم, کە ئەوە بە بڕیار نەبێت, بە یاسا بێـت, یـان بـە مـاددە بێـت, لەهـەموو یاسـاکانی دەورو پشت و هەموو یاساکانی جیهان, ئەوە بەیاسایە, نەك بەبڕیار, ئـەوە یـەك, بـەلاّم ئەوەشـم دەوێ پێشنیار بکەم, نەهێشتنی نووسینی دەربڕاوەی وەکو لەسەر پاکەتەکان ئێستا نموونەك لەلای کاك ئارام بوو, دەنووسرێ (light), یەعنی نییە تـووتن بڵـێن ئـەوە سـووکە, یـان گرانـە, ئـەوە بـۆ ئیغـرا کردنـە دەنووسرێ (پرستیج), ئەو نووسینانە نەمینێ, وابزانم جەنابی وەزیر ئەوەمان ئەگەر زیـاتر بـۆ روون بکاتەوە.

دوو/ قەبارەی نووسینەکە, بەپێی رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی , نـەك دوو لەسـەر سـێ, نیـوەی پانتـایی پاکەتەکە بێت, یەعنی ئـەوەی کەدەنووسـرێ 50٪ بێـت, یـەعنی 50٪ ئـەوەی کـە دەنووسـرێ جگـەرە کێشان هۆی سەرەکییە بۆ نەخۆشی شێر پەنجە و نەخۆشیەکانی سی و دڵ و خۆێن, دووبارە دەیڵێمەوە ئەوە بەیاسا بێت, نەك بەبڕیار, زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مةخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن لەگـەڵ مانـەوەی ئـەو مادەیـە دام, لەشـوێنی خـۆی بمێنێـتەوە, ئـەوە یـەك, دوو/ مەسـەلەی ئاگادارکردنـەوەی تەندروسـتی, بـەڕێز وەزیـری تەندروسـتیش ئامـاژەی بـەوەی کـرد, کـە بـەزمانی نووسـینەکە, مـن لەگـەڵ ئـەوە دام فەقەرەیـەك ئیزافـە بکـرێ, بڵـێ ئـەو پاکەتانـەی دێنـە کوردسـتان بـەزمانی کوردی لەسـەری بنووسـرێت, لەبەرئـەوەی کـە تەماشـا دەکـەین, ئـەوەی لـە ئێرانـەوە دێـت, بەزمانی فارسی نووسرایە, ئەوەی لەتورکیا دێت, بەتورکی لەسەری نووسراوە, حەقە ئەو تـاجیرەی کـە لەدەرەوە دەیهێنێت, رێککەوتنێك لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە بکات, بڵێ دەبێ ئەو ئاگادارییەم بە کوردی بۆ بنووسی, ئەوانەی کە لێرە دروست دەکرێن, هەمان مەرجیان لەسەر بچەسپێ, بەنیسـبەت سـزایەکەش, مـن لەگـەڵ ئـەوە دام سـزایەکەش زینـدانی لەگەڵـدا بێـت, لەبەرئـەوەی کابرایـەك کـە کۆمپانیایـەکی گەورەی هەبێت, جگەرە بهێنێ, یان لێرە جگەرە دروست بکات, دەتوانێت ئەو مەبلەغانە بدات, شتێکی زۆر بەسیتە و ئاساییە, بەلاّم ئەگەر زیندانی لەگەڵدا بێت, ناتوانێت تەجاوزی ئەو شەرتانە بکاتن, ئەو شـەرتانەی کـە لێـرەش دانـراوە بـە قـانون بێـت, هێزەکـەی زیـاترە لـەوەی کـە بەتـەعلیمات دەربچـێ لەوەزارەت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من لەگەڵ مانەوەی ئەم مادەیەم, چونکە بەحەقیقەت ئەو خاڵانەی کە لە لێرە هاتووە, ئەگەر بە مادەیەك لەم یاسایە تەسبیت بکرێ, ئیلتیزامێکی زیاتر دروست دەکات لەم رووەوە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رایەکەم لەلایەن کاك غەفور و کاك رشاد وترا, بەلام ئەوەندەی بەزیادی دەزانم لەتەعلیماتەکانی وەزارەتی تەندروستی لەهەندێ کەناڵەکانی راگەیاندن, لەهەندێ بەرهەمدا, بە دەستی ئەکتەرەکانەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوان, پشتگیری لەو دوو برادەرە دەکەم, بۆیە زۆر لەسەری ناڕۆم, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەواتە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد, تەئکید دەکەن کە ئەوە بمێنێ باشترە, دوو برادەریش باسی ئەوەیان کرد, کە غەرامەکە بەس پارە کافی نییە, دەمینێتە سەر ئەوەی کە مولاحەزاتەکان بەکوردی بنووسرێن, دەکرێ ئەوە داوا بکرێ, بەلام ئەمە دەم و دەست جێبەجێ نەکرێ, یەعنی دەکرێ بنووسرێ (بأحدى اللغتين الكوردية و العربية), بەڵێ زەحمەتە, بەلام دوا رۆژ وەکو ستراتیجی ئەو شتەی کە لەمەصدەرەوە صونع دەکرێ بۆ کوردستان دێت, بەکوردی بنووسیت, بەلام رەنگە ئەوە بەساڵێکیش جێبەجێ نەکرێ, بەلای کەمی بەعەرەبیەکەی تێدا بێت, بۆیە ئێمە دەنووسین (بأحدى اللغتين الكوردية والعربية), فەرموو کاك غەفور, موقتەرەحەکە هی خۆتە, بۆیە قسەت دەدەمێ, فەرموو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەگەر بنووسرێ (بأحدى اللغتين), یەعنی بەڕاستی کابرا هەر عەرەبیەکەی دەنووسی, کوردیەکەش دەکەوێتە پەنا, ئەوە هامش دەبێت, بۆیە ئێمە دەبێ بەم یاسایە فەرزی بکەین کە دەبێ بەکوردی بنووسرێ, ئەگەر ئێمە بەیاسا دیاریمان کرد بەکوردی بنووسرێ, ئەو کات کابرا مولزەم دەبێ بە کوردی بنووسرێ, دوای ئەوەش ئەوەندە قورس نییە, کە جل و بەرگی کوردی هەمووی وا لەصین دروست دەکرێ و دێتە ئێرە و دەفرۆشێ, دواتر ئەو مارکانەی کە لە صین و ئەوانە دروست دەکرێن, هەمووی لەبنەوە بە خەتێکی کوردی دەنووسرێ, بۆیە ئەگەر ئێمە فەرزی بکەین کە بەکوردی بێت, نەك بەو دوو زمانە باشتر دەچەسپێ, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوە ئیشکال دروست دەکرێ, زۆر کەس هەیە ئیستیراد دەکات, ئامادە نییە لەڕێی ئیبراهیم خەلیلەوە دەیباتە بەغدا, لەبەرئەوە باشترە بەصیغەی مەحەلی بێت, باشە جەنابی وەزیر تۆ رەئیت چییە لەسەر ئەوە؟ فەرموو.**

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, بەڕاستی بە لوغەی مەحەلی زۆر مەعقولە, بەلاَم شەریکات هەیە, دەیان ڕێکلام ئێستا لەو بازاڕە هەیە بە کوردی و عەرەبی دەینووسین, زۆر ئاساییشە, چەندین شەریکەی دەرمان هەیە دەڵێ ئێمە دەتوانین بەکوردی بۆتان بنووسین, من لەم بڕوایەم کە بتوانن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دەتوانن, ئەوە باشتر, سارە خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی زیانی جگەرە کرا بۆ ژنی دوو گیان, بۆیە پێشنیار دەکەم هەرچەندە باسیش کرا, بەلاَم بۆ ئاگادار کردنەوەکە ئەوەش زیاد بکرێ, کە دەڵێ جگەرە کێشان هۆیەکی سەرەکییە بۆ تووش بوون بە نەخۆشی شێر پەنجە و نەخۆشیەکانی سی و دڵ و بۆڕییەکانی خوێن, (و) بۆی زیاد بکرێ ئینجا ژنی دوو گیان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هیچ نییە, هەرچی نەخۆشی هەیە ئیزافەی بکەن, باشە مادەم پێتان وایە دەکرێتن, بنووسن بەزمانی کوردی, یەعنی (تحذیر صحي باللغة كوردیە), لەکوردیەکەش هەمووی وەکو خۆی دەنووسیەوە, فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلاَم حەجمەکەی نیوەی پانتایی پاکەتەکە بێت, بۆ ئەوەی زۆر بەروون و ئاشکرایی بیخوێندرێتەوە, چونکە زۆر فێڵ لەوانە دەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئینتیباهی ئەوەل دێر بکەیت ڤیان خان ئەوە سوئالەکەت نەدەکرد, (تثبت علی كل وحدة عبوات التبغ او مشتقاته او السجائر في مكان ظاهر), یەعنی دەبێ ئەو بەیاناتانە لە شوێنکی باش بێت, هەمووی دەگرێتەوە, فەرموو کاك ادهم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تەحزیرەی کە کوردی دێتە نەڤیسین, سودکە مەزنا هەی سەر پاکێتە بەحەقیقەت, بێجگە تەحزیرەکە صەحیح بەرەئیی من ئەگەر کوردی هاتە سەر نەڤیسین بێن مەعمەلا هەولێرا و سلێمانی هاتە چێ کرن, زەرەرە صەحی و بێ ژ کەمتر بیت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بە ئیزافەی ئەو دوو موڵاحەزەیە, واتە تەحزیر صەحیەکە بەزمانی کوردی و, نەخۆشیەکەی تر کە سارە خان ئاماژەی پێکرد بیخوێنەوە, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە (7):

اولاً: تثبت على علب و عبوات التبغ و مشتقاته و السجائر في مكان ظاهر البيانات التالية:

ت - تأريخ الانتاج و تأريخ الانتهاء بالسنة و الشهور.

ث - العبارة التحذيرية التالية باللغة الكردية:

تحذير صحي: التدخين سبب رئيسي للسرطان و امراض الرئة و القلب و الاوعية الدموية و الحمل.

ج- بيان محتويات كل سيجارة من القطران و النيكوتين على عبوات السجائر.

ثانياً: يكون لون كتابة التحذير بنفس لون اسم العلامة التجارية.

ثالثاً: يكتب التحذير على وجه العلبة.

رابعاً: يعاقب المخالف لأحكم الفقرة (اولاً) أعلاه بغرامة لا تقل عن (ثلاثة ملايين) دينار و لاتزيد على (خمسة ملايين) دينار مع مصادرة المواد المظبوطة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەپسەکە لە شوێنێکی تر هەیە, فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیلزام کردنی تاجر هەر تەنها بەکوردی زۆر دەستووری نییە, چونکە کابرا لە چوارچێوەی دەستوور دەتوانێ دیفاع لەخۆی بکات, کە بەعەرەبیش بینووسێ, بۆ ئیلا هەر بەکوردی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ئێوە ڕەئیتان چییە لەسەر ئەوە؟ فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئیی من بەزمانی کوردی و عەرەبی بێت باشترە, بۆ ئەوەی حەساسیە پەیدا نەبێت, ئەو مونتەجاتانەی کە دێنە ئێرە دەڕۆن بۆ بەغدا و بەصرە, هەندێك موخالفەی دەستووریشی تێدایە.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە خیلافی دەستووری عێراقییە کە ئێمە دەنگمان بۆ داوە, من بەباشی دەزانم بە لوغە ڕەسمیەکانی عێراق ئیشارەتی پێبدرێ, چونکە من دڵنیام لەوەی کە کێشەیەکی ئیجگار زۆرمان بۆ دروست دەکات ئەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئێمە لەو کێشەیە دەربچین, وامان پێ باشە بنووسرێ بەزمانە فەرمیەکانی دەوڵەت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی دەستوور دوو لوغەمان هەیە, کاك زرار نوقتەی نیزامت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

توخوا ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی عێراق دەردەچێ, هیچی بەکوردی دەردەچێ؟ بەس ئەو پرسیارەم هەبوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئێمە دانەنیشتووین ململانێ لەگەڵ ئەوان بکەین, ئەوان غەڵەت دەکەن, پاسپۆرتمان پێیان گۆڕی, ئێستا بەدوو زمان دەردەچێ, جاری یەکەم بەس عینوانەکەیان دەنووسی بەکوردی, ئیعتیڕازمان گرت, قسەی ئێمە سەرکەوت, چونکە دەستوور وا دەڵێت, ئێمە ئیلزام بە دەستوور بکەین باشترە, بەهەردوو زمانەکە بێت, (باللغتين الرسميتين الكوردية و العربية), بەڵێ کاك غەفور موقتەرەحەکە هی خۆتە, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی بەڕاستی ئەو مەسەلەیە بەدوو زمانە, باشە خۆ لەدەستووریش دەڵێ زمانی کوردی لەهەرێمی کوردستان زمانی یەکەمە و ئەو زمانی ڕەسمییە و لەپاڵی ئەو زمانی عەرەبی, ئەوەش زمانی ڕەسمی خۆمانە, هیچ تەعاروزێك لەگەڵ دەستووری عێراقی ناکاتن, زۆر ئاساییە ئەو پاکەتەی کە بۆ هەرێم دێت, بەکوردی بنووسرێ, لەگەڵ دەستووریش کۆکە, ئەوە یەك.
دوو/ ئەو خەڵکەی بیەوێ تیجارەت بکات و بیبات بۆ ئەوێندەر, بابڵێت ئەوە مارکەیەکی کوردیە و هەر بۆ ئەو مەنتیقەیە هاتووە, هەر پڕوپاگەندەیەکی سیاسیشە بۆ هەرێمی کوردستان, شتێکی زۆر ئاسایشە ئەگەر ئەو بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەك شتت پێ دەڵێم, بابڵێین فەرزمان کرد ئەو جگەرەیەی کەدێت فەقەت بۆ هەرێمە, تۆ پاکتێکت لە گیرفانە ئەچیت بۆ بەغدا, ئەو پاکەتەی لەشوێنێك دادەنێی, ئەو تەحزیرە بەزمانی

عەرەبیش هەبێت باشتر نییە, یەعنی ئەوە بەسیترین نموونەیە, خۆمان داوامان کردووە, کاك فرست رەئیی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ شتێکی مەعلوم و ئاشکرایە, کە لوغەی عەرەبی لوغەیەکی رەسمیە لە هەموو عێراق, لە کوردستان و پارچەکانی تری عێراق, ئێمە لەوێ داوامان کرد ئەو مافە تەسبیت بکرێ لەدەستوور, کە زمانی کوردی و عەرەبی ببێتە رەسمی لەکوردستان و لە عێراق, بە رەئیی من ئەگەر ئێمە بێین و بە نەزەرێکی تر, ئان بەشێوەیەکی تر تەتبیقی بکەین لێرە, حەقمان نامینێ دیفاع لە زمانی خۆمان بکەین لەپارچەکانی تری عێراق, ئەوە نەموزوعە کە ئێمە واز لە حەقی خۆمان بهێنین, دیفاع لە زمانی عەرەبی دەکەین, چونکە تا بتوانین دیفاع لە زمانی خۆشمان بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسە کرا, بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە, تەنیا صیغەکەی مایە, ئەویش بەم شێویە (العبارة التحذيرية التالية باللغتين الرسميتين الكوردية و العربية), یەعنی ئەو صیغەیەی کە خوێندیەوە بە تەغەیوری ئەوە, پێویست دەکات بیخوێنینەوە جارێکی تر, باشە فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا ئەو بڕگەیە دەخوێنمەوە کە کێشەی لەسەر بوو:
نووسینی ئەم دەستەواژە ئاگادار کردنەوەی خوارەوە بەهەردوو زمانی فەرمی کوردی و عەرەبی:
ئاگادارکردنەوەی تەندروستی: جگەرە کێشان هۆکاری سەرەکی تووشبوونی شێرپەنجە و نەخۆشیەکانی هەناسە و دڵ و مولولەکانی خوێنە و دووگیانی. ئیتر هیچ کێشەمان نەبوو لەسەر بڕگەکانی تر, بۆیە پێویست ناکات بیخوێنمەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکات, (التدخين سبب رئيسي للسرطان و امراض الرئة و القلب و الاوعية الدموية و الحمل) حەمل نەخۆشی نییە, بنووسرێ (الامراض الاخرى), چونکە بەڕاستی حەمل نەخۆشی نییە, جەنابی وەزیر ئەوە ئیختیصاصی جەنابتە, فەرموو.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, بەڕاستی خۆ جەریدە نییە پاکەت, لایەکی بەکوردی و لایەکی بەعەرەبی, کۆمەڵێك نەخۆشی, سەد نەخۆشی تر هەیە دەتوانم بیژمێرم خۆ تەنیا حەمل نییە, بەس لەهەموو دنیا ئەوەم نەدیوە کە حەمل بنووسرێ, لە زۆر شوێنی دنیا ئەنووسن (ضار للصحة او يسبب السرطان), ئەوەندە بەسە, سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی پشتگیری لە قسەكەی دكتۆر زریان دەكەم, چونكە ئەو زیانانەی كە جگەرە هەیەتی, تەبیعی 25 نەخۆشی هەیە كە پەیوەندیان بە جگەرە هەیە, لەبەر ئەوە پێویست ناكات ئێمە هەر هەموویان ریزكەین لێرە, تەنها بڵێین جگەرە كێشان هۆكاری سەرەكی تووش بوونی شێرپەنجە و نەخۆشیەكانی هەناسە و دڵە, ئەمەش هەر زۆر دوور و درێژە, یەعنی بەڕاستی لەمە زیاتر درێژی نەكەینەوە, خۆ 25 نەخۆشی نانووسین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر موفتەرەحی جەنابی وەزیر وەربگرین, من پێم باشە, چەند موختەصەر بێت باشترە, (التدخين سبب رئيسي للسرطان والامراض الاخرى), فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی باوە لە دنیا, هەموو نەخۆشیەكان نانووسن, هەر پاكەتەو یەك نەخۆشی دەنووسرێ, لەسەر یەك لەپاكەتەكان ئەنووسرێ (مسبب للسرطان), لەسەر یەكێكی تر ئەنووسرێ (بۆ ژنی دوو گیان خراپە), یەعنی تێكەڵاویان كردووە, تازەترین داهێنانیش لە هۆڵەندا كراوە, چونكە بە نووسینەكە ئیستیفادەی نەبوو, ئێستا رەسمی ئەخەنە سەر, رەسمی سیەكی نەخۆش, رەسمی منداڵێكی معەوق, یەعنی ئیبداعەكە لەلای ئەو كەسەیە كە دەیهێنێ, خۆ شەرت نییە, موهیم ئەوەیە بڵێ یەكێك لەو نەخۆشیانەی تێدایە, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خەترترین و ترسناكترین نەخۆشی سەرتانە, ئینسان كەتووشی سەرەتان بێت بە جگەرە كێشان, كەواتە نەخۆشیەكانی تر پێویست ناكات باسی بكەی, لەبەر ئەوە سەرەتانەكە كافییە باسی بكەی, بنووسرێ سەرەتان و ئەمرازی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بۆچوونێكم هەیە, حەز دەكەم وەكو واقیعێك بیزانن, قانون لەسەر شەریكاتی فەرز نەكردووە كە بنووسرێ, شەریكات خۆی نووسیویەتی بۆ ئەوەی بەرپرس نەبێت, بەرپرس نەبێت لەشكایەت, چونكە ئەوەی كە دەینووسێ, ئیتر خەڵك ناتوانێ شكایەتی لێبكات, بڵێ من تووشی سەرەتان بووم تۆ ئاگادارت نەكردووم, بەنیسبەت لوغەكەش, بەڵێ زۆر راستە شەریكات زۆری پێ خۆش دەبێ بە كوردی بینووسێ, چونكە ئیمكانە سبەی زروفەكە تۆزێ باشتر بێت لە موستقبەل, كوردێك شكایەت لە شەریكەیەكی جگەرە بكات, بڵێ من تێنەگەیشتووم, چونكە تۆ بە لوغەیەكی تر نووسیوتە, جگەرەم

کێشاوە تا ئێستا نەم زانیوە, جگەرە تووشی سەرەتانم دەکات, ئەوسا یاسا موحاسبەی شەریکەکە دەکات, شەریکات مەلایین دۆلار زەرەری کردووە پێش ئەوەی ئەوە بنووسن, ئێستا خۆیان دەینووسن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەڵام ئەوە قانونە, لەهەموو وڵاتان بەقانون تەسبیت کراوە, چونکە ئەوەی شەریکاتی توبوغی دنیا زۆر محاوەلەیان کرد, ئەو قانونە دەرنەچێت, من ئەو شتانەم لەلایە و زۆر زیاتریش خوێندیتمەوە, چۆن ململانێ کراوە, چۆن لەهەندێ پەرلەماندا شەریکات هەوڵیان داوە کەقانونەکە دەرنەچێ, راستە ئەوە ئەگەر بچێتە مەحکەمە, لە قازانجی شەریکەکەیە, بەڵام ئەو شەریکەی کە ئەوە دەنووسێ موبیعاتی زۆر دێتە خوارێ ستراتیجیەن, بۆیە بەقانون دەبێ بنووسرێ, ئەو جوملەیە هەمووی دەگرێتەوە, ئێمە لێرە قانونەکە دەردەکەین, پاشان مواصەفاتەکە دیاری دەکەین, (التحذير الصحى باللغتين الكوردية و العربية وفق ظوابط منظمة الصحة العالمية), ئەوە باشە, حەملەکەش لابچێت و, ئەوانی تریش هەمووی نامینێت, ئەوەی تر وەکو سۆزان خان گوتی رەنگە بەرسم بێت, ئەگەر جارێك بوترێ سەرەتان, خۆمان ئیلتیزام ناکەین بەوە, چونکە زیاتر فراوان تر دەبین, ئێستا ئەو مادەیە بەو ئاخیر گۆڕانکاریە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵدایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس لەگەڵدا نییە, ئەویش لەبەر زمانەکەیە کاك غەفورە, بەئەکسەریەت وەرگیرا, فەرموو بۆ مادەی هەشتەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

1 - فرۆشتن و خستنەڕووی هەر چەندێکی تووتن و بەروبوومەکانی قەدەغە دەکرێن, گەر ماوەی بەکارهێنانیان بە تێپەڕبوونی ساڵێك لەسەر بەرهەمهێنانیان بەسەرچووبوو.

2 - رێکلام کردن بۆ جگەرە یان تووتن یان بەروبوومەکانی بەمەبەستی بەروپێدانی هاندان بۆ کێشانی لەهەرێم قەدەغە دەکرێت و ئەمەش لە هەموو جێگایەك و لەهەموو هۆبەیەکی راگەیاندن پەیڕەو دەکرێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (8):

1 - يحظر بيع او عرض أى كمية من التبغ و مشتقاته تكون قد انهت صلاحيتها بمضي سنة واحدة على تاريخ انتاجها.

2 - يحظر الاعلان في الاقليم عن السجائر او التبغ او مشتقاته بقصد الترويج او التشجيع على التدخين وذلك في جميع الاماكن وبكافة وسائل الاعلان.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی هاوبەش:

مادەی (8):

1 - نەهێشتنی فرۆشتن یا دانانی هەر بڕێکی تووتن یا لێ وەرگیراوەکانی ئەگەر ماوەی کارپێکردنی بەسەرچووبو و سەرپێچکار بەبژاردنی بڕی پارەی لەسێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لەیەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانی سزا دەدرێت.

2 - نەهێشتنی ریکلام کردن بۆ جگەرە یا توتنیا لێ وەرگیراوەکانی بەمەبەستی بازار پەیداکردن یا هاندانی جگەرە کێشان لەهەرێم لەهەموو شوێنەکانی و هەموو شێوازەکانی راگەیاندن, و نابێ سزای سەرپێچکار لەچوار سەد هەزار دینار کەمتر و دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و ناچار دەکرێت سەرپێچیەکەی لاببات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (8):

1 - يحظر بيع او عرض اية كمية من التبغ و مشتقاته اذا انتهت مدة صلاحيتها و يعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن (ثلاثمائة الف) دينار و لا تزيد على (مليون) دينار مع مصادرة المواد.

2 - تحظر الدعاية للسجائر او التبغ او مشتقاته بقصد الترويج او التشجيع على التدخين في الاقليم في جميع الأماكن و بكافة وسائل الاعلام و يعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن (اربعمائة الف) دينار و لاتزيد على (مليونى) دينار و إلزامه برفع المخالفة.

ئێمە لێرە تەنها عقوبەکانمان داناوە بۆ هەردوو برگە, جگەلەوەش سالێکیان بۆ دانابوو, ئێمە وازمان لە سالەکە هێنا, چونکە بەخۆی تاریخی ئینتاج و ئینتیهائی لەسەرە کفایەتە ئەوەندە و, پێشتر باسمان کردبوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, من خەبیر نیم, بەلام رەنگە خالی یەکەم زۆر عەمەلی نەبێت, رەنگە برادەران بزانن, زۆر تووتن هەیە زیاد لە دوو, سێ سال هەلگیراوە, دوای ئەوە بەکاری دەهێنن بۆ جگەرە بەتایبەت لەتووتنی مەحەلی, لەخالی دووەم نوقتەیەکەم هەیە, دەلێ ریکلام مەنع دەکرێ بەقەصدی (الترويج او التشجيع على التدخين في الاقليم في جميع الأماكن و بكافة وسائل الاعلام), تەبیعی رێکلام بەقەصدی تەرویج, ئەی ئەگەر تەرویج نەبێت, چی ترە؟ بەس ئەوە یەك شت بۆمن دەردەخات, ئەگەر مومەسیلێك لە تەلەفزیۆن جگەرە بکێشێت, ئەوە بەقەصدی تەرویج و تەدخین نییە, بەلام پێ ئەچێ ئەوە حەلال بێت, بەرەئیی من ئەگەر ئەو جوملەیە لابدەین (في جميع الأماكن و بكافة وسائل الاعلام), ئەوە ئەوەش دەگرێتەوە کە مومەسیلی ئێمە لەمەو دوا جگەرە نەکێشێن و منال چاویان لێنەکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, قسەی دەکەین لەسەری, کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم فەقەرە دوو شتێكی زیادەیە و نەمینێ, چونكە تۆ كە ئیجازەت دا بە شەریكە بۆ دروست كردنی جگەرە, لەلایەك تۆ مۆڵەتی پێدەدەیت, لەلایەكی تریشەوە دەڵێ تووتنی ئێكسپایەر, ئەوەی تاریخەكەی بەسەرچووە نەهێنێ, یەعنی تووتنی باش بهێنێ, لەلایەكی تر تۆ تەشجیع دەكەیت كە تووتن بهێنێ و جگەرە دروست بكرێ, لەلایەكی تریش ڕێكلامی بۆ ناكرێ, هیچ شتێك نییە, شەریكەیەك دروستی بكات و ڕێكلامی بۆ نەكات, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە رایەكەی جەنابی وەزیر دەكەم, لەبەر ئەوەی تووتن ئەگەر باش نەبێت, هەر موصاب نابێت, چونكە تووتن ئەگەر خراپ بێت, هیچ شیرناتی تێدا نابێت, كام تووتنیش زۆر باشە, پاش سێ ساڵ ئەگەر تووشی موصاب بێت, لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوەی فەقەرەی یەكەم لابدەیت زۆر شتێكی باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رای لیژنەی هاوبەش دەكەم, بەلاَم تەنها یەك تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی دووەم, ئەویش سزایەكەیە كە دەڵێ لە چوار سەد هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت, من پێم وایە ئەو سزایە ئێجگار كەمە, چونكە ئەوەی ڕێكلام دەكات, تەنها ئەو تاجیرانەن كە ئیمكانیەتیان ئێجگار زۆرە, بە جومەلەیەكی زۆر لەوانەیە ئیستیراد بكەن, پێشنیار دەكەم ئەو غەرامەیە زیاتر بكرێت, لە دوو ملیۆن هەتا دە ملیۆن بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان مولاَحەزەی كاك سەردارم هەبوو, بەڕاستی كەناڵی ڕاگەیاندن هەیە بە مەبەلەغێكی زۆر ریكلام دەكات بۆ جگەرە, ڕەنگە ئەو مەبلەغە یان ئەو سزایە كەم بێت كە بۆ ئەوە دانراوە, حەقە ئەوە باشتر موعالەجە بكرێ, چونكە ئەگەر ئەوە كەم بێت, ڕەنگە كەناڵێك زیاتر حەق بەخۆی بدات, بتوانێ ئیستیفادە لەوە بكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ لابردنی برگەی یەكی مادەكەم, لەبەر ئەوەی زەحمەتە كۆنترۆڵ بكرێ, جەنابی وەزیرش ئاماژەی بەوە كرد, دوای مەسەلەی ریكلام كردن, باوەڕ ناكەم هیچ كۆمپانیایەك كالاَی هەبێت و ریكلامی بۆ نەكات, دواتر ئەو هەموو ریكلامەی ئێستا هەیە, لەسەر هەموو شەقامەكان, لەناو بازاڕ, لەناو هەموو شار بۆ جگەرە كێشان, ئەوە وەختێكی دەوێت بۆ ئەوەی هەمووی لابدەیت, یان ئەوەتە تۆ لێرە دەبێ بە مادەیەك مەسەلەی ریكلام كردنەكە قەدەغە بكەیت, زەحمەتە بتواندرێ كۆنترۆڵ بكرێ,

هەم تاجیرەکانیش ئەمە ناکەن, تاجیرەکان دەچن لەپێش بازارەکان دەڵێن ئێمە ئارمێکی گەورە بۆ ئەو دوکانەی تۆ دەنووسین, بەمەرجێ رسمی پاکەتەکەی شەریکەی ئێمەی لەسەر بێت و باسی جۆری پاکەتەکە بکات, یەعنی ئەو حاڵەتەش هەیە لەکوردستان, یان ئەوەتە هەموو مادەکە لابردرێت باشترە دەبێت, یان مەسەلەی ریکلام کردن بەڕاستی لێرە داشیبنێ هەر دەکرێ, چونکە زەحمەتە, کابرا ئەگەر شتی هێنا چۆن دەیفرۆشێ, ئەگەر ریکلامی بۆ نەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە دەمانەوێ لە مەلیك مەلیك تر بین, لەخاڵی دووەم ئەڵێ وەکو بەڕێز وەزیریش ئاماژەی پێکرد, لەتەمسیلەکان و هینەکانیشمان نەکرێ, فلیمی ئەمریکی ئەو هەموو مەلایین دۆلارەی تێدا سەرف دەکرێ, تەنها ئەوە قەدەغە کراوە کەنابێ جۆری پاکەتەکە دەرکەوێ, یەعنی جگەرە کێشان لە تازەترین فلیمە ئەمریکییەکان تەبیعیە و دەریش ئەکەوێ کە مومەسیلەکە جگەرە دەکێشێ, بەلاَم نابی ریکلام بکات بۆ ئەو نەوعی جگەرەیە, ئەوە نابێ, ئەوە یەك.

دوو/ من نازانم هەموو برادەران باسی ریکلامی تەلەفزیۆن دەکەن, من نابینم هەتا ئێستا لەناو راگەیاندنەکانی ئێمە, تەنانەت لەناو جەریدەکان ریکلامی ئەوە ناکرێ, یەعنی خەڵك گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە نە رۆژنامە سپێسێك ئەدات بە ریکلامی جگەرە, نە لەناو تەلەفزیۆنەکانیش رێگە دەدات, مەگەر تەلەفزیۆنە مەحەلیەکان, ئەویش من ئاگادار نیم, کەواتە ئێمە ئەگەر ئەو بەندە لابدەین زەرەرێکی ئەوتۆ ناکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبداللە محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رایەکەی من گوترا, هەر لابردنی ساڵێك, بەڕاستی مەسەلەی عەرز و ساڵەکە بوو گوترا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رەئیی جەنابی وەزیرم, تووتن لەولاَتی ئێمە جاران دەیانهێنا و فەحسیان دەکرد, پاشان لە مەخزەنەکان دائەنرا, ئینجا دەیانفرۆشت, لەبەرئەوەی چ پێوەرێك هەیە کە تۆ مەنعی بکەیت ئەو تووتنە بفرۆشرێ, یان نەفرۆشرێ, بەرەئیی منیش ئەو مادەیە لابردرێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانم کرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو ئیزافەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە, بەلاَم عنوانی ئەم یاسایەتان لەبیر نەچێت, دەڵێ بەرگری کردن لە جگەرە کێشان, ئەگەر بێتو ئەم یاسایە بڕوات بێ ئەوەی قەدەغەکردنی ریکلامی تێدا بێت, بەڕاستی نوقستانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەدەغەکردنی ریکلامی جگەرە کێشان, بەپێی قانون و بە نووسراو کرایە, لە بریاری قەدەغەکردنی بریاری بازرگانی کە لەگشت هەرێمی کوردستان بکرێ لە 2006/9/17 کرایە, لەئەنجومەنی وەزیران کرایە, بەپێی ئەو بڕیارەش چەند ریکلامیان هێنایە خوارەوە, بڕیارەکەش لەلامە و, دووبارە ڕەئیەکی ترم هەیە, کۆمپانیایەکان بۆ سوودی خۆیان ئەو ریکلامە دەکەن, ئەوەش بەپێی مادەی (80) یاسای سزای عێراقی دەتواندرێ ئەو کۆمپانیایانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ, چونکە شتێکی خراپ ریکلام دەکەن, کۆمپانیایەکان بۆ سوودی خۆیان ئەوە دەکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا دوو ڕەئیی هەن, من خۆشم موئەیدی ئەوەم کە ریکلام مەنع بکرێ, هەتا هەندێك دەڵێن تەحزیرەکەی تێدا بێت قەیناکە, ئەوەش لێرە فێڵ دەکەن, لافیتەیەکی زۆر گەورە هەیە, لەسەر 30 مەتری دیعایە بۆ جگەرە دەکات, لەژێرەوە زۆر بەوردی نووسیتی (سەبەبی ڕەئیسیە بۆ سەرەتان), ئەگەر تۆ هینی نەکەیت هەر نایبینیت, نەچیتە ئەولای جادەکەوە و دوور نەکەویتەوە هەر نایبینیت, هەر نازانی ئەوە نووسرایە, لەبەرئەوەی ئەوەی جەنابی وەزیر وتی, موکافەحەکە بۆ ئەوە دەبێت, بەسیترین شت ئەوەیە کە تۆ مەنعی ریکلامەکە بکەیت, بەنیسبەت فەقەرەی دووەم, هەمووتان تەئکیدتان کرد کە بمینێتەوە, فەقەرەی یەکەم کە موخالەفەی صلاحیەتەکەیە, کۆنترۆڵەکەی زەحمەتە, لەجێگایەکی تر ئەو مواصەفاتەمان داناوە, مودەکەی دانراوە, لەبەر ئەوە ئەو موقتەرەحە فەقەرەی یەکەم کە دواتان کرد لاببردرێت, دەیخەمە دەنگەوە, باشەی رای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەمە چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای هاوبەشی لیژنەکان ئەوەیە, لەجیاتی ماوەی ساڵێکی بۆ دابنرێ, ئەگەر ئێکسپایەر ببوو, مودەکەی بەسەرچووبو, ئەوکاتە دەستی بەسەردادەگیرێت, غەرامە بکرێ و عقوبە بدرێ, ئەوە لە مودەکەمان نەهێشتووە, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناحیەی نیزامی دوو موقتەرەحمان هەیە, ئەگەر یەکێکیان ئیلغائە, ئەوەی تریان تەعدیلە, بەڕەئیی ناحیەی نیزامی ئیلغائەکە پێش تەعدیلەکە دەخەین, چونکە ئیلغا تەعدیلەکە مەنع دەکات, هەر کە ئیلغا بوو, تۆ پێویست ناکات موناقەشە لەسەر تەعدیلەکەی بکەیت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك فرست, موقتەرەحی ئەندامانی پەرلەمان دەخەمە دەنگەوە, فەقەرەی یەکەم لەمادەی هەشت حەزف بکرێ, کێ لەگەڵ ئەوەیە حەزف بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەوەیە بمینێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, باشە دەیڵێمەوە, ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد فەقەرەی یەك لەمادەی هەشت کە بووە حەوت, کە دەڵێ (یحظر بیع او عرض ایة کمیة من التبغ ومشتقاته اذا انتهت مدة صلاحیتها و یعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن (ثلاثمائة الف) دینار و لا تزید علی (ملیون) دینار مع مصادرة المواد), ئەوە جەنابی وەزیر گوتی کۆنتڕۆڵ ناکرێ, ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان وتیان ئەوە زیادە, ئەو فەقەرەیە لابچێت و فەقەرەی دووەم بمێنێتەوە وەکو مادەیەك, لەبەر ئەوەی ئەو موقتەرەحە تازەیەی لەسەر زاری موداخەلاتی ئەندامانی پەرلەمان هاتووە, بۆ حەزفی ئەو مادەیە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو مادەیە حەزف بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 38 کەس لەگەڵیەتی, کێ لەگەڵ ئەوەیە بمینێ وەکو خۆی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 30 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە بمینێ, 38 کەس بە 30 کەس, بەزۆرینەی دەنگ حەزف کرا.

فەقەرەی دوو کە دەبێتە مادەیەکی بەتەنها, مولاحەزەکەی جەنابی وەزیر ئینتیباه بکەن (تحظر الدعایة للسجائر او التبغ او مشتقاته بقصد الترویج او التشجیع علی التدخین في الاقلیم في جمیع الأماکن و بکافة وسائل الاعلام و یعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن (اربعمائة الف) دینار و لاتزید علی (ملیونی) دینار و إلزامه برفع المخالفة), فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە بەتەواوی قسەی لەسەر کرا, ئەو فەقەرەش قسەی لەسەر کرا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەیە موقتەرەح کرا کە ئەو جوملەیەی شەتب بکرێ, باشە بیخوێنەوە پاش ئەو تەعدیلاتانە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (8): تحظر الدعایة للسجائر او التبغ او مشتقاته في الاقلیم بکافة وسائل الاعلام و یعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن (اربعمائة الف) دینار و لاتزید علی (ملیونی) دینار و إلزامه برفع المخالفة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو مادەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, بڕۆ سەر مادەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـادەی (9): پێویسـتە لەسـەر ئـەو شـوێنانەی کـە جگـەرە و تـووتن یـان بەروبوومـەکانی دەفرۆشـن, لەشوێنێکی دیار لەناو دوکان و شـوێنەکانیان بەنووسـینێکی خوێنراوەی گـەورە لـە تابلۆیـەکی دیکـەی بەدەرەوەی گوزاری ئاگادارکردنەکەی لەمادەی حەوتی ئەم یاسایە داهاتووە بنووسرێ.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (9): يجب على المحلات التي تعـرض السجائر او التبـغ او مشـتقاته للبيـع ان تضـع و بشكل بـارز و مقروء داخل المحلات في لوحات اخرى ظاهرة العبارة التحذيرية الواردة في المادة (7) من هذا القانون.

ئێمە لێرە کە ئیزافەمان کردیە لەلیژنەی هاوبەش, ئەویش تەنها سزایەکەیە, بەم شێوەی خوارەوە:

المادة (9):

يجب على المحلات التي تعرض السجائر او التبغ أو مشتقاته للبيع وضع لوحات تتضمن التحـذير الصـحي الوارد في الفقرة (أولا/ب) من المادة السـابعة بشـكل بـارز و مقـروء و يعاقـب المخـالف بغرامـة لا تقـل عـن (خمس ألف) دينار و لا تزيد على (خمسمائة ألف) دينار و في حالة تكراره للمخالفة يتم غلق محلـه لمـدة شهر واحد و عند تكراره للمرة الثانية تسحب الاجازة منه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتێکی باشە, وابزانم کەس قسەی لەسەر نییە, باشە کاک کەریم, فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوەڕۆکی مادەی حەوت, ئێمە لاماندا, کردمانە (بـەپێی ڕێنمایـەکانی مونەزەمـەی صـەحەی عالـەمی), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمـە لاماندایـە کـاک کـریم, بـەڵام دەڵـێین (تحـذير الصـحى وارد في الفقـرة اولا), یـەعنی مەبەسـتمان تازەکەیە, ئەو مادەیـە وەکـو موقتـەرەحی لیژنـەی یاسـایی دەیخەمـە دەنگدانـەوە, ئەگـەر کـەس قسـەی لەسەر نییە, کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئیی مـن لـەجیاتی تـەحزیر صـەحیەکە, هەرچـەندە تـەحزیر صـەحیەکە پێشـتر ئیقرارمـان کـرد لەسەری, بووە دیعایە بۆ پاکەت, بۆ جگەرە, تەحزیرەکە زۆر بەخراپـە, لـەجیاتی تـەحزیر صـەحیەکە بەرەئیی من پۆستەرێك لەلایەن وەزارەتـی صـەحەوە, پۆسـتەرێکی زۆر ترسـناك دروسـت بکـرێ, ئـەوە لەمەحەلەکان هەڵبواسرێ باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من يەك موقتەرەحم هەیە, (یجب)ەكە شەتب بكرێ, (یجب)ەكە زیادە, فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رەئیەكەی كاك كریمم, لەبەر ئەوەی لە فەقەرەی پێشتر لامانـدا, پێشنیار دەكـەم بگـوترێ (فـی لوحات أخری ظاهرة نفس العبارة التحذيرية الواردة علی علب السجائر), لەئاخیرەكـەی ئـەوە بگـوترێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە دەڵێن فەقەرە (أ), وەزارەتـی صـەحە تـەحزیری دەكـات بـەپێی رێنمایـەكانی مونـەزەمـەی صـەحەی دوەلی, كاك كریم فەرمووو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نـەك بنووسـرێ بـەپێی مـادەی حـەوت, بـەڵكو بـەپێی ئـەو رێنمایانـەی كـە وەزارەتـی صـەحەی دوەلی تابلۆیەكە بەو شێوەیە هەڵبواسرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا بەبیری كاك كریم دەهێنمەوە, كە ئەو فەقەرەیـە لـەمادەی پێشوو هـاتووە, دەڵـێ (تحـذير صـحی بـاللغتين الكورديــة و العربيــة وفـق ضـوابط المنظمــة الصـحة العالميــة), وازیحـە شـتەكە, زەوابتەكـە مونەزەمەی صەحە دەریدەكات, جا لێـرە كـە ئامـاژەی بـەو فەقەرەیـە كـردووە, هـەمان شـت دەگـەینێ, فەرموو كاك عزالدین.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئیی كاك كریمم, چونكە ئەگـەر تەحەزیرەكـە تـاریخی ئینتیهـاء و ئینتـاجی تێدایـە, لێـرە لەمادەی هەشت فەقەرەی یەك تاریخی ئینتیهاء نەماوە, لەبەرچـی لەسـەر پاكەتەكـە تـاریخی ئینتیهـا و ئینتاج نییە؟ و لە دوكانـەكەش هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە چ عیلاقەی بە تاریخی ئینتیهاء و ئینتاج هەیە؟ هیچ رەبتـی نییـە, ئـەوە دەیخوێنمـەوە بـۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە, (على المحلات الـتي تعـرض السجائر او التبـغ أو مشـتقاته للبيـع وضـع لوحـات تتضمن التحذير الصحي الوارد في الفقرة (2 ) من المادة السابعة بشكل بـارز و مقـروء و يعاقـب المخـالف بغرامة لا تقل عن (خمس ألف) دينار و لا تزيد على (خمسمائة ألف) دينار و في حالة تكـراره للمخالفـة يتم غلق محله لمدة شهر واحد و عند تكراره للمرة الثانية تسحب الاجازة منه) دەیخەمـە دەنگـەوە, كـێ

لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەوە قبوڵ کرا, فەرموو بۆ سەر مادەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم: جگەرە کێشان لە شوێنە گشتییە داخراوەکانی خوارەوە قەدەغە دەکرێ:**

1 - هۆیەکانی هاتوچۆی گشتی.

2 - قوتابخانە و مەڵبەندی فێرکردن و راهێنان و زانکۆ و نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی دیکەی وەك دەزگای فێرکردن و دەزگاکانی تەندروستی.

3 - وەزارەتەکان و دەزگا حکومیەکانی دیکە و دەستە گشتییەکان و یانە وەرزشییەکان و بارەگای کۆمەڵەکان و شوێنە گشتییەکان لەناو ئەسانسێر و هۆڵەکانی سینەما و شانۆدا.

4 - دەزگا پیشەسازییەکان و مەڵبەندەکانی ناردنی کەل و پەلی بازرگانی.

5 - چێشتخانە و شوێنی دیکە کە خواردن و خواردنەوە بە جەماوەر دەفرۆشن.

**دووەم: دەشێ بەبڕیاری وەزیری ژینگە و دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران شوێنی دیکە بخرێتە سەر ئەو شوێنانەی کە جگەرە کێشانی لێ قەدەغەکراوە.**

**سێیەم: بەدەر لە قەدەغەکردنی داخراو بۆ جگەرە کێشان لە ناو ئەو شوێنانەی کە لە برگەی یەکەم لەم ماددەیەدا هاتووە, تەرخان بکرێ بەلاٌم لەچێشتخانەکان و ئەو شوێنانەی خواردن و خواردنەوە بە جەماوەر دەفرۆشن دەشیٚ ئەو شوێنانەی کە بۆ جگەرە کێشان تەرخان دەکرێن, بەتەواوی داخراو نەبن.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة العاشرة:**

**اولاً: يحظر التدخين في الاماكن العامة المغلقة التالية:-**

1 - وسائل المواصلات العامة.

2 - المدارس و مراكز التعليم و التدريب و الجامعات و المستشفيات و المراكز الصحية و غيرها من المؤسسات التعليمية و المنشأت الصيحة.

3 - الوزارات و الاجهزة الحكومية الاخرى و الهيئات و المؤسسات العامة و الاندية الرياضية و مقار الجمعيات و المحلات العامة و داخل المصاعد و دور السينما و المسرح.

4 - المنشأت الصناعية و مراكز التسويق التجارية.

5 - المطاعم و المحال الاخرى التي يبيع الطعام او الشراب للجمهور.

**ثانيا: و يجوز بقرار من وزير البيئة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء اضافة اماكن اخرى يحظر فيها التدخين.**

ثالثا: استثناء من الحظر المذكور يجوز تخصيص اماكن محكمة الغلق للتدخين في الجهات المنصوص عليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة اما في المطاعم و المحلات التي تبيع الطعام او الشراب للجمهور فيجوز ان تكون الاماكن المخصصة للتدخين غير مغلقة تماماً.

ئێمە لیژنەی هاوبەش بەو جۆرە صیاغەمان کردۆتەوە, شتی زیاترمان تێخستووە وەك ئەوەی خوارەوە:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێش ئەوەی ڕێگا بدەم بەقسەکردن, یەکەم/ ئەو شوێنانەی کەمنع بکرێ, پێم وایە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان, یەکەم شوێن بێت, ئەوەلەن لەخۆمانەوە دەست پێبکەین, یەعنی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران, ئەو فەقەرەیەتان پێباشە, بیخەمە دەنگەوە, باشە دەیخەمە دەنگەوە پێش ئەوەی موناقەشە بکەین, ئەو فەقەرەیە لەکۆڵمان ببێتەوە, یەکەم بێت, سەرۆکایەتی هەرێم یەکەمە, ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق, ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان, کاك کریم ئەوە بنووسن, ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئیزافە کردنیەتی با دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ئینجا دێینە سەر ئەصڵی هینەکە, بۆ ئەوەی موناقەشەکە هین نەبێت, لەهەموو شوێنێك مەمنوعە تەماشای فەقەرەی چوارەم بکەن (یجوز تخصیص اماکن خاصە للتدخین), لەژوورەکەی خۆتان مەمنوعە, بۆ جگەر کێشان جێگایەك دەبێت, یان دەچن لەدەرەوە جگەر دەکێشن, یان لەو ژوورەی کە دادەنرێ بۆ جگەرە کێشان, لەژوورەکەی خۆتان مەمنوع دەبێت, فەقەرەکە وازیحە زۆر, من زۆر مەجالتان دەدەمێ بۆ قسەکردن, بەڵام بەحقیقەت من ئیعتیرازم لێدەگیرێ, یەعنی ئیستغلالی مورونەتی فەوقی عادەی من نەکەن, بەتایبەتی لەگەڵ کاك کریم, نەسرین خان فەرمووو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەپرۆژەکە دەکەم, دژی جگەرە کێشانم, لەماددەی یەکەم قەدەغەکردنی جگەرە کێشان لەهەندێ شوێن, من باس لە قوتابخانەکان ئەکەم کە ئێستا لەناو قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و پیشەیی و زانکۆکان, بەشێوەیەکی بەربلاّو ئەمەوێ تەوسیعێکی بدەمێ, بەشێوەیەکی بەربلاّو جگەرە کێشان بۆتە دیاریدەیەك لەناو گەنجەکان, بەشێوەیەکی ئاشکرا جگەرە ئەکێشن, لەهەمان کاتدا مامۆستایەکە بەرامبەر بە قوتابیەکان جگەرە ئەکێشێ, ئینجا من داواکارم لەناو قوتابخانەکان قەدەغەبکرێ, مامۆستاش هەندێ باسی ئەو شتانە بکات, کە زیانەکانی جگەرە چییە, یان پێنەکرێ و داوای جگەرەی لێنەکات, یان پێ پشاندانی هەندێ فیلم, فیلمی زانستیمان هەیە باسی ئەوە دەکات کە چۆن جگەرە کێشان لەشی و گیانی زیانی پێدەگەینێ, ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوون بکاتەوە, لەهەمان کات ئێستا لەناو هەرێمی کوردستان دیاریدەیەکی تریش هەیە, کە لە دراوسێیەکان هاتووە ئەوەیش

نێرگەلەیـە, نێرگەلـە لـەناو گەنجـەکانی ئێمـە ئێسـتا زۆر بـڵاوە, ئێسـتا لـەناو شـوێنە گشـتییەکان و لەشوێنی تایبەتیش هەر ئەیخوات, بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو نێرگەلەی کە ئەو گەنجە ئەیکێشێ تریاکی تیایـە, ئێسـتا زۆر بەشـێوەیەکی روون لەهەنـدێ شـوێن بەئاشـکرا ئەیکێشـن, بۆیـە داواکـارین ئەمـەش قەدەغە بکرێ, ئەم ماددەیەش زیاد بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە سەعات $1:25$ دەقەیە, ئەگـەر هینتـان نییـە, تـەواوی دەکـەین, بـەس ئەوەندەیـە رەچـاوی ئـەوە بکەن کە وەخت کەمە, ئینتیباه بکەن ئەگەر برادەرێك قسەی کرد, هەمان قسەکە تیکرار نەکرێتـەوە, کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتەوانی لەو ماددەیـە دەکـەم سـەد لەسـەد, بـەڵام باسـی پەرلـەمان کـرا و هەنـدێ شـوێنی دی کـە جگـەرە نەکێشـرێ, ئـەبێ جێگایـەك دیـار بکـرێ بـۆ ئەوانـەی کـە جگـارە دەکێشـن, لێـرە تەبعـەن ئـەو جێگایانەی کە جگەرەی لێی قەدەغە دەکرێ بەحقیقەت جێگای ئەوەیە کە عومومییە, لێرە دوو نوقتـە بـاس نەکرایـە, یـەکێك لـەوان, سـەیارەی خصوصـی کـە جگـەرە دەکێشـی, جگەرەکـەی لـەناو سـەیارە فڕێدەدات, دەیەها حەریق دروسـت دەبێـت, بەتایبـەتی لەفصـڵی هـاوین, یـان لـە فرۆشـگایەکان, هـەروا جگەرە دەکێشن و فڕێی دەدەن, ئەمە باس نەکرایە لە جێگای پێشکەوتوو, هەتا کابرا لەماڵی خۆی کـە جگـەرە دەکێشـی دەبـێ بچیتە بـاڵکۆن بکێشـی, نـەك لـەناو خـانی بیکێشـی, بەتایبـەتی ئەوانـەی کـە منداڵیان هەیە, لەبەر ئەوە پێویستە ئەمـەش وەکو نوقتەیـەك, یـان خاڵێـك لـە پێنجەکـە زیـاد بکـرێ (یجب عدم رمی السیجائر من السیارات الخصوصیة خاصة في فصل الصیف و في المحلات التجاریـة), زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو حەزری تەدخینە لە فەقەرەی دوو, لە مەساجد و ئەماکینی عیبادەی بۆ ئیزافە بکرێ, خـۆ ئەگـەر فەقـەڕەی دوو و سـێش موختەصـەر بکـرێ ئیحتیمالـە وەکـو بڵێـی (المؤسسـات الرسمیـة و الحکومیـة و الدینیة و الاجتماعیة), موختەصەر بکرێن, فەقـەرەی دوو و سـێ بکـرێ بەیـەك, هـەم موختەصـەرە و هەم ئیستیفادەشی لێدەکرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئـەوە دەزانـی چییە کـاك عوسمـان, نووسـرایە ئـەوەی جـەنابت دەیڵێـێ, بـەڵام لەبـەر ئـەوەی دوێنـی ئیتیفاقیان کردیە, موقتەرەحی دوێنێ یە, دوێنێ کە دانیشتن پێکەوە, لیژنەکان کـە دانیشـتن پێکـەوە, مەسائیلی زۆر و عیبارەی زۆری تێدایە, گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەولایز شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئیقتیراح دەكەم لە بڕگەی دوو, لە فەقەرەی یەكەم بنووسرێ (إضافة الى) دوای (المستشفيات و المراكز الصحية و العيادات الطبية) تەئكیدی لەسەر بكرێ, هەرچەندە لە فەقەرەی دووەم هاتووە (يجوز بقرار من الوزير), بەس ئەگەر لێرە تەئكید بكرێ باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەللا عیاداتی توبی زەرورەیە، وایە, جەنابی وەزیر وا نییە؟, باشە ئەوە ئیزافە بكرێ (و العيادات الطبية و المراكز و المنشأت الصحية و الطبية), زۆر باشە دەست خۆش, كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە مەحاكیمان لەبیر چووە, مەحاكیم دەوائیری حكومی نییە, سوڵتەیەكی قەزائیی موستەقیلە, پێم وایە دەبێ لە (ج) زیادی بكەین, (الوزارات و الدوائر الحكومية الاخرى و المحاكم), ئەمە یەك, (القاعات العامة للمناسبات) هۆڵە گشتییەكان هەیە, ئەوەش لەكۆتایەكەی فەقەرەی (ج) زیاد بكرێ, ئەترسێم زۆر شتی تر هەبێت, دوایی بەبیرمان بێتەوە, بۆیە پێمان وایە بڕگەیەك زیاد بكرێ (و كافة الاماكن العامة المغلقة الاخرى), مادەم عامە بێت, موغلەقە بێت, دەبێ بیگرێتەوە, لە چوارەمیش خاصەكە زیادە (يجوز تخصيص الاماكن الخاصة للتدخين), ئەو خاصەی دووەم زیادە, (يجوز تخصيص الاماكن للتدخين), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاصەكە زیاد نییە, تەحدید كرایە, دەچیە مەتعەمی. نووسرایە (للمودخنين), كەواتە خاصە بە مودەخنین, بەڵام ئەوەی تر (الحكومية و القضائية), قەزائیەكەی زیاد بكەین, لەبەرئەوەی كە قانونەكەمان دەرهێنا, مەحكەمە حكومی هەنە و (القضائية), مەحاكمیش دەگرێتەوە, مەحكەمەی تەمییزیش دەگرێتەوە, دەوامینەكانیش دەگرێتەوە, یەعنی ئەوانەی كە تابعی هەیئەی قەزائیی دەگرێتەوە, كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم, بڕگەی یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج, هەمووی ئیلغا بكرێ, لەجیاتی ئەو بڕگانە فەقەت بنووسین, جگەرە كێشان لەهەموو ئەو شوێنانە قەدەغەیە, كە جگەرە كێش ئازادی تەواوی نەبووە و زیانی تەواوی گەیاندووە بەدەوروبەریدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار ئەوە هەر نابێ, مانای وایە دەرگا دەكرێتەوە و هیچمان نەكرد, ئەوە هەریەك بۆ خۆی تەفسیری دەكات, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

کابرا لەماڵی خۆی جگەرە دەکێشی، خەڵك حەقی چییە، سوپاس.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (یحظر التدخین في الاماکن العامة المغلقة)، ئیحتیمال هەیە هەندێ جێگا هەبێت موغلەق نەبێت، یەعنی ئەو موغلەقە کەمێك ئەشکال دروست دەکات، مامۆستا کەریم با گوێمان لێبدات، جێ هەیە سەقفی نییە، بەنزیخانە هەیە سەقفی نییە، ساحەی مەدرەسە سەقفی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەساحەی مەدرەسە، مەلعەب ئەوانە ئازادە، بازاڕ، فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وەسائیلی مواصەلاتی عامە، وەسائیلی نەقل باشترە، چونکە مواصەلات شتی تریش دەگرێتەوە، ئەگەر تەحدید بکرێ (وسائل النقل العامة)، دوایی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لەجیاتی ئەو هەموو ژماردنەی بگۆترێ (أماكن العمل و الادارات الرسمية بمكاتبها و مراكزها)، یەعنی ئەگەر هەر شتێکی تر دوایی زیاد بێت، لە رەسمیە و غەیری رەسمی، دەتوانرێ رەسمی و غیر رەسمیشی بۆ زیاد بکەی، لەبەر ئەوەی هەتا ئەگەر وابوو شتی تریشی بۆ زیاد بکەی، نەك ئەوها بژمێری، ئیحتیمال هەیە شتێك هەبێ لەبیر بکرێ، (چوارەم/ المنشأت الصناعية)، بکرێتە (المنشأت و المصانع)، چونکە ئەگەر گۆتت مونشەئات و مەصانع، هەم مونشەئەی دەگرێتەوە، هەم مەصانیعیش دەگرێتەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پێشنیارێکم هەیە، شوێنێکی تر زیاد بکرێ لە خاڵی سێیەم، ناو ئەسانسێرو هۆڵەکانی سینەما و شانۆ و حەلاقەکان و صالۆن، یەعنی هی ژنان و پیاوانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم رێز بەندیە خۆی جوانە، خۆ کەس ناڵێ خراپە، بەلاَم تۆ قانون دەرئەکەی، نابێ هەر کەسێ شتێکی بەخەیاڵدا هات یەکەسەر بیلێ، (المرافق العامة و المغلقة) یەعنی مەرافقی دەوڵەت، ئەنجومەنی وەزیران مەرافقی هەیە، هەر لە وەزارەت، لە دەوائیری حکومەت و لەگەڵ ئەو شتانە، کە ئەڵێ ئەماکینی عامە چێشتخانەکان ئەگرێتەوە، مەمەڕەکان ئەگرێتەوە، ئەسانسێرەکان ئەگرێتەوە، ئەو

شوێنانە ئەگرێتەوە, یەعنی یەکێك هەڵدەستێ ئەڵێ نێرگەلە, ئاخر تۆ ئەبێ نەصێکی یاسایی مەعقول دابنێی, ئەماکینی عامە لەگەڵ مەرفەقاتی دەوڵەت تەواو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کەلیمەیە, سوعبەتی منالآن نییە, لە مەحزەڕ شەتب دەکرێ, کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەقریری مونەزەمەی صەحەی دەولی, ئەو دەوڵەتانەی قانونی قەتع کردنی جگارەیان بۆ دەرچووە, ئەوانەی جگەرە کێشن نیسبەتیان کەم بووە, وەکو چەند دەوڵەتێك لەوانە (کوێت, سعودیە, لوبنان, بەحرین, دوبەی), ئەوانە رێژەکەیان کەم بووە, پاش دەرچوونی قانونەکە, بەشەرتێك ئەو ماددەیە, ماددەیەکی کرۆکی ئەو قانونەیە دەتوانم بڵێم, ئەگەر جێی بکرێتەوە زۆر باشە و, پاش ئەوەی (اولاً: وسائل المواصلات العامة), مـن لەگەڵ کاك عبدالرحمانم بکرێتە (وسائل النقل العامة والخاصة), بۆ خاصە لەبەرە ئەوەی کابرایەك سەیارە لێدەخورِی, مۆبایلی لەدەستە, جگەرە دەکێشێ و سەیارەش لێدەخورِی, لەبەر ئەوە زۆر حادیسە روویداوە و, هەروەها پێشل کردنی ئازادی ئەو کەسەیە کە لەناو سەیارە لەگەڵی سوار دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبداللە محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن دوو تێبینیم هەیە, یەکێکیان لەسەر ئەو شوێنانەی کە لە پرۆژەکە هاتووە, جگەرەی تێدا قەدەغە دەکرێ, بەڕاستی هەمووی شوێنی باشن, بەلآم دەڵێ دەشێ شوێنی داخراو قەدەغە بکرێ بۆ جگەرە کێشان (یجوز), یەعنی ئەوەش بەڕاستی مەفروزە لەهەموو ئەو شوێنانەی جگەرە کێشانی تێدا قەدەغە دەکرێ, دەبێ شوێنی تایبەت بۆ جگەرە کێشان دیاری بکرێ, یەعنی وەزارەتی صەحە, یاخود دائیرەکە شوێنێك تەرخان بکات بۆ جگەرە کێشان, ئەگینا من موتەئەکیدم جگەرە دەکێشرێ و کەس گوێ ناداتە قانونەکە, ئەوە یەك, دوو/ بەنیسبەت کافتریا و چێشتخانە, لەهەموو دنیا شوێنێکی تایبەت, یەعنی مەکشوف نییە و هەوا کێشی بۆ دروست کردیە, لە کوردستان چێشتخانەك نییە سەری کراوە بێت, هەمووی داخراوەیە, دەبێ هەوا کێشی هەبێ, ئەوە بەتەعلیمات لە وەزارەتی صەحە دەربچێ, یەعنی چێشتخانە و کافتریا دەبێ جیا بکرێتەوە, بە تەعلیمات وەزارەتی صەحە لایەکی بۆ دیاری دەکات کە جگەرەی تێدا دەکێشرێ هەوا کێشی تێدایە, بەلآم بەداخەوە لەکوردستان هەوا کێش لە هیچ چێشتخانەیەك نییە, مەبەستم دووکەڵ کێشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە بەعکسەوە کاك بەڵێن, دووکەڵ کێش لەهەموو مەتعەمێك هەیە, مومکینە ئینتیباهت نەکردبێ, فەرموو.

**بەڕێز حمد عبداللە محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە, لە مەتبەخەكە هەیە, بەلاَم ئەو شوێنەی كە خواردن و خواردنەوی لێدەكرێ, هەوا كێشی نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێك لۆ مەعلوماتت, زۆر لەو سپلیتانە ئەگەر مەعلوماتەكەی بخوێنیەوە, دەڵێ هەوای پیسیش رادەكێشی بۆ دەرەوە, بەهەر حاڵ, فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێزئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لێرە حەقی خۆیەتی ئێمە دەست خۆشی لە لیژنەی قانونی و لیژنە هاوبەشەكان بكەین, لەبەر ئەوەی پێموا نییە هیچ شوێنێكیان لەبیر كردبێت كە جێی بكەینەوە, تەنها وەسائیلی هاتوچۆ لەوانەیە باس كرابێ, بەلاَم لەزۆربەی ولاَتان و لەیاسایی قەدەغەكردنی ئەو شوێنانەی كە جگەرەی لێدەكێشرێ, بەتایبەتی ناوی دێت ئەوەیش فڕۆكەخانەكانە, بۆیە پێم خۆشە ئەوەش ئیزافە بكرێ, من گوێم لێنەبوو, بۆیە ئیشارەتم پێدا, لەهەمان كات هۆتێلەكانیش, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو شوێنانەی كە لیژنەی یاسایی دیاری كردوون, زیاترە ئەوەی كە لێرە هاتووە, لەگەڵ ئەوەم كە ئەوانەش زیاد بكرێ, وەكو بەنزیخانە و شوێنی عیبادات هەتا دوایی, یان صیغەیەكی عام بكرێ, یەعنی ئەو شوێنانەی كە تەحدید كراوە, دوایش شوێنێكمان بیر دەكەوێ, ئەوە بەتەعلیمات قەدەغە دەكرێ, بەلاَم ئەمە بەیاسا, لەبەر ئەوە رەنگە صیغەیەكی عام بێت, یەعنی ئەماكینی موغلەق لەجیاتی ئەم ناوهێنانە, بەلاَم ئەگەر ناو هات ئەو شوێنانەشی تێدابێ كە لیژنەی قانونی وتوویەتی, لەسێیەم, پێشنیار دەكەم وای لێبێت (أستثناء من الحظر المذكور الاماكن المخصصة للتدخين), بەلاَم موغلەقە باشە چییە, یەعنی عقوبەی جگەرە كێشەكان ئەدەین, لەولا موغلەقە, لەولاش مفتوحە, بەڕەئیی من ئەوە هیچی نەمێنێ (أستثناء من الحظر المذكور الاماكن المخصصة للتدخين), ئیتر (في الجهات المنصوص علیها), بەلاَم لە مەتاعیم موغلەق نەبێ, لە شوێنەكانی تر موغلەق بێت, لام وایە ئەوەی ناوێ, هەر شوێنێك دابین بكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی لەو مەوزوعە باسی ئەمریكا دەكەم, لەبیدایەت كە ئەم قانونە دەرچوو, شوێنەكانیان كردبوو یەعنی عادەتەن بەشوێنی گشتی, بەشێكی هی جگەرەیە و بەشێكی هی جگەرەش نییە, تەبیعی لە بیدایەت وابوو, بەلاَم ئەو مەتاعیم و داوئیر و شەریكاتە مواجەهەی ئیشكالێكی گەورە بوون, چونكە ئەو كەسەی كە ئیش دەكات لەو مەتعەمە, دەبێ خواردن ببات بۆ ئەو شوێنەی كە جگەرەشی تیا ئەكێشرێ, هەروەها بۆ ئەو شوێنەش كە جگەرەشی تێدا ناكێشرێ, لەلایەك جەماعەتێكی رزگار كرد لە جگەرە كێشان, ئەوانەی كە جگەرە ناكێشن, بەلاَم خەڵكێكی تر هاتووچۆیان دەكات, یەعنی تووشی مواجەهەی تۆماركردنی قەزائیی زۆر بۆوە, خەڵك ئەڵی من لێرە ئیشم كردووە, بەهۆی ئەوەوە

تووشی نەخۆشی بوومە, لەبەرئەوە ئێستا ئەوە نەماوە, ئێستا لەهەموو شوێنێك مەنع كراوە, ئەمە یەكەم, دوو/ بەقەناعەتی من كە شوێنەكانمان تەحدید كرد, لەوانەیە شوێنمان لەبیر بچێت كە نەی نووسین, بۆ موستەقبەل لەوانەیە ئەو شوێنانە شمول نەكات, لەبەرئەوە صیغەیەكی عام, یەعنی بەدێرێك شوێنی گشتی و شوێنی هاتوچۆ و گشتییەكان قەدەغە بێت, ئیتر پێویست ناكرێ تەحدید بكرێ لەهەموو شوێنێك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن لە فەقەرەیەك نووسراوە, بۆ مەجلسی وزەرا هەیە هەر شوێنێك ئیزافە بكات, لەبەرئەوە هەر شوێنێك لەبیرمان چوو بێت, مەجلسی وزەرا بەپێی ئەو قانونە بۆی هەیە بەقەرارێك ئیزافەی بكات, ئەو موشكیلەیە حەل دەبێت, كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەو رەئیە دەكەم كە وەكو مەرحەلەی یەكەم لە موئەسەساتی رەسمی حكومی و ناڕەسمی دەست پێبكەین, تەبعەن هەر یاسایەك مەجالی هەمواركردنی هەیە, ئێستا بوارێكی زۆر گران دادەنێین لەسەر حكومەت, لەسەر وەزارەتی صەحە, كە هەموو ئەو مەجالاتانە دەگرێتەوە, ئەگەر بێینە سەر هەندێك مەجالات, ئێستا لەزۆر ولأت لە فەنادقیش مەمنوعە, دەچییە فندق جگارە دەكێشی, جێگایەكی خاصی هەیە, ئێستا رەنگە زەحمەت بێت لەهەرێم خیلالی سالێك بتوانین ئەو فصلە هەمووی بكەین, بۆ مەرحەلەی یەكەم تەنها تەركیز لەسەر شوێنە گشتییەكانی رەسمی و حكومی بكەین, وەكو ئەوەی فەقەرەی یەكەم هاتین مەتاعیم و مەحالی تیجاری, یەعنی وەكو چۆن یەكێك كە دەچێتە مەتعەمێك جگارە دەكێشێ, ئەوكاتە دەتوانیت لەو مەتعەمەش جگارە نەكێشی, یان مەتعەمەكە وەكو ئەوەی كاك بەلێن گوتی, دەتوانێتن جیای بكاتەوە, جێگای جگارە كێشان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, زۆر هێن كرا, تەنیا بۆ ئەوەی زۆر پێویستە ئەو ناوانە بنووسرێ, ئەو جێگایانە بنووسرێ, چونكە ئەمە قانونە, قانونیش بەدەرجە یەك دەرناكەین كە بلێین ئەو قانونە جێبەجێ دەكرێ, یان جێبەجێ ناكرێ, بەدەرجەیەك ئەو قانونە پێویستە, یان نا, ئەوە لەپێش چاوە, كە پێویست بێت, زەرور بێت بۆ كۆمەلگا دەبێ دەریبكەی و پێداویستی جێبەجێ كردنەكەش پەیدا بكەی, دوو ئینسانمان هەیە, ئێمە باسی جێگای موغلەق دەكەین, یەكێكیان جگەرە كێشە, ئەوەی تریان جگەرە ناكێشێ, ئەوەی جگەرە ناكێشێ هیچ زەرەری نییە بۆ ئەوەی كە جگەرە دەكێشێ, بەلأم ئەوەی جگەرە دەكێشێ بۆ خۆی زەرەری هەیە و, بۆ ئەوەی تەنیشتیشی زەرەری هەیە, واتا ئەو قانونە, یەكەم/ بۆ حیمایەی ئەو كەسەیە كە جگەرە ناكێشێ, خۆی جگەرە ناكێشێ, بەلأم جگەرە كێشەكە زەرەری پێدەگەینێ, جگە لەوەی كە زەرەر بەخۆشی دەگەینێ, دەمانەوێ ئەو كەسانەی كە جگەرە نەكێشن حیمایەیان بكەین, لە زەرەری ئەو كەسەی كە جگەرە دەكێشێ و, ئەگەر بتوانین ئەو كەسانەی كە جگەرە دەكێشن, بەهۆی ئەو قانونەوە كەمتر جگەرە بكێشن, یاخود تەركی بكەن, ئەوا خزمەتی

ئەوانیشمان کردووە و, بەپێی ئەو قانونەش کە دەردەچێ ڕێژەی ئەو کەسانەی کە تازە دێن فێری جگەرە دەبن کەمتر دەبێتەوە, پێش 18 ساڵی مەمنوعە جگەرە بکێشێ, تەحزیرەکە وا دەڵێ کەبترسێ لە خەترياتی جگەرە, جگەرە نەکێشێ لەمەتعەما, مەجبور دەبێ وەختی ئەو شوێنانەی کەخۆشن جگەرە تێدا نەکێشی, ئێستا برۆ بۆ ئەوروپا خۆشترین مەتعەم هەر کە دەچییە ژووری, نووسرایە هیچ شوێنی جگەرە کێشان نییە, پێنج مەتعەم دەکەی تاکو لە مەتعەمێك جێگایەکیان داناوە بۆ جگەرە کێشان, واتە دەبێ تۆ ئیختیاراتت بۆ ئەو شوێنە خۆشانە رەبتە بە جگەرە کێشان, هاندەرێك دەبێت بۆ ئەوەی جگەرە نەکێشێ, تەبعەن من مەبەستم هەندێك کەسی تایبەت نییە, هەندێك کەسی تایبەت هەیە, کە من بەحقیقەت قەت پێی ناڵێم جگەرە تەرك بکە, شاعیر هەیە ئەگەر جگەرەکەی بەدەستەوە نەبێ, شیعری بۆ نایەت, ئەوە با بۆخۆی هەر بیکێشێ, پشتگیریشی دەکەم بۆ ئەوەی شیعرە جوانەکانمان بداتێ, بەڵام ئەمە بۆ دوارۆژە, بۆ خەڵکە, بۆ کۆمەڵگایە, بۆ مناڵە بەڕاستی, لەبەرئەوە ئەو پێنج لیژنەی دوێنێ کە ئەو شوێنانەیان ئیزافە کردووە و, زۆر بە زەروری هاتووە ئێمە کۆمەڵگاکەمان ئاشنا نییە بەو خەتەری جگەرە وەکو پێویست و, ئەگەر شتی عام بنووسین تەفسیری دەکرێتن, ئێمەش نامانەوێ تەفسیر بکرێ, تەحدید بکرێ و, ئەگەر شتێکمان لەبیر چوو, ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی دراوەتێ کە ئیزافەی بکات و, هەر شوێنێکیش دائیرەیە, مەتعەمە دەتوانێت شوێنێك تەرخان بکات بۆ جگەرە کێشان, تەبعەن یەکێك مەحەلی دارتاشە, یان سەرتاشە دەتوانیت هیچ شوێنێك تەرخان نەکات, یەکسەر دەنووسی جگەرە کێشان مەمنوعە, ئەوەی دەیەوێ جگەرە بکێشێ دەتوانێت بچێتە لای سەرتاشێکی تر کە مەجالی ئەوەی داوە, بەڵام لەوێ حەقی خۆیەتی هیچ جێگایەکی تایبەت نەدات, بەڵام شوێنێکی وەکو پەرلەمان زۆرە, دەبێ شوێنێکی بۆ دابنێین, جێگایەك, یان بچێتە دەرەوە لەهەوای دەتوانێت جگەرە بکێشی, یاخود لێرە جێگایەکی بۆ دابین بکەین, وەختی جگەرە کێشانی بچێت بیکێشی, ئەوەش وا دەکات ئەگەر لەکاتی دەوامیدا پێنج جگەرە بکێشێ, بیر بکاتەوە دوو جگەرە بکێشێ, ئەوەش لەفازانجی خۆیەتی مادیەن, تەندروستییەن, بۆیە من داوا دەکەم بەو تەغییرواتانەی کە ئێستا کرا لەبەر رۆشنایی هینەکە, جارێکی تر بیخوێنەوە, بەس ئەوەندەیە بەعەرەبیەکە (یحظر التدخین بکافة اشکاله) راسترە, ئەوە چاك بکرێ, بیخوێنەوە جارێکی تر بەو تەعدیلاتانەی کەوەرمان گرت, لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی برادەران, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: يحظر التدخين بما فيها النرجلة في الأماكن العامة المغلقة التالية:=

أ= وسائل المواصلات العامة و الخاصة.

ب- المدارس و مراكز التعليم و التدريب و الجامعات و المستشفيات و المراكز الصحية و العيادات الطبية و المساجد و دور العبادة.

ج- الوزارات و الدوائر الحكومية و القضائية و الهيئات و المؤسسات العامة و الأندية الرياضية و مقار الجمعيات و المحلات العامة و داخل المصاعد و دور السينما و المسرح.

د- المنشأت الصناعية و المطارات و مراكز التسويق التجارية.

هـ- المطاعم و المخابز و المقاهي و المحال الأخرى التي تقدم الطعام أو الشراب للجمهور.

و- محطات التعبئة و التزود بالوقود.

ثانياً: يعاقب المخالف لحكم الفقرة (أولاً) اعلاه بغرامة قدرها (عشرة ألأف) دينار.

ثالثاً: لمجلس الوزراء اضافة أماكن أخرى يحظر فيها التدخين.

رابعاً: يجوز تخصيص أماكن خاصة للتدخين في ألأماكن الواردة في الفقرة (أولاً) من هذة المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا (يجوز تخصيص) تەواوە, چونکە حەلاقێك بۆچی ئیجباری بکەین جێگایەك بکاتەوە بۆ جگەرە کێشان, خۆی قەرار دەدات دەڵێ ئەوەی جگەرە دەکێشێ بانێتە لای من, کەیفی خۆیەتی, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە تەئیدی سۆزان خان دەکەم, مواصەلاَت خاصە بۆچی بچێتە ناو ئەو مەسەلەیە بەڕاستی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەبعەن لەبەر ئەوەی موناقەشەیەك لەسەر ئەو بابەتە لەفەڕەنسا گوێم لێبووە, جوابی سۆزان خان دەدەمەوە, لەوێش مەنع کراوە, دەڵێ ئەگەر بەتەنیا بێت کاتێك کە جگەرە دەکێشێ, مەجبورە خۆی شقاتە لێبدات, یان بەهەر جۆرێك جگەرە پێ بکات, ئاگای لە سیاقەتەکە نامینێ و تەئسیر دەکات, وەکو مۆبایلەکە و حەوادسی سەیارە زیاد دەکات, ئەگەر خەڵکی منداڵی لەگەڵ بێت, ساردە و پەنجەرەکانی داخستووە, واتە لەجێگایەکی موغلەقە, لەتەنیشتیشی جگەرە نەکێشێك هەیە زەرەری لێدەدات, لەو مونتەڵەقەوە مەنتقی مەنع کردنی جگەرە لەوەش ئیزافە کراوە, بەهەر حاڵ, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مواصەلاَت خاصە سایقەکە جگەرە کێش نییە, خەڵکی تری لەگەڵە عائیلەی خۆیەتی جگەرە کێشە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لەگەڵ مەبدەئەکەمان ناگونجێ, مەبدەئە عامەکە, جێگایەکە موغلەقە زەرەر لەمناڵەکە ئەداتن, کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا بۆ مەنعی سەیارات ناکەن کە تەبڵە و چەرخی تیا بێت, بۆ خۆتان ماندوو دەکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی سەیارە دروست دەکەن, ئەگەر تەماشا بکەن ئـەوەی سـواری تـەیارە ببێـت, هـەموو مەقاعیـدی تەیارە جێگای تەبڵەی جگەرەی لەتەنیشتە, ئـیلا تـەیارەی تـازە نـەبێت کـە چـوار سـاڵە, پێـنج سـاڵە دەرچووە, چونکە قانونی تازە لە تەیارە جگەرە مـەنع دەکـات, حـەز دەکـەی دە سـەعاتیش بێـت رێگـا, بەڵام زۆر لـە تـەیارەکان بەتایبـەتی تـەیارە کۆنـەکان, ئەوانـەی کـە ئێمـە هاتوچۆی پێدەکـەین, تەبڵـە جگەرەکە هەر هەیە و جگەرە کێشانیش مەمنوعە, ئەوە هـین نییـە, قـانونی دونیـا وا دەڕوات, مـەنعی بکرێتن, سەیارەی لێـدەخوڕی دەتوانیـت رابگـریتن, ئیختیلافەکـە لەسـەر مواصـەلاتی نـەقل خاصـەیە, دەیخەمە دەنگەوە بۆ ئەوەی شـتەکانمان لێتێـك نـەدات, ئـەوەی پێـی باشـە مواصـەلات خاصـەش مـەنع بکرێ, یەعنی سەیارەی تایبەتی خـۆی, دەسـتی بەرزبکاتـەوە؟ فـەرموون, ئـەوەی پێـی باشـە کـە مـەنع نەکرێ, یەعنی ئازاد بێت, واتە ئەوەی لەگەڵ رەئییەکەی کاك شـێروان و سـۆزان خـان و کـاك بارزانـە, ئـەو موقتەرەحـەی کـە دەڵـێ لەمواصـەلاتی خاصـە ئـازاد بـێتن, دەسـتی بەرزبکاتـەوە؟ فـەرموون, ئەکسەریەت دەڵێ تێدا نەبێ, کەواتە مواصەلاتی عامە و خاصەیە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تەصویتەکە خەلەلی کەوتێ, یەعنی فاصیلێکی بەینی هەردوو تەصویت بوو, یـەعنی ئێمـەش باش تەماشامان نەکرد, زۆر تەبیعیە ئیعادەی تەصویت بکەیت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئیعادەی تەصویت دەکەینەوە, کاك غفور موقتەرەحی چیت هەیە, فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمـە یاسایەك دەردەکـەین کـە بتـوانین جێبـەجێ بکـرێ, ئـەوە پێشنیارەکە زۆر باشـە, مـن تەئییـدی جەنابیشت دەکەم بۆ ئەو پێشنیارە, بەڵام چۆن تەنفیزی دەکەیت, ئەوە گرفتەکەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمـە باسمـان کـرد و روونمـان کـردەوە, یاساکە دەنێـرین کـە بـزانن پێویسـتە ئـەو یاسایە دەربچـێت, خزمەتی کۆمەڵگا دەکات, جێبەجێ کردنەکە لەسەر حکومەتـە, دەبـێ پێداویسـتی جێبـەجێ کردنەکـە دابـین بکـات, رەنگـە لـە دوو مـانگ و سێ مـانگی داهـاتوودا نـەتوانێ, ئێسـتا بـۆ ئـەو موقتەرەحـە کـە خستمانە دەنگەوە, ئەصڵی موقتەرەحەکە دەڵێ مواصەلاتی عامە و خاصـە مـەنع بکـرێ, شەرحیشـمان کرد بۆچی لە خاصەکە مەنع بکرێ, وتمان سـەیارە لێـدەخوڕی و جگـەرە پێـدەکات, یـەعنی ئیحتیمـالی حەوادس هەیە ئەگـەر کەسـێکی لەگـەڵ بێـت, جگـەرە نـەکێش بێـت مـافی دەخـورێ, منـاڵی خۆیـەتی, خزمی خۆیەتی, برادەری خۆیەتی ئەوە تەئسیری لێدەکات, ئەو قانونە هەدەفی سـەرەکی ئەوەیـە, ئـەو خەڵکە تووشی زەرەر نەبێت, رەئییێکی تر هەیە دەڵێ نـەخێر ئـەوە حوریـەتێکی تایبەتییـە, سـەیارەی خۆیەتی دەتوانێت جگەرەی تێدا بکێشێ, جا موقتەرەحی یەکەم ئەوەیە کە منع بکرێ لـە مواصـەلاتی عامە و خاصە, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مەنع بکرێ لەمواصەلاتی عامـە و خاصـە, دەسـتی بەرزبکاتـەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەوەیە لە خاصەکە مەنع نەکرێ دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کاك بەڵێن زۆر فەرقی هەیە, ناژمێردرێ تەقریبی بیست دەنگ فەرقی هەیە, یەعنی بەزۆرینـەی دەنـگ موقتـەرەحی

یەکەم وەرگیرا, کە لەمواصەلاتی عامە وخاصە مەنع بکرێ, صیغەکەی یەکەم کە هەرچوار لیژنە ئیتیفاقیان لەسەر کردووە, لەبەر رۆشنایی موداخەلەی ئێوە مەنعی تەدخین لەمواصەلاتی عامە و خاصە, خستمانە دەنگەوە, دەنگیان بۆ ئەوە دا خاصەکە ئیزافە بکرێ, نەصی هینەکەش خوێنداریەوە, فەرموو کاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم لە تەعدیلاتەکە نەهات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگمان بۆدا, تەصویتمان کرد, کاك حاتم ئەوەی کە فەقەرەی پەرلەمانمان ئیزافە کرد و دەنگمان بۆدا, یەعنی تەسبیت بوو, دەبێتە فەقەرەی یەکەم, فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیارەی خاص مەنع بکرێ بڵێین زیاتر کە موشکیلەی منالٚی تێدایە, کەواتە دەبێ لەناو هەموو خێزانەکانیش مەنع بکرێ, چونکە ئەوەندەی لەناو خێزانەکان منالٚی تێدایە, لەو ڕووەوە تووشی ئازار و مەینەت دەبێ لەوەی کە سەعاتێك لەناو سەیارەیە تووشی ئازار نابێت, یان دەبێ لەوێش مەنع بکرێ, یان دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئەوە دەنگمان بۆدا, دووەمینش ئەوە بێجگە لەوەی کە خەتەری منالٚەکەی هەیە, خەتەری حەوادسی هەیە, خەتەری زەرەری خۆی هەیە, فەوتاندنی منالٚ هەیە, بێجگە لەوەش کە جگەرەکە فڕی دەدات زەرەری بیئەشی هەیە, لەمالٚی خۆی ئێمە ناتوانین فەرزی بکەین, خۆی دەبێ موڕاقەبەی خۆی بکات, کاك کاکە ئەگەر هەمووی بیخوێنیەوە بەو فەقەرەی کە بیدایەتەکەش ئیزافەمان کرد, بۆ پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەوانە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

اولاً: يحظر التدخين بما فيها النرجلة في الأماكن العامة المغلقة التالية:=

أ- الرئاسة الاقليم.

ب- المجلس الوطني لكوردستان - العراق.

ج- المجلس الوزراء الاقليم كوردستان - العراق.

د- وسائل المواصلات العامة و الخاصة.

هـ- المدارس و مراكز التعليم و التدريب و الجامعات و المستشفيات و المراكز الصحية و العيادات الطبية و المساجد و دور العبادة.

و- الوزارات و الدوائر الحكومية و القضائية و الهيئات و المؤسسات العامة و الأندية الرياضية و مقار الجمعيات و المحلات العامة و داخل المصاعد و دور السينما و المسرح.

ح- المنشأت الصناعية و المطارات و مراكز التسويق التجارية.

ر- المطاعم و المخابز و المقاهي و المحال الأخرى التى تقدم الطعام أو الشراب للجمهور.

ز- محطات التعبئة و التزود بالوقود.

ثانياً: يعاقب المخالف لحكم الفقرة (أولاً) اعلاه بغرامة قدرها (عشرة ألأف) دينار.

ثالثاً: لمجلس الوزراء اضافة أماكن أخرى يحظر فيها التدخين.

رابعاً: يجوز تخصيص أماكن خاصة للتدخين في ألأماكن الواردة في الفقرة (أولاً) من هذة المادة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

توخوا قسەكانتان تۆزێ بەئصولێ بێت, نا ئصولی نییە, ئەوەلن داوای قسەت نەكردووە, تۆ رەئیەكت هەیە, بەلأم ئیحترامی رەئیی زۆرینە بگرە, بەپێی ئصولێش قسە بكە, خۆت دەزانی بەپێی قانون داخلی تەعلیق لێدان نابێت, رەئیی ئەكسەریەت وایان داوە, ئەوە رەئیی خۆتە, ئێمە ژماردمان، دیارە دوو جاریش ئیعادەمان كردەوە, هەر كەسێ بەدڵی نەبێت و تەفسیر بكات بەكەیفی خۆی, ئەوە لەبەر چاوی هەموویانە, رەئیان وایە با قسەی بكەن, بەلأم تۆ رەئییەكت هەیە دەبێ داوای قسە بكەی, ئینجا بۆت هەیە قسە بكەیت, تەعلیقەكەشت بەم شێوەیە نابێ بدرێ, چونكە ئەوە لەگەڵ زۆرینەی دەنگەوە, نابێ, باشە ماددەكە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵێەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, چوار كەس لەگەڵدا نییە, كەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس, فەرموو بڕۆ سەر ماددەی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: وەزارەتەكانی ژینگە و تەندروستی كاری گونجاو بۆ هۆشیار كردنی تەندروستی و نەهێشتنی جگەرە كێشان بەهەموو هۆیەك ئەنجام دەدان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة (11): تتخذ وزارتى البيئة و الصحة الاجراءات المناسبة للتوعية الصحية و مكافحة التدخين بجميع الوسائل.

ئەمە لیژنەی هاوبەش بەم جۆرەی دارِشتووە:

**المادة (11): تقوم وزارة الصحة بالتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة بالتوعية الصحية لحظر التدخين بجميع الوسائل.**

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی یازدەم:**

**وەزارەتی تەندورستی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان هۆشیاری تەندروستی بۆ نەهێشتنی جگەرە كێشان بەهەموو جۆرەكانیەوە ئەنجام دەدات.**

**بەڕێز د. زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**زۆر سوپاس, بەڕاستی لێرە دەور درا بە چەند وەزارەتێك بۆ مەنع كردنی جگەرە كێشان, یەك وەزارەتی زۆر گرنگمان لەبیر چووە, یەك ماددەی زۆر موهیمە ئەویش نرخی پاكەتی جگەرەیە, من لێرە وا دەبینم كە وەزارەتی مالیەش تەكلیف بكەن بۆ دانانی باجێك لەسەر ئەو پاكەتە, هەتا پاكەت لەولاتی ئێمە 500 دینار بێت, وابزانم ناتوانین تەركی بكەین, ئەڵێ (جمیع الوسائل), جەمیع وەسائیل ئەوەیە باجێكیان لێوەرگرێ, با نرخی پاكەت وردە وردە, ساڵ بەساڵ زیاد بكات, تا وای لێبێت پاكەتی ببێتە 10 هەزار دینار, ئەوكاتی خەڵك نایكێشێ, ئەمەش یەك لە وەسائیله هەرە گرنگەكانە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك دكتۆر ئەوە دەبێ بە قانون بێت, دەتوانیت بیكەیە پرۆژەیەك لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بینێری بۆ ئێمە, بەڵێی كاكە ئێمە فەرزی دەكەین, یەعنی ئەوە بەتەعلیماتە, دەتوانیت گومرگیش زیاد بكەیت, یان دەتوانی وەزارەتی مالیە خۆی داوا بكات, بەلام شەرت نییە لێرە ئیزافەی بكەین, لەسەر ئەو ماددەیە كەس قسەی هەیە؟ باشە ناوەكان دەنووسم, فەرموو كاك ئارام.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەم یاسایە زۆرمان قورس كردووە بۆ جگەرە كێشان, بەتایبەتی بۆ ئەوەی كە هەوڵبدەین رێژەی جگەرەكێشان كەم بكەینەوە لەهەرێم, من پێم وایە لێرە دەبێ ئەركێكی تر بخەینە سەر وەزارەتی تەندروستی, ئەویش بەكردنەوەی سەنتەری رێنمایی و هاوكاری, بۆ ئەو خەڵكانەی كە دەیانەوێ وازبهێنن لە جگەرە كێشان, هەروەك جەنابیشت ئیشارەتت پێدا, بەڕاستی لەهەرێمی كوردستان لەوانەیە خەڵك, جەماوەر بەگشتی بەتەواوی شارەزای مەترسییەكانی جگەرە كێشان نەبێت, یەكێك لە رێگایەكان باسی رێكلام كرا, پێشتر چۆن دەڵێی دژە رێكلام جگەرەیە, ئەویش كە رێكلامی مەترسیەكانی جگەرەیە لەسەر ژیان و تاك و كۆمەڵگا, رێگای تریش سەنتەرەكانە, بۆ نموونە لەزۆر لە**

ولأتانی ئەوروپی 24 سەعاتە هەیە، هەتا لەرێگای تەلەفۆن، ئەو کەسەی کە تازە دەیەوێ غیرەتێك بداتە خۆی، قەراری داوە واز لە جگەرە کێشان بهێنێت، نیوە شەو لەوانەیە ئارەزووی جگەرە کێشانی هەبێت، تەلەفۆن دەکات، نەفەرێك نیوسەعات یان سەعاتێك قسەی لەگەڵ دەکات لە سەنتەرەکە بەس بۆ ئەوەی کە هەوڵ بدات لەبیری بباتەوە، زیاتر تەشجیعی بکات، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر هەوڵدانی وازهێنانەکەی، بۆیە من پێم وایە وەزارەتی تەندروستی ئەبێ ئەوەش بخاتە بەرنامەی خۆیەوە، کە لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان سەنتەر هەبێت بۆ رێنمایی خەڵك، زۆر سوپاس.

**بەرێز کریم مجید شریف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی جەنابی وەزیر زۆر باشە، بەزیاد کردنی سعری پاکەت، بەراستی بۆ ئەوەی سعرەکەی تۆزێ بەرزببێتەوە و، هەموو کەس نەتوانێ بیکرێ ئەوە شتێکی ئصولییە، سەبارەت بە ئەرکی وەزارەتی تەندروستی لەرووی وشیاریەوە بۆ هاولاتی، ئەوە ئیشێکە، لەراستی ئەوانەی کە مودمین بوون بە جگەرە کێشان، پەیداکردنی داو دەرمان بۆیان، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان لەرووی صەحی و تەندروستیەوە، من پێم باشە لەهەر مەرکەزێکی پارێزگا، مەرکەزێکی صەحی بکرێتەوە، تایبەت بێت بە چارەسەرکردنی ئەوانەی داوا دەکەن لەرووی تەندروستییەوە، لەرووی توبیەوە چارەسەرییان بکرێ، بۆ ئەوەی جگەرە تەرك بکەن، سوپاس.

**بەرێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (حظر) بکرێتە (مکافحة)، چونکە عینوانی قانونەکە موکافەحەی تەدخینە، ئەوە یەك، دووەم/ مونەزەماتی موجتەمەعاتی مەدەنی ئیزافە بکرێ، لەدوای (مع الوزارات ذات العلاقة)، مونزەماتی موجتەمەعی مەدەنی دەورێکی بالأیان هەیە و، لەکۆتایەکەش بنووسین (و القیام بحملات منتظمة)، حەملەی بۆ بکرێ ئەو مەسەلەیە، سوپاس.

**بەرێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی 11 وەزارەتەکانی ژینگە و تەندروستی، کاری گونجاو بۆ نەهێشتنی جگەرە کێشان بەهەموو هۆیەك پێشان بدەن، کە دەڵێ بەهەموو هۆیەك، ئەوە موڵصەقاتی جیداری دەگرێتەوە، کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری دەگرێتەوە، بەرنامەی تایبەتی لە تەلەفزیۆنەکان دەگرێتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، لەدوای ئەوەی کە دەڵێ وەزارەتەکانی ژینگە و تەندروستی، بنووسرێ بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن، چونکە دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن هەم رێنمایەکان بلأوبکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا کۆڕ و کۆبوونەوەکان بگوازنەوە و، بەرنامەی تایبەتیش پێشەکەش بکرێ، تەنسیقێك هەبێ لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن کارێکی باش دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی, مولاّحەزەتان چییە لەسەر ئەو تەعلیقاتەی کە درا, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (حظر التدخين), فیعلەن قسەکەی کاك زانایە, چونکە ئێمە قانونەکەمان قانونی موکافەحەی تەدخینە, دەبێ ئەوەش وەکی ئەو بکەینە تەحزیری موکافەحاتی تەدخین, چونکە تەوعیە صەحیەکەی بۆ ئەوەیە, بەلاّم ئەوەی تر کە ئێمە وەزارەتی صەحەمان سولّتە داییّ, بۆ ئەوەی تەوعیەی صەحی باکات, بەهەموو جۆرێك دەتوانیّ, ئیداریەن, نەفسیەن, مەعنەویەن دەعمی بکات, یەعنی تەوعییەیان بکات, مەراکز بکاتەوە, مۆزەفینی تایبەتی بۆ هەمووان دابین بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵیّ وزارەتی صەحە و ژینگە, لێرە موفتەرەحی ئێوە بەس تەندروستیتان نووسیبوو, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە وتمان وەزارەتی مەعنی, وەزارەتی ژینگەش دەگرێتەوە, وەزارەتی تیجاریەش دەگرێتەوە, وەزارەتی مالییەش دەگرێتەوە, هەر وەزارەتێك کە پەیوەندی بەو شتە هەبێت, دەتوانێت تەوعییەی بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بەگۆڕینی ئەو موکافەحەیە, بیخوێنەوە ماددەکە, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (11): تقوم وزارة الصحة بالتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة بالتوعية الصحية لمكافحة التدخين بجميع الوسائل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە لەگەڵ ئەو تەعدیلەی کە کرا, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس لەگەڵدا نییە, بە ئەکسەریەت ئەو ماددەیە وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەی تر, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەبەر ئەوەی لە ماددەکان هەر حوکمێکمان, عقوبەکەمان لەگەڵ داناوە, بۆیە پێویست ناکات ماددەی 12 و 13 قسەی لەسەر بکرێ, چونکە ئەوانە چووینە سەر ماددەکانی تر, ئەویش رەئیی ئێوەی بەڕێزە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێوە داوا دەكەن ماددەی 12 و 13 ئیلغا بكرێ, ئەگەر كەس قسەی نییە, لەسەر موقتەرەحەكە كە دەڵێ 12 و 13 ئیلغا بكرێ, ئەگەر كەس قسەی نییە, فەرموو كاك عزالدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئیلغا كردنی هەر دوو ماددەكەم, بەلاًم یەك شت ماوە, وابزانم ئەو قانونە پێی تەوعیە و عقوبات, تەنفیزەكە زۆر لاواز دەبێ, بەلاًم یەك شت هەیە كە تەنفیزەكە زۆر بەقوەت بكات, ئەویش فەرزی زەرائیب لەسەر ئیستیرادی جگەرە, لەماددەكی زیاد بكەن, لەجیاتی ئەوەی هەردوو ماددەكە, ماددەك زیاد بكەن, (زیادة نسبة الضرائب علی إستراد السجائر و معامل صنعها), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی 12 فعلەن زیادە, لەشوێنی تر هاتووە, زیادە لێرە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاسایە, كە ماددەی 12 ئیلغا بكرێتەوە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ ئەو ماددەیە حەزف كرا, بەلاًم ماددەی 13 ئەوە بۆ حەزف بكرێ, ماددەی 13 ماددەیەكی قانونییە لەهەموو یاساكان هاتووە, (علی مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفیذ أحكام هذا القانون), باشە ماددەی دواتر بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 13: مع عدم الاخلال بایة عقوبة اشد یعاقب بالحبس مدة لاتزید علی (سنة واحدة) وبغرامة لا تقل عن () دینار ولا تزید علی () دنیاراً او باحدی هاتین العقوبتین كل من خالف أحكام هذا القانون وفي حالة العود تكون العقوبة الحبس و الغرامة معاً المنصوص علیها في هذة المادة.

ئێمە ئەگەر ئەوەی دابنێین, ئەو عقوباتانەی پێشوو هەمووی باتڵ دەبێ, ئەی ئێمە چیمان كردیە, بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن ئێمە لەهەر حوكمێك عقوبەكەمان بۆداناوە, ئێستا بەعومومی دیسان بڵێینەوە, هەر ماددەیەك لەو ماددانە ئەگەر موخالەفە كرا, عقوبەكەی ئەوەندە دەبێ, مانای وایە ئەدی ئەوانی تر چی لێهات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاًحەزەكەی لیژنەی یاسایی راستە, ئێمە لێرە باسی عقوبە دەكەین, لە دوو جێگای تر باسمان كردووە, تەسبیتمان كردووە بە عقوبەی موختەلیف, ئەوە فعلەن زیادە, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێ, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ ئەو ماددەیەش حەزف كرا, فەرموو بڕۆ سەر ماددەی پاشی.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 14: پێویستە وەزیری ژینگە و تەندروستی ڕێنمایی پێویست دەربچوێنن, بۆ ئاسانكاری حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 14: على وزير البيئة و الصحة إصدار التعليمات الموحدة اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی 12 و 13 حەزف كرا, جارێكی تر بیخوێنەوە, بۆ ئەوەی ئیلتیباسی تێدا نەبێ, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 12: المادة يعقاب بالغرامة لاتقل عن () ولا تزيد عن ) كل من وضع السجائر او التبغ او مشتقاته او سمح بالتدخين في الاماكن المحظور التدخين فيها, و في حالة العود تكون العقوبة الحبس لمدة لا تقل عن (ثلاثة أشهر) او بغرامة بالغة ( ) ديناراً.

المادة 13: مع عدم الاخلال باية عقوبة اشد يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على (سنة واحدة) وبغرامة لا تقل عن () ديناراً ولا تزيد على () ديناراً او باحد هاتين العقوبتين كل من خالف احكام هذا القانون وفي حالة العود تكون العقوبة الحبس والغرامة معاً المنصوص عليها في هذة المادة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خەلەلێك هەبوو لەو دەنگدانە, بەلآم بۆ تەئەكید ئەو دوو ماددەیەی كە خوێندرایەوە دەنگتان بۆدا, ئەوانە ئیلغا كرا, ئێستا لەبەر تەسەلسولەكە ڕەنگە ئیلتیباسێك هەبووبێ, ئێستا ئەو ماددەیەی دەخوێنێتەوە, بەلآم تەعدیل كراوە, باسی بكە تەعدیلەكە چییە؟ موفتەرەحتان چییە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 12: على وزارة الصحة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(على وزير الصحة), بۆ ئەوەی لێمان هین نەبێت, ئەو ماددەیە ماوە ئیلغا نەكراوە, تەبیعییە دەبێ دەریشبهێنین, لەسەر وەزیری تەندروست ڕێنمایی پێویست دەربهێنی بۆ جێبەجێ كردنی ئەو ماددەیە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵكرا, ئەوەش تەواو بوو, بڕۆ ماددەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو هەموو یاسایەکانی تر لە لیژنەی هاوبەش, ماددەیەکی ترمان داناوە کە لەهەموو یاسایەکان دێت, ئەوەیش ئەوەیە:

المادة 13: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د0 فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم: لەسەر وەزارەتی تەندروستیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, لەموناقەشەی فەقەراتی پێشتر, تەبعەن موداخەلات هاتە پێشەوە لەسەر دەوری وەزارەتی پیشەسازی, ئەوەی کە کاك زرار باسی کرد, موقتەرەحێك هات کاك جەمالیش باسی کرد, خستمە ئێرە ئەگەر پێتان باش بێت ئەو مادەیەش ئیزافە بکەین, بۆ ئەوەی ئەو لایەنەش پڕبکاتەوە, بەعەرەبی نووسیتی (تقوم وزارة الصناعة بالتنسيق مع وزارة الصحة بالجراء الرقابة النوعية على التبوغ المحلية لتأكد على مطابقتها مع المواصفات المعمول بها دوليا), ئەوەش لەشوێنی خۆیدا جێگای ببێتەوە, بۆ ئەوەی ئەو کەلەنە کە وەزارەتی پیشەسازی پێ هەڵدەستێ پڕببێتەوە, فەرموو کاك زرار نوقتەی نیزامت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەحەلی و ئەجنبی هەردووکی تێدا بێت, چونکە ئەوە هەردووکیان بەبێ وەزارەتی صەحە ناکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(على التبوغ المحليه والمستورده), کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وەزارەتی تیجارەشی بۆ زیاد بکرێ باشترە, چونکە وەزارەتی بازرگانی موکەلەفە بەهێنان و بردنی, ئەویش زیاتر مەسەلەی کۆنتڕۆڵەکە دەکاتن لەڕووی نەوعیەتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر, لەوێ موعالەجە کرایە, ئێمە بەس فەقەت تووتنە لێرە کە دێتە وەزارەتی پیشەسازی, لەوێ مەکائینیان هەیە, فیئەتیان هەیە, تەخمینی دەکات, شتەکانی لێ جیا دەکاتەوە, عیلاقەی بە وەزارەتی بازرگانی نییە, فەقەت عیلاقەی بە وەزارەتی پیشەسازیەوە هەیە, کە تووتن دەهێنێ بەپێی فەقەرەی

یەکەم دەبێ ئیجازە وەربگرێ, ئەوە لەجێگایەکی تر نووسراوە, بەڵام ئـەوەی تووتنـە کـە دەبـێ بچێتە وەزارەتی پیشەسازی ئاماژەی پێ بکرێ, کە دەبێ وەزارەتی پیشەسازی رەقابەی لەسەر هەبێتن, مادەکە دەخەمە دەنگەوە, فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە, بەڵام ئەو موفتەرەحەی کاك عزەدین کردی لەسەر زەریبە بۆ کۆنتڕۆڵ کردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو بوو, گوتمان لێرە جێگای نابێتـەوە, دەبـێ بـە قـانون بێـت, ئێمـە دەنگمـان بـۆدا, بەعەرەبیەکەی دەخوێنمـەوە, ئـەو مادەیـە کـە موفتەرەحـە لەلایـەن کـاك جـەمال تەئکیـد کـراوە و, پێشـتر کـاك زرار ئاماژەی پێ کرد و, لیژنەی یاسایش دیارە پێیان باشە (تقوم وزارة الصناعة بالتنسيق مع وزارة الصحة بالجراء الرقابة النوعية على التبوغ المحلية والمستوردة للتأكد على مطابقتها مـع المواصـفات المعمـول بهـا دوليا), کێ لەگەڵ ئەو مادەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتـەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەو مادەیە ئیزافە کرا, مادەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـادەی (15): ئـەم یاسـایە دوای رەت بـوونی 90 رۆژ لـە رۆژی بڵاوکردنـەوەی لـە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (15): ينفذ هذا القانون بعد مضـي تسعون يومـاً علـى تـاريخ نشـره في الجريـدة الرسميـة (وقـائع كوردستان).

ئێمە ئەوەمان گۆڕییە, لەگەڵ لیژنەی هاوبەش ئیتیفاقمان کردیە کە بەم شێوەی خوارەوە بێت:

المادة (14): ينفذ هذا القانون اعتبـاراً مـن اليـوم الحـادي و الـثلاثين لشهر مـايس, 2008 اليـوم العـالمي لمكافحة التدخين و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەوت مانگ گەلێك زۆرە, باشە با قسەی لەسەر بکەین, فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم نەوەت رۆژەی دانراوە زۆر کەمە, ئەگـەر وەزارەتـی تەندروسـتی لـە ئێسـتاوە بـۆ سـێ مانگی تریش کۆبوونەوە بکات حازر نابێت, بۆیە من پێشنیار دەکەم مودەکەی لـە شـەش مـانگ کـەمتر نەبێت, ئەو پێشنیارەی لیژنەی هاوبەشیش شتێکی خراپ نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**سوپاس, من تێكەڵم كرد لە تاریخەكەی, وامزانی عیدی عوماله, لێم تێكچوو, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**منیش لەگەڵ لیژنـەی یاسایی و هاوبەشـم و, لەگـەڵ رەئیەكـەی كـاك ئارامیشـم شـەش مـانگ كـاتێكی گونجاوە, چونكە موناسەبەیەكی جیهانیشە كە رۆژی مەنعی تەدخینی عالەمییە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**باشە, موقتەرەحی لیژنەی یاسایی با بیخوێنێتەوە دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة (14):**

**ینفذ هذا القانون اعتباراً من الیوم الحادي و الثلاثین لشهر مایس, 2008 الیوم العالمي لمكافحة التدخین و ینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز د0 فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**مادەی (14):**

**ئـەم یاسـایە لـەرۆژی سـی و یەكـەمی مـانگی مایسـی سـاڵی 2008 رۆژی جیهـانی بەرەنگاربوونـەوەی جگەرەكێشان جێبەجێ دەكرێ و لەرۆژنامەی فەرمیی (وەقائیعی كوردستان) بلاْودەكرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**باشە, كێ لەگەڵ ئەو مادەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییـە, دەسـتی بەرزبكاتـەوە؟ فەرموون, بەئەكسەریەت ئەو مادەیە وەرگیرا, ئەسبابی موجەبە بخوێنەوە, فەرموو.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هۆیە پێویستیەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

**لـەپێناو بەرژەوەنـدی گشـتی و پاراسـتنی مرۆڤـی كوردسـتانی لەمەترسـیەكانی كـە تووشـی دەبـێ لـە ئــەنجامی جگەرەكێشــان و لــە پێنــاو كۆمەڵگایــەكی كوردســتانی تەندروســتی بــێ جگەرەكێشــان لــە ژینگەیـەكی پـاك و دروسـت بـۆ هاووڵاتیـان بـۆ دانـانی مـەرجی بـەرز بـۆ نەهێشـتنی جگەرەكێشـان و قەدەغــەكردنی لــە شــوێنە گشــتیە داخراوەكــان و قەدەغــەكردن و ریكــلام كــردن بــۆ تــووتن و بەرووبومەكانی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی قسە بکەین, باشە فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتووە, (من أجل بيئة نقية و صيحة للمواطنين), لام وایە ئەو عیبارەتە جێگای خۆی نییە, چونکە بەقەدەغەکردنی جگەرە ئەم بیئە نەقیە ئەمڕۆ لەکوردستان تەوفیر نابێت, بۆ قانونەکە بەیانی ئەیبینن, لەبەر خاتری قانونەکە ئەمە زیادە, ئەمە یەك, دوو/ من مولاحەزەیەکم هەیە, لام وایە نیزامی بێت, ئێمە هەمووجار باس دەکەین و دەڵێین راپۆرتی لیژنەی هاوبەش, راپۆرتی هەر دوو لیژنەیە, نەك راپۆرتی لیژنەی هاوبەش, چونکە لیژنەیەکی هاوبەش دانەنراوە لە نێوان هەردوو لیجنە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنی هاوبەش, دوێنێ پێنج لیژنە کۆبوونەوەیان کرد, لەدانیشتنێکدا ئەو راپۆرتەیان تەوحید کرد, کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە, ئەوە راپۆرتی هاوبەشی لیژنەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بيئە صحيە ونقيە), لەپێناوی جگەرە نەهێشتن بیئە پاکتر دەکاتەوە و صەحەتیش باشتر دەکات, مامۆستا فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەئەسبابی موجەبە کە دەڵێ (من أجل المصلحە العامە و حمايە الانسان الكوردستانی), ئەو کوردستانە لەوێ لابچێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە لیژنەی یاسایی لایان بردووە, دەڵێ (پاراستنی هاوولاتی), من پێش ئەوەی پرۆژەکە هەمووی بخەمە دەنگدانەوە, شەتبی قسەکانی کاك مەلا سەعدالدین دەکەم لە مەحزەرەکە, رەئیی لیژنەی هاوبەش لەسەر ئەسبابی موجەبە بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

من أجل المصلحة العامة و حماية المواطنين من الأخطار التي يتعرض لها جراء التدخين و من أجل مجتمع صحي خال من التدخين و بيئة نقية و صحية للمواطنين و بغية وضع ظوابط لحظر التدخين و منعها في الأماكن العامة المغلقة و حظر الاعلان و الدعاية للتبغ و مشتقاته فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د0 فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارە پێویستەکان**

لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی هاوولاّتیان لەو مەترسیانەی بەهۆی جگەرە کێشان دووچاریان دەبێتەوە و لەپێناو کۆمەلگەیەکی تەندروست و خالّی لەجگەرەکێشان و بوونی ژینگەیەکی خاوێن و تەندروست بۆ هاوولاّتیان و لەپێناو پابەندبوون بە نەهێشتنی جگەرەکێشان و قەدەغەکردنی لە شوێنە گشتیە داخراوەکاندا و قەدەغەکردنی راگەیاندن و ریکلام بۆ تووتن و لێ وەرگیراوەکانی ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پڕۆژەکە لەگەلّ ئەسبابی موجەبە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەلّیەتی کە وەکو یاسا دەربچێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەلّدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا و قبولّ کرا, هەر دەمەوێ ئەوە هین بکەمەوە هەر بۆ تەئکید, ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەی من نەبوو, پڕۆژەی 63 ئەندامی پەرلەمان بوو, پێنج, شەش مانگیشی خایاندووە تاکو هاتۆتە بەرنامەی کار, دەبێ هەمووامان پابەند بین بە دیموکراتیەت و زۆرینە و کەمینەی دەنگ ئیلتیزام بکەین بە پەیڕەوی ناوەخۆ, ئەگەر هەلّەیەکیشمان کرد, هەر لە حدودی هۆلّەکەی موعالەجە بکرێ, کە لێرە دەربچین کەس لە هینی نەمینێ, ئیمکان نییە هەموو یاسایەك بتوانێ سەد لە سەد رەچاوی مەصلّەحەتی گشتی بکات, بەلاّم عەدالەت و حەق و واجب چییە ئەوە لەسەر ئێمەیە بیکەین, پیرۆزبایی لە خۆمان و گەلی کوردستان دەکەین, پێم وایە ئەوە هەنگاوێکی باشە بۆ پێشخستنی کۆمەلّ, داوا لەوەزیری تەندروستی دەکەم, بۆ ئەوەی دوا قسەی بفەرمووێ, فەرموو.

**بەڕێز د0 زریان عثمان/(وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, زۆر سوپاستان دەکەم, زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەی کە دەنگیاندا و, ئەوانەی دەنگیشیان نەدا دەکەم, کە بەشدار بوون لە زیاتر دەولّەمەند کردن و لێکۆلّینەوەی ئەم مەوزوعە, بەتایبەت ئەو بەڕێزانەی کە ئەو پڕۆژەیان پێشکەش کرد و خۆیان لەسەری ماندووکرد, هیوادارام پڕۆژەیەك بێت بۆ نەوەی داهاتوومان, بۆ تەندروستیەکی پاك و خاوێن, بۆ پاراستنی ژینگە و تەندروستی لە هەرێمی کوردستان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, برگەی دووەمی بەرنامەی کار دیارە وەخت نەماوە, رەئیمان وایە دوای بخەین, کە (خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای رێکخستنی مولّکیەتی

کشتوکاڵی ژمارە (90)ی ساڵی 1957, کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە). دەیخەمە دەنگەوە بۆ دوا خستنی, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوە نووسراوتان بۆ ئێمە ئاراستە کردووە, بۆ هەفتەی داهاتوو بەرنامەی کار دیاری کراوە, بەیانی مەجالمان هەیە, ئەو قانونە نزیکەی ساڵێکە هاتووە, ئێمە گەیشتووینەتە راپۆرتێکی موشتەریك, ئەگەر بەیانی ئەو قانونە گفتوگۆ بکەین هەمووی یەك مادەیە, بۆ دوای بخەینە رۆژی دووشەممە, من تێناگەم بەڕاستی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحێك هەیە کە بەیانی بیکەین, موقتەرەحێکیش هەیە دەڵێ رۆژی دووشەم بیکەین, کێ لەگەڵ ئەوەیە بخرێتە رۆژی دووشەم, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەوەیە بخرێتە بەیانی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەکسەریەت ئەوەیە بخرێتە رۆژی دووشەممە, ئەوە یەك, بەرنامەی کار بۆ رۆژی دووشەممە جگە لەو بڕگەیە ئەگەر تەواومان کرد, یەعنی بەرنامەی کارمان بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم/ مادەی 90 دەبێت.

دووەم/ پرۆژە یاسای هەموارکردنی ژمارە 7 ساڵی 1992 یاسای خانەنشین کردنی کەم ئەندامانی پێشمەرگە.

سێیەم/ پرۆژە یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە.

بەپێی تەسەلسول هەفتەی داهاتوو, ئەگەر کرا تەواوی دەکەین, پاش ئەو یاسایانە قانونی رۆژنامەنووسی ئینشائەلا تەواو دەکەین, کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنین تا رۆژی دووشەممە, سەعات 11, گەلێك بەخێربێن سەرچاو, فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)**

**دوو شەممە رێکەوتی 19\11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (23)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/11/19

**كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/11/19 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان ڕشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن, بە ئامادەبوونی بەڕێز**

محمد   قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانیشتنى ژمارە (23)ى خولى دووەم, ساڵى (2007) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى ماددە (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكایەتى ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنى ژمارەى (23)ى خولى گرێدانى دووەمى ساڵى سێیەمى خولى هەڵبژاردنى دووەمى پەرلەمانى كوردستان – عێراق, بەرنامەى كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژەى یاساى یەكەم هەموار كردنى یاساى رێكخستنى موڵكیەتى كشتوكاڵى ژمارە (90)ى ساڵى 1975، كە لە لایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژەى یاساى هەموار كردنى یاساى ژمارە (9)ى ساڵى 1992ى یاساى رێزلێنانى پێشمەرگە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژەى یاساى هەموار كردنى یاساى ژمارە (7)ى ساڵى 1992ى یاساى خانەنشین كردنى كەم ئەندامانى پێشمەرگە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژەى یاساى راژەو خانەنشینى پێشمەرگە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**بەناوى خواى گەورەو میهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستان دانیشتنى ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى ماددە (20) لە پێڕەوى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەموار كراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكایەتیى ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەى كارى دانیشتنى ژمارە (23)ى خولى دووەمى هەڵبژاردن لە كات(11)ى پێش نیوەڕۆى رۆژى دوو شەممە رێكەوتى 2007/11/19دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژەى یاساى یەكەم هەموار كردنى یاساى رێكخستنى موڵكیەتى كشتوكاڵى ژمارە (90)ى ساڵى 1975، كە لە لایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژەى یاساى هەموار كردنى یاساى ژمارە (9)ى ساڵى 1992ى یاساى رێزلێنانى پێشمەرگە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژەى یاساى هەموار كردنى یاساى ژمارە (7)ى ساڵى 1992ى یاساى خانەنشین كردنى كەم ئەندامانى پێشمەرگە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژەى یاساى راژەو خانەنشینى پێشمەرگە.

سەرەتا بەخێرهاتنى كاك عبدالعزیز وەزیرى كشتوكاڵ دەكەم، لەگەڵ بەڕێز كاك سەعد وەزیرى هەرێم بۆ كاروبارى پەرلەمان، كاكە حەمەش هەر وەزیرە ئەویش بەخێر بێت، لەبەر ئەوەى وەزیرە موحاسەبە ناكرێت بەپێى نیزامى داخیلى بەخێر بێن سەرچاوان، داوا لە لیژنەى یاسایى و لیژنەى كشتوكاڵ دەكەم بێن لە شوێنى خۆیان دابنیشن، كاك رەشادیش راپۆرتى لیژنەى شارەوانى هەیە با بفەرموویت، بڕگەى یەك

له بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکیەتی کشتوکاڵی ژمارە (90)ی ساڵی 1975، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.
دیارە ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکی گرنگە، دەمێکە باسی لەسەر دەکرێتن، خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی دەکاتن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە مەشمول دەبن بەو قەرارە، بۆیە لە پاش خوێندنەوەی یەکەمی تۆزێك دواکەوت، بۆ ئەوەی لیژنەکان راپۆرتی خۆیان حازر بکەن، ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم راپۆرتی خۆیان بخوێننەوە، لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ راپۆرتێکی هاوبەشیان هەیە، دواتریش گوێبیستی رای لیژنەی شارەوانی دەبین، فەرموون، حەز دەکەن یەکەم جار ئەسڵی ماددەکە بخوێننەوە، کورتە، یەعنی ماددە بە ماددە، پاشان رەئی لیژنەکان لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا لە ماددەی یەکەوە دەست پێ دەکەین، برای بەڕێزم کاك عەونی ماددەی یەك دەخوێنێتەوە بە زمانی عەرەبی، پاشان مامۆستا کاکە ماددەی یەك دەخوێنێتەوە بە زمانی کوردی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تعدل المادة الثامنة من القانون رقم (90) لسنة 1975 قانون تنظيم الملكية الزراعية في كوردستان – العراق، وتقرأ كما يلي:
أ- كل من ادعى بحق التصرف في ارض اميرية زراعية في المناطق التي لم تجري، او لم تنتهي تسويتها، او لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها بموجب قانون الاصلاح الزراعي الدرجة القطعية، او التي تم الغاء قرارات تسويتها وثبت تصرفها وفق التعامل الزراعي قبل نفاذ قانون الاصلاح الزراعي رقم 117 لسنة 1970 تسجل المساحة التي كانت تحت تصرفه بأسم الدولة وحق التصرف للمتصرف على ان لا تتجاوز الحدود الواردة في المادة الثانية من القانون رقم (90) لسنة 1975.
ب- عدم المساس بالحقوق المثبتة بموجب الاستثناءات الواردة في الفقرات (1، 2، 3، 4) من المادة الثامنة من قانون تنظيم الملكية الزراعية في كوردستان رقم (90) لسنة 1975 قبل هذا التعديل.
ج- تسجل الاراضي الواقعة ضمن التصاميم الاساسية للبلديات والتي لم تجري تسويتها او لم تكتسب القرارات الدرجة القطعية، او التي تم الغاء قرارات تسويتها ملكاً صرفاً بأسم البلديات المعنية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵ لە کوردستانی عێراقدا ژمارە 90ی ساڵی 1975

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – العراق

ژمارەی بڕیار:

ڕۆژی بڕیار:

**بڕیار**

**پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (3)ی ماددەی (2)ی یاسای ژمارە (10) ساڵی 1997 پێمان دراوەو، بەپێی ئەو یاساکاریەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی () ساڵی 2007دا ئەنجامی داوە، بڕیارماندا ئەم یاسایە دەربچوێنرێت.**

**یاسای ژمارە ()ی ساڵی 2007**

**یاسای هەموار کردنی یاسای رێکخستنی یاسای موڵکایەتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (90)ی ساڵی 1975**

**ماددەی یەکەم: ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (90)ی ساڵی 1975 یاسای رێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان – عێراق هەموار دەکرێت بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

**أ- هەر کەسێك گوتی ماڤ بەکارهێنانی زەویەکی ئەمیری کشتوکاڵی لەو ناوچانەدا هەبوو و تەسویە نەکرا بێت، یاخود تەسویەکەی تەواو نەبوو بێت، یاخود بڕیارەکانی چەسپاندنی ماڤ زەوی و زاری بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی نەگەیشتبێتە رادەی یەکلا کەرەوەو دەرکەوت زەویەکەی وەبەرهێناوەو بەپێی مامەڵەی کشتوکاڵی بەر لە جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە 117ی ساڵی 1970، ئەوە ئەو رووبەرەی کە لە ژێر دەستی بووە بەناوی دەوڵەت تۆمار دەکرێت، ئەو کەسە ماڤ بەکارهێنانی دەبێت بە مەرجێك نەگاتە ئەو رادەیەی کە لە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (90)ی ساڵی 1975دا هاتووە.**

**ب- دەست بەو ماڤانە نادرێت کە بەپێی بەدەر بوونەکانی لە بڕگەکانی (1، 2، 3، 4)ی ماددەی هەشتەم لە یاسای رێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ژمارە (90)ی ساڵی 1975 بەر لەم هەموار کردنەدا پێیان دراوە.**

**ج- ئەو زەویانەی دەکەونە ناو نەخشەی بنەڕەتی شارەوانیەکان تەسویە نەکراون و بڕیارەکانیان نەگەیشتۆتە پلەی یەکلا کەرەوەو یاخود بڕیارەکانی تەسویەیان هەڵوەشاوەتەوە، بە موڵکی سرف بەناوی شارەوانی پەیوەندار تۆمار دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رەئی لیژنەی یاسایی تکایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەگەر ئیجازەم بدەنێ تەوزیحێك بدەم، پاشان رەئی لیژنەی یاسایی و لەگەڵ لیژنەی زراعە پێکەوە ئاراستەتان بکەم، تەبیعی دوای ساڵی 1975 رژێم بیری لەوە کردەوە، کە یاسایەك دەربکات، ئەوە بوو یاسای ژمارە (90)ی دەرکرد، کە بە حەقیقەت چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ ئەو عاردانەی لە زیمنی کوردستانن و دەتوانم بڵێم ئەو یاسایە غەرەزی سیاسی بەدواوەی بوو، لە هەمان کاتدا یاسایەکی ئینتیقامی بوو، چونکە ئەگەر بێیەوە سەر ماددەی هەشت دەڵێت ئەو زەویانەی کە لە کوردستاندا تەسویە نەکراون، یاخود ئەو زەویانەی کە قەراراتی تەسوییە، یان ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی نەکردووە، ئەم ئەرزانە زیمنی سەقفێکی زەمەنی، ئەگەر خاوەنەکانیان موراجەعەتی نەکرد بەناوی میری تەسجیل دەکرێت، واتا دەبێتە ئەرازی ئەمیرییە، کە لە وەزارەتی مالیەی رژێم دەگەڕێتەوە ئەو سەردەمە، ئەوە بوو خەڵکەکە تەبعەن هەروەکو هەمووتان دەزانن پەرت و بڵاو بوو، هەندێك ئاوارە بوون لە ئێران، هەندێك بەهۆی**

پێشمەرگایەتیەوە ئیلتیحاقیان بە شۆڕش کرد بوو، هەندێك لە زیمنی شریتی حدودی دەرکرا بوون بە عومقی بیست کیلۆ مەتر، چوو بوونە ئۆردوگا زۆرە میللیەکان، نەیانتوانی زیمنی مودەی قانونی موراجەعەت بکەن، چونکە ئەسڵەن نەیانتوانی موڕاجەعەتی دەزگاکانی رژێم بکەن بۆ تەسبیتی حەقیان، بۆیە ئەم ئەرزانە لەم کاتەدا بەناوی وەزارەتی مالیە تەسجیل کرا، بەم شێوەیە ماوەتەوە، ئەم پرۆژە یاسای ئێستا هاتووە موعالەجەی ئاسەواری ئەم یاسایە دەکات، کە لە ساڵی 1995ەوە دەرچووە، بۆ چارەسەر کردن و موعالەجە کردنی ئەو ئەرزانەی کە بەناوی دەوڵەتەوە تەسجیل کراوە، بۆ ئەوەی ماف موڵکایەتی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە نەیانتوانی حەقی ئیعتیراز بگرن، لەبەر ئەو هۆیانەی کە من ئیشارەتم پێدا لەسەرەتاوە، جگە لەوە تەبعەن گرنگی ئەم یاسایە جگە لەوەی کە ماف موڵکایەتی بۆ ئەو خەڵکە دەگێڕێتەوە، گرنگی ئەم یاسایەش ئەوەیە، ئێمە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانین یاسایەك دەربکەین ئاسەواری ئەو یاسایەی کە رژێمی پێشوو دەریکردووە، چارەسەری بکەین و بەڕاستی گرنگیەکەی لێرەدایە، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە بە سەدان هەزار دۆنم ئێستا فەلاحی بە واقیعی لەسەرن، بەڵام بە رەسمی لەسەر نینە، چارەسەری ئەم کێشەیەش دەکات، ئەو عاردانە رەسمەن بەناوی ئەو هاووڵاتیانە دەکرێت، کە فیعلەن لەسەر ئەرزەکەدان.

ئینجا دێمەوە سەر رەئی لیژنەکان، لە لیژنەکاندا رەئی جیا جیا هەبوو، ئێمە لەگەڵ لیژنەی زراعە کۆبووینەوەو چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام داوەو هەندێك کۆبوونەوە جەنابی وەزیر خۆی حازر بووە، دوای ئەوەی رەئیمان ئاڵوگۆڕ کرد، هاتینە ئەو قەناعەتە کە ئێمە لەگەڵ دەقی فەقەرە (أ و ب)ی ئەو ماددەینە، هیچ خیلافێکمان نییە، بەهەمان شێوە بەنیسبەت فەقەرە (ج)یش عەینی رەئیمان هەبوو، کە ئەو فەقەرەیە حاڵی حازر لەگەڵ مەبادئی عەداڵەت ناگونجێت، لەگەڵ بنەما دەستووریەکان ناگونجێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین فەقەرە (ج) لەو پرۆژەیە ئیلغا بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا رێككەوتین لەسەر ئەوەی کە بەدیلی ئەو فەقەرەیە دانێین، کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە بە دیلەکەشی بەم شێوەیە:

ثالثاً: تقوم وزارة البلديات باعداد وتقديم دراسة شاملة لبيان وتحديد الاراضي الداخلة ضمن التصاميم الاساسية للبلديات المشمولة بأحكام هذا القانون خلال مدة ستة اشهر من تاريخ نفاذه وتقديم اقتراحات لكيفية تعويض اصحابها وفق القوانين النافذة.

ئەوەی کە پێشکەشی بە ئێوەم کرد، ئێمە دەقی پرۆژەکە تەئید دەکەین لەگەڵ ئەو ماددە ئیزافیەی کە صیاغەمان کرد بوو و پێشکەش بە ئێوەی بەڕێزمان کرد، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر دەقی رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ لەسەر ماددەی یەك، ئەگەر بیخوێننەوە، خاڵ بە خاڵ باشترە، فەرموو، حەز دەکەن پێش ئەوە با بزانین رەئی لیژنەی شارەوانی، فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو، سێ کۆبوونەوەمان پێکەوە کرد، بەس لە ئاخیرەکەی من بەشدار نەبوومە، ئێمە راپۆرتی خۆشمان هەیە، ئەو بڕیارانەی کاتی خۆی دەرچووە هەر هەموویان لەبەر دەستمە، لە ساڵی 1974 لە

مانگی ده له کانگەی شۆڕش دەرچووه، له ساڵی 1976 دەرچووه، له ساڵی 1977 دەرچووه، که خەڵك هەمووی دەربەدەر بووینه، کەس له کوردستان نەبووه، ئەو بڕیاره بەناوی حوکم زاتیش هاتووه، بەتایبەتی بۆ مەنتیقەی کوردستان هاتووه، ئەو زەوی و زارانەی که کەوتۆته داخیلی تەصمیمی شارەوانیەکان، بەناوی شارەوانیەکان کراوه، بەو بڕیارەی که ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوه دەریکردووه، ئێستاش بەنیسبەتی ئێمه له بڕگەی یەك و دوو هیچ کێشەیەکمان نییه، لەبەر ئەوەی، ئەوەی تەسویه نەکرا بێت و مابێتەوه له حاڵەتی خۆی تەسویه دەکرێت بەپێی قانون، ساحێب عیلاقه حەقی خۆی وەردەگرێت، بەڵام ئەوەی داخیلی تەصمیمی ئەساسی بووه بەناوی شارەوانیەکان کراوه بە موڵك سرف، ئێستا هەموو سەنەداتی هەیە، جەنابتان بۆتان ڕۆنه هەر ئیعتیرازێك بکرێتن، هەر شەخسێك داوای حەقی خۆی بکات جیهەتی موستەفید ئیبرازی سەنەدی تاپۆی دەکات، موقابیل ناتوانێت داوای چ بکات، من وا پێشنیار دەکەم لەو بڕگەی ئەخیری که رەقم (3) هاتووه، که بەڕێزان لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵ دایانڕێشتووه با بە ڕۆنی بێتن، بڵێتن ئەو زەوی و زارانەی که کاتی خۆی داخیلی حدودی بەلەدیە بووه هەمووی دیاره هی کێ بووەو هی کێ نەبووه، صاحێب عیلاقه بتوانێت بێت ئیسپاتی حەقی خۆی بکات، ئەو کاتی پێش ئەوەی بەناوی شارەوانی بووه، که حەقی تەسەروف هی ئەو بووه بەپێی قانون ئیسپات بکات هی خۆیەتی تەعویز بکرێتەوه، بەپێی قانونی (5) ساڵی 2007 که له ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا دەرچووه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێروان ئەگەر ئێوەش رەئی خۆتان لەسەر ماددەی یەك فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه ماددەی یەك صیاغەکەمان گۆڕی بەو شێوەیەی که ئێستا دەخوێنمەوه، پێشنیاره نوێیەکەش ئیزافه دەکەمه سەری، دەبێته فەقەرەی سێیەم:

تعدل المادة الثامنة من القانون رقم (90) لسنة 1975 في اقليم كوردستان وتقرأ كالاتي:

المادة الثامنة:

أولاً: تعتبر كافة الاراضي غير المنتهية تسويتها أو التي لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها بموجب قانون الإصلاح الزراعي الدرجة النهائية، اميرية صرفة. وتستثنى من ذلك الاراضي التالية:-

1- الاراضي الزراعية والبساتين المملوكة ملكاً صرفاً بموجب سندات طابو معتبرة قانوناً.

2- الأراضي والبساتين الموقوفة وقفاً صحيحاً بموجب سندات طابو أو حجج وقفية معتبرة قانوناً.

3- الاراضي المغروسة بالأشجار لمدة لاتقل عن (10) سنوات ولايقل معدل عددها في الدونم الواحد عن (40)شجرة.

4- الأراضي والبساتين المشمولة بقرار مجلس قيادة الثورة المرقم (702) لسنة 1973.

ثانياً: كل من ادعى بحق التصرف في ارض اميرية زراعية في المناطق التي لم تجر او لم تنته تسويتها او لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها بموجب قانون الاصلاح الزراعي رقم 117لسنة 1970 الدرجة القطعية او التي تم الغاء قرارات تسويتها وثبت تصرفه فيها وفق التعامل الزراعي قبل نفاذ قانون الاصلاح الزراعي المذكور تسجل المساحة التي كانت تحت تصرفه بأسم الدولة وحق التصرف للمتصرف على ان لاتتجاوز الحدود الواردة في المادة الثانية من القانون رقم 90لسنة 1975، مع عدم المساس بالحقوق المثبتة بموجب الاستثناءات الواردة في الفقرات (1، 2، 3، 4) من الفقرة اولاً من هذه المادة.

**ثالثاً: تقوم وزارة البلديات باعداد وتقديم دراسة شاملة لبيان وتحديد الاراضي الداخلي ضمن التصاميم الاساسية للبلديات المشمولة بأحكام هذا القانون خلال مدة ستة اشهر من تاريخ نفاذه وتقديم اقتراحات لكيفية تعويض اصحابها وفق القوانين النافذة.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەگەر كوردیەكەشتان لەلا هەبێت، پێم باشە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یەكەم: هەموو ئەو زەویانەی كۆتایی بە تەسویەی نەهاتووە یاخود بڕیاری چەسپاندنی مافی خاوەنداریەتی بۆ دەرنەچووە بەپێی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی بە ئەمیری سرف دادەنرێ بەدەر لەم زەوی و زارانەی خوارەوە:-**

**1- ئەو زەویە كشتوكاڵی و باخانەی كە بەپێی بەڵگەنامە یاساییەكانی تاپۆ موڵكی سیرفن.**

**2- ئەو زەوی و باخانەی بە پێی بەڵگەنامەكانی وەقفی یاسایی وەقف كراون.**

**3- ئەو زەویانەی داچێنراون بە درەخت بۆ ماوەیەك كە لە (10) ساڵ كەمتر نەبێ و تێكڕای ژمارەی درەختەكانی لە دۆنمێكدا لە (40) درەخت كەمتر نەبێ.**

**4- ئەو زەوی و باخانەی بڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی ژمارە 702ی ساڵی 1973 دەیان گرێتەوە.**

**دووەم: هەر كەسێك گوتی مافی بەكارهێنانم هەیە لە زەوی میری كشتوكاڵی لەو ناوچانەی كە تەسویە نەكراون، یان تەسویەكەیان تەواو نەبووە، یاخود بەپێی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی ژمارە (117)ی ساڵی 1970 بڕیارەكانی چەسپاندنی مافی زەوی و زار پلەی كۆتایی وەرنەگرتووە، یاخود بڕیارەكانی تەسویەكەی هەڵوەشاندراوەتەوە و بەتەواوی ساغ بوەتەوە كە زەویەكەی وەبەرهێناوە بەپێی نەریتی كشتوكاڵی پێش جێ بەجێ بوونی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی ناوبراو، ئەو رووبەرەی لە ژێر دەستی دابووە بە ناوی دەوڵەت تۆمار دەكرێ و مافی ڕەفتار لەسەر كردنیشی بۆ ئەو كەسە دەبێت كە لە ژێر دەستی دابووە. بە مەرجێك لەو سنورە دەرنەچی كە لە ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (90)ی ساڵی 1975 داهاتووە، بە مەرجێك زیان بەو مافانە نەگەیەنرێ كە بە پێی ئەو بەدەركردنانە چەسپاون كە لە بڕگەكانی (1،2،3،4) لە بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**موفتەرەحی سێیەم لەبەر ئەوەی تازەیە وەزارەتی شارەوانی هەڵدەستێت بە ئامادە كردنی ڕاپۆرتێكی فراوان، بۆ دیاری كردنی ئەو زەویانەی كە داخیلی تەصمیمی ئەساسی شارەوانیەكان بووە، ئەحكامی ئەو قانونە دەیانگرێتەوە، لە ماوەی شەش مانگدا لە كاتی دەرچوونی ئەم یاسایە، موقتەرەحاتی خۆی لە چۆنیەتی قەرەبوو كردنی خاوەنەكانیان تەقدیم بكاتن، بەپێی قەوانینی هەرێم، ئەمە وابزانم زۆر دوور نییە لە ڕەئیەكی لیژنەی هینش، لەبەر ئەوەی، فەرموو كاك ڕەشاد.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت راپۆرتی شارەوانی لە چ تاریخێك ئیعتیبار دەكرێت، لە چ تاریخێك ئیعدادی ئەو راپۆرتە بكات كە ئەو زەویانە داخیلی تەصمیمی ئەساسی بووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەڵێین لە خیلالی شەش مانگ راپۆرتەكە حازر بكات، كە ئەو قانونە دەرچوو و بلاّو بۆوە لە وەقائیعی عێراقی لەو رۆژەوە حیساب دەكرێتن بە شەش مانگ، كاك تەلعەت قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەسڵی مەشروعەكە بوو، ئێمە لە كاتی خۆی لەگەڵ لیژنەی زراعە زنجیرە كۆبوونەوەیەكمان ئەنجامدا لە كۆبوونەوەكان بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ و وەزیری دارایی و جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان و سەرۆكی لیژنەی شارەوانی و نوێنەری وەزارەتی داد بەڕێزان هەردوو بەڕێوەبەری گشتی پلان و زەوی و زار لە وەزارەتی كشتوكاڵ بەڕێز سەرۆكی سەندیكای پارێزەرانی كوردستان، بەڕێز سەرۆكی شارەوانی پشتدەر، بەڕێزان نوێنەرانی جوتیارە ناوچە جیا جیاكانی كوردستان، ئەوان موشكیلەی سەرەكیان لەسەر ئەوە بوو كە ئەو زەویانەی دەكەونە ناو سنووری بەلەدیە لەسەر فەقەرەی (أ و ب) ئێمە لە ماددەی یەكەمی پرۆژە یاسایەكە، ئێمە لاریمان نییەو پشتیوانی لێ دەكەین لە ئەسڵی مەشروعەكەی كە هاتووە، وابزانم مەشروعەكەی لیژنەی یاسایی دەقاودەق لەگەڵ ئەوە دەگونجێت، ئەو كێشەیەی ئێمە هەمان بوو لە بڕگەی (ج) بوو، دەمانویست ئەو بڕگەیە ئیلغا بكەین، لە جیاتی ئیلغا كردنەكەی بەدیلیشمان هەبێت بۆ چارەسەر كردنی ئەو زەویانەی كەوتونەتە نێو سنووری بەلەدیەی ئەو خەڵكەی ئاوارەو دەربەدەر بووە لە ئەنجامی خەباتی سیاسی پێشمەرگایەتی و چوونە جنوبی عێراق و ئێران و دوایێ دەست بە خەبات كردنەوە، لەبەر ئەوە هەرسێ لامان رازی بووین لەسەر ئەوەی ماددەی سێیەم كە عیلاجی تەواوی ئەو زەویانە دەكات، كە كەوتونەتە داخیلی سنووری شارەوانیەكان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ قسەت هەیە لەسەر ئەوە، هەرچەند ئەمرۆ پێش ئەوەی بۆ ئەو كۆبوونەوەیە بێن سێ چارەكە سەعات دانیشتین لیژنەی یاسایی و كشتوكاڵ لەگەڵ جەنابی وەزیر، ئەو موقتەرەحەی سێیەم لەو كۆبوونەوە هاتە پێشەوە، بۆ ئەوەی رەئییان بدەن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

حەقیقەت لە پرۆژێ کو ئەڤرۆ بۆ جەنابێ وێ هاتیە عەرز کرن، ئەنجامێ دیراسایەکا فراوانە، یەعنی پتر تەقریبەن سالێك ئەوی مەشروعی کریە، کو ئەم تشتەکی دەکەیت، ئەو زەروریەتەی خەلکێ مەنتیقێ بەتایبەتی هەندەك مەنتیقە هاتیە کرن لە سالا 1975 کو جارەکی دی وێ عیلاج بکەین و بە موجیبی قانونا (90) ماددە هەشت، پشتی دیراسەتی دوورو درێژ کو ئەو مەنتیقە مەشمول کە وێ لە رێ دی مەشمول بیت لەگەلێ قەرار وێ ئیستیفادەی لێ دکات ڤێرێ قەرارێ لە موحافەزەی دهۆکێ مەنتیقا دۆسکی و باتۆفاو ئامێدی و بەشێکیش لە مەنتیقا ئاکرێ، سلێمانێ، چوارتاو هەلەبجەو پشتدەر، هەولێرێ و سۆران و مێرگەسوور و چۆمان و گەرمیان و شەنگال، ئەم مەنتیقانە هەمووی لە کۆندا کە بنکەی شۆڕشی ئەیلوول بووینەو لەبەر هەندێ لە بۆ دوو غەرەز حکومەتی عێراقی ئەو تایبەتمەندیەی دەرکردووە، ئێك/ ئەمە بوویە ئینتیقامێك لەو خەلەکە بستێنێت.

دوو/ سبەینێ وەختی قەراری تەرحیلی دەستی پێ بکات، مەشمول نەبن بە هیچ تەعویزێك بە ئیعتیبار ئەرازی وێ هەمووی بوویە ئەرازی میری. لەبەر ئەوە ئێمە بە مەسلەحەتمان زانی کە ئێمە بزاڤێك بۆ ئەو ئیجرائاتە بکرێت، کو ئەم مولکانە جارێکی تر بۆ ئەو خەلکە بگەڕێتەوەو پێی شاد ببێت، ئەو تەرتیباتەشمان داناوە کو خەلکەکە موتەزەریری نەبێت، ئەو فەقەرەیەمان هێنایە کە ماددەی قەراری (702) مانهێلایە بۆ ئەوەیە زۆر زۆر کێشە بە ئەوە چارەسەر دەبیت، جانبی تر موشکیلەی ئەوی تر کە باسمان کرد عیلاقەی بە بەلەدیەوە هەیە، ئەوەیە کو دیراسەیەکی شامل بێتە کرن و من لەگەلێ رەئی لیژنەی قانونیمەو لیژنەی زراعی، ئەو تەعدیلاتەی کە کراوە بە تەسەوری من ئەمەیە کێشەکە لە جزورەوە چارەسەر دەکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەرگای موناقەشە دەکەمەوە، کاکە حەمە فەرمووو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مەسەلەی قانونەکان، بەتایبەتی قانونی ژمارە (90) وەکو هەموو لایەك شاهێدی پێ دەدەن، یەکێك لەوانە بووە ئیلغای قانونی 117، یان ئەوە بوو جگە لەوەی شارەوانیەکان ئەوە کراوە بە موڵك، جگە لەوانە کۆمەلێك مەشاکیلی تریش هەبوون مەزرەعەی دەولەیان دروست کرد، مەرزەعەی دەولە هەموو عەرزیان لە جوتیارەکان ستاندەوەو جویتارەکانیان کرد بە کرێکار لەسەر ئەرزەکانی خۆیان، بە سەدان دۆنم لەوانە هەیە ئێستا جوتیارەکە پاش ئەوەی چۆتەوە سەر ئەرزی خۆی، بەلام بەناوی مەزرەعەی دەولەت و حکومەت و ئەوانەوە هەیە، یەکێك لەوانە مەسەلەن ئەوەیە، یەکێکی تر مەجموعەیەك مەسەلەن لەوانەی بەتایبەتی پێشمەرگە بوون ئەرزەکە هەر بەناوی سڕاوەتەوە، راستە ئێستا گەڕاونەتەوە لەسەر ئەرزەکانیانن، بەلام بەناویانەوە سڕاوەتەوەو نەماوە، ئێستا من یەکێك لەوانە خۆم عەزرم بەناو هەیە هاتوومەتەوە ناوی من هەر نەماوە لە زراعەو لە هیچ جێگایەك نەماوە، یەعنی

لەبەر ئەوەش ئەوانەی کۆمەڵێك مەشاکیل کە چۆن مەسەلەن ڕێ بکرێتەوە، ڕاستە ئەرزەکەی بە دەستەوەیە بەڵام بەبێ قانونی، بەپێی قانونی ئەو کاتە لەسەر ئەرزەکانی خۆیانن، ئەو یەکێك، یەکێکی تر ئەوەیە مەسەلەن ئەرزەکان زۆری لەم ماوەیە پێشی ساڵێك مەجموعەیەك ئەرز بەدەستیانەوەیە لە پازدە ساڵ زیاتر هەمووی هێن کران، یەعنی کران بە موڵك لەسەر جوتیارەکان، دوایی موفاتەعەی سێزدەم، کۆمەڵێ موفاتەعە کراوە ڕاگیراوە، دوایێ ئەوانە چۆن کراوە، چۆن ڕاگیراوە، ئەوەش یەکێکە لە هینەکان، ئێستا خەڵکێك چاوەڕێی ئەوەیە کە بکرێت بە موڵك چاوەڕێی هەندێکیشی ڕاگیراوە وفاتعەکان جا ئەمانە کۆمەڵە شتی بە وردەکاری و تۆزێ زیاتر قسەی لەسەر بکرێ باشترە بۆ ئێمە, زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەزانم گیروگرفتەکانی کشتوکاڵ زۆرن، بەڵام من داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم، ئەو گیرو گرفتانە بەم قانونە هەیە، کە ئەندامانی پەرلەمان باسی دەکەن، دوایێ وەڵامیان بداتەوە، ئەوەی پەیوەندی بەم قانونەوە هەبێت، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی زەوی ریشەیەکی قولی هەیە، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، هەر لەسەردەمی مەغولەکان، کە وشەی ئاغایان هێناوە، تا سەردەمی عوسمانی یەکان کە وشەی بەگیان هێناوە، کە تاپۆ کراو بەناویانەوە بەبێ ئەوەی مۆلکیان بێت، ئەو کێشەیە سەری هەڵداوە حکومەتی عێراقیش ویستویەتی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات, یان بەشێوەیەکی تر بە مەبەستێکی سیاسی بەکاری بهێنی، بەڵام نەگەیشتینە چارەسەری بنبڕ، ئەم چارەسەرە بنبڕە تاکو ئێستاش ماوەتەوە، دوا یاسا کە دەرکراوە یاسای ژمارە (90) بووە لە ساڵی 1975، پێشتریش لە ساڵی (90) یاسایەکی تریش یاسای ئیستئجار دەرکراوە, ئەگەر مەبەستمان بێت کێشەی زەوی و زاریان قەرەبوو کردنەوەی ئەوانەی کە زەرەرمەند بوون بەهۆی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانەوە، من پێم وانییە بەفەقەرەی (ج و ب) ئەوەیەکی وا چارەسەر بکرێت، یان کێشەی زەوی بەو سەر پێیە چارەسەر بکرێت, چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نزیکترین کار یاسای ژمارە 117 کاتی خۆی کە ئەوە کرا عەقدی زراعی بوو، کە ئیمتیازی دەدا بە خاوەن مولکەکان، ئەوەی تر دابەش دەکرا بەسەر جوتیارەکاندا بەپێی ئەو گوندەی کە هەبوو پێوانەکەی چەندە؟ بەڵام بەبێ ئەوەی رووپێویکی ئەوتۆی بۆ بکرێت، رووپێو نەکراوە لە زۆربەی شوێنەکان بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون، ئەوە بوو گرفتەکان زۆربەی زۆری جوتیار بە جوتیار هەیە، گرفتی گوند بە گوند هەیە، گرفتی ئاغاو جوتیار هەیە، گرفتیش هەیە لەگەڵ حکومەت و جوتیار و خاوەن مولکەکەش کە ئاغایە، کە خاوەن موڵك چۆن بێت بەهۆی دەسەڵاتی سیاسییەوە، یان بەهۆی بارو زوروفی سیاسیەوە بۆتە خاوەن موڵك، بۆیە من پێم وا نییە، ئێمە بتوانین موعالەجەی زەوی و زاری جوتیار بکەین، یاسای ژمارە (90)ش کە دوا یاسای دەرچووە، ڕاستە کۆمەڵێك خەڵك کە بەهۆی شۆڕشەوە کە لە ئارادا نەبوون، لەوێ نەبوون، بەڵام لە

هەمان کاتیشدا هەرچەندە لەوانەیە برادەران بە ناخۆشیش وەرگرن، بەلأم ئەوەی باشیش هەبووە، کە توانیویەتی نیمچە عەدالەتێك لەنێوانی ئەوانەی کە زەوی دەکەن، راستە بەس هی سیاسی بووە، بەلأم لە هەمان کاتیشدا کێشەکەی کەمتر کردۆتەوەو دەستی دەرەبەگ و ئاغاو چەوساندنەوەی کەمتر کردۆتەوە، ئێمە بڵێین پێمان خۆش بێت، یان پێمان ناخۆش بێت، راستە بەعس دەریکردووە، بەلأم ئەو ئیجابیەتەی هەبووە، بەلأم ئەوەی کە زەرەرمەند بووە، ئەو پێشمەرگانەی کە لە شۆڕشی ئەیلول بەشدار بوون، دەکرێت بۆ قەرەبوو کردنەوەیان ئەوە پێشتر ناویان، عەقدیان هەبووە بە ژمارە $117$، دەکرێت ئیسناد بکرێتە سەر ئەوە، ئەوەی کە $117$ی هەبێت، یان حەقی تەسەروفی هەبێت، ئەوە لەوێ حکومەت تەعویزی بۆ بکاتەوە، چونکە پێشتر $117$ بووە دوای $(90)$ هاتووە، ئەگەر تەماشا بکەین لە کوردستاندا بە دوو شێوە یاسا جێ بەجێ کراوە، لە زێی بادینان بەولاوە $117$ جێ بەجێ کراوە، لە زێی بادینان بە ئەولاوە کە مەنتیقەی ئاکرێ دەگرێتەوە هەتا دەگاتە ئەوە $90$ جێ بەجێ کراوە، ئەوەی کە کێشەکەشی تیایە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد ناوچە سنووریەکان بوون، ئەو کاتەی کە لە ساڵی $1975$ لە ژێر دەستی شۆڕش بووە، نەهاتوون تەسویەی بکەن لە $90$یش یەکسەر هاتوون لەسەر عەقدی $117$ ئەوانیشیان بەناو کردووە، هەتا زۆر جوتیار هەیە زەویەکی بەدەستەوە هەیە، بەلأم زەوی کەسێکی تری لە زراعە بەناوەوەیە، لەبەر ئەوە تەسویەی پێ نەکراوە، جا بۆ موعالەجە کردنی ئەوە، بە رەئی من ناکرێت سەر پێیی بەسەرماندا بڕوات و بێین کێشەی زەوی و زار، من پێموایە قەتماغەی کۆمەڵێك برین هەڵدەدەینەوە، کە سی و دوو ساڵە لە دوای ژمارە $90$ کۆمەڵێك کێشەی تری دێتە ئاراوە، بەبێ ئەوەی بتوانین چارەسەری ئەوە بکەین، بەنیسبەت ئەوانەی کە لە شۆڕش بەشدار بوون، دەکرێت قەراری خاصیان بۆ دەربچێت، دەکرێت ئەوە بکەین باقی تر ئەوانەی تر کە لە کوردستان بوون، توانیویانە موستەفید بن لەو یاسایە، بۆ چارەسەر کردن دەکرێت قەرارێکی خاص ئەوانەی کە بەشدار بوون لە شۆڕش و ئەوەش بکرێت ئیسناد بکرێتە سەر ئەوەی کە عەقدی یاسای ژمارە $117$یە، ئەگەرنا ئەوە قەتماغەی کۆمەڵێك برین هەڵدەدەینەوە، بەتایبەتی بناریش خصوصیاتی خۆی هەیە لە زەویدا، دەشتەکە بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە، کۆمەڵگەیەك بووە، کۆچی کردووە زستان لە شوێنێك، هاوین لە شوێنێکی تر بووە، پێشتر پێش دابین بوونی، جا بۆیە ئەو زەویانەی کە کێشەیان کەوتۆتێ، شێوەی نیشتەجێ بوونیش لە زستان و هاویندا کێشەی کەوتۆتێ، تەنها بنارەکان نەبێت، بنارەکان کە خوردە مالیکی پێ دەگوترێت، ئەوە وەرەسە هاتۆتە خوارەوە بەبێ ئەوەی هیچ عەقدێکی هەبێت، هەموو کەسێك دەزانێت پانتایەکی، یان ئەو زەویانەی کە ئەوە کراون باغیان تێدا دروست کراوە، کابرا هاتووەو کەسێکی جوتیار تۆ دەیکەیتە ئەمیرییە، یان خاوەنەکەی دەکەیتە ئەمیرییە ژمارە $(90)$ ئەوەی کردووە، بڵێین ئەوە یەکێك لە سلبیاتەکانی ئەوە بووە، بەتایبەت لە بنارەکان هاتووە کەڵەکێکی دروست کردووەو بەکۆڵی هاتووە خۆڵی تێ کردووەو زەوی لێ نەبووە، بەڵکو چیایەك بووە خۆڵی تێ کردووەو داریشی تیا چاندووە، ئەوەشیان ئەوە کردووە، جا بەو مەبەستە بە رەئی من ئەگەر بکرێت جەنابی وەزیر وەزارەتی کشتوکاڵ دەکرێت دیراسەتێکی وردتر بکەن، رووپێوێکی ورد بکرێت لە

کوردستاندا هەموو ئەو کێشانەی کە هەن لە کوردستاندا ناوچەکانیش کە خصوصیاتی ناوچەکانیش لەبەر چاو بگیرێت و دیراسەتێکی وردتر بکرێت و ئەوە یاسایەکی یەکجارەکی بکەین، نەك ئەو یاسایە نابێتە چارەسەر، ئەویش بە تاپۆ کردنی زەویەکانی یەکجارەکی لەسەر ئەو جوتیارانەی کە حەقی تەسەروفی، یان بەپێی یاسای ژمارە 90 ئەوە بووە، ئەگەر رووپێو بکرێت، من پێم وایە جوتیاریش ئێستا دەبێت سی دۆنمی وەرگرتبێت، جوتیار هەیە نۆەد دۆنمی بۆ نووسراوە، ئاغاش هەیە دوو هەزار دۆنمی بۆ نووسراوە بەبێ ئەوەی تاپۆ بێت هەر بەو یاساییە وەریگرتووە، دەکرێت عەدالەتێکی بۆ بکەین، ئەگەر بمانەوێت کەرتی کشتوکاڵ زیندوو بکەینەوە، هەر تاپۆ کردنەکە دەبێتە موڵکی خۆی و چارەسەری زیاتری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە لیژنەی زراعی دەکەم، بەڕاستی رەنگە لە ماددەی یەك (أ و ب)یەکە کێشەی ئەوانە چارەسەر دەکات ئەو شوێنانەی کە تەسفیە نەکراون، بەتایبەتی ئەو ناوچە سنووریانە دەگرێتەوە، ئەوەی کە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا، من باسی قەزای چۆمان دەکەم کە شارەزاییم لێی هەیە، قەزای چۆمان بەشێکی کراوە، بەشێکی نەکراوە، ئەو بەشانەی کە کەمی کراوە، ئەو بەشانەی کە کراوە خەڵك بۆتە خاوەنی ئەرزی خۆی، ئەوەی کە نەکراوە بەهۆی بوونی شۆڕش و بەردەوامی شۆڕش لەو ناوچەیەدا ماوەتەوەو خەڵك تێیدا زەرەرمەند بووە، ئەوە (أ وب)یەکە لە ماددەی یەکەوە چارەسەری دەکات و هەموو خەڵك بە حەقی خۆی دەگات، بەلاّم ئێستا لە دوای ئەوەی کە قەزای چۆمان بەتایبەتی لە شارەوانیەکانی هەموو ئەوانەی کە ئەمیری کراوە، مەسەلەن گەلاّڵە کە کاتی خۆی بەلەدییەی هەبووە، بەلاّم هیچی ئەتفا نەکراوەو ئەمیری نەبووە، هەر خەڵك هەبووە زەوی و زاری خۆی هەبووەو موڵکی خۆی هەبووە، ئێستا هەمووی بۆتە ئەمیری و ئەتفا کراوە، ماڵی حکومەتەو خەڵك ناتوانێت تەسەروفی بە ماڵ و موڵك و زەوی خۆی بکات، ئەو ناوچانەش شاخاوین و خەڵك هەیە یەك پارچە زەوی هەیە، پارچە زەویەکەش بۆتە هی بەلەدییەو ئێستا خەڵك ناتوانێت تەسەروفی پێ بکات، بەڕاستی من تەئیدی ئەوەی دەکەم ئەوەی لە فەقەرەی (ج)مدا هاتووە، خەڵك تەعویز بکرێتەوە، یەعنی ئەوەی کە خەڵك هەیەتی چۆن بێت، مەسەلەن ئەرزێك ئیتفا دەکرێت خەڵك دەگاتە حەقی خۆی و دەبێتە خاوەنی ئەوەی کە لە 8٪ە، لە 12٪یە، لە 20٪ە، چەندی پێ دەدرێت لە سنوورەکانی سەر سنووریش بە هەمان شێوە لە شارەوانیەکان ئەوانەی کە ئەرزی هەیە ئیتفا بکرێت و بگاتە حەقی خۆی و حەقیان پێ بدرێتەوە، ئەوە نەکرێتە مەهانە کە کاتی خۆی تەعویزیان وەرگرتووەو رۆیشتوونە، ئەوە بەهۆی شۆڕش و پێشمەرگایەتی خەڵك تووشی ئەو وەزعە بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەی کاك باپیر دەکەم بەڕاستی ئێمە نابێت کارێك بکەین ئەوانەی ئیستیفادەیان لێ کردووە، بەتایبەتی جوتیار لە قەرارەکە زەرەرمەندن لەگەڵ ئەوەشدا پێداچوونەوەیەکی باش بکرێت، ئەو پێشمەرگانەی کە نەیانتوانیوە لە کاتی خۆیدا بگەڕێنەوە سەر ئەرزەکانی خۆیان، لەبەر زورفی سیاسی ئەوانە تەعویز بکرێن، هەروەها خاڵێکی تر، بەنیسبەت صیاغەکەوە هەر کەسێك سەیری ئەمە بکات وا دەزانێت مەجلیسی سەورە هێشتا هەر ماوە، ماددەی هەشتەم یەکەم لە بڕگەی چوار (الاراضي والبساتين المشمولة بقرار مجلس قيادة الثورة المنحل)ێکی بۆ ئیزافە بکرێتە سەری، بۆ ئەوەی وازیح بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم لە لیژنەی کشتوکاڵم ئەو صیغەیەی کە خوێندرایەوە هیچ ئیشکالم لەسەر نییەو پشتیوانی لێ دەکەم، بەڵام یەك فەقەرە هەیە، فەقەرە سێ دەڵێ (ئەو زەویانەی داچێندراون بەدرەخت بۆ ماوەی کە لە دە ساڵ کەمتر نەبێت، بە رەئی من ئەو دە ساڵە زۆرە بکرێتە پێنج ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەمی پێشنیار کراو (تقوم وزارة البلديات باعداد وتقديم.......) دانراوە (مدة ستة اشهر)، من وام پێ باشە ببێتە (في مدة اقصاها ستة اشهر) ئان (لا تتجاوز سته اشهر) بەڵکو زووتر، تەعبیرەکە دەقیق تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مولاحەزەیەکی بەجێیە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لە قسەی برایان و خوشکان باسی زۆر کێشەکان دەکرێت، مەسەلەی عقودی زراعی و خارجی حدودی بەلەدیات لە دێهاتەکان و ئەوانەی عەقدی زراعەیان هەبوو، ئەوانەی بوونە پێشمەرگەو ئەوانەی بەجێیان هێشت بوو، ئەگەر بە قانون خاڵی تایبەتیشیان بۆ نووسرا بێت لە زەمانی بەرەی کوردستانی بەنیسبەت موحافەزەی هەولێری من زۆرم تێدا هەبوو، هەموو ئەو عقودانەمان گێڕاوە هەتا ئەوانەی کە عاردی

فەلاحەکانیشیان کرا بوو بە قانونی نیوە تۆی عەشایری حەسرمان کرد بوو و هەموو ئەرزەکانیش گەڕاونەتەوە، بەڵام لە ناحیەی قانونی گەڕاوەتەوە سەر ناویان، یان نەگەڕاوەتەوە ئەوەی نازانم، بەڵام من ئیقتیراحێك دەکەم کێشەی زەوی لە کوردستان بە عام ئەو قانونەی کە دەرچووە، جگە لە قانونی زەمانی عەبدولکەریم قاسمی هەمووی غەرەزی سیاسی دەرچووە، بۆیە جەنابی وەزیریش لێرەیە بە رەئی من بیر لەوە بکرێتەوە قانونێکی نوێی ئیصلاح زراعی لە کوردستان دەربکرێت، کە شمولی و ئیعادەی نەزەر لە هەموو قەرارات و سلبیات بکرێتەوەو کەموکورتیەکانی کە لەم قەراراتانەی رابردوو دراون لە حکومەتی مەرکەزی عێراقی هەمووی چارەسەری تێدا بکرێت با ئینجا ئەو دیراسەتە ساڵێك، دوو ساڵ دەوام بکاتن، بەو کێشەیە بەشێك لەوێ جیاوازیان هەیە، مەشاکیلی زەوی لە مەنتیقە شاخاویەکان جیاوازە، هی مەلاك جیاوازی هەیە، حیصە جیاوازی هەیە، دەشتی قەراج 120 دۆنمی هەیە، مولکیە 160 دۆنمی هەیە، ئەوی دیکە سی دۆنمی هەیە، کۆمەڵێك مەشاکیل هەیە، ئەگەر بە قانونێکی نوێ کێشەی چارەسەر کردنی زەوی دەرنەچێت لە کوردستان، سەد ساڵی تر بە تەسەوری من ئەمە جێ بەجێ نابێت، ئەمە لایەنی یەکەم.

لایەنی دووەم/ من سەد لە سەد تەئیدی بڕگەی (ج) دەکەم و تەئیدی ئەو پێشنیارەش دەکەم، کە ئیزافەکەیان کردووە، بەڵام من داوا دەکەم ئەو کارەی کە بۆ وەزارەتی بەلەدیە کە نەصەکەمان لەلا نییە لە زیمنی بڕگەی (ج) دابنرێت تا ئەو ماددەیە تەواو بکرێت، ئینجا پێویستە لەسەر وەزارەتی بەلەدیە ئەم شتانە جێ بەجێ بکات، چونکە ئەمە مەبەدەئی تەعویزەکە با لێرە قەرار بدەین، نەك بەجێی بهێڵین بۆ وەزارەتی بەلەدیە، مەبەدەئی تەعویز بۆ ئەو کەسانە کە ئەو ماددە دەیگرێتەوە لێرە قەرارەکە بدرێت، ئینجا یان بیکەینە فەقەرەیەکی تر، یان لە عەینی ماددە بڵێین پێویستە وەزارەتی بەلەدیە بۆ ماوەی پێنج مانگ، شەش مانگ ئەو شتە بکاتن، ئەوەی کە باسی دەکرێت لە موناقەشە، ئێمە خانوومان لێ داگیر کرا بوو، خانوومان صادیرە کرا بوو بە قەراری مەجلیس قیادەی سەورە، فرۆشرا بوو، سێ دەست و چوار دەستی کرد بوو، هەر لەو پەرلەمانەی قەرار درا هەموومان بۆ ئیعادە کراوەو وەرمانگرتەوەو بەبێ ناخۆشی و بە ئیتیفاقیش وەرگیراوە، ئەوەش ئەگەر قەرارێك لە پەرلەمان دەربچێت قانونەکە جێ بەجێ بکەن کەس موشکیلەی نابێت، بەڵام ئەوەی کە عاردی لێ سەندراوە حەقی تەسەروفی هەبووە، یان تاپۆ نەبووە، مولکی دەوڵەت بووە، حەقی تەسەروفی هەبووە، ئەمە ئەسبابەکەی هەمووی دەزانین کە جەریمەی ئەوە بووە سەر بە شۆڕشی کوردستان بووە، یان پێشمەرگە بووە، ئایا ئێستا بە بەر حدودی بەلەدیە کەوتووە، ئێمە ئەو حەقەی بفەوتێنین ئینیتقامی چی لێ دەکەین، ئینتیقامی ئەوەی لێ دەکەینەوە کە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر بووە، ئەوی دیکە جیرانەکەی وی پێشمەرگە نەبووە، لە شۆڕش نەبووە چ مولکی لێ زەوت نەکراوە، ئەویتریش پێشمەرگە بووەو مولکی زەوت کراوە، نابێت حەقی بدرێتەوە، بە رەئی من ئەو ئیزافەی کە بۆ وەزارەتی بەلەدیە دانراوە لە برگەی (ج) ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێزان لە پێش خۆم باسیان کرد، بەڕاستی کێشەی زەوی کێشەیەکی قورسە، چونکە زەوی یەك صنف نییە، زەوی چوار صنفە، زەویمان هەیە موڵکی سرفە، زەویمان هەیە مەملوکی دەوڵەتە، زەویمان هەیە گرێبەستە، عەقدی زراعییە، زەویمان هەیە کابرا پەنجا ساڵ پێش ئێستا باوکی ڕەشماڵی لەسەر هەڵداوە ئێستا بە زەوی خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوە ئەوەی مام ڕەشاد گوتی سەد لە سەد تەواوە، دەبێت یاساییەك دەربچێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات، من دڵنیام لە جیاتی هەموو ئەندام پەرلەمانەکانیش دەتوانم بڵێم هەمووومان پشتیوانی لەوە دەکەین ئەوانەی کاتی خۆی بوونەتە پێشمەرگە لە پێناوی ئەم خاك و خۆڵە، حکومەتی داگیرکەر یاسایەکی دەرکردووە، ئەوانەی بێ بەش کردوون و موڵکەکانیان بەناو نەکردوون و تەسویەی نەکردووە بۆیان، کێ هەیە پشتیوانی ئەوانە بکات، هەمووومان پشتیوانی ئەوانە دەکەین، بەڵام کە دەڵێین تەعویزیان بکەینەوە بە یاسای ژمارە پێنج، خۆ یاسای ژمارە پێنج لە ساڵی 2007 لەو پەرلەمانە دەرچووەو تەنها تەعویز دەداتە ئەو صنفانەی کە موڵکی سرفن، دەداتە ئەو صنفانەی کە موڵکی دەوڵەتن، موڵکی سرف لە 20٪ی دەدرێتێ، موڵکی دەوڵەت لە 12٪ی دەدرێتێ، بەڵام عەقدی زراعی کە جوتیار ئێستا هەیەتی لەگەڵ حکومەت، یان ئەوانەی کە بیست ساڵ، سی ساڵ پێش ئێستا باوکیان لەسەر بووەو تەسەروفیان هەیە، خۆ ئەوانە هیچ وەرناگرن، لەبەر ئەوە منیش پێشنیار دەکەم، داوا لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەم لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ بیر بکەنەوەو لەگەڵ لیژنەی یاساو لیژنەی شارەوانی یاسایەکی شمولی دەربکەن، بۆ ئەوەی هەموو جوتیاران و هەموو خەڵکی کوردستان ئەوانەی خاوەن موڵکیش بووینە، خۆ بەڕاستی ئەوانیش کافر نین با کابرا ئاغا بوو بێت و کوێخا بوو بێت، یەعنی ئەوەی موڵکی هەیە حەقی خۆیەتی مافی خۆی وەربگرێت، یەعنی بەڕاستی یاساییەك دەربچێت هەموو خەڵك تێدا سوودمەند بێت، بەڵام بەڕاستی ئەو یاسایە کێشەی زەوی بە تەواوەتی چارەسەر ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ دەکەم، بۆ ئەو ماندوو بوونەی کردویانە بۆ زیاد کردنی ئەو بڕگەیە، بەڵام بە ڕەئی من ئەو بڕگەیە کە زیاد کراوە بۆ فەقەرەی (ج) ڕوونتر بێت باشترە، ئەو پێشنیارەی لیژنەی کشتوکاڵ وابزانم زۆر باشتر چارەسەری کردووە لەوەی کە لیژنەی یاسا خوێندیەوە بە هاوبەشی، لەبەر ئەوەی لیژنەی کشتوکاڵ بە ڕوونی چارەسەری کردووەو وا دەکات لەو یاسایەدا قەرەبوو بکرێنەوە، ئەوەی هاوبەشەکە باس لەوە دەکات شارەوانی بۆ خۆی بەدواداچوون بکات و ڕاپۆرت ئامادە

بكات، لەبەر ئەوە ئەگەر لێرە بڕیاری قەرەبوو کردنەوەکە نەدرێت، بەڕاستی ئەو خەڵکە کێشەکەی چارەسەر نابێت، چونکە خەڵکێکی زۆر هەروەکو باسیان کرد زەویەکە هی خۆیانە بەڵام شارەوانی کردوویەتیە موڵکی خۆی، ئەگەر لێرە نەگوترێت پێویستە قەرەبوو بکرێنەوە، شمولی یاسای ژمارە پێنج ناکات، لە لایەکی ترەوە باس لە شەش مانگ دەکرێت بۆ ئامادە کردنی راپۆرت، بەڕاستی بەپێی ئەو رۆتینەی لە کوردستان هەیە لە بەڕێوە چوونی کارەکان و سەردانی دامودەزگایەکان قەت بە شەش مانگ ناتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ تێبینیم هەیە لەسەر ئەو یاسایە، یەکەمیان/ ئێمە ئەو یاسایەمان دەرنەکردووە ژمارە (90) ساڵی 1975، پێم وایە وەکو یاسایەکانی تر دەبوایە بگوترا بوایە (تعديل تطبيق القانون) هەروەها لە بڕگەی (أ)یش (يحل محلها) ئەو ماددەیە، بەڵام لە نیهایەتی کە دەڵێت (على ان لا تتجاوز الحدود الواردة في المادة الثانية) یەعنی دەبوایە باسی کرا بوایە بە تەفسیلی، ماددەی دووەم هەمووی داڕێژرا بوایە، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم/ لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی شارەوانیم، بەڕاستی ئێمە نابێت لێرە دوو دڵ بین، یاخود لەوەی بترسێین مافی قەرەبوو کردنەوە بۆ ئەو خەڵکانە تەسبیت بکەین، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد، کە ئەو یاسایە دەرچووە مەبەستێك لەو مەبەستانە ئەوە بۆ ئینتیقام کردن لەو خەڵکانەی کە تێکەڵی شۆڕش بووینە، یان بووینە پێشمەرگە، باشە بۆ لێرە دوو دڵ بین لەوەی کە ئەو مافەی تەسبیت بکەین، لێرەدا کە ئێمە باس دەکەین وەزارەتی شارەوانی لە ماوەی شەش مانگ دیراسەتێك ئامادە بکات، خۆی صیغەیەکی باشە، بەڵام موەفەق نییە، یەعنی لە رووی قانونی فەقەرەیەك لەناو ماددەیەك ببێتەوە دەڵێت فلان وەزارەت شەش مانگ دیراسەتێك تەقدیم بکات، پێم وایە تەئجیل بکرێت، وەزارەتی کشتوکاڵ خۆیان ئەو دیراساتە ئامادە بکەن، چونکە لە هەمان ئەو قانونە دێتن، هەتا وەزارەتی شارەوانیش ئەگەر بێتو دیراسەتەکە بکات و پێشنیار تەقدیم بکات، دیسان دەبێت تەعدیلی بکەینەوە، باشە با ئێمە ئەو یاسایە دوا بخەین، هەم لیژنەی شارەوانی لەگەڵ وەزارەت و لیژنەی یاسایی پرۆژەیەکی تر تەقدیم بکەن تێرو تەسەل بێت.

خاڵی سییەم/ من نە مەلاکم، نە جوتیارم، بەڵام پێم وایە ئەو یاسایانەی کە دەرچووە وەکو ژمارە (90) ساڵی 1975، یەعنی وەکو کاك رەشاد باسی کرد لە هەندێك لەو یاسایانە نووسراوە (فقط للحكم الذاتي) واتە مەبەستێکیان تێدا بووە، تەنها بۆ تێکدانی سەقامگیری سولەمی ئیجتیماعی کوردستان، هەروەها دروست کردن و قوڵ کردنەوەی ناکۆکی جیاوازی لەناو کۆمەڵگای کوردەواری و کۆمەڵگای کوردستانی، من پێم وا نییە حزبی بەعس یەعنی جوتیاری خۆش ویست بێت و رکی لە مەلاك ببێتەوە، بە پێچەوانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك سواره فەرمووو.

**بەڕێز سواره محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لەو پرۆژەیە دەكەم، بەحەقیقەت بەجوانی وەكو كاك شێروان مەوزوعەكەی روون كردەوەو كاك رەشادیش هەر بەنیسبەت حدودی بەلەدیەوە مەوزوعەكەی باس كرد، بە حەقیقەت ئەمە غەرەزێكی ئینتیقامی بوو، ئینتیقامی لە كێ؟ لەو خەڵكە قەومیەی حەرەكەی كوردی بوو، لەگەڵ حەرەكەی كوردی و تەئیدی حەرەكەی كوردی، هەموو زۆر ناوی پێشمەرگە دەبەن، خەڵك هەمووی بە عام پێشمەرگە نەبوو، بەلاَم خەڵك لەگەڵ حەرەكەی كوردی بوو، شریتە حدودیەكان هەر لە خانەقینەوە تا دەگاتە زاخۆ ئەوانەی كە لەگەڵ حكومەت نەبوون، تەئیدی شۆڕش و حەرەكەی كوردیان كرد، حكومەتی بەعس بیری لەوە كردەوە بۆ چارەسەرو ئینتیقامێك، كە وەكو ئینتیقامێك لەو خەڵكە بكاتەوە، هات قانونی ژمارە (90)ی دەركرد، قانونی ژمارە (90)ی دەركرد بەس بە تەنیا بۆ مالیكەكان نەبوو، فەرقی شێخ و ئاغایەكانی نەكرد، فەرقی جوتیارێك و كرێكارێكی نەكرد، هەمووی بە یەك چاو سەیر كرد، بە یەك چاو دوژمن سەیری ئێمەی كردووە، فەرقی مەلای مزگەوتەكان و فەرقی كابرایەكی شوانی كێوەكانی نەكرد، هەتا حەیوانی كێوەكانیش روحمی پێ نەكرد، ئەو قانونە لە پێناوی ئەوە دەرچووە، قانونێكی بە حەقیقەت ئینتیقامی بوو لەگەڵ میللەتی كورد، بەتایبەتی هەر بۆ مەنتیقەی حوكمی زاتی وەكو عەرزم كردن بە درێژایی شریتی حدودی ئەمە ئەوەی لەگەڵ حەرەكەی كوردی بوو، خەڵكێكی تریش هەبوو لەناو شارەكاندا هەر لەگەڵ حەرەكەی كوردی بوو، نەیانتوانی لە شارەكان بمێنێنەوە ئەوانیشی هەر بێ بەش كرد لەو مەوزوعە قانونێكی دەركرد، قانونی رەقم (90) لە پێشدا قانونی ئیصلاحی زراعی، یان قانونی با بڵێین موڵكداری، هەر كەسێك پێنج ساڵ حەقی تەسەروفی بوو بێت بەبێ نیزاع یەكسەر تاپۆ لەسەری تاپۆ دەكردوو موڵكی سرفی خۆی بوو، بەلاَم ئەو خەڵكانەی لەگەڵ حەرەكەی كوردی بوون ئیمانیان هەر بەوە نەبوو، ئیعلانی تەسویەیان لە مەنتیقەی خۆیان نەكرد، ئیعلان تەسویە لە مەنتیقەی شریتی حدودیەكانی بە هیچ نەوع كە ئەرزی دەكرن نەكراوە، لەبەر وەزعی حەرەكەی كوردی، جا روون كردنەوەیەك لەم بابەتە، جەنابی وەزیر باسی نوقتەیەكی زۆر باشی كرد، كە دەڵێت قەزیەی تەعویز، تەعویز بەس باخەكانی گرتەوە، چونكە لە پێشدا بە قەراری رەقم (90) موڵكیەتی لە هەموو خەڵك سەندەوە، لە جوتیار، لە خاوەن موڵكەكان چ ئاغا، چ شێخ هەر كەسێكی تر بێت بە عام لێی دەسەندنەوە، تەعویز بەس درا بە باخەكان، تەعویز بە موڵك نەدرا، خەڵكێك ئەگەر دە هەزار دۆنم زەوی هەبێت، زەوی دێمەكاری، یان زەوی بەراو یەك فلس تەعویزی وەر نەگرتووە، چونكە شمولی نەكردووەو بەو قانونە لێی سەندراوەتەوە، بەس تەعویزی باخەكان دراوە هەر بۆ روون كردنەوەیەك جەنابتان بزانن كە حكومەتی بەعس، رژێمی رووخاوی بەعس ئینتیقام و ئەم وەزعە لە میللەتی كوردی كرد بوایە، ئێمەش هیچ نەبێت چاو بەوە بخشێنینەوەو رەحمێك بكەین بەو خەڵكانەی كە لەگەڵ حەرەكەی كوردی بوون، كە ئیمانیان بە حەرەكەی كوردی بووە، چ لە دێهاتەكانمان، چ لە حدودی بەلەدیەی شارەكان، ئەو شارانەی كەوا خەڵك صاحێب موڵك بووە لەناو شارەكانداو، هەر ئەو روون كردنەوەیە من عەرزی جەنابتان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخەڵلاَ فەرمووو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهيم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیارم هەیە كە دەڵێت (تعدل المادة الثانية) بە من ئەو قەرارە هەر دەبێت ئیلغا بكرێتەوە، پێویستە ئەو قەرارە ئیلغا بكرێتەوە، بەڵام دەربارەی فەقەرە (ج) من مولاحەزەم هەیە پێم وایە ئێمە شتێكی چاكمان كردووە، كە ئەوەمان لابردووە، دەمانەوێت هەر یاساییەك كە دەریدەكەین چارەسەری كێشەی پێ بكەین، چارەسەری شتێكی بكەین كە خەڵكێك غەدری لێ كراوەو حەقی خوراوە حەقەكەی بۆ بگەڕێتەوە، من پێم وا نییە ئەو فەقەرە سێیەی لیژنەی یاسایی و كشتوكاڵ كە دیاری دەكەن بەلەدیە تا شەش مانگی تر شتێك ئامادە بكات و چارەسەری ئەو وەزعەی بكات، پێم وایە دەبێت ئەو فەقەرەیە ئیلغا بكرێتەوەو لە جێی شتێكی وا دابڕێژین بۆ ئەو كەسانەی كە فیعلەن بە مەغدوری دەزانین، بەناوی پێشمەرگە غەدری لێ كراوەو حەقی لێ خوراوە، ئەوانەش پێم وا نییە، ئەوانە هەمووی لە سنووری شارەوانیەكاندا ئەوەندە شتێكی زۆر نییە، ئێمە ئەوەندە لێی بترسێین كە نەتوانین تەعویزەكەی بدەینەوە، ئەگەر بەڕێزتان ماوەم بدەن فەقەرەی یەكەم لە قەراری مەجلیس قیادەی سەورە بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی پتر هەموو برایانی پەرلەمان بە تەواوی تێ بگەن كە ئەو زەوی و زارانە چۆن زەفت كراون:

(اولاً/ تتولى وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي ادارة واستغلال الاراضي الزراعية العائدة للاشخاص الخاضعين وغير الخاضعين باحكام قانون الاصلاح الزراعي الواقعة في منطقة الحكم الذاتي، الذين امتنعوا عن زراعتها او التحقوا بالعصاة) ئەمەش لێرە مەبەستی ئەساسیەكەمان لێرە ئەوانەنە كە پێیان گوتراوە عوسات، ئەو عوساتانە حەق وایە لێرە ئێمە شتێكی ئەوەندە گران نییە ئیلزامی وەزارەتی بەلەدیات بكەین، فیعلەن ئەوانە حەقی تەسەروفیان هەبووە، لەو وەختەی كە پێشمەرگە بووینەو لە دەرەوە بووینە، نەیانتوانیوە بێن حازر ببن وەكو هەموو خەڵكانی تر ئەو حەقەیان پێ بدرێتەوە، ئەوی تریش لە فەقەرەی یەك و دوو ئێمە هەموو رەئیمان لەگەڵە، پێمان وایە شتێكی باشیان كردووە، بەڵام ئەوەی كە بە غموزی دەزانین ئەو فەقەرەیە كە دانراوە بۆ چارەسەری ئەو فەقەرە (ج)ی، بەڵام پێم وایە زۆر باش نییە، وەكو پێویست چارەسەری ئەو كێشەیە ناكات، من تەئیدی رەئی لیژنەی شارەوانی دەكەم، پێویستە ئێمە لێرە شتێك بكەین بۆ ئەو خەڵكە مەغدورەی، نەك ماوە بدەین دیسان شەش مانگی تر، ئایا دەكرێت، یان ناكرێت، ئەوە شتێكی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە بچینەوە مێژووی زەوی لە عێراق بەتایبەتی لە كوردستان، بەڕاستی لە سەردەمی سۆمەر و بابلی و ساسانی بێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلام، ئەوجا عوسمانی، ئینجا ئینگلیز، ئەوجا پاشایەتی لەعێراقدا، بەڕاستی كێشەیەكی دوورو درێژو فراوانی بەجێ هێشتووە، تاوەكو بگاتە سەردەمی با بڵێین سەورەی چواردەی تەموزو ئەوە، یەعنی من تەئیدی مام خورشید دەكەم، ئێمە پێویستە بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشە ئاڵۆزانەی كشتوكاڵ دوای دیراسەیەكی ورد قانونێكی تایبەت بە چارەسەر كردنی هەموو كێشە كشتوكاڵیەكانمان هەبێت، بەڕاستی ئەمە پینەیە، من بۆ خۆم رەئیسی وەحدەی ئیداری بوومە، رەنگە سێ

سەد، چوار سەد کێشەی کشتوکاڵیم بینووە، کە ئێمە سەرۆکی ئەو لیژنانە هەیە، بەڕاستی هەندێك جار لەنێوان جوتیار و جوتیار، هەندێك جار لە نێوان جوتیارو مەلاك، کە بەڕاستی هەندێك کێشەی ئاڵۆز ئەوە بووە، پێم وایە ئێمەش نەمانتوانیوە چارەسەری زۆریان بکەین، زۆرێکیان بێ چارەسەر ماوەتەوە، ئەوانە لەبەر ئەوەی قانونێکی موەحەد نەبووە، هەندێك لە ناوچەکانی کوردستان تا ئێستا قانونی 117ی ساڵی 1970 جێ بەجێ دەکرێت، هەندێکی قانونی 90ی ساڵی 1975 جێ بەجێ دەکرێت، بۆیە ئێمە پێویستە بەڕاستی قانونێکمان هەبێت بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، سەبارەت بەو پرۆژە یاساییە ئەگەر باس لەوە دەکرێت بەهۆی شۆڕشی کوردەوە هەندێك کەس زەوی زراعیان لێ وەرگیراوەتەوە، بڕیارێك هەیە لەو پەرلەمانە هەر کەسێك بەهۆی شۆڕشی کوردەوە، ئەگەر زەوی، خانوو هەر شتێکی لێ وەرگیراوەتەوە، بۆی دەگەڕێننەوە، وەکو مام خورشید ئیشارەی پێدا، پێم وایە رەنگە چارەسەرێکی ئەوە بکات، سەبارەت بە ئەو زەویانەی کە دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانی، ئێمە لە بڕیاری پێنجی 2007، ئەویش دیسان چارەسەری ئەو کێشەیەمان بۆ دەکات، ئەگەر هەر سوور بین لەسەر ئەم پرۆژەیە بڕوات، من تۆزێك مولاحەزەی قانونیم هەیە دەڵێت (كل من ادعى حق التصرف في ارض اميرية) حەقی تەسەروف خۆی لە قانوندا حەقێکی عەینییە، ئەسڵیە بە قانون تەسبیت دەکرێت، یەعنی حەقە ئێمە ئەو وشەیە بگۆڕین بە ئیستیغلال، یان بە ناوێکی تر، چونکە لەبەر ئەوەی کە تۆ گوتت حەقی تەسەروفی هەیە بە قانون بۆی تەسبیت کراوە، ئینجا سەبارەت بە زەوی ئەمیرییە، زەوی ئەمیرییە بەپێی قانون ژمارە (53) تەصنیفی هەرچی زەوی زراعی هەیە لە عێراق لە ساڵی 1976 یەکلا کراوەتەوە، ئەرزی ئەمیرییە کراوەتە سێ بەشەوە، ئەمیریەی سرف، ئەمیریەی موفەوەزە بە تاپۆ، ئەمیرییەی تاپۆ بە لەزمە، یەعنی پێویستە لێرە کە دەڵێت ئەرزی ئەمیرییە، کام ئەمیرییە؟ ئەمیرییەی سرف، ئەوە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەگەر لێی سەندراوەتەوەو موفەوەزە بە تاپۆ، یان بە لەزمە بووە، ئەوە بابەتێکی ترە، ئینجا لێرە ئاماژە بە قانونی ئیصلاحی زراعی بکرێ، پێویستە ئاماژە بە ژمارەی قانونەکە بدرێت لێرە لە پرۆژەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا کاك شێروان تەوزیحێکی باشیدا، بەلأم بەڕاستی ئەوەی کە مام رەشاد باسی کردو جەنابی وەزیری زراعە تەوزیحیدا، من وای لێ حاڵی دەبم ئێستا باسی ئەو گرفتانە دەکرێت، ئەو زەویانەی کەوتونەتە سنووری شارەوانیەکان و دەیانەوێت چارەسەریان بکەن، یاخود تەعویزیان پێ بدرێت، ئەوە بەڕاستی باسی زەوی بوو کە کاك باپیر کاملا بەتایبەتی لە مەنتیقەی پشدەر کە ئێمەش شارەزاین زۆرتر، من وا دەزانم ئەگەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بتوانن یاساییەکی وا دەرکەن و گرفتی زەوی و زار لە کوردستان چارەسەر بکات، دەبێت بە دڵ خۆشیەوە بزانین، کەوا دەستکەوتێکی گەورەی مێژوویی بۆ پەرلەمان و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێت، لەگەڵ دەستکەوتە مێژووییە گەورەکانی دیکە، بەلأم ئەگەر لەو دانیشتنەو لەو یاسایەی دەردەکرێت، چارەسەری تەنها ئەو زەوییە زراعیانە بێت کە کەوتونەتە

سنووری شارەوانیەکان، بەڕاستی دەتوانین بڵێین یاساییەکی بۆ دەردەکرێت و چارەسەری بۆ دەکرێت، چونکە ئێمە لە کوردستاندا ئەوەی کە برادەران باسیان کرد، کۆمەڵێك قانونی جیا دەرکراوە تا ساڵی 1975، مەسەلەن تا ساڵی 1995 کۆمەڵێك شت دەرچووە، ئەگەر لە ساڵی 1953ەوە بەرەو سەرەوە تر کاتی قەراری تەسویەو مەساح کراوە، ئەو تەسویەو مەساحە گرفتی زۆری زەوی بەجۆرێك خەڵکی گرفتار کرد، کەوا کێشەیەکی چینایەتی زۆر گەورە دروست بوو، ئەو کێشە چینایەتە دوای تەسویەو مەساح، من لە مەنتیقەی پشدەر شارەزام، یەعنی گەیشتە رادەیەك کەوا کوردستان شاهێدە ئەو حاڵەتە لە پشدەر روویدا، ئێستا زۆر گوند لە پشتدەر ئاوەدان نەبۆتەوە، لەوە نییە کە خەڵك گوندەکەی خۆی خۆش ناوێت و زەوی و زارەکەی خۆی خۆش ناوێت و زراعەی خۆش ناوێت، لەبەر ئەوەی لا یەزال خەڵك گرفتارە بە نیزاع و مەشاکیل، بەڕاستی پەرلەمانی کوردستان کە یاسایەکی چارەسەرسازو لە ریشەوە یاساییەك دەربکات بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و شارەزایانی ئەو بوارە موعەقدە، بەڕاستی یەعنی جێگەی خۆیەتی کەوا زۆر بە جددی مەوزوعەکە وەربگیرێت، چونکە بەڕاستی ساڵی 1975 کە قەرار 90 دەرکرا، دیسان گرفتێکی تری ئیزافە کرد لەسەر گرفتەکان، بەشێکی چارەسەر کرد، بەشێکی تری کێشەی تری دروست کرد، ئێستا پێویستە پەرلەمانی زۆر بە جددی لە ئایندەدا لە بیری ئەوەدا بێت یاسایەکی گشتگیر دەربکات، بۆ ئەوەی گرفتی زەوی و زار چارەسەر بکات لە کوردستان، نەك گرفتێکی جوزئی ئەوەی دەکەوێتە سنووری شارەوانییەکانەوە، بۆ ئەوەی خەڵك دڵی بە زەوی و زاری خۆی خۆش بێت، بۆ ئەوەی لە قەرارو قانونی تەسویەو مەساح وەختی خۆی ئەو زەویانەی کەوا نیزاعیان لەسەر بووەو چارەسەر نەبوون لە نەتیجەدا بوونە ئەمیری، دیسان گرفتێکی تر ئیزافە بووە، ئەو دوو تەرەفەی کەوا بۆتە ئەمیری هەردووك، دوو تەرەف خۆیان بە صاحێبی ئەمیری موڵك دەزانن، لەو سەریشەوە حکومەت خۆیان بە خاوەن موڵك دەزانن، ئێستا گرفتەکان بە موعەقدی ماوەتەوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم لە پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان کەوا لە بیری دانانی یاسایەك بێت، یاسایەکی گشتگیر، بۆ چارەسەر کردنی زەوی و زاری زراعی لە هەموو کوردستاندا، ئەو کاتە دەزانین کەوا چ مەفخەرەو شانازییەك بۆ پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەچێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت یاسای ژمارە (90) ئێمە دەبێت بزانین کە چ کاتێك ئەو یاسایە دەرچووە، ئەو یاسایە لە ساڵی 1975 دەرچووە، لە کاتێك کە دوای نیسکۆی شۆڕش دەرچووە، وەختێك بووە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە هەر هەمووی لە خەڵك چۆڵ بکرێت و رەهەندی نەتەوەیی، ئەبعادی قەومی لە بەینی پارچەکانی تری کوردستان نەمێنێتن، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەی کە لەنێوان بەشێکی کوردستان و بەشێکی تری هەبووە نەمێنێت و لە هەمان کاتدا شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەش نەمێنێت و ئەوەی پێشمەرگەش بووە تێیدا زەرەرمەند بێت بەپێی ئەویاسایە، ئەو یاسایەش بەناوی (قانون تنظيم الملكية الزراعية في منطقة كوردستان للحكم الذاتي) یەعنی تایبەت بەو ناوچەیە بووە، بۆ شوێنی تر نەبووە، هەم بۆ قول کردنەوەی کێشەی ناوخۆیی، هەم بۆ دابڕینی زیاتری بەشەکانی کوردستان لەیەکتر، دواتر ئێمە دەبێت تێبینی ئەوە بکەین لە سوریاش یاساییەك لەو شێوەیە هەیە، کە حیزامی ئەمنی دروست دەکات بە درێژایی سنووری

رۆژئاواو لەگەڵ باشووری كوردستان، ئەو نیزامە لەویَ ئـەوەی دێت لێـرەش هەسـتان ئـەو یاسـایەیان پیـادە كردەوە، كە بە درێژایی پازدە تا بیست كیلۆ مەتر كوردیان لەسەر سـنوورەكان لابـرد، عەشـیرەتی عـەرەبیان هێنـا ئـەو ناوچـانە، ئـەو ناوچـانە هەوڵیانـدا لـە باشـوور دایبـڕن، ئـەوە بـوو بـە درێـژایی سـنوورەكانی كوردسـتانیش ئـەو یاسـایەش هاتـە پێشـی، هـەم ئـەو ناوچـانە لـە خـەڵك چـۆل بكرێـت، هـەم ئـەو دەورە نەتەوەییەش نەمێنێت لەناو پارچەكانی كوردستان، ئەوە یەك.

دووش/ ئەوەی كە تەماشا دەكەین ئێمە بەپێی ئەو یاسایە كێشـەیەكی زۆرتـر دروسـت بـووە، كێشـەكە هـەر ئەوە نییە، كە ئەوانەی كەوتبێتە زیمنی سنووری شارەوانیەكان، نەخێر كێشەكە كە تەماشای دەكـەین جگـە لـە ناوچـە سـنووریەكان، كۆمـەڵێك ناوچـەی تـر بەتایبـەت مەنتیقـەی مـەخمور، مەنتیقـەی قـەراج، گـوێر، كەندیناوە، ئەوە خاكەكەی هەر رۆیشتووە، بەپێی ئەو یاسایە حكومەت هەمووی دەستی بەسـەر داگرتـووەو بەشێكی بەبەر شەریكەی نەوت كەوتووە، بەشێكی عەرەبی هێنراوەتە سەری، یـەعنی بەڕاسـتی ئـەو یاسـایە هەوڵێكـە بـۆ چارەسـەر كردنـی كێشـەیەكی بچـووك، یـەعنی چارەسـەرێكی ریشـەیی كێشـەی زەوی و زاری كشتوكاڵی، یاخود زەوی و زاری موڵك ناكات لە كوردستان، منیش لەگەڵ رەئی ئـەو بەڕێزانـەدام كـە باسـیان كـرد یاسـاییەكی گشـتگیر دەربكرێـت، ئـەو یاسـا گشـتگیرە بتـوانرێتن بـەپێی ئـەو یاسـایانە هـەر هـەمووی دیراسـەتی بكـرێتن بـە سـوود وەرگـرتن لـە یاسـای وڵاتـانی تـریش، ئێمـە یاسـایەكمان هـەبێت، یـەعنی چارەسـەرێكی بنـەڕەتی كێشـەكەمان بـۆ بكـاتن، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو یاسـایە كـە ئێمـە وەكـو بڕیارێـك دەمانــەوێت دەریبكـەین لێـرەدا، بڕیـارە لێـرە نووسـراوە، نـەك یاسـا، تەعـدیل كردنـی مـاددەی هەشـتی یاسایەكەیە، حاڵەتێكی دیاری كراوە، من لەگەڵ ئەوەدام كە لە پەرلەمانی كوردستان ئێمـە ئـەوە دەربكـەین، لاریمان نەبێت لەسەر ئـەو مەسـەلەیە، مـن تەئیـدی لیژنـەی یاسـاییش دەكـەم لـەو رووەوە، بـا دەربچێت و چارەسەری ئەو گرفتە بكات، ئەوەی كە باسی دەكەین بۆ داهاتوو، لە داهاتووی نزیك لیژنە تایبەتمەنـدەكان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەموو لایەك كار بكەین لەگەڵ شـارەزایانی تـر لـە دەرەوەی پەرلـەمان ئـەو یاسایە گشتگیرەش دابنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە یاسایەكی گشتگیر بۆ بواری كشتوكاڵ زۆر پێویستە، بـەڵام ئـەوەش لـە ئەهمیـەتی ئـەو پـرۆژە یاسـایە كەم ناكاتەوە، كە ئێستا لەبەر دەستمان دایەو چارەسەری كێشـە قـەیرانێكی گـەورەی زەوی و زار دەكـات لـە كوردستان، بەتایبەتی لەناوچە سنووریەكان پشت دائیـرەی ئـەمنی كـە رژێـم كـاتی خـۆی پێـی دەگـوت، ئـەو ناوچانە بەتایبەتی گوند نیشینەكان دەیان ساڵە، سەدان ساڵە لەسەر ئەو زەویانە بووە، من بـاوكم موالیـدی 1916یە لەسەر ئەو زەویەی كە ئێستا لەسەرە لە دایك بووە، هەموو خەڵك دەڵێن بە شان و ملی خۆی ئەو شـاخانەی شـكاندووەو كردوویەتییـە پارچـە زەوی خـۆی، ئێسـتا كـە بـۆی كراوەتـە ئـەمیری، ئێسـتا ئێمـە هەنگاوێك بۆی دەچینە پێش حەقی تەسەروفی دەدەینێ، كە بەڕاستی حەقی تـاپۆی هەیـە، مـن لـەو رووەوە پشتگیری قسەكانی كاك باپیر دەكەم، كە ئەو جۆرە زەویانە ماوەیەكی یەكجار زۆرە كەسێك هـیچ نیزاعێكـی

لەسەر نییەو تەسەروفی پێ دەكات و لەسەری ماوەتەوە، تاپۆ بكرێت لەسەری، نەك حەقی تەسەروفی بدرێتێ، ئەمە لە لایەك. لە لایەكی تر، لەو برگە پێشنیار كراوەی كە هەردوو لیژنە ئیتیفاقیان لەسەر كردووەو دەستخۆشیان لێ دەكەم، ئیلتیزامێك دەخەنە سەر وەزارەتی شارەوانی بێ ئەوەی وەزیری شارەوانیش لێرە حازر بێت، ئایا دەتوانێت لە خیلالی شەش مانگ ئەو كارە گرنگە ئەنجام بدات، ئەو مافە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەن مافەكان، من گومانم هەیە لە جێ بەجێ بوونی شتێكی باشە، ئەگەر وەزیری شارەوانی حازر بوایە، لەوانەیە باشترە بتوانرا بوایە دیراسەی بكرێتن. لە لایەكی تر، سەبارەت بە برگەی (أ) كە دەڵێت هەر كەسێك گوتی مافی تەسەروفم هەیە، ئەوجا مافەكەی بۆ دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوە مافە ئەو كاتە بگەڕێتەوە كە داوای بكات، نەخێر ئێمە ئەسڵەن لە قانونەكەی دەڵێین، هەموو ئەو زەویانە مافەكانیان بۆ دەگەڕێتەوە، پێویست بەوە ناكات تەحریكی دەعوا بكرێت و داوای بكات، كە كەسێك بێت داوای بكات، نەخێر هەموو ئەو زەویانە كە كەسێك هەیە تەسەروفی تیا دەكات بێ ئەوەی داوایشی بكاتن لیژنەی زراعی پێی هەڵستێت و بەخۆی بەدوای دابچێت و مافەكەیان بۆ بگەڕێنێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا مولاحەزە ئەویش ئەوەیە وەزیری شارەوانی دەبوایە حازر بێت، بەس لەگەڵ ئەوەشدا پێشی بێینە ناو هۆڵی كۆبوونەوە، ئەو پێشنیارە جەنابی وەزیری كشتوكاڵ بە تەلەفۆن لەگەڵی كردو بۆی باس كردو ئەویش پێی باش بوو، ئەگینا مولاحەزەكەت راست بوو هەر بۆ مەعلومات، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكانی من كاك خەلیل و كاك سەردار كردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی یەعنی ئەوەلەن ئیستیسنائەكان كە سێنە لەسەر سێیەم قسەم هەیە، (الاراضي المغروسة بالأشجار لمدة لاتقل عن (10) سنوات)، تەبعەن جەوهەری ئەو یاسایە بۆ ئەو ناوچانەیە كە تەسویە نەگەیشتێ، یان ئەوانەنە كە نە تاپۆیە، نە هیچ موستەمسەكاتی قانونی هەیە، یان بە تەعامولی زراعی كار پێ نەكردیە، ئەو ناوچانە تا ئێستاش زۆربەیان خەڵك نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەوە، بەتایبەت گوندەكان ئەگەر ناوچەی وەرگرین هەمووی نەگەڕاونەتەوە، چونكە هەموو ساڵێك تۆپبارانەو قەسفەو خەلكیش ئەو زراعەتە خۆیان بە دە ساڵ مەغروس نییە.

دوو/ هەندێك عالەم زەوی هەیە تەغیری سرف بوویە، یەعنی پاش ساڵی 2004 خەڵكێك هاتووە كە ئەو دارە كۆنە قەتعی كردووەو دارێكی نوێ داناوە، ئەوەش عومری دە ساڵ نییە.

سێ/ زەویەك هەیە كە ئەسڵەن بە داروبار زراعە نابێتن، حبوبەو مولكی خۆیەتی، ئیتر نازانم ئەو سێ خاڵانە كە مەشمولی ئەوە دە ساڵە ناكەن، ئەو تەعویزە بۆی دەبێت، یان بۆی تاپۆ دەبێت، یان دەبێتە مولكی تەسەروف.

خاڵێكی تر، فیعلەن ئەوەی مولكی سرف مەنتیقەی ئامێدی هەمووی تا ئێستا كەسێك نییە عەقدی لەگەڵ زراعە كرد بێت، تاكو مومارەسەی زراعی لە عاردی خۆی كرد بێت باوو باپیرەكان یەعنی بە هەزاران ساڵە لەسەر ئەو عاردەنە، هیچ تەعامولێكی زراعە نییە، ئەمە موفتەرەزە یەكسەر بۆیان تاپۆ ببێت و دروست بێت.

چوار/ من لەگەڵ ئەو رەئیەمە كە لیژنەی زراعی دروست ببن، تایبەت بن بە تەنفیزی ئەو قانونە لە جیاتی ئەوە وەزارەتی بەلەدیات هەتا مەشروعەكە تەقدیم بكات بۆ شەش مانگ لیژنەی زراعی دەست بە كارەكان بكەن و تەسویەی عاردەكە ئەوە ئەساسی تر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوا كەس كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەك لە لای هەمووان ئاشكرایە، كە رژێمی دیكتاتۆری هەر یاسایەكی دەركردووە بەتایبەت لە كوردستان دژ بە مافی مرۆڤ و بە خەڵكی كوردستان بووە، بۆیە ئەو یاسایانە هیچ ئەساسێكی نییە بۆ ئێمە، هیچ ئەساسێكی نییە كە ئەمڕۆ پابەند بین لەسەری، كە خزمەتی میللەتەكەمان بكات، بۆیە لە دەستووری عێراقی دائیمی ماددەی سی و سێ ئیشارەتی بەوە كردووە كە دەڵێت موڵك هی خاوەن موڵكە دەتوانێت تەسەروفی پێ بكات، ئەو رژێمە ئەو موڵكانەی بە ئارەزووی خۆی دەستكاری كرد، ئینجا ئەوانەی تریش كە تاپۆشیان نەبوو بە سەدان ساڵ لە دەست كەسوكاریان بوو، لەبەر ئەوە لیژنەیەك پێك هێنرا بە ماددەی (136) لە دەستووری عێراقی دائیم، كە دەڵێت هەیئەی دەعاوی موڵكیە، هەیئەی كێشەی موڵكداری ئەمە چارەسەری ئەو كارانە بكات بۆ قەرەبوو كردنەوەیان لە میزانیەی دەوڵەت، نەك لە میزانیەی هەرێمەكان، هەر كەسێك زەرەرمەند بووە لەناو سنوورەكانی گشتی عێراق بیزیمنیها هەرێمی كوردستان، ئەو خەڵكانە مافی ئەوەیان هەیە ئەو زەرەرانەی بەو مێژووە لێیان كەوتووە وەریبگرنەوە، بۆیە واجبە لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان بەدواداچوونی ئەو كارە بكاتن بۆ بەدەست هێنانی مافی ئەو خەڵكە بە قەرەبوو كردنەوە، ئەوە ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، لیژنەی نیزاعاتی موڵكی لە هەموو شارەكان هەیە، لەوەیە زۆر لە هاووڵاتیانی ئێمە هێشتا موراجەعەتی ئەو شوێنانەیان نەكرد بێت، بۆ چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ئەو زەویانەو لەگەڵ ئەو واقیعەتەی ئەمڕۆ هەیە، حكومەتی هەرێمی كوردستان پڕۆژە یاسایەكی كامل ئامادە بكات لەم پەرلەمانە بڕیاری لەسەر بدرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، زۆر رەئی تەرح كرا، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بەوە كرد كە دەبێت یاساییەكی فراوان دەربچێت موعالەجەی هەموو لایەنەكان بكاتن لە مەسەلەی زەوی، كە پەیوەندی بە

زۆرینەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، ئینجا داوا لە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ دەکەم کە بە بایەخەوە ئەوەی وەربگرێتن و دیراسەتی بکاتن، بۆ ئەوەی بگەینە ئەوەی یاساییەکی باشترمان هەبێت، بۆ چارەسەر کردنی هەموو ئەو کێشانەی کە رووبەڕووی کشتوکاڵ دەبنەوە.

دوو/ مەسەلەی گرنگ لەو مەوزوعە کە دێتە پێشەوە لەوانەی کە جەنابی وەزیر خۆی وەڵامی دەداتەوە، نوقتەیەکی جەوهەریە ئەویش خاڵی (ج)ە، خاڵی (ج)ەکە لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە دەڵێت تەسجیل بکرێت بە موڵکی دەوڵەت، یەعنی بۆ بەلەدییە، لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ بیدایەتەکەی ئەوەیان بوو کە دەبێت قەرەبوو بکرێنەوە، ئەوانەی کە تاپۆ کراون، لیژنەی شارەوانیش هەروا، جەنابی وەزیر تەفسیلێکی دا، من ئێستاش داوای دەکەم دووبارەی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی کۆسپەکانی دێنە پێش، ئەگەر بێتو ئەو فەقەرەیە بەو شێوەیە تۆمار بکرێت، قەرەبوو کردنەکە بێ دیراسەت کردن کێشەکان ئالۆزە، هەندێك جێگا هەیە تاپۆی نییە، هەندێك جێگا هەیە هەر بە قسە موڵکی بووە، بۆ شارەوانی کێشەیەکی گەورە دەبێتن، پێویستی بەوە هەیە دیراسەت بکاتن و ئەو جۆرە ئەرزانەی کە هەیە لە سنووری شارەوانیەکان چینە؟ دیراسەت بکاتن و بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە دوا نەکەوێتن لەبەر ئەو دیراسەتە، ئێمە هەردوو لیژنەکە لەگەڵ جەنابی وەزیر، لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانی بە تەلەفۆن وامان بە باش زانی ئەو پرۆژەیە ئیقرار بکرێت وەکو ئیقتیراح کراوە لەلایەن هەردوو لیژنەوە، هەروەها لیژنەی شارەوانیش پشتگیری لە فەقەرەی یەکەم و دووەم دەکاتن، بۆ ئەوەی رانەگیرێتن، ئەو موقتەرەحە هاتە پێشەوە شەش مانگێك مەجال بدرێت بە وەزارەتی شارەوانی دیراسەتێك تەقدیم بکاتن بۆ ئەو شوێنانە، جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد دەرەوەی شارەوانی نییە، سنووری شارەوانییەکانە، بە تەئکید پاش دیراسەت کردنەکە قەرەبوو کردنەوەکە دەبێت بکرێت، بەڵام لەبەر رۆشنایی موقتەرەحێکی مەلموس کە دیراسەت کراوە بۆ ئەوەی قانونەکە کە دەردەچێت، یاخود بڕیاری قەرەبوو کردنەوەکە دەردەچێت روون بێتن و قابیلی تەفسیر نەبێتن، قابیلی جێ بەجێ کردنیش بێتن، لەگەڵ ئەو مولاحەزەیەی ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز دای کە دەبێت شەش مانگەکە یەعنی بڵێین (مدە اقصاها)، بۆ ئەوەی نەڵێتن وەختمان هەیە، لە ئێستاوە دەست پێ بکاتن، مومکینە بە مانگێك تەواوی بکاتن، ئەوجا لەبەر رۆشنایی ئەو دیراسەتە پرۆژەیەك دەنێرێت بۆ ئێمە، بۆ قەرەبوو کردنەوەکەی، من داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم هەندێك مولاحەزات هەیە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە، ئەگەر روون کردنەوەیەك بداتن لەسەر ئەو مولاحەزاتانە فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە حەقیقەت دەربارەی یاسایەکی شامل دەربکەین، تەبعەن ئێمە هەمووومان دەزانین دوو یاسا هەیە لە عێراق کاری پێ دەکەن، یاسای 117 لە ساڵی 1970، یاسای ژمارە (90) لە ساڵی 1975 بووە، ئەمە هەموو عێراق دەگرێتەوە پشتی تایبەتمەندیەکدا بە کوردستان قانونی (90) لە ساڵی 1975، ئەمە بە حەقیقەت دوو غەرەزی تێدا هەیە، یەعنی هەندێك جار جانبی ئیجابی تێدا هەیە، جانبی سلبیشی تێدا هەیە، قانونی 90 ئێمە تەقدیریمان کردووە لە نەتیجەی کۆنفرانسات هاتە دیراسات، لە قانونی 90

ماددەی هەشت موشکیلە هەیە، کە تابعێکی سیاسی تێدا هەیە، خصوصەن ئەو مەنتیقانەی کە ئێمە ئیشارەتمان پێداوە، وەکو ئیشکالی دروست کردووە، من تەسەور دەکەم بەو قانونە، قانونی ئەو مەشروعەی ئێمە هی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەسڵە، دوای ئەوە مولاحەزەیەك هات گوتی ئەوە تەبعەن لە زیمنی ئەوان موشکیلەی بەلەدیەش هاتە ناوی، کەواتە ئەو فەقەرەیە ئیزافە کرا فەقەرەی (ج) هاتە ئیزافە کرن، لێرە موناقەشەمان کرد کو ئەو فەقەرە (ج)ە لێرە دەربێنین، چونکە ئەوانە دیراسەیەکی شاملتری پێ دەوێت، چونکە کێشەیەکی فراوانترە، هەندێك حاڵەت بووینە تەعویزی خۆی وەرگرتووە، ئان تابعی زراعی نەماوەو بینایەشی لەسەر دروست کراون، یەعنی لە هەر مەنتیقەیەك ئیحتیمالە خصوصیەتی تایبەتی خۆی هەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە تووشی کێشە نەبین و تووشی ئیشکالات نەبین، رەئی بۆ ئەوە من پەسند دەکەم لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی باسمان کرد کو ئەم ماددەیە دەبێتە موئەجەل بۆ شەش مانگ، بۆ ئەوەی دیراسەیەکی شامل و تێرو تەسەل بێنێت بۆ پەرلەمان، ئینجا بە موجیبی عەینی قەوانین ئێمە رەفتار لەگەڵی بکەین، یەعنی بە تەسەوری من ئەمە باشترە کو بێن ئێمە قانونێك دەربکەین دوای ئەوە کێشە دروست دەبێت، چونکە لە ئەسڵدا وەکو من گوتم قانونەکە، مەشروعەکە هی وەزارەتی کشتوکاڵ بوو کە فەقەرەی یەکەم و دووەم، من تەسەور دەکەم فەقەرەی یەکەم و دووەم لە 95٪ کێشەکە چارەسەر دەکات، من لەگەڵ ئەوە نیمە ئەمە تەئجیل بکرێت هەتا شەش مانگی تر دیراسەت بکرێت، نەخێر لە 95٪ ئێمە عیلاجی بکەین، تاکو ئێمە لەو مەوقیفە نەبین کو ئەگەر ئێمە ناتوانین 100٪ چارەسەر بکەین، با ئێمە هیچ چارەسەر نەکەین، نەخێر لە 100٪ ناتوانین، با ئێمە لە 95٪ چارەسەر بکەین، من لەگەڵ ئەوەمە ئەو مەشروعە بەو شێوەیە بێت، من دڵنیاشم لە خیلالی شەش مانگ کیفایەتە بۆ ئەوەی موقتەرەحاتی مەلموس و رێك و پێك و دیراسەیەکی شامل بێتە بەر دەستی جەنابتان، زۆر مەسائیل هاتنە بەحس کرن باسی قانونی شامل، یەعنی قانونێکی شامل فیعلەن من لەگەڵ جەنابتانم کە فیعلەن پێویستی بە گۆڕانکارییە، بەس گۆڕانکاری جەزری، دوو شتی زۆر زۆر سەرەکی هەیە کێشەی ئەرازی، ئەوەی تەسویەیە بە ئەو مەشروعە چارەسەر دەکرێت.

دوو/ مەسەلەی عقودە، کێشەیەکی گەورە مەسەلەی عقودە، مەسەلەی عقودیش مەشروعێك لە کۆنفرانسێك لە لیژنەی زراعیش لە کۆنفرانسی ئەرازی حازر بوو، ئێمە موناقەشەمان کردو لیژنەی قانونیش تێدا حازر بوو، ئێمە موناقەشەمان کردو ئێستا مەشروعێکە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرباز بوویە هاتیە بەرەو پەرلەمان، ئومێد دەکەم کو ئەوەش خیلالی فەترەی ماوەی بێت ئەم مەشروعەش دەرباز ببێت، من تەسەور دەکەم کێشەی هەرە سەرەکی هی جوتیارەکان، هی موڵکیەت، هی ئەرازی بەو هەردوو مەشروعە چارەسەر کرد، ئێمە خەریك دەبین بۆ ئەوەی لەسەر تەفاسیل دانیشین، جارێکی تر باسی مەسەلەی ئیتفا هاتە کرن، تەبعەن من ناتوانم تەرکیز لەسەر ناوەکان بکەم، بەس باسی هەندێك شوێن هاتە کرن کو مونشەئات لەسەری دروست بووینە، نە ئەوی ئێستا کە تەسویەی لەسەر دەکرێت، هەندێکی تر خارجی ئەمەیە، ئەمە بەپێی قەوانینی ئیتیفا پێشی ئینتیفازە مەجومەعە سیلسلەیەکی قەوانینی ئیتفا هەبوو، دوای ئینتیفازەش بە سیلسیلەیەك قەوانینی ئیتفا دەرچوو لە جاران بە شتێکی عەینی دەکرد لە وەختی زەمانی عێراق، پشتی لە لای ئێمە 4٪ بوو موقابیل 8٪ پشتی هەندێ بووە 8٪، 12٪، پشتی دیکە بووە 12٪، 20٪، ئەمە ئەسەری رەجعی نابێت، یەعنی زۆر زۆر کێشەیەك هەیە، موشکیلەیەك هەیە، ئێمە ناتوانین بزەبت بە ئەسەری رەجعی جارێکی تر ئەو کێشانە بۆ هەڵگۆڵین، عادەتەن کە قانون دەردەچێت بۆ ئێمە لەمەودوا ئەو قانونە جێ بەجێ دەکەین، من تەسەور دەکەم هەندێك مەناتیق باسی کرد برادەران باسی هەندێك مەناتیقی ئەمنیان کرد، راستە هەندێ مەناتیقی ئەمنی بەس ئەویش دیسان

مەسەلەن مەنتیقەی دۆسکی ژووری نێروەرێکان، راستە ئێستا کەس لەسەری نییەو ئێمە ناتوانین، بەس مەنتیقەیەك هەیە مێرگەسۆر هەمووی لەسەرە، کانی ماسی دەتوانێت موعالەجەی بکەیت، مەنتیقەی باتووفە دەتوانین موعالەجەی بکەین، شارباژێر دەتوانین عیلاج بکەین، مەنتیقەی مێرگەسۆر هەمووی دەتوانین عیلاج بکەین، چۆمان، ئەم مەنتیقانەی ئێستا، چونکە ئەمە وەختی پێ دەوێت، من بۆ ئاگاداری جەنابتان دەکەم، کە ئێستا لیژنەی فەنی ئەجهیزەی تازەمان هێناوە بۆ مەسح، پێشکەوتووترین جیهاز ئێستا لە دەستمان دایەو ئیتیفاقمان لەگەڵ شەریکەیەك کردووە، ئێستا تەدریبی کەوادیری ئێمە دەکەن، بۆ ئەوەی مەسحێکی رێك و پێك بکەن، لیژنە دەربکەون و ئەو کێشانە هەمووی عیلاج بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێروان ئێوەش هەندێك مەوزوع رووبەڕووی لیژنەی یاسایی بۆوە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە دوو، سێ مولاحەزەمان هەیە، جگە لەو مولاحەزاتانەی کە جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، یەك/ ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە یاسایەکی موتەکامیل دەربچێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەوی و زار لە کوردستان، ئەوەی کە هاتووە بەشێکە لە چارەسەر کردنی موشکیلەیەکی فەقەرەیەکە لەو مەسەلانە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە لە بایەخی ئەم پرۆژەیە کەم دەکەینەوە، بەڵکو ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی گرنگە، هەر لەسەرەتاوە ئیشارەتم پێدا.

دووەم/ کە دەمەوێت روون بکەمەوە، کاك عادل ئیشارەتی پێدا مەسەلەی ئەرازی لە کوردستان و لە عێراق هەمووی تەوحید کراوە، بەگوێرەی قانونی تەوحیدی ئەصنافی ئەرازی رەقم (53) لە ساڵی 1978 دەقەکەتان بۆ دەخوێنمەوە کە دەڵێت (تعتبر جميع الاراضي الاميرية صرفا والمفوضة بالطابو والممنوحة بالزمة والموقوفة وقفاً غير صحيحاً والاراضي المتروكة من صنف الاراضي المملوكة للدولة)، ئەوانە هەمووی تەوحید کراوە لە ژێر ئەم ستارە کە مەملوکە بیدەوڵەی پێ دەڵێن، عەدای مولك صرفەکە، ئەمە دوو.

سێ/ باسی بەساتین و باغەکان هات، بەساتین ئەسڵەن لە قانونی 117 موستەسنایە، لە 90یش موستەسنایە، ئێستا لە زیمنی ماددەی هەشت ئێمە ئیستیسنامان پێداوە، چونکە حوکمی حوکمی مولك سرفە.

بەنیسبەت عقود، ئەوە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا، وابزانم عقود ئەوە پرۆژەیەکە تازە هاتۆتە پەرلەمان، ئەوەش چارەسەری بەشێکی کێشەکانی زەوی و زار دەکات، ئەمە بوو مولاحەزاتی ئێمەو هیچ مولاحەزاتی ترمان نییە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد هیچتان هەیە، پشتگیری لە موقتەرەحی هاوبەشیان دەکەیت؟ فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لە ماددەکەی قەرەبوو کردنەوەکە بە رۆنی بێتن، مەتاتیەتی تێدا نەبێت، ئەگەر رێگاشم بدەیت دوو فەقەرە ئەوەی برای بەرێزم کاک شێخەڵلا خوێندیەوەو بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوەی خوێندەوە، دوو فەقەرەی ئەخیری خوێندەوە زیاتر بەڕاستی بۆ ئیشەکەی دەچین، کەوا خەڵکەکە تەعویز بکرێتەوە، ئەگەر رێگام پێ بدەیت ئەو دوو فەقەرەیەش بخوێنمەوە.

فەقەرەی یەکی خوێندەوە کاك شێخەڵلاَ، فەقەرەی دوو دەڵێت (يعفى الاشخاص المشمولين باحكام هذا القرار الملتحقين بالعصاة من كافة الجرائم الازمة عن التحاقهم بالعصاة في حالة عودتهم خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ صدور هذا القرار لوزير الزراعة والاصلاح الزراعي اعادة الاراضي المشمولة باحكام هذا القرار والعوائد المتأتية عنها الى ذوي العلاقة عند عودتهم الى الاستغلال ورجوعهم الى الصف الوطني خلال فترة ثلاثون يوماً)، ئەو کاتەش ئەو بڕیارە دەرچووە ژمارەکەش (1127) لە 1974/10/20 لە کانگەی شۆڕش، لەو پەڕی گەشە کردن دابوو، ئەو کاتە دەرچووە کە کەس لێرە نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك تەڵعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قسەکانی جەنابی وەزیرو لیژنەی یاسایی دامە، بەڕاستی وا تەسەور نەکەن کە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی کوردستان هەوڵی نەداوە، ئێمە هەوڵێکی یەکجار زۆرمان داوە، لەبەر ئەوەی زانیمان ئەو پرۆژەیە فیعلەن پرۆژەیەکی حەساسە پەیوەندی بە کۆمەڵە خەڵکێکەوە هەیە، ئەوانەی کە بەشداری خەباتی سیاسی گەلەکەیان کردووە، ئێمە ئەو قەرارات و ئەو کتابانەی کە تایبەتە هەمووما‌ن دەرهێناوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی شامل و گشتگیر ئەو پرۆژە یاسایە دەربچێت، ئەو فەقەرە (ج)ی لە کاتی خۆی هاتبوو، ئێمە موسیر بووین لەسەری، تا لەگەڵ وەزارەتی زراعەو لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئێمە کەتینە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت تەعویزێك بدرێتە ئەو کەسانەی کە بەشداریان کردووە، تەعویزەکەش بەوە داهات پاش ئەوەی دیراسەت کرا لێکیان داوە هەر کەسێك حەقی خۆی تەسیبت بکات لەو زەویانەی کەوتونەتە داخیلی حدودی بەلەدیە، کێشەی سەرەکیمان هەر لەسەر ئەو زەویانەیە کە دەکەوێتە داخیلی سنووری بەلەدیە، بۆیە ئێمە ئەو فەقەرەی سێیەمان ئیزافە کردو لەگەڵ جەنابی وەزیرو لیژنەی یاسایی، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا خیلافەکە لەسەر فەقەرەی (ج)ە، ئەسڵی پرۆژەی حکومەت کە هاتووە بۆ ئەوە فەقەرەی (ج) دەڵێت (ج- ئەو زەویانەی دەکەونە ناو نەخشەی بنەڕەتی شارەوانیەکان تەسویە نەکراون و بڕیارەکانیان نەگەیشتۆتە پلەی یەکلا کەرەوەو یاخود بڕیارەکانی تەسویەیان هەڵوەشاوەتەوە بە موڵکی سرف بەناوی شارەوانی پەیوەندار تۆمار دەکرێت)، یەعنی هیچ حەقێکیان نەماوە، فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرە (ج)ە کە کێشەی لەسەر بووە، بەڕاستی فیعلەن لە کاتی خۆی کێشەی لەسەر بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با تەواوی بکەم، مەبدەئی قەرەبوو کردنەوەکە لە لایەن هەرسێ لیژنەکان وەکو یەکە، فەرقی نییە هەرسێ لیژنەکان دەڵێن دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە، فەرقی ئەوەیە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ لەگەڵ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و جەنابی وەزیری شارەوانی گەیشتنە هینێك ئەوان بەو مەنتیقەو بەو هینە قەبول کرد کە قەرەبوو بکرێنەوە، بەلاَم گوتیان دەبێت دیراسەت بکرێتن و روون بێت لە پێش چاومان، چۆنەو چەندە؟ حاڵەتەکان چیە؟ جا ئەوە دوو پێشنیارە، ئەگەر کاك رەشاد پشتگیری لەو فەقەرەی (ج)ی وەك ئەوان دەکات، ئەوە ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەگەرنا دەبێتە دوو موقتەرەح، فەرموو کاك رەشاد پشتگیریان دەکەیت، یان بۆ شەش مانگەکە رەئیتان چیە؟

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر مودەکە نییە، مولاحەزەی ئێمە لەسەر ئەوەیە شارەوانی لە چ تاریخێك ئیعتیبار بکات کە ئەو عاردانەی داخیلی تەصمیمی شارەوانی بووە، چونکە لێرە مەجالەکی زۆری تێدایە ئیجتیهادات بەکار دێتن، مەفروزە لێرە لە مەتنی یاسایەکەی دیار بکرێت بۆ شارەوانی بڵێت لە فلان تاریخی ئەو زەویانەی کە خاوەنەکانیان مەوجود نەبووینە داخیلی حدودی شارەوانی کراوە، عیلاج بکرێتن بەو یاسایەی قەرەبوو بکرێنەوە، هەر ئەوەندەم داوا کردووە، لە ئەسڵی یاسایەکە چ موشکیلەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بەو صیغەیەی کە نووسراوە موقتەرەحە، ئەگەر جارێکی تر کاك شێروان بیخوێننەوە، ئەو مەبەستەی کە کاك رەشاد ئاماژەی پێ کرد تێدایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً: تقوم وزارة البلديات باعداد وتقديم دراسة شاملة لبيان وتحديد الاراضي الداخلة ضمن التصاميم الاساسية للبلديات المشمولة بأحكام هذا القانون خلال مدة ستة اشهر من تاريخ نفاذه وتقديم اقتراحات لكيفية تعويض اصحابها وفق القوانين النافذة.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێیەم/ وەزارەتی شارەوانی لە ماوەیەك کە لە شەش مانگدا لە رۆژی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەوە باسێکی گشتگیر ئامادە دەکات، بۆ دیار کردنی ئەو زەویانەی کەوتونەتە نێو پلانی سەرۆکی شارەوانیەکان،

كە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەو پرۆژەیەكی یاسا بە چۆنیەتی قەرەبوو كردنەوەی خاوەنـەكانیان بەپێی یاسا كار پێكراوەكان پێشكەش دەكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا یەك شت ئەگەر بگۆڕن مامۆستا كاكە، بۆ ئـەوەی كـاك ڕەشـادیش هـین بـێتن، ئیقتیراحاتەكـە بیكەنـە مەشروعی قانون، بە تەقدیم مەشروعی قانون، بۆ ئـەوەی مـولزەم بێـت بـە قـانون ئێمـە لێـرە قـەراری لـێ بدەین، چونكە ئیقتیراحەكە ڕەنگە ئیقتیراح بكاتن لە مەجلیسی وزەرا قەراری لێ بـداتن، نـەخێر مەشـروع قانون یەعنی كەواتە لێرە ئێمە قەراری لێ بدەین، (وتقدیم مشروع قانون بكیفیـة تعـویض اصـحابها)، ئـەم فەقەرە (ج)ە كە خوێندرایەوە، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پـێم وایـە بـەبێ ئـەوەی مەشـروعی قـانونێكی دیكـە پێشـكەش بـە پەرلـەمان بكرێـت، ئـەو تەقـدیم موقتەرەحاتە تەنها ئەوە لابرێت، ئیتر كافیە، كە دیراسەی كردو بـەیان و تەحدیـدی ئـەو ئەرازیانـەی كـرد یەكسەر با مەشمولی تەعویز بن و تەواو، ئیتر پێویست ناكـات جارێكی تـر بگەڕێتـەوە وەكـو مەشـروعێكی نوێ بێتەوە پەرلەمان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە حاڵەتێكی خاصە، ئەگەر قانونی نەبێتن چۆن تەعویز دەكرێتن، بە چ قانونێك، ئەوە موقتـەرەحی دا، ئاخر نافیزەكە كامیان دەگرێتەوە، لێرە ئەو پرۆژەی كە تەقدیمی دەكەن، دەبێـت تەحدیـدی بكـاتن قـانونی ئیتفا دەیگرێتەوە، موقتەرەحێكی تـازەی هەیـە، ئەگـەر بـەناوی بەلەدیـە تەسـجیل كـرا بێـت، پێویسـتە بـە قەرار ئیلغای بكەین فەقەرەیەك، یەعنی ئەگەر مەسەلەن ئەرزێك تەسجیل كرا بوو بەناوی بەلەدیە، نابێت لێرە بە قانون ئیلغای بكەین، تاكو بە ئیتفا جارێكی تر تەوزیع بكرێتـەوە، هـەر پێویسـتی بـە قانونـە، ئـەو فەقەرەیە، بەڵێ كاك باپیر.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە لە جەنابی وەزیر، ئەو كەسـانەی لـە سـاڵی 1974 بـەدواوە، كـە شـەڕ هەڵگیرسـاوە لـە كـوێ قـەرەبوو دەكرێنـەوە، كـە بـەناویان نـەكراوە، زەویـەكانیان بـەناو نـەكراوە لـە سـاڵی 1974 لـە كـوێ قەرەبوو دەكرێنەوە ئەوانە، چۆن جێگای دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرچەنـدە من دەزانم لەنیزاعاتی موڵكیە، بەڵام با جەنابی وەزیـر وەڵام بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ وازیحە، بۆ ئەو زەویانەی پێشی ساڵی 1975 و ئیستیمراریەتی هەتا وێ، چونکە لە پێشی 1975 نەبوویە، لە دوای ساڵی 1975 ئەو قانونە هاتووە، یەعنی ئەوە ئیستیمراریەتە، یەعنی ساڵی 1974 دەگرێتەوە، ساڵی 1973 دەگرێتەوە، نەفسی شتە، لێرەش دەڵێت (كل من ادعى بحق التصرف في ارض اميرية زراعية في المناطق التي لم تجر او لم تنته تسويتها او لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها بموجب قانون الاصلاح الزراعي رقم 117لسنة 1970 الدرجة القطعية)، یەعنی مەفتوحە، موتڵەقە، یەعنی هەر کابرایەك مەسەلەن تۆ دائیم لیژنەی ئێمە بچێتە گوندێك لە گوندەکە صاحێبەکە ئیدیعای کرد گوتی ئەم موڵکە هی منە، لیژنەی زراعی ئیستیفسار دەکات لە مەجلیسی شورا، لە گوندەکە پرسیار دەکات، ئێك موعتەرەز هەیە کو ئەم زەویە موڵکی ئەمەیە، ئەگەر کەس ئیعتیرازی نەبێت، یەکسەر تەنفیز دەکرێت، ئەوەی ناو شارەوانی عەیەنن بە نەفسی قەوانین، ئەوەی ئێستا سیفەتی زراعی لەسەرە بە نەفسی قانونی ئیتفا موعالەجە دەکرێت، ئەوی بۆتە بینایەت و تەسجیل بووە بەناوی بەلەدیە لە زیمنی موفتەرەحاتی تر موعالەجە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا فەقەرە (ج) کە خوێندرایەوە، جارێکی تر ئەگەر بە کوردیەکەی بخوێنێتەوە، جێی فەقەرە (ج)ی ئەسڵی مەشروعەکە دەگرێتەوە، یەعنی فەقەرە (ج) مەشروعەکە لا دەدرێتن، ئەوەی کە موناقەشەی لەسەر کرا بە ئیتیفاقی لیژنەکان، لیژنەی شارەوانیش ئیتیفاقی لەسەر کرد، جەنابی وەزیرش موافیق بوو، وەزیری شارەوانیش بە تەلەفۆن موافەقەتی لەسەر کرد، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێیەم/ وەزارەتی شارەوانی لە ماوەیەك کە لە شەش مانگدا لە رۆژی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەوە باسێکی گشتگیر ئامادە دەکات، بۆ دیار کردنی ئەو زەویانەی کەوتونەتە نێو پلانی سەرۆکی شارەوانیەکان، کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەو پرۆژەیەکی یاسا بە چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەی خاوەنەکانیان بەپێی یاسا کار پێکراوەکان پێشکەش دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیە، نوقتەی نیزامی هەیە دەڵێت غەڵەت خوێندرایەوە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت پێشنیارت کرد، پرۆژەی یاسا ئامادە بکات، نەك باسێکی تێرو تەسەل کەوا خوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر پرۆژەی یاسای خوێندەوە، دیراسەت بکاتن و بە عەرەبیەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ثالثاً: تقوم وزارة البلديات باعداد وتقديم دراسة شاملة لبيان وتحديد الاراضي الداخلة ضمن التصاميم الاساسية للبلديات المشمولة بأحكام هذا القانون خلال مدة ستة اشهر من تاريخ نفاذه وتقديم اقتراحات لكيفية تعويض اصحابها وفق القوانين النافذة.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ماددەکە هەمووی بخوێننەوە، یەك مولاحەزەیەك مولْکی دەوڵەت دەبێت ببێتە (مملوکة للدولة) چاکی بکەنەوە (تسجل ملکاً للدولة) بکرێتە (تسجل مملوکة للدولة)، مام خورشید فەرموو.**

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ ئەو رەئیەی کە من دام کە چەند براو خوشکێك تەئیدیان کرد، بە رەئی من لە زیمنی ئەو مەشروعەی، یان لەو قەرارەی کە ئێستا ئێمە دەیڵێین داوا لە وەزارەتی زراعە بکرێت، کە مەشروعێکی قانونی ئیصلاحی زراعی نوێ دابڕێژنەوە شمولی هەموو ئەوانەی پێشوو بکاتن، ئەو کەموکورتانەی کە بکەینە قەرارێك، کە داوا لە وەزارەتی زراعە بکەن قانونێکی نوێی ئیصلاح زراعی دابنێنەوە لە زیمنی ئەو قەرارانەی کە ئێستا ئێمە دەردەچوێنین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان ئەوە دەکرێت، وابزانم ئێرە جێی نییە، بەڵام وەکو موقتەرەح پێمان گوتووە پەسندی کرد، ئێمە لێرە بیخەینە ناوی دەبێتە مولزەمیش، ئاخر لێرە جێگای نابێتەوە، فەرموو مامۆستا کاکە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**چونکە بڕگە (ج) لە پرۆژەکەدا هاتووە لایەزال واریدە، ئەگەر بێتو ئیستیفتای لەسەر نەکرێت، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ زانینتان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێمە کە دامانە دەنگەوە، من باش بە بیرم دێت بە دیقەت بوو گوتم ئەو بڕگەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کە جێی بڕگە (ج) دەگرێتەوە، یەعنی ئەو لادەچێتن، ئەوە دێتە جێی، لەبەر ئەوە هەردووکی بە یەك دەنگدانەوە دەبێت، ئێستا ماددەکە هەمووی بخوێننەوە، بەوەی کە گوتم مولْکی دەوڵەت ببێتە مەملوکە للدولە، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە تکایە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: تعدل المادة الثامنة من القانون رقم (90) لسنة 1975 في اقليم كوردستان وتقرأ كالأتي:**

**المادة الثامنة:**

**أولاً: تعتبر كافة الاراضي غير المنتهية تسويتها أو التي لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها بموجب قانون الإصلاح الزراعي الدرجة النهائية، اميرية صرفة. وتستثنى من ذلك الاراضي التالية:-**

**1- الاراضي الزراعية والبساتين المملوكة ملكاً صرفاً بموجب سندات طابو معتبرة قانوناً.**

**2- الأراضي والبساتين الموقوفة وقفاً صحيحاً بموجب سندات طابو أو حجج وقفية معتبرة قانوناً.**

**3- الاراضي المغروسة بالأشجار لمدة لاتقل عن (10) سنوات ولايقل معدل عددها في الدونم الواحد عن (40) شجرة.**

**4- الأراضي والبساتين المشمولة بقرار مجلس قيادة الثورة المنحل المرقم (702) لسنة 1973.**

**ثانياً: كل من ادعى بحق التصرف في ارض اميرية زراعية في المناطق التي لم تجر او لم تنته تسويتها او لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها بموجب قانون الاصلاح الزراعي رقم 117لسنة 1970 الدرجة القطعية او التي تم الغاء قرارات تسويتها وثبت تصرفه فيها وفق التعامل الزراعي قبل نفاذ قانون الاصلاح الزراعي المذكور تسجل المساحة التي كانت تحت تصرفه بأسم الدولة وحق التصرف للمتصرف على ان لاتتجاوز الحدود الواردة في المادة الثانية من القانون رقم 90لسنة 1975، مع عدم المساس بالحقوق المثبتة بموحب الاستثناءات الواردة في الفقرات (1، 2، 3، 4) من الفقرة اولاً من هذه المادة.**

**ثالثاً: تقوم وزارة البلديات باعداد وتقديم دراسة شاملة لبيان وتحديد الاراضي الداخلة ضمن التصاميم الاساسية للبلديات المشمولة بأحكام هذا القانون خلال مدة اقصاها ستة اشهر من تاريخ نفاذه وتقديم مشروع قانون لكيفية تعويض اصحابها وفق القوانين النافذة.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**مامۆستا كاكە زەحمەت نەبێت بە كوردیش بخوێنەوە.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی یەكەم: ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (90)ی ساڵی 1975 یاسای ڕێكخستنی موڵكایەتی كشتوكاڵی لە كوردستان – عێراق هەموار دەكرێت بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

**یەكەم: هەموو ئەو زەویانەی كۆتایی بە تەسویەی نەهاتووە، یاخود بڕیاری چەسپاندنی مافی خاوەنداریەتی بۆ دەرنەچووە بەپێی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی بە ئەمیری سرف دادەنرێ بەدەر لەم زەوی‌و زارانەی خوارەوە:**

**1- ئەو زەویە كشتوكاڵی و باخانەی كە بەپێی بەڵگەنامە یاساییەكانی تاپۆ موڵكی سیرفن.**

**2- ئەو زەوی و باخانەی بەپێی بەڵگەنامەكانی وەقفی یاسایی وەقف كراون.**

**3- ئەو زەویانەی داچێنراون بە درەخت بۆ ماوەیەك كە لە (10) ساڵ كەمتر نەبێ و تێكڕای ژمارەی درەختەكانی لە دۆنمێكدا لە (40) درەخت كەمتر نەبێ.**

4- ئەو زەوی و باخانەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە ژمارە 702ی ساڵی 1973 دەیان گرێتەوە.

دووەم: هەر کەسێك گوتی مافی بەکارهێنانم هەیە لە زەوی میری کشتوکاڵی لەو ناوچانەی کە تەسویە نەکراون، یان تەسویەکەیان تەواو نەبووە، یاخود بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117)ی ساڵی 1970 بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوی و زار پلەی کۆتایی وەرنەگرتووە، یاخود بڕیارەکانی تەسویەکەی هەڵوەشاندراوەتەوەو بەتەواوی ساغ بوەتەوە کە زەویەکەی وەبەرهێناوە، بەپێی نەریتی کشتوکاڵی پێش جێ بەجێ بوونی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ناوبراو، ئەو ڕووبەرەی لەژێر دەستی دابووە بە ناوی دەوڵەت تۆمار دەکرێ و مافی ڕەفتار لەسەر کردنیشی بۆ ئەو کەسە دەبێت کە لە ژێر دەستی دابووە. بە مەرجێك لەو سنورە دەرنەچی کە لە ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (90)ی ساڵی 1975 داهاتووە، بە مەرجێك زیان بەو مافانە نەگەیەنرێ کە بە پێی ئەو بەدەرکردنانە چەسپاون کە لە بڕگەکانی (1،2،3،4) لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون.

سێیەم/ وەزارەتی شارەوانی لە ماوەی شەش مانگدا تێپەر نەکات لە ڕۆژی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەوە باسێکی گشتگیر ئامادە دەکات، بۆ دیار کردنی ئەو زەویانەی کەوتونەتە نێو پلانی سەرەکی شارەوانیەکان، کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەو پرۆژەیەکی یاسا بە چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەی خاوەنەکانیان بەپێی یاسا کار پێکراوەکان پێشکەش دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر ئیشارەتم پێدا ئەوەی ئەو برادەرانەی ئیشارەتیان پێدا بەنیسبەت ئەو بەساتین و باخانە موستەسنایە لە تەسبیتی حەقی تەسەروف، چونکە حیسابی موڵکی صرفیان بۆ کرد، ئەمە یەك.

دوو/ ئەم دە ساڵەی کە برادەران ئیشارەتیان پێدا لە قانونی رەقم 117 هاتووە، 90 تەئکیدی لەسەر کردووە، ئێستاش ئێمە لە پرۆژەکە تەئکیدمان لەسەر کردەوە، ئەو دە ساڵەی دانراوە بەنیسبەت عمومی عێراق دانراوە، یەعنی نەك بڵێی بەنیسبەت کوردستان دانرا بێت، ئەمە مەبدەئێکە پسپۆران و شارەزایان دیراسەیان کردووە، بۆیە ئەم دە ساڵەیان داناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: کار بە هیچ دەق، یان حوکمێکی تر ناکرێت ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: لا يعمل باي نص او حكم يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، تەنها صیاغەمان گۆڕییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

صیاغەكەی بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: كار بە هیچ دەقێكی یاسایی، یان بڕیارێك ناكرێت گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەكە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: وەزیری كشتوكاڵ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچووێنێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: لوزير الزراعة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەلاّم وابزانم پێویستە بڵێین (على وزيرى الزراعه والبلديه)، غێر دەبێت تەعليمات دەربكات (كل حسب اختصاص).

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

على وزيري الزراعة والبلديات اصدار التعليمات اللازمة كل حسب اختصاصه لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە مەبەستمان وازیحە، فەقەرە (ج) عیلاقەی بە شارەوانی و ئەوە هەیە، کە دەڵێت (حسب اختصاصە) لەو قانونەدا، وەزارەتی شارەوانییە بۆ جێ بەجێ کردنی بڕگەی (ج) دەبێت تەعلیمات دەربکات، دەبێت بڵاو کراوە بڵاو بکاتەوە بۆ هەموو شارەوانیەکان، لیژنە دابنێتن، بۆیە لێرە هاتووە، ئەو موقتەرەحە تازەیە لەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: دەبێت وەزیرەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: على الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها صیاغەمان گۆڕییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: ئـەم یاسایە لـە ڕۆژی بـڵاو کردنـەوەی لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقائیعی کوردسـتان) جـێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره بالجريدة الرسمية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها صیاغەمان گۆڕییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە هۆکارەکانی دەرهێنانی ئەو یاسایە بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

نظـراً لعـدم اجـراء التسـوية وتثبيـت الحقـوق التصـرفية والعينيـة في أغلـب منـاطق أقلـيم كوردسـتان بسـبب الحركة التحررية الكوردستانية واعتبار تلك المناطق محـذورة اداريـاً وامنيـاً واعتبارهـا اراضـي أميريـة صـرفة وحرمان الفلاحين من استغلال اراضيهم ولرفع الغبن الواقع على هذه الشريحة من المجتمع واعادة الحقوق الى اصحابها فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بە تەسویە نەکردن و نە چەسپاندنی مافی تەسەروفی و عەینی لە زۆربـەی ناوچـەکانی هـەرێمی کوردستان، بەهۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و ئەو ناوچانە لـە ڕووی ئیـداری و ئەمنیـەوە قەدەغـە کرابوون و بە زەوی ئەمیری سرف دانراون و جوتیاران لە وەبـەرهێنانی زەویـەکانیان بـێ بـەش بـوون و بـۆ

لابردنی ستەم و ناحەقی لەسەر ئەو توێژەی کۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی مافەکان بۆ خاوەنـەکانیان ئـەم یاسایە دەرچووێنرا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا کوردیەکە بکە کوردستانی لە تەرجومەکەی بە هەڵە هاتووە، بەڵێ کاك غەفور فەرمو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەوەی کـە جـەنابت گوتـت بکرێـت بـە کوردسـتانی، بکرێـت بـە بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی نیشـتمانیی کوردستانی باشتر نییە، واتا نیشتمانیەکەش لەگەڵدا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ناوە لە هەموو قەوانینەکانـدا لـە ساڵی 1991ەوە بـەکار دەهێنـرێتن، زۆر سـوپاس، پـرۆژەی یاسایەکە لەگەڵ هۆکارەکانی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، دەستتان خۆش بێت، جەنابی وەزیر ئەگەر قسەی هەیە، ئێمە کۆتاییمان بەو پرۆژەیە هێنا، فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵ سوپاسـی گـەرم ئاراسـتەی جـەنابتان دەکـەم بـۆ ئـەو مانـدوو بوونـەو ئومێد دەکـەین، کـە ئێمـە لەگـەڵ لیژنـەکان بتـوانین ئـەو خزمەتـە پێشکەشـی جوتیارەکـانی کوردسـتان بکـەین، خاصەتەن ئەوەی لە سنوورەکان و ئەو مەنتیقانەی کە ئیشارەتمان پێداوە، دەستخۆشـی لـە ئێـوە دەکـەین و سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، موقتەرەحێك هەیە بـۆ دواخسـتنی دانیشـتنەکەمان بـۆ سـبەینێ، بـۆ ئـەوەی جـەنابی وەزیـری پێشمەرگەش ئامادە بێت لەگەڵمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەرنامەی کارمان دوا بخەین بۆ سبەینێ دەستی بـەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتـەوە؟ بـەکۆی دەنـگ بەرنامـەی کارمـان دواخـرا بـۆ سبەینێ، بۆ ئاگاداریتان بەیانی سەعات یازدە کۆ دەبینەوە، پرۆژەی یەکەمی ئەو یاسایەی کە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، کە زۆر گرنگیشە لە لامان قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەویانەی کە بە گرێبەسـت لـە قـانونی ئیتفا باسمان کردو شکایەتێکی زۆر هات و، ئێوە هەمووتان دەنگی جوتیارانتان گەیاندە حکومەت و گەیاندە لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئێسـتا وەکـو پرۆژەیـەك هـاتووە، ئینشـائەللا بـۆ ئـەوانیش سـبەینێ خوێندنـەوەی یەکەمی بۆ دەکەین، ئێستا کۆتایی دەهێنین بە دانشتنەکەمان زۆر سوپاستان دەکەین.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (24)**

**سێ شەممە رێكەوتی20 \11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (24)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/11/20

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/11/20 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (24)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای رێكخستنی مافی بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 1992، یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 1992، یاسای خانەنشین كردنی كەم ئەندامانی پێشمەرگە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/11/20دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای رێكخستنی مافی بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 1992، یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 1992، یاسای خانەنشین كردنی كەم ئەندامانی پێشمەرگە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە.

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز برای بەڕێز كاك زەعیم عەلی وەزیری پێشمەرگە، كاك شێخ جەعفەر وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە، كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن بۆ خاڵی یەكەمی بەرنامەكەمان خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای ماف ڕێكخستنی ماف بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، لیژنەی یاسایی بێن بۆ خوێندنەوەی تكایە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم لەبەر گرنگی ئەو پرۆژەیە هەر بە كوردیەكەی بخوێنێتەوە، دواتر دەیدەین بە لیژنەكان و ئەندامانی پەرلەمان، رەئیەك هەبوو ئەگەر پرۆژە درێژ بێت هەر تەنیا ئاماژەی پێ بكەین، بلێین گرنگەو خەلكەكی زۆر چاوەڕوانیەتی، بۆیە بخوێندرێتەوە، زۆریش نییە سێ لاپەڕەیە بە كوردی، هەم بۆ رای گشتی، بۆ زانینیان كە ئەو پرۆژەیە یەكەم خوێندنەوەی بۆ كراوە، چاوەڕوانی ئەوە دەكەین لیژنەكان كە ئیحالە دەكرێت بۆیان راپۆرتیان حازر بكەن بە زووترین كات، بۆ ئەوەی وەكو یاساییەك دەربچێتن، فەرموو مامۆستا كاكە بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2007**

**یاسای ڕێكخستنی ماف دەسكاری لە زەوی كشتوكاڵی**

**بۆ هەرێمی كوردستان ـ عیراق**

**ماددەی یەكەم:**

1ـ ماف دەسكاری لە زەوی كشتوكاڵی بۆ ئەو جوتیارانە دەچەسپێندرێ كە بەسەریان دابەش كراوە و گرێبەستن بەپێی حوكمەكانی یاسای چاكسازیی كشتوكاڵی و ڕێنماییەكان و یاساو بڕیارەكانی تر كە لە هەرێمی كوردستاندا كاریان پێ دەكرێ، بە مەرجێك بڕیارەكانی دابەشكردن پەسند كرابن و گرێبەستەكان كارپێكردنیان بەردەوام بێ و پۆلی زەویەكان كرا بن بە موڵكی دەوڵەت و ماف دەسكارییان بە سەرەوە بێت.

2ـ پێویستە لەسەر ئەو كەسەی سوودمەندە بەردەوام بێت لە سەر بەكارهێنانی زەوییەكە بۆ مەبەستی كشتوكاڵی و گرنگی پێبدات و بە پێچەوانەی ئەمەش بڕیاری چەسپاندنی ماف دەسكارییەكەی هەڵدەوەشێتەوە.

3ـ گرێبەست لەگەڵ ئەو كەسانەی دەسكاری زەوی ئەمیری دەكەن دەكرێ لە غەیری ئەوانەی گرێبەست نین، لە بارێكی وا كە مەرجە یاساییەكانیان لێ بێتەدی و ئەو زەوییانە بەدەر دەكرێن كە تەسویەیان تەواو نەبووە، یاخود ماف بەكارهێنانیان نەچەسپاوە و بڕی كرێكە بدەن كە كەوتۆتە ئەستۆیان بۆ ساڵانەی كە بە كردەیی بەكاریان هێناوە و دوای ماوەی سێ ساڵ لە مێژووی ڕێكخستنی گرێبەست ماف دەسكارییەكەیان بۆ دەچەسپێ.

4- زەوییەکان بەبڕیاری وەزیری کشتوکاڵ دوای ساغ بوونەوەی بوونی مەرجە یاساییەکان، لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵییەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك دێت تۆمار دەکرێن و بە بەدەلێکی رەمزی کە دەبێتە بنەڕەتی وەرگرتنی رەسمی یاسایی لە فەرمانگەکانی تاپۆ دا.

5- پێویستە فەرمانگەکانی تاپۆ تۆمار کردنەکە جێبەجێ بکات، بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە و بە بڕیارێك کە لە وەزیرەوە دەردەچێت و تۆمارەکانیش بەو پێیە هەموار دەکرێن.

6- ئەو رووبەرە زەویانە بەدەر دەبن لە حوکمەکانی ئەم یاسایە کە دابەش کراون و گرێبەستیان لە سەرکراوە لەو زەوییانەی تەرخان کراون بۆ مەبەستی سوودی گشتی.

**ماددەی دووەم:**

مافی دەسکاریی نابێ بچەسپێندرێ لەسەر رووبەری زەوییەك کە زیاتر بێ لە رادەی ئەو دابەش کردنەی کە لە ماددەی شازدەمی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ژمارە(117)ی ساڵی 1970دا هاتووە.

**ماددەی سێیەم:**

1- رادەی بەرزیی مافی دەسکاری کردن لەو زەویانەی کراونەتە موڵکی دەوڵەت و ئەو زەویانەی کراونەتە موڵکی سرف بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیە دەبێ:

یەکەم: لە زەوی دێمی(پشت ئاو) 2000 دوو هەزار دۆنم زەوی کە بە هەموو جۆرە بەروبوومێك دادە چێندرێ.

دووەم: لە زەوی بەراو:

(400) چوار سەد دۆنم لەو زەویانەی بە هۆی ئامێر ئاو دەدرێن.

(300) سێ سەد دۆنم لەو زەویانەی بەبێ هۆ ئاو دەدرێن.

2- ئەگەر خاوەنی مافی دەسکاریی یاخود زەوی بە موڵك کراو موڵکێکی سرفی کەوتە دەست کە رووبەرەکەی لە رادەی دیاری کراو لە بڕگە(1)ی ئەم ماددەیە لە ئەنجامی میرات گرتن زیاتر بوو، ئەو رووبەرە زیادەی لێ وەردەگیرێتەوە و بەناوی دەوڵەت بۆ مەبەستی کشتوکاڵی تۆمار دەکرێ.

3- لە کاتی گۆڕینی رێگەی ئاودانی زەوی، جا خاوەنەکەی بیگۆڕێ یان دەوڵەت، ئەوا خاوەن مافی دەسکارییەکە یاخود خاوەنی زەویەکە مافی وەرگرتنی ئەو رادەیەی هەیە کە لە بڕگە (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**ماددەی چوارەم:**

1- رادەی ئابووری موڵکایەتی زەوی کشتوکاڵی یا مافی دەسکاری کردنی تێیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

1- (50) پەنجا دۆنم لە زەوی کشتوکاڵی دێمەکار.

2- (3) سێ دۆنم لە باخەکان.

3- (5) پێنج دۆنم لە زەوی کشتوکاڵی بەراو.

4- (10) دە دۆنم لەو زەویانەی کە بەهۆی ئامێر ئاو دەدرێن.

2- ئەو رووبەرە زەویانەی کە لە ناو ئەو رووبەرانەی لە بڕگە(1)ی ئەم ماددەیەدا چەسپاون لە رەسمی دادوەریی نەهێشتنی (شیوع) دەبوردرێن.

**ماددەی پێنجەم: ئەگەر میرات رووبەری زەوییە کشتوکاڵیەکەی پارچە پارچە کرد بۆ ئەو رادانەی کە لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراون، پێویستە لەسەر میراتگران ئەم زەوییە لە ناوخۆیاندا پاکتاو بکەن و بەناوی یەکێك لەو میراتگرانە یان یەکێکی تر تۆمار بکرێت.**

**ماددەی شەشەم: ئەوەی تەجاوزی لەسەر زەوی کشتوکاڵی کرد بێ هیچ مافێکی بۆ تۆمار ناکرێ.**

**ماددەی حەوتەم: بەبڕیاری وەزیری کشتوکاڵ، لیژنەی زەوی وزار و سەرپەشتی کردن و بەدواداچوون پێك دەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەپێی پێویست و لەبەر رووناکی ئەو رێنماییانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ دەریان دەکات.**

**ماددەی هەشتەم: وەزیری کشتوکاڵ بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.**

**ماددەی نۆیەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.**

**ماددەی دەیەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.**

**ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاّودەکرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ، بەڕێز کاك رەشاد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەیەك لە عەرەبی بە کاملی نەهاتووە لە کوردیەکەی، هەتا سەدا سێیەکەی تەحدید کردووە لە کاتی ئیتفا، بە کامیلی دەرس نەکراوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس، حەز دەکەیت ئەو ماددەیەش بخوێنەوە، دواتریش پێش ئەوەی ئاراستەی لیژنەکان بکرێتن کوردیەکە چاك بکرێتن تکایە، بە عەرەبیەکەی بخوێنەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة: في حالة شمول هذا الارض بالاطفاء فيعوض صاحب حق التصرف بنسبة 3٪ من مساحة الارض المطفاة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوت/ لە کاتی کوژانەوەی ئەو زەویانەدا خاوەنی رەفتار کردن لەسەر ئەو زەویانە بە رێژەی لە 3٪دا لەو رووبەرەی کەوا کوژاوەتەوە قەرەبوو دەکرێنەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژەیە، ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و هەروەها لیژنەی دارایی و ئابووریش دەکرێت، رەنگە مولاحەزاتیان هەبێت، هەندێکی شتی پەیوەندی بەوا نەوە هەیە، هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش، داوا دەکەم کۆپیەکانی روون بکرێنەوە، چونکە هەندێك خەتی ناخوێندرێتەوە پێش ئەوەی بلاّو بکرێتەوە، ئەگەر نوسخەیەکی تر لە حکومەت داوا بکەین روونتر بێت، ئەو تەوزیع بکەین، دەچینە سەر خاڵی دووەم/خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 1992، یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە.

داوا لە لێپرسراوی لیژنەی پێشمەرگە، یاخود ئەوەی کە بەو مەسئولیەتە هەڵدەستێت بێت دانیشێت، کاك شێردڵ فەرموو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم مادده بە مادده ئەسڵی پرۆژەکە بخوێنێتەوە، دواتریش رەئی هەردوو لیژنە بخوێندرێتەوە، ئینجا گوێبیستی رەئی برادەران دەبین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەنێ سەرۆکایەتی، پێش ئەوەی بچینە موناقەشە کردنی ماددەکان تەوزیحێك بدەم بۆ برادەران، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبیعی ئەو پرۆژەیە هاتە لیژنەی یاسا، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا زائیدەن لیژنەی پێشمەرگە، لەگەڵ جەنابی وەزیر چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجامدا سەبارەت بەو یاسایانەی کە هاتۆتە ناو پەرلەمانەوە، بەلاّم دوای ئەوەی کە گفتوگۆمان لەسەر یاسایەکان کرد بەشێوەیەکی تەفسیلی و موناقەشەی یاسایەکەمان کرد بەند بە بەند، هاتینە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە راپۆرتێکی هاوبەش ئامادە بکەین، فیعلەن ئەو راپۆرتە هاوبەشە ئامادە کراوە، ئەو راپۆرتە تەعبیر لە رەئی لیژنەی یاساو لیژنەی پێشمەرگە دەکات لە هەمان کاتدا تەعبیر لە رەئی وەزارەت دەکات، بۆیە خاڵی یەکەم کە دەمەوێت تەوزیحی بکەم، ئەو تەوزیحەیە، ئەو راپۆرتەی کە ئامادە کراوە تەعبیر لە رەئی هەموو لایەکمان دەکاتن، کە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزی دەخوێنمەوە.

خاڵی دووەم/ کە دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم بەڕاستی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە هاتووە بە تەعدیل هاتووە، دوای ئەوەی ئێمە تەماشای پرۆژەکەمان کرد دەبینین ئەو ماددانەی کە تەڵەبی تەعدیل کراوە زۆر زیاترە لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە پێشتر لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کراوە، بۆیە ئێمە وا رێککەوتین ئەسڵەن یاسایەکە ئەوی پێشتر لەغو بکەین، ئەو یاسایەی کە ئێستا دامانڕشتووە تەعدیلەکە لەناویەتی زائیدەن ئەو ماددانەی کە تەعدیلیش نەکراوە لە یاسای پێشتریش، ئەویشمان خستۆتە ناوی، واتا بە پرۆژە یاسایەکی تازە کە تەعبیر لە رەئی هەموو لایەکمان دەکات پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەین، دوا رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، جا ئەگەر پێتان باش بێت ماددەی یەکەم و موقەدیمەی راپۆرتەکەی خۆمان دەخوێنمەوە، دوایی برای بەڕێزم کاك عەونی بە عەرەبی دەیخوێنێتەوە.

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

ب/ راپۆرتی هاوبەشی لێژنەی یاسایی و پێشمەرگە

لێژنەی یاسایی لەگەڵ لێژنەی پێشمەرگە بەیەکەوە لە رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی 3ی گەلارێزانی 2707ی کوردی بەرامبەر بەرۆژی 2007/10/25 کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای رێزلێنان لەپێشمەرگەی ژمارە (9)ی رۆژی 2007/9/10 و دوای وتووێژ و تاوتوو کردن بە ئامادەبوونی وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و نوێنەرەکانی وەزارەت و راوێژکارانی،

لێژنە راپۆرتی خۆی وراسپاردەکانی لەبارەی پرۆژەکەوە بەتێکرایی دەنگ و بە رێککەوتن لەگەڵ وەزیردا بەم شێوەیە پێشکەش دەکات.

لەبەر ئەوەی هەموار کردنە پێشنیازکراوەکە جەوهەری یاساکە بەشێوەیەکی تێکڕایی دەگرێتەوەو ماددەی نوێی گرتۆتە خۆ و هەموار کردنەکە پتر لە 60٪ی یاساکە دەگرێتەوە، بۆیە لێژنە بە رێککەوتن لەگەڵ بەڕێز وەزیردا وادەبینێ پرۆژەی یاسایەکی نوێ بۆ رێزلێنان لە پێشمەرگە دابڕێژرێ و پێشنیازی هەڵوەشاندنەوەی یاسای کۆن بکرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە.

**یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) بۆ هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارە( )ی ساڵی 2007**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

یەکەم/ شۆڕش: شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستانی کە لە (1961/9/11)ەوە هەڵگیرساوە.

دووەم/ پێشمەرگە: (زێرەڤانی هەرێم) ئەو تێکۆشەرە سیاسیە چەکدارە شۆڕشگێڕەیە کە بەویستی ئازادانەی خۆی بەشداربی لەشۆڕشی رزگاریخوازی کوردستاندا کردووە، بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان یان هەروا بەردەوامە لە خزمەتکردن لەڕیزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان) .

سێیەم/ شەهید: ئەو پێشمەرگە ( زێرەڤانی هەرێم)ەیە کە لەکاتی شۆڕشدا و لەپێناویدا شەهید بووە.

چوارەم/ رێزلێنان: بەرز راگرتنی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە ( زێرەڤانی هەرێم)ە.

ئەوە ماددەی یەکەم بوو کە بۆ ئێوەی بەڕێزم خوێندەوە، فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**م/ تقرير مشترك للجنة القانونية والپێشمرگە**

اجتمعت اللجنة القانونية مع لجنة شؤون الپێشمرگە بصورة مشتركة يوم الخميس 3/ گەلاٌرێزان/2707 كوردى المصادف ليوم 10/25 /2007 لدراسة مشروع قانون تعديل قانون تكريم الپێشمەرگە رقم 9 لسنة 1992 المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (1) بتأريخ 2007/9/10 وبعد المناقشة والمداولة بحضور وزير الپێشمرگە في اقليم كوردستان وممثلي الوزارة ومستشاريه تقدم اللجنة تقريرها وتوصياتها بشأن المشروع بأجماع الآراء وبعد الاتفاق مع الوزير وبالشكل التالي:

بما أن التعديل المقترح يمس جوهر القانون بشكل كلي ويتضمن مواداً جديدة وتتجاوز التعديلات اكثر من 60٪ من القانون وبناء عليه ترى اللجنة وبالاتفاق مع السيد الوزير صياغة مشروع قانون جديد لتكريم الپێشمرگە وأقتراح الغاء القانون القديم ويصاغ كالآتي:

**قانون تكريم الپێشمرگە (حرس الاقليم) لاقليم كوردستان-العراق**

**رقم ( ) لسنة 2007**

المادة الاولى/ بقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

اولاً: الثورة: الثورة التحريرية الكوردستانية التي اندلعت منذ 1961/9/11.

ثانياً: اليێشمرگه (حرس الاقليم): هو ذلك المناضل السياسي المسلح الثوري الذي ساهم بأرادته الحرة في الثورة التحررية الكوردستانية لتحقيق حقوق شعب كوردستان القومية أولايزال مستمراً في الخدمة في صفوف قوات پێشمەرگە كوردستان(حرس اقليم كوردستان).

ثالثاً: الشهيد: اليێشمرگه (حرس الاقليم) الذي استشهد اثناء الثورة ومن جرائها.

رابعاً: التكريم: اعلاء نضال وكفاح اليێشمەرگە (حرس الاقليم).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان پرسیارێكمان لەلا دروست بووە لە رووی قانونیەوە ئەو پرۆژەی كە هاتووە هەموار كردنە، ئێستا ئەوە پرۆژەیە نازانم چۆن، تازەیە بە رەئی ئێوە ئیشكال دروست ناكات، ئەگەر هەموار بكرێت دواتر ئیقتیراحێك بكرێتن تەعدیلەكە بگۆڕێت بە هین باشترە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەگەر تەماشای قانونی تەكریمی پێشمەرگە بكەیت، مادده ئەساسیەكان شەش ماددەیە، ئەوەی لە لایەن ئەو پەرلەمانەوە پەسند كراوە، ئێستا ئەوەی كە پێشنیار كراوە نۆ ماددەیە، یەعنی دەكرێت نۆ مادده تەعدیلات بێت و ئێمە بچینەوە سەر ئەسڵی قانونەكە، ئەمە یەك.

دوو/ چەندین جار لەو پەرلەمانە ئەوە پیادە كراوە، ئەگەر تەعدیلاتەكە لە 60٪ و 70٪ زیاتر بوو، دەبێت ئەسڵی یاسایەكە ئیلغا بكرێت، ئەوی تر بێتە گۆڕێ، ئەوە لە پەرلەمان پیادە كراوە، ئێستاش بە قەناعەتی من نەك لە 60٪، ئێمە نووسیوومانە لە 60٪ لە 80٪ی قانونەكە تەعدیل كراوە، بۆیە ئەوەمان پێشنیار كرد، ئێمە لە لیژنە لە نیتاقی تەعدیلەكە نەچووینە دەرەوە، لە زیمنی نیتاقی تەعدیلەكەینە زائیدەن ئەو ماددانەی كە تەعدیلیش نەكراوە خستومانەتە سەر ئەو یاسایە، بۆیە وامان بە باش زانی، وابزانم چ تەئسیر لە مەسەلەكە ناكات، جەنابی وەزیریش لێرەیە، ئەگەر چ مولاحەزەو رەئیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە یاسایەكی گرنگە، وەكو یاسای وەزارەتەكانی تر نییە، ئەگەر ئیجازە بدەیت، من دەمەوێت تۆزێك لەسەری بە تەفسیلی قسە بكەم، ئێمە سەرەتا لیژنەیەكی پسپۆری لە لیژنەی پێشمەرگایەتی بە سوود وەرگرتن لە یاسای چەندین دەوڵەتی تر بەتایبەتی لە عێراق و گونجاندنی لەگەڵ یاسای وەزارەتی دیفاعی عێراق، یاسایەكیان داڕێشت و دانا، دوایێ لە فەرماندەیی گشتی بە سەرۆكایەتی جەنابی قائیدی عام موناقەشەی زۆریان لەسەر كرد، لەدواییدا هاتن پرسیان بە ئێمە كرد، دیسان لێرە كۆبوونەوە لە پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی یاسایی، دوای چەندین كۆبوونەوە، خۆشیان چوونە ئەنجومەنی وەزیران، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش پاش موناقەشەیەكی دوورو درێژو تێرو تەسەل هێنایانە

پەرلەمان، لە پەرلەمانیش درایە لیژنەی یاسایی و درایە لیژنەی پێشمەرگایەتی، هەردوولامان چەندین کۆبوونەوەمان لەسەر کرد، زۆر شت هەبوو زیادمان کرد، تەقریبەن ئەوەندی پێمان کرا پرسیارمان کرد لە خەڵکی زۆر شارەزاو لە زابتی کۆنی عێراقی و ئەوانە، لە پێشمەرگەی کۆن، بە هەموو لایەك توانیمان ئێمەو لیژنەی قانونی راپۆرتێك بنووسین، لە دوای ئەوە بە سوپاسەوە بەڕێز وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە بەخۆیان و هەیئەتەکەیان و ئەوانەی ئەو یاسایەیان داڕشتووە دوو رۆژ لەسەر یەکتر هاتنە ناو پەرلەمان لە هۆڵی لیژنەی یاسایی موناقەشەیەکی یەکجار زۆرمان لەسەر کرد، یەعنی شتەکان زۆر گۆڕانکاری هاتە سەر هەر سێ یاسایەکان، یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە، یاسای خانەنشینی کەم ئەندام، یاسای خزمەت و خانەنشینی پێشمەرگەش، لەبەر ئەوە ئێمە داواکارین کە ئەو راپۆرتە بە ئەساس وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەیەکی زۆریش چاوەڕێی ئەوە دەکەن، کە ئەو یاسایە دەربچێت، بۆ ئەوەی موناقەشەکانیش کەم بکەینەوە، بەڕاستی زۆر زۆر قسەمان لەسەر کردووە، هەر تێبینی و پرسیارێکیش هەبێت ئێمە هەرسێ لامان ئامادەین، ئەو راپۆرتەی هی هەرسێ لامانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ ئەوەی وەخت بەفێڕۆ نەدەین و لە نەصی قانونەکەش و نیزامی داخیلی خۆشمان دەرنەچین، من ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە، کە بە ئیتیفاق لەگەڵ وەزیریان کردووە، بۆ گۆڕینی هینەکە کە نووسراوە مەشروع قانونی تەعدیلەکە رەقم (9)ی ساڵی 1992، لیژنەکە پێشنیاریان کردووە کە تەعدیل بکرێتن بکرێتە قانونی تەکریمی پێشمەرگە (حرس اقلیم كوردستان) رەقەمی بۆ دادەنێن بۆ ساڵی 2007، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ موافیقە لەسەر ئەوەی کە ئەو تەعدیلە بکرێتە قانون بەو شێوەیەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە ئاماژەیان پێ کردو خوێندیانەوە بە موافەقەتی وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موافیق نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ موافەقەت کرا کە ئەو موقتەرەحە قبول بکرێتن، ئینجا بڕۆن بۆ سەر مادده بە مادده، بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین، ماددەی یەکەم کە خوێندرایەوە بە کوردی و عەرەبیەکەی خوێندرایەوە، کێ قسەی هەیە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر دوو خاڵی (أ وب) مولاحەزەم هەیە، یەکەم/ (الثورة التحريرية الكوردستانية التي اندلعت منذ 1961/9/11) فەترەیەکی مەحدود بووە، راستە بیدایەتەکەی وا بوو، بەلاَم دەبێت ئیزافەی تری بۆ بکرێت، چونکە ئەگەر بەپێی ئەو قانونە بێت، سەورەی ئەیلول بێت، من مەعاشم بەر ناکەوێت.

دوو/ (من اجل تحقيق الحقوق القومية لشعب كوردستان)، شەعبی کوردستان هەر کورد نییە، شەعب کوردستان لە حقوقی قەومیش نییە، مەسەلەن شەهید فرانسۆ هەریری مەسیحی بووەو شەهید تەیمور تورکمان بووە، یەعنی ئەوە هەر باسی حقوقی قەومی کورد نییە، ئەو صیغەیە بگۆڕێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**جارێ كە دەڵێت (منذ) يەعنى بەردەوامە، لە فلان تاريخەوە تاكو ئەمڕۆكە هەر حيسابە، عەرەبيەكە زۆر مەفهومە، شەعبى كوردستانيش كە دەڵێت بە كوردو توركمان و كلدان و ئاشووريش هەمووى دەگرێتەوە، دوايێ لە ماددەيەكى تريشدا شەرحى دەكات، كاكە حەمە فەرموو.**

**بەڕێز محمد حاجى محمود:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**مەسەلەى ئەوەى كە ئێستا ليژنەى قانونى و هەموو لايەك ئيشارەتيان پێدا، ئەو مەوزوعە باس كراو پێشتر هەرسێ لا باسيان كردووە، لەگەڵ وەزارەت، پێم وايە ئەوان خۆيان شارەزان لەو مەوزوعە، چيان باس كردووەو كردويانە بە صيغەيەكى هاوبەش، بەلأم ئەوەيە هەندێك لەو مولاحەزاتانە هەبوو، مەسەلەن مومكينە كوردى و عەرەبيەكە فەرقى هەبێت، كەوا كوردستان يەعنى هەموو لايەك بگرێتەوە، چونكە شەهيدەكان مومكينە شەهيدى غەيرى كورديشى تێدا بووە، بۆيە تەنها ئەوە بكرێت، ئيتر باقى تر شتەكان پێم وايە باشە، من سەيرم كرد يەعنى بە تێرو تەسەل هاتووەو دەستخۆشيان لێ دەكەين، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، كاك ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**سەرەتا لەناوى ياسايەكە من پێم باشە ئەو دوورو درێژيە كورت بكەينەوە، ياساى ڕێزلێنانى پێشمەرگە، تەنيا ياساى ڕێزلێنانى پێشمەرگە بێت، زێرەڤانى هەرێم، خۆمان دەزانين بۆ زێرەڤانى هاتۆتە سەر هەرێم لە دەستوورى عێراقيدا باسى زێرەڤانى هەرێم دەكات، لەبەر ئەوەى هەر بە هەرێمەكانى تريش كراوە، جۆرێك هێزى چەكداريان هەبێت، بەلأم ئێمە چ تاريخ، چ ناوەڕۆك هەمووى شتێكى جياوازە، لەبەر ئەوە ئێمە لە لاى خۆمان ناسراوە، لەبەر ئەوە پێشمەرگە بێتن، دوايێش لە يەكێك لە خاڵەكاندا كە پێناسەى پێشمەرگە دەكرێت لەناو دوو كەوانە نووسراوە زێرەڤانى هەرێم، لەبەر ئەوەى لە سەرەوە ئەوانە پێويست ناكاتن، كە ئێمە پێناسەى پێشمەرگەمان كردووە، ئەوە يەك.**

**دوو/ بۆ هەرێمى كوردستان ئێمە ياسايەكە بۆ پێشمەرگە دەردەكەين، بۆ هەرێم دەرناكەين، لە پەرلەمانى كوردستان بۆ خەڵكى كوردستان دەريدەكەين، لەبەر ئەوەى بە ڕەئى من ياساى ڕێزلێنانى پێشمەرگە كە لە پەرلەمانى كوردستان دەردەچێت، يەعنى پێشمەرگەش تەواو بەسيەتى، يەعنى هەرێمى كوردستان بمێنێت بۆ هەرێم نييە، لە هەرێمى كوردستانە، چونكە ياسايەكە بۆ هەرێم دەرناكرێت، بۆ پێشمەرگەى هەرێمى كوردستان دەردەكرێت، ئەوە خاڵى يەكەمم بوو.**

**خاڵى دووەم/ پێشمەرگە لەناو كەوانە نووسراوە زێرەڤانى هەرێم، مەبەستم لێرە ئەوەيە لە پێناسەكەى هاتووە، پێويست ناكات لێرە دووبارەى بكەينەوە، ئەوەش لەبەر مەسائيلى دەستوورى عێراقى، ڕەنگە قانونى عێراقى ئەوەى بوێت، دەنا ئەوەشى ناوێت، ئەو تێكۆشەرە چەكدارە شۆڕشگێڕەيە، ئەوە داڕشتنەوەى دەوێتەوە، كە بە ئازادانەى خۆى لە شۆڕشى ڕزگارخوازى كوردستاندا بەشدارى كردووە، بۆ هێنانەدى ديموكراسى و مافە نەتەوەييەكان، ديموكراسى خۆمان دەزانين لە سەرەتاى دروست بوونى شۆڕشى ئەيلولدا دروشمى سەرەكيمان ديموكراسى بووە، نەك هەر بۆ كوردستان، بۆ هەموو عێراقيش و پێشێل كردنى**

مافەکانمان بەهۆی نەبوونی دیموکراسی بووە، یەعنی دروشمی سەرەکیەکەمان لەو کاتەوە تا ئێستا، جا چ بۆ خود موختاری بێت، چ بۆ مافی خۆچارەنووسی بێتن، دیموکراسی بووە، لەبەر ئەوە من پێم باشە وشەی دیموکراسی بخرێتە پێشی نەتەوەییەکان.
سێیەمیش/ لێرە دیسان کە پێناسەی شەهید دەکرێت، ئێمە پێناسەی شەهید دەکەین، ئەو پێشمەرگەیە دیسان دووبارە ئەو زێرەڤانیەی پێویست ناکاتەوە دووبارە لێرە بنووسرێتەوە لە پێناسەکەمان کردووە، کە لە کاتی شۆڕشدا لە پێناوی گەلی کوردستاندا شەهید بووە، نەك لە پێناویدا گیانی لە دەست داوە، چونکە ئەوە شەهیدە، یەعنی هەتا لە پێناوی گەلی کوردستاندا گیانی لە دەست داوە، چونکە خۆی شەهید نییە، دەڵێت شەهید بووە، ئەوە گۆڕانێکی تێدا بکرێت، گۆڕانکارییەکی ئاسانە.
لە خاڵی چوارەم/ بە هەمان شکل ڕێزلێنان بەرز ڕاگرتنی خەباتی تێکۆشانی پێشمەرگەیە، دیسان زێرەڤانی پێویست ناکات، چونکە ئێمە لە سەرەتا گوتمان لە یەك لە پێناسەکان جارێك ناومان هێناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەیەکی جەوهەری بوو مەسەلەن دیموکراسیەکە دەستت خۆش بێتن، بەلاَم لە نوقتەکەی تر کە دەڵێت شەهید، مەقصەدتت ئەو شەهیدانەی کە ڕێزی لێ دەگریت، دەبێت لێرە تەعریفی بکرێت، نەك هەموو شەهیدێك، ئەو شەهیدە بەپێی ئەو قانونە، دەبێت تەعریفی بکەیت، چونکە شەهیدی تریش هەیە، لە زینداندا شەهید بووە ئەویش شەهیدە، کاك شێخ جەعفەر قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە کە وشەی زێرەڤانی هەرێممان داناوە بۆ لە دوای پێشمەرگەوە، یەکەم/ ئەوە لە دەستوورەوە هاتووە، دوای ئەوە ئێمە دەمانەوێت سوود وەرگرین لەو تەکریمانەی کە لە عێراق لەو تێکۆشەرانە دەکرێت، یان ئەو زابتانە دەکرێت، یان ئەو سەربازانە دەکرێت، ئەگەر لە کاتێکدا ئێمە بە خیلافی دەستوور ئەوە بنووسین لە پاشەڕۆژ ناتوانین ئەو داوایانە لە عێراق بکەین، لە کاتێکدا لە تەکریمی قواتی موسلەحینی عێراق دەکرێت، چونکە ئێمە بەشێکین لە قواتی مەسلەحەی عێراقی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ناوی زێرەڤانیمان هێناوە، ئەگەر تەماشای بکەین دەڵێت پێشمەرگە، دوایی بە عەرەبیەکەی دەڵێت (لایزال مستمراً في الخدمة)، یەعنی کە پێشمەرگە بووە ئێستاش لە خدمەیە، خدمەکەی ئێستا لە لای ئێمەو لە لای عێراقیش زێرەڤانە، ئەگەر ئەو زێرەڤانەی بۆ زیاد نەکەین وەك جەنابی وەزیر کاك شێخ جەعفەر گوتی، یەعنی ئەو شتانە ئێستا ئیستیفادەی لێ ناکات، لەبەر ئەوەی زۆر پێویستە، چونکە خۆی موستەمیرە، کەواتە لەناو زێرەڤانیش موستەمیرە، دەبێت ناوی زێرەڤان بێنین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زەعیم فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم (زەعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەبعەن وەختی یاسامان دانا پێشی ئەوەی یاسا دابنێین، تەقریبەن هەشتا، نۆوەد کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەغدا کرد، کە کەلیمەی پێشمەرگە دەهات هەندێك خەڵکی شۆڤینی تێدا بوو پێی ئیستیفزاز دەبوو، کەلیمەی پێشمەرگە بە تەنیا قەبولیان نەبوو، لەبەر ئەوەی پاسەوانی هەرێم، یان حەرەسی ئیقلیمی کەوا وەکو لە دەستووری عێراقیدا هاتووە، ئەسڵەن ئەوان دەیانگوت دەبێت بڵێین تەنیا حەرەسی ئیقلیم، ئێمەش دەمانگوت دەبێت حەرەسی ئیقلیم پێشمەرگەش لەگەڵی نەیەت، ئینجا بە ئینگلیزی، بە عەرەبی، بە کوردی لە هەر کاتێك کە ناوی دێت حەرەس ئیقلیم پێشمەرگەش ناوی لەگەڵ بێت، یان پێشمەرگە بێتە ناوی حەرەس ئیقلیمی دێت ئەوە تەحصیل حاصلە لە دەستووری عێراقی تەسبیت کراوە، ئێمە دانیشتمان لەگەڵ ئەمریکیەکان و لەگەڵ بەغدا لەسەر ئەو موستەڵەحاتە پێك هاتینە، ئینجا ئێمە لێرە ناتوانین ناوەکە ئیلغا بکەین، چونکە زەرەر بە خۆمان دەگات، ئەمە بۆ ئەمڕۆش نییە، بۆ ئایندەشە، هەموو حقوقی پێشمەرگەش لە خۆی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەو موستەلەحە زۆر دەوڵەمەندمان دەکات و حقوقمان جێ بەجێ دەکات و پێویستە بمێنێت و لەسەری بڕۆین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر بڕگەی یەکەم شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان کە لە 1961/9/11 هەڵگیرساوە، ئایا تا 1991/3/5 تا ئێستا بەردەوامە، ئەوە دەبێت بنووسین.

لەسەر خاڵی دووەم پرسیارێکم هەیە، بڕگەی دووەم، ئایا ئەو پێشمەرگانەش دەگرێتەوە کە لەناو شار چەکدار بوون و لیژنەی ئیغتیالات بوون، یەعنی ئەوە پرسیارمان لێ دەکرێت، سەردانی نووسینگەی سلێمانیان کردووە، بۆ ئەوەی وازیح بێت، من لەسەر مەسەلەی شەهید، پێشتر تەعریفی شەهیدمان کردووە، پێم وایە ئەم تەعریفەی شەهید جێی خۆی نییە، چونکە بە تەنها شەهید ئەوە نییە لە کاتی شۆڕشەوە لە پێناوی ئەوە شەهید بووە، ئەوانەی کە لە زیندانە، ئەوەی لە تیرۆر شەهید بووە، پێم وایە ئەو تەعریفە لێرە کەموکورتی تیایە، فراوانتر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە کە دەڵێین پێشمەرگە، ئەوەی لە وەزارەتی پێشمەرگە، لە دامودەزگاکانی پێشمەرگە ناوی تۆمار کرا بێت ئەوەیە پێشمەرگە، ئینجا چ داخیل بێتن، چ لە هینەکە تۆمار کرا بێت، پێشمەرگە ئەوەیە.

دووەمیش/ دووبارەی دەکەمەوە کە نووسراوە (منذ) یەعنی تا ئەمڕۆش، هەتا تەحدیدت نەکرد بێتن، ئەگەر بیگوتبوایە سەورەی ئەیلول، ئەوە تەحدیدی دەکرد تا ساڵی 1975، بەلآم کە دەڵێت (منذ) شۆڕشەکە بەردەوام بووە، لە پاشی 1976شەوە کە بەردەوام بووە، هەردووکی دەگرێتەوە، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی تازەش، یاخود شۆڕشی گولآن کە یەکێتی پێی دەڵێت شۆڕشی تازە، پارتی پێی دەڵێت شۆڕشی گولآن، هەردووکی دەگرێتەوە، شۆڕشی ئەیلولیش هی هەردووکمانە، هی هەمووانە، ئێستاش دەگرێتەوە، بەڵێ نوقتەی نیزام فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هینەکەم ئەوەیە ئایا تا 1991/3/5 یان بەردەوام تا ئێستا، من مەبەستم ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەردەوامە تا ئێستا، تکام وایە لیژنەکان و جەنابی وەزیرو هەردوو وەزیر مولاحەزاتەکان کۆ بکەنەوە،دواتر کە تەواویان کرد، ئینجا رەئیەکان بڵێن، بۆ ئەوەی وەخت کەسب بکەین، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، ئەو هەموو تاریخە بۆ پێشمەرگە سەری لێ شێواندین، بۆ نموونە بۆچی ئەوە لێرە لە 1961/9/11، ئێمە لە ساڵی 1945ەوە لە قوربانی دانین، بۆ نموونە کوردێکی زۆر بەشداری شۆڕشی موهابادی کردووە، لەو کاتەوە شۆڕشی چەکداری دەستی پێ کردووە، راستە لەوێ تیایەتی، بەلآم ئەو هەموو تاریخەی ناوێت، هەر بکرێت لە ساڵی 1945ەوە تا ئێستا، ئینجا ئەوانەی لە دوای 1991/3/5 پێشمەرگەن بۆ ئێستا پێناسەیان بۆ کوێ دەچێت؟ راستە نووسراوە ، بەلآم ئەگەر یەك تاریخ بێت جوانترە، ئەوە لە رووی دارشتنەوە، لێرە دەڵێت دووەم/ پێشمەرگە ئەو تێکۆشەرە سیاسیە شۆڕشگێڕانەیە، لە لای من وایە ئەگەر بڵێت ژن بێت، یان پیاو بێت، چونکە ئێمە ژنانێکمان هەیە بەشداری شۆڕشەکەیان کردووە، پێم خۆشە لە ماددەی یەکەمەوە ناویان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانە تەبعەن گوتمان لە سەرەتای پێشمەرگەی ئەیلولدا ناوەکەش پەیدا بوو، ئەوانی تریش ئەگەر پێویست بکات رێزلێنان خۆ تەنیا ئەوە نییە، دەتوانیت بڕیارێکی بۆ دەربکەیت، ئەگەر کەسێکی وا هەبێت رێزی لێ بنێیت بە قانون، بەڵێ لە جێگایەکی تریش نووسراوە، حوکمی ئەو قانونە ئەوانیش دەگرێتەوە، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانم کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد ڕەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەی یەك لە بڕگەی (أ) زۆر پێم وایە ئەو یازدەی ئەیلولەی ساڵی 1961 شتێکی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بگرێتەوە، جگە لەوە بە ڕەئی من ئەگەر ئیزافەی هەرێمی کوردستانی عێراقی بۆ بکرێت، بۆ ئەوە وەرگرێت باشترە، ئەوە یەك.

دوو/ لە بەشی پێشمەرگە، کە دەڵێت ئەو چەکدارە تێکۆشەرە شۆڕشگێڕانەیە کە بەویستی خۆی بەشداری کردووە لە شەڕی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەویش عێراقێکی بۆ زیاد بکرێت، چونکە کوردستان من پێم وایە ئێمە هەرێمکین لە عێراق، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەو عێراقەی بۆ زیاد بکرێت شتێکی باشە.

لە بڕگەی (ج) لە ڕێزلێناندا، بەرز ڕاگرتنی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە ژن بێت، یاخود پیاو، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەر بۆ تەوزیح پرسیاریان کرد کێی دەگرێتەوە؟ لە ماددەی سێیەم نووسراوە هەرچەندە دەچینە سەری دەڵێت ئەو قانونە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشداریان کردووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تاکو 1991/3/5، یەعنی واتا (منذ) یازدەی ئەیلول تا 1991/3/5.

دووەمیش/ ئەوەی گوتی ساڵی 1945 ماددەی دووەمیش دەڵێت ئەو قانونە ئەو پێشمەرگانە دەگرێتەوە کە لە مەسیرەی بارزانی لە بەینی 1945 تا 1958یش بەردەوام بوون، ئەوانیش دەگرێتەوە، کەواتە یەعنی پرسیارەکان ئەگەر تەماشای قانونەکەمان کرد بوایە، پرسیارەکان تێدا ڕوون بوون، ئەوە لە ئەسڵی پرۆژەکە هەیە لە ماددەی سێ (یشمل هذا القانون البێشمرگە الذین اشترکوا في المسیرة البارزانیة 1945، 1958) زۆر بە ڕوونی باسی کردووە، بەڵێ لە ماددەی دوو، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش سەد لە سەد تەئیدی ڕەئی برایانی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە ئەو موستەلەحاتەی کە دەزانێت هاتووە زیاد بکرێت باشترە، نەك کەم بکرێتەوە، بۆ ئەو هۆیانەی کە باسیان کرد، بەڵام من پرسیارێکم هەیە لە هەردوو برا وەزیرەکان و لیژنەی پێشمەرگە، زێرەڤانی دەچێتە سەر میلاکی وەزارەتی دیفاعی عێراقی لە ناحیەی تەسلیحی، لە ناحیەی مەعاشی و تەجهیزاتی، هەموو حقوقێکی دەچێتە سەر میلاکی وەزارەتی دیفاعی عێراقیش، ئەو قانونانەی هەمووی هەیە، بەتایبەتی ئەو برادەرانە کاك زەعیم عەلی لە ئێمە باشتر دەزانێت، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئەو قانونەی ئێمە دەریدەکەین وەزارەتی دیفاعی عێراقی دەستکاری ئەو قانونەی پێشووی حکومەتی بائیدی کردووە، یان هەر ئیستیمراری لەسەرە، یان گۆڕانکاری لەسەر دەکات، یان ناکات، ئایا ئەو قانونانەی ئێمە هەرچەندە باسەکەی ئێمە لەگەڵ بەغدا

قسەمان کردووە، بەڵام ئەو قانونە هەیە، چونکە زێرەڤانی ئێمە جەنابی وەزیریش دانشتوونە حەتمەن مولتەزمن بە قەوانینی خدمەی عەسکەری لەوێ، دەبێت سەد لە سەد ئەوەی جێ بەجێ بکرێت لەوێ، مادام حقوقیان هەیە، مەعاشیان لەوێ هەیە، چەکیان لەوێ هەیە، هەموو حقوق و تەقاعودیان لەوێ هەیە، دەبێت لەوێ تەحدید بکرێت، نابێت یەك ملی مەتر فەرقی هەبێت لەگەڵ قانونی عێراقی، خدمەی عەسکەری عێراقی، چونکە ئێمە ئیلتیزاممان هەیە، ئێستا رەنگە لە وەزارەتەکان میزانیەی خۆمان هەیە، دەتوانین هەندێك شتی خۆمان بکەین، بەس ئەو وەزارەتە میزانیەی تایبەتی خۆی نییە، لەسەر میزانیەی هەرێمیش نییە، ئەوە دەبێت ئاگامان لێ بێت بە هیچ شێوەیەك تەناقوز نەکات لەگەڵ قانونی خدمەی عەسکەری عێراقی، قانونی تەقاعودی عێراقی، قانونی عقوباتی عێراقی تەناقوزاتی تێدا نەبێت، چونکە ئەوە موشکیلەیەکی گەورە گەورە بۆ ئێمە دروست دەکات و گوێشمان نادەنێ، ئێمە حقوقمان لەبەر دەستی ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ فەقەرەی دووەم کە دەڵێت کە ئەو تێکۆشەرە چەکدارە سیاسیە شۆڕشگێڕەی کە بە ویستی خۆی بەشداری لە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستاندا کردووە، بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەییەکان، بە رەئی من بکرێتە بۆ هێنانەدی مافە دیموکراسیەکانی گەلی کوردستان، یەعنی نەتەوەیەکان بکرێتە دیموکراسیەکانی گەلی کوردستان، فەقەرەی سێیەمیش/ دەڵێت لە کاتی شۆڕشداو لە پێناویدا شەهید بووە، لە پێناو ئامانجەکانیدا شەهید بووە، نەك لە پێناویدا شەهید بووە، لە پێناوی ئامانجەکانی شۆڕشدا شەهید بووە.

سەبارەت بەو تاریخانەی کە هاتیە، بەڕاستی من نازانم ئەو نووسراوە لە 1961/9/11وە، ساڵی 1945یش بۆ 1958 بە ماددەیەکی تایبەت هاتووە، دواتر کۆتاییەکەی هێناوە بە 1991/3/5، یەعنی دوای ئەو تاریخە، ئەوانەی بەشدارن و پێشمەرگەن، زێرەڤانین، دوای ئەو تاریخە ئەوە نایانگرێتەوە، حوکمەکانی ئەو یاسایە نایانگرێتەوە ئەی حوکمەکانی کام یاسا دەیانگرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێناسەی شەهید بکرێت بەو ئەو پێشمەرگەیە کە لەکاتی شۆڕشدا، لە کاتی سەنگەردا شەهید بووە بە تێرو تەسەلتر دەیبینم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بە عەرەبیەکە دەڵێت (الپێشمرگە الذي استشهد اثناء الثورة) یەعنی لە کاتی شۆڕشدا، ئەگەر کوردیەکە وا نەهاتبێت، ئەو مولاحەزەی هەردووکتان دەگرێتەوە، عەرەبیەکە وەکو خۆی مولاحەزەی ئەوەیە لە کاتی شۆڕشدا شەهید بووە، کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، تەعریفەی شۆڕش وەکو برادەران باسیان کرد، ئەگەر دەمج بکرێت باشترە، کە دەڵێی 1961/9/11 تا 1991/3/5 ئەوە بکرێت بە یەك فەقەرە باشترە، نەك جیاواز، ئەوەی شەهید، ئێمە لە یاسای وەزارەتی شەهیدو ئەنفال تەعریفەیەکمان هەیە بۆ شەهید، ئەو تەعریفە لەگەڵ ئەمە دژی یەك رادەوەستن پاشان، دەبێتە موشکیلە بۆ ئێمە، چونکە ئێمە بە موناقەشەیەکی زۆر لێرە شەهیدمان چاك کرد، گوتمان شەهید بریتییە لەو کەسەی کە شەهیدی سەنگەرو خەباتە، لێرە خەباتەکەی لێمان لابردووە جارێکی دیکە، ئەوان لە رێکخستنەکان من پێشمەرگە بوومە بەشی هەرە زۆریان کە شەهید بوون بەو نەوعە بووە، لەبەر ئەوە یان ئەمە لابرێت لێرە، ئیعتیماد بکەینە سەر ئەو یاسایەی وەزارەتی شەهیدو ئەنفال، یان ئەگەرنا دەبێت چاك بکرێت، لە رێزلێنانەکەش یەك موشکیلە دروست دەبێت، ئێستا جەنابت بەپێی ئەم رێزلێنانە جەنابت شمولی ئەم ئیمتیازاتانە ناکەیت، یەعنی کە تۆ باسی رێزلێنان دەکەیت، دەبێت شتێکی بۆ زیاد بکرێت لە هەر شوێنێك هەبێت، مەبەستم ئەو پێشمەرگانەیە کە لە رابردوو پێشمەرگە بوون، ئێستا لەناو زێرەڤانی هەرێمدا نەماون، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد نەکەین ئەوە شمول ناکەن بەو رێزلێنانە، ئەو دوو، سێ تێبینیەم هەبوو، یەکەم/ دەمج کردنی 1961/9/11 تا 1991/3/5 ئەوە دەمج بکرێت، بکرێت بە یەك فەقەرە، ئەوەش یان تەعدیل بکرێت، یان هەڵگیرێت لێرە، ئەوەی رێزلێنانەکەش ئەگەر بڵێین لە هەر شوێنێك ئەمڕۆ کار دەکات ئەو پێشمەرگانە لە ئیدارە، لە حزبدا، لەکوێیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەبوو یەکێکیان جەنابت وەڵامت داوە، ئەوەی شەهید تەعریفی لە ماددەی سێ یاسای مافی شەهید کراوە، لێرە پێویست ناکات و جەنابت روونت کردەوە.

دووەم/ کاك عەونی کە بە عەرەبی خوێندیەوە لە تەعریفی پێشمەرگە فەرمووی (ولا يزال مستمراً في الخدمة في صفوف قوات پێشمرگە كوردستان) مامۆستا کاکە خوێندیەوە بەکوردیەکەی ئەوەی تێدا نەبوو، نازانم ئەوە لە کوردیەکەی دانەبوو، جا ئەوە زیادە، یان چۆن بوو، چونکە لە کوردیەکەی تێدا نییە، وەزارەتی پێشمەرگە ئەویش ئەوەیە بۆ تەحدید کردنی ئەو کەسانەیەو ئەو پێشمەرگانەی لە مێژوویانەدا هەبوون، لیژنەیەك لەو حزبانەی پێش راپەڕین بەتایبەتی بۆ پێشمەرگەکانی پێش راپەڕین لیژنەیەك لە

ئەحزاب هەبێت، بە حەقیقەت ئێمە دەستخۆشی لە یاسایەکە دەکەین و شتێکی چاکە هەرچی شتێکمان لە دەست بێت بۆ پێشمەرگە، چونکە ئێمە لەو ئەزمەیەی کە ئێستا هەمانە خەبات و رەنجی پێشمەرگەیەو خوێنی شەهیدانمانە، بەڵام یەك داواشمان هەیە ئێمە زۆر جار کێشەمان لەگەڵ یاسادا نییە، کێشەمان لەگەڵ تەنفیزی یاسادا هەیە، داوامان ئەوەیە هەمووشمان شاهێدی دەدەین کە زیاتر پێشمەرگەی بەتایبەت پێش راپەڕین یەکێتی و پارتی وەکو جەنابت فەرمووت هەردووکیان یەعنی خەباتیان هەبووە، بەڵام داواشمان ئەوەیە لە وەزارەت، کە ئەو پێشمەرگانەی لایەنەکانی تر بەتایبەت ئێمە کە چەند ساڵە هەوڵیان بۆ دەدەین و پێشمەرگەکانمان بەتایبەتی ئەوانەی پێش راپەڕین هیچیان بۆ نەکراوە، هیچ مافێکیان بۆ دابین نەکراوە، بۆیە داوامان ئەوەیە بە چاوێکی دادگەرانە تەماشای ئەو پێشمەرگانەی کوردستان بکرێت، هەر یەکێ بە پشکی خۆی، ئەگەر کەمیش بێت لە یاد نەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو یاسایە منیش لەگەڵ رەئیەکەی کاك ئارێز دابووم، بەنیسبەت لابردنی زێرەڤانی هەرێم، ئێستا شتەکە روون بووەوە لەگەڵ لابردنی زێرەڤانی، ئەو یاسایە تایبەت کراوە کە لە شۆڕشی ئەیلولەوە دەست پێ دەکات تاکو 1991/3/5، کەواتە ئەو کاتی زێرەڤانی هەرێم نەبووە، ئەوە خاڵێك.
دووش/ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە ئەوەی راگەیاند، کە گوتی بۆ ئەوەی سوود وەربگرین لە مەسائیلی تر، کە لە زیمنی دەستووری عێراقی پێشمەرگە بە زێرەڤانی ناوی هاتووە، دەڵێم ئایا ئێستا زێرەڤانی کوردستان، کە لەسەر وەزارەتی بەرگری عێراقیش، ئەوە بۆ سێ مانگی هەر مووچەیان وەرنەگرتووە، یەعنی تا ئێستاکە نەتوانراوە ئەوەی هەیە، زێرەڤانی کوردستان ئیدارە بکرێت و وەزارەتی بەرگری عێراق وەکو پێویست بە دەنگیانەوە نەهاتووە، دواتر ئەوەی کە پێشبینی دەکرێت بەشێك لە زێرەڤانی بەتایبەت ئەوەی بۆ پاسەوانی بارەگا حزبیەکانن، هیچ ئیمتیازێکی زێرەڤانی لە وەزارەتی بەرگری عێراق دێت نایانگرێتەوە، نە جل و بەرگ، ئەوانە هیچیان بۆ حیساب ناکرێت، بەڕاستی بەشێك خزمەتیشیان بۆ حیساب ناکرێت، ئەوە چۆن چارەسەر دەکرێتن.
بەنیسبەت بڕگەی یەکەمیش لە ماددەی یەکەمدا/ شۆڕش: شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان، بکرێتە شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان، لەبەر ئەوەی شۆڕشێکی نیشتمانیی بووە، خەڵکی کوردستان جگە لە کورد نەتەوەکانی تریش تیدا بەشدار بووینە، زۆر رێك تریش دەبێت ببێتە شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان کە لە 1961/9/11 هەڵگیرساوە.
بڕگەی دووەمی/ بەنیسبەت پێشمەرگە، زێرەڤانی هەرێم، ئەو تێکۆشەرە سیاسیە چەکدارە شۆڕشگێڕەیە کە بە ویستی ئازادیانەی خۆی بەشدار دەبێت لە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان، بۆ هێنانەدی مافە نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراسیەکان، نیشتمانیەکەی بۆ زیاد بکرێت، دواتر ئەو یاسایە لە 1991/3/5ە وەك لە ماددەی سێ باس کراوە لە دوای ئەو ماددەیە، لەگەڵ ماددەی دوو کە دێت، منیش لەگەڵ ئەوە دام کە هەردوو ماددە دەمج بکرێن، بەڵام لێرەدا پرسیارێك هەیە ئەی ئەوانەی کە بەشداری راپەڕینی خەڵکی

کوردستانیان کرد دوای ئەو مێژووە، ئەوان دەکەونە کوێی ئەوە؟ بەڕاستی لێرە قفل کراوە مەسەلەکە باس دەکات لە 1991/3/5، دواتر خاڵێکی تر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گوتی دەمانگەڕێننەوە وابزانم بە نازناز خانی گوت بۆ شێخ سەعیدی پیران، زۆر زۆر ئاساییە ئەگەر لێرە شوێنێك بکەینەوە لەو یاسایەدا ماددەیەك هەبێتن ڕێبەرانی شۆڕشی کوردستان لە هەر بەشێکی کوردستان بێت قازی محەمەد بێت، شێخ رەزای دەرسیم بێت، شێخ سەعیدی پیران بێت، شێخ عوبیدەاللە بێت، عەبدوسەلام بارزانی بێت، ئەوانە هەموویان تەکریم بکرێن بەپێی ئەو یاسایە، لەبەر ئەوەی ئەوانیش ڕۆڵێکی کارایان هەبووە لە دەستپێکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان و بەشداری خەباتی چەکداری و خەباتی شۆڕشگێڕیان کردووە، کارێکی زۆر زۆر ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەم/ کۆمەڵێك زاراوەمان داناوە، وەکو موستەلەحات، یاخود وەکو جەنابتان دەڵێن تەعبیر، خۆی موستەلەحە، زاراوەیەکی تایبەتە، یەکەم/ لەو پرسیارە کە ئێمە تەحدیدی سنوورێکی دیاری کراو دەکەین بۆ پێناسەی شۆڕش کە لە 1961/9/11، کە ئێمە سنوورێك دادەنێین بۆ ساڵ هەتا لە نامەی ماستەرو بەحسی تەخەروجدا لە دکتۆرا، دکتۆر دلێرو ئەوانە ئاگادارن کە سنووری باسێك دادەنێن دەڵێن لە ئەوەندەوە تەحدیدی ساڵەکە دەکەین، پێویستە دوو، سێ نوقتە دانێین (هتد) یەعنی ئیتر لەوێوە هەتا کەی، یەعنی ئیتر بەردەوامە، یەعنی هەتا کەی بەردەوامە، ئەمە خاڵی یەکەم.

پرسیارێکی ترم هەیە، بۆ مەسەلەی پێشمەرگە لەگەڵ ئەوە نیم مەسەلەی پاسەوانی هەرێمە، یان زێرەڤان دابنێت، ئەوە شەڕێکی گەورە لە بەغدا کرا لەسەر مەسەلەی پێشمەرگە، تا موستەلەحەتەکە چەسپا، بۆ ئێمە دابنەنێین و جیایی بکەینەوە وەکو موستەلەحێکی ترو پێناسەیەکی تری بۆ بکەین، ئێستا ئێمە لەسەر سنوورەکان وەکو لە رۆژنامەکاندا دەیخوێنمەوە، ئەوە دوازدە هەزار پێشمەرگە لەسەر سنوورە، بۆ ئێمەش هەروەکو پێشمەرگەیە، بەڵام جیای بکەینەوە جوانترە، بۆ ئەوەی موستەلەحاتەکان جیا بکەینەوە، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر/ لە مەسەلەی پێشمەرگە کە دەڵێت ئەو تێکۆشەرە سیاسیە، بەڕێزتان ئاماژەتان بە ساڵی 1945 کردووە، کەواتە لە ساڵی 1945ەوە وەکو موستەلەحێك وشەی پێشمەرگە هاتە ئاراوە، کە قازی محەمەد یادی بەخێر بێت بەدوای ئەو زاراوەیە دەگەڕا کە کەسێك ئەگەر گیانی خۆی پێش مەرگی خۆی بخات دەبێت ناوی بنرێت چی؟ کەواتە پێشمەرگە دۆزرایەوە، ئینجا کە من وا بە باش دەزانم راو بۆچوونم ئەوەیە بۆ پێناسەی پێشمەرگە بڵێی ئەو تێکۆشەرە سیاسیە چەکدارە شۆڕشگێڕەیە کە گیانی پێش مەرگی پێشکەش بە کوردستان کردووەو لە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە دیموکراسی زیاد بکرێت، مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان بە ویستی خۆی بەشداری کردووە، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تریشم هەیە، بەڕاستی بۆ مەسەلەی رێزلێنان کە لێرەدا من هەست دەکەم بەڕاستی هەر پیاوی گرتۆتەوە، ئێمە دەزانین ئەوە نموونەمان هەیە لەو ئافرەتە بەڕێزانە کە سجنیان بینووەو هەڵواسینیان بینیوە لەناو شۆڕشدا، من لەوێدا شتەکانی خورشید شێرەو یاداشتەکانی رۆژمێری پێشمەرگەیەکی کاك

حەمەی حاجی مەحمود چۆن وەسفی ژنە پێشمەرگەیەك دەكات، كە لە شۆڕشە یەك بە دوای یەكەكاندا چ دەورێكیان بینوە، هیچ دەوریان لە پیاو كەمتر نییە، یەعنی هەتا بارزانی نەمر كاتێ كە قسە دەكات دەڵێت ئەو ژنەی كە نان بۆ پێشمەرگە دەكات دەوری لە پێشمەرگە كەمتر نییە، كەواتە لێرەدا ئەمە جیا كردنەوەیە، ئینجا بەڕێزان من وا بە جوانی دەبینم بۆ خاڵێك جیا دەكرێتەوە بۆ ئەو بانووانە، بانوو چیە، ئەمە موستەلەحێكە لە فارسیەوە وەرمانگرتووە، با خانم دابنێن، یان خوشكان دابنێن، ئەگەر پێتان ناخۆشە ژن، یان ئافرەت بەكار بێنن، ئینجا لە خاڵی ڕێزلێناندا بەرز ڕاگرتنی خەبات و تێكۆشانی پێشمەرگەی پیاو و خانمانە، بۆ من ماددەی چواری هەمووی بۆ دانێم پرسیارێكیشم لە وەزیرە بەڕێزەكان هەیە بۆ دانانی ئەو مەدالیەو نیشانانە دەڵێت نیشانەیەكی لە خاڵی (د)دا كە وەسفی مەدالیا دەكات، نیشانەی ڕێزلێنان نیشانەیەكی تایبەتە بە پلەی جیا جیا، كە پاداشتی جیا جیای هەیە، جا حەز دەكەم ئەوانە بۆم ڕوون بكەنەوە، ئایا ئەو پلە جیا جیایانە مەبەستیان لە دەستە، لە لق، لە بەتالیۆن، هێز ئەمانەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە دەڵێیت پێشمەرگە هەردووكی دەگرێتەوە، پێویست بەو تەفسیلە ناكات، چونكە بە ژنیش دەگوترێت پێشمەرگە، كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا داوای لێبووردن دەكەم سەبارەت بەوەی دوێنێ لەنێوانمان ڕوویدا، مولاحەزەم لەسەر ئەو قانونەی ئەوەیە لە عەرەبیەكەی دەڵێت (ذلك هو)، (هو ذلك) نابێت زیادە، یەعنی بەس (ذلك المناضل) (هو)ەكە ڕەش بكرێتەوە، (مستمر في الخدمة) یەعنی نازانم بۆ ئیلا كەلیمەی خدمە بەكار هاتووە (ومستمر في النضال والخدمة)، یەعنی خدمە عیلاقەی بە خدمەو چەند ساڵ بەشداری كردووەو، چەند ساڵ بەشداری نەكردووە، عیلاقەی بەو شتانەوە هەیە، ئێمە تەعریفی پێشمەرگەی دەكەین كە پێشمەرگە لە ڕوحی چی كردووە، یەعنی ئەو ڕوحیەتەی كە هەیبووە، یەعنی (مستمر في المسيرة) یان (مستمر في النضال) هەردووكی دەگرێتەوە، لە (الارادة الحرة) ویستی ئازادانە، یەعنی ویستی خۆی بێت، ویستی بوێرانە، یان بوێرانە، یان ئازادانە بێت، نەك یەعنی ویستی ئازادیانە، كەلیمەیەكی زۆر ڕێك ناكەوێت، لەو ماددەی كە باسی شۆڕش دەكات، یان كە باسی پێشمەرگە دەكات هەر ئەوەش لەگەڵی باس بكرێت، یەعنی ماددەی دووەم و ماددەی سێیەمیش لەگەڵی باس بكرێت، كە پێشمەرگە كێیەو لە كوێوە پێی دەگوترێت پێشمەرگەو هەتا كوێش پێی دەگوترێت پێشمەرگە؟ نەك لە ماددەی سەربەخۆ باسی بكاتن بڵێ لە ئەوەندەوە دەستی پێ كردووەو ڕێك ناكەوێت و لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئیعتیزارەكەت مەقبولە، پێم وایە ئیعتیزار كردن یەعنی ڕەخنە لە خۆ گرتن، ڕەخنە لە خۆگرتنیش یەعنی ئازایەتی، لەبەر ئەوە دەستت خۆش بێت، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆربەی وتەكانم گوترا، هەندێكی ناچارم دووبارەی بكەمەوە، لەبەر ئەوەی هەندێك پێشنیارم لەگەڵدا هەیە، سەرەتا ئەوەی گوڵناز خان باسی كرد بە حەقیقەت لێرە شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستان لە 1961/9/11 ئەوە ئەسڵەكەیە لە ماددەكە، لێرە دەچینە ماددەی دوو ئیستیسنائێكی داوەتێ ئەوەی ساڵی 1945 تا ساڵی 1958، خۆی وا جوانترە ئەگەر تەنها ئەسڵەكە هەبێت وای دەرێژی.

دوو/ لێرە پرسیارێك دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە لە ساڵی 1958 و 1959 و 1960 شۆڕش نەبووە، یان ئەگەر خەباتی چەكداری لە شاخدا نەبێت، بەڵام هەوڵدان بۆ دروست كردنی ئیزافەو تێكۆشانی ناو شار هەبووە، بۆیە لەگەڵ پێشنیارەكەمە بگوترێت (الثورة التحررية الكوردستانية التي اندلعت منذ عام 1945) ئەمە یەك.

دوو/ (ثانیاً/ البێشمرگە) یەعنی لە كوردیەكە هیچ خەلەلی نییە، ئەو پێشنیارەی دكتۆرە شوكریە باسی كرد، بەڵام لە عەرەبیەكە ئەگەر بڵێین (هو ذلك المناضل او المناضلة) ئەگەر ئەو كەلیمەمان ئیزافە كرد، ماددەی شەش زیاد دەبێتن، ئەو وەختە پێویستیمان بە ماددەی شەش نییە.

سێ/ ئەوەی (السیاسي المسلح الثوري) هەڵبگیرێتن، یەعنی بڵێین (هو ذلك المناضل الذي ساهم) ئەو وەختیش ئەوەی ناو شاری كردووەو هی شاخیش.

چوارەم/ (او لایزال مستمر في الخدمة) ئەمە شتێكی زیادە، لەبەر ئەوەی تەكریمی پێشمەرگە، ئەوەی موستەمیر بێت و موستەمیر نەبێت هەر حیساب دەكرێت، پێم وایە (او لایزال مستمراً) ئەوە زیادە.

پێشنیاری ئەخیریم ئەوەیە (اعلاء) بكرێتە (تثمین وتقدیر) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال ئاخیر كەس قسەی دەكات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

روون كردنەوەیەك دەربارەی پێشمەرگەو زێرەڤانی هەردووكی زۆر زۆر دروستە، وەكو لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە كە ئیشارەیان پێ كردووەو لە مەشروعەكەشدا هاتووە، كە بەپێی دەستووری عێراق ماددەی (121) فەقەرە پێنج دەڵێت (پاسەوانی هەرێم) یەعنی (حرس الاقلیم) لە دەستووری عێراق و خۆشمان دەنگمان بۆ داوەو موتەفیقین لەسەری بەو شێوەیەی هاتووە، لە ماددەی (120) لە دەستووری عێراق سەلاحیەتی بە هەرێم داوە دەستووری خۆی دابنێت، ئێمە لە دەستووری هەرێمی خۆمان ناوی ئەو پاسەوانە سەلاحیەتی خۆمانە لەم پەرلەمانە دایبنێین، ناومان ناوەتە پێشمەرگە، بۆیە هەردووكی یەك دەگرێتەوەو هیچ عەرقەلەیەكی قانونی بۆ بەڕێوە چوونی ئیشەكان لەناو عێراق نابێت، ئەگەر ئەوها بمێنێت، ئەگەر حەرەس ئیقلیم لەنێوان قەوس بێت هیچ زەرەرێك لە ئێمە نادات، ئەوەی بەڕێز كاك ئارێز باسی كرد كە دیموكراتی پێشمەرگە كە خەباتی كردووە، بۆ بەدیهێنانی ماڤی دیموكراسی و نەتەوەیی، زۆر دروستە ئەگەر نەڵێین هەر دروستە، چونكە كە دەڵێیت بەشداری كردن لە شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستان،

هەدەفەكەی ئەو شۆڕشە مەعلومە چیە، بەلأم ئیزافە كردنی بەهێزتری دەكات و جوانتری دەكات، تەئیدی داڕشتنەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێش ئەوەی قسە بدەم بە جەنابی وەزیرو لیژنەكان، ئاماژە بەو موداخەلاتانە دەكەم كە كران، نوقتەی نیزامت هەیە كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوقتە نیزامەكەی من خەلەلێكی قانونییە، پێم وایە لە لیژنەی یاسایی بەسەرماندا تێپەڕیوەو لێرە ڕاستی بكەینەوە باشترە، ماددەی ماددەی یەكەم: ماددەی پێناسەكانە، ئەو دەستەواژانە دەنووسرێت كە لەناو ئەو قانونە چەند جار دووبارە دەبێتەوە، ئێمە كەلیمەی شەهیدمان چەند جار پێناسە كردووە، بەبێ ئەوەی یەكجاریش لەناو یاساكە هاتبێت، بۆیە ئەو پێناسەی شەهید لە جێی خۆی نییەو سەهومان كردووە، لەوێ لابچێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من لە بیدایەتی قسەم مولاحەزەی ئەوەم كردو قسەشم كردو وەلأمیشم دایەوە، لێرەدا زەرورییە بێنیت، چونكە لێرە مەقصەدمان ئەو شەهیدەیە كە ئەو ڕێزلێنانە دەیگرێتەوە، شتەكان زۆر ڕوونە، دوایێ تەبعەن ئەگەر موختەسەرێك بوایە لەو ڕەئیانەی كە تەرح كران، جارێ پێش هەموو شتێك قانونەكە، قانونی تەكریمی پێشمەرگە قەوسێك بكرێتەوە حەرەس ئیقلیم كوردستانی عێراق، یەعنی پێویست ناكات حەرەسی ئیقلیم (لاقلیم كوردستان)، ئەمە یەك.

دوو/ دوو جۆر ئاماژە بە حەرەس ئیقلیم كرا، فیعلەن مادام لەسەرەوە نووسراوە قانونی تەكریمی پێشمەرگە (حرس اقلیم كوردستان) پێویست ناكاتن، لە خوارەوە بكرێتن، ئەوە شەتب بكرێتەوەو داواش كرا كە شەتب بكرێت، ئەو مولاحەزەیەش وەربگرن، مادام نووسراوە قانونی تەكریم حەرەسی ئیقلیم، پێویست ناكات، دەڵێی پێشمەرگە جارێكی تر پێویست ناكات قەوس بكرێتەوە بڵێی حەرەسی ئیقلیم، چونكە لەسەرەوە قانونەكەت وا نووسیووە، نوقتەی زۆر گرنگ لە لای من ئەوەیە ئاماژەش پێكرا، ماددەی یەكەم ئەوەلەنەكە (الثورة التحررية الكوردستانية التي اندلعت منذ 1961/9/11) دواتر ماددەیەكی تایبەت دانراوەو مودە دانراوە (لغایە 1991/3/5) كە ئەوە هەندێك برادەریش ئاماژەیان پێ كرد، ئەوە غەڵەتە، چونكە خەڵك هەیە 11/6 شەهید بووە، خەڵك هەیە پاش كۆچ ڕەوەكە شەهید بووە لە شەڕدا كە دەباباتی حكومەت هاتۆتە قەلأچۆلان، هاتۆتە شەقلاوە شەڕ بووە، ئەوە سەید كاكە لێرەیە لە مانگی چواردا شەڕی وا كرا بوو شەهیدیشمان هەبوو، ئەی ئەوانە چۆن؟ یەعنی بەو پێیە ئەو خاڵەی تێدا بێت نایانگرێتەوە، دوایێ لە دژی ئیرهابدا، كۆمەڵێك شەهیدمان هەیە، لە شەڕی تەحریری عێراقدا، كۆمەڵێك شەهیدمان هەیە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیەی دێینە سەری پێم وایە زیادە، بۆیە نەیێتە ئێرە، ڕەئی جەنابی وەزیر و لیژنەكانیش وەردەگرین، لەسەر وشەی پێشمەرگەش حەرەس ئیقلیمەكە گوتمان هەڵبگرێتن، عەرەبیەكە (هو ذلك المناضل) پێویست ناكات (السياسي المسلح) (مناضل) مەعلومە سیاسییە، سیاسی و موسلەح زیادە، (ثوري)ەكە مەعلومە، پێشمەرگە خۆی سەورییە، ئەوەشی ناوێت (وذلك المناضل الذي ساهم بارادته الحرة في الثورة التحررية الكوردستانية لتحيقيق حقوق شعب كوردستان الديمقراطية والقومية او

لایزال مستمراً في النضال) في خدمە نا، (ولایزال) زیادیشە، ئەگەر هەڵبگیرێت، پێویست ناکات، چونکە مونازیلە هەتا دەمرێتن، مەفروزە هەر مونازیل بێتن (ولایزال) زیادە، شەهید دیسان گوتمان لە پێناسەی شەهید دراوە، بەڵام مەقصەدمان لێرە ئەوەیە، ئەو شەهیدەیە کە رێزلێنانەکە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بە تەئکید لێرە کاك زانا خراپ نییە، ئەگەر چی کراوە، بەڵام مەقصەدمان لەوەیە کە بەس رێزلێنان بگرێتەوە، تەحدیدیش کراوە، لەناو ئەو قانونە شوێنێکی تر ناوی شەهید نەهاتووە، ئەگەر لەناو قانونەکە نەهاتبێت قسەکەی کاك زانا راستە، ئەگەر لەناو قانونەکە هیچ ناوی نەهاتبێت ئەو بڕگەیە زیادە، کاك شێروان مولاحەزە بکەن ئەگەر ناوی شەهید نەهاتبێت، من ئێستا مولاحەزاتی ئەندامانی پەرلەمانم خولاصە کرد لەگەڵ مولاحەزاتی خۆمان، لە جیاتی ئێوە خۆیان نووسیوویانە، ئەوەی کە ئیجماعی لەسەرە زیاتر لە دوو، سێ کەس هەر کەسە قسەیەکی کرد بێت، ناتوانم هەمووی بڵێمەوە، بەڵام ئەوەی سێ کەس، چوار کەس گوێیوویەتی دەبێتە هینێك، مەفروزە عەرزی بکەین و پێیان بڵێینەوە، بۆیە جگە لەوەی کە مولاحەزەیەکی خۆشم تێدا هەبوو، بەس برایانی وەزیر لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە مەفروزە مولاحەزەی ئەندامانیان نووسی بێتەوە، جا داوایان لێ دەکەم پێشەکی قسە دەدەم بە جەنابی وەزیر، بۆ ئەوەی قسە بکاتن، فەرموو کاك شێخ موداخەلەتان هەیە لەسەر ئەندامانی پێشمەرگە.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پەرلەمانتارە بەڕێزەکان.**

بەڕاستی ئێمە رێزمان هەیە بۆ هەموو ئەو موناقەشاتانەی کران، زۆرمان پێ باش بوو رەئیەکانیان لە گۆڕین و لەو پێشنیارانەی کە کردیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێمان خۆش بوو، یەعنی چۆن تەئکیدیان دەکردەوە لەسەر گۆڕینی زاراوە، یان لەسەر کەلیمەیەك دەبوایە تەئکیدیش لەسەر تەکریمی پێشمەرگە بکرایە، ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد، کە زیاتر هەوڵ بدرێت ئەو حەقە زیاد بکرێت و تەکریمی پێشمەرگە زیاد بکرێت، نەك تەنها جانبێکی بگرێت و جانبێکی تری هین بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هێشتا نەهاتووینە سەری، ببوورە، ئەمە یەکەمە، هێشتا نەهاتووین، ئێمە بەس موناقەشەی ماددەی یەکەم دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێین پێشمەرگە ژن و پیاو کە پێشمەرگە بێت هەموو مافێکی هەیە لەو یاسایە، لەسەر شتێکی تریش قسەم هەیە، کە پلە جیاجیاکان نازانم کێ بوو باسی کرد، بە تەئکید کە ئێمە تەکریمی پێشمەرگە دەکەین، هەموو پێشمەرگەیەك وەك یەك تەکریم ناکەین، هەیە سی ساڵە پێشمەرگەیە، یان سی و پێنج ساڵە پێشمەرگەیە، هەیە بیست و پێنج ساڵە پێشمەرگەیە، یان بیست ساڵە پێشمەرگەیە بە تەئکید فەرق و جیاوازی هەیە لە تەکریمەکە، لەبەر ئەوە خانە خانە دەکرێت ئەو تەکریمە بۆ ئەو پێشمەرگانە بەگوێرەی خەبات و تێکۆشان و ماندوو بوونیان، هەروەها کە دانراوە تا 1991/3/5، دیارە تاکو 3/5 شۆڕشی ئێمە

بە زورفێکی زۆر سەختدا تێپەریووە، پێشمەرگایەتی کارێکی ئاسان نەبووە، تاکو 3/5، یەعنی تا پێش راپەڕین و ئەوانە، بۆیە ئێمە ئەو ڕێژەیەمان تەحدید کردووە، بۆ ئەوەی کە بەڕاستی ئەوانەی کە لەو ڕۆژە سەختانە پێشمەرگایەتیان کردووە تەکریم بکرێن و حەقی خۆیان بدرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زەعیم فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم (زەعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك مولاحەزەم هەبوو، تەبعەن شتەکە زۆر جار لە ئیعلام لەناو خەڵکان، لە موقابەلات شائیعێك هەیە، کە دەڵێن پێشمەرگە ئەوە سێ مانگە مووچەی وەرنەگرتووەو مووچە نادرێت، دەمەوێت ئەوەی بزانن ئەسڵی نییە، یەعنی هیچ وەختێك دوو مانگ بەسەر نەچووە، پێشمەرگە تاخیر بووە تا دوو مانگ، بڕواتان هەبێت هیچ وەختێك داخیلی سێ مانگ نەبووە، تەبعەن ئەوەش لەبەر زۆر هۆ خۆتان دەزانن، هەندێك جار مەسەلەکە لە وەزارەتی پێشمەرگەیە، بودجەکە درەنگ دێت، یاخود کامل نییە، تا کۆ دەکرێتەوە، بۆ ئەوەشمان پێشمەرگە ئاخیر کەس بدرێت، چونکە وەزارەتەکان هەموو وەختێك، چونکە وەختی خۆی دەدرێت پێشمەرگە دەمانەوێت لەوەش خۆمان تەزحیەو خۆ بەختی خۆی، یەعنی خۆ بەخت کردنی خۆی لە ناحیەی ماددی و لە ناحیەی ژیانیشەوە نیشانی خەڵکەکە بدات کە ئاخیر کەس پێشمەرگە مەعاش وەردەگرێت، تەبعەن هیچ وەختێك نەبۆتە سێ مانگ، ئەوە یەك.

نوقتەی دووەم/ دەربارەی ئیمتیازات کە بە جیشی عێراقی دەدرێت، ئێمە وا خەریکین لەو ڕۆژانە دەچینە بەغدا دادەنیشین، تەبعەن ئێمە لێرە دادەنیشین یەك، دوو جەلسە جەنابی سەرۆك خۆی حازر بووە، جەنابی کاك نێچیرڤان حازر بووە، بەهەردوو لایەنەکەوە، یەعنی هەردوو برایانی پارتی و برایانی یەکێتی موناقەشەی زۆر لەگەڵ مالیکی کراوە، لەگەڵ موەفق روبەیعی کراوە، لەگەڵ وەزارەتی دیفاع کراوە، ئێمە پرۆژەکانمان هەمووی تەسبیت کردووە، خەریکین لەو ئاخیرەی، لەو ڕۆژانە بچینە بەغدای تەسبیتی بکەین، ئەو نیسبەتەی 13٪ەکە دەدرێتە ئەوەی سیادی حیصەی پێشمەرگە کە چەند تێدا وەربگیرێت، ئینجا ئەو وەختی هەموو ئیمتیازات کە دەدرێتە وەزارەتی دیفاع، دەدرێتە سەربازێکی عێراقی لە ناحیەی تەجهیزە، تەسلیحە، هەموو ئەو پێکهاتانەی حقوقی کە دەدرێتە جنودیەکی عێراقی، دەدرێتە پێشمەرگەش، بەس ئەو هەنگاوە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، ئێمە لە کار داینە ڕۆژانە، ئەوەش بۆ ئاگاداری ئەو برادەرانە، ئەو برا پەرلەمانتارانەی کە پرسیاریان لێ کردین، وەڵامان دانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ ئەندامی پەرلەمان تەئکیدیان لەسەر زیاد کردنی ئەو وشەی چ ژن بێت، چ پیاو بێت لە خاڵێ دوو کردەوە، لە خاڵی دوو تەئکیدیان کردەوە، کە چ ژن بێت، چ پیاو، ئەگەر ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، ڕەنگە ماددەی شەش ئیلغا بێتەوە، جا بەناوی ژنانیشەوە داواکارین ئەو وشەیەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من بەس پرسیارێك لە جەنابت دەكەم، ژنێكی پێشمەرگە پێی دەڵێی ژنە پێشمەرگە، یان دەڵێی پێشمەرگەیە، دەیان ژنی پێشمەرگە هەبووە، قەت نەمانگوتووە ژنە پێشمەرگە، گوتوومانە پێشمەرگە رێزلێنانەكە عەفوم دەكەیت، وەڵامی كاك سەرداریش بدەمەوە خۆشی قانونییە، لە قانوندا هەر وشەیەك بە موفرد هاتبێت موئەنەسەكەش دەگرێتەوە، یەعنی كە دەڵێی مونازیل، مونازیلەش دەگرێتەوە، وەنەبێت ئیلا دەبێت پیاو بێت پێی بڵێی مونازیل، كاك زرار نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری بەڕێز دەكەم، بەس یەك داواكاریم هەیە لە جەنابی وەزێری پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان كاك زەعیم عەلی بۆمان روون بكاتەوە، ئەو پاسەوانانەی سەر بە زێرەڤانین، كە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن هی ئەندامانی پەرلەمان، یەك لە پاسەوانەكان پاسەوانی خۆمە سێ مانگ و بیست تاكە رۆژە مووچەیان وەرنەگرتووە، ئایا ئەوانەی پاسەوانی ئێمەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار عەفوم دەكەیت، ئەوەلەن/ ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، دووەمیش/ دەبوایە داوای قسە بكەیت لە سەرەتاوە قسەت بدەمێ لە خیلالی قسەكەی خۆت رەخنەو پرسیارەكەش بكەیت، لەگەڵ ئەوەشدا با كاك زەعیم وەڵامت بداتەوە، بەس دەبوایە داوای قسە بكەیت، فەرموو كاك زەعیم.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم (زەعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەلەن/ ئێمە كە دەڵێین پاسەوانی هەرێم زیاتر لەگەڵ ئەو خەڵكانەی كە لە یەكەكانی وەزارەتی پێشمەرگە دایە، پاسەوانی شەخصی هی مەقەرات، هەتا پاسەوانی دەوائیر، ئەوە جاران تێكەڵ بوون لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەو پاسەوانی لق و مەڵبەندەكاندا، هی ئەفرادە، هی وەزارەتە، هی پەرلەمانتارانە، ئەوانە پەیوەندییان بە وەزارەتی پێشمەرگەوە نییە، ئەوانە تشكیلێكی تایبەتمان بۆ دروست كردن، پێكهاتەیەكی رێك و پێك لە هێزێك، لە بەتالیۆنێك پێكمان هێناون سەر بە زێرەڤانین كە وەزارەتی داخیلیە مەعاشیان دەدات، لەبەر ئەوەی ئێمە مەبەستمان ئەوانە نییە، كە ئەوان سێ مانگە مەعاشیان وەرنەگرتووە، پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە نییە، دەتوانن لە وەزارەتی داخیلی پرسیار بكەن و حەقیان وەرگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتاوە گوتم ئەوە سێ قانونە، سێ یاسایە، یاسای ڕێزلێنان، یاسای خانەنشینی کەم ئەندامان، یاسای خزمەت و خانەنشینی پێشمەرگە، سێ یاسا بە یەکەوەن، عادەتەن لەناو جەیشی دنیا هەرسێکیان بە یەکەوە موناقەشە دەکرێت، بەڵام زورفەکەی ئێمە وایە یەك یەك باسیان بکەین، هەندێکیان ئێستا پرسیاریان کرد لە خانەنشینی پێشمەرگە دەکرێت، بەنیسبەت تەعریفەکان، تەعریفی شۆڕش و پێشمەرگەو شەهید لە مانگی یازدەی ساڵی 1992ەوە لە سەرەتای دەست بەکار بوونی پەرلەمانی کوردستان، ئەو تەعریفانە کراون، یەعنی چووینە ناو تاریخ و ناو قاموس و ناو ئەوروپاو هەموو دنیا باسی ئەوە دەکات، ئەوە یەك.

بەنیسبەت ئەوەی باسی ساڵی 1945مان کردووە، ساڵی 1945 ئەوانەی بەشداریان لە مەسیرەی بارزانی نەمر کردووە، کە ئەوە مەسیرەیەکی زۆر زۆر گەورە بوو، لەبەر ئەوە قەرارێکی تایبەتی بۆ دەرچووە لە پەرلەمانی پێشوو، یەعنی ئێمە نەمانهێناوە، قەراری پێ دەرچووەو بۆتە یاسا، بەنیسبەت پێشمەرگەو زێرەڤانی، ئێمە تەعریفی پێشمەرکەمان کردووە، ئەو خەباتگێڕێکی سیاسییە، بەڵام ئێستاکە کە خەڵك وەردەگرین بچینە سەر یاسای پێشمەرگەو خزمەتی پێشمەرگەو خانەنشین، دەبێت ئەو کەسەی دێتە ناو هێزی پێشمەرگە ئەو کاتە سیاسی نییە، یەعنی ئەوە نەما هی حزبەکەی خۆی بێنێت، ئێمە دەمانەوێت هێزێکی کوردستانی دروست بکەین، لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان دێتە ناوی، کەواتە ناتوانین نەڵێین زێرەڤان، ئێمە ناتوانین ئەو کاتە نەڵێین زێرەڤان، لەبەر ئەوە چەند جار زێرەڤان دووپات بکەینەوە دەبێت، چونکە بۆ داهاتووە، بەنیسبەتی کاك خورشید باسی کرد، ئێمە ئەو قانونە بە هەموو لایەکمان زۆر ئیستیفادەمان لە دوو قانونی عێراقی کردووە، یەکێکیان لە زەمانی ئەحمەد حەسەن بەکری، کە لە دوای شەڕ لەگەڵ ئێمە قانونێکی زۆر باشیان داناوە، ئەوەکەی تریش ئێستا، ئێستاش زیاتر دەوڵەمەندیان کردووە، یەعنی قانونەکەی ئێمە بەو دوو قانونە دەچێت، یەعنی هەمووی دەگونجێت ئەوان ئەوەمان لێ قەبول دەکەن، بەڵام لەوانەیە بڵێین پێشمەرگە لێمان قەبول نەکەن، بەنیسبەت کاك غەفور، ئەوانەی کە پێشتر قیادەی حەرەکەی کوردستانیان کردووە، ئەوە لە ئاخیری حکومەتی کوردستان، یان سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت شتێکی تایبەت بکات بۆ ئەوانەو پاداشتێکیان بدەنێ، ئەو عیلاقەی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە نییە بەڕاستی، وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتی عەسکەرییە، لەوەو پاش هەوڵ دەدەن کە میزانیە لە وەزارەتی پێشمەرگەی بەغداوە بێت، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین لە حدودی عێراقەوە دەربکەین، بەنیسبەت نیشانە، دکتۆرە شوکریە، ئەوە کاك جەعفەر هەندێك روونی کردەوە، بەڵام خۆی نیشانە هەر مەدالیا نییە، بەداخەوە ئێمە لە کوردی وەکو کاك دکتۆر نوری گوتی ئەوانە پێی دەڵێین مەدالیە، چونکە ئەوە شتێکی فەرەنسیە، ئیدی شتەکانی ترمان تەرجومە نەکردووە، چونکە ئەوە نۆتە، ویسامە، نۆت ئەنواعی هەیە، وەك کاك شێخ جەعفەر فەرمووی لە چ شەڕێك بەشداری کردووە، شەڕەکە چەند گەورە بووە، ویسامیش هەیە، ویسام چەند نەوعی هەیە، ئیحتیماله ئێمە ویسامێك دروست بکەین بەناوی کوردستان، یان بەناوی قائیدێکی گەورەی کوردستان، جا ئەوە دەرەجە یەك و دەرەجە دوو و دەرەجە سێی هەیە، هەر یەکەش نەوعە ئیمتیازێکی هەیە، هەندێکیان سواری تەیارە دەبن بە بەلاش، هەندێکیان عیلاج دەکرێن بە بەلاش، هەندێکیان پارەیان دەدرێتێ خزمەتی عەسکەریشیان بە بەلاش وەردەگرێت، کوڕی لە زەمالات و شتی وا وەردەگیرێت، دەنێردرێتە خارج، ئەو ئیمتیازانەی هەیە، لەبەر ئەوە بڵێین بە پلەی جیا جیا، پلە جیا جیایەکە هی ئەوەیە ئەوە کوڕاسەیەکی تایبەتی هەیە، کوڕاسەکە لە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، یەعنی پێویست بەوە ناکات بێین لێرە باسی بکەین، بەنیسبەت ژن و پیاویش، ئێمە باسمان کردووەو شتیشمان بۆ داناوە، کە دێینە سەر یاسای خانەنشین و پێشمەرگەش لەوێش باسی ژن دەکرێت، بەڵام ئەگەر

گوێتان لێ بێت، ئێستا ئەو هێزانەی هاوپەیمانان لە عێراقن، دەڵێن مارینز، ناڵێن ژن و پیاو و شتی وا، بەلاّم خۆی لەناو هێزەکەدا هەیە، لەبەر ئەوە ئەو دووبارە کردنەوەیەی ناوێت، ئەگەر دووبارەمان کردەوە یەعنی سیقەمان نییە بەڕاستی، چونکە هەر دەڵێن جەیشی عێراقی، جەیشی مصری، جەیشی ئیسرائیلی، خۆی جەیشی ئیسرائیلی زۆربەی موجنەداتن، بەلاّم هەر دەڵێ جەیشی دیفاعی ئیسرائیلی، لەبەر ئەوە ئەو تەئکیدەی پێ ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەعفەر نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک شێخ جەعفەر گوتی ئەگەر ئەو دمجە نەبێت، شوڕشی نوێ و شۆڕشی گوڵان تەهمیش دەکرێت لە شۆڕشدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەعفەر ببوورە، ئەوە نوقتەی نیزام نییە، ئەوە شەرحێکە دەیکەیت، کەی ئەوە نوقتەی نیزامییە؟ ئێستا ماددەکە بەو شێوەیەی هەردوو لیژنە موافیق بوون لەسەری، جەنابی وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێمیش بۆ کاروباری پێشمەرگەش، یەکەم کاک شێروان ئەگەر ئینتیباهی بکەن قانونەکە قانونی تەکریمی پێشمەرگە (حرس اقلیم کوردستان – العراق) رقم () لسنە 2007

المادة الاولى/ يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

اولاً: الثورة: الثورة التحريرية الكوردستانية التي اندلعت منذ 1961/9/11.

ثانياً: البێشمرگە (حرس الاقليم) شەتب دەبێت لەوێ (هو ذلك المناضل الثوري الذي ساهم بأرادته الحرة في الثورة التحررية الكوردستانية لتحقيق حقوق شعب كوردستان الديمقراطية والقومية) ئەویتر شەتب دەبێت.

ثالثاً: الشهيد: البێشمرگە الذي استشهد اثناء الثورة ومن جرائها.

رابعاً: التكريم: اعلاء نضال وكفاح البێشمەرگە.

ئینجا نازانم رەئیتان لەسەر ئەوەی کە موستەلەحی شەهید کە لە قانوندا نەهاتبێت، موقتەرەحێك هەیە شەتب بکرێتن، رەئیتان چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی یاسایەکە عیلاقەی بە ڕێزلێنانەوە هەیە، شەهیدیش، یان کەسوکاری شەهیدەکە موستەحەقی ئەو ڕێز لێنانەیە، بەلاّم ئەو شەهیدەی کە لە قانونی حقوق و ئیمتیازاتی شەهید پۆلین کراوە، ئەوە مەوزوعێکی ترە، ئەوەش مەوزوعێکی دیکەیە، عیلاقەی بە ڕێزلێنانەوە هەیە، پێمان وایە بمێنێتەوە باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە کاك شێروان، تۆ لە بیدایەتەکەی دەڵێی ماددەی یەکەم (یقصد بالمصطلحات المعاني التالية) کە لە قانونەکەی هیچ ناوی شەهید نەهاتبێت، بۆ تەعریفی بکەین، لە قانونەکەی لە هیچ شوێنێك ناوی شەهید نەهاتووە، کاك ئارام نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێویستە پێناسەی شەهیدی تێدا بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بچینە سەر ماددەی چوارەم لە رووی قانونیەوە شەهیدیش دەگرێتەوە، ئەو تەکریمەی بە نیزامی داخیلی دەست نیشانی دەکەن وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەیت، نوقتەی نیزام دەکرێتن لە جیاتی ئەوەی ماددەیەك هەبێتن، بلێ ئەو تەکریمەش شمولی شەهیدیش دەکات، نەك تەعریف، ئەگەر مادده ئیزافە بکەین بڵێین ئەو قانونە شمولی شەهیدانیش دەکاتن، کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو قانونە لە پێشەوە شمولی شەهیدان دەکات، بەلاّم ئەگەر شەهیدەکە مەوجود نەبێت دەدەنە نەوەکەی، کوڕەکەی بێت، کچەکەی بێت، خێزانەکەی بێت، لەبەر ئەوەی دەبێت ناوی شەهید بێت، جا ئەگەر ناوی شەهیدەکە زیاد بکەین لە دوایی بۆ تەئکید کردن باشترە، دەنا خۆی هەموو شەهیدێك یەعنی ئەو رێزلێنانەی دەبێت بۆی بکرێت، خۆی مەوجود نەبێت دەدرێتە نەوەکەی، خۆشتان مومکینە دیتبێتان، لەبەر ئەوەی لە عێراق منداڵێکیان دەهێنا لە باوەش دایکەکەی بە منداڵەکەیان وەدەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێت فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت، ئەو قانونە شەهیدیش بگرێتەوە، کاك زەعیم، کاك شێخ ئێوە رەئیتان چیە؟ دەبێت لە شوێنێك ناوی بێتن، کە ئەم تەکریمە، رێزلێنانە شەهیدی پێشمەرگەش دەگرێتەوە، کاك شێروان لە قانونی پێشوو کە جەنابت ئاماژەت پێ کرد لە ماددەی حەوتەم دەڵێ نووسراوە (يتم تكريم الشهداء) کەواتە تەعریف هاتووە، بۆیە بەس لێرەدا نەهاتووە، ئەو جوملەیەش لێرە ئیزافە بکەن (يتم تكريم الشهداء والمعوقين والپێشمرگە من ذوي الاحتياجات الخاصة) یەعنی موعەوق عەینی شتە دەیگرێتەوە (يتم تكريم الشهداء والپێشمرگە ذات الاحتياجات الخاصة) لە جیاتی موعەوقین، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببووره، جەنابت کە خوێندتەوە ئەو چەکدارە شۆڕشگێڕە، ئەگەر چەکدارەکەی پێوە نەبێتن مانای پێشمەرگە ناگەیەنێت، گوتم ئەوەی زیاد بکرێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە دەڵێیت (هو ذلك المناضل الثوري الذي ساهم بأرادته الحرة في الثورة التحررية الكوردستانية) کە گوتت (الثورة التحررية الكوردستانية مناضل)یش، مامۆستا ئەنوەر نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی هاتنی شەهید لێرە، منیش هەر لەسەر ئەو رەئیەمە کە زیادە، چونکە پێشمەرگە ئەگەر شەهیدیش بێت لە پێشمەرگایەتی ناکەوێت، چونکە ئەگەر ئێمە دائیرەی شەهید بکەینەوە، شەهیدەکانی تریشمان هەیە زیاتر، لەبەر ئەوە پێویست ناکات هاتنی تەعریفی شەهید لێرە، لەبەر ئەوەی نەهاتووە، چونکە پێشمەرگە ئەگەر شەهیدیش بێت هەر پێشمەرگەیە، نابێتن بە شتێکی دیکە، ئەو دەرەجەیەی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر تەئیدەن بۆ قسەکەی کاك ئارێز، کە پێم وایە ئەوە نابێت تێپەر بێت، بەڕاستی ئەوە دەبێت تەعریفەکەی زۆر بە وازیحی لێرە بکرێت، یەعنی فیعلەن تێکۆشەرێکی سیاسی چەکدارە،شۆڕشگێڕەکەشی لێرە لابدرێت کێشە نییە، چونکە مەعلومە خەڵکێك چەکدار بوو بێت و پێشمەرگە بوو بێت لە بزووتنەوەی شۆڕش بوو بێت، ئەوە بە تەئکید، بەڵام بەڕاستی چەکدارێکی یەعنی تێکۆشەرێکی سیاسی چەکدار، هەتا سیاسیەکەش تێدا نەبێت بە رەئی من تێکۆشەرێکی چەکدار زۆر زەرورە، چونکە ئەو تەعریفە، بۆ ئەوەی تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ خەڵکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە دە ئەندامت بۆ دەژمێرم پێشمەرگە بووینەو چەکداریش نەبووینە، خۆشم یەکێکم لەوانە، سیاسی لە ئیعلام ئیش دەکەیت، لە جەریدە ئیش دەکەیت، لە ئەنواع ئەشکال شت دەنووسن، مونازل کە لە حەرەکەی تەحرروری بێتن، شەرت نییە، چەکدار ئەوەی لە جەبهەیە، تۆ کە وتت کەلیمەی مونازل گەورەتریشەو شاملتریشە، بەشدارە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان، هەمووی دەگرێتەوە، دەیان ژنیش هەبوو بەشدار بوون نەدەچوونە شەڕو هین و ئەوانە، ئێستا پێتان باشە دوایێ فەقەرەیەك ئیزافە بکەن تەکریمی پێشمەرگە، کەواتە ئەو فەقەرەیە دەمێنێتەوە، تەکریمی پێشمەرگە ئیزافە دەبێت لە شوێنێکی تر بۆ ئەوەی لە پێناسەکەدا شەهید بمێنێتن، کاك زەعیم فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم (زەعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باشە، چونکە حەرەکەکە حەرەکەیەکی چەکداری بوو لە تەرکیبەیدا، لە ئەساسدا بوو بە خەبات و چەك و خەباتی تێکۆشان و چەکداری و ئەو مافانەی بە دەست هێناوە، راستە خەڵکێك هەبووە چەکدار نەبووە، بەس خزمەتی چەکداری کردووە، لە پێناوی خەباتی کردووە، ئەگەر کەلیمەی چەکدار بمێنێت حەرەکەکی موسەلەحییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەرلەمانی پێشوو چی گوتووە کاك شێردڵ بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمانی پێشوو بەو شێوەیە پێشمەرگەی تەعریف کردووە (الپێشمرگە: کل من التحق بالثورة وناضل سیاسیاً او عسکریاً لتحقیق اهدافها ولم ینحرف عن اهداف الثورة، ولم یتعاون مع اعداء الحرکة التحرریة الکوردستانیة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هەردووکی دەگرێتەوە، ئەوەی داوایان کرد موسەلەحیش دەگرێتەوە، هەموو ئەو کەسەی کە ئیلتیحاقی کردووەو شۆڕش، خەباتی کردووە، هی سیاسی و عەسکەری، یەعنی چەکداری لە پێناوی ئامانجەکانی لەو ڕێگایەدا لای نەداوە لە ئامانجەکانی شۆڕش، هاوکاری نەکردووە لەگەڵ دوژمنانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، ئەو پێناسە کۆنە باشترە، ئەو پێناسەی پێشوو لێرە تەسبیت بکرێت، ئێستاکە جارێکی تر دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، قانون تکریم الپێشمرگە (حرس الاقلیم) کوردستان – العراق رقم () لسنە 2007

المادة الاولی: یقصد بالمصطلحات التالیة المعاني المبینة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الثورة/ الثورة التحرریة الکوردستانیة التي اندلعت منذ 1961/9/11.

ثانیاً: الپێشمرگە/ کل من التحق بالثورة وناضل سیاسیاً او عسکریاً لتحقیق اهدافها ولم ینحرف عن اهداف الثورة، ولم یتعاون مع اعداء الحرکة التحرریة الکوردستانیة.

ثالثاً: شهید/ الپێشمرگە الذي استشهد اثناء الثورة ومن جراءها.

رابعاً: التکریم/ اعلاء نضال وکفاح الپێشمرگە.

ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریانەی کە لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی ئێوە کرا، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو حەرەس ئیقلیمە ناتوانین لابدەین، چونکە ئەو هێزەی ئێستا تەعامولی وەکو حەرەسی ئیقلیم لەگەڵ دەکرێت، تەعریفەکەشی تەعریفی پێشمەرگەی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە عینوانەکەت دانا بە حەرەسی ئیقلیم، کەواتە قانونی تەکریمی پێشمەرگە قەوست کردۆتەوە لە قانونەکە گوتووتە حەرەسی ئیقلیم، لەهەر شوێنێکدا ناوی پێشمەرگە هات یەعنی حەرەسی ئیقلیم، پێویست ناکات ئەوەندە هین بکرێت، لە قانونەکەی سەرەوە ناوت لێ ناوە قانونی پێشمەرگە قەوسێکت کردۆتەوە حەرەسی ئیقلیمی کوردستان، کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووبارە کردنەوەی ئەو موستەلەحەی زێرەڤان بە لامەوە گرنگە، چونکە ئێمە لەو موناقەشاتانەی کە لەگەڵ عێراقیشدا کردوومانە، ئەوانیش تەئکیدیان دەکردەوە، مادام لەسەرەوە نووسراوە پێشمەرگە، ئیتر لە خوارەوە نووسیمان حەرەسی ئیقلیم، یەعنی پێشمەرگە، هیچ پێویست بە نووسینی ناکات، ئەوە حەرەسی ئیقلیمییە، ئێمەش پێمان داگرت لەسەر ئەوەی کەوا لە کوێ بە ئینگلیزی نووسرا، دەبێت بە کوردی بنووسرێت پێشمەرگە، بە عەرەبی نووسرا، دەبێت بنووسرێت پێشمەرگە، بە هەموو نەوعەکان دەبێت بنووسرێت پێشمەرگە، لەبەر ئەوە یەعنی لە پاشەرۆژدا ئەوانیش ئیلحاحی ئەوە دەکەن، دەڵێن مادام لەسەرەوە نووسیمانە حەرەسی ئیقلیم پێشمەرگە لە دوایيدا پێویست ناکات بنووسرێت حەرەسی ئیقلیم، یەعنی هینەکە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی موناقەشەی زۆر زۆرمان لەسەر ئەوە کردووەو پێمان داگرت هەتا ئەوەمان چەسپاندن، لە کوێ حەرەسی ئیقلیم بێت، دەبێت ناوی پێشمەرگەش هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز ئاڕێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەی پێشمەرگایەتی ئێمە دیاریمان کردووە، لە 1961/9/11 تا 1991/3/5، ئەسڵەن ئەو وەختە ناوی زێرەڤانی هەر نەبووە، ئێمە هەر بۆ پێشمەرگەی دادەنێین ناوی زێرەڤانیشی لەسەر نەبووە، زۆر کۆنترە، ئەگەر ئەوە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر هێشتا نەگەیشتونەتە سەر ئەوە، پێشمەرگە گوتمان لە 1961/9/11 بەشداری کردووە، مادام وایە ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە، کە حەرەسی ئیقلیم بمێنێت، یان نەمێنێت، نوقتەی نیزام چیە کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو تەئکید دەکەمەوە، ئەوە زەرەرێکی زۆرمان پێ دەگەیەنێت، چونکە خەڵك لێمان قەبول ناکات، ئەگەر هەر خۆمان بین و لە دەستە خۆمان بێت قەبول ناکەین، وەکو کاك جەعفەر فەرمووی، ئەو موشکیلەی لە بەغدا بۆمان دروست دەبێت، تکاتان لێ دەکەم ئەو موشکیلەیە دروست نەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی رەئیەکە رەئی ئەندامانی پەرلەمانە، چەند ئەندامێکی پەرلەمان داوا دەکات کە لە خوارەوە ئەو حەرەس ئیقلیمیانە شەتب بکرێت، جەنابی وەزیریش و لیژنەکانیش دەڵێن بمێنێت باشترە، کاك زرار نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەمڕۆ ئەم یاسایە دەردەکەین، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە سوودمەند بێت، ئەگەر ئەو وشەیە بنووسین چ زەرەری هەیە، با بینووسین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەل جار کاك ئارێز تەقدیمی کرد، موسیڕی لەسەر رەئیەکەت.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەمگوتووە تێیدا نەبێت، دەڵێم یەك جار تێدا بێت بەسە، پێویست بەو هەموو دووبارە کردنەوەیە ناکات، فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی تێدا بێت، یان تێدا نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لەگەڵ مەبدەئەکە موشکیلە نییە دووبارە بوونەوەکەی، مادام قەبوڵتە تێدا بێتن باشە، با تێدا بێتن، با بنووسرێت، لەسەر داوای حکومەت کە دەڵێ تێدا بێت، تەبعەن ئەوان باشتر هین دەکەن لەگەڵ بەغدا موفاوەزاتیان کردووە، مادام پێیان وایە ئەوە قازانجترە بۆ پێشمەرگە کە ناوەکە بێتن، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر سوود بگەیەننە پێشمەرگە لەو سوودانەی کە لە بەغداوە بۆیان دێتن با بمێنێتن، کەواتە جارێکی تر دەیخوێنمەوە، بۆ دوا جار تکایە، پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الثورة/ الثورة التحررية الكوردستانية التي اندلعت منذ 1961/9/11.

ثانياً: الپێشمرگە (حرس الاقليم)/ كل من التحق بالثورة وناضل سياسياً او عسكرياً لتحقيق اهدافها ولم ينحرف عن اهداف الثورة، ولم يتعاون مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية.

ثالثاً: الشهيد/ الپێشمرگە (حرس الاقليم) الذي استشهد اثناء الثورة ومن جراءها.

رابعاً: التكريم/ اعلاء نضال وكفاح الپێشمرگە (حرس الاقليم).

ماددەکە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو پێشمەرگانە دەگرنەوە، کە لە کاروانی قارەمانێتیەتی بارزانی لەنێوان ساڵانی 1945 تا 1958دا بەشداریان کردووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تسري احكام هذا القانون على البێشمرگە الذين اشتركوا في المسيرة البطولية البارزانية بين عامي 1945 – 1958.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە لە قانونی پێشتریشدا هەبووە، کەسیش باوەڕ ناکەم ئیختیلافی لەسەر هەبێت، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا لە رووی داڕشتنەوەیە، حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو پێشمەرگانە دەگرنەوە نییە، حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەموو ئەو پێشمەرگانەش دەگرێتەوە، چونکە قانونەکە خاص بۆ ئەوانە نییە، بۆ چل و پێنج و ئەوانە، ئەو پێشمەرگانەی کە لە کاروانی قارەمانێیەتی بارزانی لەنێوان ساڵانی 1945 تا 1958دا بەشداریان کردووە، تەنیا لە رووی داڕشتنەوە مولاحەزەم هەبوو، بە عەرەبیەکەش (ایضاً)، چونکە ماددەیەکی زیادەیە، تایبەت نییە بە ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە ئەوە (ایضاً)ەکەی ئیزافە بکەن، واتا دەگرێتەوە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کە لێرە دەڵێن (المسیرة البطولیة البارزانیة)، من پێم وایە بچووك کردنەوەیە بۆ ئەو خەباتەو تێکۆشانەی ئەو فەترەیە، خەباتی ئەو برا بارزانیانە لەو فەترەیە تەبعەن بەشێك بووە لە خەباتی گەلەکەمان، ئەگەر بڵێین (المسیرة البطولیة لشعبنا بقیادة البارزاني) رێکترەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە قانونی پێشووشدا هەیەو ئەوە شتێکی موحەدەدەو چ موشکیلەیەکی نییە، ئەگەر قسەی تری لەسەر نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە بەو مولاحەزەی کاك ئارێزیش کە دەڵێت (تسري احکام هذا القانون)

کوردیەکەی دەگرێتەوە بیکەن، کێ لەگەڵدا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێ تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوانە دەگرێتەوە کە چونەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان تا 1991/3/5.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تەبعەن پێشتر لە مادده یەکدا کە موناقەشە کرا، ئاماژە بەو مەوزوعە درا، من خۆشم رەئیم وایە ئەو ماددەیە هەر ئیلغا بکرێت، لەبەر ئەوەی پاش ئەو ماددەیە خەڵکانێك شەهید بووینە، دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم پێشمەرگەکانی خۆم شەش کەس شەهید بووە لە یەکی شوبات ساڵی 2004، یەعنی ئەوە نایگرێتەوە، شەوکەتی حاجی مشیر شەهید بووە بە دەستی تیرۆریستان، ئەو ماددەیە هەڵبستێتن وەزارەتی مالیە خۆی دەتوانێت تەقدیر بکات، کێیە ئەو شەهیدەی کە لەو فەترەیەدا شەهید بووە دەیگرێتەوە پێشمەرگەشە، (تسري احكام هذا القانون على الذين التحقوا لغاية) ئەوەندە، هەیە پاشی ئەوەش ئیلتیحاقی کردووەو دوایێ شەهید بووە نایانگرێتەوە، لە شەڕی دژە تیرۆر شەهید بووە، نایانگرێتەوە، کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قانونێکمان هەیە قانونی خزمەت و خانەنیشینی پێشمەرگە، ئەو شتانەی داهاتووی هەمووی تێدایە، دوایێ ئەوە هی پێشمەرگەیە، ئەو پێشمەرگانەی لەناو شۆڕش بەشداریان کردووەو ئێستاش بەردەوامن، یەعنی کاك شەوکەت و جەنابی تر هەموو کەس دەگرێتەوە، پێشمەرگە دەگرێتەوە، یەعنی هەتا ئەگەر شەهیدیش بووە، پێشمەرگەش دەگرێتەوە، کە لەو کاتی پێشمەرگە بووە دەیگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پێشمەرگانەی کۆن هەمووی دەگرێتەوە، ئەوەی ئێستاش ئەو قانونە دەیگرێتەوە، مانای کەسیان لە هیچ شتێك کەمتر نابێت لە جەیشی عێراقی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من چوار پێشمەرگە با بڵێم هەیە لە مانگی شەشی ساڵی 1991 ئیلتیحاقیان کردووە، پێناسەشیان پێشمەرگەیەو دەورەشیان دیوەو لە شەڕیشدا بەشدار بوون، دواتریش لە شەڕی دژە تیرۆردا شەهید بوون، پێناسەیان پێشمەرگەیە، تەمەنی هەژدە ساڵ بووە لە ساڵی 1991 بۆتە پێشمەرگە، هەویەی پێشمەرگایەتیشی وەرگرتووە، لە پاشان لە شەڕی دژە تیرۆریستان لە ساڵی 1998 شەهید بووینە، نایانگرێتەوە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ویسام و نۆت و ئەو شتانەیە، ئەو ویسام و نۆتە نادرێتە هەموو شەهیدێکیش، نادرێتە هەموو پێشمەرگەیەك، هەندێك بوتوڵەی تایبەت هەیە کە دەیدرێتێ، خۆ ئەگەر تۆ تەوزیعت کرد، مانای وایە کەست تەکریم نەکرد، بەلاَم ئەمانە شتی دیکە دەیانگرێتەوە، مەسەلەن لە وەزارەتی شەهیدان شتیان زۆر بۆ دەکرێت، هەتا لێرەش هەندێك شتیان بۆ دەکرێت، خدمەیان بۆ حیساب دەکرێت، مەعاشیان موزاعەف دەبێت، منداڵیان دەچێتە کولیە، ئەوانەش هەمووی ئیمتیازن، بەلاَم ئەوەی مەسەلەی ویسامی رێزلێنان بۆ هەموو کەس نییە، چونکە ئەگەر بدرێتە هەموو کەس دروست ناکرێت، شەرت نییە یەکێك شەهید بێت موستەحەقی ئەو ویسامە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زەعیم فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم (زەعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو کاك شێردڵ تەوزیحیدا، فیعلەن ئەوە شتێکی تایبەتمەندە، یەعنی لەناو دوو هەزار، سێ هەزار کەس یەکێك ئەو ئیمتیازە وەردەگرێت، یەکێکی تایبەت دەبینی لە حاڵەتێکی موعەیەن، لە سەنگەرەکانی شەڕدا، یان کردەوەیەکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێت، ئەو ئیمتیازاتەی دەدرێتێ، شتێك نییە دابەش بکرێت بەسەر هەموویاندا، بۆیە من تەئیدی رەئیەکەی کاك شێردڵ دەکەم، دەبێت ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوەو بەو شێوەیەی وەکو باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من رەئیەکەی خۆم سەحب دەکەم، ئەگەر کەس ئیعتیرازی لەسەر ئەوە هەیە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی دەکەم ناچمە ناو موناقەشەوە، بەڕاستی ئەوە حورمەت و رێزی پێشمەرگەی تێکۆشەر لەوێوە دیاری کرد، کە تا ئەو تاریخە بەشدار بوو، چونکە رۆژە سەختەکانی پێشمەرگە ئەوانە بوون کە بەشدار لە رۆژەکانی گەلەکەماندا بەرگریان لە شەرەف و کەرامەتی میللەتەکە کردووە، بەلاَم من پێم باشە صیاغەکەی بگۆڕن، حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو تێکۆشەرانە دەگرێتەوە کە بەشدار بوون لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان تاکو 1991/3/5، ئەو تێکۆشەرانە دەگرێتەوە کە بەشدار بووینە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە صیاغەکەی ئەگەر فیعلەن، یەعنی هەر بۆ ئەوانە بێت کە هەتا 1991/3/5 بێت، دەبێت صیاغەکەی وابێت کە مەعلوم بێت، یەعنی لێرە روون نییە، وەکو برادەری پێش من باسی کرد، ئەگەر هەتا ئەو وەختە نەبێت بەردەوام بێت بۆ ئێستا، ئەوە تەعاروزی دەبێت لەگەڵ ئەو تەعریفەی هی پێشمەرگە کە کردمان، لەگەڵ ئەو پێناسەیەی کە کردمان، ئەگەر هەتا ئێستا بگرێتەوە، هەرچی ئەندامی حزب و هەموو شتێك دەگرێتەوە، سیاسیەن و عەسکەریەن، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم یاسایە موحددە تاکو 1991/3/5، بەڵام صیاغەکەی زۆر دیار نییە ئەوە دەگرێتەوە، یەعنی هەتا ئەو وەختە پێشمەرگە بوو بێت، دوایی قانونێکی تر رەنگە هەبێت، یان دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دیاری کردن هەر لە پێناسەی یەکەمی شۆڕشدا کە ساڵی 1961 تا دەگاتە ئێرە، بۆ دیاری کردنی سەقفێکی زەمەنییە لە بیدایەت بۆ نیهایەت حەددی ئەدناو ئەعلا، بۆیە ماددەی دووەمی بۆ دانراوە، کە ئەگەر بێتو ئەوە نەمێنێت مانای ماددەی دووەم زیاد دەکات، بۆیە ماددەی دووەم تاکو بە قانونێك بە ماددەیەك بێتەوە ناو مەوزوعی شۆڕش کە لە ساڵی 1945 تاکو 1958 ئەوە یەك.

پرسیارێکم هەیە بەنیسبەت ماددەی سێیەم، ئێمە لە تەعریفی پێشمەرگەدا باسمان کرد، ئەو کەسانەی کە لە نیزال بەردەوام بووینەو ئینحیرافیان نەکردووە، ئایا ئەوانەی کە ئینحیرافیان کردووە لەو مودە زەمەنیەدا دەتوانێت بێتەوە ناو عەینی ئەو مەوزوعە کە هاتۆتەوە ناو پێشمەرگە، چونکە لە تەعریفەکەدا وا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەبدەئیەن بەڕاستی قانونەکە قانونێکی زۆر باشە، کە رێز لە پێشمەرگە دەگرێت، ئەو پێشمەرگەی کە لە ساتە وەختەکاندا دیفاعیان لە کوردو کوردستان کردووە، بەڵام بەڕاستی یەعنی موشکیلە لە تەنفیزەکەیدایە، ئەوە هەردوو جەنابی وەزیریش لێرەنە، ئێمە وەك خەڵکێکی ئیسلامی کە لە پێش راپەڕین بەشدار بووین، زۆر لە مەسئوولینی پارتی و یەکێتی و خەڵکێکی دیکەش کە لە ساحەکەدا بوون دەمانناسن، هەر لە هەشتاکانەوە لە مەنتیقەی قەرەداغ، هەورامان، خۆشناوەتی، قەندیل، یەعنی لەوانەیە جەنابیشت شاهێدیمان بۆ بدەیت لەو بارەیەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە نازانین لەسەرێکەوە ئەم قانونەمان زۆر پێ باشەو پیرۆزبایی لێ دەکەین، بەڵام ئەگەر وەکو رابردوو بڕوات، وەکو ئەو قانونەی کە لە ساڵی

1992 دەرچوو، دوایش هەتاکو ئێستا 2007ە پازدە ساڵە ئیجرائات دەکرێت، ئێمە هیچ ئیمتیازاتێکمان نییە، پێشمەرگەی ئێمە، خەڵکی ئێمە، ئافرەتەکانمان، یەعنی هەموو قسەی ئێمە ئەوەی کە ئەگەر قانون دەردەچێت لە کوردستان، پەرلەمانی کوردستان دەری دەکات با عام بێت و شامل بێت هەموو کەس بگرێتەوەو ئیحتیکار نەکرێت، پەرلەمان بە هی خۆمان بزانێت، پیرۆزبایی لە قانونەکە دەکەین، بەلاَم لەسەرێکەوە دڵمان زۆر پێی خۆش نییە، بەوە کە شەریحەو جیل و خەڵکێکی زۆر ناگرێتەوە، هەر لە زەوی و زار تەوزیع کردنەوە، هەر لە شەهیدان و تەقاعودی لە زۆر شت، ئێمە هەتا دوای هاتنی ئەمریکاش کە ئێمە سێ هەزار پێشمەرگەمان هەبوو چەکمان پێ نەما، دواتر ئەو خەڵکەمان هەموو بچێتەوە ماڵەوەو کەسمان لە کۆمەڵی ئیسلامیدا کە خاوەنی قوەتێکی زۆر بووین هەموو حزبێکی چەکدار کە لە ساڵی 2004 چەکمان پێ نەماوە 2003 یەك نەجمەمان نییە، بەلاَم کە تەماشا دەکەین لە هەردوو تەرەف، یەعنی ئەلحەمدللە دارو نەجمە وەك هین تەوزیع کراوەو رۆیشتووە، جا هەموو قسەکەمان ئەوەیە کە پیرۆزبایی لەو قانونە دەکەین، بەلاَم با خەڵکی ئێمەش بگرێتەوە، ئێمەش بە مافی خۆمانی دەزانین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو قانونە شاملە بە تەئکید، ئەوە بۆ پارتی و یەکێتی نییە، بۆ سۆشیالیستیش نییە، کە کاکە حەمە دانیشتووە، بۆ هەموو پێشمەرگەیەکە، بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو وەختی لە شۆڕشدا بەشدار بوون، پێشمەرگەکانیان تا ئەو تاریخە هینی کردووە، بەپێی ئەو قانونە دەیگرێتەوە هەرچی حزبێك بێت، قانون بۆ حزبێك دەناچێت و موتڵەقەن ئەوە نابێتن، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو روون کردنەوەی جەنابی وەزیر دای، ئەو تەکریمە تەنها چەند حاڵەتێکی دیاری کراو دەگرێتەوە، لەگەڵ داڕشتنی ماددەکە ناگونجێت هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە چوونە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، من وا لێی حاڵی بووم، کە پێشمەرگە دێرینەکان پێش راپەڕین هەمووی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، بەلاَم جەنابی وەزیر چەند حاڵەتێکی تایبەتی کە بتوڵەیان نیشان داوەو کە ئەوەو ئەوە بووە، حەز دەکەین ئەوە بە تەواوی لەبەرچاومان روون بێت، من وا حاڵی بووم هەر کەسێك پێشمەرگە بێت پێش راپەڕین دەیگرێتەوە، دووبارە بۆمان روون بکاتەوە، سوپاسی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی من تێ بگەم لەم قانونە، ئەوە بۆ هەموو پێشمەرگە نییە، ئەوەی من تێی گەیشتم بۆ ئەو پێشمەرگانەیە کە دەورێکیان هەبووە، جێی دەستیان دیارە، لە شەڕدا، لە خەباتدا، یاخود شەهید بووینە، یاخود قارەمانێتیان هەیە، دەنگیان داوەتەوە، بە تەئکید هەموویان بگرێتەوە ئەوەی بۆ چیە، کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە بەڕاستی ئەوەی وەكو كاك شێردڵیش زۆر بە وازیحی باسی كرد، ئێمە ئەو قانونانەی كە دادەنێین بۆ تەنها پێشمەرگەی حزبێك، یان دوو حزب نییە، بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەیە كە هی هەموو حزبەكانن، ئێمە لە كۆبوونەوەیەكی فەرماندەیی گشتیش كە جەنابی كاك مەسعود سەرپەرشتی دەكرد باسی ئەوە كراوە، كە ئێمە هەموو ئەو حزبانە شەهیدەكانیان، كەم ئەندامەكانیان، تێكۆشەرەكانیان بۆ خانەنشین و ئەوانە، دەبێت حیسابی تایبەتیان بۆ بكرێت، هەروەها بەشداری كردنیشیان لە ناو هێزی پێشمەرگەی كوردستان، ناو پاسەوانی هەرێم بۆیان هەیە بەشداری بكەن، جگە لەوانەی كە خەڵكی ئیرهابی، یان سەر بەو مونەزەمانەی كە مونەزەمە ئیرهابیەكانن، بۆیە ئەو قانونە هەموو كەسێك دەگرێتەوە، بەڵام بە تەئكیدیش دەبێت ئەو قانونە خەڵكانێك بگرێتەوە كە شاز بێت لە خەڵكی تر، نەوەكو تۆ بێنیت دوو سەد هەزار كەس پێشمەرگایەتی كردووە، یان پێشمەرگەیە ئێستا بڵێی هەمووی تەكریم دەكەم و مەدالیایان دەدەمێ، یەعنی دەبێت ئەو خەڵكانە بن كە مواصەفاتی تایبەتیان هەیە، یان كارێكی گرنگیان كردووە، یان شتێكی شازن لە یەكێكی تر، بۆیە یەعنی ئێمە لە هەموو شتەكانماندا هەمووی شمولییە، قەت باسی یەكێتی و پارتی نەكراوە، باسی هەموو پێشمەرگەی كوردستان كراوە، هی هەموو حزبەكان، هەم بۆ كەمئەندام جارێكی تر دەڵێمەوە، هەم شەهید، هەم خانەنشین، هەم بۆ بەشداری كردن لە پاسەوانی هەرێم، جگە لەو كەسانەی كە عەلامەتی ئیستیفهامیان لەسەرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان بۆچوونی كاك جوتیارم هەبوو، كە ئێمە لە پێناسەی پێشمەرگە دەڵێین ئەوەی ئازادانە بەشداری دەكات، لێرەش بەشداری نەچێتە پاڵ ئەوە، مانەوەش هەرچەندە وابزانم دەمێنێتەوە، بەڵام بەڕاستی زۆر زۆر تەئكید دەكەمەوە كە ئەوە پێویستە، چونكە هی هەلومەرجە هەرە ناخۆش و هەرە نالەبارەكانی، یەعنی كە خەڵكی كوردستان پێدا تێپەڕ دەبێت، ئەو پێشمەرگانە تایبەتمەندییەكیان هەیە، بۆیە مانەوەیان تەئكید دەكەمەوە، یەعنی زۆر زۆر پێویستە، بڕواش دەكەم دەمێنێتەوە، یەك قسەشم هەیە، من حەز دەكەم، ئەگەر زۆر قسەش دەكەم سەبارەت بە پێشمەرگە پێشم دەكرێت قسە بكەم، چونكە بێگومان ئەو یاسایە بۆ هەمووانە، بڕوا ناكەم حزب هەبێت لە كوردستان پێشمەرگەی كۆنی نەبێت، رەنگە كەموكوری هەبێت، بەڵام خانەنشینی لەگەڵ برادەرانی كۆمەڵیش ئەوەی من ئاگادار بم بۆ ئاگاداریتان لە تەلەفزیۆنەوە راستەوخۆ هەیە، خانەنشینیان هەیە، رێزیان لێ گیراوە، رەنگە غوبنێك هەبێت، بەڵام لەناو رێزەكانی هێزی پێشمەرگە یەكێتی و پارتیش خەڵكێكی زۆر هەیە گلەیی و گازاندە دەكات، هیوادارین بەو یاسایە ئەو گلەیی و گازاندانە نەمێنێت، بۆ ئەوەی یاسایەكانی تریش كە دێینە سەری وەزعیان باشتر بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاك حەسەن.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەك کۆمەڵی ئیسلامی کە نۆ مەڵبەندو چەندین مەکتەب و قواتێکی عەسکەری زۆرمان هەبووە، دوای ئیعلان کردنی کۆمەڵی ئیسلامی، زۆربەی برایان دەزانن، هەتاکو ئێستا (150) پێشمەرگەمان تەقاعود کراوە، ئەویش لە ئیدارەی ئەولا، سوپاسی هەردوولا دەکەین، تا رادەیەك هاوکاریان کردووین، بەلأم (150) پێشمەرگە بۆ حزبێك، ئەمە لەگەڵ ئێمە زۆر زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ خەڵکێکی ناو پارتی، لەگەڵ خەڵکێکی ناو یەکێتی، کە تەقاعودیان کردوون، ئەوە یەك.

سەبارەت بە لەشکری کوردستان، ئێمە شانازی پێوە دەکەین کە موئەسەسەی عێراقی لە کوردستاندا، موئەسەسەیەکی عام بێت، هی کوردستان بێت، وەك چۆن پارتیەك، یان یەکێتیەك دیفاع لە میللەت دەکات، دیفاع لە گەل و نیشتمان دەکات سەبارەت بە تەهدیداتی تورکیا، هی خەڵکی دیکە، ئیرهابیەکان، ئێمەش بە شانازیەوە بەشداری دەکەین لە خەباتدا، ئەی بۆ دەبێت لەناو سوپای کوردستان ئێمە یەك نەفەرمان نەبێت، ئێستا نیمانە، داوا دەکەین مەسەلەن وەکو کۆمەڵی ئیسلامی کاکە ئێمە ئامادەین (500) پێشمەرگە لە سوپای یەکگرتووی کوردستان، با ئێمەش جنودی بێت، نازانین چی ناو لێنێین، کەواتە کەموکوریەکان هەن، واقیعەکە زۆر جاریش لە لای جەنابی سەرۆکی هەرێم، لە لای مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لای جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەو شتانەمان گوتوون، بەس بەڕاستی ئەم قانونە وەکو رابردوو تەتبیق بکرێت، جێی خۆی ناگرێت، ئومێد دەکەین وا نەبێت ئینشائەللآ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حەسەن خۆ قسەکانت قابیلی موناقەشەیە، رێزیشی هەیە، بەلأم ئێرە جێگای نییە، ئەگەرنا لە کۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتی، ئەحزابە سیاسیەکان قابیلی ئەوەیە موناقەشە بکرێت، لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەوێ قابیلی ئەوەی هەیە موناقەشە بکرێتن، لە کۆبوونەوەکانی دوو قۆڵیدا لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم، مەکاتبی سیاسی لە بەینی یەکتری، لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت باس بکرێت، ئێمەش موستەعیدین موناقەشە بکەین، بەلأم لە دانیشتنێکی تایبەتدا، نەك ئێستا، چونکە ئێستا لە بەرنامەی کارماندا تکام وایە تەرکیز لەسەر ئەوە بکەن ماددەی سێ دەڵێ (ئەو قانونە جێ بەجێ دەکرێت لەسەر ئەوانەی کە ئیلتیحاقیان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستانیان کرد بوو تا 1991/3/5)، تەرکیز لەسەر ئەو قسەیە بکەن، کێ لەگەڵ ئەوەیە، ئەگەر کەسێك ئیعتیرازی هەیە؟ چوار ناو ماوە ئینجا دوایێ قسەت دەدەمێ کاك زەعیم، فەرمووو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم(زەعیم عەلی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر تەوزیحێك بۆ ئەو برایە، تەبعەن تا ئێستا ئێمە پێش ئەوەی ئیدارە ببێتە یەك، هەر حزبێك پێشمەرگەی خۆی هەبوو، بودجەی خۆی هەبوو، هەموو ئیمتیازاتەكان لە حزبەكە دەدرا ئەو پێشمەرگانە، پاشان دوو ئیدارە بووە یەك، ئێمە ئەوە خەریكین سەبر سەبر ئەو كارانەی ئێمە هاتین، بۆ ئەوەی قانونێك دەربكەین، نیزامێك دەربكەین، مەوزوعی تەحەزوبیش لە لەشكر نەمێنێت، بەلاّم پاش ئەو ختوانە كە لە بەغداش هاتینەوە ئینشائەللاّ ئەو شتانە بەسەركەوتووانە ئیقرار كرا، هەتا جەنابی سەرۆك وەكو كاك شێخ جەعفەر تازە ئیشارەتی پێ كرد، گوتی نابێت پێشمەرگە مەوزوعی تەحەزوبی تێدا بمێنێت، دەیكەینە پێشمەرگەی سەرتانسەری كوردستان، یەعنی لەو سەرتانسەرییە، مەبەست برای توركمان و برای مەسیحی و ئاشووری و ئێزیدی و هەتا هەمووی دەگرێتەوە پێكەوە بە یەك ئیمتیازیش، من لام وایە ئەو برایانەش تەفسیریان پێ نەكراوە، ئایا لە وەختی هەر یەك بودجەی خۆی وەردەگرێت لە حكومەتی هەرێم، وەكو حزبێك، دەتوانێت لە پێشمەرگەكانی خۆشی سەرف بكات، كە ئیجازەشی پێ دراوە بەپێی ئەوە، لەبەر ئەوەی مەوزوعی تەحزوب نامێنێت، بە یەك چاو تەماشا دەكرێت، دەرگای تەتەوعیش دەكرێتەوە، هەموو لایەنی كوردستانیەكان بە یەك چاو سەیر دەكرێن و دەتوانن بێن ببنە پێشمەرگەو ئەركی سەرشانی نیشتمانی بەڕێوە ببەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو چوار ناوەی ماون قسەیان نەكردووە، ئەو چوار ناوەی ماون ئیعتیرازیان هەیە، كاك محەمەد حەكیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك نوقتە بوو، بوو بە دوو، یەكەمیان/ ئەو داڕشتنی شێوازی یاسایەكە بە حەقیقەت، مەسەلەن ماددەی سێ دەڵێ حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەمانە دەگرێتەوە، كە چونەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بكەین هەر یەكە بە مەرجەكانی خۆی، یەعنی بە مەرجەكانی رێزلێنان، چونكە بەڕاستی ئەگەر ئەوە نەڵێین یاسا هەموو كەسێك مافی پێشمەرگەی ئەیلول بەپێیەوە، هەموو پێشمەرگەی پێش راپەڕین بڵێ ئەوەتا دەڵێ هەموو ئەو پێشمەرگانە، ئەگەر قەیدێكی تێ بكەین برادەرانی یاسایی یەعنی قەیدێكی تێ بخەین بەپێی مەرجەكانی رێزلێنان، ئەوە نوقتەی یەكەم.

دووەم/ كاك شێخ باسی مونەزەماتی ئیرهابی كرد، دەڵێم كاك شێخ گیان، ئێمە بە حەقیقەت وەكو كۆمەڵی ئیسلامی بەكورتی دەریدەبڕم كێشەمان ئەوەیە تاكو ئێستا روون نەبۆتەوە، شۆڕشگێڕین، یان ئیرهابین، ئێمە لە دامودەزگاكانی حكومەتدا كێشەمان لەگەڵ قانون نییە، فیعلەن گشتیە، لە بەینی ئێمەو شیوعی و هەمووی شمول بكات، كێشە لە تەنفیزە، من ئەگەر پێشی خۆشە پاشی جەلسەكە ناوی بەرپرسێكی بالاّی سەربازی پێ دەڵێم كە هەندێك موعامەلەی تەقاعودی ئێمەی چۆتە بەر دەستی فرێی داوەتە ناو تەنەكەی زبڵەوە، كێشە ئەوەیە ئەو بۆچوونە دەمانەوێت یەكلا بێتەوە، ئێمە چیتر برادەرێك لە خوارەوە لە

وەزارەتێك وەكو ئیرهابیەك تەماشامان نەكات، ئێمە لە حكومەت داین، ئێمە لە پەرلەمان داین، ئێمە دوو دەنگمان بە تەنها هێنا، بەس بە رەنجی خۆمان، دوایی لە بەغدا خستمان پاڵ حەفتاو پێنج دەنگی لیستی هاوپەیمانی، ئێمە ئەو هەڵوێستانەمان هەیە، حەقیەتی لەمەودوا دوای دەرچوونی ئەم قەراراتانە بەچاوێكی عادیلانەو دادگارانە تەماشای هەموو كەس بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد حەكیم هەمان قسە دووبارە دەكەمەوە، رەئیەكەت جێی رێزە، بەلاَم ئێرە جێگای نییە.

دوو/ هەر كەسێك، هەر مەسئولێك لە سەیتەرە بێ قانونی دەكاتن، یان بێ ئیحتیرامی دەكات دوور لە رووی جەماعەت، مانای ئەوە نییە پەرلەمان لێی مەسئولە، حكومەت لێی مەسئولە، ئەو شەخصە لە نەفامی خۆیەتی لە رووی قانونەكە، ئەگەرنا ئێوە وەكو حزب، هەر حزبێكی تر لە حكومەت بەشدارن، لە پەرلەمان بەشدارن، قانون ئیحتیرامتان دەگرێت، هەندێك مەسائیل هەیە هی رابردووە، دەبێت بە تەئكید لابچێت، هەندێك مەسائیل لەسەر ئێوەیە، دەبێت لابچێت لە لایەنی ئێوەوە، هەندێك مەسائیل لەسەر حكومەت هەیە دەبێت لابچێت، بەلاَم هەتا بەینی یەكێتی و پارتی ئاسایی كردنەوەی وەزعەكە چەند ساڵی خایاند، تا ئێستا ئاسایی بۆتەوە، ئینجا مەسەلەكە تەعامول لەگەڵ واقیع پێویست دەكاتن، موهیم ئەوەیە، ئێمە لێرە واجیبمان ئەوەیە قانونێك دابنێین یەكسانی بێتن هەموو لایەك بگرێتەوە، لە جێ بەجێ كردنەكەی دەبێت هەمووومان بەشداری بكەین، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من قسەكانم گوترا، قسە ناكەم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێیەم، وابزانم ئەگەر بەس بەروارەكەی بگۆڕین ئیشكالەكە حەل دەبێت، دواییش ئەو قانونە لە ئەسڵی مەوزوعەكە نەچێتە دەرەوە، دوو شتە، یەكێكیان تەعریفی پێشمەرگەیە، دووەم/ تەكریمە، لە تەعریفی پێشمەرگە لە سەرەتا دیاری كردووەو رۆنی كردۆتەوە، لە دووەمیش لە باسی تەكریم وەكو جەنابتان باستان كرد هەموو كەس ناگرێتەوە، جا ئەگەر هەر پێشمەرگەیەك بێتن، یەعنی ئەگەر كوڕە كوردێكی موسڵمان بێت خۆی بە كوشتن داوەو شەهید بووە، حەقە تەكریم بكرێتن، هەتا ئەگەر لەسەر چ لایەنێك بێتن و چ جیهەتێك بێت، ئەگەر یەكێكی تر داستانێكی قارەمانیەتی هەیە، ئەویش با ئەنواتی بدرێتێ و ئەگەر لەسەر هەر جیهەتێك بوو، لەسەر هەر لایەنێك بوو، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من نازانم هەندێك مولاحەزاتتاندا بەتایبەتی كاك محەمەد حەكیم لەبیرم چوو پێی بلێم ماددەی دواتر وەلاَمت دەداتەوە، دەڵێ (منح للپێشمرگە حراس الاقلیم اوسمة وانواط ومدالیات خاصة تحدد

اشكالها ودرجاتها وامتيازاتها بقانون)، يەعنی هەموو پێشمەرگەیەك ناگرێتەوە دەرەجاتی دیار دەبێتن، قانونێکی پێ دەربچێتن، دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم دەڵێ حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوانە دەگرێتەوە، کە چوونەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان تاکو ئەودەمە، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی یەکەمدا هاتووە، چونکە لەوێ باسی ئەوەمان کردووە، کەوا ئەو کەسانەی بە خاوێنی ماونەتەوەو نەچونەتە پاڵ ریزی دوژمن، لێرە دەبێت ئەوە دەست نیشان بکرێت لەو ماددەیە، ئەگینا بە موتڵەقی دەڕوات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشتر ئەوەمان کرد، ئەوەمان تەحدید کرد، لە ماددەی یەکەمدا تەحدیدمان کرد، کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ مولاحەزەیەکم لەسەر ئەوە نییە، زۆر جوان هاتووە، تەنها ئەوەی پێشتر باس کرا، کە دەڵێت حوکمەکانی ئەو یاسایە کە چونەتە پاڵ، لە جیاتی ئەو پاڵ بکرێتە چونەتە ریزی جوانتر دەبێتن، چونەتە ریزی رزگاریخوازی کوردستان، تاکو 1991/3/5، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردیەکە وایە، بە عەرەبیەکی باش هاتووە، بە کوردیەکەی چاك بکەن، ئەو ماددەیە وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، دەیخوێنمەوە:

ماددەی سێیەم: (تسري احكام هذا القانون على الذين التحقوا بالحركة التحررية الكوردستانية لغاية 1991/3/5). ئەوەی کوردیەکەیش بە مولاحەزەی کاك دکتۆر کەمالیشەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

یەکەم: پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) مەدالیاو نیشانەی تایبەتیان پێ دەدرێت، کە شێوەو پلەو تایبەتمەندیەکانی بە نیزام دەست نیشان دەکرێت.

دووەم: هەلگرانی مەدالیا شوێنی تایبەتیان لە بۆنە گشتیەکان بۆ دابین دەکرێت، بەپێی پلەکانیان.

له پرۆژەكە بە یاسا هاتبوو، بەس دیار بوو بەڕێزان وەزیری پێشمەرگەو كاك شێردڵیش وای بە پەسند دەزانن كە بە نیزام بێت، لەبەر ئەوەی سەهلترەو ئیجرائاتەكەی سووكترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولاً: تمنح للپێشمرگە (حرس الاقلیم) اوسمة وانواط ومدالیات خاصة تحدد اشكالها ودرجاتها وامتیازاتها بنظام.

ثانیاً: یتبوء حاملوا الاوسمة مواقع خاصة في المناسبات العامة كل حسب درجته.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرە دەزانن چۆنە، ئەگەر ئیجازەتان هەبێتن برادەرانی لیژنەی قانونی و كاك شێردڵیش، جەنابی وەزیریش، ئێمە تۆزێك بە دیقەت تەماشای بكەین، لە لایەك مەنحەكە ئێمە لە قانونی سەرۆكایەتی هەرێم داومانەتە سەرۆكی هەرێم، بەلاَم تەحدیدی شوكرو دەرەجاتی ئیمتیازاتی دەبێت بە قانون بێت، مەنحەكە رەئیسی ئیقلیم دەیكاتن، بەلاَم تەحدیدی شكلەكەی مەسەلەن دەڵێت دەرەجەی ئەوەیە دەبێت بە پرۆژەیەك بێتن ببێتە قانون، بەپێی ئەو قانونە مەنحەكە لە لایەن سەرۆكی هەرێم دەبێت، لە دەستووریشدا وا هاتووە، دەڵێت بەنیزام سەرۆكی هەرێم مەنحەكە دەكات، بەلاَم ئیمتیازاتەكەو، لە دەستووری عێراق چی هاتووە بیخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەموو شتەكانمان كردووە لەگەڵ ئەوان بگونجێت (تحدد اشكال الاوسمة والانواط واسمائها ودرجاتها وامتیازاتها بنظام).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خیلافی دەستوورە، لە دەستووری عێراقیدا وا نییە، دەڵێ (وقانون)، فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە باسی ئەوە دەكەین بۆ مەنحەكەیە، نەك بۆ دانانی مەدالیەكان، راستە دانانی مەدالیەكان تەحدیدی ئەشكال و دەرەجات و ئیمتیازات بە قانون دەبێت، بەلاَم لێرە بە نیزام بۆ مەنحەكەیە (تمنح للپێشمرگە اوسمة بنظام)، چونكە بەپێی قانونی سەرۆكایەتی هەرێم، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە مەنح بكاتن ئەویش بە قانون موعالەجە دەكرێتن، مانای دەبێت قانونێكی تایبەت هەبێت بۆ دانانی مەدالیەو ئەوسیمەو ئەنوات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو من لە بیدایەتی ئاماژەم پێ كرد، مەنحەكە لە قانونی سەرۆكایەتی هەرێم كە خۆمان پێشترە، كە دەڵێت مەنح، بەڵام تەحدیدی شكلەكەو ئیمتیازاتەكە دەبێت بە قانون، چونكە پارەی تێدایە، دەرەجەی تێدا هەیە، ئیمتیازاتی تری تێدا هەیە، ئەوەی عێراق غەڵەتە، بەپێی دەستووری عێراق تەناقوزە، نابێت بە نیزام بێت، رەنگە كۆنتریشە، ئەوە بڵێن (لرئیس الاقلیم منح الپێشمرگە (حرس الاقلیم) اوسمة وانواط ومدالیات وتحدد اشكالها ودرجاتها وامتیازاتها بقانون)، لێرە ئیقتیراحی تازەیە، قانونەكە راستترە، دەزانن چۆنە، مادام ئێمە مەنحەكەمان گوتووە لە قانونی هەرێم، یەعنی ئەوە بەدیهیەتە، مەنحەكە دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێمە، لەبەر رۆشنایی ئەو باسەی كە كردمان (تحدد اشكال ودرجات وامتیازات واوسمة وانواط التي تمنح للپێشمرگە بقانون)، چونكە دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم دیاری كراوە لە قانونی سەرۆكایەتی هەرێم، بەس تەحدیدی شكلەكەو شتەكە دەبێت بە قانون بێت، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەم ماددەیەی لەم یاسایەدا هاتووە، تەواوی یاسایەكە عاتل دەكات، یەعنی ئەو یاسایە رادەوەستێت هەتا ئەم یاسایەمان بۆ دێت و تەفاسیلەكە دێت، ئەوجا جێ بەجێ دەكرێت، خۆزگە لەو یاسایە یەكسەر ئەوانە بهاتبوایە چارەسەرمان كرد بوایە باشتر بوو، ئەوە لە لایەك.

لە لایەكی تر، تەحدیدی نەوعی مەدالیات و ئیمتیازاتی ئەوانە نا، مەرجەكانیشی، معیارەكان چیە؟ كێ دیاری دەكات ئەوە بتوڵەیە، یان بتوڵە نییە؟ دەبێت (وشروطها) ئەوەشی تێدا هەبێت.

تێبینی سێیەم/ خاڵی یەكەم لەوانەیە باش بێت، بەس خاڵی دووەم، تەفاسیلە، ئەویش هەر دەچێتە ناو ئەو یاسایە، پێویست ناكات لێرە باس بكرێت، هەڵگرانی مەدالیا شوێنی تایبەتیان هەیە، ئەویش دەچێتە ناو ئەو یاسایەی كە بە تەمانە پێشنیاری بكەن بۆمان، ئیتر نازانم چۆن عیلاج دەكرێت، (شروطها) ئیزافە بكرێت، ئەو پرۆژە یاسایەش دەبێت زوو حازر بكرێت، ئەگەرنا ئەو یاسایە عاتڵ دەبێت تا ئەو پرۆژە یاسایەمان بە دەست دەگات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەو مولاحەزەیە دەقیقە، ئەو قانونە فیعلەن دەبوایە ئەو تەحدیدی شكل و مەدالیات و دەرەجاتەو ئەوانەی تێدا بوایە، راستی دەوێت یەعنی قانونەكەتان ناو لێناوە رێزلێنانی پێشمەرگە، لەڕاستیدا ئەوانی تر زۆری ئینشائیاتە، ئەوە جەوهەرەكەی ئەوە بوو، كاك زەعیم فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم (زەعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە دەڵێم بە قانون، ئەو قانونە تەبعەن پرۆژەیەكی تەواو كامل ئەو شتانەی جەنابیشت هەمووی لەوێیە، خۆی دەنوێنێت، هەم مەنحەكە، هەم شروتی مەنحەكە لەناو قانونەكەی خۆی دەنوێنێت، پاشان كامل دەبێت و ئیشی پێ دەكەم و پەیرەو دەبێت بۆ جێ بەجێ كردنی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر مولاحەزەیەكی بەسیتم هەیە، یاسایەكە بەگشتی یاسای تەكریمی پێشمەرگەیە، تەكریمەكە بەشێوەیەكی تەفسیلی لێرە هاتووە، كێ تەكریم دەكرێتن؟ شروتی تەكریمەكە چیە؟ بەلأم مەسەلەی مەدالیاو ئەنواتەكە ئەوە ئیمكان هەیە لە قانونیش بێت، ئەوە لە عێراق بەنیزام دەرچووە، ئەگەر لە زیمنی قانونەكە باشتر بوو، بەلأم ئەگەر بە قانونیش بێت زۆر باشترە لەگەڵ قانونی سەرۆكایەتی هەرێمیش یەكتری دەگرێتەوە، من هەر ئەو مولاحەزەیەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێش ئەوەی ماددەكە بخرێتە بەر باس ویستم ئەو مولاحەزەیە بدەم كە برادەرانیش باسیان كرد، بەڕاستی ئەوەی كە كاك زانا گوتی، ئێمە ئەوەلەن شروتی تیا نییە، ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، دوو/ چین ئەو دەرەجاتی تەكریمە، لەبەر ئەوەی یاسایەكە هیچی تیا نامێنێت، تەعریفەكانی دەمێنێت، لە كەی و بۆ كەی دەگرێتەوە؟ ئەو یاسایانەی تر هەڵدەوەشێنەوەو هەتا دوایی، لەبەر ئەوە من تەسەور دەكەم جەوهەری ئەو یاسایانە دەبێت شەرتەكان و دەبێت دەرەجات و ئەو شتانەی تیا بێت، جا ئەوە رەئیەكەمەو ئەوەش فیعلەن دووەمی/ هەڵگرانی وا دەبن و وا دەبن، ئەوە شتێكی ترە، جا من تەسەور دەكەم یان تەئجیلی بكەین، یان ئەو شەرت و شەرتەكانی چیە، دەرەجاتی چیە؟ بابە، پرۆژەیەكی تایبەتی بێت بۆ ئەو ماددەیە، چونكە ناكرێت ئێمە ئەو یاسایە هەر هین بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا من زۆر خۆشحاڵم لەوەی كە ئەمڕۆ یاسایەك هاتۆتە بەردەممان، كە ئەویش یاسای رێزلێنانی پێشمەرگەیە، دیارە لە حەقیقەتدا باوەڕی من وایە هەرچی ئێمە بیكەین هێشتا ناتوانین ئەو رێزە لە پێشمەرگە بنێین، كە شایستەیەتی، بەلأم ئەمە هەنگاوێكی زۆر لە جێی خۆیەتی، هەنگاوێكی بەرەو پێش چوونە، بەتایبەتیش بەنیسبەت ماددەی چوارەم من خۆشحاڵم كە بە یاسایەكی تایبەتی، یاخود بە نیزامێكی تایبەتی شێوازەكانی ئەو تەكریم كردنەو ئیمتیازاتەكانی كە دەكرێت، پێم وابێت دەكرێت

دیراساتێكی زیاترو وردەكارییەكی زیاتری بۆ بكرێت، بۆیە جێگیر بوونی ئەم ماددەیە وەك خۆی من بە شتێكی زۆر باشی دەزانم، لە هەمان كاتیشدا هیوادارم ئەو داوایەی خۆم دەخەمە بەردەم هەردوو بەڕێزی وەزیری پێشمەرگەو بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە، كە تەنها ئیمتیازی بەخشینی مەدالیا نەبێت، بەڵكو ئەو مەدالیایەو ئەو ڕێزگرتنە بەڕاستی یەعنی لە سەرجەم دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی حكومەت و جێگری سەرۆكی حكومەت و سەرجەم وەزیرە بەڕێزەكان لە وەزارەتەكان، یەعنی ڕێزێكی تایبەتی لەو پێشمەرگانە بگیرێت، كە ئەو مەدالیەیان پێ دەبەخشرێت.

خاڵی دووەمیش/ دەمەوێت پرسیارێك ئاراستەی بەڕێزیان بكەم، ئێمە باسی پێشمەرگەمان كرد، كە بتوڵەیەكی كردووەو كە قارەمانێك بووە، كە دەوری بینیووەو بەپێی كۆمەڵێك پێوەر كە بە نیزام دیاری دەكرێت، ئەوانە مورەشەح دەكرێن، بۆ ئەوەی كە تەكریم بكرێن، لە هەمان كاتیشدا باسی شەهیدمان كرد، بەلاَم ئێمە كۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمانمان هەبووە بەدرێژایی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی كورد كە بتوڵەشیان نواندووەو دەورێكی زۆر قارەمانانەشیان بینوە، بەلاَم دواتر بە كارەساتی حادیسەی سەیارە، یاخود بە مردنی خۆی مردوون، ئایا ئەمانە شمولیان دەكات، بۆ ئەو ڕێزلێنانە، یاخود پێویستە لێرە كە ئێمە مەرجەكانی ڕێزلێنان دادەنێین ماددەیەكیش بۆ ئەوان داخیل بكەین، هیوادارم بتوانن وەلاَممان بدەنەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد حەكیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەكورتی دەڵێم ئێمە دیاریمان كردووە بەكێ دراوەو بەكێ دەدرێت، بەلاَم خودی شتەكە كە مەدالیا نیشانەیە گرنگە، خۆی پێشنیارەكە ئەوەیە ئێمە یاسایەكە هەڵگرین، برایان هەردوو وەزیر لە حكومەت لەگەڵ هاوكاری لیژنەی پێشمەرگە یاسایەكمان لەسەر مەدالیاو نیشانە بە تەفسیل، ئەو كات لەوێش جێی دەبێتەوە، چونكە لەم یاسایە زیاتر ماددەی سێیەم و دووەم گرنگە، دەتوانین لەوێ جێی بكەینەوە كە بە كێ دەدرێت، بەس خودی شتەكە كە مەدالیاو نیشانەیە بە یاسایەكە بێت و قسەی لێ بكەین و یاسایەكی موفەسەڵ بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم یاسایە زۆر زۆر لە جێگای خۆیەتی پڕ بەپێستی، ئەمە شەخصەکە تەشخیص دەکات، ئەو قارەمانە، ئەو پێشمەرگەیەی کە دەوری بووە، کە دەیگرێتەوە تەکریم بکرێت، نەوعی تەکریمەکە، نەوعی مەدالیەکە بە یاسایەکی کامل موکەمەل، ڕەنگە زۆر تەفسیلاتی تری بوێتن بە پرۆژەیەکی تایبەتی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە ڕێگەی وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆمان بێت و موناقەشەی لەسەر بکەین و قەراری پێ دەدەین، بەڵام ئەمە ئێستا بۆ شەخصەکەیە، دەڵێت ئەم پێشمەرگانەی کە لەم مەرحەلەیە پێشمەرگە بووینە، ئەم مواصەفاتانەی تیا بێت پێ دەدرێتن، بەڵام ئێستا بێین مەدالیەکە ڕەنگی وا بێت و حجمی ئەوەندە بێت، ئەوەندە ئیمتیازی لێ بێت بە مانگێك تەواوی ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەماوەی رابردوو لە کۆبوونەوەکان باس کرا، ئەگەر ئێمە قانونێك دەربکەین، برادەرانی لیژنەی قانونی باسیان کرد ناکرێت بڵێین بە قانون شتێکی تر دیاری دەکرێت، ئەگەر ئەوە ڕێگەی تێ دەچێت، ئەو بە قانون بڕوا دەکەن ئەشکال نابێت، ئەوە یەك.

ئەگەر ئەوەش نابێتن بۆ خۆ دەرباز کردن لەو وەزعە، من ڕستەکەم دارِشتۆتەوە کە پێویست ناکات یەعنی ئێمە یاسایەکەش تەواو دەکەین و نەوتەکەی بەپێی دەستوور هاتووە دیاری دەکرێتن، ڕستەکەش بەو شێوەیە دیاریم کرد، یەعنی هەم کە ئیشەکەی ئەمڕۆ یاسایەکەش دەڕوات و هەم ڕێگریش نابێت لەوەی کە چۆنیەتی دیاری بکرێت، دەڵێت مەدالیا، یان نیشانەی تایبەتمەند بە مەرجی دیارو بەپێی پێڕەو دەبەخشرێت، یان ناوی پێشمەرگە نەهاتووە بەخۆی دەبەخشرێت، یەعنی ئێمە دانەکە، یەعنی دانانی میدالیەکە، یان نیشانەکە بە مەرجی دیار کە دوایێ دیاری دەکرێتن و بەپێی پێڕەو دەبەخشرێت، شێوەی بەخشینەکەیان شکل و ئەوەکان خۆمان لێی دەرباز بکەین و تێدا بڕوا دەکەم، دەتوانین یەعنی کۆتایی بەو یاسایە بێنین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە قسەکەی منیش کرا، من پشتگیری ئەو ڕەئیەی دەکەم کە شەهیدانیشی تیا بێت، من ناڵێم هەموو شەهیدان، هەندێك لەو شەهیدانەی کە دەوری ئازایەتیان بینوە لە رزگار کردنی کوردستان.

دووەم/ نیشاندان و تایبەتیان پێ بدرێت، بزانین ئەو شتانە چیە بۆمان ڕوون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ماددەکەم، بەس بە بیرو رای من پێویستە سەر لەنوێ دابڕێژرێتەوە، کوردیەکەی و عەرەبیەکەشی جیاوازن، لە عەرەبیەکەی اوسیمەو مەدالیات و ئەنوات هاتووە، لە کوردیەکەی تەنها مەدالیاو نیشانە هاتووە، یەعنی ئەوسیمە هاتووە، من پێم وایە وشەی نۆت، ئەنوات بەڕاستی لە زمانی کوردی و عەرەبی ئێمەدا حەق نییە قەت بەکاری بێنین، چونکە خەڵکێکی تر بەو ئەنواتانە ئێمەیان دەچەوساندنەوە، ئەو ئەنواتانە نیشانەی زۆر خراپ، یەعنی رەمزی خراپن، حەق وایە ئێمە ئەو وشەیە هەر بەکاری نەهێنین، بەنیسبەت کوردیەکەی، دارشتنەوەی بە کوردی من دەڵێم بەم شێوەیە ئەگەر بکرێت، یەکەمەکەی/ ئەو پێشمەرگەیەی، یان پێشمەرگانەی بە جەمع بێت، یان بە موفرەد بێت هەردووکی دروستە، ئەو پێشمەرگەیەی شایستەی وەرگرتنی مەدالیاو نیشانەی تایبەتیە، شێوەو پلەو تایبەتمەندیەکانی پێدانی بە یاسا دەست نیشان دەکرێت، چونکە تەکریمەکە لەسەر ئەساسی خۆی دێت، یەعنی ئەوە حەقێکی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی شایستەی وەرگرتنیەتی، شایستەی وەرگرتنی مەدالیاو نیشانەی تایبەتییە، شێوەو پلەو تایبەتمەندییەکانی پێدانی بە یاسا دەست نیشان دەکرێت، یان دەکرێن، ئەگەر جەمع بێت دەکرێن، ئەگەر موفرەدیش بێت دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەمەوە باوەڕ دەکەم لە جێگای خۆی هاتووە، ئێمە وابزانین بەشێك لە برادەران شتەکان لە لایان تێکەڵ بووە، خۆی ئەوە یاسایەکی تایبەتە بەس بۆ تەکریم کردنی پێشمەرگەیە، رێزلێنان لە پێشمەرگەیە، ئەوەی تر کە باس دەکرێت یاسایەکی تایبەتە بۆ مەدالیاو نیشانەکان بە یاسا دەربچێتن، لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لەوێش دیاری کراوە، کە دەبێت ئەوە بە یاسا دەربکەوێت، لێرەش لە جێی خۆی هاتووە کە دەبێت بە یاسا دەربکرێت، دەبێتە دوو یاسا، ئێمە ئێستا حاڵەتەکەمان دیاری کردووە، کێ شایستەی ئەوەیە نیشانەو مەدالیاکانی پێ بدرێت و بە یاسایەکی تر ئەمە خصوصیەتی ئەو مەدالیایانە دیاری دەکەین، هەروەها ئیمتیازاتەکەش دیاری دەکەین، دەکرێت ئێمە ئەمڕۆ ئەم یاسایە دەربکەین و دوای نەخەین، پاشتر بۆ ئەوەی وردەکارییەکان لە یاسایەکەی تر جێی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی كاك ئارێزم هەبوو، خۆی ماددەی دەستووری بە قانون تەنزیم دەكرێت، ماددەی قانونی بە ئەنزیمەو تەعلیمات و ئەوە تەنزیم دەكرێت، هەرچەندە ئێمە لە یاسایەكانی تریش وامان كردووە، بۆ نموونە لە سوڵتەی قەزائی لە رەواتبی دادوەران عەینەن گوتمان (ینظم بقانون) كە تاكو ئێستا دادوەران رەخنەمان لێ دەگرن، ئەمە زیاتر پرسیارە بۆ لیژنەی یاسایی.

دوو/ لەسەر تێبینی پەخشان خان، یەعنی ئەگەر ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە هەموو پێشمەرگەكان لە 1961/9/11 تا 1991/3/5 ئەوە دەبێت ئەوسیمەو ئەنوات وەربگرن، پێشنیار دەكەم پاش وشەی (تحدد) بڵێین (شروط منحها) یان (كیفیة منحها) ئەوجا (درجاتها وامتیازاتها)، ئەمە یەك.

دوو/ لە لای من لە نوسخەی عەرەبی دوو فەقەرەیە، لە كوردیەكەی یەك فەقەرەیە، لە عەرەبیەكەی ئەگەر دوو فەقەرە وەرگیرا بێت فەقەرەی دووەم زیادە، كە دەڵێت (تبوء حاملوا الاوسمة مواقع خاصة في المناسبات العامة) ئەوە زیمنی ئیمتیازات دەبێت لەسەرەوە هاتووە، كە بە قانون تەنزیم دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن بۆ پێشمەرگە هەرچی بكرێتن كەمە، بەڵام دەبێت فەرق و جیاوازی هەبێتن لەنێوان ئەوەی كە باشی كردووە، یان شتێكی تایبەتی كردووە دەنگی داوە، دەبێت دیار بێت، ئەمە شتێكی زۆر باشە، لێرە دوو رەئی هەیە، یەك/ دەڵێتن بە نیزام، یەك/ دەڵێت بە یاسا، بە قانون، ئایا نیزام، ئەگەر بە نیزام بێت یاسا جێ بەجێ ناكرێت، ئەو پرسیارە دەمەوێتن ئاراستەی لیژنەی یاسایی بكەم، تەنها ئەو مولاحەزەیەم هەبوو، ئەوەی من دەزانم هەر نیزامێك دەبێت قانونێكی لە پشت بێت بەپێی قانون جێ بەجێ بكرێتن ئەو نیزامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر لێرە تەنیا مەبەستمان ئەوە بێت قانونێك دابنرێت مەدالیەو نیشانە بۆ رێزلێنانی پێشمەرگە دیاری بكات، بەڕاستی ئەوە پێویستە بە قانونێكی تایبەت، بەڵام ئەگەر بە قانونێكی گشتی قانونی مەدالیاو نیشانە دەربكرێت بۆ هەموو بوارەكانی تر مەدالیای زانست هەیە، نیشانەی ئەدەب هەیە، ئەوانە هەیە یەعنی بەڕاستی ئەوە مەوزوعێكە پێویستە ئێمە قانونێكی تایبەتمان هەبێت، ئەو رێزلێنانی مەدالیا كێ دەیگرێتەوە، بۆیە ئەگەر تەنیا بمانەوێت لە داهاتوودا یاسایەكی تایبەت بۆ رێزلێنانی پێشمەرگە دەربكەین كە مەدالیا و نیشانەیە، پێویستە ئێمە دەتوانین بە نیزام كە ئەو كەسانەی كە دەیگرێتەوە كێن، دوای

دەرکردنی یاسایەکە دەتوانین بە نیزام بە تەفاسیل بینووسین مەرجەکانی چیەو چۆنە؟ دەتوانین بەوە عیلاجی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەمە خولاصەی هینەکانە، مەنحەکە گوتمان دەسەلاّتی سەرۆکی هەرێمە، ئەویتر کە بە قانونە، من صیغەیەکم ئامادە کردووە بۆتان دەخوێنمەوەو مولاحەزاتی برادەرانیشم وەرگرتووە (تحدد اشكال ودرجات وامتيازات واسمة ومداليات وشروط منحها لپێشمرگە المستحقين بقانون)، کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روون کردنەوەیەکم هەیە، ئەو قانونە قانونێکی عەسکەری سرفە، بەلاّم ئێمە نالێین عەسکەری دەلێین پێشمەرگە، لەبەر ئەوەی ئیشکالەکەی ئێمە لێرەدایە ئەوسیمەو ئەنوات چۆن دەدرێن، مەدالیەو نیشان چۆن دەدرێن لە عەسکەری بەو شێوەیە دەدرێت، با بۆتان باس بکەم لە تاریخی جیشی عێراقی لە ساڵی 1945 کە سەددی دوکان و ئەوانە نەبووە فەیەزانێك بووە لە بەغدا خەڵك نەکراوە جێی بگرن، هەڵستان جەیشیان بردووە، ئەو جەیشەی کە لەوە بەشداری کردووە نیشانەیەکیان داوەتیّ، لە ساڵی 1948 هەرچی قەتعاتێکی داخیلی فەلەستین، داخیلی ئوردون بۆ ئەوەی لە شەڕی فەلەستین بەشدار بێت نیشانەکیان داوەتیّ، بەلاّم ئەوانەی کە ئازا بوونە لەویّ نۆتیان داوەتیّ، ویسامیان داوەتیّ، لە شەڕی عێراق و ئێران هەروا، لە شەڕەکانی ئێمەش هەرچی داخیلی حەرەکات بوو بێت، مەسەلەن قیادەی فرقە لە هەولێر بووە نیشانەیان داوەتیّ و ویسامیان داوەتیّ، ئەوەی لە سپیلك شەڕی کردووە، شتێکی تریان داوەتیّ، یەعنی ئەوە شروتێکی وا نییە، ئەو شروتانە هەمووی تەقدیر دەکەین لە لای قائیدی عامە، لە لای وەزیرە، لە لای قائید فرقەیە، لە لای ئامر لیوایە، لە لای ئامر فەوجە، لە لای ئامر سریەیە، ئەوانە تەحدیدی دەکەن، کیّ ئازایەتی نواندووە، مەسەلەن بۆ نموونە ئێمە دەتوانین شتێکی زۆر گەورە بدەینە ئەو کەسەی قیادەی شەڕی کۆڕیّ کردووە، یان قیادەی شەڕی ئەزمەڕی کرد، یان لەناو پێشمەرگە شەڕی زۆر گەورە کراوە، خۆتان دەزانن لە هەندرێن و ئەوانە ئەوە هەر یەکە فەرقی هەیە، بەلاّم ئەگەر تەماشای دەکەین، ئێمە هەموو پێشمەرگە بووین، شتێکمان داناوە لە قانونی خدمەی پێشمەرگە ئێستا دێینە سەری ئەوانە دەگرێتەوە، دەڵێن ئەو خدمەی لە حەرەکات کردوویەتی بە موزاعەف بۆ زیاد دەبێت، ئەوەش ئیمتیازە، یەعنی شروت نییە، بلّێی شروتەکەی چۆنە، لەبەر ئەوە کوڕاسەیەکی تایبەتی لە هەموو جەیشی دنیادا هەیە، کوڕاسەیەك هەیە شکلەکەی تەحدید دەکات، مەسەلەن ئێمە نەجمەی دادەنێین، ئەوان مومکینە شتێکی تر دابنێن، ئێمە نەجمەی خوماسی دادەنێین، لە ئیسرائیل نەجمەی سوداسی دادەنێن، بەلاّم شتەکانیان هەمووی لێك نزیکە، هی ئینگلیزی بێت، ئەمریکی بێت، خۆ عێراق لە کوێی هێناوە، لە ئینگلیزو لە دەوڵەتەکانی تری وەرگرتووە، یەعنی ئەوە خۆی شتێکی عەسکەری صرفە، قائیدی عام، وەزیری دیفاع، ئەو کەسانەی لەناو وەزیری دیفاع هەیئەتەکانی رەئیس ئەرکان ئەو تەحدیدی دەکاتن.

دووەم/ شتێك هەیە لە قانونە کۆنەکان ئەگەر بۆتان بخوێنمەوە، دەڵێت (یمنح البیێشمرگە اوسمة خاصة) ئەوە لە پەرلەمانی کۆن تەصدیق کراوە، (وتحدد اشکالها ودرجاتها وامتیازاتها بنظام خاص وفق هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە لە قانونی پێشمەرگە هاتووە، ئەوەی کە خیلافێکی بەسیت هەیە، بزانە لێرە چی دەڵێتن (یمنح البیێشمرگە اوسمة خاصة وتحدد اشکالها ودرجاتها وامتیازاتها بنظام خاص وفق هذا القانون) قانون بەدەلی نەهاتووە، بەلأم تۆ لێرە لە قانونەکە دەرەجەکەت نیشان نەکردووە، دەبێت ئەشکالەکەو ئیمتیازاتەکە دیاری بکرێت، صەلاحیاتەکە سەرۆکی هەرێمە مەنحی دەکاتن وەکو باسمان کرد، بۆیە هەر ئەوە باشترە (وتحدد درجات وامتیازات والاوسمة ومدالیات التي تمنح للبیێشمرگە بقانون)، ئەوە لە هەمووی باشترە، دوایێ مەنحەکە سەرۆکی هەرێم دەیکاتن، ئەگەر جەنابی وەزیر و ئەوانە هیچ مولاحەزەتان نییە لەسەر ئەوەی من گوتم، جارێکی دەخوێنمەوە ماددەی چوارەم (أ) وای لێ دێتن (وتحدد درجات وامتیازات والاوسمة والمدالیات التي تمنح للبیێشمرگە بقانون)، شروتەکە سەرۆکایەتی هەرێم دایدەنێتن، یان پێشمەرگە دایدەنێت ئەو بە نیزامە، شروتەکە بە نیزامە، دەتوانن دواتریش بڵێن (وتحدد شروطها بنظام)، بەلأم ئەوە شروتەکەی تەحدید کراوە دراوەتە دەسەلأتی سەرۆکایەتی هەرێم (منح اوسمة) دراوەتە دەسەلأتی هەرێم، ئێمە لێرە تەحدید کردنەکەیە ئەشکالی و ئیمتیازاتی، تەخویلەکە لە قانونی سەرۆکایەتی نووسراوە لە زیمنی سەلاحیاتی سەرۆکی هەرێم (منح الاوسمە.........للبیێشمرگە)، بەلأم نەوعەکەی، شکلەکەی، ئیمتیازاتەکەی دەبێت بە قانون بێتن، چونکە مەسەلەن رەنگە ئیمتیازاتەکە پارەی تێدا هەیە، تەنفیزی تێدا هەیە، هەر ئەوەندە نییە مەنحەکە تۆ شتێکی دەدەیتێ لە ملی دەکاتن، ئەویتر دەبێت هەمووی بە قانون موئەسەساتی دەوڵەت پێی مولزەم بین، تۆ ئێستا لە فەقەرەیەکی تر دەڵێت جێگای تایبەتی بۆ دیاری بکرێت، ئەگەر بە قانون نەبێتن، کێ ئیلزامی دەکاتن، ئەوە مەنح کرا لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە لە ملی کرد، ئەگەر قانونێك نەبێتن بچێتن پاشی ئەو مەنحەی، بەپێی ئەو قانونەی کە دەرچووە، چووە جێگایەك ئەوەی هەڵگرتووە بە قانون ئەنجومەنی وەزیران تەعمیمی کردووە، ئەگەر یەکێك ئەو هینەی هەبێتن لە فلان شوێن دادەنیشێتن، ئەگەر بە قانون نەبێـتن بۆی نابێت، بۆیە ئەو صیغەیەی من دەڵێم زۆر باشترە (أ)ەکە (وتحدد درجات وامتیازات الاوسمة والمدالیات التي المنوحة للبیێشمرگە بقانون)، کاك زەعیم قائید فەیلەقیش بۆی هەیە، کە گوتمان سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە، سەرۆکی هەرێم ئەو دەسەلأتە بداتە قائید فەیلەقەکە برۆ بیکە، سەرۆکی هەرێم بەپێی قانون کە ئێمە دەسەلأتەکەمان داوەتێ مەنحەکەی دەتوانێت بیداتە وەزیری پێشمەرگە، دەتوانێت بیداتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانێت بیداتە قائید فرقەیەك، بەلأم تەحدیدی شکلەکە وەکو عەرزم کردن پارەی تێدایە، رێزلێنانی تێدایە، دەبێت بە قانون بێتن بۆ ئەوەی مولزەم بێت لە هەموو شوێنەکان، بەڵێ کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموومان هەوڵمان داوە کە ئەو قانونە لەگەڵ قانونی عێراقی یەك بگرێتەوە، لە عێراق دەڵێت نەوتی شجاعە، کە نەوتی شجاعەی دایێ دیارە، یەعنی ئەوە ئیدی مەنحەکە دەکرێت و پێی دەڵێن ویسامی رافیدەین، ویسامی رافیدەین دوو، سێ دەرەجەی هەیە، ئەو قانونە دانراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەتیش رەئیەکی قانونی هینمان بداتێ فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پێشمەرگە باسی دەکاتن قەوانینی عێراقی پێش دەستووری عێراقی دەرچووە، نەصێکی سەریح لە دەستووری عێراقیدا هەیە تەحدیدی ئەنوات و مەدالیات لازمە بە قانون بێت، لەبەر ئەوە عێراقیش مولزەمە بەو نەصە، ئێمەش مولزەمین بەو نەصە، لە پڕۆژەی دەستووری کوردستانیش هاتووە ئەنوات و مەدالیات مەفروزە بە قانون بێت، بەس دوو مەوزوع هەیە تێکەلاو دەکەن برادەران، دروست کردنی نوت، یان مەدالیاو بەخشینی ئەو مەدالیە، بە رەئی من بەخشین سەلاحیاتی جەنابی سەرۆکی هەرێمە، چونکە لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم نەصێکی سەریح هاتووە، دروست کردنی نوتەکە، دروست کردنی مەدالیەکە رەنگی چۆن بێت، شکلی چۆن بێت مەغزایەکەو مانایەکەی چی بێت، ئەوە مەفروزە بە قانون بێت، ئەگەر بە قانون نەبێت مانای هەر یەکە دەتوانێت دروستی بکات، وەزیر دەتوانێت دروستی بکات، پەرلەمان دەتوانێت دروستی بکات، لەبەر ئەوە مەفروزە دروست کردنەکە بە قانون بێت، بەخشین و دان مەفروزە بە نیزام بێت و سەلاحیاتی دانیش لە قانون هاتووە، لە قانونی سەرۆکایەتی نەصێکی سەریح هاتووە، سەرۆکی هەرێم ئەو مەدالیاتانە دەدات، بەس کێ دروست دەکات و چۆن دروست دەکات و چۆن دروست دەکرێت؟ ئەوە مەفروزە قانون تەحدیدی ئەو مەدالیاتە بکات، حەجمی و رەنگی و مانای لە زێڕە، لە زیوە، لە نوحاسە، ئەوە لازمە هەمووی بە قانون بێت، ئیمتیازاتی چیە؟ خاوەنی ئەو مەدالیە چ حقوقی هەیە؟ چ ئیمتیازاتی هەیە؟ لازمە قانون پێی بدات داکو بتوانێت ئەو ئیمتیازاتانە وەربگرێت، داکو بتوانێت ئەو حقوقانە بەکار بێنێت، بە قانون نەبێت ناتوانێت بەکاری بێنێت، کەس جێگای خۆشی پێ ناداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك فرسەت، وەکو باسمان کرد، هەتا ئەو پڕۆژە قانونەش کە دەڵێن غێر حکومەت دەنێرێتن، سەرۆکی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە حازری دەکاتن دەیداتە حکومەت و دەینێرێت بۆ ئێمە، لێرە دەوڵەمەند دەکرێت و دەردەچێتن، هەمان شتە هەر ئەوان تەحدیدی دەکەن، ئێستا فەقەرەی (أ) وای لێ دێتن (وتحدد درجات وامتیازات الاوسمة والانواط وشروط منحها للپێشمرگە بقانون)، ئەوە (أ)ەکەیە، پێم وایە مولاحەزاتی زۆربەی زۆری ئەندامانیش دەگرێتەوە، ئێستا ماددەی چوارەم بەو شکلەی لێ دێتن:

(اولاً: وتحدد درجات وامتیازات الاوسمة والانواط وشروط منحها للپێشمرگە بقانون.

ثانیاً: یتبوء حاملوا الاوسمة مواقع خاصة في المناسبات العامة کل حسب درجته)، منیش پێم وایە زیادە، جارێ پێش هەموو شتێك ئەو (ثانیاً) دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لابچێت زیادە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە ماددەی چوارەم تەنیا

دەبێتە ئەوە، دەیخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، (وتحدد درجات وامتیازات الاوسمة والانواط وشروط منحها للپێشمرگە بقانون)، باشە جارێکی تر دەیخوێنمەوە، چونکە ئیزافە کرا (وتحدد درجات وامتیازات الاوسمة والانواط والمداليات والنياشين والشروط منحها للپێشمرگە بقانون) کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: ئەو ماوەیەی کە پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) لە ریزەکانی شۆڕشیان بەسەر بردووە بە خەباتی کردەنی دادەنرێت بۆ مەبەستی خزمەت و خانەنشینی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تعتبر الفترة التي قضاها الپێشمرگە (حرس الاقليم) في صفوف الثورة نضالاً فعلياً لاغراض الخدمة والتقاعد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە حەمە قسەی لەسەر هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماوەیەی کە دیاری کراوە کەیە، لە کەیەوە بۆ کوێ، کێ دەگرێتەوە؟ ئەگەر وازیحی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گوتمان ئەوە لە 1961/9/11 تا 1991/3/5 ئەوانە دەگرێتەوە، وابزانم کەس مولاحەزەی لەسەر نییە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو نەصەی کە ئێستا ئاوا هاتووە، هەموو هێزی پێشمەرگە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئیشارەت بەوە نادات ئەو پێشمەرگەیەی کەوا تەکریم کراوە، یاخود دەست نیشان دەکرێت بۆ رێزلێنان بەو شێوەیەی کە تەماشای دەکەیت هەموو هێزی پێشمەرگە دەگرێتەوە، ئەگەر ئەمە بۆ هەموو هێزی پێشمەرگەیە یەعنی ئەوە شتێکی باشە، ئەگەر بۆ هەمووی بێت، بەلاَم ئەم یاسایە تایبەتە بە رێزلێنان، ئیتر ئەگەر تەوزیحێك هەبێت بۆ ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام تۆ تێکەڵت کردووە، تەکریم بە مەدالیە شتێکە، حیسابی خدمەی پێشمەرگایەتی شتێکی ترە، ئەوە ماددەیەکی ترە، پێشتریش هەر هەبووە، ئەوە ماددەیەکی ترە، ئەوە هەموو پێشمەرگەیەك دەگرێتەوە، ئەگەر چوار ساڵ پێشمەرگایەتی کرد بێت، لە 1961/9/11 تا 1991/3/5 چوار ساڵی کرد بێت، پێنج ساڵی کرد بێت بە خدمەی فیعلی بۆی حیساب دەکرێت و دەچێتە تەقاعودو تەرفیعی بۆ حیساب دەکرێت، لە زیمنی ڕێزلێنانە، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا لێرە دانیشتین دوو بەشین، بەشێك بە کردەوە بەشداری کردووە لە خەباتی پێشمەرگایەتی و ئەوانە دەزانن چەند سەخت و چەند دژوار بووە، بەشێکی تریش ئەگەر لە دوورەوەش بێت، بێگومان دەزانێت زۆر زۆر سەخت و دژوار بووە، بەڕاستی ساڵێك لە خەباتی پێشمەرگایەتی لەبەر کیمیاوی و ئەنفال و ئەوانە بە دە ساڵ ژیانی ئیعتیادی هەبووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە هەر ساڵێك بە دوو ساڵ حیساب بکرێت بۆ کاری خزمەتی پێشمەرگایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو قانونە لەبەر ئەوە ئەفزلیەتمان بۆ دانا، دەنا قانونی ڕێژەو خانەنشینی پێشمەرگەمان هەیە لە یەکەم رۆژی کە جلی پێشمەرگە دەپۆشن تا ئەو رۆژەی تەقاعود دەبێت، دوای تەقاعودیش حیسابی بۆ کراوە، لەوێ هەموو ئەو شتانە هاتووە، بەلاّم ئێمە لەبەر ئەوەی ڕێزلێنان ئەفزلیەتی هەبوو، کەم ئەندام ئەفزلیەتی هەبوو هێنامانە ئێرە، لەبەر ئەوەی شەهید ئەفزلیەتی هەبوو لە پێش ئەوانە لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان باسمان کرد، لەبەر ئەوە ئەگەر پەلەی نەکەن ئەو شتانە هەمووی دێتە پێشەوە بە موزاعەفیش حیسابی بۆ دەکرێت بۆ ئاگاداریتان، لەوێ حیسابی بۆ کراوە هەموو پێشمەرگە دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە خۆی بە عەکسەوە ئەو ماددەیە لە هەموو ماددەکانی کە تا ئێستا خوێندمانەوە موهیمترو مەلوسترە، ئەوە تەکریمە، ئەویتر رەبتمان کرد بە قانون، ئەوە تەکریمە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دارشتنەوەکەی بگۆڕێت، بە رەئی من بنووسرێت ماوەی پێشمەرگایەتی زێرەڤانی هەرێم بە خەباتی کردەنی دابنرێت، بۆ مەبەستی خزمەت و خانەنشینی لە ریزەکانی شۆڕشیان بەسەر بردووە لابرێت، چونکە دیارە ماوەی پێشمەرگایەتی و پێشتریش پێناسەی پێشمەرگایەتی کراوە، راستە ئەمە تایبەتە بە

مەدالیەو ئەوانە لە یاسای خانەنشینی باسی خزمەتی پێشمەرگایەتی دەکرێت، بەڵام بەڕاستی منیش تەئکید دەکەم ئەو ساڵە بە دوو ساڵ بکرێت، چونکە پێشتر لە قانونی ئەم پەرلەمانە حاڵەتێکی وا هەبووە کراوە بە قانون کە ساڵێك بە دوو ساڵ پێشمەرگایەتی بکرێت، بۆ ئەو پێشمەرگە دێرینانەی دانەبڕاون، لە یاسای خانەنشینی پێشمەرگە کە کاك شێردڵ باسی کرد بە موزاعەف حیساب نەکراوە، من خوێندوومەتەوەو رەئیشمان لەسەر داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بە حەقیقەت با قسەی عاتیفی نەکەین، تکاتان لێ دەکەم خۆ هەمووومان لەگەڵ ئەوەینە پێشمەرگە هەرچی بۆ بکرێتن کەمە، با لە رێگایەکی ترەوە، بەڵام ئەمە شتێکی ئیدارییە، ئەوەی کاك شێردڵ گوتی باشە فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خدمەی موزاعەفە دەزانی یەعنی چی، ئەو خدمەیەی کە فیعلەن پێشمەرگە بووە بۆ تەعین، بۆ عەلاوە، بۆ تەرفیع، بۆ روتبە حیساب دەکرێت، خدمەیەکی تر بە قەدەر ئەوە ئەوانەی داخیلی حەرەکات ببوون، ئێمەش ئەوەمان حیساب کردووە، ئەوە بەس بۆ تەقاعودی حیساب دەکرێت، ئێستا ئێمە لە خدمەی تەقاعودی ئەوەمان نووسیووە، یەعنی خدمەی تەقاعودی پێشمەرگە ئەوەمان نووسیووە، لەبەر ئەوە من گوتم ئەو ئەفزلیەتانە لە پێشەوە، دەنا خدمەی تەقاعودیمان باس کرد، ئێستا ئەو پرسیارانە نەدەکرا، بۆیە بە موزاعەفمان حیساب کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی من ئەوەیە ئەو ماددەیە زێدەیە، دویا لە قانونی خدمەدا هاتبوایە، چونکە ئەڤە بەحسێ تەکریمێت دکات ئەوسیمە ئەنوات، قانونا تەقاعود خالەکا دیا هی بەرنامی کارێ، ئەز بێژم لێرە نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هاتبێتن لێرە مادام باسی تەکریم دەکەین، دەبێت ئیشارەتی پێ بکرێت، ئەگەر لە شوێنێکی تریش هاتبێت تەکریمی پێشمەرگە بە چ دەکرێتن، ئەوەلەن فەترەکەی بۆ حیساب بکەین لە هەمووی گرنگترە، کاك دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیرو بۆچوونەکەی من کاك ئاریز و کاك جوتیار گوتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەم ماددەیە وای بە باش دەزانم بخرێتە یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە، چونکە پەیوەندی بە خزمەت و خانەنشینیەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەو رەئیە دەکەم، ئەمە پەیوەندی بە راژەو خانەنشینی پێشمەرگەوە هەیە، بچێت بۆ ئەو پرۆژەیە باشە، بۆ قانونی راژەو خانەنشین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناونیشانی ئەو قانونە تەکریمی پێشمەرگەیە، تەکریمی پێشمەرگە قانونەکە کە عینوانەکەی وا بێت، مەفروزە مەکرەمەیەکی تێدا بێت، ئەگەر ئەو نەصەی تێدا نەبێت هیچ نامێنێتن، چونکە بەنیسبەت ئەنوات و مەدالیات بە قانونێکی تر تەنزیم دەکرێت، لەبەر ئەوە ئیحتیماله هەتا حەددێك رەئی برادەران راست بێت، بەس ئەگەر دەربێنی قانونەکە هیچ مەغزای نامێنێت، هیچ شتێکی مەلموسی تێدا نامێنێت بە پێشمەرگەت دابێت، لەبەر ئەوە ئەو نەصە بە رەئی من لێرە بمێنێت داکو تەناقوزێك لەگەڵ نیشان نەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو نەصەی کە ئێستا لەو یاسایەدا هاتووە، لە یاسای پێشتر هەبووە، بە هەزاران پێشمەرگە حەقی خۆیان وەرگرتووە بەپێی یاسای پێشوو، بەلاَم مانای ئەوە نییە هەموویان حەقی خۆیان وەرگرتووە، بۆیە دووبارە

کردنەوەی ئەو بەندە لەناو ئەو یاسایە بە زەروری دەزانین، بۆ ئەوەی ئەوەی ئیستیفادەی لێ نەکردووە، با دووبارە ئیستیفادەکە بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو قسانەی کە کاک شێردڵ کردی و ئەو شەرحانەی کە کاک فرسەتیش دای لە زەرورەتی ئەوەی تێدا بێت، تەنیا یەك کەلیمە دەبێت بگۆڕێتن ئەویش (نضال)ەکە دەبێت ببێتە (خدمة) (تعتبر الفترة التي قضاها البێشمرگە (حرس الاقلیم) في صفوف الثورة خدمة فعلیة لاغراض الخدمة والتقاعد) (نضالاً فعلیاً) ئیستیفادەی لێ ناکاتن (خدمة فعلیة لاغراض الترفیع والتقاعد) دەیخەمە دەنگدانەوە، بزانێ ئەگەر موعارز بوو ئەو وەختی موقتەرەحەکەی ئێوە دەکەین، ئەو موبەریراتەی کە ئێمە دامان، کاك فرسەت دای،کاك شێردڵ دای، لیژنەکە خۆیان دایان، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا، ئەو وەختی موقتەرەحەکانی تر دەخەین، بەلأم ئەوە قانونە، دەبێت تێدا بێتن، چونکە ئەویترمان لەغو کردووە بەندێکی تر، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەیەکی تر هاتووە موقتەرەحە لە لایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەڵێت ئیزافە بکرێتن بۆ شەهیدەکانە، ئەویش دەبێت لێرە جێی ببێتەوە، دەڵێت (یتم تکریم الشهداء الذین قدموا ارواحهم في سبیل الثورة والپێشمرگە المعوقین بعد التاریخ المحدد في المادة الثالثة من هذا القانون بنظام خاص) یەعنی ئەوانەی پاشی $3/5$ شەهید بووینە، ئەوانیش بەجۆرێکی تر تەکریم بکرێن بە نیزامێك، یەعنی نیزامی سەرۆکایەتی هەرێمە، ئەنجومەنی وەزیرانە نیزامی بۆ دەرهێنێتن، ئەوانیش تەکریم دەکرێن، ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە، ئەوەش شتێکی حەقە، ئەوانیش موستەحەقی ئەوەن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیزافە کرا، زۆر سوپاس بۆ ئەو موقتەرەحە باشە، ماددەی شەشەم کە دەبێتە ماددەی حەوتەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

ئەو ئافرەتانەی کە چونەتە پاڵ شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان ئەو دەستکەوتەیان دەکەوێت، کە دراونەتە پێشمەرگە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

تمنح النساء اللاتي كن قد التحقن بالثورة التحررية الكوردستانية الامتیازات الممنوحة للپێشمرگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئیقتیراح دەکەم کە ئیلغا بکرێت، ئەوە فەرق و جیاوازییە، نابێت ئافرەتان هینی بکەن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ئیلغا کرا، ئەوە ئیسائەیە بۆ خەباتی ئافرەتان و ژنان ئەسڵەن، ئەگەر بمابایە، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە بە پەلە نابێتن و ئیلغاش ناکرێت، ئێمە تێبگەین، ئێمە هەر تێ نەگەیشتین، ژنەکان دە ساڵ لەگەڵمان بووینە، بۆ شمولی ناکات، بە سریع هات و بە سریع ڕۆیی، یەکسەر خستە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان دەڵێ تێنەگەیشتین، ئەگەر موناقەشەکە هەمووی ئینتیباهت کرد بوایە، ئیجازەت وەرنەگرتبوایە بۆ دەرەوە، ئەو جوملەیەت نەدەگوت، با عەرزت بکەم، چونکە ئێمە شتێکمان گوت، گوتمان پێشمەرگە یەعنی ژن و پیاو، گوتمان پێشمەرگە ئەو کەسەیە واتا ئەو ژن و ئەو پیاوەیە، بە عەرەبیەکەش کە گوتت (مناضل) (مناضلة)ش دەگرێتەوە، ئەوە قانونە، لەبەر ئەوە ئەو ژنانەی کە پەیوەندیان کردووەو چونەتە ریزی پێشمەرگەوە وەکو پیاوەکە وایە، لێرە بێیت کەمی بکەیتەوە، بە هەر حاڵ ماددەی دواتر تکایە، بزانین نوقتەی نیزامی کاك دلێر دەڵێت ماددەی ئیزافی فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو ماددەیەی ئیتر ماددەیەك هەیە بەڕاستی من پێشنیاری دەکەم بە زەروری دەزانم لەو قانونەدا هەبێت، ئێمە ئەو قانونە لە ئەسڵدا هەمووومان دەزانین بۆ ڕێزلێنانی پێشمەرگەیە لە ماددەی بڕگە یەك و دوو و چواری لە ماددەی یەك و دوو و سێشی هەر هەمووی تەکریمە بۆ پێشمەرگەو تەعبیرە لە مێژوویەك کە بە پێشمەرگەوە نووسراوەتەوە، کە تا 1991/3/5 دەکات، هەڵبەتە باس لە مەدالیاو ڕێزلێنانێك دەکرێت کە لە ڕووداوی پێشمەرگایەتی تووشی بووە، یەعنی لە بتوڵاتێکی پێشمەرگایەتیە، بێگومان بتوڵاتی پێشمەرگایەتی و سەردەمی شاخیش سەردەمی شەڕی قەڵەم نەبووە، سەردەمی شەڕی چەك بووە، هەموو مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەو سەردەمە لە ڕێگەی کوشتن و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمندا بتوڵاتی نواندووە، ئەو دوژمنەش خۆمان دەزانین کێ بووەو لەبەرچاومان ڕۆنە، ئەو دوژمنەش خەڵکێکی تیا بووە کورد بووە، ئەو کوردانە ئێستا بەداخەوە لە زورێ ئێستای ئەم سەردەمە ئازادی و دیموکراتیە ئیستیغلالی ئەو ئازایەتیە دەکرێت بەوەی کە دەعوای قانونی لەسەر پێشمەرگە تەقدیم بکەن لە مەحاکم داوای حوکمی جەزائی و بەشێك لە پێشمەرگەکان بکەن بە بەڵگەشەوە دەڵێم

ئێستا حالیەن لە مەحاكمی كوردستانی ئەوە هەیە، مەحكەمە هەیە كە شكایەت كراوە دەعوا لەسەردەمی پێشی راپەڕین لەسەر پێشمەرگە بەرز كراوەتەوەو مەحكەمەش بەداخەوە وەریگرتووە، وەریگرتووەو بانگی ئەو پێشمەرگەیەی كردووە، كە لەسەردەمێكە هەموومان دەزانین خەڵك گیراوە، ئەمن بووە، جاش بووە، كوژراوەو مومتەلەكاتی زەرەری پێ گەیشتووە، بە هەر حاڵ من پێشنیاری ماددەیەك دەكەم بەڕاستی موقتەرەحێكم لە لایە بە كوردیەكەی، عەرەبیەكەشی لە لامە دەیخوێنمەوە، داواش دەكەم بەڕاستی ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری بكەن، ئەو ماددەیە بكرێتە ماددەی حەوت لەجێی ئێستاكە بە دوو بڕگە، یەكەمیان/ هیچ داوایەكی یاسایی لە دادگا وەرناگیرێت دژ بە پێشمەرگەی بەشدار لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان تا 1991/3/5 لە كاتی هەڵستانی بە ئەركی پێشمەرگایەتی لە لایەن ئەو كەسانەی كە لەبەرەی دژ بە شۆڕش كاریان كردووە، هەتا ئەگەر زیانیشیان لێ كەوتبێت لە ئەنجامی چالاكی شۆڕشگێری.

بڕگەی دوو/ هەموو ئەو داوایانەی كە لە حوكمەكانی بڕگە یەك لەماددەی حەوت دەیانگرێتەوە لە دادگاكان دابخرێن، ئەمە بە كوردیەكەی، ئەگەر دەڵێن بە عەرەبیەكەش دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی كەس قسەی بكاتن، ئەگەر ئیجازەم بدەیت، ئەو قانونە قانونێكی زۆر فەوقیە، فەتیش نابێت بخرێتە جێگەی لێرە، چونكە مەحكەمە نابێت دەرگای دابخەیت، یەكێك پێشمەرگە هاتووە پێشمەرگە پێش ئەوەی چووە چوار كەسی كوشتووە بە ناحەق، چۆن دەبێت شتی وا، ئەگەر مەحكەمەش، ئەگەر دەعوایەك هەبێتن ناتوانێت رەدی بكاتەوە، بەڵام چ حوكمێكە، ئەگەر دەعوایەكە رەبتی هەبێتن بە شۆڕش، رەبتی هەبێت بە پێشمەرگایەتی، رەبتی هەبێتن لە لێپرسینەوەی ئەو پێشمەرگەیە لەسەر ئەو كارەی بۆ شۆڕش كردوویەتی، ئەوە بە تەئكید رەت دەكرێتەوە، كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئیدەن بۆ ئەو قسەی جەنابت، ئێمە تەجروبەمان هەیە لەو مەوزوعەی، لە ئیتیفاقیە یازدەی ئازار ئەو جۆرە دەعوایانە لە مەحاكم تەسجیل كران، هەندێك كەس هات بوون زەلامی كوشت بوو، حادیسەیەكی عائیلی، شەخصی، زەلام هات بوو بووە پێشمەرگە لەسەر ئەو مەوزوعەی كە شكایەتی لێ دەكرا، هیچ عیلاقەی بە شۆڕشی ئەیلوولی پێشمەرگەوە نەبوو، دەدرا مەحكەمەی، بەڵام هەندێك كەس هەبوو وەكو كاك دلێر فەرمووی وابووە، ئەو كاتی مەحكەمە داوای دەكرد ئایا ئەو كەسەی كە مودەعیە لە ریزی حكومەت بووە، جاشاتی بووە، خیانەت بووە، یان ئەو كارەی كە ئەو پێشمەرگەیە كردوویەتی عەملیەكی پێشمەرگایەتی بووە كردوویەتی، یان نا، ئەو تەزكیەی لە لایەن شۆڕشەوە پێ دەدرا، تۆ ناتوانیت جیای بكەیتەوە، بە دەیان خەڵك هەیە خەڵكی بێ تاوانی كوشتووەو هاتووە لە ریزی پێشمەرگە خۆی حیمایە دەكرد، كە جەریمەشی كردووە، عەداوەی شەخصی هەبووە، ئەوە جیا ناكرێتەوە، بەڵام ئەوەی كە زانیم مەغدورەو پێشمەرگەیە دەتوانێت تەزكیە بێنێت لەسەر حەقی خۆی كە ئەو حادیسە حاڵەتی پێشمەرگایەتی بووەو دیفاعی كردووەو ئەو كابرایە لە سەنگەری دوژمن بووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم وەڵامم بدەنەوە، هیچ قانونێك ڕێگا لەوە دەگرێت بچی تۆ دەعوا تەسجیل بكەیت؟ ئەگەر قانونیش هەبێتن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو دەعوایانە لە لایەن دادگاوە وەردەگیرێت، چونكە دادگا مەجالی ئەوەی داوە كە ئەو جۆرە دەعوایانە وەربگیرێت، بەتایبەتیش ئەوانە دەعوای جەزائینە، دەعوای جەزائیش خازیعی تەقادوم نییە، واتا لە سەقفێكی زەمەنی موعیەن، ئەگەر دەعوایەكەی جەزائی بوو، یان جینائی بوو، ئەو دەعوایە سوقوت ناكات، بەڵكو دەعوایەكە دەمێنێتن، بەڵام لێرە دەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم، ئەو مەسەلەیە بەڕاستی جێگای ئەم یاسایە نییە، ئەم یاسایە مەسەلەی تەكریمە، ئەو مەسەلەیەی كە كاك دلێر ئیشارەتی پێدا مەسەلەیەكە پەیوەندی بەو یاسایەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تۆ رەئیەكەت گوت كەس پشتگیری نەكردی، وەڵامت درایەوە لە لایەن لیژنەی قانونیەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە بەڵگەوە دەڵێم، ئێستا برادەری ئێمەیە حالیەن لە ئەحداسی پێشمەرگایەتیە، چۆتە سەر رەبیە، جاشە كوشتوویەتی، ئێستا حالیەن لە مەحكەمە بانگ دەكرێت، من پێت دەڵێم حاڵیەن بەشێك لە ئەندامانی سەركردایەتی ئەحزاب داوایان لەسەرە، بەس لەبەر ئەوەی نفوزی هەیەو دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەو نەڕۆیشتووە، بەس بۆ من داوام لێ دەكات لە مەحاكم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من نازانم ئەو قانونە لێرە جێی دەبێتەوە، یان نابێتەوە، بەڵام ئەوە موشكیلەی هەمووومانە، ئێمە هەمووومان دەعوامان لەسەرە لە لای مەحاكیمەوە، بەڵام جیا دەكرێتەوە لە قاتیل و دزو یەكێك شتی شەخصی كردووە لەگەڵ كاری چالاكی پێشمەرگانە، ئەو دەعوایانەش وەكو جەنابیشی فەرمووی غەلق ناكرێت، لەبەر ئەوە دەبێت لە پەرلەمان بە یاسایەكی تر، یان لە شوێنێكی تر، یان لە جێگایەكی تر دەبێت جێگای بكرێتەوە، چونكە ئەوە موشكیلەی هەموو فەرماندەكانی ناو هێزی پێشمەرگەیە، چونكە لە كاتی خۆیدا هەر چالاكیەك لە شوێنێك كرا بێت، كە وتیان فەریق عەلی كردوویەتی یەكسەر دەعوایەكی لەسەر قەید كراوە لە مەحكەمەو ئێستا لە مەحكەمە هەیەو زۆر جاریش بانگ كراون موتەهەم فلان كەس لە

قاعەی مەحکەمە، بەڵام جیا دەکرێتەوە، ئەوەی کە قەتلی کردووەو ئەوەی کە دزی کردووە، ئەوەی کە کارێکی جەریمی کردووە، لەگەڵ ئەوەی کە چالاکی پێشمەرگەی کردووە بەبۆنی شۆڕشەوە، ئەو هینەی لەسەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر پێویستی بە یاسا بکات لێرە جێگای نییە، وەکو هەمووتان ئاماژەتان پێ کرد، دووەمیش/ دەبێت وەکو کاک شێخ باسی دەکات جیا بکرێتەوە، منیش دەڵێم نازانم ئینسانێك بتوڵات بکات، بچێت شکایەت بکات، دەعوایەك لەسەر پێشمەرگەی هین بکات و تەسجیل بکات لەسەر ئەوەی ئەو لە مەوقیعی قیادە دابووە، پێشمەرگەکە کوشتوویەتی بە ئەمری شۆڕش و ئەوانە، ئەگەر شتی واش هەبێتن خۆ لە مەحکەمە دەتوانێت دیفاع لە خۆی بکاتن، ئەگەر دووبارەش بێتەوە پرۆژەیەك بێتن دەتوانین وەکو یاسا دەریبێنین، بەڵام لێرە جێی نییە، ماددەی حەوت بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری پێشمەرگە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة:**

على وزير البێشمرگە اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای ڕێزلێنانی ژمارە (9)ی ساڵی 1992ی پێشمەرگە هەڵدەوەشێتەوەو ئەم یاسایە جێی دەگرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة:**

يلغى قانون تكريم البێشمرگە رقم (9) لسنة 1992 ويحل محله هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش وەکو هەموو قانونێك دەبێت تێدا بێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، هۆکارەکانی تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

سەبارەت بە گرنگی دەوری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بۆ نرخاندنی ئەرك و خەباتی قارەمانیەتی تەوعیان، بۆ ڕێزلێنان لە قوربانی دانیان و خوێنی پاکیان لە پێناوی دەست نیشان کردنی ماف و دەستکەوتە ماددی و مەعنەویەکانیان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

نظراً لأهمية دور البيّشمرگه في الحركة التحررية الكوردستانية، وتثمياً لجهودهم ونضالهم وبطولاتهم الطوعية، وتقديراً لتضحياتهم ودمائهم الزكية في سبيل اهداف وتطلعات الحركة التحررية لشعب كوردستان وبغية تحديد حقوقهم وامتيازاتهم المادية والمعنوية فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەو یاسایە، بەپێویست دەزانم نەصە کوردیەکە ئەو وشە بگۆڕدرێت خەباتی قارەمانیەتی تەوعیە بکرێتە خۆبەخشیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خۆبەخشیان باشترە، پرۆژەکە لەگەڵ هۆکارەکانی دەیخەمە دەنگدانەوە وەکو یاسا دەربچێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و لە پێشمەرگەو لە گەلەکەمان دەکەین، ئینشائەللا ئەوەش ببێتە یاسایەك بۆ خزمەت کردنی پێشمەرگە، فەرموو جەنابی فەریق زەعیم عەلی.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم (زەعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەڕێز دەکەم، سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەو زەحمەت و ئەو ماندوو بوونەی کە کێشایان، ئەو قانونەشیان دەوڵەمەند کرد، زۆر سوپاس داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازین، ئینشائەللا سوود بەخش دەبێت بۆ خزمەتی کوردو کوردستان و گەلی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، بەیانی سەعات دە و نیو بۆ تەواو کردنی بەرنامەی ئەمڕۆ، واتا هەردوو خاڵەکەی تر، دەیخەمە دەنگدانەوە بۆ دواخستنی بۆ ئەوەی کەس ڕەخنەم لێ نەگرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوای بخەین بۆ بەیانی سەعات دە و نیو دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ دواخراو، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین و زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 21\11\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25)

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/11/21

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/11/21 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (25)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (25)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە حەوتی ساڵی 1992ی یاسای خانەنشین كردنی كەم ئەندامانی پێشمەرگە.

2- خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری

دانیشتنی ژمارە (25)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/11/21دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە حەوتیساڵی 1992ی یاسای خانەنشین کردنی کەم ئەندامانی پێشمەرگە.

2- خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە.

سەرەتا بەخێر هاتنی بەرێز کاك فەریق عەلی وەزیری پێشمەرگەو، بەرێز کاك شێخ جەعفەر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، بەرێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم کە لەگەڵمان بەشدارن لەو دانیشتنەدا، زۆر بەخێر بێن، داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی پێشمەرگە دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن. داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم پرۆژەکە خاڵ بە خاڵ بخوێننەوە، دواتر ڕەئی هاوبەشی هەردوو لێژنەکە بخرێتە روو و، دواتر موناقەشەی دەکەین، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەرێزم ئەندامانی پەرلەمان، هەر وەکو دوێنێش ئیشارەتم پێدا، پرۆژەی یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە لە لایەن هەردوو لێژنەوە موناقەشە کرا ، لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیری پێشمەرگە و، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، ئەوەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە تەمسیلی هەموو رەئیەکان دەکات، ڕەئی لێژنەی یاسا و ڕەئی لێژنەی پێشمەرگە و وەزارەت، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەمیش ئەوەیە دیسانەوە تەئکید دەکەینەوە کە ئەو پرۆژەیەش بە هەمان شێوە تەعدیلەکە زیاتر لە 60٪ ی یاسایەکەی گرتووتەوە کە ئەو یاسایەی کە پێشتر هەبووە کە لە پەرلەمان پەسند کراوە، بۆیە هەر هەمووومان رێکەوتین لەسەر ئەوە کە یاساکەی پێشتر ئیلغا بکرێتەوە و ئەوە جێی بگرێتەوە، چونکە ئەصڵی یاساکە خۆی چوار ماددەیە و، ئەو تەعدیلاتەی کە هاتیە تەقریبەن دە ماددەیە، عەدا مەوادی پرۆتۆکۆلی، ئێستا ماددە ماددە ئەوە ئەخوێنینەوە، ئەوەیە کە ئیتیفاقمان لەسەر کردیە، لە ماددەی یەکەم دەست پێ دەکەین.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێم بۆ هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە(...) ساڵی 2007

ماددەی یەکەم: پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێمی کەم ئەندام، ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا لە رێزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێم، یان لە پێناویدا، یان لە ئەنجامی کارێکی تێرۆریستی، یان بە یەکدادانێکی سەربازیدا تووشی کەم ئەندامی بووە، یان دەبێ و، دەبێتە هۆی پەککەوتنێکی هەمیشەیی بۆی .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: البيشمركة حرس الاقليم المعوق: هو الذي اصيب او يصاب اثناء اداءه الخدمة في صفوف قوات البيشمركة-حرس الاقليم او من جراءها او نتيجة عمل ارهابي او مصادمة عسكرية مما سبب او يسبب له عجزآ دائمآ.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستا موقەدیمەی راپۆرتی هاوبەش پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەم، لەگەڵ ماددەی یەکەم:**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەشی لێژنەی یاسا و پێشمەرگە**

**لێژنەی یاسایی لەگەڵ لێژنەی کاروباری پێشمەرگە، پێکەوە رۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی 3ی گەلاڕێزانی 2707 کوردی بەرامبەر بە رۆژی 2007/10/25 کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگەی ژمارە 7ی ساڵی 2000 کە لە دوای خوێندنەوەی بەرایی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 1ی رۆژی 2007/9/10 دا بۆیان هاتووە و، دوای وت وێژ وتاوتۆکردن بە ئامادەبوونی وەزیری پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەت و راوێژکارانی لێژنە، راپۆرتی خۆی و راسپاردەکانی لەبارەی پرۆژەکەدا و تێکرای رایەکان، دوای رێککەوتن لەگەڵ وەزیر، بەم شێوە پێشکەش دەکات:**

**لەبەر ئەوەی هەموارکردنە پێشنیازەکە کە جەوهەری یاسایەکەیە بە شێوەیەکی گشتی یەك دەگرێتەوە و، ماددەی نوێ لە خۆ دەگرێ و ، لە 60٪ ی یاساکە لە هەموارکرنەکە ڕەتی کردووە، سەبارەت بەمە لێژنە بە رێککەوتن لەگەڵ وەزیردا وا دەبینێ دارشتنێکی نوێ بە پرۆژە یاسایەکی نوێ بۆ خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە بکرێ، لەگەڵ پێشنیازکردنی هەڵوەشاندنەوەی یاسای کۆن و بەم جۆرە دابڕێژرێ، یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە (زێرڤانی هەرێم) بۆ هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (...) ساڵی 2007 : ماددەی یەکەم: پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم) کەمئەندام، ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا لە رێزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێم، یان لە پێناویدا، یان لە ئەنجامی کارێکی تێرۆریستی، یان بە یەکدادانێکی سەربازیدا تووشی کەم ئەندامی بووە، یان دەبێ و، دەبێتە هۆی پەککەوتنێکی هەمیشەیی بۆی . ئەمە دەقی ماددەی یەکەمە، ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر نیە و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایه وەکو دوێنێ دەبێ، ئێمە سەرەتا ئەو گۆڕانکاریە، هەردوو لێژنەکە ئیقتیراحیان کردووە، حکومەتیش بە نوێنەرایەتی هەردوو وەزیری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆ کاری پێشمەرگە موافیق بووینە، بەڵام دەبێ دەنگی بۆ بدەین کە یاساکە بگۆڕدرێت بۆ یاسای خانەنشین کردنی کەم ئەندامانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێمی کوردستان)، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیازەی هەردوو لێژنەکەیە، دەستی بڵندکا تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ موفتەرەحەکە قبول کرا، ئینجا ماددەی یەکەم چ گۆڕانکاریەکتان کردووە، بیخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) کەمئەندام، ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا لە ڕیزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم)، یان لە پێناویدا، یان لە ئەنجامی کارێکی تیرۆریستی، یان بە یەکدادانێکی سەربازیدا تووشی کەم ئەندامی بووە، یان دەبێ و، دەبێتە هۆی پەککەوتنێکی هەمیشەیی بۆی .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون تقاعد معوقي البيشمركة(حرس الاقليم)لاقليم كوردستان-العراق، رقم (...) لسنة 2007

المادة الاولى: البيشمركة (حرس الاقليم) المعوق: هو الذي اصيب او يصاب اثناء اداءه الخدمة في صفوف قوات البيشمركة (حرس الاقليم) او من جراءها او نتيجة عمل ارهابي او مصادمة عسكرية مما سبب او يسبب له عجزآ دائمآ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونەکە وەکو ئەوەی دوێنێ، معوقی البیشمرکە کە (اقلیم کوردستان-العراق)، وەکو ئەوەکەی دوێنێ بێتن، ئەم ماددەیە کەس قسەی هەیە لەسەری پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان؟ ،ناوتان دەنووسم، کاک ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم جەنابت ئیشارەتت پێدا بەس باش تێنەگەیشتم، وەکو یاساکەی دوێنێ بۆ هەرێمی ناوێ، هەرێمی کوردستان-عیراق، هەڵگیراوە، ئەوە یەك و، پێناسەی پێشمەرگەی کەم ئەندام، یەکەم، دوور ودرێژە، دووەمین ناڕێکە، من هەندێك تێبینی ئەگەر لەسەردەم جەنابت ئەیخوێنمەوە: ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا لە ڕیزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم)، بەکورتی ئەوە زۆر ناڕێکە، من دامرشتووتەوە و، هەندێك شتی تریش لە ئاخیری دەڵێ کەم ئەندام بووە یان دەبێ، خۆی تۆ پێناسەی کەم ئەندام ئەکەی، یەعنی بووە نەك دەبێ، بۆ دوارۆژ نیە ئەوە بووە پێویست بەوە ناکات، لەبەر ئەوە من دامرشتیتەوە و هەندێکی زیادە، دارشتنەوەکەی ئەوهایە:ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی

جێبەجێکردنی ئەرکی(پێویست ناکات ئەرکەکانی، چونکە ئەرکی پێشمەرگە دیارە)، لە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا (نەك رێزەکانی، ئێمە یەك هێزمان هەیە، پێشمەرگەی کوردستان یەك هێزە)، ئەندامێکی جەستەیی لە دەست داوە. ئەوەندە بەسە، نەك لە ئەنجامی کارێکی تیرۆرستی یان لە ئەنجامی پێکدادانی سەربازی، ئێمە پێشمەرگە بووینە لە ژیانمدا و ئەوە زەعیم عەلی و کاك شێخ جەعفەر، قەت نەمان گوتیە پێکدادانی سەربازی لە ناو هێزی پێشمەرگەدا، هەر گوتیتمان شەڕ و برینداد بوون و کوشتن، یەعنی ئەوانە بووە، ئەو وشەیە لە مێژووی خەباتی چەکداریدا، بەکار نەهاتیە پێکدادانی سەربازی، لەبەر ئەوە من کورتم کردووتەوە، بە کورتیەکەی: ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی، لە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا، ئەندامێکی جەستەیی لە دەست داوە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بە باشی هاتووە، بەس یەك ئیشکالی تێدا دروست بووە، ئەڵێ پێشمەرگەی زێرەڤانی کەواتە ئەو پێشمەرگەی لە کاتی جێبەجی کردنی ئەرکەکانی لە ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەگەر نەڵێ بەهەر هۆیەك بێت، زۆر پێشمەرگە مەحروم ئەبێت، چونکە شەرت نیە لە کاتی شەڕدا ببێت، رەنگە ئەلغام بێت، شەرت نیە تۆپ بێت، پێشمەرگە بووە لە حادیسەی سەیارە تووشی معەوەقی بووە، لە شاخ کەوتووتە خوارەوە تووشی معەوقی بووە، لە حادیسەکە تووشی معەوقی بووە، یان دەرمانی دراوەتێ تووشی معەوقی بووە، ئەگەر نەڵێ بە هەر هۆیەك بێت ئەم ماددەیە تەواو نابێت، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بە عام بیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەمە مامۆستا کاکە پێناسەیەکی خوێندەوە، هی راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لێژنە، لام وایە ئەمە وردترە، منیش هەمان ئەو تێبینیەم هەیە ، الذي اصيب او يصاب، بەینەما ماددەکانی دوای ئەوە هەمووی باسی ئەوە ئەکات کە تووش بووە، تووشی ئەو کەم ئەندامیەتە بووە، لەبەر ئەوە ئەوەی کە موستەقبەل با باس نەکەین، هەر باسی ئەوەی بکەین کە تووشی ئەم کەم ئەندامیەتە بووە لە کاتی ئەدائی واجبیان لە نیو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە بە بێ ناو هێنان، یەعنی پێشمەرگەیە لە شوێنێکدایە و تەقینەوەیەك دەبێت، پێشمەرگەیەك ئەچێت بۆ عەمەلیاتێکی سەربازی، فیعلەن وەکو برادەران وتیان لە شاخ ئەکەوێتە خوارەوە، بۆیە ئەوەی تەعریفەکەی راپۆرتی هەردوو لێژنە لەگەڵ ناو نەهێنان بەس لە کاتی ئەدائی واجیب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە راستیدا لە عەرەبیەكە تەعریفەكەی، هەر چەندە من لەناو لێژنە بووم، مونتەبیە نەبووم، ئێستا ئینتیباهم كرد، زۆر دەقیق نەهاتە پێش چاوم، رێك نیە، ئەو (یصاب)ە پێی ناوی، چونكە باسی معەوق ئەكەین، ئەوە واقیعیە (اصیب)ە هەر بە تەنها بەسە، ئەوەی تر لازمە(اصیب) بە چی؟ لە ئەخیری (اصیب بعجز بدني او عقلي یؤثر في مقدرتە على الحیاة)، یەعنی نەك بڵێین (سبب او یسبب لە عجزآ دائمآ)، ئەوە دەقیق نایەت، لە ئاخیرەكە بڵێین: (اصیب بعجز بدني او عقلي یؤثر في مقدرتە على الحیاە) ، ئەوە موتابیقە بە تەعریفات لە مەوسوعەی عالەمی باسی معەوق، بەحسێكی درێژ هەیە لەوێ و تەعریفەكە وا دەقیق تر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبداللە محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەسەر صیاغەكە، بە راستی تەعریفەكە زۆر نارێكە، ئەوەی كاك ئارێز باسی كرد زۆر راستە، یەعنی زۆر بە كورتی ئێمە دەتوانین تەعریفی ئەو پێشمەرگە پەككەوتوانە بكەین، پێشمەرگەی كەم ئەندام: ئەو پێشمەرگەیە لە كاتی جێبەجێكردنی ئەركەكانی، یان لە ئەنجامی كارێكی تیرۆرستی، دوچاری كەم ئەندامی بووە یاخود دەبێت، ئەوە زۆر كورتە، چونكە كە گوتت ئەركەكان، یەعنی لە كاتی شەڕیش هەر ئەركی جێبەجێ كردیە، كە گوتت پێشمەرگە یەعنی لە ریزی هێزەكانی پێشمەرگەیە، ئەو دوور ودرێژی و تێكەڵاویەی ناوێ، ئەو پێشمەرگەیە لە كاتی جێبەجێكردنی ئەركەكانی، یان لە ئەنجامی كارێكی تیرۆرستی، دوچاری كەم ئەندامی بووە یاخود دەبێت، یەعنی ئێمە بۆ باسی پێكدادانی بكەین؟ من بە بیرم دێت لە دەشتی هەولێر چەند پێشمەرگەیەكی برادەرانی حیزبی شیوعی لەبن شاخدا خەوتبوون، شاخەكەیان بەسەردا رووخا و شەهید بوون، نە لە كاری تیرۆریستیە و نە شەریشە، لەبەر ئەوە كە گوتت لە كاتی ئەركەكانیدا لە ریزی پێشمەرگە هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان رای كاك جەعفەر و كاك بەڵێنم هەیە، چونكە شەرت نیە لە كاتی جێبەجی كردنی ئەركەكان، بەڵام لە اثناء الخدمة ، ئەوە ئەڕواتەوە ئەمرۆ ئیجازەیە، ئەڕواتەوە تووشی حادیسەی سەیارەی دەبێ، تیایە كەم ئەندام ئەبێت، بەڵام پێشمەرگەیە، ئەویش یەعنی لە كاتی ئیجازەدا وای لێهاتووە، گوناح نیە ئەو

هەموو خزمەتەی بۆ حیساب نەکرێ؟ لەبەر ئەوە پێم وایە اثناء الخدمة بڵێی مەسەلەکە حەل ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دارشتنەوەی ماددەی یەکەم، من پێم باشە بەو صیغەیە بێتن، زۆر کورتر دەبێ و پر ماناتر دەبێ، پێشمەرگەی زێرەڤانی کەمئەندام: ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی پێشمەرگایەتیدا تووشی کەم ئەندامی بووە یان دەبێت. بەیەك دێڕ ئەو هەموو دێڕەی کە نووسراوە و ئەو پێناسە درێژەی ئەو ماددەیە بەراستی کە هەستی پێدەکەی دارشتنەکەشی لاوازە، ئەگەر بەو شێوەی لێبکرێت، حەز دەکەن بۆشتان دەنێرم بەو صیغەی کە نووسیومە ئیستیفادەی لێبکەن، ئەوە یەك، دووش: خەڵکێك هەبووە کە مەسەلەن لە راپەڕینی 1991 لە ئەسنای راپەڕینەکە کەم ئەندام بووە، بریندار بووە ، ئایا ئەوانە دەچنە کوێ؟ مەسەلەن لە زمنی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا نینە، هاووڵاتی بوونە، بەڵام بەشداری ئەرکێکی نیشتمانیان کردووە، خۆتان دەزانن پێشمەرگە بە رێژەیەکی کەم هاتوونەوە کوردستان ئەو کاتی، زیاتر خەڵکەکە بە ڕاپەرین هەستا، ئایا ئەوانە لێرە جێان دەبێتەوە یان نا؟ ئەگەر جێیان نابێتەوە ئێمە چۆن ئەوە بکەین ئەو خەڵکانەش لەو یاسایەدا جێیان ببێتەوە؟ بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودمەند بن، چونکە ئەرکێکی نیشتمانیان ڕاپەڕاندووە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە خۆی کاك غفور ئەوە ناوەکەی( پێشمەرگەی کەم ئەندام)ە یەعنی ئەوانی تریش کەم ئەندامن، بەڵام پێشمەرگەی کەمئەندام نین، ئەوانی تریش حقوقیان هەیە، بەڵام لێرە تەنها باسی پێشمەرگەی کەمئەندام دەکەین، د.هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان پیشنیارم هەیە، صیغەکە زۆر دوور ودرێژە، ئەگەر هەر ئەوەندە بێت: هو الذي اصیب او یصاب اثناء اداءە الخدمة ، ئەوەش دەگرێتەوە ئەوەی سۆزان خان باسی کرد اثناء الخدمة ئەوەی کە لە رێی هاتەوە و لە رێگا تووشی بوو، لەبەر ئەوەی لە دێری دووەم کە دەڵێ: نتیجة عمل ارهابي او مصادمة عسکریة. شتی دیکەش هەیە، قەصفی جەوی هەیە شتی تر هەیە لەوانەیە لە بیر کرابێ باس بکرێ، بەس ئەگەر بڵێین: اثناء اداءە الخدمة. هەمووی دەگرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا منیش قسەکەی کاك شێخ جەعفەر و سۆزان خانیش عیلاجی مەسەلەکە ئەکات، : اثناء اداءە الخدمة، بەڵام مەسەلەی زیندانی سیاسی و هەندێ جۆری تر هەیە ئەوانە لە کوێندەر جێگای بکەینەوە؟ چۆن جێی ئەکرێتەوە؟ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طلعت پرسیارەکەت مایە؟

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا پرسیارەکەم تەقریبەن کاك غفور کردی، بەڵام من زیاتر عیلاقەی بە هێزی پشتگیری هەبوو، جاران ڕێکخرابوون وەکو هێزی پێشمەرگە، پشتیوانی هێزی پێشمەرگەیان دەکرد لە شەڕەکان بەشداریان کردووە، نازانم جێی لەو یاسایە وا بزانم نابێتەوە، بە پێی ئەوەی هەر پێشمەرگە بێت، ئەگەر دەقێك یان یاسایەك یان شتێك بیانگرێتەوە، ڕێزم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مولاحەزەکان ئەندامانی پەرلەمان تەرکیزیان لەسەر ئەوە کردووە مەختەصەر بێت و موعەبیر بێتن، پێم وایە زیاتر ناوی پێشمەرگە بێتن لە کاتی جیبەجێکردنی ئەرکەکانی، معەوق بووە، کەم ئەندام بووە، کاك شێردڵیش قسەکانی خۆی بکات، جا جەنابی وەزیر ئەگەر قسەی هەبێت، دوایی موقتەرەحەکانی ئەندامانی پەرلەمان ئەیخەمە صیاغەوە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە پێشەوە تکا لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم، نازانم لە لایانە یان نیە؟ ئیعتیماد لەسەر عەرەبیەکە بکەن، بەراستی عەرەبیەکە باشتر داڕێژرایە، بزانن لە عەرەبیەکە چۆن داڕێژراوە: البیشمرکة (حرس الاقلیم) المعوق: هو الذي اصیب او یصاب اثناء اداء الخدمة في صفوف قوات البیشمرکة او من جراءها او نتیجة عمل ارهابي او مصادمة عسکریة مما سبب او یسبب له عجزآ دائمآ، ئەوجا با شتەکانتان جوابدەمەوە، ئێمە لەبەر چی دەڵێین اصیب؟ لەبەر ئەوەی ئێمەی پێشمەرگەی کۆنمان هەیە، دەمانەوێ ئەوانیش بیاندەینێ، دەمانەوێ مازیەکەش بڵێین، ئەوە یەك، دووەم: پێکدادان، ئێستا هەندێك شت پەیا بووە بەراستی جاران لە عەسکەری ئەو شتە نەبوو، ئێستا با قسەکانم تەواو بکەم دوایی بۆتان ئەخوێنمەوە، خەڵك بە چ تووشی عەجز دەبێ و بە چ تووشی معەوەقی دەبێ؟ بەنیسبەت ئەرکەکان بەراستی ئەرکەکان زۆرن، کە گوتت لە ئەسنای خیدمە، لەوێ نووسرایە، یەعنی ئەسنای خیدمە هەمووی دەگرێتەوە، تەنها ئەندامێکی لەشی لەدەست دابێت ئەوە معەوق نیە، ئێمە تووشی قەصفی کیمیاوی بووین، کاك ئارێز خۆشی ئەزانێ، هەندێ برادەرمان تووشی شیزۆفرینیا بووە، هەندێك تووشی شتی عەصەبی بووە، خۆتان ئەزانن غازی ئەعصابیان لێداین، یەعنی ئەوە هەر جسم نیە، چاوێکی کوێر بێ، یان دەستێکی نەبێ، ئەوە نیە، لەبەر ئەوە ئێمە حیسابی ئەوانەشمان کردیە، موصادەمەش هەیە ئێستا، یەعنی ئێستا وەکو جاران نیە، با ئەوەتان بۆ بخوێنمەوە کە ئێستا لەو زروفەی ئێستا کە تووشی شەڕی ئیرهاب بووین، بزانن بە چەند شتان خەڵك شەهید دەبێ یان تووشی عەجز دەبێ، بەڵام بەداخەوە ئەوە بە عەرەبیە و دەبێ هەر بە عەرەبیش

بيخوێنمەوە، ئەو حاڵەتانە: عند قيام الوحدة العسكرية بمواجهة الارهابين و القوى المعادية اثناء اعمال التطهير التي يتواجد فيها العسكري، تعرض الارهابين للوحدة العسكرية التي يتواجد فيها العسكري، تعرض العسكري لرصاص الارهابين اثناء المصادمةالعسكرية مع الارهابين او بسببها او من خلال تعقيبهم و القاء القبض عليهم، انفجار سيارة مفخخة و تعرض العسكري لها من الارهابين الانتحارين بسبب سقوط السقف او الملجأ من جراء قصف معادي، التعرض لكمين من الارهابين او بسببهم اثناء تمتعه بالاجازة بسبب العمل المعادي اياَ كان مصدره، انفجار سيارة محملة بالسلاح او الوقود او العتاد الذي يستقلها العسكري نتيجة تعرض الارهابين لها، بسبب انفجار لغم او عبوة ناسفة، و بسبب انفجار صاروخ او رمانة، هەتا بە سەبەبی، لە مەنتیقەی ئێمە، بەسەبەبی ساردیش، جاری وا هەیە لە ناو بەفرێ تووشی گانگرین دەبێ، جوزئێکی لەدەستی دەبا، ئەوانە هەمووی سەبەبن لە ئەسنای خیدمە، لەبەر ئەوە وا بزانم کە دەڵێین لە ئەسنای خیدمە هەموو شتێك دەگرێتەوە، کە دەڵێین موصادەمە ئێستا پەیا بووە، یەعنی هەندێ شت پەیا بووە، کە دەڵێن (اصیب) لەبەر ئەوەی دەڵێین مازیە کەواتە پێشتر تووشی بووە و ئەوانەی ئێستاش دەگرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زەعیم چ مولاحەزەیەك هەیە لەسەری ؟

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم(زەعیم عەلی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پێم باشە کورت بکرێتەوە، تەعبیرەکەش باشە، شامل بێت و هەمووی بگرێتەوە، زۆر دوور و درێژە، بەلام شتی تر تێکەڵ نەکەین، مەسەلەن سجنی سیاسی پرۆژەیەکە، پاشان رەنگە ئەویش قانونێکی بۆ دەربچێ یان نیزامێکی بۆ دەرچێ، یان ئەوانەی لە ئینتیفازە بەشداربووە و پێشمەرگە نەبووە و لە لیستی پێشمەرگە نەبووە، میللەت هەمووی تووشی ئەو رووبەرووبوونەوە بوو، بەلام پێشمەرگەکە خصوصیاتی خۆی هەبوو بەراستی، یان ئەوانەی تر کە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەیان کردیە، شتەکان با تێکەلاو نەکەین، ئەوە خۆی موحەدەدە بە پێشمەرگە، هەر چی هەیە بۆی بکرێ ئێمە پێمان باشە، کورتکردنەوەی فەقەرەکان شتێکی چاکە، ئەگەر صیاغەکی جوانی بۆ بدۆزنەوە و تەسبیتی بکەن وشامیلیش بێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵلا من کورتم کردۆتەوە ئەگەر ئیجازەتان بدابا، (یصاب)ەکە زیادە، چونکە (اصیب)ە هەردووکی دەگرێتەوە، یەکێك خوا نەخواستە سبەینی ئیصابەی کرد ئەو قانونە دەیگرێتەوە، (اصیب) پێشمەرگەکان دەگرێتەوە، بەبێ ئەوەی بڵێی (یصاب) سبەینێ دوو سبەی کە ئیصابەی کرد ئەو قانونە دەیگرێتەوە، جا من وام نووسیوە: البيشمركة (حرس الاقليم) المعوق:هو الذي اصيب اثناء اداءه الخدمة، بعجز بدني او عقلي يعيق اداءه للخدمة. ئەوە موختەصەرە و ئەوەی کاك خەلیل وتی تۆزێك ئەویشم کورت کردیتەوە و زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانیش مولاحەزەیان کرد کە هین بکرێتەوە، ئەگەر ئەوە بیکەینە کوردیش بیخوێننەوە، جارێکی تر دەیخوێنمەوە کەلیمەیەکم لەبیر چووبوو، البیشمرکە(حرس الاقليم)

المعوق:هو الذي اصيب اثناء اداءه الخدمة او جراءها، بعجز بدني او عقلي يعيق اداءه للخدمة. نازانم كاك شێروان ؟ بەعجز بەتەنیا ئیکتیفا دەکات؟ بەدەنی و عەقلی لابدەین؟ ڕەئیتان ئێوە چیە وەکو قانونی؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عیجزەکە لە قانونەکە تەفصیلاتی درایتێ، ئەگەر عجزیش بنووسین هەمووی دەگرێتەوە، چونکە دەرەجاتەکان هەمووی ئیشارەتی پێدرایە، چ عضوی بێت و چ بەدەنی بێت، ئیشارەتی پێدرایە لە مەتنی قانونەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کەواتە بەدەنی و عەقلیەکەش لادەبەین و بەتەنیا عجزەکە دەبێ: البيشمركة(حرس الاقليم) المعوق: هو الذي اصيب اثناء اداءه الخدمة، بعجز يعيق اداءه للخدمة.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزەی بکەن ماددەی دووەم تەعریفەکە بە وەزعەکی دیکە هاتیە، پرۆژەکەش تەئکید لەسەر ئەو وەزعە دەکات، من الجانب العضوي ، فەقەرە (ب) دەڵێ: اذا فقد احد اعضاءه الظاهرية من الجانب العضوي او الوظيفي، مهما كانت درجة عجزه. دیارە کە ئێمە موناقەشەمان کرد لەگەڵ جەنابی وەزیر و لێژنەی پێشمەرگە، تەئکید لەسەر ئەو بابەتەیان کرد کە هەدووکی تێدا بێ بە سیفەتێکی زۆر روون و ئاشکرا، لەبەر ئەوەی ئێمە تەسبیتمان کرد العضوي او الوظيفي، لێرە دەبێ ئەو عیبارەتەی کە بەکاری دێنین نەسەقێکی هەبێ لەگەڵ ماددەی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی دووە، ئەوە هیچ، بەڵام ماددەی یەکەم بەدەنی و عەقلیەکە پێویست ناکات، جارێکی تر بە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە، ئەگەر مامۆستا کاکە کردبێتە کوردی؟ کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە هەر بڵێین ئەسنای خدمە، باشە کە لە کاتی ئیجازەی بوو و جەماعەتێکی ئیرهابی ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە گوتت (جراءها) ئەوە هەردووکی ئەگرێتەوە، ئێستا دیسان ئەیخوێنمەوە: البيشمركة (حرس الاقليم) المعوق:هو الذي اصيب اثناء اداءه الخدمة او جراءها، بعجز دائم يعيق اداءه للخدمة. کوردیەکەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی تەصویتی لەسەر بدەین تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشمەرگەی کەم ئەندام(زێرڤانی هەرێم): ئەو پێشمەرگەیە کە تووشی کەم ئەندامی بەردەوام بووە لە کاتی جێبەجێکردنی راژەکەی یان بە هۆیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خوێندرایەوە بە کوردی و بە عەرەبیەکەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: البيشمركة(حرس الاقليم) المعوق:هو الذي اصيب اثناء اداءه الخدمة او من جراءها، بعجز دائمي يعيق اداءه للخدمة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵندکا تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك کەس لەگەڵیدا نیە بەبێ ئەوەی داوای قسەش بکات و ئیعتیرازیشی هەبێت، بەئەکسەریەت وەرگیرا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) تووشبوو بە پەککەوتنێکی جەستەیی لەو بارەی خوارەوە خانەنشین دەکرێ:

أ-ئەگەر پلەی پەککەوتنەکەی گەیشتە 50٪ و بەرەو سەر، بە پێی راپۆرتێکی پزیشکی کە لە لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆریەوە دەرچووبێت.

ب- ئەگەر یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی لە لایەنی ئۆرگانی و فەرمانی لە دەستدا بێت و پلەی بە پەککەوتنەکەی هەرچەند بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يحال البيشمركة (حرس الاقليم) المصاب بعجز بدني على التقاعد في الحالتين التاليتين:

أ- اذا بلغت درجة عجزه 50٪ فما فوق، و بموجب تقرير طبي صادر من لجنة طبية مختصة.

ب- اذا فقد احد اعضاءه الظاهرية من الجانب العضوي او الوظيفي مهما كانت درجة عجزه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس قسەی نیە؟ باشە ناوتان دەنووسم، د.هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کە دەڵێ: يحال البيشمركة (حرس الاقليم) المصاب بعجز بدني و عقلي، باسی عقلی نەکردیە با ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مولاحەزەی بکەی کاك شێروان مولاحەزەی د.هالەی، لە ماددەی یەکەم وتراوە (عجز دائم)، لێرەش بەدەنیەکە ببێتە دائم ئەوە ئەو ئیشکالە حەل دەکات، کاك محمد حکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من نازانم پێشنیارەکەم لە رووی توبیەوە چۆنە؟، بەلاَم پێم وایە 50٪ زۆرە، ئەگەر کەمی بکەینەوە بۆ 35٪ یان 40٪ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.فؤاد.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا برگەی (ب) ئەڵێ: ئەگەر یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی لە لایەنی ئۆرگانی و فەرمانی لەدەست دابێ، لەبەر ئەوەی مەرج نیە یەکێك بۆ ئەوەی ئەندامێکی لەشی لە دەست دابێ لە رووی ئۆرگانیەوە، لەوانەیە لە رووی تەنها فەرمانیەوە لەدەستی دابێ، بلێین دەستێکی ئیش ناکات، بەلاَم دەستی لە رووی ئۆرگانیەوە لەدەستی نەداوەوە، بەلاَم ئیش ناکات، دەبێت بگوترێت لەلایەن فەرمانی یان ئۆرگانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوها تێدەگەیشترێ ئەگەر لە 50٪ بێ، مەعنای ئەو کابرایە نیوەی تەواو بێت و نیوەی تەواو نەبێت، زۆرە لە 50٪، ئەگەر لە کوللی وەربگیرێ، ئەوە جانبێك، جانبی دووەم هەر ئەوها باشە بە کورتی کورتی بکەینەوە: اذا قررت اللجنة الطبية عدم صلاحيته للخدمة.

یەعنی ئەو عدم صلاحيته للخدمة ئەوە تەقریرەکە دەگەرێتەوە بۆ لێژنەی طبي کە وەزارەتی صیحە دەریدەکات، ئەوە زیاتر مەعنایەکەی مەفهومتر دەبێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ ئەوەی تەوزیح بێتن، ئەو دەرەجاتانە، دەرەجەیەکی طبین ، تەحدید دەکەن لە 50٪ یەعنی لە 35٪ بێتن قودرەتی ئیشی هەیە، ئەو دەرەجاتانە زۆر بە دیقەت دیاری کراوە، من لەبەر ئەوەی ئەو حاڵەتانە زۆر هاتونەتە پێشم، حاڵەی کەم ئەندام رەوانەی لێژنەی کراوە و هاتووتەوە، دیقەتی تێدایە، کە گوتی لە 50٪ یەعنی ناتوانێ بە شێوەیەکی رێك و پێك ئیشەکانی ئەنجام بدات، ئەگەر لە 35٪ دەتوانێ هەندێ ئیش ئەنجام بدات و هەندێ ئیش ئەنجام نەدات، ئەگەر 20٪ دەتوانێ مەسەلەن، ئێستا مومکینە ئێمە ئیعتیبار دەکرێ معەوەق لە 30٪ من خۆم، هەموو دێتن دوایی بە تەفصیلی، سوزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس ڕوونکردنەوەکەی تۆ کافی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان لەسەر صیاغەکەیە بەڕاستی، ئەو صیاغەی فەقەرەی پێشەکیەکە هەر زۆر ناڕێکە، بە پەککەوتنێکی جەستەیی هیچ مانا نادات، پێشمەرگەی پەککەوتوو لەم دوو بوارەی خوارەوە خانەنشین دەکرێ، زۆر بە کورتی و بە وازیحی، خاڵی یەکەمیش ئەگەر پلەی پەککەوتنەکەی لە 50٪ بەرەو سەرەوە بوو بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی، بەڕاستی صیاغەی کوردیەکەی زۆر زۆر ناڕێکە، منیش هەر لەسەر 50٪ بەڕاستی ئەوەم هەیە، کە لە 50٪ زۆرە، باشە ئەوەی لە 45٪ هەبێ، چونکە ئەگەر لە 50٪ بەسەرەوە بوو کۆمەڵێك ئیمتیازاتی دایتێ لە ماددەکانی دواوە، یەعنی لە 50٪ بەرەو خوارەوە تەنها دەتوانێ خانەنشین بکرێ، ئیمتیازاتەکانی تری نادرێتێ، لەبەر ئەوە بە ڕای من ئەوەی 45٪ بەسەروەیەو 40٪ بەسەرەوەیە، عالئەقەل 35٪ لایەنی کەم بێ و لە 35٪ بەسەرەوە ئەو مافانەی پێ بدرێ کە لە ماددەی سێدا هاتووە، چونکە ئەگەر وەکو ئێستا بمینێتەوە تەنها حەقی خانەنشینی هەیە بە پێی ماددەی چوارەم، یان دەتوانێ لە وەحدەکی ئیداری ئیش بکات یان خانەنشین بکرێ، یەعنی ئیمتیازاتەکانی تری وەکو پەککەوتە نایدرێتێ، وەکو خانەنشینەکی ئیعتیادی خانەنشین دەکرێ، لەبەر ئەوە من 50٪ م پێ زۆرە و داوا دەکەم بکرێتە 30٪ یان 35٪، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکت لێ دەکەم کاك بەڵێن: لە 50٪ حاڵەتەکەی دەتوانی شەرح بکەی؟ یەعنی کێ لە 50٪ دەیگرێتەوە؟

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن) :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لیژنەی پزیشکی دیاری دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا من خۆم ئەوەم شەرح کرد، خۆم گوتم ئەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە دکتۆرن حاڵەتی وایان هاتووتە پێش، ئەگەر ئەوان مولاحەزەیەکمان بدەنێ لەسەر ئەوە؟ کاك د.فؤاد لە 50٪ یەعنی چی؟ لە 35٪ یەعنی چی؟

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له راستیدا له وەزارەتی تەندروستی لیستێك هەیە لەبارەی ئەوەی كە دەرەجاتی عیجز چ دەگرێتەوە؟ یەعنی ئەوە لەویٚ دیاری كراوە، پەنجەیەكی بڕا چەندە؟ چوار پەنجەی بڕا چەندە؟ دەستی تا ئانیشكی بڕا چەندە؟ یان هەمووو دەستی چەندە؟ لەبەر ئەوە ئیحتیاج ناكات بەو هەمو دوور و تەفصیلە، چونكە ئەوە هەمووی لەویٚ دیاری كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللاٌ ئەوەی من مولاحەزەی ئەكەم لە قانونەكەی بەغدا چاكتر چارەسەری ئەم كێشەیان كردووەو صیغەی موناسبتریان گوتووە، لێرە ئەوان ئەڵێن:اذا احیل العسكري لاسباب صحیة ناجمة عن الخدمة او بسببها، ولم یكن له ید في حدوثها و كان العجز كلیآ، فیمنح راتبآ تقاعدیآ وفقآ لاحكام البند الاول من المادة 53 . ئینجا تەحدیدی كردووە ئەگەر لەوە كەمتر بیٚ : تحتسب مدة خدمته التقاعدیة 15 سنة اذا كان اقل من ذلك. یەعنی تەحلیلی ئەوان تۆزیك فراوانترە و تەقریبەن هەمووو لایەك ئەگرێتەوە، ئینجا بۆ ئەوەی كە لە 50٪ تۆزێك شتی زیاتری بۆ خستۆتە سەر، ئەگەر موراجەعەیەكی ئەمە بكرێتەوە وا تێئەگەم شتێكی باشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەی دوو باسی پێشمەرگەی كەم ئەندام ئەكەین، لە تەعریفەكە هاتووە ئەڵیٚ: ئەگەر تووشی شتێك بوو كە مەنعی بكات لە ئەدائی عەمەلی، یەعنی ئیتر خۆی هەر بڵێین پێشمەرگەی معەوق حەقی راتبی تەقاعودی هەیە، دوایی لە ماددەكانی دواییدا حاڵەتەكانی شەرح كراوە، لە سەدا ئەوندە چۆن بیٚ؟ لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەمە زیادە، چونكە ئێمە شەرحمان كردووە لە تەعریفەكە، بڵێین پێشمەرگەی معەوق حەقی راتبی تەقاعودی هەیە، لە ماددەكانی دوایی ئەوە هاتووە، چۆن و دەرەجەكەی چۆن بیٚ و چۆن نەبیٚ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخەر ئەوە دەبیٚ تەقریری طبی تەئیدی بكات، مەسەلەن یەكێك هەیە لە 50٪ كەمترە، ئەگەر تەقریری طبی نەبێتن مومكینە زۆر كەس بێتن داوای تەقاعود بكات، بەڵاٚم تەقریر طوبیە كە دەڵیٚ ئیشی پیٚ دەكریٚ یان نا؟ دەتوانیٚ بەردەوام بیٚ لە ئیشەكەی یان نا؟

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە تەعریفەكە وتومانە: ئیشی پیٚ نەكریٚ، لە ئاخر جوملەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من د.هالە کردی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا کەس کاك ئاریز.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی یەکەمم ئەوەیە کە پشتیوانی کاك د.فؤاد دەکەم، لەلایەنی ئۆرگانی یان فەرمانی ئەوە وابزانم جێبەجێ کرا، بەڵام پرسیارێکم هەیە: من لە ماددەی پێشوو گوتم لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەر شانیدا پشتیوانی نەکرا، بەڵام کە گۆترا اداء الواجب پشتیوانی لێکرا، من نازانم بۆ چی بەعەرەبی وەقعی زیاتر بێ لە زەمانی کوردی کاتێ کە قسەی دەکەین؟ بەراستی من پرسیارم لەو برادەرانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ سەهو تێگەیشتووی، پشتیوانی لە قسەکانی تۆش کرا و چەسپا، بەڵام تۆ وا تەسەور دەکەی و، عەینی شت دەکات بەعەرەبیەکەی و بەکوردیەکەی، بەڵام من و کاك خەلیل رەنگە عەرەبیەکە باشتر بزانین، ئەوە مەوزوعێکی ترە، من پێم وایە مولاحەزاتەکان بۆ روونکردنەوە بوو زیاتر یەك کەلیمە نەبێتن، کاك د.نوری دوێنێ قەرارمان دا ئەوەی ناوی نەنوسیبێت، داوای لێبوردن دەکەم، يحال البيشمركة (حرس الاقليم) المصاب بعجز دائم، ئەوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ماددەی یەکەم بگونجێ بەدەنیەکە نابێت، على التقاعد في الحالتين التاليتين: یەعنی دەبێ دائیمیەکەی لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ماددەی یەکەم بگونجێت و مەبستمان ئەو کەسەیە کە لە ئەو دوو حاڵەتەیدا تەسبیت دەبێت، با بیخوێنێتەوە کاك عەونی ئەگەر هیچ مولاحەزەیەکتان نیە؟

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يحال البيشمركة (حرس الاقليم) المصاب بعجز دائم على التقاعد في الحالتين التاليتين:

أ- اذا بلغت درجة عجزه 50٪ فما فوق، و بموجب تقرير طبي صادر من لجنة طبية مختصة.

ب- اذا فقد احد اعضاءه الظاهرية من الجانب العضوي او الوظيفي مهما كانت درجة عجزه.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) تووشبوو بە پەککەوتنێکی بەردەوام لەو دوو بارەی خوارەوە خانەنشین دەکرێ:

أ- ئەگەر پلەی پەککەوتنەکەی گەیشتە 50٪ و بەرەو سەر، بە پێی راپۆرتێکی پزیشکی کە لە لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕیەوە دەرچووبێت.

ب- ئەگەر یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی لە لایەنی ئۆرگانی یان فەرمانی لە دەستدا بێت و پلەی پەککەوتنەکەی هەرچەند بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە، نوقتەی نیزامی هەیە کاك نوری، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی دارشتنەوە من بە هەڵەی ئەزانم، چونکە ئەڵێ (في الحالتين التاليتين)، واتا لە هەردوو حاڵەتەکە، ئەبێ بوترێ: يحال البيشمركة (حرس الاقليم) المصاب بعجز بدني او عقلي ،على التقاعد في حالة تحقق احدى الحالتين التاليتين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(احدى) ئیزافە بکەن،(او في احدى الحالتين)، جەنابت لە لێژنەکەی بووی هەر لە وێندەر ئیقتیراحت بکردبا ئەو ئیشکالەشمان نەدەبوو، وەڵلا ئەصڵەکەی باشترە کاك د.نوری، چونکە ئەگەر بڵێی في احدى الحالتين دەبێ بڵێین: او في كلتيهما، ئەصڵەکەی باشترە بەراستی، هەرچەندە جەنابت عەرەبی باش دەزانی، پێی ناوێ ئەوە دوو مەرجەع وایان گوت، دەیخەمە دەنگەوە کە وەکو خوێندرایەوە، کێ لە گەڵیەتی دەستی بڵندکا تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبووڵ کرا، بۆ ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

أ- بۆ پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم)ی کەم ئەندام مووچەیەکی خانەنشینی خەرج دەکرێ کە بە قەدەر دوا مووچە و دەرماڵەکانی دەبێ کە لە کاتی خزمەت کردنیدا وەریدەگرت، هەروەها دەرماڵەی کەم ئەندامیەکەشی بە پێی پلەی پەککەوتنەکەی بۆی خەرج دەکرێ.

ب- پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم)ی کەم ئەندام، کە لە مەیدانی کوشتاردا تووشی کەم ئەندامی بووە و، پلەی پەککەوتنەکەی گەیشتووتە 50٪ بەرەو سەرێ، پایەکی بەرز تری پێ دەدرێ و، مووچەی خانەنشینەکەی لەسەر بنچینەی پایە نوێیەکەی پێدەدرێ لەگەڵ خەرج کردنی پاداشتی تایبەت بە رێز لێنانەکەی لە ئەنجامی قارەمانیەتی نواندنی لە مەیدانی کوشتاردا.

ج- ئەو پێشمەرگە زێرەڤانی هەرێمەی کە لە 100٪ تووشی کەم ئەندامی بووە لە مەیدانی کوشتاردا، دوو پایەی بەرزتری پێ دەدرێ و مووچە و دەرماڵە تایبەتیەکان بە رێز لێنانی سەبارەت بە نواندنی قارەمانیەتەکانی لە مەیدانی شەڕ و کوشتاردا بۆی خەرج دەکرێ.

د- هەموو ئەو پارانەی کە لە دوا مووچەی لە ماوەی 18 مانگەوە وەریدەگرت، وەك پاداشت بە یەك جار بۆی خەرج دەکرێ.

هـ- ئەو پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمە) کەمئەندامە کە برگەی (ب) لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، دەرماڵەی کەم ئەندامی بە 50٪ ی هەمووی مووچەکەی بۆ خەرج دەکرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

أ- يصرف للبيشمركة (حرس الاقليم) المعوق، راتباً تقاعدياً يساوي اخر ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات اثناء خدمته، كما تصرف له مخصصات المعوق وحسب نسبة درجة عجزه.

ب- يمنح البيشمركة (حرس الاقليم) الذي اصيب بعوق في ساحة القتال، وبلغت درجة عجزه 50٪ فما فوق، رتبة اعلى وتصرف راتبه التقاعدي على اساس الرتبة الجديدة مع صرف المكافآت الخاصة بتكريمه نتيجة البطولات التي خاضها في سوح القتال.

ج- يمنح البيشمركة حرس الاقليم المصاب بعوق بنسبة 100٪ في ساحة القتال، رتبتين اعلى ويصرف له الراتب والمخصصات الخاصة بتكريمه بسبب البطولات التي خاضها في سوح القتال.

د- يصرف له مجموع ماكان يتقاضاه من اخر راتب خلال 18 شهراً كمكافأة ولمرة واحدة.

ه- تصرف للبيشمركة (حرس الاقليم) المعوق المشمول بفقرة (ب) من المادة الثانية من هذا القانون، مخصصات المعوق بنسبة 50٪ من الراتب الكلي .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستتان خۆش بەراستی، وەللاهی زۆر رێك و پێکە، وەزارەت و لێژنەی قانونی و لێژنەی پێشمەرگە دەستتان خۆش بێت، ناوتان بنووسن، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من لە ماددەی سێ لەسەر فەقەرە(ب) ئەڵێ لە مەیدانی کوشتار، کوشتار نازانم خۆ قەصابخانە نیە؟ کوشتار هەر بەو مانایە دێت با بگۆردرێت بکرێتە مەیدانی جەنگ باشترە نەك کوشتار، شەر و پێکدادان باشترە لەوەی لە مەیدانی کوشتار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا منیش هەر پرسیارێکم هەیە، فەقەرەی (ا) بۆ پێشمەرگەی کەمئەندام مووچەیەکی خانەنشینی خەرج دەکرێ کە بە قەدەر دوا مووچە و دەرماڵەکانی دەبێ کە لە کاتی خزمەت کردنیدا وەریدەگرت، یەعنی پێشمەرگە هەیە لە هەشتایەکان مەسەلەن تووشبووە مووچەی ئەو کاتی بۆ حیساب دەکرێ؟ ئەوەی

ئێستا پێشمەرگە هەیە کەم ئەندامە مومکینە بەراستی 150000 هەزار مەعاشی کەم ئەندامی وەردەگرێ، یەعنی چۆن حیساب دەکرێ؟ ئەوە لەلای من روون نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆی شەرح بکەن دوایی ئێستا نا، کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی کاك بەڵێنم هەبوو، لەسەر ئەو دوا مووچەیەی کە هەیە لە کاتی پێشمەرگایەتیدا 50 دیناری هەبوو، ئێستا چی بۆ سەرف دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من هەر تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی (ا)، بۆ ئەوەی کە لە مەیدانی شەڕدا تووشی پەککەوتن نابێت، بەڵکو هەر پێشمەرگەیەك لە ئەسنای خدمەی خۆیدا بە هەر حادیسەیەك تووشی پەککەوتن دەبێت، بۆ بڕگەی (ب وج) زۆر باشە، بەڵام کە سەیری دەکەی و موقارەنەیان ئەکەی لەگەڵ یەکتری ئەمەش هەر دیسان هەمان پێشمەرگەیە، ئەمەش بۆی هەیە هەر وەکو ئەوان دەچێتە مەیدانی شەر، بەڵام لە شەنسی ئەو، ئەو لە مەیدانی شەر وای لێنایت، بە حادیسەیەکی دیکە یان لە کاتی ئیجازەکەی تووشی حادیسەیەك ئەبێ و هەر ئەو پەککەوتنەی بەر ئەکەوێ، ئینجا پێم باشترە بۆ ئەوەی زیاتر عەدالەت رچاو بکرێت، ئەمەش ڤەیناکا با فەرقیان هەبێت، بەڵام هەر پایەیەکی بۆ بەرزتر بکرێت و دەرماڵەی کەم ئەندامیەکەشی بە پێی پلەی پەککەوتنەکەی بێت، هەر دیسان جیاوازی دەبێ لەگەڵ خاڵی (ب و ج)، بەس با پایەیەکی بۆ بەرز بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پرسیاری کاك بەڵێنم هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم دەقە بخوێنینەوە بەراستی ئەمانباتەوە بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ساڵی هەشتاکان کەم ئەندام بوون، ئەو کاتە پێنج دینار و دە دینار مووچە بوو، ئەگەر ئەم نەصە ئەوها بەو شێوە بڕوا، ئەگەر ئەسنای خیدمەن لەکاتی خزمەت کردندا ئەو کاتە ئەگرێتەوە، راستە هەندێ پێشمەرگەی کەم ئەندام هەیە ئێستا مووچەی هەبێ، ئەکرێ ئێمە موعالەجەی ئەو مەوزوعەی بکەین بەو مووچەی کە ئێستا هەیە بەراستی .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ مەعلوماتتان ئەوە، هەموو ئەوانە ئێستا مووچەیان تەعدیل کراوە لەبەر ڕۆشنایی مووچەی ئێستا، هیچ کەسێك 5 دینار و 10 دینار نەماوە ، دوایی هەمووتان جوابتان ئەدەنەوە، کاك ئاریێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەندێك زاراوەو ناو هەیە بۆیتە بەشێك لە کەلتووری مێژوویی ئێمە، حەقە ئێمە زۆر داکۆکی لێبکەین و بیانهێنینەوە، بە تایبەتی هەندێك زاراوەو ناو هەیە بۆێتە بەشێك لە مێژووی ئێمە وەکو پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی و ئازایەتی و چالاکی و هەموو ئەو وشانەی کە هەیە، حەقە ئێمە بیپارێزین، ئێمە زیاتر پشت بە توراس و کەلتووری خۆمان بگرین کە مێژوویەکی دوور و درێژمان هەیە، نەك بەکارهێنانی دەستەواژەی عەسکەری هی عیراقی یان بەریتانی یان فەرەنسی ئەوانەی بەکارهاتووە، منیش هەر پشتیوانی لە قسەکانی کاك اسماعیل دەکەم، یەعنی بەراستی مەیدانی کوشتار لە ژیانی پێشمەرگایەتی بڕوا ناکەم کەس بەکاریهێنابێ، جا لە هەندێ شوێندا بە غەڵەتیش بەکار هاتووە، بۆ نموونە لە (ب) پێشمەرگە کە لە مەیدانی ئەوە کردمانە مەیدانی شەڕ، ئەوە ئەزانین، وا باشترە لێرە بنووسین لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی، وا باشترە وەکو کاك شێردڵ باسی کرد، ڕەنگە کیمیاوی لێیدابێ، یان لە چالاکی پێشمەرگە بووبێت، لە هەندێ شوێن چالاکی دەوێت و لە هەندێ مەیدانیش شەڕی دەوێ و لە هەندێ جێیش ئازایەتی دەوێ، بەهەر حاڵ پێم باشە ئەو زاراوانە ئێمە پێی لەسەردا بگرین، بە تایبەتی ئێمە نەوەیەکین رابوردوو بۆ داهاتوو دەگوازینەوە، یەعنی لەمەودوا نەوەکانی ئێمە پشت بەو یاسایە دەبەستن، یەعنی حەق نیە ئێمە لەبیریان بکەین، بەراستی زۆر موهیمن ئەو شتانە لەبەر چاومان بن، یەکێکی تر هەیەدیارە ئەوە هەمووی لە خزمەتی پێشمەرگەی کەم ئەندامە کارێکی باشە، بەڵام لە شوێنێك بە روونی دیار نیە، پێشمەرگە هەیە دوو پەنجەی لەدەست دەدا، ئەویش باسکرایە بە غامزی ، بەڵام من تۆزێك روونم کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەویش مافی نەخورێتن، دوو پەنجەی لەدەست دەدا، گوێیەکی لەدەست دەدا، شتێکی لە دەستدەدا، ئەویش پلەیەکی هەیە، ڕەنگە پلەکەی پێنج بێ، من هەر لێرە پێشنیار ئەکەم هەر لەگەڵ ئەوانە بێت ، یەعنی بڕگەیەکی تر یاد بکەین، کەم ئەندامێك کە ڕێژەی لە 5٪ بەسەرەوە بە پێی پلەی کەم ئەندامیەکەی، بە شێوەیەکی ڕێژەیی واتا 5 یان 10 یان 15 و ئەوانە مووچەیەکی دیاریکراوی بۆ بڕایەتەوە، ئەوە هاتیە لە دوایی هاتیە، بەڵام لەگەڵ ئەو ماددانەی کە ئێستا باسی مووچە ئەکەن باشترە بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك شتت لە بیر نەچێتن ئەوە قانونی تەقاعودیە، خانەنشین کردنە، ئەوە پەنجەیەکی هەبێ یان دوو خۆ خانەنشین نەکراوە، بەردەوامە لە خزمەت.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێران دراوسێمانە و زۆر شتی باشیشیان کردیە، من ئەوەی بزانم لەوێندەر ئەوەی لە 2٪ی لەدەستدایە، مامۆستایە، بەڵام لە کاتی عەسکەری لە 5٪ لەدەستدایە مووچەیەکی تایبەتی بۆ بڕاوەتەوە کە کارێکی زۆر باشیان کردیە بەڕەئی من، ئێمەش حەقە چاویان لێبکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر بڕگەی (ب و ج) هەمان ڕەئی ڤیان خانم هەیە، چونکە ئەگەر ئەو دووانە چاك نەکەین ماددەی یەکەم ئەشواتەوە بەراستی، لەسەر بڕگەی (هـ) ئەو لە 50٪ کەم بەڕاستی، ئەگەر کەم ئەندامێك بڕگەی دوو لە (هـ) شموولی بکات، ئەوە 50٪ کەمە، بکرێتە 75٪، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی ئەوەی کە دەڵێ 50٪ پێی وایە لە 50٪ مووچەی 100 دینارە 50 دینارە، ئەگەر 50 دینارە 25 دینارە؟ ئەوە ئیشەکی طبیە ، کەلیمەیەکی طبیە، لە 50٪ کاك د.فؤاد شەرحی کرد، لائیحەیەك هەیە، شتێك هەیە، کە وتت لە 50٪ دێتە پێشت ئەوە تا چەند ئیشی پێ ئەکرێتن؟ لە 50٪ تەقریر طبییەکی دەکات، مومکینە لە 80٪ ئیشەکەی پێ ئەنجام بدرێت، کاك محمد حەکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وەڵامی هەندێك لەو مولاحەزاتانەی کە کرا بدەنەوە، فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی مووچە، ئەصڵەن پێشمەرگە قەت مووچەی نەبووە، هەتا لەسەر مووچە کۆنەکەی تەحدید بێ، هەمیشە یارمەتی بووە، جا دینار بووە، دوو دینار بووە، سێ دینار بووە؟ بەو شێوەیە لە شۆڕش مووچە بووە، ئێستا خۆی وەزارەتی پێشمەرگایەتی قانونێکی تایبەتی هەیە بۆ مووچە و سیستەمێك دەڵێ لەگەڵ سیستەمی عیراق دەگۆڕین، زیاد بکات ئێمەش زیاد دەکەین، ئەوان خۆیان هەتا ئەو شتانەی هەیە ئێستا لە هێزی پێشمەرگە مووچەیان تەحدید کردیە و هەتا فیئەکانیشیان دانایە، ئێمە بە هەر هەمووومان هەوڵدەدەین کە کەسمان مەغدور نەبێ، بە نیسبەتی ئەو فەرقەی داماننایە لە بەینی مەیدانی شەر و غەیری مەیدانی شەڕ، ناکرێ ئێمە ئەو پێشمەرگەی لە مەیدانی شەڕ تووش بووە بەراستی وەکو ئەوەی دانێین کە بە نەوعێکی تر تووش بووە، نەوعێکی تر چۆنە؟ مەسەلەن یەکێك ماددەیەکی موخەدیر دەخوات و لە شوێنێکدا بەردەبێتەوە، شتێکی لە دەست دەدات، ناکرێ ئەوە وەکو پێشمەرگە حیسابی بکەین، یاخود یەکێك سەیارە لێدەخوڕێ و دەعم دەکات، بۆ چی ئەوە وەکو پێشمەرگەی مەیدانی شەڕ بێ؟ دوایی برادەرینە پێشمەرگەی مەیدانی شەڕ، دوێنێ کاك ئارێز شتەکی باشی گوت، گوتی ئێمە موعاناتی پێشمەرگەمان هەبووە، پێشمەرگەمان هەبووە لە سێ شۆڕش بەشداری کردووە، چەندین جار بریندار بووە، ناردیتیانە سەر شاخ، خۆی گوتیتی بمنێرنە سەر شاخ، کە زانیتی تۆپ و کیمیاوی و هەموو شتی پێوە دەنێن، یەعنی لە تەئریخی پێشمەرگە پێی دەڵێین ئینسانێکی مودریك بە خۆی ئەم ڕێگایە، هەڵبژاردووە،

یەعنی خۆی دەیزانی کە دەچێتە سەر ئەو شاخە دەکوژرێ و هەڵیبژاردووە، خۆ کەس بە زۆر نەچووە، لە کاتێك دەیتوانی نەچێ، بەڵام چوویتە ئەوێ و تووشی عیجزەك بووە، ئێ خۆ دەبێ ئەوە تەفزیل بکەین لەسەر یەکێك کە لە سەیارە دەعمی کردووەو لەگەڵ یەکێك کە وەرگەرایە یان یەکێك دارێك بەربوویتەوە سەری، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو فەرقەمان دانایە، چونکە بەراستی پێشمەرگە کەم ئەندامەکانیش و کەس لێمان قبوڵ ناکات ئەگەر ئەو فەرقەی دانەنێن، هیچ پێشمەرگەیەك لێمان قبوڵ ناکات، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو فەرقەمان دانایە و داواش دەکەم ئێوەش وەکو ئێمە ئەو رەئیەتان هەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزاکانتان هەندێکی لەبەر ئەوە بوو کە سوء فەهم هەبوو، ئەگەر نا من پێم وایە ئەو ماددەیە زۆر بە دیقەت داندرایە و زۆر بە دیقەتیش داڕێژراوە و کوردیەکەشی یەك کەلیمە هەبوو ئەویش شەڕ و پێکدادانەکە چاك بکرێتەوە ئەوەی باس کرا، من وەکو خۆی دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی دەستی بڵند کا تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبوول کرا، زۆر سوپاس و پیرۆزیشە ئینشاالله، بۆ ماددەی چوارەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)ی کەم ئەندام، کە پلەی پەککەوتنەکەی لە نێوان 25٪ و 49٪ و یەکێك لە ئەندامانی بەدەرەوەی لە دەست داوە، دەنێردرێ بۆ یەکێك لە دێیە جێگیرەکانی پێشمەرگەی کوردستان(زێرەڤانی هەرێم)، یاخود بە پێی یاسای خزمەت و خانەنشینی پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم)، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بەپێی داواکردنی خۆی دەبێ .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: يحال البيشمركة (حرس الاقليم) المعوق الذي تتراوح درجة عجزه بين 25٪ و 49٪ ، عدا الذين فقدوا احد اعضاءهم الظاهرية الى احدى الوحدات الثابتة الخاصة بفصائل بيشمركة كوردستان(حرس الاقليم)، او يعامل بموجب قانون خدمة و تقاعد البيشمركة (حرس الاقليم)، بناءاً على طلبه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ماددەیەکی زەروریە و زۆر بە دیقەتە، دیسان دەستتان خۆش بێت، ئەگەر دەتانەوێ بڕەك روونی بکەمەوە بۆ ئەوەی کەمتر قسەی لەسەر بکەن، ئەوەی دەرەجەی عیجزی لە 50٪ کەمترە، بە پێی : دیارە لێرە نیشانی دەدات ئەوەی دەرەجەی لە 50٪ کەمتر بێت دیارە توانای ئیشیان هەیە، بۆیە نەقل دەکرێن بۆ وەحداتی سابیت، یەعنی نانێردرێن بۆ شەر، بەڵام ئەگەر خۆی داوای کرد تەقاعود بێت بە پێی قانونی تەقاعودی پێشمەرگە خانەنشین دەکرێ و حەقی تەقاعودی هەیە، پێم وایە زۆر دەقیقە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەراستی جەنابیشتان ئیشارەتتان پێدا حەقی خۆیەتی و دەست خۆشی لە وەزارەتی پێشمەرگە بکەین لەگەڵ هەردوو برایانی لێژنەی یاسایی و لێژنەی کاروباری پێشمەرگە، بەراستی ئەم یاسایە یاسایەکی زۆر موتەکامیلە و زۆر جانبی گرتووتەوە و دەست خۆشیان لێدەکەین، بێگومان ئەم ماددەیەش ماددەی چوارەم جەنابیشت روونت کردەوە گرنگی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ئەمەش ئەبێتە هاندانێك بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە دەرەجەی کەم ئەندامیەکەیان لە خوار 50٪، من تەنها پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەوانەی کە دەنێردرێن بۆ یەکێك لە یەکە تایبەتیەکانی هێزی پێشمەرگە لەوێ خزمەت دەکەن، ساڵانی خزمەتیان ساڵێکیان بۆ بە دوو ساڵ حیساب بکرێت بۆ ئەوەی هەم بۆ خانەنشینی نزیك ببێتەوە و هەم ئەمەش ئیمتیازێك بێ بۆ تەشجیع کردنی زیاتریان کە ئەو غیرەتە دەدەنە بەر خۆیان، دوایی بریندار بوونێکی کەمیش دەگەڕێنەوە بۆ ئەوێ، ئەمە یەکەم، دووەم: لە ماددەکانی پێشوو چەند برادەرێکی بەرێزمان باسی وشە و دەستەواژەی کوردواریان کرد کە ئێمە دەبێ بیپارێزین، وشەی پێشمەرگە وشەیەکی پیرۆزە، هەمووومان دەبێ پشتگیری لێبکەین، بەڵام ئێمە بەرەو دامەزراندنی جەیشێکی نیزامی دەڕۆین و بەراستی دامەزراندنی ئەو جەیشە نیزامیە کۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی نیزامی تایبەتی دێنێتە کایەوە، کە ئێمە نابێت پێی ئیستیفزاز بین، بە پێچەوانەوە من پێم وایە بۆتەنزیم کردنی هێزی پێشمەرگەی ئێمەیە، ئەوەی کە دوێنێ پێشمەرگەی شاخ بووە ئەمڕۆ بەرگری لەو دەستکەوتووانە دەکات، بە شێوەیەکی نیزامی تر، بۆیە من یەعنی بەش بە حاڵی خۆم هەر چەندە وشەی پێشمەرگە زۆر لە لامان پیرۆزە و تا هەمیشەش هەوڵدەدەین پارێزگاری لە بەرزی مانا و ئەو وشەیە بکەین، بەڵام کۆمەڵێك موستەڵەحات و دەستەواژەی نوێی عەسکەری کە دێتە کایەوە، ئێستا بەڕای منەوە ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە، ئەوە یەکێ لە یاساکانی پێشمەرگە جێی بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیختیارێك دراوە بە پێشمەرگەی موعەوق کە ڕێژەی پەککەوتەکە لە 25٪ ـ 49٪ بێت، کە بۆی هەیە لە وەحدەی سابیتە بێت یان خانەنیشین بکرێت بە گوێرەی یاسای خانەنیشینی پێشمەرگە، لێرەدا ڕێژەی پەککەوتەکە هیچ بە ئیعتیبار وەرنەگیراوە، پێشمەرگەیەو بە گوێرەی خانەنیشینی موعەوقیش نەبێت هەر خانەنیشین دەکرێت، حەقە ئیمتیازێکی بدرێتێ، لە جیاتی ئەو پەککەوتەییە کە 25٪ ـ 49٪ یە، فەرقی چیە؟ لەگەڵ پێشمەرگەیەکی ئاسایی کە خانەنیشین دەکرێت بە پێی ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقەکەی ئەوەیە، عەفوم دەکەی، ئەوەی کە داوای خانەنیشینی دەکات، فەوقی ئەوەی خانەنیشینیەکەی وەردەگرێت، قودرەتی ئیش کردنیشی هەیە، بۆیە دەڵێت لە وەحداتی سابیتە دەوام بکات، دەتوانێت بنووسێت، لەبەر ئەوەی حەقی خانەنیشینی دەدەیتێ لە دەرەوە قودرەتی ئیشی هەیەو دەتوانێت ئیش بکات، دەتوانێت بێت و بڕوات، وەکو ئەوە نیە پەککەوتوو بێت، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تێبینیم لەسەر دەقەكەی نیە، بەڵام كوردیەكە و عەرەبیەكەی فەرقێكی تێدایە، لە عەرەبیەكە ئیستیسنای داوە، كە دەڵێت: (كل بیشمركة معوق ودرجة عجزه بین 25٪ او 49٪ ما عدا الاشخاص) ئەو ماعەدایە لە كوردیەكە نەهاتووە، لە كوردیەكە دەبووایە بڵێت (جگە لەوانەی) بۆ ئەوەی موتابق بووایە لەگەڵ عەرەبیەكەی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك سعدالدین فەرموو.**

**بەڕێز سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رەئیەكەم لەگەڵ رەئیەكەی مام رەشادیە، دەڵێت (یحال البیشمركە ـ حرس الاقلیم المعوق الذی تتراوح درجة عجزه بین 25٪ ـ 49٪ عدا الذین) ئەو عەدایە لە كوێ هاتووە؟ ئەگەر كوردیەكەش بخوێنیەوە، لە كوردیەكەی دەڵێت: پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێمی كەم ئەندام، كە رێژەی پەككەوتەكەی لە نێوان 25٪ ـ 49٪ یەكێك لە ئەندامانی ئەوەی لە دەست داوە، لە كوردیەكەی هیچ ئیستیسنای تێدا نیە، عەدایەكەش لە عەرەبیەكەی ئیستیسنایە، لەبەر ئەوە، جەنابی سەرۆك لە جیاتی (عدا الذین)، بڵێین: (یحال البشمركة - حرس الاقلیم.....من الذین فقدوا احد اعضائهم الظاهریة)، چونكە لە كوردیەكەی ئەو ئیستیسنایەی تێدا نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێردڵ فەرموو.**

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرررۆكی ئەنجومەن.**

**ڕاستە ئێمە خۆشمان ئەوەمان داناوە، بەڵام ئەوەی زاهیری ڕێ ناگرێت، یەعنی كە نووسیومانە (احد الاعضاء الظاهریة) بەعزێك جار ڕێگا ناگریت، یەعنی ئێستا ئەوە جەنابی وەزیر لێرەیە، فریق علی، كاتی خۆی حمە زیاد دەستێكیشی نەبوو، خۆت دەزانی چ پێشمەرگەیەكی ئازا و سەرلقێكی ئازا بوو، مورشید دەیام یەك چاوی نەبوو، بە خۆشت دەزانی چ پێشمەرگەیەك بوو، یەعنی ئەگەر دەسكاری بەس ئەوە بكەین. مەبەستم ئەوەیە ئەو عەدایەیەی تێدا نەبێت، چونكە هەندێكیان دەتوانن ئیش بكەن.با وەكو كوردیەكە بێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ملاحەزەكەت بە جێیە، من ئەوەی دەخوێنمەوە، بزانم رەئی جەنابی هەر دوو وەزیر چیە؟ بە عەرەبیەكەی دەخوێنمەوە ( یحال البیشمركة ـ حرس الاقلیم المعوق الذی تتراوح درجة عجزه بین 25٪ ـ 49٪ الی الوحدات الثابتة بفصائل بیشمركة كوردستان - حرس الاقلیم - او یعامل بموجب قانون خدمة وتقاعد البیشمركة ـ حرس الاقلیم بناء علی طلبه) ئەوەی تر هەمووی زیادەیە، ئێستا بیخوێننەوە بە كوردی و عەرەبیەكەی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونى فەرمووە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الماده 4: يحال البيشمركة ـ حرس الاقليم المعوق الذى تتراوح درجة عجزه بين 25٪ ـ 49٪ الى الوحدات الثابتة الخاصة بفصائل بيشمركة كوردستان ـ حرس االاقليم او يعامل بموجب قانون خدمة وتقاعد البيشمركة ـ حرس الاقليم بناء على طلبه .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالكريم فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 4: پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم)ە كەم ئەندام پلەی پەككەوتەكەی لە نێوان 25٪ ـ 49٪ وەیەكێك لە ئەندامانی دەرەوەی لە دەست داوە دەنێردرێت بۆ یەكێك لە یەكە جێگیرەكانی تایبەت بە هێزی پێشمەرگەی كوردستان (زێڕەڤانی هەرێم) یاخود بەگوێرەی خزمەت و خانەنیشینی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێم) مامەڵەی لەگەڵ دا دەكرێت و ئەمەش بە پێی داواكردنی خۆی دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك كاكە  لە كوردیەكە خوێندیەوە، ئێمەش هەم لە عەرەبیەكە لامان برد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدين فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو ئەعزای زاهیریەكە لاببەین،خەلەل لە ماددەكە دروست دەبێت، وەكو كاك شێردڵ باسی كرد، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئەوانەی كە ئەعزای زاهیریان لە دەست داوە، ئەوانە ئیحالە دەكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێردڵ زۆر جوان شەرحی كرد،  لەسەر شەرحی ئەوە ئێمەش قەناعەتمان پێی هەیە، لەبەر ئەوە ئەوەی دەمێنێتەوە دەوەستێتە سەر خۆی، ئەگەر ویستی خۆی تەقاعود بكات، ئەوا باشە، ئەگەر نا بەردەوام دەبێت لە خەباتی و لە ئیشەكەی. ئەوەش هەمووی دەگرێتەوە ئەعزای زاهیریەكەی، بەهەر حاڵ تەقریر

**توبیەکەی کە هین کرا هەمووی دەگرێتەوە، ئەو ماددەیە وەکو خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینە پەسەند کرا.**

**کاک عبدالکریم فەرمووو.**

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی 5: پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم)ی کەم ئەندام، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوەو بە شەهید تۆمار دەکرێت، ئەگەر کۆچی دوایی کرد، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ا ـ ئەگەر تووشی کەم ئەندامی هاتبوو لە کاتی شەڕو پێك دادان، دۆسیەکەی ڕەوانەی وەزارەتی کاروباری شەهید و ئەنفالکراوەکان دەکرێت، بۆ پاشە نیشینیەکانی مووچەو دەرماڵەکانی خەرج دەکرێت، هەروەها دەرماڵەی تایبەتی بە لە دەست دانیشینی پێ دەدرێت، لەسەر ئەو شێوەیەیەی کە پێش کۆچی دوایی وەریدەگرت.**

**ب ـ ئەگەر لە کاتی خزمەت کردنی تووشی پەککەوتەیی بوو، ئەوا دۆسیەکەی دەنێردرێت بۆ وەزارەتی کاروباری شەهید و ئەنفالکراوەکان، بۆ ژن و ڕۆڵەکانی ئەو مووچەو دەرماڵەیە خەرج دەکرێت، کە پێش کۆچی دوایی وەریدەگرت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک عونی فەرمووو.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 5: يسجل البيشمركة - حرس الاقليم المعوق المشمول باحكام هذا القانون، شهيدا في حالة وفاته وبالشكل التالي:**

**ا ـ اذا كان قد اصيب بعجز نتجة اصابته اثناء المعارك المسلحة فتحال اضبارته الى وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين، وتصرف لخلفه الرواتب والمخصصات وكذالك المخصصات الخاصة بفاقدني الاعضاء على غرار ما كان يتقضاه قبل وفاته.**

**ب ـ اذا كان قد اصيب بعجز اثناء الخدمة او بسببها فتحال اضبارته الى وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين ويصرف لخلفه الراتب والمخصصات التى كان يتقاضاه فقط قبل وفاته.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک عونی (فقط) زیادەیە، ئەو کەلیمەی ئەخیر پێویست ناکات، کەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە، وازحە. (اثناء المعارك) مەبەستی لە ساحەی شەڕە، (المسلحة) لاببەن، ئەوەی پێویست ناکات، کاک غفور فەرمووو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەگەر لە بڕگەی (ب) یەك وشەی تریش بگۆڕین، لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردی ژن و منداڵ دێت، نەك ژن و ڕۆڵەکانی، باشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەو ماددەیە تەنیا گۆڕینی كەلیمەی ( المسلحة) لە (ا) و لە (ب) (فقط) شەتب دەكرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ بە كۆی دەنگ قەبوڵ كرا. ماددەی 6 تكایە؟ كاك عبدالكریم فەرمووو.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 6:

ا ـ پێویستە دەزگا پەیوەندارەكان پێویستیەكانی ژیان و حەسانەوە، بە جۆرێك فەراهەم بكەن كە لەگەڵ پەككەوتنەكەی پێشمەرگەی زێرەڤانیدا بە پێی ڕێنماییەكانی كە بۆ ئەو مەبەستە دەردەچن بگونجێت.

ب ـ ئیشێكی یارمەتیدەر دادەمەزرێت بۆ پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێم كە پەككەوتەكەی بە تەواوی 100٪ ە تووش بوونی بە شەلەلی تەواو، قاچەكانی لەسەرەوەی چۆكی یاخود دەستەكانی یان چاوەكانی لە دەست داوە، یاخود لە كاتی تووش بوونی بە نەخۆشی شیزۆفیرینیا.

ج ـ حكومەتی هەرێم بەرپرسی چارەسەركردنی كەم ئەندامی پێشمەرگەی زێرەڤانی دەگرێتە ئەستۆ لەگەڵ نواندنی ئەركی گەڕاندنەوەی بە شێوەیەكی سروشتی بۆ ناو كۆمەڵگا.

د. مووچەی پێشمەرگەی زێڕەڤانی هەرێمی كەم ئەندام بە هەمان زیادەی كە بەسەر پێشمەرگەی بەردەوام لە خزمەت زیادە دەكرێت لە باری هەر گۆڕانكاریەك لە سیستەمی مووچەكان بە پێی پلەو پایە روو دەدات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 6:

ا ـ على المؤسسات ذات العلاقة توفير ضرورات الحياة واسباب الراحة بشكل ينسجم مع عجز البيشمرگه - حرس الاقليم المعوق وفق تعليمات تصدر بهذا الغرض.

ب ـ يعين للبيشمركة حرس الاقليم ذي العجز الكامل 100٪ معين اذا اصيب بشلل تام او فقد طرفين من فوق الركبة او فقد اليدين او فقد عينين او الاصابة بمرض انفصام الشخصية بسبب الاصابة.

ج ـ تتحمل حكومة الاقليم مسؤولية علاج المعوق من البيشمركة ـ حرس الاقليم وتأهيله وبذل الجهود لغرض اعادته بصورة طبيعية الى المجتمع.

د ـ يزاد راتب البيشمركة ـ حرس الاقليم المعوق بنفس الزيادة التى تطرأ على راتب البيشمركة المستمر فى الخدمة فى حالة اى تغيير فى نظام الرواتب وفقا للدرجة والمنصب.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لقی ا كە دەڵێت: (وفق التعليمات) زیادەیە، ئەوە تەحسیل حاسڵە، دوایە ئەشكالەتێك هەبێت، چ تەعلیماتەك نەهاتووە، واجبی هەموو موئەسەساتێكە هاوكاری كەم ئەندام بكەن و ئەو قانونە جێ بە جێ بكەن، بۆیە بە بێ تەعلیماتیش هەر واجبە، لە لقی (ج) (لغرض اعادته بصورة طبيعية) شەرت نیە بتوانین لەوانەیە (لغرض مساعدته) بێت، كەس ملاحەزەی هەیە لەسەر ئەوە.

کاك جوتيار فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من یەك پێشنیارم هەیە، ئەو كەسەی كە دادەندرێت بۆ پەككەوتنەكەی كە پەككەوتنەكەی 100٪ بێت، من پێشنیار دەكەم ئەو 100٪ ەكە كەم بكرێتەوە بۆ 80٪ و ئەوانە، چونكە بەڕاستی كەسێكی ئاسایی تر كە پەككەوتەی 100٪ بێت حەقی ئەوەی هەیە كە كەسێكی بۆ دابندرێت بۆ هاوكاری كردن و یارمەتی دانی ژیانی، ئەو كەسە ئەگەر تێكۆشەر بێت و لە مەیدانی شەڕو ئەوانەدا وای لێ هاتبێت، ئەفزەڵیەتێكی زۆری هەبێت، بۆیە من پێم باشە ئەو 100٪ كەم بكرێتەوە، وەك پێشنیارێك دەیلێم، چونكە بە ڕاستی ئەو جیاوازی ناكات لەگەڵ كەسێكی تری ئاسایی دا كە تووشی كەم ئەندامی بوو بێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە چارەسەر كردنی كەم ئەندام كە بە پێی بڕگەی (ج ) لەسەر ئەستۆی حكومەتی هەرێمە، ئەو لە ماددەی 8 بڕگەی (ا) لە ئیمتیازاتی كەم ئەندام باس كراوە، بۆیە لێرەدا وابزانم هەڵبگیردرێت باشە، چونكە لەو ماددەیە ئیمتیازاتی كەم ئەندامی تێدایە، (چارەسەركردنی خۆڕایی لە نەخۆشخانەكان كە دەكەوێتە ئەستۆی حكومەتی هەرێم) وە لە بڕگەی (ب) كە دەرەجەی عەجز دیاری كراوە، پێویست ناكات بەو تەفاسیلە باس بكرێت تەنها ئیكتیفا بكەین بە تەحدید كردنی دەرەجەی عەجزەكە لە بڕگەی (ب)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە ماددەی 8 كە وا دەڵێت یەك حاڵەت دەگرێتەوە، ئیحتیماله پێویستی بە دەرەوەی وڵات بێت، لە ماددەی 8 ئەوە علاج ناكات، ئەوە بۆ تەئكیدە شتێكی وا نیە. د. رمضان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی (ب)ەوە، كە دەڵێت: یەكێكی یارمەتیدەر دادەمەزرێنێت بۆ پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێم كە پەككەوتەكەی 100٪ بێت، یان لە كاتی تووش بوونی بە شەلەلی ئەوە تووش بوونی 100٪، لە نەخۆشیە دەروونیەكان بەس باسی شیزۆفیرینیا كراوە، باسی هەر نەخۆشیەكی تر كە لیجانی پەیوەندار بە پێویستی دەزانن یارمەتیدەری بۆ دابنێن، هەر نەخۆشی شیزۆفیرینیا نیە، هەر نەخۆشیەكی كە پەیوەنداریش هەیە، بڕگەی (ج) كە دەڵێت حكومەتی بەرپرسی چارەسەرو گەڕانەوەیەتی، نەك بۆ ژیانی تەبیعی، بۆ نموونە ئەندامێكی لە دەست داوە، بە ئەندامی صناعی محاوەلە دەكەی هەر چۆنێك مومكین بێت ژیانی بۆ حاڵەتێكی تەبیعی ببەیتەوە، دەسكردەی دەوێت، عارەبانەی دەوێت، یان هەر وەسائیلێكی تر كە ڕای بهێنیتەوە بۆ حاڵەتێكی نزیكی ئاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش تێبینی دەكەم لە دەست نیشان كردنی نەخۆشی شیزۆفیرینیا بوو، یەعنی مەفروز وانیە كە وا تەحدید بكرێت، پێم چاكترە نەخۆشیە دەروونیەكان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارێكم هەیە لەسەر خاڵی (ج) دابوو، ئەو كەم ئەندامانەی كە چارەسەریان لە ناوەوەی هەرێمە، ئەی ئەوانەی كە پێویستی بە دەرەوەی وڵاتە؟ بەس لە خاڵی 8، ئەگەر پێویست بكات دەنێردرێتە دەرەوەی وڵات، ئەوە ئاماژەی پێ نەدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی من لە برگەی (ب) كە باسی (انفصام الشخصیە) دەكات، نەخۆشی تریش هەیە، پشتگیری لە رەئیەكەی د. رەمەزان دەكەم، ئامرازی نەفسیش هەیە، وەكو كەئابە كە وای لێ دەكات خۆی بكوژێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم بگوترێت ( الامراض النفسیة والعقلیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە خاڵی (ا)دا بەڕاستی ژینگەی وڵاتی ئێمە لە گەڵ كەم ئەندامان دا دۆست نیە، تۆ ئەبینی كام بینای تازەی جوان دەكرێت، قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان بیر لەوە ناكەنەوە، شوێنێكی وا دابنێن ئەگەر هاتوو كەسێكی كەم ئەندام بە كورسیەكەوە بتوانێت بچێتە ناو ئەو بینایەیەوە، بەڵام من لێرە پرسیارەكەم بۆ وەزارەتی پێشمەرگەیە، كاتێك كە تۆ دەڵێی (توفیر ضرورات الحیاة) ئەمە زۆر هەڵدەگرێت، ئەگەر ئێوە بە تەمان وەكو موجەمەعات بۆیان بكەنەوە، ئەوا دەبێت حاڵەت بە حاڵەتی مونفەرد هەر موعەوقەو پێویستی بە

جۆرێك لە ئەسبابی راحە هەیە لە ناو ماڵەکەیدا، جا من تێناگەم ئەوە هەروا بۆ ئەوە کە لە ناحیەی مالیەوە یارمەتی دەدرێت بۆ ئەوەی ئەو شتانە لە ماڵەکەیدا جێ بە جێ بکات، یان ئێوە وەکو وەزارەت ئەو ئەرکە دەخەنە سەر شانی خۆتان، ماڵ و موجەمەعاتیان بۆ دروست بکەن، بە تایبەتی وەکو وەزارەتی پێشمەرگەو وەکو حکومەت، خاڵی (ب) لە جیاتی ئێمە تەنها ناوی نەخۆشی شیزوفیرینیا بێنین، با باس لەو نەخۆشیانەش بکەین کە دەروونین، بتوانرێت ئەو دابندرێت، حەز دەکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە ژیانی خۆیان بەخت کردووە لە پێناوی گەل و وڵات، هیچ نەبێت لە یادەوەریەکان دا یادیان بکەینەوە، لە کاتێك یادەوەریەك، یان ئیحتیفالێك دەبێت عایدی وەزارەتی پێشمەرگە بێت، بە کاتێکی کەمیش بێت با یادیان بکەینەوە و بانگیان بکەین، چونکە بۆ حاڵەتی نەفسی ئەوان زۆر زۆر خۆشە، نەك زۆریان لەوانە پەناگیر کراون و بە هیچ جۆرێك لێشیان ناپرسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانم لەسەر خاڵی ( ا) پێشنیار دەکەم ئەو (علی المؤسسات ذات العلاقة) بکرێت بە (تتحمل الحکومة) کە حکومەتیش ( من خلال وزاراته ومؤسساته) بە قوەت تر دەبێت، جا (ضرورات الحیاة، اسباب الراحة) لە نێوان دوو کەوانە (السیارة) باس بکەین، چونکە بە حەقیقەت ئەسبابی راحەو زەروراتی حەیات لەم کوردستانەی ئێمە خەڵك هەمووی زیاتر چاوەڕێی سەیارەیە، بەتایبەت برایانی کەمئەندام، لێرە مەبەستم لە سەیارە پێدانیەتی بە نرخێکی گونجاو، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی سەیارەکە بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی کەم ئەندامەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من باس کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر برگەیەکی تر زیاد بکرێت، کاك شێردڵ ئەگەر بەم شێوەیە بنووسرێت، کردنەوەی دەروات و خولی گونجاو بە پێی پەککەوتەکانیان، یەعنی ئەوە ئیجباریەك دەبێت بۆ کردنەوەی، دەبێت خولی تایبەتیان هەبێت ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**كاك سعدالدين فەرمووو.**

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**منيش هەمان ملاحەزەى كاك محمد حكيمم هەيە لە فەقەرەى (ا) (المؤسسات ذات العلاقة) زۆر وازح نيە، خاڵێكى تر وەك من دەيبينم تەشابوهێك هەيە لە نێوان ماددەى 6 و ماددەى 8 ، راستى ماددەى 8 حقوق و ئيمتيازاتە، بەڵام لە قەزيەى علاج و قەزيەى تەوفيرى زەروراتى حەيات، بۆ لەگەڵ يوزادو راتبى پێشمەرگە هاتووە؟ چونكە ئيعادەى تەئهيل بەوەندەى ئيكتيفا دەكرێت، يەعنى (واعادة تاهيله من حق التعليم وحق التنقل وحق الصحة وحق العمل) ئەگەر ئەوانەت باس كرد، ئەوا ئەونەى تريش هەمووى لە ناوخۆى ئەمە دا دەگرێتەوە، لەگەڵ رێزم.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**كاك شێردڵ فەرمووو.**

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**ئەوەى كە كاك محمد حكيم باسى كرد، ئێمە لەگەڵ ئەوەين ئەو شتەى كە جەنابت ويستى لاى ببەى، لەبەر ئەوە ئەوەمان داناوە، كە دەڵێت (وفق تعليمات تصدر بهذا الغرض) ئەوە لە خاڵى (ا) ئەوە ئەو كاتە موئەسەسەكان بۆ خۆيانە، ئێستا ئەگەر ئەم دەرگايە بكەينەوە و ناوى تەحديد بكەين چى بۆ دەكرێت، ئيدى ئەو هەموو ئەندامە ئيدى هەموو ڕۆژێك هەموو پەرلەمانيش ئيزعاج دەكەين، لە بەر ئەوە، ئەوەمان داناوە موئەسەسەكان دەچێتە سەريان كە بيكەن، خاڵێكى تركە شيزۆفيرينيا داندراوە، لە دكتورەكانمان پرسى ئەو كاتە ئەو دوو شەخسيەتى هەيە، هەموو نەخۆشيەكى نەفسى دوو شەخسيەتى نيە، هەيە تووشى كەئابەيەكى بەسيت دەبێت، هەيە تووشى نەفسيەتێكى كەم دەبێت و پاش ماوەيەكى چاك دەبێتەوە، يەعنى ئەوە پێى ناوێت يەكێكى لەگەڵ بێت، ئەوەى كە كاك جعفر باسى كرد ئێمە كە گوتومانە (تتحمل حكومة الاقليم مسؤلية علاج المعوق من البيشمركة وتأهيله وبذل الجهود لغرض اعادته بصورة طبيعية الى المجتمع) ئەو تەئهيل و ئيعادەى لە بۆ مجتمع بە سورەتى تەبيعى هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، چونكە دەبێت ئەو دەورەو شتانەى بۆ بكرێتەوە تا دێتەوە سەرە خۆى، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**دووبارە من دەيخوێنمەوە: (وفق التعليمات) با لاببەين، چونكە تەعليماتەكە لێرە ديارى كراوە، لە فەقەرەى پێشترو لە (ب) زۆرى تێدايە، خاڵێكى تر ملاحەزات زۆر كراوە لەسەر فەقەرەى ب (لغرض انفصام الشخصية) بەپێى ملاحەزەكان بكرێت بە (بامراض النفسية او العقلية)، فەقەرەى ج موقتەرەحى د. رۆژان كە لە ماددەى 8 داهاتووە، وايە، بەڵام شتێكى نەفسە، ئەگەر فەقەرەيك لە ماددەى 8 ئيزافە بكەين، لێرە ئەو فەقەرەيە لابىردرێت باشە، لەبەر ئەوەى تەمەتوعەكە لە ماددەى 8 دابێت، (تتحمل حكومة الاقليم) سيغەيەكى بۆ بدۆزينەوە،من پێم وايە لێرە نەمێنێ باشترە بۆ ئەوەى لە ماددەى 8 دا كە دەكرێت فەقەرەيەك لەوێ دابنێين، حكومەت موعالەجەو تەئهيليان بكات، بۆ ئەوەى لەگەڵ مجتمعەكە دا بگونجێت و ئينديماج بكرێن، يەعنى تەئهيلەكە بكرێتە فەقەرەيەك لە ماددەى 8، هەر وەكو خۆى بێت باشە، كەواتە ئێستا بيخوێننەوە بۆ ئەوەى بيخەينە دەنگدانەوە. كاك خليل نوقتەيەكى هەيە فەرمووو.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**جیاوازیەكی زۆر هەیە بەینی فەقەرەی ج لە ماددەی 6 و فەقەرەی ا لە ماددەی 8، فەقەرەی ا باسی ڕۆژانەیە كە عیلاج لە نەخۆشخانە یان هەر شتێكی تر، ئەوەی تر باسی مەسئولیەتە چۆنیەتی، یەعنی سەیتەرە لەسەر ئەو عەجزە بكرێت، ئەوە نەمێنێت سێ وەسائیل هەیە، توبی تەئهیلی هەیە، تەعلیمی خاس هەیە، تەدریبی میهەنی هەیە، جا دەتوانین بیكەین بە بڕگەیەك بڵێین (تتحمل مسؤلية تاهيل لاعادته الى حياة المجتمع) ئەو ڕێگایانە مەعلومە لای خوبەراو ئەوانەوە، ئەو سێ ڕێگایە، توبی تەئهیلی، تەعلیمی خاس، تەدریبی میهەنی، فێری حرفەیەك و میهنەیەك دەكرێت،زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**تەئهیلەكە دیارە، بەڵام لێرە عیلاجی دەرەوەش دەگرێتەوە، هەندێك حاڵەت هەیە لە دەرەوە عیلاج دەكرێت و لێرە ناكرێت. دكتۆرە بەرێزەكان چیمان پێ دەڵێن لە ناحیەی ئیسابە بە نەخۆشی نەفسی و عەقلیەوە، پێویستیان بە موعین دەكات فراوانە یان حادە، كاك فؤاد فەرموو.**

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لەڕاستیدا تەنها ئینفیسامی شەخسی كافی نیە، وا باشە بڵێین:(الامراض النفسية المستعصية).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**د. كمال فەرموو.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لەڕاستی دا ئەگەر نەخۆشی نەفسیە باس بكەین، زۆری دەگرێتەوە، جا ئەگەر كەسێك نەختێك دڵی تەنگ بێت، موعێنێكی دەوێت، ئەوەش وەزعێكی خراپە، بۆیە ئەگەر وەكو خۆی بمێنێتەوە كە ئێستا هاتووە (انفصام الشخصية والامراض العقلية) ئەمە ئیزافە بكەین باشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**د. هالە فەرموو.**

**بەڕێز د. هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**كەئابە نەخۆشیەكی نەفسیە، لەوانەیە خۆی ئینتیحار بكات، كە ئینتیحار لەناو موعەوقین زیاترە، نەك لە ئەشخاسی ئیعتیادی، لەبەر ئەوەی نەفسیەن بە نەتائیجی ئەكید نیە، لەوانەیە ئینتیحار بكات، پێویستی بە موعین هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو كەلیمەی موستەعسیە باشە، ئەگەردایبنێین؟ ئەوەی كە د. هالە گوتی بگاتە حاڵەتی ئەوە، نەوعە كەئابەیەكە و جوزئێكە لە ئینفیسامی شەخسی، فعلەن ئەو ملاحەزەی د.كمال كە باسی كرد نەخۆشیەكی**

بەسیتی هەبێت پێویستی بە موعینەك دەبێت، كە ئێمە مەبەستمان موعینەكەیە، مەبەستمان ئەوە نیە موحتاجی عیلاجە، مەبەستمان ئەو حاڵەتانەیە كە موعینی دەوێت، پێویستی بە یەكێكە كە لە گەڵی بێت، چونكە یەكێك دوولاقی لەدەست داوە، یان هەردوو چاوی لە دەست داوە، ئەمانەكەسێكیان دەوێت بەردەوام هاوكاریان بێت، ئینفسامی شەخسی حاڵەتێكی حادە لە نەخۆشی نەفسی كە پێویست دەكات لەگەڵی بێت، ئەویش بە تەقریری توبی، پێم وایە شتەكە وەكو خۆی بێت، دەگەڕێمەوە سەر موقتەرەحەكەی د. رۆژان فەقەرەی ج كە لە هینەكە هاتووە، پێم وایە كاك سەردار شتێكی بۆ نووسیوین، ئەگەر ئەوە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرین، مەسەلەن لە فەقەرەی $8$ دا دەڵێت: (العلاج مجانا في المستشفيات وبذل كافة الجهود لاعادة تأهيلة) دەگرێتەوە، یەعنی ئەگەر ئەو كەلیمەیە ئیزافە بكەین لە فەقەرەی $1$ لە ماددەی $8$ (العلاج مجانا في المستشفيات وبذل كافة الجهود لاعادة تاهيله)، وابزانم فقەرەی ج لەویٚ لەگەڵی تۆزێك لەنگ هاتووە. فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی ج دا تۆ ئیلزامی حكومەت دەكەی، ئەو موعەوقەی لە كاتی شەڕێك دا موعەوق بووە، پێویستی بە علاجە، ئیعادەی تەئهیل لە زمنی ئەو مەرحەلەیەیە، بەڵام لە ماددەی $8$ باسی ئیمتیازات دەكات، مەجانەن وەكو كاك خلیلیش باسی كرد، ئەوە شتی ڕۆژانەیە، یەعنی شتێكی ئەوەندە گرنگ نیە، بیتاقەكەی $5$ هەزارە، هیچ ئەوە نیە، بەڵام تۆش ئەو فەقەرەیەت لابرد بەڕاستی لەوێدا لەنگ دەبێت، بە عەكسەوە بمێنێت ئەو فەقەرەیە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكە وا نیە كە فەقەرەی ج لەغو بكرێت، پێشنیارەكە وایە كە دەمج بكرێت لە گەڵ فەقەرەی ا ی ماددەی $8$، خاڵێكی تر ئەوانە حقوق و ئیمتیازاتن، ئەو حقوق و ئیمتیازاتانە حكومەت پێی دەدات، خۆ كەسێكی تر پێی نادات، یەعنی تەئهیلەكە هەر لەسەر حیسابی حكومەتە، موجەرەد لێرە عیلاج و تەئهیلەكە دوو موستەڵەحی نزیك یەكن، تەئهیلیش نەوعێكە لە ئەنواعی عیلاج، لەبەر ئەوە داعی نیە دوو ماددە موكەڕەر بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، با وەكو خۆی بمێنێتەوە، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، كاك تەلعەت نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ئیعادەی تەئهیلە بۆ مجتمع نابێت، ئیعادەی تەئهیل و تەدریب بۆ سەر ئیشەکەی خۆی دەبێت، کە پێشان لە ئەنجامی ئەوە تووشی شکست بووە، بۆ کۆمەڵگا ناگەڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا، عەینی شت دەکات بۆ کۆمەڵگاش دەگەڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 6:

ا ـ پێویستە دەزگا پەیوەندارەکان پێویستیەکانی ژیان و هۆیەکانی حەسانەوە بەجۆرێك فەراهەم بکەن کە لەگەڵ پەککەوتنەکەی پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێم دا بگونجێت.

ب ـ یەکێکی یارمەتیدەر دادەمەزرێت بۆ ئەو پێشمەرگەی (زێڕەڤانی هەرێم) کە پەککەوتنەکەی تەواو 100٪ لە کاتی تووش بوونی بە شەلەلی تەواو یاخود قاچەکانی لەسەرەوەی چۆکی یاخود دەستەکانی یان چاوەکانی لە دەست داوە یاخود لە کاتی تووش بوونی بە نەخۆشی شیزۆفیرینیا.

ج ـ حکومەتی هەرێم بەرپرسی چارەسەر کردنی کەم ئەندامە کە پێشمەرگەی زێرڤانی هەرێم دەگرێتە ئەستۆ لە گەڵ ناردنی ئەرکی گەڕاندنەوەی بە شێوەیەکی سروشتی بۆ ناو کۆمەڵگا.

د ـ مووچەی پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم)ی کەم ئەندام بە هەمان زیادەی کە بەسەر مووچەی پێشمەرگەی بەردەوام لە خزمەت لە باری هەر گۆڕانکاریەك کە لە سیستەمی مووچەکان بە پێی پلەو پایە روو دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 6:

ا ـ على المؤسسات ذات العلاقة توفير ضرورات الحياة واسباب الراحة بشكل ينسجم مع عجز البيشمركة ـ الحرس الاقيم المعوق.

ب ـ يعين للبيشمركة - حرس الاقليم) ذى العجز الكامل 100٪ معين اذا اصيب بشلل تام او فقد الطرفين من فوق الركبة او فقد اليدين او فقد العينين او اصابة بمرض الانفصام الشخصية بسبب الاصابة.

ج ـ تتحمل حكومة الاقليم مسؤلية علاج المعوق من البيشمركة ـ حرس الاقليم وتاهيله وبذل الجهود لغرض اعادته بصورة طبيعية الى المجتمع.

د ـ يزاد راتب البيشمركة ـ حرس الاقليم المعوق بنفس الزيادة التى تطرأ على راتب البيشمركة المستمر فى الخدمة في حالة اى تغيير فى نظام الرواتب وفقا للدرجة والمنصب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەك چۆن خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینە قەبوڵ كرا. ماددەی 7 بخوێنەوە مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 7: تووش بوونی پێشمەرگە ـ زێرەڤانی هەرێم، كە بە هۆی جێ بە جێ كردنی ئەركی وەك پێشمەرگە یان بەشداری كردنی لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی كوردستان، هەرچەند كۆنیش بێت، بۆی حیساب دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 7: تحتسب اصابة البيشمركة ـ حرس الاقليم التى حدثت بسبب اداء واجبه كبيشمركة او مشاركته فى الحركة التحررية الكوردستانية حتى ولو كانت قديمة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(تحتسب اصابة البيشمركة) بۆچی؟ ئەو ماددەیە پێم وایە زیادە، چونكە ئێمە هەمووومان موعالەجە كردووە بە ڕاستی، لەوانەیە لەنگ بێت، پێشنیار دەكەم ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت، كێ لەگەڵ ئیلغاكردنیەتی تكایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ یەك كەس لەگەل دانیە، بە زۆریەنە ئیلغا دەكرێت ئەو ماددەیە. مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 8: دوای ئیلغاكردنی ماددەی پێشوو.

پێشمەرگەی (زێرەڤانی هەرێم) كەم ئەندام، ئەم ئیمتیازاتانەی خوارەوەی هەیە:

ا ـ چارەسەر كردنی بە خۆرایی لە نەخۆشخانەكان دا.

ب ـ داشكاندنی نرخی پلیتی سەفەر كردن لە فرۆكەخانەكان دا بۆ هەرێم و دەرەوە بە ڕێژەی 30٪ لە هەموو جۆرەكانی هۆی گواستنەوە.

ج ـ پێشینەی دارایی بێ سوو بۆ خانووبەرە یان زەوی كشتوكاڵی یان پیشەسازی یان بازرگانی یان بۆ هاوسەرگیری پێ دەدرێت.

د ـ مافی فێركردنی بە خۆرایی لە هەموو قۆناغەكانی خوێندن بۆ خۆیان و هاوسەرو ڕۆڵەكانیان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 8: بعد الغاء المادة التى سبقتها.

يتمتع البيشمركة ـ حرس الاقليم المعوق بالحقوق والامتيازات التالية:
ا ـ العلاج مجانا في المستشفيات.
ب ـ تخفيض بطاقة السفر داخل الاقليم و خارجه بالنسبة 30٪ ولجميع انواع وسائط النقل.
ج ـ منح السلف المالية للعقار او الارض الزراعية او الصناعية او التجارية او للزواج بدون فائدة.
د ـ حق التعليم المجانى فى جميع مراحل الدراسة لهم و لزوجاتهم و اولادهم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش وازحە، كەس قسەی هەیە لەسەری؟ كاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەگەر زەحمەت نەبێت، لیژنەی پێشمەرگە ئەو ماددەیە پێش ئەوەی موناقەشەی بكەین با روونی بكاتەوە، چونكە (منح السلف) بۆ زەواجەكە دیارە، بەڵام نازانم بۆ زراعەو سناعە مەبەستی چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر جوتیار زەوی هەبێت، موحتاجی سولفە بێت بۆ ئەوەی مەوادی كیمیاوی و تۆی پێویستە، یان مەشروعەكی زراعی، ئەوەی سلفەی زراعی ئێستا ڕاگیراوە،لە كۆن هەبوو ئەوەی فەلاح بێت دەزانێت، سولفەی پیشەسازیش ئەوەیە كە مەشروعێكی سناعی هەیە، داوای سولفە دەكات، ئەوەش دەبێت پێی بدرێت. كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا هەمان ئەوەی كاك تەلعەت بوو، مەسەلەی سولفە، بە ڕای من تەنها بۆ پێشینەی دارایی تەنها بۆ خانوو و هاوسەرگیری بێت، ئەگەر نا یەكێك 100٪ موعەوق بێت، بە ڕای من بە خراپی ئیستغلال دەكرێت ئەوە، بۆیە مەسەلەی پیشەسازی و كشتوكاڵ و ئەوانە لادرێت، تەنها هاوسەرگیری و خانووبەرە بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو ملاحەزەی كاك تەلعەت دای و دواتریش كاك بەڵێن تەئیدی كرد، ئەگەر لیژنەی قانونی و لیژنەی پێشمەرگە شتێكیان لەسەر هەبێت، چونكە هەندێك سولفە هەیە لێرە ناوی هاتووە و هێشتا نەدراوە، یەعنی حكومەت ئیلزام دەكات بیدات، باشتر وایە بنووسرێت (لا تستوفى الفائده القانونیه عن السلف

**المنوحه.........الخ). ئەوە باشترە، ئەگەر ئەو سولفەیە زەواج بێت، سولفەی عەقار بێت، هەمووی دەگرێتەوە. کاک رشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من ملاحەزەم لەسەر خاڵی (ا) لەبڕگەی ج هەیە کە دەڵێت: (العلاج مجانا في المستشفيات) ئەو عیبارەیەی ئیزافە بکەینە سەری (العلاج مجانا في المستشفيات العامة وتتكفل حكومة أقليم كوردستان نفقات العلاج فى المستشفيات الخاصة داخل الاقليم وخارجه) لەبەر ئەوەی زۆر نەخۆش ئیحتیاجی بە دەرەوە دەبێت، پێویست دەکات لە نەخۆشخانەی تایبەت دابندرێت، چونکە ئەو تەخفیزاتە تەنها نەخۆشخانەکانی عامە دەگرێتەوە کە سەر بە حکومەتی هەرێمە، خاڵێکی تر بە نیسبەت وەسائتی نەقل، تەخفیز لە وەسائتی نەقلی عامە دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی خارجی هەرێمە دەبێت حکومەت موکەلەف بێت بە دەفعی نەفەقاتەکەی نەوەك لە خارج کێ ئیلتیزام دەکات بەوتەخفیزاتە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مەناقەشە ناکەین، فەقەرەکەی تر گوتمان لای ببەین و بیهێنینە ئێرە، نابێت، چونکە فەقەرەی ج تەسبیت بووە، حکومەت وەکو خۆی بمێنێتەوە زمنی ئەوەی علاجەکەی دەرەوەی هەرێمیش دەگرێتەوە، د. رۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دیاری کردنی ئیمتیازات لە بۆ پێشمەرگە بە تایبەتی پێشمەرگەی کەم ئەندام، کارێکی زەحمەتە، چونکە هەموومان دەزانین پێشمەرگە شایستەی هەموو شتێکە، بەڵام مادام لە پرۆژەکە وا هاتووە بە برگە دیاری بکرێت، پێشنیار دەکەم کە لە باج و زەریبەش عەفو بکرێن، رسوم و زەرائیبیشی تێدابێت و بدرێتە پێشمەرگە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**د. رەمەزان فەرموو.**

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یەك ، دوو بڕگەی یەکەم و دووەم، کاك رشاد باسی کرد، بەڵام ئەوەی کە من هەمە لەسەر بڕگەی (د) کە دەڵێت: مافی فێرکردنی بە خۆڕایی، ئەگەر مەبەستمان دامەزراوە میریەکان بێت ئەوا خەڵك هەمووی بەخۆڕایی دەخوێنێت، ئەگەر مەبەستیشمان دامەزراوە تایبەتیەکان بێت ئەوەیان لەوانەیە کێشەیەك دروست دەکات، پێویستە رێنماییەکی ورد تری بۆ دەربچێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی (ا) هەیە، بەحەقیقەت ئێمە ئەوەی تێبینی دەکەین بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەك، هەرچی مەشاکیلە دەیخەینە سەر حکومەت، ئەگەر سەردەمیانەو واقعیانە بیری لێ بکەیتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ئەو هەموو شتە بکات، بۆ ئەو مەوزوعە من پێشنیار دەکەم کە وەکو موئەسەسەیەکی توبی غەیری حکومی، یەعنی حکومی نەبێت، واتە غەیری حکومە دروست بکرێت دیراسەیەکی عامی هەبێت بۆ ئەوانەی کە پێویستیان بە ناردنە دەرەوە هەیە، بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە چارەسەری نەفسی هەیە، بۆ ئەمەش نەك تەنها شەخسی خۆم بە هەزاران ناودەتوانم وەکو لیستێك بدەمە ئەو لیژنەیە، هەروەها دەشتوانم من بیخەمە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان کە ئەوانە ساڵانە یارمەتی دەدەن بۆ کارێکی لەو بابەتە، بە مەجێك ئەو یارمەتیەیان نە بۆ حکومەت بێت، نە بۆ شتی عەسکەری بێت، نە بۆ شتی سیاسی بێت، بۆ ئەو مەجالە بەڕاستی دەبێت ئیستیفادە لەو شتانە بکەین، ئێمە ناتوانین هەموو شتێك هەر بخەینە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەم ئیمکانیەتەی کە هەیەتی بە حەقیقەت ناتوانێت ئەوە چارەسەر بکات، بۆ ئەمە من پێشنیار دەکەم موئەسەسەیەك دروست بکرێت، کۆمەڵە خەڵکێکی پسپۆر و دکتۆر، ئەوانە کە دیراسەیەکی رێك و پێك بکەن، بتوانن ئامارێکی ڕێك و پێك دابنێن، بۆ نموونە هەزار کەسمان هەیە پێویستی بە دروست کردنی قاچ و ڕاهێنان هەیە، بۆ نموونە 500 کەسمان هەیە کە تووشی نەخۆشی نەفسی بوونە، ئەمە ئەگەر بنێری بۆ هەر مەجموعە خەڵکێکی کە هەیە، ئەمڕۆ ناردنیش زۆر ئاسانە بە هۆی ئەنتەرنێتەوە، بە حەقیقەت دەتوانین کۆمەڵێك یارمەتی پەیدا بکەین و بتوانین چارەسەری کێشەی ئەوانە بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم لێرە لیژنەیەك، موئەسەسەیەکی غەیری حکومی دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بەو دەورە هەڵسێت، من ئامادەم لیستی ئەو خەڵکانەی کە بە عام هەتا ئێستا ساڵانە یارمەتی دەدەن بۆ ئەم مەبەستانە بیخەمە بەردەمیان، هەر بۆ وێنە لەم بەینە کۆمەڵێکی زۆر عەرەبانە هاتووە بۆ موعەوقەکان، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەهاتووە، منەزەمەیەکی خەیری ناردوویەتی بۆ ئەو کەسانەیکە علاقەیان بە حکومەتەوە نیە، بۆ خەڵکی فەقیرو هەژار و ئەمانەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت ئەمە گرنگی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعيد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ملاحەزەی من لەسەر بڕگەی (ا) ڕاستە ئێمە لە بڕگەی پێشوو تر تەسبیتمان کرد، بەڵام چاکترە ئەگەر لێرەشدا ئەوە تەسبیت بکەین، عیادە توبیەکان و زائیدەن دەرەوەی هەرێمیش، لێرەدا هەمان ملاحەزەی مام رشادم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێشنیارەکەم دووبارە دەکەمەوە، مەسەلەی سەیارە، یەعنی بۆ نموونە کەم ئەندام چاوەڕێی دوو شتە لە ئیمتیازات، سەیارەو پارچەیەك زەوی، هەرشوێنێکی نیشتەجێ بوون هەردووکی تێدا نیە، ئێمە لە

کوردستان هەمووومان ئاگادارین، ئەندامانی پەرلەمان پارەیان بۆ سەیارە دەدرێتێ، هەروەها مدیرەکان، بۆ نموونە کەسێك دەچێتە لای مەسئولێك یەکسەر چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکات سەیارەیکی پێ بدات، بۆیە کەم ئەندامیش چاوەڕێی ئەوە دەکات کە حکومەتیش چی بە هەدیە یان بە تەخفیزات دەداتێ، بۆ ئەوەی موریح بێت سەیارەیەکیان بدرێتێ، مەسەلەی قتعەی زەوی یان شوقەی نیشتەجێ بوون، لێرەدا نەنووسراوە، ملاحەزەیەیکیشم بۆ وەزارەت هەیە کە بڕگەی ا و ب دەبێت حەتمەن ڕێنمایی وایان هەبێت کە رۆتیناتی تێدا نەبێت، بۆ نموونە کەم ئەندام کە دەچێتە نەخۆشخانە هەویەیەك یان شێوازێکی هەبێت کە بۆ 500 دینار ئەوەندە هاتووچۆی پێ نەکەن، یان بۆ سەفەرکردنی کە 30٪ ی عەفو دەکرێت ئەوەندە هاتووچۆو ئەم کتاب و ئەو کتابیان پێ نەکرێت، کە لەسەری قەرزار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشێك لە قسەکانت معالەجە کراوە، بەڵام هەندێکیان ئەگەرکاك زەعیمیش هینی بکات، بەڵێ دراوە دەزانمبەڵام دەبێت قانونییەن ئەوەش تەسبیت بکرێت وەکو هی شوهەدا. کاك زەعیم فەرمووو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم(زەعیم علی)/ ( وەزیری پێشمەرگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برایانەی کە باسی ئیمتیازات دەکەن، پێش ئەوەی ئەو قانونەش دەرچێت، هەموو ئیمتیازێك دراوە بەو موعەوقانە، بۆ نموومە زەویان پێدراوە، وەڵڵا هەیە دوو پارچەشی وەرگرتووە، پارەیان پێدراوە، بۆ ئەوەی بتوانن تەرتیباتی ئوموری خۆیان بۆ هاتووچۆ بکەن، نەفەریان بۆ داندراوە کە خزمەتیان بکەن، کرێی خانوویان دەدرێتێ، خانووەکانیش ئەگەر مولائم نەبوو لە جێگایەك هێناویانەتە جێگایەکی وا کە پێی خۆش بێت، عەرەبانە دراوە بە هەموویان، سپلیت و تەبریدیان بۆ کراوە، تەلەفزیۆن و سەتەلایتیان بۆ داندراوە، بۆ موعالەجە موعەدەل شوێنێکیان بۆ داندراوە، شوێنی ئیسراحەتیان بۆ دانراوە، نوێنەرمان هەیە لە نەخۆشخانەکان، بە بێ ئەوەی ئینتیزاری بکەن، دەیان بەنە لای دکتۆری موختەس، لیژنەی توبیمان هەیە، هەموو چوار شەممەیەك دادەنیشێت، لە وەزارەتی پێشمەرگە دەیان بینن، هەندێك جار خۆمان دەیان بینین و نازیان هەڵدەگرین، ئیمتیازاتیان دەدەینێ ، هەتا هەندێك جار خزمێکی کە پێویستی بە شتێك هەیە بۆی دابین دەکەین، هەر لەبەر ئەوەی خزمی ئەوە، بۆیە ئیمتیازاتی زۆر زۆر بەو موعەوقانە دراوە، بەڵام پێمان جوانترە بە قانون بێت، ئەگەر نەقسێکیش هەبێت، دەبێت هەموومان پێکەوە خزمەتیان بکەین، چونکە حەقیان لەسەر ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئێمەش دەزانین، حکومەت کەمتەرخەمی نەکردووە بۆ شەهیدان و کەم ئەندامانیش، بەڵام وەکو لە قانونیش تەسبیتمان کرد حەقی ئەوەی هەیە پارچە زەوی پێ بدرێت، بۆ زانینیش وا نیە ئەوەی کە وەری گرتووە دووبارە پێی بدرێتەوە، بەڵام ئەو حەقە قانونیە تەسبیت بکرێت بە پێی قانون ( وتنظم بالقانون و منح قطع ارض سكنية ملاءمة وفق نظام تصدره ) شتێکی ئاوا ڕێك بخرێت. د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مجانا) كە هاتووە، تەنها موستەشفەیاتی عام دەگرێتەوە، واتە نەخۆشخانە حکومیەکان دەگرێتەوە، پێشنیار دەکەم بکرێتە (العلاج مجانا في المستشفيات العامة) لەبەر ئەوەی خاسەکە لە ماددەی پێشوو موعالەجە کراوە، کە نەفاقەتەکە حکومەت تەحەمولی دەکات، لە (ب) دا بە هەمان شێوە (وسائط النقل العامة) لەبەر ئەوەی خاسەکە ناگرێتەوە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو ملاحەزەکە بە جێنە، د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێك لە تێبینیەکانم پێشتر پێشکەش کران، منیش لەگەڵ ئەوەدام کەوا لە بڕگەی (ا)دا بنووسرێت (في المستشفيات العامة) هەروەها (وسائط النقل العامة)، سەبارەت بە بڕگەی ج مەنحی پارچەی زەوی وەکو پێشتر پێشنیازتان کرد، (وعدم استيفاء الفائدة عن السلفات التى تمنحها المؤسسات المصرفية العامة) ئەو کاتە هەمووی دەگرێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی د ( حق التعليم المجانى) ئەوە لە پرۆژەی دەستوریش دا لە قانونی بەشی زۆری وەزارەتەکانیش دا هاتووە، وابزانم ئەو بڕگەیە زیادەیە و پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەندی ئیمتیازات بدرێتە پێشمەرگەی کەم ئەندام هەر کەمە، بەڵام منیش لەگەڵ رای ئەوانەی ترم، کە پێش من باسیان کرد، نەخۆشخانەکان تەنها دەبێت حکومی بگرێتەوە، چونکە تەحدید نەکراوە لێرە، خاڵێکی تر پێم باشە ئەگەر بڕگەیەك زیاد بکرێت، بۆ ئەوانەی دێنەوە ناو کۆمەڵگا سەنتەرێك هەبێت، کە لە هەموو دونیا هەیە بە ناوی سەنتەری گەشەپێدانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی کە کەم ئەندامن، ئەوەش لە هەموو دونیا پەیڕەو دەکرێت، پێویستە ئێمەش هەمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی 8 لقی (ا) ئەوەی ئەگەر بۆ زیادبکرێت شتێکی خراپ نیە (توفير اسباب لازمه للتنقل) ئەوە علاجی ئیشەکە دەکات، خاڵێکی تر ئەگەر ئیعاقەکە 100٪ بێت، یەعنی شەلەل تامی هەبێت یان هەردوو دەستی لێ بووەتەوە یان هەردوو چاوی کۆرە بووە، ئەوە نابێت حیسابی ئەو موعەوقەی کەی بۆ بکرێت لە حقوق و ئیمتیازات، هەندێك هەنە دوو دەستی پێوە نیە یان هەردوو چاوی کۆرەیە، ئەوە حەقی سەکەنیشی هەیە، یەعنی ئیعاقەی 100٪ جودا بکرێتەوە لەوەی کە لە عامەکەی، یەعنی حەقی سەکەنیشی هەبێت، هەتا لە زەرائیب حیسابی بۆ بکرێت، بە نبسبەیەك بۆی کەمبکرێتەوە، لەگەڵ رێزم دا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو تێبینیانەم بە نیسبەت خاڵی یەكەم ( فی المستشفیات العامە) وەسائتی نەقل لام وایە لە كوردستان وەسائتی نەقلی عامەمان نیە، ئەگەر ئەو 30٪ بڵێین حكومەت تەحەمولی ئەو تەخفیزە دەكات، لەگەڵ ئەو سیغەیەم كە جەنابتان گوتتان بۆ فەقەرەی ج ، بە نیسبەت خوێندنیشەوە ئەوە ئیمتیاز نیە، چونكە خوێندن لە كوردستان خۆراییە، لەبەر ئەوە ئەوەش لابېردرێت، تەنها ئەگەر مەبەست لەوە بێت خوێندنی دەرەوە، ئەویش دەبێت حكومەت تەحەمولی بكات، چونكە مەجانی دەبێت جیهەتێك هەبێت تاكو تەحەمولی بكات، لەبەر ئەوە تەدقیقی دەوێت ئەو سیاغانە، بە نیسبەت زەویەكەوە، بەڕاستی باشە هینێك هەبێت، تەحدیدی بكات، بۆ نموونە زەویەكی هەیەو وەكو جەنابی وەزیر گوتی دووانی وەرگرتووە، سبەی دەڵێت قانون گوتوویەتی زەوی بدرێتێ، من بەو قانونە وەرم نەگرتووە، پێم باشە ئەوە تەحدید بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو جارێك لە یاسای شەهیدانیش كۆمەڵێك ئیمتیازاتمان دانا بوو، بەڵام میكانیزمەكانی كاركردنەكەی كاتێك دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، بە داخەوە میكانیزمەكە ئەوە نیە، یەعنی ئێستا تۆ ئەڵێیت (عیلاج مجاناً في المستشفیات) ئەگەر ئەمە بخەیتە پاڵی، لێرەشدا ئیختیارەكەت هەر زۆر زۆر كەمە، خۆمان وەزعی خەستەخانەكانی خۆمان ئەزانین، زۆری خەڵك ئەچن لە خەستەخانە تایبەتەكاندا عەمەلیات ئەكات، ئێستاش خەڵك ڕا ئەكات بۆ ئوردن بۆ عیلاج، (بطاقة السفر)، خۆ تۆ ئەبێ میكانیزمت هەبێ، خۆ بۆ ئەوە نیە تۆ هەر لێرەدا دایبنێیت بەس بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە ئیمتیازمان داونەتێ، خۆ ئەبێ میكانیزمێكی دیاری كراو هەبێت، حكومەت تەحەمولی لە 30٪ی هەموو تەنەقولاتێكی بكات، ئیحتیمالە ئەتواندرێت وابكرێت، موهیم ئەوەیە بۆ جوانی نەبێت، دووەم: من پێم سەیرە ( منح سلفة عامة) ئەگەر ئێمە ئەمە هەمووی لابەین مەوزوع وا لێ نەكەین هەر كەسەو پارچەیەك زەوی بدەینێ، حكومەت مەجموعەیەك موجەمەعاتی سەكەنی دروست بكات تایبەت بە خەڵكی كەمئەندام، لەیەك شوێندا سەنتەرەكەشیان بۆ ئەخاتە هەمان شوێن، بازاڕەكەشیان بۆ ئەخاتە هەمان شوێن، خزمەتگوزارییەكان هەموویان لەبەردەستیاندا بێت باشتر نیە لەوەی هەموو یەكێك پارچەیەك زەوی ئەدەینێ وپاش دوو ڕۆژ ئەیفرۆشێتەوەو ئیستیفادەشی لێ ناكات، دووەم: منحی سولفە، بۆ سولفە ئیلا ئەبێت بۆ شتێك بێت، بابە من حەزم لێیە تاقمی ماڵەكەم بگۆڕم، كەسێكی معەوەقم پارەم لە گیرفاندا نیە، مەعاشەكە بۆ ژیانی ڕۆژانەم ئەڕوات، قەیچی ئەكات ئەگەر من تاقمەكەی پێ بگۆڕم، یان سەفەرێكی پێ بكەم مناڵەكانی پێ بەرم هەتاكو ئوردن یان تا ئێران پێی بگەڕێم، بۆ تەحدید بكرێت بە زەوی كشتوكاڵی یان صناعی یاخود

تجاری، حەقی مەجانیش تو ئەو خوایە رجاتان لیٚ ئەکەم، ئێمە ئەڵێین دائیمەن با یاساکانمان ژن دۆستانە بێت، یەعنی بۆ (لهم ولزوجاتهم ولاولادهم)( لهو ولزوجاته ولاولاده)جوان لەمەبەستی من تێئەگەیت کاك عدنان، ئەگەر شەش حەوتێکیشی هەبێت با یەکێکیان ئەو ئیمتیازەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جوملەکەت باش نەخوێندۆتەوە، ناڵێت (لهم لزوج) یەعنی ازواج مفرد نیە لێرەدا، من ئەوەندەت پیٚ دەڵێم قانون کە دائەندرێت ڕەچاوی ئەوە دەکات چەند حکومەت ئەتوانیٚ جێبەجێی بکات، ئەوە زۆر گرنگە، قانون بێجگە لەوەش کە دائەندرێت، حکومەت پێویستە تەعمیمی بکات، ڕێنمایی تایبەتی بۆ دائەندرێت، کە قانون دائەندرێت موراعاتی ئەوە دەکەیت کە حکومەت پێی جێبەجیٚ بکرێت، ئەویش واجبە لەسەری، مولزەمە جێبەجێی بکات، تەعمیمی ئەو قانونە ئەکات، بۆ هەموو وەزارەتەکان هەموو وەزارەتێك چ پەیوەندی هەیە بەواجبی ئەبیٚ پێی هەڵبستێت، تۆ کەلێرە دەڵێیت بیتاقەی سەفەری وا دەبێت، دەبێت وەزارەتی نەقڵ تەعمیم بکات، دەبیٚ مستەشفەیات مەجانی بێت، عامە ئەوەی پەخشان خان وتی ئێستاش نەبێت سبەینیٚ شەریکەی ڤیتار دەبێت، ختوتی جەویەی عێراقی شەریکەیەکی عامەیە، سبەینیٚ هی خۆشمان دەبێتە عامە، مولزەم دەبێت ئەو لە 30٪ یە کەم بکاتەوە، کاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ئیمتیازەی کە دەڵێین پارچەیەك زەوی بدرێت بەکەم ئەندام، هیچ چارەسەرێکی کێشەکانی ناکات، چونکە ئێمە تجروبەیەکی زۆرمان هەیە، بڕوام وایە هیچ کەم ئەندامێك نیە ئەرزەیەکی وەر نەگرتبێت، بەڵام جێگای هیچی نەگرتووە، لەبەر ئەوە لەکاتێکدا تۆ پارچەیەك زەوی ئەدەیت بە کەمئەندام، یەعنی پێی ناکرێت بەخانوو چ مەسدەرێکی هەیە بیکات بەخانوو، من نازانم وەکو ئینسانێکی عادی، نیوەی خانووەکەی پێناکرێت، لەبەر ئەوە تاکو ئێستاکە ئەو تەجروبەی کە ئێمە هەمانە، زەوییەکمان تەوزیع کردبیٚ کە بەدەیان هەزار پارچەیە، هیچی جێگای هیچی نەگرتووە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین سەکەنیان بۆ دابین بکەین، کەمئەندام من پێم وایە موعاناتی زۆر لە شەهید زیاترە، چونکە ئەوە ڕۆژانە موعاناتی هەیە لەناو خێزانەکەیدا لەناو خەڵکدا، یەعنی ئەگەر تۆ کەم ئەندامەکانت بینی زۆربەیان ئەڵێن ئێمە وەرس بووین لە ژیانی خۆمان، کە ئەڵێن شۆڕش چی بۆ ئێمە کردووە؟ حکومەت چی بۆ ئێمە کردووە؟ هەموو ڕۆژێکی مردنێکە کە خەڵك تەعلیقیان لیٚ بدات، پێویستی بەوە هەیە کە ئەو کەم ئەندامانە پارچەیەك زەوی بدەینیٚ هەوڵ بدەین کەسەکەنی بۆ دابین بکەین، ئەگەر سەکەن دابین نەکەین چارەسەری هیچ کێشەیەکی ناکەین و هیچ خۆشییەك لەژیانی خۆی نابینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا ئێوە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە پرۆژەیەك تەقدیم بکەن بۆ حکومەت، حکومەت بینێرێت بۆمان ئێمە پشتگیری ئەکەین، سەد دەر سەد خۆشتان ئەتوانن بیکەن بیٚ ئەوەی پرۆژە هەبێت، خۆتان بیکەن ئەگەر ئیمکانیەت هەبێت و داوا لەحکومەت بکەن بیخاتە بەرنامەی کاری خۆی و جێبەجێی بکات، قانونیشی ناوێت، کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد دەر سەد تەئیدی کاك شێخ جعفر ئەکەم، بۆ ئەو مەوزوعە، هەر لێرە نەیخەینە دواوە بیکەین، هەرکەسێکی معەوەق حەقی هەیە پارچەیەکی نیشتەجێبوونی هەبێت، کەتێیدا بتوانێت بحەوێتەوە، یەعنی ماڵی بۆ بکەیت، چاوەڕێ نەکەین تا پرۆژەیەکی تر دێت، چونکە زۆر تەئخیر ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو ئەندامانی پەرلەمان سەد دەر سەد تەئیدت ئەکەن، ئیجازەم بدەن بەناوی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمان، بەخێرهاتنی گەرمی وەفدی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەم، لیژنەی مافی مرۆڤ بەسەرۆکایەتی زۆر بەڕێز سید حەیدەری، کەسەردانی کوردستانیان کردووە، لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان کە کۆبوونەوەیان کردووە، دوێنێش ئێمە دانیشتین لەگەڵیان، ئەویش لەبەر سەردانی ئێمە بوو بۆ بەغدا و سەردانی ئەوانیش لە زمنی ئەو بەرنامەی کە هەیە هاوکاری یەکتر بکەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، بأسم رئاسة البرلمان وبأسم برلمان كوردستان، ارحب ترحيباً حاراً بوفد مجلس النواب العراقي، برئاسة سماحة السيد محمد الحيدري رئيس لجنة حقوق الانسان في مجلس النواب العراقي الذي يزورنا مع وفد مرافق له من يوم امس في زيارة الى كوردستان حيث جرى للوفد لقاء مع لجنة حقوق الانسان في برلمان كوردستان، وفي رئاسة الاقليم ايضاً التقينا معهم وتحدثنا على تمتين العلاقة في مجال حقوق الانسان بين مجلس النواب العراقي و برلمان كوردستان، كما اجرى الوفد يوم امس واليوم لقاءات مع المسئوولين في وزارة حقوق الانسان، اعتقد قام بزيارة بعض السجون وسوف يلتقون بالمكتب السياسي للحزب الديموقراطي الكوردستاني، وسوف يلتقون بالمكتب السياسي لحزب الاتحادي الوطني كوردستاني ومع المكاتب السياسية للاحزاب الاخرى وتأتي هذه الزيارة ضمن الاتفاق الذي تم بين مجلس النواب العراقي و برلمان كوردستان، من أجل تنشيط العلاقة بين المجلسين وبعد زيارتنا الى بغداد وزيارة رئاسة مجلس النواب الى كوردستان، اتفقنا على ضرورة تمتين العلاقة بين اللجان المختلفة في المجلسين من اجل تطوير العمل والتنسيق والوصول الى تفاهم تام، في مجال اللجان المشتركة بين المجلسين ومن اجل القيام بما ينسجم من صلاحيات واجبات الممنوحة لنا والملزمة علينا، من خلال التزامنا بالدستور العراقي، الذي يتطلب هذا العمل يتطلب منا التشاور والتنسيق معاً، مرةً اخرى ارحب بهم جميعاً واهلاً وسهلاً بكم.

دەگەڕێینەوە سەر کارەکانمان، ئێمە سێ کەسمان ماوە کە قسەی تێدا بکەن، دواتر لەبەر ئەوەی مەوعیدمان لەگەڵیان هەیە، ئومێد دەکەم هەریەکەو بەپەلە یەك دەقە قسە بکەن، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە(ب)دا پێیدا دێم نووسراوە داشکاندنی بلیتی سەفەرکردن لەناو هەرێم، بڕوات هەبێت ئەگەر وا بڕوات، دەبێ نەوەکانمان لە قاموس بگەڕێن بزانن کوردستان مەعنای چیە، جارێك بنووسن هەرێم جارێك بنووسن نیشتمان، جارێك بنووسرێت وڵات، ئەوە داوام لە لیژنەی یاساییە هەموو جارێك هەر هەرێم با بەس هەرێم بەکار نەهێنین، نیشتمانمان هەیە، وڵاتمان هەیە، کوردستانمان هەیە، بەکاری بهێنن، ئەو هەرێمە زیاتر زاراوەیەکی ئیدارییە، لەوەی تەعبیر لە واقیعی ئێمە بکات ئەوە یەك: دوو: لێرە نووسراوە ئێمە ئەزانین کەرتی تایبەتی لەگەشەسەندندایەو کەرتی گشتیش لە پاشەکشێدایە، ئێمە کاتێك ئەڵێین نەخۆشیەکان لەکەرتی گشتیدان دیارە دەبێ لەخاڵی یەکەم ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، چارەسەرکردنی

نەخۆشی بەخۆڕایی لە نەخۆشخانە گشتیەکاندا، بەڵام ئایا هەموو کەم ئەندامەکان ئەچنە نەخۆشخانە گشتیەکان، ئێستا وەزعی نەخۆشخانە گشتیەکان بەرەو خراپیە، لەبەر ئەوە من داوام وایە رەنگە بشکرێت ئەو کەم ئەندامانەی لە پێناوی نیشتمانەکەیان لەپێناوی گەلەکەیان، یەعنی کەمئەندام بوون، خەباتیان کردووە قوربانیان داوە تەزحییەیان داوە کە هەموو رۆژێك پێی ئەتلێنەوە، من پێم وایە هەوڵ بدەین لێرەدا کە حکومەت تەحەمولی نەفەقات بکات، بەڵام ئەکرێت لێرە کەرتی تایبەتیش وا لێ بکەین بەشداریەك بکات، بۆیە من پێم وایە نەخۆشخانە ئەهلیەکانیش لە 30٪ی دابشکێنن، دکتۆرە تایبەتیەکانیش ئەگەر ئەو برادەرە دکتۆرانەمان هاوڕام بن ئەوانیش لە 30٪ی ئەوانیش دایبشکێنن، نرخی چارەسەرکردنیان من، شتێك ئەڵێم یەکێك نەخۆش ئەبێت، نەخۆشی ئەنفلۆنزای هەیە، تا ئەچێتە دەزگای کەمئەندامان و لەحکومەت وەرەقەی بۆ ئەکرێت و ئەچێتەوە، رەنگە لێی تەشەنە بکات، پارەکەشی ئەوەندە نیە بەڵام ئەگەر لە 30٪ی دکتۆرەکە بۆی دابشکێنێت، رەنگە راستەوخۆ بچێتە لای دکتۆرەکە، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو مەسەلەیە زیاد بکەین، نەخۆشخانە گشتیەکان و داشکاندنی لە 30٪ی بۆ نەخۆشخانە تایبەتیەکان و دکتۆرە تایبەتیەکان با ئەوانیش بەشدار بن لەچارەسەرکردنی کەم ئەندامان کەلەپێناوی میللەتەکەمان گیانی خۆیان فیدا کردووە، خاڵێکی تریشم هەیە هۆیەکانی گواستنەوە، من جەنابی سەرۆك ئەزانم هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی لە کوردستان لەناوەوەی کوردستان یان لەناوەوەی نیشتمان زۆر زۆر کەمە، لەبەر ئەوە چی تێدایە ئەگەر ئەوانەش کۆمپانیاکانی گواستنەوەش بەشداری بکەن، نەك هەر گشتیەکان، گشتیەکان هەر هیچ با کۆمپانیاکانیش لە 30٪ی داشکاندن بکەن بۆ ئەوان، پاسێك چل نەفەر هەڵ ئەگرێت کەم ئەندامێکی لەگەڵدایە ئەگەر لە 30٪ی دابشکێنێت بەڕاستی بەڕای من کارێکی باشە، چۆن ئەو برە وەردەگیرێت ئەگەر ئێمە راستەوخۆ وا نەکەین، یەعنی ئێمە سیستەمی بانقیمان نیە، سیستەمی پسوولە وەرگرتنمان نیە، ئەڵێن بلیت من پرسیارێکم هەیە ئەو برادەرانەی کەوا سەفەر ئەکەن کێ بلیتی سەفەر کردن لەناو کوردستان وەردەگرێت، ئینجا دەڵێن لەدەرەوە من چوزانم کەم ئەندامێك کە ئەچێتە دەرەوە چەند سەفەر ئەکات وچەند سەفەر ناکات، لەبەر ئەوە وا باشترە بڵێین بۆ دەرەوە یەعنی ئەوەی کەدەچێتە دەرەوە لە 30٪ی دابشکێندرێت، پێشنیارەکەی من ئەوەیە بۆ گشتی و بۆ تایبەتیەکە بێت، با کەرتی تایبەتیش بەشدار بێت، هەتا ئەگەر حکومەتیش بێت قەیدی چیە، کەرتی تایبەتیش بێت، ئێمە رێخۆشکەر بووینە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت وەبەرهێنان بکات، خەستەخانەی باش بکەنەوە، کاری باش بکەن، چی تێدایە ئەگەر لێرە جارێکی تر ئەوانیش بەشداری بکەن، لە پێناو کەم ئەندامان کەبۆ میللەتەکەمان کەم ئەندام بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێك با یەك رەخنەت لێ بگرم جەنابی سەرۆك، پێڕەوی ناوخۆ ئەولەوییەت ئەدات بە ئەوانەی کەوا زووتر دەست هەڵئەبڕن، وە ڕیعایەتی تەسەلسول بکرێت، رەنگە زروفی تایبەت وات لێ بکات کە ئەوە بکەی، بەس ئەوەش قانونی نیە، بۆ ئەم مەبەستانەی سەرەوە کە حقوقی کەم ئەندامە، پێویستە هەوییەیەکی پێ بێت بۆ ئەوەی هەموو جارێك موراجەعە نەکات کە ئەمە حەقتە یان حەقت نیە، لەسەر هەوییەکە حقوقەکانی بنووسێت، بۆ ئەوەی هەموو جارێك بەکاری بهێنێت، بۆ ئەوەی سواری پاس بوو هەوییەکەی

خۆی پیشان بدات، چوو بۆ خەستەخانە هەویەکەی پێشان بدات، من ئەڵێم بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە کەمئەندام پێناسێکی تایبەتی پێدەدرێت، کە ئەو مافانەی کەم ئەندامی لە خۆ گرتبێ وتێیدا ڕەچاوی کاریگەری ئەم یاسایە بکات، بۆ ئاسانکاری کاروباری ڕۆژانەی کەم ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ ئەوەی ڕەخنەکەت جواب بدەمەوە، جەنابت بەس چاوت لە خۆت ولەمنە، یەکەم: تۆ یەکەم کەس نەبوویت کە دەستت بڵند کرد، کاك تارق یەکەم کەس بوو، حەفتەم کەس دەنگم داوەتێ، دووەمیش: بەهەر شێوەیەك دەنگتان بدەمێ هەر ڕەخنە ئەگرن، لێرەوە دەست پێبکەم هەر ڕەخنە ئەگرن، لەوێوە دەست پێ بکەم هەر ڕەخنە ئەگرن، لە ناوەند دەست پێبکەم هەر ڕەخنە ئەگرن، من پێم وایە عەدالەتێکی سەد دەر سەد ڕەچاو ئەکەم لەدەنگدان بەبێ ئەوەی هیچ ڕەغبەت و شتێك، خۆشت ئەزانیت من تۆم خۆش ئەوێت، کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، قسە نەما من ئاخر کەسم، ئەوە وەکو ئەوەی کاك بارزانی لێهات، من هەر ئەو ڕەئیەی کاك شێخ جعفر و دکتۆر کەمالم هەبوو، بەس یەك موشکیلە هەیە بۆ کەم ئەندام، داوا ئەکرێت خانوویان بۆ دابین بکرێت، بەڵام خانووەکان بەپێی معوەقەکان بێت، چونکە کەم ئەندام ناتوانێت لە شوقەی سەکەنی بێت، بەڕاستی هەشە سێ منداڵی کەمئەندامە، خۆی معوەقی پێشمەرگەیەو سێ منداڵیشی معوەقە، کاتی خۆی یادی بەخێر کاك شوکت کە هاتە ئەو مەنتقە خانوویەکیان بۆ کرد بەپێی مواسەفات، هەم عەرەبانەی تێدا بڕوات، هەم چیمەنی هەبێت، تۆزێك مەساحەکەی فراوان بێت، بۆ ئەوەی بتوانن تێیدا بژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا هەرچیەك کەمن بیڵێم، بەشێکی زۆری تیکرار کردنەوەی قسەی بەڕێزانە کەپێشتر کردوویانە، بەڵام من گلەییش ناکەم بەهەرحاڵ، دیارە باسی کەرتەکانی گواستنەوە کرا، یاخود نەخۆشخانە اهلیە تایبەتەکان، ئێمە ناتوانین بەیاسا ئەمە بچەسپێنین بەڵام هیوادارین ئەو شعورەیان هەبێت، ئەو ئینتیمایە هەبێت، کە هاوکاری خەڵکی کەم ئەندام بکەن، بەڵام من سەد لەسەد تەئیدی پێشنیارەکەی بەڕێز کاك شێخ جعفر ئەکەم و ئەوەی کاك دکتۆر کەمالیش کە ئێمە لێرە جێگیری بکەین، چاوەڕێی یاسایەکی تر نەکەین بۆ دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، چ ئەوانەی کە زەوییان وەرگرتووە دەکرێ هاوکارییان بکرێت، بۆ دروست کردنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون بە نرخێکی داشکاو، یان ئەوانەی کەموستەفید نەبوون، یەکەیەکی نیشتەجێبوونیان بۆ دروست بکرێت، بەس من لەگەڵ ئەوە نیم گەڕەکێك دروست بکرێت بەناوی گەڕەکی کەم ئەنداماں، یەعنی لە شوێنی جیاواز بێت باشترە بەس تەئکید لەوە ئەکەمەوە کە شوێنی نیشتەجێبوون کەمترین ئیمتیازاتەکەیە کەئێمە بیبەخشین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: ئێمە کەنوسیوومانە خەستەخانە ( علاج مجاناً في المستشفيات) ئێمە مەقسەدمان ئەهلیش بووە، کە بەڕاستی وەزارەت تا ئێستا هەموو مەسرەفەکەی داوە، یەعنی ئەوەی ئەهلی، ئەوەی خاریج، ئەوەی داخل، ئێمە لەبەر ئەوە عامەمان نەنووسیوە، یەعنی ئەوە لە صاڵحی کەمئەندامەکانە، دووەم: شتێکمان لە بیر چوو ئەوەی دکتۆرە رۆژان ئیقتراحی کرد، وتی زەریبەیان لەسەر لاببەین، نازانم لەسەر ئەوە ڕەئیتان نەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابێینە سەر مولاحەزاتەکان کە تیکرار کران، ئەوەی کە پێویستە بەنەزەری ئیعتیبار سەیر بکرێت، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژەیە، یەکەم: (أ) (العلاج مجاناً في المستشفيات العامة وتخفيض نسبة30٪ من تكاليف العلاج في المستشفيات والعيادات الخاصة) ئەمە ئیلتیزام بکرێت، چونکە ئەگەر زیاتر بکەیت بەقسەی ناکەن، بەڵام لە 30٪ی بێت ئەوە ئەکرێت پێم وایە کاك زعيم علی فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو معوەقێك کە دەینێرینە عیلاج چ لەدەرەوە بێت چ لە نەخۆشخانەی ئەهلیەکان بێت تایبەت، عیلاجەکەی دەرمانی بەتەواوی هەتا ئاخر عیلاج هیچ معوەقێك فلسێك بەدەرمان نادات، دەرزی بێت، دەرمان بێت جاری وا هەیە دەرزی بۆ دەکڕین زۆر بەگران، هەموو پارەکە وەزارەت دەیدات، یەك معوەق بێنن موقابەلەی لەگەڵ بکەن، یەك فلس مەسرەفی دابێت بۆ عیلاجی خۆی، پاشان وەصڵەکانمان بۆ دێنێتەوە، لەلای دکتۆر مختص تەئید دەکرێت، ئێمە پارەکەی بۆ سەرف دەکەین، یەعنی ئەوە حەز ئەکەم با روون بێتەوە لەلای برادەران، بەس لێرە بەقانون شتێکیان بۆ ئەکەن، ئەوە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی کاك زەعیم باسیکرد، برادەرانیش تەرحیان کرد، با بڵێین مەجالی جێبەجێکردن وا نیە، یەعنی ئەوەی کاك ئارێز باسیکرد، کەرتی تایبەت وابێ موساهەمە بکات، موشارەکە بکات، مەسەلەن سبەینێ ختوتی جەوی بەریتانی لێرەیە، نەمساوی لێرەیە، هیچ مولزەم نیە بێت لە 30٪ی تەخفیزات بۆ کەم ئەندامێکی ئێمە بکات، یان مەسەلەن بەنموونە حەتا لە مەجالی چارەسەر، ئیمکانە نەخۆشخانەیەکی تورکی دێتە ئێرە، کابرا هیچ مولزەم نیە، یان وەکو سەرمایەدارێکی نیشتمانی نیە، بەڵام شتێکی تر هەیە، من پێم خۆشە ئەوە بۆ جەنابتان و برادەرانیش وازح بێت، باشە ئەوە بکرێت هەم لەمەجالی چارەسەرکردن، هەم لەمەجالی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات، لەبەر ئەوە بەڕاستی مەحدودیەتێکی تێدایە، ئەوەی کاك زعیم باسی کرد تا ئێستا لەباری عەمەلی هەروابووە، بەشێکی زۆر ئەوانەی کەپێویستیان بەچارەسەر هەبووە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان، وەزارەتی پێشمەرگە، یان حزبەکان خۆیان تەحەمولیان کردووە، ئێستاش با بەقانون

ئەوە وەكو دەستكەوتێك، وەكو ئیمتیازێك لێرەدا جێی بكرێتەوە، دەشبێت مەسەلەن سبەینێ لەكوردستان من پێم وایە لەخیلالی ئیتارێك ئەو پەڕی پازدە كەسی معەوەق سەفەری دەرەوە ئەكات، تەبیعیە با هەوییەكەی خۆی پیشان بدات، حكومەت لە 30٪یەكە تەحەمول بكات، یەعنی با بیكەین باشە، بەڵام پێمان وا نەبێت لێرەدا كەرتی تایبەت مولزەم بكەین بەوەی بەپێی ئەو قانونە ئەبێ هەڵسوكەوت بكات و واجبی خۆی ئەدا بكات، من پێم وایە لەو حاڵەتەدا حكومەت تەحەمولی ئەو لە 30٪یە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ عیلاج، مەعنای ئەوە نیە كەرتی تایبەت مولزەمە خۆی پارەی ئەو معەوەقە بدات، وەزارەتی پێشمەرگە لە میزانیەی خۆی ئەیدات، ئینجا چەندی بۆ تەخصیص ئەكەن بەڕەئی ئێمە لەم مەرحەلەیە نەخۆشخانە بوترێت و تەواو، چونكە معەوەق، كەرتێكی تایبەت نەخۆشخانەیەكی تایبەت لە حیسابی خۆی كەس عیلاج ناكات، ئەبێ عیلاجەكەی تەرەفێك بیكات، یان ئەنجومەنی وەزیران ئەیكات، یان وەزارەتی مالیە، یان وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام بەڕەئی من ئەوەی وەكو خۆی هاتووە، (العلاج مجاناً في المستشفيات) ئەوە وەكو خۆی هاتووەو تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان من پێم وایە، ئەوە قەیناكە وەزارەتی پێشمەرگە بەو ئیشە هەڵئەسێت، دەستی خۆش بێت، بەڵام لەڕووی قانونیەوە تۆ ئیلتیزامی نەخۆشخانەی تایبەت ئەكەیت، شەو نەخۆشێك ئەچێتە نەخۆشخانەیەكی تایبەتی، قانونەن نەخۆشخانەی تایبەت لە 30٪ی هیچ نیە، عیادە (25)هەزار وەردەگرێت بەوە دەبێتە (15)هەزار، مەسەلەن شتێكی تەبیعیە، بەڵام مادام سوء تەفاهم هەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بزانین چ دكتۆرێك هەیە، ڕەئێكی دكتۆری بدات، كاك سعد تۆ قسەت كرد، باشە دەی فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێم خۆشە یەك موداخەلەی بچووك بكەم، بەشێكی زۆر لەو خوشك وبرایانەی كە ئەندام پەرلەمانن لەدەرەوە بوون، مەسەلەن لەدەرەوە لە وڵات بۆ وڵات فەرق ئەكات، لە 30٪ یان 40٪ تەخفیزات بۆ پیرو پەككەوتە هەیە، بەڵام حكومەت تەحەمولی ئەوە ئەكات، یەعنی ئەوە هەندێ شت بەڕاستی ئەوانەی لێرەن لەدەرەوە بوون، ئەتوانن موداخەلات بكەن، یەعنی ئەوە ناكرێت ئێمە كەرتی تایبەت مولزەم بكەین بەوەی بڵێین دەبێ تۆ لە 30٪ی بدەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من حەزەكەم ڕەئێكی قانونی بپرسم، پێم وایە ئەكرێت، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی نەخۆشخانەی تایبەتی تەحەمول بکات، بەقانون جائیزە ئەوە بکەین، بەڵام ئەوە ناکرێت نەخۆشخانەی ئەهلی ئێمە ئیجبار بکەین، فەرزی بکەین لەسەری بەقانون لە 30٪ی یان مجاناً لێی خۆش بێت، ئەمە یەك، دووەم: ئێمە نەصێکمان داناوە نەخۆشخانەکان تەنها هاتووە، ئەگەر بەو نەصە بێت نەخۆشخانەی ئەهلیش ئەگرێتەوە، هی حکومیش ئەگرێتەوە، ئێمە ئەوەی هاتووە بیکەین بە نەخۆشخانەی حکومی (علی ان تتحمل حکومة الاقیم نفقات المستشفیات الاهلیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئێمە وەختمان بەوە نەکوژین، بەڵام بەقانونیش کێ دایناوە عەفوم ئەکەن؟، چونکە موناقەشە تەواو بووە، ناوتان نووسیوەو قسەتان کرد، تەنها ئەگەر بزانم یەکێك موختەصە لە ئیشەکەدا قسەی دەدەمێ، بەس ئەوەندەیە جوابی کاك شێروان و هی کاك دکتۆر کەمالیش بدەمەوە، ئەو ئینسانە کە شەهید دەبێت یاخود کەم ئەندام ئەبێت، لە پێناوی گشت میللەتدایە، بۆیە هەموو موئەسەساتێك مولزەمن دەفعی زەریبەی ئەو ئینسانە بکەن کەبووەتە کەم ئەندام، نەخۆشخانەیە بەپێی قانون فەرزی لەسەر دەکەین، نیسبەتێك لە هینەکەی کەم بکاتەوە، وەکو خۆی دەیهێڵینەوە، کاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بۆ عیلاج ئەو لە 30٪یە هەر زیادە، چونکە ئێمە لە (جیم) کاتی خۆی ویستمان بیگوازینەوە حکومەت بەرپرسە لە سەرفی هەموو کولفەکە، یەعنی چەندی تێبچێت، لەبەر ئەوە بۆ عیلاج ئەو لە 30٪یە زیادە لە خەستەخانەکان لەهەر جێگایەك بێت، لەهەر جێگایەك عیلاجی بوێت، حکومەت مولزەمە لە 100٪ بەپێی بڕگەی جیم هەموو مەساریفێکی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی بمێنێتەوە (العلاج مجاناً في المستشفیات) ئەوە ئەلفەکەیە، وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، نانووسین العامە بۆ ئەوەی ئەگەر خاصە بێت وەزارەتی پێشمەرگە ئەیدات، عامەش خۆی مەجانیە، (ب) تخفض بطاقة السفر داخل الاقلیم وخارجە بنسبة 30٪ ولجمیع انواع وسائط النقل العامة، وتمان نقلی عامە چی ئەگرێتەوە، کاك غفور داوای قسەت نەکرد، ئەو ماددەیە تەواو بوو، باشە دەی فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك: رەئیەکەی من ئەوەیە کەداوای ئەکەم، نەخۆشخانەکان هەمووی لەکوردستان بەخۆڕایی چارەسەری نەخۆش ئەکات، فەقەت یەك بیتاقەی (500) دیناریان لێ وەردەگرێت کەداخلی نەخۆشخانەکە دەبێت،: دوو: ئێمە مەسەلەی وەسائیلی نقلی عام نیە، هەمووی خاصە، یەعنی لەم یاسایەدا هەبێت یان نەبێت هیچ تەئسیرێکی نیە، کە ئێمە شتێك دەرئەکەین کەتۆ ئەڵێیت پێشمەرگە، ئەوە ئیمتیازێکە بەخۆڕایی لە نەخۆشخانەی گشتی چارەسەرت دەکرێت، ئێ خۆی بەخۆڕایی چارەسەر ئەکرێت، هیچ ئیمتیاز نیە کە دەیدەیتێ، وەسائیلی نقلیش هەمووی تایبەتە، هی کەرتی تایبەتە، کوا فەرموو نە شەمەندەفەرمان هەیە، نەهێڵی جەوی نیشتمانیمان هەیە، هەر هەمووی کۆمپانیاکانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەك: پاسات هەیە حكومیە، سبەینێ حكومەتی هەرێم تەیارەی دەبێت، ئەو تەیارەیە هی حكومەتە تۆ بەقانون دایدەنێیت، ڤیتاری دەبێت، ئەو ڤیتارە عامەیە، لەبەر ئەوەی تۆ بەقانون تەسبیتی دەكەیت، بەهەرحاڵ ((ب) تخفض بطاقة السفر) وەكو خۆی دەمێنێتەوە تەنها عامەكەی زیاد كرا، (جیم) ئەوە موناقەشەی زۆری لەسەر كرا، وای لێدێت (الاعفاء من الفائدة القانونية عن السلف التي تدفع له)، د- حق التعليم مجاني في جميع مراحل الدراسة، ئەوەی سۆزان خان وتی لهم دەكەین لهو ولزوجته ولاولاده)، هـ - ئەوەی ئیزافە دەكرێت، (منح قطعة أرض سكنية له) تەبعەن پارچە زەوییەكە فەوریە، وەحدەی سەكەنی رەنگە شەش ساڵیش بخایەنێت، ئەمە رێگا ناگرێت، حكومەت و وەزارەت دەتوانن زەوییەكەش بدەن و خانووش دروست بكەن، ئەو وەختە ئیختیاری بكەن (منح قطعة أرض سكنية ملائمة لغير المستفيدين) ئەوە هەر پێویست ناكات لێرە ئۆتۆماتیكیە، جارێكی تریش ئەیڵێمەوە ئەگەر سەكەنیان بۆ بكەن پێویست بەقانون ناكات، لەبەرنامەجی وەزارەت سەكەنیان بۆ بكات، یان حكومەت بۆیان بكات ئەوە تەبیعیە، ئێمە لێرە ئیلزام دەكەین قتعەی سەكەنی بیانداتێ ئەوە فەورییە، ئەوەی وەری نەگرتووە، بەڵام تۆ بەرنامەجت هەبێت بەتەئكید وەزارەت دەتوانێت سبەینێ بەرنامەج بكات یان ساڵێكی تر بكات، ئەوە شتێكی تەبیعیە، فەرموو كاك دكتۆركەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كەبڵێین با سەكەنی بۆ بكرێت، ئەبێ ئەوە بكرێت، جا حكومەت ئەیكات یان وەزارەت ئەیكات موهیم ئەبێ بكرێت، بەڵام ئەگەر بڵێین پارچە زەوییەكی سەكەنی نەپێی ئەكرێت یان ئەیفرۆشێت، بۆیە ئەمانەوێت فەرزی بكەین ئەوانەی معەوەقن حكومەتی هەرێمی كوردستان ماڵێكیان بۆ بكات، من ئەمەوێت ئەم پێشنیارە بخەمە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش لەگەڵ پێشنیارەكەی كاك دكتۆر كەمالم، ئەگەر بكرێت تەئمینی وەحدەیەكی سەكەنی لەناو قانونەكەدا دابندرێت، ئەو خەڵكەی كە زەوی وەرگرتووە ئیمكان هەیە خانووەكەشی لەسەر زەوییەكە بۆ بكرێت، ئەو كاتە تەئمینی وەحدەی سەكەنی بۆ دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە، ئەیبرم ئەگەر نیزامی نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەماددەكانی پێشوودا باسی ئەوەمان كردووە تەئمینی راحە، ئەگەر لێرەدا بڵێین وەحدەی سەكەنی تەنفیزەو دووبارە كردنەوەی تەئكیدی ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زەعیم فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەندێجار با بەشێوەی عاتفی ئیش نەکەین، هەندێجار موزایەداتیش نەبێت، بەڕاستی خەڵکانێك هەیە زەوی زۆری وەرگرتووە، هەندێك هەیە خانووشیان بۆ کراوە، پێم باشە ئەو پێشنیارە ئێمە دیراسەی بکەین، دیراسەتێکی تێرو تەسەل لەگەڵ سەرەوەی خۆشمان زیاتر، بزانین نەتیجەکەی دەبێتە چی پاشان دێنین دووبارە لێرەدا پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەین، دەنگی لەسەر بدەن، چونکە بڕوات هەبێت بەو پەلەیە ئێمە بڕیارێکی وا بدەین ئیلتیزامێکی گەورەیە، مومکینە لێشی دەرناچین، پاشان هەزار ئەشکالاتی تری تێدا دەبێت، زۆر هەیە خانووی بۆ کراوە، زەویشی وەرگرتووە، جارێك و دوو جارو سێ جاریش، ئەوە ئەبێت وردبکرێتەوە، باش دیراسەت بکرێت، ئەوەی زەوی وەرگرتووە، دوو پارچەو سێ پارچە، من پێم باشە بڕێك زیاتر ئەم پێشنیارە دیراسەت بکرێت لەسەرۆکایەتی هەرێم، لەسەرۆکایەتی حکومەت، لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەتراف تریش لەدەزگای مەعنی وەك شەهیدان، خانەنشین، کەمئەندامان، بێن بەشدار بن، پاشان پرۆژەیەکی رێکوپێك چ بڕیارێکی لەسەر درا، هەمووشمان پەرۆشین، ئەوەی پێمان بکرێت بۆیان بکەین، حەقی هەموو شتێکیشیان هەیە، یەعنی ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە مەحرومیان بکەین، بەدیراسەتێکی رێکوپێك شتی زیاتریشیان بۆ بکەین، بەڵام بەجوانی تەقدیم بکرێت دیراسەتێکی رێکوپێك ئینجا بۆیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من پێم وایە قسەکانی کاك زەعیم ڕاستە، ئەوە ڕێگا ناگرێت، پرۆژەش تەقدیم بکەن، ئەگەر گەیشتنە ئەو ئیمکانیەتە، حکومەت ئیمکانیەتی هەبێت هەر لەبەرنامەی حکومەتە، هەر لەزمنی بەرنامەکانە موساعەدەی کەسوکاری شەهیدان وکەمئەندامان بکات، زمنی ئەوەیە تەئمینی شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ بکرێت، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی پێشنیاری کاك دکتۆر کەمال ئەکەم، بەتایبەتی لە قانونی شەهیدان، لەوێ تەئمینی یەکەی نیشتەجێبوون کراوە بۆ شەهیدەکان، ئەگەر لەوێ کرابێ لێرەش دەتوانین زەوابتێك دابنێین ئێستا، (تأمین وحدة سكنية ملائمة لغير المستفدين منهم)واتە ئەو کەسانەی کە زەوییان وەرگرتووە یان خانوویان وەرگرتووە، با نەیاندرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم کێشەیە بەڕاستی پێویستی بەڕای وەزارەتی مالیە هەیە، ڕەئی حکومەت، من پشتگیری پێشنیارەکەی جەنابی وەزیر ئەکەم، ئەمە ئەبێ بگەڕێتەوە، چونکە وەحدەی سەکەنی وا بەئاسانی نیە، ئیمکانیەتی مالی

پێویستە، ئەبێ وەزارەتی مالیە دیراسەتی ئەم مەوزوعە بکات، منیش پێم وایە فعلەن ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر کردی دروستترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەشاد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کەباسی موستەفید ئەکەین، موستەفید ئەو کەسەیە کە زەوی وەرگرتووە یان خانوو، ئەو زەوییەش هەموو هاووڵاتیەکی عێراقی حەقی هەیە وەری بگرێت، لێرە بە ئیمتیاز دێت بۆ کەم ئەندامەکان، دەکا تکریم، موکافئە، داخلی بابی ئیستیفادە نابێت، ئەگەر زەوی دەدرێتێ ئەوەشی کەوەری گرتووە، هەر دەیدرێتێ ئەوە قانون هەیە، تەحدید کراوە بەقانون، چونکە دوو جۆر هەیە، عامە، ئەوە منیش وەری دەگرم، بەڵام ئەوە تەکریمە، هەروەکو جەنابتان لێتان مەعلومە پۆستەکانی وەزیفی تەکریم دەکرێن، مودیر عام تەکریم دەکرێت، بەدەر لە شروتی تەخصیص، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی هەندێجار تێکەڵی دەکەن، مەعلومە کەئەو پارچە زەوییە لەبەر ئەوەی معەوەق بووە وەریگرتووە، ئەگەر بەحەقی خۆی پارچە زەویەکی وەرگرتبێ وەکو هاووڵاتیەکی هەرێم یان عێراقی ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەو پارچە زەوییەی کەباسی ئەکەین لەبەر شەهیدی، ئەگەر شەهید بووبێت، لەبەر کەم ئەندامی ئەگەر کەم ئەندام بووبێت، ئەوە شتێکی ترە بەتەئکید، بەڵام ئەوان کە ئەڵێن وەری گرتووە بەناوی معەوەق وەری گرتووە، بۆیە جارێکی تر نابێت وەری بگرێتەوە، کاک دکتۆر کەمال ئیزافەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە، ئێمە لەدوێنێوە موناقەشەمانە لەسەر ئەوەی کەپێشمەرگەو حەرەس ئیقلیم، چونکە ئەم میزانیە ئەکەوێتە سەر وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بە ئیعتیبار وەزارەتی پێشمەرگە لەو مەنزومەیەیە، بۆیە ئەمە ناکەوێتە سەر ئەو میزانیەیەی هەرێمی کوردستان، من دووبارە پێشنیارەکەی خۆم تازە ئەکەمەوە داوا ئەکەم بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زەعیم ئەو خانووانە ئەگەر دروست بکرێت، لەسەر میزانیەی عێراقە یان هی خۆمانە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئێستا ئێمە لە موناقەشەدابین بەڕاستی، هەندێ ئیمتیازات هەیە ئەمانەوێت رەبتی مەرکەزی بکەین، هەندێکیش هەر لەلای خۆمانە لەزمنی 17٪ کە هێشتا ئەوەمان یەکلانەکردۆتەوە، ناتوانین ئێمە لێرە هیچ قەرارێك بدەین، بەس هەر پێم باشە ئەم موقتەرەحە دیراسەت بکرێت زیاتر، بەڵکو شتی زیاتریشیان پێ بدرێت کەمئەندام، لێرە مومکینە ئەوەش کەم بێت، سبەینێ سەیارەش بێتە سەر مەوزوعەکە، ئیمتیازیان پێ

بدرێت، مومكینه سەفەری دەرەوەش ئەگەر پێیان بدرێت، بۆیە پەلە نەكرێت باشترە بۆ ئەوەی بەرێكوپێكی دیراسەتی بكەین، بەڵكو بتوانین ئیمتیازاتی زیاتریشیان بۆ دابین بكەین نەك بەو پەلەپەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو، شێخ جعفر.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك: رەنگە مەسەلەی كەمئەندام و خانەنیشینی پێشمەرگە لەپاشە رۆژدا لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە نەمێنێت، چونكە ببێت بەموئەسەسەیەكی تایبەت ئەوەش هەڵئەگرێت، دوو: كە ئێمە ئەڵێین ئێستا وەحدەی سەكەنیان بۆ دروست بكرێت، مانای وانیە ئەو میزانیەیەی كە وەزارەتی مالیە ئەمساڵ هەیەتی لەبەیانیەوە مولزەمین بە دروست كردنی خانوو، ئەوە ڕەنگە بەچەندین ساڵ بكرێت، ئەگەر ئێستا ئێمە بەیاسا ئەو حەقەیان بۆ دیاری نەكەین، مانای وایە ئەوە بە موعەلەقی ئەمێنێتەوە، ئەم جارەش تەئكیدی ئەكەمەوە هەر پارچە زەوییەك بدەین بەهەر شەهیدێك، بە هەر كەمئەندامێك، بەهەر پێشمەرگەیەك، بەهەر تێكۆشەرێك، وەكو ئەوە وایە بەبەلاش پێتدابێ، چونكە ئەو پارچە زەوییە زەرووڕەتی ژیان زۆرە ناچار ئەبێت بیفرۆشێت بەنرخێكی هەرزان بچێت زەرووڕەتەكەی ژیانی پێ دابین بكات، من خۆم چەندین پێشمەرگە ئەناسم یان ماڵە شەهید ئەناسم زەوی وەرگرتووە چووە داویەتی بە سەتەلایتێك لەو كاتەدا، ئێستاكە سەتەلایتەكە $10 ناكات، كە زەوییەكەی بایی چەندین هەرزار بووە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە ئەوەش بەبەرنامە بێت چونكە، واجبیشە، كە ئەبێت یەكێك لەحەقەكانی هەم شەهید، هەم پێشمەرگەی خانەنیشین، هەم كەم ئەندامەكان، سەكەنیان بۆ دابین بكەین، جا ئەمڕۆ پێمان ئەكرێت، یان 10 ساڵی تر پێمان ئەكرێت، یان لەڕێگای رێكخراوەكان وهەر كەسێكی ترەوە بێت پێمان ئەكرێت، ئەوە واجبێكە وحەقی ئێمەیە كە بەڕاستی پێی لێ دابگرین بۆ ئەوەی كە لەیاساكەدا جێگری بكەین ئەو داوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موفتەرەحەی من ئەوەیە( على وزارة الپيشمەرگە تهيئة مشروع لبناء وحدة سكنية لهم).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نابێت، كاكە نابێت، قانونیەن ئەو شتانە نابێت، ئەوەی كاك عونی ئەیلێت: ( العمل على تأمين وحدة سكنية ملائمة لهم) ئەوە باشە ئیزافەی بكەن، مانای وایە دیراسەتی دەوێت، میزانیە تەرخان كراوی دەوێت، حەقەكەش تەسبیت ئەكەین لێرەدا، ئێستا ماددەكە بەو گۆڕانكاریانەوە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:پێشمەرگەی (زێڕەڤانی هەرێم) كەمئەندام، ئەم ئیمتیازاتانەی خوارەوەی هەیە:

ا ـ چارەسەر كردنی بە خۆرایی لە نەخۆشخانەكان دا.

ب ـ داشکاندنی نرخی پلیتی سەفەر کردن لە فڕۆکەخانەکان دا بۆ هەرێم و دەرەوە بە ڕێژەی 30٪ لە هەموو جۆرەکانی هۆی گواستنەوە.

ج ـ پێشینەی دارایی بێ سوو بۆ خانووبەرە یان زەوی کشتوکاڵی یان پیشەسازی یان بازرگانی یان بۆ هاوسەرگیری پێ دەدرێت.

د ـ مافی فێرکردنی بە خۆڕایی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بۆ خۆیان و هاوسەرو ڕۆڵەکانیان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: يتمتع البيشمەرگە (الحرس الاقليم) المعوق بالحقوق والامتيازات التالية:

ا ـ العلاج مجانا في المستشفيات.

ب ـ تخفيض بطاقة السفر داخل الاقليم و خارجه بنسبة 30٪ ولجميع انواع وسائط النقل العامة.

ج ـ الاعفاء من الفائدة القانونية عن السلف التي تدفع له.

د ـ حق التعليم المجانى فى جميع مراحل الدراسة لهو و لزوجته و لاولاده.

هـ- العمل على تأمين وحدة سكنية ملائمة له.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەمە دەنگەوە ئەو ماددەیە وەکو خوێندرایەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات، تکایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، 7کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم کە دەکاتە هەشتەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێڕەو ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: على مجلس الوزراء والوزارات ذات العلاقة اصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە ڕۆتینیە وەکو هەموو قانونەکانی تر دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات، تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: یاسای خانەنشینی کەم ئەندامەکانی پێشمەرگەی ژمارە(7)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوەو ئەم یاسایە جێی دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، تکایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بكات، تكایە، كێی لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، كێی لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم: ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێت ولەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا بلاودەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەصڵ لەیاسا دائیمەن جێبەجێ كردنی لە تەئریخی نەشرە، ئیستیسنائەن بۆ وەزارات كەپەلەیە، كردمانە تاریخی ئیصدار ئێستا دەبینین ئیستیسناكە بووە بەئەصڵ، ئەوەش شتێكە لە جێگای خۆی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەوە ڕاستە چاكی بكەن.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم: ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوكردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی( وەقائیعی كوردستان) داجێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، هۆکارەکانی دەرچواندن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبه

تكريماً للدور البطولي والنضالي الذي خاضه الپێشمەرگە (حرس الاقليم) منذ اندلاع الثورة التحررية الكوردستانية وتكريماً للتضحيات التي قدمها لتحقيق أهداف شعب كوردستان، وبما أن من أصابه العجز من هؤلاء المناضلين قد فقدوا القدرة على الاستمرار في الخدمة في صفوف فصائل پێشمەرگە كوردستان ولحاجتهم إلى العلاج والتأهيل والرعاية الخاصة وإلى الراحة والعيش الرغيد وتأمين حقوقهم التقاعدية فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ڕێزلێنان لە دەوری قارەمانیەتی و تێکۆشانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم) کە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستانەوە نواندوویەتی و بۆ ڕێزلێنان لە قوربانیان کە لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستان پێشکەشی کردووەو، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی لەو خەباتگێرانەدا تووشی پەککەوتەیی بووە و توانای بەردەوامبوونی لە خزمەتکردن لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستاندا نەماوەو لەبەر پێویستییان بە چارەسەر کردن و شیاندن و چاودێری کردنی تایبەتی و حەسانەوە و ژیانێکی خۆش هەیە و بۆ دابین کردنی مافی خانەنشینیان، ئەم یاسا دەرچوێندرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ڕێك هاتووە، عەرەبییەکەی ئەساسە، کوردێکە کێ مولاحەزەی هەیە، بینێرێت دوایی چاکی ئەکەین، پرۆژەکە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچواندنی دەیخەمە دەنگەوە، دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، یەك دەنگی لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەم دەستان خۆش بێت بۆ دەرچوونی ئەو یاسایە، فەرموو کاك زەعیم.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکەم، زۆر سوپاسی هەموو خوشك وبرا پەرلەمانتارەکان دەکەم، زۆر سوپاسی هەردوو لیژنەکەی یاسایی وپێشمەرگە دەکەم، کە زۆر زەحمەتیان کێشاوە، هەر هەمووتان، انشاء الله ئەو یاسایەی کە ئێستا ئیقرار کرا زۆر بەدیقەت لە خزمەتیدا دەبین، بۆ جێبەجێکردنی، داوای سەرکەوتن بۆ هەموولایەك، زۆر سوپاس دووبارە، ئەو قسانەم لەباتی براشم کاکە شێخ جعفر کرد کە قسەی هەردووکمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، بەسەرکەوتوویش ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن، وەکو یاساکانی تر بۆ خزمەتکردنی کەمئەندامان وپێشمەرگەکان بەگشتی، داوا ئەکەم ئەو خاڵەی کەماوە

گفتوگۆکردنی یاسای خانەنشینی پێشمەرگە، دەنگ بدەن بۆ دواخستنی بۆ رۆژێکی تر کە دوایی دیاری ئەکەین لە هەفتەی داهاتوودا کێی لەگەڵدایە، کەدوای بخەین، با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ دواخرا، یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بەرنامەی رۆژی دووشەمی داهاتوو یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای بەکارهێنانی هاتووچۆی ئیتیحادی، دووەم: گفتوگۆکردنی یاسای رۆژنامەنووسی، سێیەم: گفتوگۆکردنی یاسای ئەکادیمی کوردی، رۆژی دوو شەممە کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین بەخێر بێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 26\11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (26)

## دوو شەممە رێكەوتی 2007/11/26

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/11/26 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی

بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (26)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای کارکردن بەیاسای هاتووچۆی ئیتحادی عێراق کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

2- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

3- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای ئەکادیمیای کوردی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2007/11/26دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای کارکردن بەیاسای هاتووچۆی ئیتحادی عێراق کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

2- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

3- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای ئەکادیمیای کوردی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەی وەزیری رۆشنبیری و کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەم، کەلەگەڵمان بەشدارن ئەمڕۆ، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لەلیژنەی یاسایی ئەکەم بۆ بڕگەی یەکەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای کارکردن بە یاسای هاتووچۆی ئیتیحادی عێراق کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، با بفەرموون دانیشن بۆ خوێندنەوەی، داوا لەلیژنەی یاسایی ئەکەم ئەو پرۆژەی کەوا لەلایەن حکومەتەوە هاتووە بۆ بەڕێزان بخوێننەوە بەزمانی کوردی و عەرەبی، کورتە بەهەردوو زمانەکە بیخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئیستا دەقی پرۆژەی یاساکە لەلایەن کاك دلێر دەخوێندرێتەوە بەزمانی کوردی بابفەرمووێت.**

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان_عێراق**

**ژمارە:**

**مێژووی بڕیار:**

**بڕیار**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی ماددەی (56)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان_عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 1992 ولەبەر ڕۆشنایی بڕگەی(دووەم) لە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق ژمارە(11)لە 1992/8/31 بڕیارماندا:**

**1- کارپێ کردنی (یاسای هاتووچۆ)ی دەرچوو بە بڕیاری دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی – پێشوو – ژمارە (86)ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان.**

**2- دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی ئاماژە پێدراو لە یاساکەدا بەکار دەهێنن لە سنووری هەرێمی کوردستاندا.**

**3- (دەستەواژەی (ماددەی))جێگەی دەستەواژەی (القسم رقم) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسای ئاماژە پێدراودا هاتبێت.**

**4-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی هەرێمی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**استناداً الى احكام الفقرة(1)من المادة(56)من قانون المجلس الوطني لكوردستان – العراق رقم(1)لسنة 1992 وفي ضوء الفقرة (الثانية) من قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (11)في 1992/8/31 قررنا مايلي:**

**1- انفاذ (قانون المرور) الصادر بموجب أمر سلطة الإئتلاف المؤقتة – الملغية – رقم (86) لسنة 2004 في اقليم كوردستان – العراق.**

**2- تمارس السلطات المختصة في حكومة اقليم كوردستان الصلاحيات والسلطات الواردة في القانون المذكور في الفقرة (1) اعلان فيما يخص الإقليم.**

**3- تحل كلمة (المادة) محل عبارة (القسم رقم) اينما وردت في القانون المذكور.**

**4- ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في جريدة (وقائع اقليم كوردستان) الرسمية.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین بۆ ئەوەی لەرۆژی دیاریکراودا راپۆرتی خۆیان بنووسن وقەراری لەسەر بدەین، برگەی دوو لەبەرنامەی کار خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامە نووسان کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، داوا لەلیژنەی رۆشنبیریش ئەکەم، بێن دابنیشن لەشوێنی خۆیان، داوا لەلیژنەی یاسایی ئەکەم مادده بەمادده پرۆژەکە بخوێننەوە دواتر رەئی هەردوو لیژنەکان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون العمل الصحفي في كوردستان**

**الفصل الاول**

**التعاريف والمبادىء**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

الإقليم: إقليم كوردستان – العراق.

النقابة: نقابة صحفي كوردستان.

النقيب: نقيب صحفي كوردستان.

الصحافة: مزاولة العمل الصحفي بقنواتة المختلفة.

الصحفي: كل شخص يمارس العمل الصحفي ويتوفر فيه الشروط القانونية بموجب قانون نقابة صحفي كوردستان.

الصحيفة: المطبوع الذي يصدر دورياً باسم معين وبأعداد متسلسلة وبأنتظام ومعد للتوزيع.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو پرەنسیپەکان**

ماددەی یەکەم:

هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

سەندیکا: سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

نەقیب: نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

رۆژنامەوانی: هەر کەسێکە کاری رۆژنامەنووسیی بکات.

رۆژنامە: هەر چاپکراوێك کە بەخولەکی وبەناوێکی دیاریکراو وژمارەی یەك لەدوای یەك و بەرێك وپێکی دەربچێت و دابەشبکرێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرۆژەی یاسا هاتبوو، پرۆژە یاسایەك بەر لەئێستا هاتبوو سەبارەت بەهەمان مەبەست کە زەرفی موشەدەدی تێدایە وپەیرەو نەدەکرا بەپێی ماددەکانی (433 و434) لە قانونی عقوبات ئێمە هەردوو

پرۆژەکە کەیەکیان ئەگرتەوە هەردووکیانمان کرد بەیەك وبەم شێوەیە رای لیژنەی یاسایمان لەسەردا، لیژنەی یاسایی لە رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 6/ی گەلاوێژ/2707 ی کوردی بەرامبەر بە 2007/10/28ی زاینی کۆبووەوە بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامە نووسی لە کوردستانی عێراق، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، لەدوای خوێندنەوەی یەکەمی لەپەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(10)ی رۆژی 2007/10/3 ی پێشکەشی کراوە، هەروەها ئەو بڕیارە تایبەتەشی بۆ هاتووە بۆ بەدەرکردنی رۆژنامەنووسان لەباری توندیی کەلەدوو ماددەی(433 ، 434)ی یاسای سزادان هاتووە، وخوێندنەوەی یەکەمی لە رۆژی 2006/9/3 دا بۆکراوە، دوای وتووێژو تاوتووێکردن وکۆبوونەوە لەگەڵ پەیوەندیدارانی پرۆژەکان ووەزیری رۆشنبیری هەرێمی کوردستان وراوێژکارانی و نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وئەندامانی ئەنجومەنی نەقابە، لیژنە راپۆرتی خۆی و راسپاردەکانی لەبارەیەوە بەتێکڕای دەنگی ئامادەبووان بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

لیژنە پشتگیری هەردوو پرۆژەکە دەکات، لەبەر ئەوەی پرۆژەی بڕیارەکە بە بەدەرکردنی رۆژنامەنووس لەباری توندیی، پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی گرتوویەتیە خۆی، لە کاتێکدا کە پرەنسیپەکانی رێگە نەدان بە گرتنی رۆژنامەنووس و گۆڕینی سزای گرتن بە غەرامە، بۆیە لیژنە وابەچاك دەزانێ پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی، بکرێتە بنەڕەتێك بۆ وتو وێژ لەسەر کردنی وبەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

1- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ دەکات و هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوە کاك کەریم خۆ دوو پرۆژە هاتووە ئەوەی لەحکومەتەوە هاتووە خستوومانەتە کارەوە، پرۆژەی پێشتریش کەهاتبوو خۆمان ناردمان بۆ حکومەت، تا تاوتوێی لەسەر بکات، لەبەر ئەوە ئیعتیبار ئەکەین پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان، کە خۆشتان واتان قەرار داوە هەر ئەوە ئەساسی پرۆژەکەیە، ئەو مولاحەزانەی خۆشتان کەدوایی وەرتانگرتووە، لە راپۆرتتان ئاماژەتان پێکردووە، بەڵام نابێت دوو پرۆژە لەبەردەم پەرلەمان بێت، بۆیە هەر تەنها پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان ئەوە ئەساسە، ئەو ماددەیەش کەخوێندرایەوە لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە، داوا لەلیژنەی رۆشنبیریش ئەکەم لەسەر ماددەی یەکەم فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچمە سەر ماددەی یەکەم، دوو سێ قسە هەیە حەزەکەم ئاراستەی بەڕێزتان وئەندامانی بەڕێزی بکەم، یەکێکیان ئەوەیە ئەو پرۆژە یاسایە کە ئێمە کارمان لەسەری کردووە، ئەو پرۆژە یاسایە کەوا لەلایەن سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستانەوە ئامادە کراوەو حکومەتیش پێیدا چووەتەوە، ئەوە

**یەك لەو پرۆژە یاسایەی كەوا لەبەردەستی ئێمەدایە بۆ ئەوەی تێبینی بكەن بەڕاستی لەروانگەیەكەوە نووسراوە، كەوا زیاتر مۆركی رۆژنامەنووسی پێوەیە، واتە كەمتر باس لەكەناڵەكانی تری راگەیاندن كراوە، دیارە ئێمەش لێرەدا پێمان باش بووە، ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگرین كە تەنها كاری رۆژنامەگەرییە، یاخود كاری رۆژنامە نووسی كە ئێمە كار لەسەری دەكەین، كەناڵەكانی تریش بگرێتەوە بۆیە لە لیژنەكەمان هەندێك گۆڕانمان تێدا كردووە، ئومێد دەكەین ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژە یاسایەكی فراوانترو هەموو كەناڵەكانی تری راگەیاندنیش بگرێتەوە، ئەوە یەك هەرچەندە بەكوردی ئامادەكراوە، بەڵام، پێویستی بەپێداچوونەوەو چڕ كردنەوە هەیە لە پرۆژە یاساكەدا، شتێكی تریش هەیە ئێمە لەدەرەوە لابەلا زانیمان كەرۆژی چوارشەممەی رابردوو، بەرنامەی كار ئەم پرۆژە یاسایەی كاری رۆژنامەگەری تێدایە، پێشتر لەبەرنامەی كاردا نەبووە، ئێمە، وەكو لیژنەی پەیوەندییەكان وكاروباری رۆشنبیری، كەمتر ئیشمان لەسەری كردووە، كەمتر سەرنج وتێبینی رۆژنامەنووسانمان وەرگرت، وامان بەباشتر زانیبوو كەزۆرترین تێبینی وسەرنجی رۆژنامەنووسان وەربگرین، لەسەر ئەو بنچینەیە، یەعنی ئێمە، پەلەمان نەكرد لەسەر گفتوگۆ كردنی، رۆژی چوارشەممە ئێمە، ئاگاداركراینەوەو لابەلاش زانیمان كە سەرۆكی حكومەت گفتی دابوو كە هەوڵ بدرێت، پرۆژە یاساكە دوابخرێت، لەبەر ئەوەی لەبەرنامەی كاردا بووە، دیارە لێرەیە لەناو پەرلەماندا بڕیار ئەدرێت كەدوابخرێت یان نەخرێت، لەبەر ئەوە بەهەرحاڵ ئێمە، هەتا دوێنێش لەگەڵ سەندیكای رۆژنامەنووسان كۆبووینەوە، بەڵام، پێمان وابوو ئەو مەسەلەیە رەنگە دوابخرێت، ئێمەش، وەكو لیژنە پێمان خراپ نەبوو، كە هەفتەیەك یان دوو هەفتە دوابخرێت، بۆیە سێ ماددە لەپرۆژەكە ماوە كە ئێمە، وەكو لیژنەكەی خۆمان گفتوگۆمان لەسەر نەكردووە، ئەگەر، كەموكورتی هەیە رەنگە، لەوبارەیەوە بێت، هەتا بۆ نموونە یەكێك لەبرادەرانمان لەئەندامانی لیژنە، كە لەهەر سێ كۆبوونەوەكە بەشدار بووە، لێرەش دانیشتووە ئەویش كاك ئیحسانە، بەڵام، ناوی نەهاتووە لەهەموو كۆبوونەوەكان بەشدار بووە، بەڵام، لەبەر ئەوە بووە ئێمە دوێنێ پێمان وابووە وپێمان باش بووە، كە هەفتەیەك یان دوو هەفتەی تر دوابخرێت، بەڵام، كە حكومەت داوای ناكات ئێمەش، كاری لەسەر دەكەین، سەبارەت بەوگۆڕینانەش كەباسی دەكرێت، ئێمە، لەسەرەتادا پێمان وایە، پرۆژە یاسای كاری رۆژنامەنووسی ناونیشانەكەی بیگۆڕین بیكەینە، پرۆژە یاسای رۆژنامەگەری لە كوردستان، پێمان وایە رۆژنامەگەری فراوانترە، چونكە، پیشە ئەگرێتەوە، كاتێك ئەڵێین رۆژنامەگەری بەنموونەی زۆر پیشەی تر دێت، لەكوردستان هەیە ئاسنگەری زێڕنگەری ئەوانە هەیە، تەنها هەر رۆژنامەنووسی ناگرێتەوە دیارە رۆژنامەنووس، لە نووسینەوە لەبنچینەی نووسینەوە دێت، ئەوەی كە تایبەتە بەنووسین، بەڵام خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری رادیۆو خاوەنی رادیۆو دامودەزگاكانی راگەیاندن، ئەم یاسایە هەموو ئەوانەش ئەگرێتەوە، بۆیە پێمان وایە بكرێتە پرۆژە یاسای رۆژنامەگەری و لە لەكوردستانی ناوێت، رۆژنامەگەری كوردستان، وەكو لە سەندیكایەكە هاتووە، چونكە، ((لە))كە زیادە بەیەك (ی)ی پەیوەندی ئەكرێ ئەو كێشەیە چارەسەر بكرێت، ئەوە لەرووی زمانەوانیەوەیە، سەبارەت بەپێناسەو پرەنسیپەكان، ئێمە، پێمان وایە ماددەی یەكەم پێناسەیە، بۆیە پێمان باش بوو، ماددەی یەكەم بكرێت بەپێناسە، ماددەی دووەمیش بكرێتە پرەنسیپەكان، واتە ئێستا بەشی یەكەم بە پێناسەو پرەنسیپەكان هاتووە، بەڵام، هەر وەكو دەڵێن گۆڕینێكی تەكنیكیە، ماددەی یەكەم پێناسەكانەو ماددەی دووەمیش پرەنسیپەكانە، لە پێناسەكانیشدا ئێمە، ئەوەی لێرە باسمانكردووە، پێمان وایە ئێمە لێرەدا كاتێك ئەڵێین پرۆژە یاسای رۆژنامەگەری یاخود وەكو لەپرۆژەكەدا هاتووە، پرۆژە یاسای كاری رۆژنامەنووسی لە كوردستان، سەندیكای رۆژنامەنووسانیش ناوی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانە، كەواتە ئەوەی ئێمە لێرەدا پێناسەی بكەین پێویستە**

کوردستان پێناسە بکەین، واتە لەهەر شوێنێك کوردستان بێت، واتە هەرێمی کوردستان – عێراقە، لەبەر ئەوە ئێمە، پێمان باشە لەجیاتی هەرێم کەلەبەرامبەرەکەی نووسراوە هەرێمی کوردستان، بنووسین کوردستان لەبەرامبەرەکەیدا واتە هەرێمی کوردستان – عێراق، یەعنی پێچەوانە بکرێتەوە، ئینجا لێرەشدا کاتێك ئێمە باس دەکەین لە پێناسەکاندا نووسراوە رۆژنامەوانی، دیارە لەپرۆژە یاساکەدا بەزمانی کوردی لەهەندێك جێگادا نووسراوە رۆژنامەگەری، لەهەندێك جێگاشدا نووسراوە رۆژنامەوانی، لەهەندێ جێی تریش رەنگە بەشتی تر نووسرابێت، ئێمە لەپێناسەی رۆژنامەوانی پێشنیارمانکردووە بکرێتە پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەگەری، بۆیە لێرە پێناسەکە رۆژنامەگەری بە رۆژنامەگەری پێناسە بکەین، بەشێوەیەکمان دارِشتۆتەوە لە پێناسەکەشیدا.

رۆژنامەگەری: کاری رۆژنامەگەرییە بەهەموو کەناڵە جیاجیاکانیەوە، بەهەموو کەناڵە جیاوازەکانییەوە، واتە رۆژنامەگەری ئێمە لێرە لەجیاتی کەنووسرایە رۆژنامەوانی بیکەینە رۆژنامەگەری،چونکە پێشنیارمان کردووە بکرێتە یاسای رۆژنامەگەری و ئەنجامدانیشی ناوێت، ئەنجامدانیش زیادە، چونکە بەخۆی ئەنجامە، واتە بەو شێوەیە بنووسرێتەوە، رۆژنامەگەری: کاری رۆژنامەگەرییە بە هەموو کەناڵە جیاجیاکانیەوە، واتە ئەوا لێرەدا تەئکیدیان لێکردووەتەوە سەندیکای رۆژنامەنووسانیش، بەڵام کە دێیتە ناو خاڵ وبرِگەکانی تر کەمتر چونەتە سەر کەناڵە جیاجیاکانەوە، بەتایبەت لەروانگەی رۆژنامەوە پرۆژە یاساکەیان دارِشتووە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك ئارێز بەڵام، من هەر بۆ راست کردنەوەی ئەو قسانەی کەکردت، رۆژی چوارشەممەی رابردوو، خرایە ئەجندەی پەرلەمان کە ئەمرِۆ لەبەرنامەی پەرلەماندا هەیە باسی بکەین، بەڵام، ئێمە، لە 10/3 خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی ولیژنەی رۆشنبیری وهەموو ئەندامانی بەرێزمان کردووە، واتە مانگێك وبیست وقسور رۆژ لەپێشتان بووە، کە کۆبوونەوەی بکەن وتاوتوێی لەسەر بکەن وراپۆرتی خۆتان حازر بکەن، یەعنی ئەوە مانگێك وبیست رۆژە راوەستاون تاکو ئیعلان بکرێت کەی کۆبوونەوەیە ئینجا راپۆرتتان حازر بکەن، دەبوایە لەو مانگ وبیست رۆژە کار بکەن، کۆبوونەوە بکەن رەئی خەڵکی رۆشنبیر وخەبیر وەربگرن، بۆ ئەوەی راپۆرتەکەتان حازر بێت، کە وتمان فلاَن رۆژ کۆبوونەوەیە ئەوەتا راپۆرتی لیژنەی یاسایی لە 10/28 وە حارز کراوە، فەرموو.

**بەرێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە زۆر راستە ئێمە، نەمانوتووە پێشتر نەخراوەتە بەرنامەوە، بەڵام، ئەگەر تەماشای بەرنامەی کاری رۆژی سێ شەممەی رابرادوو بکەی، ئەمرِۆ بەرنامەی کار گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای خانەنشینی پێشمەرگەو ئەکادیمیای کوردستانە، واتە رۆژی چوار شەممە گۆرِانی بەسەردا هاتووە، ئەوە یەك، دوو ئێمە، ئەمانتوانی بەرِۆژی یەکەمیش راپۆرتی خۆمان ئامادە بکەین، بەڵام، بەراستی پرۆژە یاساکە گرنگە، بەراستی پرۆژە یاساکە بۆ رۆژنامە نووسانە کەرۆژنامە نووسان ئەمرِۆ زمانحاڵی خەڵکەکەن، لەبەر ئەوە پێمان وابوو زۆرترین تێبینی وزۆر ترین سەرنج و زۆرترین مولاحەزاتەکانی ئەوان، وەربگرین، ئەگینا

بێگومان ئەمانتوانی لەرۆژی یەکەم لە کۆڵی خۆمانی بکەینەوە، بەڵام، ئێمە، دەرفەتێکی زیاترماندا بە هەموو نووسەران ورۆشنبیران وروناکبیران بۆ ئەوەی باشتر سەرنجەکانی خۆیان لەبارەوە بدەن وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موبەڕیرەکەت مەعقول نەبوو لەراستیدا، چونکە ئەجندەی کار 48 سەعات مەفروزە ئاگادارتان بکەینەوە مەفروزە راپۆرتتان حازر بێت، مانگێك وبیست رۆژ لەپێشتان بووە، رۆژی چوار شەممەش لە کۆبوونەوە ئیعلانمان کرد، کە رۆژی دوو شەممەی داهاتوو بەرنامەی کارمان کاری رۆژنامەنووسیە، لەبەر ئەوەی خاڵی خانەنشینی پێشمەرگە لەسەر داوای هەردوو وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، وتیان رۆژی دوو شەمم لێرە نین، لەبەردەم ئێوەدا بەرنامەمان گۆڕی کردمان بەوە، بەهەرحاڵ ماددەی یەکەم ئەگەر گەیشتنە ئەو شوێنانەی کە خیلاف هەبوو، بەڵێ کاك سەردار، ئەگەر قسەت هەیە لەسەر ماددەی یەکەم ئەوە ناوتان ئەنووسم، ئێستا لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە دەکات، لیژنەی رۆشبیریش داوا دەکات کە ناوەکە لە رۆژنامەوانی ببێتە رۆژنامەگەری، پرۆژەی یاساکەش، لە پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامە نووسیەوە ببێتە پرۆژە یاسای رۆژنامەگەری کوردستان، باشە ئێستا ناوتان دەنووسم ئەوەی کەدەیەوێت قسە بکات بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی لیژنەی رۆشنبیری ئەکەم، ئەم یاسایە ئەبێ کەناڵەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن وماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێتیش بگرێتەوە، ئەمە تایبەت بەرۆژنامە نووسراوە، دووەم من پێم وایە، کارەکە لە ئەصڵی مەصدەرەکەوە وەربگیرێت، رۆژنامە نووسی بکرێتە سەرچاوە، رۆژنامە نووس، وەکو کارکەری ئیشکە بەکاربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەراکەی لیژنەی رۆشنبیری ئەکەم، کە ئەمە، تایبەت کراوە بە رۆژنامەی وەرەقی بەتەنها، کەناڵەکانی راگەیاندن ناگرێتەوە، لە تەعریفی صەحافەدا ئەڵێت: مزاولة العمل الصحفي بقنواتة المختلفة، یەعنی رادیۆو تیڤی ئەگرێتەوە، بەڵام، لەتەعریفی صەحیفەدا، نووسراوە: المطبوع الذي يصدر یەعنی تایبەت کراوە بەرۆژنامەی وەرەقی، من پێم وایە ئەم برگەیە، تەعریفی صەحیفە بسرێتەوە لەماددەی یەکەمدا، چونکە، لەقانونی نقابەی صحوفیندا 14 ئیش دیاریکراوە، صوحوفی کێیەو صەحافەش کێیە؟ پێویست ناکات لێرەدا دابندرێت وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك ئەسعەد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان وکاروباری رۆشنبیری ئەکەم، کە ناوەکەی بگۆڕدرێت بە یاسای کاری رۆژنامەگەری، لە پێناسەکانیشدا پێناسەی رۆژنامەگەری زیاد بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من پێم باش بوو، کەکاری تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی هەرشتێك کەتۆ کارت خستە سەر زۆر فراوان ئەبێت، بۆ نموونە لەخودی ناوی پرۆژە یاساکەدا باسی کاری رۆژنامەوانی ئەکەیت، جگە لەوەی کە رۆژنامەنووس وخودی ئەوەی کە رۆژنامە دەردەکات، ئەتوانێ کۆمەڵێك خەڵکی تریش بگرێتەوە، کە ئەمانە بەس تەوزیعاتی رۆژنامە ئەکەن، بۆیە پێم باش بوو تەنها یاسای رۆژنامە بووایە، یاخود یاسای میدیا، ئەو موستەڵەحەش جیهانیە، نەك کاری لەگەڵدا بووایە، ئەمە یەکەم، دووەم، هەروەکو بەڕێزانیش پێشتر باسیان کرد، لەتەعریفی رۆژنامەوانی، ئەبێ تۆزێك فراوانتر تەعریفی بکەین، چونکە، ئەمڕۆ جانبێکی رۆژنامەوانی یاخود گەیاندنی خەبەر کە بەموستەڵەحی تر پێی دەوترێت موئەسەساتی گەیاندنی خەبەر، بەشێکی زۆری لەڕێگای ئەلەکترۆنی و ئینتەرنێتەوەیە، یەعنی بۆیە ئێمە پێویستە تەعریفێکی فراوانتر بدەین بەرۆژنامەوانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەپێناسەی صەحافە، مەبەست لێرەدا پیشەیە، پێناسەکە هیچ ئەو مانایە نادات، کەوا صحفی ئیشی ئەوەیە، گەڕان بەدوای راستی وکۆکردنەوەی زانیاری ودوایی بڵاوکردنەوەی، هەروەها صحفی پێناسەکە لەدەقە عەرەبییەکەی لەگەڵ دەقە کوردییەکەی جیاوازی هەیە، الصحفي: کل شخص یمارس العمل الصحفي، یەعنی ئەو مانایە نادات، بگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکی بەردەوام ئەو پیشەیە یان ئەو کارەی کەدەکات، کە صحافەمان پێشتر پێناسەکرد، یەعنی من یمارس مهنة الصحافة بصفة مستمرة او متفرغ للعمل، یەعنی تەنها ئەو کارە دەکات، پێم باشترە چونکە، زیاتر ماناکە دەدات، دەقە کوردی وعەرەبیەکەش یەکبخرێت، هەروەها صحیفە یان مطبوع تەنها ئەو مانا کلاسیکیە دەدات کە وەرەقیە، هیچ باسی مطبوعی ئەلکترۆنی نەکراوە، ئەگەر پێناسەی صحیفەی ئەلکترۆنی زیاد بکرێت، یان وشەیەك زیاد بکرێت بۆ پێناسەکەی صحیفە، کەوا مطبوعی ئەلکترۆنیش ئەگرێتەوە، باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار فەرمووو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ڕەئیەکەی لیژنەی ڕۆشنبیری ئەکەم، بەڕاستی لەپێناسەی ڕۆژنامەدا ئەڵێ هەر چاپکراوێك کەبەخولەکی دەربچێت، لەراستیدا گۆڤارو وەرزنامەو پاشکۆش، ئەمانەش چاپکراوی خولەکین و بەخولەکی دەرئەچن، ناویان نەهاتووە، بەدەر لەوەی ئەو برادەرانەی تریش باسیان کرد، لە رادیۆو ماڵپەڕە ئەلەکترۆنیەکان کە رۆژنامەی ئەلەکترۆنیە، پێویستە لەوێش زیاد بکرێت، لەراستیدا پرسیارێکیشم هەیە لە لیژنەی یاسایی، سەندیکا پێناسە کراوە، کەلەراستیدا سەندیکا بەجێگیری ناوی هاتووە، کە ڕێکخراوێکی پیشەییە، ئەکرێ مەسەلەن لەبەیانی یان دووبەیانی یان مانگێکی تر یان کاتێکی تر، بگۆڕدرێت هەم ناوەکەی بگۆڕدرێت هەم مەهام وئەرك وئەو شتانەی بگۆڕدرێت، ئایا ئەکرێت بەجێگیری ئەو پێناسەیە لەوێدا بێت، کەرەنگە، قابیلی گۆڕان وئەوانە بن وئەندامەکانی کۆببنەوەو قسە لەسەر ئەوە بکەن، کە ناوەرۆك وئەرك ومەهام ویان حەتا ناوەکەشی بگۆڕن وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود( بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ئەو ڕایەم هەیە، بەراستی ئەگەر، لە ماددەی یەکەم تەماشای تەعریفەکان بکەین، لە تەعریفی رۆژنامەوانی یان رۆژنامەگەری دەڵێت بە هەموو کەناڵەکانیەوە، ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی یان رۆژنامەگەری، بەهەموو کەناڵەکانییەوە، بەڵام، لەدوای ئەو ماددە بەتەواوی یاساکە یان ئەصڵی پرۆژەکە بخوێنینەوە، بەس لەسەر چاپەمەنی ئیشی کردووە، یەعنی زۆرترین کاری لەسەر رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە کردووە، یەعنی هیچ قسە ناکات لەسەر رادیۆو تەلەفزیۆن، لەبەر ئەوە من پرسیار لەجەنابی وەزیر ئەکەم، ئەگەر، ئەوە تەنها بۆ چاپەمەنییە واتە بۆ رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەیە، دەکرێ ئەو تەعریفە لێرەدا هەڵبگرین، باقی تری بۆ چاپەمەنیەکان دەشێت، ئەگەرنا، بەراستی بڵێین بەهەموو کەناڵەکانەوە، کار نەکراوە لەسەر رادیۆو تەلەفزیۆن، بۆ نموونە ماددەی پێنجەم بەتەواوەتی بۆ چاپەمەنییە، بۆ رۆژنامە لەکاتی دەرکردن وراگرتنی یاعنی بۆ رادیۆو تەلەفزیۆن بەهیچ شکڵێك باس ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەم بوارەدا کارم کردووە، بۆ ئەوەی کەوا ئێمە، تەنزیمی ئیعلام بکەین یان صحافە بکەین، پێویستیمان بەچەند قانونێك هەیە، قانون مطبوعات دەرچووە، ئەوە قانونێکە تەنها رۆژنامەو گۆڤار دەگرێتەوە، وە پرۆژەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوەیە کە دێت قانونی میدیاکان، راگەیاندن ئەو سەتەلایتی تێدایە، رادیۆی تێدایە، تەلەفزیۆنی تێدایە، ئەنتەرنێتی تێدایە، هەموو شتێکی تێدایە، لەوێ بەتەواوی و تێروتەسەلی باس دەکات، ئەو پرۆژەی کەئێستا لەبەردەستماندایە ساڵێك زیاترە، سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەی بۆ کراوە، لەگەڵ رۆژنامەنووسان رایان وەرگیراوە، بۆ دەوڵەمەند کردنی وسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و پەیوەندیداران، ئەوانەی رۆژنامەیە وگۆڤارە،

لەگەڵ، هەمووان پەیوەندی کردووە، من جەخت لەسەر ئەوە ئەکەم، کە رۆژنامە هەر چاپکراوێکی کە بەخولەکی وبەناوێکی دیارکراو، واتە چاپکراو رۆژنامەو گۆڤار ئەگرێتەوە، ئەوەکانی تر بۆ ئەو پرۆژە یاسایەی راگەیاندن یان میدیاکان بۆ ئەوی بەجێ بهێڵین، وە چەند یاسایەکیشمان پێویستە لە وڵاتان 20 یاسا هەیە، لە لوبنان بۆ نموونە ئەیهێنمەوە چوار ساڵ ونیو خەریك بوون، دەیان قانونیان دانا، بۆ رێکخستنی ئیعلام، ئێمەش پێویستیمان بەچەند قانونێك هەیە، نەك تەنها قانونێك، چونکە پێشتر قانونی مطبوعات دەرچوو بوو، چەند قانونێك هەیە بۆ کاروباری ئیعلام و ریکخستنی ئەو مەجالە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری رای کاك تارق ئەکەم و لەگەڵ رای برایانی بەڕێزی لیژنەی رۆشنبیری نیم، لەبەر ئەوەی لەپرۆژەکەدا هاتووە، لە جێگای خۆیەتی کارەکە کاری رۆژنامە نووسییە، پەیوەندی بەکەناڵەکانی ترەوە نیە، کەناڵەکانی تر ئەوەی ئێمە، ئاگادارین پرۆژەیەکی موتەکامل لەئارادایە، خەڵکی ئەکادیمی وپسپۆڕ ئەو پرۆژەیان داناوە، لەم رۆژانەدا رەنگە، بێتە پەرلەمان، ئەوەی کەتەئکیدی رەئی ئێمەش ئەکات ئەگەر تەماشای پرۆژەکە بکەین دەڵێت، الصحیفە باسی مطبوعی دەوری ئەکات، ئەصڵەن صحیفەش بەکاملی ناگرێتەوە، تەنها مطبوعی دەورییەکە ئەگرێتەوە، مطبوعی دەورییەکە عیلاقەی بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەیە، مطبوعی دەورییەکەش وازحە، یان رۆژانەیە یان هەفتانەیە یان مانگانەیە، یان سێ مانگ جارێکە یان چوار مانگ جارێکە، واتە ئەو یاسایە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ناو و ناوەرۆکەکەشی لەجێگای خۆی هاتووە، ئێمە، لەگەڵ، بەڕێزان وەزارەتی رۆشنبیری وپسپۆڕانی ئەم بوارەدا دانیشتین، لەهەمان کات لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسان دانیشتین، هەموویان لەگەڵ، ئەو فەقەرەیە بوون، ئێمەش، پشتگیریان لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لەم یاسایەدا ئەوەندەی کەتێبینی ئەکرێت سێ زاراوەی سەرەکی ئەبینین، یەکەم رۆژنامە نووس، دووەم رۆژنامەگەری، سێیەم رۆژنامەوانی، جا بۆیە بەرای من هەمووی یەکبخرێت، هەر بەناوی رۆژنامەگەری، رۆژنامە، ئەمانە من لەگەڵ، رۆژنامەگەرییەکەدام تا رۆژنامەنووسیەکە، ئەمە یەك، دوو کەئێستا بەڕێزتان ئاماژەتان بەیاسای راگەیاندن کرد، کە ئەوە پەیوەندی بە ڕاگەیاندن وئەمانەوە هەیە، خاڵێکی ترم هەیە بەڕاستی کە لێرەدا خولەکی نووسراوە بۆ رۆژنامە، دەڵێت هەر چاپکراوێك بەخولەکی و بەناوێکی دیاریکراو، ئەم وشەی خولەکییە زۆر نەڕۆشتووە، لەسەر زمان ئینجا بەلای منەوە وا جوانترە، ئەگەر بووترێت هەر چاپکراوێك کە رۆژانە، هەفتانە، وەرزی وساڵانە بێت لەبەینی دوو کەوانەدا، ئەگەر

لەجیاتی خولەکیەکە بنووسرێت، وەرزی لەبەینی دوو کەوانە، بنووسرێت ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە، وەرزی وساڵانە، ئەوە جوانتر دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم، کە یەکەم شت ڕۆژنامەوانی ورۆژنامەنووس، ئەو دووانە یەکلا بکرێتەوە، ئەگەر، ڕۆژنامەوانیت بەکار هێنا، بووترێت ڕۆژنامەوان، لەپێناسەکەی دووەمدا، ئەگەر، هەر ڕۆژنامەنووس بەکار دێت ئەکرێت بووترێت کاری ڕۆژنامەنووسی، کەبەمانای صحافە دێت، لێرە کە پێناسەی ڕۆژنامەوانی کراوە، یاخود ڕۆژنامەنووسی دەڵێت ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیە بەهەموو کەناڵە جیاجیاکانەوە، ئیدی پێویست ناکات ئێمە لەو دیو شەرحی بکەینەوە لە قانونەکەدا، بۆیە زۆر ئاساییە ئەوە هەمووی ئەگرێتەوە، مادام بڵێین هەموو کەناڵە جیاجیاکان، یەعنی گۆڤاریش ئەگرێتەوە، ڕۆژنامەش ئەگرێتەوە بەهەموو جۆرەکانییەوە، لەلایەکی تر پێناسەی ڕۆژنامە کراوە، کە تۆ پێناسەت کرد، جارێکی تر پێویست ناکات ناوی بێنیتەوە، پێناسەکەش زۆر فراوانە، ئەگەر بەوردی بیخوێنینەوە، دەڵێت هەر چاپکراوێك کە بەخولەکی ئەگەر خولەکییەکە بگۆڕدرێت، چونکە تۆزێك لەسەر زار خۆش نیە بکرێت بەدەوری، چونکە دەورییەکە هەرچەند عەرەبیە، بەڵام، بەکوردی کراوە ئەو وشەیە، دەتوانین بڵێن هەر چاپکراوێك کە بەدەوری و بەناوێکی دیاریکراوو بەژمارەی یەك لەدوای یەك وبەڕێك وپێکی دەربچێت ودابەشبکرێت، ئەوە پێناسەی ڕۆژنامەی زۆر بەتێروتەسەلی کردووە، پێم خۆشە ئێمەش بزانین کاتێك کەتۆ وتت ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی کاغەزیش دەگرێتەوە، ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیش دەگرێتەوە، ئەبێ ئێمە بزانین دوو جۆر ڕۆژنامەمان هەیە، جۆری دووەمی کە تازە هاتووەتە ناو بواری بەکارهێنان، لەبەر ئەوە کەوتت ڕۆژنامە، ئەلکترۆنیش ئەگرێتەوە، ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی مەبەست لێرەدا ئەنتەرنێتە، یەعنی ئەتوانی بەکاری بهێنیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆماس جێفرسن وەختی خۆی وتوویەتی ئەگەر ئیختیارم بدەنێ، لەمابەینی حکومەتێك بەبێ ڕۆژنامە، لەگەڵ ڕۆژنامە بەبێ حکومەت، من دووەمیان هەڵ ئەبژێرم، زۆرترین کەس لەتەئریخی ئەمریکادا لە ڕۆژنامەکان لەسەری نووسراوە، کەواتە ئێمە، ئەمڕۆ باسی دەسەڵاتی چوارەم ئەکەین، ئەمە یاسای دەسەڵاتی چوارەمە، ئەگەر یاسای دەسەڵاتی چوارەمە بەڕاستی ئەبێ زۆر بەقوڵی لەژێر ئەو پرەنسیپەی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ، کەبەندی 19 یە کەباس لەئازادی ڕادەربڕین ئەکات، لەو تێڕوانینەوە ئێمە بڕوانینە ئەم یاسایە، ئەم یاسایە گرنگیەکەی لەیاسای دەسەڵاتی دادوەری کەمتر نیە، لەبەر ئەوە من ئەگەر خەبەرێکی خۆشیدا کاك شێروان، وتی ئەوە یاسای میدیا بەڕێوەیە، ئەگەر وایە بۆ هەموو یاساکە وانەکەین تێهەڵکێشی بکەین پێکەوە، یەك یاسا دەربکەین، یەعنی یەك یاسا بێت، کە بەڕاست تەعبیر لەوە بکات، کە

میدیا دەسەڵاتی چوارەمە، ئەو قسەیەش کەمیدیا ئەیکات کاریگەری خۆی هەیە، وەکو دەسەڵاتی دادوەری، ئەگەر وایە ئەوە با ئێستا ئێمە بیخەینە دەنگدانەوە، هەمووی بەیەك یاسا بێت، ئەگەر وا نیە ئێمە موصرین لەسەر ئەوەی کە بەم شێوەیە دەریبکەین، کۆمەڵێك تەناقوزات هەیە لەمەدا، یەکەم کەباس لەسەندیکا ئەکەین، ئەمە رێکخراوێکی پیشەییە، هەمووشمان ئەزانین سەندیکا ئەو کەسانەی کەحزبین تێیدا، دەباشە ئێمە رۆژنامەنووسمان هەیە، لەهیچ لایەکیان نیە، موستەقیلە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لێرەدا تەعریفکراوە، کە ئەوە رێکخراوێکی پیشەییە، ئەمە خاڵی یەکەم، جەنابی نەقیبیش بەهەمان شێوە، سەر بەو سەندیکایەیە، دوای ئەوە نووسراوە رۆژنامەوانی ئەنجامدانی کاری رۆژنامە نووسیە بەهەموو کەناڵە جیاجیاکانیەوە، کاك شێروان ئەڵێت ئێمە لێرە بەس باسی نووسین ئەکەین، باشە باسی نووسین ئەکەین، لێرە ئەم ئەڵێت کەناڵی جیاجیا، باشە نووسین کەناڵی جیاجیای هەیە، نەخێر کەواتە ئەڵێت ئەمە ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانیە، یاخود رۆژنامەگەرییە، بەهەموو کەناڵە جیاجیاکانیەوە، ئەوە کەناڵە جیاجیاکانی ئەبێ دیاری بکرێت، ئەمە تەلەفزیۆنە، رادیۆیە، رۆژنامەیە، ئینتەرنێتە، ئەگەرنا ئەبێ ئەو تەعریفە چاك بکرێت، خاڵی دووەمم ئەوە رۆژنامەنووس هیچ ئیعترازێکم لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نووسین کەناڵی جیاجیای هەیە، کیتاب کەناڵێکە، رۆژنامە کەناڵێکە، سەحافە کەناڵێکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان بەردەوام بە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە هەر رۆژنامەنووس کار ئەکات بۆ دەرکردنی ئەو کەناڵە، ئێمە، لێرە باسی ئەو خەڵکانەی تر نەکراوە، وەکو ئەوەی کە فۆتۆ جرناڵستە ئەوە دیزاینەرەو ئەوەی تایپستەو باسی هیچ کەسێکیان نەکراوە، خاڵی سێیەمم ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە بێت، ئەگەر ئێمە موصرین بۆ ئەوەی رۆژنامە بێت، ئەوە ئەو تەعریفەی خۆی تەواوە، ئەگەر بۆ هەموو دەسەڵاتی چوارەمە، ئەبێ تەعریفی ئەوانی تریش بکرێت وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له تەعریفی سەحافەدا وەکو رەئیەکانی دیکە، مزاوەلە ئەوەندە زیاد کراوە بەس کەلیمەی مزاوەلە، یەعنی حەقێکی تەواو نەدراوە بە سەحافە، کە سەحافە ئیشی چیە، دوو: بقنواتە المختلفە، ئەوەی کە گوێی لەقەنەواتی موختلف بێت، دەڵێت المقروء والمسموع والمرئین، یەعنی هەر سێکی دەگرێتەوە، یەعنی دەتوانی لە سەحیفەی بتوانین یەعنی سەحیفەی ئەلکترۆنی هەیە، ئەویش هەر مەرئیە، بەس مەسموعەکە، لێرەدا تۆزێك خەلەلی تێ کەوتووە، الصحفی کل شخص یمارس العمل الصحفی، لەحیاتی العمل، مهنە باشترە، دوایش الصحفی نا یەعنی مهنە الصحافە، صحفی نابێت صەحەفی کابرایە، بەس یمارس مهنە الصحافە، لەپاشان هەر نقابەی صەحەفی کوردستان، بکرێتە نقابە صحفیی کوردستان یەعنی دوو یایی ئەوێت، یەعنی ئەوە جەمعە دوو یای ئەوێت، یەکێکیان هەر هی خۆیەتی الصحیفە، المطبوع الذي یصدر دوریاً، یەعنی خۆ ئەمە تەعریفی مەتبوعی ناکەین، اي مطبوع یان کل مطبوع، ئاوەها باشترە، الذي یصدر دوریاً وبأسم معین ئەوە جوانە وبصورة دوریة في مواعید منتظمة عن طریق توزیع نا وبقصد التداول العام، ئاوەها جوانترە ورێکترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا پێم وایە لیژنەی یاسایی وەکو هەموو یاساکانی تر، دەبوایە ئەو پێناسانەی تەرقیم بکردایە، (1 و 2و 3 تا دوایی)، دوو لەگەڵ ئەو پێشنیارەی دکتۆرە رۆژان بووم، بەحەقیقەت لێرە لە صەحافەو صەحەفی یەك دووجار ناوی عەمل صەحەفی هاتووە، من ئەوەی عەرەبیە لەبەردەستمدایە، پێم وایە ئەبوایە عمل صحفیش پێناسە بکرێت، من پێناسەیەکم نووسیوە لێرەدا ئەگەر ئیجازەم بەن ئەیخوێنمەوە، العمل الصحفي، کل من زاول الکتابة في الصحافة کل مهنة او کل من له وظیفة محددة في اي صحیفة، ئەوە یەك، دوو: لەگەڵ رایەکەی لیژنەی رۆشنبیریم، لەرۆژنامەگەری زیاتر مانای العمل الصحفی ئەدات، یەعنی کەوتت رۆژنامەگەری بزەبت ئەوەی العمل الصحفی ئەدات، لەوەی تر کە بڵێین هەموو میدیاکان و ئیعلام بیکەنە یەك یاسا من لەگەڵ ئەوەدا نیم، یەك لەبەر ئەوەی یەعنی یاساکە بەتەواوەتی ئەگۆڕدرێت، دوو پێم وایە هەم بۆ کاری رۆژنامەنووسان وا دەوڵەمەند ترەو وا فراوانترە وئازادی زیاتریان ئەدرێتێ، کە یاسایەکی تایبەتمەند هەیە، بۆ میدیاکانی تریش ئەوە دەوڵەمەند ترە، ئەگەر ئەوانیش یاسای خۆیان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە من دێمە سەر بابەتێك، ماددەی یەکەم پاش پێناسەکان، ببێتە بڕگەی دووەم یان دوو بڕگە، بڕگەی یەك وبڕگەی دوو، یان خاڵی یەك ودوو، بێینە سەر ئازادی ڕۆژنامەوانی ومافەکان وئەرکەکانی، لێرە هیچ بابەتێك ئاماژەی بەوە نەداوە ماف وئەرکی ڕۆژنامەوانی، کە ئەوە گرنگە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، ڕۆژنامەوانی لێرە، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کەوا پێناسەکەی زۆر تەسکە، چونکە ئەوەی من بۆی دەچم ئەوەیە ئەمە دەسەڵاتێکی خەڵکە، هی گەلە تەرخانکراوە بۆ کارکردنی ئەو پەیامە، بۆ کارکردن وئاراستەکردن یان جێبەجێ کردنی پەیام و هەموو ئاراستەکان وڕەئیەکان، بۆ ناو کومەڵگاو کۆمەڵانی خەڵك، خاڵی سێیەم منیش لەگەڵ ئەوەدام پڕۆژەی کاری ڕۆژنامەگەری بێت، باشترە لەوەی کەوا ڕۆژنامەنووس بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو یاسایە، یاسایەکی زۆر گرنگە، ئێمە چۆن لەیاسای وەبەرهێنان هەوڵماندا، یاساکە دەربچێت، چۆن بتوانین سەرمایەدارانی تر، رابکێشین بۆ کوردستان سەرمایەگوزاری بکەن، باوەڕ دەکەن ئەو یاسایەش بەقەدەر یاسای وەبەرهێنان گرنگە، چەند یاساکە کراوەتر بێت، چەند ئازادی زیاتر بەرۆژنامەنووسان بدات، ئەوەندە زیاتر ئەتوانین سۆزی خەڵك بۆ خۆمان رابکێشین و بیکەینە نموونە، ئێمە یاسایەکی بەو شێوەمان هەیە لەبواری چاپەمەنی، لە بواری کاری رۆژنامە نووسی لەکوردستاندا، دەکرێ ئێمە بایەخی زیاتر بەو یاسایە بدەین، بەوردیش بواری گفتوگۆش زیاتر بێت، لەسەر هەموو مادەکان بەقەناعەتێکی تەواوەوە تا بگاتە جێگەیەکی وا، یاسایەك بێت خزمەتی کاری رۆژنامەگەری بکات لەکوردستان، ئەوە خاڵێك خاڵێکی تر بەنیسبەت رۆژنامەنووس هەرکەسێك کاری رۆژنامەگەری بکات، ئەوە رۆژنامەگەرییەکە رەئی لیژنەی یاسایی ئێمە لەکۆبوونەوەی لیژنەی رۆشنبیریش، لیژنەی یاسایی داوای کرد وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لەکۆبوونەوەی لیژنەی رۆشنبیری ئێمە دیراسەمان کردووە، کە لەگەڵ ئیشەکە بگونجێت، بۆ چونکە ئەوە میهنەیە، ئیشە، دواتر بەنیسبەت ماددەی یەك، پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە، وا بیخەینە بەرنامەمانەوە بڕگەکەش وابێ کە لێرە ئەڵێین کەناڵە جیاجیاکان، ئێمە بنووسین کەناڵە جیاجیاکان: پێناسەی بکەین، کەناڵە جیاجیاکان: مەبەست لە تەلەفزیۆن، رادیۆ، ماڵپەڕە ئەلەکترۆنیەکان، بەو شێوەیە هەمووی ئەگرێتەوە ئەو کاتە، دیسان راستە ئەوە کاری رۆژنامەگەرییە، بەڵام ئەوەی لەتەلەفزیۆنیش ئیش دەکات کاری نووسین دەکات، ئەوەی لە رادیۆ ئیش دەکات کاری نووسین ئەکات، کاری نووسینەکەیە ئەوانی تر دێتە سەر مەسەلەی وێنەگرتن و مەسەلەی پەخش ومەسەلەی دەرهێنان وکاری هونەری، بەڵام بەشێکی سەرەکی بەرنامەکان هەمووی دەچنە قاوغی نووسین، ئەکسەریەتیان، هەواڵەکان،لە هەموو کەناڵێکی تەلەفزیۆن سەرنووسەری خۆی هەیە، بۆ نووسینی هەواڵەکان، یەعنی ئەویش دەزگایەکی رۆژنامەنووسی گەورەیە، بۆیە دەبێ کەناڵە جیاجیاکان هەوڵ بدرێت بیخەینە ئێرە، بنووسین تەلەفزیۆن، رادیۆ، ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان احمد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەمویست بیڵێم، بەڕاستی وەڵامەکەم لە کاك شێروان وکاك تارق وەرگرت، بەڵام، یەك دوو مولاحەزەی وردم هەیە، ماددەی یەکەم ئەم گوزارشتانە، گوزارشت لەجیاتی (مصطلحات) نووسراوە، گوزارشت، زاراوە لە بەدیلێتی، ئەم زاراوانەی خوارەوە، رۆژنامەوانیش کە باسی عەمەلی رۆژنامەنووسینە، بەڕاستی لەڕێزمانی کوردیدا رۆژنامەنووسین بکرێتە رۆژنامەنووسین، ئینجا تەعریفی رۆژنامەنووسین ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیە، لەرووی ڕێزمانیەوە دروست ترە، چونکە مادام زاراوەی رۆژنامەنووسیشمان هەیە، کە کەسەکە ئەگرێتەوە، کەواتە عەمەلەکە رۆژنامەنووسینە، کەسەکەش رۆژنامەنووسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من یەك تێبینی بچووکم هە یە پاش ئەو هەموو قسانەش کەکرا، تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە ناوی مەشروعەکە، مشروع قانون العمل الصحفی فی اقلیم کوردستان، اقلیمەکەی بۆ دابنێین، چونکە یاساکانی ترمان هەمووی وابوون، بەتایبەت ئەمەش کەیاسایەکی گرنگە، وەکو سۆزان خان وتی دەسەڵاتی چوارەم بێت، بەحەقیقەت چاوی زۆری لەسەرە، ئیحتیماله جێی تێبینی بێت، پاشان ئێمە، ئەو یاسایەی کەلەبەردەستماندایە هەمووی باسی صەحافەو صەحەفی ئەکات، یەعنی با تەتەروق نەکەین بۆ تەلەفزیۆن ورادیۆ، ئەگەر وابێت بەحەقیقەت ئەبێ تەغیرێکی جەزری لە یاساکەدا بکەین، یاساکە بەناوی قانون الصحافه فی اقلیم کوردستان بێت وتەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ناونیشانەکەدام بەو شێوەیە بێت پرۆژە یاسای رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان، ئینجا لەدوایدا لەتەعریفەکان هەرێمی کوردستان تەعریف بکرێت، هەرێمی کوردستان – عێراق، لەدواییدا سەندیکاش ببێت بە سەندیکای رۆژنامەوانی کوردستان، لە نەقیب پێم وایەو واباشترە، وشەی نەقیب بگۆڕدرێت، چونکە نەقیب لەنەقابەوە هاتووە، بەڵام ئێمە مادام نەقابەمان نەهێناوە کە وشەیەکی عەرەبیە، سەندیکاش کەووشەیەکی ئینگلیزییە بەکارمان هێناوە، ئەوەش با بگەڕێین یان ناوێکی کوردی بۆ دابنێین بۆ نەقیب سەرۆکی سەندیکا یان هەرشتێکی تر یان هەر ئەو وشەی کەتابعی سەندیکایە هەر ئەو بهێنین، نەك نەقیب، چونکە بۆ ئەو گەنجانەی کە ئێستا لە قوتابخانەکان دەخوێنن، بەکوردی دەخوێنن، نەقیب، وشەیەکی زۆر نامۆیە، ناتوانن تەعریفی بۆ بکەن، رۆژنامەوان ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیە،

بەهەموو شێوازو بوارە جیاجیاکان لەجیاتی کارە جیاجیاکان، رۆژنامەنووسیش ببێت بەرۆژنامەوان، لەئاخیریشدا وشەیەکی تر کەلەماددەی سێیەم هاتووە، خاوەن ئیمتیاز، پێم باشە خاوەن ئیمتیازیش پێناسە بکرێت، کێ دەبێت بەخاوەن ئیمتیاز، چونکە ئەوە شتێکی زۆر زۆر گرنگە لەکاتێکدا کە سکالاّ تقدیم ئەکرێت لەسەر رۆژنامەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ئەبوو ئەم پرۆژەیەش بدرایە بە لیژنەی مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کەبەم میهنەیە هەڵئەستن، هەم ئەوان ئەبێ ماف وئازادییەکانیان دەستنیشان بکرێت، هەروەها ماف وئازادیەکان لەنێوان ئەوان و خەڵکیشدا، بەلاّم، دیاربوو لەبیر چووبوو، دوو: صەحافە وجودەکەی ئەوە پەیوەندی بەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەیە، کە ئیجازەی ئەدات، ئەمەی کە ئێمە، ئێستا لێرەدا باسی ئەکەین، باسی میهنەکەی ئەکەین، کارەکەی کاری ئەو کەسە کە ئەو ئیشە ئەکات، ئەم کارە من بەجیاوازییەکی وای نابینم لەبەینی رۆژنامەنووسێك و لەبەینی کەناڵەکانی تردا، یەعنی ئەگەر دەستەواژەکە، زاراوەکە راگەیاندن بوایە، ئەو کاتە ئەتووت راگەیاندنی بینراو، بیستراو، نووسراو، ئەم رۆژنامەنووسیە رۆژگارێك هەبووە کۆن، ئەو رۆژگارە ئەمە بەشە لەباتی کول، یەعنی لەمەنتق ئاوا پێ ئەڵێن، هەندێ جار بەش کەلیمەکەی لەباتی کول ئیش ئەکات، راستە ئێستا کاری رۆژنامەنووسیە، بەلاّم بەبەشەکانی تریشەوە، رۆژگارێك ئەمە تاغی بووە، بەرفراوان بووە بۆ بەشەکانی تر نەبووە، یەعنی لەچلەکان ولە سیەکانەوە، تا ئێستا کاری رۆژنامەنووسی صەحەفی باوە، بەلاّم، ئێستا وا هەست ئەکەین کەبەشەکانی تر زاڵ بوون، بینراوەکان بەرۆژنامەی ئەلکترۆنی و بەشەکانی ترەوە زیاتر زاڵ بوون، وەکو تەلەفزیۆن ورادیۆکان، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەم دەستەواژەیە، ئەمرۆ پێویستی بە دەستکاری هەیە، میهنەکە هەر یەك میهنەیە، هیچ گۆڕانێکی تێدا نیە، یەعنی ئەو کەسەی کە وتارێك ئەنووسێت، یان ئەو کەسەی کە وتارێك ئەخوێنێتەوە، لەتەلەفزیۆندا یان لەرادیۆدا یان لەرۆژنامەیەکی ئەلکترۆنیدا، یان تەقریرێك ئەنووسێت، هەروەکو یەك وایە یەعنی تۆ ئەگەر مافت ئەوێت لەوێش ئەبێ هەبێت، مافی خەڵك رەچاو بکەین، هەر هەمان جۆرە کەوابوو، میهنەکە کەئەڵێین عەمەل چ لەنووسراو چ لەبینراو چ لەبیستراوەکە، هەمان شێوازی هەیە، خاڵێکی تر ئەگەر پێتان باش بێت، ئەم باسە هەفتەی پێشوو لە مجلسی نواب موناقەشەکرا، بەلاّم لەسەر بەشێك کە شبکە الاعلام العربیە، هەموو پەرلەمانتارەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون، کە ئەمە ئەبێت یاسایەکی گشتگیر دابنێین، یاسایەك دابنێین بۆ راگەیاندن، راگەیاندن خۆ ئێمە، باسی وجودەکەی ناکەین، وجودەکەی وەکو وتمان ئەوە کەسێك ئەڕوات، وەزارەتی رۆشنبیری خۆی ئیعلانی خۆی کردووە، لەیاسایەکەدا تێیدایە هەر کەسێك ئەیەوێت صەحیفەیەك یان کەناڵێك یان شتێك بکاتەوە، عەریزە ئەدات وئەو دیاری ئەکات، ئێمە، باسی میهنەکە ئەکەین، کەوابوو راگەیاندنەکە زۆر گرنگە ئەگەر ئێمە بتوانین، لەباتی ئەمە لەباتی ئەوانی تریش یەك یاسا دەربکەین، یاسای راگەیاندن هەر لەسەرەتا ئەڵێین راگەیاندن بریتیە لە بینراو، بیستراو، نووسراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد رفعت فەرمووو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی لەم پرۆژە یاسایەدا بەهیچ شێوەیەك باسی رۆژنامە ئەلكترۆنیەكان نەكراوە، مەبەستم ئەنتەرنێتە، كە هەموو ئەزانین رۆژانە بەدەیان نووسەر شتەكانیان لە ئەنتەرنێتدا بڵاو ئەكەنەوە، بۆیە من پێشنیار ئەكەم جێگایەكی بۆ بدۆزرێتەوە لەم یاسایەدا ئەمە یەك، دوو: تەئیدی پێشنیارەكەی كاك بارزان ئەكەم، چونكە الصحافة مزاولة العمل الصحفي بقنواته المختلفة، بەمانای تەلەفزیۆن ورادیۆش دێت، بەڵام، لەصەحیفەدا تەنها ئەڵێت، تەنها رۆژنامەی وەرەقی ئەگرێتەوە، بۆیە من پێشنیار ئەكەم صەحیفە هەر لابرێت لێرەدا، لەیاسای سەندیكای رۆژنامەنووسەكاندا ئەمە بێت باشترە، كە خۆی 14 خاڵی بۆ دیاریكردووە، شروتەكانی رۆژنامەنووسی كەچین وچی نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح/ دیلمان ئامێدی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

روونكردنەوەكانی كاك تارق وكاك شێروان، ئیكتیفا پێدەكەم، بەڵام ئەوەی لەقانونی سەندیكای رۆژنامەنووساندا هاتووە حەتا دەرهێنەروو تەباعیش بە صحوفی حیساب ئەكرێت، لەبەر ئەوە پێشنیاری لیژنەی رۆشنبیری بۆ رۆژنامەگەری باشترە لەسەر عەمەلی سەحەفی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله/ د. كەمال كەركوكی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی پرۆژەی لیژنەی یاسایی ئەكەم، میدیا زۆر فراوانە ئەگەر هەمووی لەیەك یاسادا جێ بكەینەوە، زۆر فراوان ئەبێت، تەعقید ئەبێت، بۆیە هەر مەجالێك لەشوێنی خۆی ئیختیصاصی پێبدرێت و یاسایەكی پێدەربكرێت، ئەوەی من تێبینیم كرد سەرنجی زۆر لەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانی راكێشاوە رۆژنامەوانیە كە ئەڵێت بەهەموو كەناڵە جیاجیاكانییەوە، پێیان وایە كەناڵی تەلەفزیۆنە، ئەم كەناڵە هەر قەناتەكەیە، بەس قافەكەمان كردووە بەكاف بۆیە بە هەموو بوارە جیاجیاكانییەوەیە، یەعنی ئەو كەناڵە بكەینە بواری جیاجیا یان بەشەكانی جیاجیا، شتەكە جێگای خۆی ئەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من داوا لە جەنابی وەزیر كاك فلك الدین كاكەیی ئەكەم، لەسەر ئەو شتانەی كەوا دران دوو نوقتەی سەرەكیە، یەكێكیان ئەوەیە كە رۆژنامەوانی ببێتە رۆژنامەگەری، ئەوی تریشیان ئەوەیە، ئایا ئەم یاسایە

بەتەنها دەربچێت، یان یاسای ئیعلام کەبەڕێوەیە، کە هەموو بوارەکانی تری میدیای چارەسەرکردووە، جگە لەرۆژنامەگەری کەلێرەدا زۆر بەروونی دیاریکردووە، کە رۆژنامەگەری ئەو کەسانەیە کە لەرۆژنامە کار دەکەن، چ رۆژنامەی رۆژانە بێت چ هەفتانە بێت، یەعنی خاوەن جەریدەن، لەسەر ئەو دوومولاحەزە گرنگە، ئەگەر رەئی بدەیت، ئەوە دواتریش رەئی لیژنەکانیش وەردەگرین.

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوێم لێ بوو بەحەقیقەت گفتوگۆکە تەنها لەسەر دەقی کوردی بوو، کە هەندێك تێکەڵ بوو مەسەلەکە، بەڵام بەگشتی یەکەم رۆژنامەگەری بێت هیچ موشکیلەیەکی تێدا نیە، یەعنی شتەکە عەینەن مانا ئەدات، رۆژنامەگەریش رەنگە دروست تر بێت، چونکە کاری رۆژنامەگەر دەکات، نابێ بلێین رۆژنامەگەری، چونکە رۆژنامەگەری خۆی کارە، یەعنی وشەی کار زیادەیە، رۆژنامەگەری دروستە، بەنیسبەتی خاڵی دووەم، ئێمە کاتی خۆی لەوەزارەتی رۆشنبیری تاوتوێی هەردوو یاساکەمان کرد، ئەم یاسایەی کەئێستا لەبەردەستی بەڕێزتانەو هەروەها یاسای راگەیاندنیش، یان میدیاکان، کەئەوە زۆر دەوڵەمەندترە، ئێمە هەوڵماندا هەردووکی بکەین بەیەك بەحەقیقەت، بەس لەبەر ئەوەی دوولایەن ئامادەیان کردبوو، ئێمە ویستمان بیروڕای روناکبیران ورۆژنامەنووسان خۆیان لەسەر مەسەلەکە بێت، ئێستا ئەمە هەردووکی هاتووەتە ئێرە، تەبعەن بیروڕای زۆربەی زۆری رۆژنامەنووسانە، ئێمەش ئەو ئیرادەمان رێز لێناوە، تەبعەن ئێمە وەکو حکومەت نامانەوێت، یاسا فەرز بکەین، ئەمانەوێت رەئی خەڵکی لەگەڵ بێت، رەئی خاوەنی بابلێین پیشەکە، لەبەر ئەوە یاسای رۆژنامەگەریمان نارد بەشوێنیدا یاسای راگەیاندنمان ناردووە، بەلای من ئەگەر جیاجیاش دەربچێت یەکتری تەواو ئەکەن، ئەگەریش پێکەوە دەربچێت هێشتا باشترە، ئینجا ئەمە لەسەر بڕیاری بەڕێزتان بڕیاری لیژنەی یاسایی و پەرلەمان بەگشتی کامەیان باشترە، وشەی رۆژنامەگەری لێرەدا یان رۆژنامەنووسی کێیە بەحەقیقەت، لەیاسای پێشوودا تێکەڵاوییەك هەیە، لەوەی هەرکەس لەکاری نووسەری ئیش بکات، بەرۆژنامەنووس حیسابکراوە، ئەوە تەبعەن هەیە، وەکو ئێستاش برادەران باسیان کرد، کاك غەفور مەخموری باسی کرد، لەسەر ئەو مەسەلەیە بەدروستی کە هەموو کەناڵەکان نووسینیان تێدایە، هەموو کەناڵەکان رادیۆو تەلەفزیۆن، ئەنتەرنێت، رۆژنامە و گۆڤار، لەبەر ئەوە ئەبنە ئەندامی رۆژنامەنووسان، بەڵام، لەهەمان کاتیشدا هەندێ پیشەی تر هاتوونەتە پێشێ، کەپێشتووتر لە یاسای رۆژنامەنووسان ئەندام نەبوون، وەکو وێنەگر، وەکو دیزاینەر، وەکو ئەوانی تر، کە جاران حیساب نەئەکران ئێستا حیساب ئەکرێت، کەواتە ئەم یاسایە ئەگەر پەسەند بکرێت باشە، ئەگەر یاساکەی تریش پەسەند بکرێت بەلای من ئەمە تەواو ئەکات، بەڵام، ئەگەر برادەران لێرە ئەندامانی پەرلەمان بەپەسەندی ئەزانن، چاوەڕێ بکەن ئەوەش پێکەوە بێت وتێکەڵاو بکرێت، ئێمە هیچ لاریمان نیە، شتەکە دەوڵەمەند ئەکات ویەکلایەنە ئەبێتەوە بەڕاستی، چونکە ئەوەی میدیاکان هەموو لایەنێك ئەگرێتەوە ، هەموو لایەنەکان ئەگرێتەوە بەدرێژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر کاك فلك وەڵڵا ئەگەر جەنابت بە تەحدیدی پێشنیار ئەکەیت بۆ ئەوەی، لەگەڵ پێشنیاری هەندێك لەئەندامان یەکدەگرێتەوە، ئەگەر دەعمی ئەو پێشنیارە ئەکەیت کە هەردوو پرۆژەکە یەك

بخرێت، ئەوە تۆزێك بەروونی تر بێڵێ، ئەگەر پێت باشە بۆ ئەوەی بەروونی تر قسە بکەین، هەندێك ئەندامی پەرلەمان داوایانکرد، کە ئەو پرۆژەیە ببێت بەیەك پرۆژە، کاك شێروان و کاك تاریق وبرادەرانی تریش شەرحیان کرد، ئەو پرۆژەیە پرۆژەی رۆژنامەگەرییە، فەقەت ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە لەرۆژنامە ئیش ئەکەن، لەصەحافە ئیش ئەکەن، ئەگەر یەك یاسا بێت، هەندێکیان پێیان وابوو، کە تەعدیلاتیان داواکرد، بەو مەعنایە شەرحکراوە، ئەم پرۆژەیە فەقەت هی رۆژنامەگەرییە، ئەگەر جەنابت پشتگیری لەوە ئەکەیت، چاوەڕوانی ئەو پرۆژەیە بکەین، تەوحیدی بکەین ئەوە بڵێ، بۆ ئەوەی موفتەرەحی ئەو چەند برادەرە بخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم زۆر سوودمەندە ئەگەر بکرێت بەیەك، بەڵام، لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیریش هەردوو ئەو لایەنانەن کە ئەم یاسایەیان ئامادە کردووە، بەڵێ ئێمە بەشدارین وەکو وەزارەتی رۆشنبیری، بەڵام، ئێمە زیاتر ئیعتیمادمان لەسەر رەئی ئەو دوو لایەنە کرد، سەندیکا و ئەو برادەرانەی کەیاسای راگەیاندنیان دانا ئەوان زۆر ماندوو بوون پێوەی، ئێمە لەبەر ئەوەی ئەوان بە زۆربەی خەڵکیان پیشاندابوو، لەگەڵ زۆربەی رووناکبیران ورۆشنبیران باسیان لەسەر کردووە، ئیمەش پشتمان بەو گفتوگۆیە بەست، لەبەر ئەوە ئەگەر هەردوولا ببینن، بەلای منەوە شتێکی زۆر باشی لێ دەرئەچێت، زۆریش شتێکی پێشکەوتوو دەرئەچێت وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە لیژنەی یاسایی چ تێبینی ورەئیتان هەیە لەسەر ئەو بۆچوونانەی کە باسکران، کاك تاریق پێشتر با قسە بکات چونکە ئەویش وکاك شێروانیش لەسەر ئەو مەوزوعە قسەیان کرد جارێکی تر قسەیان ئەدەمێ.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدونیادا نیە یەك قانون هەبێت بۆ ئیعلام، بەدەیان قانون هەیە، قانونی ئیعلامی لبنانی 40 قانونی لەیەك قانوندایە تەبعەن، فروعاتی لێ دەبێتەوە، ئەلکترۆنی لە مصر 8 قانون لەسەر ئەنتەرنێت هەیە، ئەم قانونە وانابێت، چونکە هەردووکی لە حکومەتەوە هاتووە، حکومەت تەوقیعی کردووە، نابێ دوابخرێت، من لەگەڵ ئەوەدام نەك قانونی ئیعلام، چەند قانونی تر دەربچێت، بۆ ئەوەی چونکە لەگەڵ تەتەوراتی ژیان، ئێمە ئەو مەجالە رێك بخەین، چونکە من 40 ساڵە لەو مەجالە ئیش ئەکەم، هێشتا رێك نەخراوە، قانونمان پێویستە بۆ تەلەفزیۆن وبۆ رادیۆو سەتەلایت، بۆ ئەنتەرنێت، نیمانە بەداخەوە، مەجالێکی زۆر هەیە، من ئیقتراحێکم تەقدیم کردووە، هێشتا جێبەجێ نەکراوەو دەبێ بکرێتە کۆمپانیا، ئێمە خۆمان تەنزیمی بکەین، من لەگەڵ ئەوەدانیم لەیەك قانون بێت، بەڵکو چەند قانونێك بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەرووی پرەنسیپیشەوە ئەو پرۆژەیە وەکو کاك فەلەکەدینیش باسی کرد، هەردوو لیژنەکە هیچیان ئیقتراحیان نەکردووە، کە ئەو دوو قانونە دەمج بکرێت ئەمە یەك، ئێمە چووینە ناو موناقەشەکەشەوە بەڕاستی پرۆژەکەش پرۆژەی حکومەتە، ئەو شەرحەی کەکاك تاریق وکاك شێروان کردیان، بەتایبەتی ئەگەر لەدونیادا وابێت چەندین پرۆژەی قانون هەبێت، یان چەندین قانون هەبێت بۆ میدیاکان، ئەوە زۆر تەبیعیە بەردەوام بین لەوەدا، دەمێنێتەوە سەر ئەو دوو نوقتەیە کەباسمان کرد، ئەوەی کاك ئارێز رۆژنامەوانیەکە بکرێتە رۆژنامەگەری، جەنابی وەزیریش موافقە، کەواتە عینوانی پرۆژەکەش دەگۆڕدرێت، دەبێتە پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەگەری، ئەوەی کەباسیان کرد کاك سەردار باسیکرد، کە فەقەرەیەك ئیزافەبکرێت، ئەو فەقەرەیە کاك سەردار وابزانم لەرۆژنامەگەرییەکە، نووسراوە ئەنجامدانی کاری نووسین واتە عمل الصحفی لەوێش، ئەویش ئەگرێتەوە رۆژنامەگەری یەعنی عمل الصحفی، لەوێش نووسراوە ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی، یەعنی القيام بالعمل الصحفي، کاك ئارێز شتێکت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك بخرێت یان نا ئەوە ئێوە رەئی خۆتان دا، سەبارەت بەوەی کە ئەو پرۆژە یاسایە، تەنها بۆ رۆژنامەیە یان بۆ کەناڵەکانی تریشە، ئێمە سێ، چوار بەڵگەمان لەدەستە، بۆ کەناڵەکانی ترە، خۆیان ئەڵێن کاری رۆژنامەگەرییە بەهەموو کەناڵە جیاجیاکانەوە، ئەو کەسەی کە پرۆژەکەی ئامادەکردووە، سەندیکای رۆژنامەنووسان بیری لەوەکردۆتەوە، کە کەناڵەکانی تریش ئەگرێتەوە، ئەوە یەك، دوو، من نموونەیەکی تر ئەدەم، لە ناوەڕۆکدا هەواڵێك بەغەڵەت بڵاوئەکەیتەوە، لەسەر هەواڵێك کەبەغەڵەت بڵاو ئەکرێتەوە، بوختانێك ئەکرێت، ئێمە ئیجرائاتمان دانا بۆ ئەو هەواڵە غەڵەتە، یان درۆیە یان هەڵبەستراوە، ئەو هەواڵە چ لەڕادیۆ بێت چ لەتەلەفزیۆن بێت، چ لەرۆژنامە بێت چ لە گۆڤار بێت، هەمان ئیجرائاتی بەرامبەر ئەکرێت، یەعنی هەمان ئیجرائاتی بەرامبەر ئەکرێت، گرنگ نیە ئێمە یاسایەك دابنێین، ئیجرائات کردن یان سزادان یان پاداشت دانەوەی ئەو رۆژنامەنووسانەی لەتەلەفزیۆن دائەنیشن جۆرێك بێت، ئەوەی کاردەکات لە رادیۆ جۆرێك بێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە خۆشحاڵ ئەبین ئەگەر پرۆژەیەکی فراوانی کەناڵەکانی راگەیاندن بێت، بەڵام، بەدڵنیاییەوە ئامانجی ئەوان ئەو پرۆژەی یاسایە زۆر جیاواز ئەبێت، لەگەڵ ئامانجی پرۆژە یاسایەکانی تر، بۆ نموونە رەنگە لە پرۆژە یاسای کەناڵەکانی راگەیاندن بێت، چۆنیەتی دامەزراندنی تەلەفزیۆن وچۆنیەتی بەڕێوەبردنی وباج خستنە سەری، رەنگە لەهەندێك لە وڵاتان، باج لەسەریەتی، بەڵام، لێرە بەهیچ شێوەیەك باسی باج نەکرایە، لەسەر کاری رۆژنامەگەرییەکە، لەبەر ئەوە ئێمە خۆشحاڵ ئەبین ئەگەر ئەوە یاسایش بێت، ئەگەر بەیەکیشەوە بهاتایە، رەنگە کارێکی باش بوایە، بەڵام، ئێستا کە بەجیا هاتووە وەکو باسمان کرد، خۆی هاتیە، باسیش دەکرێت ئێمە بافراوانی نەکەین، ئێمە، لە لیژنەی رۆشنبیری کە کۆبوونەوەی خۆمان کردووە، هەوڵماندایە بۆشاییەکان پڕ بکەینەوە، بەڵام، جێی کەناڵەکانی تری نەگرتووەتەوە، بەڵام، هەوڵمانداوە کەلەپێناسەکاندا هاتووە، کە رۆژنامەگەری کاری رۆژنامەگەرییە بەهەموو کەناڵە جیاجیاکانییەوە، ئێمە، لەداهاتوودا کە دێینە سەری برگە بەبڕگە، هاتووینەتە سەر ماددەکان، ویستوومانە ئەو کێشانەی کەوا رووبەڕوومان دەبێتەوە چارەسەری بکەین وفراوانتری بکەین، من لەسەرەتاش ئاماژەم دا وتم لەڕوانگەی رۆژنامەوە بەداخەوە، لە روانگەی رۆژنامەوە ئەوە نووسراوە، لەکاتێکدا ئێمە تێکەڵییەك لە کاری رۆژنامەنووسیدا لە دام ودەزگاکانی

تریش، بۆیە ئێمە هاتووینەتە سەری، ئەگەر لەخاڵ وبەندەکانیش بێینە سەری بێگومان گفتوگۆی لەسەر ئەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی سەبارەت بە ناوی پرۆژەی یاساکە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە پرۆژەی یاساکە بکرێتە پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، ئەوە لاریمان نیە لێی، سەبارەت بە پێناسەی رۆژنامەوانی کە هاتووە بەکەناڵە جیاجیاکان، لەگەڵ ئەوەداین کەناڵە جیاجیاکان بگۆڕدرێت بۆ بوارە جیاجیاکان، یان شێوازە جیاجیاکان، باشترە بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسەی کەهەیە نەمێنێت، پیمان وایە رۆژنامەوانی بەشێکی سەرەکیە لە میدیا لە راگەیاندن ئەوەی بینراو وخوێنراوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین صەحافە پرۆژە یاسایەکی تایبەتی خۆی بێت، چونکە ئەو یاسایە تەنها موعالەجەی کاری رۆژنامەوانی واتە رۆژنامەگەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر ئیشارەتی بەوەدا، کەئەم یاسایەو یاساکەی تر تەواوکەری یەکترین، ئەگەر ئەو یاسایەش ئێستا ئێمە پەسەندی بکەین، هیچ موشکیلە نیە، من سەد لەسەد لەگەڵ بۆچونەکەی جەنابی وەزیرم لەو روانگەیەوە، بەنیسبەت صەحافە، بەنیسبەت کەناڵە جیاجیاکان من لەگەڵ رەئیەکەی کاك کریمم ئەگەر ئەوەش لابچێت هیچ موشکیلە نیە، گەر سەیری ناوەرۆکی یاساکە بکەین، هیچ ئیشارەت نادات بەکەناڵە جیاجیاکان، یان دەڵێت الصحافە یان دەڵێت الصحفی، ئەو دوو فەقەرە هاتووە، قەتعیە لەناوەرۆکی یاساکە، ئەو مەسەلانە نەهاتووە، بۆ ئەوەی تەعاریفەکە لەگەڵ ناوەرۆکی یاساکە یەکتر بگرێتەوە، ئەگەر القنوات المختلفە لابچێت ئەوە هیچی تێدا نیە، بەلام بۆ تەوحید کردنی یاساکە، یاساکەی تر جارێ نەهاتووەتە پەرلەمان، هەتا ئێمە لێرە بڕیار بدەین تەوحید بکرێت یان تەوحید نەکرێت، ئێمە لەو یاسایە ئەرۆین ئیعتیادی ئەو یاسایە نەقابەی رۆژنامەنووسان موئتەمەری لەسەر بەستووەو، چەندین کۆنفرانسی لەسەر بەستووە، رەئی پسپۆڕان وشارەزایانی لەسەر وەرگیراوە، خەڵکێکی زۆریشی تێدا ماندوو بووە، با ئێمە، ئەو یاسایە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی دوا رەئی پەلەرمان لەسەری وەربگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەبێ یەك شتمان لە بیر نەچێت، یاسای رۆژنامەنووسی ئەو دوولایەنەی کەزۆر مەعنین بەوە یەکێکیان سەندیکای رۆژنامەنووسانە، ئەوی تریان وەزارەتی رۆشنبیرییە، ئەوە رەئی جەنابی وەزیرمان زانی کە پێی باشە، ئەگەر بکرێت دوابخرێت لەگەڵ یاساکەی تردا بێت، دوایش لەبیرمان نەچێت، خاڵێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە، یاسای راگەیاندن پرەنسیپە عامەکان ئەبێ رەبت بێت بەراگەیاندن، ئەو پرەنسیپە عامەکانی تێدا دیاری ئەکرێت، ئەمە ئەبێت بەبەشێك لەیاسای راگەیاندن، لەبەر ئەوە ئەگەر دوابخرێت من پێم وایە کارێکی خراپ نیە، لەلایەکی تر بایەك شتمان لەبیر نەچێت، تەنها جەنابی سەرۆك ئەمەیان ئاراستەی جەنابت ئەکەم، با ئێمە زیاتر رووی قسەکانمان لە یاساییەکان نەبێت، دەلیلیش لەسەر ئەم قسەیەم جەنابی سەرۆك، دوێنێ سەندیکای رۆژنامەنووسان لەلای ئێمە بوون، وتوویانە ئێمە ئەو یاسایەمان کە ئامادەکردووە، سێ، چوار خاڵی تیدایە، کە فەوزایەکی زۆری دروست کردووە، ئەوان خۆیان وتیان ئێمە پاش ئەوە ئێمە یاساکەی خۆمان نەناسیەوە، ئەو سێ پرەنسیپەی کەئەوان تەئکیدیان لەسەری کردووە، یەکێکیان ئەوەیە کەئەڵێت ئەبێ رۆژنامەنووس ئەندام بێت لەسەندیکای رۆژنامەنووسان، دووەکەی تر ئەوەیە کە ئەڵێت، ئەبێ داب ونەریتی گشتی وئەمنی قەومی وئاسایش وئەوانە، ئەمانە، ئەوان خۆیان دووپاتیان کردووە، دوێنێ نەقیبی صەحەفیش لێرە بوو، سەندیکاش هەموویان لەگەڵ ئێمە دانیشتن، وتیان ئەو پرەنسیپانە ئێمە داوامان نەکردووە، ئەصڵەن ئەمە لەگەڵ ئەنجومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەوانی جیهانیش یەکناگرێتەوە، ئێمە کەئەندامێکین لەم ئەنجومەنە، ئەمانە یاساییەکان بۆ ئێمەیان ئیزافە کردووە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین ئەمجارە ئەگەر بکرێت، ئەمە دوابخرێت، جارێکی تر بەدەر لەم قانونە قانونیەکان بێین ئەوانەی کەوا زیاتر مەعنین بەڕاستی بەکاری رۆژنامەنووسی، ئەوان خۆیان بێن دابنیشن قسە بکەن، یاسایەکی گشتگیر تر، یاسایەك کەزۆرتر لەگەڵ پرەنسیپە نێو دەوڵەتیەکان بێت، نەك هەر بچین مصر ودەوڵەتە عەرەبیەکان بکەین بە مەبدەئی خۆمان، بەڵکو لەژێر ئەو پرەنسیپانەی کەلە (UN) و لەفدراسیۆنی رۆژنامەنووسیەوە، کاری لەسەر بکرێت، بەتایبەتی ئێستا یونامی چەند جارێك پەیوەندیان بە ئێمەوە کردووە، ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە، کە کاری زۆر باشتر بکرێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە، ئەگەر بکرێت هەفتەیەك یان دوو هەفتە، ئەم یاسایە دوابخرێت، یاسایەکی راگەیاندنی زۆر گشتگیری ترمان لابێت، بەڵام، لەکۆتایی هەموو شتەکانیشم بڕیارەکە بۆ پەرلەمان خۆی ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من هەر یەك وەڵامت ئەدەمەوە، جارێ ئێمە لیژنەی یاسایی، هەموو قانونێك عیلاقەی پێیەتی، ئەوە یەك، دووش ئەمن تەنها ئاراستەی ئەوانم نەکردووە، ئەتۆ ناوی خۆتت نەنووسیبوو، لەگەڵ ئەوەش قسەم دایتێ، لەبەر ئەوەی لە لیژنەی رۆشنبیریت، ئەگینا بەپرەنسیپ بێت نابێ قسەت بدەمێ، ناوت نەنووسراوە، لەبەر ئەوەی لەلیژنەی رۆشنبیریت کەواتە فەقەت، یاساییەکان تەعقیب ناکەن، کاك ئارێزیش سێ جار قسەی کرد، زیاتر لەیاساییەکان، لەبەر ئەوە عەل ئەقەل، لەو دانیشتنەدا قسەکەت قوەتی نیە، لەدانیشتنێکی تر رەنگە قوەتی هەبێت، کاك کەمال دەیویست قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د.کەمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی پەرلەمان، لەڕاستیدا ئەوەی کەلە رۆژنامەوانی، لە پێناسەکەیدا هاتووە، ئەڵێ بەهەموو کەناڵە جیاجیاکانیەوە، یەعنی بوارە جیاجیاکانی رۆژنامەوانی، مەقصەدی کەناڵی تەلەفزیۆن وشتی تر نیە، ئەوەی کە رۆژنامەوانی بەو کارە هەڵئەسێت، یەعنی تەحدیدی کردووە، ئینجا کیتاب نووسینە، صەحافەیە، بۆیە کە چووینەتە ناو پرۆژەکەوە، موناقەشەکرا، یەعنی دانیشتنەکەمان دەست پێکرد، دواخستنی ئەوەی بیزانم شتێکی ئصوڵی نیە، بۆیە من داوا ئەکەم، وەکو لیژنەی یاسایی کە پرۆژەکەیان ئامادەکردووە، بەردەوام بین لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە جەنابی وەزیر، کە نوێنەری حکومەتە، وە خۆیان ئەو پرۆژە یاسایەیان لەحکومەتەوە هێناوە، رەئی خۆی زۆر بەڕاشکاوی نەك بەدوو دڵی بڵێت، ئایا دوابخرێت یان دوا نەخرێت، چونکە ئێستا کاك شێروان، تەئیدی کاك فەلەکی کردو وتی ئەو لەگەڵ دواخستن نیە، بەڵام، خەمان خان وتی من تەئیدی وەزیر ئەکەم، چونکە ئەو لەگەڵ دواخستنیەتی، با بۆمان ئاشکرا بێت، ئاخریەکەی حکومەت کە خۆی پرۆژەی یاسای هێناوە، خۆشی ئەیەوێت تەئجیلی بکات، یان تەئجیلی نەکات، قانونەکان تێکەڵ بکرێت، یان تێکەڵ نەکرێت، دووەم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە وابزانم ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆمان، رێی نیشانی ئێمەدا، لەمەودوا خەڵکانی مەعنیش بێن، لە دانیشتنەکە دابنیشن، ئەگەر دەنگیش نەدەن، با نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش لێرە بوایە، لە تەنیشت کاك فەلەکەدین دابنیشتایە، بۆ ئەوەی ئەو رەئی خۆی بەکاك فەلەکەدین بڵێ، کاك فەلەك رەئیەکەی ئەویش بدات، بۆ ئەوەی پرۆژە یاسای ئەکادیمیای کوردیشمان هەیە، من پێشنیار ئەکەم جەنابی کاك دکتۆر شەفیق قەزاز بێت، چونکە ئەزانم تووشی ئەو کێشەیە ئەبین، لە تەنیشت وەزیر دابنیشێت، چونکە ئەو مەعنیە، بە کێشەکە نەك جەنابی وەزیر، ئەمە بابیێتە عورفێك، با دەنگ نەدەن وقسەش نەکەن، بەس لەتەنیشت وەزیر دابنیشن، بۆ ئەوەی تێبینیەکانی خۆیانی پێ بڵێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پرۆژە یاسایە، پرۆژە یاسای لیژنەی یاسایی نیە، پرۆژەکە لەئەصڵدا پرۆژەی رۆژنامەنووسانی کوردستانە، لە رێگەی نوێنەری راستەقینەیان کە سەندیکایە، پێشکەش بەئێرە کراوە، چوەتە حکومەتی هەرێم، بەڵێ لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە پێیدا چوونەتەوە، پەسەندیان کردووە، ئەوجا دراوەتە پەرلەمان، ئێمەش ڕەئی خۆمان لەسەرداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریز فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لێرە دەڵێین باکەناڵە جیاجیاکان بێت، کەناڵە جیاجیاکان نابێت، لەبەر دوو هۆ، هۆیەکیان ئەوەیە، دوێنێ ئێمە لەلیژنەی رۆشنبیری گفتوگۆمان لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسان کرد، کەئەو پرۆژەیان ئامادەکردووە، پرسیارمان لێکردوون، ئەڵێن بەڵێ ئەو پرۆژەیەمان بۆ کەناڵە جیاجیاکانە، بەڵام، بەمانای ئەوە نیە، یاسای راگەیاندن بگرێتەوە، بۆ کەناڵە جیاجیاکان بگرێتەوە، هۆی دووەمیش ئەوەیە، رۆژنامەنووس، رۆژنامەنووسە ئەگەر لەرۆژنامەیەك کار بکات، یان لەتەلەفزیۆن ئەگەر لەرادیۆ ئیش بکات، یان لەهەر دەزگایەکی تر، ئەوە یەك، دوو ئێمە هەندێك مافی رۆژنامەنووسان دیاری ئەکەین، لەو پرۆژە یاسایەدا، ئەرکیشیان دیاری ئەکەین، وە سنوریشیان دیاری ئەکەین، من پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا ئەکرێت، ئێمە ئەرك وماف وسنووری رۆژنامەنووسان بۆ رۆژنامە دیاری بکەین، بەڵام، بۆ ئەوانەی تەلەفزیۆن ورادیۆو ئەنتەرنێت، دیاری نەکەین، لەبەر ئەوە بەبێ ئەو کەناڵە جیاجیایانە نابێت، قسەیەکیش هەیە ئەڵێت لەبەر ئەوەی لێرە پرۆژەکە نەهاتووە، ئێمە لەپەرلەمان نوێنەری خەڵکین، ئێمە ئەتوانین گۆڕانکاری تێدا بکەین باشترە، شەرت نیە نەهاتبێت رەنگە تێی بکەین، شەرت نیە تێیدا بێت با کەمی بکەین، لەبەر ئەوەی خۆمان خاوەنی ئەوەین کە بڕیار بدەین، هاتووە یان نەهاتووە، ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیری موناقەشەمان کردووە، هەوڵمانداوە شوێنی یاساکانی تر نەگرێتەوە، بەڵام، ئەرك وماف وسنوور، هی هەموو رۆژنامەنووسان لە هەموو کەناڵە جیاجیاکان وەکو یەك پارێزراو بێت، وەکو یەك دیاری کراو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەڵڵا پێویست ناکات، دوو، سێ نوقتەی موهیم باس بکەین، یەکێکیان ئەوەیە، ئاماژەکرا بە پرۆژە یاسایەك کە لەرێگایە، کە ئەوە لەلایەن ئێمەوە ناکرێت حسابێکی بۆ بکەین، تا نەگاتە ئێرە ناکرێت، لەبەر ئەوە ناکرێت بڕیار لەسەر پرۆژەیەك بدەین، لە بەردەستمانە لەسەر ئەساسی پرۆژەیەك کە لەرێگایە، ئەمە یەك، دوو: لیژنەی یاسایی ولیژنەی رۆشنبیری و ئەندامانی پەرلەمانیش، ئارائی جیاجیایان هەیە، سێ: بەڕێز سەرۆکی حکومەت لەگەڵ چەند رۆژنامەنووسێك کەکۆبوونەتەوە رەخنەیان گرتووە، ئەویش وتوویەتی رەخنەکەتان قبوڵە، دەیگەیەنمە پەرلەمان لەبەر ئەوە من ئیجازە ئەدەم، بە ئیجازەی کاك دکتۆر کەمال وکاك فرست من ئیجازە ئەدەم، ئەو پرۆژەیە نەك پرۆژەی تر، یەك هەفتە دوابخرێت، بۆ دووشەمی داهاتوو، لیژنەی رۆشنبیری ولیژنەی یاسایی لەو هەفتەیەدا تەوحیدی راپۆرتیان بکەن تەبعەن لەو هەفتەیەدا، دەتوانن رەئی جیاجیاش وەربگرن، لەسەر ئەو خاڵانەی کە خیلافی لەسەرە، ئەی جەنابی وەزیر رەئی چیە لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەمە بۆ بەڕێزتان ئەگەڕێتەوە، بۆ پەرلەمان ئەگەڕێتەوە، بەس هەروەکو تەوزیحێکی بچووك، بۆ ئەو قسانەی کەوا کران، بەحەقیقەت نەقیبی سەندیکاو بەندە یەك رەئیمان هەیە، ئەم یاسایە بەو دەقەی کەهاتووە، بەم دەقەش هات بۆ وەزارەتی رۆشنبیری، لیژنەی قانونی دیراسەیکرد، بەو دەقە لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ئەویش دیراسەی کردووە، هەر بەو دەقەش لێرە لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی یاسایی پەرلەمان، دانیشتین تاوتوێمان کرد، کەواتە هیچ خیلافێك نیە، نازانم دواجار سەندیکا رەئی گۆڕی بێت، لەسەر هەندێك خاڵ من لەوە ئاگادار نیم، من وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێم، من هاتووم دیفاع لەم یاسایە بکەم، ئەم یاسایە ئێمە ناردوومانە، ئێمە پەسەندمانە لەئەوەڵەوە تا ئەخیر، بە فاریزەشەوە ئێمە قبوڵمانە، ئینجا ماوەتەوە سەر تەبعەن بڕیاری پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو عەرزم کردن، دوێنێ ئێمە لەکۆبوونەوەی خۆماندا، پێشنیاری ئەوەمانکرد، بەپەسەندمان زانی ئەگەر ماوەیەك دوابخرێت، بۆیە ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت ماوەی یەك هەفتە، ئەتوانم لەباتی هەموو برادەرانی لیژنەش بەپەسەندی بزانم، پشتیوانی لەوە ئەکەین بۆ ماوەی یەك هەفتە، چونکە ئێمە دوێنێ لە کۆبوونەوەی خۆمان، ئەو بڕیارەماندا کە هەفتەیەك تا دوو هەفتە بەباشمان زانی دوابخرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە لەسەرەتای دانیشتنەکەدا وابڵێن، ئێستا قبوڵ نیە لێت، کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/( وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من ئەو پێشنیارەی بەڕێزت زۆر بەگونجاو ئەزانم، بەڵام، دەمەوێت پێشنیار بکەم، کە لیژنەی رۆشنبیری ولیژنەی یاسایی و بەڕێز وەزیری رۆشنبیری، زائیدەن سەندیکای رۆژنامەنووسان کەخاوەنی پرۆژەکەن، بەڕاستی ئەوانیش ئامادەبن بۆ ئەوەی راپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش بکەن، ئەوەی خەمان خانیش وتی بەڕاستی یەعنی تێگەیشتنێکی وا نەبێت، کە ئەو پرۆژەیە دەستکاری هەندێك فەقەراتی گرنگی کراوە بەبێ ئاگاداری سەندیکای رۆژنامەنووسان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵلا ئەزانی چیە، ئەگەر خیلافی ئەو قسانە هەیە، خلافی ئەوەی کە هەفتەکە دوابخرێت، کاك شێروان و کاك غەفور وڤیان خان، قسە ئەکەن، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەسبابێکی موبەڕیر هەبێت، بۆ تەئجیلی، ئێمە هەموومان لەگەڵ تەئجیل ئەبین، ئەسبابی موبەڕیر هەبێت، راپۆرت حازرە، راپۆرتی رۆشنبیری حازرە، هی یاسایی حازرە، گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکان دەکرێت، تەغیرات دەکرێت، رەئی جیاجیا هەیە، یەعنی من موبەڕیرێك نابینم بۆ تەئجیلی بەڕاستی، بۆیە ئەو ڕا جیاجیایانە هەیە، ئەگەر گەلاڵە بکرێت وبدرێتە دەنگ، و یەکلابکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستیت دەوێت راستیەکە ئەوەیە، زۆربەی زۆری ئەندامان خۆیان بەڕۆژنامەنووس ئەزانن، جەنابیشت، منیش ئەندامم لەسەندیکا، هەریەکەو ئەو رەئیەی هەیە، پێی وایە موتڵەقە، جا لەبەر ئەوە لێرە لەو موناقەشەی ئێرەدا، بۆیە دەڵێم هەفتەیەك، بۆ ئەوەی هەفتەی کەدادێت، هەردوو لیژنەکە لەگەڵ جەنابی وەزیر لەگەڵ سەندیکا لەگەڵ وەرگرتنی ئەو ڕەئیانەی کەموعتەرزن، پێمان بڵێن موعتەرزن لەسەر چی، وەکو ئەوەی هاوار ئەکەن ئەو پرۆژەیە خراپە و نابێت، ئێمەش ئەڵێین تکایە بەنامە بۆمان بنووسن، کەچی حەرفمان بۆ نانێرن، دواییش گلەیی ئەکەن، هجوم ئەکەنە سەر پرۆژەکە، بزانین ئەوەی گلەیی هەیە، شتی هەیە، بەنووسین بڵێت، خاڵی فلان پێویستە دەوڵەمەند بکرێت بەسەرچاو جێی خۆیەتی، ئەی ئێمە موناقەشەی بۆ ئەکەین، بۆ دەوڵەمەند کردنی خاڵەکان، بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە دەربچێت، بۆیە ئەم هەفتەیە هەم بۆ تەوحیدی راپۆرتەکان، هەم لەگەڵ جەنابی وەزیرو سەندیکای رۆژنامەنووسان، ئەم پرۆژەیە نەك پرۆژەی تر، چونکە ئێمە ناتوانین تەعامول لەگەڵ ئەوە بکەین موستەقبەل شتێك دێت بۆمان کەنەهاتووە، ناکرێت ئەوە بەڕاستی وەکو کاك تارقیش وتی، ئەوە لەهەموو شوێنێکدا وایەو حکومەتیش ناردوویەتی، حکومەت خاوەنێتی، ئەگەر حکومەت سەحبی بکات، ئەوە مەوزوعێکی ترە ئەیخەینە دەنگەوە، دەڵێین حکومەت داوای سەحبی کردووە، کاك محمد حکیم نوقتەی نیزامیت هەیە، بەس نیزامی بێت تکایە.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا بەرنامەیەکمان لەسکرتێری پەرلەمانەوە بۆ هاتووە، بۆ فراکسیۆنەکان، رۆژنامەوانی هەر تێدا نیە، هەر دەبوو بۆ ئەم مانگە مانگی یازدە، مانگی یازدە هەر تێیدا نەبووە، ئەوە وەرەقەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەرنامەی کار نیە، کاکە، ئەوەی لەدەستە، ئەوە بەرنامەی کار نیە، ئەوە ئاگادارتان ئەکات، ئەڵێت ئەوانە تەواو بوون، کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ دواخستنی ئەو یاسایە نیم، وەکو برادەرانی تریش باسیان کرد، بەڕێز وەزیری رۆشنبیری دەڵێت من وتوومە لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەرگری لەو یاسایە بکەم، راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری وپەیوەندیەکانیش ئامادەیە، راپۆرتی لیژنەی یاسایش ئامادەیە، لە هەمان کاتدا لیژنەی ئێمە، لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسان دانیشت وەکو لیژنەی رۆشنبیری، دواتر لیژنەی یاسایی لەگەڵیان دانیشت، دواتر گفتوگۆ لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری کرا، ئایا ئەو هەفتەیەی کەدوا دەخرێت، دیسان هەر پێداچوونەوە بەو

مەسەلانەیە، دواتر ئێمە ئەگەر تێبینیەکمان لەسەر هەر بڕگەیەك، لەسەر هەر ماددەیەك هەبێت، لەو دانیشتنەدا لەڕێی گفتوگۆدا، لەڕێی دەنگداندا، دەتوانین گۆڕانکاری لەماددەکاندا بکەین، دەتوانین ڕەئی خۆمان بخەینە ڕوو، دەنگ دێنێت یان نایهێنێت، بۆیە وای دەبینمەوە دواخستنی ئەو یاسایە، بۆ هەفتەیەکی تر کێشەکە تەعقید تر ئەکات، ئێستاش ئێمە دانیشتنەکە هەر کراوە، لەگەڵ ئەوەدام کە کۆبوونەوەکە درێژەی پێ بدرێت، وەکو گفتوگۆ لەسەر ماددەی یەکەم کراوە، ئەو ڕەئیانەی کەهەن، یەکلایی بکرێتەوەو دەنگی لەسەر بدرێت، ماددەکانی تریش بخوێننەوەو موناقەشەیان بکرێت، ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەی کە لەگەڵ ماددەیەك نەبوو، ئەکرێ ڕەئی خۆی چی بوو بیخاتە ڕوو، ئەگەر قەناعەتی بە ئامادە بووان هێنا، ئەوە ئەکرێ دەنگ وەربگیرێت، یاساکەش مەجرای خۆی وەربگرێت، بەو شێوەی کە گفتوگۆکرا، با بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا هەروەکو هەندێك لەخوشکان و برایان باسیانکرد، ئەمە یاسایەکی زۆر گرنگە، دەسەڵاتی چوارەمە، پێشم وایە وەك پێویست خۆمان ئامادە نەکردووە، من پشتگیری ڕەئیەکەی جەنابت ئەکەم، کە هەردوو لیژنەی رۆشنبیری ویاسایی، لەگەڵ سەندیکا کۆبوونەوەیەك بکەن و راپۆرتێك ئامادە بکەن، وەهەندیك کەناڵ هەیە پرسی پێ نەکراوە، ئەکرێ ئەم یاسایە دەوڵەمەند تر بکرێت، جگە لەوە ئێستا دوو ڕەئی هەیە لێرەدا، موتەفق نین ئایا، هی رۆژنامەگەری بەتەنها هەر رۆژنامەیە یان کەناڵەکانی تریشە، قسەیەکیش لەوە ئەکرێت، کە یاسای میدیا بەڕێگاوەیە، کە یاسای میدیا بەڕێگاوە بێت، ئەمە ئەبێت تەنها بۆ رۆژنامە بێت، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەمە ساغ بکەینەوە، بۆیە من پشتگیری لەڕەئیەکەی جەنابت ئەکەم، کەدوای بخەین بۆ هەفتەیەك، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیەش یەکلا بێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێم باشە ئەم یاسایە وەکو چۆن هاتووە، پشتگیری لەکاك شێروان وکاك غەفور ئەکەم وەکو خۆی موناقەشەی بکەین، بەنیسبەت جەنابی وەزیریش خۆی باسیکرد، کە رۆژنامەنووسان پێیان چاکە، کە دوو یاسای جیاواز هەبێت، وە خۆشی وای وت کە نامانەوێت شتێك فەرز بکەین، خۆشی ئامادەیە کەبۆ ئێرە هاتووە دیفاع لەو یاسایە بکات، واتە نازانم ئەم یاسایە بۆ ئەمڕۆ لێرە بەردەوام نەبێت، من هیچ موبەڕیرێکی بەهێز نابینم، جگە لەوەش تەعلیقێکم لەسەر قسەکەی خەمان خان هەیە، دوێنێ منیش لەو کۆبوونەوەدا حازر بووم، کەلەگەڵ سەرۆکی سەندیکا کاك عونی و ئەوان کرا، ئەوان وتیان بزەبت لێرە لەلای خۆشم نووسیومە، دوو خاڵ هەیە، رۆژنامەنووسان قسەیان لەسەری هەیە، یەکەم داب ونەریتی عامە،

دووەمیشیان ئاسایشی گشتیە، لەسەر ئەوەیە ئایا ئەم دوو وشەیە، ئەم داب ونەریتی عام یان ئاسایشی گشتی، ناویان لەناو ئەو قانونە، ببردریت یان نەبردریت، ئەو دوو وشەیەی لێ نەمێنێت، چونکە لەسەر ئەوەیە کە داب و نەریتی عام، لەبەر ئەوەیە کە خەڵکێك بیرو بۆچوونی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە تۆ رات ئەوەیە کە ئەم دانیشتنە دوا نەخریت، زۆر سوپاس، کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو یاسایە بەڕێگایەکی تەبیعی و ئصوڵی هاتووەتە ناو پەرلەمان، دیارە ئێستا جەنابی وەزیر ئەو پێشنیارەی کرد، هەندێکیش لەبرایان و خوشکانی ئەندامانی پەرلەمان داوا ئەکەن، تەئجیل بۆ ئەوە نەبێت، کە پرۆژەیەکی تر دێت، لەگەڵ یەك بکرێتە یەك، ئەمە ئصوڵیەن قابیلی قبوڵ نیە، بەڵام، بۆ ئەوەی لیژنەکان رەئیان بکەن بەیەك، بەڕەئی من مانع نیە، ئەوەندە وەختەکەش دوور نیە، بۆیە با هەفتەیەك بدەین بەو براو خوشکانە، ئەوەش ئەدرێت بەرەئی ئەندامانی پەرلەمان کە بڕیاری لەسەر بدەن، ئەگەر زۆرینەیان هێنا ئەوە پیرۆزیان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا من ئیقتراحەکە ئەخەمە دەنگەوە، بەڵام، پێشتر روونی ئەکەمەوە کە بۆچیە، بۆ ئەوەیە کە دووشەمی داهاتوو هەمان پرۆژە موناقەشەی لێ ئەکەین، لەو هەفتەیەدا لیژنەی یاسایی ولیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ جەنابی وەزیرو لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسان و وەرگرتنی هەندێ رەئی جیاوازیش کە لێرەو لەوێ یەخەی جەنابی سەرۆکی وەزیرانیان گرتووە، لەوانیش بپرسن نوقاتەکان چیە، وەریبگرن وئەوەی بەهەندە وەری بگرن، یەك هەفتە وە داوا ئەکەم ئەم موقتەرەحە ئەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەیەك هەفتە دوابخرێت تا دووشەمی داهاتوو، دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا کە تەئجیل بکرێت، چل وشەش لەگەڵ ئەوەدایە کەتەئجیل بکرێت و 36 لەگەڵ ئەوەدایە کە تەئجیل نەکرێت، نوقتەی نیزامی کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داواکارم ئەو راپۆرتەی کە تەوحید ئەکرێت زوو بگاتە دەستی ئێمە، نەك لە هۆڵی پەرلەماندا تەوزیع بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرجار لەم پەرلەمانەدا تەئكیدی ئەوە ئەكرێتەوە، كە راپۆرتەكان موەحەد بێت، ئەو بۆچوونە بەڕاستی موخالفی نیزامی داخلییە، شەرت نیە بۆچوونەكان موەحەد بێت، یەعنی ئەگەر ئێمە لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری نەگەیشتینە حەل، ئەوە مەوزوع چیە، ئێمە، بەگوێرەی نیزامی داخلی تەعامول ئەكەین، ئەوانیش بەگوێرەی نیزامی داخلی تەعامول ئەكەن، ئێمە، شەرت نیە بە رەئێكی موەحەد بێینە پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەد دەرسەد قسەكەت راستە، راپۆرتی هاوبەش واتە ئەو نوقاتانەی كە خیلافیان نیە دەینووسن، ئەوانەی كەوا موتەفقن لەسەری بۆ كار ئاسانیە، ئەوەی كە موتەفق نین هەریەكەو رای خۆیان ئەنووسن، بەتەئكید وایە، ئەگەر وابێت ئەوە هەر ئەیكەینە یەك لیژنە، خاڵی سێیەم لەبەرنامەی كار، خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای ئەكادیمیای كوردی كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە. وابزانم هەردوو لیژنەكە پەیوەندیدارن، كاك سەعد قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/( وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێمە، دوێنێ پەیوەندیمانكرد بە ئەنجومەنی وەزیران، بە نوێنەرایەتی حكومەت بابڵێین ئەو وەزیرە بەڕێزەی كە مەعنیە، بەو پرۆژە ئامادە بێت لێرەدا، جەنابتان ئەزانن وەزیری تەعلیمی عالی لێرە نیە، جەنابی كاك فەلەكەدین تەبیعی بەڕاستی ئیمرۆ هەر بۆ دیفاع كردن، لە پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان وموناقەشەكردنی ئەو پرۆژەیە ئامادەبووە، بۆیە من داوای ئەوە ئەكەم، ئەگەر ئیمكان بێت وئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەنگی بۆ بدەن، فەقەرەی سێیەم تەئجیل بكرێت بۆ بەیانی من بەڕاستی تەئیدی ئەو پێشنیارەی نازناز خانیش ئەكەم، ئەگەر نیزام داخلی پەرلەمان رێگە بدات، یەعنی سەرۆكی دەزگاكە، كەوا دەزگای ئەكادیمی لێرە ئامادە بێت بۆ موناقەشە كردن نا، بۆ تەصویت نا، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەكە پرۆژەی ئەوانە، راستە بەكەناڵی حكومەتدا هاتووە، لەوێ چووەتە لیژنەی قانونی، بەڵام بەتەئكید لەهەموو خەڵك زیاتر پەیوەندیدارن بەمەوزوعەكەوە، لە تەفاصیلْ، بۆیە ئەكرێ ئامادەبن، لەرێگەی وەزیری پەیوەندیدارەوە ئەگەر مولاحەزەیەك یان شتێكیان هەبێت، رەئی خۆیان بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لەسەر یاساكە قسەیەكم هەیە، دیارە ئەگەر سەیری قانونی مەجمەعی عیلمی بكەین، ئەوەی ساڵی 1997 دەرچووە، لەگەڵیا قانونی ئەكادیمیا یەك شتە، هیچ فەرقێكی نیە، من نازانم ئایا لیژنەی یاسایی، ئەبێ قانونێك كە 97 دەرچووە، بێین موناقەشەی بكەینەوە، من پێم وایە پێویستی بەهەمواركردنیش نیە، ئەگەر سەیری بكەین مادده بەمادده، بڕگە بەبڕگە یەك شتە هیچ فەرقی نیە، رەنگە لەماددەی یەكەم یان سێیەم یەك، دوو صیاغە فەرقی هەیە، ئەگینا هیچ فەرقێكی نیە، هەمان شتە، من حەزەكەم رەئی لیژنەی یاسایی هەبێت، ئەكرێ قانونێك دەرچووبێت پێش ئێستا موناقەشە بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیمزام نەکردووە، لاریمان هەیە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی دوو یاسا بەهەموارکراوی هاتبوون، لە 60٪ی بوو لەوەی کەوا بەیاسای نوێ، ئەوەی ڕێزلێنانی پێشمەرگە وکەم ئەندامان، ئایا ئەکرێت، یاسایەك 97 لەناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشە کرابێت، 27 ماددەیە ئەوەی هاتووە هەر 27 ماددەیە، پەنجا بڕگەیە هەر پەنجا بڕگە هاتووە، بەڵام، دوو ماددەی لەگەڵ ئەو جیاوازە، لە پەنجا بڕگەکەش سێ بڕگە جیاوازە، کوردۆلۆجی پەیوەندی بەو یاسایەوە نیە، کە هەڵوەشێتەوە، بەڕای من بەڕاستی ئەبێت، یان بەهەموارکردن لەناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشە بکرێت، یان دەبێت بگەڕێندرێتەوەو یاسایەکی نوێ بێت، چونکە ناکرێت یاسایەك 97 لەگەڵ ئەوە کوت ومت تەنها دوو مادده نەبێت، لەگەڵ سێ فەقەرە ئێمە، موناقەشەی بکەین، ئەوە مخالفی نزامی داخلییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ڕەئی کاك تارقە ڕێزم هەیە بۆ ڕەئیەکەی، لە لیژنەی قانونی ئەو ڕەئیەی دا، بەس بەزۆرینەی لیژنەی قانونی لەگەڵ ئەو ڕەئیە نین، چونکە قانونی مەجمەعی عیلمی کۆنیش لەمەصادیری ئەصڵی وەرگیراوە، قانونی ئەکادیمییەی ئێستاش لە مەصدەری مەجمەعی عیلمی وەرگیراوە، ئەگەر هەموو ئەو مەصادیرانە کۆ بکەینەوە، یاساکان هەمووی هەر یەکن، ئێستا یاساکە ناوی گۆڕاوە، ڕەنگە بەعزێك مەبادیئی گرنگیشی لەناو گۆڕابێت، ئەصڵەن یاسای مەجمەعی عیلمی بەگوێرەی ئەو یاسایە هەر لەغو کراوەتەوە، بۆیە لەجێگای خۆیەتی ئێمە، موناقەشەی بکەین، پێویست بەتەعدیل وئەو شتانەش ناکات، چونکە یاساکە تەڵەبی ئیلغایان کردوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتی مەعلوم بێت ومەعروف عورفەن، لە هەموو قەوانینی دونیا، ئەگەر بێت ونسبەیەکی کەم، هەموارکردنی تێدابێت، مەفروزە پرۆژەی هەموارکردن بێت، نەکو بێت یاسایەك بێتە ئێرە، ماددەکان پێش ئێستا نیقاشمان لەسەری کردبێت وتەصویتمان لەسەر کردبێت، جارێکی تر نیقاشی لەسەر بکەین، تەصویتی لەسەر بکەین، مەعەل عیلم لە پرۆژەکە نەفسی صیاغەیە، حەتا گۆڕانکارییەکانیش، ئەگەر گۆڕانکارییەکانیش بەس صیاغە بت، بەس جەوهەرەکە نەیگۆڕت، بەڕەئی من مەفروزە شتی وا بۆ ئێمە نەیەت، ناو گۆڕین وگۆڕینی صیاغە بەڕەئی من بەپرۆژەیەکی تر بۆ ئێمە بێت، باشترە ئێمە، وەختی

پەرلەمان زۆر پرۆژەمان لەبەردەستدایە، با وەختی خۆمان بدەین بەو پرۆژانە، نەکو بدەینە پرۆژەیەك کە شەکلییەن هاتبێتە گۆڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا جەنابی سەرۆك منیش پێم وایە، ئەگەر وابڕوات ئێمە هەر یاسایەکمان دەرکرد، جارێکی تر یاسایەکی تر دەربکەینەوە، ئەوە قەت کۆتایی نایەت ئەو یاسایانەی ئێمە، بەڕاستی فعلەن من لەگەڵ ئەوەدام ئێمە، ئەو پرۆژە یاسایە هەمواربکرێت، ئێمە لێرە بێین هەمواری بکەینەوە، نەك جارێکی تر پێیدا بچینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو قانونەی کەوا بەهەموارکردن هات، بەقانونی نوێ موناقەشەی ئەکەین لە 60٪ بوو، ئەو قانونەی کەدەمانەوێت سبەینێ موناقەشەی بکەین، لە 90٪ی وەکو خۆیەتی کوت ومت، ئایا مەعقولە قانونێك لە 60٪ بکەینە قانونی نوێ، لە 90٪ی قانونێکی تر بێت کەهەمواربکرێت، یان دەبێت قانونێکی تر بێت، لەلامە لەسەرەتای پەرلەمان تاکو ئێستا 9 یاسا رەت کراوەتەوە، گەڕێندراوەتەوە بۆ ئەوەی یاسایەکی نوێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێك لەو خاڵە جەوهەرییانەی کەلەو یاسایەدا دەگۆڕدرێت، ئەصڵەن ناوەکەیەتی لەمەجمەعی عیلمی بۆ ئەکادیمیای کوردی دەڕوات، یەعنی ئێمە، ئەبێ تێبگەین تۆ ناکرێت بەهەموارکردن، یاسایەك بگۆڕیت کە بەهەموارکردن ئەو گۆڕانکارییە بێنیتە کایەوە، کە کۆمەڵێك مەبادیئی زۆر گرنگی بەدواوەوەیە، خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی ئەو ئەکادیمیایە ئەکەن، بەڕاستی ئەو پرۆژە یاسایە، بچەسپێت و دەستبەکار بێت، بۆیە من پێم وایە، هاتنی بەیاسایەکی نوێ زۆر لەجێگای خۆیەتی، ئەمە یەکەم، دووەم، بەڕاستی ئەمە ماوەیەکە بەسەر ئەندامانندا دابەشکراوە، ئێمە لەلیژنەکانی پەیوەندیدار گفتوگۆمان لەسەر کردووە، راپۆرتمان لەسەر

ئامادە کردووە، کاتێك کەخراوەتە بەرنامەی کارەوە ئەو مەسەلەیە دێتە باسکردن، من نازانم تۆزێك بەخیلافی نیزامی ئەزانم، پێم وایە لەجێگای خۆیەتی کە موناقەشەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی هەر پرۆژەیەك کە دەخوێندرێتەوە، قەراری نیهائی لە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەدرێت، هەموو لیژنەکانیش راپۆرت ئەنووسن، بەڵام، ئەندامانی پەرلەمان خۆیان خاوەن قەرارەکەن، ئەندامانی لیژنەکەش ئەندامی پەرلەمانن لێرەدا، ڕەئی ئەدەن ئەم پرۆژەیە بەحەقیقەت من نەمزانیوە، ئەگەر لە 90٪ی یان لە 80٪ی تا لە 60٪ی هەموارکردن بێت، وەکو کاك فرسەت باسی کرد، دەبێ تەعدیل بێت، ئەگەر ناوەکەش بێت، ئەتوانین بڵێین ناوەکەی بگۆڕە بەهەموارکردن، ناوی بگۆڕدرێت، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام کە ئێمە، پرۆژەی یاساکە چۆن هاتووە، وا موناقەشەی بکەین، دەبوایە سەرۆکایەتی لە بیدایەت، لەدوای خوێندنەوە بەهەمان شێوە لە سکرتارییەت، کەمولاحەزەیان ئەکرد، کەگۆڕانکارییەکی وا نیە، رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانیان بکردایەتەوە، داوایان لێ بکرایە، کە پرۆژە یاساکە بەهەموارکردن بنێرن، نەك بەپرۆژە یاسایەکی سەربەخۆ، دووەم من لەگەڵ ئەوەدام ئێمە موناقەشەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر( زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئێمە نەچووینەتە ناو تەفاسیلی ماددەکە، ماددەی یەکەممان نەخوێندوەتەوە هێشتاکە، تازە خوێندراوەتەوە کە هێشتا پێم وایە ئەکرێت، ئێستا ئێمە رەتی بکەینەوە پرۆژەکە، وە داوا بکەین پرۆژەکە بگۆڕدێت بۆ هەموارکردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم بۆ دانیشتنەکانی ئێمە، بەو ئاخیرانە زۆر ئاڵۆز بووە، بەڕاستی و ئیشەکانمان زۆر هێواش ئەڕوات، ئێمە، گلەیی لە حکومەتی خۆمان دەکەین دەڵێین هەموو پرۆژەکان و کارەکانیان زۆر هێواشە، بەڵام هی ئێمە لەهی ئەوان زۆر خراپتر بووە، ئێستا ئەو پرۆژەیە لەمانگی شەش وحەوتەوە، درایە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، هەر بەئیزنی ئێوەو لەسەر داوای ئێوە، ئێمە، 20 پسپۆڕمان دەعوەت کرد لەسەرتاسەری کوردستان، گلەییەکی زۆریش لەکاك فرسەت دەکەم کە دەڵێت هیچ پێویست ناکات، کە ئەو

پرۆژە یاسایە ئێمە، لێرە قسەی لەسەر بکەین خۆی 4 ناوی دایە من وتی ئەو 4 پسپۆڕەش دەعوەت بکە بۆ ئەو دانیشتنە، ئەو دانیشتنە بوو کە تەقریر بنووسین وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، باشە ئایا ئەو لیژنەیە بێ ئیش بوو، کە ئێمە ئەو هەموو دانیشتنانە، ئەو هەموو موناقەشانەمانکرد، سێ مانگی هاوین پێوەی خەریك بووین، چەندین جار ئەوە سۆزان خان و هەموو برادەران ئاگادارن، ئێمە ئەو هەموو دانیشتنانەمان لەسەری کردووە، لەدوایدا لە ئاخر لەحزە کەقەرارە دانیشتن بکرێت، شتەکە بڕوات ورێك بخرێت هەر خودی کاك فرسەت، پەشیمان ئەبێتەوە، یاخود کەسانی ناو لیژنەی یاسایی پەشیمان ئەبنەوە، من نازانم وەزعی ئێمە بۆ وای بەسەر هاتووە، ئەگەر لەئەساسەوە شتەکە نەدەبوو وابێت، باسەرۆکایەتی ئەو ئەرکەی نەخستایەتە سەر شانی ئێمە، ئەگەر دەزانن هەر خودی کاك تارق جامباز لەئاخر دانیشتن لەگەڵ ئێمە بووە، من نازانم بۆ کاك تارق جامباز ئەو دەمە، ئەوە بە 20 پسپۆڕو 20 ئەندامی لیژنەش کەهەمووی حازر بوون، کاك تارق نەیگوت ئەم قانونانە موتەشابیهی یەکترین، ئێمە با ئیشەکان وا لێ نەکەین، من نازانم چ حەساسیەتێك لەپشت ئەو مەوزوعانەوە هەیە، بۆ شتەکان وای لێ دێت، بۆ لەسەرەتا ناکرێت، ئاخری ئاشکرا ئەکرێت، پاش سێ مانگ دانیشتن وگفتوگۆکردن ونووسینی چەندین راپۆرت، ئینجا لەدوایدا هەمووومان تێدەگەین کە لە 90٪ی وەکو یەك بووە، بۆ هاتووەتە ئێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طارق لەبەر ئەوەی ناوت هات فەرمووو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەخۆشحاڵیەوە بەشداری کۆبوونەوەکانم کرد، بەڵام، مولاحەزەم هەبوو، ئەوانەشی کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کورد، کۆڕی زانیاری زمانی سریانی، ئەوەی عێراقیش هی 78 هەموویم پێشکەش کردن، نەیان بوو، مادەکەش لێرە بەغەڵەت هاتبوو، کە 37/ 12 لەسەر ئەوەش تێبینی خۆمم هەیە، تێبینیشم هەبوو هەردوو قانونەکەم دایە وتم تەماشای قانونەکان بکەن ئایا ئیختلافی هەیە، من ئەڵێم دوو مادده، لە 27 مادده، لە پەنجا فەقەرەش، سێ فەقەرەی، ئەمەش رەئی خۆمە بەنیسبەت ئەو وەختەش داومەو ئێستاش ئەیدەم ئەوە مخالفی قانونە، ئەگەر بکرێت ئەبێ ئەو قانونە موناقەشە بکرێت، من لەگەڵ موخالەفەی نیزام داخلیدا نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت فەرمووو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزو ئیحترامم بۆ رەئی خوشکە نازناز، راستە من چوار ناوم پێداوە تاکو یارمەتی لیژنەی پەروەردە بدەم، ئیستیعانەی پێبکەن رەئی خۆیان لەسەر بدەن، من هەروەکو مەعلومات هەندێك لەو چوار ناوانەم وەرگرت، تاکو پرۆژەی ئێستاو قانونی کۆن، جیاوازییەکی زۆری تێدا نیە، گۆڕانکارییەکی شەکلی تێدایە، بەڕەئی من هەر لەڕێگای لیژنەکانەوە وایان بگوتایە، خۆیان زۆر ماندوو نەکردایە، موقارەنەی پرۆژەی تازە و قانونی کۆنیان بکردایە، تەماشایان بکردایە، ئەگەر گۆڕانکارییەکە لەسەر ناو بێت، ئەگەر گۆڕانکارییەکە

لەسەر صیاغە بێت، بەس جەوهەرەکە نەیگۆڕێت، خۆ زمانی کوردی بێت یان زمانی عەرەبی بێت، دوو زمانی فراوانن، ئەتوانین چوار وشە بۆ یەك مەعنا بەکار بێنین، بەڕەئی من داعی نیە ئینسان ماددەیەك بگۆڕێت، کە موجەڕەد صیاغەکە جوانتری لێ بێت، یان باشتری لێ بکات، بەس ئامانجەکەو هەدەفەکە وجەوهەرەکە وەکو خۆی بمێنێت، منیش تازە گەیشتمە قەناعەت پاش ئەوەی یەکێك لەبرادەرانی ئەندامانی لیژنەی قانونی ئاگاداری منی کرد، کو خەلەلێکی وا هەیە، تەکلیفی بەشی کاروباری ئەنجومەنم کرد، من گوت بڕۆن موقارەنەی هەردوو قانون بکەن، فعلەن وادەرچوو، کە تەقریبەن لە 80٪ی ئەگەر زیاتر نەبێت، پرۆژەی ئێستا لەگەڵ قانونی کۆن وەکو یەکە، حەتا شەکلیەنیش نەهاتیە گۆڕین، من ئەوە ئەڵێم مادام قانونێك نافزی مەفعولە تاکو ئێستا، لە نەتیجەی دیراسە هات بۆ ناو پەرلەمان، دەورەی پێشوو خۆیان ماندوو کردووە، لیژنەکانی دەورەی ئینتیخابی پێشوو، قانونێکی فعلی نیە گۆڕانکارییەکە زۆر نیە، با ئێمە ئەو پرۆژەیە ئیعادەی حکومەت بکەین، بەشێوەی گۆڕانکاری بێتە ناو پەرلەمان، باشترە ئێمە سابیقەیەك تەسجیل بکەین، سبەی هەر وەزیرێکی تازە بێتە وەزارەتێك، پرۆژەیەك بەناوی خۆی تەقدیم بکات، مەعەل عیلم پرۆژەکە دوور نیە، لەگەڵ قانونی کۆن وەکو یەك بێت، هەم وەختی وەزارەتەکە ئەبات وهەم وەختی پەرلەمانیش ئەبات، ببتە ئەگەری ئەوەی کو پرۆژەکانی تر ئەوی زۆر موهیم دوابخرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو رەئیەکە وازحە، ئەگەر کەسێك رەئی سێیەمی هەیە قەیناکە، رەئی سێیەم رەئیەك ئەڵێت، ئەو پرۆژەیە ئەبێت هەموار بکرێت، کاك تارق تەئیدی قسەکانی کاك فرست ئەکات، رەئیەکی تر ئەغلەبیەتی لیژنەی قانونی ئەڵێن، نەخێر با بمێنێت، ئەگەر رەئی سێیەم هەیە، کاك محمد حکیم رەئی سێیەم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی سێیەمی من ئەوەیە ئێمە، بۆ موناقەشەکە ئەگەیەنینە ئێرە، من لەگەڵ ئەوەی تەئیدی کاك تارق ئەکەم، بەس پێم وایە دەبوو پێشتر بەسەرۆکایەتی بڵێت، تەئیدی رەئیەکەی ئەکەم لەسەر قانونەکە، بەڵام، دەبوو بەسەرۆکایەتی بڵێت، یەعنی مەسەلەن ئێمە ئەمڕۆ هاتووین موناقەشەی دوو قانون ئەکەین، ئێستا ئەوە تەئجیل بکەین بەهەر شێوەیەك بێت، دەبێ بگەڕێینەوە ئەمڕۆمان هیچ وەکاتیش لە ئاڵتوونەوەیە، بەڕاستی من وەکو خۆم، وەکو ئەندام پەرلەمانێك، تێبینیم هەیە کە دیقەت لە دانانی بەرنامەکانیدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە، چەند مانگێك پێش ئێستا، لە خوێندنەوەی یەکەم با برادەران تێبینیان بووتایە، تا ئەو کات بگەڕایەتەوە یان دواتر سەرۆکایەتی کە تێبینی لەسەری هەیە بۆ ئەیخاتە بەرنامەی کارەوە، پێشنیارەکەم ئەوەیە، با بەئاسانی ئێمە پێشنیاری تەئجیل کردنی موناقەشەی مەشروعەکان نەخەینە دەنگدانەوە، مێژووی پەرلەمانی ئێمە، لەم خولەدا چەندجارێك ئێمە، هەموو جارێك مانگی جارێك تووشی ئەو حاڵەتە ئەبین، وای لێهاتووە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، دانیشتنەکانمان بەوە دەست پێبکەین، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بەرنامەی کارە تەئجیل بکرێت، وای لێ بکەین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد تۆش ئەتەوێت نوقتەیەك تەسجیل بكەیت و خلاص، عەرقەلەی تێكەی، كەی وایە، ئێمە هەموو پرۆژەكان بەئصوڵی موناقەشە ئەكەین، ئەمڕۆ ئەو دوو شتە هاتە پێشەوە، دەتانەوێت بیكەنە شتێك كە دایم وایە، كەی وایە، وانیە قەسەكان، من ڕەدی ئەكەمەوە بەڕاستی، دوایش سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆی نیە مەشروع ڕەفز بكات، تەحولی ئەكات بۆ لیژنەكان، لیژنەكان ئەبێ لە راپۆرتیان داوا بكەن ئەو پرۆژەیە، نابێ موناقەشە بكرێت، هەمواركردنی ئەوێت، ئەو وەختە ئێمە پرۆژەكە ناخەینە ئەجندەوە، بەڵام، ئەگەر لیژنەكان بڵێن راپۆرتمان حازرە، دەیخەینە ئێرە، لێرە ئیعتراز هەبوو ئەوكاتە جواب ئەدەینەوە، لەبەر ئەوە ڕەخنەیەك كە دەیگرن، ڕەخنەكە مەوزوعی بێت، یەعنی ئەڵێت مەسەلەن ئەجندە وابوو، كە ئەنەهوو دووساڵە پەرلەمان وای كردووە، ئیشوكاری نەبووە، دێت لێرە بەرنامە تەئجیل ئەكات، ئەمە یەكەم جارە شتی وا ڕوویدات، یەكێكیان خۆتان داواتانكرد، ئەمەش هەر خۆتان داواتان كرد، كاك سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من جگە لەو تەوزیحاتەی جەنابی سكرتێر دای، سەبارەت بەجانیبە قانونیەكەی بەڵام، من پێم وایە ڕەئی ئەو برادەرانەی كە موخالیفیشن پێیان باشە، كە پرۆژەكە موناقەشە بكرێت، من لەو مونتەڵەقە بۆ ئەوەی ئیستفادە لەكات بكەین، ئەو وەختەی كەوا لێرە دوو سەعات بۆ موصادەقەی ئەو قانونە بانەڵێین ئەیكوژین، لە كاتێكدا كەئیمكان هەیە، فەقەت عینوانی پرۆژەكە لە حكومەت بێتەوە بەتەعدیل ئیمكانە بە دە دەقیقە، گۆڕانكارییەكە بكەین و هیچیش لە مەوزوع ناگۆڕێت، بۆیە من پێشنیار ئەكەم، بەڕاستیش كە هیچ گۆڕان لە قانونەكە نابێت، ئەوەی كەئێستا هاتووە، بۆ گۆڕان لەجیاتی ئەوەی بەناوی پرۆژەی قانونی بێت، بەناوی تەعدیلەوە بێت، كە هات بەناوی تەعدیلەوە بێت، بە دە دەقیقە ئیقرار ئەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نا ئەو وەختە دەبێ كەوتت تەعدیل هەموو ئەو خاڵانە لاببەیت كە لە ئەصڵی مەشروعەكە دێت، دەمێنێ دوو، سێ خاڵ، ناوەكەیەتی و دوو، سێ خاڵیش ئیتر تەواو، دوایی حەقیقەتێكیش هەیە لەبیرتان نەچێت، خۆ قانون دانان هەروانیە، پەلە پەلی لێ بكەیت، من لەسویسرا لەسەردانی پار یان پێرا بوو، لەگەڵ لیژنەیەك دانیشتم چۆنیەتی بەڕێوە بردنی بەرنامە، موناقەشەی پرۆژەیەكیان لەبەردەم بوو، درەختێك هەیە لەناوەندی شار، ئایا لای ببەن یان لای نەبەن، ساڵێك و هەشت مانگ موناقەشەیان بوو، هەر تەحویلیان ئەكردو ئەیان هێناو ئەیان برد، رای خەڵكیان وەر ئەگرت، لەبەر ئەوە قانون كە ئەڵێت دەری دەهێنین، خۆ تەعینی موەزەفێك نیە، قەرار بدەیت و تەواو، ئەوە دایمیەو دەبێ، ئەگەر دواش بكەوێت، تائخیریش بێت، گلەییش هەبێت، فەیناكە گلەییەكانیش ئەوان ئەیكەن، من ئەوە ئەخەمە دەنگەوە، بەخوا ئەگەر نوقتەی نیزام نەبێت قسەت ئەبڕم، فەرموو ملا سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وەكو نيزامی داخلی، ئەو نيسبەی كە دياركرا، يەعنی تەصويتی ناوێت، ئەو نيسبەی كە بەڕێزان دياريیانكرد، چ كاك فرست و چ كاك كەريم، ئەگەر نيسبەكە لە 90٪ بێت، يان لە 60٪ بێت، ئەوە نايەوێت بخرێتە تەصويت، تەصويتی ناوێت هەر ڕاست بكرێتە تەعديل وقەرارەكە لەدەستی خۆمانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**نا نا وانيە نيسبەتی تێدا نيە، ئەوە باسی ئەوە ئەكات، ئەڵێ ئەو قانونە تەعديلەكە ئەوەندەيە، بەس دواخستنی دانيشتنەكەمان ئەبێ بخرێتە دەنگەوە، ئەو موقتەرەحەی كاك تاريق و هەندێك لەبرادەران، كە تەئيديان كرد، كاك فرسەتيش بۆ گەڕاندنەوەی پرۆژەكە، دواخستنی وموناقەشەنەكردنی وگەڕاندنەوەی پرۆژەكە بۆ حكومەت، بۆ ئەوەی بكرێتە شێوەی هەمواركردن وبۆمان بێتەوە، دەيخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدايە بادەستی بڵند بكات تكايە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نيە؟، ئەوەی لەگەڵدا نيە ئەيژمێرم، 13 كەسی لەگەڵدا نيە و بەزۆرينەی لەگەڵدايە، كە دوابخرێت وبينێرين بۆ حكومەت، بۆ ئەوەی وەكو پرۆژەی هەمواركراو بێتەوە، دانيشتنەكەمان كۆتايی پێهات بۆ سبەينێ سەعات 11 بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی كاری پێشوومان، خاڵی يەكەمی پرۆژەی ياسای خانەنشين كردنی پێشمەرگە، خاڵی دووەميش كورتە، حساب كردنی خدمەی سەرۆكەكانی يەكەی ئيداری كە سەلاحيەتی قازييان هەيە، بۆ خدمەی قەزائی، ئەوە كورتە، تا بەيانی كۆتايی بەدانيشتنەكەمان دێنين؟ بەيانی سەعات 11 زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نيشتمانيی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نيشتمانيی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نيشتمانيی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 27\11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (27)

## سێ شەممە رێكەوتی 2007/11/27

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/11/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژماره (27)ی خولی دووەم, ساڵی (2007)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (27)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای راژەی خانەنشینی پێشمەرگە كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای ژماردنی راژەی سەرۆكەكانی یەكەی كارگێڕی بەراژەی دادوەری كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (27)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/11/27دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای راژەی خانەنشینی پێشمەرگە كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای ژماردنی راژەی سەرۆكەكانی یەكەی كارگێڕی بەراژەی دادوەری كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی برای بەڕێز (فەریق زەعیم عەلی) وەزیری پێشمەرگە, برای بەڕێز (شێخ جەعفەر) وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە, برای بەڕێز (كاك سعد) وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەم, بەخێربێن سەرچاو, هەروەها بەخێرهاتنی ژمارەیەك لەخوشكان و ژنانی كوردستان دەكەم كە لێرە لەگەڵماندان, حەزیان كرد چەند ساتێك بەشداربن, لەدەورەیەك لە هەولێر بەشدارن زۆر بەخێربێن سەرچاو, داواكارییەكیان هەیە, ئەمڕۆ بەیانی پێشكەشیان بەمن كردووە, دەڵێن ئەبێ پەرلەمان

لەبەرنامەی خۆی هەوڵبداتن ئەو ڕێژەی لەپەرلەمان هەیە بۆ ئافرەتان, 25٪ وەکە لەئەنجومەنی پارێزگاکان هەیە, هەوڵ بدەن لەهەموو بوارەکان ئەو ڕێژەیە بچەسپێت, بەتایبەتی لە ناو حزبەکاندا, ئەو حزبانەی کە ئیجازە دەدەن بیکەنە شەرتێك, کە ڕێژەیان لە 25٪ کەمتر نەبێت ئەندامانی حزبەکە, منیش وەعدی ئەوەم داوە کە داواکارییەکەیان وەکو شەخص پشتگیری لێبکەم, یەکەم هەنگاو وا لەلای ئێوە عەرزی دەکەم, ئیتر لەئایندەدا شتی وا هاتە پێش چاوتان ڕەچاوی داواکاری ئەو خوشکانە بکەن کە لەگەڵمانن, هەروەها هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەت و خانمان کە هەمان داوایان هەیە, زۆر بەخێربێن سەرچاو.

خاڵی یەکەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای ڕاژەی خانەنشینی پێشمەرگە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە, داوا لە لیژنەی یاسایی و, لیژنەی پێشمەرگە دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن.

خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پڕۆژەیە, لە 2007/10/3 کراوە, ئاڕاستەی لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان کراوە, ئێستا داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم کە ئەصڵی پڕۆژەکە مادده بە مادده بخوێنێنەوە, دواتر ڕەئی خۆیان و ڕەئی لیژنەی پێشمەرگە تەقدیم بکەن, ئینجا گفتوگۆی لەسەر بکەن, فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی پەرلەمانتاران.**

ئەگەر مەجالێکم بدەنێ تەوزیحێك پێشکەش بکەم, پێش ئەوەی پڕۆژەکان بخوێنمەوە, ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە کە کۆبووینەوە لەگەڵ جەنابی وەزیری پێشمەرگە, هەروەها لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە, ڕێك کەوتین بەدارشتنی یاسایەکی نوێ, بەشێوەیەکی جیاواز کە لەپڕۆژەکەدا هاتییە, بەتایبەتی دەوڵەمەند کردنی پڕۆژەکە, واتە پڕۆژەکە کە لەلایەن حکومەت تەقدیم کرایە 37 مادده بوو, ئێمە لەهەردوو لیژنە ئیتیفاقمان کرد کە چ لە مەصڵەحەتی پێشمەرگەیە ئیزافە بکرێتە سەر قانونەکە, لەبەر ئەوە صیاغەکە گۆڕا و, مادەکانی قانونەکە زیاد کرا, بووە 51 مادده, بۆیە بە ڕەئی هەردوو لیژنە وا بەباش دەزانین کە پڕۆژە نوێیەکە کە ئامادە کرایە ئەو بخوێندرێتەوە لەجیاتی پڕۆژەی حکومەت, هەم ئیستیفادە لە وەقت دەکەین, بەتایبەتی جەنابی وەزیرەکان هەردووکیان ئامادە بوون و موافەقەتیان کرد لەسەر ئەو پڕۆژەیە, ڕەئی ئاخیریش بۆ ئەندامانی پەرلەمانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێ کاك عونی, من بەو صیغەیەی کە ئێوە پێشکەشتان کردووە, پێم باش نییە ئەوها پێشکەش بکرێ, صیغەکەی بگۆڕن قەیناکە, بڵێن ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە تەعدیلاتمان کردووە, ناکرێ پڕۆژەیەکی تازە پێشکەش بکەن, چونکە نە دە ئەندامن, نە حکومەتن, بڵێ تەعدیلاتمان کردووە, چەند ماددەیەکمان ئیزافە کردووە, دەیخەینە بەردەمتان, بەم شێوەیە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ڕازی دەبین موناقەشەی بکەین, لەبەر ئەوە ئیعادەی بکەوە بەو صیغەیە, فەرموو.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستمان لە تەوزیحەکە ئەوەیە, ئێمە صیاغەیەکی قانونەکەمان کردووە, ماددەی نوێش ئیزافە کرایە, نە قانونێکی نوێمان دانابی کە موخالەفەی ئەو قانونە بێت کە لەحکومەتەوە هاتووە, ویستمان قانونەکەی دەوڵەمەند بکەین, صیاغەی قانونی بەڕێك و پێك تر بنووسین, نەتیجەکەش فیعلەن گەیشتە ئەو وەزعەی بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی کە زۆر کارێکی باشمان لەسەر کرد, ئەوەی بزانم بەشێوەیەکی زۆر باش ئامادە کرایە, بۆیە پێشنیارەکەمان ئەوەیە, ئەو صیاغە نوێیە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە, هەم ئاسانکاری لە موناقەشە دەکرێ, هەم موناقەشەکان بە سەریعی دەڕوا و ئیستیفادە لە وەقتەکەش دەکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, بەو صیغەی کە بەو دواییە وتت مەقبولە, مادده بە مادده بیخوێنەوە بۆ ئەوەی موناقەشە لەسەری بکەین, کاك شێردڵ سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە دوو قسەی هەیە پێش ئەوەی دەست بە موناقەشە بکەین, فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایەش وەکو دوو یاسایەکەی پێشوو, لیژنەیەکی پسپۆڕی بەتوانا لەوەزارەتی پێشمەرگایەتی نووسیتیەوە, سوودی وەرگرتیە لە زۆر یاسای خانەنشین و خزمەت لە هی دەوڵەتەکانی تر بەتایبەتی هی سوپای عێراق, پاش ئەوەی دایرێشتییە لە فەرماندەی گشتی بەئاگاداری قائیدی عامیش ئەوە موناقەشەیەکی زۆریان لەسەر کردیە, لەدواییدا هاتیتە ئەنجومەنی وەزیران, لەئەنجومەنی وەزیرانیش چەندین جار کۆبوونەوەیان لەسەر کردیە, دوایی هینایتیە پەرلەمان, سەرۆکایەتی پەرلەمان دایە لیژنەی یاسایی, لیژنەی یاسایی موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کردووە, دوایی لیژنەی پێشمەرگە, پاشان بەهەردوو لامان ئێمە و لیژنەی یاسایی موناقەشەیەکی زۆرمان لەسەر کرد, پاشان هەر سێ لامان, یەعنی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و هەردوو بەڕێز وەزیرەکان, چەندین جار هاتنە پەرلەمان, هەموو هیئەکەی خۆیان هێنا ئەوانەی کە دایانرێشتبوو, چەندین جار موناقەشەی زۆرمان لەسەر کرد و گەیشتینە ئەوەی ئێستا کە لەبەردەستتانە, ئیتر ئومێدەوارم زوو بیڕوێنین و, هەر پرسیارێك و هەر تێبینیەکتان هەبوو هەرسێ لامان ئامادەین بۆتان روون بکەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پڕۆژە یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)

دەروازەی یەکەم

(زاراوەکان)

ماددەی یەکەم: ئەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێ بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە:

1 - هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.

2 - سەرۆکی هەرێم: فەرماندەی گشتییە.

3 - فەرماندەی گشتی: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاسەوانی هەرێمە.

4 - حکومەتی هەرێم: حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

5 - فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم: باڵاترین دەسەڵاتی پێکهاتەکانی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە.

6 - هێزی پێشمەرگەی کوردستان (پاسەوانی هەرێم): دەربڕی گشت پێکهاتەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەسەربازێکەوە تا بەرزترین پلەی سەربازی.

7 - وەزارەت: وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

8 - وەزیر: وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

9 - شۆڕش: بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە کە لە (11 ی ئەیلوولی 1961)ەوە دەست پێدەکات.

10 - پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم): ئەو کەسەیە کە چوویتە ریزی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان, یان دەچێتە ریز زێڕەڤانی هەرێم.

11 - خانەنشینکراو: ئەو پێشمەرگەیە کە مافی خانەنشینی هەیە بەپێی بەندەکانی ئەم یاسایە.

12 - مووچەی خانەنشینی: ئەو مووچەیە کە بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرێت لەکاتی خانەنشینی بەپێی بەندەکانی ئەم یاسایە.

13 - مووچە: مووچەی بنەڕەتی دوا مانگی پێشمەرگەی بەردەوام لەخزمەت بەپێی پلە و پایە.

14 - مووچەی تەواو: مووچە بە دەرماڵەوە.

15 - مافی خانەنشینی: ئەو مافەیە کە خانەنشینکراو یان میراتگرەکەی وەریدەگرێت.

16 - خزمەتی خانەنشینی: بریتییە لە خزمەتی پێشمەرگایەتی یان هەر خزمەتێکی دیکە کە دەشێت بخرێتە سەری بۆ مەبەستەکانی خانەنشینکردن بەپێی بڕیارێکی تایبەتی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم.

17 - خزمەتی پێشمەرگایەتی: ئەو ماوەیەیە کە پێشمەرگە خزمەتی فعلی تیادا کردووە لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ریزەکانی شۆڕش و ئەو خزمەتەی لەدوای شۆڕش لە پێکهاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیباتە سەر بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

18 - پاشەنشین (خلف): هەموو ئەوانەی کە بەپێی یاسای باری کەسی (احکام المیراث) دەبنە میراتگری خانەنشینکراو.

19 - شایستە:

أ - ئەو کەسەی لەنێوان وەچەکانی مافی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی دەبێت لە دوای مردنی خانەنشینکراو.

ب - ئەگەر پاشەنشینی نەبوو, ئەوا مووچەکە دەدرێت بەو کەسەی کە خانەنشینکراو دەستنیشانی دەکات لەپێش مردنی لەوانەی کە بەرپرسێتی بەخێوکردنی لە ئەستۆدا بێت بەپێی بڕیاری دادگایی.

20 - بێسەروشوێن: ئەو پێشمەرگەیەی بەهۆی ئەرکی پێشمەرگایەتی بێسەروشوێن بووە و چارەنووسی دیار نییە.

21 - بەدیلگیراو: ئەو پێشمەرگەیە کە دەستبەرسەر دەبێت لەلایەن لایەنێکی دەرەکی یان تیرۆرستی یاخود هەر لایەنێکی تری دوژمن بەهۆی خزمەت یان لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکدا.

22 دەستبەسەرکراو: ئەو پێشمەرگەیە کە دەستبەرسەر دەبێت لەلایەن لایەنێکی دەرەکی یان تیرۆرستی یاخود هەر لایەنێکی تری دوژمن بەهۆی خزمەت یان لەکاتی ئەنجامدانی ئەرك.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشروع قانون الخدمة وتقاعد اليپشمرگە (حرس الاقليم)

الباب الاول

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات التاليه المعاني المبنية ازاءها لغرض هذا القانون.

1- الاقليم: اقليم كوردستان- العراق.

2- رئيس الاقليم: هو القائد العام.

3- القائد العام: القائد العام لقوات حماية الاقليم.

4- حكومة الاقليم: حكومة اقليم كوردستان.

5- القيادة العامة لقوات حماية الاقليم: هيى السلطة العليا لمكونات القوات المسلحة الكوردستانية.

6- قوات پيشمرگە كوردستان (حرس الاقليم): عبارة عن كافة مكونات قوات پيشمەرگە كوردستان من جندى الى اعلى رتبة عسكرية.

7- الوزارة: وزارة اليپشمرگە لاقليم كوردستان.

8- الوزير: وزير پيشمرگە اقليم كوردستان.

9- الثورة: الحركة التحررية الكوردستانية التي تبدأ من (11 ايلول 1961).

10- اليپشمرگە (حرس الاقليم): هو من التحق بالثورة التحررية الكوردستانية لتحقيق حقوق شعب كوردستان الديموقراطية و القومية او يلتحق بقوات اليپشمرگە (حرس الاقليم).

11- المتقاعد: هو اليپشمرگە الذي له حقوق تقاعدية وفق احكام هذا القانون.

12- الراتب التقاعدي: الراتب الذي يصرف لليپشمرگە لدى احالته على التقاعد وفق احكام هذا القانون.

13- الراتب: الراتب الاساسي لاخر شهر يتقاضاه اليپشمرگە المستمر في الخدممة وبموجب درجته ومنصبه.

14- الراتب التام: الراتب مع المخصصات.

15- الحقوق التقاعدية: تلك الحقوق الذي يتقاضاه المتقاعد او ورثته.

16- الخدمة التقاعدية: عبارة عن خدمة اليپشمرگە او اي خدمة اخرى يجوز اظافتها عليه لاغراض التقاعد وبموجب قرار خاص للقيادة العامة لقوات حماية الاقليم.

17- خدمة اليشمرگە: هي المدة التي قضاها اليشمرگە في الخدمة الفعلية في صفوف الثورة و الخدمة التي يقضيها بعد الثورة في مكونات قوات پيشمرگە كوردستان و بموجب احكام هذا القانون.

18- الخلف: هو وارث اليپشمرگە المتقاعد وفقاً لاحكام قانون الاحوال الشخصية.

19- المستحق:

أ- الشخص الذي له حقوق استلام الراتب بعد وفاة المتقاعد.

ب- اذا لم يكن له خلف يعطى راتبه لمن يعيله المتقاعد قبل وفاته, من اولئك الذين لهم مسئوولية اعالة وبموجب قرار قضائي.

20- المفقود: هو اليپشمرگە الذي فقد بسبب ادائه لواجبه كبپيشمرگە و أن مصيره مجهول.

21- الاسير: هو اليپيشمرگه الذي تم اسره من قبل جهة خارجية أو من الاعداء و ذلك بسبب اداء الخدمة او من جرائها.

22- المحتجز: هو الذي يحتجز من قبل جهة خارجية أو ارهابية و ذلك بسبب الخدمة او من جرائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پڕۆژەیە کە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگە, زۆر دەمێکە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی هەرێم و لێپرسراوانی پێشمەرگە کردوویانە, تا گەیشتوونەتە ئەو یاسایە, دواتر لەپەرلەمان وەکو کاک عونیش ئاماژەی پێکرد چەند کۆبوونەوەیەکی فراوان کراوە, لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و جەنابی وەزیری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە, لەبەر ئەوە شتەکە زۆر بە تەفصیلات موناقەشەکراوە کە ئەو صیغەیە پێشکەش کراوە, صیغەیەکی رێك و پێکە, ئەگەر بۆ دەوڵەمەند کردنی کەسێك مولاحەزەیەکی هەبێت, تەنیا دیقەت لەوە بکەن, چونکە پڕۆژەکە تەفصیلاتی زۆرە, ئیلا ئەگەر بۆ دەوڵەمەندکردنی یاخود غەڵەتێکی تێدا بێت, بەوە مولاحەزە بدەن تکایە, دکتورە هالە فەرموو.

**بەڕێز د0 هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (22) (المحتجز: هو الذي يحتجز من قبل جهة خارجية أو ارهابية و ذلك بسبب الخدمة او من جرائها), تەنها ئیحتیجازە نییە, ئێستا رەهائینیش هەیە, پێشنیار دەکەم بەم شێوەی لێبێت (هو الذي يحتجز او ياخذ كرهينة من قبل جهة خارجية أو ارهابية و ذلك بسبب الخدمة او من جرائها), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەهینەش هەر موحتەجەزە, رەهینەش هەر حجز کراوە, کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینیەکەم لەسەر تەعریفەکە نییە, بەڵام پرسیارێکم هەیە, ئەوەیە (حرس الاقليم) دەبێتە زمنی مجموعەی دیفاعی وەتەنی, یەعنی دەبێتە سەر بەوەزارەتی دیفاع, لە بەغدا قانونێکی تەقاعودی موەحەد دەرچووە, ئەحکامی تەقاعودی عەسکەری ئیلغا کرایە و, تەعریفی کردووە بەم شێوە هاتووە لەمادەی 1 دەڵێ (كل شخص عهد علية وظيفة داخل في مدنى او عسكرى و امن داخلي), ئەگەر پێشمەرگە حیمایەی ئەمنی داخلی بێت ئەوە سەر بە وەزارەتی دیفاعە, لەبەغدا قانونی موەحەد هەبوو, نەفەقاتی تەشغیلی وەزارەتی پێشمەرگە دابوون, چۆن ئێستا ئێمە دەتوانین تەعامول بکەین؟ ئەو قانونە لێرە تەتبیق بکەین, کە بەشێوەیەکی ترە, پرسیارم هەر ئەوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکی گرنگە کاك دیلمان, کاك زعیم یان کاك شێردڵ وەڵامت بدەنەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی قانونێکی خزمەت و تەقاعودی دەرچووە لە بەغدا, ئەنجومەنی وەزیران دەریکردیە, پێشتریش هەبووە لەزەمانی خۆی, ئێستا لەسەری دەڕۆین, دایتیانە پەرلەمان تایبەتە بە وەزارەتی دیفاع, ئێمە زۆرمان ئیستیفادە لەو قانونەی بەغدا کردووە, ئەگەر بێیە سەر ئاخیری, لە ئاخیرەکەی ماددەکمان نووسییە کە هەر قانونێك لە بەغدا دەرچوو بۆ مەصڵەحەتی پێشمەرگە ئیستیفادەی لێبکەین, سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم لەسەر بڕگەی (16)ەیە, لێرە نووسراوە (خدمەی پێشمەرگایەتی بۆ تەقاعودە), من پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا بۆ تەقاعودە, بۆ ڕاژەشە, چونکە پێشتر بەکار دەهات بۆ بەرزکردنەوەی مووچە, بۆ بەرزکردنەوەی پلە, ئەوەی پێش ڕاپەڕین, دیارە زۆری کراوە, ئەزانم زۆری کراوە سوودی لێ وەرگرتووە مەسەلەن بۆ بەرزکردنەوەی روتبەی عەسکەریەکەی, یان بۆ بەرزکردنەوەی مووچەکەی, بەڵام بۆ لێرە تەقاعود نووسراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەی چەند موڵاحەزەیەك پێکەوە کۆبکەنەوە, دوای ئەوەی پێویست بوو جوابیان بدەوە, فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووومان دەزانین پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە, بەڵام بەداخەوە لە ئەو مافانەی کە بۆ پێشمەرگە دابین کرا زۆر کەسانێك هەن ئەصڵەن هەر پێشمەرگەش نەبوون, بەهۆی هەندێ شتەوە کرایە پێشمەرگە, رەنگە لەهەندێ پێشمەرگە زیاتر موستەحەقاتی وەرگرتبێ, یان زیاتریشی بۆ دابین کراوە, بۆیە بەڕاستی ناعەدالەتێکی زۆر لەو خانەنشین و خزمەتە هەیە کە پێشتر بۆ پێشمەرگە کراوە, هیوادارام ئێمە بتوانین لەم قانونە کە ڕێکخستنی باری پێشمەرگەیە, لەم قانونە شتێکی دادپەروەرانە هەیە بۆ پێشمەرگە بتوانین دابینی بکەین, من سەرەتا تێبینیم هەیە لەسەر ناوی پڕۆژەکە (مشروع قانون الخدمە و تقاعد الپیشمرگە (حرس الاقلیم), ئقلیم کوردستانی پێم باشە بۆ زیاد بکرێ, چونکە ناوی ئیقلیم کوردستان لەهەموو مادەکان هاتووە, تێبینی دووەمم لەسەر بڕگەی (6) ئەڵێ (عبارە عن کافە مکونات), باشتر وایە بنووسرێت (تشکیلات) نەك مکونات, تێبینی ترم لەسەر بڕگەی (9), باسی شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کورد دەکات لە 11 ئەیلولەوە, لە 61 دەست پێدەکات و کەی کۆتایی پێدێت؟ لەبەر ئەوەی لە بڕگەی (17) ئەڵێ (التي یقضیها بعد الثورة), یەعنی خۆ ئێمە تا ئێستاش هەر لەقۆناغی شۆڕش نین, ئەوە لە 1991 ەوە حکومەتمان هەیە, باش وایە ئەو قۆناغە دیاری بکرێ کەی کۆتایی پێ دێت, بڕگەی (10) ئەڵێ (پیشمرگە هو من التحق بالثورة), باشتر وایە بنووسین (شارك), چونکە بەشداری کرد, ئەگەر بەو پێیە بێت تەنیا ئەو کەسەی بوویتە پێشمەرگە دەگرێتەوە, ئەگەر نا ئێمە خۆمان دەزانین لە شۆڕشی ئەیلول هێزی بەرگری میللی هەبوو, لەشۆڕشی تازە هێزی پشتگیری هەبوو, بەڕاستی ئەوانە بەخۆیان و بەچەك و بە ماڵەوە

پێشمەرگە بوون, ئینجا جگە لە ڕێکخستنی نهێنیەکانی ناو شار کە دەوری سەرەکیان هەبوو, لە پێشمەرگە دەوریان زیاتر بوو, ئەگەر بەپێی ئەو پێناسەیە بێت ئەوان بەڕاستی مافی خانەنشین نایانگرێتەوە لەم قانونە, تێبینی ترم لەسەر بڕگەی (17) خدمەی فعلی, یەعنی خدمەی فعلی کامەیە؟ یەعنی باشتر وایە تەعریفی خدمەی فعلی بکەین, چۆن خدمەی فعلی ئەژمێردرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە کاك عادل لە مادەی یەکەم ئەوەلەن نووسرایە (أقلیم: الاقلیم کوردستان), بەلاّم خراپ نییە لە سەرە مەوزوعەکەی لەنێوان دوو قەوس بنووسرێ (أقلیم کوردستان- العراق), هیچ موشکیلەیەکی تێدایە, پرسیارەکانی تریش با وەزارەت پاشان خۆی وەلاّمت بداتەوە, فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەستخۆشی لەو بەڕێزانە دەکەین کە ئەم پڕۆژەیان ڕێکخستووە, دوو تێبینیم هەیە, تێبینی یەکەم: مادەی یەکەم بڕگەی (14) دەڵێ مووچە بە دەرماڵەوە, دیارە لە تەعدیل کردنی پڕۆژەی خانەنشینی کردنی عێراق, لە 10/4 هاتووە چەندین جار دەڵێن (نابێ مووچەی خانەنشین لە 80٪ مووچەی وەزیفە زیاد بێت, لەوێ دەڵێ مووچە لەگەڵ دەرماڵە, ئێمە دەتوانین بڵێین لە 80٪ ی مووچە و دەرماڵە خانەنشینی, تەنیا ئیستسنای شەهیدی کردووە, لەبەر ئەوە پڕۆژە یاساکە لە حکومەت دەرچووە, ئەوەش لە بەغدا دەرچوو دیارە گشتگرە و هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە, ئەگینا خۆ پێشمەرگە موستەحەقی هەموو شتێکە, ئەتوانین شتی تر تەعویزی بکەینەوە, مەسەلەن ئەوەی خزمەتی یەك ساڵە با بە دوو ساڵ بۆی حیساب بێت, چونکە بەڕاستی تەمەنێکی ساڵی بە دوو ساڵ, چوار ساڵ ڕۆیشتووە لەجەستەیی, لە ڕوحی, لەهەموو شتێکەوە, یان بڕی مووچەی خانەنشینەکە ئەوەندە ڕێك بخەین کە شیاوی پێشمەرگە بێت, ئەوە تێبینی یەکەم بوو.

تێبینی دووەم/ لە بڕگەی (16) دەڵێ خزمەتی خانەنشینی بریتییە لە خزمەتی پێشمەرگایەتی, یان هەر خزمەتێکی تر دەشێت بخرێتە سەری بۆ مەبەستەکانی خانەنشین بێت بەپێی بڕیارێکی تایبەتی فەرماندەی گشتی, ئەمە خزمەت خزمەتی خۆیەتی پێشمەرگایەتی, هەر خزمەتێکی تر ئەگەر خزمەتی مەدەنی بێت پێم باشە بوترێ بە یاسا ڕێك بخرێت, ئەوە بەبڕیارێکی تایبەتی فەرماندەیی لەڕووی یاساییەوە پێدەچێ جێگای تێبینی بێت, ئەگەر بوترێ بەیاسا ڕێك بخرێ ئەگەر خزمەتی مەدەنی هەبێت بخرێتە سەر خزمەتی پێشمەرگایەتی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاّحەزەیەکی بەجێیە ئەوەی قەرار خاصەکە لە (16) باسی کردووە, کاك عبدالرحمن ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر مادە یەك فەقەرەی (21 و 22) هەیە, لێرە لە فەقەرەی (21) دەڵێ (الاسیر: هو الپیشمرگە الذي تم اسره من قبل جهة خارجیة أو من الاعداء), بەڕەئیی من (او من الاعداء) دروست نییە (من قبل الاعداء) دروست ترە, ئەوە یەك.

دوو/ تەبعەن (بسبب الخدمة او من جرائها) فەقەرەی (22) (المحتجز هو الذی...) هەمان شتە بەرەئیی من هەردوو فەقەرە بکرێتە یەك فەقەرە، بە (أ , ب) تەواو بکرێ، رێك تر دەبێت، فەقەرەی (21) کە لەسەر ئەسیرە، دەڵێ ئەسیر دەکرێ لە جیهەتی خارجیەوە یان ئەعدا، بەرەئیی من ئەو (من الاعداء)ە تەواو نییە، (من قبل الاعداء) باشتر دەبێ، ئەوەی (22) موحتەجیزە هەمان شت نووسراوە، بەرەئیی من هەردوو فەقەرە بکرێت بەیەك فەقەرە، بە (ئەلف و بێ) تەواو بکرێ زۆر رێکتر دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکات، ئەو نوقتەیە قسەی لەسەرە، کاك عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامە، چونکە لەم پڕۆژەیە 14 مادە زیادبووە و لە پڕۆژەی پێشوودا (37) و لەوە (51)ە، ئەو پڕۆژە بەکوردیش لەلای مە نییە، بەڵام ئەوە بە کوردی هەیە، لەبەر ئەوە دەنگ نەداوە کە ئەو پڕۆژە بخوێنین، یان ئەوی تر بخوێنین، لەبەر ئەوە نوقتەی نیزامە، تەصویت لەسەر نەکراوە کام پڕۆژە بخوێنین (14) مادەی فەرقە، هی دووەم/ پرسیاری کاك دیلمان هەمان پرسیارم هەبوو، بەڵام کاك شێردڵ تەواو نەبوو بۆ ئەم پرسیارە، قانونی خدمەی عەسکەری هەیە لە بەغدا، ئەو حەرس ئقلیم خازعی ئەو قانونە، کە ئەو قانونە رەچاو دەکات ئان نا، ئەوە پرسیاری کاك دیلمان بوو، بەڵام کاك شێردل زۆر تەواو نەبوو، سەبارەت بە فەقەرەی خامس عشر (الحقوق التقاعدية: تلك الحقوق الذي يتقاضاه المتقاعد او ورثته) وابزانم بەعەرەبیەکەی وا نییە (تلك حقوق التي يتقاضاه المتقاعد او ورثته)، (يتقاضاه) واتە پارە، حقوق موتاقازا نییە، حقوق مادییە و مەعنەویە و هەموو شتە، بەڵام پارە نییە، لازم بنووسرێ (تلك الحقوق التي يستحقه المتقاعد او ورثته) بەعەرەبیەکە موزەکەر و موئەنەسیش تێکەڵ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موڵاحەزەکەی (يستحقه) لەجێی خۆیەتی، من و کاك فرسەتیش ئیشارەتمان پێکردووە، نوقتەی نیزامەکەشت ئەمجارە عەکس بوو، دەبوایە بیدایەتی بڵێی رەنگە ئەگەر بیدایەت بوایە جوابمان بدابایەوە، لەناو موداخەلەکەت وتت، هەندێ جار نوقتەی نیزام موداخەلەیە دەست هەڵدەگرن بۆ نوقتەی نیزام، ئەمجارە نوقتەی نیزامی راستی بوو، دوات خست بۆ موداخەلەکە، بەهەر حاڵ جوابمان داوە، نوقتەکەشت راستە، بەڵام بەم شێوەیە قبوڵمان کرد، کە پڕۆژە ئەصڵیەکەیە بە ئیقتیراحی ئیزافە کردنی چەند مادەیەك و تەعدیل کردنی چەند مادەیەکی تر، کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پڕۆژەیە لەمادەی یەکەم بڕگەی (2 و 3) پێم باشە بکرێتە یەك بڕگە، مەسەلەن نووسراوە (سەرۆکی هەرێم: فەرماندەی گشتی) لە بڕگەی سێیەم نووسراوە (فەرماندەی گشتی: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمن) دەکرێ بیکەین بەیەك بڕگە بیڵێین (سەرۆکی هەرێم: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمە) بەم شێوەیە دەبێتە یەك بڕگە و دووبارە نابێتەوە، ئەوە خاڵێك بەنیسبەت

بڕگەی (9) لەمادەی یەکەم, بەڕاستی کێشەی کێشەی ئێمە کێشەی خاك و خەڵك بووە بەبەردەوامی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان, نووسراوە (بزووتنەوەی رزگاریخوازانی کوردستان) پێشنیاری ئەوە دەکەم بکرێتە (بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستان)، یەعنی ئەو نیشتمانەی بۆ زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی کێشەی ئێمە کیشەی نیشتمان و کێشەی خەڵکی کوردستانیش بووە، لە عەرەبێکەش دەبێتە، الحركة التحررية الوطنية الكوردستانية، ئەوە بەپێویستی دەزانم کە بۆی زیادبکرێت، وەلە بڕگەی دەهەمی ئەو مادەیەش کە دیسان نووسراوە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان، بکرێتە شۆڕشی رزگاری خوازی نیشتمانی کوردستان، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، لەبڕگەی یازدەو بڕگەی دووازدە نووسراوە بەپێی پەندەکانی ئەو یاسایە، ئەوە بکرێتە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، یاخود هەر بەپێی ئەم یاسایە، ئەو بەندانە هەر لێرە لابدرێت، قانونی تر بێت، حوکمەکانی ئەم یاسایە جوانتریش دەبێت لەڕووی قانونیەوە، بەنیسبەت بڕگەی هەژدە لەسەر پاشە نیشین، بەراستی پاشە نیشین کەم بەکار هاتووە لەزمانی کوردی، بکرێت بە نەوە باشترە، نەوەش ئەوە پێناسەکەی دیارە کەکێیە، ئەوانەی کەبەپێی باری کەسی دەبنە میراتگری خانیشین، یەعنی پاشە نیشین ببێت بە نەوە جوانتر دەبێت، وە لەگەڵ ئەوە دام کە بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت بۆ رێکخستنی نهێنی، یەعنی خەڵکێك هەبووە لە ناوشار کاری شۆڕشی بەڕێوە بردووە لەڕووی پێشمەرکایەتیەوە ولەڕووی رێکخستنەوە، لێرە بەپێویستی دەزانم کە بڕگەیەك ئیزافە بکرێت بۆ ئەوە بنووسرێت رێکخستنی نهێنی: ئەو کەسانەن کە ئەرکی پێشمەرگایەتی و رێکخستنیان بۆ شۆڕش لە ناو شارەکانی کوردستان ئەنجام داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەست خۆشی لە لیژانی هاوبەش و بەڕێزان جەنابی وزیران دەکەم، بەراستی پڕۆژەیەکی تێرو تەسەلە، بەلاَم یەك پرسیارم هەبوو برادەران باسیان لێ کرد تا حەدێك، بەلاَم تەئکیدی ئەکەمەوە ئەوەی کاك غفور باسی کرد لەدوای بڕگەی حەڤدە پێویستە ئەوەی تەنزیمی داخیلی، بەشێ لەخەڵکی ئێمە پێشمەرگەی داخیلی بووەو تەنزیمی داخیلی بووەو ناوی نەهاتووە لێرە، پێم باشە ئەوە بکرێت بە بڕگەیەك، یان لەدوای بڕگەی حەڤدە ئیزافە بکرێت، بەشتێکی باشی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم مولاحەزەم ئەوەیە کە ئێمە لەقانونەکەی پێشتر وشەی پاسەوانیمان بەکار نەهێناوە، وشەی زێرەڤانیمان بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی کە یەك بگرێتەوە، من پێم باشترە لێرە وشەی زێرەڤانی دیسان بەکاربهێنینەوە، دیسان تێکەلاَویەك هەیە، ئەگەر سەیری بەندەکانی ئەم مادەیە بکەین تیکەلاَویەك هەیە لەنیوان تەرجەمەکردنی بۆ نموونە لەخاڵی پێنج خوێندییەوە: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاسەوانی

هەرێم، بەڵام لەخاڵی شازدە کە هەر دیسان لە ئەخیرەکەی وتی بریارێکی تایبەتی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، یەعنی لێرە تیکەڵاوی کردووە لەنێوان حەرەس لەگەڵ قوات حماية الاقليم، کە ئەگەر بێیتەوە سەیری راستیەکەی بکەی دەبێ لەهەموو شوێنێك هەر پاسەوانەکەبێت، یەعنی زێرەڤانەکەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ قانونی پێشو یەك بگرێتەوە، خاڵی دووهەمیشم ئەوەبوو کەبەڕێز کاك غفور ئیشارەتی پێ دا، منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کەهەردوو فەقەرەی دوو، و سێ یەك بخرێت و بەو شیوەیە بێت: فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی فەرماندەی گشتی هیزەکانی پاراستنی هەرێمە، چونکە دووجار تکرار دەبێتەوە، خاڵی سێهەمم ئەوەیە کە بەراستی ئێمە لەمەو دوا تێبینیەکی لیژنەی رۆشنبیری، ئێمە دوێنێش دیسان برای بەڕێزم کاك ئارێز ئیشارەتی پێدا، بەڵام لێرە وەرنەگیرا، دیسان دووبارەی دەکەینەوە، لەمەو دوا لە قانونەکانی خۆمان کوردستان پێناسەکەین نەك هەرێم، بڵێین کوردستان لەجیاتی ئەوەی بڵێین هەرێمی کوردستان، بڵێین کوردستان: مەبەست هەرێمی کوردستان – عێراق، خاڵی چوارەمم: بەنیسبەت وشەی پاشەنیشین، پاشەنیشین، وشەیەکی زۆر نۆییەو تازەش دروست کراوە، ئێمە کەلیمەیەکی رەسەنمان هەیە میراتگر، میراتگر زۆر باشە، لێرە بەڕای من بەکاربهێنرێت، چونکە حەتا لەتەعریفەکەیشا هەر دیسان دەڵێت ئەوانەی کەدەبنە میراتگری خانەنیشین، کەواتە تەعریفی میراتگرەکە بکە، نەك پاشە نیشین، شایەستەش بەخالی نۆزدەهەم بەڕای منەوە خاوەن ماف ناگرێت، موستەحەق لێرە بۆی بزەبتە چونکە تۆ شایستە کەلێمەیەکی فراوانە لەزۆر بوار بەکاری دەهێنی، بەڕای منەوە دوو وشەمان هەیە دەتوانین بەکاری بهێنین لەسەر ئەوەی تۆ ئەڵێی موستەفید، سودمەندد بۆی هەیە لەکوردستان، کەواتە بۆ خاوەن حەڤیش، موستەحەڤیش دەتوانیت ماڤ بەند بەکار بێنیت ئەتوانیت ماڤ داریش بەکار بێنیت، خاڵی بیست ویەکەمیش بەدیل گیراو، دیل خۆی ئەسیرە، لەعەرەبێکە ئەسیر هاتووە، کەواتە بۆ لەکوردێکە بڵێی بەدیل گیراو بەئەسیر، هەر بڵێی ئەسیرەو تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمێو فەرموو.

**بەڕێز رۆمێو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگەی عاشرا: من تەنها نوسخە عەرەبێکەم پێیە کە دەڵێت، حرس الاقليم: هو من التحق بالثورة التحررية الكوردستانية لتحقيق حقوق شعب كوردستان الديمقراطية والقومية او يلتحق بقوات البيشمركە، پێم باشە کەدەڵێت او يلتحق، دوای ئەو بەرواره یازدەی ئەیلولەکەی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی وازیح تر بێت، لەبڕگەی بیست ویەکەم دەڵێت: الاسير هو الذي تم اسره من قبل جهة خارجية او من الاعداء، جهة خارجية شەرت نیە تەنها جیهە خارجیەك بێت، بۆ نموونە ئەگەر کردەوەکە لە کوردستان بێت، جیهاتی دەرەکیش هەیە، جیهاتی ناوخۆییش هەبوو ە کە پێشمەرکەی وەك ئەسیر گرتووە، لەبڕگەی بیست و بیست ویەك و بیست ودوویش هاتووە، بسبب اداء لواجبە، پێم باشە بکرێت بە اثناء اداء لواجبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەرەتا پێشنیار دەكەم پڕۆژەكە تەنها یاسای خیدمەو تەقاعودی پاسەوانانی هەرێمی بێ و ناوی پێشمەرگەی تێدا نەبێت، یەعنی ناوی پێشمەرگایەتی ناوێكی پیرۆزە، پێم وایە زیاتر هەڵبگیرێت بۆ ئەو قۆناغەی ساڵی رزگاریخوازیی لەساڵی 1961 وە هەتا ساڵی 1991، تێكەڵی نەكەین بە حوراسی ئەقلیم و ئەو خیدمەیە بەچاكی و بەخراپییەوە، ئەمە هەم پێشنیارەو زیاتر پرسیاریشە بۆ لیژنەی پێشمەرگە، ئەمە یەك، دوو: یەعنی بۆ پشتگیری لەرەئیەكەی خۆم ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مادەی حەفت، یەعنی نایب زابیت، رەئیس عورەفایە، رەئیس عورەفای پێشمەرگە، یەعنی مەعقولە ئەو ناوە؟ نایب زابت، عەریف، پێم وایە ئەمە رێك نیە، دوایی چەند تێكەڵ و پێكەڵ هەیە لێرە، ناوی پێشمەرگە هاتووە، ڤیان خان باسی ئەوەی كرد زێرەڤانی هەیە، پاسەوانانی هەرێم هەیە، من پێشنیار دەكەم تەنها پاسەوانی هەرێم بەكار بێنین، لەبەر ئەوەی لەدستوری هەمیشەیی عێراق لەنوسخە كوردێكەی ئەمە تەنها ناوی پاسەوانانی هەرێم هاتووە، ئێمە زیاتر وەكو دستوری عێراق ئەو ناوە بەكار بێنین، من پێم باشترە، خاڵی دووهەمم، یەعنی ئەم یاسایە یاسایەكی باشە، بەڵام لەرووی قەواعیدی و لوغەوییەوە هەندێك دەبینم زۆر موەفەق نەبووە، بۆ نموونە لەخاڵی یازدە، دەڵێت: المتقاعد و البیشمركة ئەو واوە زیادة، الحقوق التقاعدیة: تلك الحقوق، (تلك) كەیش زیادة، الحقوق و تەواو، ئەوەی تر الخدمة التقاعدیة: عبارة عن خدمة البیشمركة، ئەو (عن) ش زیادە، یەعنی ئەگەر پێیدا بچین زۆر لەوانە زیادە، هو وهی و تلك، هەمووی پێویستی بەوەی ناكا، خاڵی ئەخیرم ئەوەیە هەرچەندە مافی ئەوەم نیە جەوابی ئەندام پەرلەمان بدەمەوە، بەڵام كاك دیلمان باسی ئەوەی كرد كە ئەمە یاسایەكەو لەعێراقیش یاسایەك هاتووەو ئێمە جوزئێكین لە لەشكری عێراق، من پێم وایە ئەو پاسەوانانی هەرێم یان یەكێك لەدەستكەوتەكانی گەلەكەمان لە دستوری هەمیشەیی عێراق ئەوە بووە كەهێزێكی عەسكەریمان هەیە، ئەگەر بێتو ئێمە خۆمان رەبت كەین لە گەڵ وەزارەتی دیفاعی عێراق بەتەواوی، پێم وایە ئەو دەسكەوتە لەدەست دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مولاحەزەكەم لەسەر ئەوەیە كە پێشمەرگە، یەعنی حامل ئەلروتبە، یەعنی روتبەی هەیە، وەكو ئەوەی لەعەسكەری هەیە، لابودە لەجێیەكان لەناو قانونەكەیش زۆر باسی زابیت هاتووە، یەعنی پێشمەرگە یان زابیت، زابیت ئەوەیە كەلەكولییەی عەسكەری دەردەچێ دەبێتە زابیت، لێرە تەعریفی ئەو زابیتە نەهاتووە، دەبوایە لەزمنی ئەو تەعریفانەی تەعریف بكرایە، لەپاشان كە دەڵێت: المتقاعد هو البیشمركة، موتەقاعید پێشمەرگەریە؟ نە، یەعنی بنووسرێت المتقاعد البیشمركة، نەك موتەقاعید پێشمەرگەبێت، یەعنی عیبارەتەكە عیبارەتێكی رێك نابێت، لە زمنی تەسنیفاتەكانیش، یەعنی الراتب الاساسي، راتبی ئەساسی لاخر شهر یتقاضاه، نازانم یەعنی لەراتبی تەقاعودی لەفەقەرەی دوازدە ئەوە ئەو راتبە تەقاعودیە، یەعنی یەك جارە، یەعنی ناوی لێنەنرێ راتبی تەقاعودی باشە، چونكە جارێك كە یصرف عند احالته على التقاعد، لە پاشان ئەو راتیبە ئەساسیەیەكەی، لەپاشان ئەو راتیبە تەقاعودیەی تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر قسەکانی کاك سعدالدین، یەك: کەدەڵێی موتەقاعید، مەعلومە کە موتەقاعیدی عام نیە، موتەقاعیدی پێشمەرگەیە، بەڵام دەڵێت هو البیشمرگە، دەبێت بڵێی، لێرە بەتەنها لەقانونەکەدا بە موتەقاعید هاتووە، مەقسدمان بۆ ئەوەی تێبگەین کە موتەقاعیدی تر نیە، موتەقاعیدی پێشمەرکەیە، دوو: الراتب الذي يتقاضاه، یەعنی یەك موتەقاعید مەعلومە یەك مەعاشی نیە خۆ موکافەئە نیە راتب تەقاعودی، هو الراتب الذي يتقاضاه، یەعنی دائیما بیئستیمرارە، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی ئەگەر بڵێین موتەقاعید لەقانونی ئەسڵی یەعنی، ئەڵێت، المتقاعد هو كل شخص يتناول راتبا تقاعديا عسكريا، یەعنی لەوێ بەدیار دەکەوێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەدی پێشمەرگە لەکوێیە؟ حەرەسی ئەقلیم لەکوێیە؟ ئەگەر بڵێین عەسکەرییەن، تۆ بڵێ عسکەرییەن هەموو عەسکەرێك دەگرێتەوە، بەعەکسەوە لێرە باش هاتووە. سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە یەك شت هەیە روون نیە لەلای من و حەز ئەکەم روونیش ببێتەوە، لەخاڵی شازدەیا ئەڵێت: خزمەتی خانە نیشینی، بریتیە لەخزمەتی پێشمەرگایەتی یان خزمەتێکی دیکە، دەشێت بخرێتە سەری بۆ مەبەستەکانی خانەنیشینکردن، بە مەبەستی بڕیارێکی تایبەتی فەرماندەیی گشتی هیزەکانی پاراستنی هەرێم، ئەگەر خزمەتێکە بۆ ئەوەیە کە پێشمەرگەیە بێی خانە نیشین بکرێت، ئەو وشەیە دەشێت لابدرێت، کە بڵێت؛ بریتیە لە خزمەتی پێشمەرگایەتی، دووهەم: بۆ بەبڕیارێکی تایبەت بێت، یەعنی من ئەوە زۆر مەجالی ئەوەی تێدایە، هەم چەند جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر واستەو واستە کاری وبەزم و رەزم، ئەگەر ئەو کەسە پێشمەرگەیەو لەپێش پێشمەرگایەتێکەی دکتۆر بووەو لەخەستەخانەیەکدا کاری کردووە و بووە بە پێشمەرگە، مەفرووزە ئۆتۆماتیکیەن ئەو خزمەتەی چەندساڵەی ناو حکومەتەکەی بۆ بخرێتە سەر ئەو چەند ساڵەی پێشمەرگایەتێکەی، چونکە لێرەدا جارێکی تر هاتووە ئەڵێت خزمەتی پێشمەرگایەتی ئەو ماوەیەیە کە پێشمەرگە خزمەتی فیعلی تێدا کردووە و خەباتی پێشمەرگایەتی لەریزەکانی شۆڕش و ئەو خزمەتەی لەدوای شۆڕش لەپێش هەموو کاتێك، یەعنی شەرت نیە، لەوانەیە ئێستا لەناو شۆڕش و لەناو ریزەکانی پێشمەرگەدا نەماوە، کارێکی تری هەیە، بەڵام شانازی بەو خزمەتەی خۆیەوە دەکات و پێویستە لەسەری دەست نیشان بکرێت، دووهەم: پاشەنیشین، منیش لە گەڵ ئەوەیدام میراتگربێت، بەڵام لێرەدا خاڵی نۆزدە روون نیە لە لام موستەحەق یاخود شایستە، هەر بەخۆی کەلیمەکە تۆزێ لەکوردیەکەیدا تۆزی وزایح نیە شایستە، لەخاڵی یەکەم دەڵێت: ئەو کەسەی لەنێوان وەچەکانی، ماڤ لەنێوان وەچەکانیا ماڤی وەرگرتنی مووچەی خانەنیشینی دەبێت لەدوای مردنی خانەنیشین کراو، ئێمە ئەزانین ئەوانەیە کەبەپێی یاساکەیە، بەڵام بەراستی پرسیارەکەی من لەوەدایە ئایا ئێمە لەناو پێشمەرگەدا چینێکی زۆر زۆرمان هەیە، راستە لەدوایانەوە کەس نەماوە، بەڵام کێ دەستنیشانی ئەو موستەحەقە

ئەكات كەوەرگرێت؟ ئەگەر خۆی نەماوە، بەڵام ئێستا خەڵك هەیە ئەڵێت من ئەمەوێ ئەو تەقاعودیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنها یەك خاڵ سۆزان خان، ئەوەیش ئەوەیە خیدمەی پێشمەرگە لەگەڵ خیدمەی تەقاعودی فەرقی هەیە، خیدمەی تەقاعودی: خیدمەی پێشمەرگەیە زائیدەن خیدمەی تر كە ئاماژەی پێ كراوە، وازیحە شتەكە، بۆیە ئەوە شتێكە لەوێ دەڵێت دەكرێت ئیزافە بكرێت، یەكێك دە ساڵ خیدمەی پێشمەرگەی هەیە، بەڵام دوو ساڵێش كارمەند بووە، ئەوەیشی بۆ ئیزافە دەكرێت. شمسە خان فەرمووو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمادەی یەكەم، تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی دووهەم كە دەڵێت رئیس الاقلیم: هو القائد العام، بەراستی من ئەلێرەدا بە زیادی ئەزانم، چونكە ئێمە تەعریفی (رئیس الاقلیم)مان لەمادە دوو لەیاسای سەرۆكایەتی هەرێم تەعریف كردووە بۆیە ئەوە بەزیاد دەزانم، خاڵی دووهەم كە دەڵێت: القائد العام لقوات حمایة الاقلیم، براستی ئێمە ئەگەر هاتو  ئەوەمان لابرد، بڕگەی دووهەمان لابرد، برگەی سێهەم مادام دووبارەیە بۆ پێنجەم دیسانەوە، ئێمە تەعریفی القیادة العامة لقوات حمایة الاقلیم مان كردووە، هەربڕگەی پێنجەم بمێنێ وبڕگەی سێهەم نەمێنێ، چۆنكە رەبت دەبێتەوە بەبڕگەی دووهەمەوە، لە خاڵی دەهەم كە تەعریفی پێشمەرگە دەكات، ئێمە پێشتر تەعریفی پێشمەرگەمان لەیاسای رێزلێنانی پێشمەرگە كردووە، كەلەیاساكەیدا باسمان كردووە دەڵێت، ذلك المناضل المسلح الذي اشترك بارادته الحرة في الثورة التحرریة ولایزال یشی تیدایە، یەعنی ئەو كەسەی كە ئیلتیحاقی كردووە بە سەورەی تەحەروریەوە وەلایەزال ئەو لایەزالیشی تێدابێت، ئەنجا دوای ئەو بەرواره پەیوەندی ئەكات، پێم باشە ئێمە وەك یاسای رێزلێنانەكە تەعریفی پێشمەرگە بكەینەوە، لەخاڵی شازدەیشدا باسی خدمەی تەقاعودی كراوە، لەراستیدا منیش تەئییدی قەسەی كاك عبدالرحمن و سۆزان خان دەكەم، ئەو خیدمە مەدەنییەی كەپێشمەرگە هەیەتی كەئیزافە بكرێت بۆ خیدمەی پێشمەرگایەتی، بۆ بەقەرارێكی خاسبێت؟ هەر بابەیاسا ئەو خیدمەیە رێكبخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خیدمەی ئیزافی بۆیە بەقەرای خاسە، چونكە حالآتی خاسن عام نیە تا وەكو بەقانون بێت، بۆیە وا ئیزافە كراوە، چەند كەس باسی ئەوەی كرد، دوایی شەرحی بكەن كاكە. دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێناسەكان یەكجار زۆرن، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەگەر دەستەواژەیەك لێرە هەمان مەعنای هەیە كەلەیاسایەكی تر بەكار هاتووە، لێرە لادرێت باشە، بۆ نموونە برگە چواردە كەمووچەی تەواو، راتبی تەواو لەهەموو یاسایەك مووچەی تەواو دەگرێتەوەو پێویست ناكات لێرە دوو بارە بكرێتەوە وپێناسە بكرێت، لەبڕگە دوازدە پێناسەی مووچەی خانە نشین كراوە، لەناوڕكی یاسایەكە هیچ كێشە نیە، بەڵام لەپێناسەكە كە دەیخوێنینەوە وادەردەكەوێ كە تەنها ئەو حاڵەتە دەگرێتەوە كە خانەنیشینی پێشمەرگە، ئەوپێشمەرگە كە لەژیان مابێ، واتا بەهۆی نەخۆشی بێت یان بەهۆی تەمەن بێت، خانە نشین بەهۆی مردن ناگرێتەوە،

ئەگەر وشەیەك زیاد بكرێت كە مووچەی خانەنشین ئەو مووچەیە كەلەو حاڵەتەی پێشمەرگەیش خانەنشینەكەیش بەهۆی مردن بگرێتەوە، لە بڕگە بیست پێناسەی بێسەرو شوێن كراوە، ئەو پێشمەرگەیە كەبێسەرو شوێن كرایە، یەعنی نابێت بەدەستەواژەیەك بەهەمان وشە، بەهەمان زاراوە پێناسەبكرێت، ئەگەر سیاغەكەی بگۆڕرێت باشترە و ئایا مەفقودیش لێرە پێویستی بەحوكم هەیە؟ هەركەسێك ئەو سیفەتەی تێدابوو كە لەپێناسەكە هاتووە بێسەرو شوین كرایە پێویستی بەبڕیاری مەحكەمە هەیە؟ یان پێویستی بەبڕیاری مەحكەمە نیە؟ كە ئەوە بڕیاربدرێت بێسەرو شوێنە یان نەء؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد فەرموو

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من زۆری كران، بەڵام لەپێناسەكەی هاتووە رئیس الاقلیم: لەبڕگەی دووهەم، مەفروزە بەتەنها رەئیس بێت وتەعریف بكرێت، نەك رەئیسی ئەقلیم، لەبڕگەی حەفت و هەشتیش الوزارة: هو وزارة البیشمركة لاقلیم كوردستان، نایەوێ، لەبەر ئەوەی لەپێناسەكە لەسەرەوە هاتووە الاقلیم: هو اقلیم كوردستان، وەزیریش بەهەمان شێوەدەبوایە وزیر البیشمركة بێت و اقلیم كوردستانی ناوێت، لەبڕگەی حەڤدەش باسی خەدەماتی پێشمەرگە دەكات و دەڵێت، خدمات البیشمركة: هو المدة التي قضاها في الخدمة الفعلیة في النضال في صفوف الثورة، والخدمات التی، (التی) یەك ئیزافە بكرێت نوقسانە لێرە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من چەند خاڵێكم هەبوو یەكەم: لەگەڵ ئەو رەئیەی دكتۆرە رۆژانام كەتەعریفاتێكی زۆرە، فیعلەن هەندێك زیادەی تێدایە، ئەگەر دەكرێت لابدرێت، من پێم وایە وشەی پاراستن، حیمایە لێرانەیا ئەگەر لەكوردیەكە تەرجومەی كەین بەراستی وا نایەتەوە، یەعنی حیمایە بۆ پاسەوانی دێت نەك پاراستن یان بەرگری رەنگە باشتر بێت لەوە، چونكە لێرە هاتووە پاراستنی هەرێم/ من پێم وایە هەر حیمایەی ئیقلیم ناوی بە پاسەوانی هەرێم هاتووە لەبەر ئەوەی لەوێش هەر بوەتە پاسەوانی، ئەبێ تەوحیدی كەلیمەكە بێت باشترە، سێهەم شت، زەرورەت وایە ئێمە هەڵگیرساندنی شۆڕش بەكار بهێنین، اندلاع الثورة، نەك دەسپێكردن، ئەوە باشترە، پاشان ئەبێ كۆتایی هەبێ، لەگەڵ ئەو رەئیەی كاك عادل م چونكە لێرە مەقسەد لەكۆتایی شۆڕش نیە، لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی، قەسد لەكۆمەڵێ حقوقە لەم یاسایە بۆ كۆمەڵەێ خەڵك دیاری دەكرێت بەپێی ئەو ماوە دیاری كراوە، یەعنی خەڵكێك هەیە لەپێشی راپەڕین پێشمەرگە بووە، ئیعتیبار دەكرێت بەخیدمەی تەقاعودی یان بە خیدمەی هەر شتێكی تر وە لەهەندێ شوێن لەیاساكە هاتووە ئیزافە ئەكرێت، ساڵێك بە دوو ساڵ، چونكە ئەبێت تەحدید بكرێت ساڵەكەی لێرانەندا، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو كەسە مافەكەی تاكو كوێیەو ئەو مافە لەكوێ كۆتایی دێت، كەلیمەی یجوز بەراستی گونجاو نیە، منیش بەقەناعەتم هەر دەبێ بكرێتە یضاف كە لەمادەی شازدە هاتووە، دەشكرێت لە كوردیەكەیش یان لە

عەرەبێکەی یجوز پێم وایە ئەمە ئەبێت سیغەکە بگۆڕێت، چونکە ئەمە حاڵەتی ئیحتیمالی تێ ئەکەوێت، ئیحتیماله قەبۆڵ بکرێت یان قەبوڵ نەکرێت، لەبەر ئەوە ئەبێت یضاف دابنرێت باشترە نەك ئاوها، پاشان من پێم وایە لەدوو، سێ شوێنی ترا دێت خیزمەتی فیعلی یەعنی خیزمەت فیعلی، ئێمە فیعلەن تەعریفمان نە کردووە، زەرورەت وایە تەحدید بکرێت، خیزمەتی فیعلی بەچی مەعنایەك دێت لێرانە، چونکە تۆ کاتێك کە باسی خزمەتی فیعلی دەکەێت بۆ پێشمەرگەیەك بەر لە راپەڕین چۆنی ناو بنەیین؟ کێ ئەگرێتەوە؟ چەند پرسیارێك کرا فیعلەن ئیحتیماله رۆژێك لەرۆژان ئیشکالێکی قانونی دروست کاتکەسانێك هەبێ لەناو شۆڕشدا سەر بە شۆڕشە یان بە شێوەیەکی جیاجیا، یان لەمەجالێکی جیای شۆڕش ئیشی کردووە، بەڵام پێشمەرگەیەکی چەکداری حەقیقی نەبووە، لەبەر ئەوەی پێشمەرگایەتی ئەبێ بچێتە سەر رەبێ ولەمەجالی سەربازی ناو کاری پێشمەرگایەتیا، لەبەر ئەوەی خیزمەتی فیعلی بەقەناعەتم زەرور وایە تەحدیدی بکەین و پێناسەی بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی زۆربەی زۆری تێبینیەکانم وتران، بەڵام پێم چاکە لەخاڵی نۆهەما ئیشارەت بەوە بدەم نووسراوە، شۆڕش بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیە کە لە 11 ئەیلولی 1961 وە دەست پێ دەکات، راستە شۆڕشی ئەیلول حەلەقەیەکی گرنگە لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی لە سەدەی نۆزدەوە دەست پێ ئەکات نەك لە 11 ئەیلولەوە، لێرە بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە مێژوویە نەمێنێت، پێم وایە بەکوردی ببێتە هەڵگیرسا و بەعەرەبێکەیش ببێتە اندلعت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە دووبارە بوەتەوە، کاك زەعیم و کاك شێردڵ لەسەر نۆهەم، الحركة التحررية الكوردستانية، فعلەن وایشە، من تاريخ اندلاعها في 11 ايلول عام 1961، چونکە حەرەکەی تەحەروری کوردستانی زۆر قەدیم تریشە و کۆنترە، یەعنی بۆ ئەوەی بەو شکڵە بگەڕێتەوە. کاك ملا انور فەرموو

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە هەیە، بەنیسبەت بیدایەتی خاڵی نۆهەم، بیدایەتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کورد لە 11 ئەیلولی 1961، ئەوە بیدایەتی کە دەست پێ دەکات لەگەڵ خاڵی دووازدە کە باس لە راتب دەکات، تەبیعی لەو زەمانەدا راتب شتێك نەبووە، کەسێك هەبووە ساڵێك، دوو ساڵ پێشمەرگە بووەو شەهید بووە، یان کەسانێکی تر هەبوونە ئێستا دانیشتوون لەو شۆڕشەی ئەیلولا بەشدار بووە، لەخاڵی دووازدە باس دەکات دەڵێت، مبلغ من النقود الذي يصرف للبيشمركة في وقت احالته على التقاعد، ئەوانە چۆن؟ یەعنی نازانم چۆن تەرتیب دەکرێت لە گەڵ ئەو کەسانەی کە راتبیان وەکو پێشمەرگە نەبووە یان راتبەکەی کەم بووە؟ خاڵی حەڤدەیش هەر پرسیارە حەزئەکەم باسی بکەم، باسی

خەدەماتی پێشمەرگە ئەکات، هەمووومان دەزانین حەرکەی تەحەروری کوردی خەڵکێك هەبووە پێشمەرگە بووە لەزەمانێك و دوایی بۆتە دژی پێشمەرگە، یەعنی هەڵگڕایەتەوە، مەسەلەن ساڵێك پێشمەرگە بووە و دەساڵان دژی پێشمەرگە بووە، ئایە ئەوانە چۆن تەرتیب دەکرێت، هەر بەیەك حیساب دەبن؟ چونکە باس باسی خیدمەی فیعلی ئەکات، باسی النضال في صفوف الثورة، یەعنی خیدمەیەکی فیعلی هەبووە، بەلام شتی تریشی هەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر فەرمووو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ تێبینیم هەیە، یەکەم: مادەی یەك بڕگەی شازدە ئەگەر ئەوە چاك بکرێت، ئەڵێت بریتیە لە پێشمەرگایەتی یان هەر خزمەتێکی تری نیشتمانی، چونکە ئەگەر نیشتمانێکەی لەگەل زیاد نەکەی جەیشی شەعبی دەگرێتەوە، ئەمن دەگرێتەوە، ئیستیخبارات دەگرێتەوە، چونکە ئێستا لە عێراقدا خەریکن لە باتی ریشە هەڵکیشی بەعس ئەیهێننەوە سەر کار، بەنیسبەت بڕگەی حەڤدە، ئەڵێت ئەو ماوەیە کە پێشمەرکە خزمەتی تێداکردووە لەماوەیەکی دیارێکراودا، چونکە راست دەکات کاك ملا انور دوو ساڵ پێشمەرگە بووە، دەساڵان بۆی حیساب کردووە، ئەگەر ئەو ماوە دیاری کراوە ئیزافە نەکرێت لێرە، ئەو کاتە دوو ساڵەکە دەبێت دەساڵی بۆ حیساب کەیت، بەلام ماوەی دیاری کراو ساڵێك پێشمەرگە بووە یان دوو ساڵ پێشمەرگە بووە، بڕگەی شازدە دەبێت ئەو پێشمەرگەیەی دەست بەسەر دەبێت لە لایەنێکی دەرەکی یان ناوخۆیی، چونکە بەداخەوە ئێمە شەڕی ناوخۆیشمان هەبوو، تائێستایش پێشمەرگە هەیە بەهۆی شەڕی ناوخۆیەوە تائێستا لەسجندایە، پێشنیارێکی ترم هەیە ئێمە لەم یاسایە ئەسەرێکی رەجعی نەبێت، ئێمە کە واتا وەکو کاك عادل وتی ئەوانەی پێشوو پلەی چاکمان پێیان داو تەقاعودیشمان کردن، ئەگەر هەیەتی ئەبێت خاڵێك زیاد کەین بۆ ئەوانەی کەپێشتر تەقاعود کراون جارێکی تر بەسەریان بچێتەوە بۆ ئەوەی زیادی پێ دراوە لێی کەم بکریتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موداخەلەتەکان کۆتایی هات، پێش ئەوەی مەجالی قسەکردن بدەم بە لیژنەی قانونی یان جەنابی وەزیر، کاك فرست هەندێك مولاحەزەی قانونی هەیە، فەرمووو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك روونکردنەوەو وهەندێك رەئیشم هەیە لەسەر بڕگەی حەڤدە، بەنیسبەتی موستەڵەحات، ئەوە تەعریفە بۆ ئەو وشانە، ئەو کەلیماتانە ئەوەی لەناو سوڵبی قانونەکە هاتووە، یەعنی مەسەلەن هەر کەلیمەیەك لەناو قانونەکە نەهاتووبێت نابێت ئێمە لێرە تەعریفی بکەین، برادەران و کاك غفور باسی رێکخستنی نهێنی، ئەگەر موستەڵەحی رێکخستنی نهێنی لەناو سوڵبی قانونەکە نەهاتبێت نابێت ئێمە تەعریفی بکەین، چونکە موحتاجیمان پێی نیە، بەنیسبەت قەراری تایبەتی خوشکە سۆزان دەربارەی فەقەرە شازدە بڕیاری تایبەت مەعنای ئەوە ناگەیەنێت، بڕیارێکی ئیستسنائی بۆ یەکێك بدرێت، مەعنای ئەوە دەگەیەنێت موعامەلەیەك بە تەنها هین شەخسێکی موعەیەنە، موعامەلەیەکی عام نیە شمولی

مەجموعەیەکی خەڵکی زۆر بکات، لەبەر ئەوە مەفروزە بڕیارەکە تایبەت بێت و بەشکڵێکی وایشبێت و قانون ئیجازەی بدات، ئەگەر قانون ئیجازەی نەدات نابێت ئەو بڕیارە دەربچێت، بەنیسبەت فەقەرەی (أ) و (ب) لە بڕگەی حەڤدە بەرەئیی من فەقەرە (ب) زیادە، چونکە عیلاقەتی لەگەڵ تەعریفەکە نیە، فەقەرە (أ) یش بۆشێوەیەکی راست و دروست نەهاتووە ئەڵێت، الموستحق: هو الشخص الذي له حقوق استلام الراتب، دەربارەی ئەم فەقەرە وەکیلیش حەقی ئیستیلامی راتبی هەیە، بەڵام بە موستەحەق دانانرێت، مەفروزە بەرەئیی من بەو شکڵە بێت و تەعریف بکرێت: المستحق هو الشخص الذي يستحق الراتب التقاعدي بعد وفاة البيشمركة المتقاعد، ئەوەی ئیستیحقاقی راتبی تەقاعودی هەبێت نە موستەحەق بێت راتبەکە وەربگرێت، چونکە وەرگرتن وەکیلیش دەتوانێت راتب وەربگرێت، بەڵام بەخۆی دوور نیە حەقێکی نەبێت لە ناو ئەو تەقاعودیە کە وەری ئەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە کاك شێردڵ دەکەم روون کردنەوەیەك بدات لەسەر ئەو مولاحەزاتانە و بەهەند وەریبگرێت، ئەوانەی کە ئاماژەمان پێ کرد و خۆشیان موافەقەتیان کرد، من بەحەقیقەت پێش ئەوەی قسە بکەن ئەو موستەلەحەی کە باسمان کرد لەسەر شۆڕش ئەوەی نۆهەم الثورة، الحركة التحررية الكوردستانية، دوایی شتێکمان کرد و بەحەقیقەت ئەگەر دیقەت تر بڵێین، دەبێ بڵێین: هي مرحلة من الحركة التحررية الكوردية الكوردستانية التي تبدأ في 11 ايلول 1961، چونکە ئەو مەرحەلەیە لە حەرەکەی تەحروری کوردستانی لە 11ی ئەیلولەوە دەست پێ کردنی شۆڕشی پێی دەوترێت، بۆ ئەوەی حەرەکە تەحرورێکە شامل ترو فراوانتربێ، هي مرحلة من الحركة التحررية الكوردستانية التي تبدا من 11 ايلول، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەلیژنەی یاسایی و لە گەڵ لیژنەی پێشمەرگە زۆر دیراسەتی ئەو خاڵەمان کرد، وامان کرد ئەو فەقەرەیە بەو شێوەیەی دابڕێژرێ، بۆ ئەوەی تەنسیقیکی هەبێ لە گەڵ قانونەکانی کۆن کە دەرمان کردووە، بەتایبەتی قانونی تەکریمی پێشمەرگە لەوێیش تەعریفی هەیە، جگە لەوش قەراراتی پەرلەمانی کۆن بەو شێوە تەعریفی کردووە، ئێمە ویستمان لەوە فەقەرەیە دیقەت زۆر بێت و نەسقێکی هەبێت لە گەڵ قانونەکانی پێشوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی ئەگەر قانونەکانی پێشوو هەڵەیەکی تێدا ببینین لەقانونی ترا نابێت ئەو غەڵەتە تکرار بکەینەوە، ئەگەر پێمان باشتر بێت ئەوە لەناحییەی لوغەوی و ناحییەی سیاغەتیش هیچ فەرقێکی وا ناکات، چونکە کەلیمەیەکە ئیزافەی دەکەی، هی مرحلة من الحركة التحررية، لەبەر ئەوەی لەپێشیش سەورەکانی بارزانیش هەبوونە، حیزبی هیوا دروست بوو وحەرکەی پارتی لە ساڵی 1946 دروست بووە، حیزبی شۆڕش هەبووە، ئەوانە بەشێکین لە حەرەکەی تەحروری کوردستانی ماناکەی تەواوە, فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونەکەمان کە دەرهێناوە ماوەیەکی زۆری بەسەر تێ نەپەڕیوە, هەر هەفتەیەکە, یانی ئێستا چۆن دەبێت هەر نەفسی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر مولاحەزاتیان هەبێت رەئیان بگۆڕن لە ماوەیەکی کورت, یانی هیچ قاعیدەیەکی قانونی وانییە لە هیچ پەرلەماناتی عالەم کە لەماوەیەکی کورت ئەندامان رەئیان بگۆڕێ لەسەر شتێك, بەتایبەتی بابەتەکە بابەتێکی مەوزوعی نییە کە موئەسر بێت, تەعریفێکە, تەعریفەکەش لەناو قانونەکە هاتووە, ئەگەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە بەرەئیی من خراپ نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن تەناقوض نییە کاك عونی, و هەمان ماناش دەگرێتەوە, لێرەدا زۆر بەزەقی هاتووە, سەورە نوقتەت نووسیوە, الحرکە الکوردستانیە, تەعریفی سەورەکە دەکەی بە حەرەکەی تەحەروری کوردستانی ئیبتیدائەن لە 11 ئەیلول, کە پێشتر هیچ نەبووە , حەرەکەی تەحرر لەگەڵ شۆڕش دەستی پێکردووە, بۆیە لێرە ئینتباهمان کردووە زیاتر, چونکە زۆر بەروونی وبەزەقی وەکو عینوانێك هاتووە, من ئینتیباهم نەکردووە زۆر بەزەقی هاتبێت, من پێم وانییە تەئسیرێکی هەبێت, ئەندامانی پەرلەمانیش و چەند ئەندامێك ئیشارەتیان بەوەدا, هەر خۆشم قەناعەتم وایە, فەرموو کاك شێردل.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتاوە کەباسی یاسایەکەم کرد, شەرحەکەم لەوەدایە کە ئەو یاسایە واتێدەگەن هەر هی خانەنشینە, ئەو یاسای خانەنشین نییە, وتم بەشی یەکەمی موستەلاحاتە, بەشی دووەمی خزمەتە, بەشی سێیەمی خانەنشینییە, ئەو موستەلەحاتانە وەکو کاك فرسەتیش باسی کرد, ئەوە دەرگایەکە بۆ چوونە ژوورەوەی ناو قانون, مەسەلەن یەکێك کتابێك دەنووسی دوایی فەرهەنگۆکەیەك دەنووسی, دوایی هەندێك وشە بەکاربێنێ مانای لێك دەداتەوە کە رەنگ بێت خوێنەرەکە نەیزانیبێت, ئێمەش ئەوەمان کردووە, ئێستا کە دێینە ناو قانونەکە لە ناو قانونەکە هەموو شتەکان دەبینین, کە هەر شتە لە کوێ هاتووە, بۆ مەسەلەی جارێکی تر جەوابی کاك دیلیمان بدەینەوە, هەردوو بەڕێزان, هەردوو وەزیر پێش جەلسەکانی تر کە باسیان کرد کە چەند خۆیان و سەرۆکی هەرێم و جەنابی سەرۆك وەزیران و ئەوانە هەموویان چوونە بەغدا, چەند جار کۆبوونەوەیان کردووە لەبۆ ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە تابعی وەزارەتی دفاع بێت, کە تابعی وەزارەتی دفاع بێت هەمان قانونی وەزارەتی دفاع بەسەر عەسکەری عێراق و بەسەر پێشمەرگەی ئێمەش جێبەجێ دەکرێت, لەبەر ئەوە ئەوە قانونەکەی وەزارەتی دفاعی عێراقە, ئەوەی لای منە, ئێمە ویستوومانە ئەو قانونە لەگەڵ ئەوە بگونجێ, ماددەیەکیشمان لەناو هێناوە کە پێشمەرگە ئیستیفادە لە قانونەکانی بەغداش بکەن, ئەوە یەك, بەنیسبەتی زۆربەیان باسی ئەوە دەکەن سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی زێرەڤانی یان فەرماندەی هێزەکانی پاراستن, ئەوانە فەرقیان هەیە, خۆی سەرۆکی هەرێم ئەوەکەی خۆیەتی کەسەرۆکی جیهاتی مەدەنیشە هەمووی, سەرۆکی هەموو کوردستانە, قائیدی حەرەسی ئیقلیم, یانی قائیدی پێشمەرگە, یانی هەر شتێك عاید بە پێشمەرگە بێت, ئەوە بە سیفەتی خۆی کە خۆی قائیدی حەرەسە و جێبەجێی دەکات, شتێکی دیکەیە کە قائیدی حیمایەی

ئیقلیمە, حیمایەی ئیقلیم یانی پێشمەرگە , یانی پۆلیس, یانی ئاسایش, ئەوە شتێکی زۆر فراوان دەگرێتەوە, ئەوە حیمایەکەیە, یانی ئەوان خۆیان زۆریان موناقەشە کردووە لەگەڵ بەغدا, حیمایە و حەرەسیان لێك جودا کردۆتەوە, ئەوجا  کە بێینە ناو قانونەکە دەبینین لە بەعزێ شوێن حیمایەمان بەکارهێناوە, لەهەندێ شوێن قائیدی حەرەسمان بەکارهێناوە, لە هەندێ شوێن سەرۆك, چونکە ئەوە دەسەڵاتن, هەموو ئەوە دەسەڵاتی خۆی هەبوو بەکاری دێنێ, ئی شۆرش ئەوە باسمان کرد, چۆن باس دەکرێت, هاتنە سەر  خزمەت, ئێمە کە باسی خزمەت دەکەین, لە پێشەوە پێتان دەڵێین ئەوە مەسەلەی عەسکەریە, لەناو عەسکەری هەندێ شت هەیە بە موستەلاحاتیشەوە فەرقی زۆرە لەگەڵ مەدەنی, مەسەلەن خزمەتی فعلی چییە؟ خزمەتی فعلی ئەوەیە ئەو رۆژەی دەبێتە پێشمەرگە, ئەو رۆژەی واز دێنێ, خزمەتێکی تر هەیە پێی دەڵێن خزمەت کە داخلی شەڕ دەبێ, یاخود کە پێشتر کە پێشمەرگە بوو بە موزاعفمان حساب کردووە, ئەوە خزمەتێکە ئەوەی پێشوو ئەوەی کە خدمەی فعلیە لەبۆ مووچە, لەبۆ تەرقیە, لەبۆ عەلاوە, لەبۆ ئەو شتانە هەمووی بەکاردێت, یەعنی مەعاشی پێ زیاد دەکرێت, ئەوە خدمەی فعلیە, خدمەیەکی ترە کە شەڕو شتی وا دەگرێتەوە, ئەوە لە بۆ خدمەی تەقاعدی, بەس لەبۆ خدمەی تەقاعودی بەکاردێت, خدمەیەکی تر هەیە لەناو ئەو قانونەی ئێمە ئێستا دوایی دێینە سەری ئەو خدمە چۆنە؟ دوو شتە یەکیان لە صەلاحیەتی وەزیرە, یەکیان لە صەلاحیەتی قائیدی عامە , ئەویش ئەوەیە مەسەلەن یەکێك حەقی ئەوەی هەیە ئەگەر بێنە ناو خزمەتەکە, تەماشای دەکەن لەکاتی تەقاعودی, نەك لەکاتی خزمەت, ئەگەر پازدە ساڵی هەبوو ئەوجا تەقاعود دەکرێت, بەڵام ئەگەر چواردە ساڵ و شەش مانگی هەبوو, قائیدی عام دەتوانێت شەش مانگی بداتێ, ئەوە خدمەی ئوخرایە, کە دەڵێین خدمەی ئوخرا ئەوانە دەگرێتەوە, یانی چەندین خدمە هەیە کە هاتینە ناو قانونەکە, لەبەر ئەوەی ئەو شتانە لەناو قانونەکە هاتووە لەگەڵ موستەلەحاتەکانمان داناوە, بەنیسبەتی ئەسیر وموحتەجیز و مەفقود, فەرقیان زۆرە, چونکە ئەسیر ئەوە دیارە بەدیل دەگیرێ, موحتەجیز ئەوەیە کە یەکێك لە ئیجازە دێتەوە لە ڕێی بەغدا دەیگرن, لەوانەیە نەزانن ئەوە پێشمەرگەیە حجزی دەکەن و موقابیلی شتێك بەری دەدەن, رەهینە و موحتەجەزیش هەمان تەعریفیان هەیە, ئێمە نەمانویستووە شتێکی تر بکەین, ئێمە نووسیتمان یان لەلای دوژمن یان لەلایەکی دەرەکی, چونکە ئێمە ئەوانە لای ئێمە حەرەسی ئیقلیمن, حەرەسی ئیقلیم یانی دفاع لە هەموو سنووری هەرێم دەکات, کەواتە جاری وا هەیە شەڕیشمان نییە لەگەڵ جیرانەکانمان, دەبینین یەکێکی تر رێی لێ غەڵەت دەبێت و دەچێتە شوێنێك, ئەوان بەشتێکی وای دادەنێن وەك ئەسیرێك حسابی دەکەن یان بە موحتەجەزی حیساب دەکەن, لەبەر ئەوە نووسیتمان یانی شەرت نییە (من قبل العدو) بێت, لەوانەیە (بدل صدیق)یش بێت, چونکە (صدیق)ەکە وا تێدەگات, یەکێك هاتۆتە ناو حدودەکەم و حدودی بەزاندووە و دەیگرین, ئەوەی سەرۆکی هەرێمیشمان باس کرد, هی نهێنی, بەڕاستی ئەگەر بێینە ناو خزمەتەکەت دەنا نهێنی ناتوانین لە هیچ جەیشێك شتی نهێنی باس ناکات, مەسەلەن باس لە ئیخبارات دەکات کە خزمەتی ئیستخباراتی هەبێت, بەڵام ناڵێت خزمەتی نهێنی, بەنیسبەتی زێڕەڤان و ئەوانە و بڵێین پاسەوان, من بە رەئیی خۆم زێرەڤانیەکە باشترە, چونکە پاسەوان یانی پاسەبانە, پاسەبانیش فارسییە, بەنیسبەت کاك رومیو وتی (یلتحق), ئێمە (یلتحق) یانی وتمان ئەو کەسانە کە دێنە ریزی پێشمەرگە, چونکە ئەوانەی پێش ئەوی راپەرین و ئەوەی دوای راپەڕین لێرە کە دێنە ناوی, لێرە بەندێکمان هەیە کە دەڵێت ئەوانە دەگرێتەوە پێشی ئەو یاسایە دەرچێت, بەڵام ئێمە ئیشمان بەو یاسایە لە بۆ دوای ئێستاش هەیە, لەبۆ دوای ئێستا خەڵك دێت ئیلتیحاق دەکات, ئەوە دەبێت بەسەر ویش تەتبیق بکرێت, بەنیسبەت روتبەی عەسکەری و ئەوانە لە هەموو دونیا, مەسەلەن دەڵێن لە هەموو دونیا روتبەی

عەسكەری هەیە, بەڵام دەڵێن عەسكەری, یان دەڵێن خدمەی عەسكەری, ناڵێن خدمەی زابت و یانیش خدمەی رەئیس عورەفاو شتی وا, لەبەر ئەوە ئێمە كە دەڵێین پێشمەرگە, لەجیاتی بڵێین سەرباز دەڵێین پێشمەرگە, ئێمە هەمووومان فەخر بە پێشمەرگە دەكەین, لەبەر ئەوە دەمانەوێ ئەوە هەر بمێنێ, لەبەر ئەوە لێرە لەهەموو شوێنەكان هێناومانە ناتوانین ئەوە بگۆڕین, بڕیاری تایبەتیش لەبۆ سۆزان خانیش ئەوە باسمان كرد, قائیدی عاممان باس كرد, مووچەش, كە دەڵێین مووچەی بنەڕەتی و مووچەو عەلاوە ئەوانە تێیدا هەیە, كە دێینە ناو قانونەكە ئێمە مووچەمان هەیە, بەڵام كە تەقاعودی دەكەین جگە لە مووچەكە هەندێ موخەسەساتی تایبەتیشی دەدەینێ, دوایی هەندێ موخەصەصاتی عائیلی دەدەینێ, هی خێزانی دەدەینێ, ئەوە كە هاتینە ناو قانونی تەقاعودیەوە ئەوانە بەدیار دەكەوێت, ئیدی پرسیارەكانیان وابزانم هەر ئەوەندە بوو, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە كاك انور كە دەڵێت, عەجەب ئەو قانونە شمولی ئەو كەسانە دەكات كە ئیلتیحاقیان كردووەو خیانەتیان كردووە لەگەڵ حەرەكەی تەحەروری كوردستانی, ئێمە دەڵێین نەخێر شمولی ئەوانە ناكات, لەبەر ئەوەی مادەیەكمان داناوە, ماددەی 46 دەڵێت (لایشمل هذا القانون اي شخص ثبت بصورة قانونیة من كان له ظلع مع المؤسسات القمعیة للنظام المنحل واشترك في جرائم القتل .......الخ) كاك شێخ جعفر ئیشارەتی بەوەدا عەجەبەن ئەو قانونە ئەسەر رەجعیە شمولی ئەو كەسانە دەكات, بەتەئكید وایە ماددەكانی قانون هەموو ئەسەری رەجعی هەیە, شمولی پێشمەرگە كەونەكانیش دەكات, قانونێكی نوێشە بۆ داهاتووی كوردستان سەبارەت بە پێشمەرگە لەبۆ خدمەی تەقاعودیان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت بێجگە لەروونكردنەوەكان, هەندێ مولاحەزات بەجێهێڵدرا و هەندێكیشی وەڵام درایەوە, بەڵام هەندێكی دەبێت بیڵێین, دووەم و سێیەم (رئیس الاقلیم و القائد العام), ئەمن تەماشای ناوەڕۆكەكەیم كردووە, باشتر وایە ئەو دوو موستەڵەحە تەوحید بكرێت وەكو شێوەی خوارەوە بنووسرێ بە عەرەبیەكەی (القائد العام وصفی قائیدی عام: هو قائد العام لقوات لحرس الاقلیم (رئیس الاقلیم), ئەوها راستترە, چونكە رئیس اقلیم لێرە نەهاتووە, ئیشی قائیدی عام هاتووە, وەصفی قائیدی عام هاتووە, كەدەڵێی قائیدی عام لقواتی پێشمەرگە و حەرەسی ئیقلیم قەوسێك بكەوە (رئیس الاقلیم), ئەوە راستترە,چونكە ئەوەی لە قانون هاتووە باسی دەسەڵاتی قائیدی عام دەكات, بۆیە لە وەصفەكە دەبی بڵێی قائیدی عام كێیە, قائیدی عام لیقواتی پێشمەرگە, لەهەمان كاتدا قەوسێك دەكەیەوە (رئیس الاقلیم) یانی رەئیسی ئیقلیم بەو ئیشە هەڵدەستێت, ئەگەر پێتان باش بێت پێم وایە ئەو دوو ماددەیە رێك بخرێت, برادەران ئەندامانی پەرلەمانیش كە ئاماژەیان پێكرد, فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جارێ لە بەینی حەرەس و حیمایە فەرقی هەیە, حەرەسەكە وتمان ئەوە پێشمەرگەیە, حیمایەش وتمان هەموو هێزە چەكدارەكان, نووسیتیشمان هێزەكانی موسەلەحە, هەموو چەكدارەكانی ناو هەرێم, بەڵام

سەرۆکی ئیقلیم یانی ئێستا ئێمە کە سەرۆکی ئیقلیم کە قائیدی عامە مومکینە بەعزێ جاران سەرۆکی ئیقلیم ئیحتیمالە رۆژێك بێت قائیدی عام نەبێت کە سەرۆکی هەرێمە ئەویش هەر صەلاحیەتی تایبەتی هەیە, ئێستا مەسەلەن رەئیسی جمهوری لە عێراق قائیدی عام نییە, بەڵام صەلاحیاتی هەیە, بۆ نموونە صەلاحیاتی بەعزێ مەراسیمی هەیە, ویسام دەدات, تەشریفاتی هەیەو شتی وا, لەبەر ئەوە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ قائیدی عامی حەرەس لەگەڵ قائیدی عامی حیمایە صەلاحیەتەکان فەرقیان دەبێت, ئێمەش لەبەر هەندێ دەمانەوێ سەرۆکی هەرێم بمێنێتەوە وقائیدی حەرەسیش بمێنێتەوە و قائیدی عامی حیمایەش بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لە قانونەکەدا لە کێندەر ناوی سەرۆکی هەرێم هاتووە, جێگایەکم پێ بڵێن توخوا, کە نەهاتووە نابێت لە تەعریف هەبێت, ئەگەر هاتووە پێم بڵێن من تەماشام کرد نەمدیت, کە نەهاتووە نابێت تەعریفی هەبێت, بۆیە دەبێت بڵێت قائیدی عامی پێشمەرگە و حەرەس ئیقلیم, بۆ ئەوەی بزاندرێت قەوسێك دەکرێتەوە دەنووسرێت رئیس ئیقلیم, ئەگەر لە قانونەکە ناوی رەئیسی ئیقلیم هاتبێت, لەتەعریف دەبێت, ئەگەر نەهاتبێت نابێت لە تەعریف هەبێت, ئێستا دووەم و سێیەم بەوشێوەی لێ دێت کە عەرزم کردن , قائیدی عام دەبێتە (القائد العام لقوات الپیشمەرگە وحرس الاقلیم) وقەوسێك دەکەینەوە (رئیس الاقلیم), کاك غەفور تۆ خۆت ئیقتراحت کردووە, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فعلەن من لەگەڵ رەئیی جەنابت دامە, من بۆیە پێشنیاری ئەوەشم کرد, چونکە یاساکەم تەماشا کرد رەئیسی تێدا نییە, ئەوە یەك, دووش ئەو بەینە قەوسەی ناوێت بەرەئیی من, پێشنیارەکەی من وابوو کە بنووسرێت (القائد العام لقوات حمایە اقلیم کوردستان و هو رئیس اقلیم کوردستان) یانی بێ قەوس, پێشنیارەکەی من بەو شێوەیە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێویست ناکات, لێرە کەئینەهو قائیدی عامە, رەئیسی ئیقلیمە, قەوسەکەی بکەیەوە ئەوە قانونیەن من پرسم بە کاك فرسەت کرد, بۆیە ئەو صیاغەم دا, بەنیسبەت نۆیەم کە دەڵێ شۆڕش بە عەرەبیەکەی دەڵێ ( من الحرکە التحرریە الکوردستانیە التی تبدأ من 11 ایلول 1961, یەکێك پرسی کەی تەواو دەبێت, تەواو بوونەکەی نییە تا ئێستا بەردەوامە, ئەو مەرحەلەیە لە شۆڕشدا بەردەوامە, فەرموو .

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده بیست و حەوت رەئیس ئیقلیم هاتووە, لەوێدا زیکر کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە غەڵەت هاتووە, دەڵی قائیدی عام نەك رەئیس ئیقلیم, ئەوە ئەصلی قانونەکە غەڵەتە, لێرە مادده بیست و حەوتەکە کە هاتووە بە صیفەتی قائیدی عام دەبێت ئەوە چاك بکرێت, ئەغلاتی قەواعیدی هەیە

ئەوە دوایی چاك دەكرێتەوە, دەچینە سەر ماددەی نۆزدە,  (ب) لەسەر ئیقتراحی كاك فرست فەقەرەی نۆزدە لە مادده یەك, كاك فرست ئیقتراح دەكات فەقەرەی (ب) زیادە, دەیخەمە دەنگەوە بۆ شەتب كردنی, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە شەتب بكرێت دەستی بڵند بكات تكایە؟ با بیخوێنمەوە بۆتان دەڵێ كە ئەلف و بایە, ئەلیفەكە كاك فرسەت ئەویشی چاك كردۆتەوە كە دەڵێ (الشخص الذي يستحق الراتب التقاعدي بعد وفاة البيشمەرگە المتقاعد) ب- دەڵێ (اذا لم يكن له خلف يعطى راتبه لمن يؤله المتقاعد قبل وفاته من اولئك لهم مسؤلية اعالة بموجب قرار قضائي) ئەوە وەكو كاك فرست باسی كرد خاریجی تەعریفیشە, بۆیە زیادە لێرە, فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە دوو بابەتی جیاوازە, واریس ئەوە استحقاقی حقوقی تەقاعودی دەكات, بەڵام هەندێ جار هەیە پێشمەرگەیەك مەسئولە لە ئیعالەی شەخصێك, ئەوە وارسی نییە, ئەگەر مرد پێشمەرگەكە ئەوە هیچی پێ ناكەوێت, بەڵام دەبێت بە قەرارێكی قەزائی حجەی ئیعالەی بۆ دەربچێت لە مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی هەتا بڵێن ئەوە مەسئولە لە ئیعالەی ئەو شەخصە, ئەو وەختی ئەو حەقەی وەردەگیرێتەوە, مەبەستی مەشروعەكە كە لەحكومەت هاتووە ئەو شێوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت جارێكی تر روونی دەكاتەوە, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ناڵێم فەقەرە (ب) موهیم نییە, بەڵام ئەگەر موهیم بێت جێگاكەی ئێرە نییە, ئەوە لە ماددەی تەعاریفی موستەلەحاتە, ئەوە باسی حوكمێك دەكات كە فلان كەس مرد, فلان كەس موستەحەقە, خاریجی موقتەزەیاتی ئەو ماددەیە, مەفروزە بچێتە جێگایەكی تر, ئەو ماددەیە ماددەی تەعاریفە, تەعریفی موستەلەحات دەكەین, لێرە تۆ باسی حالەتێك دەكەی, كە یەكێك مرد كێ موستەحەقە, ئەوە مەفروزە بچێتە جێگایەكی تر لەگەڵ زەروورەتی خۆی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی شەرحت كرد, ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە, هەردوو موقتەرەح, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەزمونی قانونەكە لە ماددەكانی قانونەكە بەحسی موستەحەق كراوە, واتە دەبێت تەعریفەكە هەر هەبێت, ئەگەر لایبدەین مانای وایە نازانین موستەحەق كێیە, لێرە تەعریفێكی روون و ئاشكرا كراوە, من هو المستحق, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت موقتەرەحەكەی ئەوەیە ببێتە یەك فەقەرە, ئەلف و با نەمێنێت, بوترێت (الشخص الذي يستحق راتبه التقاعدي بعد وفاة البيشمركة المتقاعد) یانی ئێستا دەبێتە یەك فەقەرە پێكەوە دەیخەمە

دەنگدان, فەقەرە (ب) شەتب دەكرێت, دەبێتە (المستحق الشخص الذي يستحق راتبه التقاعدي بعد وفاة البيشمركة المتقاعد) كاك زعيم هیچ ئیعتیرازێكتان هەیە لەسەر ئەوە, كەواتە ئەو فەقەرەیە شەتب بكرێت, كاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە فەقەرە (ب) پێویستی بە تەعاریف نییە, دەبێت بچێتە ناو ماددەی سی ویەك كە باسی ئەو مەسەلەیە دەكات, ماددەی سی ویەك بزەبت باسی ئەوە دەكات كە كێ موستەحەقن و چۆن دەبێت, لێرە شەتب دەكرێت باشە, بەڵام لەبیرمان نەچێت ماددەكە لێرە شەتب بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە, ئێستا دەیخەمە دەنگەوە, ئەو فەقەرەیە لادەدەین فەقەرەی (ب) تەعریفەكەش وەكو خوێندمەوە وای لێ دێت, كێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرە (ب) لابېرێت دەستی بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بە ئەكسەریەت لابرا, لە فەقەرەی بیست و یەك (الاسیر) ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان ئیعتیرازیان هەبوو كە دەڵێ ( هو البیشمركة الذي تم اسره من قبل العدو) جیهەی خارجی ناوێ, یان (الجهة المعادية) كاتی كە ئەسیر دەكرێت جیهەیەكی موعەیەن نییە, ئینجا دەگۆڕێت (الجهة المعادية),با ئەوە لامان روون بێت یانی مەقصەد لەوەدایە كە دەڵێی ئەسیر یانی ئەوەیە كە لەشەڕدا دەگیرێت, نەك یەكێك كە سنوور دەبەزێنێت, فەرموو كاك زعیم.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهيم(زعيم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەسیر فعلەن ئەو كەسەیە كە لە سەنگەر دەگیرێ, ئەسبابیشی زۆرە, جاری وایە فیشەك وشتی پێ نامێنێ, جاری وایە تووشی شەبەكە دەبێت, یانی قوەتی دوژمن زیاترە لەسەری ناتوانێ مقاوەمەت بكات یان شێوەیەك لەشێوەكان, ئینجا ئەسیر ئەوەیە كە لەسەنگەر دەگیرێ لە مەیدانی شەڕ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەو صیغەیە راسترە بڵێی ( هو البیشمركة الذي تم اسره من قبل جهة معادية) كاك عونی ئەو گۆڕانكاریەی كە كرا, جارێكی تر بیخوێنیەوە تاكو بخرێتە دەنگدان, وەڵڵا من پێم باشە هەمووی بخوێنیەوە, بەڵێ نوقتەی نیزام چییە؟ فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی نۆیەم ئێمە چوار ئەندام پەرلەمان داوامان كرد كە ببێتە (الثورة, الحركة التحررية الكوردستانية) بكرێتە (الحركة التحررية الكوردستانية ) باسی ئەو پێشنیارەتان نەكرد, كە ئایا ئەوە وا دەمێنێتەوە یان (الوطنية)ی بۆ زیاد دەكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ جەنابت ئەوەت كرد, ئەوە وەتەنیە تاریخیەن لەسەر ناوی حەركەی تەحەروری كوردستانی هاتووە, حەرەكەی تەحەروری نیشتمانیی كوردستانی نەهاتووە, هەموو قەوانینەكانیش وا هاتووە, هەموو

ئەدەبیاتەکەش, ئەگینا ئینتیباهم کرد لە مولاحەزەکان, بۆیە موناقەشە و داوام لەوان نەکرد, بۆیە ناوەکە چۆتە مێژووە, بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان, کاك عونی ماددەی دوو و سێ ئەوانەی تر کە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە تکایە بیخوێنەوە, جگە لەوەش تەبعەن هەندێك ئەغلاتی قەواعیدیش هەیە, مەسەلەن لە ماددەی پازدە (تلك الحقوق الذي) دەبێ (التی) بێت, ئەوانە هەمووی چاك دەکرێتەوە, فەرموو بەعەرەبیەکەی (خلف) موستەلەحێکی قانونیە , بۆ مەعلوماتیشت لە میراثەوە هاتووە, نەك زۆر کەیفمان بێت بڵێین کوردیە, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

اولا: اقلیم: اقلیم کوردستان العراق.

ثانیا: القائد العام: هو القائد العام لقوات حرس الاقلیم, رئیس الاقلیم.

ثالثا: حکومة الاقلیم: حکومة اقلیم کوردستان.

رابعا: القیادة العامة لقوات حمایة الاقلیم: هي السلطة العلیا لمکونات القوات المسلحة الکوردستانیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیزافە بکەیت لە هەموو شوێنەکان (لقوات البیشمرکە الاقلیم) پێشمەرگە ئیزافە بکرێت, بۆ ئەوەی ناوەکە لە هەموو شوێنەکان حەرەس ئیقلیم پێشتر پێشمەرگەکە بڵێ (القائد العام: هو القائد العام لقوات البیشمرکە (حرس الاقلیم) لەناو دوو قەوس (رئیس الاقلیم) .

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

ثانیا: القائد العام: هو قائد العام لقوات حرس الاقلیم (البیشمرکە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هو القائد العام لقوات البیشمرکە – حرس الاقلیم (رئیس الاقلیم ).

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشتریش وتمان قائیدی عامی حەرەس قائیدی پێشمەرگەیە, بەڵام قائیدی حیمایەی ئیقلیم, یانی قائیدی ئاسایشە, قائیدی پۆلیسە, قائیدی پێشمەرگەیە, قائیدی هەموو ئەو چەکدارانەیە کە حیمایەت لە ئیقلیم دەکەن, لەبەر ئەوە ئێمە قیادەی عامەمان هەیە, قیادەی عامە, قیادەی عامەی حمایەی ئیقلیمە کە دەبینن هەموو جار کۆدەبنەوە ئەو دوو بەڕێزە ئەندامن لەوێدا, یانی هەم قیادەی پێشمەرگە دەکەن کە لەوێ ئەندامی ئەو قیادەن, هەم قیادەی پۆلیس و چەکدارو کە رۆژێك ئەگەر نەفیر عامامان کرد لەوانەیە نیوەی کوردستان چەك هەڵگرێ, ئەوە قائیدی عامی حیمایەی ئیقلیمە, یانی هەندێ جار لەناو قانونەکە هەندێ شت دێت, فەرماندەی هێز دەبێت قەراری لەسەر بدات, یانی فەرماندەی حیمایەی ئیقلیم دەبێت

قەراری لەسەر بدات, نەك فەرماندەی پێشمەرگە, لەبەر ئەوە ئەو قەرارەمان هێناوە, بەرەئیی من حیمایەکەی تێدا بمێنێتەوە, چونکە ئەوانیش لەگەڵ حکومەتی عێراقی قسەیان کردووە, ئەوانیش حیمایەیان تەسبیت کردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی وایە, بەڵام لەرووی قانونیەوە ئەو کەلیمەیە لە دەستووری عێراق دا نیە, لە پرۆژەی دەستووری کوردستانیشدا نییە, حیمایەی ئیقلیم , هەر حەرەسی ئیقلیمە, ئینجا لەبەر ئەوە پێشمەرگە (حرس الاقلیم) کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(القیادە العامە لقوات حمایە الاقلیم) ئەوە شتێکە دروست کراوە, ئێستا هەیە, ئەوە مەوجودە, بەڵام هیچ سەندێکی قانونی نییە, دەبێ ئێمە سەندە قانونیەکەی بۆ دروست بکەین, لە قانونی ریئاسەی ئیقلیم نییە, روونکردنەوەکەی کاك شێردلیش زۆر راستە, ئەگەر قائیدی عام هەر قائیدی پێشمەرگە بێت, ئەی پۆلیس, ئەی ئاسایش , ئەی هێزە چەکدارەکانی تر؟, بۆیە دەبێت لێرە دروستی بکەین, بەس دەبێت ماددەیەك ئیزافە بکەین بڵێین (تشکل القیادة العامة لقوات حمایة الاقلیم تتکون من فلان و فلان) لە ماددەیەك بنووسین ئیحتیمالە ئەو سەندە قانونیە بەو مەجلیسە دروست دەبێت, ئەگەر نا ئەو مەجلیسەی ئێستا دروست بووە لە هیچ قانونێك ناوی نەهاتووە کە ئێستا لێرە ناوی بێنین, سەیر دەبێت ئەگەر تەعریفی نەکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە لێرە ناکرێت ئەو ماددەیە, لەبەر ئەوەی ئەوە قانونی تەقاعودە, لە قانونی پێشمەرگە دەبێت تەنیا لێرە قانونی خزمەت وتەقاعودی پێشمەرگەیە، فەرموو کاك زەعیم.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم(زەعیم عەلی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاسەوانی یان پاراستنی هەرێمی کوردستانە، خۆی لێرە عینوان ئەساسەکە، ئەوەیە هەیئەتێکی بۆ داندرایە، لەو هەیئەتەی وەزیری داخیلی، وەزیری ناوەخۆ تێدا عوزوە، مەسئول فەرماندەی ئاسایشی گشتی تێدا عوزوە، دەبێ ئەمە کە ئێمە ناوی لێدێنین بگونجێت لەگەڵ ئەو موصتەڵەحەی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی، تەبعەن هەموو هێزە چەکدارەکانی پاراستنی هەرێم ، یەعنی هێزە چەکدارەکان کێ دەگرێتەوە؟ پێشمەرگە دەگرێتەوە، پۆلیس دەگرێتەوە، ئاسایشی گشتی دەگرێتەوە، سبەینێ ئەگەر قوەتەکی خاصیشت تەشکیل کرد، ئەویش دەگرێتەوە، جا لەبەر ئەوە دەبێ بە شێوەیەك قانونیەکان دایرێژن لەو ئیتارەی دا دەرنەچێت و یەکتر بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا ئەوە دەبێ تۆزێك روونی بکەینەوە بەراستی ، مەسەلەن ئێستا ئێمە ئەگەر وا بێتن ئاسایشیش بگرێتەوە و ناوەخۆش بگرێتەوە ، کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەڵێین قائیدی عام، مەبەستمان کە وتمان قائیدی عام ئەبێ ئەوەی کە کاك فەریق عەلی و کاك شێردڵ ئەڵێن ئەوەی بڵێین، چونکە قائیدی عام یەعنی قائیدی پێشمەرگەش و قواتی هەموو موسەلەحە، یان بڵێین قائد: فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یەعنی قائد قوات حرس الاقليم یان قوات البيشمرگە، یان بتەوێ باسی یان شەرحی قائیدی عام بکەی، ئەبێ ئەوە بکەی کە ئێستا لێرە نووسراوە، پاراستنی هەرێم یان ئەبێ بڵێین قائيد قوات الپيشمرگە، ئینجا ئەتوانێ ئەو تەعریفە بکەین، قائیدی عام بە تەئکید قائیدی قواتی موسەلەحەیە ، پۆلیسە ، حەرەسی حدودە، ئاسایشە؟ یەعنی ئەوەی کە چەکی پێ بێ و هین بکات، لەبەر ئەوەی یان ئەوە قائیدەکە بگۆڕێ بە قائیدی عامی قواتی پێشمەرگە، یان کە وتت قائیدی عام ئەبێ ئەوە تەعریفەکەی بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك فەریق.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم(زەعیم عەلی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئەو مەوزوعە تایبەت مەندە بە پێشمەرگە دەتوانین بڵێین: هو القائد العام لقوات الپيشمرگە (حرس الاقليم)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە ئەو صیغەیە باشترە لەگەڵ قانونەکە و لەگەڵ عینوانەکەش دەگونجێت، هو القائد العام لقوات الپيشمرگە-حرس الاقليم (رئيس الاقليم)، زۆر باشە وای لێدەکەین بۆ ئەوەی روون بێتەوە، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی هەرێم قائیدی عامی قواتی موسەلەحەیە، کە قائیدی عامی قواتی موسەلەحە بێت، پێشمەرگە بەشێکە لە قیادە عامەی قواتی موسەلەحە، جوزئێکە، جوزئی تریش هەیە، مەسەلەن قیوای ئەمنی داخیلی هەیە، قیوای شورتە هەیە، ئەوانیش هەر قواتی موسەلەحەنە، بەڵام لێرەدا سەرۆکی هەرێم قائیدی عامی قواتی موسەلەحەیە و ئەو موستەڵەحە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتیە، القائد العام للقوات المسلحە، مەعنای ئەوەیە هەمووی دەگرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من شتێکم بیر کەوتەوە قسەکەی کاك زەعیم جارێکی دیکە بەقوەت دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە بە پێی دەستووری عیراقی قواتی موسەلەحە هەیە و قائید عامیش هەیە، بۆیە ئێمە لە قانونیشدا، رەئیسی ئیقلیم قائیدی عامی قواتی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی ئەوە تەناقوز نەکات لەگەڵ ئەوەدا، چونکە بڵێین قائیدی عام بۆ قواتی موسەلەحە هەندێ شت هەیە عایدی جەیشی عیراقیە لەوێ و لە هەرێمیشدا بەشێکە لە جەیشی

عيراقى ، دوو فرقه هەيە، له كەركووكيش هەيە و لێرەش هەيە، القائد العام لقوات البيشمركه-حرس الاقليم(رئيس الاقليم) بۆ ئەوەی ئیشکالمان نەبێ لەگەڵ دەستووریش، ئەوە راسترە، دوایی بێجگە لەوەشدا ئاساییش بەشێك نیه لە قواتی موسەلەحە؟ قوەی ئەمنی داخیلیە و جیاوازە؟ تۆ بڵێی ئەوە قواتی موسەلەحەیە نا جیا کرایەتەوە؟ ئەوە عایدی وەزارەتی داخیلیە و ئەوی تر عایدی مەجلیس وزرایە، ئەگەر هەیئەتێکی وا دادەنێن دەبێ بە پرۆژە بێت، پرۆژە قانونێکی بۆ دەردەچێتن، بەڵام ئێستاکە بە پێی ئەو قوانینەی کە لێرە دەرچووە، ئەو صیغەی کە کاك فەریق گوتی راستە ، بۆیە کاك عەونی برۆ بۆ فەقەرەکانی تر، ئەوە وای لێهات بووە : القائد العام لقوات البيشمركه-حرس الاقليم(رئيس الاقليم)، حەز دەکەی (رئيس الاقليم)ەکەی لادەبەین، فەرموو یاشێخ.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێ ئەو قائیدی عامەی بکەین بە قائیدی قواتی پێشمەرگە، ئەوسا بڵێین: هو القائد العام لقوات البیشمرکه، نابێ بڵێین القائد العام، قائیدی عام لە عیراقیشدا و لە هەر شوێنێك بڵێی قائیدی عام یەعنی قائیدی قواتی موسەلەحە، قواتی موسەلەحەش یەعنی پۆلیسە، ئاسایشە ، هەمووی ئەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە عەفوم دەکەی موستەلەحاتە، کە دەڵێین قائیدی عام مەقصەدمان ئەو قائیدەیە کە لەو قانونەدا باسی هاتووە و ناوی هاتووە، نەك قائیدی عامی بەغدا و قائیدی عامی سودان و ئەوانە، ئەو قائید عامەیە کە ئەو قانونە باسی دەکات، بۆیە تەعریفی کردووە، کێیە ئەو قائیدی عامە؟ قائیدی عامی قواتی پێشمەرگەیە کە ناوی حەرس الاقلیمە، لە عەینی کاتیشدا رەئیسی ئەقلیمە، ئەو تەعریفە راسترە ئەوەی کە کاك زەعیم گوتی، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانون ریئاسەی ئیقلیم تەماشا بکەن بە چ صیغەیەك هاتبێ؟ دەبێ بەو صیغەیە بێینە خوارێ، خۆ نابێ بە صیغەیەك بێینە خوارێ موخالیفی ئەو قانونە بێت کە دەرمان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ دەڵێ؟ قانونی سەرۆکایەتی چ دەڵێ؟ قائیدی عام لە قواتی موسەلەحەی عیراقدا موەحەدە، هەر بۆیەش بۆ پێشمەرگە ئیستیسنا کراوە بە حەرەسی ئیقلیم، لە ناو دەستووری عیراقدا تایبەتمەندی دراوەتە هێزی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی جوزئێك نەبێ لە قواتی موسەلەحە و ئەوە دەبێ رچاو بکەین، ئەگەر ئەوە نەکەین سبەینێ ئیعتیراز دەگیرێ، ئیشکالەکەمان حەل بوو، ئەوەی من دەڵێم و کاك زەعیم دەڵێ راستە، ماددەی حەوتەم لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم کاك شێروان دەڵێ، ماددەی سێزدەم لە یەکەم، سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتی هێزەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق، ئەوە راستە و عەینی ئەو صیغەیەیە کە کاك زەعیم گوتی و منیش تەبەنام کرد، ئەوە ئێستا وای لێهات کە وەکو خوێندمانەوە، بەردەوام بە کاکە.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

1-الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.

2-القائد العام:هو القائد العام لقوات البيشمركة (حرس الاقليم)

3-حكومة الاقليم: حكومة اقليم كوردستان.

4-القيادة العامة لقوات البيشمركة-حرس الاقليم:هي السلطة العليا لمكونات القوات المسلحة الكوردستانية.

5-قوات بيشمركة كوردستان (حرس الاقليم):عبارة عن كافة مكونات قوات بيشمركة كوردستان من جندي الى اعلى رتبة عسكرية.

6-الوزارة:وزارة البيشمركة لاقليم كوردستان.

7-الوزير:وزير بيشمركة اقليم كوردستان.

8-الثورة:مرحلة من الحركة التحررية الكوردستانية التي تبدء من 1961/9/11

9-البيشمركة (حرس الاقليم): هو من التحق بالحركة التحررية الكوردستانية لتحقيق حقوق الشعب الكوردستاني الديموقراطية و القومية، او يلتحق بقوات البيشمركة (حرس الاقليم).

10-المتقاعد:هو البيشمركة الذي له حقوق تقاعدية وفق احكام هذا القانون.

11-الراتب التقاعدي : الراتب الذي يصرف للبيشمركة لدى احالته على التقاعد وفق احكام هذا القانون.

12-الراتب الاساسي لاخر شهر يتقاضاه البيشمركة المستمر فيالخدمة بموجب درجته ومنصبه.

13-الراتب التام: الراتب مع المخصصات.

14-الحقوق التقاعدية:تلك الحقوق التي يتقاضاه المتقاعد او ورثته.

15-الخدمة التقاعدية:عبارة عن خدمة البيشمركة او اي خدمة اخرى.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عەونى ئەوەمان گۆڕی: الراتب التقاعدي ، الحقوق التقاعدية:هي الحقوق التي يستحقها البيشمركة المتقاعد او ورثته.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

14-الحقوق التقاعدية:هي الحقوق التي يستحقها المتقاعد او ورثته.

15-الخدمة التقاعدية:عبارة عن خدمة البيشمركة او اي خدمة اخرى يجوز اضافتها عليه لاغراض التقاعد و بموجب قرار خاص للقيادة العامة لقوات حرس الاقليم.

16-خدمة البيشمركة: هي المدة التي قضاها البيشمركة في الخدمة الفعلية في صفوف الثورة و الخدمة التي يقضيها بعد الثورة في مكونات قوات بيشمركة كوردستان و بموجب احكام هذا القانون.

17-الخلف:هو وارث البيشمركة المتقاعد وفقآ لاحكام قانون الاحوال الشخصية.

18-المستحق: هو الذي يستحق الراتب التقاعدي بعد وفاة البيشمركة المتقاعد.

19-المفقود:هو البيشمركة الذي فقد بسبب اداءه لواجبه كبيشمركة و ان مصيره مجهول.

20-الاسير: هو البيشمركة الذي تم اسره من قبل جهة معادية اثناء اداء الخدمة او من جراءها.

21-المحتجز: هو الذي يحتجز من قبل جهة خارجية او ارهابية و ذلك اثناء اداء الخدمة او من جراءها.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا فەقەرەی 15 کاك عەونی : ( عباره عن) زیاده، الخدمه التقاعدیه: خدمه البیشمرکه او ای خدمه اخری، عباره عن ئیزافەیە، ، دەیخەمە دەنگەوە وەکو ئەوەی کە خوێندیەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵندکا تکایە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، زۆر سوپاس، مولاحەزەی چیتان هەیە؟ ماددەی پێنجمان چاککردەوە کردمانە حەوت، جا ئەگەر ئیجازەم بدەنێ من میوانم هاتیە، ئەگەر دوای بخەن، جا چ دەڵێن؟ بەردەوام بین؟ جەنابی وەزیریش سبەینێ لێرە نیە، فەرموو کاك زەعیم.

**بەرێز عمر عثمان ابراهیم(زەعیم عەلی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن زۆر سوپاس بۆ ئەو جوهد و ماندیبوونەتان، بەڵام جەلسە ئەگەر تەئجیل بوو دەبێ بکرێتە حەفتەی داهاتوو، چونکە ئێمە سەفەرێکی بەغدا و ئەو لایەمان هەیە، هەندێ ئیشی تر کۆبوویتەوە دەبێ بچین و موناقەشەی بکەین، کە هاتینەوە ئینشاالله ئەو وەختە ئێمە لە خزمەت داین و هەر کاتێکیش ئێوە داواتان کرد، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تا رۆژی دووشەمی داهاتوو بە یاسای رۆژنامەگەری مەشغولین، لەبەر ئەوە پاش ئەو رۆژە ئاگادارتان دەکەینەو، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا بخرێتە هەفتەی داهاتوو، یاخود کە ئیعلانی دەکەین؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بەئەکسەریەت دواخرا، هەروەها فەقەرەی دووەمیش بە عەینی شێوە دەیخەمە دەنگەوە، فەقەرەی دووەم لە بەرنامەی کار: خستنە روو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی بریاری ئەژماردنی ڕاژەی سەرۆکەکانی یەکەی کارگێری بە راژەی دادوەری کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەوەش دەخەمە دەنگدانەوە بۆ دواخستنی بۆ کاتێکی تر لە هەفتەی داهاتوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوەش دوا بخرێ دەستی بڵندکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەئەکسەریەت دواخرا، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، زۆر سوپاسی کاك زەعیم دەکەم و سوپاسی یا شێخ دەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28)**

**دوو شەممە رێکەوتی 3\12\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (28)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/12/3

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2007/12/3 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژماره (28)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـادده (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (28)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای قەدەغە كردنـی خەتەنـەی مێینـە، كـە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشكراوە.

2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای ڕۆژنامەنووسـان، كـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی ڕاژەی سەرۆكەكانی یەكەی كارگێڕی بـە ڕاژەی دادوەری كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (28)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/12/3دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای قەدەغە کردنی خەتەنەی مێینە، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی راژەی سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕی بە راژەی دادوەری کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

ئەم دانیشتنە دواخرا، چونکە باری تەندروستی بەڕێز عدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان ناتەواو بوو، هەروەها بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی) جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش ئیلتیزاماتی رەسمی هەبوو، بۆیە ئەویش ئامادە نەبوو.

کۆبوونەوەکەش لەبەر ئەو هۆیە بۆ رۆژی سێ شەممە 2007/12/4 دواخرا.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 4\12\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (29)

## سێ شەممە رێكەوتی 2007/12/4

كاتژمێر (11،45)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/12/4 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە ()ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (29)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای قەدەغە كردنی خەتەنەی مێینە، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشكراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی راژەی سەرۆكەكانی یەكەی كارگێڕی بە راژەی دادوەری كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (29)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11،45)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/12/4دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای قەدەغە كردنی خەتەنەی مێینە، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشكراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی راژەی سەرۆكەكانی یەكەی كارگێڕی بە راژەی دادوەری كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی برای بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەیی دەکەین وەزیری ڕۆشنبیری و برای بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەخێرهاتنی گەرمیان دەکەم، داوای لێبووردنیش لە ئەوان و لە ئێوە دەکەین کە دوێنێ دانیشتنەکەمان دواکەوت، ئەمڕۆش چەند سائێك دواکەوت، بەلأم ئینشائەڵڵا خێری تێدایە، ئەگەر شتێك هەیە داوای عوزرمان کرد، ئەوە قەبولە، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر بەرنامەی کارەکە ئەگەر ئیجازەم بدەن قسەم هەیە، سەرەتا دەستخۆشی دەکەم لە دانانی پرۆژەی یاسای خەتەنە کردنی مێینە لە بەرنامەی کاردا، بەلأم من لێرەدا پرسیار دەکەم بۆچی دانانی پرۆژە یاساییەکان، ئەو یاسایانەی کە دەخوێندرێنەوەو دەخرێنە بەرنامەی کار، بەپێی ریز بەندی بەرواری پێشکەش کردن و گرنگی یاسایەکان لێرە نییە، لێرە نموونەمان هەیە، ئێمە وەکو ژنانی پەرلەمان تا ئێستا دوو یاسای زۆر گرنگمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، کە لە لای ئێوەیە، یەکەمیان/ یاسای قەدەغە کردنی مارە بڕینی کچی منداڵ لە ماوەی دوو ساڵدا دەبێت لەو پەرلەمانە ئیشی لەسەر کراوە، ئەو پرۆژەیە چەندین خەڵك و لایەنێك هێناویانە پەرلەمان، لەوانە وەزارەتی مافی مرۆڤ، کە لە ڕێگای بەڕێوەبەرێتی مافی مرۆڤی رانیەوە ئیشیان لەسەر کردووەو لیژنەی چوار قۆڵیان پێك هێناوەو یەکێتی زانایان و یەکێتی ژنان و مەکتەبی کۆمەلأیەتی و بۆ خۆیان و پرۆژەکەیان هێناوەتە پەرلەمان، لە هەمان کاتدا سەنتەری ڕۆناکبیری ژنان کە ڕێکخراوێکە داکۆکی لە مافی ژنان دەکات، پرۆژەی هێناوەو ئاماری زۆری لەسەر ئەنجامداوە، ئێمەش وەکو لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان لە پەرلەمان دیسان ئامارمان ئەنجامداوە نزیکەی پێنج هەزارو دوو سەدو هەژدە حاڵەتی مارە بڕینی کچی منداڵ هەیە لە سنووری پشدەرو بیتوێن، ئینجا بێجگە لەوەی کە لە سنووری کوردستانیش.

نموونەی دووەمیان/ پرۆژە یاسای باری کەسێتیە، کە لە مانگی سێی 2007ەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، هەموو خەڵك دەزانێت کە گرنگی ئەو یاسایەو هەموار کردنی چەند کێشە کۆمەلأیەتیەکانی ژنان چارەسەر دەکات، بۆیە من زۆر پێم باش بوو کە ئاوڕێك لەو یاسایانە بدرێت و پەلەی تێدا بکرێت و بخرێنە بەرنامەی کار لە پەرلەمان.

خاڵی دووەم/ ئەوەیە هەر ئێستا لەو پەرلەمانەی خۆمان، من بە پێویستی دەزانم وەکو بەرپرسیاریەتیەك لە کارەکەی خۆمان بەرامبەر بەم هەموو ژنان و کچان، کە چاوەڕێن ئێمە کێشەکانیان چارەسەر بکەین و کە بە منداڵی مارە بڕاون و چەندەها کێشەی دیکە، دەمەوێت لێرەدا هەڵوێستی خۆم بەرامبەر ئەو مەسەلەیە بەڕاستی کە سستی پێ دەدرێت، چ لەوەی کە دراوەتە پەرلەمان و چ لەوەی کە لە حکومەت نانێرێتەوە بۆ پەرلەمان، یان وەلأم نادرێتەوە، من ئێستا داوای لێبووردنیش دەکەم، بە پێویستی نازانم کار لە لیژنەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا بکەم و داوای لێبووردن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەندێك وەلأمت دەدەمەوەو هەندێکیش بەجێ دەهێڵم بۆ کاك فرسەت وەلأم بداتەوە کە پەیوەندی بە قانونیەوە هەیە، یەکیان ئەوەیە هەموو پرۆژەیەك بێت تەقدیرەکەی بۆ سەرۆکایەتی دەمێنێت، تەحەمولی

ئەو مەسئوولیەتەش دەکات، کامەی دەخاتە بەرنامەی کار، کامەی ناخاتە بەرنامەی کار بەپێی ئەهمیەتی، هەندێك پرۆژەش دێن رەنگە ئەوەی کە تەقدیم کراوە مولاحەزەی زۆر شت ناکرێت، لەبەر ئەوە یەعنی ناڵێین ئیهمال دەکرێتن، بەلاَم ئەو ئەهمیەتەی نابینین بە حەقیقەتدا، ئەگەر چی لە رووی هینەوە زۆر موهیمە، بەلاَم پێویست دەکاتن پرۆژەکانی تر موهیمتر بێتن، مەسەلەن مارەبڕینی منالْ، یاخود گەورەتر، ئەوە قانون چارەسەری کردووە، مەمنوعە مارەبڕین، لە رێگەی مەلاش مارەبڕین مەمنوعە، لەبەر ئەوە قانونیەن ئەوە رێگای نییە، ئیعتیرافی پێ ناکرێتن، بچێت شکایەت بکاتن، کچەکە بچێت شکایەت بکاتن بلْێ من مارەیان بڕیوم، مەحکەمە قەرار دەداتن تەفریقی دەکاتن، هەر ئۆتۆماتیکیەن موعالەجە کراوە، لەگەلْ ئەوەشدا زۆر شت هەیە، زۆر قانون هەیە، یان پرۆژەی قانونی هەیە کە باس دەکەن زیاتر پەیوەندی بەوە هەیە رۆشنبیر بۆی بلاَو بکاتەوە، لایەنەکانی پەیوەندیدار خەلْك ئاگادار بکەن لە مەترسی، هەتا ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە، ئەگەر بێتو تەوعیە نەکرێت، بە تەوعیە زیاتر ئیجاب دەکاتن، بەلاَم (68) ئەندام ئیمزای کردووە، ئەگەر نەیخەیتە بەرنامەی کار دیسان ئەوانەی لێرە ئیمزایان کردووە، دەستیان هەلْدەبرن دەلْێن ئێمە (68) کەس ئیمزامان کردووە، بۆ نایخەنە بەرنامەی کار، بەلاَم وەرە تەماشای بکە لە ولاَتانی تر چۆن عیلاج کراوە، من لەبەر ئەوەی (68) ئەندام ئیمزای کردووە، بە ناچاری هەرچەندە تەندروستیشم تەواو نەبوو، دوو رۆژە، سێ رۆژە بەدوای مەعلومات دەگەڕێم لە ولاَتەکانی ئیسلامیدا، ئەو زاهیرەیە چیە؟ لە مصر، جارێ ئەوەلەن بۆم دەرکەوتووە ئەو زاهیرەیە زۆر زۆر کۆنە، هیچ رەبتی بە ئیسلامەوە نییە، لە مصر لە زەمانی فیرعەونیەکاندا هەبووە، لە ئیسلامدا لە زەمانی جاهیلەت هەبووە، بۆ مەعلوماتیشتان لە سوعدیە کە مەرکەزی حەجە، مەرکەزی ئیسلامە، ئەو دیاردەیە نییە، لە کوردستانیشدا زۆر زۆر کەمە، لە بادینان هیچ نییە، لە شارە گەورەکان بە دەگمەنە، لە لادێ بەتایبەتی لە نزیکی سنووری ئێران و ئەوانە لەو مەنتیقانە بڕێك شائیعە، کەواتە لە کوردستانیش تا حەددێك نامۆیە، هەیە، ناڵێم نییە، کێ دەتوانێت بەوە هەلْستێتن وەزارەتی ئەوقافە، وەزارەتی تەندروستیە، دامودەزگایەکانە، پێویستی کرد، یاساش پێویستە ناڵێم نەخێر، بەلاَم دەرهێنانی یاسا بۆ حالْەتێکی وا دوا هەنگاوە، بەلاَم کە ئێوە (68) کەس ئیمزاتان کرد بێت دەیخەینە ئێرەو دواتریش کە هاتە رۆژی هین موناقەشەشی دەکەین و بڕیاریش، بڕیاری ئێوەیە بە تەئکید، مەسەلەکانی تر کە لە قسەکانی تردا هاتبوو کاك فرسەت وەلاَمی دەداتەوە فەرمووی.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تووشی دوو حالْەت بوویمە، هەندێك جار برادەران دێن تەوقیعی پرۆژەیەك دەکەن، ئەگەر پەلەی لێ بکەین، دەلْێن کاکە بۆ پەلەتان لێ کرد، فەقەرە یەك یەکێك لەوان بوو، دوێنێ و پێرێ مەجموعەیەك لە برادەران هاتن موراجەعەی منیان کرد، دەلْێن کاکە بۆ پەلەتان لێ کرد، ئەگەر پرۆژەیەکیش تاخیری بکەین دێن دەلْێن کاکە بۆ تاخیرتان کرد، ئەوە حالْەتێکە برادەران بەخۆیان دەزانن، وابزانم ئیعتیرافیش پێ دەکەن.

دوو/ پرۆژەکان سولْتەیەکی تەقدیری دەستەی سەرۆکایەتییە، بەخۆیان تەقدیری زروفی مەوزوعی دەکەن، کامە پرۆژە پێش بخەن و کامەی تاخیر بکەن، ئەویش حوریەتێکی موتلەقی نییە، چونکە هەندێك جار

گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت دەکات، هەندێك جار پرۆژە تەحویلی لیژنەکان دەکەین، لیژنە شتی گرنگتری لەپێشە راپۆرتیان ئامادە نەکردووە، ئەگەر لیژنە راپۆرتی خۆی ئامادە نەکات، چۆن ئێمە بیخەینە بەرنامەی کار، هەندێك پرۆژەش هەنە، رەئی حکومەت بەنیسبەت ئێمە زۆر گرنگە، مەفروزە رەئی حکومەت وەربگرن، رەئی حکومەت دوور نییە تاخیر بێت، ئێمە مەجبورین دوای بخەین، هەندێك پرۆژەش دێن دیراسەتێکی تەواویان لەسەر نەکراوە، چونکە هەندێك جار ئیشەکە سەبەبی ئەوە نییە وەکو قانون نییە موعالەجەی بکرێت، موشکیلەکە لە تەنفیز دایە، تەنفیزی نەکردووە، ئەوەی ئەو خوشکە باسی کرد یەکێك لەو کێشانەیە، قانونی ئەحوال شەخصیە کێشەی مارە کردنی منداڵی چارەسەر کردووە، تۆ نایەیت چارەسەری بکەیت بە بەرز کردنەوەی حەددی عقوبە، ئەگەر یەك مانگ بێت، عقوبەی سجن یەك مانگ بێت و چارەسەر نەکرا بێت و تەنفیز نەکرا بێت، بیکەیە یەكساڵیش هەر تەنفیز ناکرێت، عیلاقەتی لەگەڵ شتی تر هەیە، مەفروزە ئێوە بۆ ئەوە ئیش بکەن، لە ناحیەی دووەم بەنیسەت ئەو پرۆژەیە، پرۆژەی فراوانتر لەوە هەیە خوشکان تەقدیمیان کردووە، بۆ هەموار کردنی قانونی ئەحوال شەخصیە، ئەو پرۆژەی ئەمڕۆ باست کرد بەشێکە لەو پرۆژەیە، نابێت پرۆژەی هەموار کردنی قانونێك بە سێ پرۆژە بێتە ناو پەرلەمان، مەفروزە تەوحید بکرێت، پرۆژەی سەرەکی بۆ حکومەتمان رەوان کردووە، رەئی لەسەر بدات، چونکە پرۆژەکە گۆڕانکارییەکی یەکجار جەهەورییە لە قانونی ئەحوال شەخصیە، بە رەئی من پەرلەمان بە تەنیا نابێت ئەو هەموار کردنە بکاتن بێ رەئی حکومەت و بێ جیهاتی موختەس، لەبەر ئەوە سەبەبی تاخیری ئەو پرۆژەیە ئەوە بوو، وەکو بە جەنابتم گوت قانونەکە چارەسەری کردووە، بەو پرۆژەیە جارێکی تر چارەسەر نابێت، خۆتان موحاوەلە بکەن وەك لیژنەی پەرلەمان وەعی و شعور بە مەسئوولیەت لەناو خەڵك و لەناو خەڵکی ئەوەی ئەو کێشانە پەیدا دەکەن زیادی بکەن، ئیحتیمال هەیە نیوەی حەلەکە لەوەدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەی کار، خاڵی یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای قەدەغە کردنی خەتەنەی مێینە، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکراوە، بە خوێندنەوەی ئێمە لە سەرۆکایەتیدا هەندێك تەفسیلاتی تێدایە، کە زۆر قابیلی هین دەکاتن، بۆیە ئیکتیفا دەکەین بەوەی کە ئیشارەتی پێ بدەین و ئیحالەی دەکەم بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و لیژنەی مافی ئافرەتان و لیژنەی مافی مرۆڤ، هەر یەکە لە ئێوە بایەخ بە پرۆژەکەی بدەن، ئومێد دەکەم بە واقیعیانەو ژیریانە موناقەشەی بکەن، بەتایبەتی لیژنەی تەندروستی و لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆیان حازر بکەن، دوای ئەوەی کە حازریان کرد رۆژی تایبەتی بۆ دادەنێین بۆ موناقەشە کردنی، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، بۆ بڕگەی دوو لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، کاك ئارێزیش فەرموو، لیژنەی رۆشنبیری دیارە هەر کاك ئارێزیان تەخویل کردووە، ئەگەر کەسێکی تریان تەخویل کردووە با ئەویش بێت، فەرموو کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەرنامەی کارەی کە دوێنێ لە سندوقەکەمانمان دانرا بوو ئەوەی تێدایە پرۆژە بڕیاری خزمەتی سەرۆکی یەکەی ئیدارەکان، دووەم بڕگەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرنامەی كاری دوێنێ دواخرا، ئەمڕۆ بەرنامەی كار گۆڕانكاری تیا كردووە، لەبەر ئەوەی سكرتاریەتی پەرلەمان گوتی ئێمە پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسی دەستمان پێ كرد بوو، لەبەر ئەوە دەبێت پێش بخرێتن، بەلاَم لە بەرنامەی كارە، بەرنامەكە نەگۆڕاوە، بەلاَم بەس ئەوەندە پێش خراوە، لەبەر ئەوەی دەستمان پێ كردووەو تەواوی بكەین، لیژنەی یاسایی، فەرموون لە كوێ راوەستاین لەوێوە دەست پێ دەكەین.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەی یەكەممان موناقەشە كرد بوو، لەگەڵ ئەوەش وا بڕیاردرا لە لایەن سەرۆكایەتیەوە هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیەكان و رۆشنبیری پێكەوە دابنیشین بە سەرۆكایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەوانەی راو بۆچوونەكانیان یەك بخەن، ئەوە بوو هەردوو لیژنە بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێز وەزیری رۆشنبیری لەگەڵ بەڕێز نەقیبی سەندیكای رۆژنامەنووسان و هەروەها ستافەكە كۆبوونەوەمان ئەنجام داو بە راپۆرتێكی هاوبەش، ئێستا دەیخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی رای پەسند لەسەر ئەو پرۆژەیە بدەن، لە هەندێك خاڵ ئێمە وەكو هەردوو لیژنە لە زۆر خاڵەكان گەیشتینە یەك، بەلاَم لە چەند خاڵێك نەبێتن، كە ناكۆكی لەنێوانماندا هەر ماوەتەوە تاكو ئێستا، بەو شێوەیەی خوارەوە ئێمە دەتوانین پرۆژەكە بخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە هینەكەمان لەو ماددانە كە هاوبەشن، یەعنی بابلێین رێكن لەسەری ئاماژەی پێ بدەن، ئەوەی خیلافتان هەیە هەردوو رەئیەكە بخوێندرێتەوە، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرباری ئەو قسانەی كاك كەریم كردی، منیش تێبینیم هەیە، پێموایە ئەوە لەبەر ئەوەی زۆرتر پەیوەندی بە لیژنەی رۆشنبیریەوە هەیە، لیژنەی یاسایی نەك هەر لەو پرۆژە یاسایە، لە پرۆژە یاسایەكانی تریش زیاتر تایبەتمەندن بە بواری یاسایی و داڕشتنەوەی لە لایەنە سیاسیەكان و ئاگادار بوون لە دەستوور و ئەوانە، بۆیە من لە ئێستاوە داوا دەكەم زیاتر بوار بە لیژنەی رۆشنبیری بدرێت، كە گفتوگۆ لەسەر ئەو لایەنە بكەین، ئەوە یەك.

بەپێی رەئیەكی تریش كە ئێمە لەسەر مەنصە دانیشتووینە، من سەرۆكی لیژنەكەم برادەرەكانی تر ئەندامن لە لیژنەی یاسایی، دەبوایە من پێشتر تەقدیمی ئەوەی بكەم، نەك لیژنەی یاسایی، هەر بۆ ئاگادار بوون لە قسەكان، چەند قسەیەكی تریش هەیە، بەزیادەوە دەمەوێت بیكەم یەكێك لەوانەی كە دوو هۆكار هەبوو، كە ئێمە پرۆژە یاسایەكەمان بۆ دواخست هەفتەی رابردوو، هۆكارێك ئەوە بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیری رۆشنبیری و سەندیكای رۆرنامەنووسان بە یەكەوە كۆبوونەوەیەك بكەین، بۆ لە یەكتر نزیك بوونەوەو یاخود نزیك كردنەوەو یەكخستنی بیرو بۆچوونەكانمان، ئەوانە

دەكرێت یەكی بخەین، ئەوانەی ناكرێت لە یەكی نزیك بكەینەوە، هۆكاری دووەمیش/ ئەوە بوو گوێ زیاتر لە ڕووناك بیران و ڕۆژنامەنووسانی تر بگرین، كە ژمارەیەكی زۆر داوایان كرد بوو، كە پێویستە ئەوانیش قسەیان هەبێت، هەرچەندە ماوەیەكی زۆر بەسەریدا ڕۆیشت بوو دەرفەتیش درا بوو، بەلاّم هۆكاری دووەمیش ئەوە بوو، هەر بۆ ئەوە جگە لەوەی كە برای بەڕێزم كاك كەریم باسی كرد، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری و سەندیكای ڕۆژنامەنووسانیش دانیشتین و كۆبوونەوەیەكی تێرو تەسەلمان كردو لە زۆر بیرو بۆچوون گەیشتینە یەكترو من لێرە دەڵێم خۆشبەختانە سەندیكای ڕۆژنامەنووسان بیرو بۆچوونەكانی لەگەڵ بیرو بۆچوونەكانی لیژنەی ڕۆشنبیری زۆر تەباو زۆر كۆك بوون، جگە لەوەش ئێمە لە 29ی مانگی ڕابردوو لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆژنامە نووسان دانیشتین، جەنابیشت لە بەشێكی دانیشتنەكە ئامادە بوویت لە سەرنووسەری ڕۆژنامە ئەهلیەكان و هەروەها هەندێك لە ڕووناكبیران و ڕۆژنامەنووسەكانی تری كوردستان، كە بەتایبەت دەعوەت كرا بوون لە پەرلەمان، لەوێش ئێمە سەرنج و تێبینی زۆر بە نرخمان لەلایەن ئەوانەوە وەرگرتووەو ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان ئەوەندەی توانیبیانیان سەریان لێ دەركرد بێت، هەوڵیان داوە كە پرۆژە یاسایەكەی ئێمە دەوڵەمەند بكەن، جگە لەوەش ئەو ڕۆژنامەنووسانە، پەیمانگایەكیش كە بارەگایەكەی لە كوردستان بەناوی پەیمانگەی كوردی بۆ هەڵبژاردن، لەوێش ژمارەیەكی زۆر لە پسپۆڕو ڕۆژنامەنووس ڕاپۆرتێكی تێرو تەسەلیان ناردووە بۆ ئێمەو نوێنەریشیان لە كۆبوونەوەكە ئامادە بوو، جگە لەوانەش لەو كۆبوونەوەیەی ئێمە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانمان كرد بە هاوبەشی كە بەشێكیش لە برادەرانی لیژنەی یاساییش ئامادە بوون، دەمەوێت ئەمەش بخەمە ڕوو، كە نوێنەری یۆنانیش ئامادە بوو، ئەوانیش ئێستا ڕاپۆرتێكیان لەسەر پرۆژە یاسایەكە هەیە، واتا ئەو پرۆژە یاسایە گرنگ و هەستیارەو لە چەندین لایەوە چاوەدێری دەكرێت، چ لایەن و دامودەزگاكانی ڕاگەیاندن، چ لە لایەن یۆنانی كە سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكانە، بۆیە من ویستم ئیزافەی ئەو قسانە بكەم، كە ئاماژە بەو شتانە بكەم، ئینجا دێینە سەر ئەو ڕاپۆرتانەی كە هەمانە، ئێستاش ئێمە چەند ڕاپۆڕتێكمان هەیە، ڕاپۆڕتێكمان هەیە هاوبەشە لەگەڵ لیژنەی یاسایی لە هەندێك خاڵ ئێمە كۆكین، ڕاپۆڕتێكی ترمان هەیە، ئێمە وەكو لیژنەی ڕۆشنبیری، لیژنەی یاسایش ڕاپۆڕتێكی تریان هەیە، لەناو لیژنەی یاسایی و لەناو لیژنەی ڕۆشنبیریش، بێگومان لەسەر بڕگەیەك، لەسەر خاڵێك بیرو ڕای جیاواز هەیە، بۆیە من داوا دەكەم لەسەر ئەو بڕگەو خاڵە جیاوازانە دەرفەت بدرێت گفتوگۆ بكرێت، من پێموایە ئەو یاسایە یەكێكە لە یاسا هەرە گرنگەكان و هەستیارەكان، چونكە ئەو یاسایە لە دوو ڕووەوە لەناوەوە ڕادەی بڕوا بوونی ئێمە بە دیموكراسی و ئازادی دەربڕینەو ئازادی بلاّو كردنەوە دەردەخاتن، لەلایەن دەرەوەشەوە پێموایە ئاوێنەیەكە كە واقیعی كوردستانی تیادا دەبینرێت، واتا لە دەرەوە چۆن ئێمە یاسای وەربەرهێنان گرنگە، بۆ ئەوەی سەرمایەداری بیانی بتوانێت لێرە بێت كاری خۆی بكات، پێموایە لە دەرەوەش لەو ڕوانگەیەوە سەیری ئێرە دەكەن، من تەئكید لەسەر خاڵێك دەكەمەوە، یەكێك لە هۆكارەكانی ئەوەی ئێمە دۆست و پشتیوانی نێودەوڵەتیمان هەیە، كە ئێمە هاوكاری دەكرێین لەلایەن زۆر لە ڕێكخراو و پەرلەمان و حكومەتەكانی دنیا، ئەوەیە كە ئێمە ئاشتی خوازین و هەنگاو بەرەو دیموكراسیەت دەنێین، لەسەر ئەو ئەساسەش ئێمە پارێزگاریمان لێ دەكرێت، پشتیوانیمان لێ دەكرێت، ئەو یاسایەش كرۆكی ئەو دیموكراسیە دەردەخات، كە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین، یاخود دورشمانە چ وەكو لایەنە سیاسیەكان، چ وەكو حكومەت، تكام وایە، من تكایەك دەكەم كە هەموو لایەكمان زۆر بە وردی ئەو پرۆژە یاسایە هەڵسەنگێنین،

بۆ ئەوەی ئەو هاوسۆزی و ئەو پشتیوانیە نێودەوڵەتیەی، ئەوەی کە جیهانی دیموکراسی لەگەڵ کوردستانی هەیە، کە کوردستان لە شوێنەکانی دیکە جیا دەکاتەوە بمێنێت و پەرە بستێنێت، لەگەڵ عێراقیش مەبەستم کە دەڵێم کوردستان، مەبەستم کوردستانی عێراقە، ئەوە یەك.

دووەمیش/ بۆ ئەوەی ئێمە مافی تاك لەو پرۆژە یاسایە، چ وەکو را دەربڕین، چ وەکو رەخنە گرتن دەستەبەر بکەین، لەبەرامبەریش بەرژەوەندی گشتی، واتا مافی گشتیش لەبەرچاو بگرین، بەلام پێویستە ئێمە لە بیرمان نەچێت هاوسەنگی بکەین، هاوسەنگی لەنێوان مافی تاك، لەنێوان بەرژەوەندی گشتی، نە مافی تاك بۆ بەرژەوەندی گشتی پێشێل بکرێت، نە بەرژەوەندی گشتیش بە قوربانی مافی تاك بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز قسەم پێ نەبڕی، بەلام حەق نەبوو، ئێمە دەچینە سەر ماددەکان یەکە یەکە، ئەگەر ماددەیەك پێویستی کرد رەئی بدەیت، ئەو وەختی موناقەشە بکەن، هەموومان رەئیمان یەکە لەوەی کە دەمانەوێت ئەو پرۆژەیە بە رێك و پێکترین شێوە دەربچێت، ببێتە هۆی ئەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە رووی یاساییەوە، ببێتە هۆی پێشکەوتنی کاری رۆژنامەگەری لە هەموو روویەکەوەو رێکخستنیشی، بۆیە داوا دەکەم ئێستا بچینە سەر ماددەکان، ئەگەر کەس نوقتەی نیزامی نییە، فەرموو کاك کەریم، کاك شێروان نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامیم نییە، بەس سەرۆکی لیژنەی قانونیمە دەمەوێت دوو، سێ قسە بکەم لەو مەسەلەیە، ئێمە رۆژی شەمە کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بە بەشدار بوونی ئەو بەڕێزانەی کە برایانم ئیشارەتیان پێدا، ئەو کۆبوونەوەیە بە سەرکەوتووترین کۆبوونەوە دەزانم، چونکە شەش سەعاتی خایاند، لە هەمان کاتدا کۆبوونەوەیەکی نیزامی بوو، کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، ئەوەی خۆی جەلسەی نیزامی لیژنەی هاوبەش، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرپەرشتی بکات، ئومێدەوارین لە ئایندە ئەو مەسەلەیە رەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی ئیشەکان زۆر بە باشی بەڕێوە بچێت، ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە لە لیژنەی قانونی راپۆرتێکمان هەیە، ئەو راپۆرتە لە لایەن لیژنەی رۆشنبیرییەوە هیچ ئیعتیرازی لەسەر نییە، جانیبە یاساییەکانی موعالەجە کردووە، واتا ئەو راپۆرتەی لیژنەی یاسایی وەکو خۆی ماوەتەوە بۆ موناقەشە کردن، ئەمە دوو.

سێ/ ئێمە لە کۆبوونەوەکە خاڵی هاوبەشمان هەبوو موتەفیق بووین لەسەری، خاڵیشمان هەبوو خیلافی لەسەر بوو، ئەو خاڵانەی کە خیلافمان لەسەر هەبوو لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری، ئەوانە قابیلی موناقەشەیە لێرە، بۆ ئەوەی دوا رەئی پەرلەمانی لەسەر بدرێت.

چوار/ ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنەی یاسایی هەر هەموومان لەگەڵ راپۆرتەکەینە، بەلام ئەوە مانای ئەوە نییە، ئێمە ئەگەر مولاحەزەیەکمان هەبوو وەکو ئەندامێکی پەرلەمان نەتوانین بچینە ناو مەوزوعەکە، بەڵێ ئێمەش وەکو ئەندامێکی پەرلەمان مافی ئەوەمان هەیە بچینە ناو مەسەلەکان و رەئی خۆشمان

دەربرین، بەبێ ئەوەی هیچ تەناقوزێکی لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆ هەبێت، هیچ تەناقوزێکی لەگەڵ سیستەمی موناقەشە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاك شێروان وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێدا، پێم باشە ئێمە ئێستا یەکسەر بچینە سەر خاڵەکان، کە برای بەڕێزم کاك دلێر دەیخوێنێتەوە بە زمانی کوردی ماددەی یەکەم دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم/ ئەم گوزارشتانەی خوارەوە بەم مەبەستانە لەم یاسایەدا بەکار براون:

هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

سەندیکا: سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

نەقیب: نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

رۆژنامەوانی: ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسییە بە هەموو کەناڵە جیاجیاکانییەوە.

رۆژنامەنووس: هەر کەسێکە کاری رۆژنامەنووسیی بکات.

رۆژنامە: هەر چاپکراوێك کە بە خولەکی و بەناوێکی دیاریکراو و ژمارەی یەك لە دوای یەك و بەڕێك و پێکی دەربچێت و دابەش بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێ کەس نوقتەی نیزامی هەیە، ئەوە ئەسڵی پرۆژەکەیە دەخوێنێتەوە، دوایێ هینەکان دەخوێنێتەوە، پاشان رەئی دوو لیژنەکە کە لەگەڵ جەنابی وەزیر ئیتیفاقیان کردووە، لەبەر ئەوە پەلەی مەکەن، قسەمان لەسەر کردووە بڕیارمان لەسەر نەدا، واتا نەمانخستە دەنگدانەوە، تکایە بەردەوام بە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون العمل الصحفي في كوردستان**

**الفصل الاول**

**التعاريف والمبادئ**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

النقابة: نقابة صحفي كوردستان.

النقيب: نقيب صحفي كوردستان.

الصحافة: مزاولة العمل الصحفي بقنواتة المختلفة.

الصحفي: كل شخص يمارس العمل الصحفي ويتوفر فيه الشروط القانونية بموجب قانون نقابة صحفي كوردستان.

الصحيفة: المطبوع الذي يصدر دوريا باسم معين وبأعداد متسلسلة وبانتظام ومعد للتوزيع.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو خاڵانەی كە لە پێناسەكەدا هەن:

1- ناوی یاساكە بكرێت بە ﴿ یاسای رۆژنامەگەریی كوردستان﴾.

2- دارشتنی پێناسەی رۆژنامەگەریی لەماددەی یەكەمدا بەم شێوەیەی خوارەوە بێ:-

3- پێناسەی رۆژنامەگەریی :كاری رۆژنامەگەریە لەهەموو كەناڵەكانی ڕاگەیاندندا.

4- پێناسەی رۆژنامە: هەر چاپكراوێك كە بەخولەكیو بەناوێكی دیارو یەك لەدوای یەكو ڕێكو پێك دەربچێو بلاْوبكرێتەوە.

بەو شێوەیە رێككەوتین بەپێی تەعریفەكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی رۆژنامەنووس بۆتە رۆژنامەگەری، ئەوە موناقەشەمان كرد، ئیتیفاقتان لەسەر ئەوە نییە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی پەیوەندیەكان و كاروباری رۆشنبیری گفتوگۆمان لەسەر پرۆژە یاسایەك كرد بە زمانی كوردی لەبەردەستی ئێمە دابوو، لیژنەی یاسایش لەسەر پرۆژە یاسایەك كە بە عەرەبی بووە ئەوە من بزانم، بەداخەوەش هەردوو پرۆژەكە جیاوازیان، هەیە لە پرۆژە كوردیەكەدا هەندێك خاڵی تێدا نییە، لە پرۆژە عەرەبیەكە تێدایە، بەپێچەوانەشەوە رەنگە وا بێت، من پێم وایە ئەگەر ئەو مەسەلەیە لە بەغداوە رووپدا بوایە دەمانگوت بۆ هەندێ وا دەكەن، بۆ ئەوەی مەسەلەی زمانی كوردی نێتە ئاراوە، ئەو بەندەی كە تایبەتە بە زمانی كوردی جێ بەجێی نەكرێت، ئەگینا چۆن دەكرێت یەك پرۆژەی یاسایی لە حكومەتەوە بێتن، ئەوە لەبەردەستمان دایە جیاوازی هەیە، جیاوازیەكەش خۆزگە هەر كوردیەكە بوایە، یەعنی ئەوەی كوردیەكە زۆرتر لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئێمە دەگونجێت، بەلاْم جیاوازی هەیە، خاڵی زیاد و خاڵی كەمی تێدایە، بۆ ئاگاداری ئەو بەڕێزانەش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موشكیلە نییە، ئێمە ئیتیفاقمان هەیە ئەخیرەكەی چۆن ئیقرار بوو بەو شێوەیە، كوردیەكەش وابزانم عەرەبیەكەشی هەموو وا دەكرێت، ئێمە ئێستا لێرە زیاتر وابزانم لەو پرۆژەیەدا فەرقی هەیە لەگەڵ پرۆژەكانی تر، كوردیەكە ئەساسی ترە، ئێمە ئەو رۆژە موناقەشەمان كرد لەسەر ئەو ماددەیە، بەڵێ كاك كەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو راپۆڕتەی ئێستا خوێندمانەوە، راپۆڕتی هاوبەشە، هی هەردوو لیژنەیە، هەمووشمان ئیمزامان کردووە، ئەوەی ئێستا لەبەردەستمە کاک ئارێز خۆی ئیمزای کردووە لەسەر، کە ئەو راپۆڕتە راپۆڕتێکی هاوبەشە، چ بە عەرەبی موناقەشەمان کرد بێت، چ بە کوردی هەر یەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا جێی ئەوە نییە موناقەشەکە بکەینەوەو بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی وای گوت و لیژنەی رۆشنبیری وای گوت تەواو، تۆ جەنابت قسەی خۆت کرد، ئەویش قسەی خۆی کرد، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک کەریم راست دەکات، ئێمە لیژنەی هاوبەشەکە بەرپرسیارە لەبەرامبەر ئەم نووسینانە، من باسی پرۆژەکە پێشتر دەکەم، چونکە دوو راپۆڕتی جیاشمان هەیە، چ وەکو رۆشنبیری، چ وەکو یاسایی، هاوبەشەکە راستە، من باسی ئەسڵەکەم کردووە، ئەو دوو پرۆژەی بۆ ئێمە هاتووە جیاوازە، لەگەڵ کاک کەریم لە لیژنەی یاسایی ئێمە جیاوازیمان نییە لەسەر راپۆڕتە هاوبەشەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیریش راپۆڕتە کۆنەکان لەبیر بکەن، کەسیشتان ئاماژەی پێ مەدەن، راپۆڕتێکی هاوبەشتان هەیە ئاماژە بەوە بدەن بڕایەوە ئیتر، بەڵێ کاک باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گرفتە بۆیە کەوتۆتەوە، پێشتر ئێمە موناقەشەمان لەسەر صیغەیەك کرد و راپۆڕتێکی تایبەتمان هەبوو لە لیژنەی رۆشنبیری، دوایێ کە چووین رێککەوتین، ئەو راپۆڕتە هاوبەشە بە رەئی من کاری پێ بکرێت، ئەوانی تر بەجێ بهێڵرێت، گرفتەکەی نێوان کاک کەریم و کاک ئارێزیش من وای دەبینم، ئەوەی تێك نەگەیشتنە، لێك تێ نەگەیشتنە سەرچاوەی لەوە وەرگرتوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، منیش وا دەڵێم یەعنی راپۆڕتە هاوبەشەکە ئەساس دەبێتن، کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆڕتی کۆن هەر دەبێت ئیعتیباری پێ بکرێت، چونکە زۆر حاڵەت هەیە لەوێ موعالەجە کراوە، لە راپۆڕتی هاوبەش نییە، راپۆڕتی هاوبەشەکە بەس ئیشارەت بەو نوقاتانە دەدات، کە خیلافمان لەسەر هەبوو بە تەنیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر مەفروز وایە كاك عەونی ئەگەر واتان كرد بێت غەڵەتتان كردووە، عەفوم دەكەیت مەفروز وایە پرۆژەكە هاتووە لە لای حكومەتەوە، لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆی نووسیوە، لیژنەی رۆشنبیری راپۆرتی خۆی نووسیوە، لێرە بڕیارماندا كە دانیشتنێكی هاوبەش بكەن، كاك كەمال سەرپەرشتی كردو لە پاش ئەوەدا مەفروز بوو راپۆرتەكان شامل بێتن بۆ هەموو خاڵەكان، ئەگەر وا نەبێتن ئیشكال دروست دەكاتن، فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بیدایەتی راپۆرتەكەمان ئیشارەتمان بەو نوقتەیە دایە تەحدیدمان كردووە، ئەو نوقتانەی كە خیلافمان لەسەر هەبوو، مانای راپۆرتی پێشیمان دەڕوات زائیدەن ئەو خیلافانە كە لە لیژنە ئیتیفاقمان لەسەر كرد ماوەتەوە گوتمان بۆ قاعە بەجێ بهێڵین حەسم بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا كاك كەریم، عینوانی پرۆژەكە دەبێتە پرۆژەی یاسای كاری رۆژنامەگەری لە كوردستان، ئەوە ئیشكالمان نییە، یاسای رۆژنامەگەری لە كوردستان، كەس خیلافی لەوە نییە، پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەری لە كوردستان، پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەری كوردستان، باشە كەس خیلافی لەسەرما، (مشروع قانون العمل الصحفی) دەبێت لێرە بڵێی (فی كوردستان)، پەخشان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ناوە، من مەتنی هەردوو ئەو هینەم خوێندەوە، كوردیەكەو عەرەبیەكە، گەڕام بۆ شتێك لە دواییدا كە ئەو ناوە بەو نەوعە تێ نەگەیەنرێ، یەعنی كە ئێستا دەڵێین یاسای رۆژنامەگەری كوردستان، یەعنی تەنها سەحافەی كوردستانی دەگرێتەوە، سبەینێ ئەگەر قەناتێكی فلان و فلان مەكتەبێكیان هەبوو لە هەولێر، یان لە سلێمانی تەعامول چۆنە لەگەڵیاندا، ئەگەر ناوەكە وا بێت دەبێت دێڕێك هەبێت، كە ئەم یاسایەش ئەوانە دەگرێتەوە، یەك خاڵی دیكە جەنابی سەرۆك، لە نوسخە عەرەبیەكە مەسەلەن ماددەی یەك لە تەعریفی صەحەفی هاتووە (ویتوفر فیه الشروط القانونیة بموجب قانون نقابة الصحفیین)، لە كوردیەكە ئەوەی تیا نییە، یەعنی ئەوە فەرقێكی جەوهەرییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ تەنیا لەسەر عینوانەكە، دوایێ خاڵ بەخاڵ دێینە سەری، كاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی من تەنها شتێك ناچێت بە مێشكمدا لەم عینوانە، ئەمە دوو شتی تێكەڵاو كردووە، یەكەم/ رۆژنامەوانی، یان رۆژنامەگەری لەگەڵ رۆژنامە، رۆژنامەنووس مەعلوماتی تایبەتی خۆی هەیە، زۆر شت هەیە كە لە قانونی رۆژنامە دەبێت تۆمار بكرێت، ئێستا لێرە هیچ شتێك تۆمار نەكراوە، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من ئەو خاڵانەی كە عیلاقەی بە رۆژنامەوە هەیە لەم مەوزوعە دەربكرێت، تەنها رۆژنامەگەری، رۆژنامە، رۆژنامەنووس، مافەكانی چین؟ تەبیعی تەحلیلێكی زۆر رێك و پێك هەیە، ناوی ئەمریكات هێنا

بەڕێزت، بەنیسبەت ڕۆژنامەنووسەوە دەڵێت ئەو کەسەیە کە ئیختیاری نووسینی کردووە، بۆ ژیان، ئیتر هەر کەسێك بێت پیشەکەی تەئمینی نووسینی ئیختیار کردووە بۆ ژیانی، پێی دەگوترێت ڕۆژنامەنووس، ئەم مەوزوعەش زیاتر عیلاقەی بە مافەکانی ڕۆژنامەنووسە، چۆن کار دەکات؟ چ مافێکی هەیە؟ چ ئازادییەکی هەیە؟ چی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بگەیەنینە ئاستی ئەمڕۆ، بە حەقیقەت من ئەم مولاحەزەیەم هەیە داوای لێبووردن دەکەم، لەم ماددەیە ئەگەر لەوەو پێش گوتبمان ئێمە عیلاقەمان بە دەرەوە نییە، لەم ماددەیە دەبێت ئێمە عیلاقەمان بە هەموو دنیاوە هەبێت، چونکە زۆر بە چاوێکی ورد سەیری ئێمە دەکەن، کە ئێمە چۆن مامەڵەی ڕۆژنامەنووس دەکەین، چ مافێکی هەیە؟ چ ئازادییەکی هەیە؟ ئەمانە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت خۆمان ببەستینەوە بە دەرەوە، ناکرێت ئێمە خۆمان جیا بکەینەوە لە دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی ئەوەلەن جەنابت ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیری دەبوایە لەوێ حەسمی بکەیت، یەك، دووەمین/ ئەو تەعریفەی کە کردووت، ئەو کەسەیە کە نووسینی کردووە بۆ ژیان، شەرت نییە وا بێتن، ئەوە مەشهورترین ڕۆژنامەنووس جەنابی کاك فەلەکەدین لێرەیە، هەر ڕۆژانەش شت دەنووسێتن بۆ ژیانیش نییە، مەسئوولیەتی تری هەیە، لێرە دەیان ئەندامی پەرلەمان هەیە ڕۆژنامەنووسن بۆ ژیانیش نییە، ژیانیان لە پەرلەمانە، یەعنی ئەوە شەرت نییە هین بێتن، بە هەر حاڵ ئێستا ئێمە عینوانەکە کەس خیلافی لەسەر عینوانەکە هەیە، عینوانەکە مولاحەزەی لەسەرە، عینوانەکە وایە (پرۆژەی یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان)، نوقتەی نیزام کاك کەریم هەیەتی فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێناسەی ماددەی یەکەممان هەمووی موناقەشە کرد بە تێرو تەسەلی، بەلاّم لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی یاسایی جیاوازیان هەبوو لە پێناسەکاندا، ئێمە لە کۆبوونەوەی هاوبەشدا گەیشتینە سەر ئەو خاڵانەی کە ئێستا لە پرۆژەی هاوبەشدا هاتووە، گەیشتینە یەك را، بۆیە پێم باشە جارێکی تر ماددەی یەکەم موناقەشە نەکرێتەوە، ئەو رایە هاوبەشەی کە خیلافی لەسەر بووەو خوێندرایەوە ئیکتیفا بەوە بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، ڕاستە ئیتیفاقتان کردووە، بەس عەجەلەی مەکەن، ئەوەی پەلەیەتی قسەیەکی هەیە، بەلاّم کە دوو لیژنە ئیتیفاقی کردووە، مانای ئەوە نییە ئەندامانی پەرلەمان ڕەئیان نییە، ڕەنگە یەکێك قسەیەکی بکاتن، ڕەئیەکی مەنتیقی بداتن، ڕەئیەکە دووبارە بۆوە، بەس من ناوەکان دەنووسم، پێش ئەوەش ناوەکان بنووسم داوام وایە موقەدیمەو موئەخیرەی قسەکانتان نەبێت، تەنیا بڵێ ئەو کەلیمەیە زیادە، ئەو کەلیمەیە نوقصانە، نەك بچینەوە سەر نوقاتەکانی ترو ئەوانە، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەربارەی ناوەکەی پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی دوو تێبینیم هەیە، ئەگەر بکرێت بە کارو پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستانەوە، بەس پیشەکەشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە من خۆم لە سێ

گۆڤاردا کارم کردووە وەکو سەرنووسەر، وەکو دەستەی هەیئەی تەحریرو جێگری سەرۆکیش، کاتی خۆی داوام کرد لە نەقابە، کە لێرە باسی نەقیب و سەندیکا دەکات گوتیان مادام میهنەکەت مامۆستای زانکۆی، دەبێت ببیتە ئەندامی فەخری، نابیتە ئەندامێکی وەکو رۆژنامەنووسان، کە پیشەکەی ئەوەیە، ئینجا بۆیە من پێم باشە هەم بۆ رۆژنامەنووسی پیشەکە زیاد بکرێت بلێ کارو پیشەی رۆژنامەنووسی و هەم ناوەکەش لە هەرێمی کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر بۆ ناوەکە کە دەڵێت لە کوردستان، منیش هەمان پێشنیارم هەیە لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئێمە ئەو یاسایە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دەردەکەین، بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەرناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ناوی یاسایەکە، ئێمە کە لە لیژنە دانیشتووین لەسەر کارەکە هیچ ئیشکالمان نەبوو، بۆیە ئیشکالمان نەبوو، چونکە یاسایەکە بۆ کاری رۆژنامەنووسی دانراوە، بەلاّم ئیشکالەکە لە کوێ بوو؟ رۆژنامەنووس، یان رۆژنامەگەر، خیلافەکە لەسەر ئەوە بوو، ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر ئەوە کرد، واتا یاسایەکەش بەندەکانی بخوێنیەوە هەمووی مەسەلەی کاری رۆژنامەنووسی عیلاج دەکاتن بەڕاستی، نەك سەحافە بەو شێوە گشتییە، بەلاّم ئەوەی کاك ئاریز گوتی رۆژنامەگەرییەکە ئێمە هەموومان لەگەڵ دابووینە، بەلاّم بە مانەوەی کارەکە، کاری رۆژنامەگەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ناوی یاسایەکە، جەنابی کاك شێروانیش ئاماژەی پێ کرد، رۆژنامەگەری بێت لە کوردستان و لە عەرەبییەکەش (في كوردستان) بێت، چونکە نەك بۆ ئەوەی کوردستانیە، کاری رۆژنامەگەری کارێکی فراوانە و سنووردار نینە، ئەوێ کو غەیری کورد ژی، یان غەیری کوردستان کار دکەن ئەرك و مافی ئەوانیش وەکو بێتە دەست نیشان کرن، ئەگەر ئەو بەرەڵلایە بن و سنوودار بن ئەرك و مافێت وان یاسایەکە لەنگ دبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئی کاك شێخەڵلاّم هەیە کە کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم بەڕاستی لەسەر دەقە عەرەبیەکە هەیە، وشەی صوحەفی ببێتە صەحافی، چونکە میهنەکە صەحافەیە، بەڕاستی تەنسیبەکەش دەبێت بۆ میهنەکە بێت، ئەگەر بۆتە صەحافی پەیوەندیش بە کوردیەکەوە هەیە دەبێتەوە رۆژنامەگەری، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە موناقەشەی رۆژنامەگەری دەکەین بە عام، رۆژنامەگەری دەبێت موقابیل بە ئیعلامی عام بێت بەرامبەر بە میدیا، ئەگەر مەکتوب و مەقروئە بەڕاستی دەبێت رۆژنامەو رۆژنامەنووسی بێت ئیشکالەکە لەمە دایە، ئێمە ئەگەر بە ئیعلامی عام ئیش دەکەین، دەبێت تەعریف بگۆڕێت (دار نشر الصحافة) خۆی چیە؟ ناشر کێیە؟ مەتبەعە کێیە؟ تەداولی عام چیە؟ ئەمە زۆر شتی تر دەگرێتەوە، ئێستا موناقەشەمان لەسەر عینوانەکەیە، رۆژنامەگەری، یان رۆژنامەنووس، ئەگەر بە ئیعلامی عام، بە میدیای عامە، تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت و ئەوانەش دەگرێتەوە، دەبێت رۆژنامەگەری بێت، بەلاّم ئەگەر صەحافەی مەکتوب و مەقروئە، رۆژنامە لە ئیشتیقاقی کەلیمە لە خۆیەوە وەریدەگرێت، رۆژنامەنووس و رۆژنامەنووسی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موقارەنەی پرۆژە یاسایەکە بە زمانی کوردی لەگەڵ عەرەبیەکەی زۆر گرنگە، چونکە لەڕاستیدا دەبێت هەردووکیان موتابیق بن، بۆیە قانونی صەحافەی ئیقلیمی کوردستان، چونکە ئەگەر قەرارە رۆژنامەگەری بێت، رۆژنامەگەری صەحافەیە، ئینجا (فی اقلیم کوردستان)ەکەش، تەبعەن دیقەتێکی جددی تێدایەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم/ کاك شێروان ئیشارەتی پێدا، من بە چاکی دەزانم کاری ڕۆژنامەگەری بێت، خاڵی دووەم/ ئەو هەرێمە، خۆ ئێمە ئیعتیزاز بە کوردستان دەکەین هەموومان هەڵبەتە، بەلاّم لێرە لە دەستووردا هاتووە هەرێمی کوردستانە، نەك موجەرەد کوردستان بە تەنیا، من پێشنیار دەکەم هەرێمی کوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك محەمەد فەرەج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جاری پێشووش هەر ئەو موداخەلەیەم کرد، یەعنی زۆربەی ئەندامانی ئەم سەندیکایە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕاگەیاندنن، یەعنی هەموو بەشەکانی ڕاگەیاندنی گرتۆتەوە، ئەگەر وشەیەکمان بۆ دروست نابێت، ئەمانە هەمووی یەکتری بگرێتەوە ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەنووسان بگرێتەوە، من پێم باشە بیکەین بە دوو بەش، ئەمە تەنها صەحافە بێت، یەعنی ڕۆژنامەنووسی، ئەم یاسایە تەنها بۆ ئەوان بێت کە سەندیکاشیان هەیە، هەر لە ئێستاوە بیر بکرێتەوە بۆ ڕاگەیاندنیش کۆمەڵێك کادیری زۆر ئیشی تیا دەکەن، وتار دەخوێننەوە، یان ڕاپۆرت دەنووسن، هەمووی وەکو نووسین وایە، ئەم ڕاپۆرتانە بێگومان کاریگەریان هەیە لەسەر مافی خەڵك، مافی گشتی، مافی تاك، ئەو کاریگەریەی کە نووسینێك دیاری دەکات و دروستی دەکات، هەمان وتار لە تەلەفزیۆن، یان لە ڕادیۆ، هەمان کاریگەری هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر ئەمە ناتوانن وشەیەك هەمووی بگرێتەوە، ڕاگەیاندن بە بیستراو و نووسراو و بینراو بگرێتەوە، با بەشی بکەین، بیکەین بە دوو بەش، ئەمە تەنها بۆ نووسراو بێت، بیستراو و بینراوەکە یاسایەکی تایبەتی بۆ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەسڵی پرۆژەکە کە هاتووە، تەنها ئیزافەیەکی بۆ بکرێت، ئەگەرنا ئەسڵی پرۆژەکە چۆن هاتووە، ئەوها باشترە (مشروع قانون العمل الصحفي في اقليم کوردستان)، چونکە بە ڕەسمی هەرێمی کوردستانە، نەك کوردستان، بە کوردیەکەشی (پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان)، یان ئەگەر ڕۆژنامەنووسی وشەیەکی تۆزێك هینە، دەتوانین لە جیاتی ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەوانی بەکار بێنین، نەك ڕۆژنامەگەری، ڕۆژنامەگەری لێرە جێگەی خۆی ناگرێتەوە، بەس ڕۆژنامەوانی (العمل الصحافي) عەینەن کاری ڕۆژنامەوانیە، کاری ڕۆژنامەنووسی، ئەوەیان بەلای منەوە باشترە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونەکەم گوترا، تەنیا هەر بۆ بیر خستنەوە ناوی پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەگەری بێت لە هەرێمی کوردستان، لێرە کار وەکو پیشە بە مانای پیشە دێت، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کەوا کاری پیشەگەری بێت، بە عەرەبیەکەشی هەر بەو مانایە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ناوی یاسایەکە، دەبێت لە عەرەبی و کوردیەکە موتابق بن، بۆ ئەوەی تەرجومەکە دروست بێت، بە کوردیەکە ببێت بە یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان، چونکە بەڕاستی ئەم (یا)ی تەنسیب هەموو جار مانای لە ناگەیەنێت، لە عەرەبیەکەش (مشروع قانون العمل الصحافي في كوردستان)، ئەوها زۆر رێکتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینیم نییە لەسەر ناوەکە، بەلاَم لەسەر پێناسەکە دوو رەئیم هەیە، نازانم ئێستا باسی بکەم، یان دوایێ، لەسەر پێناسەکان، بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لەسەر ناوی یاسایەکە ئەوەی کە هەردوو لیژنەکە موافەقەتیان لەسەر کردووەو جەنابی وەزیریش موافیق بووە، کۆبوونەوەی تایبەت کراوە ناوی کراوەتە (پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەری کوردستان)، بەلاَم ئێستاکە لەو مولاحەزاتانەی کە دران و دووبارە بۆوە، تەئکید لەسەر ئەوەی دەکەنەوە، کە دەبێت لە هەرێمی کوردستان بێت، نەك کوردستان بە تەنیا، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەش دێن ئەو قانونە بیانگرێتەوە، موراسیلی تریش بێن هی جەریدەی تر بن دەیانگرێتەوە، ئەوە حەز دەکەم هەردوو لیژنە رەئی خۆیان لەسەر بدەن، عەرەبی و کوردیەکە تەئکید دەکەنەوە، کە هەردوولا دەبێت وەکو یەك بێت، بە تەئکید وایە، یەك شت دەڵێم، هیچ مومکین نییە، نە ئەو قانونەو، نە هیچ قانونێك 100٪ رەئی وەکو یەك بێت، هیچ مومکینیش نییە، هیچ قانونێك دەربکەین 100٪ خەڵکی کوردستان، یاخود خەڵکی هەر ولاَتێك کە قانون دەردەچێت 100٪ تەئیدی بکەن، ژمارەیەك هەر دژی دەبن، ژمارەیەك هەر هەڵیدەسەنگێنن بە ئیجابیات و سلبیات، بەلاَم یەکەم ئەوەیە ئێمە وەکو پەرلەمان بە مەسئوولیەتەوە چی بە باش دەزانین بۆی دەکەین، تەحەمولی ئەو مەسئوولیەتەش دەکەین، ئەگەر لە ئایندەدا هەر هەڵەیەکمان کرد بێت، ئەوەندە جورئتمان هەیە دانی پێدا بێنین و بە دە ئەندام تەقدیمی پرۆژەیەك دەکەن و هەمواری دەکەنەوە، بۆیە ئەوەندە تەرەدود لەسەر عامەکەن، یەعنی شتی وامان هەیە بە دە کۆبوونەوەش تەواو نابێت، ماددەی یەکەم لەسەر ناوەکەیە، ئەوە دوو جارە موناقەشە دەکەینەوە، من رەئی لیژنەی

یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری بۆ زیاد کردنی نەك کوردستان (لە هەرێمی کوردستان)، کە ژمارەیەکی زۆر ئاماژەیان پێ کرد، ئەوە دەمەوێت هین بکەم، فەرمووو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لاریمان لەسەر ئەوەی نییە، کە بکرێت (لە هەرێمی کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە هیچ ئیشکالێك دروست ناکات، بەلاَم سێ هۆکار بوونە هۆی ئەوەی کە ئەوە دانەنرێت، من بەش بە حاڵی خۆم کێشەم نەبوو، یەك/ ناوی سەندیکایەکە پرۆژەکەیان ئامادە کردووە، ناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، نەك هەرێمی کوردستان، ئەوە یەك، ئەو رۆژەش لە کۆبوونەوە باسمان کرد.
دوو/ ئێمە پێناسەی هەرێممان کردووە لەو لایە، یەعنی کوردستان، یەعنی هەرێمی کوردستان – عێراق، یەعنی کێشەمان نییە، ئەوە خاڵی دوو.
سێ/ ئێمە کە باسی دەکەین، بێگومان کاتێك کەسێك لە دەرەوە دێت لێرە کار بکات، دەبێت موڕاعاتی قەوانینی ئێرە بکات، یەعنی ئێمە دەڵێین لە کوردستان، واتا پەرلەمانی کوردستانە یاسایەك دەردەکاتن بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی لێرە ئیش دەکات، لەبەر ئەوە کێشە نییە، بەلاَم ئەگەر زیادیش بکرێت، دیسان ئەویش کێشە نییەو هیچ ئیشکالی تێدا نییە، بەلاَم مولاحەزەیەکی ترم هەیە، حەز دەکەم لەسەر خودی ناوەکەی، هەندێك لە برادەران باسی ئەوەیان کرد (العمل الصحفی) بکرێتە کاری رۆژنامەگەری، بێگومان ئەگەر تۆ وا دیقەت دەدەیت سێ کەلیمەیە، (العمل الصحفی) یەعنی (مشروع قانون العمل الصحفی) دەبێت سێ کەلیمەش بێت لە کوردی، بەس شەرت نییە لە کوردی بەوە بێت، ئێمە کە گوتمان رۆژنامەگەری، (گەر) یەعنی ئیشە، یەعنی کارە، یەعنی پیشەیە، هیچ پێویست ناکات عەمەلەکەی بۆ زیاد بکەین، ئەو رۆژەش قسەمان کرد، خۆشمان وامان نووسی بوو، دوایێ کۆمەڵێك برادەر مولاحەزەیاندا لە لیژنەی رۆشنبیری گوتیان گەری، ئاسنگەری، مسگەری، زێڕنگەری، هەموو ئەو گەڕیانە خۆی کارە، لەبەر ئەوەی کاری بۆ زیاد نەکەین، شەرت نییە لە عەرەبییەکە چۆنە وا بێت، چونکە هەمان مانا دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی پێمان وایە یاسای رۆژنامەگەری ماناکەی عەمەلی صەحەفی دەگەیەنێتن، کە لە عەرەبییەکەی هاتووە، هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من ئێستا ئەو مەوزوعە با حەسم بێتن، بەس پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدان حەز دەکەم جەنابی وەزیریش ئەگەر رەئیەیەکی هەیە لەسەر ئەو موناقەشەیەی کە کرا لەسەر ناوەکە، فەرمووو.

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی یاسایەکە، یاسای رۆژنامەگەری باشە، پەسندە، بێگومان لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسایەکە ئەویش دەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك كەریم دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر شتێكی وا نییە، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا پێناسەی رۆژنامەنووس، بەڕاستی وەكو ئیتیفاقمان لەسەر كردووە نەمان خوێندەوە، پێمان باشە پێناسەی رۆژنامەنووس بەو شێوەیەی لێ هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ ناوەكەیە، تەنیا ناوەكەیە، كەواتە ئێستا ناوەكەی وا لێ بكەین كاك كەریم لە لای خۆتان (پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی كوردستان)، وەرە سەر واژەكانی تر، بۆ ئەوەی دواتر ماددەكە هەمووی بخەینە دەنگدانەوە، ماددەی یەكەم:

هەرێم: هەرێمی كوردستانی عێراق، ئەوە هیچ گۆڕانكاریتان لەسەر نەكردووە.

دوو/ سەندیكا: سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، ئەوەشتان نەگۆڕیوە.

سێ/ نەقیب: نەقیبی رۆژنامەنووسانی، ئێستا دەكرێتە چی، وەكو خۆیەتی.

چوار/ رۆژنامەوانی: گۆڕاوە، باشە ئەوە بۆتە رۆژنامەگەری، ئەی چی گۆڕاوە لە تەعریفەكەی بیخوێنەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێناسەكەی بەو شێوەیەی لێهاتووە:

رۆژنامەگەری: كاری رۆژنامەگەرییە لە هەموو كەناڵەكانی راگەیاندن، تەنها ئەوەندە بەو شێوەیە.

یەعنی بە عەرەبیەكەی بەو شێوەیەی لێهاتووە: (العمل الصحفی فی جمیع قنوات الاعلام).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رۆژنامەگەری: كاری رۆژنامەگەرییە لە هەموو كەناڵەكانی راگەیاندن، تەواوە، رۆژنامەنووس چی لێهاتووە؟

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رۆژنامەنووس بەو شێوەیە پێناسە كراوە، هەر كەسێك كە كاری رۆژنامەگەری بكات لە هەر كەناڵێكی راگەیاندندا، واتا ئەوەی بەپێی یاسایەكانی نەقابەی صەحەفی و نازانم چی، ئەو لادراوە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە عەرەبیەكەی دەبێتە (كل شخص یمارس العمل الصحفی فی جمیع قنوات الاعلام).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەی رۆژنامە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رۆژنامە وەكو خۆی هەر چاپەكراوەیەك كە بە خولەكی بەناوێكی دیارو یەك لە دوای یەك رێك و پێك دەربچێت و بلاّو بكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە هەمووی بخوێنەوە لە عینوانەوە، تاکو بیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆ لە جەلسەی پێشوو گوتت هیوادارم ئەمە خۆتان تێرو تەسەلی بکەن و بەدواییدا بگەڕێن، منیش بەڕاستی کە گەڕامە ماڵەوە کۆمەڵێك شتم هێنایە بەردەمی خۆم دامنا، بەنیسبەت رۆژنامەوانی، تەعاریفەکانی، با ئێمە بە دوای شتێکی جوان و گونجاودا بگەڕێین، ئێستا بەڕێزتان رۆژنامەوانیتان کرد بە رۆژنامەگەری لەگەڵتاندام، بەڵام چۆن پێناسەیەکی گونجاوی چاك هەیە، دەڵێت ئەنجامدانی، بۆ کێ ئەنجامی دەدەیت؟ غێر دەبێت یەکێك هەبێت وەریبگرێت، ئینجا کە ئەو پێناسەیە من بە دوای دەگەڕام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجامدان نەماوە، رۆژنامەوانی کرا بە رۆژنامەگەری، ئەنجامدانی لادرا، شەتب کراوە، بۆتە کاری رۆژنامەگەری لە هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژنامەگەر کێ وەریدەگرێت؟ ئێمە وەریدەگرین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ روون کردنەوەیەك، بۆ ئەوەی ئێمە لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان تەعریفی رۆژنامەنووس کراوە، چواردە حاڵەتی داناوە، چواردە جۆر، یەعنی تەنها نووسەر نییە، پەیامنێریش دەگرێتەوە، وەرگێڕیش، موصەوەریش، ئەوانەی کە لە دیزاینەرە، ئەوانە هەمووی شەفەوین ئیعتیبار دەکرێن بە رۆژنامەنووس لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان، لەبەر ئەوە ئەمە هەر سێ مەجالی گرتۆتەوە، یەعنی نووسراو و بینراو و بیستراو، هەر سێ مەجالی گرتۆتەوە، ئەوە لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان هەیە، ئیتر پێویست ناکات ئێمە جیای بکەینەوە بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ دوا جار بیخوێنەوە کاك کەریم، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، بە هەردوو زمان، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم: ئەم زاراوانەی خوارەوە بەم مەبەستانەن کە لەم یاسایەدا بەکار دراون:**

**هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.**

سەندیکا: سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

نەقیب: نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

رۆژنامەگەری: کاری رۆژنامەگەرییە لە هەموو کەناڵەکانی راگەیاندندا.

رۆژنامەنووس: هەر کەسێکە کە کاری رۆژنامەگەری بکات لە هەر کەناڵێکی راگەیاندندا.

رۆژنامە: هەر چاپکراوێك کە بە خولەکی و بەناوێکی دیارو یەك لە دوای یەك و رێك و پێك دەربچێت و بلاو بکرێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون العمل الصحفي في اقليم كوردستان**

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولاً/ الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً/ النقابة: نقابة صحفي كوردستان.

ثالثاً/ النقيب: نقيب صحفي كوردستان.

رابعاً/ الصحافة: مزاولة العمل الصحفي في جميع قنوات الاعلام.

خامساً/ الصحفي: كل شخص يمارس العمل الصحفي في جميع قنوات الاعلام.

سادساً/ الصحيفة: المطبوع الذي يصدر دورياً بأسم معين وبأعداد متسلسلة وبانتظام ومعد للتوزيع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر (جميع)ەکە لاببەن لە عەرەبییەکە هاتووە، خۆی لە کوردیەکە لە هەر کەناڵێك، بڵێ (في قنوات الاعلام المختلفه) نوقاتی نیزام هەیە، کاك غەفور و دکتۆرە شوکریەو کاك بارزان، فەرموو کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ناوی یاسایەکە رەئی جیای لەسەر بوو و موناقەشەش کرا، من پێم باشە بەڕاستی ناوی یاسایەکە ئەوەل جار بەتەنها بخرێتە دەنگدان، دواتر ماددەی یەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ناوەکە یەکلایی بکرێتەوە، نەك هەردووکی تێکەلاو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە ماددەی سێدا دوو زاراوە هاتووە، ئەویش خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرە، لە ماددەی یەکەمدا ئەم دوانەی تیا نییە، بە رەئی من پێم باشە ئەگەر بخرێتە راوبۆچوونەوە، ئەو دوو زاراوەیەش زیاد بکرێت، وەکو تەعریفێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە ماددەی دوو و سێ هاتووە، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت لام وازیح بێت، بەس مەقروء و مەكتوبە، یان هەموو قەنواتە، ئەگەر وایە تەعریف زۆر دەگۆڕێت، كە دەڵێت ئەمە دار نشر دێت، مەتبەعە دێت، دوایێ خۆی عەمەلی صەحەفی، عەمەلی صەحافە چیە؟ یەك و دوو و سێ، دەبێت دیاری بكرێت و تەعریف بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەندەی من تێگەیشتووم تكام وایە بۆم ڕاست بكەنەوە، جەنابی وەزیرو ئەوانە، ئەو قانونە قانونی ڕۆژنامەگەرییە، یەعنی واتا ئەوانەی لە ڕۆژنامە كار دەكەن، بەلاًم كە تۆ تەعریفت زاراوە دەكەیت، دەڵێی سەندیكا چیە؟ نەقیب چیە؟ ڕۆژنامەوان چیە؟ بە تەئكید ناڵێیت ئەوەیە، ئیلا دەبێت لە ڕۆژنامە ئیش بكات، چونكە ئەوە لە ئیعلامیش ئیش دەكات ڕۆژنامەوانی، تێ دەگەیت چۆن، بەلاًم كە دەچیت بۆ ناو یاسایەكەوە، یاسایەكە تەنیا ڕێكخستنی كاری ڕۆژنامەنووسانە كە لە ڕۆژنامە كار دەكەن، ئەوەندەی من تێگەیشتووم، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە دووشەممەی ڕابردوو گفتوگۆمان لەسەر ئەوە بوو، ئایا هی ڕۆژنامەگەری بێت، یان هی ڕاگەیاندن بێت، ئێمە دوایی ساغ بووینەوە لە لیژنەی یاسایی و ئەوانە، كە ئەوە هی ڕۆژنامەگەری بێت، حەز دەكەم ڕوونی بكەینەوە ئەو پرۆژە یاسایە ئەوەی ڕۆژنامەو شتەكانی وەكو ڕۆژنامەی چاپی ڕۆژنامە دەگەیەنێت، بەلاًم ڕۆژنامەنووس لە هەر كەناڵێك بێت، هەمان ئەركی لەسەرەو هەمان مافی هەیە، ئەوەی كە لێرە دایە، واتا ڕۆژنامەنووس كاتێك ئێمە دێین مافی ڕۆژنامەگەری چاپكراوە، نەك هی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، چونكە ئێمە پێویستمان بە یاسایەكی ترە، بۆ ئەوەی كاری كەناڵەكانی ڕاگەیاندن تەلەفزیۆن و ئەوانە ڕێك بخاتن، بەلاًم لێرەدا نییە، بەلاًم ئەوە تەنیا چاپكراوە، ڕۆژنامەنووسیش لە هەر كەناڵێك بێت، هەمان ئەرك و مافی بەسەردا دەسەپێت، كە لەو یاسایەدا هاتووەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی كاك غەفور گوتی، كاك غەفور ئەو قسەیەی جەنابت ڕاست بوو، ئەگەر ئیختیلافی لەسەر هەبوایە، بەلاًم چوار، پێنج ئەندامی پەرلەمان گوتیان (لە هەرێمی كوردستان) هەردوو لیژنەش مانعیان نەبوو، كەواتە ئیشكالێك نییە، نەخێر مانعیان نەبوو، دەڵێت مانعمان نییە، بەلاًم ڕەئیمان وایە، ئەگەر وا بوایە، ئەو وەختی قسەی تۆ بوو، وتت مانعمان نییە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتمان هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێت، یەعنی تێدا بێت، یان تێدا نەبێت، بەلاًم هۆیەكانی ئەوەی بۆچی تێدا نەبێت؟ ئێمە كە پێكەوە دانیشتین بۆچی تێدا نەبێت، لەبەر ئەو هۆكارانە بوو، سێ هۆكار هەبوو كە تیامان دانا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەكیدا گوتی ناوی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانە، بڵێ وایە، یەكێتی كرێكارانی كوردستان، مامۆستایان، هەموو لەقەبەكە وایە، مەوزوعیش وایە قانون كە دەربكەیت، دەبێت لەگەڵ دەستووری عێراق بگونجێت، دەبێت لەگەڵ واقیع بگونجێت، فەرمووو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە تەعریفی رۆژنامە هەر چاپكراوێك كە بە دەوری خولەكی دەربچێت، باشە ئەو رۆژنامانەی كە بەدەوری لە یادەوەریەكاندا دەردەچن، بۆ نموونە لە یادی هەڵەبجە، ئەنفاڵ، رۆژنامەی تایبەت بە یادەكە دەردەچن، ئەمانە ئەم یاسایە شمولیان دەكات؟، ئەمە یەك.

دووش/ لە ماددەكانی دوای ئەوە باسی ئاسایشی نەتەوەیی دەكرێت، ئاسایشی نەتەوەیی، بەڕاستی یارمەتیم بدەن باسی بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هێشتا نەهاتووینە سەری، عەفوو، كەی هاتینە سەری باسی دەكەین، فەرمووو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یەكەم پێناسەی نەقیب كراوە، بەس وابزانم لەناو یاسایەكەدا نییە، ناوی نەقیب نەهاتووە، هەر سەندیكا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە قانونەكە ناوی نەهاتبێت، پێویست ناكاتن، نازانم، كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیتیفاقمان كرد كە ئەم یاسایە پەیوەندی بە كاری سەحەفی هەبێت، بە كاری رۆژنامەوانی هەبێت، بەكاری رۆژنامەگەری هەبێت، بەس هەست دەكەم دەردەچین لەو چوارچێوەیە، ئەمە عەمەلی صەحەفییە، نەك شتێكی تر، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم خۆشە ئەندامانی پەرلەمان بگەڕێنەوە یاسای چاپەمەنی، لەوێ لە ماددەی یەكەم (4- المطبوع الدوري/ كل مطبوع یصدر باستمرار وبأعداد متسلسلة وفي اوقات معینة كالجرائد والمجلات ونشره الى ذلك)، لە ساڵی 1993ەوە حەل كراوە، ئەوەی مەتبوعە جەریدەو موجەلات دەگرێتەوە، ئەوە تەواو لە ساڵی 1993ەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

له ناحیەی زمانەوانی چاك دەكەینەوە، نوقتەی نیزام كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وەلاَمێكم پێیە بۆ سارا خان و بۆ كاك بارزانیش، یەكەم/ نەقیب لە ماددەی نۆ هاتووە، دووەم/ ئەو یادەوەریانە، ئەگەر سالاَنەش بێت، ئەویش دەوریە، هەموو سالێك جارێك دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دواتر ناحیەی زمانەوانی تەبعەن هەر خەلەلێك هەبێت چاكی دەكەین، پێش ئەوەی دەربچێت، ئەوە موشكیلە نییە، ماددەكە لەگەڵ ناوی پرۆژەكە كە خوێندرایەوە لەگەڵ ماددەی یەكەم، قسەت كرد ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر تەعریفەكان رای خۆم هەبوو، نازانم بیڵێم، یان نەڵێم، چونكە گوتت دوایێ، وامزانی دوایێ دەخرێتە موناقەشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆت داوای قسەت كرد لەسەر ماددەی یەكەم بوو تەعریفەكان بوو، ئیتر قسەت نەكرد، فەرموو بزانم چیت هەیە.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر رۆژنامەنووس دوو پێناسەم هەیە، ئەگەر رەئیتان لەسەر هەبێت، هەر كەسێك كاری نووسین بكات بەشێوەیەكی سەرەكی و رێك و پێك و جێ بەجێی بكات، زیاتر لە یەك بلاَو كراوەكانی رۆژانە، ئەوە یەك. دوو/ لەسەر رۆژنامەگەری، ئەمە دەسەلاَتی گەلە، یەعنی خەڵكە، بۆ كار كردن لەسەر پەیامەكەی بە ئازادی لێپرسراوە لە خزمەتی كۆمەڵگە، بۆ دەربڕینی جۆراوجۆری ئاراستەكان و بیرو راكانی، ئەمەش لە چوارچێوەی بنەماكانی كۆمەڵگەو حوكمەكانی دەستووری یاسا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تەبعەن ئێمە زۆر موناقەشەمان كرد، بەلاَم هەردوو لیژنەی هاوبەش لەسەر بڕیاری ئێوە كۆبوونەوەیان كرد بە ئامادە بوونی جەنابی وەزیرو ئەو موناقەشاتانەی ئێوە، مولاحەزاتەكانتان هەندێكی بەجێ بوون هەردوو لیژنەكەش موافەقەتیان كردو خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، ناوی پرۆژەكەو ماددەی یەكەم، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

1- سانسۆر لەسەر رۆژنامەوانیی نییەو ئازادیی بلاَو کردنەوە دەستەبەرە بۆ هەر هاوولاَتییەك لە سنووری یاساو لە چوارچێوەی پاراستنی ئازادییە تایبەتییەکانی تاك و داب و سیستەمە گشتییەکاندا.

2- بواردان بە رۆژنامەنووس بۆ ئاگادار بوون لەسەر هەر بابەتێك کە بۆ کۆمەڵگا لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتیدا.

3- رێگەدان بە بلاَوکردنەوەی رەخنەو راو بۆچوون.

4- وەدەستهێنانی ئەو زانیاری و هەواڵ و ئامارانەی کە لای هاوولاَتیان گرنگن، لەسەرچاوە جۆراو جۆرەکانەوەو شیکردنەوەو دەستاو دەستکردنیان و بلاَو کردنەوەو را لەسەر دەربڕینیان، هەروەها پێویستە هەر فەرمانبەرێك، یان ئەو کەسەی راژەی گشتی پێڕاسپێردراوە بە حوکمی کارەکەی زانیاری گشتی پەیوەند بە هەرێم و کۆمەڵگای لایە بواری بەدەستهێنانی بۆ رۆژنامەنووسان بڕەخسێنێت، مەگەر نهێنی بێت، یان پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەبێت.

5- بەنهێنی هێشتنەوەی سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵە دەستکەوتووەکان، سەبارەت بەو داوایانەی دراونەتە دادگا، مەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری پێچەوانەی ئەوە بدات.

6- نابێت گوشار بخرێتە سەر سەرنووسەر، یان کەسی دیکە بۆ ئاشکراکردنی ناوی نووسەری ئەو بابەتانە، یان گرتنەبەری هەر رێکارێك بە مەبەستی گەیشتن بە زانینی ئەو ناوانە، بە مەرجێك رۆژنامەکە بەرپرسیارێتی یاسایی لە ئەستۆ بگرێت.

7- هەر کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مافی خاوەنداریێتی رۆژنامەو دەرچواندنی هەیە.

8- نابێت رۆژنامە رابگیرێت و رێگە لە دەرچوونی بگیرێت، یان دەستی بەسەردا بگیرێت، تەنها بە بڕیارێکی دادوەری نەبێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینیم کرد نوسخە عەرەبیەکە جیاوازی هەیە لەگەڵ نوسخە کوردیەکە، بەس ئەوەی بۆ ئێمە هاتووە، هەر ئەوە دەخوێنینەوە:

المادة الثانية:

1- الصحافة حرة ولا رقابة عليها وحرية النشر مكفولة لكل مواطن في حدود القانون وفي اطار الحفاظ على الحريات الخاصة للافراد والاداب والنظام العام.

2- فسح المجال لنشر النقد والاراء.

3- الحصول على المعلومات والاخبار والاحصائيات التي تهم المواطنين من مصادرها المختلفة وتحليلها وتداولها ونشرها والتعليق عليها وعلى كل موظف او مكلف بخدمة عامة في حيازته معلومات عامة بحكم وظيفته تتعلق باالاقليم والمجتمع اتاحة تلك المعلومات للصحفية مالم تكن سرية او ماسة بأمن الاقليم في حدود القانون.

4- ابقاء مصادر المعلومات او الاخبار التي يتم الحصول عليها في سرية بالنسبة للدعاوي المعروضة على المحاكم الا اذا قررت المحاكم المختصة خلاف ذلك.

5- لا يجوز اكراه رئيس التحرير او غيره لحمله على افشاء اسماء كتاب المقالات والقيام بأية اجراءات بقصد الوصول الى معرفة هذه الاسماء الا بقرار قضائي على ان تتحمل الصحيفة المسؤولية القانونية.

6- يحق لكل شخص طبيعي او معنوي تملك الصحف واصدارها وفقاً لاحكام هذا القانون.

7- حظر تعطيل الصحف ومنع صدورها او مصادرتها الا بقرار قضائي.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی دووەمی پرۆژەكەوە هەیە لیژنە پشتگیریی دەكات و پێشنیاز دەكات تەنیا برگەی (4)ی بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:

(ابقاء مصادر المعلومات او الاخبار التي يتم الحصول عليها في سرية بالنسبة للدعاوي الا اذا قررت المحكمة المختصة خلاف ذلك)، بەڵام سەبارەت بە راپۆرتی هاوبەش دوو رەئی جیاواز دەربارەی مانەوەو لادانی رستەی داب و نەریتی، واتا سیستەمی گشتی، واتا (النظام والاداب العامة) هەیە، هەروەها سەبارەت بە برگەی دووەم وەك ئەوەی خوارەوەی لێ بكرێت:

(ئازادی بڵاوكردنەوەی رەخنەو دەربڕینی بیروڕا).

3- دەربارەی برگەی (3) لەمەسەلەی هێشتنەوە یان لابردنی دەستەواژەی (یان زیان بەئاسایشی هەرێم بگەێنێ) دوو بۆچوون هەیە (كە ئایا ئەو دەسەواژەیە لابدرێ یان، نا).

4- برگەی (4) وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێت:-

(دەربارەی دەعواكان، سەرچاوەی زانیاریو هەواڵەكانی وەدەست هێنراو، بەنهێنی بمێننەوە، مەگەر دادگای پێوەندیدار تەنیا بۆ یەكلایكردنەوەی دەعواكە بڕیاری پێچەوانە بدا).

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتمان لە زۆر برگەو ماددەدا، ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی جیاوازیمان نەبوو، بەڵام جیاوازیەكانی ئێمە لێرەدا بووە، لێرەشدا دەردەكەوێت، كە جیاوازی ئێمە چیە، لە ماددەكە لە چەند برگەیەك جیاوازی بیرو بۆچوونمان هەیە، لە هی یەكەم/ لەسەر مەسەلەی داب و نەریت و سیستەمی گشتی، ئێمە پێمان وایە لەو یاسایەدا ئەوە جێی نابێتەوە، دیارە ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەین داب و سیستەمی گشتی بپارێزرێت، كەسمان كێشەمان لەوەی نییە، یەعنی بڕوا دەكەم هەموومان لەگەڵین، بۆ ئەوەی برادەرێك دوایی كە دەڵێن ئێمە لەگەڵ ئەوەین نەنووسرێتن، مانای ئەوە نییە ئێمە لەگەڵ نین، بەڵام لێرە پێویست ناكاتن، لەبەر یەك هۆكار، هۆكارەكەشی ئەوەیە ئێمە لە لایەك نەمانتوانیوە داب و نەریت و سیستەمی گشتی پێناسە بكەین لەو یاسایەدا، ئەوە یەك.

هۆكاری دووەم/ ئەوەیە، ئەوە زۆر فراوانە، ئەو فراوانیە وا دەكاتن، كە دواتر تەفسیری جۆراوجۆری بۆ بكرێتن، پێمان وایە ئەو تەفسیرە جۆراو جۆرەش لەو هەلومەرجەی كە ئێمەی ئەمڕۆ تێداینە لە كوردستان زۆر ئاسانە لە رابردوو بە ئەزمون بینومانە، رەنگە  ببینین، بۆیە پێمان وایە ئەو مەسەلەیەی تێدا نەبێت، كەسێك كە دابو نەریت پێشێل دەكات، كەسێك كە سیستەمی گشتی پێشێل دەكات لە یاساكانی تری بەركار، ئەوە جێی كراوەتەوە.

سەبارەت بە جوملەكەشمان برگەی یەكەم حەز دەكەم برادەران لە پێشیان بێت سەیری بكەن، ئێمە دامانڕشتۆتەوە بەشێوەیەكی تر ئێستا كاك جەمال دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(سانسۆر لەسەر رۆژنامەگەری نییەو، راگەیاندن و بلاّو کردنەوەی بۆ هەر هاووڵاتییەك لە چوارچێوەی یاساو پاراستنی ئازادییە تایبەتییەکانی تاك دەستەبەرە).

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا لێرەدا ئێمە ئەوەی داب و نەریتی سیستەمی گشتیمان لاداوە، تەئکیدیشی دەکەینەوە کە ئێمە بەڕاستی پێویستیمان بەوە نییە، ئەوە دڵنیاشتان دەکەینەوە، دەبێتە مایەی رەخنە لێ گرتنێکی زۆر لەو یاسا گرنگەی کە ئێمە ئەمڕۆ بۆی دانیشتووین و پەسندی دەکەین، ئەوە لێرەدا یەکێك لە جیاوازەکانمان.

جیاوازیەکی تر، لە خاڵی چوارەم لە کوردیەکەی وابزانم پێنجەمە، ئێمە پێشنیارمان کردووە، ئەو خاڵە بکرێت بە دوو بڕگە، واتا چوارەم بکرێت بە دوو بڕگە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار، هۆکارێکیان ئەوەیە، بەڕاستی رستەی دوورو درێژو لێکدراوە، هەروەها بڕوا ناکەم رستەیەکی قانونی بێت.

دووەمیش/ ئەوەیە، کە ئێمە کاتێك دەیکەین بە دوو بڕگە هیچ لە ناوەڕۆکەکەی ناگۆڕێت، تەنیا ئەوەی ئێمە جیاوازیمان لەسەر هەیە، بۆیە ئێمە ئەوەشمان دارشتۆتەوە، لە شوێنێکیش کە باسی رۆژنامەنووسان بڕەخسێنێت مەگەر نهێنی بێت، یان پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەبێت، ئێمە لێرەدا پێویستیمان بە روون کردنەوە هەیە، بڕوا ناکەم هاووڵاتیەك، کوردستانیەك، عێراقیەك هەبێت لەگەڵ پاراستنی ئاسایشی هەرێم نەبێت، بەلاّم ئایا ئاسایشی هەرێم چیە؟ کێ دەتوانێت پێناسەی ئاسایشی هەرێم بکات؟ ئەگەر دەتوانین بۆچی نەمان کردووە؟ یەعنی ئاسایشی هەرێم، ئێمە لەگەڵ پاراستنین، بێگومان لەگەڵ پاراستنی ئاسایشی هەرێمین، لێرەدا دەڵێت نهێنی و پاراستنی ئاسایشی هەرێم، بەیانی هەر شتێك دێتە پێشەوە، دەڵێن ئەوە نهێنیە، بەیانی هەر شتێك دێتە پێشەوە، دەڵێن ئەوە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەیە، بۆچی یاسایەکەی ئێمەش، کە یاسایەکە دەریدەکەین و بە پێویستی دەزانین مەسەلەی ئازادی را دەربڕین و ئازادی بلاّو کردنەوەیە، بەلاّم لێرە ئێمە کاتێك دەڵێین بەهۆی بوونی داب و نەریت، کە هەندێ قەید دادەنێین و بەهۆی بوونی نهێنی ئاسایشی هەرێم، هەندێك قەیدی تر دادەنێین، من بەش بە حاڵی خۆم ئەو قسەیە دەکەم و لە لیژنەی رۆشنبیریش زۆربەی هەرە زۆرمان لەگەڵ ئەوە بووینە، کە پێمان وایە ئەوە لە ئەهمیەتی، یاخود لە بایەخی ئەو یاسایە کەم دەکاتەوە، یاسایەکە زیاتر دەبێتە جێی رەخنە گرتن و تانەو تەشەر، دڵنیاشتان دەکەمەوە بەش بە حاڵی خۆم و دڵنیام برادەرانی تریش مەترسی ئەوەیان هەیە، دوایی ئەو بڕگانە تەفسیری جۆراوجۆریان بۆ بکرێت، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو مەسەلەیە بە هەند وەربگیرێت، ئەو دوو خالاّنەی کە ئێمە باسی دەکەین جیاوازی هەڵدەگرن و بوون و نەبوونی ئەوانە بەڕاستی بەندە بە ئاستی پێشکەوتوویی و پێش نەکەوتوویی یاساکە، دووبارەی دەکەینەوە، ئێمە لەگەڵ پاراستنی ئاسایشی هەرێم و لەگەڵ رێزگرتنی داب و نەریتی گشتی و سیستەمی گشتی داینە، بەلاّم ئێرە تەنیا قەید دروست کردنە بۆ یاسایەکە، واتا ئێمە بە دەستێك ئازادی دەدەین و بە دەستێکی تریش لێی دەگرینەوە، ئەگەر ئەوانەی تێدا بمێنێت، ئیتر ئێوەش خاوەنی بڕیارن، لە کۆتاییدا من خاڵێکی ترم هەیە لێرە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، لە کوردیەکە هاتووە، دەڵێن سەرچاوەکانی دانی زانیاری، یان هەواڵ بە نهێنی دەمێننەوە، تەنیا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە، ئێمە تەئکید دەکەینەوە، بەلاّم لە کوردیەکە تەنیا وشەی بەکارمان هێناوە، واتا هەموو دادوەرێك ناتوانێت داوای سەرچاوەی زانیاری بکات، ئیلا ئەگەر کێشەکە پەیوەندی بە یەکلایی کردنەوەکە هەبێت، یەعنی یەکلایی نابێتەوە ئەگەر ناوی سەرچاوەکە نەدات، ناکرێت هەر لە خۆیەوە بدات، تەنیا بۆ یەکلایی کردنەوە، لە عەرەبیەکەش هاتووە، بەلاّم لە کوردیەکە تەنیای تێدایە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، ئەو گۆڕانکاریەی کە ئێمەش تێدا کردوومانە، کاك جەمال دەیخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك ئارێز، کاك جەمال ئەو جارە پێمان بڵێ لە ئەمریکا چۆن تەعامول کراوە، فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن براینە، ئەندامانی پەرلەمان، مەوزوعی نووسین و ئازادی رۆژنامەنووس، بەڕاستی مەوزوعێکی زۆر گرنگە، من هەروا بۆ میسال راپۆرتێکتان نیشان دەدەم، ساڵانە کۆمەڵێك مونەزەمات هەن، کە شت لەسەر رۆژنامەنووس دەنووسن، دەوڵەت بە دەوڵەت باسی دەکەن، لەکوێ ئازادی تیایە؟ لە کوێ ئازادی تیا نییە؟ هەروا بۆ وێنە، لە ساڵی 2003 ئەم وڵاتانە دەست نیشان کراون، کە بە باشترین شێوە رۆژنامەنووس ئازادی هەبووە، فیلەند، ئایسلاند، نیوزلاند، نۆرمەندی، لە ساڵی 2004 مەجموعەیەك وڵاتی تر ئیزافە بووە دێنمارك، ئیرلەند، سلۆڤاکیا، سویسرا، یەعنی لەسەرووی ئەمانەوە نیوزلاند، ئەنلەتیڤیا، ئینجا هاتۆتە سەر باسی ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی تیا نییەو باوەڕیان بە دیموکراسیەت نییەو رۆژنامەنووس رێگەی لێ دەگیرێت و تەحدیدی دەسەڵاتی دەکرێت و دەگیرێن، هەتا یەك هەبێت، کە باسی ئەو وڵاتانە دەکات، کە چەند کەس موحاسەبە کراوە؟ چەند کەس گیراوە؟ چەند کەس پارەی لێ سەندراوە؟ لەو وڵاتانەی کە باس کراوە، هەروا بۆ وێنە، بۆ ئەوەی ئێمە نەچینە ئەو لیستە رەشەوە، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە، کە خەڵکی بەڕاستی بە ئسلوبێکی دیموکراسیانە ئەم هەرێمە هەڵسەنگێنێ، بۆچی؟ چونکە زۆربەی ئەوانەی کە دەیانەوێت لە عالەمەدا شەریکات بکەنەوەو ئەوانە، یەك نوقتە زۆر گرنگە لە لایان، تا چ رادەیەك ئاستی نووسین لەو وڵاتە کراوەیە، ئەگەر ئازادی نووسین هەبێت، یەعنی نووسەر لەسەر گەندەڵی دەنووسێت، یەعنی گەندەڵی دەخاتە بەرچاو، ئەو کەسە دەزانێت ئەگەر گەندەڵی هەبێت و نووسراو بێت، مانای ئەوەیە بیر لەوە دەکاتەوە پێش ئەوەی پارەکە بدات بە کوردستان، لە کوردستان پرۆژەی خۆی بکات، خۆ ئەگەر نووسەر ئازاد بێت هەموو شتێك بڵاو بکاتەوە، ئەو قەناعەت بێنێت، کە لەسەر گەندەڵی و لەسەر شتی خراپ ئەو دەسەڵات و دیموکراسیەت هیچ موشکیلە نییە، زۆر تەشجیع دەبن، کە دێن کارەکانی خۆیان لێرە بکەن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر حەز دەکەم یەك نوقتە هەیە هەموومان بە نەزەری ئیعتبار وەربگرین، ماڧی کەسێتی دەبێت لە هەموو بوارەکاندا حیسابی بۆ بکرێت، کەسێك کە یاساو دیموکراسیەت رێگەی پێداوە، کە بە ئازادی بیر بکاتەوە، بە ئازادی بنووسێت، بە ئازادی هەڵوێستی خۆی بکات، بە مەرجێك تەئسیری نەبێت بۆ سەر ماڧی کەسێکی تر، لە هەمان کاتدا کە رێگە دراوە قسە بکات، بنووسێت، شت بڵاو بکاتەوە، بەڵام ماڧی ئەوەشی پێ داوە، ئەگەر بیەوێت قسە نەکات بە کەسێتی ماڧی ئەوە دراوە، لەم رۆژانە، لەم سێ، چوار رۆژەی ئەخیر لە کۆنگرێسی ئەمریکی لەسەر مەسەلەی دەست نیشان کردنی مەصدەری مەعلومات، لەگەڵ ئەو شوێنانەی تا چ رادەیەك ئەو شوێنانە کراونەتەوە، بۆ ئەوەی مەعلوماتی لێ وەربگرێت، تەبیعی بەعام بەنیسبەت نیزام لە زۆربەی دەوڵەتە دیموکراسیەتەکان بە هیچ شێوەیەك فەرز ناکەن، هەتا مەحکەمە، لێرە باسی ئەوە کراوە، دەڵێت مەحکەمە داوا بکات، دەبێت ئەو نووسەرە مەصدەری مەعلوماتەکەی دیاری بکات، ئەمە شتێکی خراپە، تۆ فشارێکت خستۆتە سەر نووسەر، نووسەرت هین کردووە، وات لێ کردووە، خەڵکیش بەشێوەیەك بیر دەکاتەوە، کە هاوکاری نووسەر نەکات، نووسەر دەستی دەگیرێت، لەبەر ئەوە ئەو نوقتەیە، هەتا مەسەلەی مەحکەمە توانای ئەوەی نییە، یەعنی نابێت توانای ئەوەی هەبێت، ئێمە نابێت توانای ئەوەمان هەبێت رێگە بە مەحکەمە بدەین، کە نووسەر مەصدەرەکانی خۆی دەربخات، بەڵام کە هاتە سەر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەیت، ئەوە چوویە سەر رەئی شەخصی، لەبەر ئەوەی بۆ رەئی شەخصی دوایێ داوای قسە بكە، بەلاّم ئێستا نابێت، كاك دكتۆر ناصح و كاك محەمەد حەكمیش نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رێزم بۆ هەموو برایەك هەیە كە دەچێتە ئەوێ، بەلاّم پێموایە دەبێت شتی نووسراو بخوێننەوە، یەعنی لیژنە، ئەوە لیژنەكەی خۆمانە، یەعنی لیژنەیەكی تر كە دەچێت، ئەگەر جەنابت رێگەی بدەیتێ، بەلاّم پێم وایە چی نووسراوە ئەوە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، قسەكەت راستە، منیش هەر وام كرد، بەلاّم ئیحتیرامم بۆ كاك جەمال، بۆ خیبرەكەی و لە زۆر بواردا موحتاجینە، بۆیە قسەم پێ نەبڕی، كاك ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی جەنابت مەجال دەدەیت شتێكی باشە، بەلاّم دەبێت سنوورێكیش بۆ ئەو مەجال دانە هەبێت، كاك ئارێز یەعنی لە سنووری خۆی دەرچوو، هەروەها كاك جەمالیش، كاك جەمال نەك لە ئەمریكا، ئەوروپاشی گرتەوە، هەمووی دەركرد، یەعنی پێویست ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی لە سنوور دەربچێت قسەی پێ دەبڕم، ئەگەر كەم دەربچێت تەعلیقێكی لێ دەدەم، بە كاك ئارێزم گوت حەماسەت گرتی، یەعنی زیاد رۆیشتی، بە كاك جەمالیشم گوت كاكە ئەوە رەئی شەخصی خۆتە، باشە قەیدی ناكات، كاك محەمەد صالح نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزام نییە، بەلاّم هەر تەوزیحێك لەسەر ئەو بابەتە، عەفوم بكەن، ئێمە لە سەعات دوازدەوە دانیشتووین تا سەعات شەش، تەقریرێكی هاوبەشمان هەیە، ئەوەی كاك ئارێز لەگەڵ تەقریرەكە نییە، تەقریری لیژنەی رۆشنبیری چیە، تەنیا ئەوە بخوێندرێتەوە، نەك ئەو تەوزیحاتە دوورو درێژەی دەیدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لە سنووری خۆی دەردەچێت، ئەوە کاک دکتۆر ناصحە، من نیم، من بەناوی لیژنە قسە دەکەم، هەندێك خاڵ هەیە پێویستە روون کردنەوەی بۆ بدەم، ئێمە لە هەندێك خاڵ ناتوانین هەموو شتەکان بە نووسین بنووسین، ئێمە دەمانەوێت بیرو بۆچوونەکانی خۆمان بۆ بەرێزان روون بکەینەوە، چونکە داکۆکی لەبیرو بۆچوونەکانی خۆم، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین قەناعەت بە زۆرترین خەڵك بێنین، بۆ ئەوەی ئەو بیرو بۆچوونانەی ئێمە تەسبیت بکرێت، ئێمە بۆ ئەوەمان نییە زۆر بلێی بکەین لەسەر مەنصە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە کاك ئارێز، ئەگەر قسەکانت راست بوو، ئەگەر ئێمە لە جەلسەی پێشوو ئیتیفاقمان نەکرد بوایە، کە هەردوو لیژنە دابنیشن و کاك کەمالیش لەگەڵتان دانیشتووە، بۆیە لێرە مەفروزە تەئکید لەسەر ئەوە بکەنەوە، کە ئێوە ئیتفاقتان لەسەر ئەوەی کردووە، خیلافتان هەیە نوقتەی خیلافەکە تەرکیز بکە، بلێ ئەمە رەئیمان وایە، لیژنەی قانونی بلێ ئێمە رەئیمان وایە، دوایێ رەئی ئەندامانی پەرلەمان نیهایەتی پێ دێتن، ئێستا وای لێ ناکەین، ئێستا خاڵ بە خاڵ، بۆ ئەوەی وەختمان لێ نەڕوات، فەرموو کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو شێوازە، کە دەڵێت نوقتەکە نیزامی بێت، نوقتەکە نیزامیە، بۆ دروست دەبێتن، ئەگەر بێتو ئەو دوو رەئیە جیاوازەی کە هەیە لەسەر دوو خاڵە، هەردوو لیژنە بیلێن و بیخەیە موناقەشەوە، ئەو شتانە دروست نابێت، ئەمە یەك.

ئێستاش من پێم باشە بۆ موناقەشە کردنی ئەم ماددەیە خاڵ بە خاڵ نەبێت، لەبەر ئەوەی دوو خیلاف هەیە، ماددەکە هەمووی پێکەوە بێت، هەر کەس کە هەڵدەستێتن لەسەر هەردوو نوقتە رەئی چیە بیلێتن، جەلسەکە ئاسانتر بەڕێوە دەچێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی یەکەمت راستە، من خۆم گوتم، دووەمیشت/ پەسندە، بە هەر حاڵ ئێستا خوێندرایەوە، کاك کەریم باست کرد، کاك ئارێزیش باسی کرد، ئەگەر تەوزیحێکت هەیە، دوایێ دەرگا دەکەمەوە بۆ موناقەشە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەڕاستی لە نوقتە خیلافەکان، پێم باشە تەوزیحێك بدەم، وەکو رەئی قانونی، بۆ ئاداب و نیزامی عام، بمێنێتەوە باشە، بۆ لە ئاسایشی هەرێم کە داوامان کردووە بمێنێتەوە باشە، ئێمە لێرەدا چەند پرەنسیپێك هەیە، بەڕاستی ئێمە پابەندین و مەحکومین، یەکەم/ ئادابی عام، واتا شعوری عام، ئەگەر لە ئادابی عام دەربچێت، واتا شعوری عام بریندار دەکرێتن، چۆن لە یاسا رێگا بدەین صەحافە، ئیعلام شعوری عام بریندار بکات؟ ئەوە یەك.

دوو/ نیزامی عام، واتا بەشێکی گرنگ لە یاسا، نیزامی عام واتا قانون دوو نەوع قەواعیدی هەیە، قەواعید ئامیرە، قەواعیدی موکەمیلە، یان موفەسیرە، لە قەواعید ئامیرەکە دەڵێت هیچ کەس بۆی نییە خیلاف لەو قەواعیدانە ئیتیفاق بکاتن، مەسەلەن کوشتن قەواعید ئامیرەیە، کوشتن جەریمەیە قەواعید ئامیرەیە، کەس ناتوانێت ئیتیفاق لەسەر ئەوە بکات، هەتا (مجنی علیە) ئەوەی دەکوژرێت لەگەڵ بکوژەکە ئیتیفاق بکات بلێ

بمكوژە تاوان نييە، ئەوە نيزامى عامە، (سن رشد) تەمەن بـە هـەژدە سـاڵ دادەنرێـت، كـەس ناتوانێـت لەسـەر ئەوە ئيتيفاق بكات بڵێ نەخێر (سن رشد) هەژدە سـاڵ نييـە، بيسـت و يـەك سـاڵە، يـان بيسـت و پێـنج سـاڵە، كەس ناتوانێت ئيتيفاق لەسەر ئەوە بكات، چونكە قەواعيد ئاميرەيە، ئەوە نيزامى عامە، دەبێت لێرەدا بێتن، ئـەوە تەفسـيرەكە بـوو مەسـەلەكە، سـوڵتەى تەقـديريش لـە مەسـەلەى ئـادابى عـام و نيزامـى عـام سـوڵتەى تەقديرى بۆ قەزا دەگەڕێتەوە، نە هيچ كەسێك، هيچ حزبێك، هيچ لايەنێك بۆى نييە تەفسير لەو مەسـەلانە بكات، ئەوەى لە هەمووى گرنگتر ئەوەيە، ئەگەر بێتو ئـەوەى لابـدەين، كەواتـە ئێمـە ئـەو ياسـايە پێچـەوانەى دەستوورى عێراقى دەردەكەين، ئەحكامى دەستوورى عێراقى دەردەكەين، كە ئێمـە پابەنـدين پێـوە، دەنگمـان بۆ داوە، ماددەى (38) دەڵێت (تكفل الدولة بما لا يخل بالنظام العام والاداب:

اولاً: حرية التعبير عن الرأي بكل الوسائل.

ثانياً: حرية الصحافة والطباعة والاعلان والاعلام والنشر.

ثالثاً: حرية الاجتماع والتظاهر السلمي وتنظم بقانون).

ئەو قانونە تـەنيزيم دەكـەين، چۆن دەبـێتن ئێمـە لـە ئـادابى عـام و ئەوانـە تێـدا نـەبێتن، ئێمـە لەسـەر ئـەو ئەساسـانە، لەسـەر ئـەو بنەمايانـە بەڕاسـتى ئێمـە پابەنـدين بـە نيزامـى عـام و ئـاداب، لێـرەدا جـێگير بێـت و بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

سـوپاس، ئێسـتا هـەردوولا روون كردنـەوەى خۆيـان دا لەسـەر ئـەوە ئيختيلافـەكان، ئێسـتا ناوەكـان دەنووسـم، فەرموو كاك خەليل.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەمە وازيحە خيلاف لەسەر چەند شتێك هەيە، لەسەر ئـەمنى هەرێمـە، ئاسايشـى هـەرێم، لەسـەر (وصـول الى المعلومـات) و ئەوەيـە، لەسـەر داب و نـەريت و ئەوانـە، دوو فـەريقن ئەكيـد لـە هـەموويان، ليژنـەش ئـەوە فەريقێكە، ئەوە فەريقێكى ترە، لە هەر يەك، لە هەر مەوزوعێك، لە هەر بەندێك نوقـاتى خـيلاف دوو كـەس قسە بكات، موئەيد، موعاريز، دوايێ بخرێتە دەنگدانەوە، ئيحتيمالە باش بێت.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

سوپاست دەكەم، موافيقن هەموو لايەكتان بە تەئكيد ئينشائەڵڵا، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

پێش ئەوەى بێمە سەر ماددەكە، يەك پێشنيارم بۆ جەنابت و دەستەى سەرۆكايەتى هەيە، تكـا دەكـەم كاتێـك تـەحديد بكەن بۆ ليژنەى ياسايى و ليژنـەى رۆشـنبيرى، لەبـەر ئـەوەى پێشـتر زۆر موناقەشـەى ئـەو بابەتانـە كراوە، ئەگەر پێيان وا بێت ئێستا بەو تەصريح و بەو خيتابانـە دەتـوانن رەئـى ئێمـە بگـۆڕن، پێموايـە باشـتر ديراسـەتمان كـردووەو هـەمووومان خـاوەن رەئـى خۆمـانين، لەسـەر مـاددەى دووەم، مـن خـاڵى يـەك و چـوار پشتگيرى ليژنەى رۆشنبيرى دەكەم، لە بڕگەى پێنج من لەگـەڵ ئـەوە دام مەگـەر دادگـاى تايبەتمەنـد بڕيـارى پێچەوانەى بدات هەر لابرێت، هـيچ تەعـديلێكى لەگـەڵ نـەكرێت، چـونكە ئەمـە وەكـو بـاس كـرا سەرچـاوەى

هەواڵەكان دەترسێنێت، ئیتر هیچ كەسێك ناوێرێت هەواڵ بدات بە هیچ رۆژنامەیەك، لەبەر ئـەوەی دەزانێـت دادگای تایبەتمەند بە هەر هینێك بێت، ئەو سەرچاوەیە ئاشكرا دەكات، ئەمە وا دەكات هەموو شتەكان و هیچ شتێك شەفاف نەمێنێت، دەگەڕێمەوە بۆ بڕگەی یەك و چوار، من بۆ خـۆم لەگـەڵ مەسـەلەی داب و نـەریت و ئەوانەم، لەگەڵ مەسەلەی هەموومان خـەڵكی ئـەو كۆمەڵگایـەن، لەگـەڵ داب و نـەریتین، هـەمووشمان خـەڵكی نیشتمانپەروەرین، لەبەر ئەوە لەگەڵ پاراستنی ئاسایشی هـەرێمین، بـەڵام پێموایـە ئەمـە بـۆ كـەم كردنـەوەی ئازادییە، بۆ ئەوە نییە كە داب و نەریت، یاخود ئاسایشی هەرێم بپارێزرێت، بۆیە لابردنم پـێ باشـترەو، بۆیـە پشتگیری لیژنەی رۆشنبیری دەكەم، لەسەر خاڵی شەشەم، نووسـراوە بەمـەرجێك رۆژنامەكـە بەرپرسـیاریەتی یاسایی لە ئەستۆ بگرێت، بە هیچ شێوەیەك من لەگەڵ ئەوەم نابێت گوشار بخرێتە سەر ئەوەی ناوی نووسـەر ئاشكرا بكرێت، دەبێت لە هەموو حاڵەتێكدا رۆژنامەكـە بەرپرسـیاریەتی بگرێتـە ئەسـتۆ، پێویسـتە رۆژنامـە، سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازو دەستەی ئەوەی كە رۆژنامەكە بەڕێوە دەبات زۆر دڵنیا بن لە راستی و دروسـتی سەرچاوەكە، زۆر دڵنیا بن كە ئەمە راستە، ئینجا بـڵاوی بكەنـەوە، بۆیـە ناكرێـت بـە هـیچ بیانوویـەك گوشـار بخرێتە سەر ئاشكرا كردنی ئەو ناوە، بەڵام پێویستە پێشتر رۆژنامەكە ئیلزام بكرێت بـەوەی كـە ئـەو مەرجـە یاساییە رۆژنامەكە بیگرێتە ئەستۆی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواوم بۆ كوێستان خان بۆ هەموو ئەو بۆچوونانەی كە دەریبڕی، من نەمزانی لێرە بڕگـە بـە بڕگـە دەبێت، یان ئێستا بۆمان هەیە لەسەر ماددەی دوو هەموو قسە بكەین، یان لەسەر بڕگـەی یەكـدا، مـادام بڕگـە بە بڕگەیە، خۆی دوو جیاوازی زۆر گەورە دروست بوو لـەنێوان لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی رۆشـنبیری، بـەڵام یـەك شـت بـا لـەبیرمان نەچێت، ئـەم خیلافـە سـەندیكای رۆژنامەنووسـان خۆیـان لەگـەڵ نوێنـەرانی هـەموو دەزگاكانی رۆشنبیری و راگەیاندن و ئەو جەریدەو بڵێین ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی كە لـە كوردسـتانیش هـەن، لەم كۆبوونەوە تایبەتیانەی كە جارێك لەگەڵ ئێمە وەكو لیژنـەی رۆشـنبیری هـەم سـەندیكای رۆژنامەنووسـان خۆشی لە لیژنە هاوبەشەكەی لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی یاسایی هەموویان پشتیوانی ئەوە دەكەن، كـە ئـەم فەقەرانە بەڕاستی نەمێنێن، چونكە لە لایەك ئەمانە یەعنی وەكو مەنتق بەتایبەت بۆ لیژنـەی یاسـا، چونكە خۆی دەڵێت لە سنووری یاسا، كە دەڵێی لە سنووری یاسا، یەعنی خۆی ئەمانە هەن، وابزانم یاسایەكانی ئێمەو یاسـای هـیچ وڵاتێكـیش رێگـە بـەوە نـادات خـەڵك لـە داب و سیسـتەمی گشـتی دەربچێت، یـان بڵـێ لـە ئـەمنی وڵاتەكەی خۆی دەربچێت، مادام ئێمە گوتومان لە سنووری یاسا، مادام لە بڕگەكاندا هاتووە لە سـنووری یاسـا، پێویست ناكات ئێمە جارێكی تـر بێینـەوە بـە بڕگەیـەكی تـر، جوملەیـەكی تـر ئیزافـە بكـەین بـەناوی داب و نەریت و بەناوی ئەمنی ئیقلیم و نازانم چی سنوور بەندی كاری رۆژنامەگەری بكەین، ئەم لە لایەك.

لە لایەكی تر، سەندیكای رۆژنامەنووسان چەند جارێك دووپاتی كردۆتەوە، با لێـرەش دووپـاتی بكەینـەوە بـۆ ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئـەویش ئەوەیـە هـەمووی سـاڵێكە سـەندیكای رۆژنامەنووسـان بـووە بـە ئەنـدام لـە فیدراسـیۆنی رۆژنامەنووسـیی جیهـانی، كـە خۆیـان دەڵـێن ئەگـەر ئێـوە ئـەم بڕگانـە بخرێتـە نـاو یاسـایەكە، بەڕاستی رەنگە ئەمە رەصیدی ئەوان، با بڵێین ناوی ئەوان بخاتە مەترسییەك و كێشەی گەورەیان بۆ دروست

بکات، هەم لە لایەنی سەندیکای فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانی، هەم لە لایەنی رۆژنامەنووسانی خۆشمانەوە، لەبەر ئەوە من بەو هیوایەم بەڕاستی ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بۆ ئەوە بدەن کە سیستەمە گشتیەکان و ئەمنی ئیقلیمی و ئەوانە بە هیچ شێوەیەك نەمێنن، یەعنی حەزف بکرێن و دەنگی بۆ نەدەن، بۆ ئەوەی سنوور بەندی کاری رۆژنامەگەری نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند خاڵێك هەیە من دەمەوێت تەوزیحی بکەم، ئەویش ئەوەیە ئەوەڵەن/ ئەو پرۆژەیەی لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنووسان ئامادە کراوە، ئەوان خۆیان ئەو خاڵانەیان داخیل کردووە، کە هاتۆتە لای حکومەتیش پشتگیری لەو خاڵانە کردووە، ئینجا ئەو پرۆژەیە هاتۆتە ئێرە، واتە رەئی سەندیکا بەو شێوەیە نییە کە تەرح کرا، ئەمە یەك، ماناشی ئەوە نییە، ئەو پرۆژەی لە حکومەت هاتووە، ئێمە 100٪ تەئیدی بکەین، بەڵکو مولاحەزاتمان هەیە، ئێمەش پێشنیارمان هەیە، بەلام مەسەلەی نیزامی عام و ئادابی عام لە زۆربەی دەستووری ولاتاندا هاتووە، ئێمە لە دەستووری عێراق هەروەکو برای بەڕێزم کاك کەریم ئیشارەتی پێدا مەسەلەی نیزامی عام و ئادابی عام، کە هەموو گەلانی عێراق دەنگی بۆ داوە، ئەم پرەنسیپە هاتووەو هەرێمی کوردستانیش دەنگی بۆ داوە، ئەمە یەك، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەو پرەنسیپە هاتووە، لە یاسایەکانی ئێمە رەنگدانەوەی هەیەو لە لایەن محاکمیشەوە جێ بەجێ دەکرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە، کە مەسەلەی نیزامی عام و مەسەلەی ئادابی عام لەناو یاسایەکەدا بمێنێتەوە، ئەمە یەك.

دوو/ مەسەلەی ئادابی گشتی، مەسەلەیەکە، دەبێت لێی ورد بینەوە، ئێمە وەکو نەتەوەی تر میللەتێکی موسڵمانین، ئێمە پابەندین بەو ئادابە گشتیەی کە لە پرەنسیپەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا هاتووە، لە هەمان کاتدا پابەندین بەو ئادابە گشتیەی کە رەسەنایەتی میللەتی خۆمان دەپارێزین، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام، کە ئادابی گشتیش بمێنێتەوەو نیزامی گشتیش بمێنێتەوە، دەڵێن وەڵلا تەفسیری ئادابی گشتی چۆن دەکرێت؟ تەفسیری نیزامی عام چۆن دەکرێت؟ ئەو مەسەلەیە بەڕێزان، مەسەلەیەکە عیلاقەی بە موحاکم هەیە، سوڵتەی تەقدیری بۆ ئەو مەسەلانە، بۆ محاکم دەگەڕێتەوە، چونکە مەحاکم هەروەکو بەڕێزان دەزانن ویلایەتی عامەی هەیە لەسەر هەموو کێشەکان بیما فیهم نیزامی عام و ئادابی عام، ئەگەر تەجاوز هەبوو لەسەر نیزامی عام، یاخود تەجاوز هەبوو لەسەر ئادابی عام، ئەوە دەبێت محاکم ئەو مەسەلەیە تەحدید بکات و یەکلای بکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە بەڕاستی مەسەلەی ئادابی گشتی مەسەلەیەکە لە لای ئێمەوە فەرقی هەیە، لە هەرێمی ئێمە فەرقی هەیە، لەگەڵ ئەو ئادابە گشتیەی کە لە ئەوروپایە، یان لە ئەمریکا، یان لە جێگای تر هەیە، ئادابی گشتی لە لای ئێمە خصوصیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەبێت ئێمە ئەو ئادابی عامە گشتیەی کە هەمانە بیپارێزین، جگە لەوەش ئێمە تەسەور ناکەم لە دنیادا هیچ ولاتێك هەبێت،

بەنیسبەت رۆژنامەنووس ئازادی رەها هەبێت، تەسەوریش ناکەم بەنیسبەت ئەو کەسانەی، یان ئەو رۆژنامەنووسانەی کە تەعامول لەگەڵ ئەو خەڵکە دەکەن ئازادی رەها هەبێت، ئینجا ئەو کەسە چ دەسەڵاتی هەبێت، چ تاکە کەس بێت، چ دەزگایەك بێت، واتا دەبێت ئەو ئازادیەی کە هەیە سنووردار بێت، سنوورەکەش دەبێت بە یاسا رێك بخرێت، من لەگەڵ ئەوەدام کە مەسەلەی نهێنیەکان لەو قۆناغەدا پارێزراو بێت، مەسەلەی ئاسایشی هەرێم پارێزراو بێت، لەم قۆناغەدا ئێمە پێویستیمان بەو دوو خاڵە سەرەکیە هەیە کە بیپارێزین، بەڕێزان، حەقیقەتێك هەیە دەمەوێت پێتان بڵێم لە یاسایەکانی ئێمە مەسەلەی نیزامی عام هەیە، لە یاسایەکانی ئێمە مەسەلەی ئادابی عامیش هەیە، بەلام رۆژانە خۆتان لە رۆژنامەکان دەخوێننەوە، هەندێك لە رۆژنامەکان و هەندێ لە رۆژنامەنووسەکان شتی وا دەنووسن موخالیفی نیزامی عام، موخالیف و تەجاوزە لەسەر ئادابی عام، ئەمانە بەڕاستی رۆژێك لە رۆژان ئەو رۆژنامەنووسە هەتا ئێستا مولاحەقە نەکراوە، باشە ئەگەر نیزامی عام و ئادابی عام لە یاسایەکانی ئێمە هەبێت مەسەلەکە بەو شکلە بێت، ئەگەر هەڵیشی بگریت مەسەلەکە چی لێ دێت؟ ئەوە وەڵامەکەی بۆ ئێوەی بەڕێز دەهێڵمەوە، بۆیە بە حەقیقەت من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو پرەنسیپانەی ئیشارەتم پێدا حاڵی حازر بمێنێتەوەو زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دیسان مولاحەزەی ئەوە دەکەم قسە دەدەم بەوانەی کە قسەیان نەکردووە، یاخود سەرۆك فراکسیۆنەکانن، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بێمە سەر مەلەسەی داب و نەریت، خاڵی دووەم ئەگەر وای لێ بکرێت پێم باشە پێشنیارەکە وا بنووسرێت (رۆژنامەنووس ئازادە بۆ ئاگادار بوون لە هەر بابەتێك لەسەر هەواڵ و دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا بەدواداچوون ئەنجام بدات)، جا خاڵی سێیەم (بلاو کردنەوەی رەخنەو راوبۆچوون ئازادە، ئەگەر ئەوا بکرێت چاکە، خاڵی شەشەم (سەرنووسەر، یان کەسی دیکە)، ئەو کەسی دیکە ئەگەر بۆمان باس بکەن مانای چیە، ماددەکەش بێ تەعریفە، یەعنی ئەسڵی ماددەکە چیە، یەعنی وەکو پێشەکیەك قەواعیدی سلوکە، قەواعیدی میهنەیە، ئەگەر ئەوەش شتێك بنووسرێت، ئەو ماددەیە یەکسەر هاتۆتە سەر یەك و دوو و سێ پێشەکیەکەی چیە، چونکە من شتێکی عێراقیم لایە شتی جوانی نووسیوە قەواعیدی سلوکی، یان قەواعیدی میهنی لەو بابەتە بۆ نووسیوە، پاشان ئێمە تەبعەن دەستووری عێراق ماددەی (38) دەڵێت (تكلف الدولة بما لا يخل بالنظام العام والاداب: اولاً: حرية التعبير عن الرأي بكل الوسائل.

ثانياً: حرية الصحافة والطباعة والاعلان والاعلام والنشر.

ثالثاً: حرية الاجتماع والتظاهر السلمي)، بە حەقیقەت ئێمە لێرە قسەی هەموومان دەگوازرێتەوە، تەبعەن جەلسەکە موباشیرە، ئێمە هەموومان دان بەوە دادەنێین کە رۆژنامەو رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووس و

برایانی ئیعلام حزبی و ئەهلی رۆڵیان هەبووەو تەئسیریان هەبووە لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا بە دەرخستنی هەندێك شتی خراپ و قێزەون لە کۆمەڵگا بۆ چارەسەر کردنی فشاریان لەسەر، هەتا بۆ دەرخستنی راستیەکان فشاریان دروست کردووە، ئەوە هەمووی شتی چاکە سوپاسیان دەکەین و لە شوێنێك دادەنێین، بەڵام پێموایە بەپێی ئەوە دەخوێنینەوەو تەماشای سایتەکان دەکەین و رۆژنامەکانی خۆمان دەخوێنینەوە لە هەموو دنیا داب و نەریت و سنوورێك بۆ هەموو شتێك هەیە، من هەندێك نموونەتان بۆ دەهێنمەوە، ئەو ماوەیەی پێشوو لە هند مومەسیلەیەکیان مەنع کرد کە ساڵێك سەفەر بکات عقوبەیاندا، گوتیان لەبەر ئەوەی ئادابی گشتی دەوڵەتی هند ئیخلالی پێ کردووە، ئەویش مومەسیلێکی ئەمریکی ماچی کرد بوو، ماچی مومەسیلەکەی کرد بوو، گوتیان ئەوە لە عورف و عادات و ئادابی گشتی ئێمەدا نییە، گۆرانبێژ ئەلیسیا لە پەرلەمانی میسر مەنعیان کرد بێتە میسر، مەنعیان کرد سەفەر بکات بێتە میسر، چونکە گوتیان تۆ لە ئەداب لاتداوە بە جلوبەرگەکەت لە ئاداب لاتداوە، وات کردووە گەنجانی میسر بێنە سەر مەنصەو ماچیان کردووی، ئێستا دەستووری ئاخیری یابان بخوێنینەوە تەماشای بکەین بەخۆی داچۆتەوە سەیری کردووە یابانە پێشکەوتووە، وا عیلمی بەرەو دوا دەکەوێت تەدەنی هەیە لە مستەوای عیلمی، مستەوای عیلمی لە یاباندا، کە زاهیرەکەی دەبینینەوە، هاتوونە سەر ئەوەی کە راپرسیان کردووە لەناو تەلەبەکان، لەناو زانکۆیەکاندا، تەماشا دەکەن دەبێت سنوور سانسۆر بۆ هەندێك شت دابنرێت، یەکێك لەوانە سەتەلایت، مۆبایل، هەندێك کۆمەڵە شتێك، ئێمەش لێرە بە حەقیقەت ئەگەر بێین مەسەلەی حدودو سنوورێك دانێین، کە دەستوور زەمانی کردووە، یەعنی باشە ئەگەر رەخنە لە ئێمە بگیرێت کە لە یاسایەکان بنووسین نیزامی عام، خۆ دەبێت رۆژنامەنووس پێشتر بەگژی دەستووردا بچێتەوە، ئەو دەستوورەی کە ئێمە دەنگمان پێداوە، بۆیە دەبێت ئەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە، ئێمە موراعاتی بکەین و سنوورێك هەبێت، من بە حەقیقەت لێرەدا وەکو حەقێك و ئینصافێك بڵێم رۆژنامە ئەهلیەکان زۆر جار پابەندن بە ئادابی گشتی و لە حزبیەکان و لە حکومیەکان، ئەوە وەکو هینێك، بەڵگەشم لەلایە رۆژنامەکانی خۆمان، بۆیە بەڵگەم نەهێنا، چونکە گەیاندومەتە شوێنی خۆی، ئەگەرنا ئێستا، زۆر جار لە ئادابی گشتی رۆژنامەکانمان لادەدەن بە بەڵگەو ژمارەی رۆژنامەکانیشم لایە، ئەوانە ئەگەر خەڵکی دیکە ئیشی لەسەر بکات ئیحتیمالە خەڵك موزاهەرە بکات، خەڵك تەزاهور بکات، خەڵك بەگژی ئەو رۆژنامەنووسانە بچێت، چونکە ئەو بابەتە و ئەو چەند جارە لێ دەدەین، ئێمە لێرە نوێنەری گەلی کوردستانین، بەحەقیقەت دەبێت چی لە مەسڵحەتی برایانی رۆژنامەنووس و کاری رۆژنامەگەری هەیە، ئێمە لێرە بەرقەراری بکەین و ئێمەش دڵسۆزو کەسی ئەوانین و بزانین چی باشە بۆ مەسیرەی ئیشی ئێمە ئەوها بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به تەسەوری من ئامانجی ئەو یاسایە، کە کاری رۆژنامەگەری بەشێوەیەك رێك بخرێتن بگونجێتن لەگەڵ ئەم سەردەمە، ئەم سەردەمەش، یان ئەم زەمەنەش جیاوازە لەگەڵ زەمەنێکی پێشوو، لەبەر ئەوە کۆمەڵێك مەفاهیم و موستەڵەحاتیش جیاوازی و گۆڕانکاری لەسەر هاتووە، لە سەحافەدا ئەدەبی حیوار هەیە، ئەدەبی رەد هەیە، ئەدەبی تەحریر هەیە، کۆمەڵێك ئاداب هەنە کۆ دەبنەوە لە مەجموعە قییەم و قەواعیدی میهنە، ئەمە ئەساسە کە شەرەفی میهنەیە، لەو شەرەفی میهنەدا رەنگە ئەوەی کە دێتن وەکو ئەوە نەبێتن وەکو مواتنێکی عادی باسی ئادابە عامەکە بکاتن، یان موڕاعاتی نیزامی عام بکاتن، لەبەر ئەوە بە رەئی من تێکەڵاویەك هەیە لەنێوان ئادابی عام و نیزام و عورف و عادەت و تەقالید کۆمەڵە شتێك تێکەڵاو بووینە سەر لێی دەرناچێتن، من لەگەڵ ئەوەمە لە بڕگەی یەکەم کە دەڵێت (لا رقابة على الصحافة وحرية النشر مكفولة لكل مواطن في حدود القانون) هەتا ئەوێ ئیکتیفا بکەین، ئەوی دیکە کە دەڵێت (في اطار الحفاظ على الحريات الخاصة والافراد والاداب العامة والنظام) ئەوە حەزف بکەین، لەبەرچی؟ چونکە لە فەسڵی پێنجەمی ئەم قانونە (الاجراءات القانونية والاحكام العقابية) هەنە، ئەوەی تەجاوز لەسەر حوریاتی شەخصی و حوریاتی خەڵك بکاتن، یان تەجاوز لەسەر نیزام و ئاداب بکاتن عقوبات لەسەری هەنە، داعی ناکاتن لەو ماددەیە هەبێتن، لێرەش عقوبە لەسەر صەحەفی دانێین و رەقابە لەسەر کاری صەحەفی دانێین، لە خاڵی دووەم/ ئەوەی پەیوەندی بە سریەت هەیە (او ماسە بأمن الاقليم) من لەگەڵ ئەو رەئییەمە، کە دەڵێت تا ئێستا ئێمە تەعریفی ئەمنی هەرێمان نییە، ئێستا موهیمەی هەرێم تەنمیەی زیاترە، تەنمیەی هەرێم لە روحی بەشەری، یان ئیقتیصادی ئەولەویەت ترە، چونکە ئیقلیم ئەمنیەتی خۆی هەیە.

دوو/ ئەمە دەڵێت مەعلومات عامە، مورتەبیتە بە شەخصێك کە موکلیفە بە خدمەی عامە، یەعنی شتێکی خاص لە دەستی ئەو کەسە نییە، مودیر بەلەدیاتێکە سبەینێ میزانیەك وەکو بەلەدیە دانراوە، من صەحەفیمە دەچم لەگەڵ مودیری بەلەدیە موقابەلە دەکەم، دەمەوێت تەفاسیلی ئەو میزانیە چۆن سەرف کراوە، بە من دەڵێت ئەمە عیلاقەتی بە ئەمنی ئیقلیمەوە هەیە، واتا عیلاقەی بە تەنمیە هەیە، تا ئێستا موازەنەی ئێمە رەنگە لە حاڵەتی سریەت دەبێت، چونکە هەر لەو ئیتارە دێتن، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەمە لێرە ئەگەر هەر بمێنێت عیبارەیەکی بچووك هەبێت (ان لم يكن محضورا بقانون)، یەعنی ئەو شتانە قەزایەی عامن و مورتەبتە بە قەزایەی هاووڵاتی، بە مەوزوعی خەڵك، ئەگەر نەنووسین (محضورة بقانون خاصة) ئەوە مەعلومە، ئەمەش دەمێنێتن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرمووو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ نابێت هیچ قانونێك ئێمە دابنێین و سەیری واقیعی خۆمان نەکەین، یەعنی نەزرەی تەجریدی بۆ هەر قانونێك، ئەمە خراپە لە تەتبیق خراپە، لە فەهەم خراپە، لە ئاساریش باش نابێت، چونکە ئەگەر وا بێت هەر بڵێین قانون و موجەڕەد دەتوانین قەوانینی زۆر دەوڵەتی موتەقەدیم بێنین و ئیستینساخ بکەین و تەصویتی لەسەر بکەین و ئەوە، واقیع بوونی ئێمە لە دانانی قانون شتێکی زۆر زەرورەو زۆر موهیمە، بەنیسبەت ئادابی عامەو نیزامی عام، برادەران تەئکیدیان لەسەر کردەوە، کاك شێروان و کاك کەریم منیش لەگەڵ ئەوەمە، ئەمە بنووسرێت، یان نەنووسرێت، هەر بۆ خۆی وایە دەستووریەن وایە، لە قانونی مەدەنی

ماددەی 130و 131 و 132 هەر وایە، مەوزوعی تەفسیرو حدودی فیکرەی نیزامی عام و ئاداب، ئەوە بۆ قەزایەو ئەوەش مەوزوعێکی دیارە، لێرە بوونەکە زۆر زەرورە، چونکە کلام موەجەهە بۆ سوحەفەکان، بۆ کاری سەحەفی، دەزانین زۆر ئینتیهاکات و خروقات لەو مەجالە هەیە، کێشەی زۆریش لەسەر دروست بووە، مافی هەر هاووڵاتیەکە جەریدە بباتە ماڵی خۆی، لازمە کەس شەرم نەکاتن ئەو جەریدە بباتە ماڵی خۆی، هیچ شتێکی خەلەلی شعوری و میزاجی و عائیلەی تێك نەدات، بوونەکە زۆر زەرورە، ئیزافەی ئەوە دەکەم کە ماددەی (38) لە دەستوور ئەوەی تێدایە، هەتا لە قانونی ئیداری مەوزوعی نیزامی عام ئەوە موحەددەدە، عەناصیری ئەو باسی ئەمنی عام و باسی سەکینە عامەیە، باسی صحە عامەیە، لە قەوانینی تریش تەعریف کراوە کە مەبەست لە ئاداب چیەو مەبەست لە نیزامی عام چیە؟ بەنیسبەت بڕگەی سێ لە ئەوەی عەرەبی، لە پرۆژەی عەرەبی باسی (ما وصول الى المعلومات) من حەز دەکەم لێرە باس بکەم، ئەمە مافێکی هەموو کەسە، کە بگەیەنێتە زانیاری، بتوانێت بگەیەنێتە هەموو زانیاریەکان، موئەسەسات لازمە شەفاف بن، مەعلوماتی خۆیان بخەنە بەردەمی هاووڵاتی چ بۆ صەحافیەکان و ئەوانەی لە میدیاکان ئیش دەکەن، لێرە لە ماددەی (19) لە جارنامەی جیهانی عالەمی و لە عەهدی دەولی هەردووکیان باش تەڵەبی ئەوە دەکەن، یەعنی باسی ئەو مافە دەکەن مەعلومات حەقی هەموویانە، ئیستیقای ئەنباء و ئەخبار مافی هەموو هاووڵاتیەکە، لە لیژنەی حقوقی ئینسان لە ئومەمی موتەحیدە موباشیر تەڵەب دەکاتن لە هەموو دوەل لازمە هەندێك قەوانین دابنێن، بۆ مەوزوعی حەقی مەعریفە، ئان (حق الوصول الى المعلومات) تا ساڵی 2005 شەست دەوڵەت ئەو قانونەیان هەیە، چون بتوانیت بگەیە مەعلومات، لێرە لەو ماددەیە باسی حەقی مەعلومات دەکات، تەبعەن هیچ حوریەتێك نییە بێ مەعلومات، ئازادی رۆژنامە نابێت ئەگەر مەعلومات لەبەر دەست نەبێت و ئینفیتاحی حکومەت، ئەگەر لەسەر جەماهیر نەبێت بە مەعلومات، مەعلومات نەدات یەعنی ئەوە مقیاسێکە، معیارێکە بۆ چۆنیەتی دیموکراتی بوونی ئەو کۆمەڵگایە، ئەو ئینفیتاحە شتێکی زۆر باشە، شەفافیەت شتێکی زۆر باشە، بەڵام لێرە دێمە جانبی عەمەلی، ئەمە چۆن عەمەلی دەکرێت، بەبێ ئەو قانونە (قانون الوصول الى المعلومات) ئان (قانون حق المعرفە)، ئێمە ناتوانین ئەمە تەتبیق بکەین، لە هەموو قەوانین ئەوە موفەوەزیەتێکی تایبەتیان بۆ دانراوە، یەعنی چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ئەو مەوزوعە، یەعنی موئەسەسات مەعلومات دەدەنە ئەو موفەوەزیە (مفوضية عام للمعلومات لاشراف على المعلومات)، ئەوە هەیە لەو قانونە، من لێرە تەبعەن زۆر موئەیدم، رۆژنامەنووس ئەو حەقەی هەبێت، بەڵام راستی نازانم عەمەلیەن چۆن دەکرێت؟ چ ئالیەتێك تایبەت بەو قانونە نەقصێکی زۆرە، ئیشکالیەتێکی زۆریش دروست دەکات، دوایێ قانونێك دادەنێین، هەر سیفەتی قانونی نەوعە شتێکی جەزائی تێدایە، تۆ دەچیتە ئەو دائیرەیە تەڵەب دەکەیت مەعلومات بدەنە تۆ، ئەگەر ئەو وەزارەتە نەیدا سەحەفی دەتوانێت شکایەت لەوە بکات، ئەگەر شکایەت بکات، ئایا چۆن دیفاع لە خۆی دەکات؟ بە چ قانون عقوبەی بدەیت، بە ئیزافەی ئەوە زۆر قەوانینی ترمان هەیە، قانونی (سرية المصرفية)مان هەیە لە عێراق، قانونی (سرية الوثائق واسرار الدولة) هەیە، یەعنی زۆر شتی تر هەیە، ئەو مەوزوعی مەعلومات وابزانم ئەمە راستەو خۆشە، ئێمە لەگەڵین، بەڵام زۆر

زەحمەتە تەتبیق بكرێت، لازمە قانونی ترمان هەبێت (الوصول الى المعلومات) ئەگەرنا ئەوە تەتبیق نابێت، لەگەڵ ئاسایشی هەرێم، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەو بڕگە نیم، یەعنی بڵێین (مالم تكن سريه بقانون)، یەعنی ئەمنی ئیقلیم ئەوە فضفاضة و تا ئێستا موحەددەد نییە، ئەمنی نەتەوەیی هەیە، ئەویش موحەددەد نییە، تەعاریفی جیا جیا هەیە، ئەگەر ئەوە نەبێت، هەر بڵێین (مالم تكن سريه بقانون) ئەوە شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من زۆربەی كران، هەر تەئكید لەسەر ئەو شتانە دەكەمەوە، كە پشتگیری لە هەندێك را لێرە ئەوە كرا، یەكەمیان/ سەبارەت بە فەقەرەی یەكەم، پشتگیری لە رەئیەكەی كاك دیلمان دەكەم بەڕاستی، لەبەر ئەوەی داب و نەریتی گشتی زۆر فراوانە، لەبەر ئەوەی عقوباتیش دانراوە لە شوێنێكی تر لەو یاسایە عقوباتی دانراوە، پێویست ناكات لێرە دووبارە بكرێتەوە، لەسەر فەقەرەی دووەم و سێیەم لەگەڵ رەئیەكەی كاك محەمەد حەكیمم، بەڕاستی دوو كەلیمە لە فەقەرەی دووەم دەڵێت بواردان، لە فەقەرەی سێیەمیش دەڵێت رێگەدان، ئەو بواردان و رێگەدانە، كێ رێگە دەدات؟ كێ بوار دەدات؟ لەبەر ئەوەی سێیەمیان بكرێتە ئازادی بڵاوكردنەوەو رەخنەو راوبۆچوون دەستەبەرە، یەعنی ئەوەیان قانونی ترو مەنتیقەكی ئەوەترە، سەبارەت بە ئاسایشی هەرێم من لەگەڵ ئەوەم ئاسایشی هەرێم بەڕاستی شتێكی گرنگە دەبێت بمێنێت، بەڵام شتێكی تر باس دەكات، دەڵێت بواری بەدەستهێنانی بۆ رۆژنامەنووسان برەخسێنێت، مەگەر نهێنی بێت، كێشەی ئێمە لێرە لەسەر مەسەلەی شەفافیەتە، لەسەر زانیاریەكانە، كە لە كوردستان تا ئێستا شەفافیەتە، یان ئەو گومانەی كە ئێستاكە لەسەر ئەو مەسەلانە هەیە، بەڕاستی شەفافیەت لە كوردستان تا ئێستا حوزوری نییە، بۆیە رۆژنامەنووسان پێویستیان بە زانیاری زیاد هەیە مەسەلەن لەسەر میزانیە، لەسەر كاروباری حكومەتە، لەسەر كاروباری پەرلەمانە، لەسەر كاروباری دەزگاكانە، یەعنی نەبوونی شەفافیەت وای كردووە، ئێستا زۆر پێی لەسەردا بگیرێت لەسەر مەسەلەی ئەوەی كە دەڵێت مەگەر نهێنی بێت، یەعنی مەترسیەك هەیە لەوە، كە رۆژنامەنووسەكان نەگەنە زانیاریەكان، یەعنی ئەوە زیاتر زەختە لەسەر حكومەت و لەسەر دامودەزگاكان، كە بۆ ئەوەی شەفاف تر بن، بەڵام مەسەلەی ئاسایشی هەرێم، من لەگەڵ ئەوەم كە ئاسایشی هەرێم بمێنێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەیەكی زۆر زۆر گرنگە، لە هەموو وڵاتانی دنیا كۆمەڵێك مەسائیل هەیە پەیوەندی بە ئەمنی قەومیەوە هەیە، مەفروزە لە یاسایەكە لەبەر چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن شەفافیەت، ئەوەی لە پەرلەماندا هەیە لە هیچ شوێنێكدا نییە، دانیشتنەكانمان هەمووی راستەوخۆ نەقل دەكرێتن، ئەندامی پەرلەمان رۆژنامەنووس دەباتە ناو حیساباتیش مەعلومات داوا دەكاتن،

بەبێ ئەوەی قانونیش هەبێتن و حەقیشی هەبێت بەو شتە، لەبەر ئەوە ئەو مەوزوعە بەڕاستی دەبێت چاکی بکەیتەوە بەو شێوەیەی کە گوتم، نەسرین خان فەرمووو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی دووەم لەسەر خاڵی هەشت، ئەم خاڵە زۆر گرنگە، دەبێت گرنگی رۆژنامەنووس نەمێنێت، نابێت بگیرێت، جگە لە تەعویزات و غەرامە بکرێت، ئەمەش لە لایەن دادگاوە بێت، نەوەکو ئێستا هەر ئەوە دەزانێت رۆژنامەنووس دەگیرێت لە لایەنێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی یەکەم (فی حدود القانون) دائیمەن قانون کەلیمەیەکی شامیلە، بەس بنووسرێت (مکفولە من قبل الدستور) ئەوە باشترەو زیاتر لەگەڵی دەگونجێت، دەربارەی ئەوەی ئایا لەگەڵ کام رەئی دام زیاتر رەئی لیژنەی قانونی پەسند دەکەم، کە بمێنێتن، یەعنی ئاداب و نیزامی عام بمێنێت، لەبەرچی؟ ئێستا لەو دەوڵەتە ئاسیاویانە نزمترین ئاستی بیرکردنەوە پەرستنی بەردە، کەس ناتوانێتن نزیکی بێتن، یان شتی لەسەر بنووسێتن، ئەوە نوقتەی یەکەم.

نوقتەی دووەم/ هەر لەو نزیکانە لە ئیسپانیا کاریکاتێرێکیان لەسەر مەلیکی ئیسپانیاو خێزانەکەی دروست کردووە، قانون سێ هەزار یۆرۆ تەغریمی کردوونە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئیشەی کردووە، یەعنی دەبێت ئادابێك و نیزامێکی عام هەبێتن، ئەو ئاداب و نیزامی عامە، مەجتەمەعی ئێمە زۆر جار باسی ئازادی دەکرێت، یان باسی دیموکراتیەت دەکرێت، تۆ ناتوانێت قیاسی ئێرە لەگەڵ ئەمریکایەکی بکەیەوە کە لە 1700ەکانەوە دەوڵەتە، بۆ؟ هەندێك شت هەیە واقیع و مواتینی ئەوێ تەقەبولی دەکاتن، بەس لێرە کابرایەك لێرەیە بەو شێوازەو بەو نەوعە بیرکردنەوەیە تەقەبولی ناکاتن، هەر ماوەیەك لەوەو پێش کتابێك دەرچوو چی لێ قەوماوە، چی لێ دروست بوو، موزاهەرات و خۆ نیشاندانی لێ دروست بوو، یەعنی کەواتە دەبێت حیساب بۆ ئەو شتانە بکرێت، خاصەتەن لە ئەمنی ئیقلیم، یەعنی ئەمنی ئیقلیم مانای میزانیە نییە، یەعنی قیاسی ئەمنی ئیقلیم لەسەر میزانیە ناکرێتەوە، یان کابرایەك بۆ خۆی تەفسیرێکی جیاوازی هەیە، یان قسەیەك دەکات، مانای ئەوە نییە ئەو قسەیە بکرێتە قانون، لە فەقەرەی سێیەم/ (الحصول علی المعلومات) لێرە عیبارەتەکە کەمێك کورتە، یەعنی (یحق للصحفی) ئەوها جوانترە، (یحق للصحفی الحصول علی المعلومات)، یان لێرە باسی ئەوە دەکات (وعلی کل موظف)، (علی کل موظف) ئەوە ئەمرە، چۆن (علی کل موظف) ئەوها باشە (یمکن للصحفیین فی الحصول علی المعلومات)، یان (یمکن للصحفی) ئەوها جوانترەو، نوقتەیەکی تریشم ماوە ئەگەر رێگام پێ بدەیت، یەك لەو شتانەی کە زیاد بکرێت باشە، ئەو رزگاری ئازادیخوازی کورد لێرە لەو پرەنسیپانە زیاد بکرێتن، چونکە هەر شەخصێك هەڵنەستێتەوە پێشمەرگەیەك خەباتی کردووەو خوێنی رژاوە، یەکێك لەسەری بنووسێت ئەوە خائینە، یەکێك لەسەری بنووسێت ئەوە خەباتی ئەو پێشمەرگە، یان ئەو رزگاریخوازیە لەکەدار بکرێت، پێویستە ئەوەش لێرە بێتن، وەکو پرەنسیپێك و مەبدەئێك، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك غەفور فەرموو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی دووەمەوە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم/ بەڕاستی لێرە چارەسەری کێشەکە کراوە، کە دەڵێت سانسۆر لەسەر رۆژنامەوانیی نییەو ئازادیی بلاّو کردنەوە دەستەبەرە بۆ هەر هاوولاّتییەك لە سنووری یاسا، کە گوتی لە سنووری یاسا، ئەو مەسەلەیەی دیاری کردووە، بەتایبەت مەسەلەی ئەوەی کە لە چوارچێوەی پاراستنی تایبەتیەکانی تاك و داب و سیستەمە گشتیەکان، ئەمە مادام لە ماددەی یەکەم پێناسەیەکمان نییە، بۆ داب و نەریتی سیستەمە گشتیەکان، کە ناویشی هاتووە لێرە، کەواتە تەفسیری جیا جیای بۆ دەکرێت، راستە سوڵتەی قەزائی تەقدیری بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە، خۆی تەقدیر دەکات داب و نەریتی گشتی چیە، بەلاّم ئێمە بەڕاستی کە لە کوردستاندا دەژین، تووشی کۆمەڵێك گرفت و کۆمەڵێك حاڵەت دێین، رۆژانە رۆژنامەنووسەکانمان تووشی ئەزیەتدان و تووشی گرتن و راونان دەبن بەڕاستی، هەقە ئێمە ئەو شتانە بخەینە بەر چاوی خۆمان، بۆیە رۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی زۆر، کە ئێمە ئەو یاسایە بۆ رۆژنامەنووسان دەردەکەین لە دەرەوە بانگەشەی ئەوە دەکەین، کە ئەو بڕگەیە نەمێنێتن، ئەوە ئازادییەکانیان کۆت و بەند دەکات، من لەگەڵ ئەوەدام ئەو داب و نەریت و سیستەمە گشتیەکان هەڵبگیرێت، هەر چەند داب و نەریت خصوصیەتی هەر نەتەوەیەکە، ئەو یاسایەش یاسایەکە بۆ چینێکی وشیار، بۆ چینێکی رۆشنبیر دەنووسرێت، باوەڕ ناکەین ئەو چینە بێن، ئەگەر شتێك مەس بێت زۆر بە داب و نەریت و شعوری نەتەوەکە برینداد بکات پەنای بۆ ببەن، بەلاّم هەندێك داب و نەریتی کۆنیش هەیەو کاری رۆژنامەنووسیش ئەوەیە، کە هەندێك داب و نەریتی کۆنیش بگۆڕێتن و لەسەری بنووسرێت، مەسەلەن لێرەدا ژن بە ژنە، گەورە بە بچووك، کۆمەڵێك مەسائیلی تر هەیە، ئەوەی دژی نووسینی ئەو شتانەن، ئیحتیمالە هەندێك هەبێت بیخاتە چوارچێوەی ئەو قاوغەوە، بۆیە من لەگەڵ نەمانی ئەو بڕگەیەم داب و سیستەمە گشتیەکان هەڵسبتێتن، ئەوە یەك.

بەنیسبەت بڕگەی دووەمیش/ بواردان بە رۆژنامەنووس بۆ ئاگادار بوون لەسەر هەر بابەتێك کە بۆ کۆمەڵگا لەسەر ئاستی ناوخۆو هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتیدا، ئەوە تەواو نییە، لە کۆتاییەکەی بنووسرێت جێی بایەخ بێت، بۆ ئەوەی بڕگەکە لە رووی زمانەوانیەوە تەواو بێت.

بەنیسبەت بڕگەی چوارەم/ کە لە عەرەبیەکەی بڕگەی سێیەمە، مەسەلەی ئاسایشی هەرێم، من زانیمە ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، ئاسایشی نیشتمانیی هەیە، بەلاّم ئاسایشی هەرێم یەعنی چی؟ ئەوەش دیسان تەعریف نەکراوە، ئەوەش بەڕاستی بۆچوونی جیا جیای بۆ دەبێت، بۆیە دەبێت ئێمە کار بکەین لێرەدا، ئەو بڕگەیەش لێرە نەمێنێت، دواتر رۆژنامەنووسان کە من تەئکید دەکەمەوە، کە چینێکی وشیارو تێگەیشتووی ئەو کۆمەڵگایەن، خۆیان هەموو لایەك دەزانن، کە چارەنووسی هەموو لایەك بەستراوەتەوە بەو وەزعەی کە

ئەمڕۆ لە كوردستاندا هەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕۆژنامەنووسێك بێت و بیەوێت هەموو شتەكان تێك بدات، یان شتێك كە نهێنیەكی زۆر گەورە بێتن بۆ دوژمنان و داگیركەرانی كوردستان ئاشكرا بكات، دواتر وەك مامۆستا خەلیل باسی كرد، ئەگەر ئێمە یاسای وەدەستخستنی زانیاریەكانمان هەبێت، لەو یاسایە دیاری دەكرێت چی قەدەغەیە، چی كاریگەری دەبێت بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی، نەك ئەمنی هەرێم، بۆیە ئیش لەسەر ئەو بڕگەیە بكرێت، من لەگەڵ ئەوەدام، كە لێرەش ئەوەی پەیوەندیدارە بە ئاسایشی هەرێمەوە، ئەوە نەمێنێت و هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان زیاتر ئازاد بن بەڕاستی شەفافیەت زیاتر بێتن.

بەنیسبەت بڕگەی پێنجەم و شەشەمی ئەو ماددەیە، من لەگەڵ ئەوەدام لە بڕگەی پێنجەم بەو شێوەیە بێت، هەردووكیان یەك بخرێت، بڕگەی پێنجەم و شەشەم یەك بخرێت، بەو شێوەیەی لێ بكرێت (بەنهێنی هێشتنەوەی سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵە دەستكەوتووەكان سەبارەت بەو داوایانەی دراونەتە دادگا، نابێت گوشار بخرێتە سەر سەرنووسەر، یان كەسی دیكە، بۆ ئاشكرا كردنی ناوی نووسەری ئەو بابەتانە، یان گرتنەبەری هەر ڕێكارێك بە مەبەستی گەیشتن بە زانینی ئەو ناوانە، بە مەرجێك ڕۆژنامەكە بەرپرسیارێتی یاسایی لە ئەستۆ بگرێت)، كە تۆ ناچاری نەكەیت یەعنی ناوی نووسەرەكە، یان ناوی مەصدەرەكە بڵێتن، شێوەیەكی تۆماتیكی ڕۆژنامەكە ئەو دەزگایە بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێتن، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام، ئێستاش تەئكید دەكەمەوە، كە دەبێت لە بڕگەی چوارو بڕگەی یەكەم، ئێمە هەوڵ بدەین بە حوكمی بوونی بۆچوونی جیا جیاو تەفسیراتی خراپ بۆ ئەو دوو دەستەواژەیە داب و نەریتی گشتی، لە هەمان كاتدا ئاسایشی هەرێم هەردووكی لەو ماددەیە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد ڕەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم لە بڕگەی یەكەم/ بە ڕەئی من (لا رقابة على الصحافة وحرية النشر مكفولة لكل مواطن في حدود القانون)، كە گوتمان في حدودی قانون، یەعنی یاسا تەحدیدی دەكات، تۆ نابێت پێشێلی حوریاتی تاك و نیزامی گشتی و ئاداب و ئەوانە بكەیت، بۆیە ئەوەی دوای ئەوە زیادە، من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەوە لابرێت.

لە بڕگەی دوو/ (فسح المجال لنشر النقد والاراء) كێ ئەو بوارە بە ڕۆژنامەنووس دەدات كە ڕەخنە بگرێت و بیرو باوەڕی خۆی بلاّو بكاتەوە؟ ئەو كەسە كێیە؟

بڕگەی دوو لەگەڵ بڕگەی یەكدا موتەعاریز نییە، كە دەڵێت (لا رقابه على الصحافه وحريه النشر مكفوله) بە ڕەئی من ئەمە موتەعاریزە لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر واش نییە دەبێت تەحدید بكرێت، كێیە ئەو مەجالە؟

سێ/ ڕۆژنامەنووس دەچێتە لای كارمەندێك داوای مەعلوماتی لێ دەكات، بەناوی نهێنیەوە دەڵێت نادەم، لەبەر ئەوە بە سریەت یان دەبێت تەحدید بكرێت، كە ئەو شتانە چین سڕین بۆ ئەوەی نەدەن، ئەگەر كارمەندێك ئەو مەعلوماتانەی نەدات بە ڕۆژنامەنووسەكە سزای چی دەدرێت، دەبێت دیاری بكرێت بۆی، من لەگەڵ ئەوەشدام كە ئەو سڕیەتەو ئەو ئەمنی ئیقلیمە لابرێت، چونكە ئێمە دیارە هەموومان لەگەڵ ئاسایشی

**هەرێم داین و ئاسایشی هەرێم هەموو هاوولاتیەك دەگرێتەوە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا لێرە حوریەتی صەحافە تۆزێك هین دەكات دەست بەست دەكات، بۆیە من لەگەلّ ئەوەدام، كە ئەوەش لابرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندیەكانم، بەلاّم رەئی جیاوازم هەیە لەگەلّ ئەو برادەرانەم لە لیژنە، بۆیە داوا دەكەم دەرفەتم پێ بدەیت، كە باس لە رەئیەكانی خۆم بكەم، سەبارەت بە ماددەی دووەم پرەنسیپەكان بە رەئی من ماددەیەكی زۆر گرنگەو بەو شێوەیەی كە هاتووە، كۆمەلێك شتی تێدایە، كە برادەرانیش باسیان كرد لە جێی خۆیەتی، كە هەلوەستەی لەسەر بكەین، سەبارەت بە داب و سیستەمە گشتیەكان، من لەگەلّ ئەوەدام كە بمێنێتەوە، لەبەرچیش لەگەلّ ئەوەدام، دیارە بەڕێزان پێش منیش روون كردنەوەیاندا، بەلاّم ئەوەلەن ئەمە نەصێكی دەستوورییە، دووەم/ بە رەئی من ئەمە پارێزگاری كردنە لە بەها گرنگەكانی كۆمەلگای گەلی كوردستان، یەعنی شتێكە ئەمە جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەلّ تەقالید، هەندێك لە بەڕێزان باسی تەقالیدیان كرد، بە تەئكید كۆمەلێك تەقالیدی ئیستیراد كراو لە كۆمەلگای ئێمەدا هەیە، منیش لەگەلّ ئەوەدام كە رۆژنامەكان دەور ببینن لە هوشیار كردنەوەی خەلك لە بەرامبەر ئەو تەقالیدانەدا، ئەمە زن بە ژنییە، نازانم مارە بڕینی منالەو چیە، ئەو شتانەی كە بەڕێزان باسیان كرد، بەلاّم ئاداب و سیستەمە گشتیەكان جیاوازە، نموونەی جۆراو جۆر هاتووە، ئێمە كۆمەلگایەكی موسلمانین، بەلاّم نەتەوەی تریش لەگەلمان دەژین، سبەینێ بە تەئكید پێمان خۆش نییە كەسێك، رۆژنامەنووسێك هەستێت، رەخنە یاخود بەشێوەیەك تەشهیر بە جەژنی مەسیح بكات مەسەلەن (كرسمس)ی پێ دەگوترێت، یان بە هەمان شێوە هەندێك لە ئادابی مانگی رەمەزان، بۆیە پێویستە ئاداب لێرەدا جێگیر بێت، ئەمە یەكەم.**

**دووەم/ سەبارەت بە ئاسایشی هەرێم، یاخود ئاسایشی نەتەوەیی، جەنابی سەرۆك، بەڕێزان، ئەمڕۆ ئاسایشی هەرێم، یان ئاسایشی نەتەوەیی با بلێین یەعنی وشەیەكی ئەوەندە سەرەكیە، بۆتە خوێی ناو چێشت، ئەگەر ئێمە تەماشای تەصریحات و بۆچوونەكانی ناو سیاسەتمەدارانی ئەوروپی و بەتایبەتیش ئەمریكی بكەین، دەبینین ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی لە سەرەتای دێڕی قسەكانی نەبێت، ئەوە دلنیا بن لە ناوەڕاست و لە كۆتاییدا هەیە، بۆچی؟ یەعنی ئێمە دەبێت پرسیار بكەین بۆچی؟ ئەمڕۆ هەڕەشەیەكی زۆر گەورە هەیە لەسەر شێوازو ژیانی دیموكراسی لە جیهاندا، ئێمەش لە هەرێمی كوردستاندا بێ بەش نین لەو هەڕەشەیەو بینوشمانە، لێرە بەو لاوە بە تەئكید صەحافەی ولاّتانی تریش دێتە كوردستان و هەولّ دەدەن كاروباری رۆژنامەگەری خۆیان لە كوردستانیش ئەنجام بدەن، ئەم یاسایە زیاتر ئەوانیش پابەند دەكات، بۆ ئەوەی كە ئاسایشی هەرێم بپارێزن و هەندێك سنوور هەیە كە نەیبەزێنن و نەبێتە خەتەریات بۆ سەر ئاسایشی هەرێم، باس لەوە كرا كە ئێمە پێناسەمان نەكردووە، راستە لەوانەیە پێناسەیەكی دەقیقمان نەبێت، بەلاّم**

بەرەو ئەوە دەڕۆین کە پێناسەی بکەین، لەم ماوەیە بینیمان هەندێك کێشە لەگەڵ تورکیا هەبوو لەسەر شەڕو پێکدادانی پەکەکە، بینیمان راگەیاندنی ولاتێکی عەرەبی دەچوو بزەبت لەو شوێنانە موقابەلەی هەندێك کەسی دەکرد، بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی قسەکانی ئێمە هەندێك شت بگەیەنێت، بۆیە یەعنی بەڕاستی ئێمە دەبێت ئاسایشی هەرێم جێگیر بکەین، با ئێمە ئەو گومانە بڕەوێنینەوە، کە هەم لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە، یاخود رۆژنامەگەریەوە بەرامبەر بە دەسەلات هەیە، هەم لە لایەن دەسەلاتەوە بەرامبەر بە رۆژنامەگەری، من پێم وایە بە دەرکردنی ئەو یاسایە، ئێمە بەڕاستی هەنگاوێکی زۆر ئیجابیمان ناوە، ئەو فەترەیەش کە کۆبوونەوەمان لەگەڵ رۆژنامەنووسان کردووە، لەگەڵ سەندیکا کردووە، لەگەڵ وەزارەت کردووە، کۆمەڵێك ئاڕای جیاواز گوێ بیست بووین، بۆ نموونە باسی میساقی شەرەف کرا، کە سەندیکای رۆژنامەنووسان ساڵێکە لەگەڵ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ئیمزایان کردووە، ئەگەر تەماشای ئەو میساق شەرەفە بکەن بڕگەی نۆ دەڵێت (ئەو بەندانەی کە لەو میساقەدا هاتووە بە گونجاندن لەگەڵ یاسای ئەو ولاتانەی تێدا ئیمزا دەکرێت)، واتا دەبێت ئەو میساق شەرەفەش کە پێی پابەند بوون، دەبێت لەگەڵ یاسایەکانی ئەم هەرێمەی ئێمە، یاخود عێراق بگونجێت.خاڵێکی تر، کە من دەمەوێت تەئکیدی لێ بکەمەوە هەر لە بڕگەی چوارەم بەشی دووەمی هاتووە، یەك، دوو بەڕێزیشی باسیان کرد، مولزەم کردنی فەرمانبەرە بە بەخشینی زانیاری، باشە ئێمە دەڵێین با دەرگاکان بۆ رۆژنامەنووسەکان بە تەواوەتی ئاوەلا بکرێتەوە، بەلام ناکرێت ئێمە لێرە پێشێلی مافی تاکە کەس بکەین، فەرمانبەر بە یاسا مولزەم بکەین، دەبێت ئەو زانیارییەی لەلایەتی ببەخشێت، بۆیە من داوا دەکەم ئەو (پێویستیە) بگۆڕدرێت بە (بۆی) هەیە، یەعنی بتوانێت هەم ئەم زانیارییە بدات، هەم ئەگەر ویستیشی تەحەفوز بە رەئی خۆی بکات و قسە نەکات، یەعنی مولزەم نەبێت لەسەری، بۆیە من جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە داب و سیستەمە گشتیەکان بە رەئی من زۆر زەروورە بمێنێت، ئاسایشی هەرێم وەکو لە پرۆژەکەدا هاتووە، دەڵێت ئەوەی پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەبێت، دروستە برادەران، بەڕێزان قسەیان کرد و باسیان کرد، گوتیان ئەمە زۆر فراوانە، من پێشنیار دەکەم لەجیاتی ئەوەی بنووسرێت پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەبێت، بنووسرێت ئەوەی مەترسیدار بێت، یاخود هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاسایشی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، لەڕاستیدا من پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم، تەنیا ئەوەندە کافیە سانسۆر لەسەر رۆژنامەوانی نییەو ئازادیی بلاو کردنەوە دەستەبەرە بۆ هەر هاوولاتیەك لە سنووری یاساو لەچوارچێوەی پاراستنی ئازادییە تایبەتیەکان، بەڕاستی ئەوە کۆتاییە، مادام لە چوارچێوەی یاسایە و پاراستنی ئازادی تاکیشی تیایە، ئیتر داب و سیستەم، ئەوە شتێکی زیادەیە، چونکە بەڕاستی شتێکە تەفسیراتی جیا جیا هەڵدەگرێت، لە لایەکی تریش بەپێی قۆناغ، بەپێی تێگەیشتن گۆڕان بەسەر سیستەمدا دێت، بەسەر

داب و سیستەمەکاندا دێت، لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، ئێمە خۆمان کوڕی ئەو کەلتوورەین، واقیعی وڵاتەکەی خۆمان دەزانین، کۆمەڵگایەکی موسڵمانین، مادام لە چوارچێوەی یاسا دەست نیشانی کردووە، هیچ ڕۆژنامەنووسێك پێم وا نییە تەجاوزی ئەوە بکات، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە ئەمە بۆ ڕۆژنامەنووسان دەنووسرێت، ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕۆژنامەی بەربڵاون لە هاووڵاتی، لە ئاوێنە، لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی موحتەریف هاتوون، ئەمەیان قەبولە بەو نەوعە بنووسرێت، کە بەڕاستی لە چوارچێوەی یاساو لە پاراستنی ئازادی تاك بێت و داب و سیستەمەکانی لێ لابرێت، بەڕاستی ئەوان ڕۆژنامەنووسن و ئەوان پیشەی ڕۆژنامەنووسیان هەڵگرتووە.

بڕگەی دووەم/ بەڕاستی بڕگەیەکی ناڕێکە، مانایەکەی باش دیار نییە، من پێشنیار دەکەم ئەوهای لێ بکرێت (بواردان بە ڕۆژنامەنووس بۆ ئاگادار بوون لەسەر هەر بابەتێك لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتیدا کە بۆ کۆمەڵگا گرنگن.

بڕگەی سێیەم/ بەڕاستی ناوەڕۆکەکەی مەفاهیمەکەی لەوان دەچێت ڕێگەدان بە بڵاو کردنەوەو ڕەخنەو ڕاوبۆچوون، مادام لە بڕگەی یەکەم نووسراوە سانسۆر لەسەر ڕۆژنامە نییەو ئازادی بڵاو کردنەوەی هەیە، لە بڕگەی دووەمدا بواردان بە ڕۆژنامەنووس دەدرێت بۆ ئاگادار بوون لەسەر ڕووداوەکان، کەواتە بڕگە سێ تەقریبەن ناوەڕۆکەکەی لەوان دەچێت، ڕەنگە لەوێ زیادە بێت.

سەبارەت بە بڕگەی چوار/ منیش هەمان قسەم هەیە بەدرێژی قسەی لەسەر ناکەم، نهێنی و ئاسایشی هەرێم لەڕاستیدا ئەوەش بۆ خۆی شتێکی مەتاتییە، ڕەنگە تێگەیشتن و بیرو را لە ئاستی ئەو دوو مەفاهیمە بگۆڕێت، چونکە چی نهێنیە، لێرە تەشخیص نەکراوە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە ئاسایشی هەرێم بە ڕەئی من، بە تێگەیشتنی من نەوعێکە، بە تێگەیشتنی دامودەزگایەکی تر ڕەنگە بگۆڕێت، بە ئسلوبێکی تر تێگەیشتنی هەبێت بۆ ئاسایشی هەرێم، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تریش، ئەو پرسیارەی کرا، بەڕاستی پرسیارێکی زۆر مەنتیقیە، ئەگەر فەرمانبەرێك ئەو زانیاریانەی نەدا، یەعنی سزایەکەی چیە، داوا دەکات و شتێکی ڕەواو ڕۆژنامەنووس حەقی خۆیەتی داوای بکات.

لە بڕگەی شەشەم/ نابێت گوشار بخرێتە سەر سەرنووسەر، بە ڕەئی من گوشارەکە بکرێت بە فشار، چونکە دەستەواژەیەکی جوانترە، لە ئاخیر پەرەگراف بە مەرجێك ڕۆژنامەکە بەرپرسیارێتی یاسایی لە ئەستۆ بگرێت، بە مەرجێك پێویستە لابدرێت، چونکە بەڕاستی لە ماددەی چوار بڕگەی سێ هاتووە سەرنووسەرو نووسەر بەرپرسیارێتی یاسایی لە ئەستۆ دەگرن، لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە یەکی ماددەکە پێشنیار دەکەم سەرەتای بڕگەکە بەوە دەست پێ بکات، کە ڕۆژنامەگەری ئازادەو سانسۆری لەسەر نییە، لە عەرەبیەکەش (الصحافه حره ولا رقابه عليها).

بڕگەی دوو/ لێرە زیادە، چونکە لە بڕگەی یەك ئازادی، یاخود حوریەتی نەشر، ئازادی بڵاو کردنەوە، بڵاو کردنەوە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە بڕگە دوو هاتووە، نەقد دەگرێتەوە، ڕەخنە، یاخود ڕاو و بۆچوون، پێویست ناکات بڕگەیەکی تایبەت هەبێت.

بڕگەی سێش/هەندێك لە ئەندامان دیارە ڕەخنەیان لەسەر سریەو ئاسایشی هەرێم هەیە، لێرە دەبێت شتێك هەبێت، سنوورێك هەبێت، چونكە كە داوای زانیارییەك دەكات فەرمانبەرەكە دەبێت وەڵامی بداتەوە، مولزەمە بەوەی كە وەڵامی بداتەوە، لەبەرچی ئەو زانیاریەت دەداتێ، كە تۆ داوات كردووە، لەبەر چی ناتوانێت زانیاریەكانت بداتێ، ئەگەرنا لێرە سەرپێچی یاسایەكە دەكات.

بڕگەی شەش و حەوت لێرە زیادە بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێ پێم باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرنامەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەرنامەیەكی مەدەنی لەبەردەستی هەموومان دابوو، هەر لەم هەفتەی پێشوودا بەڕێز سەرۆكی حكومەت ژنێكی نووسەری كتێبی ئۆڤیانوسێكی پڕ لە تاوان كە چوار سەد لاپەرە بوو پاداشتیشی كردەوە، كەواتە ئێمە بۆ ئەم یاسایە دەبێت سەیری تەوەجوهی عامی سیاسەتی حكومەت بكەین، سیاسەتی حكومەت چۆنە، ئێمە بەو ئیتیجاهە دەڕۆین، من ئەم دەست پێشخەریەم وەكو پێشەكیەك بۆ رایەكانی خۆم هێنایەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئێمە كە لێرەدا داكۆكی بكەین لە ئازادی رۆژنامەنووسی لە چوارچێوەی بەرنامەی حكومەتدایە، چونكە ئێمە مولزەمین بەوەی كە لە بەرنامەی حكومەت دەرنەچین لە یاساكاندا مەبەستم، من تەواوی پشتگیریم بۆ راپۆرتەكەی لیژنەی رۆشنبیری هەیە، ئەو برادەرە بەڕێزانەش ئیتر كە باسیان لەوە كرد، چۆن لە چوارچێوەی ئازادیەكاندا چاكسازی تیا بكرێت، هەر بە هەمان شێوە پشتگیریان لێ دەكەم، لێرە یەك تاكە شت هەیە، كە زۆر سەرنجی راكێشاوم، كە دەڵێت پێویستە هەر فەرمانبەرێك، یان ئەو كەسەی رازەی گشتی پێ سپێردراوە بە حوكمی كارەكەی زانیاری گشتی پەیوەند بە هەرێم و كۆمەڵگایەكەی لەلایە بواری بە دەستهێنانی بۆ رۆژنامەنووسان بڕەخسێنێت، مەگەر نهێنی بێت، ئەگەر نهێنیەكە دەبێت بە یاسا رێك بخرێت، ئەگەرنا ئێمە ناتوانین ئێستا بۆ نموونە، لە وەزارەتی ناوخۆ هەموو وەزارەتی ناوخۆ مەنع كراوە لەوەی هیچ زانیاریەك بدات بە هیچ رۆژنامەنووسێك.

یەك شتی تریش، كە دەڵێت هەر كەسێكی سروشتی، یان مەعنەوی، دەتوانین ئەو كەسە سروشتی و مەعنەویە لە بڕگەی حەوتدا بكەین بە هەر كەسێكی ئاسایی، چونكە هەموو كەسێكی ئاسایی دەتوانێت رۆژنامە دەربكات، نابێت رۆژنامە رابگیرێت و رێ لە دەرچوونی بگیرێت، یان دەستی بەسەردا بگیرێت، تەنها بە بڕیاری دادوەری نەبێت، بە بڕیاری دادوەری لابرێت، چونكە رۆژنامەكە بەردەوام بێت، بەڵام ئەو كەسەی كە خەلەلێكی كردووە، یان شتێكی نایاسایی كردووە سزا بدرێت، بەڵام رۆژنامەكە رانەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم ئەز بینم یا درێژە، ئو لەشینا مرۆڤ دێتە حدودی قانون هەتا دیماییێت بێژین (مالم تکن مخالفاً للنظام العام والاداب العامة)، چونکە نیزامی عام و ئادابی عامە شەرعەن و قانونەن و دەستوورەن، ئەم هەمی دەزانین موخالەفەیە، موخالەفەش جەریمەیە، چ جونح بێت، چ موخالەفە بێت، چ جینایەت بێت، یەعنی بۆچی خرابە تێدا بێت، خۆ ئەم شەرعیەتە نادەینە یەکێ بێت جەریمە بکات، ئەگەر تێدا بێت چ خراپە نینە.

بەنیسبەت فەقەرەی چارێ، دیماياهێ (مالم تکن سرية) (مالم تکن سرية) زەرورتە بمێنێت، هەتا تەحقیق کامل نەبێتن لە مەراحیلی تەحقیقی ئیحتیمالە مەجالی نەدەنە ئەو پیاوێ، یا ئەسراری تەحقیقێ پاشی تاوانبارە هەتا سزای خۆی نایتەگرتن، فەلەم سری بۆچی داوای هەی، هەندەك تشت هەن ناچێت، ئەمە مافێ بدەینە صەحەفێ هەمی هەرچی هەی مەعلومات وەربگرێت و مەجەلەی قەزا هەی، هەتا بۆ هەندێ موجەلەی قەزا هەی، ئەگەر بەحسێ جەریمە بکات پڕ رموزە دەبێت بەحس بکرێت، فلان موتەهەمی (أ) لمجنی علیە (ب) یەعنی نایەتە ناو تەفاسیل و ژی بەر هەندێ تەئکید بکەمە زۆر زەرورتە (مالم تکن سرية) ئەوژی بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێك هەیە، ئادابی عام چیەو نیزامی عام چیە، یەعنی برادەران زۆر ئەو پرسیارە دەکەن، هەرچەندە خۆی خیلافێك لەسەری هەیە، خیلافێکی فقهییە، من لە زۆر لە برادەرانی کولیەی قانونم پرسی لە عەمیدەکان و دکتۆەکان، یەعنی نیمچە ئیتفاقێك هەیە، یەك/ نیزامی عام دەڵێت (عبارة عن مجموعة من الضوابط تضع هيئة ادارية او تنفيذية لتسهيل تنفيذ القوانين والتشريعات الصادرة من السلطة التشريعية او تنظيم الاعمال الادارية والمالية لهيئة او شخصية قانونية معينة والانظمة تكون ملزمة لواضعها وتكون نطاقها محدود). (الاداب العام) چیە؟ (الاداب العامة/ مجموعة قواعد اخلاقية غير ملزمة يضعها الانسان لوضع حدود معينة لسلوكه مع الاخرين ومع البيئة المحيطة به وهذه الاداب العامة تتحول احياناً الى قوانين ملزمة عند تشريعها من قبل سلطة تشريعية ولا تترتب على القواعد و الاداب اية مسؤولية قانونية)، لێرەدا ئەگەر حاڵەتێك کرا موخالیف بێت، کێ سوڵتەی تەقدیری هەیە؟ وەکو کاك شێروان باسی کرد، سوڵتەی قەزائی، لێرە یەعنی لێمان شاراوە نییە، سوڵتەی قەزائی دادوەرانیش یەعنی وەکو هەر ئینسانێك سەقافەتیان جیایە، هەیە موتەدەینە، هەیە لیبڕاڵە، لەوانەیە هەیە موحافیزکار بێت، لەوانەیە هەیە موتەزەمیتیش بێت، لێرەدا حاکم بەپێی قەناعەتی خۆی حوکمەکە دەدات، ئێمە وەکو سوڵتەی تەشریعی نابێت ئەو ڕێگایە بدەین بەڕاستی، دەبێت زیمنی قانون بێت، هەروەکو کاك دیلمان و کوێستان خان باسیان کرد، ئەوەی لە بیدایەت هاتووە (في حدود القانون) کیفایەتە، مەسەلەن کاك ئارام باسی ئەوەی دەکات، ئەگەر برادەرێك سووکایەتی

كرد به (كرسمس)، یاخود بە هەر ئاینێكی تر بێت، ئەوە قانونی عقوبات موعالەجەی كردووە، ماددەی (372) سێ ساڵ زیندانی دەكرێت، سێ سەد دیناریش غەرامەیە. مەسەلەی ئەمنی عام، مەسەلەی ئەمنی عامیش عەینەن قانونی عقوبات موعالەجەی كردووە، ماددەی (210) حەپس هەتا پێنج ساڵ دەڕوات، مەسەلەی فیعلی فاضح، ئینجا برادەران فیكریان بۆچی دەچێت موعالەجە كراوە لە زیمنی ماددەی (401، 403، 404) عقوبەكەشی یەك ساڵە لە هەندێك شوێن، لە هەندێك شوێنی تر دوو ساڵە، لێرەدا كە تۆ دەڵێی (في حدود القانون) كیفایەتە، یەعنی هەم ئادابەكەو نیزام عامەكەش لەوانەیە لەخۆی بگرێت. ئەو خاڵەی تر ئەوەی كاك خەلیل باسی كرد (حق الحصول على المعلومات) لە عەرەبیەكە لە خاڵی سێیەمە، لە كوردیەكەی خاڵی چوارەمە، ئەوە بە قانونێكی دیكە دەبێت تەنزیم بكرێت، ئەگەر بێتو فەرمانبەر مەعلومات، یاخود زانیاری بە رۆژنامەنووس، یان بە هەر هاووڵاتیەك نەدات سزای تێدایە، ئەوەی من ئاگادارم هەندێك برادەران لەسەر ئەو یاسایە ئیش دەكەن. ئەو برادەرانەی كە پێشنیار دەكەن ئەمنی ئیقلیم تێدا بێت، من پێموایە بۆ پێشنیاری خۆیان ئەوە شتێكی خراپە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێتو ئەوە بە قانون تەنزیم بكرێت، تەبعەن ئیستیسنائات زۆر فراوانترە لەوەی، لێرە تەنها دوو ئیستیسنائی داناوە، یەك/(مالم تكن سريه)، دوو/(ماسه بأمن الاقليم)، ئەوەی من بزانم زۆربەی قەوانینی حەقی حصول لەسەر مەعلوماتم خوێندۆتەوە، هەتا یازدە ئیستیسنائاتی تێدایە، لەوانە مەسائیلی ئیقتیصادی، لەوانە مەسائیلی عیلاقات لەگەڵ دوەلی دەرەوەو ئەو شوێنانەی یەعنی بڵاو كردنەوەی نەبێتە هۆی ئەوەی زەرەر پێدانی، بۆیە ئەگەر ئەوە نەنووسین نە سریەو نە ئەمنی ئیقلیم، بەس بڵێین (في حدود القانون) پێموایە كیفایەتەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی دووەم لە خاڵی یەكەم لەگەڵ كاك سەردار هاوڕام، یەعنی رەئیەكەی كاك سەردار تەواوە، مادام نووسراوە لە سنووری یاسا، یەعنی كۆتایی بە كێشەكە هێناوە، بەلام خاڵی دوو و سێ لە ماددەی دووەم، بەڕاستی هەردووكیان یەك مانایان هەیە، ئەگەر خاڵی دوو بنووسین، پێویست ناكات خاڵی سێ بنووسین، ئەگەر خاڵی سێ بنووسین، پێویست ناكات خاڵی دوو بنووسین، لەسەر خاڵەكانی تریش برادەران قسەیان كردو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم قسەی زۆر لەسەر کرا دووبارەی ناکەمەوە، خاڵی سێیەم/ دەڵێت ڕێگەدان بە بڵاو کردنەوەی ڕەخنەو راو بۆچوون، بۆ ڕێگەدان بێت لە جێگای ئەو ڕێگەدانە، دەبێت مافی هەبێت، مافی بڵاوکردنەوەو ڕەخنەو راو بۆچوونی هەبێت ڕۆژنامەنووس.
لە خاڵی چوار/ ئەویش هەر قسەی زۆر لەسەر کراوە، مەگەر نهێنیەکە هەر دەبێت لابرێت، بەلآم ئاسایشی هەرێم، ئەگەر بمێنێتەوە دەبێت پێناسە بکرێت لەو یاسایەدا.
خاڵی پێنجەم/ لێرە دەڵێت بە نهێنی هێشتنەوەی سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵە دەستکەوتووەکان سەبارەت بەو داوایانەی دراونەتە دادگا، تا ئێرە تەواوە یەکسەر خاڵ دابنرێت، لەبەر ئەوەی دادگای تایبەتمەند کە بڕیاری پێچەوانەی ئەوە بدات، یەعنی دەمێنێتەوە جارێکی دیکە مافەکەی لێ دەسەندرێتەوە، بەپێی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی، دەبێت ئەو سەرچاوانەی هەواڵ بە نهێنی بهێڵدرێتەوە، یەعنی ئەگەر بێتو دادگای تایبەتمەند بڕیاری پێچەوانەیداو سەرچاوەی هەواڵەکە ئاشکرا بێت، یەعنی ئەوە لەگەڵ ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی ناگونجێت.
خاڵی هەشتەم/ نابێت ڕۆژنامە رابگیرێت، ئەوە زۆر باشە، ڕێگە لە دەرچوونی بگیرێت، یان دەستی بەسەردا بگیرێت، دیسان بڕیاری دادوەری هێناوەتەوە، پێچەوانەی دەکاتەوە، لەبەر ئەوە با ڕۆژنامە هەر را نەگیرێت، ڕۆژنامە بۆ دابخرێت، دەکرێت سەرنووسەرەکە، یاخود ئەو کەسەی بەرپرسیارە لە باسەکەیدا، ئەو لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، یان لێپرسینەوە، بەلآم ڕۆژنامە لە هیچ حاڵەتێکدا ناکرێت بڵێی دابخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە لەسەر مانەوەی ئادابی عام و نیزامی عامە، کاك کەریم و کاك شێروان شەرحێکی باشیان کرد، راستە نیزامی عام یەکێکە لەو قاعیدە ئامیرانەی کاك سەردار شەرحێکیدا، بەلآم پێ دەچوو ئەو تەعریفە بزەبت لەگەڵ ئەوانە نێتە رێ، نیزامی عام هەندێك قەواعیدی ئامیرە کەس ناتوانێت سەلبەن و ئیجابەن ئیتیفاقی لەسەر بکات، من لەگەڵ رەئی ئەوەم کە حوریەتی صەحافە شتێکی پیرۆزە، هەمووومان ڕێزیشی لێ دەگرین و کۆمەڵگا بەرەو پێش دەبات، بەلآم شت نییە لە دنیا، هەرچی میهنە هەیە، هەرچی قانون هەیە، هەرچی ئیش دەکەیت لە دنیا نییە سنووردار نەبێت، وابزانم بەس بە تەنیا ئیشەکانی خواو قسەکانی خوایە کە سنووری بۆ دانەنراوە، پێویستە هەموو شتێك سنوورێکی قانونی بۆ دابنرێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکە، ئێمە هەر قانونێك دەربکەین لە هەرێمی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستان، نابێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی بچینە دەرێ، برای بەڕێز کاك کەریم و کاك شێروانیش باسێکیان لەسەر ماددەی (38) کرد، ماددەی (38) یەکێکە لەو ماددە ئامیرانە، کە لە دەستووردا هاتووە، دەستوور دایکی قانونە، ئێمە ناتوانین لە دەستوور بچینە دەرێ، قانونێك دەربکەین و لێرە موصادەقەی لەسەر بکەین کە موخالەفەی مەوادەکانی ناو دەستووری عێراقی بێت، چونکە خۆمان دەنگمان لەسەر داوە، قاعیدەی فقیهیش باس لەسەر ئەوە دەکات (من سعی الی نقض ماتمت من جهة فسعیه مردود علیه)، ئەگەر ئێمە بە پێچەوانەی ئەوە

بكەینەوە، ئەوە بە سەبری بەسەر خۆماندا دەشکێتەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات، ئاداب و نیزامی عامیش تەبیعی ئەمە لە دنیایی پێشکەوتووشدا ئیتیباعی لەسەر دەکرێت، ئاداب ئەو خورەوشتانەشە، کە لە ناو کۆمەڵگا بۆتە عورف، هەرچیش ببێتە عورف دەبێت، جائیز نییە لێی لا بدرێت، لەبەر ئەوە بۆ واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری ئێستای ئێمە و ناوچەی کە ئێمەی تێدا دەژین، لە لایەکی دیکەشەوە لە دەستووردا ئەگەر بێین سەیرێکی بکەین، دەبینین شەریعەتی ئیسلامی بۆتە یەکێك لە مەصدەرەکانی تەشریع لە عێراقدا، یەعنی ئێمە لە چەند لایەکەوە ڕێگامان لێ گیراوە، کە لاببەین لە نیزام و ئادابی عامە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەوە بمێنێت لە شوێنی خۆیدا سنوورێکە بەگوێرەی قانونیش تەنزیم دەکرێتەوە، خۆ شەرت نییە هەموو صەحەفیەك بە نیزامی عام و ئادابی عامە بدرێتە دادگاو مەحکەمە موحاسەبەی بکرێت، بەنیسبەت ئەمنی ئیقلیمیشەوە، من پێموایە ئێمە هێشتا نەبووینە دەوڵەت، کە نەبووینە دەوڵەت هیچ قانونێکی دەولی حیمایەی ئەمنی وەتەنی و قەومیمان ناکات، ناتوانین بە هیچ میساقێکی ئومەمی موتەحیدە بە هیچ قانونێکی دەولی دیفاع لە خۆمان بکەین لە هیچ مەحفەلێکی دەولی، ئێمە هێشتا هەرێمێکین تازە کەوتونەتە سەر خۆمان، تازە ئەماناتی موئەسەساتی خۆمان دروست بکەین، لە هەر چوار لاشەوە خەڵك دەمی تێ دەگرن و دەیانەوێت هەرێمەکەشمان لەناو ببەن و لە ژێر دەستمانی دەربهێنن و بەرەکەمان لە ژێر پێ ڕاکێشن، لەبەر ئەوەی بۆ ئەم کاتەی ئێستا، من پێموایە محافەزە کردنی ئەمنی ئیقلیم، هەندێك کەس ڕەنگە تەفسیری بکات بە ئەمنی وەتەنی، ئەمنی قەومی، ڕاستە ئەمە ئەمنی وەتەنی، ئەمنی قەومییە بۆ دەوڵەتانە، ئەمنی ئیقلیم بۆ ئەم هەرێمە کە لەسەر پێین تازە دروست بووین، من پێموایە بمێنێتەوە بۆ ئەو فەترەیەی هەتاوەکو تەبیعی ئەمە قانونە قابیلی گۆڕانکاریە، تا کۆمەڵگای کوردی بەرەو پێشتر دەچێت، تا هەرێمی کوردستان تۆزێك بەقوەتتر دەبێت، تا ناوچەکە هادیئ تر دەبێتەوە لەگەڵماندا، بەنیسبەت بڕگەیەکی دیکە، هەندێك لە برادەران باسیان لەسەر کرد، من تەئیدی ئەوە دەکەم، ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك داوای مەعلوماتی کرد لە شوێنێك مەعلوماتی بداتێ نەدرایێ، پێویستە فەقەرەیەك بۆ ئەوەش دابنرێت، چۆن موحاسەبە کردنی ئەو لایەنە دەکرێت، ڕاستە لە فەقەرەی چوار کە صیاغە کراوە بۆ غەرەزی حەسمی دەعوا سریەتی ئەو شتانە بپارێزرێت، ئەمە بابێکی دیکەیە، چونکە ئەمە بۆ دەعوا مەحکەمە داوای ئەو شتە سریانە دەکات، تەبیعی ئەوە ئەو جیهەتە مولزەمە وەڵامی مەحکەمە بداتەوە، ئەگەر وەڵامی مەحکەمە نەداتەوە موسائەلەی قانونی دەکرێت، بەڵام جائیزە صەحەفیەك، ڕۆژنامەنووسێك داوا لە شوێنێك بکات نەیدەنێ، لەبەر ئەوە پێویستە بڕگەیەك بۆ ئەوە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خاتوو شمسە فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی کە هەڵدەسێندرێین راو بۆچوونی خۆمان هەیە، نە حەرفی ئەلفین لەوێوە سڕەمان بێت، نـە حـەرفی ئـەخیرین سـڕەمان بێـت، لێرەشـەوە سـڕەمان نایێـت، بەڕاسـتی دوایـێش پێمـان دەڵـێن خاڵـەکانتان دووبارەیە، یەعنی ئەمجارە پێشنیار دەکەم هیچ نابم بـە مەسـئوولی فراکسـیۆن، یـەعنی کـە بـە موتەنـەوەعی هەڵدەسندرێن حەقە ریز بەندی بدرێت بەو کەسانەی کە قسەیان نەکردووەو بۆ راو بۆچـوونەکانی خۆیـان و ئەوەندەش تووشی مەلەل نەبن، هیوادارم ئنیشائەڵلا ئەوە بەڕێوە بچێت.

لە ماددەی یەکەم تەئکید دەکەمەوە لەسەر قسەی برادەرانم، کە ئەوە ماددەیەکی دەستوورییەو پێویسـتە لـەو جوغزەدا بێت، یەعنی سیستەم و نیزامی عام پێویستە لە جوغزی دەستووردا بێت و من تەئیدی دەکەم.

بۆ بڕگەی دووش، کە باس لەوە دەکات بواردان بە رۆژنامەنووس بۆ ئاگادار بوون لەسەر هەر بابـەتێك کـە بـۆ کۆمەڵگا، ئەوە لەوێ بوەستێ لە کوردیەکەی کە رستەیەکی زۆر رەکیکە بەڕاسـتی خەبەرەکـەی نـەداوە، کـە بـۆ کۆمەڵگا چی بێت، ئەوە لەوێ پێویستە راست بکرێتەوە، بەنیسبەت بڕگەی سێیەم/ ئینجا ئـەم بڕگەیـەش کـە هاتووە لە کوردیەکەی، لە عەرەبیەکەی نەهاتووە، من وا مولاحەزەی دەکەم، لە بڕگەی سـێیەمیش کـە دەڵێـت رێگەدان بـە بـڵاو کردنـەوەی رەخنـەو راو بۆچـوون، بەڕاسـتی ئـەوە پێموایـە یـەعنی مەجالەکـەی زۆر تەسـك کردۆتەوە، وەکو بڵێی چۆن خێرێـك دەکـات بـە رۆژنامـەنووس و شـەفافانە نییـە، شـەرمانە ئـەو مافـە دەداتـە رۆژنامەنووس و لەگەڵ رەئی لیژنەی هاوبەشی یاسایی و رۆشـنبیریم، کـە دەڵێـت دەبێـت ئـازاد بێـت، ئـازادیی بڵاو کردنەوە بێت، لەبەر ئەوەی ئەو بڕگە شەرمنانە، بەڕاستی هەر باس لە دەست کرانەوەی نووسـین و ئـەو ئازادی بۆ رۆژنامەنووس دەکات، کە بە جوغزێکی تەسك بەڕاستی مامەڵە لەگەڵ بڵاو کردنـەوەی رەخنـەو راو و بۆچوونەکان دەکات، با ئێمە بە کراوەترو شەفافیتر، بـە سـوقڵێکی زیـاتر، بـە حـەجمێکی بـەرفراوانتر رێگـە بەو دوو پایەی رۆژنامەنووس کـە رەخنـە گرتنـە لەگـەڵ رێ دەرکردنـی راو بۆچوونیان دەکـات، کـە ئەمـەش بەڕاستی لە یاسا نێودەوڵەتیەکاندا بۆ کارو چالاکیە رۆژنامـەوانی، ئەمـە پێـوەرێکی سـتانداره، لەگـەڵ ئـەوەدام ئامانجی نووسین بکرێتە پرەنسیپ و بکرێتە مەبادیئ هەر لێرە لەو بڕگەیەدا جێی بکرێتەوە، یـەعنی لەگـەڵ ئەوەی ئێمە ئازادی بەرفراوانی دەکەین و شەفافی دەکـەین، بـەڵام ئامـانجی نووسـینەکە دیـاری بکـەین، یـەعنی نووسـین لـە پێنـاوی نووسـیندا نـەبێت، بـۆ نموونـە تـۆ راسـتە ئـەرکی رۆژنامـەنووس چـاودێری مەسـەلەن دەسەلاتە، رەخنەگرتنە، قسە کردنـە لەسـەری، بـەڵام ئەگـەر نەقدەکـە کارێکی سیاسـی هەیـە، پێویسـتە ئـەو کەسە، ئەو رۆژنامەنووسە لە پێناوی نووسیندا شتەکە نـەڵێت، تـەرحێکی بـەدیل پێشـکەش بکات، بـۆ ئـەوەی زیاتر بەدوایدا بچێت، ئەگەر نەقدەکەش مەسەلەن وەدەرخستنی، یـاخود کەموکوڕیـەکی، یـاخود دیاردەیـەکی دزێوی ناو کۆمەڵگا بێت، دەمانـەوێت چۆن کورتی بکەینـەوە، یـاخود دەمانـەوێت نـەیهێڵین و بنـبڕی بکـەین، بەڕاستی ئێمە دەبێت حیساب بۆ ئەو نووسینانە بکەین، بۆ نموونە تۆ دەتەوێ لە چەندین نووسیندا، کە باس کراوە دەمەوێت هەر ئیشارەتی پێ بدەم، لێرە زۆر بە کراوەتریش ئیشارەتی پێ بـدەم، مەسـەلەن دیاردەیـەکی دزێوی ناو کۆمەڵگا بڵێ باس لە خەتەنەی ئافرەتان دەکات، یەعنی بەڕاستی تاکی نووسـەر دێـت ئەوەنـدە ئـەو مەوزوعە زل دەکاتەوە، ئەوەنـدە زەقـی دەکاتـەوە ئافرەتەکـە خـۆی وای لـێ دێـت لێـرە قوربانییـە، پیاوەکـانی

ولاّتانی ئێمە رازین بەو ئافرەتە چەند وەختە، بەلاّم ئەم جۆرە نووسینانە بەڕاستی وای کردووە، کە نەك هەر دیاردەکە بنبڕ بکرێت، بەڵکو پیاوەکان ئەو ژنانەیان نەوێت، یەعنی ئەو خۆی بۆتە قوربانی، جارێکی تر دەکرێتەوە قوربانی، لەبەر ئەوە ئامانجی نووسین دیاری بکرێت، چ لە رەهەندەکانی سیاسیەوە بێت، کۆمەلاّیەتیەوە بێت، ئابووری و رۆشنبیری و باقی رەهەندەکانی ترەوە بێت، پێم باشە ئامانجی نووسین پرەنسیپێك بێت، لێرە دیاری بکرێت، یاخود لە زۆربەی نووسیندا بەناوی رۆشنبیرییەکی سێکسیەوە دێت ئەوەندە موحەرەماتی ناو کۆمەڵگا زەق دەکاتەوە، کە گەنجی ولاّتی ئێمە تۆ تووشی ئینحیراف دەبێت، ئیتر تۆ تا ئێوارە مەسەلەن ئەو رۆژنامەنووسە تەغریم بکەیت و تەجریم بکەیت بە یاسا، ناتوانیت تەعویزی کۆمەڵگاو بەها گشتیەکان و بەها بالاّکانی ناو کۆمەڵگا بکەیت، یەعنی چۆن شتێکی موستەحیل و مەحاڵە، کە ئێمە رێگە بەو شێوازانە بدەین، لەبەر ئەوە جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە، کە ئامانجی نووسین لەناو ئەم مەبدەئانە دیاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس شمسە خان تەواو، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو خاڵەوە دەست پێ دەکەم، هەست بەوە دەکەیت یەعنی ترسێك هەیە، ترسێك لەنێوان ئەم توێژە کە رۆژنامەنووسە لەگەڵ دەسەلاّت، یان لەگەڵ بەشێك لە کۆمەڵگا، بەپێچەوانەکەشیەوە هەر دروستە، یەعنی ئەوە پێویستی بە چارەسەرێك هەیە بە قەناعەتی من، بەشی دووەم باس لە ئیتیفاقیات دەکرێت، کە ئێمە لەم رێگایانەوە بچینە هەندێك شوێن، ئیتیفاقیاتی دەولی دوو بەشە، بەشێکیان مولزیمن، هەر ئیتیفاقیەتێك بکەوێتە ژێر بەندی حەوتەم، ئەو ئیتیفاقیە مولزیمە، غەیری ئەوە هەمووی دەتوانیت بڵێی تەوصیاتە، یەعنی هیچ ئیلزامێك بۆ کەسێك دروست ناکات، تەنها ئەوە نەبێت، دەتوانێت چاکە دروست بکات و ببێتە ئیشێکی باش بۆ ئەو خەڵکە. خاڵێکی تر، هیچ گەل و نەتەوەیەك بەبێ پیرۆزی نییە، بەتایبەتی پیرۆزی دینی و نەتەوەیی، هیچ گەل و نەتەوەیەك لە دنیا نییە، کە ئەم دوانەی نەبێت، کۆمەڵێك شتی دینی هەیە پیرۆزە لە لای، کۆمەڵێك شتی نەتەوەیش هەیە پیرۆزە لە لای، ئەمانە یەعنی ئەگەر بگۆڕین بەدیلەکەیان چیە، ئەمەیە تایبەتمەندی ئەم گەلە دیاری دەکات، ئەگەر سەیری ولاّتێکی زۆر پێشکەوتوو بکەین لەم مەجالە، لە هەموو ولاّتێك پێشکەوتووتر بەریتانیایە، مەسەلەن مەلیکە بەدوو ئیعتیبار قەدەغەیە خەڵك ناوی بێنێت بە خراپە، یەکێك/ وەکو رەئیسی کەنیسەی ئینگلیکانی کە ئەو خاوەنیەتی، ئەو رەئیسیەتی، دوو/ وەکو پاشای ئەو ولاّتە، بەم دوو ئیعتیبارە هیچ رۆژنامەنووسێك، هیچ دەزگایەك، هیچ لایەنێك ناتوانێت ناوی بێنێت، بەجۆرێك لایق نەبێت بەو، نەك تەشهیری پێ بکات، نەك بە خراپ ناوی بەرێت، ئەی چۆن مەسەلەن لەگەڵ دیندا، لەگەڵ پێغەمبەردا، لەگەڵ ئایندا، لەگەڵ ئەم پرەنسیپە ئەساسیانەی نەتەوەیەکدا، کە زۆر جار دەیبینی چۆن قسەی لەسەر دەکرێت، پێشنیارێك دەکەم ئەم ماددەی دووەمە لەسەرەوە بنووسرێت ئامانجەکانی ئەم یاسایە، چونکە ئەم ماددەی دووەمە باس لە کۆمەڵێك ئامانج دەکات، یەعنی دیاری بکرێت باشە، پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ئەوەی تیا بنووسرێت، ماددەی دووەم ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

خاڵێکی تر، کە پێشنیار دەکەم ئەم کەسی رۆژنامەنووسەی ئێمە ئەوەندە گرنگی پێ دەدەین، نەهێنی دەدەینە دەستی، مەسەلەن بە ئازادی هەموو قسەیەك بکات، بەڕاستی یەعنی زۆر جار دەبینی ئەم کەسە هەر

لابەلایەك دەبێت بەم ئیشە لە پرێكە حەزی لێیە، مەسەلەن من نموونەم لەلایە حەرەسە، دوای ماوەیەك بوو بە رۆژنامەنووس، دوایێ لە تەلەفزیۆن ئیش دەكات، لەوێ ئیش دەكات دەی دەی فێری صنعاتەكە دەبێت خۆی پیا دەكات، ئەمە ئەگەر كەسێك ئەوەندە گەورە بێت نهێنی ولأتێك بخەیتە بەر دەستی بتوانێت لەسەر هەموو كەسێك بدوێت، بە قەناعەتی من دەبێت لێرە جێگەی شتێك بكەینەوە بڵێین هەڵگری بڕوانامە بێت، یان دەرچووی دەوریەك بێت، كە كۆمەڵێك یاسا دەخوێنێت، كۆمەڵێك ئیعتیبار دەخوێنێت، كە ئەویش خۆی لادەدات، بەس ئێستا ئێمە تەجریمی بكەین بە شتێك كە ئەو نەیخوێندووە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم لەم یاسایەو سەندیكاش جێگای بۆ بكەنەوە بەڕاستی، كەسێك یان هەڵگری بڕوانامە بێت، یان دەوریەكی تایبەت ببینێت، ئەو شتانەی كە پێویستە نەیكات. باسی ئەمنی ئیقلیم دەكەین، من قەناعەتم وایە ئەمنی ئیقلیم ئێستا بۆ ئێمە بەرامبەر بە ئەمنی دەوڵەتە، هەم ئەمنی قەومیشی تیایە، هەم ئەمنی نیشتمانیشی تیایە، هەم ئەمنی ئەم موئەسەسەیەشی تیایە، ئەمە ئەزمونێكە ئێمە دەستمان كەوتووە، چەند ساڵە خەباتی بۆ دەكرێت، تا دەستمان كەتووە، پاراستنی ئەمە وەكو ئەمنی دەوڵەت وایە، راستە ئەمە ناتوانیت بیخەیتە ئیش لە بڕیارە نێودەوڵەتیەكاندا دیفاعی خۆتی پێ بكەیت، بەلأم دەبێت پارێزراویش بێت، دەبێت پارێزراویش بێت لە زیمنی ئەو قوەتەی كە هەیە، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**شیرین خان فەرموو.**

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە جارە ناڤێ خۆ بنووسین ئەڤ ماددەی ئیلغا كریێ، ژی بێت ئان چ نامێنێت، ئەز دبێژم هەر تشتەك هەبیت ژی حەدی دەربكاتن فەوزایە، هەر تشتەك هەبیت سنوور بۆ نەبیت فەوزایە، ئەز گەل بە ئیختیصار ئەز گەل دەڤی ماددەكەمە، ماددەی دوو، ئەز تەئیدی دەكەم كە بمێنێتن، تەئیدی ئاخافتینێ مامۆستا عومەر دكەم، چونكە ئاخافتنێ وی راستی خزمەتا نوكەی دكات، خزمەتا وەزعێ نوكە تێدا وێ خزمەت دەكاتن، ئەز دبێژم چ نەمایە ئەگەر ئەم سەح كرنێ چ نەمایە صەحافیە، ئان ئەز بێژم رۆژنامەڤانە، چ نەمایە ئیسارە نەكەین، سەبەبێ گەلەك یەعنی تشتەك گرنگ، یەعنی ئیسارە هاتیە كرن، ئەگەر ئەم سەح مەسائیلی ئیعلامێ، ئەم سەح لەسەر ڤان جەریدە، ئەم سەح بكەین سەر ئەنتەرنێتێ، بیژم تشتەك زێدەتریش ئازادیە ئەز نزانم ئازادی چیە، یەعنی دەبێت بزانم ئازادی زێدەتر چیە، بەس هیندە تشتێ مای ئەڤ ئەمنیەت و ئەڤ نوكە تێدایە، ئەڤ ئازادیە تێدایە، ئەڤ ئارامیان و نوكە تێدا، ئەڤە حیمایە نوكە دكەن بە وەزعی كوردستانێ هەرێمێ نوكە، ئەڤ بێژێ بەس ئەوێ ماینە كە هاتیە سەر جەریدە، بەس ئەڤ وەزعێ مای، یەعنی لازم ئەز سریەتێك هەبێت بۆ ئیقلیمێ، لازم نهێنیەك هەبێت بۆ ئیقلیمێ، نابێت هەر تشتەك هەبێت ئیلا جەریدە، ڤێرێ پرسیارێ من ئەوە، ئەرێ نەقابەی صەحافیدا هەیە هەر پەیامنێرێك، یان صەحەفیەك بچێتە چ دائیرەیەك، چ موئەسەسەیەك مولزەمە لازم موعلومات بداتێ؟ یان نا، ئەوان گوتیان بەس تەسهیل دكاتن، یەكێ گوتی تەسهیل موهیمەی صەحەڤی، نەگوتیا مولزەمە ئیلا بچێتە چ دائیرەیەك، چ موئەسەسەیەك ئیلا ئەو مەعلوماتەی بێت بباتن، ئەگەر ڤێرێ هەیە باشە، بەس ئەگەر نینە، ئەز دبێژم یەكێ گوتی موهیمەی تەسهیل دكاتن، هیڤیدارم ئەم بەرچاو وەرگرن، یەعنی وەزعی ئێمە وەكی كاك عومەر گوتی وەزعی ئێمە گەلەك هەر ئەم بێژن ئەمریكا وەسایەو فەرەنساو ئیسپانیا وەسایە، ئەز دبێژم گەلەك قۆناغە دی گرنگ و نە ئەو وەختە گەلەكە مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر ئیجازەم بدەن تەنیا داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم لەسەر ئەو دوو، سێ نوقتەیەی کە باس کرا ڕەئی خۆی بدات، ئینجا ڕەئیەکم هەیە پێتان دەڵێم، فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بێگومان حکومەتی هەرێم کە ئەم پرۆژەی ناردووە، دیارە پەسندی کردووەو ناردوویەتی بەو شێوەیەی کە هاتووە، هەرچەندە لە ئەسنای گفتوگۆیەکان لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکە گۆڕانکاری بچووك هاتووە، بەس بە گشتی ئێمە وەکو حکومەت، مەبەستم حکومەتی هەرێم پشتگیری لەو یاسایە دەکەین لەگەڵ هەندێ تێبینی کە لە ئەسنای موناقەشەکاندا هاتووە، چونکە لەوانەیە گۆڕانکاری بێتە سەر پرۆژەکە، یەکێکی تر ئەوەیە کە حەز دەکەم بزانرێت، کە مەسەلەی ئادابی عام و نیزامی عامە، لە هەموو یاسایەکانی حکومەتدا لە دەستووریشدا هاتووە، تەنانەت لە دامەزراندنی پەرلەمانیشدا هاتووە، یاسای پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، یەکێك لە ئەرکەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، پەرلەمان پاراستنی ئادابی عام و یاسای گشتییەو ئاسایشیشە، هەروەها هی ئەنجومەنی وەزیرانیش هاتووە، هەروەها لە دەستوورەکانیشدا هاتوون، لێرە مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر گریمان ئەمانە نەمێنێت، چۆن دەتوانرێت ئەو هەموو شتانە تەوازن بکرێت، ئەمە خاڵێك. ئێمە وەکو حکومەت دیفاع دەکەین لەو یاسایەی دەرمانکردووە، ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان ئیلزامی حکومەتی کردووە، بۆ ئەوەی جێ بەجێی بکات، ئەمە لایەنێك.

لایەنی دووەم/ بۆ ئەوەی ئیلزامی هەر کارمەندێك، یان هەر شەخصێك ئەوەی هەر مەعلوماتێك بدات، ئەمە دژی یاسایە، دژی مەبدەئێکە مەبدەئی مافی بێ دەنگی پێ دەڵێن، ئێوە ئێستا بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان بچنە دەرەوە، میدیایەك لێتان دەپرسێت چی ڕوویدا؟ دەتوانن تۆ بڵێی هیچ ڕووی نەداوە، واتا قسە نەکەیت، ناتوانێت میدیایەکە فەرز بکات بەسەرتدا ئیلا دەبێت بڵێی چی ڕوویداوەو چی باس کراوە؟ ئێستا من چوومە دەرەوە ئیشم هەبوو، هاتن پرسیاریان کرد، گوتم ناتوانم قسە بکەم، تاکو جەلسەکە تەواو نەبێت، گوتم بەڵێ موناقەشات هەیە لەسەر ڕۆژنامەکان، ئەو موناقەشەی ئێستا، بەڵام تا جەلسەکە تەواو نەبێت، ناتوانم ڕەئی بدەم، باشە ئێستا هەر یەکە لە ئێوەش کە دەچنە دەرەوە بۆ نموونە، ئایا ڕۆژنامەیەك، یان تەلەفزیۆنێك حەقی هەیە ئیلزامت بکات تۆ هەموو شتێکت لێرە باس کردووە، باسی بکەیت، خۆی مەعلومات ئەوەیە، مەعلومات هەر ئەوەیە، دوای ئەوە مەسەلەی نهێنی هەیە، ئێمە لە وڵاتانی تری پێشکەوتووتر نین، ئێستا لە ئەلمانیا مەحاکمە هەیە هەندێك کارمەند کتێبی نهێنیان داوەتە دەرەوە مەحکەمەیان دەکەن، ئێستا بۆ ڕاگەیاندن دوێنێ، پێرێ لە ئەلمانیا بڕیارێکیان دەرکرد، سانسۆری ڕەسمیان خستە سەر ئەنتەرنێت، سەر زۆر دەزگای ڕاگەیاندن، سەر تەلەفۆن، بە ڕەسمی دەریانکردووە بەڵێ ڕاستە لە ئەمریکا مافی تاکە کەس زۆرە، تەبعەن ئەو مافە تاکە کەسەی لە ئەمریکا هەیە لە هیچ جێگایەك نییە، کەم وڵات هەیە، ئەوە ڕاستە، بەس

لە ئەوروپا وا نییە، لە ئەوروپا ئەوەندەی ئەمریکا مافی تاکە کەس نییە، من لەگەڵ مافی تاکە کەس نیم، مەقصدەم ئەوە نییە، ئێمە دژی مافی تاکە کەسین، بەلاّم دەبێت ئێمە بزانین ئێمە لە کوێ دەژین؟ لەبەر ئەوە من دەڵێم ئێمە ئەو پرەنسیپانەی کە هاتوون لەگەڵ ئازادی بیرو را لەگەڵ مافی رۆژنامەنووسیش، دەبێت ئێمە بەلانسێك دروست بکەین، هەم مافی تاك و کۆمەڵ بپارێزین، هەم مافی ئازادی دەربڕینیش بپارێزین، تا ئەو حەدەی دەتوانین، لەبەر ئەوە ئێمە تەبعەن بێگومان ئەو خالانە نەبێت کەوا سەرباری برگەی چوار کە هاتووە لە دەقە کوردیەکە، کە دەڵێت پێویستە هەر فەرمانبەرێك، یان ئەو کەسەی لە ئەخیری بڵێین بۆی هەیە، پێویستیەکە بخەینە بۆی هەیە، پاراستنی مافی بێ دەنگی، بۆ ئێمە ئیلزامی بکەین، من دووبارەی دەکەمەوە هەر ئێوە بچنە دەرەوە مەسەلەن دەتوانیت قسە نەکەیت کە چی بووە لێرە، ئەمەش هەر مەعلوماتە قسە کراوە لێرە، هەمووی مەعلوماتە، کێ قسەی کردووە؟ من پێم باشە فلان کوتلە قسەی کرد، فلان کوتلە، فلان و فلان فراکسیۆن، فلان شەخص بیرو رای چی بوو؟ دەتوانیت باسی نەکەیت، تۆ مولزەمیت، خاڵێکی تر هەیە دەربارەی یاسای چاپەمەنی، خاڵێکی تر هەبوو کە دەرمانکرد لە ساڵی 1993 من سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری بووم تیایە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵ مانایەکەی وا دێت، یەعنی ئەگەر یەکێك شتێکی وای نووسی، یان شتێکی وت، کەوا دوو بەرەکی بخاتەوە، شەڕ بخاتەوە، فتنە بخاتەوە لە بەینی دوو قەومیەت، لە بەینی دوو دین، لە بەینی دوو تائیفە، یان دوو جەماعەت، سزای لەسەرە، باشە ئەوە لەکوێ دەمێنێتەوە؟ یەعنی دەبێت ئێمە ئازادی ئەوەش هەبێت، بەڵێ تۆ دەبێت بنووسیت، بەلاّم نابێت تۆ ئاسایشی کۆمەڵ تێك بدەیت، لێرە مەبەستم سیستەمی گشتیەکە ئەوەیە، سیستەمە گشتیەکە ئاسایشی خەڵکە، تۆ شتێك بلاّو دەکەیتەوە، شتێکی زۆر درۆ، دەبێتە ئاژاوە لەناو هەولێر بۆ نموونە، باشە ئەوە کێیە ئەو شتەی بلاّو کردەوە؟ کێ بەرپرسە؟ ئایا دادوەر، یان قەزا حەقی نییە موتابەعەی ئەوە بکات؟ فتنە دەنێتەوە، خەڵکی لێ دەکوژرێت، لەبەر ئەوە زۆر مەسەلە هەیە بەڕاستی من دەڵێم ئەم یاسایە، ئەم پرۆژەیە شتی باشی تێدایە بۆ پاراستنی ئازادیی دەربڕین و نووسین، بەلاّم رەچاوی هەندێ باری کۆمەلاّیەتی بکرێت، یاسایەکانی ترمان، ئەو یاسایانەی کە دەرمانکردووە، ئەو دەستوورەی دەرمانکردووەو دەمانەوێت دەریبکەین، بۆ ئاگاداریتان ئەم موناقەشەیەی کە ئێستا لێرە دەکرێت، هەمان شتە کە لە بەغداش دەکرێت، رۆژنامەنووسانی عێراق عەینی موشکیلەیان هەیە، عەینی پرسیاریان هەیە، ئەم پرسیارەی سۆزان خان کردی، ئێوە چیتان کرد لە مەسەلەی ئاداب و ئاسایشی گشتی و سیستەمی گشتی و ئەو شتانە، رۆژنامەکان چەند هاتوون بۆ لام وەلاّمم دانەوە، نۆوەدو سێ ئێمە حەلمان کرد، تەبعەن لە نۆوەد و سێ لە پەرلەمان عەینی موناقەشات بوو، یەعنی عەینی لە نۆوەدو سێش دووبارە بۆوە، بۆیانم باس کرد، گوتم ئەمە لە دەستووردا هاتووە، ئێمە دەبێت لە دەستوورەوە موعالەجەی ئەوەیە، ئێمە ناتوانین پەرلەمان دەستوور بگۆڕێت، دەبێت بە ئیستیفتا بێت، بە شتێك زۆر مەزن بێت، بەلاّم ئایا ئێمە دەتوانین یاسایەك دەربکەین، لەگەڵ دەستوور نەگونجێت، پرسیارەکە ئەوەیە، من ناڵێم مەیگۆڕن، پەرلەمان ئازادە هەموو شتێك دەربکات، بەلاّم تا چەند دەتوانێت لەگەڵ یاسایەکانی تر

بگونجێت، لەگەڵ دەستووریش بگونجێت، لەگەڵ پاراستنی مافی ئازادی دەربڕین، لەگەڵ مافی تاك و كۆمەڵیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوانەی كە ناویان دەخوێنمەوە، داوایان كرد بوو قسە بكەن سبەینێ، چونكە ئێستاكە هەموو ئیشارەت دەدەن وەخت نەماوە، ناویان دەخوێنمەوە هەر ئەوانە قسە دەكەن (كاك زانا، كاك دلێر، كاك هەردوو بارزان، پەخشان خان، كاك جەعفەر، كاك جەمال، كاك حاتەم، دكتۆرە شوكریە، كاك تارق، كاك عوسمان، ڤیان خان، ڤیان سلیمان، كاك محەمەد صالح، دكتۆر ناصح، خاتوو نەسرین، بێجگە لەوانەی لەسەر مەنصە دانیشتوون، جا من لەڕاستیدا پێش ئەوەی كۆتایی بە دانیشتنەكە بێنین، ئەم یاسایە یاسایەكی زۆر گرنگە، بۆیە ئێمە لێرە زۆر سینگمان فراوان بوو، سەبریشمان زۆر بوو و ڕێگاشمان بەئێوەدا، كە بە دڵی خۆتان قسە بكەن، برادەرێك وەرقەیەكی بۆ ناردم، هەر دەمەوێت وەكو مولاحەزەیەك پێتان بڵێم وتی پرسیار دەكەم ئەگەر ئەو دانیشتنە داخراو بوایە، ئایا موناقەشەكان وا دەبوون؟ پرسیارەكەی جێی عەلامەتی ئیستیفهام بوو، مەقصەدی ئەوە نەبوو، ئەگەر راستەوخۆ نەقل نەكرا بوایە، ئایا موناقەشەكە هەروا عەلامەت ئیستیفهامێك و تەعەجوبێكی داناوە، لە جێگای خۆیەتی پرسیارەكەی، گرنگ ئەوەیە ئێمە وەكو هەموو جار عەرزتان دەكەم، چی بە باش بزانین ئەوە بكەین، چی زەمیرمان و ویژدانمان و مەسئوولیەتمان لەسەرمان فەرز دەكاتن، ئەوەی بكەین، تەبعەن بە تەئكید سەری هەموو شتێك، هەموومان سوێندمان بەوە خواردووە لە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان دابین، چەسپاندنی دیموكراتیەت، هەدەفی هەموو لایەكمانە، كەس خیلافی لەسەر ئەوەدا نییە، بەلاّم ئیختیلافیش تەبیعییە، یەك رجاشم هەیە، ئەوویش ئەوەیە ئەندامی پەرلەمانێك، كە رەئی خۆی دەدات، رەئیەكە هەر چۆن بێت بەڕێزە، ئەندامانی پەرلەمانی تر بەدڵیان نییە، لە پێش خۆیانەوە بە ئینفیعال رەدی نەدەنەوە، یان بە پێكەنین، یان بە چرپە كردن، ئەوەش زاهیرەیەكی جوان نییە، بۆ پەرلەمان ناگونجێت، هەموو كەسێك ئازادە، هەموو رەئیەك موحتەرەمە، هەر كەسێك ئیحتیرامی رەئی خۆی دەگرێتن، دەبێت ئیحتیرامی رەئی موقابیلیش بگرێتن، لە نەتیجەدا زۆرینە بڕیار لەسەر دەداتن، داوا لە هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری دەكەم تا بەیانی تۆزێك بە پوختەتر بە رەئیەكانی خۆیاندا بچنەوەو دەوڵەمەندی بكەن بەو رەئیانەی كە بیستیان، هەر یەكە بۆ لایەنی خۆی، مەسەلەن رەئی هەبوو پشتگیری لە رەئی یاسایی كرد، بەلاّم تەعدیلێكی بەسەردا كرد، ئەو تەعدیلە بە هەند وەربگرێتن، هەروەها بەنیسبەت لیژنەی رۆشنبیرییەوە، بەیانی پاش ئەوەی ئەوانی تر قسەیان كردووە، ئەو رەئیانەی كە دراون و قسەیان كردووە، ئەو براو خوشكانە، دواتر چی دەكەین برگە بە برگە دەڵێین ئەوە هاوبەشە ئیختیلافیان لەسەر نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، بە دەوڵەمەند كردنی بە كەلیمەیەك، یان بە جوملەیە باشتر هاتووە، ئەگەر خیلافیش هەبوو دەڵێین ئەوە لیژنەی یاسایی رەئی وایەو دەوڵەمەند كرا بە رەئی ئێوە بەو شكلە دەیخەینە دەنگدانەوە، یاخود بە پێچەوانەوە لیژنەی رۆشنبیری رەئی وایە دەوڵەمەند كراوە بەو شێوەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، دواتر هەموو ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، بەشێوەیە سەبرتان هەبێت، هەمووومان سەبرمان هەبێت، جەنابی وەزیریش سەبری هەبێت لەگەڵمان ماندوو بووە، ئومێدەوارین سبەینێش هەر لەگەڵمان سەبری هەبێت و حازر بێت لەگەڵمان زەرورییە لەگەڵمان حازر بێت، لێرەدا كۆتایی بە كۆبوونەوەكە دەهێنم تا سبەینێ سەعات (11)، نەمگوت دە بۆ ئەوەی لیژنەكان خۆیان جارێكی دیكە چاو بخشێننەوە بە كارەكانیان، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30)

چوار شەممە رێكەوتی 5\12\2007

خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30)

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/12/5

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/12/5 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (30)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (30)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی راژەی سەرۆكەكانی یەكەی كارگێڕی بە راژەی دادوەری كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (30)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/12/5دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی ڕاژەی سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕی بە ڕاژەی دادوەری کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

داوا لە هەردوو لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، ئێمە دوێنێ لە موناقەشەکانمان چەند ناوێکمان خوێندەوە، کە داوای قسە کردنیان کرد بوو، ئێستا قسە دەدەم بەوان لەسەر ماددەی دووەمدا، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بە حاڵی خۆم لە لیژنەی یاساییش کە ئێمە کۆبوونەوەمان کرد ڕۆژی شەممە لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و بەشێك لە ئەندامانی سەندیکا، ڕاستی وەکو دوێنێ مولاحەزەم کرد وای لێ هات خیلاف لە بەینی لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی یاساییە، خۆی ڕاستیەکەی وا نەبوو، چونکە لەناو لیژنەی یاساییش هەبوو لەگەڵ ئەو ڕەئیانە بوو، لەناو لیژنەی ڕۆشنبیریش هەبوو موتەفیق نەبوون، بۆیە بووە دوو بەشەوە، هەردوولا لەسەر ئەوەی ئایا داب و نەریت و سیستەمی گشتی لەناو ئەو ماددەیە بمێنێت، بەتایبەتی لەو دەقی یەکەمە، بڕگەی یەکەمە، من بەش بە حاڵی خۆم دوێنێ لێرە مولاحەزەم کرد، کۆمەڵێك تەعریفی جیا جیا کرا بۆ مەسەلەی داب و سیستەمی گشتی، لەڕاستیدا تاکو ئێستا من موتابەعەم کردووە لە ڕووی مەجالاتی قانونی، هەتا لەناو سایتەکاندا، تاکو ئێستا زۆربەی فوقەهای قانونی نەیانتوانیوە تەعریفێکی موەحەد، نە بۆ داب، نە بۆ سیستەمی گشتی بنووسرێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕەبتی هەیە لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر فەرقی هەیە، لە شارستانیەتێك بۆ شارستانیەتێکی تر فەرقی هەیە، لە جیلێك بۆ جیلێکی تر فەرقی هەیە، لە زەمەنێك بۆ زەمەنێکی تر فەرقی هەیە، هەتا ئیحتیمالە لە شارێك بۆ شارێکی تر فەرقی هەبێت، لەبەر ئەوە هەندێك صیغەی عام هەیە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبووە بە ئەخلاقی ئەو موجتەمەعەوە، کە وەکو عورفێکی لێهاتووە، بۆتە سابت لای خەڵکی و ئیتیفاقی لەسەر کراوە، ئەمە ببێتە حاڵەتێك کە ئیتر خەڵك نارازی بوونی هەبووە بەرامبەری، بەڵام لە ئەخیردا داب بەشێکە لە سیستەمی گشتیش ئەگەر قەواعیدی ئامیرە بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە سیستەمی ئیقتیصادیش و بە سیستەمی سیاسی و ڕۆشنبیری و بە هەموو کۆمەڵایەتیش، داب بەشێکە لەوانە، داب لێرە ڕاستەوخۆ تەعبیر لەو ئەنزیمانە دەکات، لەبەر ئەوە لە دەقەکە بە ئاشکرا هاتووە، دەڵێت سانسۆر لەسەر ڕۆژمانەوانی نییەو ئازادیی بڵاو کردنەوەی دەستەبەرە بۆ هەر هاووڵاتییەك لە سنووری یاسا، بە قەناعەتی من ئەمە کافیە، لە تەك ئەوە دەکرێت ئەگەر جوملەی پاشتری بمێنێتەوە لە چوارچێوەی پاراستنی ئازادییە تایبەتیەکانی تاك، ئەمە دەتوانین ئەم صیغەیەش بگۆڕین بەوەی کەوا بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ باشترە، لەبەر ئەوەی ئەوە کۆمەڵێك شتی تر دەگرێتەوە، لەوانە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەگرێتەوە، لەگەڵ هەردوو عەهدی دەولی کە تایبەتە بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە ڕابردوودا بوونەو عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە ئیتیفاقی مۆر کردووە، پێموایە لێرە ئەوە پاراستنی تاکیشی تیایە، یەعنی پاراستنی مافی هەردوو بەری تیایە، لەبەر ئەوە داب لێرە بەڕاستی ئێمە کاتێك ئازادی بۆ ڕۆژنامەنووس دەستەبەر دەکەین، دەمانەوێت یاسایەك بۆ ڕۆژنامەنووس، دیارە قەصدمان لە کۆمەڵێك حاڵات نییە، کە ئێمە لێرە باسمان کرد دوێنێکە، زۆر جار وا باس کرا ڕۆژنامەوانی و کاری ڕۆژنامەوانی پەیوەندی بە سێ، چوار حاڵەتەوە هەیە، یەکەم/ کەلیمەیە،

صورەیە، یەعنی وێنەیە، ئەوانەی لەسەر شاشە دەردەچێت، لەگەڵ ئەو حاڵاتانەی بە دەم دەگوترێت لەناو شاشەی تەلەفزیۆن، یەعنی پەیوەندی بەوە نییە، کچێك دەڕوات لە بازاڕدا قاچی رووتە، یان یەکێك ژن بە ژن دەکات، ئەمە حاڵەتێکە قانونێکی تر هەیە عیلاجی ئەوانە دەکات، یان بە قانونی ئەحوالی شەخصی عیلاج کراوە، یان بە قانونی عقوبات کراوە، ئێمە رۆژنامەنووسمان دەوێت ئازادییەکی هەبێت، بەلاَم لە چوارچێوەی ئەو حاڵەتانەی کە بە مەبەستی بەرامبەر نەکات و نەبێتە سەبەبێك بۆ زیان گەیاندن بە بەرامبەرەکەی خۆی، ئیتر ئەو بەرامبەرە کەسێکی تایبەتە، یان دەزگایەکی مەعنەوییە، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من لێرە ئەوە کافیە، هیچ پێویست ناکات کە ئێمە باس لە داب و سیستەمە گشتیەکان بکەین، چونکە ئەگەر ئێمە باس لە ئازادی بکەین لە لایەکی ترەوە کەلەپچە بکەینە دەست ئەو ئازادیە، پێموایە ئێمە لە بیدایەتی سەرهەڵدانی بنەمایەکانی دیموکراتیەت لە کۆمەڵگایەکی وێران کراوی بە زۆر وێران کراو لە رابردوودا، کە ئێمە ئێستا دەمانەوێت، ئەو کۆمەڵگایە تەبیعەتێکی دیموکراتی و هەندێك ئازادی تیا بخوڵقێ، بە قەناعەتم لەم سەرەتایە ئەگەر ئێمە ئەم ئازادیانە بەم سەرەتایە بگرین، هیچ ناتوانین بکەین و ناتوانین ئەو دەسەلاَتە چوارەمەی کە زەرور وایە رای گشتی بێت و بتوانێت بەشداری بکات لە دروست کردن و پێشخستنی ئەو کۆمەڵگایە ناتوانین جێ بەجێی بکەین، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من لەوێ کۆتایی پێ دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من رەدی قسەت دەدەمەوە بەنیو دەقیقە، بۆ ئەوەی هین بین، ئەوەلەن/ هەر ئەندامێکی بەڕێز قسە دەکاتن دوو دەقیقە مەجالی دەدەمێ، لەبەر ئەوەی زۆر قسە کراوە، تەحدید بچێتە ناو مەوزوعەکەو رەئیەکەی دەتوانێت بە دوو دەقیقە بەشێوەیەکی باش بڵێت، نیو دەقیقەی تریشی دەدەمێ، بۆ ئەوەی ئاسایشی بڵێی فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە برگەی چوارەم لە کوردیەکەدا کە لەماددەی دووەمدا هاتووە، لە لایەك لە بیدایەتەوە دەڵێ وەستهێنانی زانیاری و هەواڵ و ئامارەکان، ئەم ئازادیەی داوە، بەلاَم لە کاتێکی تردا دیسان دەڵێت هەروەها پێویستە، ئەم پێویستیە لێرە بەمانای (یجب) نییە، چونکە لە ئاخیردا دەڵێت دەبێت بواری بەدەستهێنان بۆ رۆژنامەنووسان بڕەخسێنێت، یەعنی بواری بداتێ، نەك کراوەتە ئەمر لەسەری، ئەگەر ئەوەندەشی لەسەر نەبێت فەرمانبەرێك بوار بڕەخسێنێت، ئەوە بە مانای ئەوە نییە تۆ بچیتە سەری دەبێت هەموو شتێك بڵێت، ئەمە شەخصێکی تەبیعی نییە، من ئازادم بە تەنیا، هەر کەسێك پرسیارم لێ بکات وەلاَمی نادەمەوە، بەس تۆ دەرگا دەکەیتەوە بۆ رۆژنامەنووسان، بۆ ئەوەی شەفافیەت لەم ولاَتەدا هەبێت، ئەگەر ئەو فەرمانبەرە لە حدودی کارەکەی خۆی بواری بۆ نەڕەخسێنێت، ئەی چۆن دەتوانێت رۆژنامە لەم ولاَتە گەشە بکات و پێش بکەوێت و، چۆن ئێمە دەتوانین شەفافیەت لەم ولاَتە بخوڵقێنین، لەبەر ئەوە بە قەناعەتم ئەمە لێرە دەبێت بکرێتە برگەیەکی تر لە جێی خۆشی هاتووە، هیچ زیان و زەرەری بە فەرمانبەر نەگەیاندووە، بەلاَم لێرە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە، پێموایە بکرێتە ئەگەر مەترسی هەبێت، نەك پەیوەندی هەبێت، چونکە حاڵەتێك هەرچەندە ئێمە تەعریفمان نەبوو بۆ ئاسایشی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك دلێر تەواو، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان قانون یەعنی قەید، ئێمە كە شتێك قانونی بۆ دادەنێین، دەمانەوێت لە حاڵەتی ڕەهایی و بەرەڵڵایی دەربازی بكەین، ئازادی ڕۆژنامەگەری خۆی لە خۆیدا شتێكی پیرۆزە، بەلام لەنێوان كۆت و بەند خستنە سەر ڕۆژنامەگەری و لەنێوان ئازادییەكی ڕەها شتێك هەیە، كە قانون تەنزیمی دەكات، بە هیچ شێوەیەك ئازادی ڕەها لە هیچ شوێنێك نییە، هەتا صەحافە ئازادی ڕەها هەبێت و موشكیلەی ولاتی ئێمەو خەڵكی ئێمەش خراپ بەكارهێنانی شتەكانە، شتەكان خۆیان لە خۆیاندا جوانن، مۆبایل شتێكی جوانە، بەلام خراپ بەكار دەهێنرێت، یاسا شتێكی جوانە، بەلام جاری وا هەیە خراپ جێ بەجێ دەكرێت، سەتەلایت شتێكی گرنگە، بەلام خراپ بەكار دەهێنرێت، ئازادی شتێكی زۆر پیرۆزە، بەلام مەترسی لە خراپ بەكارهێنانی هەیە بەڕاستی، یاساناسانیش كە ئادابی عامەو نیزامی عامیان داناوە، خۆ پاراستنە لەو مەترسیەی كە واقیعە، چۆن واقیعە؟ ئێمە ڕۆژانە دەبینین لە ڕۆژنامەگەری خۆمان هەیەو دیتومانەو ڕۆژنامە هانی هەندێك شت دەدات كە پیرۆزەكانی میللەتی ئێمە پێشێل دەكات، هەموو میللەتێك پیرۆزی خۆی هەیە، پیرۆزی ئاینی هەیە، پیرۆزی نەتەوەیی هەیە، نابێت ئێمە پیرۆزیمان نەمێنێت، هیچ سنوورێك نەمێنێت، بینومانە ڕۆژنامە هانی خیانەی زەوجی داوە، ڕۆژنامە هانی تیجارەتی جنسی داوە، ڕۆژنامە هانی نێربازی داوە، ئایا نابێت سنوورێك بۆ ئەو شتانە دابنرێت؟ لە هەفتەی رابردوو زانیمان ئافرەتێك یەعنی شتێكی وای كردووە لە فیستیڤالێكی ئافرەتان جوانیش نییە دەرپێی ژنێكی كوردەواری لەسەر شانی داناوەو هەڵیگرتووە، یەعنی ئەوە ئیهانە كردنە بە ئافرەتی كوردەواری و بە ئادابی عامەو لە مەجلیسێكی گەورە نابێت ئەو شتانە ڕەها بێت، دەبێت سنووری بۆ دابنرێت، داب جیایە لە عادات و تەقالید رجائەن، عادات و تەقالیدی كۆن هەیە، هەندێ تەقلیدی نوێش هەیە، ئەمڕۆ هاتووە بۆ ولاتی ئێمە، شەرت نییە ئێمە بە هەمووی ڕازی بین، ئێمە لە ولاتێك دەژین، لە موحیتێك دەژین ئادابی خۆمان هەیە، ڕاستە ئادابی ئێرە لەگەڵ ئەمریكا جیاوازە، بەلام ئێمە لە ولاتی خۆمان دەژین، چ ئادابێك بۆ ئێرە باشە، ئێمە ئەوە بەكار دەهێنین، بەرنامەی حكومەت پرۆژەیە، ئەندامێك پرسیاری كرد دەڵێت بەپێی بەرنامەی حكومەت بڕۆین، ئەو بەرنامەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەو پرۆژەیە هاتووە، كەواتە ئەوان لەگەڵ نیزامی عام و ئادابی عامە دانە، كە ئێمە ئێستا لێرە لەسەری دەڕۆین، موجتەمەعی ئێمە شتێكی هەیە زۆر گرنگە، لەوانەیە ئێمە لە زۆر ڕووەوە لە دوا بین، ئیحتیمالە لە زانست لە دواوە بین، ئیحتیمالە لە تەكنەلۆجیا لە دواوە بین، بەلام موجتەمەعی ئێمە لە قیەم و لە ئاداب لە پێش پێشەوەی كۆمەڵگاكانی دنیا دەژین، هەر ئەوەمان هەیە، ئەوەشمان لێ مەستێنن، با ئەوە بمێنێت بۆ ولاتی خۆمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا دوو دەقیقەكەت تەواو بوو، زۆر سوپاس، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم، دوێنێ لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیـریش و زۆرێـك لـە ئەنـدام پەرلەمانـەکان باسیان لەوە دەکرد، کە ئەمە مادام بنەمایەکی دەستووری هەیەو لە دەستووردا بەو شێوەیە هـاتووە، لەبـەر ئەوە دەبێت لێرەش تەئکیدی لەسەر بکرێتـەوە، مـن بـە پێچەوانەی هـەموو ئـەو بەڕێزانـەوە دەڵـێم مـادام بنەمایەکی دەستوورییەو دەستوور هەموو تاکێکی کۆمەڵگای نەك تەنیا لـە کوردسـتاندا، هـەموو عێـراقیش مولزەمە پێوەی، پێویست ناکات لێرە تەئکید بێتەوە، مادام بنەمایەکی دەستوورییەو هەموو گەلانی عێراق ئیلتیزامیان پێوە هەیە، لەبەر ئەوە پشتیوانی لەو رەئیە دەکەم، کە بەڕێزێك ئیشارەتی پێدا (لا رقابة علـى الصحافة وحرية النشر مكفولة لكل مواطن في حـدود القـانون)، ئەمـە بەسـە، ئـەویتری مـادام لـە دەسـتووردا ئیشارەتی پێدراوە، پێویست ناکات لێرە تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە.

سەبارەت بە بڕگەی دوو/ هەر مەجالی (فسح مجال النقـد والاراء)، ئێمـە لـە بڕگـەی یەکەمـدا گوتومانـە (لا رقابە) سانسۆر نییە، ئەم بڕگەیە پێچەوانەی ئەوەیە، کە رەقابە نەبێت و بەو شێوەیە ئازادی هـەبێت، ئـەم فەسحی مەجالە کێ بیکات؟ کێ بوار بدات؟ بەڕاستی ئەمە حەقێکی دەستووریشە، پێویست ناکـات بەڕاسـتی هەر بمێنێتەوە.

سەبارەت بەوەی کە باسی ئەمنی ئیقلیم، من لە دانیشتنی دوێنێدا پێشنیاری ئەوەم کرد کە لە پێناسـەکاندا ئەمنی هەرێم تەعریف بکرێت، بەڕاستی ئەمنی هـەرێم لـە گەلێکـەوە بـۆ گـەلێکی تـر، ئـەمنی نەتـەوەیی و ئەمنی قەومی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر تەفسیری جۆراوجۆرو مانای جیاواز دەبەخشێت، بـۆ نموونـە لـە ئیسرائیلدا مەنزوومەی چەکی ئۆتۆمی بەشێکە لـە ئـەمنی نەتـەوەیی ئـەو وڵاتـە، لـە هـەرێمی کوردسـتاندا ماددەی 140 بەشـێکە لـە ئـەمنی ئیقلـیم، ئـەمنی ئیقلـیم مـادام چەمکێکی فراوانـەو تـەحلیلی زۆر گـەورە هەڵدەگرێت، مەفروز بوو ئێمە لێرە تەعریفی بکەین، ئەگەر تەعریف نەکرێت مـەفروز نییـە لـە یاسـاکەدا هەبێت، بۆ نموونە لە کوردسـتاندا مەسـەلەن ئـەمنی ئیقتیصـاد بەشـێکە لـە ئـەمنی ئیقلـیم، ئێمـە دەزانـین گـەنم و جـۆ مەحصـولێکی سـتراتیجی کوردسـتانەو ئـەمنی ئیقتیصـادی ئێمـەی لەسـەر بەنـدە، دەکرێـت رۆژنامەنووس بچێتە سەر نەخۆشیەکی گەنم و جۆ کیسەڵە، مەعلوماتێك وەرنـەگرێت، یـان ئەگـەر یـەکێك باسی خراپەکانی گەنم و جـۆ لـە کوردسـتاندا بکـات، ئەمـە مـەس بێـت بـە ئـەمنی ئیقلـیم، بەڕاسـتی ئەمـە نەگونجاوە، سەبارەت بەوەی کە هەموو کارمەنـدێك بـۆی هەیـە مـەعلومات بـدات، مـەفروزە لێـرە بەڕاسـتی عقوبەکەشـی دیـاری بکرێـت، چـونکە ئەگـەر عقوبەکـە لێـرە وەك بەنـدێك، بڕگەیـەك نـەبێت، مـن لـە یاساناسـەکان دەپرسـم، ئایـا لـە قـانونی عقوبـاتی عێراقیـدا بڕگەیـەك هەیـە بـاس لـەوە بکـات، کـە ئەگـەر فەرمانبەر مەعلوماتی نەدا، بەڕاستی ئـەوە بەسـەریدا جـێ بـەجێ دەبێـت، تـا ئێمـە لێـرە پێویسـت نـەکات، ئەگەر هەیە پێویست ناکات ئەمە بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، ئەگەر نییە، مەفروزە بڕگەیە زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەفکارەکەت گەیشت، کاك بارزانی دووەم فەرمووە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من هەمووی کرا نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، بەڵام ئێمە داب و نـەریت لێرەش دانەنێین، خـۆ لـە قەوانینی نافیزدا هەیە لە تەتبیقات لە مەحاکم هەیە.

دوو/ ئەمنی قەومی ئێمە لە چوارچێوەی ئەمنی قەومی عێراقدا چییە، تەعریف نەکراوە، باسی حدودی ئیبراهیم خەلیلیمان دەکردو لە کۆی جگەرە بێت.

سێ/ خاڵی یەك و سێ بکرێتە یەك، زیادەیە، یەك و سێ لە کوردیەکە، لە عەرەبیەکە یەك و دووە، بکرێتە یەك، لە کوردیەکە بڕگەی پێنجەم بە نهێشتنی سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵە دەستکەوتووەکان لە ئاخیردا ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، بە مەرجێك رۆژنامەنووس بەرپرسیارێتی یاسایی هەڵبگرێت ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، لە کوردیەکە خاڵی پێنجەم بە مەرجێك رۆژنامەنوس بەرپرسیارێتی یاسایی هەڵبگرێت بەرامبەر بەوە، لە شوێنێکی تردا صەحیفە مەسئوولیات هەڵدەگرێت، بەڵام بە هێشتنەوەی مەصادری مەعلومات لە مەحاکمدا، مەفروزە رۆژنامەنووس بەرپرسیارێتی قانونی هەڵبگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆری ڕەئیەکانم گوترا، بەڵام تەئکید لەسەر هەندێك شت دەکەمەوە، پێشەکی ماددەکە پێموایە پێویستی بە جوملەیەك هەیە، وەکو بنەما، وەکو پرەنسیپ، وەکو لە راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنە هاتووە، کە دەڵێت پرەنسیپ و ئامانجەکان، بۆ ئەوەی بزانین ئەمەی کە بەدوایدا دێت چیە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم/ من لەگەڵ ئەو رەئیانەم (لا رقابة على الصحافة وحرية النشر.......... في حدود القانون)، پێشنیار دەکەم ئیزافەی بۆ بکرێت (حرية النشر والتعبير والانتقاد مكفولة لكل مواطن في حدود القانون). هەتا ئەوێ بێت، برادەران زۆر پێش من باسیان کرد، قانون ئەو مەسائیلانە تەحدید کراوەو قانون هەیە، پێویست ناکات یاساو داب و نەریت، ئینجا لێرە من حەز دەکەم یەك شت باس بکەم، ئێمە ئەو پرۆژە یاسایەی دوێنێ کە تەرح کرا بۆ خوێندنەوە نەخوێندرایەوە، بەپێی ئەم تەعبیرە رۆژێك لە رۆژان ئەوە دەبێتە خارجی ئادابە، لەبەر ئەوە نەك وەکو پرۆژەیەکی یاسایی حەرام دەبێت، باس کردن حەرام دەبێت لێی، لەبەر ئەوە ئێمە با تەحویلی نەکەین بۆ مەحاکم، قازی و مەحکەمە تەحدیدی ئاداب و نەریتەکە دەکات، یەعنی مەسئولیەتەکە لە کۆڵ خۆمانی دەکەینەوە دەیخەینە ساحەی حاکم و مەحکەمەوە، من پێموایە هەتا (في حدود القانون) لەگەڵ ئەوەم (في حدود قانون) تا ئەوێ بێت، بەو پێشنیارەی کە کردم فەقەرەی دووەم (فسح المجال لنشر الاراء) ئەوە لابرێت.

بەنیسبەت ئەمنی قەومی، منیش لەگەڵ ئەو رەئیانەم ئەمنی قەومی مەبەستمان چیە؟ ئەوە ئەگەر وازیح بێت، ئەوە من لەگەڵم، بەڵام وازیح نییە لە لامان ترسی ئەوەم هەیە سبەینێ بەناوی ئەمنی قەومیەوە، یەعنی شتەکە بە خیلافی ئەوە بڕوات، کە مەبەستمانە، جەنابی سەرۆك، دەمەوێت یەك شت بڵێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو دەقیقەکەت تەواو بوو ببوورە، زۆر سوپاس، دوایێ دەڵێن فەرق و جیاوازی دەکات لە نێوان ژن و پیاو، رێگا دەدات بە ژنان، زۆر سوپاست دەکەم، کاك جەعفەر فەرمووو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دوو بڕگەی یەك/ من لەگەڵ مانەوەی ئەو ئاداب و نیزام عامەم، لەبەر ئەوەی بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر ئێمە ئادابی عام و نیزامی عامە لێرە هەڵبگرین مەشاکیلی کۆمەڵایەتی زۆر دروست دەبێت، چونکە کەس ئامادە نییە یەکێك سووکایەتیت پێ بکا، بەڵام لە بازاڕدا ئیحتیمالە با ڕۆژنامەنووس بێت، ئەی ئێمە یاسا دەربکەین، سووکایەتی کردن بە خەڵك، خەڵك قەبول ناکات، ئەمە یەك.**

**دوو/ لە بڕگەی چواردا، جگە لە مەسەلەی ئەمنی هەرێم، ئەمنی هەرێم ئەگەر نەبێت ڕۆژنامەنووس ناتوانێت ئیش بکات، ئەگەر ئەمنی هەرێم لاببەین، ڕۆژنامەنووس خۆی مانای نامێنێت، کاتی سەردەم کێ توانیویەتی بە ئازادی شت بنووسێت، لەبەر ئەوەی ئەمنیەتی نەبووە، لەبەر ئەوە ئەمنیەتەکە عیلاقەی بە ڕۆژنامەگەریەکە بەقوەتتر دەبێت، ئەگەر هەبێت، لە هەمان خاڵدا یەك شتی تر هەیە کە باس نەکراوە، من خۆم ئەوەم بەسەر هاتووە، بۆیە باسی دەکەم، لە خاڵی چواردا لە کۆتایی بڕگە کە دەڵێت دەست پێ کردن و بڵاو کردنەوە، دەبێت لێرە بنووسرێت ئەو ماددانەی کە تۆ دەیدەیت بە جەریدە، یان ڕۆژنامەیەك، دەبێت وەکو خۆی بڵاو بکرێتەوە، چونکە بەداخەوە هەندێك کەس دەچێت نیوەی قسەکەی تۆ بڵاو دەکاتەوە، نیوەکەی تر مانایەکەی خراپ دەکات، لە بڕگەی حەوتەم/ دەڵێت هەر کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی لە کۆتایی بڕگەکە ئەوانە دەبێت بنووسرێت بە مەرجێك مەبەستی خیانەتی نیشتمانیی لە پشتەوە نەبێت، هەر کەسێك بیەوێت بە ئازادی جەریدە بڵاو بکاتەوە، یان بنووسێت بەبێ ئەوەی حیسابی خیانەتی نیشتمانیی لەگەڵدا دەکەیت، وەکو ئەو سایدانەی کە ئێستا هەن هەزار سوکایەتی بە گەلی کوردو بە سەدساڵی رابردووی میللەتی کوردیش دەکەن، ئەگەر لە کۆتایی بڕگەی حەوت ئەوە زیاد نەکرێت، دەبێت بڵێت خاوەنداریەتی ڕۆژنامە دەرچووانی هەیە بە مەرجێك مەبەستی خیانەتی نیشتمانیی لە پشتەوە نەبێت، یان ئەو کەسە ناسراو دەبێت، نەك هەر کەسێك ئازادە بۆ خۆی چی دەنووسێت و چی دەڵێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جەمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشەکی بە پێویست دەزانم کە ماددەی دوو هەروەکو ماددەی یەك عینوانێکی هەبێت، پێشنیارم کردووە (ينظم العمل الصحافي وفق المبادئ الاتية) ئینجا دەست پێ دەکەین بە خاڵەکان، ئەوە یەك.**

**دوو/ بڕگەی پێنج (افشاء الاسماء) ئاشکرا کردنی ناوەکان، ئەوەی ڕاستیە لە 90٪ ناوەکان کاتێك مەقالەکان ناوەکانیان ناسراوە ناوی سەریحی خۆیان دەنووسن، بەڵام ئەگەر هەبێتن لە 10٪ بەناوی موستەعار دەنووسن، ئەو بڕگەیە تەحدیدە بۆ ئەوانەی کە بەناوی سەریحی خۆیان دەنووسن، پێویستە لێرە زیکر بکرێت بەناوی موستەعار.**

**سەبارەت بە خاڵە گەرمەکان، مەفهومی ئاداب عامە، ئەوە قاسمێکی موشتەرەکە لەنێوان هەموو دیانەکان و هەموو نەتەوەکان، تەنها مەحصول نییە لە دینێك و لە نەتەوەیەك، بوونی یان نەبوونی ئادابی عامە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی سەقافەت، بەڕاستی مەکان و زەمانیش تەحەکومی پێ دەکات، بۆیە پێویستە لێرە لابدرێت، چونکە سانسۆر ناکرێت، ئەگەر لا نەدرێت، پێویستە تەحدید بکرێت، چونکە یەکێك لە مەرجە هەرە گرنگەکانی دانانی هەر یاسایەك بڕگەکان زۆر وازیح و ئاشکرا بن، پێویستە قابلیەتی تەئویل نەبێت، پێویستە زیاتر لە مانایەك نەبەخشێت، چونکە ئەوە لە کاتی تەتبیق کردنی تووشی ئیجتیهادی زۆر دەبێت بەڕاستی.**

خاڵی دووەم/ لەسەر ئاسایش، پێویستە پاراستنی ئەمن و ئاسایش ئەولەویاتی کارەکانی ئەمە بێت، هەتا ئەگەر نیزامی سیاسیش بگرێتەوە، بەڕاستی خاصەتەن لەو قۆناغەدا، دووبارەی دەکەمەوە لەم قۆناغەدا ئەمن و ئاسایش ئەگەر نەبێت، پارێزراو نەبێت، ئەوە نە ئازادیمان پارێزراوە، نە دەتوانین ئەو قانونەش دابڕێژین بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك جەمال، ئەفکارەکەت گەیشت زۆر سوپاس، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم شت کە من دەستی پێ دەکەم، خۆی ئەو یاسایە لە حکومەتەوە هاتووە، دیارە حکومەت هەموو شتەکانی رەچاو کردووە، بۆیە ئەو خالآنەشی تیایەو دیاری کردووەو هاتۆتە پەرلەمان، کە ئێمە موناقەشەی بکەین.

دوو/ بەنیسبەت بڕگەی داب و نەریت، ئێمە لەسەر مەزلومیەتی میللەتەکەمان دەنووسین، کە میللەتێکین خاوەنی زمان و خاوەنی کەلتورو کەلەپوری مێژوو و داب و نەریتی خۆشمانین، یەعنی ئەوە هەتا لەسەر مەزلومیەتی میللەتەکەی خۆشمان بنووسین داب و نەریت ئیشارەتی تیا دەبێت، بە حەقیقەت ئێمە بۆ خۆمان خاوەن داب و نەریتی خۆمانین حەقە ئەو خاڵە رەچاو بکرێت و ئیحتیفازی پێ بکرێت.

سێ/ بەنیسبەت ئەمنی قەومی، ئێمە هەموومان، ئەم ئەندامە بەڕێزانە کە لێرە دانیشتووین بەرامبەر بە میللەتی خۆمان، بەرامبەر بە دنیا سوێندمان خواردووە بە قورئان، کە هەرچی لە بەرژەوندی میللەتی خۆماندا بێت دەبێت ئەوە بکەین، با ئاسایشی نەتەوەیی، یان ئاسایشی هەرێمی ئێمەش، یەعنی یەکێکە لەوانەی مەسڵحەتی میللەتی کوردی ئێمەیە، یەعنی بە گشت قەناعەتێکمەوە ئێمە خاوەنی پەنجا ساڵ خەباتین، خاوەنی 182 هەزار ئەنفالین، خاوەنی شەهیدی هەڵەبجەو کیمیاباران و جینۆسایدو بە کۆمەڵ کوژین، یەعنی بە حەقیقەت حەقە زۆر بە جددی ئەمنی قەومی خۆمان بگرین و ئیحتیفازی پێوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەکو هەستیش دەکەم بەڕێزت پێت خۆشە دەنگێك کەم بێتەوە، لەبەر ئەوەی شتەکانی من هەموو گوتراو پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، بە رەئی منەوە لە یەکەمەوە دەست پێ بکەم، ئێمە مەبەستمان لەم یاسایە رێکخستنی ئازادی بڵاو کردنەوەی رەخنەو راو و بۆچوونەکانە، بۆیە پێم باشە خاڵی سێیەم کە رێگەدان بە بڵاو کردنەوەی رەخنەو راو و بۆچوون، رێگەدانەکە لابرێت، هەروەکو لە راپۆرتی هاوبەشیش هاتووە، بۆتە ئازادی بڵاو کردنەوەی رەخنەو راو و بۆچوون، ئەوە ببێتە خاڵی یەکەم، چونکە مەبەستی یاسایەکە یەکێك لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی ئەوەیە ئازادی بڵاوکردنەوەو رەخنەو راو و بۆچوونە، ئینجا خاڵی یەکەمی ببێتە خاڵی دووەم، سانسۆر لەسەر رۆژنامەوانی نییەو ئازادیی بڵاو کردنەوە دەستەبەرە بۆ هەر هاووڵاتییەك، بەپێی یاسا، نەك لە سنووری یاسا، بەپێی یاساو لە چوارچێوەی ئازادییە تایبەتیەکانی تاك و داب و سیستەمە گشتیەکاندا، ئەوەی کە ئێمە دوو رۆژە موناقەشەی لەسەر دەکەین، ئەو داب و سیستەمە گشتیەکان بە رەئی منەوە لێرە تێکەڵ کردنێك هەیە لە داب و سیستەمە گشتیەکاندا، هەندێك برادەر بۆی چووە داب و سیستەمە گشتیەکان هەر هەمووی، هەتا دوێنێ باسی ژن بە ژنیان کرد، یان باسی ئازادیەکانی مەسەلەن جل پۆشینیان کرد، یەعنی باسی شتی وایان کرد، بەڕاستی ئەوە زۆر زۆر فەرقە لە داب و سیستەمی گشتیدا، بۆ ئێمە هەندێك شت هەیە وەکو رەمزی نەتەوەیی خۆمانە، بۆ نموونە یەکێك بەیانی، یان دوو بەیانی لەسەر نەورۆز بنووسێت، ئەو ئاگر هەڵکردنەوەکەی میللەتی کورد لە رۆژی نەورۆزدا ئیهانەی بکات، یان  بە شتێکی پوچ دابنێت، ئێمە چی دەکەین؟ ئێمە دژی رادەوەستین، یان نا، بۆ نموونە یان لەناو هەر هەرێمی کوردستانی خۆماندا، ئێمە لەبەر خاتری برادەرە ئێزیدیەکان هەرچەندە ئەوەش تێکەڵ کردنێکی بەڕاستی لە حەقیقەتدا وا نییە، ئەوان ئەهلی ئێمە بە هێزێکی شەڕ دادەنێن، لای ئێمە شەیتان هێزی ئەهلی شەڕمانە بە داوای لێبووردنەوە، بەڵام ئەگەر لە لای ئەوان باسی شەیتان بە خراپی بکەین، باشە چۆن دەردەچێت؟ یان لای برادەرە مەسیحیەکان.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان دوو دەقیقەکەت تەواو بوو، لە جیاتی برا ئێزیدیەکان ئەوە دەکەم، تەواو، زۆر سوپاس، ڤیان دزەیی.

**بەرێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر خاڵی یەکەم زۆر قسە کرا، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوەدامە لە خاڵی یەکەم/ سانسۆر لەسەر رۆژنامەوانی........... تا دەگاتە سنوورو بنەماکانی حوکمەکانی یاساو لە چوارچێوەی پاراستنی ئازادی تایبەتیەکانی تاك بێت، لە خاڵی دووەمیش لەگەڵ ئەوەدامە بواردان بە رۆژنامەنووس بۆ ئاگادار بوون، لێرە دەمەوێت ئەمە زیاد بکەم رەخساندنی کەش و هەوای ئازادی بۆ خزمەت کردنی یاسا، چونکە ئەوە لەسەر رۆژنامەنووسە خاڵی بڕگەی دووەم، هی یەکەم لەسەر رۆژنامەگەرییە.

خاڵی سێیەمیش/ من لەگەڵ ئەوەدامە مافدان بە بڵاو کردنەوە، نەك رێگەدان، مافدان بە بڵاو کردنەوەو رەخنەو بۆچوون، بەڵام ئەوەش زیاد بکرێت راستیەکان و گەیاندنی پەیامەکە بە ئازادی.

لە خاڵی پێنجەم/ مەگەر دادگای تایبەتی بە بڕیاری پێچەوانە ئەوە لا بدرێت، چونکە ئەوە مەتاتی تێدایە.

خاڵی شەشەمیش/ نە بە مەرجێك، مەرجە رۆژنامەکە بەرپرسیارێتی یاسا لە ئەستۆ بگرێت، لە خاڵی هەشتەمیش پێشنیار دەکەم تەنها بە بڕیارێکی دادوەری نەبێت، ئەوەش لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، پێشەكی بەڕاستی ئەوەی من تەسەور دەكەم هەمووومان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسین و پێشمان شتێكی باشە، ئەو مەشروعەیە وەكو پێویستە بكرێت، بەلاَم هەندێك لە لایەنی ڕۆژنامەنووس وا تێ دەگەن ئێمە لە دژی ئەوانین، هەر ئەمڕۆ جەریدەی هاوولاَتی لەسەر ئێمەی پەرلەمانی نووسیووە، كە ئێمە ڕێگرین لە زۆر خاڵەكان لەو بابەتە، بە حەقیقەت ئەوەی مونسیفانەیە، هەندێك لە ڕۆژنامەنووس ئەوە باس ناكەن، جا بۆیە من پێم باشە ئاداب و نیزام و ئاسایشی هەرێم ئەوە بە خاڵێكی سەرەكی ڕەچاو بكرێت، لەبەر ئەوە وا تەسەور دەكرێت كە ئێمە خوا نەخواستە دژین بە هەندێك شت، نەخێر، ئێمە پێویستە ئەوەی كە شتی چاكە بۆ ولاَتەكەمان، بۆ میللەتەكەمان بیكەین، بەلاَم دابەزینی بۆ سەر موقەدەسات و ئاین و شەخصیاتی ئێمە حەق نییە لە ڕۆژنامەنووسدا ئەوە بكرێت، پێموایە شتێكی چاك نییە، جا بۆیە من داوا دەكەم ئادابی عام و نیزامی عام و ئاسایشی هەرێم لە جێی خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی دووەم، ئەوەی من داوای دەكەم پێم باشە ئەوەی دەبێت بە ڕۆژنامەنووس لێرە بەو لاوە لیژنەیەكی ئیختیباری هەبێت، كە پەیوەندی بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و خودی جەنابی وەزیر ئیختیبارێك هەبێت بۆ ئەو كەسانەی دەبن بە ڕۆژنامەنووس، وەكو دوێنێ هەندێك لە برادەران باسیان كرد، وابزانم كاك محەمەد فەرەج بوو، هەر یەكێك لە خۆیەوە مەقالەیەكی دێتە بەرچاو و دەچێت دەیكاتە ڕۆژنامە دژی خەڵكێك دەنووسێت، كە حەق نییە، ئەوەی كە زۆر پێم باشە تەئكیدی لەسەر دەكەمەوە، ئەوەی دوێنێ كاك عومەر باسی كرد، پێموایە شتەكان هەمووی عیلمی بوون، پێم خۆشە جەنابتان ڕەچاوی بكەن، تكا دەكەم ئەندامانی پەرلەمانیش تەئكید لەسەر ئەو خاڵە بكەنەوە، ئاداب و نیزام شتێكی چاكە، كە هەبێت ئاسایشی هەرێم ئەمڕۆ ئێمە هەمووومان موحتاجین بەو ئەمن و ئاسایشە سەدان ساڵە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین، ئێستا كۆمەڵێك لە ڕۆژنامەنووسان شەڕێكی دیكەمان لەگەڵدا دەكەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو باسە باسی دەسەلاَتی چوارەمە، دیارە خۆ نكۆڵی لەوە ناكرێت، كە هەندێك لە ڕۆژنامەنووسان وەكو توێژێكی زۆر چاوساغ پێشان خزمەتێكی گەورەیان بە كۆمەڵگەی كوردستان و بە ئەو شتانە كردووە، كە پێویستە ڕۆژنامەنووسی جەریئ بیكات، باسەكە لەسەر ئازادییە، ئایا ڕۆژنامەنووسان ئازادی ڕەعایان هەبێت؟ یاخود زەوابتێك ئەو ئازادییە زەبت بكات، قسەكە لەوەیە، داب و سیستەمی گشتی لەڕاستیدا لە

عیلم ئیجتیماع، له زانستی كۆمەڵناسی داب و نەریت لە موقەوەماتی بنەما سەرەكیەكانی گەلێكە، وەكو چۆن زمان و مێژوو و سنووری جوگرافیاو خەڵك لە بنەما ئەساسیەكانن، داب و نەریتیش یەكێكە لە موقەوەماتی هەر گەلێك، كاتێك گەل دەناسرێتەوە بەو موقەوەماتانە دەناسرێتەوە، بۆیە تێك شكاندن و پاراستنی داب و نەریت بەناوی ئازادییەوە شكاندنی پایەیەكی بنچینەی بنەماكانی گەلە، لەڕاستیدا نابێت رۆژنامەنووسان كۆت بكرێن و دەست و پێیان پێوەند بكرێت، بەڵام ناكرێت بە رەها بە جۆرێك ئازاد بن، هەر خۆشیان نابێت قەبول بكەن، چونكە بەڕاستی گەلی كوردستان گەلێكە موقەوەمات و خەسلەتی تایبەت بەخۆی هەیە، گەلێك لە ئەوروپاو لە وڵاتانی دیكە تایبەتی و موقەوەماتی خۆیان هەیە، خصوصیاتی خۆیان هەیە، گەلی كوردستان ئەگەر دەڵێن داب و نەریت تەعریفی لەكوێیە، تەعریفی داب و نەریت لەناو گەلی كوردستاندا ئەوەیە كوردستان ئیتیفاقیان لەسەر ئەو شتانەیە كە بەلایانەوە پیرۆزو بەڕێزن، ئەوە موقەدەساتە لە رووی ئاینیەوە، ئەوە موقەدەسات و پیرۆزە لە رووی داب و نەریت و كۆمەڵایەتی، هەموو شتێك پارێزیان لێ بكرێت، وەكو بڵێی هجومیان نەكرێتە سەری هەر ئەوەیە، پێویستە رۆژنامەنووس ئازاد بێت لەناو كۆت و پەیوەندار ناكرێت، ئینجا بەڕاستی ئاسایش و نەتەوەیی لە شتە زۆر زۆر زەرورەكانی ئەو قۆناغەی گەلەكەمانە، بۆیە پێویستە هەموو ئەوانە زەبتێكیان بۆ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كەرستەی سەرەكی رۆژنامەنووس زانیارییە، لێرە چەند ماددەیەك هەیە كە باس دەكات، بەداخێكی زۆرەوە وەزیری رۆشنبیریش لێرەیە قانونی (الحصول) یان (حریە الحصول علی المعلومات)مان نییە، كە لەسەر سێ كۆڵەكە رادەوەستێت، یەك/ شەفافیە، روون و ئاشكرا، دووەم/ موسائەلە، لێپێچینەوە، سێیەمیش/ موحاسەبە، سزادان، لە بنچینەی سەرەكی ئەو وڵاتانەی كە دیموكراتین، ئەو یاسایە هەبێت، بۆ ئەوەی كەوا لە چوارچێوەیەكی یاسایی ناچار بكەین، لێرەش دەتوانم بڵێم دەگەڕێتەوە سەر ئەوەش كە گەندەڵی لێرە ئەگەر بێتو داوا بكات ئەو پرۆژەیە چەندی تێچووە، چەندی تێ نەچووە، مەبەستم رۆژنامەنووسە، هەروەها هاووڵاتیانیش ئەو مافەیان دەبێت كە ئەو زانیاریانەی پێویستیانە وەربگرن بە ئاسانی لە چوارچێوەی ئەو یاسایەی كە دەبێت هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەست بە هینەكە بكەم، تەبعەن ئەم پرۆژەیە لە ئەساسدا بە زمانی عەرەبی هاتووە، بەڵام بەداخەوە من دەبینم موناقەشەكە زیاتر لەسەر دەقە كوردیەكە دەكرێت، بەڵام لەگەڵ رێزمدا بۆ دەقە كوردیەكەی ئەوەی تەرجومەی كردووە، بەڵام دەقە كوردیەكەی قەت تەعبیر لە دەقە عەرەبیەكەی ناكات، جیاوازیەكی زۆر هەیە لەنێوان دەقە عەرەبیەكەو دەقە كوردیەكە، بۆیە تكام وایە پێش هەموو شتێك

بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی دەقەکە کە بە عەرەبی هاتووە لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە، هەروەها لە لایەن حکومەتەوە، ئەم پرۆژەیە وەك گوتم لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە هاتووەو هەروەها لە لایەن حکومەتەوە هاتووە، کە تەعبیر لە بیرو باوەڕی رۆژنامەنووسانیش دەکات، کەواتە دەبێت پیرۆزییەکی هەبێت بەنیسبەت رۆژنامەنووسانەوە، بەنیسبەت ئازادی، راستە هەمووومان ئازادین، بەلاّم هەر یەك لە ئێمە ئازادە تا ئەو کاتەی کە تەعدا لە ئازادی یەکێکی تر نەکات، کە من ئازادم، جەنابت ئازادی، هەر مرۆڤێك ئازادە، تا ئەو دەمەی کەوا کار لە ئازادی یەکێکی تر نەکات، دێمە سەر ئەوەی بابەتی داب و نەریت، زۆر باسی داب و نەریت کرا، من نامەوێت ئەوانە بڵێم، بەتایبەتی یاساناسەکان، ببوورە ئەوانەی کەوا دەرچووی یاسان لێرە، ئەو بەڕێزانە هەر هەموویان تەئکیدیان لەسەر داب و نەریتەکە کردەوە، بۆ؟ داب و نەریت، هەروەها سیستەمی گشتی، ئەمە کێ قەراری لەسەر دەدات؟ ئەوەی قەراری لەسەر دەدات، عورف جاریٚ بەشێکە لە یاسا، بەلاّم کێ قەراری لەسەر دەدات؟ یاساناس، دادوەر قەراری لەسەر دەدات، کە دادوەر قەراری لەسەردا، دەبێت بە بەشێك لە یاسا، یەکێك لە سەرچاوەکانی یاسا عورفە، دادە، لەبەر ئەوە زۆر زۆر زەرورییە ئەمانە بمێنێتەوە.

خاڵێکی تر، دەربارەی ئەوەی کەوا دیسان دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵەکەی، تەبعەن من بۆ ئەسڵی ماددەکە یەك، دوو تێبینیم هەیە هەموار بکرێت، گۆڕانکارییەکی بچووکی تێدا بکرێت، یەك/ بەنیسبەت ماددەی دووەم بڕگەی یەك (لا رقابة على الصحافة وحرية النشر مكفولة لكل مواطن وفق القانون) باشترە، نەك (في حدود القانون)، ئەوە یەك.

دوو/ پێویست ناکات هەمووی، بەس ئەوەندە بگوترێت لەگەڵ سێیەمدا تێکەولاّو بکرێتەوە (فسح المجال للصحفي للحصول على المعلومات) یەعنی دوو و سێ تەواو بکرێتەوە (فسح المجال للصحفي للحصول على المعلومات والاخبار والاحصائيات التي تهم المواطنين في مصادرها المختلفة وتحليلها وتداولها ونشرها والتعليق عليها) ئەمە هەمووی دەگرێتەوە.

سێ/ بەشەکەی تری بکرێت بە سێ (للموظف او المكلف) ئەوە بکرێتە سێ، یەعنی دوو و سێ تێکەلاّو بکرێت ببێت بە بڕگەی دوو، بەو شێوەیەی کەوا ئاماژەم پێدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك دکتۆر ناصح، ئەفکارەکەت گەیشت زۆر سوپاس، خاتوو نەسرین فەرمووو.

**بەڕێز نسرين محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ من رەئیەکەی خۆم گوت کە پشتگیری ئازادی رۆژنامەگەری دەکەم و پشتگیری راپۆرتەکەی لیژنەی رۆشنبیریش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد صالح فەرمووو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبەتە جەوهەری مافی ئازادی رۆژنامەنووسی، پێموا نییە کەسێك لاری هەبێت لێی، یان دژی بوەستێتەوە، قسە لێرە لەسەر ئەوەیە لەکوێ ئێمە قەید دابنێین لەسەر ئەو ئازادیەی کە هەمووومان رێزی

لێ دەگرین، هەموومان بە پێویستی دەزانین، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری، کە کۆمەڵگەیەکە ڕەنگە ساڵانێکی زۆر نەبێت، کە لەو بوارەدا ئەو مافەی بۆ ڕەخسا بێت، لێرە قسە لەسەر ئادابی گشتی و نیزامی عام و زانیاریە نهێنیەکان، ئەوانەی کە مەترسی دروست دەکەن لەسەر ئەمنی ئیقلیم قسەی لێوە دەکرێت، بە حەقیقەت برای بەڕێزم کاك عومەر بە شێکردنەوەی یاسایی و لێکدانەوە مەنتیقیەکانی سەبارەت بە هەردووکیان بوارێکی بۆ من نەهێشتەوە بە تەواوی پشتگیری دەکەم و ئەمڕۆش کاك زانا زۆر بە ڕاشکاوانە ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناڤێ خۆ نەنووسی بوو، بەس مەجبورم قسە بکەم دەربارەی گران بێت، پێشەکی ڤیان خان نموونەی هێنانە سەرکەفتی بوو، ئەز حس دکەم، یا دوێ/ ئەز وەك ڕۆژنامەنڤیس سەر نووسەرێك بە سی و پێنج ساڵە کێن کەس حازرین وەکی من باجێ قەڵەمێ خۆدایە، ساڵی 1979 فتوی حەلال کردنی کوشتن لە گەورەترین مەرجەعەیەی ئێزیدیاندا، چونکە کتێبێکم چاپ کرد بوو، پێش چەند مانگێك لەسەر وتارێك هەڕەشەم لە ئەلمانیا لێ کرا، لێرەش هەڕەشەی کوشتنم لێ کرا لەسەر ئەو نووسینە، بەڵام لەگەڵ ئەوە هەر کارێك ئەگەر سنووردار نەبێت بە قانونێك ڕاستی دەبێتە بەرەڵڵایی، ئەگەر پەیامنێرێك لە کەناڵی جەزیرە بەری چەند هەفتەیەکە، چونکە ڕێیان نەدا بچێتە قەندیل باری ئێمە گرانتر نەکات، خەریك بوو دەعوەیەك لەسەر ئێمە تەسجیل بکات، ئەمنە هەرێمێ، ئەمنە نەتەوایەتی ئێمە گەلەك کەفەرە، بەپێی قانونێك دیاری بکرێت، قەلەمیش ئەگەر با نیزام کێ ڕۆژنامەڤانە؟ پرۆژەیەکیش بۆ ئێمەش سەندیکای ڕۆژنامەڤان هاتووە، لە ڕێی حکومەتەوە، بیژام بێنم مالێکی تر ئەوە، هەر تشتەك قانون سنووردار بکات لە بەرژەوەندی گەلی ئێمە دایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینی خۆم هەیە لەسەر خاڵەکان بە حەقیقەت پڕاوپڕ پشتیوانی لە بڕگەی یەکی ماددەی دوو دەکەم، لەبەر ئەوەی لە یاسا دەبل ستاندەرد نییە، لە یاسا هەموو کەسێك وەکو یەك دەبێت مامەڵە بکرێت، ئێمە ئازادیمانداوە بە تاك، مەفروزە ئازادیەکان لەسەر هەموو کەسێك بێت، ڕۆژنامەنووس بگرێتەوە، لە هەمان کاتدا فەرمانبەرێکیش بگرێتەوە، ڕۆژنامەنووس ئەگەر مەسەلەن حەقی ئەوەی هەبێت کە قسە نەکات، فەرمانبەریش دەبێت حەقی ئەوەی هەبێت کە قسە بکات، بەڵام لە یاسای دوەلی و لە چوارچێوەی مەعمولی ئیش و کارکردن، ئەو کەسەی کە مەسئولیەتی یەکەمی هەیە بەشێك لە حەصانەی خۆی لا دەدات، لەبەر ئەوەی کە مەسئولیەتی هەیە حەقی ئەوەی هەیە کە قسە بکات، بەس مەرج نییە موحاسەبە بکرێت، ئەگەر قسەی نەکرد، بەنیسبەت خاڵی یەك و دوو و سێ بە هەر حاڵ من هەمووی لە بڕگەی یەکەمدا دەبینم، لەبەر ئەوە ئەو دوو خاڵەی تر زیادە، چونکە سانسۆر لەسەر ڕۆژنامەوانی نییەو

ئازادی بڵاوکردنەوەی دەستەبەرە، ئەمە هەمووی دەگرێتەوە رەخنەو هەر بابەتێك كە بیەوێت، بەنیسبەت ئەوەی خاڵی بڵێین برگەی چوار، تەبیعی من لەگەڵ ئەوەم بە پڕاو پڕی، چونكە بە ئیزافەی شتێك، چونكە هەتا موفەرەراتی ئومەمی موتەحیدەو زۆربەی دەوڵەتەكان رێگەیان داوە، كە حكومەت بەشێكی نهێنی هەبێت، پارێزراو هەبێت، بەپێی زروفی ئەو دەوڵەتە، بەلاَم دەڵێن دەبێت حكومەت دیاری بكات، چی نهێنیە، چی دەبێت بلاَو بكرێتەوە، یەعنی ئەوە دەبێت لە لایەن حكومەتەوە دیاری بكرێت، بۆ پاراستنی ئەمنی قەومی ئەو شوێنە.

برگەی پێنجەم/ من تەبیعی تێبینیم هەیە لەسەر ئەوە بە نهێنی هێشتنەوەی سەرچاوەی زانیاری و هەواڵە دەستكەوتووەكان سەبارەت بەو داوایانە دراونەتە دادگا، من تا ئێرە بە پەسندی دەزانم، چونكە نابێت دادگا بەڕاستی زۆر لە رۆژنامە، یان رۆژنامەنووس بكات، كە مەصدەری خەبەرەكەی بدركێنێ، ئەوسا شەرعیەتی رۆژنامەوانی نامێنێت، لەم خاڵە تەبیعی داوای ئەوە دەكەم، كە دادگا ئەو بڕیارە نەدات، ئیتر تەقریبەن مەسەلەی رۆژنامەنووسی جێگەی خۆی نامێنێت باقی شتەكانی تر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك جەمال، كاك ئارێز دوێنێ ناوی نووسی بوو لەبیرم چووە، بەلاَم ئەگەر تەرخانی بكات بۆ خوێندنەوەی ئەو هینەی ئومەمی موتەحیدە، وابزانم لە لایەتی وەسیقەی ئومەمی موتەحیدە لەسەر ئەوە زۆر باشتر دەبێتن، چونكە دوێنێ قسەی كردو مەمنونی دەبین ئەگەر ئەوەی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی من قسە بكەم، دوو، سێ قسەم هەیە، حەز دەكەم دەرفەتم بدەیت وەكو ئەندام پەرلەمانێك و وەكو سەرۆكی لیژنەی رۆشنبیری.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفوم دەكەیت، ئەمڕۆ وەكو ئەندام پەرلەمان قسەی دەكەیت، حەقی دوو دەقیقەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو بۆچوونی جیاواز هەیە لێرە، من بەش بەحاڵی خۆم بە گومان نیمە هەردوو بۆچوونەكە بۆ بەرژەوەندی گشتییە، بەلاَم جیاوازی لە بیرو بۆچوونەكان هەیە، ئایا كامی بەڕاستی بۆ بەرژەوەندی گشتیە؟ ئەوە پێموایە دوارۆژ دیاری دەكات، دوێنێ ئەو برادەرانەی كە دەیانویست داب و نەریت و مەسەلەی ئاسایشی هەرێم بمێنێتەوە، بە تەئكید پەیوەندی بە سیستەمی گشتی و دابەوە هەیە، پەنایان بۆ چوار خاڵ برد، یەك/ دەستوور، دوو/ دین، سێ/ بەرژەوەندی گشتی، چوار/ یەعنی كلتوور، دیارە ئێمە وەكو دین بەخۆمان ئەوەی موسڵمانین و ئەوەی مەسیحینە پابەندین بە دینەكەی خۆمانەوە، كەس گۆمانمان لەوەی نییە، بەتایبەتیش زۆرینەی وڵاتی كوردستان موسڵمانە، بڕوا ناكەم كەس گومانی لەوە هەبێت، ئێمەش پابەندین.

دوو/ ئەوەی مەسەلەی دەستوورە، منیش یەك برگەی دەستوورتان بۆ دەهێنمەوە، خوا رەحمی كردووە، ئەوەی پەنا بۆ دەستوور دەبات، دەستوور دائیمەن بەشی ئەوەیە ئێمەش پەنای بۆ ببەین، دەڵێت هیچ یاسایەك نابێت دەربكرێت لەگەڵ پرەنسیپەكانی دیموكراسی نەگونجێت، باشە، دیموكراسی خۆمان دەزانین، دیموكراسی بەبێ ئەوەی ئازادی هەبێت دیموكراسی نابێت، دیموكراسی بەبێ ئەوەی ئازادی بیرو را هەبێت،

نابێت، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی چوارەم هەبێت، نابێت، من پێموایە رای گشتی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی دیموکراسی هەبێت، رای گشتیش بەبێ دەسەڵاتی چوارەم نابێت، دەسەڵاتی چوارەمیش پێموایە بەبێ ئازادی دەربڕین و رەخنەگرتن و بلاّوکردنەوە نابێت، بۆیە پێمان وایە دەق ئەو بەندە لە خزمەتی ئەو پرەنسیپە دەستوورییە دایە کە هاتووە، ئەوە لە لایەك.

لە لایەکی تریش، ئەوەی پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەیە، بەداخەوە یەعنی وای لێهاتووە وەکو ئەوەی هەندێك لە برادەران دژی ئاسایشی هەرێم بن، هەندێکیش لەگەڵ ئاسایشی هەرێم بن، من حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە، ئەوەی کە قسە دەکات و دیفاع لەوە دەکات ئەو وشەیە نەبێت، لەبەر ئەوەی نییە دژی ئاسایشی هەرێمە، بە پێچەوانەوە، ئێمە دەمانەوێت ئاسایشی هەرێم بپارێزین، بەشێوەیەك بپارێزین کە بە قانون دیاری کراو بێت ئاسایشی هەرێم چیە؟ ئێمە پێناسەمان نەکردووە لە دەستوورەکە، هەتا بێین بڵێین لە یاساکەماندا، ئەگەر پێناسەمان کرد بوایە باش بوو، ئێمەش لەگەڵ پاراستنی ئاسایشی هەرێمین لە بیریش نەکەن، من پەخشان خان لە پێش چاومە، یەکێکە لەوانەی لە تەمەنی خۆی لەپێناو دابین کردنی ئاسایشی ئەو وڵاتەی خۆمان خەباتی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ئارێز دوو دەقیقەکەت تەواو بوو، فیکرەکەت گەیشت، کاك محەمەد حەکیم وەرەقەیەکی ناردبوو من داوام لە کاك ئارێز کرد، کاك محەمەد حەکیم بۆ خوێندنەوەی وەسیقەی ئومەمی موتەحیدە تەنیا بێ تەعلیق و بێ رەئی خۆت، وەسیقەکە بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاست دەکەم، من بەس تەنها ماددەی (29) دەخوێنمەوە لە ئیعلامی عالەمی حقوقی ئینسان زۆر جار تەبعەن دەیهێننەوە، هەر یەکێکمان بە مەبەستین، ماددەی (29) دەڵێت (على كل فرد واجبات نحو المجتمع الذي يتاح فيه وحده لشخصية ان تنمو نمواً حراً كاملة، يخضع الفرد في ممارسته حقوقه لتلك القيود التي يقررها القانون فقط في ضمان الاعتراض لحقوق الغير وحرياته واحترامها ولتحقيق مقتضيات عادلة للنظام العام والمصلحة العامة والاخلاق في المجتمع الدمقراطي لا يصح بحال من الاحوال ان تمارس هذه الحقوق ممارسة تتناقض مع اغراض الامم المتحدة ومبادئها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خەمان خان چیت پێیە، بێ تەعلیق و بێ رەئی خۆت بیخوێنەوە.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ لە ستانداردی بنەڕەتی جیهانی سەر ئازادی را دەربڕین لە ماددەی (19) خاڵی یەك و ماددەی (19) خاڵی سێ (لە پەیمانی مافی مەدەنی و سیاسیەکاندا دەبینرێت، کە عێراق بەشێکە لەم پەیمانەدا)، کە سەیری ماددەی (19) خاڵی سێ دەکەین، دەڵێت (دەسەڵات دەبێت وردەکاری دیاریکراو پشت پێ بەستراو پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی داوایەکانی جێگیر بێت، دەستەواژەی وەکو ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی گشتی ئەمە بیانوویەکی ناتەواوە بۆ سنوور دانان لەسەر ئازادی را دەربڕین)، ئەمە لە لای یونانی و یونسکۆ هەردوولایەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی ئێمە ئەو یاسایە، هەر یاسایەك کە دەینووسین، بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، ئەم کوردستانە ئەگەر نەیپارێزین بەڕێگایەکی باش و گرنگ ناتوانین پرۆسەی دیموکراسی بچەسپێنین و بەرەو باشتری ببەین، بۆیە ئازادی سەحافە زۆر زۆر گرنگە، بەڵام هەموو ئازادییەك دەبێت لە سنووری یاسا بێت، هیچ شتێك لە سنووری یاسا دەرچوو، لە سیستەمی ئازادی دەردەکەوێت، دەچێتە بوارێکی ترەوە، ئەو بوارەش بە زەرەری میللەتەکەمان و هەرێمەکە دەگەڕێتەوە، بۆیە من جارێکی تر دەگەڕێمەوە کە باس دەکرێت فەرمانبەر ئیجبار بکرێت مەعلومات بداتن، ئەمە تەشویهێك دەخاتە ناو ئەو ئیدارەیەوە، ئەوجا هیچت لەسەر هیچ نامێنێت، مەسەلەن دوو وەزارەتی پێشمەرگەت هەیە، وەزارەتی ناوخۆت هەیە، وەزارەتی ناوخۆ سیستەمێکە بۆ پاراستنی ئەم هەرێمە، دەزگا ئەمنیەکان هەیە، ئەو ئەمنیەتەی کە ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستان ئیفتیخاری پێ دەکەین لە نەتیجەی کاری ئەو دەزگایانەیە، کە هەمانە لەگەڵ هەموو کەموکوڕیەکی کە لە کوردستان هەبێتن، هەموومان پێی سەربەرزین، ئەوجا وای لێ نێت هەر لایەنێکی دژ بەم هەرێمە خەڵکێك بەکار بهێنێت بەناو صەحافەوە بکەوێتە ناو وردەکاریەکان و هەموو شتەکانمان لەسەر مێز بێت، کە ئەمە لە هیچ سەر کوڕەی سەر ئەرز وجودی نییە، لەسەر کوڕەی ئەرز یەك وڵاتێك بهێنە هەموو کەسێك ئیجبار بکە، هەرچی دائیرەیەك هەیەتی بیداتە دەست صەحافەوە، فەرموو بیهێنن، ئەگەر هەبوو، ئێمەش دەیکەین، بەڵام وجودی نییە، بۆیە کە باسی ئاسایشی هەرێم دەکرێت، ئاسایشی هەرێمی کوردستان زۆر وازیحە، من پێم غەریبە بەڕێزێك هەڵبستێت ئیحتیرامم بۆ رەئی هەموو کەس هەیە بڵێ ئاسایشی هەرێم چیە، ئاسایشی هەرێم پاراستنی ئەم کیانەیە، کە ئەمڕۆ پەرلەمانێکی هەیە، حکومەتێکی هەیە، سەرۆکایەتی هەرێمی هەیە، پێشمەرگەی هەیە، وەزارەتی ناوخۆ و ئەمن و ئاسایشی هەیە، کە حیمایەی دەکاتن، ئەوە ئاسایشی ئێمەیە شتەکانمان نەکەوێتە دەست نەیارەکان، بەیانی بە یاسا ئێمە ئیجبار بکەین، کە هەموو کەسێك هەرچی هەیە بیداتە دەست صەحافەوە، هیچ وەزارەتێك ناهێڵدرێت کار بکرێت، دوژمنەکەمان سەدان صەحەفی بۆت دەنێرێت، پێش ئەو سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و ئەو وەزیرە، ئەو لە دوای ئەو نەشیکات شکایەتی لێ دەکات، دەبێت وەزیر لە دوای وەزیر لە دادگاوە دەربچێتن، بۆیە ئێمە دەبێت سنوورێکی یاسایی مەعقولمان هەبێتن کە خزمەتی صەحافەش بکات، خزمەتی صەحافەی واقیعی بکاتن، صەحافە لە دنیا کە ئازادە، بەڵام ئازادیەکەی مەحدودە، صەحەفیەك ئیختیصاصی لەبوارێکی تایبەت هەبێت، حەقی نییە بڕوات لەبوارێکی دی بنووسێت، بەپێی ئەو ئیجازەیەی پێی دەدرێت، صەحەفیەك تەرخان دەکرێت لەسەر وەرزش بنووسێت، لەسەر فوت بۆڵ، تەنیا لەسەر فوت بۆڵ دەنووسێت، باوەڕیش ناکەنەوە دەتوانن یاساییش شکایەتی لێ بکەن و عیقابی بکەن، ئێمە لێرە هەر شتێکمان هەیە، هەر کەسێك بۆ صەحەفی، کە صەحەفیەکانیشمان هیچی لە بوارێکی عیلمی زانستی دەرنەچووەو چەکیش نەکراوە، کە ئەم صەحەفیە ئایا چەند خزمەت دەکات؟ من 100٪ لەگەڵ ئەوەم صەحەفی ئازاد بێت، سانسۆر لەسەر کارەکەی نابێت، بەڵام دەبێت لە سنووری قانون بێت، بەنیسبەت دەڵێن دادگا حەقی نەبێتن بپرسێتن سەرچاوەی ئەو نووسراوە کێیە؟ ئەمە زۆر زۆر خەتەرێکی گەلێك گەورەیە، بۆ؟ بەیانی مەقالەیەك دەنووسرێت، صەحەفیەك دەینووسێت، جەریمەیەکی لێ پەیدا دەبێت،

خەڵكێكی لێ دێتە كوشتن، مەحكەمە حەقی نەبێت بگاتە سەرچاوەكە، ئیحتیماڵە صەحەفیەكەش بێ تاوان بێت، بەڵام لە پشت صەحەفیەكەوە یەكێك هەبێتن بە پارەیەكی زۆر توانی بێتن ئەو صەحەفیە ئیستیغلال بكات، بیخافڵێنێ مەقالەیەك بنووسێت كە كوشتاری لێ پەیدا دەبێت، بۆیە بۆ دادگا نابێت سنووردار بێت، دادگا دەبێت بتوانێت بگاتە جوزئیات، بەڵام دەتوانین بڵێین دادگا، ئەو ئەسرارە بڵاو نەكاتەوە، ئەوە مەسەلەیەكی ترە، بەڵام سنوور بۆ دادگا دابنێین، بەڕاستی ئەوە گوناحێكی گەورەیە ئەگەر بیكەین، بۆیە دەبێت ئەوە نەبێتن.

وەزارەتێكت هەیە، دەیەوێت لە حاڵەتێكی حەربدا بێت، لە حاڵەتێكی نائاسایی حەربێكی ئیعلامی دەكات، شەرت نییە حەقیقەت بڵێ، بەیانی وەزارەتی پێشمەرگە دەردەچێت مەعلوماتێك بڵاو دەكاتەوە لە فلان شوێن ئەوەندە قوەتم هەیە، بەڵام قوەتی نییە لەوێ، ئیحتیماڵە پێنج، شەش نەفەری ئیستتلاعی هەبێتن، بەڵام حەربێكی ئیعلامی بۆ دەكات بەرامبەر دوژمنەكەت، صەحەفیەك بچێتن، لەوانەیە مەسئوولەكەی ئەگەر ئێمە بیكەینە قانون مەجبورە حەقیقەتی پێ بڵێت، حەقیقەتی پێ گوترا دەكرێتە سەر كاغەز هەموو پلانەكەی فاشل دەبێت، بۆیە من تكام ئەوەیە بە چاوێكی زۆر بیرێكی زۆر قول سەیری بكەین، ئێمە لە مەرحەلەیەكین هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە هەندێك وڵات، كە ئەوانیش قانونیان داناوە، سنووریان داناوە، هیچ كەسێك لە هیچ شوێنێك نابێت لە یاسا بەرزتر بێت، ئێمە لە سەرۆكی هەرێمەوە بگرە هەتاكو ئاخیر كەس لەناو ئەم هەرێمە، دەبێت ئیحتیرامی یاسا بگرین، ئینجا لە هەر بوارێك كار بكرێت، دوایش سیستەمێكی تایبەت، نیزامێكی عام هەیە، وەزارەتی داخلی حیمایەی ئەو نیزامە دەكات، نابێت بیشكێنین، نابێت لە موناسەبەیەكی موعەیەن خەڵكێك بڕوات بە ئارەزووی خۆی تەحریكی هەندێك كەس بكات، ئیحتیماڵە هەندێك نەیاری ئەم هەرێمە، هەندێك صەحەفی دابنێتن تەحریكی مەشاعیری نەتەوەیی، ئاینی، كلتووری بكاتن، شەڕو لێكدان پەیدا بكاتن، بۆیە زۆر زۆر بە وردی سەیری ئەمانە بكەن، زۆر سوپاسیش بۆ هەمووتان و بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی كە بیرو رای خۆیان دەربڕی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیریش داوای كرد بوو قسە بكات وێڕای بەخێرهاتنی، تەبعەن لە دوێنێوە بەخێرهاتنمان كردووە، دائیمەن بەخێر بێتن لەگەڵمانە، تا كۆتایی ئەم پرۆژەیە، فەرموو كاك فەلەكەدین بۆ تێڕوانینی خۆت.

**بەڕێز فلك الدین كاكەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من قسەكانی دوێنێ دووبارە ناكەمەوە، تەنها دوو خاڵ دەڵێم، تەبعەن ئەم یاسایە كە هاتە ئێرە زۆر دواكەوت، وەزارەتی رۆشنبیری دەبوایە زووتر، ئەو برادەرە كە گوتی پێویست بە یاسای تر هەیە، بەڵێ، دە، دوازدە یاسای تر پێویستە لە هەرێمی كوردستان هەبێت، هەتا ریكلاممان ئامادە كردووە بینێرین، بەس ئەوەیە ئێمەی واقیعی ئەساسیە، ئەمە دەبێتە ئەساس، لەبەر ئەوەی جێ بەجێ نەكراوە، تا ئێستا چاوەڕێ دەكەین، وابزانم شەش، حەوت وەزیری پێشووی بەریتانیا لە مەسەلەی رۆژنامەگەری یەك ملیۆن دۆلاری بردەوە لە دادگا، لەبەر ئەوەی تەشهیری پێكرا، سەرۆك وەزیرانی پێشوو تەشهیر پێ كرا لە رۆژنامەنووسێك شكایەتی كرد، یەك ملیۆن دۆلاری بۆ دەرچوو، تەغریم كرا ئەوەی كەوا تەشهیرەكەی كرد بوو، كەواتە سنوورێك هەیە، لێرەدا پرسیارێك هەیە، لێرە لەم یاسایە تەبعەن باسی مافی رۆژنامەنووس كراوە، منیش لەگەڵ مافی رۆژنامەنووسم، هەمووشی لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسە، زۆربەی زۆری، بەس من دەڵێم با برادەرانی رۆژنامەنووسان دەڵێم، ئەگەر ئێمە ئەوەندە جێ بەجێ بكەین، زۆر شتمان كردووە،

له ساڵی 1993ەوە تا ئێستا یاسامان نییە، تەنها یاسایەکی چاپەمەنیمان هەیە، هیچ نەبووە، چوارده ساڵ هیچمان نەبینوەو یاسامان نەبێت هەر عەینی شتە، یەعنی مومارەسەی ئیشی خۆیان دەکەن، من تێ ناگەم شتەکە لەکوێیە، ترسەکە، ترسەکە گومانە، ئەم دەڵێت ئیحتیمالە رۆژنامەنووس وا بکات، ئەو دەڵێت لەوانەیە رۆژنامەنووس وا بکات، خۆی دەبینێ لە شتی عەمەلیەوە قسە بکەین، دادگا جارێ ئێمە نابێت باسی قەزا بکەین، قەزا خۆتان پێش ماوەیەك پەرلەمانی بەرێز یاسای دەسەڵاتی قەزائی پەسند کرد، قەزا سەروەرە، ئازادە، سەربەخۆیە، حەقی هەیە لە هەموو شتێك بپرسێتەوە، حەقی هەیە لە هەموو شتێك لە سەرۆك هەرێمیش، لە سەرۆکی پەرلەمانیش، لە وەزیرەکانیش و لە رۆژنامەنووسیش، لە هاووڵاتیش، لەبەر ئەوە قەزا ئازادە، لەبەر ئەوە نابێت هیچ شتێك، قەیدێك بێت، بۆ ئێمە کەس حەقمان نییە کۆسپ دابنێین لەبەردەمی قەزا، ئەمە مەسەلەیەکی دەستوورییە.

مەسەلەی دووەم/ بە حەقیقەت، ئەوەی باس نەکراوە لێرەدا هەوڵ دەدرێت باسی مافی رۆژنامەنووس بکرێت، کە وەکو بڵێی مافی رۆژنامەنووس خوراوە، نەخێر، خۆی جارێك بۆ مەسەلەی شاردنەوەی مەعلومات، یان زانینی حەقی مەعریفە، لەم زەمانە هیچ شتێك شاراوە نەماوە، بە حەقیقەت هیچ شتێك لە هەموو دنیا شاراوە نەماوە، ئێمە بۆچی ئینکاری ئەوە بکەین، چی هەیە لەبەر چاوی رۆژنامەنووس بشارێتەوە، ئەوە لێرە مەسەلەن دەڵێت فلان گۆڤار لەبەر فلان شت داخراوە، هەموو شتەکانی باس کردووە، یەعنی شتێك نییە شاراوە بێت، یەعنی مەبەستم ئەوەیە هیچ شتێك نییە شاراوە مابێت، رۆژنامەنووسانیش دەزانن، ئێوەش دەزانن، ئەم زەمانە زەمانی شەفافیەتە، زەمانی عەولەمەیەو زەمانی ئێوەیە، بەڵام لێرەدا ئەوەیە، کەوا کۆسپ نەخرێت، لێرە بەس لە هەمان وەختدا ئیلتیزامێك هەیە بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان، لێرەدا لەم هەموو پرۆژەیە بە وازیحی ئیلتیزام نەهاتووە، رۆژنامەنووسان ئەرکیان چیە؟ ئێمە بۆ ئەم پرۆژەیە چەندین کۆبوونەوەمان کرد، یەکێك لەو کۆبوونەوانە یۆنامی بەشدار دەبوو، کۆمەڵێك رۆژنامەنووس بەشدار دەبوون، وەزارەتی رۆشنبیری لەگەڵ یۆنامی چەندین رۆژ دانیشتین، یەکێك لەوانە یۆنامی پێشنیاری کرد، برگەیەکی لە نومەمی موتەحیدە (أخلاقيات عمل الاعلام) بەپێی کاری راگەیاندن، مەسەلەن ئێستا وشەی داب و نەریت بوو، وشەی سیستەمی گشتی، وشەی ئاسایشی هەرێم، هیچی نەبێت، فەرز بکە هەمووشی دەربکات لە واقیعەکە ناگۆڕێت، ئەگەر ئێمە رۆژنامەنووسەکە ئیلزام بکەین، کەوا بە ئەخلاقیاتی عەمەلی ئیعلامی مولزەم بکات، ئەو ئەخلاقیاتەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە، هەر ئەوەندە یەعنی فەرز بکە ئەوەی فرێ بدە، هیچ شتێکی مەڵێ، بەڵێ هەموو ئازادییەك هەیە، بە مەرجێك رۆژنامەنووس ئیلزام بکات بە ئەخلاقیاتی عەمەلی ئیعلامی کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە، هەر ئەوەندەیە مەسەلەکە دەبڕێتەوە، یەعنی بەڕاستی زۆر سادەشە، ئەو ئەخلاقیاتە بڕوا بکە ئەوەندە شتەی تێدایە، زۆر لەمەی زیاتری تێدایە، تەحدیدیشی دەکات، لێرە بەس وشەی داب و نەریت هاتووە، وشەی ئاسایشی گشتی هاتووە، بەس لەوێ زیاتر لەسەری دەڕوات، زیاتر رۆژنامەنووس دەبەستێتەوە، بە ئەخلاقیاتێکی وا کە موراعاتی ئاسایشی کۆمەڵگا بکات، تەبعەن ئاسایشی کۆمەڵگا داب و نەریت بکات، ئەخلاقیات بکات، هەمووی تێدایە، من دەڵێم ئەوە کاتی خۆی یۆنامی ویستی داخیلی بکات، بەداخەوە ئەو برادەرانەی ئەم پرۆژەیان دانا قەبولیان نەکرد، قەبولیان نەکرد داخل بکرێت، ئەگەرنا ئەخلاقیات لە پرۆژەی دووەم کە بەرێگاوەیە، کە ناردوومانە بۆ پەرلەمان پرۆژەی یاسای راگەیاندنە، ئەو شتانەی تێدا هەیە، یەعنی مەسەلەکان زۆر سادە دەبڕێنێتەوە، ئەرکی دەسەڵات پیشان دەدات، ئەرکی قەزا پیشان دەدات، ئەرکی رۆژنامەنووسیش پیشان دەدات، ئەرکی هەیە بەرامبەر بە کۆمەڵ، ئێمە تەبعەن کە قانون دادەنێین بەرژەوەندی هەموومان لەبەرچاوە، بەرژەوەندی تاکە کەس، کۆمەڵ، حکومەت، پەرلەمان،

هەمووی دەزگای میللەتێکە، دەبێت ئێمە بەرژەوەندی هەر هەمووی لەبەر چاو بگرین، بۆ ئەوەی تەوازونێك هەبێت، لەبەر ئەوە مەسەلەکە بە کورتی ئەگەر بێتو رۆژنامەنووسان لە فەقەرەیەکدا تەنها پابەند بن بە هەموو ئەو شتانەی فڕێ بدرێت، پابەندن بەوەی کەوا ئەکید کاری رۆژنامەگەری ئەخلاقیەت وەکو یوئێن تەرحی دەکات، بەس ئەوەندە وابزانم شتەکە دەبڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من سەرەتا زۆر پێم خۆشە ئەو گفتوگۆیە، ئەو جیاوازیە لە رەئیدا بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکەیە، پێموایە ئەگەر بچینە ناو تەفسیلات باوەڕ ناکەم خیلافێکی گەورە هەبێت لە بەینی هەموو ئەندامان کە قسەیان کرد، ئەگەر خیلافێك هەبێتن لەبەر مەترسی هاتووە، ئەوەی کە دەڵێت نابێت ئادابی عامەی تێدا بێت، یاخود نیزامی عامەی تێدا بێت، ئەوە خوا نەخواستە مەبەستی ئەوە نییە ئیسائە بە ئادابی عامە بکات، یان مەبەستی ئەوە نییە، ئەگەر رۆژنامەنووس بێت دژی نیزام بێت بە تەئکید، بەڵام رەنگە لە مەترسی ئەوەدا بەو ناوەوە ماف رۆژنامەنووسی، وەکو ماف هاووڵاتی پێشێل بکرێتن بێ مەحکەمە، بێ قانون موحاسەبەی هەر کەسێك بکرێتن، ئەو کەسەی کە دەڵێت دەبێت ئاسایشی هەرێم تێدا هەبێتن، ئادابی عام تێدا هەبێت، بە تەئکید مەبەستی ئەوە نییە ئازادی رۆژنامەنووسی تەسك بکاتەوە، بە تەئکید ئەوە 100٪ە، بەڵام مەترسی لەوەدا هەیە، کە ئەو ئازادیەی داوا دەکات بێ ئەو قیودە، ببێتە هۆی ئەوەی فەوزایەك دروست ببێت، ئیسائە بکرێت بۆ ماف مرۆڤ، ئیسائە بکرێت بۆ تاکە کەس، ئیسائە بکرێتن بۆ نەریتی ئەم وڵاتە، ئەخلاقیەتی ئەم وڵاتە، ئەگەر تەماشای هەموو ئەو میساقانە بکەین، کە رۆژنامەنووسان خۆیان نووسیویانە بێ قەید، بەبێ زەختێك کەس لەسەریان بکاتەوە، خۆیان کۆبوونەتەوە، لە میسر، لە بەلجیکا، لە ئینگلترا، لە دانیمارك، لە ئەمریکا، لە کەندا، تەماشای ئەو وەسائیقانە بکەن لە ئەنتەرنێت هەیە، خۆیان کۆبوونەوەیان کردووە، میساقێکی شەرەفیان ئیمزا کردووە، لە موختەلەف ئیتیجاهاتی رۆژنامەنووسی لە چەپی توندەوە تا راستی توندەوە، ئەو مەبادیئانەی کە بۆ خۆیان ئیمزایان کردووە، خۆیان قەبولیان کردووە بەبێ یاسا، خۆیان ئیلزامیان پێیەتی هەر ئەوانە بێنە بیخەنە ئەو یاسایە، هیچ ئیشکالێك نییە، لەبەر ئەوە ئێمە بۆچی ئەوەندە بترسێین؟ پێویست ناکات ئەو کەسەی کە مەترسی هەیە، ئەو مەترسیە دەبێت لاببەن، شتێك ناتوانین بیکەین دژی دەستوور بێت، دەستووری عێراق دەنگمان بۆ داوە، پرۆژەی دەستووری خۆشمان ئاماژەم پێ کردووە، ئیشارەتی تێدایە بۆ ئیحتیرامی یاسا، ئیحتیرامی ماف تاکە، ئیحتیرامی ماف مرۆڤە، ئیحتیرامی ئافرەت، پاراستنی مافەکانیان، هیچ شتێك ناکرێتن، هیچ ئازادیەك ناکرێتن بدرێت بە قانونیش بێت دژی دەستوور بێت، ئەوە دەبێت هەموومان لە پێش چاومان بێت، لەبەر ئەوە سەیرم پێ دێت، هەندێك کەس ئیقتیراحێك دەکاتن کە دژی بەندێکی دەستوورییە، ناکرێتن تۆ مەسەلەی دیفاع لە وەتەن، سیادەو ئەوانە لە مەسئولیەتی خۆت نەگریت، ئەو مەترسیە کە هین دەکرێتن، دەبێت هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین ئەو مەترسیە نەهێنن بەوەی قانون سەقامگیر بێت، دەسەڵاتی قانون هەبێتن، چەند هەفتە لەوەو پێش دەسەڵاتی قەزامان لێرە پەسند کرد، باشە دەسەڵاتی قەزا کە ئازادمان کرد، وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ خۆی نیزامێکی نییە، حاکم ئازادە بە کەیفی خۆی حوکم بداتن، یان ئەویش نیزامێکی هەیە لەناوخۆیدا، سیستەمێکی هەیە، ئەو نیزامە جێ بەجێ دەکاتن، هەروەها رۆژنامەگەری دەسەڵاتی چوارەمە بە قانون ئازادی دەکەیت، بەڵام دەبێت خۆشی لەناوخۆیدا نیزامێکی هەبێت، ئەو نیزامە ئەگەر بەپێی هەندێك وڵات، لە هەندێك وڵات سەندیکا تەنزیمی کردووە، هەم رۆژنامەنووسێك ئەندامە لە سەندیکادا، سەندیکا تەنزیمی دەکاتن، لە هەندێك وڵاتدا نەخێر

ئەم میساقە شەرەفە بلاو دەكرێتەوەو ئیلتیزامی پێوە دەكەن، هەر یەكە لەوە دەربچێتن بەپێی ئەوەی دەستەیەك هەیە موحاسەبەی دەكاتن، بۆیە من پێموایە ئێمە لە سەرەتای قۆناغی ئازادی رۆژنامەگەرین، دەبێت مەغرور نەبین، پێمان وا نەبێت كە ئێمە پێشتر لە ولاتانی پێشكەوتوو دەبێت چۆن بێت وا بێت لەوەشدا نەترسێن، من هەر ئەوەندە یەك، دوو فەقەرەتان بۆ دەیخوێنمەوە میساقی لائیحەی دوەلی بۆ مافەكانی مەدەنی و سیاسی وەسیقەی دووەمە، كە لە ساڵی 1966 دەرچووە لە ساڵی 1976 جێ بەجێ كراوە، دەڵێت مومكینە بە عەرەبیەكەی دەیخوێنمەوە (یمكن ممارسة حق دفاع حق حریة)و ئەوانە لە هەندێك جار تۆزێك تەحدیدی بكەیت زیمنی قەوانین بۆ؟ (من اجل احترام حقوق الانسان وسمعة الاخرین)، گرنگە ئیحتیرامی حقوقی ئینسان و سومعەی ئاخرین، یەعنی بەو ناوەوە ناكرێتن تۆ لایبەیت و ئازادی بدەیت و بەبێ ئەوەی ئیلتیزامێك هەبێت لە لایەن رۆژنامەنووسەوە، مافی مرۆڤ گرنگترین مافە لە دەستووردا هاتووە، نابێت بەناوی ئازادی رۆژنامەگەری ئەو مافە تەجاوز بكرێت، لە هەمان كاتیشدا بەناوی نیزام نابێت حدود دابنرێت لەبەردەم رۆژنامەنووسێك، بۆ ئەوەی بگاتە راستی، كە راستی هەدەفی هەموو لایەكمانەو دەمانەوێت لە هەموو قەناتەكانەوە بگەینە راستی، بەبێ گەیشتن بە راستی، ناتوانین خزمەتی گەلەكەمان بكەین.

نوقتەیەك هەیە هینی دەولیە، حیمایەتی ئەمنی قەومی و نیزامی عام و هەتا تەندروستی و ئەخلاقی عامیش، ئەوە وەسیقەیەكە ئێمە نەمان كردووە، هەموو ولاتانی پێشكەوتوو ئیمزایان كردووە، هینی ئەمریكی تەماشا بكەن دەڵێت ماددەی (13) لە لائیحەی (الدول الامریكیة عن حقوق الانسان) چی دەڵێتن (1- لكل انسان الحق في حریة الفكر والتعبیر ویشمل هذا الحق حریة السعي والاستلام ونقل المعلومات والافكار بكل انواعها بغض النظر عن الصعوبات عن طریق المخاطبة والكتابة والطباعة وعلى الشكل الفني او من خلال ایة وسیلة یختارها الانسان.

2- ان ممارسة هذا الحق المشروع في الفقرات التالیة یجب ان لا تخضع للرقابة، لكنها عرضة للمحاسبة التي یفترض انها الواردة في القاوانین المستوجبة)، یەعنی حوریەتەكەو قەوانینەكان زەبتی كردووە، یەك/ (احترام حقوق الاخرین وسمعتهم).

دوو/ (حمایة الامن الوطني والنظام العام والصحة والاخلاق العامة)، ئینجا من لێرە ئەگەر ئیجازەم بدەن زۆر موناقەشەتان كرد، زۆر دەوڵەمەندیشتان كرد، تا سەعات یەك كۆبوونەوەكە دوا دەخەم، لەو بەینەدا داوا لە هەردوو لیژنە دەكەم دابنیشن، ئەگەر توانیان تەوحیدی ماددەكە بكەن، باشە، ئەگەرنا هەریەكە موقتەرەحی خۆی، ئەوە پێشنیارە، چونكە نوقاتەكان وردن، لە هەندێك دێر حەرفێكی دەوێت شەتب بكەیت، هەندێك ئیقتیراحات هەیە دەڵێت فەقەرە یەك و دوو تەوحید بكرێت، یەك دەڵێت فەقەرە یەك و دوو و سێ تەوحید بكرێت، لێرە خۆمان مەشغولی ئەو شتە بكەین بە دوو سەعات، سێ سەعاتیش تەواو نابین، بۆیە من وا هینی دەكەم، ئەگەر پێتان باش بێتن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ سبەینێ دانیشتنێك هەبوو من ئاگام لێ نەبوو بەڕاستی، چووم دانیشتنم لەسەر ئەساسی ئەوەی جەنابت قەرارت داوە ئەمڕۆ دانیشتن، ئەم بەیانیە دانیشتنەكە بوو، بەڵام لەسەر ئەو خاڵانەی كە جیاوازیمان هەبوو لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری نەگەیشتینە هیچ حەڵێك، بۆیە من حەز دەكەم دەستەی سەرۆكایەتی ئەو مەسەلەیە كۆنترۆل بكات، مەوزوعەكە موهەیەئە بۆ دەنگدان و بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرمووو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی قسەكانی كاك شێروان دەكەم، بەڕاستی ئێمە هەروەكو دوو بۆچوونی جیاواز ماینەوە، بەلاَم ئێستا جەنابی وەزیر پێشنیارێكی نوێی هێنا ئاراوە، من بڕوا دەكەم ئێمە دەتوانین هەموو لایەكمان لەسەر پێشنیاری جەنابی وەزیر بگەینە نەتیجەیەكی باش و كۆتایی پێ بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موفتەرەحی منتان پێ باشە، كاك محەمەد فەرەج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وادەزانم هەردوو لیژنەكە قسەی خۆیان كرد، كە لیژنە قسەی خۆی كرد ئیتر تەواو، دەمێنێت بۆ پەرلەمان، یەعنی ئێستا دوو رەئی هەیە، ئایا ئەم دوو شتە بمێنێت؟ یان نەمێنێت؟ من دەڵێم جەنابتان بیخەنە دەنگدان و تەواو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە مادام نیو سەعات دانیشتنەكە دوا دەخەم، ئێمە خۆمان قەرارێك دەدەین، دوایێ دەیخەینە دەنگدانەوە.

**دوای پشووی نیو سەعات**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەینەوە، پێش ئەوەی بچینە سەر كارەكانمان، هەر حەز دەكەم ئاماژە بەوە بكەم رۆژی یەك شەممەی داهاتوو سەعات (11) كۆبوونەوەیەكی تایبەت دەكەین، پێشوازی دەكەین لە لیژنەی باڵای جێ بەجێ كردنی ماددەی 140، كە لە بەغداوە دێن، تكا دەكەم هەمووتان لێرە ئامادە بن، هەروەها دەمەوێت ئاگادارتان بكەمەوە، كە بەرنامەی پەرلەمان، جگە لەوەی كە رۆژنامەگەری لەبەردەممانە، خانەنشینی پێشمەرگە، دەبێت بۆ پرۆژەكانی تریش خۆتان حازر بكەن، پرۆژەی یاسای هاتووچۆ كردنی عێراق ژمارە () كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، پرۆژەی یاسای صندوقی هاوكاری خانەوادەی شەهیدان لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، كە لە لاتانە، بۆ ئەوەی ئەو گلەییانەمان لێ نەكەن، كە دائیمەن دەڵێن ئاگامان لێ نییە، لە ئێستاوە خۆتان بۆی ئامادە بكەن، كە خرایە ئەجندەی پەرلەمان ئامادە بن، پرۆژەی یاسای رێكخستنی مافی بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە، پرۆژەی پاسەوانانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، پرۆژەی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان و كۆبوونەوەكانی گشتی لە هەرێمی كوردستان، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، ئەوانە هەمووی كۆپی پرۆژەكەتان لەلایەو خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، پاش تەواو بوونی پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەری لە بەرنامەی ئەمڕۆی پرۆژەی یاسای ئەژماردنی راژەی سەرۆكەكانی

یەکەی کارگێڕی، تا ئێستاش حکومەت جوابی نەناردووە، پڕۆژەی خانەنشینی پێشمەرگە، ئەو پڕۆژانە، چونکە خوێندمانەوە، ئەوانە ئینشائەڵلا پێش کۆتایی ساڵ تەواوی دەکەین و ئێستا ئەوەی کراو ما ئەوەی مومکینە، ئومێد دەکەین، چونکە تەمەنیات شتێکە، واقیعیش شتێکە، ئەگەر هیمەت هەبێتن دەتوانین، ئەگەر هیمەت نەبێت، دەڵێین چی بکەین، بەڵێ کاک غەفور فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم، لەجیاتی ئەوەی ڕۆژی دوو شەمم و سێ شەم و چوار شەم، ڕۆژانی یەك شەمەو پێنج شەمەش دانیشین ئەوانەی ماوە تەواوی بکەین، بۆ ئەوەی فریای هەموو یاسایەکان بکەوین، هەموومان هەر لە هەولێریشین فریای هەموو یاسایەکان دەکەوین بەو شێوەیە، ئەگەر هەر تاخیر دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئیقتیراحە باس کرا، ئیقتیراحێکی تر پەسند کرا دەیخەینە بەردەمتان ڕۆژی یەك شەم، ئەویش ئەوەیە هەر سێ ڕۆژ بێتن، بەڵام دانیشتنی بەیانی و ئێواران، باشە ئەوە دەنگەکە دیارە، دەیخەمە دەنگدانەوە، بێ دەنگدان دیارە موافیقن، کەواتە ڕۆژی یەك شەم تایبەتە بە ماددەی 140، خوانەخواستە ئەگەر نەیانتوانی بێن، ئێمە بە فیڕۆی نابەین بەرنامەی کاری خۆمان هەیە لەسەری دەڕۆین، لە ڕۆژی دوو شەممەوە جەلسەی بەیانی و ئێوارەمان دەبێتن، بۆ ئەوەی خیلالی هەفتەی دادێ، بتوانین ئەوەندەی بۆمان بکرێت تەواوی بکەین، بەڵێ کاک دلێر فەرمووو، عەفوم دەکەی کاک دلێر، من داوایەکم لە ئێوە هەبوو، داوایەکم هەیە لە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی، پڕۆژەی یاسای دیوانی چاودێری چەند مانگێکە خوێندراوەتەوەو دراوەتە لیژنەی پەیوەندیدار، پڕۆژەکە حازر بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیە دەربچێتن، ئەو هەنگاوە گرنگەش بنێین بۆ یەکگرتنی هەردوو دیوانی چاودێری، جگە لەوەش هەر هەمووشمان جارێکی تر دەنگمان بەرز دەکەینەوە، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم بەزووترین کات بودجەی هەرێممان بۆ بنێرێتن، هەر وەختێك هات عوتڵەشمان بێتن عوتڵەکە قەتع دەکەین، کۆبوونەوەی نائاسایی بۆ دەکەین، تاوەکو بودجەکە تەواو دەکەین، بەڵێ کاک دلێر فەرمووو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر زۆر پێویست بوو، ئێمە کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکمان بکردابوایە، نەك کۆبوونەوەیەك، سەبارەت بە ماددەی (140)، ئەوە ڕۆژی یەك شەممە لیژنەی باڵای بەدواداچوونی ماددەی 140 دێنە ئێرە، دەبوایە ئێمە پێشتر کۆبوونەوەیەکمان بکردایە، بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونێکمان هەبوایە، چۆن ڕەئیەکمان هەبوایە بەڕاستی، سەبارەت بە چاودێری داراییش، بەڕاستی دوو پڕۆژە هەبوو، دەبوایە یەکێکیان هەبوایە، دوایێ نازانم، بەڵێ بڕیار وا بوو گۆڕانکاری تیا بکەن، بەڵام خۆیان سەحبیان کردەوە، جا نازانم دوایی بەچی گەیشتووە، ئێمە قسەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر وابزانم جەنابت ئیجازە بووی، هاتن لێرە کۆبوونەوەمان کردو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئەو پڕۆژەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا ئەو ئەساسە، بێجگە لەوەش ماددەی 140 زۆر موناقەشەی لەسەر کرا، گتفوگۆی لەسەر کرا، ئارائەکانمان مەعروفە، ئەوان دێن باسی دوا هەنگاوەکانیان دەکەن، دوا

پێشنیاریان چیە، گەیشتنونەتە چی، شەرحێکە بۆتان، ئێوەش پرسیارتان هەبێت بیکەن، فەرموو کاك کەمال باسی دەکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی 140 لیژنەکە دەعوەت کراون بۆ ئێرە، دێن روون کردنەوە دەدەن لەو تاریخە هەتاکو ئێستا چیان کردووە، هەرچیان کردووە بە 111 نوسخە بۆ گشت ئەندامانی پەرلەمان تەوزیع دەکرێت، لێرەش لەسەر شاشە دەهێنین دایدەنێین، لە پاوەر پۆینت روونی دەکەینەوە، کە چیان هەیەو چیان کردووە، هەم بە نووسراو، هەم بە فلۆپی دەدەینە ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی بزانن لیژنەکە لەو وەختە چی کردووە، خۆمان وەك لیژنەی 140 رۆژی پێنج شەمە کۆبوونەوەیەك دەکەین، ئەو شتانەی کە تاکو ئێستا ئەوان کردوویانە، کە سورەتێك لە لامانە، ئێمەش دەیخەینە بەردەستتان و حازری دەکەین، بۆ ئەوەی پاش روون کردنەوەکانیان، ئەگەر پرسیارمان هەبێت لەسەریان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، ئێمە لە سەرۆکایەتی دانیشتین، تەبعەن دواتریش لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و سەرۆکی لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر، هەموو ئەو رەئیانەی ئێوەمان خستە بەردەم موناقەشە، لەبەر رۆشنایی مەسئوولیەتی خۆمان، گەیشتینە صیغەیەك بە هەموو لایەکمان، یەعنی بە هەردوو لیژنەکەوە، ئێمەش سەرۆکایەتی موافیقن لەسەری، کە شتە عامەکان پێموایە زۆرینەی هەرە زۆریتان پشتگیری لێ دەکەن لێرەو لەوێ صیاغە کرا بەشێوەیەك، کە هەم ئازادیەکە بپارێزێتن، هەمیش ئەو مەترسیانەی کە باس کرا لە ئازادی سنووردار بکرێتن بەپێی قانون، من ئێستا خاڵ بە خاڵ بە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە، داوا لە برایان دەکەم بە کوردیەکە بخوێننەوە، دواتر دەیخەینە دەنگدانەوە:

المادة الثانية:

أولاً: الصحافة حرة ولا رقابة عليها وحرية التعبير والنشر مكفولة لكل مواطن في اطار احترام الحقوق والحريات الخاصة للافراد وخصوصية حياتهم والاداب العامة والنظام العام وفق القانون والالتزام بمبادئ اخلاقيات العمل الصحفي وفق مواثيق الامم المتحدة.

کوردیەکەی با بخوێنێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرەنسیپەی لەسەری رێکەوتین بەم شێوەیە:

1-رۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییەو ئازادی را دەربڕینی بڵاو کردنەوە دەستەبەرە بۆ گشت هاووڵاتیان لە چوارچێوەی رێزگرتن لە مافە ئازادی و تایبەتیەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیەکانی ژیانیان و ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی بەپێی یاساو پابەند بوون بە پرەنسیپەکانی رەوشتی رۆژنامەگەری بەپێی پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەبعەن ئەوەی کە خوێندمانەوە یەکەم و دووەم تەوحید کرا بوو بەوە.

ثانياً: للصحفي الحصول على المعلومات التي تهم المواطنين المرتبطة بالمصلحة العامة من مصادرها المختلفة مالم تكن ماسة بأمن الاقليم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووەم: ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە، ئەو زانیاریانەی کە لە لای هاوولاَتیان گرنگ و پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتیەوە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە بە دەست بێنێت، ئەگەر ئاسایشی هەرێم نەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ثالثاً: للصحفي ابقاء مصادر أو الاخبار التي يتم الحصول على المعلومات التي يتم الحصول عليها في سرية بالنسبة للدعاوي المعروضة على المحكمة إلا إذا قررت المحكمة المختصة خلاف ذلك.

ئەوە وەکو خۆی هاتۆتەوە، تکایە بە کوردیەکە بیخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێیەم: سەرچاوەی زانیاری و هەواڵەکان کە دەست دەکەون بە نهێنی دەمێنێتەوە، بۆ ئەو داوایانەی کە لەبەردەم دادگان، مەگەر دادگای تایبەت بڕیارێکی جیاواز بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رابعاً: يحق لكل شخص طبيعي أو معنوي تملك الصحف واصدارها وفقاً لأحكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوارەم: هەموو کەسێکی سروشتی، یان ئاسایی خاوەن ڕۆژنامەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مافی دەرکردنی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن پێنجەم شەتب کراوە، لەبەر ئەوەی لە یەکەمدا باس کرا بوو، لە ماددەی پێشتر باس کرا بوو، کە دەڵێت (لا يجوز اكراه رئيس التحرير او غيره لحمله على افشاء اسماء كتاب المقالات القيام بأية اجراءات بقصد الوصول الى معرفة هذه الاسماء الا بقرار قضائي على ان تتحمل الصحيفة المسؤولية القانونية)، لە ماددەی پێشتر موعالەجە کراوە، لێرە شەتب کرا، شەشەم

(حظر تعطيل الصحف ومنع صدورها أو مصادرتها إلا بقرار قضائي).

یەعنی بەکوردیەکەی وا دەبێتن، ناکرێت هیچ ڕۆژنامەیەك دابخرێتن، یاخود ڕێگای لێ بگیرێتن لە چاپ کردنی، یان موصادەرە کردنی، تەنیا بە بڕیارێکی دادگا نەبێتن).

کەواتە ئێستا ئەو ماددەیە کە خوێندرایەوە، کە تێیدا دوو فەقەرە شەتب کراو تەوحید کران، بەو صیغەیەی کە زۆرینەتان ئاماژەتان پێ کرد بوو، ئێمە دانیشتین هەم سەرۆکایەتی، هەم سەرۆکی هەردوو لیژنەکەو جەنابی وەزیریش ئەوە بوو کە خوێندمانەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیراو یازدە دەنگ لەگەڵدا نەبوو، دەستتان خۆش بێتن و زۆر سوپاس، دیارە تەبعەن ئەو پرۆژەیە، پرۆژەیەکی گرنگە، هەمووشتان هیلاکن، چونکە ماددەی دووەم، ماددەیەکی گرنگ بوو زۆریش ماندوو بوون، پێشنیارێك هەیە دوای بخەین لەگەڵ فەقەرەکەی تر، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوای بخەین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ

**دواخرا، یەك شەممە ئەو كۆبوونەوەیەمان هەیە، ئەگەر تەواو بوو رۆژی دوو شەممە، ئەگەر یەك شـەمەش لیژنەكە نەهاتن، رۆژی یەك شەممە لەسەری بەردەوام دەبین، لێرەدا دێینە كۆتایی دانیشتنەكەمان سوپاس.**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**